هەڵەی ڕۆکەوتی بوون.. بەختیار محەمەد

هەڵەیەکی گەورە لە ڕۆکەوتی بووندا هەیە؛ بوون خۆی هەڵەیە: هەڵەی ژیان، هەڵەی خوڵقاندن. هەڵەی بوون لەو هەموو ئاژاوە و نادادپەروەری و ستەم و کوشت و بڕەی کۆمەڵگەی مرۆیی و یاسا کوڕەکانی سروشتدا بەدی دەکرێ و بەرجەستە دەبێ. ژیان خۆشە، بەڵام فانییە؛ بۆیە هیچ بەهایەکی ئەوتۆی نییە. مرۆڤی بەهۆز هەیە و مرۆڤی بێ هۆز هەیە. گیانلەبەری بەهۆز هەیە و گیانلەبەری بێ هۆز هەیە: ئەمیان ئەویان دەچەوسێنێتەوە و ڕاو دەکا و دەکوژێ و دەخوا. ئایا ئەمە گەورەترین هەڵەی پرسەی خوڵقاندنی بوونەوەرە زیندووەکانی سروشت نییە؟ (لێرەدا بەدەردەکەوێ، کە سروشت خاوەن و خوڵقێنەرێکی نییە، بەکو هەموو شتێك بەڕۆکەوت بەڕێوە دەچێ: بەڕۆکەوتی ناهاوسەنگی هێز و ناهێز)، بۆیە سروشت پڕە لە ئاژاوە و ژیان پڕە لە تراژیدیا.

مرۆڤ هەمیشە لە ڕۆگەی ئایینەوە درێ لەگەڵ بوونی خۆی دەکا: بە وەهم نەمریی بۆ خۆی دادەتاشێ و هەموو شتێك بە دەسەڵاتی خوا دەبەخشێ. لێرەشەوە پاساو بۆ تراژیدیاکان دەهێنێتەوە. ئەو پاساو دەهێنێتەوە و دەڵێ هەموو شتێك لە دەسەڵات و توانای خوادایە. واتە خوا بەم شێوەیە ژیانی دروست کردووە: گەورە و بچووك و بەهێز و بێ هێز هەیە، هەژار و دەوڵەمەند هەن؛ هەموو شتێك بەندە بە قسمەت و نسیبەوە. بەواتای مرۆڤ کەموکوڕییەکانی بوون و ژیانی خۆی بە وەهمی بوونی خوا پڕ و قەرەبوو دەکاتەوە. هەزاران ساڵە مرۆڤ خوا دەپەرستێ، بەڵام هەرگیز نەیتوانیوە تۆزقاڵێك دادی خوا بهێنێتە سەر زەوی و ژیانی خۆی پڕ خۆش و چاك بکا. تومەز ئەم عەدالەتە عەدالەتێکی وەهمییە و تەنیا لە جیهانی خەیاڵی میتافیزیکادا هەیە. کارەساتە گەورەکەش لێرەدایە، کە بەناوی عەدالەتی خواوە تاوانی گەورە گەورە ئەنجام دەدرێن. ئایا ئەمە تراژیدیای گەورەی بوون نییە؟ ئایا مرۆڤ خۆی هەمیشە جەخت لەسەر کەموکوڕیی بوون ناکاتەوە؟ ئایا لێرە هەڵەیەك (سەهوویەك) لە خوڵقاندنی ژیاندا نییە؟ ئەو هەڵەیەی، کە بەڕۆکەوت لەناو یەکێك لە هەسارەکانی ئەم گەردوونەدا ڕووی داوە (واتە هەڵەیەك کە بە ئەنقەست نەکراوە). ئایا مەرگ خۆی گەورەترین کەموکوڕیی و کۆماسی بوون (ژیان) نییە؟ ئەی ئەگەر خۆی لە خۆیدا بوون کەموکوڕیی تێدا نییە، ئەمە بۆ باسی

عەدەم دەکەین؟ واتە لە ئاست بوونداە هەزی عەدەمیش هەیە.

ەاستییەکەی ئەگەر جیهان (ژیان) خاوەنێکی (خوایەکی) هەبوایە، ئەوا بەم شێوەیە نەدەبوو. چۆن دەبێ خوا هەبێ و ناڕەکی و نادادپەروەری و نایەکسانی و ستەمێکی زۆر لەناو ژیانی مرۆڤایەتی و گیانلەبەر و لەناو سیستم و یاساکانی سروشتدا هەبن؟ ئەمە تەنانەت ئەگەر باوەڕیشمان بە تیۆری بنەچەی داروینیش هەبێ؛ واتە مانەوە بێ باشترینەکان بێ، بەڵام دیسان ئەمە نادادپەروەری و ناڕەکی نییە لە یاساکانی سروشتدا (لە یاساکانی بووندا)؟ مرۆڤ هەیە هەر لە دایك دەبێ و تا دەشمرێ هەر بە هەژاری دەژی و دەمرێ (یان هەر بە زگماکی کەمئەندامە و تا دەشمرێ هەر بە کەمئەندامی دەمێنێتەوە). ئەمە چ حیکمەتێکی سروشتی و ئیلاهی تێدایە، جگە لە هەڵەی یاساکانی بوون و ژیان و ژیار نەبێ؟ بەڵێ مرۆڤ بێ هووده خەبات دەکا، تا ئەم هەڵەیە ەاست بکاتەوە:

سەردەمێك خوایەکانی داتاشی و لەڕگەی ئەفسانەکانەوە ویستی بوونی دیاریکراوی خۆی تێپەڕێنێ و نەمری بەدەست بهێنێ (گەلگامێش)، بەڵام شکستی هێنا. ئەو لە ئاسماندا نوێنەری (خواوەندی) بێ خۆی چێ کرد، تا فڕێ لە بوونی فانی خۆی بکا و بڕێ نەمری من ئا لەوێدایە ، لای خواوەندەکان، ئەوان خوێقێنەری منن و ئەوان لەسەر بنەمای چاکە و خراپەم سزام دەدەن و پاداشتم دەکەنەن. بێ گومان پرسیارە ئەبەدییەکەی ئەو ماقووڵە: کێ ئەوی دروست کردووە و ئەو چۆن هاتووەتە سەر دنیا و ناو ئەم ژیانەوە و مەرگ چییە و مەرگ بێ هەیە و ئەی پاش مەرگ بێ کوێ دەچین و چیمان لێ بەسەر دێ و ئایا ماقووڵە ژیان هەر ئەو ماوە کورتە بێ و پاشان هەموو شتێك کۆتایی پێ بێ و ببینە عەدەم وەك بڕێی هەرگیز نەبووبین و هیچ شتێك ەووی نەدابێ؟ مرۆڤ بێ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە قورسانە بداتەوە، بەناچاری ئایینی بۆخۆی چێ کرد، واتە سیستمی باوەڕی خواناسیی و خواپەرستیی. ئەمە هەوڵێکی سەرەکی ەاستکردنەوەی هەڵەی (سەهووی = ڕکەوتی) بوونی ئەو بوو، وەك کارەکتەرێکی پێشکەوتووی پەرەستاندووی ژیر لەسەر ئەم گۆی زەوییە. هەر کاتێك ئەم ئیمانە لە مرۆڤ بستێنیەوە، ژیانی هیچ واتایەکی ئەوتۆی تێدا نامێنێ. کارل یۆنگ لەم بارەیەوە دەڵێ: ((نۆرەی هێما ئایینییەکان ئەوەیە، کە واتا بە ژیانی مرۆ دەبەخشن)).(1)

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەشدا نیچە گوتی: ((خوا مرد))، بەڵام خوا نامرێ، مادەم مەرگ (کۆماسی = سەهوو) لە بوونی ئەودا هەیە. مەرگ خوا بەرهەم دەهێنێ، نەك ژیان. خوا هێمای خەیاڵی ژیانە (ژیانی

هەتاهەتایی) لەناو واقیعی فەبیای مەرگدا (عەدەمدا). بیرکەی خوا ((درامای گەانەوەیە بە ژیان لەپاش مەرگدا)).(2)

کەواتە خوا هەمای ئەبەدیی ژیانە. هەمای استکردنەوەی کەماسی بوونی مرۆ. خەسەتکی مرۆ ئەوەیە، کە دڵی بەو شتانە خۆشە و باوەڕ بەو شتانە دەهێنێ، کە بە چاو نایانبینێ (دیسان مرۆ لێرە جەخت لەسەر بوونی دیاریکراو و پێ لە کەماسی خۆی دەکا).
بەنموونە: ئەو کە ناتوانێ بڕوا بەوە بهێنێ گەردوون ئەزەلییە و هیچ کەسێك دروستی نەکردووە، دە هەزەك لە دەرەوەی واقیعی گەردوون، هەزەك، کە نابینرێ و هەرگیز نەیبینیوە بە خۆی دادەتاشێ و دەیکاتە خاوەنی گەردوون و بەمەش خۆی لەو گرفتە ئاازە ئەزەلییە ڕزگار دەکا، کە گەردوون چۆن دروست بووە و کێ دروستی کردووە؟ بەاستیش سەختە (بەتایبەتیش بە مرۆقی بەرایی) بڕوا بەوە بهێنین، کە گەردوون بەخۆی و لەخۆوە دروست بووە؛ بۆیە باشترین چارە بۆ ئەم پرسە بوونی هەزەکە، کە لە گەردوون بە تواناتر و بەدەرترە و کەس نایبینێ (بەتایبەتی ئەمە لە ئایینە یەکتاپەرستەکاندا بەدی دەکەین)، بۆیە دەشێ باوەڕی پێ بهێنین و دڵنیشمان خۆش بکا و وەام بە پرسیارەکانی بوونی دیاریکراو و پێ لە کەماسیمان بداتەوە. هەبەت ئەم هەزە پرسەی سەرهەدان و پەیدابوون و پەرەستاندنی شوناسی خوا و خواوەندەکانە (باوەڕ و ئیمانی ئایینەکانە). ئەمە هەر لە ژیانی ئاسایی ااژانەشماندا فێ لە حەقیقەتی بوونی خۆمان دەکەین: هەرگیز نامانەوێ استییە ناخۆش و تاەکان بە چاوی خۆمان ببینین؛ هەبەت بیستن لە بینین سەلامەتتر و ئەهوونترە.
بەنموونە: ئەمە کە بەچاوی خۆمان خواردنێکی پیس لە چێشتخانەیەکدا ببینین، کە لەو ساتەوەختەدا خۆمان دەیخۆین و خۆمان لەوین، زۆر ئەستەمتتر و کاریگەرترە، وەك لەوەی، کە پێمان بڵێن فانە چێشتخانە پیسە. بە هەمان شێوەش بینینی گەردوونێکی بێ سنووری بێ خاوەنی مەزن ناخۆش و ئەستەمە، وەك لەوەی بڵێین ئەم گەردوونە مەزنە خاوەنێکی مەزنتری هەیە و ئەو بەرپرسیارە لە هەموو شتەکانی ناوی و بە چاویش نایبینین. لەمەوە چەمکی خوا وەامێکی ناچاری فێاوییە (بەبێ ئەوەی مرۆ مەبەستی بێ) بۆ پرسیاری بوونی گەردوون و بوونی کەماسداری مرۆ خۆی. وەامکە لەژیکی تەدایە و ماقووڵە.
ئەو وەامەی، کە نەیتوانی کەتایی بە ناکۆکی ناو ویستی مرۆ بهێنێ: استە و هەڵە، چاکە و خراپە… لەمەوە مرۆ لەبەرانبەر خوادا کەسایەتی شەیتانی داهێنا، تا چارەسەرکی درزنانە بێ ئەم ویستە ناکۆك و دژکارەی خۆی دابنێ. ئەم حاەتە (دیاردەیە) زۆر بە قووڵی و زۆر بە زەقی لە ویست و ویژدان و ااحی کەسی ئیمانداردا بەدی

دەکرێ. لای کەسی ئیماندار بێوا بوون بە خودا، بەبێ بێوا بوون بە شەیتان نابێ؛ ئەمەش لووتکەی بەرجەستەکردنی ویستی ناکۆکی مرۆ بەدەردەخا. بێ گومان شەرعیەتی بوونی خوا لە شەرعیەتی بوونی شەیتاندایە. هەرگیز ناشێ خوایەك (هەر هیچ نەبێ لە ئایینە گەورە یەکتاپەرستەکاندا) بەبێ شەیتانێك (ئیبلیسێك) هەبێ. ڕاستییەکەی خوا بێ ئەوەی خۆی پێناسە بکا و خۆی بە ئێمە بناسێنێ، دەبێ باسی شەیتان بکا و ئەم بە ئێمە بناسێنێ. ئێمە خوا ناناسین، ئەگەر شەیتان نەبێ. لەمەوە چەمکی خوا و چەمکی شەیتان بەرهەمی پرسەی پەرەستاندنی ویست و عەقڵی مرۆڤن بێ ڕاستکردنەوەی هەڵەی (ڕۆکەوتی) پێ لە کەموکوڕی بوونی خۆی. واتە ئەو لەڕێی خواوە دەیەوێ کەماڵ بە بوونی فانی پێ لە ناکۆکی خۆی ببەخشێ، ئەم کەماڵەش دەبێ جەنگ بێ دژ بە لایەنە تاریکەکەی (شەیتانییەکەی) بوونی خۆی؛ ئەو لایەنەی، کە بریتییە لە نائومێدی و دڕان و شکست و تووڕەبوون و جەنگ و چی حاڵەت و دیاردە و بەهایەك هەیە، کە دەربڕین لە بوونی کەموکورتی دیاریکراوی ئەو دەکەن. لێرەشەوە بەدەردەکەوێ، کە بێ مرۆڤ (ئایینەکان) ژیانی ئەم دنیایەیان بە ویستی شەیتان بەستووەتەوە، کەچی دنیای ئەولایان (میتافیزیك) بە خوا بەستووەتەوە. واتە دنیای فانی بەشی سیفەتەکانی شەیتانە و دنیای هەتاهەتایش بەشی سیفەتەکانی خواوەندەکانە.
بەم شێوەیە مرۆڤ واتای بە بوون و بە ژیانی خۆی بەخشی. واتە وەك یەنگ دەڵێ: ((ژیانی فیعلی مرۆڤ لە تێکەڵانی لێکدژەکان پێك دێ، کە هیچ چارەسەرێکیشی نییە: شەو و ڕۆژ، لەدایك بوون و مردن، خۆشی و ناخۆشی، چاکە و خراپە؛ بەکو دڵنیاش نین، کە کامەیان بەسەر ئەوی دیکەیاندا سەردەکەوێ؛ دڵنیاش نین، کە ئاخۆ چاکە خراپە دەبەزێنێ، یانیش خۆشی ئازار دەبەزێنێ. ژیان گۆڕەپانی جەنگە. هەردەم وەها بووە و هەروەهاش دەمێنێتەوە؛ ئەگەر وەها نەبێ، ئەوا بوون دەگاتە کۆتاییەکەی)). (3)

کەواتە: ئایا مرۆڤ دەتوانێ بە بێ خوا (ئایین) بژی، تەنانەت ئەگەر ئەم خوایە خۆشی دروستکەری بێ و خۆشی دروستی کردبێ؟

پەراوێز:

1، 2، 3 – کارل غ. یونغ, الانسان و رموزه (سیکولوجیا العقل الباطن), ت: عبدالکریم ناصیف, (دار التکوین – الطبعة الاولی 2012)، ص 106، 150، 104

ئالای یان ئالای.. موحەممەد گۆرانیی*

لە ڕۆژی ١٨ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ دا، لەکۆڕی کورد و خەمخۆری ئەرشیف و بەگژنامەی کوردستان، مامۆستا نەوزاد عەلی ئەحمەد، لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک دا، پرسیارێکی گرنگی لەسەر وشەی (میر ئالای) کە لە کتابی پێشکێشکەری کتێبی(ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد) کە لایەن(ئەمین فەیزی) یەوە نوسراوە لە ساڵی ١٩٢٠ لە ئیستانبوڵ چاپ و بڵاوکراوەتەوە وروژاندبو، پرسیارەکەی ناوبراو ئەمە بو: دەپرسم ئەڕە گەلە وشەی ئالای ئەمە لە چیەوە هاتووە..؟
بۆیە لەووی هەندی مژووییی بۆ وشەی ئالا، خوێندرانی هێژا ئەم هەوڵنکردنەوەیەی خوارەوە، وەک کەلکە خوێندەوارێکی ناو کوردان دەنوسم و سوپاسگوزارم کە لەمی قبوڵ بکەن، (میر ئالای: بەهام بەخێی میر آلای یان میر ئالای) یە، ناونیشانی پێشوی کارەکەی ئەمین فەیزی بوە: میر ئالای موتەقاعید: ئەمین فەیزی.
واتە: عەقیدی خانەنشین بو: ئەمین فەیزی.

مامۆستا نەوزاد عەلی ئەحمەد، مەغزاکانی ناو پرسیارەکەی ئەمە بەت کە ئایا وشەی ئالا لەم میر ئالایەوە(میر ئالای)یەوە هاتوە بۆ فەرهەنگی نووسینی کوردی یان نا..؟ سەرچاوەی پرسیارە وروژێندراوەکەی مامۆستای ناوبراو لە چاپی کاکە فەلاحە لە ١٩٨٢ وەک خێی نوسیویەتی، کۆی زانیاری کوردی لە ساڵی ١٩٨٣ کتێبی (ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد) بەهۆنووسەکی نوە بە جارێکی تر چاپکردەتەوە.
شایانی باسە؛ کتێبیی ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد، کە لە ئەرشیفی بەندە هەیە، لایەن کتێبخانەی شارەوانی مەزنی ئیستانبوڵ وەنێی دیجیتاڵی لێبەرگیراوتەوە بۆ خوێندران جارێکی تر دانراوەتەوە، ئەم کتێبە لە مانگی ربیع الاول ی ١٣٣٩ی کۆچی، کە بڕانبەر بە مانگی تەشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ١٩٢٠ دەکات چاپکراوە، یەکەم ڕۆژی مانگی ربیع الاول ی ١٣٣٩, ڕۆژی ١٣ی تەشرینی دووەمی ١٩٢٠بوە.

لێرەدا گرنگە هەندە زانیاری تر بخەینە ڕوو، لە کتێبیی (ئەنجومەنی

ئەدیبانی کورد) لە کۆتایی پێشکێیەکەدا لە لاپەڕە ١٠ دا, نوسراوە: میر آلای متقاعد: امین فیضی، واتە: عەقیدی خانەنشین بو: ئەمین فەیزی، وشەی (آلای) کە هەنراوەتە سەر ڕێنووسی کوردی ئێستامان لە ساڵانی هەشتاکان, ئەم دوو هەڵەی تێکەوتوە.
یەکەم: لە عوسمانی چەن گەدەکرێت وشەکە وەک خەی بە ڕێنووسی کوردی نەنوسراوەتەوە، دووەم: لەهەر ئەگەرێکی زانراو و نەزنراو دابێت وشەی (آلای بە ئاڵای) نوسراوەتەوە, کە هەر ئەم هەڵەیش تەواوکەری هەڵەی یەکەمە و پێکەوە هەڵەکە تەواو دەکەن..بەڵام من هەرگیز ڕێگە بەخۆم نادەم، کە ڕەخنە لە مامۆستایان و بیرمەندانی وەک شوکر موستەفا و مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی بگرم، کە زمانزانی گەورەی ناو کەی زانیاری کورد بونە، چەن ئەمیان بەسەردا تێپەیوە..!؟ هەبێتە هەمومان مرۆڤین و ئاسایی هەڵە بکەین، تا مرۆش کارەک نەکات هەڵە ناکات، کەماڵی ڕۆهاش هەر بە خوای گەورەیە..

بەکورتییەکەی دەبوایە لە چاپی کتێبی(ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد) نووسرابایەوە: عەقیدی خانەنشین بو(میری ئالای): ئەمین فەیزی.. نەک وەک ئەوەی نوسراوە(میر ئاڵای موتەقاعید: ئەمین فەیزی) کە هەڵەیەکە کراوە و تا ئەمڕۆش ڕاست نەکراوەتەوە، چونکە خوێنەران دەیانزانی مەبەستی وشەی میری ئالای عوسمانی واتەی عەقید یان کەڵەنێ دەگەیەنێت. کەواتە: وشەی میر آلای یان میر ئالای, هیچ پەیوەندییەکی بە وشەی (ئاڵا)ەوە نییە لەووی پەرسەندنی مۆژووی وشەی ئاڵاوە بە ناو فەرهەنگی کوردی، بەیە لەووی زاراوەی سەربازی مۆژوویی و زمانی عوسمانییەوە لەخوارەوە چەند ڕوونکردنەوەیەک لە بارەی وشەی (میر ئالای) یەوە دەنووسین.
سەبارەت بە وشەی میر آلای کە لە کتێبەکەی ئەمین فەیزی بەکارهەنراوە، بەپێی ئەو زانیارییە سادانەی هەمە لە مۆژووی عوسمانی و زمانەکەی، دەتوانین ئەم کورتە زانیاریانەی خوارەوە بنووسین:
وشەی میر آلای لە فەرهەنگەکانی زمانی عوسمانی دا بەم مانایانە هاتوە: میر، واتە: سەرەک، فەرماندە، بەگ، میر، فەرماندار، لە تورکی نیوە دا بەمشێوەیە دەنووسرێت وشەی میر و هاوماناکانی(Mir=Amir:Baş:Bey)
شایانی باسە وشەی میر آلای(Miralay) کە بەزمانی عوسمانی بەمشێوەیە دەنووسرێت: میر آلای، بە تورکی نوێ(Miralay) واتە: فەرماندەی چوار تابووری عەسکەری عوسمانی، لە زمانی سەربازی ئەمڕدا وشەی (میر آلای) بەرانبەر بە وشەی (عەقید) بە تورکی نوێ(Albay)دادەنرێت یان بەکاردەهێنرێت، هەروەها لە زمانی ئینگلیزی دا بەرانبەر بە

وشەی(کۆنترۆل) دادەنرێت.
ئەم وشەی (میر آلای)یە؛ لە ناو سیستەمی سەربازی عوسمانی لە سالی ١٩٠٩ تا هەوشاندنەوەی دەوڵەتکە لە ٣ی ئادارى ١٩٢٤ بەکارهێنراوە، هەروەها دواتر لەسەردەمی کەمالی نوێی تورکیا تا سالی ١٩٣٤ بەکارهێنراوە، بەڵام لە ٢٦ی ١١ی ١٩٣٤ بەپێی یاسای ژمارە ٢٥٩٠ کە لە پارلەمانی تورکیا دەرچوە، کە تایبەت بو بە (یاسای نازناو و بە ناونیشانەکان), ئەم وشەیە (میر آلای) لەناو سیستەمی سەربازی تورکیا سەدرایەوە، لە شوێنی (میر آلای=Miralay) وشەی(Albay) دانرا، کە هەر لە بەرانبەری دا مانای(عەقید) دەگەیەنێت، شایانی بیرهێنانەوەیە کە بەپێی سیستەمی سەربازی دەوڵەتان دەگەدرێت، وەک لە دەوڵەتی عوسمانی: نیشانەی دەوڵەتی عوسمانی کە وەک مارێکی بچووکی تێنراوی زێڕباو بە نوسین بوە لەگەڵ دوو ئەستێرە، لە وڵاتی خۆشماندا هەر تانجەک و دوو ئەستێرەیە..!
وشەی آلای (Alay) لە (معجم صفصافی) کە فەرهەنگێکی گەورەی زمانی عوسمانییە، بەم مانایانەیش دێت؛
یەکەم: فەوج، گردبونەوە، کۆبونەوەی بە شومار.
دووەم: چوار تابووری سوپایی-سەربازی. سێیەم: نمایشی سەربازی، مەراسیم.
هەروەها لە فەرهەنگی زمانی تورکی نوێ دا، وشەی (Alay)، بەجگە لەم مانایانەی لە سەرەوەدا ئاماژەمان پێکردن، ماناکانی: گاڵتەپێکردن و تاقم و دەستەش دەبەخشێت.

وشەی دیکەیش هەن، وەک:
میر لوا: واتە: میری لیوا یان فەرماندەی لیوا.
میر میران: واتەکەی هەر میری میران یان فەرماندەی فەرماندەکان.
بە زانیاری خوێنەران: زمانی عوسمانی زمانێکی دروستکراوی پێکهاتبوە لە زمانی تورکی کۆن و کەمێک زمانی زیندوو هەر لە خەرهەماتی ئاسیا تا خەرئاوای ئەوروپا و باکووری ئەفریقا..لەوانە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و فارسی هەر ئەم سێ زمانەی ئاماژەمان پێکردوون بە وشەکانیان لەناو فەرهەنگی عوسمانی کۆن و تورکی نوێ دا، فەرهەنگێکی گەورە پێکدەهێنن، بەڵام هەندێ لە وشەکانی ئەم زمانەی ئاماژەمان پێکردوون لە زمانی عوسمانی و تورکییە نوێ دا مانا دەستەواژەیەکانیان دەگەڕێن یان گەڕاون..مەرج نییە وشەیەک کە لە بنەڕەتەوە عەرەبی، فارسی یان کوردی بێت، لەلای ئەوانیش(عوسمانییە کۆنەکان-تورکە نوێیەکان) بەکارهاتبێت هەمان مانای دەستەواژەی وشەکە بداتەوە، چونکە دەستووری زمانی عوسمانی و تورکی نوێ جیاوازن لە زمانەکانی تر جیاوازن کە ئاماژەمان

پێکردن..!
هەروەها زمانی تورکی عوسمانی سێ قۆناغی پەرەسەندنی مێژوویی تێپەڕاندوە، کە ئەمانەن: زمانی عوسمانی کۆن لەسەدەی سیانزەهەم بۆ سەدەی پانزەهەم، زمانی عوسمانی کلاسیک لە سەدەی شانزەهەم بۆ سەدەی نۆزدەهەم، زمانی عوسمانی نوێ لە سەدەی نۆزدەهەم بۆ سەدەی بیستەم.

-_____

سەرچاوەکان:

یەکەم: (کتێب بەزمانی):
١-اكمل الددين احسان اوغلى(اشراف و تقديم): الدولة العثمانية تاريخ و حضارة, ترجمة: صالح سعداوي، مجلد٢، مركز الأبحاث للتاريخ والفنون والثقافة الإسلامية باستانبول, ١٩٩٩، ص.٧
٢-امين فيضى: انجمن ادیبان كرد, مطبعێ ترجمان حقیقت, استانبول, ١٣٣٩ [1920]. ل.١٠.

دووەم: (فەرهەنگ):
١-أ.د. الصفصافى احمد القطورى: المعجم التركى-العربى المعاصر, ط٨, بدون مكان الطبع، القاهرة، ١٤٣٣هـ-٢٠١٣م، ص.١٨
٢-أ.د. الصفصافى احمد القطورى: القاموس عثمانى-تركى-عربى(معجم صفصافى٢)، مراجعة: عبدالله تومساك، ط٢, بدون مكان الطبع، القاهرة، ١٤٣٣هـ-٢٠١٢م. ص ص ٢٧، ٦٥٦-٦٥٧.

*مامۆستا لە بەشی مێژووی فاکەڵتیی ئاداب-زانکۆی سەران.

کاری فەرکاریی هونەری کاریکاتێر لە رۆژنامەگەریدا.. هەندرێن خۆشناو

لەم سەردەمەی ئێستاماندا کاریکاتێر لە بواری فەرکاریدا بە شێوەیەکی فراوان بەکاردێت، هەی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، لە کاتی بەکارهێنانی کاریکاتێردا زانیارییەکان سەرکەوتووانەتر دەچنە یادەوەری خوێنەر و تێیدا جێگیردەبن، لە بەکارهێنان و پشت بەستن

بە دەقی نووسراوەوە، تاوکو خوێنەر بتوانێت زانیارییەك لە یادەوەری خێدا بپارێزێت، پێویستە چەندین جار ئەو زانیاریە بخوێنێتەوە، واتە چوونە نێو یادەوەری و جێگیربوون تێیدا، پشت بە دووبارەکردنەوەی تەماشاکردنی دەبەستێت، بەڵام دووبارەکردنەوە پێویستە ئەگەر وەرگرتنی زانیاری لە ڕێی خوێندنەوە بێت بەتەنیا، ئەگەر وەرگرتنی زانیاری لە ڕێی خوێندنەوە و دیتن بێت، ئەوە مانای ئەوەیە کە زانیارییەکە دووجار چێتە نێو یادەوەری خوێنەرەوە، یەکێك لە ڕێی پەیوەندی بینراوی خوێندراو و ئەوەکەی دیکەیان لە ڕێی پەیوەندی بینراوی وێنەوە، واتە دووبارەبوونەوەکە لە هەمان کاتدا روودەدات، ئەگەر نیگارەکەش داشتنکی کۆمیدیانەی لەگەڵدا بێت، ئەوا ڕێیەکی دیکە دەکرێتەوە لە بەردەم زانیاری بە چوونەژووەروەی یادەوەرییەوە، لە ڕێی پەیوەندی سایکۆلۆجیەوە، بەمەش زانیاریەکە سێ بارە دەبێتەوە لە یادەوەری خوێنەردا، لە ڕێی خوێندنەوە و دیتن و حاڵەتی دەروونیەوە، بۆیە جێگیر دەبێت لە یادەوەری خوێنەردا، چونکە بە سێ دیوار دەورە دراوە، ڕێگری لە دەرچوونیەوە دەکەن، ئەوانیش وشە و وێنە و حاڵەتی کرانەوەی دەروونین، کە هاوشانی زانیاریەکە بوون، دەتوانین کردارەکە بەم شێوەیەی خوارەوە ڕوون بکەینەوە:

بەم شێوەیە، وشە ئەو کێشەکەیە کە زانیاری پشتی پێدادەدات، نیگاریش هێکاری جێگیربوونیەتی، و کۆمیدیا و ئەو حاڵەتە کرانەوە دەروونیەش کە بە هێی کۆمیدیاوە دێتەکایەوە، هێکاری بەبیرهاتنەوەی زانیاریەکەیە،


لەبەرئەوەی ئەو حاڵەتە دەروونیەی کە مرۆڤ تێیدایەتی لە کاتی زانیاری وەرگرتنەکە، ڕێکی گەورە دەبینێت لە پاراستنی ئەو زانیاریە لە یادەوەری مرۆڤدا، بۆیە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە بواری فێرکاریدا دەمانگەیەنێتە ئەنجامی چاکتر، بۆجگە لەو خێشیەی کە لە بەکارهێنانی ئامێرەکە وەردەگیرێت، هەروا زەرەك لە نیگارە کاریکاتیرییەکان و فیلمە کارتۆنیەکان بەکاردێنێت. پێش پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا، وەرگرتنی سایکۆلۆجی زانیاریەکان لە ڕێی بەکارهێنانی دار (لێدان)ەوە بوو، زانیاریەکە هاوپێچی حاڵەتی ئازاردانەکە دەبوو، کە زانیاریەکەی بەبیردێنایەوە، یان حاڵەتی ترس لە تووشبوونی سزادان، لەبەرئەوەی تەکنەلۆجیا پێشکەوت، و فێرخواز توانی زانیاری بەدەست بێنێت هاوشان بە حاڵەتی دەروونی ئەرێنیەوە، دار (لێدان) وردە وردە وەکو ئامرازێکی بەکارهاتوو لە بواری فێرکردندا بزربوو، هەتا بە تەواوەتی هەوەشایەوە.

کاریکاتێر بەتەنیا لە بواری فێرکاریی خوێندنگاکاندا بەکارنایەت، بەڵکو لە بواری فێرکاری گەورەکانیشدا بەکاردێت، کاریکاتێر لە

بواره فرکارییه ئاڵزتره‌کانیشدا به‌کاردێت، بۆ نمونه له پەتوکه‌کانی فرکردنی به‌کارهێنانی کەمپیوته‌ردا کاریکاتێر جێگایه‌کی فراوان ده‌گرێت، هەروەها له بواری ماتماتیك و فیزیا و ئەوانی تریشدا، مه‌به‌ستیش لێره‌دا پێکه‌نین نیه، به‌قەد ئەوەی به‌ستنه‌وەی زانیاریيه سەخته‌کانه که له‌بیر ده‌کرێن، به حاڵه‌تێکی کەمیدایی، که بتوانرێت له کاتی پێویست به‌بیربێته‌وه، کاریکاتێر بایه‌خێکی تایبه‌تی هەیه له بواری فێربوونی زمانه بیانیه‌کانیشدا، که زۆرجار گفتوگۆکان هاوشان له‌گەڵ کاریکاتێردا داده‌ڕێژرێن، که به‌هۆیه‌وه له‌گەڵ وەرگرتنی زانیاری چێژ و خۆشیش وەرده‌گیرێن، وەرگرتنی زانیاریه‌کانیش ئاسانتر ده‌کات.

به‌کارهێنانی کاریکاتێر له بواری فێرکاریدا، زۆرێك له کێشش و ماندووبوون که‌مده‌کاته‌وه، بۆ فێرکار و فێرخوازیش له هەمان کاتدا، فێرکار پێویستی به شیکار و راڤه‌کردنی زیاد نیه، چونکه کاریکاتێره‌که ئەوه بۆ فێرخواز دابین ده‌کات، فێرخوازیش پێویستی به پەستانی زانیاریه‌کان نیه له مەشکیدا، چونکه کاریکاتێر هێڵی زانیاریه‌کان بۆ یاده‌وەری مرۆڤ ئاسانتر ده‌کات، به‌مەش زۆرترین زانیاری به که‌مترین ماندووبوون له کاتێکی که‌متردا ده‌ستده‌که‌وێت.

ئەوەی شایانی باسه کاری فێرکاری کاریکاتێر جیاوازه له کاره‌کانی تره‌وه، چونکه کاریکاتێر له پەتوکه فێرکاریيه‌کان زیاتر به‌کاردێت له‌وەی له ڕۆژنامه‌گەریدا، که شێوه بنەڕەتیه‌کانی ڕۆژنامه‌گەریی بەبەشه له گۆشه فێرکاریيه‌کاندا، ئەگەر هەشبوو ئەوا گۆشەی لاوەکی و گرنگ نین، له‌وانه‌یه کاری فێرکاری کاریکاتێر له ڕۆژنامه‌گەریدا به شێوەیه‌کی بنەڕەتی له ڕۆژنامه‌گەری منداڵدا خێی ببینێته‌وه، هەروا له ڕۆژنامه‌گەری تایبەت به بواره‌کانی ته‌کنه‌لۆجیادا، که‌چی له ڕۆژنامه‌گەری ئەده‌بی و ئابووری و گشتگیری و گاڵته‌جاڕیدا، به‌ده‌گمەن کاریکاتێر کاری فێرکاری ده‌کات، ته‌نانەت ئەو نیگارانەی له بواری فێرکاریشدا به‌کاردێت، ناتوانین به کاریکاتێری بژمێرین به مانای وشه‌وه له‌گەڵ چەند هەڵاوێژنێك لێره و له‌وێدا، بۆیه ئێمه ناوی سیفه‌تی نیگاری کاریکاتێری لێده‌نێین، نەك سیفه‌تی کاریکاتێر.



مەنسور حیکمەت و کۆمەنیزمی سیاسی.. حەمید تەقوایی

{دەقی ئەم نوسینە لەسەر بنەمای باسی سیمینارێک نوسراوەتەوە کە لەژێر هەمان ناونیشاندا پیشکەشکراوە. هەندێکی لە کەمکراوەتەوە و چەند پۆینتگرافێکی بە زیادکراوە}.

ئەم سیمینارە بە بۆنەی هەژدەهەمین ساڵیادی مەنسور حیکمەتەوەیە.

هەژدەساڵ کە ئەومان لەدەستداوە و هەموو ساڵێک یادی لەدەستدانی دەکەینەوە و سەبارەت بەدەورو نەخشی لە بزوتنەوەی کۆمنیستی و

تیئۆریکانی و دەستکەوتانیەوە وتووژ دەکەین.لەم سیمینارەدا ئامانجم ئەوەیە کە تایبەتمەندی سیاسی کۆمۆنیزمی مانسور حیکمەت ڕونبکەمەوە.لەوانەیە لە یەکەم تێوانیندا سیاسی بونی کۆمۆنیزم ڕون بێتە بەرچاو،ئاشکرایەکە کۆمۆنیزم ڕاستەوخۆ بەسیاستەوە پێوەستەو تایبەتمەندی سیاسی هەیە بەڵام بە کۆمۆنیزمی کرێکاریش بەهەمان شێوە ڕونە وبەو پێیە پاشگری گرێکاری پیوستە بە ئەوەی کۆمۆنیزمی ڕاستقینە لە کۆمۆنیزمە هەمجۆرەکانی بەرژوازی جیابکەیتەوە،کۆمۆنیزمی سیاسیش بە خەجیاکردنەوە لەو کۆمۆنیزمانە دەخرێتە ڕوو کە ئایدەلۆژی ودەستگەرا و مەکتەبین.ئەبەت ئاگەر بیروبۆچون و هەڵە وسیاستێک کە مارکس خستوێیەتە ڕوو ودواتر لە مانیفێستی کۆمۆنیستدا ڕاگەیەنراوەو لەلایەن ئەحزابیکی وەکو بەلشەفیزم لە ڕوسیا نوێنەرایەتیان دەکرد بەردەوام بوایە نە پێوستمان بە پاشگری کرێکاری و نە بە پاشگری سیاسی دەبوو.بەڵام بەداخەوە ئەمە ڕوێنەدا.هەزناسیونالیستە سەربەخۆ خوازەکان و پیشەسازی کردنەوە خوازەکان لەوەاتانی ژێردەستە خەیان ناونابوو کۆمۆنیست و لە ڕوسیاو وەاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات لە ژێرناوی کۆمۆنیزمدا شێوازێک لە ڕژێمی سەرمایەداریی دەوڵەتییان دامەزراند بوو کە شکستی خوارد وهەرەسی هێنا و ئەو هەزانەشی کە سەربەو کەمپە بون سەردەمیان کەتایی هات.لەو باردەخەدا زۆر پیویست بوو کە کەسیکی وەکو مانسور حیکمەت ئاڵای کۆمۆنیزمی کارگری بەرز کاتەوەو لە کۆمۆنیزمی ڕوسی وچینی و هیتری جیابکاتەوەو ڕاستبون و گرنگی وپێویستی کۆمۆنیزم وپێوەندیەکەی بە داوکاری وئامانجی ئینسانی و ژیان وخەباتی هەموو ڕۆژی جەماوەری کرێکارو جەماوەری خەڵک پیشان بدات.لە ماوەی ئەم بیست ساڵەی کەبەسەر مەرگی مانسور حیکمەتدا تێدەپەڕێت ڕوداویکی زۆر ڕوێنداوە کە ڕاستێتی وپێویسبون وشیاوی ئەو کۆمۆنیزمەی کە ئەو ناساندی بە ئاشکرا نیشانداوە
پێویستی وشیاوی کۆمۆنیزمی مارکسی،کۆمۆنیزمی مانیفێست،کۆمۆنیزمیک کەهەر لەسەرەتاوە بەیاربوو کرێکاری بێت وسیاسی بێت.
کاتێک باسی"کۆمۆنیزمی سیاسی" دەکەین خاڵی یەکەم ئەوەیە کە بە جیاکردنەوە لەکام جۆرە کۆمۆنیزم تایبەت مەندی سیاسی بەکار ئەهێنین؟
کۆمۆنیزمی کرێکاری بە جیاکردنەوە بوو لەو کۆمۆنیزمانەی کە پێوەندیان بەچینی کرێکارەوە نەبوو،ناکرێکاری بون،کۆمۆنیزمی جۆری چینی ،جۆری ڕوسی، کۆمۆنیزمی جۆری چریکی وهیتر.کۆمۆنیزمی سیاسی بە جیاوازیە لە کۆمۆنیزمی دەستگەراو،ئایدەلۆژیگەروەکتەبی،ئەو کۆمۆنیزمانەی کەبنیاتنراون لەسەر بنەمای باوەڕی بگەڕدەوەبۆستگیری و سنوردانان دەناسرێتەوە.ئەم جۆرە کۆمۆنیزمە

ناسیاسیانەش بەشکن لە بزوتنەوەو بانگ جیاوازەکانی کۆمۆنیزمی ناکرێکاری و کە پێشڕیان لە بزوتنەوەی چەپی ناسیۆنالیستیدایە بەڵام من لەم باسەدا ناوەرۆکی باسی ئەو لایەنەی بابەتەکە بکەم و هەوڵ ئەدەم نا سیاسی بوونی دەستە ئایدۆلۆژیەکان بنیشاندانی ناپێویستیان بە خەباتی چینایەتیەوە لە مەیدانە جیاوازەکاندا بکەمەوە وشرۆڤەی بکەم.

منسور حیکمەت یەکەم جار ساڵی دا١٩٩٩لە نوسینەکدا لەژێر ناوی"حزب و کۆمەڵگە: لە گرێپی فشارەوە تا حیزبی سیاسی"دا بانگخەنەی لەم جۆرە کۆمۆنیزمە دەستپێیە-ئایدۆلۆژیە دەخاتەروو.مەبەستی ئەو لە گروپی فشار ئەو"کۆمەڵە بیروباوەڕیانە" و"جڤاتە هزریانە"ن کە دەسەڵاتی سیاسی و"کاریگەری دانان لەسەر هاوکێشەی سیاسی"لەکۆمەڵگەدا زاڵ نیە بەسەر تەوانین وکاروکردەوەیاندا.ناکۆمەڵایەتیی وناپێویستیان بە ئاوگەڵە سیاسیە زیندووکانی کۆمەڵگەوە تایبەتمەندیکی تری ئەم جۆرە هیزانەیە.منسور حیکمەت ئەم تایبەت مەندیانەشیانی بە"قۆشە سور پێشکانی پەرستگای مژوو"ناودەبات وبانگخەنیان لەدەگرێت.

مەبەست لە کۆمۆنیزمی نا سیاسی ئەو شێوە کۆمەڵە ومەحفەلانەیە.

کۆمۆنیزمی کرێکاری،کۆمۆنیزمی منسور حیکمەت،لەبنەڕەتدا لەخۆجیاکردنەوەی لەو بانگ جەراوجۆرانەی کۆمۆنیزمی بەرژوازی ولە بانگخەنگرتنی قوتابخانەی پیناسەدەکات وە بەداخەوە کۆمۆنیزمی بەوایی(عەقیدەتی)-مەکتەبی شێوازێکی باوی کۆمۆنیزمی ناکرێکاری سەردەمی ئەمەیە.لق وپڕپ سیاسی کۆمەڵایەتیکانی کۆمۆنیزمی بەرژوازیش هەن وەکو(کۆمۆنیزمی چینی و ڤیتنامی دوو نمونەی بەرجەستەی کۆمۆنیستە ناکریکارییەکانن بەڵام سیاسی وکۆمەڵایەتن).بەواتایەکی تر بگومان هەر هێزێکی کۆمۆنیزمی بەرژوازی ناسیاسی ومەکتەبی نیە بەڵام بەدڵنیاییەوە هەر کۆمۆنیزمێکی مەکتەبی پێویستە بە بڵێکی کۆمۆنیزمی بەرژوازیەوە.

تێگەشتنی کۆمۆنیزمی مەکتەبی لە خەباتی چینایەتی

یەکەمین خاڵی جیاکردنەوەی کۆمۆنیزمی سیاسی لە کۆمۆنیزمی ناسیاسی ئاگایی و تێگەشتنیانە لە دیاردەیەک و دەستواژەیەکی بنەڕەتی واتە لە خەباتی چینایەتی. کۆمۆنیزمی سیاسی لەڕووی میتۆدۆلۆژی و لێشوازێک کە خەباتی چینایەتی دەبینن و شرۆڤەی دەکەن ولەسەر ئەو بنەمایە خەبات وچالاکی دەکەن بەتەواوەتی جیاوازە لە کۆمۆنیزمی ناسیاسی ومەکتەبی کە ئەویش لەو باوەڕدایە کەنونەرایەتی چینی کریکاردەکات.تایبەتمەندیکی کۆمۆنیستە مەکتەبیەکان ئەوەیە وەک منسور حیکمەت دەڵێت"ڕیژەیەکی بەرز" لە وشیاری و ئاگادار بون بە چینایەتی بون دەهێننە ناو خەباتی چینایەتیەوە.گوایە چینەکان و

لەپیشەوەیاندا چالاکوانەکان وەسوەاوان و جەماوەری خەڵکەک کەلەخەباتدا دەرگیربون دەزانن کە سەرقالی خەباتی چینایەتین.لەم ئەرکەدا وشیارن و ئەوە دەزانن کەلەگەڵ ئەو چینەی کە ناکەک لەگەڵیاندا شەڕ دەکەن.وەبەبەر ئەم وشیاری و ئاگاداربونەوەیەی خەباتکاران،خەباتی چینایەتی ڕونادات.بەم تێگەشتنە،مارکسیزم وەک زانستی ڕزگاری جینی کریکار و تیئۆریەک کە خەباتی چینایەتی شرۆقەکردوە و نیشانی داوە کە مەژوی کەمەڵگەی مرۆقایەتی مەژوی خەباتی چینایەتیە و هیتر دەگەڕێت بە پێش مەرجی خەباتی چینایەتی!بەشەویەک گوایە بەر لەوەی مارکس قسە لەبارەی خەباتی چینایەتیەوە بکات لە مەژودا خەباتکی لەو شەویە بونی نەبوە!
ئەمە میتافیزیکە کە پێی وایە دیاردەیەک لەگەڵ وشیاریدا دروست دەبێت.ئەگەر ئیوە تیۆڕینەوە بە هەڵوەستی کەمانیستە ناسیاسیەکان لە مامەڵەکردنیان بە ترپکی خەباتی چینایەتیەوە واتە بە شێش دەبینیت کە شێش ئەگەڵدرێت بە خەبات نیوان چەپەکان و نا چەپەکان.نیوان کەمانیستەکان ونا کەمانیستەکان،یان نێوان شوین کەتوانی مارکس و ئەوانەی بەرهەڵستکاری مارکسن. یەکەم وادیارە پێش مارکس شێش بونی نەبوە و دوهەم دوای مارکسیش تەنها ئاوگەڵەک شایستەی ناوی شێش بێت ئەویە کە مارکسیستەکان ڕابەرایەتی بکەن.وادیارە مارکس وتویەتی شێش دیاردەیەکە کە لە ژێر ڕابەرایەتی پڕۆلەتاریا !وە ئەگەر وانەبێت ئەوە ئاوگەڵەکە بەهەر ڕادەیەکیش ژێرەو ژورکەریش بێت شێش نیە.
شێش خەی لەوتکەی وێیان دەرکەوتنی زێر ئاشکرای خەباتی چینایەتیە.کەسەک کە تێگەشتنی زێنیانەو وشیاری لە خەباتی چینایەتیدا بەپێش دەکەوێ پێش مەرج،لە هەڵوەستیگیری بەرامبەر بە شێشکاندا بە پاسیفیزمەکی تەواو کەتایی پێدێت.دیاردەیەکی بابەتی نکولی لە دەکەن وپەسەندی ناکەن لەبەر ئەوەی کەلەگەڵ زێنیەتیاندا یەک ناگرێتەوەو لەگەڵ پەوانە زێندکانیانی ئەواندا نزیکایەتی نیە .لەئاکامدا ئەنجامدانی کارو ئەرکەکیش بە خەیان قایل نابن.کەمانیزمی ناسیاسی لە مامەڵەکردنیاندا لەگەڵ مەیدانەکانی تری خەباتیشدا ئەم میتافیسیزمە زاڵە.
ئاکامەکی تری ئەم جەڕە تەوانینەن،سنوردارکردنەوەی خەباتی چینایەتیە تەنها بەخەباتی کرێکارانەوە.خەباتی چینایەتی سنوردار ئەکرێتەوە بە خەباتی کرێکاران لە پێناو داخوازیە پیشەییەکانیان وێیان بەڵای زەرەوە لەدژی دەوڵەت وخاوەن کارەکان بە بەدەست هێنانی مافەکانیان.لەم دیدگایەدا بە نمونە کێشەی دژی مەزهەب و یان خەباتی ژنان دژی هەڵاواردنی ڕەگەزی ئەرکەکی چینایەتی نیە گوایە دەستاتی ئاین بەسەر دەوڵەت وکەمەڵگە ویان چەوسانەوەی ژنان

پەیوەندی بەچینەکان وباڵادەستی چینێک بەسەر چینەکی تردا نیە.شەوازی فەرمانڕەوا و تیۆریزەکراوی ئەم بیرکردنەوە بەش بەشکردنی مرۆڤەکان و مەیدانەکان وخەبات بەسەر دیموکراتی وسۆسیالیستیدایە.وە ئەو خەباتانەی کە بەدیموکراسی لەکەدرێنەوە چینایەتی نین و ئەگەر چینایەتیش بن ئەوە چاکسازی خوازی و ئیفەرمیستی و لەپراوێزدان و بڕای زۆرەوە دەکرێت بەمەرج پشتیوانی بکرێت وپێگەی کەمینەزمیان تێدا بەهێز بکرێت.

بەگشتی ئەم ماموژەی چەپی ناسیاسیە لەگەڵ خەباتی ئەستای بەشە جیاوازەکانی کەمەگەدا.لەم دیدگایەدا کریکار یەکەم تەنها بەشکی بەرهەمهێنەر.لە ئەنجامدا گوایە کرێکار وەک ژن یان وەک پەنابەر یان تاکی سەربە میللەت وئاینی جیاواز و بەگشتی وەک هاوڵاتیەک دەردو کێشەی نیە دوەەم خەبات ونافەزایەتیەکانیشی تەنها لە چوارچێوەی کارخانەدا دەمێنێتەوە.کاتێک لەم گۆشەیەوە سەیری خەبات دەکرێت خەباتی چینایەتی سنوردار دەکرێتەوە بە ژمارەیەکی لەسەدای(٪) بچووک لەو کەشمەکەشە چینایەتیە گەورەیەی کەلە کەمەگەدا لەئارادایە.وەک وەمنسور حیکمەت دەڵێت وشەی خەبات تەرجومەیەکی باشی زمانەوانی نیە بە struggle کەلە ئینگلیزیدا بە خەباتی چینایەتی بەکار دەهێنرێت.

کەشمەکەش یان دوژمنایەتی و هوبوونەوەی چینایەتی تەرجومەیەکی گونجاوترە. ئەم کەشمەکەشەش لە مەیدانی هونەری وشنەبیری وهونەری وئەدەبیات ولە فلیم وشانۆ موسیقا لە ئارادایە و لە سیاسەت و ئابووری و کەش کەمەڵایەتیەکانیشدا،ئەم کەشمەکیشە چینایەتیە پشوو هەڵنەگرەو هیچ پەیوەندیەکی بە وشیاری تاکەوە نیە.

لە هەسوکەوتی کەمینەزمی مکتەبیدا لەگەڵ ئاکتیڤیستەکان و هەسوڕاوانی بزوتنەوە ناڕەزایەتی و حەقخوازانەکانیشدا ئەم بڕیککەوتنە دڕوونیە دەبینیت.هەسوڕاوکانی دڕگیر لە جوانەوێکدا لەسەر بنەمای دەورو کاریگەری کردەیان هەناسەنگێنن بەکو بەپێی پەیوەندیە هزری وباوەڕیەکانیان بەیاریان لەسەر دەدەن وجوانەوەکەش لەسەر بنەمای بچون وهەوەستی ئاکتیڤیستەکان هەدەسەنگێنرێت.لە زینەتی سەرەوخواری کەمینەزمی مکتەبیدا ئەوەی کە بزوتنەوە و چوانەوێکی ناڕەزایەتی چ ناوەرۆکێکی هەیەو بشوێن چ داخوازی و ئامانجێکەوێیە بتەواوەتی لە ژێر تشکی ئەوەی کە هەسوڕاوکانی خاوەنی چ باوەڕو میلەکن ئەوەستێت.کەمینەزمی ناسیاسی هەر بوجۆرێکە خێی لەسەر بنەمای باوەڕ و هەوەستی ئادیکاڵ بچڕپ دەزانێت،بزوتنەوەو جوانەوە ناڕەزایەتیەکانیش لەسەر بنەمای باوەڕی ناکەمینیستی هەوسوڕاوکانی، بە ناشەشگەڵو ڕاست ڕەو کە جۆگەی پشتیوانی نین هەدەسەنگێنن.بنەمای هەردوو

هەسوکەوتکە زینی وەکتەبی و پیوەندیان بەواقیعەوە نیە. یەکێک لەو فاکتەرانەی کە ئەبەتە هەکاری ئەوەی کە کەمەنیزمی فیرقەیی بەتەواوەتی پاسیف بێت و بهنرێتە خوارەوە ئاستی تەنها بە کەمەک بچون وهەوەست هەر ئەم تێگەشتنە ئیسکەلاستیکی و میتافیزیکییەلە خەباتی چینایەتی و لە هەسوەاوانی مەیدانە جەراوجەرکانی ئەم خەباتە.

لە ەوانگەی ئەمەوە .لەەوانگەی کەمەنیزمی،خەباتی چینایەتی کەشمەکەشی بەردەوامە کەلە هەموو ەوکان و ەوندکان وئاوگەرە فکری و کەمەایەتی وسیاسیەکاندا،تەنانەت لە مشتومەکی نیوان دەسەاتدارکان وحزبە دەەتیەکان لە هەموو وەاتاندا،تەتوانیت شوەن پەی ببینیت،ئەم شرۆڤە تەکمەیە لەهەموو نوسراوەکانی مەنسور حیکمەتەدا،بەتایبەتی لە"جیوازیەکانی ئەمە"و سیمیناری یەکەم و دوهەمی کەمەنیزمی کرێکاریدا بوەتە جێگەی باس و ەونکردنەوەی لەبارەودراوە،بوەتەی مەنسور حیکمەت تەنانەت لە فرهەنگ و لە هونەرو ئەدەبیات ولە بەهاکان و ئاکارکان و هیتردا دەی بینیت کە دوو تەەوانین هەیە دوو بیرکردنەوە هەیە دوو چاوەەوانی هەیە،دوو بەش بەهاکان و ئاواتکان وئارزوکان هەن کە بەیەکیان دەەین چەپ و بەوی تریان دەەین ەاست و ئەمە دەرکەوتنی ململانیی چینایەتی نیوان دوو چینە بنەەیەکەیە لەهەموو ەویەکەوەیەو.

ئەمە مانای واقیعی وبابەتی خەباتی چینایەتیە.کاتێک مارکس دەەت خەباتی چینایەتی مەژوو دروست دەکات مەبەستی ئەوەیە وە نەک تەنها ئەوکاتانەی کرێکار مان دەگرەت وە یان کاتێک کە شەشەکان ەوئەدەن.لەکاتێکیش کە بەەواەت هەموو شتێک ئارامە،لەبارودۆخیکیشدا کە شەش یان ناەزایەتیەکی کەمەایەتی بەرچاو لەئارادانیە،دوژمنایەتی چینایەتی ەاناوەستیت.لەهەموو دۆخێکدا ئەوەی کە یەکلاکەرەوەیەو دەوەتە دیکتاتەرکان وپەلەمان و ئەرگانەکانی دەسەات لە کەمەگەدا ناچار دەکات دەت بە ئەم یان ئەو سیاسەتە بەرن و ئەم یان ئەو هەوەستە وەربگرن کەشمەکەشێک کە بەوتەی مارکس تاوێک بەنهەنی وتاوێک بەئاشکرا لەکەمەگەدا بەردەوامی هەیە.لەسەردەمانی شەشدا یان کاتێک بزوتنەوە کەمەایەتی فراوانکان پیکدەن،خەباتی چینایەتی ءاشکرا بووە.بەام لە بارودۆخی'ئارام"یشدا خەباتی چینایەتی بەردەوامی هەیە.ئەمە وێنایەکی تەواو لە خەباتی چینایەتی خاڵی دەست پێکی خستنە دەستوری پراتیکەکی فراوانە بە کەمەنیستەکان.

کەمەنیزمی پراتیک

کەمەنیزمی سیاسی کەمەنیزمی پراتیکە. بەپێچەوانەی بیرکردنەوەی چەپی مەکتەبیەوە، سیاسەت تەنها هەەویستگیری وەاگەیاندنی هەەوەست

نیە، تەنها باوەبون بوە نیە کشتیک باشو شتیکی تر خراپو دربینی باوەو تەنانەت ولیکدانەوەو هەستنگاندن بس نیە، ئگری هەیە کە ئەمە بە ئیکادیمیکان، میژوو نوسکان، بە چاودرانی مژوو و کسانیک کە دیانەوێت هەستنگاندن و لیکدانەوە لبارەی مژوەو ئنجام بدن ویان بە نەوکانی داهاتو بنوسن و وەک میرات داینن بس بت بەام بە کمنیزمی سیاسی ئەو تەنها خاڵی دستپیکردنە. باوەی ئیمە، شرقەی ئەمە، تگشتنی ئەمە و لیکدانەومان بە ئاوگەو دیاردکان هناگاوی یکمە و گرنیکی چارنوس سازیشی هەیە بەام ئگار هەر لردا بوستین ئیتر کمنیست نین. ئەتوانیت لڵایەنی شرقەو لیکدانەوەو ئندشەوە بوستیت و بیرمند و لیکەرەوە یان هونرمندیکی مارکسیستی ئاگاو ەشنبیر بیت بەام سیاسی نیت. لخەباتی چینایەتیدا لیکدانەوەی جیهان بکەکی هیچ کس نایت. وەک مارکس دەت قسلسەر گەینی دونیایە نەک شرقەکردنی.

پراتیک لە تەوری کمنیزمی سیاسیدا وستاوە. منسور حیکمەت بشوین مارکسدا کمنیزمی کرکاری" بە ماتریالیزمی پراتیک" ناو دەبات. لنوسراوەو زرک لقسوباسکاندا جخت دکاتوە لسەر تکەاوبون وکارو پراتیک وەکو گشەیکی گرنگی کمنیزمی کرکاری.

کمنیزمی ناسیاسی تەنانەت بزوتنەوەو حزبکان وباە جیاوازکانی کمنیزمیش لسەر دورو پگەی کمایەتی وبابەتی ئەوان لیکناداتەوە بەکو لسەر بنەمای باوەو بچونکانیان بە نمونە هەسوکەوتی کمنیزمی فیرقەیی لبەرامبەر باکانی تری کمنیزمی بەرژوازیدا کلە سدەی بیستەم وبەتایبەت لدوای شرشی ئکتوبەر پکهاتن لسەر بنەمای باوەو هەوەست و بچونکانکانی ئەوان بوو. ئحزاب وهزە سیاسیکان لسەر بنەمای ئەوەی کە بە نمونە لبەرامبەر شەشی وسیا وکمنیزمی وسی وترتسکیزم ویان مائویزم و یان یبازی پارتی زانی و هیترچ هەوەستکیان هبوە داوەری و پلەن دکران نەک لسەر بنەمای بزوتنەوەکان و ئەو ئاوگەی بابەتیانەی کە بەشدار بوون تیدا. ئەوەی کە هەر حزب وهزهکی سیاسی خەی چی کارە بووە، لە بزوتنەوەیکی بابەتی یا شەش وبزوتنەوەی نازایەتیدا چ جهگاو گایکی هەیە، ئەوانە ئسەن جگەی باس نین. هەر یکخراو حزبک لسەر بنەمای ئەوەی کە تاچ ادەیک بە مەوازینک کە لە دیدگای کمنیزمی مکتبیدا لگە پرنسیپکاندایە. وفادار ماوەتەوە یان نماوەتەوە داوەری دکرت. پەوەرکانیان ئەوەیە کە ئحزاب وهزکان تاچ ئەندازەیک لە بچونی مارکس دورکەوتونەتەوە یان دورنکەوتونەتەوە، لادەر بون یان نبون. یک هروکو پیەوانی ئاینکان کە یکتر بە لادەرو

کافرو هیتر تاوانبار دەکەن.
کۆمۆنیزمی کرێکاری دەستەواژەی لادەر(ڕیزیشنیزم) دەنێتە لاوە، مۆنسور حیکمەت و کۆمۆنیزمەکەی لەو باوەڕدایە ئەگەر کەسانێک بەناوی کۆمۆنیزمەوە بەشدارن ئامانج و ئاسای ناکرێکاریەوەن، لەو استیدا بۆرگی کۆمۆنیزمیان کردووەتە بەر بزوتنەوەیەکی تر.کیشەکە لەسەر بزوتنەوەکانە لەگەڵ ئاو ئامانجی جۆراوجۆردا.هەر لەڕدایە کە پرکتیک دەتەناو لەکدانەوەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریەوە.کاتێک دەگەینە مایلکان وکەسانیکی وەک ستالین وستالینیزم ومائو و مائویزم وهیتر کیسەکە ئەونیە کە چ کەسە باش لە مارکس تێگەشتوە یان تێنەگەشتوە، بەڵکو باسەکە لەسەر ئەویە کە شوینی بابەتی هەر هێزێک لەخەباتی چینایەتدا لەو قوناغەدا چیە؟سەربەچ بزوتنەوەیەک؟چ ئاسۆو ئامانجێکی هەیە؟ئایەوت بە کوە بەوات؟دواتر تیئۆری دەتە ناوەوە.ئەوەی کە هەر هێزێک چۆن هونکردنەوە لەبارەی خەباتەوە ئەدات و سیاستەکانی تیئۆریزە دەکات باسەکەو ئەوەی کە بەشەوەی بابەتی و واقیعی چ دۆرێک دەگێڕن باسەکی ترە.ئەگەر لە حزبەکدا.وای دانێین حزبی کۆمۆنیستی سینی و یان حزبی کۆمۆنیستی هوسی،جیاوازی بیروڕا و یان فراکسیۆن و جیابونەوەوهیتر هوئەدات لەبەر ئەویە کە پرکتیکی جیاواز دەخەنە دەستوری حزبەوە.لەبەر ئەونا کە لەبەچون یەکتر تێناگەن.کەشەکە ئەونیە بە نمونە ستالین لەبەچونەکانی لینین ومارکس باش تێنەگەشتبوو وەیان نویکردنەوەی لە بەچونەکانی ئەواندا کردبوو.
ئەم شرۆڤەو لیکدانەوەیە لە مەیل و ئەو حزبانەی کە چەپی فرقەیی لەگەڵ ڕیزیشنیزم ولادان لە بنەماکانی مارکسیزم،هون دەکەنەوە لەباسکانی مۆنسور حیکمەت لە ڕەخنە لە ئەزمونی سۆڤیەت(بەتنەکانی مارکسیزم و مەسەلەی سۆڤیەتدا ١٩٨٥-٨٦) بەوردی شرۆڤەکردوە. بەوتەی مۆنسور حکمەت خەی ئەم شێوە ڕەخنەیە لە ئەزمونی شورەوی خەی خاڵی دەست پێکردن وبنەمای خەت وجیهەتگیریو خەتی هزرێک بوو کە چەند ساڵ دواتر بە خستنە ڕوی تیئۆریکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری کەتایی هات.
لە تەوری کۆمۆنیزمی پراکتیکی مۆنسور حکمەتدا شرۆڤەی بزوتنەوەیی لە خەباتی چینایەتیدا جێکەوتوە.مۆنسور حیکمەت پێش هەموو شتێک کۆمۆنیزمی بەبزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دەزانی ولە هەسوکەوت لەگەڵ حزب و ڕێکخراوو هێزە سیاسیەکانیشدا لە بزوتنەوەکانەوە دەست پێدەکات.ئەوەی کە هەر کەس وهەر حزب و هێزێکی سیاسی چ تایبەت مەندی وناوەرۆکێکی هەیە و بەشوین چ سیاست وئامانجێکەویە سەرچاوە لە پێگەی یەو لە بزوتنەوە چنایەتیدایە.وەکو نمونە لە

تیئۆری ئەمەدا مائو بەیوەستە بە بزوتنەوەی مەدەرن وپیشەسازیکردنی چینەوە هەیە. ئەو کەسێک بو کە ئەیویست ژەمی نیوە دەرەبەگی ونیوە داگیرکەراو تێکبشکێنێت.چین سەربەخۆ و پێشەسازی بکاتەوە بەو ئامانجەش گەشت، ئەمە ناوەرکی ماویزمە. ئەگەر بەناوی مارکسەوە قسەدەکات بەو هەیوەیە کەلەو سەردەمەدا دوای شۆشی ئۆکتۆبەر مارکسیزم وکەمۆنیزم ئیعتیبار وخۆشویستی جیهانی وجەماوەری هەبوو بەشەوەی بابەتی ئەبەت پێگەی مائوو ماویزم لەگەڵ بزوتنەوەکەیدا دیاری بکەیت و شرۆڤە بکەیتبە نمونە نەک بەکتەب سەبارەت بەناکۆکی، بەگشتی بە ڕەخنە وناسینی قوڵی بەچونەکان وتیئۆریکان وسیاستکان سەرتا دەبەت بزوتنەوەو بنەما بابەتی و کۆمەڵایەتیکانیان بناسنیتەوە.

لەباری پراکتیکیشەوە دەورو پێگەی بزوتنەوەکان چارنوسسازە. بە کەمۆنیزمی دەخالەتکەرو پراکتیک باسی ئەبەت چی بکەین دەستپێدەکات و بە وەڵامی ئەم پرسیارەش ئەبەت بزوتنەوە و ڕەوتی بابەتی کومەڵایەتیکان بناسیت وشوینی خۆتان لەوەدا بدۆزنەوە.

دەسەڵاتی سیاسی

سێهەم فاکتەر لە جیاکردنەوەی ئەمە لەکەمۆنیزمی ناسیاسی خۆی لەدوو فاکتەری گشتگیرو ئەبژیکیڤی بینینی خەباتی چینایەتی،وناوەرکی کردەیی و پراکتیکی و دەخالەتکەرانەی کەمۆنیزمی کرێکاریەوە سەرچاوە دەگرێت.گرنگی و شوێنی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسیە. ئامانج ئەمەوئیستراتیجی ئیمە لەسەندنی دەسەڵاتی سیاسیە لە بەرژوازی وبەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسیە. بە گەیشتن بەو ئامانجە پێوستە هەزارو یەک کار ئەنجام بدەیت و لەهەزارویەک بزوتنەوەو ناڕەزایەتی ومانگرتن و خەباتدا بەشداری بکەیت. بەڵام لەهەموو ئەم چالاکیانەدا کارو ئامانجی ئیستراتیجی حیزبێکی کەمۆنیستی ئەوەیە کە دەسەڵاتی سیاسی لە بەرژوازی بسەنێت .ئەمە جوهەری کەمۆنیزمی سیاسی وجوهەری حزبە.

مۆنسور حیکمەت ئەڵێت ئەگەر حیزبێک بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی بەسەر سیاسەت وتاکتیکەکان وچالاکیە ڕۆژانەکانی و بیرکردنەوەو ئاسۆکەیدا زاڵ نەبێت و سیاستکانی لە دەسەڵاتی سیاسیەوە نەپچرابێت حیزب نیە بەڵکو هەر زەر زەر گروپێکی فشارە.

کەمۆنیستە مەکتەبیەکان سەبارەت بە دەسەڵاتی سیاسیش وەکو هەموو دیاردەکانی تر،تەنها هەڵوەستەکی دیاریکراویان هەیە. بنەمای هەڵوەستگیریەکەشیان ئەویە کە چینی کرێکار ئەبەت خۆی دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت. ئەوەی کە چۆن و بۆچ شێوەیەک ئەم ڕووداوە ڕوبدات و ئەوەی کە کەمۆنیستەکان دەوریان چیە دیار نیە لەم نووسەدا وهیتریش.ئاستە،چینی کرێکارئەبەت دەسەڵات بەدەستەوەبگرێت بەڵام

کۆمۆنیستێک کە خۆی بەبەشێک لە بزوتنەوەی چینی کرێکار بە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی نازانێت ئەو تەنها چینی کرێکار لە دەسەڵات دور ئەخاتەوە!دەسەڵاتی سیاسی ئاسپێرێت بە جۆنی کرێکارو خۆی بکار دەکات.وەکو مانسور حیکمەت دەڵێتبەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی ئەقڵی تێپەڕبونە لشرۆڤەی دونیاوە بە گۆڕینی دونیا.کۆمۆنیزمی غەیر سیاسی چونکە هەموو ژیانیبشرۆڤەو لیکدانەوەو سەرقاڵی ئەم ئەقڵیە بەپۆوسیت بازانێت.

گرنگی یەکلاکەرەوەی خەبات بۆ سەرنگومکردن

چۆنەوە لسەر بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە ستراتیجی وسیاسەت و کارکردی ئاژانەی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا ئیمە نزیک دەکاتەوە لە گرنگی سەرکی و بنەڕەتی سەرنخونکردن وخەبات بۆ سەرنخونی.لایەنکی گرنگی تیۆریکان ونوسینکان وسیمینارکانی مانسوری حیکمەت دوبارەخوێندنەوەو ناساندنەوەی بزوتنەوەی سەرنخوونکردن وتایبەتمەندیکانیەتی.ڕەخنەو ڕوبەڕوبونەوە لگەڵ تەزی گۆڕان و هەڵە دووی خوردادیکان دا،چۆبونەوە لسەر بۆ ئاسەی وبۆ دەسەڵاتی وئەزمەو بن بەستی ئابوری وسیاسی رژێم.نوسراوکانی وەکو خۆنە ئە پێندراوکانی موجاهید،سیاناریۆی ڕەش وسیناریۆی سپی،و لەئاستکی هزری قوڵتر و تیۆڕی تر،باسکی تری یەکلاکەرەوە و بەتەواوەتی نۆی و ڕۆشکێنی مانسور حکمەت لبارەی تایبەتمەندی سەلبی شێوش،هەموو نیشاندەری خەباتی بۆ وچانی کۆمۆنیزمی مانسور حکمەتن لەپێناو سەرو ژێرکردنی حکومەتدا.کاری سەرنخون کردن و چربونەوە لسەری لەڕاستیدا تەرجومەی سیاسی-عەمەلی تیۆڕی حیزب ودەسەڵاتی سیاسی و یەکەکە لە لایەنە جیاکەرەوە گرنگکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریە لە گروپە فشاریکان و دەستە بیروباوەڕیکان-مەکتەبیکانە.

خاڵکی گرنگی تر سەروژێر بونی بورژوازیە لە جوغرافیای سیاسی دیاری کراوی وەکو وڵات ئوئدات.وڵات تەنها دیاردەیکی بورژوازی نیە.میللەت-دەوڵەت بەدوای شێوشیکانی بورژوازی و لگەڵ دەسەڵاتی نیزامی کاپیتالیستیدا دامەزراون بەڵام وڵات لە هەماکتدا دیاردەیکی سیاسی چینایەتی و ئابوریکی سیاسی دیاریکراوو کونکرێتە.شێوی دیاریکراوی خەباتی چیناێتی وڵاتکە.ئاستی گۆشی هێز بەرهەمهێنەرکان،یاسای کار،مۆژوچۆو پێشینەی خەباتی چینی کرێکار،هاوسەنگی هێز،سیاسەت و کارکردکان و بنیاتی تایبەتی دەوڵەتکان وهیتر و هیتر هەموو وڵاتێك دیاری دەکرێت.لەم ڕوەشەوە کشمەکشە چیانیەتیکانیش تایبەت مەندی وڵاتیان هەیە.بورژوازی دونیای بە وڵاتکان دابەشکردوەو دەسەڵاتی سیاسی وەکو نوێنەری میللەت لە جوغرافیایکی سیاسی دیاریکراودا کە بە وڵات ناوی دەبەن

گرتوە بەدەستەوە. ئەمە لەگەڵ دەوڵەتانی بورژوازی لەوڵاتێکی دیاریکراودا لایەنین. ناتوانیت ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کگرتووکان بوخەنیت، ناتوانیت ئیمپریالیزمی جیهانی بوخەنین. ناتوانین نیولیبرالیزم سڕنخون بکەین. بەڵام دەتوانیت و ئەبێت لەهەر وڵاتێکدا برژوازی بهێنینە خوارەوە لەدەسەڵات.

وڵات زۆری هێرسوانی سیاسیە و ئاگڕ نەتانویت هێرسوانی سیاسی ئەنجام بدەن ئەوە ئەبێت وەک چەپی دەستگڕا هەر هێرسەت گیری ئەنجام بدەن ئیتر وڵات وخەبات لە دژی دەوڵەت لە وڵاتێکدا بە ئەوە هیچ گرنگی وتایبەت مەندیکی نیە. دەتوانیت لە دژی هەموو دەوڵەتانی بورژوازی جیهانی و لەدژی ئیمپریالیزمی جیهانی بیت و لەدژی هەمویان هێرسەت وڕبگریت و وتار بنوسیت وزڕ هەست بەخەباتکاریش بکەیت بەبێ ئەوەی لە هیچ مەیدانی خەباتیکی دیاریکراودا ئڕکی بەدواد چونی اسڕنخون کردنی دەوڵەتێکی دیاریکراو لەئەستۆ بگریت، کاتێک وڵات وکاری ڕوخاندنی دەسەڵات لەوڵاتێکدا بخیتە لاوە ئیتر خەبات ئڕکێکی کەنکریتی نیە ئڕکێکی دڕونی و دابڕاوە. لەدژی کاپیتالیزم بگشتی ولەدژی دەوڵەتکانە بگشتی بەڵام سڕقالی دەستداماڵینی هیچ دەوڵەتێک نیە! ئیوە لە چەپی ئوروپاوو ئەژئاواشدا ئەم مەیلە دەبینن. تەنانەت هێزە "ئادیکاڵەکان" چەپی دەستگڕا لە پەیوەند بە دەوڵەتانی خەیانەوە و بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات قسەیکی وایان نیە بە کردن. بە نموونە لە ئەڵمانیا هێزگڕلێکی چەپ هەن لە پەیوەند بە بابەتە جڕاوجڕەکانی وەک پەنابەران و ژینگەپارێزی ولەدژی ئیسیزم و شتی تر هێرسەتی پشکەوتوخوازانەیان هەیە. بەڵام دەوڵەتی ئەڵمانیا خۆی و ململانێ لەسڕبەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە ئەڵمانیادا لە دەستوری هیچ حزب وهێزێکی کەمانیستی ئەو وڵاتەدا نیە. کەمانیستە مکتەبیەکان لە هیچ وڵاتێکدا دڕگیری خەبات نین بە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات. ئەویان سپاردوە بە ئەحزابی حکومەتی و بەڵای زڕاوە وەکو گروپی فشار کار لەسڕ ئەوانە دەکەن. خەیان بە گەیشتن بەدەسەڵات نە نەخشەکارێکیان هەیە ونە ستراتیجی ونە هێرسوانێکی دیاریکراویان هەیە.

ئادیکالیزمی کەمانیستی واتە بتەواوی تواناوە لەدژی دەوڵەتی خەماڵی، لەدژی دەوڵەتی کاپیتالیستی لەوڵاتێکدا. کاتێك لینین لە دژی جەنگی جیهانی یەکەمدا و لەبڕامبڕ سۆشیال شۆڤنیستەکانی ئەنتڕناسیۆناڵی دوهەمدا بانگەوازی ئەوەی کرد کە ئەبێت هەموو لولەی تفەنگەکان ەوبکەنەوە لای دەوڵەتی خەماڵی. زۆرێک لە هێزەکانی ئەنتڕناسیۆناڵی دوهەم لەناویاندا سۆشیال دیموکراسی ئەڵمانیا ئەو دروشمیان پەسەند نەکرد و بەوهەیەوە بەشۆفیەکان ناچار بون لە

ئینتەرناسیونالی دوهەم بچنە دەرەوە. بەڵام لەگەڵ تایبەتمەندی هەر ئەم خەت و هەڵوێستگیریە بوو کە بەشێکی ئەکتیڤی هاوکاتی لینین هەر خەباتێکی خاوەنی ئەو تیئۆریە بوو کە شۆڕشی جیهانی نوێ هەزار ئیمپریالیستیکانە بە دابەشکردنی جیهان بەڵام لەرەدا بوو ئاکامەکەیشت کە ئەبێت لە دژی هەموو ئیمپریالیستەکان ودژی جەنگە ئیمپریالیستی بگشتی خەبات بکەن. ئەمە تەنها دەیتوانی هەڵوێستگیریەکی بە هێزتر ئادیکاڵ بێت بەڵام لەگەڵ کردەوادا پاسیفیدزم بێت. بانگەوازی لینین ئەوە بوو کە کرێکاران و کەمینیستەکانی هەر وڵاتێک ئەبێت لەدژی دەوڵەتی خۆیان ئاپۆن و بەو شێوەیە کۆتای بەجەنگی جیهانی یەکەم بهێنن. تەنها بەم شێوەیە دەکرێت کۆنگرێک تەنها کۆتایی بە شەڕ بهێنێت بەڵکو کۆتایی بە دەسەڵاتی سەرمایەداریش لە وڵاتانی شەڕکەردا بهێنێت. بەبۆچونی من ئەم بانگەوازو دروشمی هەموو چەکەکانتان ڕوبکەنەوە دەوڵەتی خۆتان تەنها سنوردار ناکرێتەوە بە کاتی شەڕەوە بەڵکو هەمیشە بە جێیە. ئەو دەقاو دەق تایبەتە بەسەردەمی جەنگ بەڵام بەمانای خواستەنی وگشتی تر بە هەموو سەردەمکان ئاستە. کەمینیزمی سیاسی ئەگەر دەیەوێت لە خەباتی چینایەتیدا لەدژی بۆرژوازی دوور بگەوێت یەکەمین ئەرک وستراتیجی وفەلسەفەی هەبونی و حیزبایەتیکەشی ئەوەیە کە بە دەست دامەزینی بۆرژوازی لە وڵاتێکی دیاریکراودا شکەبکات. هەموو تفەنگکان بکاتەوە دەوڵەتی خۆی. ئینتەرناسیونالیزمی کەمینیستیش واتە هاوکاری وهاوئاهەنگی و پشتیوانی حیزبێکەمینیستەکان لەگەڵ یەکتر بە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەهەر وڵاتێکدا. بۆرژوازی دەوڵەتێکی جیهانی نیە. بەکورتی ئەبێت دەوڵەتێکی دیاری کراو لەوڵاتێکی دیاریکراودا بوخەنیت. ئەمە ئارایشتی سیاسیە کە بۆرژوازی داویەتی بەجیهان و پڕۆلیتاریا بە ئەوەی سەر بکەوێت ئەبێت لەهەر لەم ئارایشە سیاسیەدا شکەبکات. .

کۆبەندی

کەمینیزمی سیاسی گوزارشت لە لایەنێکی گرنگی جیاوازی ئەمە لەگەڵ کەمینیزمی ئایدیۆلۆجی ودەستگەر دەکات. هەر بەو شێوەیی کە کەمینیزمی کرێکاری نیشاندەری جیاوازی ئەمە یە لەگەڵ کەمینیزمی بۆرژوازیکاندا. کەمینیزمی ناسیاسی لقێک لە کەمینیزمی ناکرێکاریە کە تایبەت مەندیکانی مانەویە لەسنوری هەڵوێستگیری و مامەڵەی ئایدیۆلۆژی کردن و ئیسکەلاستیکی لەگەڵ بارودۆخ وەوداوکاندا.

تێگەشتنی ئەم هەزانە لەخەباتی چینایەتی بەتەواوەتی ناواقیعی و میتافیزیکیە، پراکتیک هیچ دەروجیگایەکی نیە لای ئەم هەزانە, بەپێی یەکەم دەسەڵاتی سیاسی و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتیش دەورو جێگایەکی نیە. کەمینیزمێک کە کەمەڵەک تیئۆری و سنوربەندیە. بەی هەیە کە

تەنانەت شرۆڤەو لەکدانەوەیەکی ئاستیشی بەدیاردەکان و ڕووداوەکان هەبێت. بەڵام بەشداری کردەیی بە ئامانجی گەیشتنی بارودۆخی ئیستا لە فەرهەنگەکەیدا نیە.چاودێرەکە کە لەو دیو پەنجەرەکەیەوە سەیری مەیدانەکە دەکات و لە باشترین دۆخدا وەک داوەرێکی خەباتکار دەردەکەوێت.
ئەوەی کە خەباتی چینایەتی بەرەو کوێ دەڕوات وە بۆچ ئاکامێک دەگات وەڕووچ ڕەوەندێک بەکوێ دەگات و لەوەش گرنگتر ئەبێت چی بکەین بۆ ئەوەی ڕەوەندی ئاوگۆڕکان بۆقازانجی چینی کرێکارو بەڵای ئامانجی ئینسانی کۆمۆنیستەکانەوە بێت بۆ کۆمۆنیزمی مۆکتەبی لەبنەڕەتدا جێگەی باس نیە.خۆمی ئەو ئایدیالەجی وسنوربەندی وهەوەستگیریە.
بۆ پێچەوانەوە بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری خەباتی چینایەتی ململانێیەکی بۆ وچانی نیوان چینەکانە کە تەنها سنوردار ناکرێتەوە بۆ سیاسەت وئابوریەوەو بۆتەنهاش خەباتی کرێکار نیە لەدژی سەرمایەدار بەڵکو لەمەیدانە جیاوازەکان وبەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا لە جموجۆڵ دایە وکەشمەکەشکێکی چینایەتی هەمیشە لەئارا دایەو تەنانەت هەوبەوبۆنەوەی نیوان چینی دەسەڵاتداریش هەر کاردانەوەی ئەم ململانێیە.
مەسەلی ئەبێت چی بکەین بنەمای کاری ئەمەیە نەک تەنها ئەبێت چی بکرێت و یان ئەبێت چی نەکرێت.کاتێک لە پراکتیکەوە جوڵە دەکەیت یەکسەر وەڵات وەکو شۆڕەیکی کەنکرێتی خەباتی چینایەتی لە سیاسەتکانی ئیوەدا بەرجەستە دەبێتەوە و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی و خەبات بۆ سەرنخونکردنی حکومەت لەهەر وەاتێکدا جێگایەکی یەکلاکەرەوە پەیدائەکات.
مانسور حکمەت تیۆریسێن وپراکتیکیستی ئەم بۆچونانە بوو و بەدوای هەرسهێنانی یەکیتی سۆڤیەتدا ئەم ئاڵایەی بەرزکردەوە لەبەر ئەوەی بەتەواوەتی سەردەمی کۆمۆنیستە ناکرێکاریەکان کۆتایی هاتبوو.من لە سیمینارەکانی ترمدا لایەنەکانی تری بۆچونەکانی مانسور حیکمەت وتایبەتمەندیەکانی کۆمۆنیزمەکەیم شرۆڤەکردوە، بەڵام لێم باسدا ویستم تەنها بایەخ بە تایبەتمەندی سیاسی کۆمۆنیزمی مانسور حیکمەت و جیاوازیەکانی لەگەڵ کۆمۆنیستە دەستگەرا و ئایدیالیکەکاندا بدەم.هیوادارم باسەکە ڕون بێت.

وەرگێڕانی: کاوە عومەر
٢٠٢٠\١٢\٢٥

چیـــرۆک/ چارۆنووســی خۆمــدایە دەستی کچۆکەوە.. ن/جەلال قادر

سێ چوار خوشک و برا بووین، لەگەل دایک و باوکم لەیەک ژوور دەنووستین. هەرجارێک دایک و باوکم لەیەکتر زویربوونایە، شەوان دوور لەیەکتر دەنووستن، ئەمەش دەبوە هەی ئەوەی جگەی خۆتنمان تەنگتر بێت و بەتەنیشت یەکترەوە بنووین. سپێدە، کاتێ باوکم دەچوو بۆ سەرکار هەریەک لە من و خوشک وبراکانم پێشبڕکەمان دەکرد لە چوونە سەر جگەکەی باوکم.
شەوان لە ژێر جگەوە خەونم بەوەوە دەبینی ەەژێک لەەەژان بەتەنیا لەسەر دەشەکێک ئاسوودە بنووم و پێم بەر پەی کەس نەکەوێت.
لە سەردەمی هەرزەکاریم بووم بە چایچی لە یەکێ لە چایخانەکانی ناو بازاڕی زەنگران. دوکان بە دوکان چاییم دەگەەا بەسەر دوکانەکان، لەگەل زەربەیان بووم بە ئاشنا، وەستاکەم خەشیدەویستم و مانگی جارێک ەەژانەکەی بە زیات دەکردم.
بینای چایخانەکە زەرکەن بوو لە قایەوگەچ دروستکراوبوو، لەجیاتی کورسی سەکەیەکی چوارگۆشەیی لەناوەەواستی دوکانەکەدابوو، فەرشەکی ئەرانی بەسەردا پێشرابوو، منیش مەەتم لە وەستاکەم وەرگرتبوو شەوان لەوە دەماوە، ئاگەرچی نەختەکەک ساردبوو، بەەام وەک پاشا لەی دەنووستم.
هەفتەی جارێک دەگەەامەوە ماەەوە، ەەژانەکەم دەدایە دەستی دایکم. دایکیشم چەشتەکەی خەشی بە ەەدەنام. خوشک و براکانم زەریان پێخەشبوو کاتێ بە هەفتە ماەم بەجێدەهێشت، چونکە جگەی نووستنیان فراوانتر دەبوو.
بەیانیان پێشئەوەی وەستاکەم بێت، سەماوەرم گەرم دەکرد و تێپە چایە کەنەکانم فەەدا و قەرییەیەک چای بەندارم ەەدەنا.
لەبەرئەوەی سەردەمی جەنگ بوو، زەربەی کات سەربازو ئەفسەرە پەەدارەکان یەکەمین موشتەریم بوون.
ەەژیکیان ئەفسەرێک هات و دووسێ چایی گەرمی نەشی و چاوەکی بەناو دوکانەکە گرداو بە تووەەییەوە وتی : ئەوە بۆچی وەنەی سەرەکتان هەەنەواسیوە؟ جارێکیتر بەمەوە ئەرە، وەنەکەیتان هەەنەواسیبێت دوکانەکەتان دادەخەم.

تا ئەوسا هەروا مەزانی تەنها منداڵان لە یەکتر تووڕە دەبن، نەمدەزانی گەورەکانیش لە تووڕەبوون تەقنەرو شارەزان.
ئەفسەرەکە چایخانەکەی بەجێهێشت بەبێئەوەی پارەی چایەکانی بدات. هەوداوەکەم بە وەستاکەم گەیاندەوە، خەرا چووە ناو بازاڕو وێنەیەکی سەرەکی هێناو بەقەد دیوارەکە هەڵیواسی.
نزیکی دووسات لەو چایخانەکە شاگردبووم، زەربەی دوکاندارەکانی ناوبازاڕ ببوونە دەستم، بەخشیش و جۆزنانە و دیاریەیان پێدەبەخشیم. منیش دیاریەکانم بە خوشک و برا بچکۆلانەکانم دەبردەوە و شادمانیانم دەکرد.
تا ڕۆژێکیان وەستاکەم، تووند دەستی گرتم و وتی وەرە کوێی خەم با چەند ئامۆژگارییەکت بکەم :
تە ئێستا گەورە بوویتە و پێویستە بەخت خەزانێکی جوان پێکبهێنیت. جا لەبەرئەوەی شاگردی و کرێکاریت لەوانەبێت زەرکەس ئامادە نەبن ژنت پێبدەن. بەڵام لەبەرئەوەی چەندین ساڵە لەڵای من کاردەکەیت، دەزانم تە کوێکی دەستپاک و بە هۆشتی، هەربۆیە دەمەوێت پێتبڵێم کچێکی عازەبم هەیە ئەگەر یەکتر ببینن و ڕازیبوون، ئامادەم بتکەم بە زاوای خەم.
پێشبینی ئەوەم نەدەکرد وەستاکەم لەپڕێکا سوپرایزم بکات، پاشان بیرمکردەوە ئەگەر ژن بهێنم لە کوێی دابنێم و لە کوێ بژێم؟
وتم : وەستا گیان…یەکەم من دەستکورتم، دووەم نە شوێنم هەیە و نە جێگەونە هێگە….جگە لە چایچێتی هیچتر نازانم.

- گوێی مەدەرێ، من هاوکاریت دەکەم…خانوویەکشت بۆ بە کرێ دەگرم.
  نەمدەزانی چی وەڵامی وەستاکەم بدەمەوە، داواکاری وەستاکەم لە کوتوپڕێکا بوو، قوڕگی گرتبووم.
- کوێی خەم… لەدوا ڕۆژ هەردەبێت ژن بهێنیت و دابمەزرێت… هەروەها منیش کچێکەم عازەب بوو و خزمان دەن بە داخوازی، دەمەوێت ئەوە بزانیت کە باوک کچی خەی زەرخشدەوێت، ئەگەر بزانم تە کوێکی خراپی هەرگیز ئەم پێشنیارەم نەدەکرد.
  بەردەوام بیرمەدەکردەوە، ئەگەر ژن بهێنم دیسان دەبێت جێگەکەم لەگەل کەسێکیتر بشبکەم. ببمە کرێچی و لەگەل منداڵەکانم لە ژوورێکی تەسکدا بخەوین. دەشترسام بڵێم نەخێر وەستا گیان من لەبەر زەر مورتاحم و بەتەنها دەنووم و نامەوێت ئەو ژیانە هەبژەرمەوە کە خوشک و براکانمی تیادا ئاسوودەنین.
- ئینجا کوێی خەم…بەئەوەی خۆکی نەڵێن زاواکەم شاگردە،

ئامادەم چایخانەکەت بۆ بجبەڕێم، دنیام تۆ کوڕێکی کاسبی لێ ئایێندە دەتوانیت خانووێکیش بکڕیت.
هەشتا خەیاڵم لای ئەوەبوو، کە ئەم سکڕێ خۆشەم لەدەسدەرێت و دەبێت ئەواران وەک کرێکارێکی ماندوو بگەڕێمەوە ماڵ، لە ئامێزی ژنێکدا بووم کە هەشتا نەمبینیوە و ببم بە باوکی دوو منداڵ ئەوانیش لە ژوورێکی ساردوسڕدا بە هەژاری بژێوکەم و بیانەمە دەست قەدەرەوە... لەهەمان کاتدا نەمدەوێرا بە وەستاکەم بڵێم نەخێر، چونکە دەترسام ئیشەکەم لەدەست بدەم. لەبیرکردنەوەیەکی قووڵدا بووم. وامدەزانی دونیا هووخاوە بەسەرمدا.
لەپڕێکا وەستاکەم وتی : وەرە کوڕی خەم.. دەستی مامت ماچ کە، ئەوندە لەماڵەوە ستایشی تەم کردوە دنیام ئەوانیش ڕازین.
وەک سەرخۆشێک هەڵسام دەستی وەستاکەم ماچکرد، چارنووسی خەم دایە دەستی کچێکەوە بڕێکو بتوانم لە ئامێزی گەرم ببمەوە!

ئەردەگـــان گێـــکە دەگـــڕێ!.. عەبدوڵا ساڵح

لەژیکێک هەیە لە دنیای سیاسەتی ووڵاتانی سەرمایەداریدا دێت : (نەدەستایەتی هەتا سەر هەیە و نە دوژمنایەتی، ئەوەی هەتاسەرهەیە بەرژەوەندیە) ، زوربەی ووڵاتانی دنیا بە گوترەی ئەم لەژیکە ڕەفتار دەکەن، ئەمەش لە زمانی کوردیدا دەکرێ بە((بادانەوە))، ناوی بڕین، نزیکترین وبڕچاوترین بادانەوەیێک کە وەبیرهێنانەوەیان بە خەڵکی کوردستان ئاسانە، ڕوداوەکانی ٣١ ی ئابە بەنسبەت پارتیەوە ، یا خود پەیوەندیەکانی یەکیەتی لەگەڵ ئێران تا ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بەبڕاورد بەئێستا، ئیتر با پێی زیاتر لەو دوو نمونەیە هەڵنەدەینەوە ، بەڵام نابێ ئەوە لەبیرکەین کە ئەم جۆرە لە بادانەوە، وە بگوترەی هەمان لەژێک، لە پرسەیەکی مەژووییدا ئەنجام دراوە .
بادانەوەی کتوپڕ بپاساوی سیاسەتی(پراگماتی) کە ئەردەگانی پەدەناسرێتەوە، نمونەیەکی زەق وتائەندازەیێک دگمەنە لەنەو ئەم

هاوکێشەیدا، بە نمونە ، بەردانەوەی فشەکە جەنگیەکەی ڕوسیا لە سوریا لەلایەن تورکیاوە لە نۆڤەمبەری ساڵی 2015 و پەیوەندیەکانی ئێستای ئێم دوو وڵاتە ، نەوانی تورکیا و ووڵاتانی کەنداو (سعودیە وئیمارات) سەرەتای هەڵگیرسانی جەنگ لە سوریا ساڵی 2011 و پەیوەندی ئێستایان، جنۆفرێشتنەکەی ئەردۆگان بە حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی ئۆوکاتی عەراق و میواندارێکەی ئێم دوایانەی مستەفا کازمی لە ئەنقەرە و تەنانەت ئێخە چاکردنەکەش کە لە عورفی دیبلۆماسی وپرۆتۆکۆلدا مانای خۆی هەیە، تازەترین بادانەوەکانی ئەردۆگان پەنا بردنەوەیەی دووبارەیە بە ئیسرائیل، کاتێک بەتوندی و بەئاشکرا ساڵی 2018 کە ئیسرائیل دژیان فەلەستینی لە سنوری کەرتی غەزە کوشت، بوە هۆی دەرکردنی سەفیری ئیسرائیل لە ئەنقەرە و ئیسرائیلیش هەمان کاری کرد دەرحەق بەسەفیری تورکیا لە تەلئەبیب، لەهەمانکاتیشدا ئیسرائیل نیگەرانی خۆی لە پەیوەندیە توندو تۆکەی نێوان ئەردوگان و بزوتنەوەی حەماس دەربڕی .
ئەمڕۆ، دوای بڕەقڕاری پەیوەندی دیپلۆماتیک لە نێوان هەندێک لە وڵاتانی عەرەبی وئیسرائیل، کە بە ئاشکرا کەوتە ژێر ئێخنەی ئەردوگانەوە، ئۆوتا لەدوا هەڵوێستی تازەیدا دەرکەوت کە دیسانەوە دووبارە ژیانبکاتەوە بەبڕ پەیوەندیە دیبلۆماسیەکانی لەگەڵ ئیسرائیل، ، ئۆوتا لە دوا لەدوانیدا ڕۆژی هەینی 25 -12- 2020 ئەردەگان دەڵێ :

((دەمانەوە پەیوەندیەکانمان لەگەڵ ئیسرائیل لە ئاستێکی باشتردابێ، ئەگەرچی سیاسەتی ئیسرائیل بەرامبەر فەلەستینیەکان جێگای قبوڵ نیە و زۆر بەئێحمانیە !!)).
ئێستا کە بارودۆخی سیاسی کەمڵایەتی ئابوری تورکیا لەوپەڕی ئاڵۆزیدایە، بەهای لیرەی تورکی تا دێت شکستی زیاتر دەنێ لە بەرامبەر دۆلاردا، لەسەر ئاستی ناوخۆش ڕۆژ نیە بەدیان و سەدان کەس بەبیانوی جەراوجۆر ئاپۆچێکی زیندانەکان نەکرێن بەتەمەتی جیاواز، لە سەر ئاستی سیاسەتی دەرەوەش تا دێت ئەردەگان دەکەوێتە لاوە وتەریک دەکرێتەوە .

ئایا ئەو سەرنجی چاکتوپانتەی پێش بەکرێگیراوەکان و خەڵکی گشتیی باشوورتان داوە و کۆنتراستی نێوانیان دەبینن؟
ئایا کە پرسیار ناکات ستراکچەری سیروسەمانەی ئەم حیزبانە کە لە سەرەوە تا خوارەوە مانگانە بە ملۆن دۆلار لە سەر سامانی گشتیی دەکەون، بە ئاقڵی کام گۆگیپاڵێک دارێژراوە؟ ئایا لە کۆی دونیای شارستانییدا سەرکی حیزبەکان تا ئەندامەکانیان لە سەر حیسابی سامانی گشتیی دەخڵن و دەخەنەوە و دەڵەوێنن؟
هەموو ئەم ئوتومبێلە گەورەوگرانانە، هەموو ئەم پاسەوان و نۆکەر و کەفتانە، هەموو ئەم سپا بندیوارە و ئەم خوان و سفرە و خۆشانوویەی سەرکەکان تا بە کادرە بچووکەکانیان دەگات، بە پارەی کێ دەکرێت؟
ئایا یەک کەس لە ناو ئەواندا هەیە کە بتوانێت بە پشت و سەری ڕەکەوە ڕابووستێت و ئامادەی دادگا بێت کە پارەی نەدزیبێت، لە سەر پارەی دزراو نەژیابێت، کە خانووبەرە و زەویوزاری لە سەر خوێنی خەڵک دەستنەکەوتبێت، کە بە خەسووککردن و نۆکەریی ئیمتیازی بە خۆی و دەوروبەری وەرنەگرتبێت، کە بە دروودەڵەسە و بە بەڵگەنامەی درۆ و لە سەر خوێنی خەڵکی بە توانا پلەوپایەی خۆی وەرنەگرتبێت؟
باشوور ئەوە کراوە بە زیندان بە باشوورییە سەربەرزەکان، باشوور ئەوە گەورەترین زیندانی ئاکرێیە بە ئەوانەی دیانەوێت وەکوو مرۆڤ لە دەخی دەستپاکیی و سەرەاستییدا بە ئازادیی بژین.
کێشەکە زۆر زیاتر لە نەبوونی مووچە گەورەترە. هەی برسیکردنی ئەم گەلە بە ئەویە کە مەشغوڵی بکەن کاتێک کە بەهەدینان تەسلیم بە سپای تورک دەکرێت، کاتێک کە کەرکووک بە ترکمانیی دەکرێت، کاتێک کە کاپمی مەخموور و شەنگال تەسلیم بە سپای ئێراقیی دەکرێن.
پیلانەکە هەر بە تەنیا بە شکاندنی شانازیی ئازادیخوازیی خەڵکی باشوور نییە ، بەڵکو بە شکاندنی تەواوی کوردستانە.
بە ئابووریی ئەوانە گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە بە خەڵکی نیشتیمانفرۆشراو و سامان تاڵانکراو دەڵێن "ئەوە بە مەڵێت خەپیشاندان دەکەن". لە ڕاستییدا پێیان دەڵێن بڕۆن بە سەما و هەڵپەڕکێوە باسی زگی برسی و ڕەنجی بەبادچووتان بکەن.
تاڵانچییەکان بە خەڵکی ئابووماند دەڵێن بڕۆن بە هەڵپەڕکێیوە باسی ئازاری ددانتان بکەن، بە سەماوە باسی ورگی برسی منداڵانتان بکەن، بە گۆرانیی چێن و هەڵهەڵەوە باسی وەاتەکی سووتاو و فڕۆشراو و تاڵانکراو بکەن. بەڵێ، پێیان دەڵێن "کوا مەڵێتان؟' " بە بە شارستانیی ڕۆ ناپۆن؟"

دروست لە هەمان کاتدا ئەم تاقمە تاڵانچییەیە بە بەرچاوی هەموو کوردەوە، هەموو ئێراقەوە، هەموو ناوچەکە و جیهانەوە شەنگاڵکی خوێناوی و قوڕاوی بچکۆلە و کامپی مەخموور، تەنکەژاوایەکی مەڵەتکە و حەفتاساڵە، تەسلیم بە سپای ئێراق دەکات و لە بژاردەی نێوان عەسکەری ئێراقی لەگەڵ کچ و کوڕانی ئێزیدی و مەخموورییدا، ئەم عەسکەری ئێراقی هەڵدەبژێرێت.
دروست لە هەمان کاتدا کە خەڵکی دهۆک و زاخۆ و هەولێر وەکوو باڵندەی باشکاوی ژێر لێزمەبارانێک، وەکوو دوا هەناسەکانی چرای بەر ڕەشەبایەک و وەکوو دوا چاووترووکاندنی دایکێک لە سەبەری مەرگی خۆیدا و تەنیا باڵێک دوور لە کەرپەکەی، لە ئومێدی ئێوەدان هەزەکیان بێتە بەر کە عەرشی ئەم تاقمە تاڵانچییەیە بەئابرووە لە بنوبڕخ دەربهێنن و سەدان جار بیبەن بە ئاسماندا و بیدەنەوە بە ئەرزدا.
ئاخ خەڵکی ئازادیخوازی باشوور کەی بە ناخەری گیانتان فڕ دەبن کە بە قونبادان و ورگ هەڵتەکاندن و هەییهەی و چەهچەهەی بولبولئاسا و هەڵپەڵەکە و قاقای پێکەنین و دەست بادانەوە مەڵاتی خۆپیشاندان وەربگرن و بە قاقای پێکەنینەوە داوا بکەن دەریایەک خوێن و سامانی خاکتان بدەنەوە؟

هێبوار ڕەشید
2020-9/12

تێبینیی:

- بە باش تێگەیشتن لە دۆخی ئێستای باشوور و تێگەیشتن لە پەیوەندیەکانی دەسەڵات و لە بەرپرسیاریەتیی پەیستە دەسەڵاتکانی "سەرکی هەرێم" و "سەرکی حکومەت" بخوێندرێتەوە.
- ئێگەر تا ئێستا نووزەیەکی مامەڵەی کرین و فرۆشتن لە باشوور هەیە بە هەی ئەو پارەیەیە کە زینەی کوردانی باشوور لە نزیکەی 30 ساڵی ڕابردوودا بە پەی توانای خۆیان بە مەبەستی هاوکاریکردنی خانەوادە و کەسوکاریان بە باشووری دەنێرن. ئەوە تەنیا پارەیەکە کە وەکوو دراوی قورس دەچێتە کوردستان، بە پێچەوانەوە، تالانچییەکان هەموو پارەیەکی باشوور لە شەوێ دراوی قورسدا ڕەوانەی ئوروپا و ئەمریکا دەکەن.

ستەمکاریی و گەمژەیی .. ئەحمەد هەسوە

دەسەڵاتداران و دەسەڵاتدارێتیە ستەمکارەکان، وەک ئەوەی لە هەمان منداڵدانەوە هاتبن و بە هەمان شیر گەورە بووبن،
هەموویان هەمان حەماقەت و هەمان غروری بەش داگیریان دەکات.
هەموویان تا دواهەمین خولەکەکانی دەسەڵاتیان، پێیان وایە:
تەنها ئەوان دەسەزی ئاستەقینەی گەل و نیشتمانن،
تەنها ئەوان خەشوویست و سیمبولی پیرۆزی تەکەڵیان زێرینەی خەڵکن،
تەنها ئەوان فریادڕەسی ژیانی کەمەگایان ئاگری چەتری ئارامیی و خەشگوزەرانیی خەڵکن،
تەنها ئەوان پارێزەری گەل و نیشتمانن،
تەنها ئەوانن خاوەن دانایی و بلیمەتییەکی بوونە،
تەنها ئەوانن قارەمان و ئازا و چاونەترس،
تەنها ئەوانن خاوەن هێز و قودرەت، هێز و قودرەتەکی لەشکان نەهاتوو.
...
ئەوەی سەرەوە هەست و تێگەیشتنی دەسەڵاتدارانی ستەمکار و خەسڕەنە سەبارەت بە خۆیان و کەمەگاش.
...
لە کاتێکدا ئەوان ناپاکی ئاستەقینەن بە گەل و نیشتمان،
ئەوان بەزراو و مایەی نەفرەتی زێرینەی خەڵکن،
ئەوان وێرانکەری ژیانی کەمەگا و ڕوخێنەری چەتری ئارامیی و خەشگوزەرانیی خەڵکن،
ئەوان سەرچاوەی هەژاری داماننی هەمەلایەنەی گەل و نیشتمانن،
ئەوان لە نەزانیی و گەمژەییەکی بوونەدا گیریان خواردووە،
ئەوانن ترسنۆک و خەڵحشاردەر،
ئەوانن خاوەن هەزەکی فشەڵ و ساختە، هەزەک کە هەرسات لە ئاگرێکی شکان و هەڵاتندایە.
...

واتا لە وەهەکدا دەژین کە هەڕەشەی پێچەوانەی ژیانی واقعیی و ئاستەقینەی خۆیان و کەمەگایە.

...

بازنە هەر بچووکەکەی لوتکەی هەژمونی دەسەڵاتدارێتی بە چەند بازنەیەکی کەمک فراوانتر دەوردراوە و ئیشی ئەو بازنانە لەو جۆرە سیستم و حوکمڕانێتییانەدا ئەوەیە کە هەم بەرهەمهێنەری ئەو هەست و تێگەیشتنە وەهمییەی دەسەڵاتدارانن لە هەمبەر خەیان و جڤات، هەم تیریزەکەری ئەو وەهمەن ڕووە و دەسەڵاتداران و جڤات بەو ئامانجەی بەرگی حەقیقەتی بەبادا ببەن. ئەو بازنانە لە پلەدارە بەرزە سەربازییەکانەوە بیگرە بە شیکارەوە و نووسەرە سیاسیی و ئابوورییەکان کە تەواوی لەژیکی نێو کایە مانەپەکراوەکانی ئابووریی، سیاسیی و دەزگاکانی پڕوپاگەندە "لەم جۆرە سیستمانەدا دەزگا مەدیاییەکانی سەبەر و خزمەتکاری دەسەڵاتداران لەوە دەکەون پەیان بگوترە مەدیا، بەکو دەبنە دەزگای پڕوپاگەندە" دەگرێتەوە. کە هەبەت لە خوار ئەو چەند بازنەیەشەوە چەند بازنەیەکی دیکە دەن کە کاریان ووردکردنەوەی ئەو حیکایەت و وەهمانیە کە خەیان لە کادرە ناوەندیە سیاسیی و ئابووریەکان لەگەڵ بەرپرسە مەدیایی، هەواڵگریی و چەکداریەکاندا دەبینێتەوە.

ئەمانە هەموو پێکەا بەشداریدەکەن لە هەڵچنینی ئەو کەشکی وەهمەی کە هەست و دەروونی دەسەڵاتداران لە ئارامییدا ناهێڵێت. واتا ئارامیی و ئاسوودەییەک کە لە خۆگەلکردن لە ژیانی واقعیی جڤاتەوە و لە وەهمی بینین و تێگەیشتنەوە لە خواستی ئاستەقینەی هاونیشتمانییانەوە سەرچاوە دەگرێت. بەیە لەم جۆرە سیستمانەدا ئەوەی دەسەڵاتداران و ئەو چەند بازنەیەی دەوریان داگیردەکات، گەلێتیی و وەهمەکە کە تا ئاستی حماقەت و گەمژەیی دەیانبات.

لەرەوەیە لە نێو سیستمە سیاسییە ستەمگەرەکاندا، هەر جۆرەکی دەسەڵاتدارێتیی سیاسیی لەوشەوە سەربازیی، ئیداریی و تەنانەت ئابووریش، جۆرێک لە حماقەت یان گەمژەیی بە کەسی دەسەڵاتدار دەهێنێت. درێژکەشانی هەرچی زیاتری زەمانی هەر کەسێک لە نێو ئەتمسفیری دەسەڵاتدارێتییدا، دواجار دەبێتە هەرچی زیاتر گەورەتر بوونی بەی ئەو حماقەت و گەمژەییە. زەقترین نموونەی ئەم جۆرە لە حماقەت و گەمژەییش هێستە بەنیوبانگەکەی ماری ئانتوانێت "۱۷۵۵-۱۷۹۳" شاژنی فەڕەنسایە، کاتێک لە وەڵامدا بە ناڕەزایەتی و خەپیشاندانی هاونیشتمانییانی برسییدا، دەڵێت: با کێک بخۆن"Let them eat cake".

...

جۆرج ئۆروێل "۱۹۰۳-۱۹۵۰" لە ڕۆمانە بەناوبانگەکەیدا "۱۹۸٤" وورد و جوان تابلۆی ئەو سیستمە ستەمگەرەمان بۆ دەکێشێت کە دەزگاکانی و بەرپرسەکانییان "هەبەت بە کاری کارمەند و کادرانییان" لە

هەگبەانووی حەقیقەت و ئاوەژووکردنەوەی هەموو شتێکدا لە نوکەیی گوتارە سیاسیی و مەدیایییەکەی سیستم، حزب و بیگ برازدا چەن "ئاشتی، ئازادیی و هەز دەبنە جەنگ، کۆیلایەتیی و نەزانیی"*.

...

چیرۆکی کوتنی بن عەلی لە تونس، موبارەک لە میسر، قەزافی لە لیبیا لەم چەرخەدا و مەسەلەلینی لە ئیتالیا، چاوسیسکۆ لە ڕۆمانیا، حەمەزا شا لە ئێران، پینۆشێ لە چیللی و پۆپپت لە کەمبۆدیا، لە سەدەی بیستدا چەند نموونەیەکی کەمن لە مێژووی دەسەڵاتدارێتییە سیاسییە ستەمکارەکاندا کە چیرۆکی کوتنی هەموویان وەک ئاوەی هەمان چیرۆک بن و هەمان کەس نوسیبێتی چونکە هەمان حەماقەت و گەمژەیی بەرهەمهاتووی وەهمی دەسەڵاتدارێتیکەیان تانوپۆی تێنیون.

...

دەسەڵاتدارانی ستەمکار، نوکو تا دواهەمین ساتی دامانی ئیمپراتۆرێتییکەیان، هەشتا بە قووڵی لەنو ئاو وەهمدا چەقیون کە سەرلەبەری تێگەیشتنییان ئاوەژووەدکاتەوە، بۆکو لە ساتی کوتنیشیاندا و دواتریش لە ساتی دادگاییکردن و تیربارانکردنیشیاندا هەموو ئاو ماجرایە وکو خاو دەبینن و باوەڕ بە چاو و گوێی خۆیان ناکەن.

.....

*"ئاشتیی جەنگە – کۆیلایەتی ئازادییە – نەزانیی هێزە war is peace – freedom is slavery – ignorance is strength " – سترکیەکی نەو سیستمە سیاسییەکەی بیگ برازە "برا گەورە" ن.

مودێلەکان وەك دیاردەی کەمەڵایەتی .. دکتۆر حیکمەت نامیق

مەدڵی جل و بەرگ ،نمایشی جەستە ، جوانی روخسارو باڵا ،یا هەر جۆرێکی تر ،بۆتە دیاردەیەکی کەمەڵایەتی بەشێکی زۆری مرۆڤ

موماره‌سه‌ی ده‌کات به‌تایبه‌تی ‌ه‌گه‌زی م‌ ،له‌دونیای ده‌ره‌وه یا ‌استر له کەلتوری ئەوروپادا به شێوەیەکی تەرخەدەلە ژنەکان کاردەکەن کەهەنگەهیچ پەیوەندی بەمەدەلەکانی کوردەوە نەبێت . ئامانجی مەدەلەکان بەگشتی پەیداکردنی سامان و ناوبانگیە ،کەهەنگە ئەو ناوبانگیە لەداهاتودا بیکاتە ئەستێرەیەکی سینەمایی یا ‌اگەیاندکار‌ك یا ئەوەتا سەرکردەیەکی سیاسی.تیایدا کەمەك ئامرازو میکانیزم بەکاردێنن بۆ گەیشتن بەو پێگە مادی و سەرمایە ‌ەمزیە لەکەمەگادا.لەسەروی هەمویانەوە سەشیاڵ میدیا ،کەبە درێژایی ئەوچەندین ساڵە ی ‌ابردوو لەکوردستان ‌ی ئێجگار نێگەتیفی گ‌‌اوە بەجۆرێك هیچ سانسۆرێك نیە بۆ بەرگرتن لە تەشەنەکردنی ئەو دیاردەیە .

سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوەبکەین هەموو ئەو مەدەلانە یا فاشنانە بەهەموو لق و جۆرەکانیەوە بەرهەمی دونیا ی مەدەرنەو گلۆباڵ و سەرمایەداریە چونکە هەمیشە سەرمایەداری ئیش لەسەر ئەو جۆرە تایپانە دەکات بۆ ساغکردنەوەی کاڵاکانی و بەرهەمهێنانەوەی دوبارە کەلتوری کەمەگا بەشێوازێك کەیەکانگیر بێت لەگەڵ خواستی ئایدەلۆژیای ئەو ، کە دواجار ‌ەنگە کاریگەری بەسەر بەشێکی پەیوەندیە کەمەایەتیەکان جێبێڵ لەنێو کایەکانی کەلەتوردا .ئەو جۆرە دیاردەیە بۆیەکەم جار لە هەریەك لە ئەمریکاو فەرەنسا سەریانهەدا لەسەرەتای سەدەی بیست لەشێوەی کارکردنی ئافرەتان لەبواری دیزاین دواتر بۆ فرۆشتنی کەلوپەلی بازرگانی و ێکلام و کاری بازرگانی و ێکلام کردن لە هەموو سێکتەرەکانی ئابور ی و ساغکردنەوەی کاڵاکان .مەدەلی فاشن لای کەمەناسان زیاتر خۆی لە پێشینی ستایلی تازە دەبینیەوە لای چینی باڵا دواتر ئەو جل و بەگ پێشینە ‌ەنگی دایەوە لە نێو چینەکانی تریش چونکە جۆرێك لە دژایەتی دروستکرد لەسەرەتاوە .تا شەستەکانی سەدەی رابردوو مەدەل و فاشنی پێشینی جل وبەرگ لە چینی باڵاوە هاتەنێ چینی خوارو بەتایبەتی دوای سەرهەدانی شۆشی گەنجان لەوبارەیەوە .ئەو جۆرە فۆرمەی پێشین بوە نەریتێکی کەمەایەتی هاتە نێو کەمەگا ،بوە وردە کەلتور لەلایەن توێژی گەنجانەوە موماره‌سه دەکرێ بەشێوەی جیاجیا بەبەکارهێنانی سێشیاڵ میدیاو تۆەکەمەایەتیەکان .

مەدەلەکان و پێگەی کەمەایەتی : یەکێ لەو میکانیزمانەی کە دەبێتە بەرەوسەندنی ئەو دیاردەیە بریتیە لە خۆنمایشکردنی جەستە لەتۆەکەمەایەتیەکاندا بەپێشینی جۆرەها فاشنی جلوبەرگ بۆئەوەی پێگەی کەمەایەتی لەنێو پەیوەندیە کەمەایەتیەکان پەیدا بکات .کە

دواجادەبتە سەرنجڕاکێشانی هەوادارانی و پەیداکردنی کۆیار ،ئەوەی کەجێگای سەرنجە خوێندنەوەی پشتی پەردەی کاری مەدەلەکانە تیایدا کەمەبەستی گەمەکەر ڕۆی تیادا دەگێرن کە هەمیشە بەشێوەی نهێنی کاری لەسەردەکەن ،بەشێکی دەسەڵات ئەوگەمە قازەونە دەبینێت ئامانج لێی کەبەتێگەیشتنی خێی کرانەوەی کەمەگایە بەوی دونیادا بەڵام لەوە نەگەیشتوە ئازادی وکرانەوەی کەمەگا، پڕۆسەیەکی مۆژوو کردی دورو درێژە پەیوەندی بەکەمەبەستی فاکتەری خودی و بابەتی هەیە،ئەو جارە کرانەوەیە بێ کەمەگای کوردی کە میراتگری پرۆسەی نێگەتیفی حیهانگیرو سەرمایەداریە لە ئێستادا ئەزمونێکی ترسناکە بێ خەڵک کە گیرۆدەی کەمەیێک کێشەی ئابوری وسایکۆلۆژی وکەلتوریەوە بوە. بەگشتی ئەو جارە لە نمایشکردنە ناچێتە نێو, کۆنتێکستی گشتی انکاریەوە ، هەروەهاڵامرازێک نیە بۆکاری جوانی و ئیستاتیکا ،گشتی انکاری بەکارهێنانی مۆدێل نیە بۆلەشفرۆشی وبزنس ، هەروەک ئامانجێکی تریان ئەوەیە گەنجان سەرقاڵ بکەن ،کەئەوەش لای خۆیەوە جۆرێک لەدژبەری کەمەایەتی لەنێو گەنجان دروستدەکات ، تووشی کەمەبەستی کێشەی دەرونی وکەمەایەتی دۆخی نا ئارمی و ناهەموار دەکات ،بەجۆرێک خەیاڵ و ئەندێشەی بەرەو ئاقارێک دەبات کە کار لە هەسوکەوت و هەڵسوکەوتی دەکات . دۆخێک دروستدەکات لای گەنج کە بیر لە تێرکردنی حەزە سێکسیەکانی بکاتەوە ،پرکردنەوەی کاتی بەتاڵیان تیا بەسەردەبەن کە لەئێستادا بۆکاری گەیشتەتە لوتکە بۆیە هەمیشە بیر لەڕگایەک دەکەنەوە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو کاتە، ووڵە لەو شێنانە دەکەن کە تیایدا ئەومێدێلانە کاردەکەن یا ژانە سەردانی تەکەمەایەتیەکان دەکەن دواجار دەبنە ماشێنێک بەدەستی ئەو مێدێلانە ، بەوەش کاریگەری نەرێنی دەکاتە سەر لایەنی سایکۆلۆژی و کەمەایەتی تۆژی گەنجان بەرەنجامەکەی دەبێتەهۆی تێک چونی بەرزەفتی کەمەایەتی و شلەژانی هاوسەنگی خۆزان وچەندین کێشەو گرفتی تر .

ئەو دەزگاو کەناڵانە،کچەمێدێلەکان دەکەنە کاڵایەک بۆ بازرگانی سێکسیی، کە بۆگومان خودی ئەو بەرپرسانە بەشێوەی ناڕاستەخۆ بەشدارن لەوپڕۆسەیە ،بەکردنەوەی کەمەیێک کاری بازرگانی وبزنس دواتر بەکاری دەنێت تا ئەو کاتە ئارەزوە مادی وشەهوانیەکانی تێردەکات. سەیرەکە ئەوەیە ئەومێدێلانە ژن و پێگەی کەمەایەتی بەدەستدەهێنن لەکەسێکی شکستخواردوی کەمەایەتیەوە کەهێنگە بەشێکی پەیوەندی بەشکستی ئەزمونی ژیانی کەسی ئەو مێدێلانە بێت قەرەبوی بەمەدەکاتەوە ، دەیکاتە کەسێکی ئەکتیف لەنێوداودەزگابیرۆکراسەکان حکومەت ،هێزی کەمەایەتی پێدەبەخشێ ، لەنێو کەمەگا ناوبانگ و

پرستیژ دەبێت دەبنە خاوەنی پگە و سەرمایەی مادی و ەمزی ، دەسەات بەدەستدەهنن .بنمونە زرجار هەرپژەیەکی بازرگانی و ئابوری و تەنانەت سکتەرەکانی تر بەخانمە مدلەکان دەسپرن هەم بۆ پەیداکردنی کلنت و کیار هەم بۆ ساغکردنەوەی کاکان .ئەوەی لەکوردستاندا دەگوزەرێت سنوری هەموو ەوشت و بەهایەکی تپەاندوە . ئەگەرچی خراپ بەکارهنانی ئەو کارە پەیوەندی بە کمەك فاکتەری کەلتوری و خەفەکردنی تاکی کوردیشەوە هەیە کە ناکرێ نادیدە بگیرێت چونکە ئەو کەلتورە هەمیشە ئەو دیاردانەی بەرهەم هناوە . مدل لەدونیای دەرەوە کە رساو سیستەم هەیە بەکارناهنرێت لەژر پەردە بۆ کاری لەشفرشی بەکوئەوپارەیەی کە پەیدای دەکات ،بەرەنجامی کارەکانی خیەتی دواتر بەشکی دەکاتە پژە بۆ کاری خر خوازی و هاریکاری بۆ ئەوکشە کمەایەتیانەی کە وبەوی کمەگاکەی دەبێتەوە دواتر خەونەکانی تری دەهنێتەدی بەرگایەکی ماقول .لەشفرشی و مدل و فاشن دوو کاری زر جیاوازن ،بە درژایی مژوو لەشفرشی هەبوە وەك کشەیەکی کمەایەتی چونکە دواجار ئەو دیاردەیە لادەرە، پگەیەکی نزمی هەیە لەنوستەرەکتوری کمەایەتیدا لرە هەردوو پیشەکە ئاوتەی یەك بوون ، بەام کاری مدل تەواو پیشەیەکی جیاوازترە .

چاوپکوتنی ئاستی مارکسیستی هاوچرخ لگ کامل احمد …

چاوپکوتنی ئاستی مارکسیستی هاوچرخ لگ کامل احمد لسر خپیشاندان و نازایتیکانی کوردستان

ئاستی: لە چندین شاری کوردستان دووبارە خپیشاندانکان دستیانپکردتوە، ئوە ئمە چن دبینن؟

کامل احمد: وکو هموومان دیبینین، لم ژانی دواییدا جارکی تر جماوەری بباش و نازای کوردستان لە زنی سوزدا لە برامبر نبوونی مووچە دا هاتنە میدان و بە شوازی جراوجر

ناڕازایەتیان دەربڕی. ناڕازایەتیەکان بە گردبوونەوە و بانگەوازی مامۆستایانی ناڕازی لە شاری سلێمانی دەستپێکرد و تەشەنەی کرد بۆ بەشکی زۆر لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان. لە بەشک لەو شوێنانە ئاگربڕدرایە بارەگای حزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی، بە تایبەتی هێرسە حزبی بەشداری "حکومەت". هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس و چەکدارانی بارەگاکانی حزبەکانیش دەستیان لە خۆپیشاندەران نەپاراستووە و تەقەیان لێکردوون چەندین خۆپیشاندەر گیانیان لە دەستداوە و چەندینی تریش بریندار بوون. هاوکات هێزەکانی دەسەڵاتداری شاری سلێمانی کەناڵی ئێن ئار تی یان بە زەبری چەکەکانیان داخست. لە هەوڵێر و شارەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی و زەنی زۆردیش دەسەڵات، لەژێر پیادەکردنی ئۆپەڕەی دەسەڵاتی ئەمنی و سەربازی موتەقدا، تا ئێستا توانیویەتی بڕ بە هاتنەمەیدانی خەڵکی بەبەش بگرێت، تەقادنەک کە خەڵک لە بەرامبەر کامەرای تەلەفزیۆنەکانیشدا ئامادەنەبوون یەک قسە بکەن و هەموویان خۆپارێزیاندەکرد لەوەی گوزارشت لە بارێ ژیان و گوزەرانیان بکەن. ئەمە دەکرێت هووی دەرەکی و هواڵەتی مەسەلەکە و هووداوەکانی ئەم چەند هەژدەی دوایی بێت، بەڵام با بزانین مەسەلەی سەرەکی چیە.

بە جیا لەوەی کە خواستی مووچە، خواستی بەرحەق و حاشاهەڵنەگری هەموو کرێکاران و مووچەخۆرانی کوردستانە و لەبەرامبەر کارێک دا کە دەیکەن، و بە قەولی بورژوازیش خۆیان بێت واجبێک کە جێبەجێی دەکەن، دەبێت کرێیەکیش وەربگرن، واتە مافیان هەبێت. بەڵام دەبینین کە لەژێر هێرشەتی پڕۆژە "چاکسازیەکانی" ئەم بە ناو حکومەتە و جێبەجێکردنی ئەرک و بەرنامەکانی بانک و سندوقی نێودەوڵەتیدا، هێز بە دوای هێز کرێکاران و بەبەشانی کوردستان مافەکانیان لەوەردەگیرێتەوە و دەکەونە ژێر هێرشەتی بێکاری و سەعاتکاری زۆر و کرێی کەم و لەژێر هادی هەژاری یەوە هادەگیرێن. هەموو داهات و سامانی کەمەگاش لە دەستی کەمپانیا حزبیەکانی سەر بەم حزبانەدا کۆبێتەوە و لەسەر حسابی سفرەی خاڵی کرێکاران سەرمایەکانیان هێز لەدوای هێز لە زیادبووندایە. مەسەلەی سەرەکی و بابەتی ناڕازایەتیەکانی کرێکاران و بەشمەینەتانی کوردستان بە مووچە و باشبوونی باری گوزەرانیانە، بەڵام هەر زوو لە لایەن ئەحزابی بورژوازییەوە لە کەمەگادا ئاراستەکانی یاری پێدەکرێت و دەبزوێنرێت و لە هەڵەوی خۆی لادەبرێت و ئەوەی لە دواجاردا باسی نامەنێت ئەو داوا سەرەکییە کە خەڵک بۆی هاتۆتە مەیدان.

ئاراستە: ئێتەوێت بڵێیت کە خۆپیشاندانەکان ئاراستەکراون؟

کامل احمد: بزووتنەوە چینایەتیە جیاوازەکان لە کۆمەڵگادا، بەرژەوەندی جیاوازیان هەیە. هەر بزووتنەوەیەکیش بە دوای بەرژوەندیە چینایەتیەکەی خۆیەوەیەتی و دیموکراتیت پایەکانی خۆی جێگیربکات. بۆیە ئاماژەکردنیش لە چوارچێوەی ئەم بەرژەوەندیە چینایەتیەدا مانا پەیدادەکات. ئەمە ئەگەر لەوە گەیشتین، ئەوا بە سانایش ئەوە قبوڵدەکەین کە بورژوازی هەمیشە خۆریکی ئاماژەکردنی ناڕەزایەتیەکان و جووڵانەوەی فراوانی بەبەشانی کۆمەڵگایە و بە قازانجی خۆی لە هەوڵی بەدەستهێنانیدا بەردەوامە.

نموونەیەکی بەرچاوی ئەم ئاماژەکردنە ئەو تەرحەی بورژوازی کوردە، بە بەشێک لە دەسەڵاتدار و ئۆپۆزیسیۆنیشەوە، کە دیانووت خەڵکی کوردستان تەسلیم بە دەسەڵاتی بورژوازی کۆنەپەرستی ئیسلامی و قەومی لە بەغدا بکەنەوە و تۆپی ئەوە لەبەردەن کە ئەمە تەنها ڕۆگاچارییە.

ئەم تەرحە تەرحێکی بورژوازی کوردە و ئاماژەیەکی فراوانیشە. لەهەلومەرجی ئێستادا بە ئاشکرا ئەم تەرحە دەبینرێت و تەنانەت بە بردنە پێشەوەی خەریکی سەروگۆڵاک شکاندنی یەکێترن چ لە ناو حزبەکانیاندا و چ لە ناو پەرلەمانە کارتۆنیەکیاندا. بۆیە لە غیابی هێزی یەکگرتووی پڕۆلیتاریا و ئاسۆیەکی ڕۆشن بە خەپیشاندان و ناڕەزایەتیەکان و لە نەبوونی ڕۆگاچارییەکی تر و هیوایەکی تردا خەڵک بە ناچاری شوێن ڕۆگاچارەی گەلانەوە بە باوەشی دەسەڵاتی قەومی و ئیسلامی بەغدا دەکەون و کازمی دەست سوور بە خوێنی سەدان گەنجی ناڕازی عێراق وەک فریادڕەس و "گەدە" چاولێدەکرێت. ئەگەر پڕۆلیتاریا هۆشیار بێت بە بەرژەوەندی چینایەتی خۆی، هەر زوو هەشمەندی ئەوە پەیدا دەکات کە ئەم قەیرانە بینەقاقای سەرمایەی گرتووە لە هەموو جیهاندا و ئەمڕۆ لەرێیە و سبەی لە بەغدایە و ئەم ئەقڵیە دووبارە دەبێتەوە، ئەو کاتە ڕۆشن دەبێت کە ئەمە ڕۆگاچارە نیە و لە کۆتاییدا بە هەمان شوێن دەگات و هەمیشە دووبارە دەبێتەوە. لە لایەکی ترەوە ئاشکرایە ئەگەر پڕۆلیتاریا وەکو چینێک یەکگرتوو نەبێت، ئەوا ناڕازایەتیەکانی ئێستا و تەنانەت شۆڕشیش، لەلایەن هێز و ووڵاتە بورژوازیەکانەوە، بەلادەدا دەبرێت و ناوەڕۆکەکەی بەتاڵدەکرێتەوە. هەروەک دەبینین ئێستا ئاماژەی سیاسی ئەم ناڕازایەتیانە بەرەو ئاستێکی زۆر باڵاتر لەخۆی براوە، بەرەو تەقینەوە و سوتاندن و پڵامارداندا، بەبێ ئامادەیی هێزی چینایەتی یەکگرتوو. ئاماژەیەک کە ڕووی لەوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان و کەڵەقی پارتی لەبەرانبەر بەغدادا تەسلیم بە کازمی بکاتەوە، بەڕەنگ بە هێزی ناڕازی و بەرەقی خۆیک.

هاوکات بە ئاشکرا ئەمە یاریکردنی سێ هێزە سەرکیەکەی بە ناو حکومەت و پەرلەمان دەبینین کە چۆن لە بەرامبەر یەکدا و بە

شکاندنی یەکتری و بە بەدەستهێنانی سەهمی زیاتر دەیانەوێت ئەم ناڕەزایەتیە بەرحەقانە ئاراستەبکەن و بەلاڕێدا بەرن. یەکێتی و گۆڕان دەیانەوێت بەم شێوازە فشار بۆ پارتی بهێنن و بڕێکی زیاتری لەبیچڕنن و لە بڕێکی خۆیان نارازین. تۆ تەماشا کە ئەوەی کە پارتی و یەکێتی بە زەبری چەک ناتوانن بیکەن، پەرلەمانتارەکانی گۆڕان و نەوەی نوێ و هەندێک لە یەکێتیەکان لە ناو هۆڵی پەرلەماندا دژ بە خۆیان و خواستەکانیان دەیکەن و دەیانەوێت بە تەوەهوم بە پەرلەمان و "چاکسازی" و ئومێد بە ناسیونالیزم و بزووتنەوەی کوردایەتی خۆبکەنە چاویان و لە برسێتیدا ڕایانبگرن، لە کاتێکدا خۆیان لە ژیانی شاهانە بەهرەمەندن و پارێزەری هەموو جومگەکانی ئەم دەسەڵاتە تاڵیتارێتیەن. ئەم تێپە و زونا لێدانی ناو پەرلەمان گوزارشتە تەنها لە یەک ڕاستی ئاویش ئاویە کە ئەم پەرلەمانتارانە هیچ نین جگە لە فەرمانبەرانی ئەحزابی سیاسی کوردستان و بەم جۆرە ئاکتانیان دەیانەوێت ڕووی دزێو و پووچی ئەم دامەزراوە دریندیە لای خۆیک جوانبکەنەوە. ئەم تێپە لێدوانە کەمتر لە موچەخۆرەکانی تری ناو "پەرلەمان" تاوانبارنین بەرامبەر بە بە موچەیی و خراپی بار و گوزەرانی خۆیکی کوردستان. تەنانەت بەم هەوداندیان بە خۆکردنە چاوی خۆیکەوە دەبنە سەرچاوەی تاوانباران لە زەوتکردنی ماف و قووتی خۆیک دا.

ئاراستە: کەوابوو مەسەلەی سەرەکی چیە؟ جەماوەری ناڕازی چی بکات؟

کامل احمد: جەماوەری ناڕازی کوردستان دەبێت لە یەک خاڵی جەوهەری تێبگات و بیکات بە بنەمای هەموو داخوازی و ناڕەزایەتی و هاتنەمەیدان و نەبەردەکی چینایەتی خۆی. ئەگەر لەو ڕاستیە گەیشت کە مەسەلەی سەرەکی نە کازمی و نە لاهور و نە پافە و نە مەسرور ...هتد نین. تەنانەت باسکە گوندێیش نیە کە کراوە بە وەردی سەرزمانی هەموو زونا ژنانی بورژوازی و قۆڵەم بەدەستەکانیان، بەکەو باسی سەرەکی ئاویە کە پڕۆلیتاریای کوردستان پێی بڵێ ڕاستیە چینایەتیە بەرێت کە ئەو نە بەشەکە لەو پڕۆژانەی بورژوازی کە بە درێژدان بە ژیانی خۆی تەرحیان دەکات و نە هیچ کات دەتوانێت لێیان سوودمەند بێت. مەسەلەی ئاسەی ئەو قەیرانە ئابووریە قوولەیە کە بورژوازی تێکەوتووە و حەتمەن بەسەر پڕۆلیتاریادا دەیشکێنێتەوە. بورژوازی لە کاتی ئەم ئەزمانە و قووبوونەوەیاندا بە دیان جۆر خۆی دەردەخات و ڕەگەخاتەوە بۆئاوەی لەدەست پڕۆلیتاریا قووتاری بێت. دیان ئەحزابی جۆراوجۆری

تازە دروستدەکەن، ئەحزاب دەچنە پاڵ یەکدی، ئەپۆزیسیۆنی بورژوازی پاڵ بە دەسەاتوو دەدات و سەرانجام هەموو هێزە بورژوازیەکان لە هەوڵی ئەوەدا دەبن کە بەرژەوەندی چینایەتی چینەکەیان بپارێزن و هەمووشیان هەوڵدەدەن لەمەدا بەرامبەر بە کرێکاران و خەڵکی ستەمدیدە یەکدەست و یەکدەنگ و یەک کردارین. وە ئەم جۆگەکەیانە لە کاتی ئازمەدا قووڵتر دەبێتەوە و کێبووڕکێ سەر قازانجەکان و تەنانەت تەرحی چوونەوە بە بۆغداش لە هەمان چوارچێوەی خەڵکخستنەوەی بورژوازیدا دێت.

بە وەتامدانەوە بەم قسەرانە و بە ئەوەی کە خەپیشاندان و ناڕازایەتیەکانی خەڵکی بە خواستی مووچە و هەموو داوا ڕەواکانی تر و بە دەستبەرکردنی ئازادی بیروڕا و ئازادی بڕوا و شەرتی سیاسی و بە بەرهەمێندبوون لە ژیانێکی ئینسانی بتوانێت بە ئامانجی خۆی بگات، پێش هەموو شتێک پێویستە کە پڕۆلیتاریا ڕێزی چینایەتی خۆی جیابکاتەوە. بەرژەوەندیکانیشی وەکو چینێک لە بەرژەوەندی چینە داراکان و بورژوازی جیابکاتەوە. ئەوکات تا ئەو ڕادەیە هەشیار و بە ئاگادەبێت کە پرۆلیتاریا و بورژوازی دوو چینی دژ بەیەکن و دوو ئەلگە و دوو جیهانبینی جیاوازیان هەیە بە دەستاکردن و بەدەستهێنانی کەمەگا. هەرکاتێک ئەم ئاگایی ببێت بە ئاگایی هەموو چینەکە، ئەوکات بورژوازی نێک ناتوانێت سوار شەپۆلی ناڕازایەتی و خەپیشاندان و مانگرتنەکانی ببێت، بەڵکو ملکەچ دەبێت لە بەرانبەر هێزی شۆشگێڕانەی ئەواندا.
خەپیشاندان و ناڕازایەتیەک دەگاتە ئەنجام و پڕۆلیتاریا لە بەرهەمەکەی بەهرەمەند دەبێت کە هەڵقووڵاوی جەرگ لە ئاگایی و یەکگرتن و خەڵکخراوکردنبێت. بە داخەوە ئەم خەپیشاندانانە و هەڵچوون و زوو گەینی هەڵوەکەی بە پڕۆلامارداندا پشوخت بە بە ئامادەیی بە ئەم کارە لە بەئومێدی و بە چارەیی و نەبینینی ئاسۆی ئاینندەوەیە. هەموو جارە پڕۆلامارداندا مافەکی بە ئەملاولای خەپیشاندەرانە، بەڵام کاتی دەستبردن بە ئەم کارە پێویستە بە یەکگرتووبوون و ڕێکخراوبوون و ئاستی ئامادەیی بە پڕۆلامارداندا. بەر لە پڕۆلامارداندا دەبێت حسابی ئەوەمان کردبێت کە ناگەینەوە هەمان دەخی پشوو وە ئەوەی پڕۆلامارمان داوە بووەتە دەستکەوتی چینایەتیمان. ئەمە گەواهی ڕاستووری جەماوەرین، بەڵام ئەم ڕاڤە بونیادەکەی دیار نیە و ئاسەی ڕۆشنی نیە و نەبوونی ئاسۆش بە ئەمەدی یە. تەنانەت قسەکەران و بەشداربووانی خەپیشاندانەکانیش ئەم بە ئومێدیان پڕوە دیارە. بە ئومێدیش تازە لە چی؟ لەوەی کە پێیان وایە نابێت بورژوازی کورد ئاوها بەدەربەستبیت لە بەرامبەر

پڕۆلیتاریای کورد دا و دەبوا چاوەکی لێی بوایە بە ئاوەی بە حساب دوژمنەکانی کورد بە کورد خۆش نەبن. ئەگەر خەڵک ئاگاهیی چینایەتیان هەبێت ئەوا بە هەر ئایدیۆلۆژیەک دە پێ لە قین بێت، خەباتی نابێتە جنودان و ئیهانەکردن و قسەی ناشرین ووتن و خۆخاڵیکردنەوە لە بەرامبەر شاشەی تەلەفزیۆنەکاندا. خەباتی نابێتە بەردەفکە و هەرشی بە بەرنامە بە سەر دەسەڵات و بواردان بە لە خوێنهەڵکێشانی و ئاسان پاشکۆپەکردنی ئەگەر ئاسایەکی هەبێت. ناکرێت خەڵکی وە تەنگ هاتوو هیچ جۆرە ئەڵتەرناتیڤێکیان نەبێت کە بیخەنە جگای ئەم ئەحزابانە و بانگەشەی ووخانی بکەن. گریمان وا ووخانت، خە ئەگەر ئامادەنەبیت و نەزانیت چی لە جگای دادنیت ئەوا بای هەیە دەستوتاقم و جۆوجانەوەری لەمانە خراپتر و ئینسانکوژتر و خوێنمژتر دەسەڵاتبگرنە دەست. هەر هانگاوێک کە دەینێین دەبێت چەند جار بیرمان لێکردبێتەوە و خەمان بە ئامادەکردبێت. تەنها ڕێگا یەکگرتن و خەڵکخستنە بە ئاگاییەکی چینایەتیەوە لە ئاستی کارگا و گەڕەک و هەموو ناوەندە خزمەتگوزاریەکاندا.

ئاراستە: لە کۆتاییدا قسەیەکی ترت هەیە کە بتەوێت بیکەیت؟

کامل احمد: ئەم جوڵانەوەیە و ناڕەزایەتیەکانی ئێستا، پرۆژەی بزووتنەوەیەکی گەورەتر، ئەڵقەیەکە لە ئەڵقەکانی بەشداشگەرکردنی هەڵومەرجێکە ئەگەر پڕۆلیتاریای کوردستان بە هەشمەندی چینایەتیەوە بوانێتە ئەم تەجروبە خوێناویە. هەروەها دەموەت بڵێم کە خواستی مووچە خواستێکی بەرحەق و مافێکی بە ئەملاولای خەڵکە و دەبێت بە بە دواکەوتن و مانگانە و بە تەواوی لە کاتی خۆیدا بدرێت. بە ئەمە پەیوستە هەموو شەوازەکانی ڕێکخراوبوون بگرینە بەر و ئەم خواستە سەرتاسەری و گشتی بکەینەوە و هەموو ناوەندەکان لەیەکگرێبدەینەوە لەسەر ئەم خواستە و نوێنەرانی سەراسەریان هابەری ئەم جۆرە لە خەبات و ناڕەزایەتی بکەن و بیگرنە دەست. نوێنەران یان قسەکەران و پشتیوانی ئەم ناڕەزایەتیانە، بە بە گرێدانەوەی خەباتیان بە ناوەندەکانی کارەوە، ناوەندەکانی کەرتی دەوڵەتی و کەرتی تایبەت، خواستەکانیان دەستبەر نابێت. مەسەلەی سەرەکی ئەوکارەیە لەمەدا. ئەگەر نا، تەجروبەی شکستخواردوو لە کوردستاندا زۆرن و هەتا ئێستا تەنها گەواهی بووە لەسەر ئەوەی کە بورژوازی توانیویەتی ئیحتیوای بکات و بەڵێدابڕێت و تانانێت خواستەکانیشی بگۆڕێت.

09.12.2020

Kamil.ahmed.f@gmail.com

کارەکانی کاریکاتێر لە ڕۆژنامەگەری خولاودا کاری سیاسی -3- هەندرێن خۆشناو

بەشی -3-
هەندرێن خۆشناو

لەوانەیە هەموو ئەوانەی باسکران لەسەر بواری مللانێیە سیاسیە ناوەخۆییەکاندا جێبەجێ بکرێن، بەڵێ بەس نیە، چونکە چەندین شێوەی زۆر گرنگ هەن لە شێوەکانی مللانێی سیاسی، ئەویش شێوە دەرەکییەکانی مللانێیە سیاسیەکانن، لەوانەیە چاکترین نمونەش بارودۆخی وڵاتە عەرەبیەکان بێت بۆ ئەو مللانێیانە، عەرەبەکان لە ناوەڕاستی سەدەی پێشوودا لە مللانێیەکی سیاسی راستەوخۆدان لەگەڵ ئیسرائیلدا، هەر لە سەرەتای ئەو مللانێیەشدا چەکی گاڵتەجاڕیی بە شێوەیەکی فراوان تێیدا بەکارهاتووە، بەڵام لەلایەن ئیسرائیلیەکان و زایۆنیزمی جیهانی زۆر کاریگەرانەتر بەکارهاتووە، ئەگەر بە دیدگایەکی بابەتیانە تەماشای ئەم مللانێیە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە گۆڕەپانی ئەم مللانێیە تەنیا لە ناوچە عەرەبیەکەدا قەتیس نیە، بەڵکو تێپەڕاندووە بۆ هەموو جیهان، و شێوازێکی تەوەریی وەرگرتووە لە مللانێیە نێودەوڵەتیەکاندا، لەوانەشە لە هەموویان گرنگتر بێت.

بەمجۆرەش پروپاگەندەی بەهێزی زایۆنیزم لە جیهاندا سەرکەوتووبوو لە گۆڕینی وشەی عەرەبی بۆ سیمبولی دواکەوتن و ریسوابوون، ئەگەر نکۆڵیش لەوە نەکرێت کە لەو سەردەمەی ئێستاماندا عەرەب لەسەر تەختی شارستانیەت چوارمەشقی لێی دانەنیشتوون، بەڵام لە کۆتایی پێبلیکانەکەی شارستانیەتیش نین، سەرەڕای ئەوەی کە سەردەمانێکی دوور و درێژ ئامۆژگاری شارستانیەتیان بەرزکردەوە (بەسایەی ئیسلامەوە)، چەندین خشتی گرنگیشیان خستە سەر شارستانیەتی جیهانی و مرۆڤایەتی، ئەوانیش شارستانیەتی یۆنانیان گواستەوە بۆ ئەوروپا، ئەوە بەسە کە

بڕین ئەورپاییەکان لە چەرخە ناوەڕاستەکاندا لە ئاستی پشکەوتنی عەرەبەکاندا نەبوون، لە میانەی شەڕی خاچ پەرستەکاندا ئەوروپاییەکان زۆرکیان لە عەرەبەکان وەرگرت، شتێکی کەمیش لەم زۆرە بێ نمونە پیشەسازی دروستکردنی سابون بوو، کە ئەوروپاییەکان پێی ئاشنا نەبوون، هەتا دوای هەمەتەکانی خاچ پەرەستەکاندا، کاتێك کە جەنگاوەرەکان لە کاتی گەڕانەوەیاندا چەندین پارچە سابونیان بێ خشەویستانیان دەبردەوە، وەك سیمبولێکی پاکوخاوێنی و داوێن پاکی، هەروەها دیاردەی سەرپۆشی کە زۆرجار ژنانی ئاوایییەکان دژی عەرەب (موسڵمان) بەکاریدێنن، بەراورد ناکرێت بە پشتێنەی داوێن پاکی ئەوروپاییەکان، کە لە چاخە ناوەڕاستەکاندا باوبوو، کاتێك جەنگاوەرێك دەچووە شەڕ لەو هەمەتانەدا، ناوەقەدی ژنەکەی بە پشتێنەیەکی دار و پۆست دەبەست، هەتا لە ماوەی دوورکەوتنەوەکەی داوێن پیسی و ناپاکی لێ نەکات، ئەو پشتێنەش بە کلیلێك قفڵ دەدرا، و کلیلەکەی لەگەڵ خۆیدا دەبرد، هەتا دەهاتەوە ئنجا ئەو پشتێنەیە دەکرایەوە، بێننە پێش چاوتان! کاتێك باسی ئەمە دەکەین، تەنیا بۆ بەراوردکردنە لە نێو گەلاندا لە سەردەمێکی مێژووی دیارکراودا، بۆ زیاتر نزیکبوونەوە لە بابەتەکە، ئاماژە بۆ یەنانییەکان دەکەین، کە سەردەمانێك هەگری ئاڵای شارستانیەت بوون، لەم سەردەمەی ئێستاشماندا حاڵیان لە حاڵی وڵاتە عەرەبیەکان زۆر باشتر نیە، ئەدی بۆ بەزەوە تەماشایان دەکرێت، کاتێك وێنەی عەرەبیش دەشێوێنرێت؟.

دروشم و بەدیلی جەماوەری ئاپۆیو چیە؟ .. ئاسۆ کمال

هەموو بەدوای دروشم و بەدیلی جەماوەری ئاپۆیودا دەگەڕێن، بەڵام ئەم دروشم و بەدیلە خۆی لەو هاوار و کردەوە شۆشگێڕانەیدا نیشان داوە کە ئەمڕۆ گەنجان و کرێکار و فەرمانبەر و خانە نشین و خەڵکی کەم دەرامەتی کوردستان لە ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی ئەم چەند هەڤدا کوردستانی داگرتوە. ئەویش دروشمی " نا بەدەستاتێکی ستەمکار، نابە پەڵەمانی کارتۆنی، نابە ئەپۆزسیۆنی ساختە"یە.
دروشمی نا بەدەستاتێکی ستەمکار

خەڵک لە بەرچاوی و هەڕەشەی مەرگ و بەکاری و نەبوونی پێداویستیەکانی ژیاندا بۆ جێ هێڵراوە و هیچ ڕێگایەکی بۆ نەماوەتەوە جگە لە خۆپیشاندان و پڵامارادانی ئەم حکومەتە نەبێ. کەواتە دروشمی ئەمڕۆ لاچونی ئەم حکومەتەی حزبەکانە.
سوتاندنی بارەگای ئەم حزبانە ئەو پەیامەی گەیاندوە کە دوای ٣٠ ساڵ خەڵک بێزاری داوە کە ئەم حکومەتەمان ناوێت و دەبێ لە دەسەڵاتدا لابچێ.
بەدیلی جەماوەری ئاپۆیو دژ بە دامودەزگاکانی ئەم سیستەمە ئابووری و سیاسی و سەربازیەی ئێستای کوردستان و دروستبونی هەزیکی تر لە دژەوەی ئەم سیستەمە دەسەڵاتدارەی ئێستا و دامودەزگا سیاسیەکانی و حزب و پەرلەمانەکەی. ئەو بەدیلەی ئەو بەدوایدا دەگەڕین کە داواکاریەکانمان بە بەدی بێنێ ئەوە تەنیا هەزی جەماوەری خەمانە، نەک هەزیکی سیاسی دژەوەی ئەمە. هەربۆیە ئەم چینە کەم دژامەتانە لە کرێکاران، فەرمانبەران، مامۆستایان و لاوان و خانەنشینان و هتد .. لە تێجروبەی خەمانەوە دەزانین کە دابینکردنی مووچە و خزمەتگوزاری و دامەزراندن و ئازادی سیاسی لە ڕێگای ئەم حزب و پەرلەمان و ئۆپۆزسیۆنەوە دابین نابێ، کەواتە بە ناچاری ئەبێ هەزی ڕیکخراوی خەمان بێتە مەیدان و فشار بهێنێ بۆ دابینکردنی ئەم پێداویستیە سەرەتاییانەی ژیانمان.
ئەمە دەبێ حکومەتێکی سەبەری خەمان دروست بکەین و فشاری بەردەوام بخاتە سەر دەسەڵاتی حزبەکان بۆ نەهێشتنی دەسەڵاتیان بەسەر داهات و ژیان و گوزەرانماندا. ئەمە وەک ئەم دەستە ناڕازیانەی خەڵک لەم سیستەمە ناڕازین. بەدیلی ئەمە بۆ ئەم حکومەت و بڕیوبەربردنە ئەوەیە کە داوای هەڵبژاردنی هەموو بڕیوبەر و بەرپرسانی شار و دامودەزگاکان و وەزیرەکان و سەرەکی حکومەت بکەن و لەم ڕێگەیەوە نوێنەرانی خەیان بخەنە جێگای نوێنەرانی دەسەڵات.

دروشمی نا بە پەرلەمانی کارتۆنی

ئەم دروشمە ئاکامی تێجروبەی شکت خواردوی١٠ ساڵی ڕابردووی خەڵکە لە کوردستان بە ئومێد بەستن بەوەی ئەم پەرلەمانە و ئۆپۆزسیۆن ئەم سیستەمەی بە بگۆڕن. بەڵام دەرکەوت کە مەسەلەکە تەنیا ڕیژەی کورسیەکانی یەکێتی و پارتی نیە، بەڵکو دەورەکە کە پەرلەمان لەم سیستەمە سیاسی وئابووریەی یەکێتی و پارتیدا هەیەتی.ئەم پەرلەمانە خەریکی سازکردنی ئەو یاسایانەیە کە سیاسەتی ئابووری و بڕژەوەندی سیاسی و دەسەڵاتی سەرکوتی ئەم دوو حزبە پۆیستیەتی و هەر حزبێکی تری وەک گۆران و ئیسلامیەکان و نەوەی نوێ تەنها دەتوانن لەژێر سایەی ئەم سیاسەت و یاسایانەدا داوای بەشە خەیان بکەن.

بەدیلی ئەمە بە پەرلەمان لەپرسینەوەی جاموارێ لەم دەسەاتە و دامودەزگاکانی. ئەم هەنگاوانە دەتوانێ بەرەو چاودێری جاموارێ بچێ تاکو لەم هەگایەوە خەک بتوانن لەم دامودەزگایانە بپرسنەوە و فشارێکی بەردەوام بنە لەسەر ئەم حکومەت و دەسەاتە. چاودێری جاموارێ دروشمێکە کە دەتوانێ هەزی ناازی ئەستا لە هەموو دامودەزگا و لە ناو مەیدانکانی ناەزایەتیکاندا کەبکاتەوە و ئاراستەی بکات بەرەو ئەوەی ناەزایەتیکان ێکخراو بکا. دروستکردنی دەستەی چاودێری جاموارێ لە هەموو ئاستێکی لەکاێ لە شار و شارچکەکان و لە فەرمانگە و کارگە و نەخشخانە و خوێندگاکان دەتوانێ حکومەتێکی سەبەر دروست بکا و فشاری بەردەوام بخاتە سەر دەسەات بە جەبەجێکردنی داواکارێکان.

دروشمی نابە ئەپەزسەنی ساختە

ئەمە بە تەجروبە بەمان دەرکەوتوە کە حزبە ئەپەزسینەکانی ئەستا بەشکن لەو سیستەمە سیاسی و ئابوریەی زاەە. ئەگەر لە جیاتی بنەماەە حزبێکی مەدەنی و لە جیاتی وەزیرە حزبیەکان تەکنەکراتەکان حکومەت بەەیوە بەرن هیچ لە بەرنامەی حکومەت و چنیەتی دابەشکردنی موچە و خزمەتگوزارە گشتیەکان ناگەە و هەمووێان لەسەر ئەو بەرنامە نیولیبرالیەی هەژارترکردنی هەژارەکان کەکن و بە کردەوە پیادەیان کردوە لە کاتێکدا بەشێک بوون لە دەسەات یان ئەگەر ببنە بەشێک لەو دەسەاتە. هەرچەن بینیمان کە وەزیرەکانی گەان و ئیسلامیەکان لە پیش یەکەتی و پارتیەوە بوون بە سپاندنی پاشکەوتی موچە.

هەربەیە خەک گەیشتە ئەو جگایەی کە بەدوای بەدیلێکی تردا دەگەە لەدەرەوەی ئەپەزسیەنی بورژوازی و پەرلەمان. ئەمە هەنگاوێکە بەرەو پشەوە لە ناەزایەتیەکانی ئەستا.

ئەپەزسیەنی ەاستەقینەی ئەم هەنگاوەیە کە لە ئەستادا خەکی کرێکار و فەرمانبەر و کەم دەرامەت لە هەموو شونێکدا چاودێربن بەسەر حکومەتی هەرەمەوە و لە هەر دزیەک لە نەوتەدا دەیکا، لەهەر سەرکوتێک لەبەرامبەر خەپیشاندەراندا دەیکا، لەهەر پەژەیەکی کەرتی تایبەت کە لە بودجەی گشتی دەیدزێ، لەهەر نەدان و بەینێکی موچەدا، لە هەر دروستکردنی بەرد و ێکخراوەیەکی جاموارێ بە تەنگ هەچنین و لابردنی بەەیوەبەر و بەەیوەبەری گشتی و وەزیر و کابینەی حکومەت و سەرکی حکومەتدا،دەتوانێ خەی وەک حکومەتی سەبەر خەی نیشان بەدا واتە وەک ئەو دەسەاتەی بەرامبەر بە دامودەزگا فەرمیەکانی حکومەت وەستاوە و هەگری لە دەکا و فشاری دەخاتە سەر تاکێک کە دەتوانێ و ئامادەیە کە ئەم دەسەات وسیستەمە بە

یەکجاری و بەشوەیەکی شەشگەانە بگەن.
ئەمانە هەرکامیان لەگای جیاجیکردنی ئەو دروشمی "نا" یەیە کە بە دەسەات و پەرلەمان و ئەپەزسیۆن بەرزکراوەتەوە و نیشاندانی بونی بەدیل و ئەلتەرناتیڤی جەماوەری ناڕازیە لە بەرامبەر دەسەات و دامودەزگاکانی ئەستادا. بەدیلی سیاسی و ئابوری و ئیداری خەکی کرکار و فەرمانبەر و کەم دەرامەت لەم هەنگاوانەدا دەست پەدەکا کە لە هەموو شونەک دژی ئەو بەرژەوەندی و سیاسەتانەی دەسەات دەوەستنەوە و لەگای پە نادەن کە زیان و بەرژەوەندی ٩٩٪ خەکی کوردستان دەکاتە قوربانی کەکەی سەرمایە و پاوانکردنی دەسەات لای ١٪ کەمەگ. ئەمە لەگای گەینی هاوسەنگی هەزە لە نیوان خەک و دەسەاتدا و دابینکردنی ئەو داواکاریانەمانە کە ٣٠ ساڵە بەووی دەسەاتدا بە کار و موچە و ئازادی بەرزمان کردەتەوە و لەم شەانەی سەر شەقامکاندا کار بە سەپاندنی دەکەین بەسەر دەسەاتدا.

ئاسکمال
٩ دیسەمبەری ٢٠٢٠

شیعر و (دایک و میهرەبانی) .. ناڵە حەسەن

خوەندنەوەیەک بە شیعری (دایکم و دەریا لەیەک دەچن) نووسینی (خولیا حسەن)

دایک / قەسیدەیەکی درەژی بەردەوامە ، هەمیش جوانی و سەز و خەشویستی لەدەژە ، قەسیدەیەکی کراوەیە بە بوون و ناوەکەکی فراوانی گەردوونیەوە ، میهرەبانیش بەهەمان شەوە ، بوونەکی کراوە و ، مانایەک جگە لە جوانی و خەشویستی هەگری هیچ هەما و کەدەکی تر نیە ، تەنها دایک بە خەیی و بوونە گەردوونیەکیەوە ، بەخەیی و دڵ پە لە خەشویستی و پە سەزکیەوە ، دەتوانە لە گڵ وشەی میهرەبانی هاوتەریب بەتەوە ، بە بەوانی من چەمکی میهرەبانی جگە لەدایک ناتوانە ببەتە هەما بە هیچ وشە و کاراکتەرەکی تر .

دایک جگە لە زمانی خۆشەویستی هیچ زمانێکی تر نازانێت ، گریان و تووڕەبوونکان و گرانی و خەمکانیش هەر بە زمانی خۆشەویستی دەردەبڕیت ، دایک ئەو دڤە شیعرییەیە کە ژیان لەنێویدا بە سۆز و ڕەنگاوڕەنگی دەبیندرێ ، هەمن و ئارام ، دوور لە هەموو توندوتیژی و مردنێک ، دەنکی گەردوونی وەک ماڵیکی گەورە بە مرۆڤایەتی .. بڕیە (شیعر و دایک و میهرەبانی) دەبن بە هاوکێشەیەک و یان دەستەواژەیەک کە / هەموو جوانییەکانی دنیا لەنێویاندا کۆدەبێتەوە ، میهرەبانی لەگەڵ دایک بەو هۆزە موگناتیسییەوە بڕیکەوە دەنووسێن وەک ئەوەی / لەبنەڕەتەوە بە یەکتری دروستبووبن . وەک ئەوەی میهرەبانی لەبنەڕەتەوە بوونکی مینەی هەبێت و جگە لەدایک لە هیچ چەمک و ناوێکیتر نزیک نەبێتەوە ، یان هیچ ناو و چەمکێکی تر بە نیوەکەی تری خۆی نەزانێت …! بەم دەستپێکە کورتەمان دەماندەوێت خوێندنەوە بە شیعرێکی (خولیا حسێن) بکەین بەناوی (دایکم و دەریا لەیەک دەچن) . لەسەرەتا دەماندەوێت هەڵوەستەیەک لەسەر ناونیشانەکە بکەین و لەهەمانکات / قسەش لەسەر پەیوەندی نێوان (دایک و دەریا ..!) بکەین . ناونیشانێک پڕ لە ئیستاتیکای شیعری و ناوەڕۆکێکی بەهێز .. یەکێک لەو ناونیشانە شیعرییانەیە کە ، ئەگەر هەموو دڤەکە بە تەنیا دەری ناونیشانەکەبووا ، هەرهەمان ئەوقسانەی لەسەرەوە کردوومە دیسان دەمکردنەوە …! ، ناونیشانێک کە ئەو هێزەی لەگەڵدایە کە هەموو دڤەکە بخاتە ژێر هەژموونی خۆیەوە ، یان جوانییەکانی خۆی پەخش بکات بەسەر تەواوی ووبەری دڤەکەوە ، بەمانایەک لەسەرەتای دەستپێکردنەوە تاکۆتایی دڤەکە تەواو بیرکردنەوەی شاعیری داگیرکردووە ، یان شاعیر نەیتوانیوە تا کۆتایی دڤەکەی لە پەرەزی ئەم ناونیشانە دوورکەوێتەوە .. هێزی ئەم دەستەواژە شیعرییە لەوەدایە / لەکچووانەنی (دایک و دەریا) ..! خولیا بە تەواوی ئاگاییەوە ئەم کارەی کردووە ، وە لەم هەڵبژاردنەی واتە هاوتەریبکردنی (دەریا و دایک) سەرکەوتوو بووە . دەریا وەک دایک / بوونکی فراوان و کراوە و گەردوونی هەیە ، دەریا وەک دایک پاوپڕ لە (جوانی و ئارامی) کە چێژ بە ڕۆحی مرۆڤکان دەبەخشێت ، دەریا یانی ئاو ، ئاو توخمکی سەرەکییە بە ژیان و بوون .. یەکێک لەو چوار توخمە سەرەکییەی کە فەیلەسوفی یۆنانی کۆن (ئیپمادکلیس) فەلسەفەکەی خۆی لەسەریان بنیاد ناوە ئەوانیش (زەوی ، هەوا ، ئاو ، ئاگر) وەکچۆن ئاو توخمکی پەویست و سەرەکییە بۆ بەردەوامی ژیان دایکیش بەهەمانشیوە ، کەواتە هاوکێشەکەی سەرەوە (شیعر ، دایک ، میهرەبانی) ئەستا دەبێتە / (شیعر ، دایک ، میهرەبانی ، دەریا) کە هەرچوار چەمکەکە بوونکی کراوەی گەردوونییان هەیە و هەرچوار چەمکەکە بە هێزکی پتەو بە

ژیانەوە پێویستن ، ئەو هەزەی کە (فرەدریک نیتچە) بانگەشەی بە دەکات و دەیکات بە بنەماتی ژیان و بوون . خولیا لەسەرتای شیعرەکەیدا دەڵێت ،

دەریا و دایکم لە یەک دەچن
کە غەریبیی دایکم دەکەم
دەچمە کەنارەکی دەریا
نیگاکانم نوقمی قوواییەکەی دەکەم
لە جوانی و
لە فراوانی و
لە هەمنی دەریادا
جوانی و
هەمنی و
دە گەورەیی دایکم دەبینم

دایکم و دەریا لەیەک دەچن / ئەوە ناونیشانی شیعرەکەیە ، دەبینین چۆن پرشنگی خەی پەخش کردووە بەسەر هووبەری دەقەکەدا ، (خولیا حسێن) لەرە هەندێک لە سیما و سیفاتە سەرەکییە هاوبەشەکانی نێوان (دایک و دەریا) دەخاتە ڕوو، (جوانی ، فراوانی ، هەمنی) ، لای ئەو دەریا وەک دایک / جوان و فراوان و هەمنە ، بۆیە هەرکاتێک غەریبی دایکی دەکات دەچێتە کەنار دەریایەک ، لەسەر ڕووی ئاوەکە ڕوخساری دایکی دەبینێت ، دەگەورەیی دایکی و جوانی و هەمنی و هەموشتەکی دایکی چونکە ، لای ئەو (دایک و دەریا لەیەک دەچن) . لەگەڵ جووڵەی شەپۆلەکانی دەنگی ئاوەکە گەرانییەکان و قسەکانی دایکی بیر دەکەوێتەوە ، هەمان نەغمە و هەمان ئاوازی پە سۆز و ڕەحمکی گەردوونی پە لە میهر و خۆشەویستی . دوای ئەوە دەڵێت /

بیرکردنەوە لە نهێنیەکانی دەریا
بیرکردنەوەیە لە نهێنیی
عەشقە ئەبەدییەکەی دایکم

بەگومان کە دەچێتە کەنار دەریا ، جوانی و فراوانی هەمنی دەریا دەبینێ ، لەو کاتەیە دایکی بیردەکەوێتەوە و بۆنەو قووڵایی خەیاڵەکانی ڕادەچێت ، هەرچەند بۆنەو خەیاڵەکانی قووڵتر دەبێتەوە و لە نهێنی و سیحری جوانییەکان و سەراسیمەیی دەریا ورد دەبێتەوە ، عەشقە ئەبەدییەکەی دایکی لەلا فراوانتر و سیحراویتر دەبێتەوە ، چونکە نهێنییە ئەفسوونییەکانی دەریا لە نهێنییە عەشقە ئەفسوونییەکەی دایک دەچێت . خولیا لە کەنار دەریا لە وێناکردنی لەگەڵ بیرەوەرییەکانی خەیی و دایکی زێتر بۆنەو خەیاڵەکانیدا ڕادەچێ و زێتر نهێنی و خاڵە هاوبەشەکانی نێوان دایک و دەریا وێنا دەکات و دەڵێت .

دەریا و دایکم
وەکوو یەکن
هەردووکیان
گوڵەگمەی کوکوختی گەلییەکانم دەگرن
کەشیان بە فرمێسکەکانم دەکەنێوە
خەمەکانم لە دڵی خەیاندا هەڵدەگرن و
گرێی نهێنییەکانم لای کەس ناکەنێوە
کە گوڵە لە دەریا دادەگرم
وادەزانم گوڵەم لە (هەدای) خەم گرتووە
لە گۆڵە بیستنی دەنگی شەپۆلەکانی دەریا
قاقای پێکەنینە خۆشەکان
لایلایە بە سۆزەکان
نەغمەی مەقامە حەزینەکان
سۆزی سەردوولکە دە سووتێنەرەکانی دایکمم بیر دێتەوە
خۆشەویستی دایک و بیرکردنەوە لەدایک وایلەدەکات ، بیر لەهەموو شتێکی دەریا بکاتەوە ، لە شتە وردەکانیش بوانێت ، هێندە بە هەستیارییەوە لە ئاوەکە دەڕوانێ و هەموو جووڵەیەک واتادار دەبە و یادەک یان شتێکی دایکی بیردەهێنێتەوە ، لەنێو قووڵایی ئەم بیرکردنەوەدا بە بەرینایی دەریا لەسەر ڕووی ئاوەکە سیمای دایکی دەبینێت ، هەموو ئەو شتە جوانانەی دایکی بیردێتەوە ، کە ئەوشتانە لە دەریاش بەدیدەکات ، بەبێ هیچ بوارێک بە گومان ناهێڵێتەوە بە یەقینێکی گەورەوە دەڵێت ، (دایکم و دەریا وەکو یەکن ..!) ئەمجارە ناڵێت لەیەکدەچن ، دەڵێت وەکو یەکن . دەڵێت / هەردووکیان گوڵە لە گەمەی کوکوختییەکانی خەمەکانم دەگرن ، کەشیان بە فرمێسکەکانم دەکەنێوە ، گرێی نهێنییەکانم لای کەس ناکەنێوە ..! بە هەموولایەکمان ڕوونە کە دایک میهرەبانترین و دڵسۆزترین کەس بە منداڵەکانی ، دڵی دایک شوێنی هەموو خەمێک و نهێنییەکی تیا دەبێتەوە ، دەریاش بەهەمان شێوە ، پڕاوپڕە لەنهێنی ، هەزاران مرۆڤی دڵشکاو بەدەم وەینەوە خەمەکانی بە دەریا باس دەکەن ، هازاران عاشق لە کەنار دەریاکان نهێنی و ڕازی دڵی خۆیان باسدەکەن و هەمووشتێک هەرچییەک لە قووڵایی دەیاندایە باسیدەکەن ، دڵی دەریاش وەک دڵی دایک جێگای هەموو نهێنییەک و زام و ئازارێک دەگرێت ، ئارامترین کەنارە بە مرۆڤە غەمبارەکان و نائومێدەکان و دڵشکاوەکان و تەنانەت بە کەسە کێفساز و دڵخۆشکانیش ، ئەوەتا بە ڕوون و ئاشکرا دەڵێت / کە گوڵە لە دەریا دادەگرم ، وادەزانم گوڵە لە هەدای خەم رادەگرم ، لەگۆڵە بیستنی دەنگی شەپۆلەکانی دەریا ، قاقای پێکەنینە خۆشەکان ، لایلایە بەسۆزەکان ، نەغمە حەزینەکان ،

سەزی سەردوولکە سووتێنەرەکانی دایکمم بیردێتەوە ..! بە هەناوەوەی ئەم هەموو فاکتە لەیەکچووانە ئیتر بوارێک بە گومان نامێنیتەوە دێت (دایکم و دەریا) تەواو وەکو یەکن ، (هەدا) بە دیالێکتی هەولێری یانی (دایە) ، دیارە ئەو بیرکەیەش کە دایکم و دەریا وەکویەکن ، رەهەندکی مەعریفی و زانستی لە پشتە ، چونکە بە پێی (تیۆری پەرەسەندن) ئاو یان دەریا دایکی هەموو بوونەکانە ، ژیان لە ئاوەوە هاتووە . ئەم دەقە لەرەدا جگە لەلایەنی جوانکاری قووڵاییەکی مەعریفیشی هەیە . ئیتر لەسەر ئەم وەکویەکبوونە بەردەوام دەبێت ، تا بە وشیارییەوە بتوانێ ئەو یەقینە لای خوێنەریش دروستبکات بۆیە فاکتی گەورەتر و باسدەکات دێت ،

دەریا وەکوو دایکم
نە پیس دەبێت نە پیر دەبێت
تائەبەد
هەر بە جوانی
دەمێنێتەوە

باس لە بەرائەت و پاکی دایک دەکات ، کە هەیە گومان لە پاکی دایک بکات ، یان مانەوەی دایک وەک بوونێکی ئەبەدی ، لەرە کە دێت نەپیر دەبێت ، مەبەستی تەمەن و شەوەی جەستە نییە ، مەبەستی دایک وەک بوونێکی ئەبەدی و وەک بوونێکی گەردوونی تا ئەبەد لەنەو بوون و یادەوەرییەکان دەمێنێتەوە ، کەس هەیە دوای مردنیش خۆشویستی بە دایکی یەک زێدە کەمبکاتەوە ؟ یان بتوانێ کاریگەری دایکی لەنەو ژیان و یادەوەرییەکانی بسڕیتەوە ، ئەو کەوایە دایک بوونێکی ئەبەدی هەیە و پیرنابێت ، دەریاش وەک دایک وایە نەپیس دەبێت نە پیر دەبێت . من پەموایە خولیا لە باسکردنی سیما و ڕەفتار و ئەدگارەکانی دایک هاوکات بینینی ئەم سیما و ئەدگارانە لە دەریاشدا زەر سەرکەوتوو بووە و قووڵایی و جوانکاری بوونەی بە شیعرەکەی بەخشیوە . لە خیاڵەکانی بەردەوام دەبێت و دێت

دایکم و دەریا
هەردووکیان بینای چاو و
هەناسەی سیەکانممن
عەرشی دڵیان داگیر کردووم
بە ئارامی لە سەر فەرشی ڕەحم نوستوون
هەتا دایە گیان
لە دووری تۆ
لە کەنارەکانی دەریای ئەم نیشتیمانە دەتەقێ
ڕۆژەکانم بەسەر دەبەم
ئەم وەتە هیچ شتێکی لە نیشتمانەکەی خەمان ناچێ

دەریا نەبێ ، وەک عەشقی تۆ و وەک جوانی تۆ قەت نامرێ !
ئیتر تا ئێرە هەوێدارە کتومت ئەوە پێشان بدات کە دایک و دەریا
لەیەکدەچن یان وەکو یەکن .. ئینجا لێرەبەدوا لەنێو هەستی
غەریبیدا و لە کەنار دەریایەک بەنێو قووڵایی خەیاڵە خەمناکەکانی
خەیدا ڵە دەچیت ، لە قووڵایی ناخییەوە هەستەکانی خۆی دەنێتە قسە
و دڵە (دایکم و دەریا هەردووکیان ، بینای چاو و هەناسەی
سیپەکانمن ..) هاوکات وەک خۆشەویستی بە دایکی ئەو خۆشەویستییەش
بە دەریا دەردەبڕێت ، تا ئەندازەی بینای چاو و هەناسەی سیپەکان ،
چونکە (دەریا و دایک) لای ئەو وەکویەکن ، بۆیە هەردووک عەرشی
دڵیان داگیرکردووە و بە ئارامی لەسەر فەرشی ڕەحمی نووستوون ،
شیعرێکی ناسک و دەستواژە و وشەی شیعری چڕبەخش ، ناسک و جوان
وەک ناسکی و جوانییەکانی دایک و دەریا .. یان لەنێو خەیاڵەکان و
هەستەکانی قسە لەگەڵ دایکی دەکات و دڵێت / هەر دایە گیان ، لە
دووری تۆ ، لە کەنارەکانی دەریای ئێم نیشتیمانە دڵتەڕ ،
ڕۆژەکانم بەسەر دەبەم ، ئێم وەاتە هیچ شتێکی لە نیشتیمانەکەی
خەمان ناچێ دەریا نەبێ / وەک عەشقی تۆ وەک جوانی تۆ قەت نامرێ
..! هەرچەندە شاعیر لە وەاتێکی جوان و ڕەنگین دەژی و وەاتێک کە
هەموو شتەکانی جیاوازە لە نیشتیمانەکەی خۆی کە ، هیچ شتێکی لە
نیشتیمانەکەی خۆی ناچێت ، سروشتێکی جیا و کلتوورێکی جیا و هەموو
شتێکی جیا تەنها دەریا نەبێ ، چونکە دەریا و دایکی لەیەکدەچن یان
وەکو یەکن ، دەریا وەکو عەشقی دایک هەمیشە جوانە و هەرگیزیش
پیرنابێ . دوای ئەوە هەندە وەسف و دیمەنی شیعری ناوازە و
نایابمان بە وەنەدەکات و دڵێت ..
کە تیشکی خۆر ئاوەزانی دەریا دەبێ
ئەوە تیشکی خەندەکانی دایکمە
لەنێو ڕەحمی ئەو و
لە نێو چاوەکانی مندا
دەشنێتەوە
لەو ساتەدا
دەم هەشووی خەندە دەگرێ
ڕەحم قاقا پێدەکەنێ
چاوەکانم هەرچی تیشکی دەریا هەیە دیان مژێ
کە لە شینی ئوخسارێ ڕووناکی دەریا قووڵ دەبمەوە
بە هەستێکی شاعیرانە و بە چاوێکی وردبینەوە لە دەریا دەڕوانە ،
لەو دەمەی تیشکی خۆر ئاوەزانی دەریا دەبێ ، ئەو دیمەنە بەراورد
دەکات بە دڕوشانەوەی خەندەکانی دایکی کە لەنیو چاوەکانی
دەردەکەون یان / تیشکی خۆرتاوی خەندەکانی دایکی لەنێو چاوەکانی

دشنەوە ، لەوساتەدا هەندە دەخەش و کەیفساز دەبە تا ئەندازەی ئاوەی ، دەی هەشووی خەندە دەگرەت و ەەحی قاقا پەدەکەنەت ..! دیمەنەک جوان و هەستەکی پاکوبگەرد ، ئیتر لەودەمەدا لەتاو دروشانەوەی خەری خەندەکانی دایکی ، چاوەکانی هەرچی تیشکی دەریا هەیە هەدەمژن و ئاوەزانی قووڵایی شینەتی ەوخساری دەریا دەبن . لەکەتایی ئەم شیعرە و لەگەە هەموو تەنگژەکانی غوربەت و دووری و تەنیایی و بیرکردنی دایک ، هەست بەئارامییەک دەکات وەک ئاوەی گەیشتبەتە کەناری ئارامی و بە دەخەشییەوە دەەەت ،

هەندە دەخەش و هەندە ئارام و
منداڵ دەبمەوە
وادەزانم لە ژێر ئاسمانی چارەکە شینە
ئەفسوونایەکەی دایکم
خەم شاردەتەوە
نە عەشق دەمسووتێنە
نە خەشویستی ئازارم دەدا
نە خەم زەفەرم پە دەبا
نە شەکەتی پەم دەزانە
نە تەمەن لەگەە خەی دەمبا
نە دەەان تەکم دەشکێنە
نە غوربەتیش دەمگرێنە ..!

دوای ئاوەی تەر لە بەرینایی دەریا و جوانییەکان و نهێنیەکان و دیمەنە دەگەشەکان دەەوانە و هاوکات تەر لە ەوخساری دایکی و بەسەرکردنەوەی یادەوەرییە شیرینەکان ، ئیتر دەخەشییەک جەستە و ەەح و خەیاڵ و بیرکردنەوەکانی دادەپەشی دەەەت / هەندە دەخەش و هەندە ئارام و منداڵ دەبمەوە ، (وا دەزانم لەژێر ئاسمانی چارەگە شینە ، ئەفسوونایییەکەی دایکم . خەم شاردەتەوە ..!) ، بە بەوای من ئەو دەرە شیعرە یەکەکە لە هەرە دەستەواژە جوانەکان و قووەکانی ئەو دەقە شیعرییە ، کە جوانییەکی بەوێنەی بەرجەستە کردووە لە هەماکردنی ئاسمان بە چارەگە شینەکەی دایکی ، تا بەی لەکچووانەکی شیعری و نایابە ، لە کەنار دەریا دانیشتووە لەژێر ئاسمانەکی شینی بەگەرد ، وا هەستەکات لەژێر چارەکە شینە ئەفسوونایییەکەی دایکییەتی ، بەیە دەخەش و وادەزاەت گەیشتەتە کەناری ئارامی ، چونکە باوەشی دایک و خەشاردنەوە لەژێر چارەگەی دایک ئارامترین شوێن و پەناگەیە ، هەربەیە لەو شوێنە ئارامە (نە عەشق دەیسووتێنە ، نە خەشویستی ئازاری دەدا ، نە خەم زەفەری پەدەبا ، نە شەکەتی پەیدەزانە ، نە تەمەن لەگەە خەیدا دەیبا ، نە دەەان تەکی دەشکێنە ، وە نە غوربەتیش دەیگرێنە ..!) ، کەتاییەک

و نەخشادنی دیمەنێکی ئارام و پە ئیستاتیکا و چێژ . کە لەسەرەتای شیعرەکەوە تا کۆتایی / لە ئەنجامی بەرجەستەکردنی جوانی ، چێژ و ئارامی بە هەستی خوێنەر دەبەخشێت . ئەوەی زەرگرینگ و جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە لەم دەقەدا کە ، هاوکێشەیەک بەرجەستە دەکات لە نێوان چەمکەکانی (شیعر / دایک / میهرەبانی / دەریا) ، ئەم چوار چەمکە بە بوونێکی کراوەو گەردوونی تەکاوبوون و ئاوێزانییەکی تۆندوتۆڵ لەنێوانیاندا دەنەخشێنێ ، وەک چوار توخمە سەرەکییەکەی (ئیپمادەکلیس)ی فەیلەسوف ، ئاوانیش (زەوی / هەوا / ئاو / ئاگر) . گرینگ و پەیوستن بە ژیان و گەردوون . (شیعر و دایک و میهرەبانی و دەریا) دەبەتە هاوکێشەیەک کە لەو توخمە سەرەکییانە پێکهاتوون کە / ژیان و مرۆڤایەتی بەبێ ئەم چەمک و توخمانە تەنانەت گەردوونیش مانایەکی نابێت ، ئەمش کاکڵە و ناوەڕۆکی ئەم شیعرەیە ، من دەستخەشانەی گەرم لە خولیا دەکەم ، بە دنیاییەوە دەڵێم شیعری (دایکم و دەریا لەیەک دەچن) ، یەکەکە لەو شیعرە ناسک و نایابانەی کە بە (گەورەیی و میهرەبانی و جوانی دایک) نووسرابێت ، هەندە بەسە کە (خولیا حسێن) شاعیرەکە خاوەن ئەزموونێکی دوور ودرێژ لەگەڵ شیعر بێت ، ئەزموونێکی (پڕشوبەاو) ، وا پەیوست دەکات ، خەی کەکاتەوە و گرینگی زیتر بە تواناکانی خەی بدات بەرامبەر بە شیعر ، چونکە داهێنان پێسەیەکی لەخۆا و عەفەوی نییە بەڵکو ، ئاگایی و وشیاری و مەعریفەیەکی قووڵی دەوێت .. لەکۆتایی دێم / سەاو لە میهرەبانی دایک ، سەاو لە جوانی دەریا ، سەاو لە شیعر و داهێنان …!

دیسەمبەری ۲۰۲۰

سەرچاوە :
شیعری (دایکم و دەریا لەیەک دەچن) نووسینی / (خولیا حسێن)

یەکەمین دیداری شاعیرەکی مەزن .. سەردار جاف

لەڕوە دوای چل رۆژ بە سەر ئەغرکردنی یەکجارەکی شاعیری پایە بەرز و هەمیشە لە یاد و هزرمان جێلالی مەلەکشا چەپکە گوڵی ڕەز و وەفا و

خۆشەویستیم بە ڕۆح و قەڵەمی پاک و جوان و بوێری، و سەری ڕێزیشم لە ئاست گەکەی بە قەدر دادنەوێنم. پەم وابێ هاوینی ١٩٩٩ بوو ئێوارانێک بەهاز د. عومەر نوردینی لە یانەی مامۆستایان لە هەولێری پایتەخت داوەتکی بە چەند برادەرێک ساز کرد بوو، بەندێش یەکێک بووم لەو سێ و چوار کەسەی داوەتی کرد بوون، تازە بە تازە دانیشتبووین حەمە جافی شاعیر.....
بە دکتەر نوردینی گوت: ئەوێش کاک جەلالی مەلەکشایە بە تەنیایە، شاعیرێکی هەست ناسک خاوەن قەڵەمێکی ناوازە لەم غوربەتە بە تەنیایە پەتان چنە بانگشتی لای خەمانی بکەین .
بە ڕاستی هەم دکتەر هەمیش ئەمە زەرمان پێخۆش بوو، کاک حەمە جاف چوو بە لای و لە گەڵ خۆی و پێکەوە هاتن و لە گەڵ یەکدی ناسینی هەموو برادەران و گەیشتە ئاستی بەندە هەوەستەیەکی کرد و.....
وتی : ئەوە سەردار جافی شاعیر و نوسەر ..
گوتم : ئەرێ .
گوتی : خۆشحالم پێشتر هەم نوسینتانم خوێندۆتەوە، هەمیش سووکە شەکم لە سەر کردوون.
گوتم : زەر خۆشحالم کەسێکی وەک جەنابتان نوسینم بخوێننەوە جا چ جای بگاتە بەرگری کردن، بە ڕاستی قەرزار بارتان کردم ، دەکرێ بزانم بەرگری کردن و سووکە شەکە چۆن بووە.
گوتی : ماوەیەک بەر لە ئێستا نوسینێکی جوانتان لە لاپەڕەی یەکەمی ئەدەب و هونەری برایەتی بەاوببەوە، ڕۆژە لای کاک حوسێینی یەزدان پەنا بووم، ئەو گوتی :{ تەماشا فەان کەس چی نوسیووە و بەاو کراوەتەوە}، منیش گوتم ئەو کەسەی باسی دەکەی هەرگیزاو هەرگیز ناتوانێت شتی وا بنوسە، ئیدی لە من قسەیەک و لەو قسەیەک مشت و مەکمان بە دروست بوو، بەو جۆرە بوو بەرگریم لە ڕاستی کرد نەک تە، جونکی نە ناسیوتم نە زانیوم کێی، ئێستا وا بە خزمەتتان دەگەم.
زەر زەر کەیف خۆش بووم کەسێکی وەک جەلالی مەلەکشا بەرگریم لە بکات، ڕەک هەستامە سەر پێ و سوپاسم کرد و دەستم بە سینگەوە بە گرت . ئەوە یەکەمین ناسین و دیداری من و ڕەوانشاد جولالی مەلەکشا بوو ، دروود و سەاو لە ڕەهی پاک و پێوولەیی ئەم شاعیرە قەدر گرانە ..... حەیف و جەغار زوو جێی هەشتین ..... لەم یادەدا ئەو دەقە شیعرە جارێکی دی پێشکێشی ڕەهی نەسیم ئاسای دەکەم .....

جەلالی مەلەکشا

لە بروسکەی هەورەکانەوە،
چەخماخەی شین بارانت دە
دەنک دەنک وشەی شیعرت

هەناسەی پڕ، ڕۆژانە ختوکە دەدا
لە پریاسکەی ئەندێشەوە
لە هەولێرە ئەوارانەک
بە دەم پەکی درەختەوە ،
گڵاڵەزانی پاییزی لە بەر دەکا
تە هەر نها لەو دیو باخچەکانی سەینەوەی غوربەت
مژ لە جگەرەی خەم دەدەی
ئەمستاکە گولە بەرۆژەی بە دەم مانگەشەوەوە
قەف قەف دووکەڵی نەرگەلەت
بە هەناسەی خەیاڵدانی خاوما دەدەی
بیرە هاروهاجەکانم
لە ڕەقتاڵەیی و قوڵایی دییەکانتا
چەپکە شەونم بە سەر سپەدەی پڕە گوڵی شیعرتا
دەبارێنە
ئەمشەو بووی بە
خەونی خەشخەش، لە دەرگای پەکەنینمت دا
کەسی هەشتا هەروەک جاران
بە ئاسپایی دەنگت تەکەڵە هارمەنی لاساریم دەبوو
دیسان پەکەوا ڕۆژی تاران، لەرە و تەواو سەنگەرەکەت
ئیدی شەوم بە نامرێنە
٩- ٥ – ٢٠١٧

ئەمانیا
٠٩ _ ١٢_ ٢٠٢٠

ئازادی لە ژێر پێستانی سەربازی و چاکسازیدا .. ئەحمەد رەجەب

ئازادی وشەیەکی جوانەو لەپێناو وەدەستهێنانی گەلان لە سەرانسەری دنیا هەوڵ ئەدەن پێی بگەن و لە پێناویدا خۆیان بەکوشت ئەدەن و هێزە چەپەکان و شیوعییەکان لە ریزی پێشەوەن و بەبێ وچان تیئەکۆشن بۆ گەیشتن بە ئازادی و ئەو تەکشانە لە گەڵ دادپەروەری و یەکسانی

گرێ ئەدەن لە پێناو بەختەوەری مرۆڤ و ژیانێکی باشترو هەروا ئازادکردنی مرۆڤایەتی لە ستەمی چینایەتی و کێت و بەندو نەریتە دوواکەوتوەکان.
ئازادی بیرورا مافێکی سرشتی مرۆڤە بەام زرجار لەلایەن دەسەاتدارانەوە ئەو مافە پشێل ئەکرێت بێ نمونە حکومەتی کوردستان پرۆژەیەکی بەناو چاکسازی دا بە پەرلەمانی کوردستان و لە بەر ئەوەی زربەی خاەکانی لە گەێ بەرژەوەندی تایبەتی پەرلەمانتاران بوو هەر زوو پەسەند کرا ئەمە لەلایەك لە لایەکی تردەوە لە ژر سبەری هەمان چاکسازیدا ئەوەی دەم بکاتەوەو داوای مافی رەوای خی بکات دەمی دائەخەن و رەوانەی زیندان ئەکرێت و گرتن و زیندانیکردنی مامستاو فەرمانبەرو چالاکەوانانی مەدنی لە دهك و هەولرو سلمانی نموونەی زەق و لە بەرچاون.
لە سیبەری ئازادی و چاکسازیدا پستای پشمەرکەو ئاسایش بەکارهێنرا بێ شەق لە ناوچاوانی خێپیشاندەران و کپکردنی دەنگیان و،باشترین نموونەش لدانی پەرلەمانتاران و یەکێکیان (شیرین ئەمین) بوو، ئەو جارە رەفتارانەش کپی رژمە خونرژەکەی دیکتاتر سەدام حوسەن و حزبی بەعسی عەرەبییەو بێ تقاندنی ئەوانەی داوای موچەو مافی رەوای خیان ئەکەن.
ماوەی سانك زیاترە لە بەغدای پایتەخت و سەرانسەری زوربەی شارەکانی عراق راپەرین دەستیپکردووەو حکومەت و حزبە شیعەکانی تایفەگەری و پشکپشکنەی دەسەات وحکومەتی عراق سەریان لشواوەو لە گرتن و تهدان و کوشتن نەبت هیچیان پناکرت و ناتوانن لەو دخە قوتاریان بت.
ماوەیەکە خەکی کوردستان بەرامبەر بە رەفتارو شوەی بەریوەچوونی کاروباری حکومەت رق و کینەیان پەنگ ئەخوانەوەو زر وەستان بێ دزینەوەی چارەسەری گیروگرفت وکشەکانیان بەام حکومەت هیچی پنەکرا بێیە خەك لە شارەکان دەستیانکردبە خپیشاندان و، هزەکانی پلیس و ئاسایش دەستیان کرد بە لدان و گرتن وتهدان ئەوەش ئەبتە هی بوری و چاوقایمی و خراگری خپیشاندەران و لەمرێ بە دوواوە قەت ناترسن و ناپرینگنەوەو ئامادەن خونی خیان ببەخشن.
بە ناوی ئازادی و چاکسازی بەرپرسە باکانی حکومەت ئارەزوومەندانە تومەت باوئەکەنەوەو بە خپیشندەران ئەن ئەو کەسانەی پلان و ئاژاوە بێ تکدانی ئاسایش و ئارامی و سەقامگیری هەرم دروسئەکەن و هەروا ئەن یاسا سەروەرەو رگە بە کەسیان نادات بەپێ فەرمانی دادگا ئەگرت و مامەیان لە گەدا ئەکرت و، قەوانەی یاسا سەروەرە تا ئستا نەیتوانیوە بێ جارکیش

بەرپرسێکی باڵا لە دزو گەندلکاران سزا بدات.
کۆشتن و خونرشتن لە هەرێمی کوردستان درێژەی هەیەو بە پێی میدیاو و تەلەفزیۆن و سەتەلایەتەکانی خودی دەسەڵات ئاماژە بە گیراو و کۆژران ئەکرێت ودیارە حکومەت سورە لە سەر کوشتنی خێپیشاندەران بە بیانووی هیچ و پوچ و بێ بنەماو بێ تێقاندنی خەڵکی راپەریوی شارەکانی هەرێم لێژنەی باڵای ئەمنی هەرێمی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا بە راشکاوی ئەڵێت : هێزە ئەمنیەکان (دەستکراوە ئەبن کە ئەرکی خێیان جێبەجێ بکەن) ، واتا بێیان هەیە خەڵك بکوژن.
دیسان لە لا (١٩) کاتێ فواد مەعروف رازی نابێت لە تەک خایم منداڵجوو دابنیشێت بەم هەیوە بە دەست مامۆستا لەدان دەخوات و دەنووسێ " ناچار بوو گوێی گرت و بە دەستەکەی تری دوو شپاز‌لەی تووندی کێشا بە بناملیدا و بە زەر لە تەنیشتی منەوە دای نا" لێرە من نازانم ابراهام مەبەستی بناملیدا کوێی جێستێیە! بناگوێ ووەتە و پشتەمل دواوەی ملە و گەردن پیشەوەی ملە، چەناگە یان زگچەنە سەری گەردنە و سینگ خوارەوەی ملە، بەڵام سەیر لەوە دایە نووسەر بناگوێ بکاتە مل، گەر مەبەستی هەمان گوێ بە ئەوە هەڵێیە گوێ بەملەوە نییە بەسەرە وەیە، گەر مەبەستی سەروەی تەنیشتی مل بە دەکاتە سەر، یان مەبەستی خوارەوەی مل بە دەکاتە شان. کەواتە بە هەموو پۆوەرێک بنا مەوشێکەی هەڵێیە و لە پێکهاتەی جێستەی مرۆڤ دا نییە.

هەروەها لە لا (٢١) دەنووسێ " ئەوەندەم نەزانی فواد لەبەردەمم پەیدابوو" لەرشدا دەبێت بنووسرێ ئەوەندەم زانی واتا کەمێک زانیاری لەسەر پەیدابوونی بەردەستە نەوەک هیچ نەزانین. پاشان لە لا (٢٩) هاتووە کاتێ مەلا کوێر دەیەوێت جوولەکەیەک لە ناو قەڵای بکاتە ئیسلام لەسەر ئەوە دارکاری دەکات کە نازانێ شایەدوئیمان بێ، ئەمە نالۆژیکییە، ئیسلام نەبوون کافییە بە ئەوەی کە ئاسایی بە کەسێک نەزانێ شایەدوو ئیمانی ئیسلامی بێنێ.

لەلایەکی تر لە لا (٣٠) وادەخاتە سەر زاران " ئەوە مەلا ئەبوبکر ئەفەندی مانگەکە بە ئێستەمبۆڵ چوێتە، " هەرچەندە نووسەر زەر شەوە زار و بنزاری شارەزایانە بەکارهێناوە، بەڵام ئەم ئێستەیە هەڵێیە دەبێ بنووسرێ : ئەوە مەلا ئەبوبکر ئەفەندی مانگەکە بە ئێستەمبۆڵ چووە، یان چاتە ئێستەمبۆڵ. لە بەشی (٤) و لاپەرە (٣٧) و لە کەی شوێنکانی تر لە بەی ڕەژی دواتر ڕەژی دوایی بەکاردێنێت ڕەژی دوایی لە کوردی دا لە بەرانبەر (یوم القیامە) ڕەژی پسان یەکلابێتەوە، بەمەش تێکڕاوییەکی کردووە کە لە بەرژەوەندی دەقەکە دانییە.

دیسان لە بەشی (٥) و لاپەرە (٤٣) و چەند شوێنیکی دیکە، وشەی عەمبار دەسوە دێکات بە عەمار بەمەش لە ناوی شوێنی هەڵگرتنی

کەلوپەل دەگەڵ بە ناوی عەماری کەسی عەرەبی کە بە مرۆڤ و لای خوێنەر تێکەڵ دەبەست. ئەمجارە لە لە بەشی (٧) و لاپەرە (٥٦) دەنووسێ " ئەوانەی تر دوای جەن خەرجی چوونە حەجیان بە کرا" لەرەش هەمان کەماسی دەتە بەر چاو کە خەرجی چوونە حەج ناکرێ بەکو سەرف دەکرێ، یان خەرج دەکرێ ئەم ڕستەیەشیان هەڵەیە. یاخود لە لا (٦٢) دەڵێ " دوای ئەوەی دوکانەکەیان گرت" لەرە نووسەر مەبەستی لە گرتن داخستنە، گرتن واتە دەست بەسەرداگرتین، یان بە کرێ گرتن دە، بەڵێ دەبووایە لە بەی گرتن بنووسێ داخستن.
بەهەی زاڵ بوونی هەستی نووسەر بەسەر ئەبستکرات و گەانەوە لە دەقدا، نەیتوانیوە بە تەواوەتی مشتومالی نەو ناوەک بکات، بەمەش زیاد لە پێویست ووداوەکانی گەورە کردووە و دەبووایە نووسەر هەستیارانەتر مامەڵەی لەگەڵ ناوەکی ڕەمانە کەدا کردبووایە، چونکە لە ئەگەری وەرگەانی نیشتمانی سارا بە سەر زمانەکانی تر، کورد زەر بەربەری و وەحشیەتگەری نیشان دەدات، ئەمەش هەم ئەرکیکی ئەخلاقییە و هەمیش ووداوەکان دوورن لە ڕاستی. بە نمونە لە بەشی (٩) و لاپەرە (٩٢) سەبارەت بە ستەمکردن لە جوولەکەکان لەسەر زمانی پەلاکی مەردی پوری خایم دەنووسێ " چوار جووی لە ڕەگای کەرکوک بەدەستی هەموەندییەکان ووت کرانەوە و پاشان سەر بەان" یان لە لا (٩٩) حاخام دەگەڕێتەوە کە مەلاو فەقێکان ئەلیاسی برازایان سەربڕی. بەمەش هەموومان دەزانین سەربڕین تا هاتنی کولتوری تووندڕەوی ئایینی لە نەو فەرهەنگی کوردا نەبووە.
هەرچەندە دەبێت لایەنە جوانییەکانی ناو ڕەمانەکە فەرامەش نەکرێ، وەک ئالیکاری سەفی و دەروەشکانی سلێمانی و بەهاناوە هاتنی جولەکەکان کە بە وردی لە لا (٢١٩) نووسەر باسی پێکەوە ژیانی کردووە، لە شاری سلێمانی شایانی هەڵوەستە لەسەر کردنە. بەڕام کاتێ گانجێکی مەسیحی لە سوریاوە بە خوێندن لە لا (١٧٤) بەسەلامەتی ئەم هەموو ڕەگایە دەبڕێ و دەتە شاری سلێمانی لە گەڕاجی شاری سلێمانی ووت دەکرێت و هەموو شتێکی لە دەدزن. ئەوەی کە زەر نیگەرانی کردم بەکار بردنی وشەی زەرینەیە بە شارێک کە نووسەر لە لا (٣١٣) دا باس لە هەڵدانەوەی گەڕی جوولەکان دەکات کە باهاندانی حکومەت بەوەی پەوپاگەندەی بوونی زەڕ و زوی لەنەو گەڕەکان بەاو کردەتەوە، بەڵێ خەڵکی شاری سلێمانی دەخاتە داوی حکومەتەوە و دەنووسێ " زەرینەی خەڵکی شاری سلێمانی وەکو شارو گوندەکانی تری عەراق، شەوان درەنگ بە پاچ و خاکەناز دەهاتن و یەک یەک گەڕەکانیان هەڵدایەوە" بەمەش ناوەستێ دەڵێ " گەڕی وا هەبوو زیاتر لە دەجار ژەراو ژور کرابوو" ئەمەش ناهەقییەکی بەرامبەر گەلێکی ستەم لێکراوی وەک کورد، بەتایبەت شارێک کە بەسەری

دابەشت. لە بەرانبەریشدا کە سلێمانی مامی خایم دەچێتە بەغدا لەوێ دەبێ گورگ و مەڕ بەیەکەوە ئاویان دەخواردەوە، گەر ئەم دەقە لە نووسینی نووسەرێکی عەرەب و یان فارس و تورک بووایە بەو پەڕی فاشستی و ڕاسیستی نەتەوەیی دژی کورد لە قەڵەم دەدرا.
هەروەها لە لا (١١١) لەیەک تێکستدا دوو هەڵە دەکەوێتە بەر دیدگا هەروەک نووسەر دەبێژێ" چاوی لە داچەیم و توند لا ڕانی گوشیم، لەژێر لەوەوە و بە گوێمدا چپاندی، ئای لە کوێتە قوڕت بەسەر، " من جارێ نازانم چاو چۆن دادەچەقێ پێوست بوو بەڵێ دەنووقێ یان چپاند، لە کۆتایی ڕستەکە چەندین جار هێنام و بردم لەی تێنەگەیشتم مەبەستی نووسەر لە کوێتە چییە؟ ئایە مەبەستی وڵاتی کوێتە یان لە کوێ! واتێ بە کوێ چووی.
لە لایەکی تریەوە لە بەشی (١٢) و لاپەڕە (١٢٥) خایم لە سەر نەخشە بوونی هاوژینەکەی دا وادەخاتە ڕوو " کاتانی خوشکم بە ڕاژدا خزمەتی دەکرد و منیش کاروباری دوکانەکەم بەڕێوەدەبرد" لەم تێکستەش دا بە ڕاژ هەڵەیە دەبێ بنووسرێ لە ڕاژ دا.
سەبارەت بە هاسەرگیری نەوان حەمەجانی موسەمان و ساشای کچە جوو لە لا (١٣٧- ١٣٨) هەرچەندە کە حەمەجان کە داوای دەستی ساشا لە باوکی دەکات، سلێمانی باوکی ساشا مەرجی ئایین گۆڕین بە حەمەجان دادەنێت و حەمەجانیش ڕازی نابێت شین و واوەیلا بە لە دەست دانی یەکیان دەکات، ئایینەکەی یان عەشق. دواتر بە ئاوەی نووسەر ڕوونی بکاتەوە حەمەجان چۆن ساشا دەخوازێ، ئایا حەمەجان دەبێتە جوو یان هەر موسەمانە، چونکە لەهەموو هەڵوێستەکانی لەگەڵ مالی خزووران و تیرەکەیەتی، کەچی هەر بە موسەمانی ماوەتەوە، لە کاتە هەموو هاوسەرگیرییەکی نەوان دوو ئاین بە تایبەتی ئیسلامی لەگەڵ ئەوانەی تر لە کەمەگای ئەمە ڕوونادات تەنیا بەگۆڕینی ئاین نەبێ، گریمان حەمەجان بە کچە جوو بووبێتە جوو، لەو سەردەمەوەک ئەو وێنای دەکات، زیندوو مانەوەی لە شوین و شارەکەی خۆی بە ئاسایی مەحاڵە.
هەم دیسان لە لا (٣١٦) سەبارەت بە تێکچوونی باری دەروونی سارای ژنی سالار کە شەو هەردەستێتەوە و دەست دەخاتە سەر دەمی ئانێنی کوێی و دە ڵێ " دەستی برد پشتێنەکەی خۆی بەدەستەوە گرت، بەسەر ئارەنی کوێیدا نووشتایەوە و تونند پشتێنەکەی لەسەر دەموچاوی کوڵەکەی دانا و هەر دوو دەستی توند لەسەری راگرت، چەند هەناسێک ئارەنی بەدەنگ کرد" بە هەموو پێوەرێک دەبێ دایکی ئارەن کەرپەکەی خۆی خنکاندبێ، بەڵام نووسەر ئارەن بە زیندووی دەهێڵێتەوە و بە ئاوەی هیچ سەرە داوێکی ئەم خنکاندنەی بە دەستی دایکی بخاتەبەر باس.
ئاوەی زەر سەرنجی ڕاکێشام لە بەشی سێیەمی ڕۆمانەکە یادداشتەکانی

سارا لە لا (٣٥٠ – ٣٦٦) بە دوانزە بەش زەر بەجوانی یادداشتەکانی سارا بەشێک لە گرێچنەکانی ناو ڕەمانەکە دەکاتەوە. ئەوەی ماوە بەڕەم ڕەمانی نیشتمانی سارا ڕەمانەکە دەرخستەی بیری یاخیی بووی نەو کەمەڵگای کوردیە.

خانەبەندی .. سەباح ەنجدەر

خان
خان لەشەرمەکی گەمژانەی ستە ادەگرت
زەمینیش دەخولەتەوە و بەدوای خورپەیەکی بەهەزەوەیە
ئەی بەخشندە چی پە بەخشین
دوای کەمەکی تر زەمین هەمووی تاریك دەبت
بە دەنووکی سووری قەقنەس گەك هەدەکەنم
دە پەی ازی نییە و ئاهی تە نەگەاوە
گوەستەرە لەناوی نیشانە و ناوە
بە نیگایەکی ماندوو بیر و پرژەی دیوارەکانی دەخونتەوە
لەو پەیام ناگا

دووخان
کاتەکانی ەژی پەشوو دووخانبوون لەسەریەك
دوولەوی بەبار پەیامەکیان لەناو خەیاندا سەرسامکردووە
هاوهەزی ئەستەرەن
گەچانی کوەرەکیان لەسەر بەردی خز لادا
ئازار یەکەم وخساری وەرگرت

کەمەە خان
خان بەەنگی سوورەکی گەرم و بە دەنگەکی دەستانە خەتمان پە بناسنە
لە پەناو چیدا درژ دەبتەوە
چاوی دونە چی بەدی کردووە
قەلەەش لەسەر کاغەز سووە دەخن و دەنیشنەوە
پەیان شون بریندار دەکات
سەیری ئەرە بکە و بچوونی خت بە

کەوانە

کەوانە دیواری بەردینە بە دەوری کۆشکی پاشاکان
بەخۆشترین دەنگ گۆ لەسروود ناگرێ
هیوای بەچی دەخوازێت
ووناکی لەکونی کلیل نایەتە ژوورێ
مرۆڤ لە یەکەم مووچەکە و بۆداربوونەوەدا سەمادەکات
ئەو ترس و پرس و دوودڵییەت لە چییە
ئەوها پەرژینت قایم کردووە
چ تارماییەك دێتە ناو سێبەرتەوە
هێزی خووسان هاتە ناو ئەو قوڕەی
مرۆڤی لێ دروست بوو

هۆی لار

هۆی لار فریوت دەدا
شکڵی بەتاڵ و ستایش وا دەستی پێکرد
لاپەڕە داخە
هەگە گەرمەکان گەیشتنەبەرد
چاوەڕێی چ بەروبووم‌ێك مەکە
دەبێ ئازاری یەکتربدەین

تەقەڵ

تەقەڵ ئەو پارچە زەویە خۆشکراوەیە
فڕۆکە لەسەری دەنیشێتەوە
زەویەکە دەبێتە حاجی قادری کۆیی بەردی سیزیف بەشانەوە
فڕۆکەش گوتم بەبەختی خەواڵوو
لاپەڕەی داهاتوو هەڵدەدەمەوە
واز لەگەڵان دەهێنم
لەخۆمدا دەژیم
گەردوون دراوسێیەکی بەکەڵکە
خودا لە فڕینی یەکەمین پەپوولەی ساڵ هاتە ماڵم

وێرگوڵ

وێرگوڵ پیاوێکە کرۆشکەی کردووە و ترس دەدوێنێ
گومان لەقڕتی بەرپێی خۆی دەکات
بۆشاییەکی زۆر لەنێوان پێغەمبەرەکان هەیە
پێویستە با ببینم
لێی بپرسم لە نێوانەکان بەرەو چ چارەنووسێك ڕۆیوی
دەرگای چ ماڵێکی خانەدان نازی ڵێاگرتی

ئەستێرە
ئەستێرەیەکم لەسەر باڵی حاجی لەقلەقی هەوڵێر دانا
بەناو شاری جەنجاڵدا تێپەڕیم و گەڕامەوە
تاجەگوێینەم لەسەر گۆڕی یەکەم شەهیدی
جەنگی سێیەمی جیهان دانا
گەشتی سامناك کۆتایی هات
ئەمە تەنیا خەونێك بوو
لەبەرە بەیانێك بینیم و فڕیم بۆ سەرزەمینێکی ساکار

نیشانەی پرسیار
پرسیار هەڵگری ق و قینی خەپەتەە و توڕەتوێیە
ئای چەند درەنگە خۆشەویستیت بیرنەچێتەوە
پێویستە لە لەبیرنەچوونەوە سەرچاوەی شتەکانم خۆش بوێ
کتوپڕ دڵنیا بووم و چوومە ناو خەونەکان
بەمبی جەنگی سێیەمی جیهانی پووچەڵ بووەوە

نیشانەی سەرسوڕمان
سەرسوڕمان ناکۆکی نێوان نیشانە و گریانی تەواونەکراوی وشەکانە
تێکەڵکردنی خوێن و چێنیەتی بریندارکردنە لەناو خۆت
چی لەبارەی فریاکەوتنەوە دەزانی
دەچیتە سەر چیای ئاگادارکراوە و لەەحدا دەمێنێتەوە
ەح لە ئەسپی ەوهان خێراتر دەتگەیەنێتەوە یەکەمین پێگەیشتن
تارای ەاستیی و هەڵەکان هەڵدەدەیتەوە

کـانوونی یەکەمـی
2020 هەوڵێر

کاژە بەژن بێندەکانی ەژهەڵات .. نەژاد عزیز سورمێ

(ئێوارەیەکی کانوون ،
بەفر هێشتا
تارای هەتاوی فێ نەدابوو

کووچه و شەقام ،
ەنگی سەحەریان دەدا
بە قەمسەەیەکی چکن و

- شەوێ – یەکی بن ێیشتوو و
پشتەکێك خەمی نیشتمان ،
کە ئەوسا بەمان
بنکەی گەردوون بوو
لە دەرگام دا ..
یەکەمین جارم بوو
مانگ لە زەوی ببینم
بە ەونەق و هەایسانك
لە ئاسمان پی
دەرنەکەوتبێ .

من کە زەمانك بوو
لە شەو و تەنیایی ئەشکەوتان و
سەرکەشی شەێ ، چیدیم نەدیبوو
لە ێی خەمباری وەاتدا ،
ئاشنای پارکی دی نیشتمان بووم ،
قەەمەوی چاوجوانان
کاژکی تازەهەچووی ێژهەات ..

وەك وەستانی
چەند چرکەیەکی هەناسەدان
یا نووری لەپی بروسکە
بە ناو ەاستیی و هەەکاندا
لە ئێوارەیەکی کانوون دا
بەنی خەونك ، یەکەم خەون
ختووکەی ئەفسووناوی
شەوی جەستەمی سووتان ێ
خەونك ، کە دوایی بوو بە وەهم
بەسەر مەنفا و تاراوگانەوە
بە شادی و حوزن بەراورد نەکرێ ..)

بەشك لە نامەیەك
کە نەنردرا

خەونی یەکەم(گودیئا)

میری(لەگەش) بینی
میر هەر ئەوسا خەونی هاتە دی
سەرەشەکان خۆیان تێدا بینیەوە
خەونی من
ئێستاش کێکە بە پشتمەوە
لە وێستگەگەلێکی بەکردنی تەمەندا
بە دار وبەردی داداوم
بە ووبارانی دا بردووم
لە تۆقەلانانی هەڵداشتووم ..

لەو ساوە دەگەم
پێکێکی درەوشاوە
سەمایەکی زێرباییانەی
نیوەشەوانی سەهەبەندان
خەم
نەبینیوەتەوە ،
لە ژێر پەردووی ووخاو
کە هەاوی گریان و
گرانیی تەواو نەکراوی لە هەدەستێ
هەللانەی چل
کە شونەواری جریوەو ماچی
پاساری و چلەکانی پەوە ماوە ..
پەنای دیواری خوراو ،
هەواری چیلەمۆان ، جۆزوانی ساویلکان
هەرچی کێیت و تاو و
بنمیچی سواندان هەیە گەام
خەم نەدزییەوە ..

هاوئاوازکی وم لە سنگایە
لە دەمی بورکان و
شینگیی شەختە و
سپیلکی چیا
کەسی دی ناناسێ
زرنگانەوەی
گوزەرە بە ژاوەژاوەکانی مسگەران
بەلادا هاتنی مەستان
کە لە ونگەی ناوخۆیاندا

نەقشیان بەستووە
مۆسیقای با
وەختێ ژنان
لە جەنگەی تاساندا
سەری پێ دەکەن ..

هاوئاوازی وەهم ،
ئەفسانەیەکی نوێیە
پیتی جودایی و دابڕان
لە شێستە دێرینەکاند
هەڵدەگرێتەوە
(سەکۆ) ی منیش
لە ئێوارەیەکی ساردی کانوون دا
تاجی شازادانی لەسەر نا
پاشان چەند گەڕام
چەندی لەبەر بەفر و بارانێدا وەستام
لێم بوو بە مرواری
بنی دەریا و ئێقیانووسان ..

بە چرای (دێوجین) ێ
بە گەشبینی عاریفانەوە
لە چاوتروکانی ئەستێران
دەست ێاوەشاندنی تاقگان
خێ هەێتەکاندنی داران
ورد بوومەێوە
وەك گیای کۆستان
شەونم دایپێشیم
نەمدێزییەوە ..

لەو ساوە ،
لە دەسپێکی هەر ێێژێکی نوێدا
سێمای چاوم
لە چاوەێوانی هەێاتنی ئەودا لێێ دەبێ ..
لەو ساوە خەون و مێتەکەم لێ
تێکەێ بووە ..

(کوا من) ؟
لە مێژووی ێازاوەی

سەردەمە تەوتمیەکان ..
کە بە تریفەو پ□شنگ و
سەوزایم هە□چنی بوو ؟
کەچی
□□ژ□
جار□
گو□□کی نەگرت ..

شایی ئ□وارەدرەنگانی
د□مە ددان ز□□ەکان
پزیسکی دووکە□کە□شەکانیان
لە زستانی هەمیشە زستانماندا (سەک□) !
ئام□زم ت□وەرد□ن□ ..
لەو دەمانەدا
هیچ چیایەك
لە ناخم ب□ندتر نابینم
من لە لووتکەم
لە لووتکەم من
(کوا من) ؟!
وەك بەرد□کی ب□ □ەگ
ش□تانە بەرەو خوار
بەرەو د□□ و د□ا□ان هە□د□راوم
سەدای هاوارم
لە دارستان و بەندەنان
لەگە□ دەنگی ئاژە□ و با□داران
ت□کدەئا□□ن ..

بەیانییەکی ب□گەرد
بە □ەوتی تاووس□کی با□کراوە
بە پەیژەدا هاتی
سیمام لەو ساتە کورتەدا
هەموو □ەنگەکانی تیا ک□ بووەوە ..
چرپەیەکم بیست
شت□ك بوو لە بابەتی پرسیاری
وەختی گە□انەوەم ..
زمانم گیرا
تا هاتەوە گ□ ، ت□ ت□پە□یبووی

لێ خەندەی سیحراویم
لەبەر چاو مابوو
بەخێم گوت :
نەژاد ئارام بەوە
ژێر هەر سپێدەی تێدا نییە
ئێوارەشی هەیە
کاژە بەژن بڵندەکان لە زەردەپەڕدا
باڵایان دەردەکەوێ
سەرچاوە زوڵاڵەکان
ئێواران جوانترن
ئێوارە ،
دووبانکە و بەرهەڵانیش
ئاوەدان دەکاتەوە ..

وتم
دان بە خۆتدا بگرە نەژاد
تۆ لە کوێ و
یارییە خەیاڵاویەکانی هەرزەیی لە کوێ ؟
ئەدی لانەی دڵ چی لێ دەکەی
کە نیشتمانت لێ داناوە ؟
وەك بۆی عەشق
نیشتمانی تێدا نەبێ ..

گەڵامەوە منارەی :
دەستم لە کانیان دەگۆڕا
دەنگی وردە چەو
لە دەنگی ملوانکە سادەکەی تۆ دەچوو
کە ژۆگاری ژەنگاوی
لە گەردنی داچکۆڵی

باڵ بگرە !
ئەی ئەو (خود)ـەی
هێشتا خەتی دانەناوە
باڵ بگرە !
بە خەندەیەك
بە چرپەیەك
بە چاو تروکاندنێك ، وەختییەتی !
وەختییەتی

لە پشکووتنی چرۆیان بگەی
لە شەونم ورد بییەوە و
ئاپۆرتی هەوران بخوێنییەوە ..
باڵ بگرە !
ڕۆ لەو دەردە خۆشە مەگرە
با نیشانەکانی
یەك بە دوای یەك دەربکەون .

چەند ڕۆژگارمان لە دەست چوون ..
چەندمان خەون دیتن ..
چەند هەڵەتمان بە ئاوی چۆکان بڕی
بە چەند تونێلاندا تێپەڕین
(کوا من) ؟

باران بوو
هێشتا ژەنگ
بە ناوە جێراوجێرەکانییەوە
وەك مێردەزمەیەکی ناوەخت ،
وەرزێکی نامێ ..
هێرشی نەهێنابوو
ئەوەی چاوەڕێمان دەکرد
کێنەواری چۆل
بە باڵای سایەی
کاژەکانی یەکەم دیدارەوە
لە زامێکی دووبەدەر دەچوو ..
بە بیرم ماوە
وتت: (بە قوربانت بم .. دەبەرت مرم)
وتم : خوا نەکا
بەڵام ترسم لەوەیە
چیرۆکی ئێمە
وەك زستانی نیشتمان
دوایی نەیێ .

ژەنگ
ژەنگ
ژەنگ
شایەدی زەماوەندی خەمبارمان
دەنگی زڕی بێدەنگیمان

ژەنگ
ژەنگ
قرچەی هاوین
سەهەندی زستان
ئایکۆنی جودایی و دابڕان ..
ژەنگ ،
ژێی ئاوازی پساندین
گۆرانیی تەمەنمانی هەتیو خست
دارستانی کاژە هەڵچووەکان
وەك تووڵەی نۆوانمان کوێر بووەوە .

ڕووەو باکوور
سەریان پێ هەڵگرتم ،
لە گەراجێکی لابەلای (نەغەدە)دا
سواری هەژدە نەفەریەکیان کردم
نازانم ئەوانەی لەگەڵم بوون
بەڵام من دڵم لەگەڵ خۆم نەبرد
دڵم بەجێهێشت ..
ئێستاش هەر لەوێیە ..

هیوایەکیان بێ بینینەوە نەهێشت
وەك قەڵەڕەشێك بەسەر وێرانەدا
بەیانیم ون کرد
تێشم لەگەڵ بەیانیدا ون کرد ..
لەو ساوە
بێ بەیانی ماومەتەوە
لەو ساوە بریندێکی قوو
کەوتووەتە جەستەی ڕوئیاکانم..
لەو ساوە (سەکۆ)
تاقی ئاسۆی گۆشەگیرییم !
قوللەی بابل ،
باخچە هەڵواسراوەکانی نەما
پێم چۆ نەکەن
مەنفا نەما پێم نەبینن
قاوەخانە نەما
سەری غەریبی
بە کورسییە شکاوەکانیدا نەکەم .

بیرت دەکەم
لە سەردەمێك
دەقەقە و سەعاتی بێ مەرگ تێناپەڕێ
بیرت دەکەم
کە زستانێ دەرکەوتی و
زستانێ ئاوا بووی ..

چوومە بەر ئاستانەی (نیپێر)
هاوارم بردە پێش (ئینلیل)
خوداوەند (ئانێ)
لە مەینەتی جودایی ئاگادار بکاتەوە
قوربانیم نەبرد
قوربانی بێ بەبەم
کە خێم ساڵەهای ساڵە قوربانیم ؟
دەکوژرێم و
وەك ئاردی ناو دێك
بە گوند و شاران وەر دەکرێم
پاشان لە خێڵەمێشی خێمدا
بێ مەرگێکی دی
تاراوگەیەکی دی
ژیانێکی پێ حوزنی دی
زیندوو دەبمەوە .

ئەو بەیانییە
کە پێمان گوت
(بەیانییەکی هەونەقدار)
کۆپەی ئاگر لە خەونەکانماندا
لە پەنجەرە واڵاکانی دەروونمان
نیشە نیشی بوو ..
تا لێك دانەبڕاین
هەستمان بە چزووی سەرما نەکرد
لەو کاتەوەێ ووو لە دەرگای خوا
دەپرسم
ئەوە چ بەڵایەکە
بێ عەبدی خێتت ناردووە خالیق!ێ
لە خاکێکی بچووکی گەردوون
ئەو هەموو خەونانەی پێ ببینی ؟

زەرم پرسی
لە لێزانان
لە ژنە قەرەجە فاڵگرەوەکان
لە دەروێشە خەرقە پۆشەکان
وەاڵمێکیان پێ نەبوو .
شاعیرە یادەوریيەکان
کە تەنیا بە بڵدەنگی دەردەبڕن
ڕۆی قوتابخانە
کووچە قەدبڵە چڵەکان
پەیژەی ماڵەوەتانم
کە بە هەوتی تاووس پێیدا دەهاتی ..

هاوزێدەکانتم لێرە لە گەرمێن
زەر دیتن
نە زەردەخەنە
نە نیگا
نە باڵای تەم
تیا ڕدیتن
نە بۆنی سێبەری سنەوبەرانیان
بە بیر هێنامەوە .

خەیاڵت دەکەم
کەمەڵك منداڵ دەورەیان داوی
تەش بە کەمەڵك
دەستەخوشکی هاوخەمەوە
بە کەستی زەمانە ژاکاو
بەڵام بە هەموویان
تاڵە قژێکی تۆ ناهێنن
کە بە ڕووی شنەی
زەردەپەڕدا سەما دەکا ..

هیچم بە دەستەوە نەما
دوای هەموو ئەو
خەنەبەندان و زەماوەندانەی
بە هەناسە و خوێنی ئێمەیان بەرپا کرد
هیچم بە دەستەوە نەما
لە چەند قەسیدەیەك بەدەر
سپێدەدەمان

که هێشتا دونیا نووستوه
داری نەستالیژیای پێ دەدەرم
شەستە تەنیا و بێ خاوەنەکانی
پێ گەسك ئەدەم
پاشان ،
بەپشتی شەکەتیان سەردەکەوم ..

لە ڕێگەوبانە بێ ناو و نیشانەکان
بێت گەڕام
(کوا ئێمە) ؟
ئێمە لە کوێین ؟
(کوا من)؟
کوا من تیشکی هەردەم دایساو !
کێنە هەواری
خەتانی وەجد و درەوشانەوە ؟
بیرەوەری دەنگ و ڕەنگ و بۆن ؟
کوا من ؟ ماچی نیوەچڕ ،
شیعری نەنووسراوم ؟
لەوەتەی تۆم ون کردووە
ژانی پەیامبەران دەچێژم
سەرابستان ڕامدەکێشێ
ڕۆژانە بەردی سیزیفم بەسەردا دەکەوێتەوە
قوڕنگم لە دەست دەپەڕێ
ئێستا بەستوون زۆر لە جاران ڕەقتر بووە
کوا من
ئەستێرەی دیتراو و نەدیتراوم ؟!

ئابی 2020

دوو شیعـــــــری عەبـــــــدوڵا

سەرمان(مەشخەڵ)

بەنی گوێ و خوێنی شەقام .. عەبدوڵا سەرمان(مەشخەڵ)

ئەمە فەرین هەتا بەنی گوێک دەکەین
دەیان دەپەڕ خوێنی سوور دەژنینە سەر شەقام و
ناو کوچە و کۆڵانی برسی
ئەمە فەرین هەتا ماچی عەشقێک دەکەین
سەدەها جار دەکوژرێین و
دەئاخنرێینە کونجی زیندان
جەستەی ورمان ورد دەکرێ زەر بە قورسی
کومان هەیە ووی تەبکەین سەر شەقام و
ناو بازاڕ و بن سەبەری کتێبی سووری خەم نەبێ
چیمان هەیە لێی بترسین، لەدەستی دەین
چەوسانەوە و ستەم نەبێ
ئەمە دەین و مەرگی خەمان
وەکو چەکی خەباتی سوور دەکەینە شان
بە سەرکەوتن لەم جەنگە چینایەتییەمان
دەبین بە روحی شوناس و بە زەردەخەنەی تەکەشان

٢٠٢٠-١٢-٣

ئەکسجین .. عەبدوڵا سەرمان(مەشخەڵ)

هەناسەیەکم بدەرێ ، بەقەرزیش بێت
با لەناو ئەم مەحشەرخانە چاو لێک نانەم
لەختوو و خەایی بوومە نەچیرێکی بەدەربەستی ئەو چەتانە
هەتا درەنگتر نەبووە ئازیزانم
خەمە لە خەتان و ماڵ و منداڵ بخەن
دەنا دەبنە پاروویی چەوری ئەو بیرەش و لەش کەتانە(*)
چ غەددارە سەرمایەدار چەند دە ساردە
ئەوەی بەی جێی بایەخ نەبێ ژینی منە
ئای داخەکەم وا وردە وردە دەبینە خەراکی مەرگ
چەندە سەختە لەم پەچە مەژووە تاریکە مەرگ هەیە
ئازار هەیە
ستەم هەیە

بۆنام بەهای ئینسان ونێ.

(*)کێتێ.. گەورێ، زل
)
٢٠٢٠

لێ ســـەراخت .. شیعـــر/ کـــاوێ عوسمان عومەر

جگێ لێ من
کێ شەوێکی ئەنگوستچاو
لێ کەنارێ ،
کێ جەستەی..
وەک مەلی تەریو،،
بێ بلانەیێ، بێ بەیارێ،،
کێ وەکو من،،
وشەی گوڵێ..
بێ ەوخسارت،،
چاوی سەمای ئەستێرەیێ،
بێ تاریکی شەوی تاڵت
کێ هەندەی من،
ڵێنگی زەردێ..
بێ شەوەی نامەت،،
بێ لەوی ئاڵت،،
کێ هەندەی من ..
لێ کەچایێ ،،
بێ دوای خەری..
نەو چاوانت.

سزا .. ن: ئەحمەد شاملو .. و: هەمن ئەمانی

لەڕ دا چوار زیندانە
بە هەر زیندان دووهەند داڵان
لە هەر داڵان چەند هەندە ژوور
لە هەر ژوورێک کەمەك پیاو پە بەست کراو…

ئەڵەم پە بەست کراوانە، کەسێک،
ژنەکەی خەی لە گەرمەی ڕەشی بوختانێک
بە زەوری خەنجەرێک کوشتووە.

کەسێک لەم پیاوە بەندیانە
بە گەرمای نیوەڕۆی هاوین، لەسەر کەڵان،
ژەمە نانی کەرپەکانی لە خوێنی نان فرۆشی چیەی زەدە خواز
خەڵتاندووە.

لەمانە چەند کەسانێکیان
لە ڕەژێکی تەریکی بارانا ویدا،
لەسەر ڕێگەی بەهرە خەرێک دانیشتبوون.

کەسانێکیان، لە بەدەنگی کەڵانەکا
بەسەر دیوارێکی کورتدا
بەسەر سەربان بازیان دابوو.

کەس گەڵکیان، نیوە شەوان،
ددانی زەیی تازە مردوویان، لە گەستانەکان دەشکاند.

بەڵام من هیچ کەسم بە تاریکی و شەوی زریان نەکشتووە
من سەر ڕێگام لە هیچ پیاوێکی بەهرە خەر نەگرتووە
بەڵام من نیوەکانی شەو
لە سەربانێک بە سەربانێک، هەنگاوێکم نەبزاوتووە.

لەڕ دا چوار زیندانە
بە هەر زیندان دووهەند داڵان
لە هەر داڵان چەند هەندە ژوور

لە هەر ژوورێک کەمێک پیاو پێ بەست کراو…

ئەڵەم پێ بەست کراوانە
کەسانێک هەن
جەستەی بە گیانی ژنانیان خەشتر دەوێ.
ئەڵەم پێ بەست کراوانە
کەسانێک هەن
لە بیریاندا ژنێک هەر شەو
لە ترسی مەرگ، بە ناخی دێ دەکا هاوار.

من ئەمما لە ژناندا هیچ نابینم
ئەگەر ئەم نیوەیەی کەمێ نەبینم من لە پێ، بەدەنگ.
بەڵام من
لەناو دەی کۆستانانی خەیاڵی خۆم،
جگە لە زایەڵەی بەستووی ئەهوەندی بانگی ئەم سەوزە گیا کەویانە
کە شین دەبن و دەژاکێن و وشک هەڵدێن و دەوەرێن،
هیچ نابیستم.

من ئەگەر
ئەم کێت و بەندە نەبووایە
لە کازیوەی بیانێکدا، لەوانەیە
وەک تارمایی یادەوەرێکی دوور،
تەدەپەڕیم
بە پانتایی بە بەرهەمی ئەم خاکە سارد و سڕە دا…
تاوان ئەمەیە!
ئەمەیە تاوان!

ن: ئەحمەد شاملو
وەرگێڕان: هەمن ئەمانی

پووکانەوە .. ستار ئەحمەد

لە تاریکی مەدۆ
شەوەکان لە بۆزاربوونتا دەلەرزن

روانگەت ژوانگەکان بەدە دەپچڕتەوە
ژاڵەیەکی ڕەخی لوتکەیەکی سیای
بیرکەی عەشقێك پەروەردەی کردی
لە بەهاری دیمەنا
بەسەر شەماڵدا هەیانوەراندی
لە گەرمەی سەرچڕپی کۆاڵی فێینا
کۆستانت جەهەنا
تریەك نەبووە گلێنەت
گەڵای سۆوك بڕی کچێنیتی نەماڵی
بۆ لە چرکەی یەکتر ژانکا
بە سمێڵی پیاوەتی ئەو رکێف کرایت
بە ژەهری وتەی زەردباوی
کەمەڵك خولیا
تاڤگەیەك سڕز
دەریایەك ڕز
وەاتێك سەربەرزی
پایتەختێك لە خزگەو
بەهەشتێك ژوانگەت کوڕ کردەوە
تکات لێناکەم
لە پاڵ سێبەری شکاو ,
درەختی کرمۆ ,
لارێتی تەفرەدا
چاوەکانت بە پڕووی برین دامەخە
تۆ دیووتە
بۆشاییەك لە نزمی
بانژەیەك لە خزگە
سەفەرێك لە بەدینەهاتن
لە چڕی ئەستێرەیەکا
چۆن دەخزێ بۆ لوتکەی سینەت ,
لە تاریکستانی بۆچوونتا
بوونت بۆ چارەنووسی توانەوەدەبڕێ
تەمەنت بەرەو گڕستانی پووکانەوە
گەردنت دەگڕێ

ستار ئەحمەد

ڕووبەرێکی خاڵی لە هەخنە .. سەدیق سەعید ڕواندزی

هەخنە بە گشتی و هەخنەی ئەدەبیش بە تایبەتی، یەکێکە لەو بواره گرنگ و هەستیارانەی، کە دەبێ بەو پەڕی ئاشکاویی، پیشەیی، بێ لایەنی و دادوەرییەوە، کاری تێدا بکەیت.چونکە کاتێ هەخنەگر دەکەوێتە ژێر کاریگەریەتی دید و ئایدۆلۆژیا، یاخود پاشخانێکی سیاسی ، ئیدی هەنگدانەوەی لەسەر خودی ئەو هەخنەگرتنە دەبێت و ناتوانێت لە نووسینەکانیدا لە ژێر ئەو کاریگەریەتییە دەرچێت. لە نێوەندی ڕەشنبیری کوردیدا، چەمکی هەخنە بە گشتی، لە ژێر کاریگەریەتی گەلێك خاسیەتی کەمەایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و شارچییەتی دەنووسرێت. تەنانەت زۆرجار ئەوەی دەنووسرێت، تەنها ناوی هەخنەیە، دەنا زۆر بە هووڕنی خوێنەر دنیابینی و ئەو کینە سیاسیی و ئایدۆلۆژییە دەناسێتەوە، کە لە پەراوێزی بە ناو هەخنەیەکی ئەدەبی یان هونەری، هەخنەگر دەیکاتە بابەت و لە پێناو مەرامێکی سیاسی هەخنەی لێ دەگرێت. لەو ڕوانگەیەوە، کتێبی (ڕووبەرێکی هەخنەیی) کە (دفوئاد هەشید) نووسیویەتی و لە کەمە لە وتارێکی سادە، بە ناوی هەخنەکردن لە کایەی هونەری و ئەدەبی کوردی پێکهاتووە، نموونەیەکە لەو جۆرە هەخنانە. چونکە ئەویش لەو کتێبەیدا، بە شێوەیەك خوێندنەوەی بێ دراماییەکی داهێنەرانەی وەك گەردەلوول کردووە، کە خوێنەر سەیر دەکەوێتەوە لای کە چۆن کەسێکی ئەکادیمی کە پسپۆڕایەتییەکەی بواری هەخنەیە، هێندە بە میللی و سادە لە گەردەلوول گەیشتووە.

ئەم کتێبە، ئەوەندەی دیدێکی ڕاگوزەر و ڕووکەشە بێ خوێندنەوەی بەشێك لە کایەی ئەدەبی و هونەری ئێمە، ئەوەندە ناچێتە نێو چوارچێوەی شێوەیەکی ئەدەبی و هونەری، یاخود هەخنەی لێژیکی و مەعریفییانە. بێگومان، بنەمای هەخنە گرتن، دیاریکردن و سەرلە نوێ بیناکردنەوەی ئایدیاو تێگەیشتنێکی هەیە، ئەگەر بوونی هەبێت. بەڵام کاتێ هەخنەگر بە دیدگایەکی سیاسی وئایدۆلۆژییانە، یاخود هەر تەنها لە پێناو نووسینی شتێك بە ناوی هەخنە، هەخنە لە هونەرو ئەدەبی نەتەوەکەی دەگرێت بە نموونە، بێگومان ئەمانە ناچنە چوارچێوەی هەخنەوە. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە، پیشەیی بوون و

بۆ لایەنیبوون، خەستەتکی هەرە سەرەکی کارەکتەری هەخنەگرە. هەر هەخنەگرێکی ئەدەب، لە پەراوێزی بە ناو هەخنەکەیەوە، تیری بە نموونە لە شەش، خەباتی شاخ، شەشی نوێ و یاخود یەکێتی و پارتی گرت، بە دنیایەوە دنیابینی هەزار فرسەخ لە هەخنەگرتنەوە دوورە. چونکە ئەمە کاری سیاسییەکانە، نەك هەخنەگری ئەدەبی. یەکێك لەو وتارانەی لە دووتوێی ئەو کتێبەدایە، وتارێکی نووسەرە بە ناوی(لە گەردەلوولەوە بۆ گەندەڵبوون). بۆگومان بە تەنها سەرنجدانمان لەو ناونیشانەدا، بەسە بۆ ئەوەی بزانین نووسەری کتێبەکە مەبەستی هەخنەگرتن لە گەردەلوول چییە. یاخود چۆن لە هەخنەی هونەری گەیشتووە.
بەرلەوەی لەسەر دیدگای نووسەر بوەستین لە بارەی ئەم درامایەوە، بە پێویستی دەزانم ئاوردانەوەیەکی مێژووی بکەین.
لە دوای درامای ژاڵەوە کە لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بەرهەم هێنراوە، تا دەگاتە گەردەلوول، هەر کەسێك کەمێك شارەزایی لە بواری هونەری درامای کوردی هەبێت، دەزانێت بڕشایەکی هونەری گەورە لە بواری زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی، لای بینەری کورد دێتە ئاراوە. ئەم بڕشایە بەردەوام دەبێت تاکو درامای گەردەلوول بەرهەم دێت و جارێکی دیکە بینەرو درامای کوردی، دەکەونە نێو چوارچێوەی فەزایەکی هونەری تازە، لە بواری زنجیرەی تەلەفزیۆنیدا.گەردەلوول نەك هەر هەنگاوێکی تازە بوو، بگرە بە بۆچوونی من، داهێنانکیش بوو لە بواری هونەری درامادا لە مێژووی هونەری کوردی. چونکە لە دوای ژاڵەوە، کە هی قەناغ و نەوەیەك بوو، تاکە درامای کوردییە لە ئاستی جەماوەریدا، بینەرێکی زۆری لە هەموو تواژەکانی کۆمەڵگە هەبێت. ئەمە ڕاستییەکە و بۆتە مێژوو، ئیدی کەسانێك نایبینن، یاخو مەبەستییانە لە بایەخی ئەو داهێنانە هونەرییە کەمبکەنەوە، تەنها لە پێناو شکاندنی دەسەڵات، ئەمەیان پەیوەندی بە تێگەیشتنی خۆیانەوە هەیە. گەردەلوول لە بەرایی هەموو شتێکدا، مێژووێك دەگێڕتەوە، کە سەرمایەکی هەمزی گەورەی نەتەوەیی ئەمەیە و بەرهەمی ئەو سەرمایە هەمزییە، هووبارێك لە خوێنی شەهیدان و مێژووێك لە داستانی قارەمانییەتی و نەبەردییە. کەچی نووسەری ئەو کتێبە، گەردەلوول کورت دەکاتەوە بۆ هەندێك لێکدانەوەی سادە و میللی، کە ڕۆژانە ئەمە لە شەقام وشوێنە گشتییەکان، گوێبیستی ئەمجۆرە پەلارە سیاسی و ڕۆژانەییانە دەبینەوە. بۆ نموونە نووسەردەنووسێت درامای گەردەلوول ئەمەمان پێ دەڵێت:

(ئەمە دوێنێ ماندووبووین، بۆیە ئەمڕۆ دەبێ بە کەیفی خۆمان و بە

دێی خۆمان بژین. لا122).
(دراماکه دەڵێت دەبێ سوپاسگوزرابن، کە لە کێ بەعس و ملازم موحسینمان کردنەوە. لا 122).
(دراماکه پێمان دەڵێت ئەمە بەو شێوەیە لە شاخ ژیاوین، بۆیە مافی خۆمانە لە شاردا هەرچییەك بکەین. لا122).
(ئەمە چ گەردەلوولێك بوو، گەندەڵی بەرهەم هێنا. لا124).

لە ڕاستیدا، کارەساتە پسپۆرێکی بواری ڕەخنەی ئەدەبی، ئەمە زمانی گوزراشتکردن و تێواننی بێت بۆ گەردەلوول. لە کاتێکدا ڕەخنە گرانی دەرەوەی بواری ئەکادیمیەکەی خۆیان، بە نەزان و نەخوێندەوار دەناسێنن. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە، چ بۆ ئاگایەکی گەورەیە لە بواری هونەردا، کە دراماییەکی پێ بینەرو بە چێژو داهێنەرانەی وەك گەردەلوول، لەو دەربێنە سادە و کینە ئامێزانە کورت بکەیتەوە. گەردەلوول، کە بووە بەشێك لە مێژووی هونەری کوردی، ڕەهەندەکانی نەك هەر لەوانە کورت نابنەوە، بگرە ئەمانە هیچ پەیوەندییەکییان بە تیمە و ناوەرۆکی ئەو دراماییەوە نییە. لە بەر ئەوەی گەردەلوول، هەر تەنها یەك چیرۆك و تیمەی تێدانەبوو، بگرە بواری کۆمەڵایەتی، ڕۆمانسی، ئایینی، سیاسی، هاوڕێیەتی، شارو جوانییەکانی دۆڕێ، دەیان خاسیەتی دیکەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەسی و فەرهەنگی تێدابوو. نازانم نووسەر کە دراماکه لەو وتانە دا کورت دەکاتەوە، کارەکتەرەکانی وەك(باران و هەنارو وەنەوشە و چڕ و فاتح) و دەیان لایەنی دیکەی ڕۆمانسی ئەو دراماییەی بینیوە؟. بە هەزاران لە بینەرانی دراماکه، ئەولایەنانەیان هەر بە خەیاڵیش دانەهاتووە، کە نووسەر باسی دەکات و تەنها فۆکسییان لەسەر چیرۆکی خۆشەویستی و ڕۆمانسی ئەو کارەکتەرانە بووە، کە بەشکییان دواتر بوونە ئەستێرەی هونەری کوردی. ئەم جۆرە بینینانە بۆ دراماى گەردەلوول، بینینی نا هونەری و بۆ ئەرزش و دوورن لە بنەمای ڕەخنە گرتن.

گەردەلوول، لە ڕووی ناوەرۆك و گوتاری هونەرییە، زۆرە لەو پێ مانماترو گەورەترە، لەو قسە سادەو دەردەدانەی کەسەکان کورت ببیتەوە. پەیامی ئەم دراماییە، پەیامێکی مێژوویی و مرۆییە. پەیامێکە، نیشانی دەدات کە چۆن گەلێك، بە دەستی دەسەڵاتێکی ستەمکارو چەوسێنەر، چەوساوەتەوە هەموو مامەڵەیەکی نامرۆییانەی لەگەڵ کراوە. پەیامی ئەم دراماییە، هەرگیز بەو مانایە نییە، کە ڕەوایەتی بدرێتە هەڵە و کەماسی و کەمو کورتییەکانی دەسەڵات و حوکمڕانییەتی کوردی. ئەگەر نووسەر وەها لە گەردەلوول گەیشتووە،

بە دڵنیاییەوە من بەو شێوەیە لەو دراما یە ناگەم، کە تا مێژوو ماوە، لە یادەوەری من وەك بینەرێکی ئاسایی دەمێنێتەوە. بە پێچەوانەوە، گەردەلوول جارێکی تر، بینەرودرامای کوردی ئاشت کردەوە، کە بۆ ساڵانێکی دوورو درێژ بوو، لە ئاستی هونەریدا، دابڕانێکی گەورە لە نێوانییان هەبوو. مانەوەی ئەو دراما یەش لە هزرو بیرەوەری مرۆڤی کورد، خێی لە خێیدا پشتڕاستی ئەو بڕچوونەی ئێمە دەکاتەوە.

_____

پەراوێز* ووبەرێکی ڕەخنەیی، نووسینی: دڤێاد ڕەشید، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کوردکەرکووك_2011

ئەم باب ەتە لە ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ ژمارە(1154) ڕۆژی 3/12/2020 بڵاوکراوەتەوە….

فۆشێلی فیکری سیاسیی نوخبەی ڕشنبیریی کورد .. ئاسۆ جۆهەر

ئاراس فەتاح و مەریوان وریا قانع لەو وتارە هاوبەشیاندا (عەراق لە فۆشێلی بنیاتنانی نەتەوەو بە دەوڵەتی فاشیل) کە نووسیویانە زیاتر بە نەقیزە تەوژمنیینە لە ناسیۆنالیزمی کوردیی و شوبهینە بە ئەوەی کوردایەتیی بەشت و پێزی زیاتر بێت. بەتایبەتیی بە ئاراس، ئەمە بە فیکری سیاسیی ئەو نایاتەوە کە خێی بخاتە سیوسیوەی ناسیۆنالیزمێک(کوردایەتیی)ەوە کە ٨٠ ساڵێ کەم و زووخاوی فاشیزمە سیاسییەکەی دەخاتە گوبڕنەی بزوتنەوەی "رزگاریخواز"ی کوردەوە.
ئەو دوو نووسەرە، ئاماژە بەوە دەکەن کە گرووپەکان لە عەراقدا متمانەیان بە دەوڵەت نییە و بە پێجەوانەشەوە دەوڵەتیش متمانەی بە گرووپەکان نییە و گرووپەکانیش متمانەیان بە یەکتر نییە، بەڵام ئەوە ناخەنەروو، بۆچی لە مێژووی عەراقدا ئەم متمانەیە دروست نەبووە؟ هەکارەکەی چییە، دەوڵەتێکی وەك عەراق متمانەی بە گرووپ و

بزوتنەوە چەکداریيە ناسيۆنالیزمە کوردیيەکە نەبووە؟ لە کاتدا بە درێژایی مێژووی عێراقی هاوچەرخ، ئەو بزوتنەوە چەکداریيەی کورد، کرێگرتە و جێبەجێکاری ئەجێندای موخابەراتی ئێرانیی، ئیسرائیلیی، ئەمریکیی و تورکیی، هتد.. بووە و هێن، ئەمە چۆن متمانەی پێدەکرێت؟

بۆچی ئەوان، لەسەر ئەو بابەتە قوڕنابنەوە(لەسەر ئەو بابەتە قسەیانکردووە و وتارەی ئەم هەفتەیان دەربارەی هەرەمی کوردستان بوو)، ئەوەی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ "پێشسازیی بەرهەمهێنانی ترس"ی لە هەرەمی کوردستان گرتەپێداوە ناسیۆنالیزمی کوردیی بووە. بەڵێ حکومەتی هەرێم و ماشێنە ئایدۆلۆژیيەکەی(کوردایەتیی) بووە، نەک دەوڵەتی عێراق، ئەو حکومەتەی کە هەوڵێر و بادینانی کردووە بە کایەی خەساندن و تەقاندنی ئەو مرۆڤانەی کە داوای بچووکترین مافی ژیانی خەیان دەکەن کە بژێوی ژیان و ئازادیی بیيرۆڕایە؟ ئەمە ئاگەڕ نزیکی فیکری سیاسیی و لەبەر خاتری کوردنامووسیی نەبێت چیيە کە چاو لە بە تاڵان بردنی سامانی نیشتمانیی و بوونی دەیان بنکەی سەربازیی و موخابەراتیی فاشیزمی تورکیی بپێشێت و فزێت لەوەنیيت کە بە قانون و دەستور و فاکتە ئەکادیمییەکان ئەمە وەک مرۆڤی کورد نزیک بە حەوت میلیۆن لە جیۆگرافیای سیاسیی عێراقدا دەژیێن کە بوونی سوپای تورکیا لە خاکی هەرەمی کوردستاندا داگیرکارییە، بەڵام بە دەوڵەتەکەی خەمان کە عێراقە پێشسازیی بەرهەمهێنانی ترس؟ لە ڕێگەی نوخبەکانمانەوە، بەرهەم دەهێنینەوە. ئەو نوخبانەی بەردەوام ڕەخنەی سەطحیی لە پارتیی و یەکێتیی دەگرن، بەڵام لە باری فیکرییەوە، خزمەتی گەورە بەم عەمالەتە ئیقلیمییەی کوردایەتیی بەگشتیی و بە پارتییش بە تایبەتیی دەکەن.

بە هەمان دەربڕینی خەیان کە دەوڵەتی عێراق "لە شستەکانیشەوە تووندوتیژییو سوپاو ئەمنو موخابەراتو بەکارهێنانکی نابوتی ئابووری نەوت، دیپارزێت"، هەمان بۆچوون بە قەوارەی هەرەمی کوردستان-عێراق دروستە و بەسەریدا جێکەوت دەبێت، ئەوا نزیک بە ٣٠ ساڵە بەم دەستورە لایەن کامفامترینین سیاسییەکانی دونیا و دونیای کوردایەتییەوە داگییرکراوە و بەڵێوەی دەبەن. ئەوەی ئەم هەرەمە دەپارزێت گاردکانی کوردایەتیی نییە، بەڵکو هەڵەتەکاندنی ژێرخانی وەاتەکەیە بە کەمپانیا بیانییەکان و ئەو چەتەگەرییەیە کە بە نەوت و گازی نەوکانی ئێستا و داهاتووی هەرەمی کوردستان-عێراقەوە دەکرێت. لە هەمووی مەسخەرەتر، نووسەران، باسی تووندوتیژیی و سوپا و ئەمن و موخابەرات دەکەن کە کۆکەی سەرکیی عێراقە، بەڵام خەیان لە عەمالەتە ئیقلیمییەکەی ئیلول نادەن کە بە دەستووری موخابەراتی ئێران، ئیسرائیل و ئەمریکا، شێوان بە عێراق فرۆشت!

هەڵکارەکەی ئاوێنە کوردەناموسیی و سیلەی ڕەحمی ناسیۆنالیستانەی ئیم دوو برادەرە، نەک هەر تەجاوزی کوردایەتییەکەی مەلا موصطەفا و ئیبراهیم ئەحمەدی نەکردووە، بەڵکو لە ساڵی ٢٠٢٠ دەمزەردی دەکەنێوە و بە زمانی نوخبەوە، بە دزەکانی ئێستای کوردایەتیی، ئیرایزی دەکەن.
ئاوان، ئاوێ دەخەنە ڕوو کە عێراق سێ پێکهاتەی جودای بەمتمانە بایەکی هەیە، دیانەوەت بە کەک-ی ناسیۆنالیزمی کوردیی ئاوێ حەشار بدەن کە دەوڵەتی کوردییان دەوێت و دیانەوێت عێراق پارچە بەبەت و لای ئاوان ئاو پێکهاتانەیشی کەهایە ناسازو ناکۆکن. لەریشەوە بە ناڕاستەوخۆ، حەماسی کوردایەتیی و تەعەصوبی ناسیۆنالیستانەیان، بەرامبەر عەرەب، عێراق و شیعە هایە، ئەمە لە کاتێکدایە، بە مێژووی دروسبوونی عێراق، عەرەب و کورد لە ئاستی کەمایەتیی و کولتووریی و تەنانەت بایەلۆژیی-یشدا هەندێ ئێستا تێکەڵاوی یەک نەبوونە و لە ڕاستییشدا لە شێستکانەوە تا ئێستا، ئاوێ سیاسییەکانی کوردایەتیین، گێچەڵە بە دەوڵەتی عێراق، دەکەن.
ئاوێی ئاو دووانە لەدەون، هەر ناسیۆنالیزمە مەدەنییەکیانە، بەڵام لە ژێر ناوی ڕەخنە گرتن لە عێراق دێری دەربەن و گێچەڵی ناسیۆنالیزمی مەزهەبیی(سوننیی) کوردییە، گێچەڵی ناسیۆنالیزمی طائیفیی طەریقەتیی کوردایەتییە بە شیعەی عێراقی دەکەن. پێشتر، باوەڕم وابوو لە هەموو مێژووی ئیم کوردایەتییە فاشیل و عەمیلەدا، ئاگەر مۆنەظیرەکی هەبەت ئاوێ مەریوان وریا قانعە، بەڵام بەداخەوە، ئاراس فەتاحیش بووە مۆنەظیری دووەم بەم وتاریاندا. لە کاتێکدا ئاوێی ئاگای لە فیکری سیاسییان، بەت و ئەدەبییاتی ئیم دوو نووسەرەی بە جیا خوێندبەتەوە، هەست دەکات روئییەی سیاسیی ناو ئاو وتارە، بەچوونەکانی مەریوانە و ئیملائاتەکەی بەسەر ناوی ئاراسیشدا تەطبیق بووە.
وەڵای ئاوێی هەڵومەرجی سیاسیی بە دەوڵەتی نەتاوێیی کورد لە کوردستانی عێراقدا، دوا بزماری لەدرا لە لایەن رائیدەکانی کوردایەتییەوە لە ریفراندەمدا، ئاوێی منیش بزانم ئیم دوو نووسەرە، جورئەتیان نەکرد ڕەخنەی جدیی لە ریفراندەم بگرن، بەڵکو تکایان لە پارتیی و لە بارزانیی دەکرد کە دەبە حکومەتکی نیشتمانیی و سوپای نیشتمانیی و رازییکردنی خەڵکمان لە پشت بە ئاوکات، باسی سەربەخۆیی بکەین. لای کەم لەم سەردەم و قۆناغەدا، عەقڵی سیاسیی، توانا مرۆیی، ئابووریی، نەودەوڵەتییەکان بەشی ئاوە ناکات و یان هەز و بەستی ئاوە نییە گەلی کورد لە هەرەمی کوردستان-عێراق دا جیۆگرافیای سیاسیی خێ جودا بکاتەوە و دەوڵەت بوونی خێ رابگەیەنێت، ئەمە لە ئەرزی واقیعدا و لە زانستی سیاسیی

و فیکرییشدا سختە و باجی گەورەی مەترسییداری بۆ زیانی کورد لە پارچەکانی تری کوردستانیشدا دەبێت.
مرۆڤ ئاگادار رۆشنبیر بێت، هەندەی یەک مەیمونی-شۆمپانزیی- ئاخلاقی سیاسیی و مەعریفەی سیاسیی لە بوونیدا هەبێت ئەو دزییەی چەتەکانی کوردایەتیی لە گەلی کوردی دەکەن و ئاجەندا کانی فاشیزمی تورکیی بەسەر ئەزیدخاندا جێبەجێ دەکەن قەپ و قۆی لێناکات! نەک چەلەحانی سیاسیی بکەیت و کوانوو لە عێراق و شیعە قانبدیت و کینەی نەژادیی بۆ ناوی رەخنەوە بەڕێزیت. شتێک کە زۆر باکەش، نووسەران، ئەوە ساغ دەکەنەوە کە کەنتراکتەکیان لەگەڵ "دەو مەدیا"دا هەیە و ئەم نووسیینانە بۆ عەرەبیی وەردەگێڕن. بەدەر لەوەی بۆ دوو نووسەری ناسراوی کورد، عارەکی گەورەی رۆشنبیریی و ئەدەبییشە بۆ کوردیی بۆ گەلی عێراق بنووسن و بۆ کەنتراکت بێیان وەرگێڕن. راستیی ئاگادار ئەو وتارییان بۆ عەرەبیی وەکو خۆی وەربگێڕدرێت، ئەوە گەنجانی عێراق، گەنجانی بەغداد و بەصرە و شارەکانی تری عێراق، چۆن نەفرەتیان بۆ دزەکانی کوردایەتیی دەنارد، نەفرەتیش بۆ ئەم دوو نووسەرە و نوخبەی نەتەوەپەرست و نەژادپەرستی کورد دەنێرن.

ئێستا لە دوای ئەوەی حەماسی بارزانیی و پارتیی و حیزبە نەتەوەییەکانی تر نیشتووەتەوە، لە کاتێکدا خەڵکی کوردستان و بەتایبەت گەنجان بۆ دەست بەکاریی، هەژاریی و نەبوونیی و بۆ پارەییەوە دەناڵێنن. ئەم دوو نووسەرە تاراوگەنشیینە، حەماسی کوردایەتییان رەپ بووە و دەستیان کردووە بۆ ئەهریمەنکردنی عێراق و عەرەب و پێکهاتەکانی عێراق، ئەمانیش راستەخۆ و ناڕاستەوخۆ، خزمەتێکی بۆ بەرامبەرە بەو چەتەگاریی و عەمالەتە ئیقلیمییەی کوردایەتیی..

برسیەتی .. کێنعان مدحەت

ئاژ لە دوای ئاژ
ئەنگاڵە گەرانییەکانی جارانی شاخ
کاتەر دەبن
ئەشک ، لە هەشووەو ، گەم و
دەریاچە پێکدێنن

مەلە لە کشی سورا ، مەگەر پست ،
شەقار شەقار ناکا و
توژاڵ توژاڵ
نایوەرنە .. ؟

هەسن ،
پشت لەو بەهشتی کەن
کە لە پلاستیکە ئاوی بەتاڵ و
نایلۆنە کیسەی ژەهراوی ئەرە و ئەوی ،
پشتگوێ خراو
بونیات ناوە …
هەسن ،
ئەو دوبەی_ە کوردیە شەو کوەرە و
(قودس) و (دەە) لە پەکراوە
لە خەیان و مەسینە گرانی بە دوویانەوە
بە جەبەن
تا روبەڕبەکی فراوانتر
بە ژینگەی دیالەگ و ەا گەین
دەچریسکێنرە

_ کەی کەەشەری فەرە شار
وەک هاوتاکانی سەر ستارە و سیرکەوان
دەقوقێنە ؟
شەری دەستەمەکراوی خەپە و
خنجیلانەی خەواەە
خە ەادەتەکێنە ؟

برسیەتی
گەیشتووەتە لووتی
چیتر گەدەی پە سە ناکرێ
ئیستا ،
کەمەکی دی
یا چەند مانگەکی تر
تاوی یەکلاکەرە دژ بە تەری
چەک بە یەک وەرزەی لەخوەین دەنێ

برسیەتی ..
برسیەتی.. برسیەتی.....

برسیەتی ،
گەیشتووەتە لووتی !

April 2019

قسەکەری بزوتنەوەی گۆران بەرپرسە حکومیەکانیەتی نەک پەرلەمانتارەکانی .. ئاسۆ کمال

هەموو حزبێک لە دەستپاکدا کردەوەکانی دەردەکەوێ. بزوتنەوەی گۆران لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا لێشاری سلیمانی نیشانی دا کە هاوبەشی میلیشیاکانی یەکێتیە لە سەرکوتی خۆپیشاندەرانی موچەدا. ئەمە هەموو پەوپاگەندە و بەیانەکانی ئەم حزبە و ئەندام پەرلەمانتارەکانی سەبارەت بە مافی هاوڵاتیان و پشتیوانی داوای موچەیان بە درۆ دەخاتەوە..
دروشمی " نا بەدەستهاتەکی ستەمکار، نابەپەرلەمانی کارتەنی، نابە ئەپەزسیۆنی ساختە" پەاوپە ووە بە قاڵبی بزوتنەوەی گۆڕانە و ئەبەت بەرامبەر بە گردی گۆران و پارێزگاری سلێمانی بەرزبکرێتەوە، چونکە گۆران هەم لە دەستهاتدا ستەمکارە و هەم کۆمەکێکی پەرلەمانێکی کارتەنیە و هەم ئەپەزسیۆنێکی ساختەشە.
گۆران لە دەستهاتدا ئەندازیاری بەینی موچەیە وەک وەزیری دارایەکیان، لە پەرلەماندا کارتی فشارکەن بە بەشی حزبەکیان لە ئیدارە و داهات شۆڕ دەکا و بونەتە بەشێک لە سیستمی دەستهاتداریتی و پەستی حکومیان پە وەرگرتوە. لە ئەپەزسیۆنیشدا خەریکی هەڕەشەتاندنی خەڵکن بەوەی دزیەکانی دەستهات ئاشکرا دەکەن وەک عەلی حەمە ساڵح و بەرام لەپاڵ یەکێتیشدا فەرمانی سەرکوتی خۆپیشاندەران دەردەکەن و لە پاڵ پارتیشدا لە شیرینی نەوت موچەی پلەباڵاکانیان دابین دەکەن.
ئەم ڕاستیانە زیانبەخشیەکانی دیموکراسیانەی هەڵبژێردراوی گۆڕانی ،وەک مەریوان وریا قانع، دەرخست ، کە ئەگەر لە جیاتی بنەماڵە حزبێکی مەدەنی و لە جیاتی وەزیرە حزبیەکان

تەکنەکراتەکان حکومەت بەیوە بۆرن هیچ لە بۆرنامەی حکومەت و چنیەتی دابەشکردنی موچە و خزمەتگوزارە گشتیەکان ناگۆ و هەمویان لەسەر ئەو بۆرنامە نیولیبرالیەی هەژارترکردنی هەژارەکان کەکن و بە کردەوە پیادەیان کردوە لە کاتکدا بەشک بوون لە دەسەات یان ئەگەر ببنە بەشک لەو دەساتە. هەرچن بینیمان کە وزیرەکانی گەان و ئیسلامیەکان لە پیش یەکەتی و پارتیەوە بوون بە سپاندنی پاشکەوتی موچە.
لەردا خەک گەیشتە ئەو جگایەی کە بەدوای بدیلکی تردا دگەە لەدرەوەی ئەپزسیەنی بورژوازی و پرلەمان..

ئاسە کمال

دەسەاتك كە ژیانكی شكەمەندانە بە خەكەكەی دابین نەكات ئەبت وەلابنرت!

لەم دوو ەژەی دواییدا سەدان لەمامستایان و فەرمانبەران و كارمەندان و خەكی بەبەش لە شاری سلەمانی هاتنە سەر شەقامەكان و ناەزایەتیان دەربی بەدژی بینی موچەكانیان و وەرگرتنی تنها چوار مانگ موچە لەتەواوی سای ٢٠٢٠ دا.
داواكاریان ئەوە بوو كە موچەكانیان پبدرت تاكو بتوانن پداویستیەكانی ژیانیان دابینبكەن. بەام حكومەت و دەسەات لەم زنەی كە یەكتی نونەرایەتی ئەكات لەجیاتی وەامدانەوە بە داواكاریەكانیان فەرمانیدا بە میلیشیاكان كە سەركوتی ناەزایەتیەكان بكن. لەئنجامدا پەلاماری مامستایان و فەرمانبەرانیاندا بە گازی فرمسك ەژو تەقەكردن و دەستگیركردنی ژمارەیكی زر لیان.
دەسەاتداران لە هەردوو زنی سەوزو زەرد خەكیان لە هەژاری و بكاری و نەبونی پداویستی و خزمەتگوزاریە مەدەنیەكان محروم و بەبش كردووە، ئەمە جگە لە پەتای كرونا كە خەك گیردەی بووە. دەسەاتداران شكستیان خواردووە لەچارەسەركردنی ئەو قەیرانە

ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و حکومەتیەدا کە تێی کەوتوون، بەڵام ئەیانەوێت ئاکامی ئەو قەیرانانەیان بەسەرسەری خەڵکدا بشکێننەوە، ئەو حکومەتە ئەبێت سەرکەنە بکرێت نەك خۆپیشاندەران؛ خۆپیشاندەران داوای ژیانێکی باشتر ئەکەن. دەسەڵات ژیانێکی کولەمەرگی بەسەر خەڵکدا سەپاندووەو ئێوەت دەنگیش هەڵنابڕن! موچەو کرێی مامۆستایان و فەرمانبەرانیان بڕیوەو نایدەن، ناڕەزایەتیش بە تاوان حساب ئەکەن بڕیە تەقەیان لێئەکەن و دەستگیریان ئەکەن.
ئێمە لەدژی ئەم کارو کردەوانەی دەسەڵاتداران ئەوەستینەوەو داواکارین دەستگیرکراوەکان دەستبەجێ ئازاد بکرێن. هاوکاتیش داواکارین لەڵکخراوەو یەکێتیە کرێکاریەکان و پارت و ڵکخراوە سۆشیالیستەکان و ڵکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە جیهاندا دژی ئەم کردەوەیەی میلیشیاکانی دەسەڵاتدارانی کوردستان بوەستن و سەرکۆنەیان بکەن لە پەلاماردانی ناڕازیان و داوا بکەن کە:

١. دەستبەجێ دەستگیرکراوەکان ئازاد بکرێن.
٢. مافی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕین بەهەسمی بناسن و ڵزی لێبگرن.
٣. سەرجەم موچەی نەدراوی مامۆستایان و کارمەندان و فەرمانبەران بدەن.
٤. خزمەتگوزاریەکانی وەك ئاوو کارەباو تەندروستی و باقی مافە سەرشانەکانی خەڵک دابین بکەن.
ناوی ژمارەیەک لە مامۆستایان و خۆپیشاندەران کە دەستگیرکراون:
١. عادل ئەحمەد
٢. ئاکۆ جەمال
٣. ڵبوار مەجید
٤. سادق هەڵەدنی
٥. بەهمەن ئەحمەد
٦. هاوڵێ ئەحمەد
٧. شەرکۆ سەعید
٨. سامان تاهیر
٩. مادح هەورامی
١٠. دیاری
١١. نەوشیروان
...
ڵکخراوی دەرەوەی وڵاتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
٣ ی دیسەمبەری ٢٠٢٠

کە ساڵە شتێکی کوشت؟ .. نووسینی: یوسف عزەدین

گەڕانەوەیەکی نیمچە بکەتا لەجوگرافیای گەڕانەوەی کوردیدا

[مەنووسن؛ بەنووسین دەچنە نێو دنیایەکی پڵڵەنەهامەتی و تەنهاییەوە، هەروەها جۆرەکیش لەخۆشاردنەوە لەدنیا.. کردەی نووسین وەک ئەوە وایە لەگروپێکی ئایینییەوە فەرمان وەربگریت.. بەکورتی و پوختی نووسین دەردە...!؟] پێڕ ئێستەر

عەلی کەریم دانەری ڕۆمانی 'کە سالە شتی کوشت'، لەدوایینکانی تەمەنیدا بەقەولی پێڕ ئێستەر، دەچێتە نێو دنیا پڕ لەنەهامەتی و دەرد ئامێزەکەی نووسینەوەو لەپەنجاو نە ساڵیدا لەمسکە دەبێتە هاوڕێی عومەر بابەکر سەلیم و هەر ئەویش لەپێشەکی بەرگی یەکەمی ڕۆمانەکەدا نووسیویەتی:
{ بەهەی تامەزرۆیم لەخوێندنەوەی کوردی و کێی شیعری لێو کاتانەدا باسکان هەنیانە سەر ڕۆمانەکەی دکتەر عەلی و پێیوتم کەبەتاقەتی شتێکی نووسیوەو حەز دەکات بیخوێنمەوەو بزانم چۆنە، هەر لەم خاڵەوە تا ٢٠١١ ئێگەر بڕۆم ئەم ڕۆمانە زیاتر لە ٣٠ جار نووسراوەتەوەو گەڕانکاری بەسەردا هاتووە لەلایەن خودی دکتەر عەلی-یەوەو بە خەشم دێیان جار تەماری دەنگیم بە کردووە تا لەستەکان و دەربەینەکان دنیا ببمەوەو دەربەینەکان سادەو بە کەشبەن. هەر کاتێک تێبینییەکم دەدایە، ئەو نەدەهات ئەو خاڵە ڕاست بکاتەوە یان بیگۆڕێت، بۆکو لەسەرتاوە ڕۆمانەکەی دەنووسیەوە، تا هەستم پێکرد، ئیتر وازم لەتێبینییەکان هەناو تا تەواوی نەکرد پێیدا نەچوومەوەو تەنها وشە عەرەبییەکانم کەهەندێک جار هەبوون، لەستەکاندا دەگەینەوە بەوشە کوردییەکان}
جگەی ئاماژە پێدانیشە، کەنامەیەکی عەلی کەمال بە عومەر بابەکر سەلیم، لەپێشەکی بەرگی یەکەمدا بۆکراوەتەوەو تێیدا هاتووە:
{ یەکەم.. باسی کوشتنی سالە شت؛ لەکەتایی بەرگی دووهەمدا تەواو

دەبێت.. لەبەرگی سەهەمدا سالێ لەئاسمانەو بووە بەملائیکەت لەبەهەشت، لەهەموو تەنگ و چەڵەمەیەکدا ڕەحمی سالێ پەیا ئەبێت، بە یارمەتی دانیشتوانی سلێمانی.. کاک عومەر، بەوام پێبکێ بەرگی سێهەم ئەمێندێ بەرزە خەم سەرم لێدەرناچێ، چەن شتی واخەش و پێ لەنوکتەو پێکەنینم بەخەیاڵدا هاتووە}
لەم سەرەتایەوە، ئەگەر منی نووسەری ئەم کورتە خوێندنەوەیەش شتێکی ئەوتۆ نەدرکێنم؛ ئەوە خوێنەری زیرەک دەتوانێت هێدی هێدی لەپەنهان و نهێنیی کێدەکانی ئەم دانەرەو هاوڕێکەی بگات و کەمێک لەماجەراکانی پشت کەوالیسی کردەی گەڵانەوەی'کە سالێ شێتی کوشت' حاڵی ببێت!؟
هەروەها دەشێت خوێنەر، چەندین پرسیاری تریشی لا دروست ببێت و ئیدی ئەوەی ئەمەش لێرەدا مەبەستمانە وەک خوێنەرێکی ئەم گەڵانەوە تولانییە، وروژاندنی چەشنە پرسیارێکە؛ دوورەبێت لەشارچێتی و بەرزکردنەوەو پێداهەڵدانی کوێرانە، یان لێدان و دژایەتی کردنێکی بەمانا!؟
حەقیقەتی ئەم گەڵانەوەیە؛ دواجار قابیل بەهەموو جۆرە خوێندنەوەو تەواوین و بگرەو بەردەو قووڵ بوونەوەو گرتنەخەو ڕەتکردنەوەو هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم چەمکە ئەبستەمۆلۆژیی و تەفکیکییەکانە.. سەرباری پێویست بوون بەهەڵسەنگاندنێکی جدی و کاریگەر.. چونکە ناکرێت ماندووبوون و هەوڵدانی بەردەوامی دانەرێکی لێدوایەکانی تەمەنیدا بەهێند وەرنەگیرێت و زەر بەوردی لەو تێنەگەین بە ئەم پیاوە، لەو کاتەوە کێدەزانێت کەسێک گوێگریەتی یان بابێین خوێنەرێتی، بەفیعلی هەوێی نووسینەوەی گەڵانەوەیەکی نیمچەبەکەتا دەدات وەک عومەر بابەکر سلێیم-ی هاوڕێی ئاماژەی پێدەدات:
(هەر کاتێک تێبینییەکم دەدایە، ئەو نەدەهات ئەو خاڵە ڕاست بکاتەوە یان بیگۆڕێت، بەڵکو لەسەرەتاوە ڕەمانێکی دەنووسییەوە، تا هەستم پێکرد، ئیتر وازم لەتێبینییەکان هێناو تا تەواوی نەکرد پێیدا نەچوومەوەو...)
کەواتە دانەر لەتەمەنێکدا کەزەرێک لەخەڵکی لەو تەمەندا، تووشی لەبیرچوونەوەو ئەزهایمەر دەبن، کەچی ئەم بەپێچەوانەوە لەبەرزترین ئاستی گەنجێتی یادەرییەکانیدا بووەو بەزیادەوە هەموو ئەوەی ساڵانێک لەزاکیرەی خێیدا پاراستوونی؛ لەمیانی گەڵانەوەی بەسەرهات و ڕووداوەکاندا هەیشتوون!؟ بەڵام ئاخە ئەم هەڵشتنە، لەو جۆرە تێکستانەی هێناوەتبوون کەتنها لەقاڵبێکدا ڕادەستن؛ ئیتر ناشێت دەستکاریان بکرێت و دەبێت لەو فەرمەدا پارەزراو بن و گونجاو نیین بەشێوەیەکی تر ئەندەشیان بکرێت.. یان پێچەوانەکەیەتی و ئاشکراشە هەر لەپێشکی ڕەمانەکەوە دیارە

کەپچەوانەکەیەتی!؟
دەکرێت ئەم ڕەمانە وەک تێکستێکی دەرەوەی گێڕانەوەی تائێستا
بەناوکراوەی نەو ئەدەبیاتی کوردی، بخوێنرێتەوەو بەجۆرێک
لەجۆرەکان، لەجۆری چێشنی تانز و گاڵتەوگەپ و قەشمەچێتییەکی
هاوشێوەی ‘هشتەی مرواری’ و ‘قووتووی عەتار’ و زۆرێک لەشیعرەکانی
‘شێخ ڕەزا’و کەمەک لەنوکتەو قسەو باسە نووسراو و نانووسراوە
سێکسییەکانە.. وەک پەلەنکردنیش هەن ئەم جارە تەسکتانە دەخانە نەو
کایەی ئەدەبیاتی میللییەوە؛ ئەگەر دروست بێت وای ناو بنرێت
یان…؟!
‘پێڕ ئێستەر’ دەڵێت کەمجار خەم وەک نەفەللانووس دێتە پێشچاو و
زیاتر خەم بەگەڕەوەی حیکایەتکان و خەم بەحیکایەتخوان دەزانم!؟
دەشێت بەسانایی لەم تەوانینەی پێڕ ئێستەر-ەوە بگەینە گرنگی و
بەرزی توانستی گێڕانەوەو بوون بەگەڕەوە، کەواتە ناو هێنانی ئەم
تێکست و ئەو تێکست بە هەر ناوبراوەک، لەکورتە نەرێتیفNarrative
–سەرد- ەوە تا نەفەللا و ڕەمان.. هیچ نین، ئەگەر توانای
گێڕانەوەو ئاکشانی خوێنەر نەگاتە پلەیەکی باڵا، ئەلحەقی ئەمەش
بەتەواویی و بەتایبەتیش لەبەرگی یەکەمی کە سالە شێتی کوشت-دا،
بەئاشکرا زاڵەو دەزانیت؛ گەڕەوەکەی بەفیترەت گەڕەوەیەو ئیدی
ئامادەیە هەموو کەرستەکانی جەزبکردنی خوێنەر بکار بهێنێت، ئەگەر
بەمەش زمان بهێنێتەوە ئاست زمانی بازاڕ و لگاوخانەو مەلهاو
گوزەری نەربازان و چەقەکێشەکان و خوێی و نامەردو ناکەس
بچەکانیش.. بەم ئاماژەیەشمان؛ نەمبەستمانە ئەم دوو بەرگی
ڕەمانە حەوا بدەین و نەگەرەکیشمانە لەهەڵدەر هەڵیدەینە خواروە!؟
بەڵکو دەشێت بڵێین ئەوەی عەلی کەریم کردوویەتی، وەک نووسەرێکی
دەرەوەی نووسەرە پرۆفیشناڵ و تەقلیدیەکان، بەتەواویی
نووسینەوەیە بەزمانی خەڵکی ئاسایی ڕۆشنک و نەخوێندەوار و سادەو
ساکارەوە، بەڵێیتمی “هشتەی مرواری” و هاوچێشنەکانی کەبەمەش
بەناچاری لەزەربەی جومگەکانی ڕەمانەکەدا لەپەناو نەدڕاندنی
ئاستی بازاڕێتی ئاخافتن و دیالۆگکاندا، قوربانی بەتەکنیک و
بەهای ڕەمانکەی داوە.. چونکە هەر لەسەرەتاوە مەبەستی نووسەر
خستنەپەکانینی خوێنەر-ەو وەک لەپێشکێیە ئاماژە پێدراوەکەماندا
هاتووە:
(کاک عومەر، بەوام پێبکە بەرگی سێهەم ئەمێندە بەرزە خەم سەرم
لێدەرناچێ، چۆن وا شتی خەش و پڕ لەنوکتەو پەکەنینم بەخەیاڵدا
هاتووە)
باشە ڕەنگە یەکێک بپرسێت؟ ئەی ناشێت ئەمەش ڕەمانی هەزڵی و
کەمەدی هاوشێوەی گێڕانەوە میللیەکانی هەندەک لەمیللەتانمان

هەبێت!؟ بەگومان دنیای نووسین فراوان و دڕندەی نووسینیش وایە. ئەم زاتە دانەر؛ لەکاتی نووسینەوەی هەمانکێدا و بەهەڵەنجان لەبینینی فیلم و خوێندنەوەی گەلانەوە پلیسیەکانی سەردەمانی گەنجێتی خۆی؛ هەر لە شەڵەک هەمزەوە بۆ ئەجاسا کریستی و ئەوانەی تر، بۆتایبەتیش ماجەرکانی شەرلۆک هەمزەی نووسەری ئەسکۆتلەندی –ئارسەر کۆنان دۆیل- کەبۆ ئاشکراو شاراوە، بەشەوازەکی تر و ئیشپێکردنەکی خەماڵییەوە هەناوێتە نێو هەمانکێوە و هەرچەندە مەبەستی ئەمە لەرەدا ئەوە نییە کەبەبێ ئەم جۆرە ئەدەبە کەمایەسیە لەچاو ژانرەکانی دیکەی دنیای گەلانەوە نووسینی کورتە نەریتیف-سەرد- و نەڤێڵا و هەماندا؟! بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە بەبێ، سایانەکی دوور و درێژی ئەم زاتە لەیەکێتی سڤێتی جاران، ئەگەر خوێنەرەکی جدی بووایە، ئەوە بەگومان دەیتوانی لەگەڵی خوێندنەوە و دیراسکردنی هەندێک نموونەی ئەدەبیاتی تەنزئامێزی نووسەرانی ڕووسەوە، بۆتایبەتیش گۆگۆڵ-ەوە؛ هەمان بەسەرهات و سەرگوزشتەی سالە شێت و خەڵکەکانی ترمان لەنەو ئەندازەسازییەکی دیکەی تەکنیکە گەلانەوەیەکی ئەدەبیانەی بایادا بخاتە پێشچاو!؟

نووسەری هەمانی ناوبراو، زۆر خۆ هسکانەو لەتەمەنکی هەڵکشاوی نزیکە کەتایدا، دەکەوێتە جۆرە گەلانەوەیەکی جیاواز و جودا لەگەڵ چێشن و شەوازی گەلانەوەی باوی ئەدەبیاتداو لەهەمووشی گرنگتر توانای تەواویەتی لەبەکارهێنان و دروستکردنی دیالۆگی بەردەوامدا! بایانبوون و پێوەنووسینی دیالۆگ؛ کەموکوڕیەکی زۆربەی گەلانەوەکانی پێشووتری ئەدەبیاتی کوردی بوو.. واتە ئەدەبیاتی سەردەی- نەریتیف-ی کوردی زیاتر وەسفی بووەو کەمجار توانیویەتی لەگەڵی دیالۆگی لەژیکی و جالیبەوە خوێنەر کەمەندکێش بکات.. ئەم جۆرە دیالۆگەی کەنووسەر لەدوو بەرگی بەردەستی هەمانکێدا بەکاری هێناوە، زیاتر لەسیناریۆ دەچێت و زەدەتریش هەر لەو ڕوانگەیەوە دنیایەک بەسەرهاتی بەکەتاو لەبن نەهاتوت بە دۆگەڵتەوەو ئەمەش داستیەکەو ناکرێت نکوولی لەبکرێت، ئەگەر زۆر هەڵەو کەموکوێیش لەخۆبگرێت؟! بەڵام دواجار زیندوویەتی دڵق لەوەدایە قابیل بەجەدەل و بگرەو بەردە بێت، بەجیا لەپێداهەڵدان و لەدان و بەرزکردنەوەی، شتێکی تر بێت!؟

بەڵاستی هەمانی کە سالە شێتی کوشت؟! بەهەموو ئەو بەزاریەی کەوک خوێنەرێک لەخوێندنەوەیەدا ڕووبەڕووی بوومەوە، یاخود لەگەڵ زۆر دیمەن و بەسەرهاتی کاوکرچ و نەشاز و بەمانای تێکترنجاوی نەو هەمانکە نامە و تاریک مامەوە!؟ بەڵام ناشێت توانای گەلانەوەی نیمچە بکەتای دانەرکەی نەبینین.. دانەر؛ لەتوخمی ئەو حیکایەتخوانانەیە، کەبەمندالی لەبەساچووکانەوە بیستبووم،

کەچەن چەنی لەرەو لەوەی هەندێک لەشوێنکاندا هەبوون و تەنانەت هەندێکیان لەفەنانە قاوەخانەو فیسارە مەجلیسدا بووننی نیمچە بەردەوامیان هەبووە.. ئیترو وەک بەیان دەگەرامەوە، هەبوون ئەوەندە چووننەتە نەو دنیای گیانەوەکان و هێندە بەرچەستەی کەسایەتییەکانیان کردووە.. کەجار جارە گیانەوەو نواندنیان تێکەڵ کردووەو جار هەبووە دارەساکەی دەستیان لەبەتەوە شمشێر و لەکاتی وەشاندنیاندا گەزەو شەربەئاوەکی نزیکدەستیان شکاندووە!؟

ئەمە لەرەدا خوێنەرین و دەنگە بتوانین بەپەی ئەم خوێندنەوەی ئەستامان ئەمەی ئەستای لەبارەوە بڕەین و دەشت لەخوێندنەوەکانی تریشماندا بە هەمان دەمان ئەگەر کاتمان بە دەخسا، شتی نوێ و جیاوازتر بڕەین.. کەواتە ئەوەی خوێنەر دەیەت، ناشت وەستاو بەت و وەک سوێندی خواردبەت؛ تاسەر و دوای چەندین خوێندنەوە هەر ئەوە بەت؟! چونکە ئەم جارە دەمارگیرییە لەسەپاندنی ئاوبەچوونکی دیاریکراودا، دەگمایەو هەر ئەمەش حاڵی ئەدەبیاتی میللەدرامییانەی کوردی.. پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە؛ بە دەبەت لەدنیای گیانەوەدا، هەر ئەوانە هەبن کەهەن و هەر ئەوانەش بخوێنرێنەوەو ناویشیان وەک بەسامترین و جوانترین و گەورەترین گەڵەوەی کورد بهێنرێت و چەند دام و دەزگایەکیش کار بە ناساندن و ێیکلام کردن بە ئەو جارە نووسارە پەشتر هەبژەردراوو دیاریکراوانە بکەن!؟
ئەوەتا عەلی کەریم؛ ئەم نەخشەیە دەشوێنەت و بەتەمەنکی گەورەو لەدەرەوەی ئەم دنیای ێیکەام و گەورەکردنی ئەستای واقیعی چاپوبەاوکردنەوەی کوردیەوە، دەت و بەچەشن و شێوازکی جودا، جارە گیانەوەیەکی تر دەهێنەتە نەو دنیای ئەدەبیاتی گیانەوەی کوردیەوە!؟ هەرچەند ئەمەی خوێنەر ناتوانین، هیچ زیاد و کەمک بخەینە سەر ئەم تەکستە نووسراوە ناوبراوە.. بەام دەشت هەندک تەمەننامان هەبەت و بتوانین بڕەین خەزگە دانەر، بەچەشنی گەگە، بابەتکی زەر سانای وەک پەداویستی کاراکتەری تەکستی پاتە-ئەکاکی ئەکاکیفیچ-ی بە پاتەیەک کردبایەتە بابەتکی تەفکیکی زەر کاریگەر…!؟

بەگومان بمانەوەت و نەمانەوەت کەمەدیا تەخەکەی گەگە؛ دیوەکەی ئەودیوی شتەکانمان پیشان دەدات و ووبەووی کەمەک پرسیاری ویژدانی و ئەخلاقی زەر کاریگەرمان دەکاتەوە.. بەام لە ەمانی کە سالە شتی کوشت؛ وەک نووسارەکەشی ئاماژەی پەدەدات و بە خستنەپەکەنینی خوێنەرە.. باشە خە دەشت خوێنەر، بەخوێندنەوەی تەکستە گیانەوەکانی عەزیز نەسین-یش پەبکەنت.. بەام ئاخە ئەو

تێکستانەی ئەو تا چەند لێکەمەکە جومگەیەکدا دەبنەوە بەیەکپارچە گەلانەوەی سەرزارەکی کاوکرچ!؟ بگومان نابن و هیچ زیادو کەمییەک لەبەکارهێنانی وشەو دەستەواژەو دیمەن و درێژکردنەوەو یان کورتکردنەوەی گەلانەوەکاندا نییە، گەلێپیاو-کەی عەزیزنەسین و زووربەی تێکستەکانی تریشی.. کاتێک دەتخەنە پێکەنین و وات لێدەکەن لەپێکەنیندا دەست بکەیتە گریان، پێویستیان بەوە نییە، ئەدەب دابەزێنە ئاست نوکتەبازاییە سێکسییەکان، یاخود زمانی نووسین پێ بکەن لەجوێن و جۆرێک لەبەکەم زانین و سووک سەیرکردنی ئەوانی تر!؟ ئاستە؛ گەر ئەم دەمانەی 'عەلی کەریم' یادەوەریی بووایە، ئەوە لەووی مێژوویەوە، گواستنەوەی ئەو هەموو جوێن و دزێوی و شزوز و ناشیرینییە، بەجۆرێکی تر مامەڵەی لەگەڵ دەکرا، بەڵام مەسەلەکە لێرەدا، ناوهێنانی هەزار و دوسەدو قسوور لاپەڕەی ئەم دوو بەرگەیە بەدەمان و دیارە بەرگی سێیەمی تەواوکراو یان نەکراویش؛ درێژەی هەمان گەلانەوەی دانێر؟!
لەکۆتایی ئەم کورتخوێندنەوە سادەیەشماندا دەڵێین؛ ئەوەی لێرەدا وتومانە، نەبەهێنانە خوارەوەی ئاستی دەمانی کە سالە شتی کوشت-و نەبە بەرزکردنەوەی بە زەمینەو لەخەڵاشیەتی؟! یان با بڵێین، ناشەت خوێندنەوەی ئاستەقینەو جدی بە هیچ کام لەم دوو مەرامە بەت؛ بەڵکو خوێندنەوە هەر ئەوەیە کەتەی خوێنەر لەماوەیەکی دیاریکراوی خوێندنەوەی خەتدا پێی دەگەیت و نەئاستەو نەهەڵشە، نە عەلی کەریم-یش لەنووسینەوەی زنجیرە گەلانەوەکانیدا بەهەڵەدا چووە.. بەڵکو ئەوەی ئەو نووسیوەتی، جۆرە گەلانەوەیەکی نیمچە بەکەتای نەو جوگرافیای گەلانەوەی کوردییە و وەک پێ ئێستەر-یش دەڵێت؛ ئەگەر پاڵنەرەکی توندو پتەوت بە نووسین نەبەت، ئەو دەم پێویست ناکات بنووسیت؟!

ژێدەر: کە سالە شتی کوشت/ ڕەمان ٢بەرگ/ لەبڵاوکراوەکانی کتێبخانەی وشە/٢٠١٩
تێبینی: لەئێدەب و هونەری کوردستانی نوێ ژمارە ٨٢١١ی ٢٩/١٠/٢٠٢٠ بڵاوبتەوە
E.mail/izadyusf@gamil.com

شیعر و (مارتن هایدگر) .. ناو حسن

با لە چەمکی نیگەرانییەوە دەستپێبکەم ، زەرجاران گتومانە شاعیر بوونەکی نیگەرانە لەنیو کایە مەعریفییەکاندا ، نیگەرانی شاعیریش لەوەوێیە کە ئاستوخە پێیوەندی بە داهێنانەوە هەیە ، واتە شاعیر لە هەوێی ئەوەدایە کە / بتوانێت تا ئاستێکی بڵند داهێنان بەرهەمبهێنێت .. دیارە لەرەدا مەبەستمان لەو شاعیرانەیە کە خەونی گەورەیان هەیە بە داهێنان و نیگەرانییەکەشیان هەر لە ئاستای ئەو خەونە سەرچاوەی گرتووە . ئەمە لە کتێبی (گەیشتن بە ووبەری شیعر) ، بەجەرەکی تر باسمان لەو شاعیرە داهێنەرانە کردووە و گتومان (شاعیربوون شوێنەکەی لە هەورازەکە هەموو شیعرنووسێک ناتوانێ بیگاتێ ..!) ، شیعرنووس / لەلای ئەمە ئەو کەسانەن کە شیعر دەنووسن و شیعرەکانییان لە دەرەوەی رووبەری شیعر دەمێنێنەوە ، هاوکات خەشیبان ئەو کەسانەن کە خەونی گەورەیان نییە بە داهێنان یان توانای داهێنانییان لە ئاستەکی دیار و بەرچاودا نابێت ، لای ئەمجەرە شیعرنووسانە (چەمکی نیگەرانی)ش بەو شێوە تەخە خێی دەرناخات ، تەنها وەک کەسەکی ئاسایی ەەژیەک لە نیگەرانییان لەلا دەردەکەوێت ئەویش / لەبەرئەوەیە کە نیگەرانی خەسڵەتەکی بوونە و لە هەموو کەسەکدا هەیە . لەباری فەلسەفییەوەش (چەمکی نیگەرانی) لەسەر هاوکێشەیەک ئیشدەکات ، کە لەکدژی یان (هاودژی) ئاشکرای لەبوون دەردەکەوێت ، واتە هەزگەلیک لەناوەوە کە جەوی تاک بە دەستەوە دەگرن و جووڵەی ئاراستەکانییان دیاری دەکەن ، ئەم هەزە ناوخەییانەش (غەریزەکان و خەون و حەز و ئارەزووەکانی تاکە) ، یان باری (ناخودئاگایی) ، هاوکات کاریگەری هەزگەڵێکی دەرەکیش وەک کاریگەری (کلتووری ، ئایینی ، سیاسی ، ئایدیەلۆژی ، قوتابخانە ، خەزان … هتد) کە زەربەی کات ئەم دوو هەزگەلە ئاراستەی پێچەوانە وەردەگرن ، واتە هەزە ناوەکییەکان و دەرەکییەکان زەربەی کات و هەمیشە ئاراستەی هاودژیی و پێچەوانەیی وەردەگرن ، لە ئەنجامی ئەم هاودژی و پێچەوانەییە ، کاریگەرییەک دروست دەبێ ئەم کاریگەرییە باری نیگەرانی لای تاک دروست دەکات ، لەباری (دەروونزانییەوە)ش لەلای (سیگمەند فرۆید)یش هەر بوجەرەیە بەڵام ، ئەو بەشەویکیتر تەعبیری لێکردووە ، کە مەشکی مرۆڤی دابەشکردووە بە سەبەش (ئیگۆ ، سوپەر ئیگۆ ، ئەد) بەمانای (من ، منی باڵا ، ئەد) ، واتە ململانێی نێوان (من و ئەد) ، (

ئەد) ئەو بەشەیە تەواو لەژێر هەژموونی ناخودئاگایی دایە و نوێنرایەتی (غەریزەکان و ئارەزووەکانی خود) دەکات ، (ئیگۆ یان من)یش تەواو لەژێر هەژموونی واقیع دایە نوێنرایەتی (هەزە دڕەکییان) دەکات ، زەرجاران ئەم دووبەشەی مرۆڤ بە ئاراستەی پێچەوانە دەیەن و هەمیشە هاوڕێ و ناتەبان ، لەباری (بوونگەرایی)ەوە)ش ، بەو پێیەی لای مارتن هایدگەر (بوون بنەڕەتی هەموو هەبووەکانە) هاوکات / بوونی ئاگامەندانەی مرۆڤی بە (دازاین) ناوبردووە ، (دکتەر محەمەد کەمال) لە کتێبی(نیشتیمانی فەلسەفە) بە ڕەشنی باس لە چەمکی نیگەرانی دەکات ، وەک ئاوەڕێ مرۆڤ هەمیشە لە جەنگێکی بەردەوام دابەت چونکە / هەروەک دەڵێت (ئاگەر من ڕێگە بدەم کەسانی دیکە بیار لەسەر پەڕژیەکی بوونی من بدەن ئەوا لەو حالەتدا خەم ناڕەسەن دەکەم و بە نامەیی دەڕیم ، لە کاتێکیشدا نامەوێت واز لە حەز و هەڵبژاردەی خەم بهێنم تووشی بەرەنگاری دەبمەوە و دەکەومە جەنگی ڕەسەنایەتی و نارەسەنایەتی ..!) .

(مارتن هایدگەر)یش لە کتێبی (بوون وکات) دا لە بەشی شەشەم / نیگەرانی وەکو بوونی دازاین دا ، ئەو پێیوایە (نیگەرانی شەوازی بوونە لە جیهاندا ..!) ، نیگەرانیی / لەرەوێیە کە مرۆڤ لە هەوڵی بەخشینی مانا و ناوەڕۆکێکە بە بوون لە نەو جیهاندا ، ئەم ناوەڕۆکە و مانایەی بوون لە ڕێگەی داهێنانەوە بەدەست دێت ، یان مرۆڤ لە ڕێگەی داهێنانەوە تاکو بوونی خەی بەشەوەی کامەتر دەربخات . هەر لەو بەشەدا (هایدگەر) پێیوایە (دازاین ئەو هەبووەیە ، کە لە بوونیدا بوون بەی بووە بە کێشە …!) ، ئەمە لەسەرەتاوە گوتمان / بوونی مرۆڤ لە نەبوونەوە دێتە بوون یان بوونێکی بەناوەڕۆکی هەیە ، مرۆڤ هەمیشە لە هەوڵدانایە بە بەخشینی ناوەڕۆکێک بە بوونی خەی لەنەو جیهاندا ، لەم هەوڵدانە هەمیشە تووشی کێشە و ململانێ دەبەتەوە ، بوون بە (دازاین) بووە بە کێشە ، کێشەیەک سەرچاوەی (نیگەرانیی)ە ، ئەوەتا (مارتن هایدگەر) بە ڕوونی باری ئەم نیگەرانییەمان بە دەردەخات و دەڵێ (لە دوودیدا بوونی سەربەستانەی خەی ڕووە و توانایی بە بوون . ڕەسەنانە و ناڕەسەنانە لەگەڵ توخمە کۆنکریتییەکانیدا دەردەکەوێت ..) . هەروەها دکتەر محەمەد کەمال لە کتێبی (فەلسەفەی بوون) لە بابەتی (شەوازی داهێنرانەی بوونی مرۆڤ) ، بە ڕەشنی باس لە چەمکی نیگەرانی دەکات دەڵێت (بە ئەمە دوودڵی یان نیگەرانی) نەخشی دەرووەنی نییە و پێیوەندی بە بونیادی ئەنتەلەجی مرۆڤەوە هەیە ، مادام مرۆڤ بوونێکی ناتەواوی هەیە و بە تەواوکردنی بوونی سەربەستانە ڕوو لە داهاتوو دەکات ، پێویستە دوودڵ بێت ..!) .

ئەم هەوڵدانەوە بۆ تێواوکردنی بوونی لایەنگەی داهێنانەوە بەدەست دێت ، واتە داهێنان مەرج و جێختکردنەوەیە لە سەرەکی بوونی مرۆڤ لە مێژووەدا ، یان داهێنان / وێست و میلە ناڕازییەکانی هەبوو دەستنیشان دەکات بۆ تێواوکردنی بوونێکی نوێ لە نەبوونەوە ، لەم ڕاستایەش دوو کۆشە دێتە بەردەم داهێنان کە لە هەمانکات / دەبنە سەرچاوەی نیگەرانی لە مرۆڤدا ئەوانیش (مردن و نامۆبوون) ، (مردن) کۆتایی هاتنە بۆ داهێنان و بۆ هەموو پێژەکانی بوون ، واتە مرۆڤ هەر لەسەرەتای بوونیەوە لەگەڵ نیگەرانی هەوبەووە چونکە / بۆ ماوەیەکی کاتی دێتە نەو ژیانەوە ، واتە لە هەر چرکەو ساتێک ئامادەیە هەوبەووی مردن بێتەوە ، نامۆبوونیش / جیاوشلکردنە بۆ هێزە دژەکییەکان و ئازیبوونە بۆ ناسەنایەتی بوون . مرۆڤ نامۆکان وەک ئەو وایە (هەمیشە لە دژی خدا بژین چونکە (دژی خ) لە ئاکامی نا سەربەستی و نا ئازادبوونی مرۆڤ دروست دەبێت) . ئیتر لێرەوە دینە سەر / پەیوەندی (شیعر و مارتن هایدگەر) ، یان گرینگیدانی (هایدگەر) بە شیعر بە بنەما (فەلسەفییە بوونگەرایییەکەی) ، هەروەک زۆرێک لە بیرمەند و فەیلەسوفانیتر کە گرینگیان بە شیعر داوە بە نموونە (جولیا کریستیڤا)ش لە پێناو هەوڵەکانی بۆ (شیکردنەوە سیمیۆلۆجییەکەی) گرنگی زۆری بە شیکردنەوەی دەروونی داوە ، بە ئەم مەبەستەش ئیشی زۆری لەسەر شیعرەکانی (مالارمە) و چەند شاعیرێکی تر کردووە ، ئەمەش لە کتێبەکانی (لە پێناو شۆڕشێک بە زمانی شیعری) و (خۆری ئەش) و حیکایەتەکانی خۆشەویستی) و چەند کتێبێکی تری ، (مارتن هایدگەر) یش یەکێکە لەو فەیلەسووفانەی ، قسەی زۆری لەسەر شیعر کردووە و گرنگی زۆری بە شیعر داوە . بایەخدانی (مارتن هایدگەر) بۆ شیعر و چاولێکردنی شیعر لەم ئاستە بەرزەدا ، لە ڕوانگە و تێڕوانینە بوونگەرایییەکەی بووە بە بوونی مرۆڤ . چونکە لای (هایدگەر) ، شیعر / تەنها لایەن و پێکهاتەیەکی ئەدەبی و هونەری نییە بەڵکو ، شیعر ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بە بوونی مرۆڤەوە ئەمەش بۆ هایدگەر گرنگییەکی زۆری هەبووە ، شیعر هونەرێکە زێتر مامەڵە لەگەڵ بوون و ناوەوەی مرۆڤ دەکات ، (هایدگەر) بە پێژە فەلسەفی و ئەنتەلۆژییەکەی خۆی لە زۆر شوێن هانای بۆ شیعر بردووە بۆ تایبەت شیعرەکانی (هۆدەرلین) .. تا ئەو ئاستەی پێیوابووە کە شیعر دەتوانێ (ڕاستی بوون دەربخات) .

پێژە ئەنتەلۆژییەکەی هایدگەریش هەروەک لە کتێبی (هایدگەر و ئەنتەلۆجی شیعر) دا هاتووە ، (پێژەی ئەنتەلۆژی بنەڕەتی ،

گەورەترین پێشڕەوی فەلسەفی هایدگەر بووە ، لە پەرتووکی (بوون و کات) دا ، کە (هایدگەر) بەدرێژایی تەمەنی ئیشی لەسەر کردووە . ئەم پێشڕەوییە لە شیکردنەوەی بوونگەرانەی مرۆڤەوە بۆ میتۆدێکی فینۆمینۆلۆجیانەی هەرمینیوتیک دەستپێدەکات ، تاکو لەوێوە لە تێگەیشتن لە بوونی مرۆڤەوە بوون بۆ گشتی بگات) ، شیعر وەنگدانەوەی یان ئاوێنەیەکە بۆ دەرخستنی ناوەوەی مرۆڤ .. شیعر لانەو پانتایی خەیاڵی مرۆڤ لە ژێر کاریگەری غەریزەکان و هەستەکان و خەونەکان دێتە بوون ، غەریزەکان و هەستەکان و خەونەکانیش ، وەنگ و شێوەی مرۆڤ وەسم دەکەن ، مرۆڤێکی تێکشکاو یان بەرزەفڕ ، یان ووخاو ، واتە مرۆڤ خەی لە چوارچێوەی زەمەنێکی دیاریکراو ، هەموو خەون و هەست و ئارەزووکانی مرۆڤ ، پەیوەستن بە زەمەنێکی دیاریکراوەوە ، ئەم هاوکێشەیش بۆ (هایدگەر) زۆر گرنگ بووە واتە (دەرخستنی بوون لە زەمەنێکی دیاریکراوی تەمەن ..!) ، واتە مرۆڤ (خەی لانەو کات) ، یان (بوون و کات) . بۆیە لای (مارتن هایدگەر) شیعر لە ڕێزبەندی هونەرەکاندا لە ئاستی هەرە سەرەوە بووە . چونکە لە توانای هەبووە ڕاستی بوون دەربخات .

بۆیە پەیوابووە ، شیعر وەک (فەلسەفە بیرکردنەوەیەکی داهێنرانەیە) چونکە ، هەموو بیرکردنەوەیەکی فەلسەفی بۆتایبەت بیرکردنەوە قووڵەکان ، لە نەوخەیاندا شیعرین ، هەروەها بەرهەمە شیعرییەکانی پێن لە داهێنان ، بۆتایبەت (سروودەکانی هۆدەرلین) و شیعرەکانی (دانتی و گۆتە) و زۆرێک لە شاعیرانی تر ، خاوەنی ڕوانین و هزری بەرزن بەڵام فەلسەفە نین ..! هەموو ئەمانەش لە ڕێگەی زمانەوە دێنەبوون ، بۆیە هایدگەر دەیگوت (زمان ماڵی بوونە) . یان هەروەک لە کتێبی (بوون و کات)دا هاتووە (گوتار لە ڕگەی گوتنەوە دەردەبڕێت زمانە ، لەمحاڵدا ، تێگەیشتن و ڕاڤەکردنەکە لانیو خودی ئەوداوە دەریدەبڕین ، تا ئەوەی دەڵێت (ئەمجارە وەکو زمان دەبێتە بە بابەتێکی دەرەکی ، بە پیجەوانەشەوە ، بوونی خەسڵەتی دازاین هۆدەگرێت ..!) ، لێرەوە دەبینین کە زمان لە توانایدا هەیە تەعبیر لەبوون و یان خەسڵەتی بوون دیاریبکات ، هەرچەندە لەسەردەمی مۆدێرنە و لە بەرئەنجامی گۆشە و پشکۆتنی تەکنەلۆژیادا ، مرۆڤ تووشی نامەبوون دەبێت ، نامەبوونێک تا ئاستی ئەوەی مرۆڤ هەستنایەتی خەی لەدەست بدات ، بە ئەم (نامەبوونی مرۆڤ) هایدگەر کۆپلە شیعرێکی هۆدەرلین دەهێنێتەوە کە دەڵێ ..

ئەمە هەموو هەمایەکی نەخوێندراوەین
لە خاکی بگانەدا

زمانەکەی خۆشمان بیرچێتەوە

دیارە هەر لەسەدەمی تەکنەلۆژیاوە مرۆڤ لە بەرئەنجای ئەم نامۆیی تووشی قەیران دەبێت ، قەیرانی فکر و داهێنان و کوشتنی پرسیار .. لەگەڵ هەموو ئەم قەیران و نامۆبوونەش هایدگەر پێیوایە (مرۆڤ شاعیرانە نیشتەجێ دەبێ) ، (هایدگەر) لەگەڵ ئەوەی دایە ، هەموو کەس شاعیرانە بژی ، چونکە شیعر چاوساغی و ڕۆشنایيمان دەداتێ بۆ ناسینی غەریزەکان و خوونەکانی خود ئەمەش یارمەتیدانێ بۆ ناسینی ڕاستی بوون ، هەروەها ژیانی شاعیرانە ، تەکەڵبوونە بۆ ووبەری گەردوونییەت و مانەوەیە بۆ تاهەتا ، چونکە (شیعر و زمانی شیعری) بوون و پێکهاتەیەکی گەردوونییان هەیە . هەربۆیە لای (هایدگەر) و لای زۆرێک لە کەسانی بیرمەند (شاعیران لە ڕیزی فەیلەسوفەکان) دانراون چونکە هەروەک گوتمان ، (شیعر وەک فەلسەفە بیرکردنەوەی داهێنرانەیە) ، لەلایەک ئیشکردنکی تاخە لەسەر (خود) لەلایەکیتر / ئیشکردنە لەسەر (پرسیار و وەوژاندنی پرسیار) ئەمەش لەوە نزیکمان دەکاتەوە کە شیعر ئیشکردنە لەسەر دەرخستنی ڕاستی بوون . یان شیعریش (ناوەڕۆکی فەلسەفیانە)ی هەیە ، هەروەک لە وتاری ،(هایدگەر و ئەنتەلەگی شیعر) دا بە ڕۆشنی باس لەوە کراوە کە ، دەربارەی بیرکردنەوەی داهێنرانە تا ئەو ئاستەی (شیعر و فەلسەفە) لە زەرباردا لە یەکتریيەوە نزیکن ، ئەویش بە پشتبەستن بە فەلسەفەی یۆنانی کەن بە تایبەت سەدەی پێنجەمی پێشزایین فەیلەسوفانی وەک (پارمەنیس و هیراکلیتس) یان شیعرەکانی (سۆفکلیس) کە ناوەڕۆکی فەلسەفی قووڵیان هەبوو ، ئەم ناوەڕۆکە فەلسەفییەش بە (مارتن هایدگەر) و بە هوانگە بوونگەرایيەکەی هەکارێک بوو بە دەرخستنی ڕاستی بوون ، بەگومان هەموو شیعرێک ئەم ناوەڕۆکە فەلسەفییە لەخۆناگرێت ئەمە مەبەستمان لەو شیعرانەیە کە هەروەک لە پێشدا باسمان کردووە / ئەو شیعرانەی لە نەو ڕووبەری شیعر دان و ئاستێکی بەرزی داهێنانیان تیایە .

نۆڤەمبەری ۲۰۲۰

سەرچاوەکان :

- کتێبی (بوون و کات) .. (مارتن هایدگەر) / وەرگێڕانی (د.محەمەد کەمال)
- کتێبی (فەلسەفەی بوون) .. نووسینی (د. محەمەد کەمال)
- کتێبی (ووبەووو لەگەڵ شیعر) .. نووسینی (ناڵە حەسەن)

رووداوەکان لە ژانی پێشمەرگایەتیدا .. ئەحمەد رەجەب

وانەکانی ژیان :

سیخور : بارەگای حزبمان لە ساڵی 1980 ــ 1981 لە مەزری نزیك لە دڵی بۆتوش بوو من هاوری حەمە کەریم قەرەچەتانی { حەمە ساڵح} پێکەوە چووین بۆ دڵی پۆتوش و هەندێ وردەوالەمان کریی و لە چایخانەی دێکە دانیشتین و لە پاش کفتوگۆ کردن لە گەڵ دانیشتوانی چایخانەکە سەبارەت بە پرس و هەواڵەکانی ڕۆژ هەساین و بەرەو بارەگا کەوتینەڕێ و لە دووری 50 ــ 100 مەترێك لە بارەگا زەلامێکم دی و وتم هاوڕێ حەمە کەریم بروانە ئەو زەلامە چاکەت و پانتۆڵ لە بەرە چۆن سەیری بارەگا ئەکات وابزانم تازە هاتوو بۆ پێشمەرگایەتی یان سیخورە نیردراوە بۆ ئەم ناوچەیەو هاوڕێ وتی با لێی نزیك ببینەوەو کە گەیشتینە لای سەاومان لێکردو زمانی تەتەڵەی ئەکردو وتی ئەمە بارەگای حزبی شیوعی عێراقە؟ وتمان بەڵی ئەی تۆ کێت ؟ وتی لە عێراق لەلایەن سوپاوە گیرا بووم و هەلم بۆ ڕەخساو رامکردووەو بەرەو ماڵەوە بۆ بلوجستانی ئێران ئەڕم.

ــ ئەی ئەم کتێبانەی دەستت چین؟ وتی من مامۆستام و حەزم لە خوێندنەوەیە.

وتمان فەرموو کاتی نان خواردنە . وتی سوپاستان ئەکەم برسیم نییەو نیازی وا بروات و، نەمانهێشت وگلماندایەوەو بردمانە بارەگاو هاوری بەهادین نوری بەرپرسمان ئاگادر کردەو وتی : بەگەتان چییە ئەم کابرایە سیخورەو هاوڕێ حەمە کەریم وتی هاوری سیروان {ئەحمەد رەجەب} ئەزانێت.

با لێکۆڵینەوەی لە گەڵدا بکەین ، من بووم بە خاوەنی لێپرسینەوە بە ئامادەبوونی هاوریی کۆچکردو بەرپرسی عەسکەری ئیسماعیل دیکتاریۆڤ وتم : راستمان پێ بڵێ لە کوێوە هاتووتیت؟ بۆچی هاتوویت؟ ئەم کتیبانەی ڕاگەیاندنی حزبی بەعسە و ڕاست ناکەیت وئەڵێت حەزم لە خویندنەو چونکە لە هەر کتێبێك 6 دانەت پێیە و، چیتر هەیە هەمووی بخەروو پێش ئەوەی ڕووتت بکەنەوە.

لە وەڵامدا وتی : لە سەربازگەی ژاراوا هاتووم و، منیان ناردووە بۆ ئەوەی بزانم ئەو شەڕەی نێوان حزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران لە گەڵ سوپای ئێران لە سەر ڕێگای شاری بانەو شاری سەردەشت چۆنەو زیانیان چەندە و، ئەفسەرێکی عێراقی ئەم کتێبانەی پێدام و وتی پڕۆپاگەندەی شەڕش و حزبی بەعسە بۆاوی بکەرەوەو هیچی ترم پێ نییەو لە پاش کەمێك وتی ڕووتم مەکەنەوە تەنها پسوڵەی دەرچوون و گەڕانەوەم بۆ کراوەو لە دەرپێ ژمارەوەڕ هەڵمگرتووە.
پرسیارەکانمان لە گەڵ وەڵامەکانی سیخورەکە دا بە هاوڕێ بەهادین نوری و کابرامان هەشتەوەو بۆ ڕۆژی دووەم ئەمە بە مەفرەزەیەك بەرەو دێی جافایەتی ڕشتین و، پاشان بیستمان هاوڕێ بەهادین ئاگاداری برایانی حزبی دیموکراتی ئێران (حدکا) کردووەو لە سەر داوای ئەوان بەرەڵاکراوە.
هاوڕێ عەتا ئەناسم : لە گەرمەی تێکۆشان دژ بە دیکتاتۆریەیەتی سەدام حسین و حزبی بەعس لە دێی زۆویی بناری شاخی پیرمەگرون بووین و ژمارەمان کەم بوو لە پاش گفت وگۆ بریاردرا کەمین دابنێن بۆ ئۆتۆمبێلێکی جەڵەب قیادەو ئۆتۆمبیلێکی زیل ئێواران سەربازەکان کۆ ئەکاتەوەو ئەیانباتەوە بۆ سەربازگەی سوسێ ، ئەوە بوو لە دەرچووین بەرەو ڕێگای گشتی نێوان سلێمانی ـــ دێکان شەربووینەوە و، بریارەکە وابوو هاوڕێیان حەمە کەریم و هیوا { محەمەد قادر} بە دوو کلاشینکۆف بۆ پردی سەر ڕێکاکە و ئەحمەد ڕەجەب بە ئار بی کەی – RBK
و مولازم ماجد { عەلی مەهدی} کە لە ئێستادا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراقە بە کلاشینکۆفێك لە دووری 150 مەتر لە ڕێگاکە بۆ پشتگیری (اسناد) و مامۆستا جەمال محەمەد ئەمین و یاسین قادر { لە شەری سۆڵەمیش} شەهید بوو لە گەڵ ستار عەرەب کە لەو ڕۆژەدا نەخۆش بوو ـ 2 ـ هاوڕێی تر (بەداخەوە) ناوەکانیان لە یادم نەماون بە چەکی جۆراوجۆر لە دووری 350 مەتر خۆیان قایم کرد.
هاوڕێیان حەمەکەریم و هیوا گەیشتنە بن پردکە خۆیان حەشارداو لە پاش 15 ـ 20 خولەك ئۆتۆمبیلێکی بەرازیلی لە ڕێی گشتی سلێمانی ـ دێکان لایداو هاوڕێیان زۆر بە پەلە چوونە ناو ئۆتۆمبیلەکەو یەکێکیان بە دەستی ئاماژەی کرد بچین بەرەو لای هاوڕێیانی ترو لەوی هەمومان یەکمان گرتەوەو دڵمان خۆش بوو یەکێك لە پیاوەکانی رژێم و هاوسەرەکەی کەوتنە دەستمان و، یەکسەر لێژنەیەکمان پێك هێنا لە 3 من و مامۆستا جەمال و ئەوی تر لە بیرم نەماوەو دەستمان کرد بە لێکۆڵینەوە. من کچەکەم ناسییەوەو قوتابی زانکۆی سلێمانی بوو پێموت : ئەمناسیت وتی نەخێر : لە پیاوەکەمان پرسی تۆ کێت و ڕێت لە حزبی بەعسدا چییە؟

وتی : ناوم (ع . ا) بەعسی نیم ئاسنگەرم ، وتمان ئەی ئەگەر بەعسی نیت چۆن ئەتوانن لە رێی سەرەکی لابدەن و بوەستن و خەیرە بەم ئێوارەیە هاتوویت؟ ، ئەم کچە بۆ لە گەڵتایە ؟ وتی : من و ئەم کچە حەزمان لە یەکتر کردووەو جێ شك نابەین لە شار رووماڵ لەم دەشتە کردووەو قەت بەعسی نەبووم و من هاورێ عەتا ئەناسم و ئەمناسێت ، لە ناوخۆمان گفتوگۆمان کردو ئەم پیاوە ئەڵێت هاورێ عەتا ئەمناسێت هەردوکیان ئازاد بکرێن. کە سوار ئۆتۆمبێلەکە بوو بە دەنگیکی بەرز وتی سوپاسی حزبی شیوعی عێراق و هەموو شیوعییەکان ئەکەم جگە لەو ئەبو شواربە و بەدەستی ئاماژەی بۆ هاوری حەمە کەریم کرد دیارە هاوری حەمە کەریم بە دەنگی بەرز قسەی ناشیرینی پێی وتبوو.
2/12/2020

بۆ نیشتمان .. شیعر/ کاوە عوسمان عومەر

شەو پەنجەکانی سەرما نەیبا،
منداڵی سواڵکەر،
پەکانی شەختە،
چاوانی پەگوناح
هی من و تۆ،
شار،
لە شونکی تر..
نیشتمان ،
خوێنی کەسانی تر..
شەقامێ پڕخۆ،،
جێ نشینی..
منداڵێ سواڵکەر،،
چرپای ئێزیو
ئومێت تێزیو
چاو هەڵتەقیو
قژ هەڵبزرکاو
شارێ دزراو

سەر باڵی داڵاشی..
تاریکی و تاوان،
گورگمرۆڤ،
کەشک و قەڵا
باڵای بڵند ،
عەرشی ئاسمان
جەردە مرۆڤ ، گورگی برس
کەبەیان تێنا
جەستەی دایکەکی سواڵکەر
ڕەحی ئەویش بوو بە سوتماک..
باوکی منداڵی سواڵکەر
بە ئازادی ساختە
شەشی درێ.

سەرکی حکومەت، لەکۆ و لەکۆڵەرزتکرد؟ .. تاهیرعیسا

مەسرور بارزانی، سەرکی حکومەت لە کۆبوونەوەی ئەمنەی چوارشەممەی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستاندا رایگەیاند لە سبێ ینەوە دەست بە دابەشکردنی مووچەی فەرمانبەران دەکرێت.
بۆ؟ چونکە بەقسەی خەی کورتهێنانەکەی موچەی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستانی قەرزکردووە!
لەکە وڵەکۆی قەرز کردووە؟ سەرچاوەکەی دیاریی نەکرد!
ئەی بۆ پێشتر قەرزی نەکردوو، هەشتەی، موچەخۆران ئەم هەموو مەعاناتە لەدەست هات ونەهاتی ٣٢٠ ملیاردینارەکەی بۆغدا بچێژن؟
چونکە وەک بنەماڵەی میری سەران دەیانگوت، فەقیر بە فەقیرە باهەر برنج بەشیر بخوات!
مەسرور بارزانیش، لەکەشکەکانی مەسیف وسەری هەش وبلەو بارزانەوە ئاستەمە، لەژیانی چەرمەسەریانەی خەڵکی هەژارو نەدار تێبگات!
یان، مەسەلەی قەرزکردنەکەیان، کە خەڵکی کوردستان چاک دەزانێت دڕێکی زلی جەنابیانە و پارەکە هەر هی خەڵک و موچەخۆرانەو لای خەیان گلیان داوەتەوە و ئێستا بزووتنەوەی ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی

کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان خەریکە بە ئاستێک دەگات، کە لەوەدەچێت مەترسیی ئەم هەل ومەرجەی ئێستایان بگوڕێکی سەرانی بنەماڵەدا چرپاندبێت و لەوە تێگەیشتبن کە خەڵکی چیتر تەحەمولی سەبرێیی مافیایانەو چەتەگەریانەیان بەسەر خەیاڵەو ناکات. بەیە باشترین هێگا بەمەسرور، ئەگەرچی پیلانگێڕیان کێشفێ و ئەو قسپێی دەیخەن ناوکێکی لەگیرفانی خەڵکیدایە، ، بەڵام چاریان ناچاریکردوون، دەستی بەبەرن و وەک منەتکێیش بکێپکردنەوەی تووڕەیی خەڵک بەناوی قەرزەوە بەموچەخۆرانی بفرۆشنەوە!
ئەوەی سەرنج بداتە لەدوانگانیان، دەتوانێت سیاسەتی ڕیاکارانەو چەواشکارانەیان، بەڕوونی هەست پێبکات!
مەسرور بارزانی، ڕایگەیاند: (لەم ڕوژانەدا بڕدەوام لە سەر هەڵبووین لەگەڵ سەرکۆماری عێراق مستەفا کازمی و ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق و بەڕوونیانداوە بابەتی ناردنی مووچە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا چارەسەر بکەن).
هەروەها دیقەت وسەرنجی لەدوانگانی بدەن، مەسرور بارزانی، سەبارەت بە ئەگەری نەناردنی 320 ملیار دینارەکەی بەغدا بە هەرێمی کوردستان وتی : (ئەگەر لە بەر هەر هۆیەک لە کاتی خۆیدا مووچەی هەرێمی کوردستان لە بەغداوە نەگەیشت)….واتە هەتا ئێرەش مەسرور بارزانیی، لە ناردنی ٣٢٠ ملیار دینارەکە دڵنیایی نادات و دەڵێت، (حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو کورتهێنانە بە قەرزدابین دەکات تا بە مووچەی تەرخانکراو لە بەغدا دەگات) ….واتە لەلایەک دڵنیا نییە لەهاتنی پارەی بەغداو لەلایەکیش بەکەی قەرز دەکات و دواتر یش دەڵێت:(پارەکەی بەغدا لە بری قەرزەکە دەدرێتەوە).” دەشڵێت “بۆیە لە بۆیانییەوە دەست بە دابەشکردنی مووچە دەکرێت!
ئەم هەڵوەستەی ئەمەی حکومەتی بنەماڵەی بارزانی، لەهەمبەر موچە و دابینکردنی لەنگای سیناریۆی بەناو قەرزەوە، بەشک سەرچاوەی لە هەل ومەرجی تازەی چونە پشەوەو پەرەگرتنی بزووتنەوەی ناڕازایەتیەکان و تووڕەیی جەماوەری زەحمەتکێشی کوردستاندایە، لە ئاست دووری تاڵانچیانەو چەتەگەریانەی ئەم بنەماڵەیەو هاوشەریکەکانیان لە کوردستاندا، کە نزیکەی سێ دەیەیە بوونەتە مەتەکەو بەڵا بەسەر سەری خەڵکەوە و خەریکن پەتی تەحەمولیان بەتەواوەتی دەپچڕێت و کەواتە، ئەوە کوتەکە دەزانێت قەناغ لەکوێیە!

تاهیر عیسا /2.12.2020

منداڵان لە گوڕکان ژیرترن .. ن: تێستێی.. و: ڕزا شوان

لە روسیا وەرزی باران بارین بو. لە دێیەکی روسیادا، ئاوی باران لە جگیەکەوە سەریکرد و بەسەر شەقامەکەدا دەڕیی. باران لێیکردەوە.
دو کچێی بچوکی هاوڕێی یەکتری، لەناو ئاوی بارانەوی شەقامەکەدا یاریان دەکرد. کاتی گەڕانی ئاهەنگێک بو کە لە دێیەکەدا دەکرا، دو کچێ بچکۆکە بە ئەم ئاهەنگە، کراسی تازیان لەبەر کردبون. (مالاشا) بچوکەکیان بو،(ئاکڵیا) لەو گەورەتر بو.
مالاشا پێیکانی خستبونە ناو ئاوەکەوە. ئاوەکە کەمێک لەخن بو. یاری بە ئاوەکە دەکرد. کەمێک ئاو پرژانە سەر کراسەکەی ئاکڵیا. ئاکڵیا خەریکی سڕینەوەی کراسەکەی بو. لەم کاتەدا دایکی ئاکڵیا بەم شەقامەدا هات، سەیری کراسی کچەکەی کرد.

دایکی ئاکڵیا:"چۆن کراسە تازەکەت پیس کردوە ؟"

ئاکڵیا:"دایکە، مالاشا شێپە شێپی بە ئاوەکە کرد و ئاو پرژایە سەر کراسەکەم"
دایکی ئاکڵیا دو سێ چەپەکی کێشا بە پشتی مالاشادا. مالاشا بەکوڕە دەستی بە گریان کرد. دایکی مالاشا گوێی لە گریانی کچەکەی بو. یەکسەر لە ماڵ دەرپەڕی.
دایکی مالاشا:" کچەکەم بە دەگری؟"
مالاشا:"دایکی ئاکڵیا، بە چەپەک کێشای بە پشتم دا"
دایکی مالاشا بە تووڕەیەوە، بەرەو دایکی ئاکڵیا چو. هەڵمەتی بە برد. تەک بەربون و دەستیان خستە قژکانی یەکتری، بو بە هات و هاوار. گەڵە قسەی ناشیرین و سوکیان بە یەکتری وت. لەکنەبونەوە.
هەندە لە ژنانی خزمانی هەردولایان، بەدەم ئەم شتەوە هاتن و تووگلان. هەندەکیان لەسەر دایکی ئاکڵیان دەکردەوە، هەندەکی کێشیان لەسەر دایکی مالاشایان دەکردەوە. شتە گەورە بوە. بون بە دو کەمێی شەکرەوە، شتەکە گەورەتر و گەورەتر بێ. پیاوانیش

هاتن و خەیان تەقورتاند. بو بە شکی گورە و لەکنابونەوە.
لەم کاتدا داپیری ئاکلیا، لە ماڵ هاتە دەرەوە بە پیاوان و بە ژنانی وت:" شەمەکان کاتی دەستپەکردنی ئاهەنگەکەیە، نابێت خەکی شەبکات"
کەسیان گوێیان لێنەگرت و بە قسەیان نەکرد. لەم ساتەدا مالاشا و ئاکلیا شەکەیان لەبیرکرد و دەستیان لە ملی یەکتری کرد، بونەوە بە هاوڕێ، لە شەکەران و لە شوێنی شەکە دورکەوتنەوە. چونە سەر جێگە ئاوەکە و بە بڵەمی کاغەزی رەنگاوڕەنگ، لەناو جێگە ئاوەکەدا، یاریان دەکرد و قاقا پێدەکەنین.
لەم ساتەدا، داپیری ئاکلیا، بە شەکەرانی وت:"شەرم و شوڕەیی لە خۆتان ناکەن، سەیرکەن منداڵەکان شەکەیان لەبیر کرد. وا دیسان پێکەوە یاری دەکەن. دوبارە بونەوە بە هاوڕێی یەکتری. بەڵام مەخابین، ئەوەی پیاوان و ژنان، هەشتا خەریکی شەکردنن وازتان نەهێناوە"
پیاوەکان و ژنەکان کە سەیری هەردو کچە بچوکەکەیان کرد. کە پێکەوە یاری دەکەن و پێدەکەنن، هەستیان بە شەرمەزاریەکی زۆر کرد و پەشیمان بونەوە. بە هەمنی و بە تەریقییەوە گەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان.
منداڵان زۆر بە ئاسانی لە یەکتری دەبورن و هەموشتێک لەبیر دەکەن. چونکە رق و بوغز و کینە لە دڵی پاک و قنجەکانیاندا جێگایان نابێتەوە.
گەورەکان ئەم وانەیە لە کچە بچوکەکانەوە فێربون.

() ئەم چیرۆکە لە نوسینی (لیو تەستۆی) یە. لە زمانی ئینگلیزیەوە وەرمگێڕاوە بۆ کوردی. () (لیو تەستۆی: ١٨٢٨ــ١٩١٠) ڕۆمانوس و چیرۆکنوسێکی بە ناوبانگی روسی و جیهانییە. نوسەرێکی ئاشتیخواز بوو. لە شاکارە ڕۆمانەکانی "شەڕ و ئاشتی" و "ئانا کارنینا" یە. گەلە کورتە چیرۆکیشی نوسیوە، کە پشکی منداڵانیشیان تێدان.
) (" ")
.
.
.

دابنەن، کە لیو تەستەی داینـاون.

رەزا شـوان
نەرویـج: ۲۰۲۰

ئاگەیاندراوەک لە تەی پاراستنی تەندروستی گشتیەو لە بارەی ڤاکسینەی ڤایزەر/بایونتیک

ئاگەیاندراوەک لە تەی پاراستنی تەندروستی گشتیەو لە بارەی ڤاکسینەی ڤایزەر/بایونتیک:

پەویستە کوردستان بە زوترین کات بەک لە ڤاکسینەکە پەیدا بکا تەی پاراستنی تەندروستی گشتی بە خشحالیەکی زۆرەو پشەوازی لە هەواڵی ئاگەدان بە ڤاکسینەکەی ڤایزەر/بایونتەک دژی کۆرنا دەکات لە لایەن دەزگای ئەکخستنی دەرمان و کۆستەی پزیشکی بریتانیا. بەم هەنگاوە، بریتانیا یەک وەاتە لە جیهاندا کە بە فەرمی ئاگە بە ڤاکسینەک بدا دژی نەخشی کۆڤید ۱۹.
هەر بە گوەرەی هەواڵکان، لە هەفتەی داهاتوەو، وەاتی بریتانیا دەستدەکات بە دابەشکردنی ڤاکسینەکە. وەاتەکە تاوەکو ئێستا ٤٠ ملەن جۆرەی لەو ڤاکسینە کەیوە و هاوکات ئەمریکا ١٠٠ ملیەن و ئەوروپاش ٢٠٠ ملیەنی لە ڤاکسینەکە کەیوە.
ڤاکسینەکەی ڤایزەر/بایونتیک پەویستە لە پلەی ٧٠ ژێر سفرەو بپارێزرێ بەام دەکرێ بە چەند رۆژەک لە پلەی گەرمی ساردکەرەوەی ئاسایش بپارێزرێ بە ئەوەی بگوازرێتەو بە ئەو شوەنانەی پەویستە دابەشبکرێ. هاوکات ڤاکسینەکە پەویستە بە دوو جورەی بدرێتە ئەو کەسانەی وەریدەگرن.
بە گوەرەی لێکدانەوەکانی شارەزایانی سەر بە تەکەمان، وەکو لە پشتریش باومان کردەو هەرەمی کوردستان پەویستی بە نزیکەی ١ ملیەن ئەم ڤاکسینە هەیە بە قناغی یەکەم (کە لە دوو جورەی

پێکهاتوە). بە پێدانی دوو جورعەکەش هەرێمی کوردستان پێویستی بە نزیکەی ٤٠ ملیۆن دۆلار هەیە.
ئەم لە تۆی پاراستنی تەندروستی گشتی داوادەکەین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپەلە کار بە بەدەستهێنانی ئەم ڤاکسینە بکات. هاوکات داوا دەکەین کە پشت بە پلانەکەی تۆکەمان ببەستن بە چنیەتی دابەشکردنی ڤاکسینەکە بەسەر ئەو ڤناغانەی کە لە ابوردودا خستمانە پێش چاو. دەکرێ ئەم ڤاکسینە گرانەی ڤایزەر/بایونتک تەنها بە ڤناغی یەکەم بەکاربە و بە ڤناغکانی دیکە ڤاکسینە هەرزانەکەی ئەکسفەرد سودی لەوەربگیرە.
ئەم لە تۆی پاراستنی تەندروستی گشتی بەوای تەواومان هەیە بەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ەوی یاسایی و دارایشەوە توانای ئەوەی هەیە کە ئەم ڤاکسینە فەراهەم بکات. دواجار ئەو ٤٠ ملیۆن دۆلارە، پارەیەکی کەمە بە بەراورد بەو بڕە پارەیەی لە قاچاخی نەوت و هەلکە و جگەرە و دەرمان کە بە نایاسایی لە خاڵە سنوریەکانەوە بەهەدەردەدرێ.
بۆیە لەرەوە بانگەوازی پزیشک و کارەندانی ته ندروستی و خه لکی کوردستان بە گشتی دەکەین که فشار بخەنه سەر حکومەتی هەریم و وەزارەتی ته ندروستی تا ده ست به جی ده ست بکه ن به کرینی فاکسینه که ودابەشکردنی به خوایی.
تۆی پاراستنی تەندروستی گشتی
٢٠٢٠/١٢/٢

خەشەویستی و ژیان .. عەلی ساڵح ئاریانی

خەشەویستی ، هەندە جار لەگڵ ڕۆح یەکدەگرێتەوە و باوەش بۆیەکدا دەکەن..
هەندێک جاریش لێک دوورددەکەونەوە و لە یەکتر ادەکەن
هەندە جار ، ژیان و هەناسە دەبەخشێت بە دڵ
هەندە جاریش ، دەبێتە شڕپەنجە بۆ ژیان و دڵ
خەشەویستی ، هەروەکو تاقگە دڵژێتە خوارەوەی ناخ و دڕوون
یان دەبێتە بوکان و گەردەلوول بۆ ئەندێشە و دڕوون

خۆشەویستی هەندێ جار لەناو زەردی پایزی خەزان
دەبێتە گوڵێکی بۆن خۆش و ڕەنگ جوان
هەندێ جاریش ، لەناو بەهار و گوڵزار ڕەنگی زەرد هەڵدەگرێت بۆ دەنا بێتە میوان
خۆشەویستی هەندێ جار گەردیلەیەک دەکاتە خەر
هەندێک جاریش خەر دەتوانێتەوە و دەیکاتە خەر
هەندێک جار خۆشەویستی دەبێتە پاشای مەملەکەتی دڵ
هەندێک جاریش ناحەقی دەبێتە پاشا لە مەملەکەتی دڵ
خۆشەویستی زۆر ڕووناکە ، تەنانەت دوورترین دووریەکان نزیک دەکاتەوە
بەڵام زۆر جار ناتوانێت خۆشی ڕووناک بکاتەوە خۆشی بێ بە دەستهاتی دەمێنێتەوە
هەندێ جار خۆشەویستی بە ئەمە دەپاڕێتەوە و هەوەمان بە دەدات
کەچی ئەمە زۆر جار دەیەوێنجێنین و پارچەکانیمان بە لەک نادرێتەوە
لە زۆر کات و سات

عەلی ساڵح ئاریانی – هەولێر

دوو خولەک پێش ئەمە .. نەوزاد بەندی

خەزگە بارانە لە بدایناید
پێشتر هیچ کەسی تێ نەکردبێ
ئینجا وەستگەیەک دادەمان بدا
هیچ کەسێ پەنای بێ نەبردبێ

لەسەر شەقامێ هەنگاو هەڵبێنین ،
پێشتر هەنگاوی تێدا نەنرابێ
قاوەخانەیەک فەرموومان لێ بکا ،
بێ عومری قاوەی تیدا نەخورابێ

لەسەر کورسیەک تاوێ دانیشین ،
هیچ کەسی لەسەر دانەنیشتبێ

فرمسکەکی وا چاومان تێ بـــــــکا
فرمسکێ پشتر کەس نەیشتبێ

لە دیار خەمکی ناوخت هەڵکوەمین ،
نازانین چی بەـــــــــین بە دڵنـــــــــــوایی
لە کەانکی ســـــــــــاردی دوور ووڵات ،
شەو بمانـــــــخاتە دەریای بێشـــــــــایی

کەنارێ لانکەی ماتـــــــــــی و بێدەنگیی
چوارچێوەیەکی بمانگرێتـــــــــــە خەی
کەشتیەک بێت و وەکو دوو نەورەس ،
سەرکەوین ، نەەە ها بە کـــوە ئەەەی

من ئازادیەک ئازارم ئـــــــــــــــــدا
نیو سەدە ئەبە لە خەیاڵـــــــــــمایە
تا نزیک بمەوە لەی ، دوورترئەبـــــە ،
ناگیـــــــرێ و کەچـــی وا لە پاڵمایـــە

-- نەوزاد بەندی ـــــــــــــ-
١/١٢/٢٠٢٠

کارەکـــانی کاریکـــاتێر لـــە ڕۆژنامەگەری خولاودا کاری سیاسی – بەشی -2- هەندرێن خۆشناو

کاری سیاسی
بەشی -2-

بە ئەوەی کاریکاتێر کاری سیاسیانەی خەی بە شێوەیەکی نمونەیی بەجێ بگەیەنێت دەبێت ڕەچاوی چەندین شت بکات، گرنگترینیان ڕوون و ڕاشکاویی، و شۆنی گونجاوی لەسەر ڕووپەی ڕۆژنامەکان، و چەندین شتی تریش کە دواتر بە ووردتر باسیان لێوە دەکەین، کاریکاتێری سیاسی دەبێت ڕوون و ڕاشکاو بێت و بوار نەدات بە ڕاڤەکردن، خۆنەر

کاتێك تەماشای کاریکاتێرکی سیاسی بکات، دەبێت لە مەبەستەکەی بگات، لە بیرکەی کاریکاتێرەکە بگات بەبێ بیرکردنەوەیەکی قوو، هەبەتە ئەگەر شێواز و ستایلی بەکارهێنراوی کاریکاتێریستەکە هاندان نەبێت بێ دەرەنجام هەهێنان لە کاریکاتێرەکەدا، هەروەها کاریکاتێری سیاسی بێ وەدەستهێنانی ئەنجامی سیاسییانە، دەبێت لە شوێنکی روون و بەرچاوی لاپەڕەکانی رۆژنامەکان بڵاوبکرێتەوە، بێ نمونە لە رۆژنامە رۆژانەکاندا پێویستە لە یەکێك لە لاپەڕەکانی دەرەوە (یەکەم و دوالاپەڕە) بڵاوبکرێتەوە، هەتا خوێنەر بەبێ گەڕان چاوی پێبکەوێت، بە مانایەکی دیکە دەبێت بکەوێتە بەرچاوی خوێنەر، کە هەر چەنێك تەماشای رۆژنامەکە بکات، چاکتر وایە لە شوێنکی نزیك لە ناونیشان (مانشێت) و لە بەشی سەرەوەی لاپەڕەی یەکەم بێت، بە شێوەیەك کە خوێنەر بیبینێت کاتێك ئەم رۆژنامەیە نمایشکراوە لە دوکانەکانی رۆژنامەفرۆشاندا، بەمەش رۆژنامەکە گەیاندنی کاریکاتێرەکە بە زۆرترین ژمارەی جەماوەر فەراهەم دەکات، لەمەش زیاتر پشت بەستن بە دانە کاریکاتێرێك هەروەها پشت بەستن بە کاری یەك کاریکاتێریست، بەس نیە بێ گەیشتن بە ئامانجی ویستراو، چونکە توانای کاریکاتێر بەراورد ناکرێت بە تواناکانی پیاوانی سیاسەت و گروپە سیاسیەکانەوە، نمونەی کاریکاتێر و سیاسەتیش وەك دڕپی ئاو و تاشە بەردێك وایە، کە دڕپە ئاوێك لەکاتی بەرکەوتنی بە تاشە بەردێکەوە تەفروتونا دەبێت بێ پۆشك، بەڵام ئەگەر دوابەدوای ئەم دڕپە ئاوە، دڕپی دووەم و سێیەم و چوارمی بەدواداهات، ئەوا ئەم بەدواداهاتنە رۆژ لەدوای رۆژ دەبێتە دروستکردنی قوڕتێك لە تاشە بەردەکەدا، ئەگەر رۆژگار درێژتریش بوو ئەوا دەبنە هۆی کونکردنی تاشەبەردەکە، ئەگەر رۆژگار زیاتر درێژبووە ئەوا بەردەکە دەکەنێ دوو پارچەوە، بەم شێوەیەش ئاو بەهێزتر دەبێت لە تاشە بەرد، هەمان شتیش بەرانبەر کاریکاتێر دەگوترێت کە تواناکەی بەرزترە لە سیاسەت، هەروەك توانای ئاو بەسەر بەرددا، و ئاکامەکەشی خراترە لە ئاکامی دڕپە ئاوەکە، بۆیە لە کاتی بەکارهێنانی کاریکاتێر لە ململانێی سیاسیدا پەسندترە زۆرترین کاریکاتێر بەکاربێت، کە وێنای هەمان بابەت دەکەن، چونکە دووبارەبوونەوە ئەگەر واقیعیش نەبێت، ئەوا وێنەیەکی دیارکراو لە نەستی خوێنەر دروست دەکات بیەوێت و نەیەوێت، کەچی بەکارهێنانی کاری زیاتر لە هونەرمەندێك، ئامانجەکەی هەر دەروونیە، کە زۆری ژمارەی کاریکاتێریستان و هەمەجۆری ناوەکان، دەبنە هۆی پێکهێنانی بیرکەیەك سەبارەت بە فراوانی بەرەی ئوپۆزسیۆنی ئەو لایەنەی کە کاریکاتێرەکان هێرش دەکەنەسەری، و زۆری ئەو جەنگاوەرانەی کە لە بەرەکەدان، بەمەش خوێنەر بەبێ ئەوەی بزانێت، بیرکەیەکی لەلا گەڵاڵە دەبێت، کە ئەو

کەسە یان ئەو گروپە سیاسیە نەیاری زۆرە، ئەمەش بانگەشە نیە بۆ هەڵخەڵەتاندنی خوێنەر، چونکە کاریکاتێر پابەندە بە زۆر شتی تر‌ەوە، کە ڕۆگری لێدەکەن لە هەڵخەڵەتاندن و فریودان، گرنگترینیان بابەتیانەیە، بەڵام ئەوەی کە باسکرا گرنگە بۆ گەیشتن بە ئاکامێکی دیارکراو، کاتێك ئامانج دادەنرێت، دەبێت پلانێك بۆ گەیشتن بەو ئامانجە دابنرێت.

هەندرێن خۆشناو

منا، سیاسەت و پڕوپاگەندە .. سامانی وشتا بەکر

منا ئەو مرۆڤە خنجیلانە پڕ سۆز و خۆشەویستی و بە تاوانی کە بۆ خۆشی و خۆشبەختی خۆزان و بۆشکی سەرکی پکهاتەی کۆمەڵایەتی دائەنرێت وە بە دروست کردنی تاکەکی سودبەخش و بەبەرهەم دایک و باوک و خۆزان و کۆمەڵگە ئەبێ زۆر بەوشیاریەوە مامەڵە لەگەڵ منا بکات.
منا تەنها پێویستی بە خۆراک و پۆشاک نیە تا سکی تێربێ و پشتەو پڕداخ دەرکەوێ بەڵکو پێوستی بە سیستمێکی سیاسی گونجاو هەیە کە بتوانێ حەزەکانی تێربکات و وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە باتەوە کە لای منا دروست ئەبێ هەر لە زمان پژانیەوە تا ئەو کاتەی ئەبێ بە کەسایەتیەکی سەربەخۆ و پگەشتوو ئامادە.
سیستەم:
بریتیە لە چەند پکهاتە یان بەش، کە کار لەگ ئەکەن و پکەوە کارئەکەن بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو، بەجۆرێك هەموو دامەزراوەکان هاوبەش و هاوکار و چاودێری سەریەکتربن و بەدابەانی هیچ لایەکیان نەوتی کارکردن تەك نەچێت.
کایەی پڕوپاگەندەش لە چەند بەشێك پکیەت وەك، قوتابخانە، خۆزان، ئاین، مەدیا...هتد ئەم پکهاتانە پێویستە کارلێکردن (تعامل)یان لەگەڵ یەکتر هەبێت و بەپێچوانەی یەکتر کارنەکەن، بۆئەوەی ئامانجەکانی پڕوپاگەندە بێننەدی.
لێرەوە هەوون ئەبێتەوە کە بۆ دروست کردنی وەاتێك کە بۆ سیستم و

دیسپلین کاربکات، ئەوا ئەبێت مناڵ بە ئامانج بگیرێت تا ئەو کاتەی خودی مناڵەکە ئەبێت بە بەشێک لەو سیستەمە، بە ئەو کارە هەڕەگرنگەش ئەبێت پەروەردە و سیاسەت و پەروەردەی سیاسی بەردەوام لە تازەگەریا بێت و ئامادەی وەڵامدانەوەی کەی ئەو پرسیارانە بێت کە ئاڕاستەی ئەکرێت.

پێگەیاندنی سیاسی:

بریتییە لەو پرسە گشتپەدانەی کە لە ڕێگەیەوە تاك و کەسەکان ئاڕاستە سیاسییەکانیان و شێوازی ڕەفتاریان وەرئەگرن، هەربەیەک ڕەفتاری سیاسی نادروست و ناحەزیان دروست و شایستەی کەسانی سەرکردەی سیاسی و باڵا دەست و بڕیوبەرانی دەوڵەت ئەبێت بە بەشێکی گرنگی پەروەردەی لایەنی کەمی سیاسی مناڵان و کە ئەکرێ وەک کارێکی بەماوەی لە پاشەڕۆژدا لەکارکانیانا ڕەنگباتەوە، کە ئەکرێ نمونەی وەاتانی تازە پێگەشتوو ویان زەربەی وەاتانی عەرەبی و بەشێکی ئەفریقا وەرگرین کە دەسەڵات و سیستمی سیاسی ئێگەر پاش چەندین دەیەش لەلایەن نەوەیەکی نوێوە بەڕێوەبرێت بەڵام هەر هەمان کەشە و هەر بەهەمان عەقڵیەت وەسات بەڕێوەئەبرێت کە هەرەمی کوردستانتش نمونەیەکی زیندووی ئەو بابەتەیە.

کەواتە پێگەیاندنی سیاسی پرسەیەکە، بە ئەوەی تاکەکان ڕەفتارکانیان و ئاڕاستە سیاسییەکانیان لە هەموو قۆناغە جیاوازەکانی ژیان گەشەی پێ بدرێت، بگوجێنرێت لێگەڕێ پشهات و ڕووداوەکانا تا داهێنان بکردەوامبێت و لەچەقبەستووی دوورکەونەوە.

پێگەیاندنی سیاسی، لە قۆناغی منداڵییەوە دەست پێ ئەکات، لە کاتێکا کە منداڵ توانای هەیە لێگەڕێ ژینگەی کەمڵایەتیی دەوروبەری خۆیا پەیوەندی دروست بکات، کە دەربارەی نەتەوە و نیشانەکان و دروشمە سیاسییەکان، ئاراستەکانی بە دروست ئەبە.

"دڵقد ئیستەن" و "جاك دانیس" پێیان وایە، منداڵ لەو کاتەوە دەست بە کرانەوە دەربارەی جیهانی سیاسی ئەکات، کە توانای پرسیارکردنی هەبێت لەسەر ئەو شتانەی کەوا لەدەوروبەری ڕوو ئەیەن، بە نمونە دروست بوونی کێرپەڵە، کارکردنی ئامێرەکان، هەکاری ڕەژهەڵاتن و ئاوابوونی...هتد.

جیهانی سیاسیی منداڵ پێش قۆناغی سەرەتایی دەست پێ ئەکات، لەو قۆناغەیا ڕووبەڕووی خراترین گەمانکاری ئەبنەوە، کاتێک هەست بە گەمانکارییەکانی دەروەی خۆزان ئەکەن و هەندێک جاریش ئەبنە هەکارێک بە بیرکردنەوەو بەداواداچوون و ئیتر پژاندنی ئەو پرسیارانەی کە وەڵامکانیان هەرچونێک بێت زەربەی کات ئەبێتە مایەی باوەڕهێنانی ئەوان، هەر لەبەر ئەو هەکارەش زەر گرنگە کە تا مرۆڤ

دنیا نەبەت هیچ وەڵامێک نەیاتەوە. کەواتە سانای بنەڕەت و گرنگ بە دروستکردنی هاوکاتیی چاك لە لایەن سیستەمی سیاسییەوە، لە نەوان سانای سێیەم تا سیانزەیەمدایە.
لەڕووی ئۆگەینە ئەو دەرەنجامەی سیستەمێکی سیاسی کارا و پەروەردەیەکی سیاسی تازەگەر و هاوچەرخ و گرنگیدانی حکومەتکان بە کەرتی پەروەردە، کەمکەمی سەرکی خۆشگوزەرانیە و پێچەوانەکەشی ڕاستە.
بە چوار قۆناغ هۆوداوە سیاسییەکان تەکەڵە بە هزر و بیری منداڵ ئەبن:
یەکەم: بەسیاسیکردن، جووڵاندنی هەستیاریی منداڵە بە بواری سیاسی.
دووەم: دەستنیشانکردن (التشخیص)، بەکارهێنانی هێندێك هۆوی دەسەڵاتە وەکوو خاڵی پێوەندیی نێوان منداڵ و سیستەم.
سێیەم: بەرزکردنەوەی دەسەڵات، تا بگاتە پلەی نموونەییی باڵا، مناڵ لێرەیا هەستی خۆشەویستی یان هەستی ڤەلبوونەوەی لا دورست ئەبێت بەرامبەر دەسەڵات، لێرەیا مناڵ زیاتر لایەنی سۆز بەسەریا زاڵ ئەبێت نەك بەرەنجامی بیرکردنەوەیەکی مەعریفی بێت.
چوارەم: دامەزراندن (التأسیس)، لێرەیا هزری مناڵ لە وێناکردنێکی کەسێتیی هێندێك لە کەسکانی دەسەڵات، ئۆگوازرێتەوە بە وێناکردنی دامەزراوە سیاسییەکان.
ئەم قۆناغە قۆناغێکی گرنگ و بنەڕەتیی پرسەی پێگەیاندنی سیاسییە، سەرەتایەکە بە دروستکردنی هاوکاتیی باش، لە میانەی فێرکردنی مناڵ بە کەمێك بەها و ئاراستەی گرنگ، کە لە دواجارا ئەم بەها و ئاراستانە ڕەنگدانەوەی سەرکیان ئەبێت لەسەر کەسایەتی و ڕەفتاری کەمایەتی و سیاسیی تاك لە کەمەڵگەیا. لە دواجاریشا ئەبێتە هۆی ئەوەی کە کەی بونیادی دەسەڵات و سیستەمی سیاسی بەشەرعی بناسێنێ، ئەمەیش گرنگترین ئامرازە کە پشتگیری بە سیستەمی سیاسی دروست ئەکات.

پەروەردە:
پێویستە پەروەردە لەگەڵ بەها بنەڕەتییەکانی کەمەڵگا یەک بگرێتەوە، ئۆگەرنا تاکێک دروست ئەبێت کە توانای خۆگونجاندنی نابێت لەگەڵ کەمەڵگاکەی، ئەوکاتە یان ئەوتا کەسایەتییەکی ناهاوسەنگ دروست ئەبێت، یان توشی ململانێیەکی دەروونی ئەبێت، ئۆگەرچی ئەرکی پەروەردە دروستکردنی تاکێکی ئامادەکراوە بە ژیان و توانای خۆگونجاندن لەگەڵ دەوروبەر، وەڵای ئەوی بەهاکانی کەمەڵگا لە گەڵاندان و بەهای نوێ جێگەی بەها کۆنەکان ئۆگرێتەوە، بەڵام ئەم گەڵانە بەشێوەیەکی پلەبەندی و لە نەوەیەکەوە بە نەوەیەکی کە

ڕوئیات، هەندجاریش ئەبەتە هەی بەریەکەوتن لەنێوان دوو نێویا کەهەر یەکەیان دنیا بینییەکی جیاوازیان هەیە و دژی یەکتر ئەجەنگن، بەڵام پەروەردە ئەبە ڕەچی هەبەت لەڕواندنی بەها نوێکان و بژارکردنی بەها کۆنەکانی کەمەڵگا، بەواتایەکی دیکە پەروەردە هەڵئەستە بە دروستکردنی هاوسەنگییەک لەنێوانیانا، یاخود پەروەردە تاکێک ئامادە ئەکات کە توانای قوتتدانی شتە نوێکانی هەبەت و تاکێک بەت ئامادەی گۆڕان بەت، نەک کەنە پارێز و تونددەو و ناهاوسەنگ. خە ئەگەر وانبە ئەوا خودی سیستم ئەبەت بە ستەم لە فەرخواز و قوتابیان و کەمەڵگایەکی هاوسەنگ و بەختەوەر دروست نابەت.

سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان لە بنەڕەتدا بریتیە لە سیستەمێکی ئۆتۆکراسی کە بنەما شەرعیەکەی وەلای تەقلیدیە بە حیزب و سەرۆك. سیستەمێکی تەقلیدی و دەسەلاتی بنەمالە کە لەسەر بنەمای ئەقل ومەنتق دانەمەزراوە، هەربۆیە نەیتوانیوەو نەشی ویستوە ببەتە سیستەمێکی موئەسەساتی ڕاستەقینە.

کەواتە بە گۆڕانکاری گرنگ تاك و خەزان و مامەستا لەبری دەسەڵات کار لەسەر پێگەیاندنی نەوی داهاتوو بکەن لەسەر سیستمێکی مەدەرن و پەروەردەیەکی شارستانی بەجۆرێك فەرخواز و منالان فێری لەخۆبوردەیی، بەخشندەیی، ئاوگۆ، ڕاستگۆ... هتد بکرێت بۆئومێدی ئەوی کە دابڕانێك لەنێوان سیاسیە دەسەڵاتدارەکانی ئەمڕۆ و نەوی داهاتووا دروستبەت لەووی هەزرو هەڵسوکەوت و دنیابینیانەوە بە بەڕەوبردن.

سامانی وەستا بەکر
۲۰۲۰-۱۱-۳۰
سوید-ستۆکهۆڵم

چیرۆك/ هزرخانە .. عەلی مستەفا

دەمەو ئێوارەیەکی درەنگ گەڕامەوە لادێ، لادێیەکی نەشمیل و سەرنج ڕاکێش، هەمیشە باوەشی بە هەژاوابوون کراوەیە، بەردەوام بەسەر باخچە و چەمی ئاوایی لە چوار وەرزی ساڵدا پڕدەکەنێت. ئەم لادێیە، پاڵی وەگردەکێك داوە و لەوتەی هەیە یادەوەری دنووستەوە،

ئارەزوانی سەروو لەوتەی هەیە پەدەکەنت و ژیان دەبەشتەوە.
سەروبەندی ەژ ئاوابوونکی درەنگ بوو گەیشتمەوە لادێ، هەدی هەدی بە ەنگای گەمگەدا شەمکردەوە، بەدەم خەیاڵ و ایەکانی منداڵیم بە نەو تەپوتەزی ئەم ەیەدا بیرەوەرییە کفتەکانم دەخستنە سەبەتەی تاڵی تەمەنم و وەک شەکرەکێک دەمکرەشتنەوە. دەنگەک ایچەکاندم، دەنگەکی نەرم و دەسەزانە، هەستی خاوەنداریەتی لەهەدەستا. هەر بەاستی لە دەدا وایە، هەموو گەورێک خاوەندارێت دەکات و پەرەشیت هەدەگرێت.
بەو درەنگە لە کەندەر دەیەوە، ەژەک نەمدیت بە وەخت بگەیەوە ماەە.
سەرم هەبەی، مام حاجی حەسەنی هاوسەمان لە پەنای قاپیەی باخچەکەوە بە ئارامی زەردەی دەهاتنە و بزەی قسە و ئامەژگاری دەجوەاند.
دا وەرە بزانم لە کەندەر دەیەوە، ئەدی ئەوە چیە بە دەستتەوە؟
سەاو مام حاجی، قالبت کوە، سوپاس بە خوا کە بە باشی دەتبینم. ئەوە کوە نەگەەایتەوە ماەە، خە درەنگ داهاتووە، لە تاریکیدا ەیشتن هەندک ناخەشە.
من بە تاریکی ەاهاتووم، عومرە خەم هەمووی لە تاریکی بەەکرد، هەتا هەنکەش نەگەیشتمە ەوونا کی، بەیە من لە تاریکی باشتر هەست دەکەم و دەدەزمەوە.
من لەم قسانەی مام حاجی فەلسەفەی تەکەشان و بەردەوامیەکانی ژیانم هەست پەکرد، لەوەوە هەستم بەوە کرد کە تا بەردەوام تەنەکەشین و هەشیاریمان نەگاتە کە دەنگی و کە ەنگی هەر لە تاریکی دەمەنینەوە. من لە لەکدانەوەی ئەم خەیاەانە دابووم، لە پەمام حاجی گوتی ئەتو پەمبەە ئەوە چیە بەدەستەوە و هەر خەریکی کتەب و دەفتەرانی، ەژەک نەمدیت شتەکی لە ئەو گوندەی دروست بکەی. تا دەهات ەوونا کی ەژە بەرەو تاریکی گلەژ دەبووەوە و ئاهەنگی قسانیش خەشتر دەبوو.
ئیتر مام حاجی واز ناهەنێت، هەر دەیەوێت بزانێت کە ئەم کاغەزە پەچراوەی دەستم چی تەدایە. وەنەیەکی ەوونا کم دایە دەستی و، زەر بە سەرنج و سەلیقە بوو، ئەوەندەی تەماشای وەنەکە کرد، تا هەموو شتەکی دەردەشە کرد، هەر تەماشای دەکرد و بەڕی دەهینانەوە یەک، لە هیکەکەوە سەری هەبەی و تەماشایەکی کردم و پاشان بە خەرایی تەماشایەکی وەنەکەی کردەوە، گەتی مامەستا ئەم وەنەیە چیە؟! بەسەر سوەمانەوە پرسیاری دیمەنەکانی نەو وەنەکەی کرد.
گوتم ئەمە وەنەی کەمەەک ئەدیب و نووسەری ئەم شارەن، رەژانە لەوە خە دەبنەوە و باسی زەر شت دەکەن، باسی ئەدەب و زمان و فەلکلەر و

بابەتە کلاسیکەکانی کوردی دەکەن، جارجارەش باسی سیاسەت و بارى ئاوەڕۆى وەزات و گوزەرانى هاوڵاتیان دەکەن. ئەم نووسەر و ئەدیبانە بە دیار هەموو خەمکەوە دادەنیشن، هەموویان لە هەوڵى ئاوەدان زمان و ئەدەبیاتى کوردى بگەیەنن ئاستەکى پێگەیشتوو و بەرز، لە ئاوەڵى ئەدەبیاتى ئەمڕۆ لەتەک ئەدەبیاتى جیهانى ناوى بەتەن.

مامەستا ئاوە دوکانە!! بەسەر سووماناوە دەستى بە قسان کردەوە. لەو دوکانەدا تەنها ستیان و دەرپە و جلى ژەراوەى ژنان دەبینم، هەندەکیان هاواسراون و هەندەکیشیان دەستە دەستە بەسەر یەکاوە داندراون، بە تاقەکشاوە ئەو وێنەیە دەبینم، پەدەچێت باوک و کوە بن. ئەها تەماشا بکە لەولاى ئافەکانەوە لە ژەرى ژەراوە هەندەک کتێب و قاقەز دیارن، لەوى سوچێش کە دەستە چەپى دوکانەکەى گرتبوو چایخانەیەکى گچکەکەیە، وەرە پەمبەى لەم شوێنە گچکەیە، کەس نازانێت چایخانەیە، کتێبخانەیە، یان دوکانى جلکى ژنان. خەمى گەورەى زمان و ئەدەبى کوردى و بوژانەوەى فۆلکلەر و کلاسیکى کوردى و خەمى گوزەرانى هاوڵاتیان چەن هەڵدەگیرێت و چارە دەکرێت، هەنکە مامەستا ئەمن بۆ دوعایەى ناکەم ئامین.

بەخواى ئاست دەکەى مام حاجى، بەرە ئەو برا ئاشنبیرانە چبکەن، ئەوان لەهەر کوێیەک خە ببنەوە، خەمى دێى خۆیان دەخۆن و ئاگاى ئاستیش دیارى دەکەن، بەڵام کەس گوێیان لێناگرێت و کەس بە تەرازووى ئەدیب و نووسەران ناکێشێت.

ئاستەکەى مامەستا، وەبیرم دێت هەموو جارە لەگەڵ مامەستایە گەورە، کە دێیان گوتە بابى گەورە، دواى نوێژە عەسران لە بن دیوارە مزگەفتە دادەنیشتین دێگوت: ئەگەر دیتت کەسانى نەخوەندەوار و بێئەسل و نەسەب وەپێش زانا و پیاوى گەورە کەوتون، ئەوە نیشانەى ئاخیریتى، دەبى دوعایان بکەین خوا بمانپارێزێت، خراتر ئاوونەدات.

ئەدى مام حاجى ئاوەکە ئاوهاى لەهاتیە کەسى لەهاتوو و ئازدار کەس قسەى لەوەرناگرێت. دوکانە مام حاجى ئاشیدیش مەکیەکى جوان و پە یادگاریە لە هەموو نووسەران و ئاشنبیران، دێن و لە چەند وەختەکى کەم دادەنیشن و دواتر دەڕۆن، لە گەرمەى ئەو کاە و دیدارانەشدا کەیارى خارە سابیریش دێن و شمەکى خەیان دەکەن و دەڕۆن.

عەلى مستەفا\ ٢٠٢٠

لە ناوەک دەگەڕێم .. سروشت نەوزاد

من لەساڵە خەیشتووەکاندا کە بووم؟
بەبە پەردە دەمبینیت
دەمبینیت بەسەر لمی کەنار دەریاکان هات دەکرد
کەاویان فریودەر بوون
ئەو ژووراەی دەتبینین و نادیاریان نا ئاشنات بوون
ساڵەکانیش ئاوەڵەی شکاوی دەریان
لە هوخساریان هادەمەنن، چاوی هونیان نادەزنەو
زیندوان بەنەو تەمی داگیرساوی شاران
کات بە نەمری جەدەهەن
نهەنیش پەردەی ئەستووری هوانینە و
ئەو ژورانەش نا ئاشنایە
کەاویان بەبەر خەرەوییە و کەپیان لەژێر سەبەردایە…

.
پیاسەی دەرینم بە هووی بایە/ ئاگر مارشی دەستکانمە و جەنگ کراسی بەماویمە/ چەشنی بەندەری وەجاخ کوەر، نهەنی کەشتی ئاویمە.
ژیانیش خەونکی چەە دەیبینم/ چەشنی شارەک لەبەر ئاوەنە کە هاماوە و شەقامکانی خەی دەناسەتەوە…

لە هەگاکان بەجەماوم
هەنووکە پیاوەک لەسەر لمی کەنار دەریا وەستاوە
نیگای بەسەر ترپەی شینی ئەو شیناییە دەرینەدا هاخستووەو
لە یادەوەری دەەوانەت…
من لە ساەە هەیشتووەکاندا کە بووم؟
بەبە پەردە دەیانبینیم
دەیانبینیم بەسەر لمی کەنار دەریاکان هام دەکرد
کەاویشیان فریودەر بوون
ئەو ژووراەی دەمبینین و نادیاریان دەستانم بوون
ساەەکانیش ئاوەڵەی کراوەی دەریان
لە هوخساریان دەەوانین و چاوی هوونیان دەزینەوە…

بە نەو تەمی داگیرساوی شاران
کات بە نەمری جەدەهەم
ئەی شەوی شەداری ماتەمینم!
لەرە منیش نامەنمەوە
بەسەر لقی درەختەکان
باڵندەکان دەمەننەوە و
ئاوازی شەدار دەخوێنن
ئاسمانی شین دەمەننەوە
ئەستێرەکان ئەوارانیش، سەمای دەخوازیان دەژەنن
ئەوانەی منیان خەشدەویست، دەستەکانم لەرە دەهێن
کەژگەکانم دەمەننەوە
هاوکات ئەو دارە بەهاوانەش
باران خەونیان بە هادەخات
بە نهێنی و بە بەندەران
دوور لە کەژگە و بە بە ئاسمان
بەبە دەست و بە سەماکان
دواجار منیش لەرە دەهەم
بەبە کەپە دەمبینن و
باڵندەکانیش بەهام
بەسەر لقی درەختەکان، باڵندەکان دەمەننەوە و
ئاوازی شەدار دەخوێنن.

گوناهی سروشت نیە باڵات کورتە، کەرەنا دەتکوژێت! .. عبدالرحمن محمد(مەلا ڕەحمان ئاوارەکان)

بەدخراکی یەکەکە لەو کەشانەی کە زەرەک لە کەمەگاکان بە دەستیووە دەناڵێنن و دووچاری بوونە! ئەمانەش هەکار و سەرچاوەی تایبەتی خەیان هەیە، بەیە تەنها لە کاتیی دەردە کوشندەکاندا، بیرمان دەکەوێتەوە و دەست دەکەین بە دیاری کردنی نیشانەکانی و شەوازی چارەسەرکردنی. بەهام دەبینین، هەزاران بگرە ملیونەها مرۆڤ

بوونەتە قوربانی ئەم بەدخراکیە، بەیە لەرەدا دەموەت کەمێک داتا، بە ژمارە ، وەرگیراو لە بنکەکانی لێکۆڵینەوە جیهانیەکانتان بە بخەمە ڕووو تا بتوانرێت، کەمێک لە ئازاری ئەو کەسانە کەم بکرێتەوە، کە دووچاری ئەو نەخشی و ناڕێکیانەی لەش و لار هاتوون، بە هۆی ئەم بەدخراکیەوە.

بە پێی شیکارێک ، هەژاری خراک، دەبێتە هۆی کەمی یا کورتی ٢٠ بیست سانتیمەتر لە نەو منداڵاندا! لێکۆڵەرەوەکان هەستیانگاندنیان بە کەش و بەرزی باڵای ٦٥ ملیۆن منداڵ کردووە کە لە تەمەنی قوتابخانەدا بوونە و هەرزەکار بوونە ، لە ١٩٣ سەد و نەوەد و سی وڵات، کەمی خواردنی تەندروست لە پشت ئەم بیست ٢٠ سانتیمەتری کورتیەی باڵایی منداڵانی نەتەوەیەک بە نەتەوەیەکی تر هەیە.

کۆرنا یا کۆڤید١٩، هادەی پەویستی خراکی تەندروست بەرز دەکاتەوە، ئەگەر ڕێچاو نەکرێت، ئەوە نزیکەی ٧ حەوت ملیۆن منداڵی خوار تەمەن پێنج ساڵ لە دەست دەدەین! بەیە لە ٦٨ وڵاتی جیهان، بەشە خراک، کەبانی خراکی تایبەت بە منداڵان، پارەی کاش، دەدرێتە منداڵان، بە بەرنگاربوونەووەی ئەم کێشەیە.
ئەم لێکۆڵینەوەیە لە لایەن، کۆلیجی ئیمپریاڵی لەندەنیەوە ئەنجام دراوە و بەاوکراوەتەوە. بەیە ئەم ئەوروپیانە کاتێک لە وڵاتانی خەمانن، بەجگە لە کارە فەرماڵیەکانیان، کە تەماشایی لووت و دان و باڵا و کێشمان دەکەن، دەیان لێکۆڵینەوە و بگرە چیرۆکیشی لە سەر دەنووسن! چونکە لای ئەوروپیەکان هەموو ئەو دیاردانە، هەکاری هەیە و چارەسەریشی هەیە، کەواتە گرنگە بە کەمەگاکانی خەمان، کە شوێنی بکەون و بیری لە بکەنەوە و چارەسەری منداڵان بکەن، چونکە منداڵان پیا و و ژنی دواڕۆژن!
بە نموونە؛ تەکەایی باڵایی کچێکی نەزدە ١٩ ساڵانی بەنگلادیشی یا گواتیمالایی(ئەم وڵاتانە زەرترین کچانیان کورتە باڵان)،هەمان بەرزی باڵای کچێکی ١١ یازدە ساڵانی هەڤاندی هەیە(هوڤاندا بەرزترین باڵای هەیە لە کچان و لە کوڵان)

ڕاوەستانی نەش ونما!
گرانکاری لە خراکی تەمەنی منداڵیدا، بە تایبەتی دەست ڕانگەیشتن بە خراکی باش لە جەر و تایبەتمەندیە خراکیەکانی لە ڤیتامین و ئەو کانزا و ماتریالانەی کە تێیدایە، دەبێتە هۆی ڕاوەستانی نەش و نمایی منداڵان و ، بگرە هەکشانی کێش و دووچاری قەڵەوی ئادەبەدەر دەبەنەووە و ئەمەش فشار دادەنێت لە سەر تەندروستی و ژیانکی تەندروستی ئەم کەسە بە هەتایە لە

ژیاندا.
ئەم لێکۆڵینەوەیە، باشترە ببێتە پاپۆڕێک بۆ، بەرەو پێشبردنی ئەو سیاسەت و بەرنامانەی کە هاوکاتی فەراهەم کردنی ئەو خزمەتگوزارییانە زیاتر دەکات و هەروەها نرخەکانیشیان بەهێزتر خواروو. ئەمە وا لە منداڵان دەکات، کە باڵایەکی بەرز و کۆشکی کەمتریان هەبێت، یا جیاوازی نێوان بەرزی باڵایان و کۆشیان زۆر نەبێت.
هەر ئەم لێکۆڵینەوەیە بەچونێک یا پێشنیهادێک دەخاتە پێش چاو، وەک؛ کە پسوڵەی خەراکە باشکان بدرێتە ئەو ماڵانەی کە داهاتیان کەمە، هەروەها خواردنی خۆایی لە قوتابخانەکاندا، کە لە زۆر وڵات هەبووە، بەڵام ئێستا بە بۆنەی ئەم پەتایی کۆرۆنایەوە نەماووە یا کەم بووەتەوە.
هەروەها لێکۆڵینەوەکە، داوا لە بڕیاری خەراکی جیهانی دەکات، دەبێت ئەوانیش لە سیاسەتی دابینکردنی خەراکی بۆ سوود بە منداڵانی وڵاتە هەژارەکان، مەرج نیە لە خواروی پێنج ساڵانەوە بن، دابین بکات.

کێشەی بەدخەراکی
ڕاوێستانی نەش و نمای منداڵان و مردن و قەڵەوی ، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بەدخەراکی و نەخۆشیەکان. ئەم لێکۆڵینەوانە لە لایەن، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و یونیسێف و کۆمەڵەی بانکی جیهانیەوە ئەنجام دراوە. ئەوان وای هەڵدەسەنگێنن کە، لە ساڵی ٢٠١٩ دا، کە ٤٧ چل و حەوت ملیۆن منداڵ دووچاری لە ناوچوووون بووبێتنەوە کە تەمەنیان لە خواروی پێنج ساڵەوە بووە. و هەروەها ١٤ چواردە ملیۆن و زیاترزر بۆ قورسی لە ناوچوون. کاتێک باس لە ناووچون دەکەین ،مانای ئەوەیە کە ژیانیان کوتتە مەترسیەوە بۆ هۆی بەدخەراکیەوە، مانای ئەوەیە کەم منداڵانێک دەبن، زۆر لاوازی لەش و لار و توانا و هوبوووی مەرگیان دەکاتەوە.
کۆرۆنا ڤایرەس، هادی ئەم بەدخەراکیە بەرز دەکاتەوە و کێشەی دروست کردووە. لە مانگی تەمموزدا، یونسێف(ڕێکخراوی پارێزگاری لە منداڵان، سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکانە) ئاگادارییکی باوکردووە، کە ٧ حەوت ملیۆن منداڵی أیر پێنج ساڵان، بۆی هەیە توشی لەنوچوون بن لە بەر بەخەراکی لە ساڵی ٢٠٢٠ دا بۆ هۆی پەتایی کۆرۆناوە، کە لەو ژمارەیە ٨٠٪ یان لە خواروی کیشوەری ئاسیا و بیابانی ئەفریقیا دەبێت.
هەژاری خێزانەکان و نەبوونی ئاسایشی خواردن بۆ هادیەکی بەرچاو بەرز بوونەتەوە.خواردنە سەرەکیەکان و خستنە ڕووی زنجیرە خزمەتگوزاریەکان دووچاری گیروگرفت بوونەتەوە، و هەروەها بەرزبووونەوەی نرخی شتو مەکەکان. لە ئەنجامدا کوالێتی خواردنی

مندالەان بڕێ و خوار شتێ دەبنەوە و بەدخراکی منداڵانیش هەندەکشێت بڕێ و سڕووە.

لە گەیشتن بە لووتکەی پتایی کڕونا ڤایروس، داخستنی قوتابخانەکان لە سەرتاپایی جیهاندا، مانایی ئەوەیە، ٣٧٠ سەد و حەفتا ملیۆن منداڵ خواردنی بە خۆایی قوتابخانەیان لە دەست داوە ، بە پیی ئەکخراویی خواردنی جیهانی، کە چاودێری داخستنی قوتابخانەکان دەکات.

هەوڵی جیهانیەکان
بە زڕەک لە منداڵان، ئەو بەشە خراکەیی کە لە قوتابخانەکان دەدرێت، دەکاتە تەنها بەشە خراک کە ئەو منداڵانە لە ئاژەکدا دەیخۆن!!؟؟
سەرپەرشتی دەکرێت لە لایەن خراکی جیهانی و یونسڤەوە، دەستەات و حکومەتەکانی ٦٨ شەست و هەشت وڵات، بەرنامەی خراکەکێت بڕێ مالەوە ، دانی پسوڵەی خراکی تایبەت بە منداڵان، هەروەها دانی پارەی کاسی بە دەستی بە منداڵان، وە هەروەها کارکردن لە سەر تەندروستی و بەرنامەی خراکیی چەوپر بە هاندانیی منداڵان تا بگەڕنەوە قوتابخانەکانیان دوایی کرانەوەی قوتابخانەکانیان.
ئایا دەبێت، ژیانی هەزاران منداڵی کوردستان چۆن بێت، کە باوک و دایکەکانیان بە چەندین مانگ، مووچەیان وەرنەگرتوە و لە چاوەروانیدان!؟
بەرزبوونەوەی ئاژەی مردن لە کوردستان، بەراورد بە پارچکانی دیکەی عەراق زیاترە، یەکەک لە هەکارە هەرە بنەەتی و سەرەکیەکانی ئەو بەدخراکیەیە، کە خەکی کوردستان لە بەر بە ئیمکاناتی و نەبوونی داهاتی ئەک و پەکی مانگانە، لە لایەنە دەرونیەکەوە و لە لایەنی خراکەوە فشاریان لە سەرە، لە ئەنجامدا بەرگری لەشیان دابەزیوە و بەرگەی هیچ پتایەک ناگرن، جا کڕونا بێت، بەم دەندەیەووە، بەیە دەبێت کارەک بکرێت، بە بەرگرتن لەم ئاژە ئەشیەی کە کەمئەگاکانی خەمانی تەکەوتووە.

azzady22@gmail.com
29/11/2020

شۆکی زەرد .. شیعر/ کاوە عوسمان عومەر

دە خامۆیە،،
لەسەر پێڵاوی بەفر،
دوا وشەی غوربەت و،،
چاوەڕوانیم بێت نوسی،
زەردە ئاسمان،،
وەک تەنیایی خواوەندی عیشق، زەردە..
ئەو دارانەی لە ژێر مانگەکی مەستان، وەک تۆ..
خومار لە خەیاڵی منا، منیش خومار..
لە ئەندێشەی تۆ

چەند دەروازە ببەم، تا وەکو..
شەوەزەنگی زەردی ئەم ساتە…
ترسناک و سەمەرەیە دەربازم بێ، بڵێی..
بگەڕەوە شاری ونابت، کام..
هەواڵە دەنێ ، مەڵی هێش لە ئاسۆی..
دوورت، مانگێک زەرد و نەخۆش، ،،
هەناو پڕ ئێشکەنجە…
لە دوورەوە و بە باکانێ،
لە ئازاری مرۆڤکان ووردئەبێتەوە،،
ئەوەرن گەڵا هێشە قەترانێکان،
بەووی هێبوارە تەنیاو بەلانەو بەهودکانی..
شەوی زەردو بەفری هێش و مانگی سوتماک،،
نە چرپەیەکیش..
لە فریشتە فریادڕەسە پەیمانپەدراوکانەوە دە،
نە دەونە تاریکەکانی لاهێکان ،،
گوڵە نەرگزەکی ئاهتونین،
ئەبەخشەنە دەی هێبوارە..
لە خەووز و خەمەش،
جەپەی تارماییە وخسارنادیار و غەمگینەکانە،
وەک دەرچەیەک…
بەرەو دەزەخە لە بەستەهێک،،،
ئەو هێبوارە تارماییە هێشانەن،..

بە کەپەی خەفەبووی دڵیانەوە هاتو چڕیانە،
ەەبوارە بە لانە و ەوخسار تاریکەکان…
زەر دەمکە دەستبەردار بوون،،
لە خەیاڵی دەربازبونە،
بەرەو فیردەوسە بوتە فڕنا،،
هەنگاو بە هەنگاوی بە ئاکام،
ەەبوارە ەوخسار تاریکەکان،،
لە شەوکی زەردی سەمەردا،،
کەەە دارە ەەشکانی ..
سەر تولە ەەی مەرگ ئەبەن
لەوانیە، هەریەکەیان لە کەچی بونایەتیان،،
خەمکی قورسی هەەگرتبە،،
بە ئەوەی هیچ دڵی نازدارە پە بزانە،،
ئای ! چی زستانەکی سەختی بە عیشق و ئەڤین و شەختیە ،
گەردووووووووون.

وەنەکە تابلۆیەکی نیگارکەشی نەرویجی
)Ludwig Munthe (1841-1896
بە نانونیشانی (شەوکی زستان)

زەنگیانەی ئاویی / ەستی دوانزەهەم .. فەتاح حەسەن

(ساویلکە)
سەد هەندەی دەم شکاوە
دەنەوایی خەەکم کردوە و
دەم ەاگرتوون
چش
دەبا هەر پەمبەەن ساویلکەی.
(نازانم)
نیوەی ئەو تەمەنەی ماومە
دەیبەخشم بەکەسەك

زەردەخەنە بگۆڕنەتەوە
سەر لەوانم..
ساتە ناساتە. پێکەنینم دێت،
وەلێ نازانم
بەخەم پێدەکەنم
یا بۆژیانی موسیبەرم.
(جگەرە و کەتر)
خەشیبەکی سەیر دامدەگرێت
کەلەپەنجەرەی هۆدەکەمەوە
دان دەدەم بەباهۆزدا
مژی قوە لەجگەرەکەم دەدەم،
گەر بەمبکرایە.. لەگەڵ چنینی
هەر دەنکە دانکدا..
مژێکم لەجگەرەکەم دەدا.
(چێژفرۆش)
چێژفرۆشان
بەتایم کار دەکەن
کاتە کە کاتیان تەواو دەبێ
لە سیاسییە گەندەڵەکان
زیاتر،
چێژ لە ژیان دەبینن.
(قاسپەی کەو)
بەقیەڵەی قەڵەمەش
پێست دەبم،
وەلێ
ئەو دەمانەی تێنهام
لەمدا بەتێ قاسپەی کەو.
(ژمارە سێ)
جوانترین ژمارە(سێ) یێ
دایك
خوشك
خۆشەویست..
هەش بەسەرم،
لەهەرسەکی بەبەشم.

فەتاح حەسەن
دانیمارك/ ڤالبی

پەرلەمانی عێراق، یاسای قەرزکردن و کێشەی مووچە لە هەرێم

پەسندکردنی یاسای قەرزوەرگرتن لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە، بەو مەرجانەوە بە حکومەتی هەرێم کە بە پابەندبوون پێیانەوە حکومەتی کازمی نابێت بڕێ بودجەی هەرێمی کوردستان کەوانە بکات، بەهانە و بیانوی دایدەست ناسیونالیزمی کورد بگشتی و بتایبەت حزبەکانی دەسەڵاتدار لە هەرێم کە بکەونە وروژاندنی هەستونەستی نەتەوەپەرستی و بەاوکردنەوەی پەوپاگەندەیەکی ژەهراوی، ئەمێش بە مەبەستی خامشکردنی ناڕازایەتیەووڵەسەرکانی جەماوەر دژ بەم دەسەڵاتە گەندەڵە.

ئەم دەسەڵاتە کە درێغی ناکات لە تەنگپەهەڵچنین و گرتن و شکەنجەدانی هەڵسوڕاوانی ناڕازایەتیەکان بە مەبەستی چاوترسێنکردنی جەماوەری ناڕازی، ئێستا بەم بیانووە دەکەوێتە خەڵپەژاندنە چاوی جەماوەر و هەوەدان بە ڕاگرتنیان لە خامۆشی و دانیشتن بەدیار ناردنی شاندێک بە حکومەتی ناوەندی و دانوسان لەسەر بودجە و موچە.

هەوتەکانی ئیسلامیستی عەرەبی و ئیسلامیستی سیاسی و ناسیونال – حزبەکانیان بەهەردوو باڵی سوننی و شیعیانەوە لە پەرلەمانی عێراق، لە دریژەی ئەو شەشیاندا لە هەرشکردنەسەر (ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر) و پاشکۆپێکردنی، وە بە مەبەستی پەردەپۆشی برسێتی و بێکاری و بە خزمەتگوزاری جەماوەری زەحمەتکێشی ناوەڕاست و خواری عێراق و قوتارکردنی ئەم ژمارە کەنەپەرستانەی ئێستایان و بردنەپێشی ئەجێندا سیاسیەکانی خۆیان لە ڕێگەی پەرپێدانی دووبارەکی نەتەوەییەوە، ئەم بگۆیان لە یاسای قەرزوەرگرتنەکەدا جێگیرکردوە.

بەمێش ئەو ڕێککەوتنەیان پێکخست کە حکومەتی کازمی لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا هەیبوو کە تا کۆتایی ئەمساڵ بودجە و موچە بە هەرێم بنرێت. بەم پێیە موچەخۆرانی هەرێمەکە و جەماوەری زەحمەتکێش و بگشتی هاوڵاتیانی کوردستان، بونەتە بارمتەی کێشمەکێشی نێوان هەردوو دەسەڵاتی ناوەندی و هەرێم و هەردوو بزوتنەوەی ئیسلامی

سیاسی و ناسیونالیستی عەرەبی لە لایەک، و بزوتنەوەی ناسیونالیستی کوردی لە لایەکی ترەوە.
چارەسەر نە گەلانەوەیە بە بەغدایەک، کە خەڵکی ژیمیکی گەندەڵ و میلیشیایی و بە چاوشکاری جەماوەر و تێپەڕاندنی سیاسەتی نیولیبرالیزمی ئابووری دابینکردنی موچەکانی پێویست کردبێتەوە بە بەیاردان لەسەر یاسای قەرزوەرگرتن، وە نە فریوخواردنە بە پۆپاگەندەکانی حکومەتی هەرێم و حزبەکانی دەسەڵات، بەڵکو گەلانەوەیە بە یەکێیزی و یەکگرتوویی خەباتی جەماوەر خۆی. ئەم هاتنەمەیدانی جەماوەری کریکاران و کارمەندان و زەحمەتکێشانی کوردستانە بە ئیزنکی ڕەکخراوی یەکگرتووەوە کە دەتوانێ جەمسەرێکی بەهێز بێت بە خەهنانەدەرەوە لە بارمتەیی نێوان هەرسێ بزوتنەوەکە و هەردوو دەسەڵاتەکەی ناوەند و هەرێم، و لایەنێکی دانوسان و چاودێر بێت بەسەر بودجە و موچە و دابەشکردنیدا.
دابین نەکردنی موچە هەکارەکەی کەمی سەروەت و سامان نیە لە کەمەگەی کوردستاندا، کەمی داهاتە ناوخۆیەکانیش نیە لە خزمەتگوزاریەکان و داهاتی دەروازە سنوریەکان و باج و بەرهەمە جەراوجەرەکانی نەوت و گاز، بەڵکو هۆکاری ئاکامی زەروەندی ئەم داهات و سەروەت و سامانیە کە لەلای سەرانی ژیم و کەمپانیەکانی دەوروبەریان و سەرمایەدارانی خاوەن کەمپانیا گەورەکانی کەرتی تایبەت کۆکە بووە و قەرخکراوە.
ئەم بارودۆخە لە قەرخکاری، وە ئەم سیستەمە ئابووری و سیاسیە، دەبێت لە ڕیشەوە گەلانکاری بەسەردا بێت، ئەمەش تەنها یەکگرتوویی کرێکاران و زەحمەتکێشانە بە ئاسۆیەکی سۆشیالیستیەوە کە دەتوانێ تەواوی ئەم سەروەت و سامانە، ئەو دەیان و دەیەها ملیار دۆلارەی بەرپرسانی حکومی و حزبی و سەرمایەداران و کەمپانیاکانیان بگەڕێنێتەوە بە کەمەگە، لەپێناو دابین کردنی موچە و خزمەتگوزاریەکان و هێنانەدی خۆشگوزەرانی لە ژیانی هاوڵاتیاندا.
• نا بە پەرلەمانی عەڕاق و سیاسەتی ئابووقەی ئابووری هەرێم.
• نا بە سیاسەتی نیولیبرالیزمی ئابووری حکومەتی هەرێم و گەندەڵی و فریوکاریەکانی.
• موچەکان دەبێ دەسبەجێ و بە تەواوی بدرێت.
• بڕۆ بە چاودێری بودجە و موچە و دابەشکردنی لەلایەن نوێنەرانی هەڵبژێردراوی کریکاران و کارمەندانەوە.

ڕەکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عەڕاق
٢٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠

ئەو گوندەی پ ک ک ئازادی کردووە! .. هێبوار شێخ

جێی داخە کە باسکان تەواو ئاوڕوو بوون.

لە بری ئەوەی باسکان لە سەر ئازادیی ژنان، بنیاتنانی خوێندنگا و نەخۆشخانە و لادانی سەدی ئاو و گیاندنی هەورامان بە بەهدینان و شنگال بە هەورامان و سلێمانی بە هەولێر و دهۆک بە هێجرە و هەروەها فراهەمکردنی هێل و دەرفەت و خزمەتگوزاریی بە هاووڵاتیان بن، دروست بە پێچەوانەوە، بوون بە لادان لە یەکێتیی نەتەوەیی و لە یەکێیزیی نیشتیمانیی و زیاتر دوورخستنەوەی خەڵکی کوردستان لە یەکتر.

لەو بارەوە هەندێک لە دەسەڵاتدارانی گویا "حکومەتی هەرێم" و بندیوارکانیان ئەمیشیان بە کوتانی ئاو دەهێنەی شێی ناوخە زیاد کردوە کە "پ ک ک یەک گوندیشی ئازاد نەکردوە".

سەیر ئەوەیە پێیان وایە کە ئەوە قسەیەکی بە قەولی خێیان هەر زەر زەر "موهیمە" و بە نرخی زەە بە بە کوردی تاڵانکراوی دەفرۆشنەوە. کێشەی تەنیا و سەرکیی ئەوان بووە بە وەی "پ ک ک گوندکیشی ئازاد نەکردوە".

هەموو ئەوانەی لە ناو دەسەڵاتدا ئەو قسەیە دەکەن دزن و بەشێک لە سەرێک و لە سپای فەرهودی دەسەڵاتن و هەندێکیان بە سەدان هەزار دۆلار نا، بەڵکو بە ملۆن دۆلار لە سەر کوردی باشووری بەدبەخت و بەچارە کەوتوون.

ساڵی 1974 کاتێک مەلا مستەفا خەی بە تاک و تەنیا بە بەیاری ئێران و بە دنەی ئیسرائیل بانگەوازی شێی دژ بە حکومەتی ئێراق دا، نزیکەی زەرینەی کوردی باشوور دەست لە سەر سینگ هاتنە پێش و نموونەی گەورەیان لە گیانفیداکاریی پێشکێش کرد چون بە ڕاستیی خەڵکی باشوور عاشق بە ئازادیی و سەربەخۆیین. بەشی هەرە زەری خاکی باشوور لە ژێر دەستی کورددا بوو. هەر شارەکان، بە کەرکووک و بەشی گەورەی موسڵەوە، لە ژێر دەستی بەغدادا بوون، بەڵام ئەوانیش لە

ڕاستییدا لە ژێر حوکمی سەربازییدا بوون دەنا بە ئەملاولا کورد و کوردستانیی بوون. هەوون و ئاشکرایە کە حکومەتی ئێراقیی ئێو کاتە زاتی ئێوەی نەبوو بە کەرکووک بڵێت شاری "عەرەب" یان تەنانەت "ئێراقیی" بڵێکو بە هەسمیی دیگوت "شاری برایەتیی/ مدینة التأخي".

گۆگۆل ئەو ئەدیبە کەپووو باریکە قژخاوە سەرنجڕاکێشەیە، وەک لەوێنەکانی گەنجێتیدا بەبزەیەکی شاراوەی سەر لەوکانییەوە تەمان دەداوانە؛ گەر پێشتر نازانین کێوە هەوە، هەنگە بەوخساریدا وابزانین، یەکێک لەنیگارکێشە وردبین و باشکانی یەکێک لەقوتابخانەکانی وێنەکێشان. هەربۆیە ئەوانەی ئەویان لەدنیای گەڕانەوەدا بەنیگارکێشکی بەسلیقەو شارەزای وێنەکردنی سیما و ئاکارکانی مرۆڤی تەکشکاو و تەریک و داماو ناساندووە، بەهەڵدا نەچوون و بگرە دەتوانم بڵێم؛ گۆگۆل لەدنیای گەڕانەوەدا جارە نیگارکێش و نەخشەنەرکی تایبەتی پارتراێتی کاراکتەرە ئەنتی هەرە-کانییەتی، لەگەڵ ئەو ئیتمە تراژیدییە پەردەپۆشکراوەی کەلەبەرەوپشچوونی ڕووداوە بەڕووکێش تەنز ئامێزکانیدا لامان ڕەشن دەبێتەوە، بەگومان تەکنە بەشەوازکی خستنەڕووی ئیغتیرابی، بەناو ئیالیستی و کەمەدی، بەناڵم جوداو جیاواز و ترازاو لەزەربەی چەشنە نووسینەکانی پێشووتری دنیای ئەدەبیاتی ڕوسی و بگرە جیهانیش!

مایەی پرسیاریشە کاتێک چەند بەیتە شیعرکی پووشکین-م بیردکەوێتەوە؛ باس لەوە دەکات هەندک بەیتە شیعر بە فەدانە نەو ئاگر دەنووسێت؟! واتە هەندە پڕو لەناخەوە بەدیان فیکرەو دەربڕین و دەستەواژەو وێنەی شیعری ئەخەی پەدەگرن؛ دەتوانێت هەندک لەو گوزارشت و دەربڕین و وێنانەی کەلەنەو دڕو بەیتەکاندا دایان دەڕێژێت و دەیانووسێت، پێش ئەوەی کەس بیانبینێت هەیاندات نەو ئاگرەوە.. بەیە دەبێت لاشمان سەیر نەبێت، کاتێک پاش خوەندنەوەو قاڵبوونەوەمان لەدنیای گۆگڵ-دا دەگەینە ئەو ڕاستییەی کەهەردوو فیکرەی تەکستی، پشکنەری گشتی و دەروونە مردووەکان-ی لەپووشکینەوە وەرگرتوە.. یان بابڵێین پووشکین ویستوویەتی بەرەو ئاڕاستەی ئەو جۆرە نووسینەیدا بڕات و لەکاتەکدا خەی بچێشن وشەوازکی تر نووسیوێتی و ئەمێش بەشکە لەبلیمەتی و داهێنانی لەبن نەهاتووی زاتەکی وەک پووشکین و هەر ئەویش بووە کەهەر لەسەرتاوە بەتە ناسێنەری سەرکی گۆگڵ و لەبواری نووسیندا دەستگیرێیی کردووەو هەندک لەبابەتەکانیشی بە بەاوکردەتەوە. هەر لەسەرتاوە درکی بەبلیمەتی گۆگڵ؛ لەبواری گەڕانەوەدا کردووە. هەر بەیە کاتێک گۆگڵ تەکستی "پشکنەری گشتی" دەنووسێت، ئەوەی لەیاد ناچێت لەزاری کەسایەتی سەرکی تەکستەکێوە کەناوی خلیستیکف-ە، گەورەیی پووشکین نیشان بدات؛ کاتێک بە خە گەورەکردنی خەی لای خەکەسادەکە، ئاماژە بەوە دەدات کەلەپترسبەرگ تەنانێت هاوەڵی کەسایەتییەکی مەزنی وەک پووشکین-یشە-۲-
ئەوەی تا ئێستاش لەبارەی پەوەندی پەزەتیفانەی گۆگڵ و پووشکین-

ەو، خراوەتەوو، لەلایەن زەربەی تووژڕان و ئەدیبانی ڕوسەوە سەلمێنراوە، تەنها کەسێک کێشەم یاسایە لادەدا، دەرهێنەری بەناوبانگ –ئایزنشتین-ەو ئەو پەی وابووە گۆگۆڵ هێگری ئەرێیی و حەسادەتکی شاراوە بووە بەرانبەر بەپووشکین و هەر ئەوەش وای لێکردووە، شتکی دژ و جودا بشێوازی نووسینی ئەو دابهێنێت؟!-۳-
بەڕام ئەم ڕاوبۆچوونەی ئایزنشتین، تا ئێستا تەنهاو تەریک ماوەتەوەو پێناچێت وابەئاسانی کەسانکی ئەکادیمی و شارەزا، لێدەبیاتی ڕوسیدا؛ بچنەپاڵ ڕاست و دروستی ئەوەی وروژاندوویەتی؟!
پێش ئەوەی بەتەواویی ڕەبچینە نەو بابەتکەمان و سەفەر لەتک بەسەرهاتی پاڵتەکەی گۆگۆڵ-دا بکەین، دەشێت کەمێک باسی ڕاستکردنەوە، یان لابردن و جێکردنەوەو تێنانێت سینەوەی هەندک وشەی ناتەواو و دروستکراوی نەو دنیای ئەدەبیاتی کوردی بکەین.

هەژار-ی زمانزان و لێکەر لەبەرایی هەمبانە بۆرینە-کەیدا دەڵێت:
{ بۆناوی کوردایەتی تۆخ، لەزمانە بەستەزمانکەی، وا لاواز و پەرەوازەو بێ خودانمان بوونە مەم، قسەل بەقسەل و چێ بەچێی زەر بەوردی دەپشکنن و هەر وشەیک بۆنی عارەبییەکی کۆنی یان فارسییەکی مردووی هەزار ساڵەی لێ بێت، ئەو زانا کورد پەروەرانەی پێ شێت دەبن. وەک دزێکیان لێنەو کادێن دا گرتبێ، دوشمنی ڕای ئیمانت بێ، چی پێ دەکەن! هەروا چەقیەو لەی دەسوێن، دەیدەنێ بەر پلار و جوێن، کارێکی بەسەردا دەهێنن دەم بەژنی خەی نەکردبێ. ئاوەوی وەژەری وشکەش بەمەردەی کاوەای پیوازفرۆش ئەوێن! مەڵێ قەڵەم! بەژێ پێنوس.. مەژێ کاغەز! بوژێ تێنوس.. نەبەژ دەفتەر! بەڵێ پەڵاو...}
ئیتر هەر لەدرێژەی ئەو ڕیتمی دەستکاریکردن و ئاوەژووکردن و هەگبانەوەو شێواندن و دروستکردنی زاراوەو وشەی نوێی زوبانی کوردیەشدا، کەسێک دێت و مام + وەستا.. لەک دەدات و دەیکاتە مامەستاو بەبێ ئەوەی بیری لێوە کردبێتەوە، ئەی چۆن دەبێت هەمان وشەش بێ مەینەش بەکاربهێنرێت؟! کەچی داخکەم بەبێ پرسیارکردن و هەوەستێ لەسەرکردنکی جدی وا ساناکە سەپێنراوەو بەکار دەهێنرێت!؟
کەسێک دێت و وشەیک بۆناوی ڕەخنەوە فێ دەداتە نەوەندی نووسینەوەو بەبێ ئەوەی ئەسێ و فەسڵی وشکە ڕەشن بێت و لەزمانی کوردیدا شوێنجگەیکی لەوەو پێشی هەبووبێت، کەچی تا ئێستا بەیکردووەو ئیدی دیار نییە، کەی دەتوانین شتکی نوێی لەجێ بەکاربهێنین.

سـەبارەت بەوشەی –چـی+ەک- یشەوە؛ پـەدەچێت بابـەیەکی نیمچەحیکایەتباز، لەبەروارێکی نەزانراودا هاتبێت و وشەیەکی لەکدراوی لەچی + ناوەک دروست کردبێت و لەو ڕێڕەوە گەیشتبێتە ئەمڕۆ و بەشـەوە تەکنیکییەکەی ئەستای؛ ناو نابێت چی+ ەک و نووسەرەکەشی ناو نابێت، چی- ەک- نووس؟!
کوردەکی بەوبەختی خاوەن سەدان حیکایەت و سەرگوزشتە و ئەفسانەو داستان و بەسەرهاتە گەلانەوە، بەیت ناوەکی لەکدراوی دروستکراوی ناقەڵا بەسەر کاریگەرترین ژانرەکی ئەدەبیی نیمچە ئەنتەلەژیانەی ئەودا بسەپێنیت.. کوردەک تەنها شونەوارەک لەمەڕووەکەی ڕاشکاوانە مابێتەوە، زمانەکەیەتی و مانەوەی چەندین ساڵەی زمانەکەشی لەگەڵ ئەنەوەکانییەوە بووەو دەبێت بە نەتوانێت وەک فارس؛ کورتە داستان و داستانی درێژ یان باڵا بەکاربهێنێت.. یان گەر وشەی حیکایەت، بەجۆرێ گەلانەوەیەکی کەن و تەقلیدی دەتە پێشچاو! خۆ دەکرا وشەیەکی کوردیی پڕ مەغزاو مانای وەک – بەسەرهات-ی لەجێی چی+ەک بەکارهێنابا!؟

بەیێ وەک خۆم؛ دەمەکە پێم وایە گەلانەوە بە خودی وشەی گەلانەوە، سەرد- نەڕەیتیف Narrative دروستترەو لەزمانی عەرەبیشدا بە تەکستە نوێیەکانی ئەم دواییانەی نووسەرانیان زیاتر سەردو بە نووسەرەکەشی سارید بەکاردەهێنرێت و ئەمەش دەتوانین ئینگلیزییەکەی Narrator بەکار بهێنین لەجێی گەلانەوەو ئیدی ژانرێ ئەدەبییە سەردیەکانیش لە کورتە نەڕەیتیف و نەڤێلاو ڕۆمان-دا بناسینرێت، یان بەهەر شێوازێکی تر کەجودا بێت لەوەی ساڵانەکە سەپێنراوە.
ڕۆخنەگری ئەمریکی – جودیت لایبوفیتز- لەکتێبی (سەردو مێستدارێتی لەنەڤێلادا) ئاماژە بەتەکنیکە کردنی نەڤێلا و نەڤێلا و کورتەڕۆمان و بەکارهێنانیان وەک ئەوەی یەک شت بن دەکات! لەکاتێکدا کورتەڕۆمان کورتکراوەی ڕۆمانێ و نەڤێلا درێژکراوەی کورتە نەڕەیتیف-ێ، بەڵام نەڤێلا ژانرێکی تایبەت بەخۆیەتی و زیاتریش لەئەدەبیاتی ئەوروپیدا ناسراوترێ وەک لەئەدەبیاتی شونانی ترو تایبەتێ بەووداوێ کارساتبار و بابەتێ سەرنج ڕاکێشێ کاریگەرکان، بەدەر لەو درێژدادی و فەڵ و تەڵەکەیەی لەنووسینی ڕۆماندا بەکاردەهێنرێت، بەمەبەستی درێژکردنەوەی؛ بەشێوەیەک کەدەبێتە حەشووکردن و داگیرکردنی قەبارەی زیاتر!
نەڤێلا لەئەڕمانیا لەسەردەستی؛ (هنریک ڤۆن کلیست و گەرهارت هەبتمان و تەماس مان و کافکا)، گەیشتێ ئاستەکی باڵا و لەنمونەی نەڤێللاش؛ مەسخ-ی کافکاو -لەبارەی پیاوان و مشکەکان-ی جۆن شتاینبەک و –مەزرای ئاژەڵان-ی جۆرج ئەرویل و –پیرەمەردو دەریا-ی

هەمەنگوایی و –کەلەنەل کەسی نییە نامەی بە بنەرەت-ی گابریل گارسیا مارکیز، شایانی ئاماژە پێدانن.


بە هەرحاڵ با لەرەوە بگەڕێینەوە سەر بابەتە سەرەکییەکەمان، سەبارەت بەگەگە و دەشت بەڕین، ئاوەکی بەڕێگەز ئەکرانی، هەر لەسەرەتای نووسینەکانییەوە تا دواییەکانی تەمەنیشی زۆر تەختر هەست بەوە دەکرێت، پرسیارگەل و پێبلەمە ئینسانی و ئیشکالە فەلسەفی و ئەنتەلەژییەکان لەدنیای ئەودا؛ بەپلەی یەکەم جێی خۆیان کردەتەوە و بەتایبەتیش پاش فەشەل هێنانی لەبەاوکردنەوەی قەسیدەمانی (هانزکولگارتن) و کێنەوەی سەرجەم نوسخەکانی و هێهاتنی بە دەرەوەی وڵات و پاشان گەڕانەوەیی و بەاوکردنەوەی کتێبی(شەوانە ئاهەنگ لەمەزرای نزیک دیکانکا)ی هێهێنجراو لەفەلکلۆری ئەکرانی و بەپشت بەستن بەزۆر لەگەڕانەوە حیکایەتەکانی دایکی.. بەم کتێبەشی توانی شکستی پێشووتری لەبواری نووسیندا بسڕێتەوە و جەدیانە جێی خۆی بکاتەوە و ئیدی لەرەوە ئیدامە بەکارەکانی داهاتووی خۆشی بدات.

دەگمەن؛ ئەو ئەدیبانەی کەتوانیویانە لەتەمەنێکی کورتدا وەک گەگە، بگەنە ئاست داهێنانی شێوازێکی نوێ لەنووسینێکی ڕیالیستییانەی تژی لەتەنز و کۆمەدیایەکی هاوتا لەگەڵ بەتامبوون و وەرانبوونی زیندەگی بنیادەمان و نغرۆبوونی لەتینەتی دووبارەبوونەوەو سووانەوە لەنێو بازنەکانی بیرکراتییەت و هێهایی دەسەڵاتە تەتالیتارەکاندا.
کاراکتەری ئەنتی هەرۆ-ی نەریتیفی –پاڵتە- ی گەگە، ئەکاکی ئەکاکیفیچ-ی فەرمانبەر، لەبوونە کۆمەڵایەتییەکەدا وەک نەبوو ئەژمار دەکرێت و هەر لەسەرەتای بەسەرهاتی لەدایک بوونییەوە، کەشێکی زۆر لەچییەتی ناونانییەوە پەیدا دەبێت و پاش هێدانەوەی تەقویمی ئەرسەزکسی بەمەبەستی دەزینەوەی ناوێکی گونجاو بۆی، کەچی ناو بە ئەو دەبێتە قاتی و لەنێو کۆمەکێک ناوی ناقەڵای وەک (تریڤللاو دلاوڤارکاش و بافیکاخی و فاختیسی)، بەیار دەدرێت جارێکی تر ناوی باوکی لەبنرێتەوە و بەمەش ناوی دەبێتە ئەکاکی ئەکاکیفیچ و لەووسیشدا بەپیسایی دەوترێت ئەکاکی و هەروەها نازناوی خەزانکەشی –باشمچکین- وەک لەخودی گەڕانەوەی پاڵتە-دا ئاماژەی پێدراوە: (بەوونی و ئاشکرایی دیارە لەوشەی باشمک-ەوە وەرگیراوە، کەبەواتای پێاو دێت لەووسیدا..)-٤-
کاتێک ئەم کۆسایەتییە لەتەکستە گەڕانەوەی پاڵتە-دا بەتەواویی دەخرێتە نێو زەلکاوی هیچ بوون و پڕاوڕۆ و ئیدی ئاکاکی ئەکاکیفیچ

بەجۆرێک لەجۆرەکان ون دەبێت و پاڵتە دەبێتە کاراکتەری سەرەکی و ناکرێت لەنێو ئەو سەرما کوشندەیەی ڤوسیادا هیچ شتێک لەپاڵتە گرنگتر و بەئەهمیەتتر و جوانتر و گەرمتر و بەقیمەتتربێت، ئەو هەموو شتێکەو تەنانەت کاتێک -بیترێقیچ-ی بەرگدروو، پاڵتەکە بە ئۆکاکی ئۆکاکیفیچ دەدرووێت و پاش پرۆڤەپێکردن و تەواوبوون و لەبەرکردنی لەلایەن ئۆکاکی-یەوە دوور و نزیک وەدووی دەکەوێت و بەشاگەشکەییەوە دەیوانێتە ئەو توحفەیەی کەپاڵتەیەو خۆشی وەستا بەرگدروو کەیەتی!؟

ئیدی هەر ئەم پاڵتەیەشە دەبێتە سەبەبکاری داوەتکردنی زۆرملێیانەی بە داوەتێکی شەوانەی یەکێک لەکەسایەتییە هەبووەکانی نێو فەرمانگەکەیی و دواجار گەورانەوەی درەنگ وەختی و دزرانی پاڵتەکەی لەکەسانێکی تاریکدا!؟
پاش دیمەنی دزرانی پاڵتەکە؛ خوێنەر خۆی لەدەبێتە کاراکتەرێ بە پاڵتەکەو بەو سەرمایە هاوار بەچوار دەوری خۆیدا دەکات و ناڵەو سەدای دەگاتە هەر گوێیەک کەمەبەستی بێت، گوەادەرێت بە ئازاری قووڵی هەموو ئەوانەی وەک ئۆکاکی ئۆکاکیفیچ، چ پاش دەردەسەریەکی زۆر دەتوانن ببنە خاوەن پاڵتەیەکی نوێی شایستەو چ ناشتوانن لەنێو شلەقەی یاساکانی دەوڵەت و خافڵبوون و گوێپێنەدانی پۆلیس و پاسەوانەکاندا، نەهێن پاڵتەکەیان بدزرێت! کاتێکیش بە پاڵتە دەمێنێتەوەو بەمەبەستی دزینەوەی دەگاتە لای -کەسایەتییە گرنگەکە- و ئەویش بەجۆرێک تەی دەخووڵێت و دەریدەکات، کەئیدی هیچ هیوایەکی بە نامێنێتەوە، جگە لەمەرگ و بەیە دەمرێت و پاش مردنیشی دەبێتە تارمایی ئۆکاکی ئۆکاکیفیچ و پاڵتە لەبەر بنیادەمان دادەکەنێت و تا دەگاتە ئەوەی حەقی خۆی لە -کەسایەتییە گرنگەکە-ش دەکاتەوەو پاڵتەکەی بەری دادەکەنێت.

هەمووان لەپاڵتەکەی گۆگۆ-وە هاتووینەتەدەر!؟



یەکێک لەو گوزاشتە زۆر کاریگەرو دڕینانەی کە ئەوی خوێنەری ئەدەبیاتی ڕوسی بووبێت، بێشک گۆگۆل بیستی بوو، بەناو ساغکردنەوەی ئەسڵی بۆژوکەی، ئەستاشی لەگەڵدا بێت، جگەی مشتومڕ و قسەوباس و هەر بۆیە کەسایەتییەکی شارەزاو پسپۆڕ لەئەدەبیاتی ڕوسیدا وەک دکتۆر؛ جەودەت هەشیار-٥-، پاش قووبوونەوەی لەنێو کۆمەک سەرچاوەی کۆن و نوێدا، دەگاتە ئەو ڕاستییەی کەهیچ کام لە(ڤیدەر دستیڤسکی و ئیڤان تۆرگنێف و دیمتری گریگۆرڤیچ) خاوەنی ئەو گوزارشتە نین و پێی وایە نووسەر و دیپلۆماسی فەڕەنسی – یۆژین میلکبۆر دی فۆگۆ-ی سەفیری فەڕەنسا لەپترسبۆرگی پایتەختی ئەو دەمی ڕوسیای تزاری و لەمیانی وتار و نووسین و کتێبەکانییەوە، ئەو گوتزایەی کەدەڵێت هەمووان لەپاڵتۆکەی گۆگۆڵ-ەوە هاتوونەتە دەر، داوێتە پاڵ نووسەری ڕەمانی –لانوازان- بەبێ ناوهێنانی ئەوی کەنووسەرەکەی دستێڤسکی-یە و لەڕاستیشدا دستێڤسکی فیکرەی ڕەمانەکەی لەپاڵتۆ-ەوە وەرگرتووەو بەشێوازێکی جودا مامەڵەیکی داهێنەرانەی لەگەڵ کردووەو لەدیمەنێکیدا کاراکتەری –لانوازان- دیفوشکین، نەریتیف-ی پاڵتۆ دەخوێنێتەوە.

یۆژین میلکبۆر دی فۆگۆ، لەنیسانی ١٩٠٩ لەیادی سەد ساڵەی لەدایک بوونی گۆگۆڵ لەمۆسکۆ لەوتارێکیدا دەڵێت:

{ هەموو ئێم نۆڤانەی ئەدەبیات؛ لەپاڵتۆکەی گۆگۆڵ هاتوونەتەدەر،

پاڵتەکەی ئەکاکی ئەکاکیقیچ،....}-٦-
بە زیاتر ناسینی دنیای ئەدەبیاتی، ناوازەی ئەو گۆڤارەو بەنامەیەش؛ لەجوانترین گوزارشتەکیدا – ئەمیل سیوران- سەبارەت بەگۆگۆڵ وتوێتی:
{ واقیعییەتەکەی هەندێ گۆڕیە تا ئەو ڕادەیەی ئەو کەسایەتییانەی کەهەڵیان دەسووڕێنێت دەبنە نەبوو، بەڵکو دەبنە مووزاتی جووڵاو کەبەتەواویی ئەمەی تێدایە، کەسایەتییەکانی ئەو شکست ناهێنن و ناکەون، چونکە لەسەرەتاوە شکستیان هێناوەو کەوتوون... ئەوەی ئەمە لەودا خەشمان دەوێت؛ ئەو ڕکێیەتی بە خەڵکی.. توندو تیژییەتی.. چەشنی بینینیەتی بە دنیایەکی تاوانبار} -٧-

_____

سەرچاوەکان:

١-لاپەڕە١٥٣ /وەهم و شوناس/یوسف عزەدین/ چاپخانەی یاد/سلەمانی ٢٠١٢

-٢
https://kitabat.com/2013/05/21/%D8%BA%D9%88%D8%BA%D9%88%D9%84-%D9%88%D8%A8%D9%88%D8%B4%D9%83%D9%8A%D9%86/

٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو

٤- المعطف و الانف/ ترجمة الدكتور محمد الخزاعی/بحرين ٢٠١٣

٥- https:/www.facebook.com/jawdat.heshyar

٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو

٧- لاپەڕە ١٥٤/ وەهم و شوناس/ چاپخانەی یاد/٢٠١٢

سەرنج: لەئەدەب و هونەری/ کوردستانی نوێ/ژ:٨٢٢٦/١٩/١١/٢٠٢٠بەاوبەتوێ.
E.mail/izadyusf@gamil.com

(کارینا)، ڕەمانی دەستنوسی خوێناوییەکان! .. هەرش ڕەسوڵ

هەرچەند دەرفەتم زۆر کەم بو، بەڵام هەرچەندێک بو، لە چەند مانگی

رابردودا و لەگەڵ بەاوبوونەوەی ئەلیکترۆنییدا، توانیم نوێترین ڕۆمانی (نیهاد جامی) بخوێنمەوە.
نیهاد پتر وەک نوسەر و شانۆکار و ڕۆژنامەگری شانۆیی ناسراوە، بەڵام ماوەی چەند ساڵێکە کار لە نوسینی چیرۆک و نۆڤێڵت و ڕۆمانیش دەکات.
ئەم کارە تازەیەی ناونیشانی (کارینا)ـی هەڵگرتوە. کارینا بەپێی ئەندێشەسازیی ڕۆمانەوس یەکێکە لە ئەندامانی (بنەماڵەی خەیاڵ). کچێک، لە دایک و باوکییەوە بە خەیاڵ دەژی، بە خەیاڵ بیردەکاتەوە، بە خەیاڵ ڕەفتاردەکا و، دەیەوێت هەر بەو خەیاڵەوە ئایندەی خۆی بنەخشێنێت.
ئیشی من نیە لەم کورتنوسینەدا، چیرۆک یان چیرۆکگەلی نێو ڕۆمانێک بگەمەوە و ڕوداو و کەسێتییەکانی ئاشکرابکەم، هەندێ دەمەوێ تەنها وەک خوێنەرێک هەست و بینینی خۆم بە کورتیی بخەمەڕوو. سەرەتا، ئایشارەوە هەم چەژم لە خوێندنەوەی (کارینا) وەرگرت، هەم قوڵییم لە ڕەچاوکرد.
پێکەری ڕۆمانێکە بریتییە لە سێ کتێب لەناو کتێبێکدا، هەرێکەیان گەڵەوەی خۆی هەیە، پاشان هەمایان لە هەڵەکی چیرۆکئامێزدا یەکدەگرنەوە. وەکچێن کەسێتیی ڕاستینەی ڕۆمانەوسیش (نیهاد) لە کەتایدا یەکێکە لەوان.
گێڕانەوە لە (کارینا)ـدا زیاتر بە زمانی کەسی یەکەم و کەسی سێیەم، کەوا لەلایەن کارەکتەرە سەرەکیی و لاوەکییەکانەوە چیرۆکە جیاوازەکان نمایشدەکرێن.
تەکنیکەکەیشی جادوواقیعیی (ریالیزمی سیحری)ـیە و شێوازێکی جوان و سەرنجبەرە.
بە لایەنی زمانەوانییەوە، ڕەنوس و خاڵبەندیی هەست بە جۆرێک لە پەلە دەکرێت، چونکە هەندە هەڵەی تەدایە، بەڵام کەمیان هەڵەی گەورە و ماناگۆڕن.
ناکرێ من لێرەدا ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە بخەمەڕوو، بەڵام تەنها دەمەوێ هەندە بڵێم؛ (کارینا) ڕۆمانی دەستنوسە خوێناوییەکانە، دەفتەری نەخوێنراوەی نەوەی ئازاردراو و بێئومێدی دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ـە، یاداشتی ڕۆژنامەنوسە گەنجە تەرەرکراوەکانە.
تەوەری ڕۆمانەکە، تەنها لە دەوری بابەتی سیاسیی ناخولێتەوە، بەکو لایەنی ئابوریی، کۆمەڵایەتیی، کەلتووریی_یش دەگرێتەخۆ.
چیرۆکەکانی نێو (کارینا) پێن لە فەین و ونبون، سەرەڕۆژن لە کوشتنی هیوا، بەهودەیی، گەمژاندن، لەسەر دەستی نەوەی دووەمی سیاسەت لەم نیشتمانەدا.
بەو هیوایەی، (کارینا) تەنها لەنێو جاڵجاڵۆکەتەی جیهانییدا

نەمنتەوە و بە کاغەزییش چاپکرە و بکوتە نێو رەفی کتێبخانەکانیش.

سەرکەوتن و بەردەوامیی بە نیهاد جامی.

خەونەکانی کەژاڵ ماڵێك لە فڕۆمی وتاردا! .. سەدیق سەعید ڕواندزی

ساڵانێکە وەك خوێنەرێك، بە تاسەوە ماڵمان دەخوێنمەوە.بە تایبەتیش ئەوانەی نووسەرەکانیان دەسپێکی نووسینیانە لەوبواڕە. خوێندنەوەی ماڵمان وەك ژانرێکی ئەدەبی بۆ من لە دوو ڕوانگەوەیە. یەکەمیان چێژ وەرگرتن و خوێندنەوەی تێکستێکی ئەدەبییە، ئەوەی تریان بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی زمانەکەم وئاشنابوونی زیاترە بە زمانی کوردی کە دەبێ ماننووس شارەزایەکی ووردو زۆری لێ هەبێت. چونکە زانینی زمان و شێوەی داڕشتن و گوزارشتکرن، ئەلف و بێی نووسینی ماڵمانە. هەرکەسێك توانای بە سەر زماندا نەشکێت، باشتر وایە ماڵمان نەنووسێت.ئەوەی جێگەی سەرنجە لام، لە میانەی ئەزموونی خۆم وەك خوێنەرێك لە بواری خوێندنەوەی ماڵماندا، تا ئەندازەیەکی زۆر گەیشتوومەتە ئەو بۆچوونەی کە بەشێکی زۆری ئەوانەی خۆیان بە نووسینی ماڵمانەوە سەرقاڵکردووە(نەك ماڵماننووسن) شارەزایەکی ئەوتۆیان لە زمانی کوردی نییە. نازانن چۆن چەمك ودەستەواژە و دەربڕین و گوزارشتە زمانەوانییەکان، لە بونیادی زماندا بەرجەستە بکەن. بۆیە دەکەونە هەڵەی سەیرەوە کە خۆشیان هەستی پێ ناکەن. گەرچی ئەو نووسەرانە هەوڵدەدەن لە ڕێگەی فەنتازیای نووسین و زمانێکی پەخشان ئامێز، جۆرێك لە ئستاتیکا بە وشەکان بدەن تاکو سەرنجی خوێنەر ڕابکێشن. بەڵام کاتێ دەچینە قووڵایی وشە و ماناکان، ئیدی دەستەپاچەیی ئەوانمان بۆ دەردەکەوێت. ئەم کارەم وەك ئەوە دێتە بەرچاو کە خانووێکی لە قۆ دروست کراو، بە بۆیەیەکی جوان بڕازێنیەوە. خاڵێکی دیکەیان ئەوەیە کە بەشێکی زۆر لەوانەی بە خەیاڵی خۆیان ماڵمان دەنووسن، تووشی کاوێژکردنەوەی وشە

و درێژدادەیی و دووبارەبوونەوەی وێنەکان دەبن.

بابەتی بەشێکی زۆر لەو جۆرە ڕۆمانانە، دەکرێ پوخت و چڕوکورت بکرێتەوە لە چەند لاپەڕەیەکی کەم. یاخود ئەوەی ڕۆمانووس بەو هەموو نووسینەوەیەوە گوتوبێژیەتی، دەتوانرێت کورت بکرێتەوە بۆ چیرۆکێکی زۆرکورت. نموونەی بەرجەستە لەم ڕووەوە زۆرن گەرخوێنەر مەبەستی بێت ئاماژەیان پێ بدات. لەو ڕوانگەیەوە یەکێك لەو ڕۆمانانەی لە زۆرلایەنی زمانییەوە هەڵە و کەماسی هەبوو ڕۆمانی(خەونەکانی کەژاڵ)ە. ئەم ڕۆمانە، سەرگوزشتەی ژنێکی کوردمان بۆ دەگێڕێتەوە کە ناوی(کەژاڵ)ە و لەکەنەدا دەژیت. کەژاڵ، دوای ئەوەی بە خۆشەویستی شوو بە کامەرانی هونەرمەند دەکات، لەگەڵیشیدا دەچێتە کەنەدا و لەوێ دەژیت. دوای ماوەیەك ناتوانن وەك دوو هاوسەر بە یەکەوە بژین، بڕیە کەژاڵ لێی جیا دەبێتەوە و ئەمجارەیان شوو بە کوردێکی ڕۆژهەڵات دەکات بە ناوی ئومێد، لەویش جیا دەبێتەوەو ئەمجارەیان شوو بە کەسێکی دیکە دەکات بە ناوی عەباس. کەژاڵ لە گەڵانەوەیەکی دا بۆ کەرکوك عەباس دەناسێت و ئەڤینی دەزگیرانی دەگێڕنەوە، بەڵام لەویش جیا دەبێتەوە.

کارەکتەری ڕۆمانەکە، بەدرێژایی ئەو ماوەیەی لە ژیانی خۆزانی دابووە، بە نهێنیش مامۆستا بە ختیاری خۆشویستووە کە چەند ساڵێك لە خۆی گەورەترو هاوکات هاوسەر و منداڵیشی هەیە. واتا لێرەدا ڕۆمانووس، ناڕاستەوخۆ هەوایەتی بەوە دەدات، کە کاتێ کەسێك لە ژیانی تایبەتی و خۆزانداری خۆیدایە، دەکرێ بە نهێنیش کەسێکی دیکەی خۆشبوێت و ناپاکی لە هاوسەرکەی بکات. لە کاتێکدا ئەم جۆرە پەیوەندییانە، یەکێکن لە گەورەترین ئەو گرفتە کۆمەڵایەتی و کەسی و خۆزانی و پەروەردەییانەی، سەرچاوەی سەدان ڕووداوی دڵتەزێن و تراژیدین لە کۆمەڵگەی کوردیدا، کە زۆرینەیان سەردەکێشن بۆ کوشتن و خونێشتنی مرۆڤ. ئەم جۆرە تیمانە لە نووسینی ڕۆماندا، وەك بابەتێکی سواوی لێهاتووە و هەمیشە دەکرێنە کەرستەی نووسینی بە ناو ڕۆمانی بۆ مانا و تەنانەت هەندێکیان لە پەراوێزییەوە لە کۆمەڵگەی خۆشیان دەدەن. هیچ داهێنانێك لەوەدانییە، نووسەرێك بابەتێکی سواو بکاتە کەرستەی نووسینی ڕۆمانێك. وەرای ئەمەش لە ڕۆمانەکەدا، خوێنەر بەر چەندین هەڵەی زەق لە ڕووی زمان و دەربڕینەوە دەکەوێت کە لێرەدا ئاماژەیان پێ دەدەین:_

- لا-14 -نووسیویەتی:_(ستێدیۆی نیگار کۆشان). نووسەری ڕۆمانەکە (ستێدیۆ)و(مەرسەم)ی لەیەکتر جیا نەکردۆتەوە، وا دەزانێت هەردووکییان هەمان مانایان هەیە. ستێدیۆ بۆ

تەمارکردنە (مەرسەم) کە بە کوردی (نیگارخان) ەی پێ دەگوترێت، شوێنی وێنە کێشانە.

- لا 14_نووسیویەتی:_(کامەران کەسێکی قرچێك و چاوچنۆك بوو، نرخی کراس و پێلاوەکەی لە سەرووی هەزار دۆلاربوو). سەیرم پێدێت کەسێك ڕۆمان بنووسێت و خۆی پێ ڕۆمانووس بێت، بەڵام هەڵەی وەها کەمدی بکات. ئاخر کەسێك قرچێك بێت، چۆن پێشاکی گران بەهای بەو نرخە دەپێشێت؟!.
- لا14 ڕۆژنامەنووس:(بە فیکە لێدان تەماشای تابلۆیەکانم کرد). ئەگەر بینەرێك تەماشای تابلۆیەك بکات، لێی ڕادەمێنێت و چۆژی لێ وەردەگرێت، یاخود فیکەی بۆ لێ ئەدات؟ ئەمە با ڕۆمانووسی وەڵامان بداتەوە؟.
- لا28_نووسیویەتی:_(ئومێد دەڕۆ هەفتەی داهاتوو دەچمە حەج) نووسەری ڕۆمانەکە وادەزانێت (حەجکردنیش) وەك(عەمرە)یە، هەر کاتێك مرۆڤ ئارەزووی کرد دەتوانێت بچێت!؟.
- لا42-نووسیویەتی:_(کەژاڵ قونکی جگەرەکەی خستە ژێر پێی و پانیکردەوە). نووسەری ڕۆمان وادەزانێت وڵاتی کەنەداش کوردستانە، خەڵك بە ئارەزووی خۆی ژینگە پیس بکات.!
- لا 65-نووسیویەتی:_(پیرەمێردێکی جوو، خەونەکەی بۆ شیکردمەوە). بنووسی ڕۆمانەکە وا دەزانێت جووەکانیش وەك موسڵمانەکان، باوەڕیان بە خەون بینین هەیە! یەکەمجارە، ئەمە دەبیستم. دواتر خەون لێك دەدرێتەوە شیناکرێتەوە بۆ زانیاریی نووسەری ڕۆمانەکە.)!.
- لا 66_:_(بەختیار بە نیلۆفەر دەڵێت، ئەم جوجکەیە کۆە، یان کچ). نووسەری ڕۆمان، وادەزانێت ژنیش وەك مریشك هێلکە هەڵدێنی و (کورك) دەبێت، دەنا چۆن بە منداڵی دەگوت جوجکە!؟.
- لا81-نووسیویەتی:_(بە پێی شەریعەت، ئەگەر ژن و مێرد تا ساڵێك بە یەکەوە نەبوون، هاوسەرگیرییەکەیان هەڵدەوەشێتەوە). نازانم نووسەری ڕۆمان، ئەم شەریعەتەی لەکوێ هێناوە؟ ئەمەیە کەمدیای بەشێك لە بە ناو ڕۆمانووسانی ئێمە، کە لە هیچ بوارێك شارەزانین و قسەشی لە بارەوە دەکەن. چونکە نووسەری ڕۆمان دەبێ بزانێت، لە ئیسلامدا، هیچ هاوسەرگیرییەك دوای ساڵێك بە تاڵ نابێت، بگرە هەر هێناوەشێتەوە، تاکو بەتەڵاق کۆتایی نێت.).
- لا93نووسیویەتی:_(ژن بە سەماوارەوە جوانە). سەیری ئەو دیدە خۆەکییە بکەن بۆ ژن!.
- لا142نووسیویەتی:_(نیو چارەگە سعات وەرزشم کرد). لەاستیدا،

نیو چارەگ عەرەقم بیستووە، بەڵام نیو چارەگ کاتم نەبیستووە !.

- لا148 نووسیویەتی:_(کەژال بە بەختییار دەڵێت: تۆسەگی و من پشیلە).
- لا 168(دوای ئەوەی بەختیار بە هۆی ووداوی ئوتومبێلەوە دەکەوێتە حاڵەتی کۆماو بێ هۆشییەوە، کەژاڵ دەڵێت:_ (هیدفۆنی مۆبایلەکەم خستە گوێی بەختیارو ئەویش گوێی لە گۆرانی ئێمە گیانێکین لە دوو جەستە دا دەگرت). نازانم کەسێك لە دۆخی غەیبوبو دابێت، چۆن دەتوانێت گوێ لە گۆرانی رابگرێت.

خاڵێکی دیکە کە بەپێویستی دەزانم ئاماژەی پێ بدەم ئەوەیە، کە نووسەری ڕۆمانەکە، هاوشێوەی دەیانی تر کەوتۆتە هەڵەی دیاریکردنی ڕۆڵی کارەکتەرەکان و پاشخانی هزریی و پەروەردەییان. بەو مانایەی، گەرچی ووداوەکان لە وڵاتی کەنەدا ووەدەن و بنەماڵەی بەختیاریش زیاتر لە بیست ساڵە لەو وڵاتە دەژین، وەلێ هێشتا وەك خۆزانێکی داخراوی ڕۆژهەڵاتی و میللی بیردەکەنەوە. بێ نموونە:- بەحتیار کە کارەکتەرێکی سەرەکی ڕۆمانەکەیە و هەندێ جار ڕۆڵی بگێڕەوەی ووداوەکانیش دەبینێت، لە هەمان کاتدا نووسەرو مامۆستاشە، کە چی زمانی ئەو کارەکتەرە، لە زمانی کەسانی سەر شەقام و بازاڕ دەچێت. بەختیار دەڵێت:(با سیر بخوات و زوونا لێ بدات) یاخود (کەرایەتی بەری داوی). ئەم جۆرە لە زمانی دەربڕین، لە زمانی کەسانی خوێندەکی و میللی دەچێت، نەك زمانی نووسەرێك و ئەو نووسەرەش، بیست ساڵ لە کەنەدا ژیا بێت. سوقرات دەڵێت:(قسە بکە تا بزانم کێی). بیرمان نەچێت، زمانی دەربڕین و قسە کردن، ڕەنگدانەوەی پاشخانی هزریی و کۆمەڵایەتی مرۆڤە. چەند، ئەو پاشخانە دەوڵەمەند بێت، ئەوەندەش زمانی دەربڕین بابەتی تر دەبێت.

ئەو زمانەی بەختیار و کامەران و کەژاڵ و هەموو کارەکتەرەکانی دیکەش کە پێ دەدۆن، لە ڕاستیدا یەك ناگرێتەوە لەگەڵ ئاستی هوشیاریی و پێگەی پیشەیی و کۆمەڵایەتییان. بە تایبەتی کە ئەو کارەکتەرانە لە کەنەدا دەژین و هەمووشمان دەزانین ئەو وڵاتە و کوردستان لە ڕووی ڕۆساکانی ژیانەوە چەند لە یەکتری دوورن. کەچی نووسەری ڕۆمانەکە، هەروا دەزانێت لە کوردستانە، ئەوها جلەوی بێ ووداوەکان شل کردووە. سەیرم پێدێت کەسێك نووسەر بێت و بیست ساڵیش لە کەنەدا ژیا بێت و کەچی زمانی ئاخاوتنی وەك

زمانی مرۆڤەکانی نێو بازاڕ بێت. ئەمە بە داخەوە گرفتی بەشێکی زۆری بە ناو ڕۆمانووسانی ئێمەیە، کە نازانن چۆن ڕۆمانی کەسایەتی و کارەکتەرەکان لە ڕۆماندا دیاری بکەن.
وەرای ئەمەش، هەر زمانی ڕۆمانەکە، بەگشتی زمانێکی سادە، حیکایەت ئامێز، بێ چێژو نا هونەرییە. خوێنەر کە ڕۆمانەکە دەخوێنێتەوە، وا هەست دەکات وتارێکی سادەی ڕۆژانە دەخوێنێتەوە، کە گفتوگۆ و دەربڕینەکانی هیچ بەهایەکی مەعریفی و ئستاتیکییان نییە. دواتر بیکاتە بابەتی بە ناو ڕۆمانێك و دەزگاکانی چاپیش لە پای هەر پەیوەندییەکەوە بێت، بۆی چاپ بکەن هەر لە ڕۆمانەکەدا، ئەوەندە هەڵەی چاپ هەن، کە واتای هەموو وشەکانییان شێواندووە.ئەگەر خوێنەر وردبین نەبێت، نازانێت ئەو وشەی نووسراوە مانای چییە. هەر بۆ نموونە پیتی(گ) لە کاتی تایپکردنەوە، بە هەموو وشەکانەوە نووساوە. هیوادارم بەشێك لە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی ئێمە، بزانن ڕۆمان نووسین هونەرە، مەرج نییە ئەوەی تیمەیەکی لە خەیاڵ دابوو، بە شان و باڵی دەقەکە و نووسەرەکەشی هەڵبدەن و ئەوانیش چەندین دەقی دیکەی لەو شێوەیە چاپ و بڵاو بکەنەوە. ئەم جۆرە بنووسانە، لە ڕاستیدا وەك مەلەوانێکی نەزان وان لە دەریایەکی قووڵدا. ئەگەرکەسێك مەلەوانی نەزانێت چی لێدێت؟ بگومان دەخنکێ. زمانیش وایە، ئەگەر نووسەر شارەزای هەموو سووچێکی نەبوو، دەسەڵاتی بەسەر گوزارشت ودەربڕیندا نەشکا و ڕۆمانیشی نووسی، ئەوا وەك مەلەوانە نەزانەکەی لێدێت.

_____-

*پەراوێز: ڕۆمانی خەونەکانی کەژاڵ، نووسینی: جەبار قادر، بڵاوکردنەوەی:کولتوور ژمارە 10 2020.

*ئەم بابەتە لەلاپەڕەی ئەدەبی ڕۆژنامەی خەبات بڵاوکراوەتەوە…

دوانەی دەستەات و کەلتوری دژی ژن .. گەناسعید و ئاسکمال

بەشێک لە وتاری هاوبەشی گەناسعید و ئاسکمال بەبۆنەی ٢٥ نۆڤەمبەر ڕۆژی جیهانی بەرەنگاری دژی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان

حزبە دەسەاتدارەکانی کوردستان لە پاراستنی کەلتوری دژی ژندا دەتوانن سود و قازانجێکی مادی زۆر بەدەست بهێنن، کە بەپێی بانکی جیهانی ١٤٪ ژنان لەسەر کارن.*١ ئەم ڕاپۆرتەی ٢٠١٩ ڕادەی بەشداری ژنانی کوردستان لە کاردا بە نزمترین ئاست دەزانێ لە جیهاندا. واتە ٨٦٪ ژنان بێکارن و ئەم ملیۆن ژنە بێکارەش دەبە لەبەری کەمەایەتیەوە لە دەخێکدابن کە فرسەتی ناڕەزایەتیان بەم ژیانە سەختەیان نەبە و داوای بیمەی بێکاری و بیمەی کەمەایەتی نەکەن و لە ماڵەوە وەک ژنی بێکار خزمەتی خێزان و پیاو بکەن تاکو وەک ژنی ماڵەوە پێناسە بکرێن و هیچ بەرپرسیارێتیەکی مادی و مافیاکیان لەلایەن حکومەتەوە بە حساب نەکرێ. هەربۆیە کەلتورێک کە دەتوانێ ژن بە ژێردەستەی پیاو و کەم بایەخ و سوک سەیر بکا دەبێتە مایەی قبوڵکردنی بە مافی نیوەی کەمەگەی کوردستان و بەمەش دەسەات لە ناڕەزایەتی نیوەی کەمەگە ڕزگاری دەبە. هەربۆیە دەبینین بوودجەیەکی زۆر بە دەزگا ئیسلامیەکان سەرف دەکرێ تا هەڕەژەی فەتوایەک دژی ژنان بدەن و هەوە دەدەن یاسای فرەژنی و دژی ژن زیاتر پەرەپێ بدەن.

بەهام هەکاری سەرکی ئەوەی ئەم کەسانە دەتوانن بە ئاسانی لە کوردستاندا سوکایەتی بکەن بە ژنان ، جگە لە پشتیوانی دەسەاتی پارتی و یەکەتی بەیان ، سەرچاوەکەی وا لە کەلتوری هەگداکوتاوی پیاوسالاری لە کەمەگەی کوردستاندا، کە مەژوویەکی درێژتری هەیە لە دەسەاتی پارتی ویەکەتی و سەرهەدانی هەزە ئیسلامیەکان لە کوردستان .

شەریعەت و یاسا ئیسلامیەکان لەگەڵ کەمەک دابونەریت و بەهای پیاوسالارانە، پێگەی ژن و پیاوی لە نەو خێزاندا بە قازانجی سەرداری پیاو یەکلاکردەوە. ئەمەش لەبەری کەمەایەتیەوە تەواو قبوڵ کراوە نەک هەر لە لایەن پیاوەوە ، بەڵکو لە لایەن ژنانەوە لە نەویەکەوە بە نەویەکی دەگوزرێتەوە . ئەم سیستەمە کەمەایەتیەی پیاوسالاری لە خێزاندا کەلتوری گشتی لە کەمەگەدا پێک دەنێ.

دەسەڵاتیش لەگەڵی یاسا و یەساکانی بەیوبەردن و دامودەزگای دینی فەرمیەوە هەمان سیستەمی پیاوسالاری لە کۆمەڵگەدا یاسایی دەکاتەوە.

ئەم سێ کوچکەی پیاوسالاری و دەسەڵات و دین، هەمویان بونەتە ئەو زەمینە کۆمەڵایەتی و یاساییە و ئەو داب ونەریتە خەڵکی و دژی ژنە جەکوتوە لە کۆمەڵگەدا، کە گوتاری ئەمنی ئیسلامی سیاسی وملاکان لە ئاساسەوە پشتیان پێ بەستووە . ئەمش بوەتە ئەو کەلتور و فەرهەنگ و زانیاریانەی کە زەربەی کۆمەڵگە هەیانە دەربارەی ژن ، وە تا ئەمڕۆ نەک بەردەوامە ، بەڵکو هێزی بەبەردا دەکرێتەوە و زیندوو دەکرێتەوە . مانەوەی ئەم کەلتورە دواکەتوانە لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا فرستی بە هەندە مەلای کۆنەپەرست و ئیسلامی سیاسی و دەسەڵاتیش داوە کە هێرش و سوکایەتی بەسەرژنان بکۆنە کارەکی ئاسایی، کە ڕۆژانە لە کۆمەڵگەدا دژ بەژنان دەکرێ.

ئەم کەلتوورە گشتی یە جگە لەوەی کە لەبەرژەوەندی پایە و دەسەڵاتی تاکی پیاوە بگشتی ، کاریگەری خۆی لەسەر تاکی ژنیش داناوە . بە پێی ئەم بۆچونە گشتیە کە دانراوە بە ژن ، باشترین نمونەی ژن دایکێکە کە ژنی ماڵەوەیە و خزمەت بەهەموو خێزان دەکات ، دایکێکە کە مەردی نەماوە دانیشتوە بە دیار مندالەکانیەوە بە خزمەتکردن پێیان ، ژنێکە کە بە دەنگە شەرمنە و قسە لە قسەی پیاودا ناکات و ..هتد . ئەم جۆرە لە ژیان تەواو بە دژی دژگا دینیەکانە و بە دژی دەسەلاتیشیە .
سەرمایەداری ژنانی ڕاپێچی کارکردن لەدەرەوە کردوە و لە ماڵ دەری هێناون. بەڵام هێشتا ئاستی هوشیاری بە مافەکانیان و بە بۆچونە کۆمەڵایەتیەکان لە ئاستێکی کەمدایە. هاوکات دەسەڵاتی سیستەمی پیاوسالاری خێزان و سیستەمی عەشیرەتی و میلیشیایی حکومەت و دەسەڵاتی دین بەسەر یاسا و بەیوبەردن و ژیانی گشتیدا هێشتا بەهێز و زاڵە لە کۆمەڵگەدا.
بەڵام ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر پێگەی سیاسی وئابووری راستەقینەی ژندا هاتوە لە کۆمەڵگای کوردستاندا، پێچەوانەی خواست و ئارەزووی دژگای دینی و ئەو نەرمە کۆمەڵایەتیانەیە کە خوازیاریەتی ، و بەشێکی زۆر لە ژنان پابەند نیین بەو بۆچونانەو بە شایەنی خۆیان نازانن ، بەڵکو هەوڵ بە دەرگرتن لە مافەکانیان دەدەن . کۆشکە لەرەوە دەست پێ دەکات .
ژنان بە هۆی هاتنە مەیدانی کار و فشاری بێکاریەوە دەستیان داوەتە کارکردن لە مەیدانی جۆراوجۆری کۆمەڵگەدا.هاوکات گیان بەسەر

کلتوری کۆمەڵگەدا هاتوە بە هەی گورەبونی خرای شارە گورەکانیشدا لەئاکامی زیادبونی لەادەبەدەری دانیشتوان و دەست ئاگەیشتنی هەموان بە ئینتەرنەت و سۆشیال میدیا. ئەم دەخە تازەیە هوشیاریەکی گلەبایی سەبارەت بە ژیانی مەدەرن دروستکردوە، کە ئیتر ئەو کلتور و دابونەریتە کۆنانە بونەتە بەگر وچیتر ژنان ئەو کلتورە کۆنە قبوە ناکەن و هوبەوی دەبنەوە.

مەژووی خوناویی سوپای عیراق لە فەرمانەوایی شا فەیسەڵەوە تا نوری مالیکی

نووسین و ئینالیز: ستیڤان شەمزینی
سوید

شاراوە نییە لە هیچ کەسێک ئەگەر بە یەک ڕەژیش لە عیراقدا ژیابێت، سوپا ڕەهەکی بنەڕەتیی و سەرەکیی بینیوە لە نەخشاندنی وێنەی سیاسیی و فەرمانەوایی و سەقامگیرکردنی پایەکانی دەسەڵات. لە ماوەی زیاتر لە هەشتا ساڵدا سوپا میکانیزمەکی هەرە کاریگەری دەستی فەرمانەوایان بووە لە عیراقدا بە سەرکوت و دامرکاندنەوەی هەموو دەنگەکی ناڕازی یان خوازیاری گۆڕان و دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی سیاسیی، بە قەبارەی ئۆوش سوپا بە هەزە بەرهەستکار و قەدەغەکراوەکان میکانیزمەکی ئەجگار هەستوەر بووە، بە تایبەت بە بەکارهێنانی لە کودەتای سەربازییدا، ئەگەرچی کودەتای سەربازیی تەنیا دیاردەیەکی تایبەت نییە بە عیراق و هەر لەرە ڕووینەداوە، بەڵام دەبێت بڵێین کە نکرێتی بۆ بەهێنین کودەتا تەنە لەو جێگە و جوگرافیا و سەرزەمینانەدا ڕووەدات، هەموو ڕێگاکانی ئاشتیی و دیموکراتی تیایاندا کۆمەڵدراون بە مەبەستی ئاوگۆڕی دەسەڵاتی سیاسیی. بە کورتییەکەی کودەتا سەربازییەکان تەنە لەو شوێنانە ڕووەدەن حوکمەکی زەرەملە و دیکتاتەرانیان تێدا هەیە، ئەگەرنا لە هەر جێگەیەک دیموکراسی هەبێت، ئامادەباش و ڕوشنی ئاشتیخوازانەش هەن بە پرسی دەستاودەستکردنی دەسەڵات.

هشتا ساڵ لە عێراقدا سوپا تەنیا ڕێکخراوێکی ترسناک و دژی بەرژەوەندیی تەنانەت هاووڵاتیانی ناوخۆی وڵاتیشی گەلاوێژ، چوونکە ئەو سوپایە هەموو جەنگێکی دەرەوەی جگە لە جەنگی سەرکوتکردنی هەر "نا"یەکی ناوخۆیی، جگە لە گەمەی بە کەمەڵ و کوشتنی هاووڵاتیانی بێتاوانی ناوخۆ لە هەموو پێکهاتە جیاوازەکان شتێکی تەمار نەکردووە بە سەروەریی یان بە شانازیی بۆی بنووسرێتەوە لە دیرۆکی تایبەتیی خۆیدا. ئەگەرچی سوپای عێراق لە سەرەتاوە بە داکۆکیی لە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان و پاراستنی سوود و قازانجی گشتیی عێراقییەکان هێنرایە سەر شانۆی ژیان، بەڵام بەگومان بەرژەوەندیی باڵای عێراق لە یەکپارچەییدا بوو، ئەمەش بەهەموو شێوەیەک بە کارەسات بە کورد تەواو دەبوو، بینیشمان هەروا بوو بە کارەساتی گەورە بە کورد لە باشووری کوردستان تەواو بوو. جیا لەمەش سروشتی کەمەڵگەی عێراقیی و هاتنە سەر شانۆی سیاسیی چەند گروهەکی دیکتاتۆر و تاکەڕەهەند هەر زەر زوو ئەو خوونەی بە گەڵ سپارد کە خوازیار بوو سوپای عێراق ببێتە سوپایەکی بەهێز، داکۆکیی لە ژیان و قازانجی سەرجەم عێراقییەکان بکات، بە پێچەوانەوە لەبری ئەوەی سوپا بچێتە خزمەتی مرۆڤکانەوە، بەداخەوە ملیۆنەها عێراقیی بە ڕەگەی جەراوجۆر بوونە قوربانیی خوونی دزیوی سوپایەکی بەهێز، بە تایبەت لە ڕۆژانی ڕەشی حکومڕانیی دیکتاتۆری مەزن "سەدام حسێن"دا.

مێژووی عێراق یان مێژووی جیاوازیی و یەکترسینەوە؟

لە بەرەبەیانی مێژووەوە ئەو جەگەیەی ئێستا بەعێراق دەناسرێتەوە "میسۆپۆتامیا" ئاوەدانیی بووە، ئەمەش بەهەی بەپیتیی خاکەکەی و هەبوونی ژێدەرێکی زێری ئاوەوە. هەر لەگەڵ ئەو مێژووەدا ناکۆکیی و شەڕ و ئاژاوە بەشێکی دانەبڕاو بووە لە دیرۆکی سەر ئەم جوگرافیایە. بە هەزاران ساڵی پێش زایین، ئەم ڕاستییە بە ئاشکرا دەبینین: ناوچەکە بەشێوەیەکی گشتیی و میسۆپۆتامیا بە تایبەتیی ناوچەی نائارام و پڕ لە ئاژاوە و کێشمەکێش بووە، هەر لە سەمەریییەکانەوە تا دەگاتە ئاکادیی و حیسیی و ئاسووری و بابلی و کلدانی و دەسەڵاتی فارسەکان، ئەو سەرزەمینەی ئەمڕۆ پێیدەوترێت عێراق، گەورەپانی سەختترین ململانێی تووندوتیژ و شەڕ و کوشتاری بە بەزەییانە بووە. لە مێژووی دواتریشدا و لە سەردەمی فتوحاتی ئیسلامییەوە تا دەگاتە دوا ڕۆژکانی خەلافەتی عەبباسیی و هەرەسهێنانیان لەسەر دەستی مەغۆلەکان، ئەوە نەک پشوویەک بەدی ناکەین، بەڵکو ئەوەی زیاتر لە

هەر شتێکی دیکە لەم ماوە مێژوویییدا دەیبینین خوێن و ئازار، ئەگەر حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی نمووندیەکی تووندوتیژ یان سەدامێکی سەروەختی خۆی بووبێت، ئەوە ئەو هەموو شەو و کوشتارەی لە نەوەی موسەمانە ئەمەویی و عەببباسییەکاندا رووبدا شتێکی کەمتر نییە لەوەی لە مێژووی نوێدا هەستی پێدەکەین و دەیزانین.
جا لە کارەساتە خوێناویییەکانی بزووتنەوە هەگبەاوەکان لە خەلافەت بگرە، چوونکە سوورکردنی دیجلە لە خوێندا لەلایەن مەغۆلەکانەوە بە سەرکایەتی هەلاکۆ رووداوێکی خوێناویی ئەوەندە گەورەیە تا مێژوو هەیە لە بیر ناچێتەوە. ئەگەر چاوکێش بە قەناغەکانی دواتر و دیرەکی عوسمانییەکان هەتا داگیرکاریی ئینگلیزەکاندا بخشێنین ئەوە دیسان ماوەیەک نابینین پشوویەکی تێدا بێت لە خوێنشتن و کاولکاریی و یەکتر سڕینەوە. بگومانیش داگیرکاریی نوێی ئینگلیزەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بە شێوە و خوێنڕێژیی و کاولکاریی نەبوو. هەروەک چۆن مل پێ کەچکردنی کورد بە هەڵەبژاردنی عەرەقێکی عەرەبیی، بە ژان و سەرئێشە و کاولکاریی و شێوە نەبوو. ئەگەر لەهەموو ئەم کارەساتانە وردبینەوە، راستییەکی ڕەها و ڕوون هەیە، ئەوەی ئەم مێژووەی وەها پێ کردووە لە خوێن، تەنیا و تەنیا هەز و لەشکر بووە، بەیەکا ناماقوولە نییە بڵێین لەوەتی عەراق هەیە "مەبەستمان لەو جوگرافیایە ئێستا پێیدەوترێ عەراق" ئەوەندەی لەشکر و خاوەن لەشکران ڕەقیبان تێدا گەڕاوە هیچ شت و کەسی تر تا هەنووکەش نەیتوانیوە نیوەی ئەوە، ڕەق ئێدا بکات. لە قەناغی نوێدا وەختێک لە ژێر سایەی حکوومەتی ئینگلیز دەوڵەتی عەراق دروستدەکرێت و سوپایەکی قانوونی بە دادەمەزرێنێت ئیدی بەرە بەرە سوپا ڕەگەی زیاتری پێدەدرێت دەور لە هاوکێشە سیاسییەکاندا ببینێت، تا دواجار بارودۆخێکە بە جۆگەیەک گەیشت سوپا لە عەراقدا کارەساتێکی گەورەی مرۆیی نایەوە، کارەساتێک لە دوای هەڵەکەستەوە لە وێنەی نییە لە تەواوی سەدەی بیستەمدا.

مێژووی دامەزراندنی سوپای عەراق

بەناوەی یەکەم جەنگی جیهانیی کە تێیدا هەردوو ئیمپریالیزمی فەڕەنسیی– بەریتانیی سەرکەوتن، جیهانی خستە بەردەم چەرخێکی تازەوە، کاریگەرییەکانی ئەو جەنگە بوونە هۆی سەرلەنوێ داشتنەوەی نەخشەی جیهان، ئیمپراتۆریای عوسمانلی "پیاوە نەخۆشەکە" لە ئەنجامی شکستەوە تەواو شکەت و لاواز ببوو، هەموو ئەو ناوچانەی لە دەستدابوو کەوتبوونە دەرەوەی تورکیای ئێستا. ئەم شکستەی عوسمانلییەکان هەڵەکی زەینیی دایە دەست هەردوو ئیمپریالیزمی

براوی جەنگ، بە ئاسانیی نەخشەی سیاسیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گۆڕەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دابەشنەوە. لەم نەوەندەدا حکوومەتی ئینگلتەرە لەسەر جێستەی هەر سێ ویلایەتی بەسرە، کوفە، موسڵ "پێشتر شارەزوو بوو" توانی دەوڵەتێکی نوێ دابمەزرێنێت بەناوی "عێراق". ئۆگەرچی هەر لە سەرەتاوە ویلایەتی موسڵ یان راستتر بڵێین باشووری کوردستان کێشە و بیرۆای جیاوازی لەسەر بوو لەوەی بلکێنرێت بە عێراقەوە یاخۆ بە تورکیای نوێوە؟، بەڵام سەرەنجام دوا بڕیاری بەریتانیا- فەرەنسا ئەوەبوو بخرێتە سەر عێراق بەتایبەت بەهۆی دەزینەوەی نەوت، هاوکات بۆ زیاترکردنی رۆژی سوونەی مەزهەب لە عێراقی تازە دروستبووەوە.
بەریتانییەکان سەرەنجام عێراقی عەرەبییان دروستکرد و پادشایەکیان لەدەرەوەی عێراق هێنا بۆی، دەستووری تازەی عێراقیش بۆ هەموو جۆرێک عێراقی وەک وڵاتێک یان بۆشک لە نیشتمانی عەرەب دەناساند و نکۆیی لە هەبوونی هەر نەتەوە و گەلێکی دیکە دەکرد. لە ماددەی دووەمی دەستووری سالی 1925دا نووسراوە "عێراق دەوڵەتێکی سەربەخۆی ئازادە، بۆ هیچ جۆرێک خاکەکەی پارت پارت ناکرێت و دەست لە هیچ بەشێکی هەڵناگیرێ، حکوومەتەکەشی حکوومەتێکی پاشایەتی نیابیی"، بەڵام لە راستیدا حوکمی راستەقینە لە ژێر چنگی بەریتانیادا بوو، چوونکە هەتا ماوەیەکی زۆر دواتر، عێراق هەر لەژێر سایەی ئینتیدابی ئینگلیزییدا مایەوە. بەریتانییەکان خوازیاربوون عێراق بۆ گشتیی یەکەیەکی کارگێڕیی بێت و هەموو بەرژەوەندییەکانیان تێیدا پارێزراو بێت، دەسەڵاتی پادشایی دەیخواست بۆ داکۆکییکردن لە پێکەری فەرمانڕەوایی شانشینەکەی هەموو رێگاکانی خێی بکاربهێنێت، لەم چوارچێوەدا بۆ دروستکردنی دامەزراوەکانی حکوومەتێکی پاشایی فەرمیی هەنگاوی پێکهێنانی سوپا بووە پێویستییەکی پلە یەک.
ئۆگەرچی لە پێشتریشدا ئیدارەی ئینگلتەرە چەندین هەزی جیاجیای نافەرمییان لە جۆگەکانی عێراق دروستکردبوو، بەڵام ئەوە وەڵامی پێویستییەکانی نەدەدایەوە، بۆ تایبەت لەو سەروەختەدا عێراق دەوڵەتێکی تازە دامەزراو بوو. بەریتانییەکان لە سالی 1915 بۆ دواوە هەوڵەکانیان خستەگەڕ بۆ پێکهێنانی ئەو هێزە نافەرمییانە. لەو نەوەندەدا "هێزی لیقی" دروستکرا، ئۆگەرچی سەرەتا ئەم هێزە تەنیا لە40 پیاو دروستکرا، بەڵام دواتر ژمارەی گەیشتە "6199" پیاو، ئەمە لە مانگی مایسی سالی 1922. ئامانجی ئەم سوپایە کە زۆرینەی لە ئاشووریییەکان پێکهاتبوو، بۆ پلەی یەکەم دژایەتیکردنی کورد و دەسەڵاتی شێخ مەحمودی مەلیکی کوردستان بوو، ئۆگەرچی بەریتانیا خوازیار بوو لە زێر پەناوی تردا بەکاریبهێنێت "1".

بەهۆکانی دامەزراندنی سوپایەکی فەرمیی مەشقپێکراو، تاوەکوو ببێتە سوپای دەوڵەت، بۆ کۆتاییەکانی ساڵی 1920 و سەرەتای ساڵی 1921 دەگەڕێتەوە.
بۆ پڕکردنەوەی پۆستە سەرچاوە مەژووییەکان هەنگاوی ئۆفسەرە عێراقییەکان کە بەشێکی بەرچاویان کورد بوون، لەسەر دەستپێشخەریی بەریتانییەکان بوون. ئەوەبوو سەرەنجام (ڕۆژی 6-1-1921 لەسەر ڕەخی ڕووباری دیجلە لە شاری بەغداد، کۆمەڵێک ئۆفسەری عێراقیی، کە شارەزای تەواوی سوپا بوون و لایەن عوسمانلی و بەریتانییەکانەوە مەشقیان پێکرابوو، بە چاودێریی بەریتانیا و لە ماڵی عەبدولقادر ئەلخەزیری کەبوونەوە و بیاری دامەزراندنی سوپای عێراقیان دا. ئەو ئۆفسەرانە دوانزە کەس بوون و لە نەوانیشیاندا بەشکیان کورد بوون کە بە ئامادەبوونی مەجەر ئایدی ڕاوێژکاری بەریتانیی لە وەزارەتی بەرگریی عێراق و ڕائیدی سوارە "محەدین عومەر" یەکەمین کەبوونەوەی سوپا ئەنجامدرا. لە ئۆفسەرە کوردەکانیش هەریەکە لە"بەکر سدقی، تەفیق وەهبی، جەمال بابان، جەلال بابان، بەهادین نوری و چەند کەسێکی تر" ئامادەی کەبوونەوەکە بوون). "2".

هەندێک سەرچاوەی مەژووییی ناوی ئەو دوانزە ئۆفسەرەی سوپای عێراقیان دروستکرد، تەمارکردووە کە بریتی بوون لە هەریەک "عەقید عەبدولحەمیدی کوڕی ئەحمەد، موقەدەم عەبدولڕەزاق یاسین خواجە، موقەدەم شاکیر عەبدلوەهاب شەخلی، ڕائید سەعید حەقی عومەر، ڕائید محەدین سەلیم سوهرەوەردی، ڕائید بەکر سدقی شاوقی عەسکەری، ڕائید تەفیق وەهبی مەعروف بەگ، ڕائید حیلمی محەمەد، نەقیب موحسین عکوش، نەقیب حەسەن تەحسین مستەفا عەسکەری، نەقیب یوسف پاچەچی، نەقیب یوسف حەنزەب". * هەر لەو سەروەختەدا یەکەمین پڕۆژە یاسا بە ڕەکخستنی کاروباری سوپایی فەرمانڕەوا و ناوی "بەاوکراوەی سوپای عێراقی ساڵی 1921" بوو، لە سەرەتاوە لەی نووسرابوو ئەم پڕۆژە یاسایە "سەر پریسی کەکس"ی جەنەرال و نوێنەری مەندوبی سامی لە عێراق دوای ڕزامەندیی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق دەریکردووە و ئەم بەاوکراوەیەش لە ڕۆژی یانزەی کانوونی دووەمی 1921 لەسەر هەموو تاکێک لە سەربازکانی سوپای عێراق لە هەموو ناوچەیەکی عێراق پیادە و جێبەجێکراوە. لە 28 تەموزی هەمان ساڵیش یەکەم فەوجی سوپای عێراقی بەناوی "موسا کازم" دامەزرا.**

هاوکات لەسەر ڕاسپاردەی بەریتانییەکان و پشتگیریی ئۆفسەرانی سوپای ئینگلیز "جەعفەر عەسکەری" کرایە یەکەمین وەزیری بەرگریی عێراق کە ئەویش پێوەندیی کرد بەدەستە نزیکەکانییەوە تا

هاوکاریی بکەن. *** ئیدی لەم رێکەوتەوە بە دواوە سوپای عێراقی بە فەرمیی دادەمەزرێت، بە تالیۆنێک پێکدەهێنرێت بە ناوی تیپی هاشمی کە تیپێکی سوارە بوو، بەناوبانگ وردە وردە بە پێی تێپەڕینی کات و لەسەر داخوازیی بەریتانیا سوپای عێراقیی گەشەی کرد هەم لە رووی ژمارە و هەم لە رووی چەک و تەقەمەنی و ئامێرە جەنگیییەکانەوە. ئەگەرچی حکوومەتی عێراقی ناچارکرابوو تەنێ لە حکوومەتی ئینگلتەرە چەک و چەت بکڕێت، بەڵام بە بڕاوورد بە کات و ژمارە و توانای سەربازیی سوپای عێراق، سوپاکە لە چەکی کەم نەبوو.
نووسەری ناسراو "پیتەر سلاگت" لە بارەی ئەو گەشەکردنەی سوپای عێراقییەوە دەنووسێت: دامەزراندنی سوپای عێراق لە شەشی کانوونی دووەمی 1921 بڕە بڕە لە ژێر رکەفی ئینتیدابدا قەبارەکەی گەورە بوو، لە3500 سەربازەوە بە 12 هەزار سەرباز، بەڵام دیسان دامەزراندنی ئەو سوپایە و پەروەردەکردنی بەو شێوەیەی بەریتانیا و مەلیک دەیانویست هەژموونێک بوو بە دەسەڵاتی ئەوکاتە.. بەریتانیاش بەشێوەی کرداریی عێراقی بەڵێوە دەبرد و لە هەموو بوارێ و ناخۆشییەکدا هاوکاریی سوپای عێراقی دەکرد لە سەرکوتکردن و ڕاوەدونانی شۆڕشگێڕانی عێراقیدا. "3". بەپێی هەندێک سەرچاوەی مێژوویی، سوپای عێراق لە ساڵی 1933 لە12 هەزار سەرباز پێکهاتبوو، ئەم ژمارەیە لەساڵی 1935 بەرز دەبێتەوە بە 15هەزار سەرباز، تا ئەوەی لە کاتی شەشی چواردەی گەلاوێژی 1958 لەلایەن "ئەفسەرانی ئازادیخواز"ەوە، ژمارەی سەربازانی خەی لە نزیکەی "20" هەزار سەرباز داوە. بە گوێرەی زانیارییی لیوا "مەنسوور حەفید"یش گەشەکردنی ژمارە و توانای سەربازیی سوپای عێراق بە پێی چەند قۆناغێک بووە. ناوبراو لەلای خۆیەوە بەم جۆرە گەشەکردنی سوپای عێراق ڕیزبەند دەکات:

- لە حوزەیرانی ساڵی 1921دا یەکەم فەرمانگەی تەجنیدی گشتیی سوپای عێراق، خەبەخش دامەزرا.
- یەکەم فەوجی سوپای عێراقیی "لە سەرەتای دامەزرانیدا" ناوی لەنرابوو فەوجی "موسای ئەلکازم".
- 28ی ئازاری 1928 حەڤدە قوتابی عێراقیی بە فەرمووونی لەخۆینی فەرەکەی جەنگیی لە بەریتانیا وەرگیران.
- 22 نیسانی 1931 یەکەمین وەجبەی فەرەکەوانانی عێراقیی لە کولێژی کرانویل لە ئینگلتەرە دەرچوون.
- لە23 تشرینی یەکەمی ساڵی 1937 دامەزراندنی یەکەم مەفرەزەی تانکی سووکی عێراقیی.
- ساڵی 1937 دامەزراندنی یەکەمین یەکەی هێزی دەریایی

عێراقیی.

- یەکی تشرینی یەکەمی ساڵی 1938 کردنەوەی یەکەمین کۆلێژی ئەرکان لە شاری بەغداد. "4".

ڕەنگبێ یەکێکیش لە هەڵکارەکانی گۆشکردنی سوپای عێراقی جیا لەشێ و شێ و سەرکوتی ناوخۆیی، پابەند بە بەستپاندنی خزمەتی سەربازیی زۆرەملێیی. یەکەمین کەسێکیش یاسای زۆرملێیی پێک کردبێت، ژەنەرال "جەعفەر عەسکەری" بە ڕگەز کورد بوو، چوون ئەو یەکەم کەسێک بوو لە جیاتی تێبووش سیدارەی خستە سەری. جەعفەر عەسکەریی کە لە یەکەم کابینەی حکوومەتی عێراقیدا، شالیاری بەرگریی بوو، ئەو یەکێک بوو لە کۆنە ئەفسەرەکانی سوپای عوسمانلیی، عەسکەری یەکەم کەسیش بوو داوای لە کۆنە ئەفسەرەکانی سوپای عوسمانلی کرد یارمەتی بدەن لە دامەزراندنی هێزی ئەرتەشی عێراقیدا. بە ئەو مەبەستە لە ڕۆژی بیست و دووی تشرینی دووەمی ساڵی 1923 پێشنیارەکی پێشکەش کرد بە ئەنجوومەنی دامەزرێنەری سوپا کە لەوەدا دەڵێ: بەرگرییکردن لە عێراق ئەرکێکی نیشتمانییە. ئەم دەربڕینە هاوواتای سەربازیی زۆرملێی دەگەڕێتەوە. عەسکەری لە یادداشتنامەکەدا نوسیبووی "سوپا لێنەو گۆلاندا ڕەمزی ژیانێ و کۆکەی سەربەخۆییە، هەروەها سەربەخۆیی میللەت و پاراستنی کەرامەتی بە پاپشت و ئاواتی سوپای بەگانە نایەتەدی".

ئاگەرچی حکوومەتی پادشایی ئۆکاتی عێراق بەهەی پاشکۆیی بە سیاسەتی ئینگلتەرە ئەم خواستەی پشتگوێخست، بەڵام دواجار ئەو حکوومەتە لەڕۆژی 12-6-1935 بڕیاریدا یاساکە جێبەجێ بکرێت، کە ئەمەش زنجیرەیەک خێپیشاندان و ناڕەزایی تووندیی جەماوەریی بە دوای خۆیدا هێنا لە سەرجەم ناوچە جیاجیاکانی عێراقدا. دەستووری عێراق یەکێک لەو دەستوورانەیە گرنگیی بڕچاوی داوە بە سوپا، ئەمەش وێنەدانەوەی خواستی دەسەڵاتداران بووە کە خوازیاربوون سوپا وەک شتێکی پیرۆز و بایەخدار سەیر بکرێت و خەڵک لەسەر ئەوە ڕابهێنرێت بە گرنگییەوە بڕوانن. (دەستووری کاتیی 1958 کە لە27-7-1958 نوسراوە، لە ماددەی 17دا سوپا بەموکی گەل دادەنێ و ئەرکی پاراستنی سەروەریی وڵات و سەلامەتی زەویەکانی پێ دەسپێردرێ. لە دوای کودەتای 1963 و لە دەستووری کاتیدا کە لە29 نیسانی 1964دا نوسراوە، بایەخی زیاتر بە پێگە و ئەرکەکانی سوپا دراوە و خاڵی سێیەم لە بابی چوارەمی سیستمی حکومەانیی و لە میانەی شەش ماددەدا

"77- 82" بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکراوە). "5".

لە سەردەمی پاشایەتیدا ئۆگەرچی چەند کودەتایەکی سەربازیی رووياندا، بەڵام گۆشەکردنی ژمارەی سەربازان و توانای سەربازیی سوپای فەرمیی عێراق، لەسەرخۆ و تارادەیەک سروشتیی بوو. بەڵام لە دوای شۆشی چواردەی گەلاوێژی 1958وە، بەرە بەرە هێم سوپا بایەخی زیاتری پێدرا و گۆشەیەکی نائاسایی بەخۆوە بینی، ئەمش بەهۆی ئەوەی ڕووشی سیاسیی عێراق تەواو ئاڵۆزیی بەخۆوە گرت، لایەک چەندین ڕووتی وەک ناسیۆنالیستە تونڕەوەکانی عەرەب لە هەوڵی کودەتادا بوون، لایەکی تر لەساڵی 1961 بەولاوە شۆشی کورد بە ڕابەرایەتی "پارتی دیموکراتی کوردستان"و مەلا مستەفا تاویسەند. ئەم دوو هەکارە بوونە هەکاری زیاتر بایەخدان بە یەکە سەربازییەکان لایەن حکوومەتی "عەبدولکەریم قاسم"ەوە. لەرە بە دواوە حکوومەتی عێراقی جیا لەوەی چەند هەزکی تری نافەرمیی دروستدەکات لە وێنەی جاشە کوردەکان، لە هەوێشدایە توانا سەربازییەکانی زەرتر پەرە پێبدات و ئاستی سوپای عێراق بەرز بکاتەوە بە ئاستی سوپا ناودارەکانی جیهان. لەم پێناوەدا حکوومەتی عێراق هەوڵدەدات کۆنتاکت لەگەڵ چەندین دەوڵەت ببەستێت بە بەدەستهێنانی چەک و تەقەمەنیی سەردەم بە مەبەستی بەهێزکردنی سوپاکەی بە بەرپەرچدانەوەی هەر پیلانێکی ناوخۆیی لایەن عەرەبە ناسیۆنالیستەکانەوە، هەم بە دامرکاندنەوەی شۆشی ئەیلوول کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر کێپەی دەسەند و بەهێز دەبوو، بەڵام (سەختترین سەردەمی سوپای عێراق ئەو کاتە بوو بەعسییەکان دەسەڵاتیان بە دەستەوە بوو، چوونکە دوای هاتنە سەرکاری سەدام، سوپای عێراق کرایە 44 فیرقە و لە ساڵی 1990یشدا ئەو ژمارەیە بە 63 فیرقە بەرز بووەوە). "6".
دروست لەگەڵ هاتنە سەرکاری بەعسییەکان لە ڕێگەی کودەتایەکی سەربازییەوە "1968"، بایەخی زیاتر درا بە سوپا، بەعسییەکان چوونکە خۆنی نیشتمانێکی عەرەبیی گەورە و لەناوبردنی جولەکەیان هەبوو، هاوکات سوپاکەیان بە دەڵاویی لە جەنگی عەرەب– ئیسرائیل گەیابووەوە، دەیانویست بەهەر نرخێک بوو عێراق لەڕی بەهێزکردنی سوپاکەیەوە وەها لەبکەن دەسەڵاتی بەسەر تەواوی ناوچەکەدا بشکێت، هەروەک خوازیاربوون لە ڕۆگەوە بزووتنەوەی کوردایەتی و نەژادی گەلی کورد دەربکەشن. بەعسییەکان چەندان بەندیان لەگەڵ سۆڤێتی سووردا واژە کرد

بە کەینی نوێترین چەک و لاپاڵم و باڵۆفی سیخی روسیی، بەڵام واقیعی عێراق زۆر لەوە سەختتر ببوو بەم چەکانە کێنترۆڵ بکرێت یان بتوانرێت بەو چەکانە شەڕشی کێپسێندووی کوردەکان بە هاوکاریی ئێران و ئیسرائیل و ئەمریکا دابمرکێنرێتەوە. بۆیە سەرانی دەوڵەتی عێراق هەر لە دەیەی شەستەکانی سەدەی رابردووە بیریان لە بەدەستهێنانی چەکی کێمیایی دەکردەوە.

"دەبلیو سیت کاروس" پێیوایە "عێراق بەرنامەی بۆ بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی لە ساڵەکانی دەیەی 1960 و زۆر لەپێش لەوەی سەدام بگاتە دەسەڵات دەستپێکردبوو". جیا لە هەموو ئەمانە قەناغی باڵابوونی زیاتر و گەیشتنە لوتکەی سوپای عێراقی هاوکاتە لەگەڵ هاتنە سەرکاری سەدام حسێن "1979"، چوونکە سەدام خولیایەکی لە راددەبەدەر و زیاتری لە هەر سەرکێکی عێراقیی هەبوو بۆ بەهێزکردنی سوپا هەم لە رووی چەندایەتییەوە، هەم لە رووی چۆنایەتییەوە. ئەوەبوو سوپای عێراق پێشکەوتنی زۆری بەخۆوە بینی، تەنانەت لە ساڵی 1990دا عێراق خاوەنی زیاتر لە یەک ملیۆن سەرباز بووە، ئەمە بەجگە لەوەی خودانی تازەترین تەکنەلۆژیی چەک و چۆ بووە. "ریچارد بێننێت" لەو رووەوە دەڵێت (لەشکری عێراقیی لە ساڵی 1990دا یەکێک بوو لە لەشکرە گەورەکانی جیهان، بەڵام لە کۆتایی یەکەمین جەنگی کەنداودا بەر بۆمبایەکی تەواو باڵی بەسەر پاشماوەکانی یەکێ سەربازییەکانی لەشکرەکەدا کێشا، وایان لێهات لە هەموو لایەکەوە لەلایەن دوژمنەکانیانەوە زەبریان لێدەکەوت).
حکوومەتی بەعس بەوە رازی نەبوو لە سنووردا سوپاکەی قەتیس بکات، بەڵکو دەیویست سوپاکەی بکاتە سوپایەک پشت ببەستێت بە تەکنەلۆژیترین چەکی سەردەم، بە تایبەتیی چەکی کۆمەکوژ. سەرانی بەعس بە زەبریی "سەدام حسێن"، هەموو توانا و وزەی خەیان بەکارهێنا تا وەتەکەیان بکەنە خاوەنی چەکی کیمیایی و ئەتۆمی. ئەم هەوڵە لە دەیەی حەفتاکانی سەدەی رابردووەدا زۆرتر بڕەوی سەند. بە ئەو مەبەستە وەزارەتی بەرگریی و وەزارەتی پیشەسازیی سەربازیی لە چەندان رێگەی جۆربەجۆرەوە کەنتاکتیان لەگەڵ دەوڵەتان و چەندین کەمپانیای جیاجیا گرێدا تاکو ئەو خوازە بهێننەدی. بەڵام ئیسرائیل کە زیاد لە هەمووان هەستی بە مەترسیی عێراقێکی خاوەن چەکی ئەتۆمی دەکرد، زۆر زوو، لە ساڵی 1981 لە رێگەی لێدانی هەواییەوە

بنکەکانی کوردی ئەتەمی عیراقی کاول و تەکوپەکدا، ئەمش وەهای لە"مناحیم بیگن"ی سەرکی ئۆوکاتی ئیسرائیل کرد بە خۆشحالییەوە بڵێت وەک خۆی ئامانجەکەمان پێکا و خەونی لەناوبردنی ئیسرائیلمان پووچەڵ کردەوە. لەگەڵ ئەمانەشدا حکوومەتی سەدام هەر بەردەوام لەسەر سەربازییەکانی تا دواجار توانی عیراق بکاتە خاوەنی چەکی کیمیایی.
(رژیمی عیراق توانی لە چەندەها بواری هەمەجۆری تەکنەلۆژیای ناوکییدا مشق بە کادرە تەکنیکی و ئەندازییەکانی خۆی بکا تا ئەو رادەیەی کە ژمارەی زاناکان گەیشتە 500 زانا و ژمارەی ئەندازیاران و تەکنیککاران گەیشتە 5-7 هەزار کەس، جگە لە20 هەزار کارکەری تری ئەم بوارە. سەرباری ئەمش بودجەیەکی زەر تەرخانکرا کە گەیشتە 12 ملیارد دۆلار کە لەم کەرتەدا خەرجکرا، جگە لەوە، رژیم چەند دەزگایەکیشی دروستکرد پێوەندییان بە بەرنامە ناوکییەکەیەوە هەبوو، کە ژمارەیان گەیشتە 28 دەزگا و پشکۆ، لەوانە چەند مەبەندێک بە لکۆینەوە و نەخشەسازیی و پیتاندنی یورانیەم و چەند ناوەندێکیش بە ئەلکترۆنکاریی و تاقیکردنەوە). "7". ئەوەی زیاتر عیراقی هاندەدا بۆ ئەوەی لە زووترین کاتدا تەکنەلۆژیی سەردەمی چەک بەدەستبهێنێت بۆ تایبەت چەکی ناوکیی دوژمنایەتی بوو لەگەڵ ئیسرائیل لەلایەک و شای دەستوپێخەی لەگەڵ ئێران و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان لەلاکەی تر بوو. رژیمی بەعس لە دەیەی هەشتاکاندا زەرترین بودجەی لە داهاتی وڵاتەکەی بۆ بەرهەمهێنان و کەینی چەک و تەقەمەنی تەرخانکرد. هەندێک لە توێژەران و پسپۆران سەرسوڕمانی خۆیان نیشان دەدەن لەوەی بۆ درێژایی هەشتاکان عیراق زەرتر لەو بڕە دیاریکراوەی بۆ سەرجەم کەرتەکانی تەندروستی و خزمەتگوزاریی تەرخانی کردبوو، بودجەی بۆ کەرتی سەربازیی و پەرەپێدانی یەکە سەربازییەکانی تەرخان کردبوو.
Judit Miller، Laurie Mylroie دەربارەی فراوانبوون و خەرجکردنی ژمارەیەکی خەیاڵیی پارە بە سوپا لە سەروەختی جەنگی ئێران– عیراقدا دەنووسن "لەم سااندا بارودۆخی ئابووری ئەم وڵاتە زەر خراپ ببوو، سەدام هەموو پاشکەوتە دارایییەکانی خۆی بە کەینی چەک و تەقەمەنی سەرفکردبوو. لە دوو سااەی سەرەتای جەنگ، عیراق 10 ملیارد دۆلاری یارمەتی دارایی لە وڵاتانی عەرەبیی وەرگرت کە هەمووی بە کەینی چەک تەرخانکرا". "8". هەر لەمبارە، ئەنیستیتۆی نێودەوڵەتیی ئاشتی ستۆکهۆڵم بڕاوردی کردووە: عیراق لە سااەی 1984 بە

بەهای نزیکەی 14 ملیارد دۆلار چەکی کۆیەو و بەکاریهێناوە. بە پێی بڕاووردی "ئانتانی کوردسمان" کە یەکێکە لە شارەزایانی ئەمریکیی، حکوومەتی عێراقیی لە نێوان ساڵەکانی 1982- 1985 نزیکەی 27 ملیارد و 300 ملیۆن دۆلار و لەنێوان ساڵەکانی 1986- 1989 نزیکەی 15 ملیارد و 500 ملیۆن دۆلار کە کەی گشتیی زیاتر لە42 ملیارد دۆلارە لەم حەوت ساڵەدا چەکی هێناوەتە ناو وڵاتەوە. ئەو تەقانەت لەو بەوایەدایە تینووەتی سەدام بە چەک لەماوەی ئەم ساڵانەدا لەم ژمارە سەرسوڕهێنەرەش زیاترە. حەزی سەدام بە کەینی چەک تەقانەت پاش کۆتاییهاتنی جەنگی لەگەڵ ئێرانیشدا کۆتایی نەهات، بەشێوەیەک لە ماوەی پێنج ساڵی پاش تەواوبوونی شەڕ، عێراق گەورەترین وڵاتی کۆیاری چەک و پێداویستیی سەربازیی بووە. بەپێی بڕاووردی شارەزایان 9% هەموو چەکە فڕۆشراوەکانی جیهان لەلایەن سەدامەوە کەدراون. "9".

ئاگرچی لە دوای ئۆپراسیۆنی "گەردەلوولی بیابان" سوپای عێراق لە رووی مەعنەویی و ماددییەوە بە تەواویی تەکشکێنرا، بەڵام سەدام حسێن زۆر لەوە سەرکەشتر بوو بەو گورزوەشاندنە دەست لەو خولیا و حەزە شەتانییەی خەی هەبگرێت. بۆیە لە ساڵانی ئابڵووقەی ئابووری و بازرگانیی نێودەکانی سەدەی ڕابردوو لەسەر عێراق، لە کاتێکدا بەندی حەوتەی نۆتەوە یەکگرتووەکان ڕێگریی دەکرد لە عێراق چەک و چەت بکڕێت، بەڵام رژێم بڕێگەی قاچاغ لە هەوەدا بوو لە ڕێگای ئۆکرانیا و روسیا و بە بڕتیلدان لەناو تورکیادا، ژمارەیەکی زۆری چەک و پێداویستیی سەربازیی بهێنێتە ناو عێراقەوە، هەتاکو ئەمریکا و کەمێکی نەودەوەتیی پێیانزانی کار لە کار ترازابوو، بەم جۆرە جارێکی دیکە سوپای عێراقیی بەهێز کرایەوە و چەندان یەکەی وەک "گاردی کۆماریی و سوپای قودس و گیانبەختکەرانی سەدام" لە دڕەوەی سوپای فەرمیی بە توانایەکی ماددیی و لۆجیستیی زۆرەوە قووتکرانەوە کە کاریان تەنیا داکۆکیکردن بوو لە رژێم و سەرکوت و لەناوبردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد و هێزە بڕهێستکارە شیعەکانی باشووری عێراق. تا ئۆکاتەی لە پرسەی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە لە بهاری 2003دا بە تەواوەتی لەبڕیەک هەوشایەوە و هەموو تەکنەلۆژیا سەربازییەکەشی لە کیس چوو.

شارەوا نییە سوپا لە عێراقدا جگە لەوەی ئامازەکی سەرکیی بووە بە سەرکوتی نەیارە سیاسییەکان و هەمیشە لە

بەرژەوەندیی چینی دەسەڵاتداردا بووە، لە هەمان کاتدا نابێت نکۆی لەوەش بکەین خودی سوپا و پێستە هەستیارەکانی سوپا بە کەمینەی سوونەنە مەزهەبی عەرەبیی بووە. ئەم سیاسەتە وەنەبێ تەنیا لە سوپادا ڕەنگی دابێتەوە، نەخێر ئەم ڕامیارییە شۆڤێنییە لەسەر هەموو ئاستەکانی بەڕێوەبردن، بە ڕوونی بەرجەستە ببوو. (حکوومەتەکانی عەراق هەر لە دابەشکردنی پێستەکانەوە مامەڵەیەکی ناواقیعیان لەگەڵ کورددا کرددووە، ئەم مامەڵەیە، یەک لە پێدانی دەسەڵاتەکاندا دیاری دەدات، بە نموونە لەسانانی 1921 تا 1936 لە "57" پیاو بە بەڕێوەبردنی کابینەکانی حکوومەت دانرابوون، تەنیا "5" کەسیان شیعە و کورد بوون، لە سەرانسەری دەسەڵاتی بنەماڵەدا لە1921- 1958 پێنج وەزارەتە گرنگەکە بە دەست سوونەنە بوون، ئەم باڵادەستییەی سوونەنە لە ئاستی ناوخۆشدا ڕەنگی دابووەوە، بە نموونە لەسانی 1933دا سوونەنەکان لە14 هەرەم، حوکمی 13یان دەکرد، هەروەها 37 قایمقامیان لە کەی 43 قایمقام بەدەستەوە بوو). "10".

لە ژێر ڕووناکیی ئەم ڕاستییە سادەیەدا بەو بۆچوونەی دەگەین، سیاسەتی دوورخستنەوەی کورد و شیعە لە فەرمانڕەوایی و پێستە هەستیارەکان تەنە لە سەردەمی بەعسەوە دەستی پێنەکردووە، بەڵکوو مێژوویەکی درێژ و کەنتری لە دیرەکی سیاسیی عەراقدا هەیە. لەم ڕووەوە "پیتەر سلاگت" پێیوایە "ئەگەر بینەوە سەر لایەنە ئەرنیەکانی دەوڵەتی نوێی عەراق، کە خێی لە دەستوور و پرسەی دامەزراندنی سوپای نیشتمانیدا دەبینێتەوە کە لە کانوونی دووەمی 1921دا هاتە کایەوە، ئەمەش هەر لە بەرژەوەندیی عەرەبی سوونەنە بوو کە بەشکی کەمایەتییان لەو وەتەدا پێکدەهێنا". "11". بەعس لە هەموو حکوومەتەکانی تری عەراق جیددیتر و کاریگەرانەتر کۆتە دامەزینی کورد و شیعە لە پێستە هەستیار و گرنگەکانی سوپادا. تەنانەت بەدرێژایی هەشتا ساڵ یەک فەکەوان نەبووە لە ریزەکانی سوپای عەراقیدا بە ڕەگەز کورد بووبێت، یان نەبیستراوە لەو ماوەیەدا هیچ کام لە وەزیرەکانی بەرگریی سەردەمی حکوومەتی سەدام تەنانەت کوردێکی بەعسیش بووبێت. ئەمەش بە گرەنتیکردنی ئەوە بووە سوپا بە کودەتای سەربازیی بکارنەهێنرێت لە دژی دەوڵەتی بەعس.

کاریگەریی سوپا لەسەر سیاسەت و شێوەی فەرمانڕەوایی

سوپای عێراق یەکێک لەو سوپایانە بووە بەردەوام کارتێکردن و کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر پرۆسەی سیاسی وڵات هەبووە، یان بەدەربڕینێکی دیکە سوپا بەڵایەن نەبووە لە بڕیاردەر سیاسەت و پرسەکانی بەڕێوەبردن و حوکمداریی. وەک لە سەرەتاشەوە ئاماژەی پێدرا بەهۆی ئەو چەپاندنە سیاسییەی هەر لە سەرەتای دروستبوونی عێراقەوە لەم وڵاتەدا بەڕێوەچووە و هەروا بەهۆی نەبوونی زەمینەیەکی کراوە و دیموکراسی، تاکو هێز و بزووتنەوە سیاسییەکان چالاکیی تێدا بکەن و کار بکەن بە وەدەستهێنان و بە دەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسیی، ئەوە ڕەگەی کودەتای سەربازیی لە زەرترین بارەکاندا ڕەگەچارێیەکی ناچاریی و تەنیا بووە بە گۆڕینی مەدیلی حوکم لە عێراقدا. بۆیەکا دەبینین هەر لەسەرەتاوە سوپا بەردەوام لایەن بزووتنەوە سیاسییەکانەوە بەکارهێنراوە بە گۆڕینی رژێمە فەرمانڕەواکان، بەم هۆیەوە لە ماوەی چەند دەیەی تەمەنی ئەو سوپایەدا چەندان کودەتای سەربازیی سەرکەوتوو و سەرنەکەتووی ئەنجامداوە. بەپێی سەرچاوە مێژوویییەکان تەنیا لەماوەی نێوان ساڵانی 1921- 1979 کە هاوکاتە لەگەڵ هاتنە سەرکاری "سەدام حسێن"، سوپا 13 کودەتای سەربازیی ئەنجامداوە کە بەشکیان سەرکەوتنیشیان مسۆگەر کردووە.

یەکەمین کودەتای سەربازییش لە مێژووی عێراقی قۆناغی فەرمانڕەوایی پادشایەتیدا، بە فەرماندەیی ژەنەرال "بەکر سدقی" بە ڕەگەز کورد لە ساڵی 1936 ئەنجامدرا و پاش سەرکەوتنی، حکوومەتکی نوێی بە سەرکایەتی "حیکمەت سەڵمان" پێکهێنا و خەیشی بووە وەزیری بەرگریی ئەو حکوومەتە. بەهۆی ئەوەی "بەکر سدقی" هەستکی کوردانەی هەبوو و چەندین ئەفسەر و پلەداری کوردی لە دەوری خۆی کۆکردبووەوە و دژی ناسیۆنالیستی عەرەبیی بوو، لە ساڵی 1937 لە کاتکدا بە نمایشکی سەربازیی سەردانی تورکیای کرد، لە شاری موسڵ کەوتە بەسەیکەوە و دوای ئەوەی گوللەیک لەسەری درا، کوژرا."12". هەر لە سەردەمی فەرمانڕەوایی پادشایەتیدا چەندین کودەتای سەربازیی دیکە ڕوویاندا، لەوانە کودەتای ساڵی 1941کە لایەن ئەفسەری ناسراو "سەلاحەددین ئەلسەباغ"ەوە لە دژی حکوومەتکەی "تەها هاشمی" سەریهەڵدا. دوای سەرکەوتنیان دەستەی کودەتاچی حکوومەتکی نوێیان بە سەرکایەتی "ڕەشید عالی گەیلانی" پێکهێنا، کە نازناوی "حکوومەتی بەرگریی نیشتمانیی" پێدرابوو، وەلیعەهدی وڵات "میر عەبدولئیلاه" لە ترساندا هەڵات و پەنای بە یەکێکی سەربازیی خێیان برد لە نزیک شاری "دیوانیە"، بەڵام دواتر حکوومەتە نوێیەکە چوونکە خوازیاربوو لە ژێر رکەفی بەریتانییەکان بێتە دەرەوە، بە هاهەنگیی بنەماڵەی مەلیکی عێراق و بەریتانییەکان تکشکێنرا و

چوار لە سەرکردە سەربازییەکانی کودەتا لە سەدارەدران، خودی "سەلاحەدین ئەلسەباغ"یش ناچار بە هەڵاتن بوو سەرەتا بۆ تورکیا و پاشان بۆ ئەڵمانیا، دواتریش گەڕایەوە مەملەکەتی عەرەبیی سعودیە و داوای مافی پەنابەرێتی لێو وەرگرت.13".

گەورەترین و کاریگەرترین کودەتایەک لە سەردەمی پادشایەتیدا رووی دا بوو، کودەتای ئەفسەرانی ئازادیخواز بە سەرکردەیی "عەبدولکەریم قاسم" بوو لە14 گەلاوێژی ساڵی 1958دا. ئەم کودەتایە تەواو سیمای سیاسیی و فەرهەنگیی کۆمەڵگەی عێراقی گۆڕی و کەتایی بە رژێمی پادشایەتی هێنا و لە جێگەیدا رژێمی کۆماریی جێگیر کرد. هەر لێو چوارچێوەیدا کۆمەڵێک چاکسازیی سیاسیی و ئابووری دەستیانپێکرد، بەتایبەت بە یەکەمین جار دەستووری عێراقی دانی بە هاوبەشێتی کورد و عەرەبدا نا لە وەتاتی عێراقدا. لە ماوەی پێنج ساڵی حکومی عەبدولکەریم قاسم "1958-1963" دا چەندین هەوڵی کودەتا و تیرۆرکردنی قاسم بەئەنجام چووە، لە هەشتی ئازاری ساڵی 1959 بزووتنەوە هەگبەاوکەی شواف "عەقید عەبدولوەهاب شواف" فەرماندەی لیوای پێنج لە موسڵ، هەوڵی کودەتایەکی سەربازییان دا بە یارمەتی هێندێک ئەفسەری عەرەب و تورکمان، بەڵام لە کەتاییدا بزووتنەوەکە دامرکێنرایەوە و "شواف"یش لەلایەن هێزەکانی عێراقەوە کوژرا. بەهەی ئەوەی حکوومەتی قاسم لە بەئەنجامدانی خەی پێشیمان ببووەوە لە پێدانی مافەکانی کورد، بە پێچەوانەوە لە شێوەکی نابەرامبەردا بوو لەگەڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان، بارودۆخی ناوخۆیی عێراق شێوازێکی سەرسوهێنەری بەخۆوە بینی، ئەمەش دەرگای خستە سەر گازاری پشت بە بەعسیی و ناسیۆنالیستە عەرەبەکان لە رژێی هەشتی شوباتی 1963 کودەتایەکی سەربازیی بەسەر حکوومەتەکەی "قاسم"دا بکەن و خودی سەرەک کۆمار و چەند وەزیر و هاوڕێکی، بە دیلیی بکەونە بن دەستی کودەتاچییەکان. سەرکردەکانی کودەتا بە تایبەت "عەبدولسەلام عارف" خوازیاربوون بەهەی کوشتنی قاسم و هاوڕێکانییەوە کێشکی تەقاندن لە عێراقدا نیشان بدەن. ئەوەبوو لە دادگاییەکی سەربازیی خێرا و کارتێنیدا فەرمانی خنکاندن و لە سەدارەدانی عەبدولکەریم قاسم و هاوکارەکانی پەسندکرا و زەر بە خێراییش حکومەکە جێبەجێکرا.

سەمیر خەلیل "کەنعان مەکیە" لە کتێبەکەیدا "کۆماری ترس" دەربارەی دیمەنەکانی لە سەدارەدانی کەریم قاسم و هاوکار و دەست و پێوەندەکانی، دەنووسێت "لاشەکەیان هێنا بۆ ناو ستادیۆ و لەسەر کورسییەک دایاننا. سەربازێک لە تەنیشت لاشەکەوە بۆ وەستاویی دەردەکەوت، سەربازەکە بەشە جێربەجێرەکانی لاشەی قاسم لەگەڵ هێندە هەڵنکردنەوەدا پیشانی خەڵکی دەدات. لە ناکاودا ئەم دیمەنانە لا

دەچوو و چەند دیمەنێکی تر لە شێوەی قاسم و لایەنگرانی ئەو لەگەڵ کودەتاچیەکان کە لەوزارەتی زانیاریدا رووبەڕووی بوونەوە نیشانی بینەران دەدران". "14". دوای کودەتای هەشتی شوبات، حکوومەتێکی نوێ بە سەرکایەتی ژەنەرال "عەبدولسەلام عارف" پێکهات، بەڵام دیسان ئەم حکوومەتەش لە هەڵەشەی کودەتا دەربازی نەبووە، ساڵی 1966 سەرکی عێراق لە رووداوێکی تەمومژاویدا و لە ئەنجامی کۆتنە خوارەوەی فڕۆکە، گیانی لە دەستدا. بەهەی ئەم رووداوەوە حکومی وەات کۆتە بن دەستی براکەی "عەبدولڕەحمان عارف". تەمەنی ئەمیش لە فەرمانڕەواییدا وەک کاکی کورت بوو، چوونکە زۆری نەخایاند و پاش کەمتر لە دوو ساڵ، بەعسییەکان لە ڕێگەی کودەتایەکی سەربازییەوە کە لە ئەدەبیاتی بەعسیزمدا بە شۆڕشی 17-30 تەمووز ناوزەد دەکرێ "عەبدولڕەحمان عارف"یان لە ناوەڕاستی ساڵی 1968 لەسەر کار لادا و ناچار بە هەاتنیان کرد بە دەرەوەی وەات.

لە ساڵی 1968 بەولاشەوە چەندین هەوەی تری سەرنەکەتووی کودەتا هاتنە ئارا، بەڵام زۆرینەیان بەهەی دەڕەقیی بەعسییەکانەوە بە زووبی دامرکێنرانەوە. لەوانە هەوەی شکستخواردووی "نازم کەزاز"ی ئەندامی پایە بڵندی ئەمن و دەستی راستی حزبی بەعس لە ساڵی 1973دا. لە سەروەختی دەسەاتی بەعسییەکاندا هەموو ڕەوشوێنک ئامادە کران بە بەرگرتن لە ئەنجامدانی کودەتای سەربازیی، بە ئەو مەبەستە یەکە نهێنییەکانی وەک موخابەرات و ئاسایش و چەند دامودەزگایەکی تر بە وردیی چاودێریی تەنانەت هەسوکەوتی هاوەاتیانی ئاسایی دەکرد. هەر لەم ساڵانە بە دواوە بەدیان هەزار بگرە سەدان هەزار ڕاپەرتنووسی نهێنی دامەزرێنران، بە ئەوەی بە وردیی چاودێریی جموجۆڵی هەر هاوەاتییەکی سادەش بکەن. هەر بەم هەیەوە بوو لە ساڵی 1971 "سەدام حسێن" جەگری سەرەک کەماری ئەوکات، توانی بە لووتبەرزییەکەوە بە ڕۆژنامەنووسان بڵێت "ئەو ڕۆژانە تەپڵەی چەند کەسێک لە دەوری یەکتر کەبنەوە و بە چەند ئامادەکارییەک کودەتا بکەن و ڕژەم بوخێنن و خەیان بگەیێننە دەسەات. حزبی ئەمە زۆر بەهێزە و چیتر مەترسی چالاکیی خائینانە بەم جۆرە کەسانە نادات".
ئەگەر سەرنج بدەین لەوانەیە بگەینە ئەو ئەنجامەی لەمڕووی نوێی ڕژەهەاتی نەویندا عێراق تاکە وەاتێک بێت زۆرترین ژمارەی کودەتای سەربازیی تێدا ئەنجامدراوە. هەروەک ئاشکرایە لە بەرەبەیانی مڕووەوە تا بە ئێستا دەگات، لە سەمەرەوە تا بەعس، زۆرترین ئەو سەرکردە و شا و میرانەی حوکمی عێراقیان کردووە بە کوشتنیان

کۆتایی بە دەور و دەستەبژێرە حزبییەکانیان هێنراوە. بەدەر لە کودەتای سەربازییش سوپای عێراق هەمیشە لە بەرژەوەندیی دەستەبژێری فەرمانڕەوادا بەکارهێنراوە، لە زەرترین جارەکاندا، سوپا ڕاستەوخۆ ئەجگار دەندانەی بینیوە لە خامۆشکردنەوەی بزووتنەوە و ڕاپەڕینی گەلانی عێراقدا، هەروەک چۆن سوپا هەمیشە قۆڵغانێک بووە بۆ پاراستنی دەستەباتی خاوەن شکۆ و میر و دیکتاتۆرە دەستەبژێرەکان، ئاواش هەمیشە دژی سەرهەڵدانە سیاسییە گەلانخوازەکان ڕاستەوخۆ بەرحمانە و ئەجگار هەڤانەی گەلاوە.

سوپا وەک دامەزراوەیەکی سەرکوتکاریی ناوخۆیی 1921- 2003

سوپای عێراقیی ئێگەرچی یەکێک بووە لە پڕ چەکترین و قەڵەباغترین سوپا لەناوچەکەدا، بەڵام هەمیشە هەموو جەنگێکی دژەکیی دەڕاندبوو، تەنیا لە جەنگی لەناوبردنی هاوواڵاتیانی سڤیلی ناوخۆی وڵات سەرکەوتوو و دلێر بووە. ئێگەر بڵێین سوپای عێراق لە دژیی شەستەکانی سەدەی بیستەم "1967" لە جەنگی هەمەلایەنە و گشتیی عەرەب لەگەڵ ئیسرائیل کە زەرینەی سوپای عێراق لە خاکی وڵاتی "ئوردون"دا بوون، یەکێک بوو لە بەزیوترین سوپاکان!. جەنگی هەشت ساڵەی عێراق–ئێران چی مانایەکی تری نەبوو جگە لە بەزینی سوپای عێراق لە مەیدانی جەنگدا؟!. ئەوە لە هەردوو جەنگی کەنداوەدا سوپای عێراق نەک هەر نەیتوانی بەرگریی بکات و داکۆکیی لە وڵاتەکەی بکات، بەپێچەوانەوە بە چەند ڕۆژێکی کەمی شەڕ، سەرلەبەر تەکوپەک شکا و ڕیزەکانی پەرتەوازە بوو. لە ئاستی ناوخۆیشدا سوپای عێراقیی نەیتوانیوە بە بە پاڵپشتیی دژەکیی و بەکارهێنانی چەکی کەمەکوژ بەسەر هەزە بەرهەستکارە چەکدارەکاندا زاڵ ببێت!!، بە تایبەت هەمیشە لە بەرامبەر هەزی پێشمەرگەدا خەساگرییەکی ئەوتۆی تەمار نەکردووە، شیاوی نووسینەوە بێت لە لاپەڕەکانی مێژوودا. ئێگەر یەک ساڵی شەڕی کورد و عێراق بە نموونە وەربگرین "1974- 1975" ئەو ڕاستییەمان لەلا ئاشکراتر دەبێت لە مەیدانی جەنگدا سوپای عێراقی نەک نەیتوانیوە کوردستان کۆنترۆڵ بکات بەڵکو توانای داکۆکییەکی زەریشی لە خودی خۆی نەبووە، ئاخر بۆ هێ نییە حکوومەتێکی بەهێزی خاوەن توانای ئابووری وەک عێراق لە ڕەی بەخشینی بەشێک لە وڵاتەکەی بە ئێران و چوونە ژێرباری ڕێکەوتننامەیەکی مینا ڕێککەوتنی جەزائیری ساڵی 1975ەوە خوازیار بێت بزووتنەوەی گەلی کورد تووشی نسکۆ و شکست بکات. چوونکە ڕوون بوو بۆی هەرگیز سوپا وزەی نییە ڕووبەڕووی شۆڕشگێڕی گەورە و بەهێزی وەک شۆڕشی ئەیلوول ببێتەوە.

سوپای عێراق هەر لەگەڵ لە دایکبوونییەوە تا هەوەشاندنەوەی بەرپرسیاری چەندین سەرکوتکاریی ناوخۆیی هاوواڵتیانی هەموو گەلە جیاوازەکانی ناو عێراق بووە، ئەم سوپایە زیاتر لە جارێک پرسەی کەمەکوشتن و پاڵاماردانی بە سەر هاوواڵتیانی سڤیل بەخۆوە بردووە، ئەم پرسەیە لە باشووری کوردستان بە سەختترین و کاریگەرترین شێوە تێپەڕیوە، بە ئەندازەیەک کەم ماڵ هەیە لانیکەم قوربانییەکی نەبێت لەسەر دەستی ئەو سوپایە، هەروەک چۆن کەم گوند و شارچکە هەیە زیاد لە جارێک نەکەوتبێتە ژێر ڕەحمەتی تانک و تۆپ و لاپاڵمی ڕژێمەکانی عێراق، ئەمەش وای کردووە زۆرینەی گوند و ناوچەکانی کەنار، لە باشووری کوردستان چەندان جار ڕووخێنران و سووتێنراون و خەڵکەکەشی ڕاگوێزراون. سوپای عێراق لە دەیەی بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا "ساڵەکانی 1924، 1926، 1927، 1928"، هەستاوە بە سەرکوتکردنی چەندین بزووتنەوە و ڕاپەڕینی میللیی و ئازادیخوازانە، بە نموونە لە هەرێک لەشارەکانی وەک "موسڵ، نەجەف، کەربەلا، بەسرە، ناسریە، ڕومادی"، هەروەها لە باکووریش چەندین هەماەتی بەخۆوە بردووە بە لەناوبردن و سەرکوتکردنی بزووتنەوە سیاسییەکانی گەلی کورد و ئاشوورییەکان، لە ساڵی 1924یش سوپا هەماەتێکی دەندانەی سەرکوتکردنی لە شاری سلێمانی بەخۆوە برد کە تێیدا ژمارەیەکی بەشوومار بوونە قوربانی.**** لە ساڵانی دواتریشدا بە هەمان شێوە سوپا ڕژێمی سەرکیی و هەڤاڵەی گەڵاوێژ لە بەرپەچدانەوەی زۆرینەی شێخ و ڕاپەڕینەکانی گەلانی عێراق.

ئەم سەرکوتە زۆر دژوارەی سوپا لەبەرامبەر کورد و نەتەوە و گەلە ناعەرەبەکانی عێراق چەند قات زیاتر بووە. بە وێنە لەسەردەمی پاشایەتیدا سوپا دەورێکی وەحشەتناک و تۆندی هەبوو لە کەمەکوشتنی ئاشوورییەکان لە باکووری عێراق. "لە11ی ئۆگستی 1933دا، یەکەیەکی سەربازیی پێ چەک لە ژێر فەرماندەیی ژەنەرال سدقی دا چووە شارچکەی سیمێلەوە. بەشێوەیەکی سیستماتیک دەستکرا بە ڕەشکوژیی لە پیاوان و ژنان و منداڵان. کە دانیشتووانەکەی ئاشوورییەکان بوون. لە جیاتی ئەوەی ئەم کەمەکوژییەی ئاشوورییەکان ببووایە بە ریسواییەکی نیشتمانیی، کەچی بووە سیمبۆل بۆ یەکێتی خاک و شانازیی نیشتمانیی. کەوانە ئامۆی سەرکەوتن لەسەر شەرەفی سوپا لە شاری موسڵ چەقێنرا، لە کاتی گەیانەوەی سوپاش بۆ بەغداد، لە نمایشێکی سەربازییدا لە شەقامەکاندا گوێبارانی کران". "15". سەرچاوە مێژووییەکان ژمارەی کوژراوە ئاشوورییەکان لەم قەتلوعامە کوڕانەیدا بۆ زیاتر لە4 هەزار کوژراو مەزندە دەکەن و هەندێک ژێدەریش پێیانوایە ژمارەی قوربانییەکانی ئەم پرسەی کەمەکوشتنە

مژوویی نزیکی 5 هزار کس بوو. لئنجامی ئم سرکوتنشوو بوو ژنرال "بکر سدقی" بو رگز کوردی پاوانی جینسایدی ئاشووریی مسیحییکان پلو سربازییکی لو سوپادا لو عقیدو بزرکرایو بو فریق.
هاوکات لگو کردوی هممتی پاکتاوی ئاشووریکاندا، کیومالکی گورش لو کوردستان بوو دچوو، لو سروختاندا کو شششی بارزان لو ژر سرکردایتی "شخ ئحمدی بارزان" لو کپسندن و تاودا بوو، رژمی پاشایتی بو هاوکاریی باف و یکو تایبتییکانی ئرتشی ئینگلیز بو خستی پرسیکی کاولکاریی و کوشتاریان لو ناوچکانی بارزان و دوروبری بوو دبرد، ئم پرسیو سختترین پرسی کاولکاریی بوو لو برامبر کورد لو سرتای دامزراندنی دوتی عراقو تا ئو رژگار. لو سالکانی 1933-1934 "تنیا لو ناوچکانی بارژ، مزووری و شیروان 79 گوند ویران کران، لو سرجمی 2382 خانووبر 1365 خانوویان سووتند و رووخند، واتو 60%ی ویران کرا". "16". لو دوای خامشبوونوی مشخلی شششکانی بارزان و زلبوونی تواوتی حکوومتی پاشایتی بسر کوردستاندا، سوپا هیچ ئپراسیونکی سربازیی بربراوی نکردتو سر ناوچو کوردنشینکان، بلکو لولایکی ترو هر کات پویستی کردبت سوپا ئامادو بوو بو سرکوت و کوژاندنوی ئاگری هر راپرینک لو هر لایکی کوردستانو سریهلدابت.

ئمو جیا لوی حکوومت بشوویکی سیستماتیک و پلان بدارژراو لو هوی تعریبکردنی ناوچو کوردنشینکان و دانینی مرکی کوردیی هندک ناوچیی ستراتیژیی کوردستاندا بوو، ئم سیاستش درژی کشا هتا ئو کاتی کمالی ئفسرو ئازادیخوازکان لو ژر رببری قاسم- عارف "عبدولکریم قاسم- عبدولسلام عارف" لو سالی 1958، لو رپی کودتایکی سربازییو رژمی پاشایتیان گلی بو رژمی کماریی. لو سرتای دسلتی "قاسم"دا گلک هنگاوی گرنگ لو ریفرمی سیاسییو تا ریفرمی ئابووری و کمالیتی و کشاورزی نران، لناو ئم پانتاییدا بوارک بو کورد رخسا تاوکوو بشداریی بکات لو ژیانی سیاسییدا، لرو پارتی دیموکراتی کوردستان و یکتیی پیشییکانی بو ئاشکرا دستیانکرد بو کارکردن. لو سالی 1959دا بارزانی "ملا مستفا 1903-1979" لو تاراوگو "سوفیت" گلایو بو عراق و لو رپی کرنفاکی جماوریو پشوازییکی گرمی لکرا، لولاشو دستووری عراق بو یکمین جار دانی نا بو مافی کورد و هاوبشتی کورد و عربدا

لە چوارچێوەی وەتدا.
مانگی هەنگوینی پەیوەندیی دەستانەی کورد و حکوومەتی قاسم کورت بوو، ساڵی 1961 جارێکی دیکە گرژیی و ئاڵۆزییەکانی کورد و رژێمی بەغدا تەقینەوە و لە کوردستانەوە مەشخەڵی شۆش داگیرسایەوە، بەڵام سوپای عێراق بە هیچ گوێدانە پرنسیپێکی جەنگ و مەرامێکی شۆڕشگێڕانە کەوتە وێژەی خوێک، کردەوە و ڕەفتارێ دوور لە پرنسیپە سەربازییەکانی سوپای عێراق هەر بووە نەوەستا هاووەتیانی بە دیفاعیش بکاتە ئامانج، تەنانەت خانووبەرە و مزگەوت و کانی و ئشکەوتەکانیش بەدەر نەبوون لە پرسەی وێرانکردن و لەناوبردن. "هاوینی 1961، رژێمی عەبدولکەریم قاسم، هێرشی کردە سەر کوردستان و نیوەی زیاتری سوپای عێراقیی بە هێرش لە دوای هێرش بەردایە سەر دانیشتووان، تا لە ماوەی ساڵ و نیوێکدا نزیکەی 3000 سێ هەزار کەس کوژران، کە زۆربەیان خەڵکی مەدەنیی بوون. زیاتر لە سەد هەزار کەس ئاوارێ بوون و کەوتنە چیا، 150 سەد و پێنجا گوند و شار وێرانکران". "17".

لە ماوەی دوو ساڵی شۆڕشی کورد و عێراق "1961-1963" و تا رمانی رژێمەکەی قاسم لە ڕەی کودەتای سەربازییەوە، کوردستان لە هەموو لایەکەوە لە ژێر هێرشە و مەترسیی سوپادا بوو، بە ئەندازەیەک شوێنەک نەمابوو دەستی وێرانکەرانەی سوپای عێراقی نەیگاتێ، گوندەک، شارەک، شارچکەیەک نەمابوو کوشتاری تێدا روونەدات. لەگەڵ هاتنە سەرکاری رژێمی "عەبدولسەلام عارف" لە دوای هەشتی شوباتی 1963، ئۆگرچی بە چەند مانگەک لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان "کە ئێوسا رابەرایەتی شۆڕشی کوردی دەکرد" و رژێم، ئاگربەڕ روویدا و چەند خولەکی دانوستان دەستیانپێکردەوە، بەڵام ئەو مفاوەزاتانە لە چەند مانگەک ئاگربەڕ بەولاوە چیتریان لە شین نەبوو، بەپێچەوانەوە بە کۆمەتەکەی دیکەش جەنگ لەنێوان هێزوولادا هەڵگیرسایەوە. ڕەنگە خوێناویترین کارەسات لەو قۆناغە لەلایەن سوپای عێراقەوە ئەنجامدرابێت ئەو هێرشەت و ڕەشبگیرییە بێت لەژێر فەرماندەیی "زەعیم سدیق"دا لە زەرینەی ناوچەکانی کوردستاندا ئەنجامدرا. "11-6-1963 دیسانەوە شۆڕش هەڵگیرسایەوە و لە مانگی یەکەمی هەرشدا نزیکەی 200 دوو سەد گوند سووتنران و زیاتر لە 2000 دوو هەزار کەسیش کوژران، لە مانگی 7- 1963 وەفدی یەکێتی سۆڤێت لە نێتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاند: شۆڕشی رژێمی عێراق لە دژی کورد، شۆڕشی جینۆسایدە". "18". پێنج ساڵی حوکمی هەردوو عارف "عەبدولسەلام و عەبدولڕەحمان" بە یەکەک لەو وەستگە مێژوویانە دادنرێت لە مێژووی عێراق و کوردستاندا، کە سوپا زەرتریـن

کاولکاریی و کشتوبڕی لە ناوچە جەربەجەرەکانی کوردستاندا ئەنجامداوە.
هاتنە سەرکاری بەعسییەکان لە هاوینی 1968دا، قۆناغێکی تازەی سیاسیی بوو چ سەبارەت بە کورد، چ سەبارەت بە عێراق و ناوچەکەش، ئەجێندای بەعس لە ئەجێندای تاکەای حکوومەتەکانی پێشووی عێراق جیاواز بوو، بەعس هەروەک لە خودی ناوەکیەوە دەردەکەوت، بزووتنەوەیەکی سیاسیی نەتەوەیی عەرەبیی بوو دەیویست بیری عەرەبچێتی بژێنێتەوە و یەکێتییەکی بەهێزی عەرەبیی لەسەر ئەو جوگرافیایەی ناوی نیشتمانی عەرەبیی لێنراوە پێکبهێنێت، بە هەنانەدی ئەم خەونەش سەی لەهیچ پیلانێکی مەترسیدار و تەقێنەر و خوێناویی نەدەکردەوە، سەرانی بەعس بە باشی تێگەیشتبوون کارەکەیان ئاسان نییە و تەنانەت تێگەرە و کەسپی ناوخەیشیی لە بەردەمدایە، لەم سۆنگەوە بە پشتیستیان دەزانی لە سەرەتاوە گرفتە ناوخەییەکان و نەیارە ناوخەییەکان ریشەکەش بکەن، ئەوجا هەنگاوەکانی داهاتوویان بنێن، بەم هەیوە سەردەمی دەسەڵاتی بەعس و دەندایەتی سوپای بەعس لە بەرامبەر کورد سەختترین قۆناغ و هەرگیز شایانی بەراووردکردن نییە بە قۆناغەکانی رابردوو. تیرۆریسێن و پێغەمبەری بەعسییەکان "میشێل عەفلەق" کە وەک مێژوونووسی سوریی "بەسام گیبی" ئاماژەی بە کردووە زۆر سەرسام بووە بە هیتلەر و پێیوابووە هیتلەر دواجار بەسەر نەیارەکانیدا سەردەکەوێت، لە زۆرینەی نووسین و گوتارەکانیدا جەخت لەسەر یەکێتی عەرەب و رەنسانسی عەرەبچێتی و لەناوبردنی دوژمنانی ئەم خەونە دەکاتەوە. ئەو دەڵێت "دەبێت تەنیا عەرەبەکان لە وڵاتی خەیاندا سەرگەورە و بەهێز بن". ئەم هزرینە لە دوا شیکردنەوەدا ئەوەمان بۆ تەفسیر دەکات لە غەیری عەرەب کەسی تر قبوڵ ناکرێت لە "نیشتمانیی عەرەبییدا" دەستێیشتوو بێت، ئەوەش هاوواتای لەناوبردن و پوکاندنەوەی بە زۆر و جۆری هەموو ئەوانی دیکەی ناعەرەبە.
بەعسییەکان خوازیاربوون سەرەتا لە رێگەی هەنانەدی عێراقێکی سەف عەرەبییەوە شۆڤاو بهاوێژن بە یەک بە یەکی پلانەکانیان لە سەرتاسەری نیشتمانیی عەرەبدا. ئەوەتا ئەم راستییە لەیەکەک لە بەندەکانی دەستووری عێراقی سەردەمی بەعسدا جەختی لێکراوەتەوە "عێراق بەشێکە لە نیشتمانیی عەرەبی و لە پێناوی وەدیهێنانی یەکبوونێکی گشتیی عەرەبییدا تێدەکۆشێت". "19" بوونی کوردیش لە عێراقدا لە روانگەی ئایدۆلۆژیای بەعسەوە بەربەستێکی لە رادەبەدەری بەردەم ئەو خەونە بووە، بۆیەکا بەعس بە هەمیشەیی کاری لەسەر داتاشینی وێنەیەکی دزێو و ناهەمواری کورد دەکرد. هەروەک "ئاراس فەتاح" دەڵێت "بەعسیزم ئەو سیستەمە بوونی کورد لە ناو

جەستەی کۆمەڵگا سیاسییەکەیدا وەک هەڕەشەیەکی نادیار و شوێنەر تەماشا دەکات و لەوشەوە وێنەی بڵگانیەکی پڕ بەخشت کە لە رووی سیاسییەوە دابەت بە دوژمن". "20" لەرەوە پێژەی جینسایەد و لەناوبردنی ڕەگەزیی کورد نەک هەر دابەتە ئیجیندایەکی سیاسیی بەکو بەپێی ئایدەلۆجیای بەعس ڕەوایەتی وەردەگرێت.
بەعس لە دوو ساڵی پێش ڕەکەوتنی ئاداری 1970ی نێوان کورد و حکوومەت "واتە ساڵانی 1968 و1969"، لە هەموو لایەنەکەوە لە رووی سەربازیی و سیاسییەوە پێژەی لە ڕەگەوە دەرهێنانی کوردی پێیەو دەکرد، هەر لەم ڕەکەوتە مەژووییەشەوە سەکوچکەی سیاسەتی بەعس دەرهەق بە کورد "تەعریب– تەرحیل – تابعیس" دەستپەدکات و پەدنەتە سەرزەمینی واقیع، پیادەکردنی ئەم سێ سیاسەتەش لە دوا ئاکامدا جگە لە تواندنەوەی کورد هیچی تر نەبوو. سوپا لە بردنەپێشەوەی سەکوچکەی سیاسەتی بەعس ڕەکی ئەجگار بایەخداری هەبوو، لەم روانگەشەوە بوو سەرانی ڕژەم کەوتنە هەوڵی بەهێزکردنی سوپا و خەنیکردنی جبەخانە و تەکنەلۆژیای سەربازیی دەوڵەتکەیان. ئەگەرچی لە چوار ساڵی ئاشتی 1970-1974دا سوپا کەمترین دەوری هەبوو لە گەیشتنەکەدا، ئەمە مانای ئەوە نییە سیاسەتی سێنەوەی کورد وەستانی بەخۆوە بینیبەت، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنەوەی خولێکی تری شەڕ، سوپای عێراقی کە سوودی لە پشووی چوار ساڵە وەرگرتبوو، بە یارمەتی نوێباوترین چەکی روسیی لە باڵەفڕ و لاپاڵم و بۆمبی فسفەریی و تەپی دوورهاوێژ کەوتنە سووتماککردنی کوردستان. لەم بەروارە بە دواوە تا دەگاتە شاوەکانی ئەنفال و راپەڕینی ساڵی 1991 قورستترین پرسە سەربازییەکانی سوپای عێراقی لە کوردستاندا تاو دەستێنن، کە ئەمجارەیان سوپای عێراق مەژووێکی هێندە خوێناویی تەمار دەکات مەگەر ئەو مەژووە ڕەشە تانیا و تانیا مەغەلەکان و نازییەکان و ستالین تەماریان کردبێ.
لە هەنگاوەکانی سەرەتادا پاکتاوی کوردە فەیلییەکان لە دەیەی هەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی بیستەمەوە بە خەست و خەیی دەستیپێکرد، لەو پرسەیدا جیا لەوەی دەستگیرا بەسەر سەروەت و دارایی زەرینەی فەیلییەکاندا، لە هەمان کاتدا بە هەزارانیان لەکوژرا و بە هەزارانیشیان کەوتنە زیندانەکانەوە کە چارنووسیان دیارە هەر مەرگ بووە، بەپێی هەندێک ئاماری نافەرمیش زەرتر لە چارەگە ملیۆنەکیشیان دەربەدەر بوون و ڕوویانکردە کەماری ئیسلامی ئێران. لە دوای هەڵگیرسانەوەی شەڕی نوێی گەلی کوردستان لەساڵی 1976 کە شەڕشەکی بەرپەی بوو، دیسان سوپای عێراقی وەک جاری جاران، بگرە سەرسەختتر و هەڤانەتر کەوتە پەلاماردانی کوردستان و کوشتاری هاووڵاتیانی سڤیلیش. ڕەنگە لە دوای جینسایدی فەیلییەکانەوە،

ڕشبگیریی و لە ناوبردنی بە کۆمەڵی نەرینە بارزانییەکان رووداوێکی مەترسیدار و کارەساتبارترین بەت، گەرچی ژمارەی بارزانییەکان تا بە ئێستاش دڵگات بە تەواویی ڕوون نییە چەند بووە، بەڵام گومان لەوە ناکرێ ئەو ژمارەیە لە هەشت هەزار مرۆڤ کەمتر نەبووە و نییە.
"بارزانییەکان تا ساڵی 1981 لە باشوور مانەوە، ئەو ساڵەی سەرلەنوێ بە ئێردوگای قوشتەپە لە دەرەوەی هەولێر گوێزرانەوە. بارزانییەکان لە پێنجا هەزار کەس تێنیا 20-30 هەزار کەسیان لەمایەوە. لە ساڵی 1983 بەرزان تکریتی نوێنەری عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان –بەشداریی ئەو چاوپێکەوتنانەی کردووە لەگەڵ لیژنەی نەتەوە یەکگرتووەکان بە مافی مرۆڤ بەستراوە- و وەتبانی برای سەدام حسێن و تیپێکی موخابەرات و یەکەیەکی تایبەت لە سوپا چەند هەزار نەرینەیەکیان لە ئێردوگاکە کەکردەوە، ئەوانەی تەمەنیان لە سەرووی 12 ساڵەوە بوو، شاهیدێک دەیووت: ئەو خەڵکیان بە ماشێن بەرەو باشوور گوێزایەوە و دواجاریش لە دەوروبەری شاری بەغداد بینراون، ئینجا بەسەر و شوێن کران". "21". تاوانی بە کۆمەڵکوشتنی بارزانییەکان وەڵامدانەوە بوو بە ئەو زنجیرە چالاکییەی مەفرەزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە هاوبەشیی لەگەڵ سوپای ئێران لە سنووری حاجی ئۆمەران ئەنجامیان دابوو، بەڵام هیچکات بەعس ڕەوایی نەبوو لە بەرامبەر هەرشی پێشمەرگەدا چالاکیی و زەبری تۆڵەسەنی لە بەرامبەر هاووڵاتیانی بە دیفاع ئەنجامبدا. ئەم پرسیە هەر بەوەوە نەوەستا سنووری ناوچەیەکی دیاریکراو بگرێتەوە بەڵکو لە سەرەتای ساڵی 1988 گەیشتە ترۆپک. ساڵی 1988 بە سوپای عێراق ڕەشترین ساڵە لە دیرەکدا، چوون ئەو ساڵە، ساڵی پیادەکردن و بەکارهێنانی هەر چوار قۆناغەکەی شاڵاوەکانی ئەنفالی گەلی کوردستانە کە لە ڕۆژی بیست و سێی شوباتەوە دەستیپێکرد و تاکو شەشی ئەیلوولی هەمان ساڵی خایاند.
لەم پرسیەدا کە دەتوانرێت بە جینۆساید بناسێنرێت و بە هاوشانی قەتوعامی ئەرمەنەکانی ساڵی 1915 و هەڵەبجەستی جووەکان دابنرێت، زیاتر لە100 هەزار مرۆڤی کورد لەناوبران، لە پێنایدا هەزاران گوند و مزگەوت و قوتابخانە و کەنیسە وێرانکران، ئەمە جیا لەوەی بە ملیۆنەها گیانلەبەر و باڵندە قەکران و زەرینەی باغ و دارستان و ناوچە سەوزاییەکان کرانە بیابانی کاکی بە کاکی. ئەندرو وایتلی لە پشکیی ڕاپرتەکەی "میدڵ ئیست وۆچ" کە یەکەکە لە سەرچاوە نایابەکانی ناساندنی ئەنفال بە دنیا، دەنووسێت "بە خەمە و بەچوونی ئەمە لایکەمەکەی 50 هەزار یان 100 هەزار کەس کە زەربەیان ژن و منداڵ بوون لە نێوان شوبات و ئەیلوولی 1988 کوژرابن". "22".

هەرچەندە ئامارێکی فەرمیی و کۆنکرێتی لە بەردەستدا نییە ژمارەی ئەنفالکراوەکان ئاشکرا بکات، بەڵام ئەوندەی دەزانرێت ژمارەکە لانیکەمەکەی 100 هەزار کەسە، عەلی حەسەن مەجید "عەلی کیمیایی" سەرپەرشتیاری پرۆسەکە لە دوو جێگەدا، بەگەی ئەو بەدەستەوە دەدات، ژمارەی ئەنفالکراوەکان لە100 هەزار کەس زۆرتر بووە، ناوبراو لە یەکێک لە نامەکانیدا بە سەدام ئاماژەی کردووە بۆی زیاتر لە100 هەزار کەسن و حکوومەت هەر فریا ناکەوێت تەنانەت سابوونیش بەسەریاندا دابەش بکات بۆیە هەموویان لەناوبراون!. لە جاری دووەمدا "لە مایسی 1991دا کاتێ دەستاتداری بەسنووری ئەنفال، عەلی ئەلحەسەن مەجید، کە دواتر بەرز کرایەوە بە وەزیری بەرگریی، لە دانوستانێکی نزیکدا لەگەڵ سەرکردە کوردەکاندا کەبووەو و دەیزانی چەن قسە دەکات! کاتێ رووبەڕووی داواکاریی کوردەکان بووەوە کە چارەنووسی کوردە سەرنگومکراوەکان روون بکاتەوە –ئەو ژمارەیەی ئەوان دایانناببوو 182 هەزار کەس بوو- ئەم بە تووڕەییەوە وای دەربڕی تەکەای ئەو ژمارەیەی لە ئەنفالدا کوژراون بە هیچ جۆرێک لە سەد هەزار کەس زیاتر نەبووە". "23".

بە جیا لە زیانی گیانیش لە رووی ماددییەوە کوردستان لەلایەن سوپاوە بە تەواوەتی وێرانکرا و ژێرخانە ئابووریەکەی هەتەکنرا، چەندان ئاوەدانی چەڵ و وێرانکران، بە بەهای ملیارەها دۆلار زیانی ماددیی بەر تەکەای کوردستان کەوت کە تاکو هەنووکەش ئاسەوارە خراپ و نەگەتیفەکانی بەردەوامییان هەیە. بەپێی ئامار و بەگەنامەیەک، تەنیا لە ساڵی 1988 و لە میانەی هەمەتەکانی ئەنفالدا "یەکەم: 2839 گوند و شار وێران کراون. دووەم: 1757 قوتابخانە کاولکراون. سێیەم: 2457 مزگەوت و جێگەی ئاینیی تر وێران کراون. چوارەم: 271 نەخۆشخانە و تیمارگە وێرانکراون. پێنجەم: 219828 خێزان لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستاندا راگوێزراون". "24". هەر لە ساڵی 1988 و لە چوارچێوەی پلانی قڕکردنی گەلی کورد هێزە ئاسمانییەکانی سوپای عێراق بە چەکی خنکێنەر شارچکەی "هەڵەبجە"یان بەردومانکرد، جیا لە کاولکردنی شارەکە، نزیکەی پێنج هەزار هاووڵاتی کوژران و دوو بەرابەر بەو ژمارەیەش زامداربوون، لەگەڵ ئەوشدا هەزاران هەڵەبجەیی ئاوارە و پەراگەندەی شارەکانی کوردستان و دیوی ئێران بوون. لە ساڵی 1991، دوای راپەڕینی گەلی کورد لە باشووری کوردستان و شیعەکان لە باشووری عێراق، جارێکی دیکە سوپا رژێمی دەندانە و توندی هەبوو لە سەرکوتکردنی راپەڕینی گەلانی عێراق. ئەگەر لە کوردستان بەهەی کەوتبێ، میلیۆنیی گەلی کوردەوە زیانە گیانییەکانی کورد کەمتر بووبن بە بەراوورد بە قوناغەکانی تر، ئەوە لە ناوەڕاست و باشووری عێراق سوپا زۆر بە توندیی شیعەکانی

سەرکوتکرد، لەم پرسیدا هەزاران هاووڵاتی ڕاپەڕیوی شیعە کوژران و سەدان جگەی ئاینیی و هەزاران ماڵ لگۆڕ زەوی یەکسان کران.
بە کورتییەکەی سوپای عێراقیی لە مێژووی ژیانی تایبەتیی خۆیدا، تەمارکی ئەجگار ڕەش و دزێوی هەیە لە کوشتار و لەناوبردنی هاووڵاتیانی وڵاتەکەیدا، ڕەنگبێ لە مێژووی میللەتان و دەوڵەتاندا نموونەیەکی تر نەبێت، کە سوپای وڵاتێک بەو قەبارە ترسناکە سەرکوتی هاووڵاتیانی وڵاتەکەی کردبێت. هەروەک چۆن لە تەواوی دیرەکدا دەستناکەوێت هیچ وڵاتێکی هاوچەرخ بە قەد عێراق زەرترین پرسەی کاولکاریی لەنێو دەوڵەت و ئاوەدانییەکانی خۆیدا بەرهەم بردبێت، ئەم حاڵەتە یەکێک لە دگمەنترین حاڵەتەکانە کە پەیوستیی بە پانتایی زیاتر و فراوانتر بە شرۆڤەکردنی ئەکادیمیی و هەمەلایەنە. لە پوختترین دەربڕینیشدا سوپای عێراق لە مەیدانی هیچ جەنگێک لگۆڕ دەوڵەتان سەرکەوتوو نەبووە، تەنە لە سەرکوتی ناوخۆییدا نەبێ، کە بە بەوای من دڵانی حەتمی و ڕاستەقینەی ئەوی دووەمیانە.

سوپای نوێی عێراق لە دوای بەعس

پرسەی "ئازادیی" عێراق ئەو وەستگەیە بوو سوپای عێراقی دوای هەشتاو دوو ساڵ لە تەمەن بە تەواوەتی هەوەشاندەوە، لگۆڕ ڕووخانی پەیکەرەکەی دیکتاتۆر لە ساحەی فیردەوسی بەغداد و هاتنە ناوەوەی سوپای هاوپەیمانان بە ناو شارەکە، ئیدی شتێک نەما پێی بووترێت سوپای عێراق. لە ڕووی یاساییەوە ئەمریکا لگۆڕ ڕاگەیاندنی کۆتایی ئۆپراسیۆنەکیان، ڕاشیگەیاند بەعس و سوپا و وەزارەتی بەرگریی و دامودەزگاکانی ڕژێم هەوەشاونەتەوە و لەمەو بەدوا بوونیان یاساغە. ئەوە یەکەمجار بوو دوای هەشت دەیە سوپای دەست و چنگ خوێناویی عێراقیی سکوت بکات و لەسەر شانۆی ڕووداوە گرمەکان نەک ڕەڵەی بەکو بوونیی فیزیکیشی بسڕێتەوە. دوا بەدوای وەرگرتنەوەی ئیدارە لایەن عێراقییەکانەوە، جارێکی دیکە لژێر ڕێنمایی و بڕیاردەیی ئەمریکییەکان سوپایەکی نوێی عێراقی دامەزرایەوە. ئەم سوپایە سوپایەکی سنووردار و گۆشەکردن و هەموو جموجۆڵەکانی بە دەستوور پەیوەند کراوە. لە ماددەی 14ی دەستووری نوێی هەمیشەیی عێراقدا ئاماژەدانێکی ڕاستەوخۆی تێدایە کە سوپای عێراق دەبێت هەموو پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ناو عێراق لەخۆ بگرێت.
بەپێی ڕاپۆرتی سەنتاری دیراساتی ستراتیژیی نێودەوڵەتیی csis کە لە 16-9-2008دا باڵاویکردۆتەوە، سوپای عێراق لە ئابی ساڵی 2008دا ژمارەکەی بە گشتیی 180296 سەرباز بووە، واتە بە ژمارە لەو هێزی

ئەمریکا لەوکاتەدا لە عێراق هەبووە زیاتر بووە "هەزکانی ئەمریکا لە تەموزی 2008، تەنیا 146 هەزار سەرباز بوو"، بەپێی هەمان راپۆرت تەنیا دوو لیوا هەن لە کوردکان پێکهاتبێت و تکاش ژمارەی سەربازکانی ئەو دوو لیوایە لە 9010 سەرباز تێناپەڕێت. لە رووی چەک و چەکیشەوە وردە وردە سوپای عێراقیی بەرەو پێشکەوتن و خۆ پێ چەککردن هەنگاو دەنێت، بە ئەو مەبەستەش چەندان بەندی بە بەهای ملیارەها دۆلار لەگەڵ کەمپانیا ئەمریکییەکان واژۆ کردووە بۆ مەبەستی کڕینی چەک و تەقەمەنیاتی پێشکەوتووی سەربازیی. ڕۆژنامەی "واشنگتۆن پۆست"ی ئەمریکیی لە ڕاپۆرتێکیدا لە مانگی ئەیلوولی ساڵی پار بەاویکردەتەوە، بەندێک لە نەوان حکوومەتی عێراق و ئەمریکا واژۆ کراوە بۆ کڕینی 36 فڕۆکەی جەنگیی ئەمریکیی لە جۆری "F16". لەلایەکی تریشەوە سوپا لەلایەن ئەمریکییەکانەوە ڕاهێنانیان پێدەکرێت لەسەر چەنێتی بەشداریکردنی جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەی پەلامارداتی تیرۆریستیی. دیمەنەکە وەهایە: هەوێکی چۆپە لە ئارادایە بۆ بوژاندنەوەی سوپای عێراق کە ئێستا سوپاکە بیست و نەیەمین سوپایە لە ئاستی جیهاندا، بەرپرسانی عێراقیی دەخوازن خێراتر لەوەی هەیە سوپا گەشە بکات و دامەزراوە سەربازییەکانیش بە پلە بنیات بنرێنەوە بۆ حوکمی ئەوەی سوپای هاوپەیمانان لە ئامادەکارییەدان بۆ کشانەوە، بەم پێیش ئەرکی سوپای عێراقیی سەختتر و گرانتر دەبێت لە دابینکردنی سەقامگیریی بۆ خەڵک.

"ئەحمەد عەلەوانی" ئەندامی لیژنەی بنیاتنانەوە و وەبەرهێنان و ئابووری لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، لە شوباتی ڕابردوو ڕایگەیاند: توانای لەجیستی و پیشەسازیی سەربازیی عێراق لە ئاستێکی نزمدایە و پێویستە حکوومەتی نوری مالیکی کاری جیددی بکات بۆ سەرلەنوێ بوژاندنەوەی پیشەسازیی سەربازیی. عەلەوانی بە پێویستی دەزانێ هەمان وەزارەتی پیشەسازیی سەربازیی سەردەمی ڕژیمی پێشوو زیندوو بکرێتەوە و پێیوایە "هەزاران کادری پێشکەتوو هەیە شارەزاییان لەو بوارەدا هەیە، بەڵام تائێستا سوودیان لە وەرنەگیراوە، بۆیە دەبێت حکوومەت کار بۆ ئەوە بکات پشت بە شارەزایانی خەماڵیی ببەستێت و کەرتی پیشەسازیی سەربازیی ببووژێنێتەوە". چوار ساڵی کابینەکەی "نوری مالیکی" بۆ چوار ساڵی بنیاتنانەوە و گەشەکردنی سوپای عێراق دێتە هەژمار، مالیکی زیرەکانە توانی پارە بدات بۆ توانای سوپاکەی و بارهێنانیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و بەرپەرچدانەوەی توند بۆ تیرۆریستان.

ئەگەرچی هەندێک گلەیی و ناڕەزایی هەیە لەسەر پێوبوونەوەی سوپای عێراق، ئەمش لەلایەن کۆمیتیەکانەوە شایانی شاردنەوە نەبووە،

بەیەکا بە ئاشکرا کوتییەکان ناڕەحەتیی خۆیان نیشان دەدەن لەمەڕ ئەو ڕۆڵە پەیداکردنەوەی سوپای عێراقیی. لە بەرامبەردا سەرکردەکانی عێراقییەکان رایەدگەیەنن خەریکن پڕچەککردنەوە و پتەوکردنی سوپا پاساوی خۆی هەیە، یەکێک لەهەرە دیارترینیان جەنگانە لەگەڵ شانە تیرۆریستییەکانی ناوخۆ و ڕووبەووبوونەوەی ڕەکخراوی ئەلقاعیدەیە. ئەمە لەلایەکی و لەلایەکی تریشەوە کاربەدەستانی عێراق دووپاتی دەکەنەوە ئەم سوپایە نابێتە سوپاکەی بەعس، هەروەک چۆن لە نێتدا نییە بە ڕەگاکەی پێشوودا بڕواتەوە. هەندێکیش جەخت دەکەنەوە، دەبێت سەرکردەیی سوپا بەدەستی کەسە مەدەنییەکانەوە بێت، بە وێنە "سەلیم جبوری" وتەبێژی بەرەی تەوافقی سوننە پێیوایە "پێویستە سەرکردایەتی سوپای نوێی عێراق بە دەست مەدەنییەکانەوە بمێنێتەوە تاکوو دەستدرێژیی نەکاتە سەر مافی مرۆڤ و گەلانی عێراق".

کوردەکانی عێراقیش سەرەڕای بەشدارییان لەو سوپا نوێیەدا، ترسیان لە پڕچەککردنەوە و پتەوبوونی سوپا هەیە، بەرپرسانی باشووری کوردستان نیگەرانیی خۆیان لە چەندین جێگە و بۆنەدا پیشان داوە لەبەهێزیی و ڕۆڵە پەیداکردنەوەی سوپا، تەنانەت سەرۆکی هەرێم "مەسعوود بارزانی" بە نیگەرانییەوە دەڕوانێتە ئەو پرسە و دەڵێت "پێکهاتەی سوپای عێراقیی مانای پێناوێزخستنی کوردە"، چەندان سەرکردەی تری سیاسیی کورد هەمان بۆچوونیان هەیە، لە بەرامبەریشدا گروپێی دووەم هەن، لەو بڕوایەدان مادام دەستوورێک هەیە ئەرک و ڕۆڵی سوپای دیاریکردووە و مافەکانی کوردیشی چەسپاندووە، مادامیش کورد خۆی بەشدارە لە پێکهاتەی سوپادا هیچ مەترسییەکی ئەوتە نییە بە سەر مافی کورد. فریاد رواندزی ئەندامی کوردی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقیی هەمان ئەو بۆچوونەی هەیە و ڕایەگەیەنێت "سوپای عێراق سوپایەکە نابێت دەست لە کاروباری ناوخۆی وڵات و ئیدارات و ناکۆکییە سیاسییەکان وەربدات، بۆیە هیچ مەترسییەک لە پڕچەککردنەوەی سوپای عێراقدا نابینم، بە تایبەتی سوپای ئێستای عێراق سوپایەک نییە لە ژێر دەسەڵاتی تەنیا کەسێکدا بێت، بەڵکو کورد و سوننە و شیعەی تێدایە، هەروەها کورد لە سوپای عێراقییدا چەندین پۆستی گرنگی هەیە، ئەو پۆستە گرنگانەش وا دەکات هیچ مەترسییەکی لە بەدینکرێت". بە بۆچوونی من ئەو زیادەڕۆییە و سەرهەستییە بە دەستووری عێراقی ئاکامەکەی زەر باش نییە، پێویستە کورد هەندە لە یەتەپیای دەستووری نوێی عێراقدا نەژی، چوونکە تاێترین کارساتەکانی کوتتە دوای ئەو دەستوورەی ساڵی 1958 کە بە شەفافی هاوبەشێتی کورد و عەرەب لە عێراقدا دان پێدانابوو.

بەشێکی تر لە کوردەکان و تەنانەت عەرەب عێراقییەکان و چاودێران لەوە نیگەرانن بەهێزبوونەوەی سوپا ئاگەری کودەتای سەربازیی

دەنێتە پشتەوە "بە بەوای من ئەم ئاگرکێی لاوازە" هەروەک "جەیمس دینزلە" دەڵێ "بەهێزکردنی سوپای عێراق و ئاگری کودەتا ئاوەی دەیسپێنێت تریبە لاگۆ دژچوونی بریتانیا لەو وڵاتە لە ساڵی 1948دا، شەشی 1958 و هاتنی حکوومەتە سەربازییەکەی عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارفی بەدوادا هات". بەدڕ لە هەموو ئەم راستییانە نابێت نادیدەی بگرین، جیهان گۆاوە و ئێستا نەک پێنجا ساڵ بگرە پێنج ساڵ پێش ئێستا نییە، ئاوەی لە1988 بە سوپای عێراق و حکوومەتی سەدام دژچوو سەر مەحاڵ و لە زەحمەت زەحمەتتر بە ئەم سوپا نوێیە و نوری مالیکی یان هەر سەرەک وەزیرێکی تری عێراقیی بچێتە سەر!!. بە بچوونی من سوپای عێراق چەندیش بەهێزبێت، لە ئاستی ئەو چاوە تیژەی لەسەر عێراقە هەشتا هەر لاوازە، بەڵام ئەمەش مانای پشتەن کردنەوەی کورد نییە، بەڵکو دەبێت هەمیشە چاوێکی لەسەر شەوازی کاری سوپا بێت کە پێکهاتەیەک مەزهەبییە نەکات، ئاگرچی مەترسی ئایندە ئاوەندەی میلیشیاکانن نیو ئاوەندە سوپا نییە، بە تایبەت میلیشیا شیعەکان کە بە پاساوی جەنگی تیرڕاوە خەریکە شەرعیەتێکی شەشگۆیی وەردەگرن و ڕۆیان لە گۆڕپانی ململانێکاندا بەرەو هەڵکشان دەچێت. ئەمە مەترسییە راستەقینەکەی ئایندەی نزیکمانە.

دواین وتە

لە کاتی خوێندنەوە و تاوتوێکردنی ئاو سەرچاوانەی بە ئەم باسە بەکارمهێناون، لاگۆ ڕەیشتنی ئاو هەموو ڕووداو و کارەساتەی لە ماوەی هەشتا ساڵدا لەسەر دەستی سوپای عێراق بەسەر گەلانی ستەمدیدەدا هێناوە، لای خەڵکەوە و لە دڕاوەی واقیعی کارەساتکانەوە تووشی جڕەک لە تەقین بووم، لە ڕگەی ئینتەرنێتەوە چەندین وتار و لێکۆڵینەوەم لەسەر سوپای دواتانی تر پەیدا کرد و خوێندمەوە، هەشتا نەمبینی هیچ کەمگۆیەک لە تاوانی سەدەی بیستدا بەدڕ لە ئەمانیای نازی هێندەی عێراق بووبێتە مەیدانی جەنگ و دەستێیشتوویی سوپا و کاولکاریی ناوخۆیی. تەنانەت لە سەردەمی بەعسدا "دروستتر وایە بڵێین سەردەمی سەدام"، عێراق بە تاوانی لەکەمگۆیەکی نەرماوە گۆا بە سەربازگۆیەکی گەورە، هەمەتی بە سەربازکردن تانە لە سنوورکدا نمایاوە، پیر و منداڵان و ژنان و تەکنەکرات و هەموو چین و توژێکی عێراقی گرتاوە، هونەر بوو بە هونەرێکی سەربازیی، شیعر و ئەدەب و تانەت ژیانیش ڕەنگی خەیانیان لەدەستدا و بوونە کەرەستەیەک بە پگۆیاندنی سەرباز.

دایکی هەر ئازا ئەو بوو زەرترین منداڵیان با بچین زەرترین سەرباز بخاتەوە، فەرمانگەی تەجنید لە هەموو شوێنک قەرەباغتر بوو، بەردەوام جمەی دەهات، ئەم فەرمانگەیە خوازیاربوو ژنە سکپڕەکانیش سەردانی بکەن تا ناوی منداڵە لە دایکنەبووەکەی ناو سکیشیان بنووسن وەک سەربازی "دواڕۆژ". جەنگ و مانگەی سەربازیی تامی هەموو شتەکیان ناخۆش کردبوو و گەیبوویان بە تاعوون، جەنگ تەنانەت پارە و پیتاکی منداڵانی قوتابخانەکانی هەڵووشی، عەراق لە ماوەی ئەو جەنگە هەشت ساڵیەدا لەگەڵ ئێران، تەواو قەرزار بوو، ژمارەی قەرزەکانی لە100 بیلیۆن دۆلار تێپەڕی، کە زیاتر لە40 بیلیۆنیان بە چەک و تەقەمەنی بەهەدەر درابوون، ئاکامی جەنگیش جگە لە دەستاندنی عەراق و کوژرانی 200 هەزار و بریندارببوونی 500 هەزار کەسی دیکەی عەراقیی بەرهەمەکی تری نەبوو. سوپا کارەکتەری هەموو ئەم نەهامەتیانە بوو، لەبەرئەوە وای بە باش دەزانم مێژووی سوپای عەراق ببێتە وانەیەک لە قوتابخانەکاندا بە ئەوەی تا دنیا دنیایە لە بیرمان بێت سوپایەک هەبوو لەم ڕەنگە و لەو چەشنە.

- کۆتایی –

ستەکهەم – سەلنا

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

1- العميد جي. كيلبرت براون "قوات الليفي العراقية"، الترجمة والتحقيق: د.مؤيد ابراهيم الونداوي. مراجعة: رفيق صالح السليمانية 2006، ص 15.
2- ساڵح ڕەحمان "شەشی کانون یادی دامەزراندنی سوپای عەراق". ڕۆژنامەی "ڕۆژنامە"، ژمارە "378"، سەشەممە 6-1-2009.
3- بيتر سلاكت "الخيارات الدستورية لعراق مابعد الحرب". ترجمة: شكور سليمان. 2003.
4- لیوا مەنسوور حەفید، پلەدارێکی سەربازیی ئەکادیمیی کوردە و چەندین پلە و پۆستی جیاجیای سەربازیی وەرگرتووە و تا هەنووکە وەک پلەدارێک لە کاروباری سەربازیی بەردەوامە. بڕوانە: ڕۆژنامەی "ئاسۆ"، ژمارە "619"، یەکشەممە 13-1-2008.
5- هەمەن میرانی "سوپا لە عەراقی کۆن و نوێدا" بەشی یەکەم، ڕۆژنامەی "خەبات"، ژمارە "2971"، یەکشەممە، 14-9-2008.
6-ساڵح ڕەحمان "شەشی کانون یادی دامەزراندنی سوپای عەراق". ڕۆژنامەی "ڕۆژنامە"، ژمارە "378"، سەشەممە 6-1-2009.
7- سەیران تەها ئەحمەد "بەرنامەی چەکی ناوکیی عەراق 1969- 2003"،

گۆڤاری "سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی"، ژمارە "2" ساڵی پازدەهەم، ئابی 2007، لاپەڕە 45-46.
8- Judit Miller،Laurie Mylroie "لە تکریتەوە بۆ کوەت"، وەرگێڕانی: مەریوان غەریب– کامەران غەریب، چاپی یەکەم- سلێمانی، 2006، لاپەڕە 125.
9- هەمان سەرچاوە. لاپەڕە 158.
10- هیوا جەمال "عەراقی سوپا ..سوپای سیاسەت"، ڕۆژنامەی "ڕۆژنامە"، ژمارە "419". 4-3-2009.
11- بیتر سلاکت "الخیارات الدستوریة لعراق مابعد الحرب". ترجمة:شكور سليمان. 2003.
12- ساڵح ڕەحمان، سەرچاوەی پێشووتر.
13- باقر یاسین "مێژووی خوێناویی عەراق"، وە:حەمەساڵح گۆڵاڵی، چاپی یەکەم – سلێمانی،2004، لا 226.
14- سمير خليل "جمهورية الخوف"، ترجمة: احمد رائف، الزهرا للاعلام العربي، قاهيرة، 1991. سەمیر خەلیل ناوی خواستراوی نووسەری عەراقی ناسراو "کەنعان مەکیە" یە کە کاتی خۆی ئەو کتێبەی بەو ناوە خوازراوەوە باوکردەوە.
15- لیام ئەندرسن– گاریس ستانسفیلد "ئایندەی عەراق.. دیکتاتۆریی، دیموکراسیی یان دابەشبوون؟"، وەرگێڕانی: کامیار سابیر– دڵشاد حەمە، چاپخانەی ڕەنج 2008، لاپەڕە 59.
16- د.مارف عومەر گوڵ "جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا"، چاپی دووەم، سلێمانی 2003، لاپەڕە 21.
17- هەمان سەرچاوە.
18- هەمان سەرچاوە.
19- ڕێبوار سیوەیلی "قۆفڵسی ئاسنین یان بۆ بەمەوە بە عەراقی؟". چاپی یەکەم، کوردستان 2003، لا 70.
20- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 71.
21- کەنعان مەکیە "دڕندەیی و بەدبەختی". وەرگێڕانی: حەمەڕەشید، چاپی یەکەم، سلێمانی 2005، لا200.
22-میدیە ئیست وێچ "جینۆساید لە عەراقدا.. پڵاماری ئەنفال بۆ سەر کورد"، وەرگێڕانی: محەمەد حەمەساڵح تەفیق، چاپی دووەم، سلێمانی 2004، لاپەڕە 21.
23- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 26.
24-د.مارف عومەر گوڵ، سەرچاوەی پێشووتر، لاپەڕە 36.

- د.محمد حسين الزبيدي "صفحات مضيئة في تاريخ الجيش العراقي "، سایتی "جريدة" سالَي 2006.

** د. غزوان هادي "الجيش العراقي و متطلبات المرحلة الراهنة". سایتی "الصباح".
*** مازن الياسري "تاريخ الجيش العراقي بين المؤسسة و النظام الحاكم في ذكراه الثامنة و الثمانين". شبكة النبأ المعلوماتية- الخميس 15/كانون الثاني/2009.

****** سانتا ميخائيل " محطات في تاريخ الجيش العراقي منذ تأسيسه 1921 وحتى حله في 2003"، وكالة الأنباء التركمانية.**

سەرنج: ئەم لێکۆڵینەوەیە پێش یانزە ساڵ، بە هەشت بەش لە ژمارەکانی "637-630"ی رۆژنامەی "کوردستان راپەرت" لە ناوەڕاستی مانگی ئایاری ساڵی 2009 بڵاوبۆتەوە.

تێبینی: کەی ئەم شیکارییە وەک بەشی پێنجەمی کتێبی "گۆمەی شەیتان" لە لاپەڕە 171-212 چاپ و بڵاوکراوەتە. کە ئەو کتێبەش بە چاپی کاغەز لە سەرەتای ساڵی 2018 لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بڵاوکراوەتەوە

شیعر/ یادێک لە زیندووان .. سروشت نەوزاد

چاو تەمی خەی بەجێهێشت و
باڵندەکانم ناسین
دەمزانی ئاسمان قەفەزی بچوکی خۆنە
کاتیش لێم دەوروبەرە تێپەڕی و
بەسەر لقی درختێک نانیشتەوە

—

زمان کە بیر دەخواتەوە
پرسیار لە قوڕ دەئافرێنێ
زیندوان نیشانەی زیندوانن
شەپۆلیش ڕۆحی تەزیوی دەریایە و
ئازادی ئایا باڵی فڕیوی کام کەنارە؟

———

(أ)
بۆ دووی گەرانی دەخوازم کۆوتم و
ئاو لەسەر ڕێگام بوو
گەرانی چاوانی ڕوونی کردنەوە
دیقەتی چووە سەر باخچە
باخچەش بستێک خاکی تێ بوو
جلی شەداری لەبەر با هەڵدەست
با بە هەمنی دەهات
ڕوناکی مانگ بانۆو لقە بەرزەکاندا
ڕووناکی مانگی چیم بوو؟
با بە دەنیاییەوە دەهات
باهندەکان بەسەر لقە بەرزەکاندا
درەختەکان درەختی چی بوون؟
ئاگریش کە پەڕاوی ڕازاوەم بوون:
شەقام من بووم
پیاسەی دەتەنگی بەر کافێکان من بووم
منم بەدووی گەرانی دەخوازم دەکەوم
ئاو لەسەرڕێگامە و
پەرژینی دوو دە لە تەماشام درەختی بەردارن
وەک پەڕە هەوری قاچاغ
سەما لە ئاسمانی گیانم پەنجەرەیە

(ب)
کەشتیوانەکان دەستم نەبوون
لە ئاوم دەڕوانی و
ساڕەکانم دەکشانە ژێر خەڵی خەیان
دەستایەتیم تەنیا خەی بوو
بۆ دووی گەرانی دەخوازم کۆوتم و
گەشتی درێژم پرچی سپی کەکردنەوە
با لەسەر ڕێگام بوو
لە ئاوم دەڕوانی و ئاسمانم دەبینین
کەلارەکانیش خەونی زاو بوون
هەگری دەاویان بردە نەو دەریا!
ئەی دەریا
لە کام گەرانی سەما دەبەیتە نەو ڕێگ؟

خاک لەسەر ڕێگامە و
باران بە کڕێگەی میوەکان
بەبە باران پەخش دەبێت!
زەویش هەساری گەکانە
دیکتاتەران ئاوچی دەرین
قولاپ لە یەخەی مانگ دادەنێن...
ئەی دەریا
لە کام ئاهەنگ گەرانی دەبەیتە نەو ڕێگ؟
خڕێ لەسەر ڕێگامە و
ئاگریش باوەشی گەرمی ئەسکاوە
شمشێری دەرینی بردەوە ناو کات
ئەی با
لەکام کەسان ئەسکانی سەمایت؟
پیاسەم لافاوی ساردی ڕێگایە و
هەندەی بەفڕی درێژو دورت پێت ئاکەشان...
ئەی هەوای چڕێ و تاریکم
باران دێت و منیش لەرە دەمێنمەوە
ڕێگم لەژێر خاکی دڕێ و
ئەتەمبیل لە سەرم ئەواوە.

(پ)
شەقام دەیناسیمەوە
شار وەک چەن کەسانکانی دەناسێتەوە
دەمناسیەوە، هەوام دەناسیەوە
پەککەوتەکان وەک چەن کورسیەکانی
قاوشی هەناوییان دەناسیەوە...
ماڵی خەمم نەناسیەوە
بە ماڵی خەم ئانەهاتم
ڕووت لە باوەشیا پاکەوتم و
ڕووی وەرگڕێا
بە شاری خەم ئانەهاتم
ڕووت لە باوەشیا گڕێام و
ڕووی وەرگڕێا
بە خڕێی خەم ئانەهاتم
ڕووت لە ژێریا ئاکشام و
ڕووی وەرگڕێا
بە ئەوینم ئانەهاتیت

ڕووت لێ باوەشما گریایت و
ڕووم وەرگ□□ا

(ت)
دەشتاییەکان گەورە بوون
□□بواران بە□□گای دەستایەتی بادا □□یشتن و
بتەکانیان نەشکاندن ئەوان کە خودایا دەناسی…
خ□□یش بەدحاڵیبوونێک بوو
کەشکی زە□□ینی پیشاندان
ئەی گ□□ا□□ شیک پەشەکان
کەپەی ناختان تە□□ی دەریایێ
بێ کام کەشتی ماسی ڕاو ناکەن؟
بتەکانتان لێ □□گایێ و
لێ چیرەکی کام بستەخاک، پیاسەی ئاگر
لێ نێو چاوێ قو□□کانتان ناخوێنینەوە؟
ئەوینی تە□□ لێ □□گایێ و
تینوویەکی ڕووت و □□جاڵ بێ ناو قوەدا هەنگاو بنێ
ئەوین دەبینێ
ئەوین عابای خەی وەدەرنێ و
تینوێکی ڕووت و □□جاڵ بێ ناو قوەدا هەنگاو بنێ
بە□□ام ئایا چی دەبینێ؟

(أ، ب، پ، ت)
ڕستەم بێ شیعر دادگیرسێ و
وشەش تەمی خەی جەد□□ت
هەوا تەنگێ
خاک دەناسم
با پە□□اومەو
ئاویش گومان
ئاو دەناسم، هەگری گەرمم باوەشی ژاوێ، لێ نێوان سەمای خامەش و
گەرانی گەرمی دەخوازم،
شەپەلان □□حی تەزیوی دەریان.
دەنیایش گیانی پەرتی نێو دەریایێ، ئاو دەناسم، لێ نێوان گەرانی
خامەش وسەمای دەخوازم،
ئازادی ئایا باڵی فڕیوی کام کەنارن؟

بـــووندۆرکی ســـەمرە*! .. هەورامان عەلی

- ئاسایی بەلایەوە شکەنجە بدرێت، زیندانی بکرێت، ڕۆژانە کۆرامەتی بشکێنرێت لەلایەن موسومانە سەرکوتکەرکانەوە، بەڵام ئازی نابێت بە وشەیکیش خنەیکی ئاسگیانە لە ئاینکەی بگیرێت!
- ئاسایی بەلایەوە ژنکی بەتەمەن بفرۆشرێت و لە ژێر گوشار و هەڕەشەدا موسومان بکرێت، بەڵام ئازی نابێت ، کەسک ئازادانە واز لە ئاینکەی بهێنێت و فتوای کوشتنی دەرات!
- ئاسایی "سیسی" بێت ئیسلام لە قیراندایە، بەڵام ئازی نابێت "ماکرۆن" وا بێت!
- ئاسایی بەلایەوە ڕۆژانە دژی ئاینکانی تر جنێو بدات، دژایەتی و سوکایەتی بە لایەنگرانیان بکات، کەچی شێتگیر دەبێت گەر کەسک خنەیکی بابەتی لە ئاینکەی بگرێت!
- ئاسایی دەستدرێژی بکاتە سەر ئافرەتانی ئەوانی تر ، بەڵام ژنکانی خۆیی بە ناموسی خۆی و خێزانکەی دەزانیت!
- لە زەلکاوی دوای دواوەی مرۆڤایەتیدا دژی ، کەچی پێیوایە لەهەموان بەرزترە و باشترین نەوەی سەرزەمینە!
- خوازیاری جەبەجەکردنی شەریعەت، شعر و شانامە بەسەر لەبوردەیی و دادوەریکەیدا هەڵدەدات، کەچی لەو وەاتانە هەڵدە کە شەریعەتیدا جەبەجە دەکرێت!
- خوازیارە ئیسلام تاکە ئاینی فەرمی دەوڵەت بێت ، کەچی لە دەوڵەتانی سەماڵ، ئەفگانستان و پاکستان کە ئەم خواستەی جەبەجە دەکەن ، بێزارە!
- واخەی نیشاندەرات کە لەسەر چەوسانەوەی ئاینی لە وەاتکەی خێیدا هەڵهاتووە، کەچی سوکایەتی و جنێو بە ئاینی ئەو وەاتە دەرات کە پەناید‌اوە و نان و ئازادی بە فەراهەم کردووە!
- واخەی نیشاندەرات کە ڕەبوارکی ڕەگەی ئازادیە، بەڵام کە ئازادی بە فەراهەمکراوە ، هەوڵەرات ئەو ژینگەیە وێرانکات!
- بە چاوکی سوك تەماشایی وەاتانی خۆرئاوا دەکات، بەڵام ئامادەیە لە بەڵەمە قاچاغکاندا ڕەگەی هاتوو نەهات

بگرێتەبەر و لە دژیادا بخنکێت، بەشکم بگاتە ئەو وڵاتانەی!

- خوازیاری بایکۆدی کاڵای خرئاوایەکانە ، کەچی هەموو بەرهەمەکانی ئەوان، لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەکار دەهێنێت!
- پێی شەرم نیە وڵاتەکەی لە لایەن موسوڵمانانەوە داگیر بکرێت، بەڵام توشی هستریا دەبێت گەر داگیرکارەکە خرئاوایی بوو!
- جەنگ و هەڵمەتی خاچ پەرستەکان سەرکەنە و شەرمەزار دەکات، بەڵام شانازی بە "غەزا " و " فتوحات"ەوە دەکات!
- پێیوایە تیرۆریستەکان نوێنەرایەتی ئیسلام ناکەن ، هاوکات شانازی بە کار و کردەوە دەندانەکانیانەوە دەکات!
- دەزانێ و دەبینێ کە زەرترین گەڵەی سێکسی و دەستدرێژی خەزانی ، زەرترین بینەرانی فلیمە پۆنۆکان لە وڵاتانی ئیسلامیدایە ، کەچی دەوڵەت دنیا باوەڕکات وڵاتانی ئیسلامی پاکترین سەرزەمینە کە مرۆڤ دەبێت لێیەوە فێری ڕەوشت بێت!
- ئاسایی بەڵایەوە ژن بکرێتە کۆیلە و کەنیزە، لە جەنگدا وەک مەوماڵات تاڵان و لاقە بکرێت، بەڵام نابێت تۆقە لەگەڵ ئامێزاکەی خێدا بکات، ئاخر تۆقەکردن لەگەڵ ژندا حەرامە!
- دەڵێت ئاینەکەی فێری بەزەیی و جوانترین ڕەوشتی کردووە، کەچی بە بەرگری لەو ئاینەی ،مرۆڤ سەردەبڕێت، بەکاڵی جگەرەکەی دەخوات و گەر بڕشی نەلوا بە ناشیرینترین شێوە جنێو بارانیان دەکات.
- دەڵێت ئاینەکەم ئاینی ئاشتیە ، کەچی شانازی بە پەلاماردا، کوشتن، ڕفاندن ، تاڵانی ، لاقەکردن و کۆیلەکردنی مرۆڤ بە زەبری شمشێرەوە دەکات و خۆی بە "فەتح"ی ڤاتیکانەوە دەبینێت!
- بە کوشتاری مرۆڤ دەڵێت "جیهاد". بە کۆیلە و کەنزەکردنی ژن و منداڵی خەڵکی دەڵێت "غەنیمە" . بە داگیرکردن و تاڵانی کردنی وڵاتان دەڵێ "فەتح"..... کەچی پێستی ڕووی هێندە قایمە قبوڵی نیە پێی بڵێیت ، ئەم پۆوڕانەی تە بە ئەم سەردەمە ناشێن.
- ئەو قوربانی بە تاوانبار دەبینێت ، بکوژ بە پاڵەوان و شەهید. وشە و کاریکاتێر لای ئەو خەتی سوورە، بەڵام لەناوبردنی خودی مرۆڤ و پیرۆزی ژیانی، ئاساییە!
- لە تاو سەرکوت و زیندان هەڕەشە بە وڵاتانی خرئاوا ، کەچی دەیەوێت ئاوڕش بگەڕێت بە ئەو دەوڵەتە شکستخواردووەی لەوێ هەڵهاتووە!
- پەلاماردەدات، تەقنەوە ئینجامدەدات، سەردەپەڕێنێت، وێرانی دەخوڵقێنێت، کەچی پێی وایە هەرکەسێت دژی ئەم تیرۆرە

دەندانی ئەو بێت ، ئەوە هەگبەزپەرستە و نەخشی فەبیایی هەیە!

- کریستیان و جوکان بە کافر، گومرا ، سەرلەشواو ، هەگبونکەر و ... پەناسە دەکات و لە ئیزی مەن، مەیمون و بەرازدا دایان دەنێت ! گەر کەسێك ئەم سوکایەتیەی ئەوی قبوڵ نەبێت، بە دژایەتیکردنی ئاینەکەی تاوانباری دەکات و سەنگەری لەدەگرێت!
- بەوای وایە کە خودایەکی بەهەزی هەیە، هاوکات خوداکەی پەویستی بەمە تا بەگری لەبکات و خەڵکی ناچاربن بیپەرستن و لەی هەنەیەن!
- پەیوایە جیهان بەهەی خواندنەوەی کحولەوە نوقمی بە هەوشتی بووە ، کەچی خەون بە بەهەشتکەوە دەبینێت تا کحولی وەك پاداشت پە بدەن!
- پەوایە موی سەری ژن "عەورە"یە و دەرکەوتنی تاوانە، بەڵام ئاسایییە بەلایەوە باسی حەریکان لە کتێبە فقیکاندا بخوێنێتەوە کە هەندە ناسك و جوانن مەخی ئەسقانیان لەژەر گەشتکەدا ، دیارە!
- گەرچی بە چاوکی سوکەوە دەڕوانێتە ژن ، کەچی گەورەترین ئومێدی ئەوییە وەك پاداشت لە جیهانکی تردا چەند ژنی بەرکەوێت!
- پەی ئاساییە لەژەر پەرچەمی ئیسلامدا هەزاران تاوانی جەراوجەر ئەنجام بدرێت، کیژەی نە ساڵە لاقە بکرێت، سەری مرەف وەك قچکە پیاز بپەنرێت ، ماڵ و موکی خەکی تاڵان بکرێت، ئەو هیچ هەوستەك نیشان نادات . بەڵام گەر کەسێك بە کەشانی کاریکاتێرەك گەشیکی ئەو دەندایەتیە بخاتە ڕوو، ئەم بەلەسە دەبێت و دەیەوێت شار وەرانکات و کاریکاتێریست و هەژنامەوان خەتانی خوێنکات!

لە کۆتایدا دەبێت بڵێم : قورسە بە کەسانکی ئەشکەوتنشین کە نوقم بووی نەو تاریکین ، بە ئاسانی بڵێن جیهانی پە لە هوناکی و لەزەت لە جوانیکانی ژیان ببینن.

.....

*

ئەم وتارکی نوسەری ناسراوی ئەمریکی بە هەگەز میسری مەجدی خەلیلە ، من بە دەسکاریەوە کردم بە کوردی

http://brotherrachid.com/%D9%85%D9%82%D8%A7%D9%84%D8%A7%D8%AA/

ArticleID/3357/%D9%87%D8%B0%D8%A7-%D8%A7%D9%84%D9%83%D8%A7%D8%A6%D9%86-%D8%A7%D9%84%D8%A7%D8%B1%D8%AA%D9%83%D8%A7%D8%B3%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%AC%D9%8A%D8%A8?fbclid=IwAR3g-5_5xO7i_gpbcwsmwDMGIukzy1Bs-QaMiAsXOTu_XAxIQ7VCg02vQP8

ئەبی منان/ دوو کەوی ژیر.. نووسینی: رەزا شوان

دوو کەواز، دوو کەوی نەرمی ئازایان هەبوون. لەناو قەفەزدا بەندیان کردبوون. رۆژێک هەردوو کەوازەکە، گرەویان لەسەر ئەوە کرد، کە کەوکەی کێیان لەوی تریان ئازاترە. رێککەوتن کە کەوکانیان بشەبدەن. بە هەردووکیان کاسکی گەورەی زیوینیان کەی. کەوکەی کێیان شێکە بباتەوە، کاسە زیوینییەکە بە خاوەنی ئەو کەویان دەبەت.
هەردوو کەوازەکە کاتی بەشەدانی کەوکانیان دیاریکرد، شوێنیش باخچەیەک بوو. کەمێک کەسیشیان بە بینینی ئەم شەڕە بانگکردبوون. هەموویان لەو کاتەدا لە باخچەکەدا ئامادەبوون. کەوکانیان لە قەفەزکانیان دەرهێنان. شێکە دەستیپێکرد. کەوکان بە دەنووک و بە نینۆکەکانیان، پێکی زەریان لە یەکتری هێکەشا، سەر و دەموچاوی یەکتریان بریندار کرد. هەردووکیان تەواو ماندوو بوون، هێزی شێکردنیان نەما. ئینجا وازیان لە یەکتری هێنا. لەم شێدا نە سەرکەوتوو و نە بەزیو، نە براوە و نە دۆڕاو هەبوون. بەڵام هەردوو کەوکە ئازارەکی زەریان بە یەکتری گەیاند.
ئەم کۆتاییە نە بە دڵی دوو کەوازەکە و نە بە دڵی بینەران بوو. هەردوو کەوازەکە بەیاریان دا، کە لە هەمان کاتدا لە یەکەمین رۆژی مانگی داهاتوودا، هەر لەو باخچەیەدا، دووبارە کەوکانیان بشەبدەن.
هەردوو کەوکە، بە ئەوەی بە یەکتری بزانن، بیریان کردەوە، زۆر پەشیمان بوونەوە.

کەوی یەکەم:"ئەمە لە پەناوی چیدا، بۆ هاندانی ئەم دوو کەوبازە، ئەم شەڕەمان لەگەڵ یەکتریدا کرد و وامان بەسەر یەکتریدا هەناوە؟ گەوجییەکی گەورەمان کرد. گریم من بەسەر کەوکەی بڕانبەرمدا سەرکەوتم. ئایە خاوەنکەم ئازادم دەکات؟ بەگومان نەخێر. چەندین شەڕی ترم پێدەکات.. تیاش بچم ئەو چی باکەتی! بەهەنبەت ئیتر شەڕ لەگەڵ هیچ کەوکدا ناکەم".

کەوی دووەم:" زۆر پێشیمانم، لەو شەڕەی کە لەگەڵ ئەو کەوە هاوەڵگەزەمدا کردم. ئەو یا من سەربکەوتمایە. لە زیان زیاتر، چی سوودێکی بۆ ئێمە هەیە؟ ئازادی و ژیانیان لێداگیرکردووین.. لە قەفەزدا بەندیان کردووین.. ئێمە کەی ژیانە؟! ئێم هەیە دووبارە ناکەموە.. بیرم لەوە کردەتەوە کە لەو کاتەدا پێکەوە هەڵفڕین"
بریندارەکانی کەوکان ساڕێژبوون، پەرەکانی باڵکانیشیان دڕێژتر بوون. یەکی مانگی تازەیە. هەردوو کەوبازەکە و بینەرانێکی زیاتر لە هەمان کات و لەو باخچەیەدا، ئامادەبوون. کەوکانیان بڕەواکردن. بۆ ئارامیەوە چوون بۆ لای یەکتریەوە.
کەوی دووەم بۆ گەڵی کەوی یەکەمدا چرپاندی و وتی:"براکەم، دنیابە کە من شەڕت لەگەڵدا ناکەم.. بۆیارم داوە کە هەڵفڕم.. ئایە تۆش ئامادەی کە پێکەوە یەکسەر هەڵفڕین؟"
کەوی یەکەم:" منیش ئەو بڕیارەم داوە، کە شەڕت لەگەڵدا نەکەم. بەڵێی ئامادەی هەڵفڕینم.. با رزگارمان بێت"
هەردوو کەوکە، دەرفەتیان لەدەست نەدا و لەو زیاتر درێژیان بە قسەکردن نەدا. پێکەوە یەکسەر دایان لە شەقەی باڵ و هەڵفڕین.. تا لەچاو ونبوون.. خەیان گەیاندە سەر لووتکەی چیایەکی بەرزی کوردستان. لە قەفەز و لە بەندی و لە شەڕ رزگاریان بوو. هەوای ئازادییان هەڵمژی.. فیری پەند و وانەیەکی باشیش بوون.

رەزا شوان
نەرویج :٢٠٢٠

پەیامی ەون .. عەلی حەمەشید بەرزنجی

پەیامی ەون

جار جارە ، وەک کەتر گەم دە
حەز دەکەم ، زوو بفەم دەستبەجێ
بە ئاسمان ، هەوارگەی مانگ و خەر
ئەستێرەی ، پە ورشەی جەراوجەر
وەک هاوەڵ ، لەگەیان تەر بدوەم
بە ەونی ، پەیامی خەم بەم
دەەم من ، کەسکی چالاکم
ژیان و ، ژینگە دەست دەپاکم
وەک ئەو ، کەنادەم ەژانە
هەوەی من ، بە سودی هەموانە
...
٢٠٢٠/٧/٥

نامەیەکی کراوە بە سەرجەم

پارتی سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان

بابەت: داواکاری بۆ دەستبەجێ ئازادکردنی زیندانیانی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانەی هەرێمی کوردستان

پاش سڵاو،

هەروەك هەموولایەك ئاگادارن لە ماوەی سێ مانگی ڕابردودا دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان وەك بەتایبەتی دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان، هێرشکەی هەمەلایەنەی گرتەبەر بۆ دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنوسان و چالاکوانانی سیاسی و وماموستایان و هەموو ئەوانەی لە خۆپیشاندان و ناڕازایەتیەکانی زاخۆ و بادینان هاتنە مەیدان، دژ بە خراپی هەلومەرجی ژیان و بێکاری وهەژاری وبەمووچەیی و نەبوونی خزمەتگوزاری و هەروەها لە دژی هێشی زەمینی سوپای تورکیا و بۆردومانی گوندە سنوریەکان لەلایەن فڕۆکە جەنگیەکانیەوە کە تائێستاش ژمارەیەك لە دەستگیرکراوان چارەنوسیان نادیارە.

ئەمە هەڵەتی گرتن و ڕاندنە لە کاتکدایە کەدەستگیرکراوەکان هیچ تاوانێکیان نەکردووە، جگە لە داواکردنی مافە ڕەواو یاساییەکانی خەیان و ودەربڕینی ناڕازایەتی ونەفرەت وبێزاریان بەو دەخە سەخت و فەلاکەتباری بەسەریانا سەپێنراوە.

خەڵکی کوردستان مافی ڕەوای خەیانە داوای موچەو حەقی خەیان بکەن، مافی خەیانە داوای نان و کارو ئاو و کارەبا و خزمەتگوزاری بکەن، مافی خەیانە داوای پاراستنی کەمەگا بگشتی بکەن لە مەترسی هەژاری و برسێتی و ڤایرەسی کۆرۆنا و لە دژی هەرش و لەشکرکێشی دەوڵەتی فاشیستی تورکیا بە سەر خەڵکی سڤیل .

بەڵام بەداخەوە کاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەجیاتی ئەوەی وەڵامی داخوازی هاوڵاتیان بدنەوە و بەرپرسیارێتی لەئاست ژیان و گیان و سەلامەتی تەندروستیان لەئەستۆ بگرن، دەستیان بردووە بۆ ڕاندن و زیندانی و سەرکوت کردنی ئەو خەڵکانە، تەنانەت بەناشرینترین شێوە هەڕەشەکوتنە سەر ماڵان، چالاکوانان و خەڵکی ناڕازی و ڕۆژنامەنوسان بەبێ هیچ بەیارێکی دادگا دەڤڤنن و لەزیندانە حزبیەکان زیندانیان دەکەن، کە تا ئێستاش هەندێکیان

بەسەروشوێنن، وە ئێگا بەپارێزەر و کەسوکاریان نادرێت سەردانیان بکەن تا لە چارەنوسیان ئاگادارین.

بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی بەدەستمان گەیشتووە بەندکراوان لەژێر ئەشکەنجەی قورسی جەستەیی و دەروونیدا دانپێدانیان پێکراوە بەکامێرێک تاوان کە ئەنجامیان نەداوە، بەدووری نازانین وەک چەندین کەیسی تر سیناریۆی دانپێدانانی زۆرملێیان پێ ئەنجامبدەن و لە کۆتایی ئاگەیاندنەکانی خەیانەوە بەهاویبکەنەوە دواتر بەناوی دەزگا ئەمنیەکانی حکومەتەوە ئاپۆرتە چەواشکاریەکان بناسێنن. ئەم هەوڵانەی دەستێادارانی هەرێمی کوردستان تەنانەت ئێز نەگرتنە لە یاساو دادگاو دادوەرێک کە لەکوردستاندا خەیانەتاوە بەبێ گوێدانەوە بە ئەو دەزگایانە مامەڵە بە زیندانیانی سیاسی دەکرێت بەبێ دانی ئەرکێک بە دادوەر یان ڕێگەدان بە پارێزەری دەستگیرکراوەکان کە بتوانن بەرگری لە زیندانییەکان بکەن.

ئەمە وەکو (کەمیتەی داکۆکی لە مافەکانی ئازادییەکان/ هەرێمی کوردستان_عێراق) لەم نامە کراوەیدا داواتان لێدەکەین هەوڵەستی خەتان ئاشکاوانە بە ئەمە و کەسوکاری زیندانییەکان و ئایگشتی و خەڵکی کوردستان ئابگەینن و بەرامبەر بە پشێلکردنی ئازادی وستەمکارێک کە دەرحەق بە خەپیشاندەران و وچالاکەوانان دەکرێت هەوەستی خەتان ئاشکرا بکەن، دەنا بەدەنگیتان دەتانکاتە هاوبەش لە تاوانێك کە بەرەو ڕووی ئازادیخوازان کراوەتەوە لەوەش زیاتر مژوو هیچ لایەکتان نابەخشێت لەم ستەمکارییە کە لەلایەن کابینەی نەهەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پیادەکرێت.

داواتان لێدەکەین پێلە بکەن لە هەوەستی خەتان و بەرپرسیاربن لە ئاست سەلامەتی و ئاسایشی هەموو ئەوانەی دەستگیرکراون داوا بکەن دەستبەجێ:

١- چارەنووسی دەستگیرکراوەکان ئاشکرا بکرێت.

٢- ئێگێ بەپارێزەرو کەسوکاریان بەدەن بیانبینن و مافی پارێزگاری لەخەیان هەبێت بە هیچ بەربەستێک.

٣- دەستبەجێ کاری عەمەلی بکرێت بە ئازادکردنی تەواوی دەستگیرکراوەکان.

ئەم کەمیتەیە ئامادەیە بە خستنەڕووی هەر زانیاریەکی پێویست

دەربارەی زیندانیەکان .

لەگەڵ ڕەزماندا.

چاوەڕوانی وەڵام و هەوڵستی بەپەلەی ئەوین.

هاوپێچ/ بەیانی ڕاگەیاندنی کەمیتەکە.

.کەمیتەی داکۆکی لە مافو ئازادییەکان/ هەرێمی کوردستان–عێراق



١٩ /١١/٢٠٢٠

گابۆ، ڕەمانکی نۆقوستان .. نووسینی: ئەرسەلان چۆبی

پێشکی و شوناسی بەرهەم و نووسەر:
ئەو وتارە یا ئەو نیوە کتێبە هەوە دەدا لە چەند ڕەهەندی تایبەت بە زانستی ڕەمان و ئانالیزی ڕەمان، خوێندنەوەیەک بە ڕەمانی "گابۆ" سەید قادر هیدایەتی بکا ، نووسەر لەو وتارەدا هەوە دەدا

بیسڵمەنە کە "گابەر" نەک هەمان، بەکوو نەقڵەکی سەرکەوتوو بووە، هەروەها بەش بە بەش هەموو لایەنەکان و تایبەتمەندییەکانی ژانری هەمان دەخاتە ڕوو و لە تێنیشتیشدا ئانالیز و ڕاڤەی "گابەر" دەخاتە ڕوو کە هەمانکی کێشەدار و نەقوستانە.
سەید قادر هیدایەتی، نووسەر، لەدایکبووی ساڵی ١٣٥٥ی هەتاوی لە بەکان-کوردستانی ئێران، خاوەنی چەندین وتار و چیرۆک، چوار کتێبی ئەدەبی گەیانوە بە ناوکانی: دەنگی نوختە، تەقی ئەزازیل، گابەر و دوا بەرهەمی گەشار، نووسەری ئەو وتارە جگە لە گەڵ شار، هەموو بەرهەمکانی تری "گەیانوە" هیدایەتی خوەندووتوە.

ئەو وتارە لە دوو بەش دا پێشکەش دەکرێت:

بەشی یەکەم:
A book reviews
واتە کورتەیەک و نیشان دانی دیمەنێکی گشتی لە کتێبی بەردەست، بەشی یەکەم دوو جار لە خە دەگرێت، واتە هەم هەمانکە ئانالیز دەکات، هەمیش تەم و کورتەیەک لە هەمانکە و پێیامی هەمانکە بە بەردەنگ ئاشکرا دەکات.

بەشی دووهەم:
A book critiques
واتە ڕەخنە و شیکاری هەمانکە و هەستەنگاندنی هەموو تایبەتمەندییەکانی هەمان کە لەو کتێبەدا نووسەر هەندکیانی بەکار هەناوە و لە زەریشیان غافە بووە.

شوناسی کتێب:
ناوی کتێب: گابەر
ژانر: هەمانی کوردی "دیالێکتی سەرانی"
نووسینی: سەید قادر هیدایەتی
وەشانخانەی گوتار، چاپی ١٣٩٤، کوردستان-ئێران

بەشی یەکەم:

A book reviews

کورتەیەک لە هەمانکە*:
هەمانی گابەر، بەسەرهاتی دوو مەرمندالی کوردە لە یەکێک لە شارکانی کوردستان، ئەو جووتە لە دە بەش دا لە ناو هەمانکە

پەتایە بە زەرەك جەركە لە گومەایی و ەاایی کە قابیلە بە تگەیشتن. میلیەنەها ژیان تکدشکنەت، زانیاری هەە، بە باوەی و ئینکاریش بەاودکاتەو و ژمارەی مردووش لە زیادبووندایە. لەم بارەیەو ئەم نووسەرە بەچوونکی فلسفی لە خانمە فمینیستی فرەنسی سیمەن دە بەڤوار Simone de Beauvoir وە قرزدکات: بەئەوی مرۆڤ بیت پەویستە لە گومەایی بژیت و چارسەرکش ەزگاربوون نییە لە نادنیایی، دانپیاهەنانە بەو نادنیاییە وەك هەل و مەرجکی بوون. لەگەە ئەوشدا کە هەستدکەین گشگیرین، بەتایبەت لەماوەی کەرنتین دا، بەسودە بە هەموان ئەوە تبگەین کە ئەمە هەموو ەووبەووی هەمان حاەتی مرۆی دەبینەو. ئەو دەمەش کە هاریکارنین لە سنوردارکردنی تەنگژە تەندروستیەکە زەر بە ئاسانی کار بە ئاەزترکردنی دەزەکە دەکەیەن. ئەمەش مانای ئەوەیە کە پەویستە خەشگوزەرانی یەکترمان پەویستبەت. تەنانەت ئەمە گەر پەوشنبین خە ئەم پەتایە بەشەك لە هاوەە و خزم و ناسیاوەکانمان دووچاردەکات و ئەمەش کاردانەوەی لەسەر ئەمەش دەبەت.

سەبارەت بە بەچوونکانی Paul OGrady تایبەت بە پەرچەکرداری فلسفە لە دەمی تەنگژەکانا بەوە دەستپەدەکەین کە ئەم نووسەرە گوزارەیەکی ناسراوی سوکراتمان بە نموونە بەدەنەتەوە: ئەو ژیانەی تاقینەکراوەتەوە ژیان نییە. ەەنگە ئەم گوزارەیە بەنی جەرە غرورەکی لەوەبەت، لەهەمانکاتدا خودی گوزارەکە بەنی جوەە و گشت و دەمەتەق فلسەفییەکانی سوکراتیشی لەدەت کە لە ەەگاوبانکان لەگەە خەکی عەوام کردوونی. کە لەوەەا ویستویەتی بزانیەت چی گرنگە؟ چ جەرە ژیانەك هەببژەرین؟ ژیانەکی باش و بە بەها چ جەرە ژیانەکە؟ ئەوش دەەت کە خوەندکارەکی جارەکیان لەیپرسیوە: بە فەیلەسوفەکان خەمەکن؟ پەیوایە لەکاتی تەنگژەکانا ،وەك ئەستا، ئەم جەرە پرسیارانە شیاوە کردنیان. ئامرازەکانی بیرکردنەوە و ئاگایخودیی پاپشتن کاتەك گشت شتەك لەگەاندایە. هەمووش ئەوە دەزانین کە شەوازی فلسفی ژیانی سوکرات بوەری پەبەخشی. خودی فلسفەش تەنیا بریتی نییە لە جەستەیەك لە زانین ،بەکو شەوازەکی عەقڵی و پرسیارسازییە. تەنانەت خەشەویستییە بە دانایی و ئامرازکیشە بە گرەدانەوەی عەقڵ بە بەها و سزاوە، ئەمەش وادەکات کە بەشەویەکی باش بژیت و بمریت. ئەم تگەیشتنە بەرەو ئەوەمان دەبات کە فلسفە دروستکەری دیالگی عەقڵییە، لەناومانا کار بە ئەوە دەکات پشت بە دادوەری یان بیرکردنەوەی پەشوخت نەبەستین، تا ئەوپەی خەمان بین، توانا و ناوەوەی خەشمان بپارزین.

لەم جەنگەی ئێستادا پتر پێویستە ناوەوەی خەمان بپارێزین

لە لێدوانێك خانمە فەیلەسوفی فەرەنسی ژولیا كریستیڤا Kristeva، لەژێرناوی"" لەم جەنگەی ئێستادا پتر پێویستە ناوەوەی خەمان بپارێزین""، ئاماژە بۆ ئەو ڕاستیە دەكات كە بە توانایی لە پێشبینی و پلاندانان یەكێكە لەو ئابروچوونانەی پێتاكە ئاشكرایكرد. لە سەرەتای مەڕقایەتییەوە ئایینەكان باس لە سنورداری تواناكانی مرۆڤ و كەتابوونی ئەم مرۆڤە دەكەن كە ئەمە ئێستا بەشێك نییە لە وتاری گشتی ئەمڕۆ. مرۆڤ ئاشكرایە لەم سەردەمدا لە چنیەتی كارگێڕیكردنی سەزداری و بردنەوەی شوێنی بەساڕاچوان لەهاتووە و لەكێبڕكێنەوە بایەلۆجیكانیش هەنگاوی گەورەیان لەبواری دروستكردن و نوێكردنەوەی خانەدا دیووە، بەڵام ئەمە ناتوانین دوا نرخی پیری بدەین و لەم كەمەگە سەكولارانەی تیاشیدەژین دەبینین مەرگ شاراوەیە و باڵاترین ئەزموونی مرۆیە. تەنانەت ئەم تەوزمە ڤایرۆسیەی كە هەویلەنایەن ئەوشی لا هەونكردین كە پاش پیربوون ئەو لاوازیەی هەمانلەدەنەت ئێستەمە هەوبەهەوبوونەوەی. لەڕە كریستیڤا باس لەو لاوازییە دەكات لەناوماندا بوونی هەیە. ئەم تەنگژە تەندروستییەی ئێستا هەڵاوگێانە لە سەرمایەداری نوێی لیبرالی بە سەرمایەداری دیگیتالی. ئەو كاتاسترۆفە مرۆییەی ئەم پەتایە دروستیكرد تەنیا بە هەندێك هێكاری سیاسی و ئابووری و تەندروستی چارەسەرناكرێت.

ژولیا كریستیڤا لەو لێدوانەی هەما بە ئەوش دەكات كە ئەم پەتایە زەری لەسەر گشگیری فەركردین. لەبەر هەكاری تەندروستی پێویست حكومەت مانەوەی لەماوە بەسەرماندا سەپاند. ئێدی ماوە و خود لەم بینێدا چی بەسەر هات؟ كەرەنتینی تەندروستی هەستكی تەنیای سەیری تیا دروستكردین و بە ئامرازكی نیولیبرالیانەی فرە جیهانگیریشەوە گرێیداینەوە. ئەوش شاشكانی ناو ماڵكانمان بوون، تەڵە ئینتەرنێتیكانی ناو جگا و سەر سەفاكانمان كە لەماننابنەوە. ئەمە بەجەرك هاتناو ژیانی كەرەنتینمانەوە كە هەستی تەنیایمان وەلاوەنەت. نامە ئەلەكترۆنیەكانمان و هەیان لە نەهشتنی تەنیایمان ئاماژێك بوون لە پكردنەوەی ئەو بەشایی گشگیری كەرەنتین دروستیان كرد. ئەم جەرە پێوەندییە ئەلكترۆنییە پش كەقید بەو جەرە نەبوو.

ژولیا كریستیڤا وەك هەگری پرینسیپكانی هەشنگری ،كە بریتیبوون لە بە ئیمانی و گومان، بەچوونی خێ بە كەرەنتین و گشگیری ساتەوەختی كەرەنتینی تەندروستی بەجەرك دەخاتەوو كە لە بەچوونە

نیولیبرالیەکانی ئەستامانەوە دوورە. پێشیوایە ئاستییە ئاینییەکان بۆ مەرجە مانایان بۆ بەهای خۆیان هەیە کە سەرلەنوێ بخرێنەوە ژێرپرسیار و سەرنجیشیان لەسەر کێشە و کاتاستڕۆفەکانی ئەمڕۆمان هەبێت. لەڕوەوە ئەم خانمە بیریارە مەترسیەکانی شارستانی ئەستامان دەخاتەڕوو کە لەژێرسایەی تەکنەلەژیا و بەرخۆری، کە هەردووش وەرانسازی ژینگەییان بە سازاندوین کۆتوویندتە ناو جەنگەکەوە. بەمە داوامانلێدەکات لەم جەنگەی ئێستاداپتر ناوەوەی خۆمان بپارێزین وەك هەر شتێکی تر. ڤایرەسەکان لەڕە و لەوە هەن، چونکە لەشی مرۆڤ جگەلە خانە بەکتریاشی تیایە. ژیانی مرۆڤ و ژیانی جەستەیمان وامانلێدەکات هەمیشە لەگەڵ ڤایرەس و مشەخۆرەکان بژین، لەگەڵ ئەو هەڕەشانە بژین کە دەوروبەر لەمانیدەکات. خۆشی وتانی لەگەڵ ئەم جۆرە هەل و مەرجانە دەمەکە دژێت: لەگەڵ یەکەم ڕۆژی بانگەوازی جەنگی جیهانی دوو لەدایکبووە، منالی و لاوی خۆی لە ماوەی جەنگی سارد بەسەربردووە، ئێستاشی لە سەبەری جەنگێکی جیهانی تەندروستیانە بەسەردەبات.

ژێدەر:

Joe Humphreys. Coronavirus: How can philosophy help us in this time of crisis?
https://www.irishtimes.com/culture/coronavirus-how-can-philosophy-help-us-in-this-time-of-crisis-1.4205889
Julia Kristeva. “In the current state of war, it is our most inner selves that we must save“
https://www.journal-psychoanalysis.eu/in-the-current-state-of-war-it-is-our-most-inner-selves-that-we-must-save/
Byung-Chul Han. The Viral Emergenc(e/y) and the World of Tomorrow
https://pianolaconalbedrio.wordpress.com/2020/03/29/the-viral-emergence-y-and-the-world-of-tomorrow-byun-chul-han/
https://seronet.info/billet_blog/lurgence-virale-et-le-monde-de-demain
Byung-Chul Han. L’urgence virale et le monde de demain.
Jurgen Masure. Philosophy can help us in this time of crisis
https://medium.com/discourse/philosophy-can-help-us-in-this-time-of-crisis-4b73d3e3f86b

شیوعییەکانی دەربەندیخان وتێکۆشانی بۆچان .. ئەحمەد رەجەب

مێژووی شاری دەربەندیخان

لە ساڵانی 1947 ـ 1949 بیری شیوعییەت لە سەر دەستی { عەلی ئەفەندی برین پێچ و حسەین عەول } فەراش ودانشتووی دەربەندیخان(سەلیم پیرك و کانی توو) چەکەرەی کردو هەر لەو کاتانەدا بە هاوکاری مەلا ئەحمەد بانیخێلانی { بابی سەرباز} و مەلا ئەسعەدی برای شانەیەکی حزبییان پێکهێناو مەڵا ئەحمەدو مەلا ئەسعەد لە ناوچەکەدا بە هۆی ناوبانگی باوکیانەوە مەڵا قادری سۆفی ناودارو خۆشویست بوون و توانیان قۆناغ بە بە قۆناغ بیری شیوعییەت بێ دڵهاتی دەوروپشتی بانیخێلان و ئەو بەری سیروان واتە دڵهاتی هەڵەبجە و شێخان بگوزنەوە.
لە ساڵانی پەنجاکان چەندین کەمپانیایی بیانی گەورەو بچوك رووبان کردە دەربەندیخان و ژمارەی کرێکاران پەرەی سەندو لە پاش شۆرشی 14 تەموزی 1958 سەندیکا (نقابە) دۆوست کراو، لە دەربەندیخان (2) جۆر سەندیکا هەبوو، کرێکاران ناوبیان لێنابوو سەندیکا بچکۆلەکە یان (زەردەکە) سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، نزیکەی 300-350 ئەندامیان هەبوو ، سەندیکا گەورەکە {سوورەکە} سەر بە حزبی شیوعی بوو زیاتر لە 3300 ئەندامی هەبوو ئەم بەرزان بەرێوەیان ئەبرد : 1ـ ئیبراهیم کەریم { ابراهیم باقر ـ بابی سەورە} 2 ـ دنخا بازی { ابو یعقوب} 3 ـ عمر رەشید 4 ـ میخاییل 5 ـ سیادور ئەرمەنی سەندیکاییەکی تری کرێکارانی رەی هەبوو ئەویش لە لایەن شیوعی وپارتی بەریوە ئەبراو لە م بەرزانە پێکهاتبوو(قادر ئەحمەد، حسەن فەتاح، نجم کاکە سەعید، ابراهیم ئەلنەجارو عمر سریع).
لە ناو ئەو ژمارە زۆرەی کرێکاران دەیان کادرو سەدان شیوعی هەبوون و توانیان ژمارەیەك کەمیتە و شانە دروست بکەن و جێی دەستیان دیار بوو.
شیوعییەکان لەدرێستبوونی حزبەکەیان ولە هەموو کاتەکاندا دەربری

ئاوات و خواست و ئازارەکانی گەل بوون و، سەرەرای سەختی بارودۆخی وڵات بە هۆی رژێمە سەرکوتکەرو خوێنڕژەکان و داموەزگا داپلۆسێنەرەکانەوە شیوعییەکان لە ریزی پێشەوە بوون بۆ بەرگری کردن لە گەل و بەرژەوەندییەکانی و بە گیانی ئازایەتی و خۆبەختکردن و لە ناو جەرگەی ئاگری دوژمنان تێکۆشاون بۆ لە ناو بردنی کۆنەپەرستی و دیکتاتۆرییەت و رژێمە خوێنڕژەکان و، بۆ وەدیهێنان و جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی گەل و نیشتمان و ئازادی و سەربەستی، جەماوەریان هانداوەو بە تایبەت کرێکاران و زەحمەتکێشان و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا.
بۆ ئەوەی رەنج و تێکۆشانی شیوعییەکان ون نەبێت هەوڵ ئەدەم ناوە ناوە باسیان بکەم بەتایبت شەهیدەکان و کۆچکردووەکان و، لێرەدا باسی دوو شیوعی قارەمانی شاری دەربەندیخان ئەکەم :
ـــ*هاورێ عەلی ئەحمەد سەعید لە خێزانێکی هەژار لە شاری هەڵەبجە لە 1/7/1930 چاوی بە دنیا هەڵهێناو، لە بەر دەست کورتی خێزانەکەیان و بۆ یارمەتێدانی براو کەسوکاری لە پاڵی شەشی سەرەتایی دەستی لە خوێندن هەڵگرت و، شان بە شان لە گەڵ براکانی تری : حەمە رەشیدو عمرو مستەفا کەوتە کارکردن و، بۆ ئەو مەبەستە هاتووەتە دەربەندیخان و لە بەرێوەبەرایەتی بەنداوی دەربەندیخان (رەڵ) دامەزراوە.
*ـــ هاورێ عەلی مرۆڤێکی دڵپاك و دەستپاك و مرۆڤدۆست بوو، لە کاروباری حزبایەتی نموونەی ئازایەتی و خۆراگری وڵهاتوویی بوو، رووخۆش و قسەخۆش و، بە شاهیدی خەڵك و جەماوەری شار سەنگ و قورسایی گەورەو زۆری لە ناو کۆمەڵگادا هەبوو، کەسێکی بە هەڵوێست ونیشتمان پەروەرو تێکۆشەرو دڵسۆز بوو بۆ گەل ونیشتمان و حزبەکەی و، ئەو کارانەی پێی سپێردراوە زۆر بە دڵسۆزی و لە ناخی دڵەوە جێبەجێی کردوون
هاورێ عەلی لە گەڵ هاوسەرەکەی ئایشە عەبدولقادر ئەحمەد خاونی کچێك بەناوی پرشنگ 6 کور بە ناوەکانی : ئەحمەد، محەمەد، یاسین، تەحسین، بەهێز و بەرێز. (جێیداخە تەحسینی جوانەمەرگ زوو هەموومانی بەجێهێشت و کۆچی کرد).
هاورێ عەلی تێکۆشەر لە بەر ئازایەتی و راپەرەندنی کاروباری حزبی دووچاری گرتن و ئەشکەنجە بووەوەو بۆ ماوەی (2 ساڵ و 9 مانگ) لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان لە رانیە و تاقمی ئەلنور& (جەلالییەکان) لە سلێمانی و 3 جار لەلایەن رژێمەکانی عێراق بۆ 4 مانگ و 5 مانگ و 9 مانگ گیراوەو نموونەی خوراگری بووەو نهێنییەکانی حزب و هاورێیانی پاراستووەو سەربەرزانە دوژمن بەزێن بووەو، لە 23/12/1973 کۆچی دوای کرد.

*ـــ نەجیب شیخ محەمەد مەلا قادر : لە ساڵی 1952 لە خێزانێکی هەژار لە گوندی بانیخێڵانی دەربەندیخان چاوی بە ژیان هەڵهێنا، بە هۆی نەداری و بێ یارمەتیدانی خێزانە گەورەکەیان لە پۆلی 3 ی ناوەندی دەستی لە خوێندن هەڵگرت و بێ بە کرێکارو هەشتا مەرمندا بوو چووە شاری بەغداو کرێکاری ئەکردو دیسانەو گەرایەوە بێ دەربەندیخان و لەو ساڵانەدا پەیوەندی بە حزبی شیوعی عێراقەوە کرد. لە گەڵ هاورێ لەتیفی شیوعی برای یەکیان گرت، هاورێ نەجیب مرۆڤێکی بێگەردو خاوێن و رووخۆش و دەم بە پێکەنین و نەترس، هەشتا منااڵ بوو چالاکانە ئیشوکاری حزبی ئەنجام ئەدا و، لەو تەمەنەوە بێ بە پردێك لە نێوان شارو دێهاتەکان ، لە نیوان (رێکخراوی شاری دەربەندیخان و لێژنەی جوتیاران) و نامەو پیتاکی و شتومەکی سەربازی بێ لقی 10 تێکۆشەر بێ دەرەوەی شار ئەگوێزایەوە و لە دەرەوەش نامەو بەگەنامەکانی حزبی بێ رێکخراوی شار ئەهێنا.
لە سالی 1970 بە بۆنەی یادی { 100 ساڵەی لە دایکبوونی زاناو بلیمەتی مرۆڤایەتی فلادیمیر ئیلیتچ لینین} بە هاوکاری هاورێیان و بە ئاشکەرا دارو دیواری شاری بە دروشمەکانی حزب رازاندەوە بە جۆرێك دوژمنانی شیوعییەت تێقینەوە و، هەر لەو رۆژەداو بە فیتی ناحەزان کاتێك لە چایخانەکەی کەمپی خوارەوە دانیشتبوو معاونی پۆلیس کە لە هەمان کاتدا معاونی ئەمن بوو (نەسرەندین عەلی) هاتوو زللەیەکی کۆشا بە بنا گوێی هاورێ نەجیب و، هاورێش بە تووڕەییەوە وەلامی دایەوەو معاون تووشی ترس و لەرز بوویەوە پاشەکشێ کردو زانی کار لە کار ترازاوەو شیوعییەکانی دەربەندیخان و وارماوە نیازی تۆڵەسەندوەیان هەیە معاون کەوتە پەلە قاژەو کرنووشی بێ حزب و هاورێیان بردو داوای لێبوورنی کرد.
بەڵێ ، لە بەر زیتەڵی و کارکردن و ئەنجامدانی چالاکی دژمنان و پیاوەکانی رژێم کەوتنە چاودێرکردن و راونان و گرتنی و ، پاشان هەڵی بێ رەخساو حزب رەوانەی دەرەوەی کردو چووە مۆسکو لە { پەیمانگەی زانستی کۆمەاڵیەتی} وەك کادیرێك دەستی بەخوێندن کردوو، لە ساڵی 1979 رژێمی بەعس دەستیکرد بە شاڵاوێکی پۆلیسی و خوێنرشتن دژ بە شیوعییەکان و لەو کاتەنادا هاورێ نەجیب گەرایەوەو رووی کردە شاخ و بوو بە پێشمەرگەو کادیرو لێپرسراو کە دوژمنان زانیان هاورێیەکی بە توانا و لێهاتووەو چالاکەو لە رۆژانی قەسابخانەکەی پشتاشان بۆسەیەکی ترسنۆکانیان بێ خۆی و هاورێیانی داناو لە 2/5/1983 بە دەستی ناپاك و چەپەڵی ناپیاوان لە گەڵ کاملی ئەحمەد سەمینی کانی ساردی شەهید کران.
هاورێ نەجیب لە گەڵ هاوسەرەکەی حەمیدە حەسەن خاوەنی کورێکن بەناوی (ساریژ).

18/11/2020
& تاقمی النور به جەلالییەکان ئەوترا کە لە ساڵی 1966 چوونە پاڵ حکومەت و، ڕۆژنامەیەکیان بە ناوی النور دەرکرد بۆیە بەو ناوەش ئەناسران.

یة

شەو و مانگ .. ژاك بریقۆر- و: نەژاد عزیز سورمێ

ئەو شەوە تەماشای مانگم دەکرد :
لەبەر پەنجەرە بووم
سەیریم دەکرد
پاشان پەنجەرەکەمم بەجێ هێشت
خۆم تەنها کرد و
نووستم .
دوای ئەوە ژوورەکە ووناك بووەوە
پەنجەرەم بە کراوەیی جێهێشتبوو
مانگ هاتبووە ژوورێ ، لێرە بوو
دیار بوو شاد و هێمن
پێم خۆش بوو ختووکەی بدەم
بەڵام نەمدەزانی چی بکەم
بێ جوولە لەوێدا مامەوە
سەیری دەکردم ..
زەردەمسکە دەبووەوە ..
ئەو دەمە نووستم .

کە هەستامەوە ،
سپێدەی ڕۆژکی دی بوو
لە خۆر بەدەر
شتێك بەسەر ماڵانەوە نەبوو .

- لە (هەڵبژاردە لە شیعری جیهانییەوە) ی پڕ شاوول

که دەزگای (الحداثة) ی بڕووت ساڵی 1990 بڵاوی کردووەتەوە کراوە بە کوردی – بڵوانە ل 139

قاسم شەش، کارگێڕی لقی 17 پارتیی لەشنگال، لەگرتن قیدیۆکدا، دەستلەکارکێشانەوەی خۆی لە لقی حەقدەی پارتی و لەپارتی ڕاگەیاند!

تاهیر عیسا

ئەوەی بەمن جگای سەرنج و تێڕامان بوو، دەستلەکارکێشانەوەکەی شەش لەپارتی و دام و دەزگاسربازیکەیدا نەبوو، کەبە شەش بەشک هەکاری خۆی هەیە و لەوە دەچێت درکی بەوەکردبێت کە ئیتر لەناو هەل ومەرجی سیاسیی ئێستاو ڕێککەوتنی تازەی نێوان پارتیی وبەغدادا، جگاو ڕێگای شەشو گرنگی شەش بە پارتیی لەناو هاوکێشەی تازەدا نەمابێت و هەربۆیەش دەستپێشخەریی شەش و ئیستیقالەکەی پەدەچێت بەرەنجامی وەها پێشهاتێک بێت.
وەک لەناو قسەکانیشدا دەردەکەوێت، ئەوەندەی بەشان و باڵ هەڵدانی پارتیی ویەکێتیکەی بنەماڵەی بارزانییە، هەندێ قسەی لەسەر نیگەرانیەکانی نییە لە بەرامبەر پارت و بنەماڵەی بارزانیدا!
ئەوەی زیاتر جگای خاڵ لەسەر دانان و جگای تێفکرینی ناو هەموو قسەکانی شەش بوو، موچەی مانگانەی شەست و پێنج دەفتەریکەی پارتیی و بنەماڵەی بارزانی بوو بە شەش، کە شەش وەک مەکەمەو دەئاوایی ئەم بنەماڵەیە لەبەرامبەریدا دەینرخاند!
ناشمەوێت هیچ بەراوردکاریکیش لەنێوان موچەی مانگانەی شەش، کە لە داهات و قووتی کەمێگایەکدا سەرچاوە دەگرێت کە غەڕەقی دەردو بەڵای کێڵگەو بەڵای ئەم دەستەماتەو فەقەو فەللاکێت و

لەکەوتەکانیەتی بکەم، لەگەڵ موچەو داهاتی مانگانەی سەرانی هەر ئەم بنەماڵەیە، کەئاخو چەند بەرامبەریی شەش دەچێتە ناوقوڵایی قاسکانیانەوە!
ناشمەوێت هیچ بەراوردێکی موچەی مانگانەی شەشەش و سەرانی پارت و بنەماڵە تاڵانچیەکانیش، لەگەڵ موچەی وەرزیانەی کرێکاران کارمەندانێک یان خانەنشینان و کەم ئەندامانێک بکەم بەو لەبەینانشەوە کە لەیان دەکرێت، کە ئاخە چەند سەدی بەرامبەریانە!
بەڵام زیاتر سەرنجم دەچێتە سەر موچەیەک، کە ئەم فس فس پاڵەوانەی پارتیی و بارزانی، لە بەرامبەر مەلحەمەیەک وەک مەکەمەو پاداشتی مانگانە پێی بەخشراوە، هەڵەکەستی ئەزداییەکان بوو، کە لەسەردەستی ئەم وەکیلباشەی بنەماڵە کرانە پەندی زمانەی ئەم هەساریە و ئادەستی بەبەیتیرین هەزەکانی ئیسلامی ئەم سەردەمەکران، کە ئەگەر دادگایەکی جەماوەریانەی سەربەخۆ هەبوایا، لەبریی شەست سەدو پەنجا هەزار دۆلار موچەی مانگانەکەی، دەبوو شەش و خوداوەندەکانیشی چارەنووسیان زیندانی کردن و دواتریش زبڵدانی مێژوو بوایا.

تاهیر عیسا ١٧.١١.٢٠٢٠

ئەفسونەکانی نەڤەمبەر .. شیعر/ کاوە عوسمان عومەر

ئەفسوون نەڤەمبەری هەنا،
یان چرا پەمەیی هەواسراوەکانی پایز
پشکەی سەماکانی گەشاندەوە،
ئەستێرەکانی نەو..
قژی ئەرخەوانی دارستان،
لە فرمێسکی ناو زەریای هەورا هەڵشاخا،
جەستەی تەمی من،،
تەنها کاسە هەوری شەرابی..
مەستی ئەکا، گەر کات ..
بهەڵە، ئەمشەو هەڵەیەک
لە چرەی پرووشە،،

نوێژی سروشت ،،
بە پەیکەری ئاو دائەبەستێ،
بەردەوام پەکانی ئەو لە ئاون
لە سەر فڕۆشی حەزا، ڕەنگاڕەنگی..
ڕوخساری، وەک قژی ڕەنگاو ڕەنگی
پایزە نەقەمبەر…
سەرابیشن بیرەوەری ئەو،
هەر کاتێ بە ڕەحما تێپەڕ ئەبن…
بەردەوام کاوەکی بابردوو..
دڕکی عاشق،،
لە شارێ بە شوشە درەوشاوەی ئابردوو
و ئاوەنێ خوێنی مەری جوانی ..
گوڵ لەتسی شەعر داپشراوە..
درەنگانە خوانی نەقەمبەر،
لە نەو خەزانی گڵا خوێن لەتکاوەکانی
جەستەی دارستانێ،
ئەمێ پڕی شادومان بوین،
گەرچی لە چاوتروکانیکا،
گڵا ڕەزانی نەقەمبەر..
دایپۆشین، تەنیا ماینەوە وەڕنگمان..
پرتەقاڵی وزەرد و ئەرخەوانی بوو،،
بە شەمزاندنی پایزە گڵا،
مەست و حەیران بوین،،
چەند سەیر بوو،
هیچ کەس لە فریشتەکانی شار نەهاتنە
ژەر نمە پایزی نەقەمبەر،
چونکە باڵایان …
بە تەلسەم و کەد و نیشانەی…
مەرگەساتی خڕکی..
بە شوناس کەتکراوە،،
ئەوارە زیویەکە،
بە فریشتەکانیش،،
لە خەزانکی ڕەنگاڕەنگ تەم،،
سەمامان کرد،،
ڕەحمان بە نوری..
یاخی بوونی پیرەز پاکژکردەوە
ئەفسووس،،،

فریای کاسە شەرابی تر نەکەوتین،
هەر زوو مەزی خوانی..
نەژمبەریان لەهەگرتین،ئاخر..
جلو بەرگی شەی دەواری..
باهەزبردووی کاتکان،
بەرچاو هەل ئەکا، لە بەیاردان…
لە هەشتنە بە گەانەوە،
پشت ووتم ، بەیە نایەیتەوە،
چونکە سەرابم بەت،،
تەش سەرابی بەم ،،
دەروشی بە خواوەندین بە یەکتر،،
دەوانەی بە شوناسی سەر کەنارین،،،
چەند قەشەنگن..
ئەو ستونە ئەستەرانەی ..
هەکشاونەتە فەلەکە..
گەژنەی سپی شەو ئەیبا،
من کردومەتە نیشانە ، گەر..
لە ئەقیانووسی بوونی تەدا،
وەک و پەتەوازە بووم،،
هەر پەش تەواوکردنی…
دوا تابلۆی چارنوسیشم،
لەسەر کەناری حەقیقەت،،
هەرچی هەورە بە خوێنی ئەبەدی..
شیعر هەنگی ئەکەم، سوور
مەر، سەوز، ئەرخەوانی، شین، سپی..
لەوانەشە فریای بەداستانکردنی..
شەوەت نەکەوم،
لەم فیردەوسە وەرانەی غوربەتکا،،
هیچ نەبە هشتەی ئەفسانەنامەیک
لە تەنیایی و..
ساتە مەرگی ئارەزوماندانە،،،
با لەنەوانمانا بە،
وەک نەوان ئەو شارانەی ..
بە تەموە دەن و
بە لمی بیرکردنە نامێنن…
زەنگەکانی چاوەوانیم ،
لەم خەزانی هەنگاوە نەژمبەرە..

بە دوا ڕۆشنایی گالیسکەی ڕۆشتنت ئە زرنگێنم..
داستانی ڕۆشتنی ئافرەتە لە نور،
بە نووکە قەڵەمی بروسکە
ئەنوسمەوە، هەر چەند…
دواشکەوت ، هەرچەند تەنها..
زەریا چیرۆکی ڕۆشتنی ئەزانە،،
ئەم سروتی پەرتبونە ،
نە خەوە نە ڕاستە،،
پێت ووتم، چەند قەشەنگم..
لە خەزانی ئاوەزانبوونم،،
بە دارگەی ئەڤین،،
گەرچی دەرچەیەکیش ..
لەبەندەری کریستاڵی سبەینێش هەر کراویەوە
گەرچی پەیکەری بونمان ..
نەو تەم و تەزی ڕابردو..و..
داهاتووا، جە ماوە..
سەناتایەکی دەڤەنە،،
سوتان لە ژەر خەزانە ڕەنگاڕەنگی نەڤەمبەر..
تەزە تروسکە خەندیەک ماوە،
بەهام ئەفسوونی نەڤەمبەر
هاتنەوەی کەمەڵی مەڵی ڕەشی کەچەڕە،
کاتە لە کەلی چیای
سپی تەنیایی،،
ئەدەنە شەقەی باڵ،
پیاوە تەرزە دەنە و،
ژنەکیش وەک ژەی گیتاری ڕوبارە..
شارە لە پریاسکەی سپەدەی ڕەشتن ئەنە
لە هاژە هاژی وەسکەری ماشینی ژیان،
نەڤەمبەر بە گەڵاڕەزان.و..
فرمێسک ژان و ڕەحیژان و عیشق ژاکان دەست پێئەکا،
نەڤەمبەر، بەردەوامی پێنوسی بەردی خەفەتە ..
لە نوسینی سەرگوزشتەی بە دەنگی،
دودەی نیگایە لە بەرامبەر
ڕاست و دروستی ئەماسی..
عیشقی ئافرەتکی ڕەشپێش،
کە سامانی شەوی شینی دابەان هەنای ،
تەنها سامانی ڕەحیشی ، دەکە

پ مرواری و یاقیقی جوانی نمی جهشتن
بارانی نۆمبر دای کردوو،
گرچی وەرزکی ئافات ەوخسار
چارەکی گااڵزانی بابردووی..
کشتی ئاتونی پایزی دواخست.
وەنەکە کارکی هونەری فۆتۆگرافەری هوەندی
(Couleur-De)
بە سوپاسەوە لە پەیجی فەرمی خۆی وەرگیراوە.

لە ئەمەوە بیر لە تەنیایی مەکەرەوە .. تەکست: ستیڤان شەمزینی

فریشتەکەم
زەر گەام تا تەم دەزیەوە
بینیم تە هەمان فریشتەی نەو خەونەکانم بوویت

فریشتەکەم.. دەستم بگرە
با سەما بکەین
با گەرانی بە ئەشق بەین

فریشتەکەم.. لە دووریی تە
لەناو بەستەکی ئەشقدا تواموە

فریشتەکەم.. هەست بە سەرما دەکەم
بە سەزی گەرمت لەم زەمهەریرە دەرمبەنە

فریشتەکەم.. خەریکی خوێندنەوەی تۆ بووم
کەچی بینیم باسی خەم دەکەم

ئەمڕۆ لە دڵی ناسکی تۆدا
خەریکە وەک مەم ئەتوەمەوە

من و تۆ لە یەکتر ناچین
نا. نا.. من و تۆ یەکەکین

لە ئەمڕۆوە بیر لە تەنیایی مەکەرەوە
کەرتێک لە خەتت دەستکەوتەوە

تۆ گەورەترین جادووگەریت
بۆ وشەکانت ڕەحم ئەهێنیتە سەما

عەشقێک لە ناخمدا چڕی کردووە
هەرگیز جەستەم توانای هەڵگرتنی نییە

عەشق سەرچاوەیەکی نەفرەتلێکراوە و
هەمیشە پاڵەوانە ڕاستەقینەکانی دڵاون

دڵانی ڕاستەقینە لە عەشقدا
ڕۆژی کۆژاوەی زێینە

مرۆڤی دڵداو لێم گەڕدوونەدا نییە
مەگەر ئەوەی عەشقی نەناسیبێ

ئەگەر خەت بێ براوە بزانیت
دنیا بێ هەرگیز ئاشق نەبوویت

عەشق گەمەی دڵداوکانە
هەرگیز خەون بێ بردنەوە مەبینە

مەعشوقەکەم
پێش غروبی تەمەن
پێکەک لێ شەرابی عەشقم بنۆشە

مەعشوقەکەم
پێش غروبی تەمەن
ئەوارەکانم پێ بکە لێ پێکەنین

مەعشوقەکەم
پێش غروبی تەمەن
بەختەندیەک لەگڵ ژیان ئاشتم بکەرەوە

مەعشوقەکەم
پێش غروبی تەمەن
بهڵێ بانی ڕەحانەی ڕەحت بکەمەوە.

منداڵانی کورد و ڕۆژی جیهانی منداڵان.. ڕەزا شوان

لە ساڵی (١٩٥٤) دا، کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان، داوای لە هەموو وڵاتانی جیهان کرد، کە ڕۆژێک بە ناوی (ڕۆژی جیهانی منداڵان) دیاری بکەن. لەم ڕۆژدا ئاهەنگ بگێڕن، بەوەی کە ڕۆژێکە بە بڕیارێتی و لێکتێگەیشتن لە نێوان منداڵاندا، لەسەر ئاستی جیهانیدا. بە کارکردنیش بۆ خۆشی و شادی منداڵان لە جیهاندا.
ڕێکەوتنامەی مافەکانی منداڵانیش کە لە ڕۆژی (٢٠/ نۆڤەمبەر/١٩٨٩) دا دەرچوو. دووبارە لەو ڕێکەوتنامەیەدا جەختیان لەسەر ڕۆژی جیهانی منداڵان کردەوە. هەر لەو ساڵەوە ڕۆژی (٢٠/ نۆڤەمبەر) ی هەموو ساڵێک کرا بە (ڕۆژی جیهانی منداڵان).
تا ساڵی (١٩٩١) زۆربەی وڵاتانی جیهان، بە (تورکیا) و (ئێران) یشەوە واژۆیان لەسەر جاڕنامەی مافەکانی منداڵان کرد، بەڵێنیان دا کە پابەند دەبن بە جێبەجێکردنیان.
ڕۆژی هەینی (٢٠/ نۆڤەمبەر/٢٠٢٠) کە یادی (٣١) ەمین ساڵەڕۆژی دەرچوونی جاڕنامەی مافەکانی منداڵان و (ڕۆژی جیهانی منداڵان) ە. زۆربەی منداڵانی جیهان لەم ڕۆژدا شاد و دڵخۆشن و ئاهەنگی خۆشی دەگێڕن و دیاری وەردەگرن.
بەپێی بەندەکانی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی منداڵان، منداڵان لە هەر شوێنێکی جیهاندا بژین، بە جیاوازیکردن لە ڕەچەڵەک و نەتەوە و ڕەگەز و ڕەنگی پێست هەموویان منداڵن و وەکو یەک هەموو مافەکیان هەیە.
بەداخەوە، تا ئەمڕۆش منداڵانی بەدبەخت و بێنازی کوردمان، لە سایەی داگیرکەرانی تورکیا و ئێرانی ڕەگەزپەرستدا. نەک هەر هیچ مافەکی سەرەتایی و ساکاریشیان نییە، بەڵکو بە ئۆپەڕەی دڕندەیی و نامەردییەوە، سوپای خوێنمژ و میت و ئیتلاعاتی بەڕوشتی کەماری سەدارەی ئیسلامی و کەماری زیندانستانی ئەردەگانی، زەر دەڵقانە و بەویژدانانە و بە دەستپاراستن لە منداڵانی کوردی ناو لانکیشمان بەبە تاوان منداڵانی کورد دادپڵسن

و سەرکوت و دەمکوتیان دەکەن و بە ناڕەوا دەیان کوژن. تا ئەمڕۆش بە هەزاران منداڵ و مەردمنداڵی کوردمان کە لەژێر تەمەنی هەژدە ساڵییەوەن، لە زیندانە سامناکەکانی کەماری سەدار و کەماری زیندانستان، بە تاوانی هەبەستراوی پشوخت زیندانی کراون. ڕۆژانە لەلایەن جەلادە بڕوشتەکانەوە، پیسترین ئشکەنجە و ئازاری جەستەیی و دەروونیان دەدەن و سوکایەتییان پێدەکەن پێدەکەن.
تا ئەمڕۆش منداڵانی کورد، لە سایەی داگیرکەراندا، لە ژیانێکی زەر سەخت و دژواردا دەژین، هەمیشە لە دڵەاوکی و تەقین و ترسدان. بە کۆمەڵکوژی و مەینەتی و ناسەری و بە ئومێدی و بەرسێتی و نەبوونی و ڕشووتی سەردەنەوە، تەنانەت چێژ لە خۆیش وەرناگرن، چونکە لە نیوشەودا، دەندەکانی تورکیا و ئێران، هێدەکوتنە سەر ماڵەکانیان و بە بەرچاویانەوە، باوک و دایک و کاک و دادیان دەگرن، دایاندەپێسن و کەلەپچەیان دەکەن و بە سەر و شوێنیان دەکەن و بەرەو چارنووسکی نادیاریان دەبەن.
تا ئەمڕۆش چەندین منداڵی کوردیان لەژێر ئشکەنجەدا کوشتوون، یا بە ڕەژی ڕووناک بە بەرچاوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی مافەکانی منداڵان و مافەکانی مرۆڤ و وێژدانی جیهانییەوە، بە تاوان و بە ناڕەوا لە سەداریان دان. هەر لەبەر ئەوەی کە کوردن. ئەم تاوانانە بە پەچەوانەی هەموو یاسا نەودەوڵەتییەکانەوەن.

منداڵانی کوردمان لە تورکیا و ئێران نەک هەر مافی ئەویان نییە کە بە زمانی دایکیان، زمانی کوردی بخوێنن، بەکو بە زەرداری و بە تەبزی فەڕی زمانی تورکی و فارسی و فەڕی کولتوورەکیان دەکەن کە نامەن بە لای منداڵانی کوردەوە و پێیان هەرس ناکرێن. دەیانەوێت منداڵانی کورد لە نەتەوەی کوردمان هەبگەنەوە و بە زەر بیانکەن بە تورک و بە فارس و زمانی ڕەسەنی کوردییان لەبەرچاو بخەن و هاوبەستبوونیان بە کوردستان و کورد کا بکەنەوە. چەندین مامۆستای خەباخشی زمانی کوردییان بەندکردوون، لەبەر ئەوەی خەباخشانە زمانی کوردییان بە منداڵانی کورد وتەوە. بە نموونە: مامۆستا (زارا محەمەدی) لەبەر ئەوەی کە خەریکی ئەوبوو کە کەمپەینک منداڵانی کوردمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە شاری سنە، کە تامەزرۆی فەربوونی زمانی کوردی بوون، فەڕی کوردی بکات، ئاخوەندەکانی کەماری سەدار بەندیان کرد و ئەمیان بە تاوان دانا. مامۆستا زارا محەمەدی بە (١٠) ساڵ زیندانی سزادرا. تا ئەمڕۆش لە

تورکیای ڕەگەزپەرستدا، قەدەغەیە کە ناوی کوردی لە منداڵانی کورد بنرێن، دەبێت ناوی تورکی لە منداڵەکانیان بنێن. ئەگینا سزای زیندانیکردن دەدرێن.
جا منداڵانی کورد کە هیچ مافێکیان نەبێ و لە بارودۆخێکی وا سەخت و هەمیشە لەژێر هەڕەشە و چەوسانەوە و سەرکوتکردندابن، تروسکایەک شادی و خۆشی لە دڵیاندا نەبێت، هیچ هیوایەکیان بە داهاتوو نەبێت. چۆن یادی ڕۆژی جیهانی منداڵان بکەنەوە؟ تەنانەت لەم ڕۆژشدا، تەباران و بۆمباران دەکرێن و دەگیرێن و دەخرێنە زیندانەوە.
هەموو ئەم تاوانە قێزەوانانەی کە تورکیا و ئێرانی ڕەگەزپەرست و دڕندە و نامەرد، دەرهەق بە کورد و منداڵانی کورد دەیکەن، پشتڵکردنی مافکانی منداڵانن و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتین و تاوانی جەنگن و دژی هەموو یاسا و ڕێسایەکی نێودەوڵەتین. بەزاندنی سنووری هەموو یاساکان و ڕێوشتێکن و ژێرپێخستنی مافکانی مرۆڤن.

بە داخەوە، کە کورد هەمیشە بۆتە قوربانی بڕژەوەندییەکانی دەوڵەتە زلهێزکان. کە هەموویان لە ئاستی ئەو تاوانانەی لە کورد کراون و دەکرین، خەیان کوێر و کڕ و لاڵ کردوون و دەکەن. هەر ئەم بێدەنگی و هەڵوێستە شەرمەزاریەیان، بوونە بە هاندان بە ئەوەی کە داگیرکەرانی کوردستان زیاتر درێژە بە تاوانەکانیان بدەن و تاوانی زیاتر و ڕەشکوژی و ڕشبگیری و ژینەسایدی زیاتر لە گەلی کوردی ماف و ژیان زەوتکراو و کوردستان داگیرکراو بکەن.
تا کەی ویژدانی مردووی جیهانی لە ئاستی ئەم ستەم و تاوانانەی کە لە کورد دەکرێن ڕاناچڵەنێت؟ بێدەنگییان تاوانە و لایەنگرتنی تاوانبارانە.
شەرمەزاریشە بە حکوومەتی هەرەمی کوردستان، کە ئەوەی خەمیان لە ناخەن و ئاوایان لە نادەنەوە منداڵانی بێدبەختی کوردمانن.. بە نان و ئاو، بە مووچە، بە دەرمان و چارەسەرکردن، ڕەشووت و بەناز. بە بەش لە ماف و لە پێویستیە سەرتایەکانی ژیان. وایانکردوون کە ژمارەیەکی زەر لە منداڵانی کوردمان، ناچاربن و واز لە قوتابخانە و خوێندن بهێنن. جەستەی ناسکیان بخەنە بەر سەرما و سۆڵ و کزەبای چلەی زستان و گەرما و گڕەی چلەی هاوین.. خەریکی فرۆشتنی کیسەی نایلۆن و گوڵبەڕۆژە و بنەشت و جگەرە و ئاو فرۆشتن و کاری دەستگڕەی و ئیشی قورس بن. یا خەریکی بایەکردنی پەڕاون، یا لەسەر زبڵخانەکان خەریکی تێکدانی خۆڵ و

خاشاکن. تا یارمەتی بژێوی خەزانکانیان بدەن کە ژیانێکی کەلەمەرگی و بژی و مەمارە دژین. بگومان ئەمە زەنگێکی ترسناکە و کاریگەرییەکی خراپی لەسەر داهاتوو و چارەنووسی گەلەکەمان دەبێت. چونکە منداڵانی ئەمڕۆمان داهاتووی کوردستانن. ئەم تاوانانە لە ئەستۆی حکوومەتی کوردستان و حیزبە دەسەڵاتدارەکان دان. کە بە سکی تەر و گیرفانی پڕەوە ئاگایان لە منداڵانی هەژارانی گەلەکەمان نییە.
ئەی منداڵانی شاد و دڵخۆشی جیهان، ڕۆژی جیهانی منداڵان لە ئاوەی بەختەوەر و ئازاد و ژیانخۆش پیرۆزبێت. بەڵام داواتان لێدەکەین، کە ئەمەی منداڵانی کوردی هاوەڵتان لیاد نەکەن، کە هیچ مافێکمان نییە. داواتان لێدەکەین بە تونڈی پرۆتیستەی تاوانە قێزەونەکانی تورکیا و ئێران بکەن، کە بەبێ تاوان منداڵانی ئاشتیخوازی کوردی هاوەڵتان دەکوژن.. داواش لە حکوومەتەکانتان بکەن بەدەنگ نەبن و بە دەنگمانەوە بێن. تا ئەمەی منداڵانی کوردیش ڕزگارمان بێت و بە ئازادی لە کوردستانی نیشتمانی پیرۆزمان دا بژین و لە یادکانی داهاتووی ڕۆژی جیهانی منداڵان دا بەشداری بکەین. تامەزرۆی ئەوەین کە بە بەشداری لە ئاهەنگکانی شادی و خۆشی ڕۆژی جیهانی منداڵان دا بکەین، گۆرانی بچڕین و تەر پێکەنین و سەرچاپی بگرین و تەر هەڵپەڕین.

لەگەڵ ئەو هەموو ستەم و نەهامەتییانەی کە بەسەریان هێناوین، هەمیشە گەشبینین و هیواداربن، کە لە سایەی خەبات و تێکۆشانی و کەنەدانی ڕۆژە دەسوزکانی گەلە قارەمانکەمان، زووبێت یا درەنگ، چوک بە داگیرکەران دادەین و ڕزگارمان دەبێت.
چونکە هیچ مافێک ون نابێت.. گەر خاوەن ماف دوای بکەوێت.

ڕزا شوان
١٨/ نۆڤەمبەر/ ٢٠٢٠

نەچیرڤان بارزانی، سەرکی هەرەمی کوردستان، ئامادەیی خۆی بۆ پێدانی هەموو نەوتی هەرەمی کوردستان، لە بەرامبەر نەسەدملیار دینار، بەحکومەتی مەرکەزیدا نیشاندا! .. تاهیر عیسا

ڕاگەیاندنەکەی نەچیرڤان لەنوان دوو ئاگردایە!

ئاگرێک ئاوەیە، لەسەرنەگرتنی وەها پێشنیارێک دنیایو بەمەش دیەوەت لەلایەک لەنگای خەکردنە چاوی خەکەوە نیازپاکی خۆی بەەکەوتن وەک لایەنی داکۆکیکاریی موچەخۆرانی خەکی کوردستان پیشانبدات و لەلایەکی تریش وەک دیارە ناەزایەتیەکی بەرفراوان لەئاستی گشتیدا لەبەرامبەر ەکەوتنە پەنجا ساڵیەکیان لەگەڵ ئەردەغاندا هەیو دیەوەت بەت کە هەروەک پێشتریش لەەاگەیاندنی ەژنامەوانیدا ڕایگەیاند، کە لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا سەربەخۆن لە سیاسەت و ەکەوتنیاندا.

بەام ئەمری واقیع پێچەوانەکەی پیشان دەدات و دەریدەخات کە ئەوان بەتەواوی بەمەرجی مانەویان وەک بنەماەیەکی تاانکار و مافیاگەری دەسەاتدار بەسەر خەکی مەزەومی کوردستاندا، ەکەوتنی پەنجا ساەیان بەادەستکردنی نەوتی کوردستان بەتورکیادا ئیمزاکردووە.
لەئاگەریی ڕاست نەبوونی ئاگەریی یەکەمماندا، دووەم ئاگەر، ئاگەر ئەوان ڕاست دەکەن و دەزانن کە هەموو نەوتی هەرەم بای نەسەدملیار دینارە، بە لەو هەموو داهاتانەی لە گومرگەکانی ناوخۆو خاەە سنوریەکان و یەکە بەرهەمهێنە ناوخۆییەکانی دیکەدا کە بەسەدان ملیار دینار دەقبەندرەت، دەستیان دەکەوەت، چپۆیستییان بە وەها ەکەوتنێک هەیو بە هەر خەیان کارو بارە ئیداریەکانی حکومەت و خەک ڕایی ناکەن؟

بەرامبەر هەر کەسێک، لەکوردستاندا بەچاوی بەرژەوەندی گشتی و بەچاوی مۆچەخۆرانێک، یان بەچاوی بەکارانێک کە بەدەستی ئەم حیزب ودەسەڵاتەوە گیردەن، بەوانەت، دەتوانەت لەوە تێبگات، کە ئەم حیزب ودەسەڵاتە دژە خەڵکییە، چەندە درزن و ساختەچیی و مەکرو تەڵەکەبازن و خەریکی چجرە یاریکن، لەسەر حیسابی قوت وداهاتی خەڵکی نەداردا و چەن سیاسەتی هەموو شتێک لەپەناوی دەسەڵات و بنەماڵەو مانەوەیاندا پیادەکەن!

هەر هەوە وتەقەڵایەکی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان، بە باشترکردنی ژیان و گوزەران و زامنکردنی موچەو بیمە هەمەلایەنەکانی ژیانیان، بە هەڵکخراوبوونی گشتییان لەم سەرو ئاوسەریی هەرەمی کوردستانەوە گرەی خواردووەو بەبە دەستبەرکردنی ئەم یەکیەتی ویەکدەنگییەی کرێکاران خەیان، مەحاڵە لەچاوەوانی وەعدو وەعیدو سیاسەتی درزنانەی بەرژوازیدا، کەتایی بەم هەل ومەرجە سەخت ودژوارە بهێنرێت.

تاهیر عیسا /18.11.2020

کتێبی: (پووشکین: ژیان و بەرهەمی شاکاری) و شیعری موتوربە .. سەباح هەنجەر

هەموو درەختێکی بەردار ئەفسانەیەکی هەیە و دایکە مرۆڤ بە ئارامی لەناو ئەفسانەکەیدا بژی. خەم وەك ئاو و خاکەی بە باخ خۆش دەکرێ دەبینم: درەختەکانی باخ هەموویان لە خاکێکی دیاریکراودا بە یەکەوە دژین و بەرهەم پێشکەش دەکەن. بەرهەمکانیش هەر یەکەی تام و شێوە و قەوارەی تایبەت بە خۆی هەیە، هەر یەکیش کاتی جیا و تایبەتی هەیە لە پەگەیشتن و پێشکەشکردنی بەرهەمەکەی، هەموویان وەك برای یەك دایك و باوك بەیەکەوە دژین و هیچیشیان لە ئیرەیی پێبردنی ئاوی دیدا هەنابزکێت.
هەموو دەقێکی هەستن و دنیا. پە لە گرژی و ململانێیە، ئاو گرژی و ململانێیە دەستاتی دەق پێشان دەدا.

با دە پکەوە لە هەموویان دەدا، باران دە پکەوە لە هەموویان دەدا، هەتاو دە پکەوە لە هەموویان دەدا، ووناکی مانگ دە پکەوە لە هەموویان دەدا ... تاد، منیش داهێنەرم تا دواپلەی خۆشویستی خۆم دەوێ. هەر بابەتێك لە داهێنەرێك بخوێنمەوە، ئوپەرەی ئاوات و دڵووتنیمە، لەسەر نانی خوانی هەموو ماڵان ناوی بنووسم، یان لەسەر شانی خەمی دانەم و بەناو شاردا بیسووڕێنمەوە. وەك درۆشانێوەی هەمایەك پێشانی دەستبژێری کەمەرگای کوردی بدەم، بەڵام بە هیچ شێوەیەکیش بە ناداهێنەر و تەمبەڵ و ناوەجاغ و پاشخاپۆرەکەکم نەگوتووە، بوونی تایبەتی خۆت هەیە و دەستخۆش، خۆشدوویی لەسەر مەرگی هەر شێش منداڵم بکەم. لەسەر شیعر نایکەم، ببەای ببەیش سەرسامیی خەمم بەرانبەر دەقی بەگەرد نەشاردووەتەوە. دەنیام: (نالی و گۆران) بە بەهرە گەورە و تایبەتمەندەکانی دەوروبەری خۆیان گوتووە: (تە کەششی زاڵ بکە و ببە بە خۆت) و بەناو خوێن و گۆشت و دەماری منیشدا تێبپەڕێ، شیعر پێویستە لە پێناو خۆت و ئێستێتیکای زماندا بنووسرێت، قسەش پێویستە لە پێناو هەمووانداا بکرێت، من شیعرم کردووەتە زمانی هەموو دەربەینەکان و تەنیا لە شیعریشدا دەگەمە چێژی دەربەین، بە هیچ جۆرێکیش خودی خەم ناچاری نووسین نەکردووە. چێژی دەربەین هەورم بە دەکاتە باڵیف و ئاوێی خەون و خەونمە بە باشی دەیبینم.
خودا ئاو بەندانێی خۆی خۆش دەوێ، هەندێك بیرەوەری و پەیوەندی لێك نزیکی بە نزیکتر دەکاتەوە و لە یێك خاڵی خرۆشاندا کەیان دەکاتەوە، پاشان دەیانخاتە بەر سرۆی ئیلهام.
لەناو کتێبخانە بچووکەکەمدا، بە دوای کەشیعری: (نوختەی نوونەکەی ژیان)ی فەرهاد شاکەلیدا دەگەڕام، پێویستم بوو، بە شێوەیەکی بەراوردکردنێك لەگەڵ شاعیرێکی هاونەوەی خۆی بە جیاوازی و بەکارهێنانی هەڵە و هەماکانی ئەزموونی ئێستایان. بە ویست و بیرلێکردنەوە کتێبی: (پووشکین: ژیان و بەرهەمی شاکاری)، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی (الحوادث) 1983 بەغدا، کەوتە ناو ووناکی چاوم و بە ئاهەکەوە دەستم بۆی بردە. سام و مووچڕکی یادێك هەردوو شانی گرتم و لە ناخەوە هایوشاندم و خاوی کردمەوە، وەك ئاوێی کەوتبمە ناو قووڵایی ئاوێکی ساردەوە و مانگ لە ناوێدا خنکابێت. لەو چرکە پە دەروونەشنییەمدا، داوام لە خودا کرد هوو لە جیهانی خامۆشان بکەم. بە تونڈی خۆرتاوی ئاو هەژە تەم ئاڵا و دەست و پێی بەستم.
محەمەد خدر مەولوود لە (هەڵەبجەی شەهیدی جەماوەری هەولێر) لە 23/11/1985، کەسێکی لەبارەی کەشیعری: (نیگەرانی) نەوزاد هەفعەت پشکشکرد، لەو کەسەدا من و (ئیسماعیل تەنیا) بە تەنیشت یەکەوە

دانیشتبووین، ناونیشانی کۆبوونەوەکە پێش چەند ڕۆژێك ئاگاییەندرابوو، کە فەرمانی ڕۆژ، کۆبوونەوەیەك بوو ناونیشانەکەی لە بارەی فەرمانی بابەت بووبووچێت. منیش کەشیعرەکەم بۆپێی وردەکارییەکانی خوێندبووەوە، ئاگەرچی موو بە موو ئاگاداری شیعری نوێی کوردیم و لەناویدا توایمەوە و بە جیاوازی، هەمووی بە وردی و یەك ئاست و بایەخەوە دەخوێنمەوە. هەستم کرد بۆشکی، کە دەیخوێنمەوە بەر زەین و هەستم کردوون. ئەو هەستپێکردنە خستمیە کۆکردنەوە و سەر هێڵی بەدواداگەڕان و زەینم ڕوون بکەمەوە، لە کوێ بەر زەین و هەستم کردوون. وەك سەرقاڵم دەزراوەکانم تەمارکردن. بە بۆشداریی گفتوگۆ لە کۆبوونەوەیەکم لا دروست بوو، ئاگەرچی بە سروشتی خۆم لە کۆ و دانیشتندا حەزم لە گوێگرتن و سەرنجدانە، کەمتر خۆم لە مشتومە و باسکان دەدەم. ئەم بابەتەم لای برادەرانم: (حسام بەرزنجی و مەولوود ئیبراهیم حەسەن و خالید جووتیار و مەسعوود پەرێشان و فەیسەڵ دەهاتی) باس کرد. ئەو پێشنیازیان کرد، بە ئەوەی بچوونەکانم ببێتە بۆگەدار و جێگای بوا، ئەو سەرچاوانە لەگەڵ خۆم بهێنم کۆبوونەوە. وام کرد و هەموو سەرچاوەکانم لەگەڵ خۆمدا بردە بەردەم میکرۆفۆنی سەر مێزەکە، هەرچی دەزیبووماوە، کە بە وەرگیراوم دەزانی وەك: بۆگە و نموونە و سەرچاوە، هەم لاپەڕەی شیعرەکە و هەم لاپەڕەی سەرچاوە لەوەرگیراوەکەم پێشانی خوێنەر دا. شاعیریش لە کۆبوونەکەدا لە ڕێزی پێشەوە دانیشتبوو، دوای ئەوەی هەستپێکردنەکانی خۆمم پێشکەش کرد، شاعیر هیچ وەڵامێکی نەبوو، بەڵام ڕەنگی بە هەموو ڕەنگەکانی هەیە گۆا. سەرقاڵمکان بە هیچ ویست و ئاراستەیەك نەبوو، تەنیا و تەنیا حەز و شەیدایییەکی قووڵی ئەدەبی و جۆشکی گەرم نەبێت.

لەم چەندین وێنەیی پێشانی خوێنەری کۆبوونەکەم دا، دوو وێنەم تەواو دەتەوە یاد، کە لە کۆشیعری: (زریان)ی ئانوەر قادر محەمەد وەرگیرابوون.

(تروسکەی تروسکی ئاگری شوانی شەو بە کەو دامرکا)، نۆزاد
(هەشتبەتم تەزرەی ناوەخت گوڵە حاجیلەت بکوتێت)، نۆزاد
(تەرزەی ناوەخت، بەسەر سەرما دائبارێ
تە ئاگری ماڵە کوردەکی کەچەر بووی)، ئانوەر

دەبووایە ئەو حەقیقەتە لەبەرچاوی ئەو خوێنەرە زەر و بە شومارە ئاشکرا نەکەم. بەوەی نابێت هیچ گیانلەبەرێك بەهەی منەوە دووچاری ناخ شڵەژان و نیگەرانی ببێت، خودایە: (هەموو دەست و دوژمنەکانیشم لە کاری باش سەرخەی). داوای بەخشندەییش لە گوتنی ئەو حەقیقەتە دەکەم، واتە: لەخودی حەقیقەتەکە، کە بە گوتنی، مرۆڤێك دووچاری ناخ شڵەژان و نیگەرانی بوو، بە گومانیشم لە هەستی بە پێی خۆم.

سەرقەڵەمکانی من بە ناوی: (شاعیری قەپیچی)یەوە بوو، دوای ئەم هەستپێکردنانە لەخەبوونی و مەرکی ناسراوی خۆی، بە ئومێد بووم و لە هۆی خوێندنەوە و بایەخی منداڵکوتە پەراوێزەوە و بڵاوەم خست، بۆی زانیم خانەیەکی مردووە لە شیعری نوێی کوردیدا و بارە بەسەر شیعری بگۆڕدرێ.

دیدگا دگۆڕت. نموونە: ساڵی 2008 هەرسە بەرگی کتێبی: مەحرەمی ڕاز: شەرحی غەزەلیاتی حافز – ی (ئەکرەم عەنبی)م خوێندووەتەوە، چەند شوێنکم بڵاوە گرینگ و سەرنجڕاکێش بووە، هەتا بە ڕادەیەک کشاون. ئێستا، 2016 جارێکی تر دەیخوێنمەوە هەتا بە ڕادەیەک شوێنی تری دەکەشم و شوێنی تریم بڵاوە گرینگ و سەرنجڕاکێش. ئەم دەخگەینە، گۆڕان و خاڵی بینین و دەزینەوە و بەردەوامبوون و پوختکردنەوەی زیانە.

دوای 33 ساڵ ئەزموون وام لە دەکات بڵێم: شێوەی دەربڕینەکەم هەمنیی بیرکردنەوەی کەمێک زیاتر دەویست، یان یاخیبوونێکی کەمێک ووشکنانە و خەبەشتزان و پڕ بوو لە هەستی گەنجانە، زیاتر لە قەوارەی ڕەشنبیریی ئەوسام. ئەگەرچی ئەو بەراوردانەی، کە کردبووم. هەموویانم وەک: بەگە و نموونە و سەرچاوە پیشان دا، دەستواژەی: (شاعیری قەپیچی) بە هیچ گومان و دە لە دەدانێک دەستواژە و دەربڕینێکی هەراسانکار و دەدەنگانەیە. (قەپیچی) ناوێکی بە توکمە بە (دز)، دەکرا ئەو حەقیقەتەی دەزیبووماتەوە بە شێوەیەکی نەرمونیانتر ئاشکرام بکردبووایە. بە تایبەتی، کە بینیم شاعیر سەرنجێکی دوورودرێژی ڕکئامێز و کینە لە دڵی دام و ڕەنگی بە هەموو ڕەنگەکانی هەیە گۆڕا. خەم وەک گەنجێکی ئازاردەر هەست پێکرد، خەم ئازار دا و سەرقەڵەمکانی خەمم هەمووی دڕاند، وەک نووسینەک بە بڕاوکردنەوە دامنەشتەوە، بەچوونکان بوونە جێگای بایخی زەرەک لە ئامادەبووان، بۆی لە کاتی پێشکەشکردنی سەرنجکانم تەماشای ئامادەبووانم دەکرد، بینیم هەموو لە هەموو لە بچووکیانەوە تا گەورەیان یەک بە یەک خرۆشابوون. من شڕۆڤ و حەپەسام، دوای تەواوبوونی کەکە لە دەرەوەی هۆڵدا زیاتر لە نیو کاتژمێر بێشکی ئامادەبووان لەگەم وەستان و گفتوگۆی سەرنجکانمیان کرد، سە لەوانە.

یەکەم: (عەبدوڵا سەراج) بوو، گوتی: (لەم ڕووەوە، دەردی گران و باری گرانی چیرکنووسانی کورد لە شانی منە، بەڵام من لە شوێنی نەگونجاو و لەناو خوێنەردا لەڕوویان نادەم و ڕووشکێنیان ناکەم.)

دووەم: (ئازاد مەولوود) بوو، گوتی: (ئەم ورد خوێندنەوەیت هەزکی پەویستت پێ دەبەخشێت.)

سێیەم: (مەحموود زامدار) بوو، بە نەوایەکی پڕ هاندانەوە گوتی:

(ئەی لە ئومەد ئاشنا وردتر، بینووسەوە و بیهێنە تا لە ڕۆژنامەی هاوکاری، یان گۆڤاری بەیان، کامیانت ویست بۆاوی بکەینەوە بە خەندەیەکی گاڵتەئامێز و پڕ تەوسەوە دەنگی بەرزکردەوە و دەستی ڕاوەشاند: های های، چما ئەم شاعیرە ئەویە.)

ئەم دەروازە و زەمینە خۆشکردنە بۆ سۆبی یادەکە: لەناو کتێبخانەکەمدا بووم، هەموو هەستەکانم شڵەبووەوە ناو ئەزموونی کۆشیعری: (نوختەی نوونەکەی ژیان)، لە بەکارهێنانی هەستەکانی و ناخ بە سەرچاوەی هەموو ڕووناکییەك دانان و حیکمەتی ئەبەدی و گۆران بە دوای: (کەسکی تر) لە خەیدا، لە ئەزموونی هیچ شاعیرێکی هاوڕێی خۆی ناچێت. ژیان لەسادەیی خۆی، لەناو نادیاریێکی خودایێدا ئامادە و ماندارە بە بەڕابوون بە بوونی بەختەوەرییەکی نادیار و ئاسۆیەکی کراوەی نادیاریش. ئەم چەمك و ئامانی سەرکێیە لەناو شیعری کلاسیکی کوردیدا ڕۆگی لە: (مەلای جزیری و مەحوی و مەولەوی و وەفایی)یەوە دێت و دەگات بەم، ئەمیش بەختەوەرییەکی وێناکراوی تێدا دەزیوتەوە و سنووری فراوانتر کردووە، زمانیشی کارامانە بەکارهێناوە، لەم جارە بەکارهێنانەدا جوانیی زمانی کوردیت لا دەردەکەوێت، کە چۆن لەسەر دەستی داهێنەرانی ڕەسەنزادەی خۆی، بە پاکی بەرەو پێشەوە دەچێت و پێوەندیت لەگەڵ زمان دەپچڕێنێت، خۆی دەبێتە زمان، هەروەها ئیقاعێکی خاو، بەئام زەر سیحراوی بەکارهێناوە.

(یاد)ی کۆم هاتە لام و گوتی: بابە (ئیسماعیل تەنیا)، نامەیەکی بە ئیمەکەت ناردووی، ئەگەر بێت بۆنم لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر دەیخوێنیتەوە، نوێك دەستوبرد وەڵامکت لە داوابکات. لەسەر شاشە چڕ لە خوێندنەوە وەرناگرم و هەم چاویشم یارمەتیم نادات.

دوای ئەوەی لەسەر شانکە هاتمە خوارێ و لە شوێنی خۆم دانیشتم. گەنجێکی نزیك لە تەمەنی خۆم، خاوەنی سیمایێکی منداڵانە بوو، لە کورسیێکەی شانی چەپمەوە دانیشتبوو، گوتی: (ڕۆخنەیێکی دەستانە و دەست گرتن و ڕاستییەکی ڕاچڵەکێنەربوو، ئەم شاعیرێت لە هەڵە ئاگادار کردەوە، لە قووڵایی چاڵێکی ڕەشدا دەستت گرت بە سەرخستنەوە).

مرۆڤێکی داهێنەر و لە ناخەوە دەوڵەمەند و پڕ پرسیار بوو، ئەو لە ناخ دەوڵەمەند و لە چارەنووس پرسە: (فوئاد کەریم) بوو، لە چارەنووسی دەپرسی، دوای ئەم یەکترناسینەمان بووین بە برادەر و هەستی بە هوودەی هەمیشە لە خرۆشاندا بوو، بە تابلۆی دەگوت: (هاوڕێیە بە وەفاکەم)، چاوەڕوانی زەری لە ژیان نەبوو، دەیویست تابلۆ ڕەحی ڕازی بکات. لە پێناو هونەری شێوەکاری و ئەدەبدا ژیانی یەکپارچە ببووە یاخیبوون و حەزی لە ژیانێکی پڕ ووداو بوو،

بەهرەیەکی تایبەتی هەبوو، دەیویست لە هونەری شانۆکاریدا بگاتە تریپك. هەمیشەش لە شانۆکارانی کورد بە ئومێد بوو، شانۆکاری لەسەر ئاستی جیهان دەویست. هەندێك جار ئومێد و داوای داهێنانی بەرز دەبووە و دەگەیشتە پلەی هەڕچوون، دەیگوت: کورد وێنەکێشی هەیە، شانۆکاری نییە، دوای ماوەیەکی کورت هەمن دەبووە و دەستکی بە دەموچاوی دادەهێنا و دەیگوت: لەگەڵ داوای لێبووردن لە (سمکۆ تۆفیق.)

پاش ماوەیەك شیعرەکم بە ناونیشانی (مووتوربە) لە گۆڤاری نووسەری کورد، ژمارە (4)ی ساڵی 1986 بڵاوکرایەوە، وەك شانۆیەکی نووسین، شانۆیەکی ئاسایی و جارێ پێناوەکی شاعیرانی نوێی پێش خۆم و باوخوازم، بەڵام لە ناوەوەی شیعرەکەدا جیا دەبمەوە و شانۆیەکی دەنگیم بەکارهێناوە، واتە: دەنگم بەسەر وێنەدا دابڕش نەکردووە. بەڵکو لە فۆرمەکی کراوەدا بەسەر وشەدا دابڕشم کردووە. لە شانۆی بڵاوکردنەوەکەیدا بایەخێکی زۆری پێدرابوو، لە ڕێژنامەگەریی کوردیدا یەکەم جار بوو ئەم شانۆ بڵاوکردنەوەیە ڕووبدات، یان لایەنی کەم من بیبینم. ئەو چەند لاپەڕەیەی شیعرەکەی تێدابوو، کرابوو بە دەنگێکی جیاواز لە دەنگی لاپەڕەکانی تری گۆڤارەکە. فوئاد کەریم شانۆکار بوو، بەڕام ئاگاداری وردی لەبارەی شیعر و هونەری شیعرەوە هەبوو، ئەم کتێبە: (پووشکین: ژیان و بەرهەمی شاکاری) دیاریی ئەم شانۆکارە کەچکردووەیە، کە هەمیشە سەرخۆش بوو بە هاوەنییەتی دەنگ. لە پاداشتی خۆشویستنی شیعری (مووتوربە)دا. منیش لە نواندنی ئەم وەفایەیدا، ساڵی 1988، کە دەمانە شیعری (زەوان)م چاپ کرد، یەکەمین دانەم پێشکێش بەو کرد. شاعیر کاتێك دەنووسێت خەمی خۆی و کاریگەرییەکانی دیکە دەیوروژێنێت. دیاربوو خەمی ئەو لەناو ئەم شیعرەی منیدا هەبوو، هەر لە یەکەم یەکترناسینماندا هاوڕێیەتییەك، ئاگەر هەفتەیەك یەکتری نەبینین، بیری یەکتر بکەین. لە نەوانمان پێدابڕبوو، خۆشبەختانە ئەویش وەك من خەمی ئەم لاو ئەو لای نەبوو، واتە: ئایدیەلۆژیا تەکنیکی دیدگای هونەری نەبڕبوو، خەمی من شیعری بگەرد و خەمی ئەویش تابلۆی بگەرد.

لە بنەڕەتدا شیعری (مووتوربە)م پێشکێش بە (دڵفیق سابیر) کردبوو، گۆڤارەکە بە پرسی من پێشکێشکردنەکیان لادابوو. لادانەکەش بنیاد و ئەندازەی مانا و تەگەیشتنەکەی تەکدابوو، بە ماوەیەکی کورت دوای بڵاوبوونەوەی شیعرەکە، عەسرانێك لەگەڵ برادەرم: (سەباح مەزن) لە قاوەخانەی مەچکە دانیشتبووین باسی شیعرەکە و لادانی پێشکێشکردنەکەمان دەکرد. (عەباس عەبدولا یووسف) هاتە نەوانمان دانیشت، دیاربوو تەنگەتاو ببوو بۆی: دوو لاو بە باشە باسی

داهێنانی کوردییان دەکرد، چونکە لە ئەنجامی ئەوەی لە پەراوێزی داهێنراندا ماوەتەوە. ناتوانێت دان بە داهێنان و دەرکەوتن و هەوونی و کامڵبوون بنێت، دەرکەوتن و هەوونی و کامڵبوونی داهێنەران کابووس بەسەر سینگییەوە. داننان بە داهێنانی ئەوی دی، داهێنان و دەرکەوتن و هەوون و کامڵبوونە. لە گەرمەی گفتوگۆیەکماندا بەچوونی منی داواکرد لەبارەی خۆی، یان سڵاح بەچوونی منی داواکرد لەبارەی ئەو، نازانم. منیش بە ئاشکاوی بەچوونی خۆم دەربڕی گوتم: دە شاعیرێکی ناکاری وەک تۆ لە کۆسپەڕە بەدیت و بیتراشیت، تا شاعیرێکی کارای لە پێکبێت شیعرێکی وەک شیعری: (ئەم مرۆڤە)ی هەفیق سابیر، کە هەوڵستە لە پێناو ژیاندا و دەربڕین لە توانای بەهێزیی مرۆڤ دەکات، بنووسێت. بەچوونکەم لەناو فەرمێکی زمانی زبردا خستەووە. لەو بارەیەوە پێویستیم بە دەڵاگرتن و شەوەی دەربڕینی تر هەبوو، ئەگەرچی ئەم شاعیرەی ئەم بەچوونەم لە بارەیەوە دەربڕی، ئێستا و ئێستاش (لە شیعردا) نەبووە شاعیرێکی چالاك و کاریگەر، خوێنەر دڵی پێی خۆش بێت، هیوایەکی داهێنانی لە زەمینەی شیعردا نەڕواند. هەر وەک پەراوێز و خانەیەکی مردوو لە جێستەی شیعری کوردیدا ماوەتەوە و ئەزموونێکی جەڵابی و مەنگڵییە، لە بواری پێکهاتەی میتافەڕەوەش کەڵ و بەهێستە، لە بنیادیشدا بگرە یەکی نەخۆش و خاووخلیچکە، شیعرم تێدا نەدەزیوەتەوە، واتە: دڵ و کپڵەی نیمچە شیعرم تێدا دەزیوەتەوە، بەڵام شیعرێکی تەواو شیعرم تێدا نەدەزیوەتەوە، سەخت و سەرسامکار بێت. ئەم بەچوونە حەقیقەتی تێگەیشتن و بیرکردنەوەی منە، ناحەقی تێدا نییە، یان شتێکی لەمە نزیك و لەم بابەتە، ئەوەش دەزانم لەپاڵ ئەو شیعرەی من پەسندی دەکەم. شیعری دیکەش هەیە و خەڵکانی تر پەسندی دەکەن. لەم شەوە جیاوازیدا دەبێت بیر لە شەوەی داهێنانی جیاوازیش بکەینەوە.

دوای تێپەڕبوونی کاژ و کاژگارێکی زەر، ئەوجا بەم دەرکەوت ئەم دوو بەچوونەم کاریگەریی خراپی لەسەر دەروونی ئەم دوو برادەرە دروست کردووە و شەڕاندوونی. بەوەی: لە شارچکەی عەنکاوە، لە بنکەی هەشنبیری کلدان، 15/6/2013 لە کەڵکی شیعریدا شیعرم خوێندەوە، هەرکە بانگ کرامە سەرشانە، ئەم دوو برادەرە: (عەباس عەبدوڵا یووسف و نەوزاد هەفعەت)، وەک ئەوەی هەوائی مەترسییەکی لە شەوەی بووملەرزیان پێگەیشتبێت. بەپەلە و هەڵداوان لە هەڵکەدا چوونە دەرەوە و نەیانتوانی گوێم لێبگرن.

من نەك شاعیربم. بەڵکو تەنیا مرۆڤبم، مرۆڤکی خودایی و هەستی. دەبە دەخکی تریان بە دروست بکەم و لەم دەخە دەروونییە ناجێگیر و ناهاوسەنگەی بەرانبەر بە مەن بەیان دروست بووە و هەیانە، دەریانبهێنم. داوای بەخشندەیش لە هەستی خۆم دەکەم، کە لە دەوە

بەدواداچوون بۆ ئایەت و تانوپۆکانی شیعر دەکات و ئەزمکی تایبەتی لە دەگرێت، ناشزانێت خۆشدووی هیچ کەس و ئەکخراو و دامەزراوە و دەسەڵاتێك بکات، باشیش لە خورپەی دڵی داهێنان و ناداهێنریش گەیشتووە، دڵووونم بە سروشتکی ئاستەقینە، نە بە هێنانی ووبەوو، نە بە ناوونانێر و لەمەی پاشماڵە ... تاد، نە فریو دەخەم، نە چەك دادەدەم، نە کەسیش لە ئەگای کەس دەناسم. هەوە دەدەم تا ئاستی ئەوە بیناسم، تا بەچوونم لەبارییەوە پەیدا دەبێت، بزانم کامە کاکێ و کامە تەوکە. ئەمیە: وریایی و وردی و وردەکاری و بیرکردنەوەی نووسین.
لە هەشتایەکان کەی ئەدەبی زەر بەرەوەدەچوو، لە زەرەك لە کەسکان ئامادە دەبووین. دوای تەواوبوونی کەسکان بە پیاسە و بەدەم گفتوگۆوە، یان بەرەو ماڵ، یان بەرەو بازاڕ دەهاتینەوە. گفتوگۆمان هەمووی لەبارەی جیهانی ئەمانسی و ئەحانی و دەنایدەنی ئەحەکان بوو، کەمتر بە لای شێوەکارییەوە بوو، زەرتر بە لای شیعرەوە دەئەیی و لای نەدەدا. ئەمەش هەکارەکی هەبوو، ئەوەندەی ئەو زانیاری لەبارەی هونەری شیعرەوە هەبوو، من ئەوەندە زانیاریم لەبارەی هونەری شێوەکارییەوە نەبوو، کتێبی: (پووشکین: ژیان و بەرهەمی شاکاری) بە قووڵی چووبووە دە و هەستیەوە، دەیگوت: ئەو شیعرانەی (عەبدوڵا پەشێو) بە ئارەزووی خۆی بە وەرگەڕان هەڵی بژاردوون و لە ئەژنامە و گۆڤارەکاندا باڵاوی کردوونەتەوە، شاکار و نایابترن لەم شیعرانەی لەم کتێبەدا لەسەر داوای: (محەمەدی مەلا کەریم) وەریگەڕاون.
هەمیشە شیعری: (بە هاوڕێیان)ی بە دوو جەر وەرگەڕان. یەك: لەسەر خواستی: (محەمەدی مەلا کەریم). دوو: لە هەڵبژاردنی چەژی ئەدەبی وەرگەڕ، بەراورد دەکرد.
ئەو شیعرانەی هەڵبژاردنی چەژی ئەدەبی ناچاری کردووە وەریبگەڕێت. هەموو ئەگەزەکانی نووسین لەناو پێکهاتەیەکیدا کاریان لەك کردووە، لەیەك کارلەکەکاندا شیعرییەت دەردەکەوە و خەبوونی زمانی ئەح و ئەزموون زاڵ دەبێت و دەبێتە ناوکی دەق.
ئەوە هەشتا لەو ئەژە زەین و
شەوە زەینانەتان ماوە،
کە خوداوەندەکان پێیان بەخشیون.
ئەوە هەشتا شایانی ئەوەن کچانی شەخ
بەوردی چاوتان تێ بڕن.
یاری بکەن، بچن، هاوڕێیانم!
شەوانی کورت بەبادەن،
منیش لە کەڵەنی فرمێسکمەوە

خەشبەختیی بە پەروای ئەو ئەبینم و بزە ئەمگرێ
پووشکین: ژیان و بەرهەمی شاکاری، ل: 216

لەو ڕۆژ و شەو زەمینانەتان هەشتا زەر ماوە،
کەوا خەڵاتی خواوەندەکانن.
هەشتا شایانی ئەوەن کیژوکان
بە چاوی تینوو تێتان بڕوانن!
دەسا هاوڕێیان،
بە بەزم و گەمە و گۆرانی گوتن
شەوانی کورتی تەمەن بەڕێکەن
بە شادیی خەتان مەمی خەندەیەك
لە پشت تەنکی فرمێسکم پێکەن!
گۆڤاری کاروان: ژمارە (3)، کانوونی یەکەمی 1982 ل: 34

تووڕەییەکی خوداوەندانە هەمیشە لە ناوچەوانیدا هەمای نائومێدییەکی گەورە بوو، ئەم نائومێدییە هانی دا بە پەڵە لە کوردستانی نقوومبووی شەی براکوژی ڕابکاتە ئەوروپا، لە ڕێگادا شەوی بەفر دەستی لە بوشنەت و شەهیدی بکات.
جەرگێك ئارەقە لە جەستەی مندا هەیە. نە زێڕ، نە زیو، نە کاتژمێر قبووڵ ناکات. قەدی جغارەی باوکم و ئێقەی هاوسەرگیریم و ناوکی وشك بووەوەی هەر شەش منداڵەکەم بە بایەخەوە لە شوشنکی تایبەتدا هەڵگرتووە. ئەم دیارییەی فوئاد کەریمیشم لەناو پێڵاوێکی کەتان پێچایەوە، لەو شوشنە تایبەتییەم دانا، کە قەدی جغارە و ئێقە و ناوکی وشك بووەوەی هەر شەش منداڵەکەمم تێدا پاراستووە، هەموو خەشویستان وەرنە خوونم، تا بزانین ژیانی ڕاستەقینە لە خونبینینداید، خون پوختەکراوی ژیانە. ژیانیش هەموو ڕەنگێکت ڕووبەڕوو دەکاتەوە، یان هەموو جەرگ خەشی و ناخەشییەکی بەدەموەیە.

ئایاری 2016 هەولێر

لە(58)وە بۆ (140) چارەنووسی کەرکوک لە بەرداشی جەنگی ژمارەکاندا .. نووسینی: ستیڤان شەمزینی

"ئەم شیکارییە پێش 13 ساڵ لە گۆڤاری نەوەند بڵاوکراوەتەوە. ئۆگۆرچی وا دەبینرێت بابەتەکە کۆن بووبێ، بەڵام لە راستیدا ناوەڕۆکەکەی هەمیشە بە تازەیی دەمێنێتەوە. تا بیری خوێنەریشی بخەینەوە کێشەی دەڤاندنی کەرکوک لە دوای روخانی بەعس بە تەنیا بەرهەمی شانزەی ئۆکتۆبەر نییە، بەڵکو شانزەی ئۆکتۆبەر تەنیا کۆتایی ئەو دەڤانەیە لە رووی سەربازیی و ئۆتۆریتەی دەسەڵاتی هەردوو حزبی فەرمانڕەوا لە کەرکوک"

لۆگۆی ناوهێنانی کەرکوک بەدەر لەوەی وێنای شارێکی وێران و فەرامۆشکراو دێتە پێش چاومان، راستەوخۆ بیرمان دەچێتە سەر ئەو کێشە و قەیرانانەی لەنێوان کورد و عەرەب عێراقییەکاندا بە درێژایی چەندین دەیە دروستبووە لەسەر مسۆگەرکردن و خاوەندارێتی ئەو شارە، نەوت یەکێک یان هەموو ئەو هۆکارانەیە هەمووڵایک بە وڵاتانی هەرەمی و جیهانیشەوە چاو ببڕنە کەرکوک و شێی لەسەر بکەن، چون ئەو سامانە سروشتییە بەسە بۆ ژیاندنی کەمێکی سەد ملیۆنی بەوپەڕی تێریی و ڕفاهەوە. بەهێدا نەچووین ئۆگەر بڵێین زیاتر لە 90 ساڵە کورد بۆ قەبارەی خەبات بۆ ڕزگاریی و مافی چارەنووس لە هەوڵی سەندنەوەی کەرکوکدا بووە. کەرکوک لە بزافی شێخ مەحمودەوە تاکوو ڕۆژی ئەمڕۆمان لە لیستی داواکاریی و خەباتی کوردەدا لە بەشی سەرەوەدا بووە، گرنگی ئابووری ئەو شارە پاڵنەرێک بووە حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق دەستبەرداری نەبن و جەنگی درێژخایەن لۆگۆی خاوەنە راستەقینەکەی (کورد) بەرپا بکەن، پاشان لە ڕێی بە عەرەبکردن و ڕاگواستنی کورد لە شارەکەدا ناسنامەی ڕەسەن و دیۆگرافیاکەی بشێوێنن، بەڵام کورد هەموو کات داکۆکیی جیددی لێکردووە تا ئەو ئەندازەیەی شەشکی وەک ئەیلوولی بۆ بە قوربان کراوە.
دوای 9-4-2003 پرسی کەرکوک لە ئاجێندای کوردی باشووردا پانتاییەکی زۆری داگیر کرد و لە ڕاستیشدا یەکێک لەو دۆزانە بووە زۆرترین دانوستان و گفتوگۆی لەبارەوە کراوە و دەکرێت، قانوونی 58

ئیدارەی کاتی و ماددەی 140 دەستووری هەمیشەیی عێراق بەشکن لەو پلانانەی لەو چوارچێوەیدا و بە یەکلاکردنەوەی چارەنووسی کەرکوک داڕێژراون. هەنووکە کاتی یاسایی جێبەجێکردنی ماددەی 140 تەواو بووە و ڕەوشی کەرکوک وەک خەی ماوەتەوە، لە کورد بەنیازی ماوەی ئیزافییە بە جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە، بەداخەوە ئەزموونی چوار ساڵە و نیوەی ماڵئاوایی عەرەبی باڵادەستی دوای سەدام حسێن سەلماندوویەتی نیەت باش نییە، هەروەک (محەمەدی حاجی مەحمود) وتی: تەنها یەک مانگە تەقینەوە کەم بووەتەوە عەرەب هەڵشە دەکات کە نابەت نەوت دەربهێنین و دەبەت ماددەی 140 دوا بخەین.
پرسیاری هەنووکەیی ئەوەیە: ئایا کورد و ڕێبەرییەکەی هەر دوای کەاوی بابردووی بڕەنی وهەمیی سەرکردە عەرەبەکانی عێراق دەکەون؟ یان ئومێدەک ماوە بە جێبەجێکردنی ماددەی 140؟؟ لە کاتێکدا ماددەی 140 پێکخراوە ئایا کورد کارتی هەیە بەکاریبهێنێت وەک پێکخستنی بەندێکی دەستووریی کە بەرژەوەندیی عەرەبی عێراقی پێوە بەسترابێتەوە؟ یان کورد ئەم دەزە دەباتە ناوەندەکانی دنیا لە چەشنی نەتەوە یەکگرتووەکان یان بە بڕگەی مەژووییی و بایاری سیاسیی دەست بەسەر کەرکوکدا دەگرێت؟. لە هەموو بارەکاندا تاریکییەکی زەر هەیە و هیچ تروسکایییەک نییە تا هەڵوەست و هەنگاوەکانی داهاتووی کوردمان پێ نیشان بدات لە وەختێکدا نیازی عەرەبەکان بە ڕوونی دیارە چییە.

مەژووی کەرکوک

ئەو کاتەی مرۆقی سەرەتایی فەری چاندن و کشتوکاڵ بوو ناچاربوو دەست لە ژیانی ڕەوەندیی هەڵبگرێت و بیر لە نیشتەجێبوون بکاتەوە، سەرچاوە مەژووییەکان باس لە چەند گوندێکی دیرەکیی دەکەن وەک کەنترین گوندە کشتوکاڵییەکانی دنیا، لەو لیستەدا ناوی گوندی (چەرمۆ)ی کەرکوک هاتووە و وەک یەکێک لە سێ کەنترین گوندی جیهان ناوی تەمار کراوە. بە بەوای (مەلا جەمیل ڕەزبەیانی) کەرکوک یەکێک لە هەرە کەنترین شارەکانی دنیایە و بەدرێژایینی ئەو (لە قەچە هەولێرە زەر کەنترە). بەرسڤی ئەو پرسیارە مەژووییەی کە بوو لەسەرەتاوە شاری کەرکوکی بنیاتنا؟. گەرمە و کەشە و ڕای جیاوازی لەسەرە، بەڵام هیچکامیان ناتوانن هاشا لەوە بکەن لە سەرەتاوە کورد یان ئەو گەلانەی کوردیان پێکهێناوە نیشتەجێی کەرکوک بوون و ئاوەدانیان کردووەتەوە (لە مەژوودا سەلمێنراوە شاری کەرکوک لەلایەن لەلەییەکان یان خەرییەکانەوە بنیات نراوە، ئەم دوو گەلەش ڕەگی سەرەکیان هەبووە لە پێکهێنانی گەلی کورددا). مەلا جەمیل

ڕۆژهەڵاتناسی، بەوای وایە: کەرکوک یەکێک بووە لە پایتەختەکانی (گوتو-گوتیوم)ی هاوسێی (لولو- لولوبین) کە تەنیا رووباری سیروان ئێم نەتەوەی لەیەک دابڕیوە هەردووکیان چڵی (کاسای)ن کە لقی گەورەی سوبارتەیە. ڕۆژهەڵاتناسی لە درێژەی بەچوونەکێیدا نوسیوویەتی: لە سەردەمی (نارامسین)ی ئاکادیدا (2400 پ.ز) بە وڵاتی کوردستانیان دەوت (سوبارتو) ئەو حەلەب (ئەرەبخە) کە لەم دواییەدا بوو بە ئەرافا- عەرەفە (واتە کەرکوک) بەشێک بووە لە سوبارتە.

مێژوونووسان هەمای بە دەکەن لە هەزاران ساڵ بەر لە نهەوە کەرکوک بەناوی (ئارابخا)وە ناسراوە و هەر ئێم ناوەشە بە تێپەڕینی کات گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بووەتە کەرکوک (گەتییەکان کە لە سێ هەزارەی پێش زایینداا لە پەدەشتەکانی شارەزوورداا دەژیان گەیشتنە کەرکوک و دەوروبەری و کەرکوکیان کردە مەبەند و جێگای ژیانی خێیان، لەو سەردەمەداا شارەکە بە ناوەکی نوەوە ناسرا کە ئەویش ئارابخا بوو، گەتییەکانیش ڕەگیان هەبووە لە پەکهاتنی نەتەوەی کورداا). بەگەڕ نەویستە شارەکە لەلایەن ئەو پەکهاتە و توخمانەوە بنیات نراوە کە ڕەگیان هەبووە لە خستنەوەی نەتەوە و ڕچەکەکی کورداا یان هیچ نەبووبە لە دەرینەوە وەک زەرینەی شارەکە بوونیان هەبووە و تێیدا ژیاون. هەموو ژەدەرە مێژوویەکان (تەنیا ئەوانە نەبێت بە چەواشەکراویی نوسراون) دەنیامان دەکەنەوە لەوەی هەبوونی کورد لە کەرکوکدا پێش هەر نەتەوە و نەژاد و گەلێکی تر بگرە لە زەربەی قەناغەکاندا کەرکوک پایتەختی کوردەکان بووە.
تەنانەت عەرەب و تورکمانەکانی لایەنگری فاکتی مێژوویی نکۆییان لەو ڕاستییە دیرەکییە نەکردووە، تا ئەوەی کتێبی (جوگرافیای سیاسیی) کە دەستێک لە مامۆستایانی زانستگاکانی میسر لە ساڵی 1961 دایانناوە دانیان بەو ڕاستییەدا ناوە و نوسوویانە: کوردەکان دەستێکن لە باکوورەوە هاتوون، خاوەنی دەوڵەتێکی کۆن بوون کە پایتەختەکەی ئارابخایە. لە ژێر ڕۆشنایی بەڵگە مێژووییەکاندا بەمان ڕوون دەبێتەوە هەموو ئەو نەتەوە و پەکهاتانەی ئەمڕۆ لە کەرکوک جێگیرن بە هەزاران ساڵ دوای کورد هاتوونەتە شارەکەوە، عەرەبەکان بوونیان لە عەراقدا دەگەڕێتەوە بە سەردەمی غەزەواتی ئیسلامی لە سەدەی حەوتەمی زاینیی و ئەو بەغدادەی نهەوەک پایتەختێکی عەرەبیی دەردەکەوە ئەوە ڕۆژە گوندی (باغی داد)ی کوردان بوو!!، ئەگەر عەرەبەکان بوونیان لە عەراقدا بە چواردە سەدە بگەڕێتەوە، ئەوا بە دەنیاییەوە هاتنیان بە کەرکوک لە سێ سەدە تێناپەڕێت، لەوانەشە کەچی عەرەب بەشەوەی شوانکارە و تاک تاک بە کەتاییەکانی سەدەی هەژدە بگەڕێتەوە لە کاتێکدا کورد لەو

مێژووەدا بە هەزاران ساڵ بووە لەو شارەدا ژیاوە.
لە سەردەمکانی دوای غەزەوات و فتوحاتی ئیسلامی و هەتا کاتی رووخانی دەوڵەتی (قەرەقیونلە)ش بەپێی (اخبار الدول)ی یوسف قارەمانی کەرکوک مەڵبەندی کوردی ویلایەتی شارەزوور بوو، لەم حاڵەدا لقێکی دەوڵەتی ئەردەڵان فەرمانڕەوای شارەزوور بوو. هاتنی تورکمانیش بە ناو کەرکوک بە بەراوورد بە مێژووی کورد لەو شارەدا دوێنێیە، تەنانەت کەچی تورکمان بە نەو عەراق کۆوتووەتە دوای هەزاران ساڵی بوونی کورد لە کەرکوکدا. مێژوونووسی تورکمانی (شاکر سابیر ئەلزابت) پێیوایە هاتنی تورکمان بە ناو عەراق بە ساڵی (54ک – 674ز) دەگەڕێتەوە کە لەشکرێکی چوار هەزار کەسی بووون و بە سەرکۆتنی خەلیفە نەردرابوون. کۆابوو زۆر درەنگتر رووبان لە کەرکوک کردووە و تیایدا جێگیربوون. ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تریش لەگەڵ کەچی بەردەوامی تورکمان و عەرەب بە ناو کەرکوک (پێش تەعریب و راگواستنی کورد) هەشتا کورد رەگەزی زەرینەی دانیشتوانی شارەکەی پێکهێناوە. بە وتنە (قاموس الاعلام) نوسیویەتی: سەرژمێریی شاری کەرکوک سی هەزار (30000) کەسە لەم ژمارەیە سێ بەشی 22500 کەسی کوردە و ئەویتری تورکمانە، عەرەب و جولەکە (760) و کلدان (460) کەسن.
لەگەڵ گەشەی زیاتری شارەکە و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، دیسان کورد هەر زەرینەی پێکهاتەی شارەکە بووە لەم رووەوە سەرژمێریی ساڵی 1957 باشترین بەڵگەی مێژوویییە کە دەریدەخات رەگەزی کورد لە شارەکەدا (187593) کەسە لە بەرامبەردا عەرەب (109620) کەس و تورکمان (83371) کەسن، بەڵام دوای شاوەکانی بە عەرەبکردن ئەم رەگەزیە لە زیانی کورد و تورکمان و لە بەرژەوەندیی عەرەب گەیانی بەخێوەوە بینی و عەرەب بوونە زەرینەی دانیشتوان، لەگەڵ ئەمەشدا فاکتی مێژوویی ئەوە دەسەلمێنێت کەرکوک بەشکە لە کوردستان، ئەگەرچی وجودی هەندێک هەزی عەرەبی وەک (العبید) کە پێش تەعریب لە کەرکوک بوون لەگەڵ تورکمان و کەمینەیەکی کلدئاشوری وەک هاووڵاتی رەسەنی شارەکە مایەی نکۆڵی لێکردن نییە، بەڵام ناسنامەی شارەکە کوردییە و دەکەوێتە نەو جوگرافیای وڵاتێکی دابەشکراوەوە بە ناوی کوردستان.

دەزینەوەی نەوت دەزینەوەی نەهامەتی

کوردی داماو و دیلکراوی کەرکوک هەرگیز پێی بە نهێنی ئەو گەورەی سەرسنگی شارەکەی نەدەبرد، ناچار پەنایان بە داتاشینی ئەفسانە بردبوو، پێش ئەوەی باباگۆرگۆر وەک کانییەکی بە بنی نەوت

ناوبانگ دەربکات لای رەشکی کوردی ئەوە رۆژە وەک مەزاری پیاوچاکێک سەیری کراوە و گەشکەشیان بە نووری پیرەزی خوداوەند زانیوە، دەماودەم دەگێڕنەوە دایکان بە مەبەستی منداڵبوون چوونەتە سەر ئەم مەزارە نەوتاویینە و لە تیشکی گڵی ئاگری سوور پاڵاونەتەوە و وەک بەیتە شیعرێک وتوویانە: بابا گوێگوە مناڵە.. وەک تیشکی ئاگری ئاڵە. دەزینەوەی نەوت لە شارەکەدا زۆر کەنتڕە وەک لەوەی باس دەکرێت ئینگلیزەکان یەکەم کەس بووبن نەوتیان لە کەرکوک دەزیبێتەوە، (عەلی مەحمود محەمەد) لە کتێبی (کەرکوک شاری قەڵا و ئاگر و خوێن)دا هەمای کردووە بەوەی لە سەدەی حەڤدەیەمەوە (1639) عوسمانییەکان بەشەوەی سەرەتایی نەوتیان لە کەرکوک دەردەهێنا، بەڵام ئەو نەوتە هەر بە بەکاربەری ناوخەیی بوو لە ماڵان و گەرماوەکانی شاردا. دواتر لە ئازاری 1925 کەمپانیای نەوتی تورکی بە فەرمی قەرخی دەرهێنانی نەوتی کەرکوکی کرد. ئیدی ئەم دەرهێنانی نەوتە لەسەر دەستی کەنیاڵیزمی بەریتانی پەریسەند و شارەکە بووە سەرچاوەیەکی نایابی نەوت و گازەکانی تر، پاشان لە هەمەتەکانی گەڵان بە دوای نەوتدا ژمارەیەکی تر کەگەی ئەو شلایە دەزرانەوە. ڕەنگبە دەزینەوەی نەوت و پەویستی هەزی کار یەکەکی تر لەو هەکارانە بووبێت تاکوو عەرەبەکانی ناوەڕاست و باشوور روو لە کەرکوک بکەن.

بە پێچەوانەی پێشبینی دانیشتوانی شارەکەوە نەوت نەک نەبووە مایەی خۆشگوزەرانی و ڕەفاە بیان بەکو بووە هەی دژواریی و نەگبەتییەکی گەورە، نەوتی کەرکوک ڕاکێشانی ئەقەی نارنجەکەک بوو بە هەر چوار لای خەیدا تەقییەوە و پریشکەکانی بە زۆر دوور ڕیشتن. دەکرێت بڵێین دەزینەوەی نەوت لە کەرکوک دەزینەوەی نەهامەتی بوو، سەرەتای کێشەیەک بوو نەزیک لە سەدەیەکە بە چارەسەر ماوەتەوە، چاوچنۆکی ڕژێمەکانی عەراق و تموحیان لە نەوتی کەرکوکدا هەنانییە سەر ڕەی کوشندەترین بیرۆکەی جەهەنمیی هەر لە تەعریب و شواندنی دیمۆگرافییەوە تاکوو ڕاگواستن و دەرکردنی کورد و سینەوەی ئاسواری کوردیی شارەکە، دیارە پێوەکردنی ئەم سیاسەتە بە بە تووندوتیژیی و زیانی مرۆیی نەبووە، هەر ئەم هەقیقەتە تاڵیە ناچارمان دەکات بڵێین: نەوت بە درێژایی تەمەنی دەزینەوەی لە زیان بەولاوە چی قازانجێکی تری نەبووە بە گەلانی عەراق بە تایبەت بە کورد، لەوانەشە نەوت بە پاشەڕۆژیش هەمان ڕەگی نەرێنی بەرجەستە بکات هەرچەندە لە ئەستاوە بەیارەکی وەها ڕەنگە لەڕیکی و واقیعبینانە نەبێت.

بە عەرەبکردن و ڕاگواستن

لە دوای دەزینەوەی نەوت لە کەرکوکدا ژمارەیەکی بەشوومار عەرەب بە هەی خزمەتەوە لە کەمپانیای نەوتی باکوور رووبان لە شارەکە کرد، بەڵام هاتنی سیاسیی لە چوارچێوەی پرۆسەی تەعریب و گۆڕینی دیمۆگرافیدا زۆر تازەیە و لەگەڵ هاتنە سەرکاری دەستەی یەکەمی شۆڕشگێڕە عەرەبەکان لە ساڵی 1963 دەست پێدەکات، لەو رێکەوتە بە دواوە تەعریب چوارچێوەیەکی سیاسیی بەخۆوە گرت و بووە بەشێک لە ئیجیندای سیاسیی دەوڵەتی عێراق. لەگەڵ هاتنەوە سەرکاری بەعسییەکان لە ساڵی 1968 دیسان بە عەرەبکردن و ڕاگواستنی کورد بە تایبەت لە شاری کەرکوک خێرا و خێراتر لە جاران دەستی پێکردەوە. ڕۆژنامەوانی فەڕەنسی (کریس کۆچێرا) دەنووسێت: بەعس پاشان کە لە ساڵی 1968دا هاتەوە سەر حوکم جارێکی دی بایدایەوە سەر هەمان سیاسەتی عەرەباندن، هەر لە سەرەتاوە سوپا دانیشتوانی کوردی لە ناوچە ستراتیژییەکان وات لە ناوچە سنووریی و نەوتاوییەکاندا وەدەرنا، گوندەکانی کوردی بەردومان کرد و بە بەلدۆزەر تەختی کردن، بەمجۆرە تەنە لە ناوچەی کەرکوک نزیکەی 40 هەزار کورد لە ماڵ و گوندەکانی خێیان وەدەرنران.

ئەم قۆناغی سەرەتایی بوو قۆناغێ چە و پڕۆکان لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستیان پێکرد تاکوو کاتی ڕوخانی بەعس لە بەهاری 2003. پرۆسەی تەعریب هەر بەوە نەوەستا میتەدی خوێندن و زمانی فەرمانگەکان بکاتە عەرەبی بەکو ئەم کردەیە تابلۆی سەر پێشانگاکان و ناوی قوتابخانەکانیشی گرتەوە و دواتر لە بەیانووبەرەتی ڕێگەزنامە و باری کەسێتی ناوی کوردیی بەرەو قەدەغەکردن و سڕینەوە چوو. دوای هەرەسی 1975 ناوی قوتابخانەکان کە لە دوای ڕەکەوتنی ئاداری 1970وە کرابوون بە کوردیی جارێکی دی کرانەوە بە عەرەبی، بە نموونە کاوە کرا بە (معاز بن جبل)، کوردستان بووە (عبدالملک بن مروان)، قوتابخانەی زۆڕ گەڵا بە (الاندلس)، ئازاد کرا بە (میسلون) و کتێبخانەی ئاسۆ کرا بە (الطلیعە) و دارا کرا بە (العروبە). هاوشانی پرۆسەی تەعریب، ڕاگواستنیش لە کەپەسەندندا بوو، لە ساڵی 1981 بەیاری ژمارە 1391 مەجلیسی سەرکردایەتی شۆڕش لە تۆی 16 خاڵدا دەرچوو کە باس لە دروستکردنی 20 هەزار خانوو لە ناوەڕاست و باشوور و ڕاگواستنی چەندین کارمەند و کارگێری کورد لە کەرکوکەوە دێکات بە باشووری عێراق، بەڵام بەهەی سەرقاڵیی ڕژێم بە جەنگی ئێرانەوە تەگەرە کوتە بەردەم جێبەجێکردنی تەواوی بەیارەکە.
بە عەرەبکردن و ڕاگواستن ڕەنگدانەوەیەکی زۆری لەسەر شێوانی دەخی کەرکوک داناوە کە لە حاڵی حازردا کەسپی گەورەی لەبەردەم

جێبەجێکردنی ماددەی 140 هەناوەتە ئارا، بەگومان ئەگەر هەکارەکانی تەعریب و تەهجیر لە ئارادا نەبوونایە نەهێ کەرکوک بە ئۆتۆماتیکی لەسەر کوردستان بوو (هەروەک سلێمانی و هەولێر) یان سەندنەوەی ئاسانتر دەبوو. (جەلال تاڵەبانی) لە یەکێک لە وتارەکانیدا لەمەڕ سیاسەتی عەرەباندن دەنووسێت: شار و پارێزگای کەرکوک ڕووبەڕووی سیاسەتی پاکتاوی نەژادیی بووەوە، ئەویش بەپێی پیلانێکی نەگریس کە سەدام حسێن بە وەدیهێنانی چەندین مەبەست پەیڕەوی کرد:

1- دەرکردنی کورد و تورکمان و ئاشووری لە زێدی باب و باپیرانیان.
2- نیشتەجێکردنی عەرەب وەک (مستەوتین) نیشتەجێکراو نەک وەک هاووڵاتی کەرکوک و دەوروبەری ئەویش بە ڕێگەی ئارەزووپێکردن و هەڕەشەوە.
3- نیشتەجێکردنی عەرەبی شیعە لە شارەکەدا بە مەبەستی بڕپاکردنی فیتنە لەنێوان کورد و بڕا عەرەبە شیعەکانیان و تێکدانی ئەو هاوپەیمانێتییە ستراتیژییەی نێوانیان.
سەدام حسێن و دەوڵەتەکەی سەرکەوتوو بوون لە شێواندنی دیمەگرافیای کەرکوک و ئاڵەزیی دروستکردن بە گۆڕانەوەی ڕەوشی شارەکە بە دەخی پشانی، لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس تەعریب و ڕاگواستنی کوردی کەرکوک ڕاوەستا، بەڵام کارکردن بە گۆڕانەوەی عەرەبی هاوردە و گۆڕاندنەوەی دەخی شارەکە بە باری ڕاستەقینەی خۆی هیچ هەنگاوێکی نەناوە. ڕاستە تەعریب ڕاوەستاوە، بەڵام شوێنەوارەکانی هەر کاریگەرە، عەرەبی بادەستی دوای بەعسیش خۆیان لادەدەن لە کارێکی لەو بابەتە، هەندجار بەو بۆیە دەگەین ئەمانیش لەبەر لاوازیی و گرفتارییانە بەدەست تیرۆرەوە ئەگینا بەردەوامی بە ڕامیاریی عەرەباندن و ڕاگواستن دەدەن. ڕاستە بەعس وەک ئەنزیمە و دەسەڵات ڕووخا، بەڵام پەروەردە و فەرهەنگی بەعس هەشتا ڕەحێکی زیندووە، لە نموونەی پرسی کەرکوکدا تەدەگەین، ئەوەی ڕووخا لە 2003 تەنیا بتەکەی سەدام بوو، ئەگەرنا هەشتا کولتووری سەدامیزم کولتووری بادەستی سیاسیی و کەمایەتییە لای عەرەبە عەراقییەکان.

بزافی نیشتیمانی کورد و کەرکوک
(بزافی بارزانی وەک نموونە)

لە شێخ مەحمودی حەفید مەلیکی کوردستان قەڵەمڕەوی حکوومەتەکەی بەرتەسک و سنووردار بوو (لە باشترین حاڵەتدا لە سلێمانی و دەوروبەرەکەی تەنەدەپەڕی)، بەڵام هەرگیز نایدەویست دەست لە کەرکوک وەک بەشێک لە کوردستان هەبگرێت، ئارەزووی دەکرد کەرکوک بخاتە سەر قەڵەمڕەوی حکوومەتەکەی. مەلیکی کوردستان لە مانگی

دیسامبەری 1922 دوو کەرکوکیزادەی وەک یاریدەدەری خەی دامەزراند تاکوو بەو بیسەلمێنێت کەرکوک بە بەشەک لە حکوومەتەکەی دەزانێت، لە کەتایی هەمان ساڵیشدا "رۆژی کوردستان" هەواڵی سەردانی سەرۆک عەشیرەتەکانی کەرکوکی بە سلەمانی بەاوکردەوە!!. نوێنەرانی تری بزافی نەتەوەیی کوردستان لە پێش هەر هەموویانەوە (مستەفا بارزانی) بەردەوام داکۆکیان لە کوردستانییەتی کەرکوک کردووە و فایلی کەرکوکیان وەک میحوەریترین فایل بردووەتە سەر مێزی دانوستان. مستەفا بارزانی بە دیاریکراویی لە ماوەی چواردە ساڵی شەشی ئەیلوولدا بە شەلگیریی داکۆکیی لە کەرکوک وەک (دڵی کوردستان) کرد و زەربەی هەرە زەری ئاگربڕ و مفاوەزاتکانیش بەهەی سووربوونی بارزانی لەسەر کوردستانییەتی کەرکوک ساردیی تەدکاوت و رووی لە شکست دەکرد. ئەمە لە زەرینەی سەرچاوە مێژووییەکان و خوێندنەوەی بیوگرافیی کەسایەتییە سیاسییەکاندا پەداگریی بارزانی لەسەر کەرکوک وەک فاکتەکی دیرەکیی دەدەزینەوە.
(لە راستیدا رێبەرانی بەعس ئامادەبوون هەرەمەک بە کوردان دیاری بکەن وەک چۆن ئینگلیزەکان لە ساڵەکانی 1919 و 1924 ئەمیان لەگەڵ شێخ مەحموددا کردبوو، ئەوانیش لاریان لەوە نەبوو شاری هەولێر و سلەمانی و دهۆکیان بدەنێ، گیروگرفتی کارەکە کەرکوک بوو. لە هەوڵەی ئازاری 1970دا چ کارەک سەری نەگرتبوو، بە گوتەی د.مەحمود عوسمان رێبەرانی بەعس لە هەوڵی ئەوەدا بوون ناوچە کوردنشینەکانی کەرکوک و هەموو ناوچە نەوتییەکانی دی لە کوردستان دابڕن). بەعس ماوەی چوار ساڵی ئاگربڕ و گفتوگۆ 1970– 1974یاری بە کات دەکرد لەمەڵ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک و دەستی دەستی بە داوای سەرکردایەتی ئەوکاتی کورد دەکرد لەمەڵ کەرکوک، لە بەرامبەردا ژنەڕاە بارزانی مکوبوونی خەی و شەشی نیشان دەدا دەربارەی کەرکوک و هەندە ناوچەی تر کە لە رۆژهی بەعسدا بوون بە تەعریب!، چون نابەت لە بیری بکەین بەعس لە پرسەی تەعریبدا تەنە ڕەوشی کەرکوکی تەکنەداوە بەکو کاری لەسەر زەر ناوچەی تری کوردنشین کردووە هەر لە دەوروبەری هەولێرەوە تا دیالە و موسڵ و تکریت. تەنانەت یەکەک لەو پاێنەرانەی بووە هەی هەگیرساندنەوەی شەڕ لەنێوان هەردوو لایەنی کوردیی– عەراقی لە ساڵی 1974دا، مکوبوونی بارزانی و سەرکردایەتی شەشی ئەیلوول بوو لەمەڵ کەرکوک. بەو پێیەی بەعس هیچ کات ئامادە نەبوو، دان بنەت بە کوردستانیبوونی کەرکوک و ناوچە نەوتاوییەکانی تردا، فاکتەرکەش زیاتر ئابووری بوو، چوونکە بەعس چاوی لە سەرکردایەتیکردنی ئومەی عەرەبی ئەمەش بە ئابووریەکی بەهەز مومکین نەبوو.
(کریس کۆچێرا) دەنووسەت: رۆژی 9-3-1974 (غانم عەبدولجەلیل)

ئەندامی سەرکردایەتی هەرمایەتی عێراق و بەرپرسی کاروباری کوردستان دکتۆر لای (ئیدریس بارزانی) و دکتۆر: لە 11-3 بە دواوە پانزە رۆژتان هەیە تا پشنیارەکانتان لەمڕ دیاریکردنی سنووری ناوچەی ئتانامی بخەنە روو، دەربارەی کەرکوک دەبە یەکێک لەم دوو پشنیارە هەبژێرن: یان ناوچەی کەرکوک لەلایەن دامودەزگایەکی هاوبەشەوە بڕێوە ببرێت و لە سایەی حوکم و سەرپەرشتیی دەوڵەتی مەرکەزیدا بێت یان پارێزگای کەرکوک دابەشبکرێت و دوو قەزای بخرێتە سەر ناوچەی ئتانامی و ئەوی دیکەشی بە دەوڵەتی ناوەندیی بێت!!. (ئیدریس بارزانی) باسی سەرژمێریی دکات، (غانم) دکتۆر: هەرگیز دەگەڵ ئەنگەدا سەرژمێریی ئەنجام نادرێت!، کاتێک (ئیدریس بارزانی) بیری دەخاتەوە سەرژمێریی بە یاسا بیاری لەسەر دراوە، (غانم) دکتۆر: بڕیار لەگەڵ ئەودا نا! (ئیدریس بارزانی) بیار نادات بە ئەو مەبەستە دگەڵتەوە بە لای (مستەفا بارزانی) بە پێچەوانەی پشنیارەکەی (غانم)ەوە بارزانی دکتۆر: کەرکوک بە ئەمڕ و دوو قەزا بە دەوڵەتی ناوەندیی. دوای یەک رۆژ (غانم) کاتژمێر 10 شەوی 3-10 بە تەلەفۆن بە (دارا تەفیق) دکتۆر: داواکاریەکانتان بە وردە و درشتەوە رەفز کراون، ئیدی رۆژی 11-3 (دارا تەفیق) بە ئتمبیل لە بەغدادەوە دگەڵتەوە، بەمجۆرە پێوەندیی نێوان کورد و عێراق دەپچڕێ و شڕ هەدەگیرسێتەوە. ماوەی ساڵێک شڕ بردەوام بوو، کە دەتوانین بە شڕی کەرکوک ناوزەدی بکەین، سەرەنجام شکشی کورد بە رەکەوتنی سەدام و حەمەرەزا شا لە پڕاوێزی کەنگرەی ئێپیک لەسەر دەستی (هەواری بەمەدیان)ی سەرۆکی ئەوسای جەزائیر و پشتکردنی ئەمەریکا و کسینگەر تووشی هەرەس هات و بووە قوربانی کەرکوک.

ون بوون لەنێوان هەردوو ژمارەی (58) و (140)دا

لەگەڵ داوخانی بەعس (2003) سەرکردەکانی کورد رووبان لە بەغداد کرد وەک پایتەختی چارەسەر، کەچی لەولاوە کەرکوک لە نەو پشەویی و فەوزایەکی گەورەدا گیری خواردبوو، زەربەی چاودێرانی سیاسیی پێیانوایە دەبوایە سەرکردایەتی کورد رووبان لە کەرکوک بکردبایە وەک بەگەی سەلماندنی کوردستانییەتی شارەکە و شاری گفتوگۆ، بە پێچەوانەوە سەرکردەکانی کورد چارنووسی شارەکەیان بەستەوە بە ماددەی (58)ی قانوونی ئیدارەی کاتیی و پاشان لەحیمیان کرد بە ماددەی 140 دەستووری هەمیشەیی عێراقەوە، بەم وەک هەمیشە سەرکردەکانی عەرەب گەمەی ناشەریفانە دەکەن و لە هەوڵی کات کوشتندان، بە درێژایی تەمەنی سێ کابینەی (عەلاوی– جەعفەری– مالکی)

هیچ هەنگاوێک لە دوو ماددەی قانوونی و دەستووریی نەچووەتە پێشەوە، خاڵێکە کەرکوک لە نێوان هەردوو ژمارەی (58) و (140)دا ون دەبێت، چون عەرەبی عێراق بە شیعە و سوونناوە، بە تووندئاژۆ و میانەڕەوەوە کەکن لە دەستی دەستی کردن بە چارەنووسی کەرکوک، هەرچەند لایەک رایدەگەیەنن پابەندی دەستووری عێراق و قانوونن، لایەکی ترەوە بە کردار کەسپ و تەگەرە دەخەنە بەردەم جێبەجێکردنی بڕگەکانی دەستوور بە تایبەتی ئەوانەی لەبەرژەوەندیی کوردن، بە وێنە (ماددەی 140)!!. کوردیش خۆی هیچ گووشارێکی نییە بە جێبەجێکردنی ئەو ماددە دەستوورییە، کە بەوام وایە لە ستراتیژییەوە بردنی کەرکوک بە نەو گۆڕاوی دەستووری عێراقی هەڵە هەرە کوشندەکەی کورد بوو.

ئیاد جەمالەددین، ئێندامی ئێنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی (العراقیە) رایدەگەیەنێ: سەبارەت بە کێشەی کەرکوک ئەمە باوەڕمان بە چەسپاندنی دەستووری عێراق هەیە کە دەستوورێکە پەسەند کراوە، بەڵام جارە کەمەڵک را و بۆچوونی جیاواز و کێشە هەیە بەبەر چاوماندا تەپەڵ دەبەست و ناوەستێت!!). (جەمالەددین)ی بەحیساب میانەڕەو و دەست و مەعشووقی سەرکردایەتی سیاسیی کورد، وەک ئەوەی لە مزگەوتەکدا دانیشتبێت و وەعز بدات بە موریید و فەقێکانی دەپێقێت و هیچ هەڵوەستەکی روون و مەلموس ڕاناگەیەنێ، ئەمەش لەژیکی کەی سەرکردە عەرەبەکانی عێراق لەمەڕ پرسی کەرکوک و کورد. بەیەکا هەموو ڕۆژێک لە ڕێگەی دەوەتی ناوەندیی عێراقەوە کەسپ و تەگەرە دروست دەکرێت لە ڕاستای جێبەجێکردنی ماددەی140. (قادر عەزیز) نوێنەری سەرەکی هەرەم لە لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی 140 پێش ساڵێک رایگەیاند (لە بەغدادەوە بە هەموو شێوەیەک لە هەوڵی دواخستنی جێبەجێکردنی ئەو ماددەیەن تاکوو ئێستا کاتێکی زۆر ڕێشتووە و هیچ نەکراوە، ئێستا ماوەیەکی کەمان لە بەردەستدا ماوە بۆیە دەبە چیتر کات بەفیڕۆ نەدەین). بە هەمان شێوە (نەرمین عوسمان) سەرۆکی لیژنەی دارایی ماددەی 140 و وەزیری ژینگەی عێراق ساڵی رابردوو یەکێک لەو کەشانە دەخاتە ڕوو کە ڕێگرە لە ڕاستای ئاسایکردنەوەی ڕەوشی کەرکوک و دەڵێت: دەستەی کێشەی موکداریی کە ماوەی سێ ساڵە 10 دە هەزار کێشەی لەبەردەستە و کاری لەسەر دەکات تا ئێستا 800 کێشەی جێبەجێ کردووە بۆیە ئێگەر چاوەڕێی ئەم دەستەیە بین بە 10 ساڵی دیکەش ئەم مەسەلەیە تەواو نابێت.
هاوزەمان پارێزگاری کەرکوک رایگەیاندبوو ئەم دەستەیە کارەکانیان

سستی زۆری تێدایە و ناتوانێت بە گۆڕەی پێویست بێت و لەو ڕووەوە نیگەرانییەی خەڵکی نیشاندا بە ئاوەژووی مەسیجێکەی بگاتە گوێی سەرکردایەتی کورد، بە تایبەت (نەرمین عوسمان) لە هەمبەر ئەم پرسانە داوای بەیارێکی سیاسیی کردبوو. یەکێک لەو کێشە و گرفتانەی تر لەو ماوانەدا بە ماددەی 140 دروستکرا لابردنی سەرکی لیژنەکانی جێبەجێکردنی ماددەی 140 بوو کە بە ماوەی پێنج مانگ لیژنەکە بە سەرێک مایەوە!!، ئەمەش کاری کردە سەر چەنەتی بەرەوچوونی هەنگاوەکان و قۆناغەکانی ئەو ماددەیە. لە مانگی تەممووزی 2007 سەرچاوەیەکی نزیک و ئاگادار لە لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی 140 بە گەواری (بزاو)ی ڕاگەیاند (زیاتر لە دوو مانگە هاشم شبلی سەرکی لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی 140 دەستی لە کار کێشاوەتەوە و هەکاری دەست لە کارکێشانەوەکەشی بە ئەو تەمەتانەی نووری مالیکی دەگەڕێتەوە گوایە شبلی بەرتیلی لە کورد وەرگرتووە و بە بەرژەوەندیی کورد کاری کردووە). سەرچاوەکە ئاماژە دەکات بەوەی (قادر عەزیز) پێشنیاری دانانی سەرکەکی نوێی کردووە بە ئەو ماددە دەستوورییە، بەڵام مالیکی ئاستەنگ دروست دەکات. ئەوەی لەم نەوەندەدا تراژیدیای خولقاندووە دەستبەردار نەبوونی سەرکردایەتی کوردە لە بەغداد، کارەساتەکە چەند بەرابەر گەورە و قەبەتر دەبێتەوە کاتێک دەبینین بەرژەوەندیی ئابووری و پشکداریی لە بودجەی عەراقدا سەرکردایەتی کوردی بردەتە خەوکی قووڵەوە لە بارەی دواڕۆژی سیاسیی کەرکوک.

وەلێ (محەمەدی مەلا قادر) ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی رایدەگەیەنێ (نیەت بەرامبەر ماددەی 140 خراپە، نیەتی مالیکی خراپ نییە، بەڵام نیەتی چوار دەوری مالیکی هەتا ئێستا مانی لیستی ئیئتلاف خراپە و دژن)!!. کەچی ڕووداوەکان پێچەوانەی ئەو دەربڕینەی نیشاندەین لەبەرئەوەی مالیکی بە کەسپ دروستکردن و سستی و کەمتەرخەمیی دژایەتی خەی بە ماددەکە ئیسپات کرد. بەدەر لەوە هەندێک لە نزیکانی مالیکی ماددەی 140 هەوەدەدەن گوایە لە دەستووردا دروست بکەن، وەک (ئازاد جندیانی) ئاماژەی بە کردووە (ناحەزانی ماددەی 140 بە ڕوونی لەو حاڵەتەدا کە ناکرێ دەستوور پشتگوێ بخرێت، بەڵێ زەربەی جار گومان دەخەنە سەر دەستوور بە بیانووی ئەوەی گوایە لەهەڵومەرجێکی ناجێگیردا نوسراوە و پێوەندکراوە بەیە دەکرێت لە هەندێکی پاشگەز ببینەوە). کورد وتەنی ئەم "باڵ"یە لەو کونەوە بێت ئەمەش نابێت سبەی شتێکی زەر خراپ هەر دەقەومێت، قەومانەکەش لەنەوان دوو ئاگردایە یان لەجیکی هەز زاڵ دەکرێت بەسەر هەزی لەجیکدا کە یاسا و دەستوورە، یان ئەو دەستوورە

لە قۆناغەکانی دادە بە زۆرینەیەکی عەرەبیی و شیعیی لە پەرلەمانی عێراقدا دەتە گەین، لانیکەم عەرەبەکان هەوەدەدن لەبی بکەن بە گەینی ئەو بەندانەی دەستوور کە لە بەرژەوەندیی کورددان.
جیا لەوەش کە حکوومەتی عێراق کلکی ئێرانە و حکوومەتەکی سەربەخۆ نییە، تورکیا لە رێگەی بەکارهێنانی کارتی تورکمانەوە رێی هەیە لە تێگەرە خستنە بەردەم ماددەی 140، لە ناوخۆی کێرکوکیش جگە لە کورد کەی گشتیی پێکهاتەکانی ئەو شارە دژی ئەو ماددەیەن. د.مەحمود عوسمان ئەم رایە پشتڕاست دەکاتەوە و دەبژێت: لەناو شاری کێرکوک کەمێک بەعسییەک و ئەو تورکمانانەی لەگەڵ تورکیادان تا رادەیەک دەور دەبینن و داوا دەکەن هەر ریفراندەم نەکرێت، بەگومان ئاستەنگیکی زۆر هەیە لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە. بەشێوەیەکی گشتیی چارەنووسی کێرکوک لە گێژاوی ماددەی 140 و کێشە و تێگەرەکانی حکوومەتی عێراق و حکوومەتەکانی ناوچەیی ون بووە و کوردیش لەو نەوەندەدا نەک یاریزانێکی چالەنگ و لەهاتوو نییە بەڵکو تەماشاکارێکی باشیش نییە.

ئێدای سەرکردایەتی سیاسیی کورد

هەڵوێستی سەرکردایەتی سیاسیی کورد لەمەڕ کێرکوک هەڵوێستێکی جێگیر نییە و زۆدەتر وابەستەی جۆری پێیوەندیی کوردە لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی، بەڵام ئێدای کورد لە کێرکوک خراپترین شێوە مامەڵەی بووە. محەمەد فەرەج ئەندامی پەرلەمان و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامی پێیوایە (ئێگەر سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بە تەسەوفاتێکی عادیلانە و حەکیمانە مامەڵەیان بکردبایە هەر ئەو کاتە ماددەی 58 جێبەجێ دەکرا). هەردوو پارتە سەرەکییەکەی کوردستان لە کێرکوک زیاد لە هەر کارێکی تر بە حزبایەتی تەسکەوە خەریکن، غەمی حزب پێش غەمی نەتەوە و چارەنووسی کێرکوک کەوتووە، ئەم حاڵەتە یارمەتی چاکی هەندە تورکمانی شۆڤێنی و عەرەبی هاوردە و گروپی تیرۆریستی داوە جگە پە لە کێرکوک قایم بکەن و زیان بگەیەنن بە ڕەوتی پێشڤەچوونی ماددەی 140ی دەستووری عێراقی.
عوسمان بانیمارانی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی سۆز، دەربارەی ماددەی 140 و دواکەوتنی ریفراندەمی کێرکوک دەڵێت (بە پلەی یەکەم بە سەرکردایەتی سیاسیی کورد و دووەم ململانێی یەکێتی و پارتی لە ناو کێرکوک دەگەڕێتەوە، ئەوان شەرمیان شکاوە بەرامبەر بە دوژمنەکانمان لە کێرکوک). ململانێی توندی حزبی و دەستگەریی لە هەر شارێکی تری کوردستان بێت زۆر ئاساییە، بەڵام لە کێرکوک بە سنوور سامناکە، ئێگەر ئێستا دەرئەنجامەکانی بریتی

بەت لە دواخستنی ماددەی سەد و چلی دەستووری عێراق، هیچ دوور نییە لە ئایندەیەکی نزیکدا ببێتە هۆکاری لە دەستچوون یان کارەساتی گەورەتر لە کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی تری کوردستان.

سەرقاڵییەکانی سەرکردایەتی سیاسیی کورد بە بۆغدادەوە دیسان زیانێکی زۆری داوە لە دۆزی کەرکووک، چوون وا پێویست بوو سەرکردەکانی کورد بارگا سەرکییەکان و مێزی گفتوگۆیان لە شاری کەرکوک بوایە، ئەم پرسە نەک کورد بگرێ لایەنەکانی تری ناکوردیش دەرکی دەکەن و دەیبینن. بە بۆای بەرپرسی مەکتەبێندی کەرکووکی حزبی ئیسلامی عێراق، کورد کەمتەرخەمە لە پارێزگای کەرکووکدا و لەو بارەوە رایدەگەیەنێ (هەموو حزبەکان بە حزبێ کوردییەکانیشەوە هەر خەریکی بۆغدادن، ئەگەر ئەو حزبێ کوردییانە سەیری ئایندەی کەرکووکیان بکردایە و ئەو هەڵانیان نەکردبا ئێستا رەنگی تریان دەبوو). لەوانەیە لاوازیی پێگەی کورد لەوەدا بووبێت نەیتوانیوە گووشارێک بە قەبارە و چڕشنی گووشار بە گەینی جێعفەری یان وەرگرتنی رەژەی زیاتری داهات لە بودجەی عێراق بە جێبەجێکردنی ماددەی 140 دروست بکات، نووکە نازانرێت نەگرتنەبەری ئەو ڕێگە و جۆرە گووشارە نائاگایی لە پشتەوەیە یان کەمتەرخەمیی؟!، بەڵام دیمەنی زاڵ و ڕوونی ڕووداوەکان زیاتر لەو رایە نزیکمان دەکەنەوە کەمتەرخەمیی لە پشتەوە بێت. هەر کەمتەرخەمییەکیش لە پرسە گرنگ و هەستیار و چارەنووسسازە نیشتمانییەکاندا بە هەڵە دانرێت، بەکو فەرمکە لە خیانەتی نیشتمانیی.
(قادر عەزیز) لە سەروتاری ژمارە (737)ی ڕۆژنامەی (ئاسۆی ئازادی)دا دەنووسێت (دیارە جێبەجێنەکردنی ماددەی 140 لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا هەر لە سەرەتاوە شتێکی چاوەڕوانکراو بوو، چوونکە نە حکوومەتی بۆغدا لە جێبەجێکردنی ماددەکە جیددی بوو، نە لایەنی کوردیش لەبەرامبەردا توانی بۆغداد ناچار بە جێبەجێکردنی ماددەکە لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا بکات). باوەڕ دەکەم گرنگترین کەمتەرخەمی سەرکردایەتی کورد شەرمنی و سازش بووە پاشان سستی لە هاندانی ئاوارە کوردەکان بە گەڕانەوە بە کەرکوک و هەوڵنەدان بە ناچارکردنی عەرەبی هاوردە تا بچنەوە جێگاکانی پێشوویان، چوونکە کارەکی لەو بابەتە بە دوو ڕێگە مەیسەر دەبێت، یەکەمیان بە یار و ئیرادە، ئەویتریان قەرەبوو و هاوکاریی و دەستگیرۆیکردنی دارایی و لۆجیستی. (قادر عەزیز) چواردە مانگ بەر لەم چرکەساتە ڕایگەیاند: ئەگەر ئەمە پارە هەبێت بۆیانی دەتوانین عەرەبە هاوردەکان بگەڕێنینەوە شوێنی خۆیان. (مەلا بەختیار)یش ئاندامی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی (ی.ن.ک) بۆی پارەکە بە ئەو کارە

دەستنیشان دەکات و دەڵێت (کەرکوک بە 100 ملیۆن دۆلار ئاسایی دەبێتەوە، ئیتر لەسەر چی وەستاوین؟). پرسیارەکە ئەوەیە شارەکی بایەخدار و مێژوویی و پڕ داهاتی وەک کەرکوک نرخی سەد ملیۆن دۆلاری نییە لای سەرکردایەتی کورد؟ یان سەرکردایەتی کورد کەمتر لە بازرگانی بەپارەن و چاویان لە قازانجی خێرا و بە دەستمایەیە وەک ئەوەی لە بەشی کوردستان لە بودجەی عێراق وەچنگیان دەکەوێت؟. ئەمە ئەو پرسیارەیە خەریکە دەبێتە پرسیارەکی ماقوول و جیددی.

بەداخەوە دارایەکی زۆر لە کەیسەوەی لایەنگرانی یەکێتی لایەن یەکێتی و پارتییەوە بەفیڕۆ دەبرێت و کەرکوک سەنتەکی تەدا خەرج ناکرێت، لە شارەکانی تری کوردستانیش زیاتر لەو بڕەی (مەلا بەختیار) دەستنیشانی کردووە لە گەندەیدا وون دەبێ یان دەدرێت بە دیوخان و تەکیە و هەندەک مشخۆری راهاتوو لەسەر تەوزەلی و لەحاست کەرکوکیش دەستکانیان نوقاندووە و چاوەڕێی داگیرکەران خەیان دەکەن پێشکەشیانی بکاتەوە!!. چەندان جار نوێنەرانی عەرەبە هاوردەکان لە ڕێی میدیاکان و سەردانکانی کوردستانەوە ڕایانگەیاندە: ئامادەی گەڕانەوەن بۆ مەرجی قەرەبووکردنەوەیان، چوونکە بەبێ قەرەبووکردنەوە هیچ هەکارەکی ماقوڵ لە ئارادا نییە بۆ جێهێشتنی جێگە و ڕێگەیان لە کەرکوک یان بۆ بۆ زۆر ناردنەوەیان بۆ ناوەڕاست و باشوور.
(حوزەیر حەسەن ئەلحەمدانی) ڕێکخەری گشتیی لە لیژنەی لێکگەیشتن و چارەسەری نیشتمانی، پاش دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ چەند ئەندام پەرلەمانێکی کوردستان بۆ (ئەی. ئەف. پی) ڕاگەیاند (ژمارەی ئەو خێزانانەی ئاوڕوویان لە جێهێشتنی کەرکوک هەیە دەگاتە 12500 خێزان واتە 80 هەزار کەس، بەڵام هەواڵوستمان هەیە لە بارەی بڕیاری حکوومەتەکەی نوری مالیکی). مەبەست لە بڕیارەکەی حکوومەتی مالیکی دابەزاندنی ڕێژەی پارەی قەرەبووە لە20 ملیۆن دینارەوە بۆ 10 ملیۆن دینار. سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان نەک هەر نەیتوانی لەسەر بودجەی هەرێم هاوکاریی و قەرەبووی عەرەبی هاوردە بکاتەوە یان ئەو بڕەی مالیکی کەمی کردووەتەوە پێی بکاتەوە، نەشیتوانی گوشار بخاتە سەر کابینەکەی مالیکی تا بەرنامەی قەرەبووی عەرەبی هاوردە و کوردی دەرکراو وەک خەی لێبکاتەوە لە قازانجی ڕێچکەی یاسایی و ئاسایی جێبەجێکردنی ماددە دەستوورییەکە، ئەم غەمساردییە بۆ تەنیا لەسەر عەرەبی هاوردە کاریگەریی نەبووە بەڵکو ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر کەی کوردە ئاوارەکانی کەرکوک هەبووە کە هەنووکە لە شارەکانی تری کوردستان دەژین و نەگەڕاونەتەوە بۆ زێدەکەیان تا بە ئومێدبن لە گەڕانەوەیان بۆ کەرکوک و لەو بارەوە

کەمتەرخەمیی بنوێنن. لە باری واقیعیشەوە کوردی کەرکوک چۆن دەتوانێت بە تەمویلی دارایی و هاوکاریی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەتوانن بگەڕێنەوە سەر کۆلاوە؟.

(د.رائید فەهمی) سەرۆکی لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی 140 بە نیگەرانییەوە رایگەیاند (نزیکەی 20 هەزار فەرمان بەسەر عەرەبە هاوردەکانەدا دابەشکردووە و 10 هەزار فەرمان بەدەست گەیشتووەتەوە، ژمارەی ئەو خێزانانەی تاکوو ئێستا شارەکەیان جێهێشتووە گەیشتووەتە 2 هەزار خێزان، هەروەها 75 هەزار فەرمیشمان بەسەر کەچپەکراواندا دابەشکردووە و 45 هەزار فەرممان بەدەست گەیشتووەتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هەندێک لە خێزانە کوردە دەرکراوەکانیش نایانەوێت بە شارەکە بگەڕێنەوە!!). مەسەلەکە ئەوە نییە کوردە دەرکراوەکان نایانەوێ بە شارەکەیان بگەڕێنەوە، فاکتەر ڕاستەقینەکە ئەوەیە کوردی کەرکوکی چۆن بگەڕێتەوە بە شارەکەی کە لەوەدا هەر ئاوارە بێت و هەر بە پیتاکی ڕێکخراوە خەرخوازییەکان بژی و لانەو خانووی قوە و چینکە و تەنەکەدا ژین ببات سەر؟!! کوردی دەرکراو هیچ پاپشتێکی ماددیی و مەعنەویی نییە لە شارەکەیدا، کەوابوو دروستە بوترێت کەمتەرخەمی و پشتێکردنی سەرکردایەتی کورد ئەو بەیارەی پێداوە. سەرباری هەموو ئەمانە سەرکردایەتی سیاسیی کورد لە بەرامبەر سستی و دەستخەڕکردن و دەستی دەستی پێکردنی عەرەبی عیراقدا هیچ کاردانەوەیەکی شایانی باسیان نەبووە تا کاربەدەستانی بەغداد ناچاربن بە دانوستان بنێ هەولێر، بە پێچەوانەوە سەرکردەکانی کورد بە هێ و بە هێ لە کشکەکانی گرین زێن بە داماویی ئامادەبوون.

محەمەدی حاجی مەحمود، سکرتێری حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان وتی: لەکەبوونەوەیەکدا باس لەوە کرا کورد قبوڵ ناکات ماددەی 140 دوا بخرێت!!، منیش وتم باشە قبوڵ ناکات دەبێت کورد بە سێ چوار ئۆگەر ئامادە بکات، یەکەم: ئایا خەی ئامادە کردووە بە ئەوەی بە زەر پێشمەرگە ببات و دەست بەسەر شاری کەرکوکدا بگرێت؟. دووەم: کورد لە بەغداد پاشکۆ بکات بە سەرەک کەمار و پێستەکانی تروە و بڕێت تا ئەو کێشانە چارەسەر نەکرێت ناگەڕێمەوە بەغداد. سێیەم: ئەوەیە بتوانێت خەی رابگرێت بەرامبەر ئەو شێوەلە دژایەتیکردنەی وەاتانی ناوچەکە و عیراق و نەودەوڵەتی. دەربارەی ئۆگەرە پێشنیارکراوەکەی (کاکە حەمە)، کورد لە سەرەتای پرسەی ئازادیدا پێشمەرگەی برد بە کەرکوک لە جیاتی جۆگە قایمکردن کەوتنە تاڵانی و را و و رووت، دواتریش بە چاو سوورکردنەوەیەکی عەرەبی

عێراقی و ئەکەی مستەر بریمەر لە چاوتروکاندنەکدا شارەکیان چۆلکرد!. بە ئاگاری دووەم سەرکردەکانی کورد لە بری بایکۆتی بەغداد بایکۆتی کوردستانیان کردووە و هەندەکیان لە پستە عێراقییەکانیاندا لە یادیان چووە کوردن و بە دەنگی کورد لەو جێگایانەدان، تەنانەت لەو بەوایەدام تورکمانێک بە دەنگی کورد ببە جێگەکەی جەلال تاڵەبانی لەو باشتر کار بە کورد و دەزی کەرکوک دەکات. بە کورتی مافی ئەوەمان هەیە لەپش هەر کەسێکەوە سەرکردایەتی کوردستان بە کەمتەرخەم و تاوانبار بزانین لە راستای جێبەجێنەکردنی ماددەی 140. بە دیتنی خەم پەویست بوو کورد ملکەچ نەکات بە ئەوەی چارنووسی شارەکی کوردستانی وەکوو کەرکوک و خانەقین و ناوچە کوردستانییەکانی موسڵ و دشتی نەینەوا بخاتە نەو گیروگازی ماددە مەتاتییەکانی دەستووری نوێی عێراقەوە، چوونکە ناکرێت بەشێک لە خاکی وەاتەکەی خەت بخەیتە قوماری دەستوورێکەوە کە هەر کاتێک باهانسی هەز گڵا پەش هەر کارێک عەرەبەکان بەندەکانی ئەو دەستوورە لە دژی کورد پەشەل بکەن.

ئاگاری دواخستنی ماددەی 140

نهە گەیشتووینەتە دوا ساتەکانی سالی 2007 بەبە ئەوەی ماددەی 140 جێبەجێ بکرێت، هیچ بیانوویەکی دەنیاکەر بوونی نییە لە دواخستنی ئەو ماددە دەستووریە تەنیا مەعمەعەی عەرەبی عێراقی نەبێت، چوونکە عەرەبەکان بە هەر بەها و نرخێک بووە گەرەکیانە ئەو ماددەیە دوا بخرێت بەبە رەزگرتن لە بەچوونی زەرینەی دانیشتوانی عێراق. (ستیف تاتایی) بەوای وایە (دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی 140 رەز نەگرتنە لە داواکاریی 80% دەنگدەرانی عێراقی کە دەنگیان بەم ماددەیە داوە). کات رووی لە تەواوبوونە و لایەنەکانی نەو عێراق (جگە لە کورد) هەموو هەر داوای دواخستنی ئەم ماددەیە دەکەن، پەرلەمانی عێراقی بە زەرینەی دەنگ دژی جێبەجێکردنی ئەو ماددە قانوونیی و دەستووریین، بە گوتەی (د.فوئاد مەعسوم)ی سەرکەی فراکسیۆنی کورد لە ئەنجووەنی نوێنەرانی عێراق گفتوگۆی ئەوان وەک لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەگڵ لایەنەکانی ناو پەرلەمانی عێراق، ژبەرئەوەی لەو لایەنانە دەڵێن (ناتوانرێت ماددەی 140 جێبەجێ بکرێت لەو ماوەیەدا و پەویستە دوا بخرێت). پرسیارێ عەقڵانییەکە لێرەدا ئەوەیە دوا بخرێت بە کەنگ؟ بەگوومان هەوڵی عەرەبەکان مواتەڵکردنە تا ئەو کاتەی بەغداد بەهەز دەبتەوە، لەو کاتشدا داوای جێبەجێکردنی ئەو بەندە دەستووریە بە ئاگر و ئاسن وەڵام دەدرێتەوە.

ئەم هەوڵستە لای پێکهاتە عەرەبییەکانی عێراق نەک تازە نییە بەڵکو تەمەنی هێندەی تەمەنی ماددەکەیە، چەندان جار و لە چەندان بۆنەشدا ئەندامانی پەرلەمان و چاودێرانی کورد لەمەڕ ئەو ماددەیە و هەوڵستی عەرەبەکان هۆشداریان داوە بە سەرکردایەتی کورد کە دەوڵەتی ناوەندیی کات دەکوژێت و هەنگاوەکان ئیفلیج و پێکدەخات. (نەرمین عوسمان) پێشتر رایگەیاند کاربەدەستانی عێراقی کێسپ بە ماددەکە دروست دەکەن و دژایەتی هەنگاوە عەمەلییەکان دەکەن. لە دواییین لێدوانیشیدا رایگەیاند (بەشێک لە پێکهاتە سیاسییەکانی ناو پەرلەمانی عێراق دژایەتی جێبەجێکردنی ماددەکە دەکەن و دژێن کاتی نییە). بەگومان ئەو وەختەی دژێن کاتی نییە هیچ زەمەنێکی تریان چ لە مەودای نزیک یان دوور دیاری نەکردووە وەک کاتی راستەقینەی جێبەجێبوونی ئەو ماددەیە. رژێمەکانی پێشان هەمیشە پاساوی نەشیاویی هەلومەرجی زاتی و بابەتیان دەهێنایەوە دژ بە مافەکانی کورد و چارەنووسی کەرکوک، وا دیسانەوە هەمان قسەوانی کۆن لێدەدرێنەوە چوونکە لای عەرەب هیچ کات ئان و ساتی مافی کورد نییە. ئەم هەوڵستانەی عەرەبەکانی عێراق بە زەقی لەگەڵ هاتنی ساڵی 2007دا خێست و تەختر بوونەوە، تەنانەت دەستەکانی کورد لە ئەپەزیسیۆنی پێشانی تازە حاکمان لە ماددەکە کەوتوونەتە تەقە و هەوڵستی ڕق و پێچەوانەیان وەرگرتووە، وادە و هاوپەیمانێتییەکانیان لەگەڵ کورد تەبخوری کرد و بوو بە هەڵم. (قاسم داود) ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران لە ئایاری ڕابردوودا ڕایگەیاند: لیستەکانی تەوافق و عێراقیە داوای چاوپێداخشاندنەوە بە ماددەی 140ی دەستوور دەکەن، چوونکە پەیانوایە ئێستا کاتێکی گونجاو نییە بۆ جێبەجێکردنی ماددەکە. لە بەرامبەردا (فریاد ڕەواندزی) ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستان ڕایگەیاندووە: لێژنەی هەموارکردنی دەستوور سەبارەت بە کێشەی کەرکوک و ماددەی 140 دوو پێشنیاری خستووەتە بەردەم حکوومەتی هەرێمی کوردستان: یەکەمیان داوای کردووە ماوەی ئاسایێکردنەوەی ناوچە دابەوکان بە هەر سێ قۆناغەکەیەوە بە کۆتایی ساڵی 2008 دوا بخرێت لە بری کۆتایی ساڵی 2007، سەبارەت بە پێشنیاری دووەم داوا کراوە پارێزگای کەرکوک بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆ. ئاشکرا نییە لێنەوان هەردوو ئەنجامە ناتیقی لێژنەی هەموارکردنی دەستووردا کورد کامیانی سەرپشک کردووە، بەگوومانیش هەر کامیانی هەڵبژاردبێت خیانەتکە لە دژی کەرکوک و هەوڵکێشە بۆ نابووتکردنی دەستوور و سەروەریی یاسا.

سەرنجەکە لەوەدایە بە بڕینی هەموو ئەم ماوەیە سەرکردایەتی کورد گۆشبینی خۆی نیشاندەدا گوایە لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا ماددەکە

جەبهجەدەکرێت چون هەموو شتێک رەچکەی خۆی وەرگرتووە، ئەم هەوڵەستە یان ساویلکەیی سیاسیی دەردەخات یان بێگەی سیاسەتکی چەواشەکارانە و درۆزنانەیە. چون هاوزەمانی گەشبینی کورد لە ناوخۆی کەرکوک لایەنگانی و بەرەی تورکمانی بە ئاشکرا رەگریان دروست دەکرد لەبەردەم بەهەوڵچوونی کارەکانی ماددەکە و لە بەغداد و ئەنقەرە و تارانیش پلانی جەهەنمی دژی 140 رەچکەی دەبەست لە بەرامبەردا لایەنی کوردیی زیاتر سەرقاڵی شەڕ و زەرد و سەوزکردنی شەقام و شوێنە گشتییەکانی کەرکوک بوون. ڕۆژی 30-7-2007 کە هاوکات بوو لەگەڵ ڕۆژی سەرژمێریکردن لە شاری کەرکوک، ڕۆژنامەی (زەمان)ی تورکی لە زاری (ئەحمەد مورادلی) نوێنەری بەرەی تورکمانی لە شاری ئەنقەرەوە بڵاوی کردەوە (قەناغی ئاساییکردنەوە تەواو بوو، سەرژمێریی ئەنجام نادرێت، تورکمان و عەرەبەکان و بەشێک لە کوردەکانیش ڕێگە نادەن ریفراندەم ئەنجام بدرێ). لەدوانەکە شایانی وردبوونەوەیە چوونکە لەڕدا هەمایەکی مەترسیدارتر دەرکەوتووە کە بەشێک لە کوردەکان لەگەڵ خواستی جەبهجەکردنی هەر سێ قەناغەکانی ماددەی 140 نین!! ئەو بەشە لە کورد کێن و ئارگەمێنتیان چییە؟ جارێ کەس خەی ناکاتە خاوەنی ئەو ئاستە دژە، دەشێ بە تێپەڕینی کات و لە دوور مەودادا ئەو بەشە بە ئارگەمێنتکی خیانەتکارانەوە ڕوونتر دەربکەون!.
لە بەرامبەردا تەلەفزیۆنە کوردییەکان وەنا و لەدوانی هەندێک تورکمانی بە نفوز و شێخی عەشیرەتە عەرەبییەکانیان بڵاو دەکردەوە کە هاوسەزییان بە جەبهجەکردنی ماددەکە دەردەبڕی بەبێ ئەوەی بە هەندی وەربگرن تاکوو چەند ئەم قسانە لە بواری کرداریدا ڕەنگ دەدەنەوە و دەتوانن مەجرای خەیان وەربگرن لە بڕژەوەندیی ماددەی 140؟. (عەلی مەهدی) نوێنەری بەرەی تورکمانی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک بە ئاشکرا ڕایگەیاند (ئەمە هەر لە سەرەتاوە بەوامان بەو ماددەیە نەبووە و پەمانوابووە کەرکوک شاری هەمووانە نێک تەنیا هی کورد، بەیە ئەوەی کە ئەوانیش داوای دەکێن خەونکی بەتاڵە). لە باری واقیعیشەوە تورکمان و عەرەبەکان توانیان لە ئاستکی فراواندا پشقچوونی ماددەکە سست و لاواز بکەن و حکوومەتی عەراقیش لەو ڕووەوە درێغی نەکردووە لە هاوکاریی کردنیان، تەنانەت توانییان قەناعەت بە لایەنگانی دەرەوە و ڕێکخراوە جیهانییەکان بکەن تا پرسەی ڕاپرسی بە کاتکی نادیار و دوور دوا بخرێت. لەو میانەیەدا لە مانگی نیسانی ڕابردوودا گروپی تەنگژە نەودەوەتییەکان کە بارگەکەی لە (برکسل)ە ڕاپرتکی لە ژێر ناوی (عەراق و کورد: چارەسەرکردنی تەنگژەی کەرکوک) لە تەوی 30 لاپەڕەدا بە زمانی ئینگلیزیی لەسەر تەی ئینتەرنێت بڵاوی

کردووەتەوە، لە راسپاردە و داواکارییەکانیدا داوا لە کورد دەکات ریفراندۆمی کەرکوک دوا بخات بۆ کاتێکی تر. (بۆ بۆ دیاریکردنی ئەو کاتەی بۆی دوا دەخرێت).
جێگەی سەرسوڕمانە لەگەڵ ئەم هەموو مشارە بۆ بینەوەی قاچی بەندی 140 سەرکردایەتی کورد لە پایتەختی عێراقی عەرەبیدا لە بەردەم زوومی کامێرای تیڤییەکانەوە بۆ خەندەی سەرلێوەوە دەردەکەوتن، لە گۆشبینیدا وێنایەکیان خوەقاندبوو وەک ئەوەی کەرکوک لە جێبا بێت و موو لەسەر ڕەی ماددەی 140دا نەبێت، ئەستاش کە وادەکە تەواو بووە تازە بە تازە گومان لە دەنگی کزێێەی سەرکردایەتی کورد دەبێت گوایە لایەنگرلێکی زۆر هەن لە ناوەندی سیاسیی و بەیاری عێراقیدا کار بۆ دژی ئەو ماددەیە دەکەن، دوای دەست دەرچوونی کورد لە بنی هەمانکە، (د.کەمال کەرکوکی) جێگری سەرکی پەرلەمانی کوردستان بۆ بەرچاو ڕوونی جەماوەر لە ڕۆژنامەی (خەبات)دا دەنووسێت (هەشتا کەسانە هەن ڕق و کینەیان لە دڵ، بەشەو و ڕۆژ کار بۆ دانانی کەسپ و تەگەرە لە بەردەم جێبەجێکردنی ماددەی 140 دەکەن.. هەر بۆیە لۆژیکی ناوی دواخستن یان دڕۆکردنەوەی ماوەکە هەوڵی بەردەوام دەدەن تەگەرە بخەنە پێش جێبەجێکردنی ماددەی 140). وەک ئەوەی بیر و دیدگا و دەربڕینێکی کلاسیکی لەو پەڕگرافەدا هەست پێدەکەین بەتایبەت لەهێنانە پێشەوەی وشەی ڕق و کینە لە دژ (چوونکە لە پراکتیکدا قاچ و بنەمای سیاسەت لەسەر چیمەنتەی بەرژەوەندییە نێک دوژمنایەتی کوردانە کە هیچ بەرژەوەندییەکی دەستبەر نەکات) هەشتا شەرمنییەکی زۆر بە وتارەکەی (د.کەمال)ەوە دیارە بە تایبەت لە ڕووی سەکردنەوە لە دەستنیشانکردنی دوژمنەکان ئەوانەی کەسپ بە ماددەی 140 دروست دەکەن.
بە کورتی و کرمانجی کات تەواو بووە و جێبەجێکردنی ماددەکە دوا دەخرێت، هەرچەندە (د.ڕائید فەهمی) لە ڕۆژی 1-12 ڕایگەیاند (تا ئێستا هیچ بەیارەک بۆ دواخستنی ماددەی 140 نەدراوە ئەگەر داوایەکیش بکرێت بۆ دڕۆکردنەوەی ماوەی ماددەی 140 دەبێت لە ڕووی هونەریی و تەکنیکییەوە بێت نەک یاسایی و دەستووریی، واتە دڕۆکردنەوەیەکی تەکنیکی بێت). بەڵام ئەسڵی مەسەلەکە و ڕاستییە ڕووتەکە ئەوەیە ماددەکە دوادەخرێت (چوونکە بەم دوو هەفتەیە توانای هیچ کارێک نەماوە). وەک دەردەکەوێت کوردیش بۆ دواخستن ڕازییە (چوونکە لەوە زیاتری لە دەست نایەت)!!، ئەوەتا (ڕزگار عەلی) سەرکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک ڕایدەگەیەنێت (دواخستن لەبەر هەکاری هونەریی ئەوە شتێکی ئاسایییە، بەڵام ئەگەر لەبەر مەسەلەی ئیداریی و سیاسیی بێت، ئەوە قابیلی قبوڵ نییە و خەتەرە). لە ڕاستیدا هەکاری دواخستنەکە شتەکانیش هەستی پێدەکەن سیاسییە

نەک هونەریی، کەچی سەرکردەکانی کورد دەیانەوێت پێنەی بکەن، لە دواخستن لەژێر پاساوی ئیشکالییەتی هونەریی و تەکنیکیشدا ڕەوایی پێنادرێت، ئەوا بە فاکتەر و بەربەستی سیاسیی قبوڵکردنەکەی خیانەتکەی مێژوو ناتوانێت لە یادی بکات. لەگەڵ ئەوەش دەبینین سەرکردایەتی کورد سکەندالی دەرەنکانی خۆی لە عێراقی دوای سەدام حسێن بە گشتیی و ماددەی سەد و چل بە تایبەتی پاساو دەداتەوە، بەهەمان شکستێ لە مێژوودا وەک لاپەڕەیەک ڕەش تۆمار دەبێت و دەمێنێتەوە.

هەموو ئاماژەکان دەریدەخەن بە دیفاکتۆ کورد دەبێت بە دواخستنی ماددەکە ڕازی بێت، کات تەواو بووە و ناچارێ دەستەکی تر لەم کێشەیە دەرەوە لەگەڵ عەرەبی عێراقیدا بکات، کورد وەک ئەو قەڵەندەڕی لەهاتووە لە دەریادا گیری خواردووە و ناچاربووە دەست بە چەک پووش ڕابکێشێت. (قادر عەزیز) بە (ئەلئەسوات ئەلعراق)ی ڕاگەیاند (لەبەرئەوەی ئەو ماوەیەی ماوە بە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ماددەی 140 زۆر کەمە، بۆیە پێدەچێت ماوەی جێبەجێکردنی لە نێوان سێ تا شەش مانگی دیکە درێژ بکرێتەوە.. بە کورد دواخستنی ئەو ماددەیە بە ئەو ماوەیە ئاسان نییە چوونکە دەزانێت ئەوانەی لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەو ماددەیەدا نین، دوای شەش مانگی دیکە هەوڵستیان ناگەڕێت، بەردەوام دەبن لەسەر ڕەتکردنەوەی، بەڵام کورد ناچارە بە هەشتنەوەی مەفعولی ماددەکە و شەرعییەتە دەستوورییەکەی بەو دواخستنە ڕازی بێت).

هەر لەبارەی دواخستنی ماددەی سەد و چلەوە ڕۆژنامەیەکی کوردیی (ئاسۆ) بڵاویکردەوە هەندە زانیارییە لە سەرچاوەیەکی نزیک لە نێوەوە یەکگرتووەکانەوە دەستکەوتووە و وا بڕیارە بە ماوەی شەش مانگ ماوەی ماددەی 140 درێژ بکرێتەوە، هەر ئەو سەرچاوەیە بە ڕۆژنامەکەی ڕاگەیاندووە (بڕیارە وادەی جێبەجێکردنی ماددەی 140 بە ماوەی شەش مانگ درێژ بکرێتەوە و زەربەی لایەنگانی عێراق بە کوردیشەوە بەم پێشنیارە ڕازی بووە). بە گشتیی ئەو تەرحەی سەرکردەکانی کورد بە چارەسەری ئەم قەیرانە پشتیوانی لەدەکەن هەموارکردنی ماددەکەیە لەبەرئەوەی هیچ ڕێگایەکی لە بەردەممدا نەماوە و کاتەکانیش زۆر بە خەرایی وەک خەرایی تیشک تەدەپەڕن. ئەو تەسعیداتانەشی لە ڕەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە لە ئارادایە، تەنیا هەوڵەکە بە داپۆشینی فشەڵی سیاسەتی سەرکردایەتی کورد لە هەمبەر ماددەی سەد و چل و چارنووسی کەرکوک و ناوچە دابڕێندراوەکانی کوردستان کە لە دەستووردا بە "ناوچە ناکۆکی لەسەرکان" پێناسە کراون.

(د.فوئاد مەعسوم) وتی: ئێستا کات لە بەردەستدا نەماوە و کارێ

ئاسایشکان جێبەجێنەکراون، چۆن بتوانرێ سەرژمێریی بکرێت؟!، چۆن قەزا و ناحیەکان بگۆڕێنرێن سەر کەرکوک؟. سەرکایەتی کەمار لەو بارەوە ناگۆڕێ بەیار، ئاگەر حکومی نوودووتیش تەداخول بکات کاتی زەری دەوڵەت چوونکە ئیشی نەتەوە یەکگرتووەکان رێتیناتی زەری تەدایە و زەر دەخایەنێت، تاکە چارەسەرێک بۆ ئەو ماددەیە بکرێت رێککەوتنێ بۆ ئەوەی هەموار بکرێت، لەو رووەوە ئامادەکاریی کراوە و پێویستە سەرکردایەتی هەرێ پشتەوەی عێراق ئیتفاقی لەسەر بکەن بۆ ئەوەی هەموار بکرێت. لەلای خۆیەوە (ئەحمەد ئەنسوەر)ی ئەندامی لیژنەی هەموارکردنی دەستووری عێراقی پێیوایە ماوەی ماددەکە بەسەرچووە و بەدیلێکی باشیش بۆ ئەوەی میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە بگەڕێت تەنیا هەموارکردنی ماددەی سەد و چلە لە چوارچێوەی ئەو ماددانەی تر کە بەیارێ لە دەستووری عێراقدا هەموار بکرێن. بەپێی رێککەوتن و بەیاری پەرلەمانی عێراق تاکوو کۆتایی مانگی سێی (2008) بۆ دەستەویە بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور بۆم هەیەوە بۆ ئۆتۆماتیکی ماوەی ماددەی 140 دریژ دەکرێتەوە بۆ کۆتایی ئەو مانگە.

وەک وتمان بۆ پێچوانەی بەیاری پەرلەمانی کوردستان لە رێژی 2007-6-30 کە تیایدا نێچیرڤان بارزانی ئامادە بوو (نابێت ماددەی 140 دەستکاریی بکرێت یان دوا بخرێت بەڵکو پێویستە لە کاتی خۆیدا جێبەجێ بکرێت) ماددەکە دوا دەخرێت و بۆ هەمان شتوە بۆ پێچوانەی لەدوانەکەی چەند مانگ لەمەوبەری (ئەیماس فازێ)ی سەرکی لیژنەی یاسایی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک (ئاگەر تاوەکو 2007-12-31 هیچ بەیارەکی گرنگ دەرنەچوو یان ماددەکە جێبەجێ نەبوو، ئەوە خۆمان بەیاری کوردستانیبوونی کەرکوک دەدین). سەرکردەکانی کورد نەک بەیارەکی لەو جۆرە نادەن کە لە خیاڵدانی ئەواندا زیاتر لە مغامەرێیەکی (جیمس بەند)یانە دەچێت بەڵکو هەر لە ئێستاوە زەنگی دەڕاندنی کەرکوک لەدەدەن، چون ئەوان کە نیانتوانیبێ لە شەڕەکی دەستووریی سەربکەون ئیدی چۆن لە شەڕی گووشار و شەڕی گەرم و شەڕی بایکۆت و شەڕی دیپلەماسی و شەڕ و ریسکی مان و نەماندا سەردەکەون؟؟ (نێچیرڤان بارزانی) بۆ ماپێڕی (URL)ی راگەیاند (ئەمە دەمانتوانی لە ساڵی 2003 کاتێک سەدام روخا بۆ چەندین رۆگای جیاواز دەست بەسەر کەرکوکدا بگرین بەڵام ئەمە رۆگای یاسایی و ئاشتییانەمان هەڵبژارد بۆ ئەنجامدانی).

ئەم هەڵوێستە جگە لەوەی مایەی شانازیی نییە (وەک نێچیرڤان دەیکات) نیشاندەری ئەوەیە ئەوان دەیانتوانی کەرکوک بەدەست بهێنن کەچی رایانکێشایە ناو مەعمەعەیەکی سیاسیی و دەستووریی!! لەوانەیە تا قیامەت ئەم مەتەڵە هەڵنەیەنین و سەرمان لەم سیحرە دەرنەچێت،

لەوانە نییە جگە لە خیانەتی سەرانی کورد مانایەکی تر بە ئەم هەڵوەست و ڕەفتارە ساویلکانەیە نەبێت، ئەمە ئەگەر نەڵێین مانای فرشتنی کەرکوکی لە ناواخنی خۆیدا هەڵگرتووە. ئەگەر لەمانە هەمووی بگەڕێین، پرسیارێک هەیە بەوچان بە دوای وەڵامدا دەگەڕێت: کام فاکتەر وای کرد ئەم ماددەیە دوا بخرێت؟ پەیوستە لە بەرسڤدا بژین لەئاستی ناوخۆدا ئاستەنگەکانی دەوڵەتی ناوەندیی و پلانگێڕیی عەرەبە شۆڤێنییەکانی ناو کەرکوک و لاوازیی گووتار و هەڵوەستی کورد مایەی چاوپۆشیی لێکردن نین، وەلێ ڕەنگە گرنگترین و کاریگەرترینیان سستی کورد بووبێت. ئەوش هەمان تەزە دەرینەکەمان دەخاتەوە یاد "ئەوەی کورد لە شێوەی چەکداریدا بەدەستیدەهێنێ، لە شێوەی دیپلۆماتی و گفتوگۆ و سەر مێزی مفاوەزات دەیدۆڕێنێ". بەڵام تاکوو کەی کورد ناتوانێت لەو تەزە دەربچێت هیچ ئاماژەیەکی دەخەشکەر لەو نەوەندەدا دیار نییە.

(د.فوئاد مەعسوم) بەم دواییانە ئاشکرای دەکات کێشەی نێوان کەربەلا- ڕومادی کاریگەریی نەرێنی هەبووە لەسەر کێشەی کەرکوک، چون بەپێی دەستوور دەبێت بڕیک لە ناوچەکانی ڕومادی سوونەنشین بخرێنە سەر کەربەلا. (فەرید ئەسەسەرد) لەو بارەوە نوسیوویەتی (پاش تێپەڕینی سێ ساڵ بەسەر دەرچوونی یاسای بڕیاردانی دەوڵەتی عێراقدا ئێستا لە سەروبەندی جێبەجێکردنی ماددەی 140 هەست دەکرێن، ئەمە لە پێکهاتەی گرێدانی مەسەلەی سنووری کوردستان و مەسەلەی سنووری ناوچە شیعەنشینەکان زیاتر سەرکەوتوو نەبووین و خەریکە ململانێی شیعە و سوونەکان کاریگەریی خراپ لەسەر یەکلاکردنەوەی مەسەلەی سنووری کوردستان جێدەهێڵێت). من ئاماژەیەکی ترسناکتر و دوورتر دەبینم لەوەی شیعەکان هەوڵی کۆنترۆڵکردنی عێراق دەدەن، بەو شێوەیەی سەدام و بەعس لە دەیەی هەشتاکاندا کردبوویان، کورد و شیعەیان لە پرسەی سیاسیی کەنارگیر کردبوو، بەڵام ئەمڕۆ شیعەکان سەرتاسوونەکان تێکدشکێنن و دواتریش بە ئاسانیی کورد قووت دەدەن، بەو هەیەی ماڵی کوردیی ماڵێکی لێکترازاوە و گووتارێکی هاوبەشی ڕوونی نییە بە پرسە ستراتیجییە نەتەوەییەکان، تەنیا گووتارێکی هاوبەش هەیبێت بە دابەشکردنی داهاتی کوردستانە لە بەشە بودجەی عێراق.

ڕێی تورکیا لە پێکهێنانی جێبەجێکردنی ماددەی 140

لە مانگی ئابی 2007 بە مەبەستی متمانەپێدان (ڕەجەب تەیب ئەردۆگان) سەرۆک شالیارانی تورکیا بەرنامەی کاری شەستەمین حکوومەتی ئێنکەرای خستە بەردەم پەرلەمانی وەاتەکەی، لە بەشێکی بەرنامەی کاری حکوومەتەکەیدا (ئەردۆگان) باسی لە کێشەی کەرکوک کرد، وەک تیایدا هاتووە: پەیوستە کێشەی کەرکوک بە شێوەیەک

چارەسەر بکرێت هەموو نەتەوە و مەزهەبەکان مافەکانیانی تێدا ببینێتەوە، ئەوش هەوڵێکی سەرەکی دەبێت بۆ ئەمە. تورکیا دوای ئێران زیاد لەهەر دەوڵەتێکی تر بە تەنگی دەوانێتە پرسی کەرکوک و تووشی فەبیا و دڵەڕاوکێ بووە سەبارەت بە چارەنووسەکەی، تاکە ڕێگەیەک لە بەردەمیدا مابێت هێشتا لەشکرکێشی و بەکارهێنان و وروژاندنی تورکمان و هەوڵی ژێراوژێری هەواڵگریی و زیندووکردنەوەی جاشە کوردەکانە لە ژێر ڕەبەریی (ئەرشەد زێباری)، تا دوور و نزیک قورسایی هەبێت لە ورد و درشتی ئەو پێشهاتانەی لە کەرکوکدا ڕوودەدەن.

ئەجێندە تەملکەوان، لە ڕۆژنامەی (میللیەت)ی تورکیدا نوسیوویەتی (کاتێک مرۆڤ تەماشا دۆکات سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی تورکیا بەهەموو شێوەیەک پێویستە بە پێشڤەچوونە سیاسیەکانی کورد بە جێبەجێکردنی ماددەی 140، لەبەرئەمەش تانسیەنی وڵاتەکە بەرز و نزم دەبێتەوە، بەشێوەیەکی دیکە دەتوانین بڵێین تورکیا لەناو کابووسی کوردانەدایە). جگەی هەوەستەکردنە چەندان مانگ پێش هەڵبژاردنەکانی ئەمسای تورکیا سەنتەری سیاسیی کورد هێرشەکانی تورکیای وەک بەشێک لە پڕۆیستیەکانی ریکلامی هەڵبژاردن چاو لێدەکرد و ریالیستانە سەیری نەدەکرد وەک هێرشێکی جیددی و ئاگرەکی بەهێز، گرنگترین گۆڕەپان لە بیرکرابوو کە هەر پێشکەوتنێکی کورد (لەهەر بەشێکی کوردستاندا بێت) بە پلەی یەکەم تورکیا لەنێو کابووسدا دەتلێنێتەوە. تورکیا نیگەرانییە خەسڵەکانی ناشارێتەوە و سڵ لە هیچ ڕێگەچارەیەک بە دژایەتیکردنی هەوڵەکانی کورد بە مەبەستی وەرگرتنەوەی کەرکوک ناکاتەوە (لە واقیعدا درۆغیی نەکردووە)، هەندێک ناوەندی ئاگادار وایدەبینن دوو بەهێزترین تەقینەوەکانی ئەمسای شاری کەرکوک و شێخان تورکیای لە پشتەوە بووە چوونکە ناچێت بە عەقڵدا ئەو تەکنیک و چۆنێتییە کارایە لە توانای ئەو شانە جیهادییە تەرۆیستییانەدا بێت لە ناوچەکانی کەرکوک و دەوروبەری خەیان مەڵاس داوە.

(مەسعود بارزانی) مانگی نیسانی ڕابردوو بە کۆنەی (العربیە)ی ڕاگەیاند (شاری کەرکوک بەرامبەر دیاربەکرێ. ڕێگە نادەین تورکیا دەست لە کاروباری کەرکوک وەربدات. ئێگەر تورکیا ڕێگە بە خۆی بدات دەست لە کاروباری کەرکوک وەربدا، ئێمەش دەست لە کاروباری دیاربەکر و شارەکانی دیکەی کوردنشین وەردەدەین!). ئەم لێدوانە زێدەتر موزایەدەکردن و ڕاکێشانی سۆزی تاکی کوردی باکوور بوو تاکو هەوەستێکی بە کردەوە، بارزانی نێک نەیتوانی دەست لە کاروباری ناوخۆی تورکیا وەربدات لە توانایدا نەبوو پێشگیریی لە دەستێوەردانی تورکیا بکات لە ناوخۆی کوردستان بە کەرکوکیشەوە،

بگرێ بارزانی ناچاربوو لەژێر گوشاری تورکیادا فشار بخاتە سەر پەکەکە و پارتی چارەسەری تا دەگاتە قەدەغەکردنی بەاوکردنەوی هەوا و چالاکییەکانی پەکەکە لە میدیاکانی کوردستاندا. مافێکی ڕەوامانە بڵێین تورکیا ڕەچاوی هەبووە لە سستکردنی ماددەکە هەم لە ڕەی وروژاندنی کارتی تورکمانەوە هەم لە ڕەی دیپلۆماسییەوە چ لەگەڵ لایەنی عەراقی چ لەگەڵ لایەنی ئەمەریکی. لە مانگی ئابی ڕابردوو ڕۆژنامەی (ستار)ی تورکی لە زمانی (یەشار یاکیش) وەزیری پێشووتری دەرەوەی تورکیا بەاویکردەوە ریفراندەمی کەرکوک و بەیاردان لەسەر ناوچە دابەاوکانی کوردستان دوا دەخرێت، بە پێی هەواڵی ڕۆژنامەکە: نابێزایەتییەکانی تورکیا کاریگەریی باشی داناوە لەسەر ئەمەریکا و ئۆو وەاتە سەرقاڵی ئامادەکردنی فەرمەکە بۆ ڕاگەیاندنی دواخستنی دەنگدان لەسەر چارەنووسی کەرکوک.
لە هەموو لایەنکەوە تورکیا لە هەوڵدایە تا هاوکێشەکە بەو جۆرە هاوسەنگ بکرێتەوە کەرکوک پارچەیەک بێت لە عەراق یان هەرێمەکی سەربەخۆ بێت و پەیوەندیی نەبێت بە باشووری کوردستانەوە. ئەم هەوڵدانەی تورکیا لە شوباتی 2007 لە ڕۆژنامەی (واشنتۆن پۆست) زەدەتر ڕوون کراوەتەوە (تورکیا بە دیدەکی زۆر گرنگ دەوانێتە چارەنووسی کەرکوک، لە ساڵی 1926 ئەمە دەستمان لە ویلایەتی موسڵ هەڵگرت، بەوەی ویلایەتی موسڵ کە کەرکوک بەشێکییەتی پارچەیەک بێت لە عەراقێکی یەکگرتوو، هەربۆیە ئێستاش دەمانەوێت کەرکوک بەشێک بێت لە عەراق و سەر بە حکوومەتی عەراق بێت وەک ساڵی 1926).
تورکیا چالاکی و سنووری کارکردنی لە ئاستێکی بەرتەنگدا قەتیس نەکردووە بەڵکو خوازیاری پاڵپشتیی و هاوپەیمانییەکی ناوچەیی و نێودەوڵەتییە لە دژی خواستی کوردەکان بە بەدەستهێنانی کەرکوک، بەپێوای (ئەحمەد گولەر)ی سەرۆکی کۆمەڵەی کوردیی (DER KURT) لە ئەنقەرە: تورکیا هەوڵدەدات هاوکاریی ئێران و سوریا بکات بۆ ئەوەی پرسی کەرکوک بۆ مەڵاقی و هەڵواسراویی بمێنێتەوە. پێش ئەوەشی بەسەرماندا تێپەڕێت ئێران بڕیاری یەکەمی لە بڕدەم ماددەی سەد و چل چوونکە شیعە فەرمانڕەواکانی ئەمەی عەراق، چیتر نین جگە لە بەندەی گوێایەڵی کەماری ئیسلامی ئێران و نۆکەری بە وەفای ئامۆژگارییە سیاسییەکانی ڕابەری ئێران "خامنەئی".
ئاگەریش وەک چاودێرێکی بڵایەن سەیری پلانەکانی تورک شانبەشانی خەدزینەوەی حکوومەتی عەراقی و بەدەنگی ئەمەریکا و سستی کورد بکەین، ئەوا حکوومەتی ئەنکەرا توانیوویەتی سەرکەوتوو بێت لە زۆرتر ئاڕاستەکاندنی گرێکوێرەی کەرکوک و تاگەڕ خستنە بڕدەم ماددەی 140، چوونکە ئەمە لە دوا ساتەکانی ساڵی 2007دا هەست دەکەین ڕەوشی کەرکوک وەک خۆیەتی، ئاگەڕ خراپتر نەبووبێت رووی لە

چاکی نەکردووە و ئومێدەکانی کورد وەک بەقی سەر ئاویان لێهات و رووبان لە پووکانەوە و کزبوون کردووە. لێرەدا پرسیارێک دێتە گۆڕێ: ئامانجی تورکیا چییە لە دەستتێوەردان لە کێرکووک و تێگەڕاندان لە بەردەم جێبەجێکردنی ماددەی 140.؟. (د.ماگی زانگەر) چاودێر و ڕۆژنامەنووسی جیهانی بەرسڤی ئەم پرسیارە دەداتەوە و دەڵێت: ئامانج لە دەستتێوەردانی کێرکووک بۆتایبەت لەلایەن تورکیاوە بە نیوتی کێرکووک، هەر لەبەرئەوەشە دژی گەلانەوەی کێرکووک بە سەر هەڕەمی کوردستان، ئەو ترسی هەیە کێرکووک ببێتە تاجی ئابووری کوردستان.
داهاتی نەوت و سامانە سرووشتییەکانی کێرکووک بە ئەندازەیەک ئاگەر لە دەستی دەستاتێکی کوردیدا بێت دەبێتە بناغە بۆ تێبانیکردنی کەمپەینێکی ئابووری پتەو. (شێخ مەتاع) بەڕێوەبەری کەمپانیای نەوتی باکوور رایەدگەیەنێ وزەی بەرهەمهێنانی نەوت دووربەری 580-600 هەزار بەرمیلە لە ڕۆژێکدا (دیارە مەبەستی لە نەوتی خاوە). ئاگەر سەیری ئەم ڕەژیە بکەین و بە دراو بیقەبەڵنین ڕۆژێکی خەیاڵی و سەرسوهێنەرە سەبارەت بە ئابووری ئەمەستای کوردستان. تورکیا وا تەماشای نەوتی کێرکووک دەکات کەوەک و بەبێ پشتی ئەو دەوڵەتە کوردییەی لە خەیاڵ و ڕۆژقی کوردی باشووردا بوونی هەیە، چون بەبێ نەوتی کێرکووک دەوڵەتی کوردستان ئیمکانی سەرپێکەوتنی نییە. لەبەرئەوەی زۆر ڕوونە ئەم ڕەوشە ناهەمواری عێراق و بە ئیرانکردن و بە شیعەکردنی عێراق، سەبری ئیووبی کوردان دەپچڕێنێت، دوور بێت یان نزیک هەر دەبێت بیر لە پاڕێزی دەوڵەت و سەربەخۆیی بکاتەوە، ئەوە ڕۆژە کێرکووک و نەوت دوو دارشقن دەنێ بن هەنگی کوردەوە.
(د.محەمەد نورەدین) پسپۆری کاروباری تورکیا لە لوبنان پێیوایە (کوردستان بەبێ کێرکووک وەک موسڵمانان وایە بەبێ کەعبە، یاخۆ فەلەستینێ بێ بێ قودس، کێرکووک ناوچە و پانتاییەکی دەوڵەمەندی نەوتە، ئەمەش فاکتەرێکی گرنگ و ڕاستەوخۆیە بۆ ئەوەی دەوڵەتی کوردستان لە داهاتوودا پشت بە داهات و خۆشگوزەرانی ببەستێت، بۆیە تورکیا دژ بە گەلانەوەی کێرکووک بە سەر کوردستان). لە هەمان کاتدا ناوەندی باڵادەستی سیاسیی تورکیا دەوڵەتی کوردیی بەیەکێک لە مەترسییەکانی سەر خۆی چاو لێدەکات کە لەداهاتوودا سەرباری ئەوەی دەبێتە هاندەرێک بۆ جوڵاندنی کوردی باکوور بۆ داواکردنی مافەکانیان دەشبێتە هۆی شقبوونی تورکیا وەک ئەوەی ئەمەستا هەیە. (محەمەد عەلی بیراند) لە ڕۆژنامەی (حوریەت)دا ئەم پرسە زیاتر ڕوون دەکاتەوە: (سەربەخۆیی باکووری عێراق و دەستگرتنی کورد بەسەر نەوتی کێرکوکدا ئاگەرێکی پەسەند نەکراوە بۆ لای تورکیاوە، وا

باوەڕ دەکرێت دامەزراندنی ناوەندێکی راکێشەر لە باکووری عێراق لە داهاتووی درێژخایەندا دەبەستە هەی دابەشبوونی تورکیا). تورکیا بەهەر نرخێک بووە لە هەموو قۆناغەکاندا هەوڵدەدات بە زیاتر دابینی کەرکوک لە کوردستان، بەڵام جارێ نازانین چۆن کورد خۆ بە ئەم نەبەردە ئامادە دەکات؟ (کارساتە وەک جاران بە پێ پلانی بچێتە مەیدانی نەبەردەکانەوە) بەرسڤەکە با بەمنەت بە پێشهاتەکانی دادە.

ڕووی ئەمریکا – بەریتانیا لە پیلانگێڕیی دژی ماددەی 140

(مستەفا ئایدن) سەرەکی ئەنیستیتۆی (تیپاق) لە میانی ڕاپۆرتێکدا کە لەسەر عێراق ئامادەی کردووە تیشکی خستۆتە سەر ئاوەژووی ئەمریکییەکان ڕەگرن لەبەردەم ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتیی لە کەرکوک و پێیوایە ئەگەر ئەمریکا ئارەزووی بوایە ئەو کارەی دەکرد. بەگومان ئەمریکییەکان ڕەچەکی نەرەنیان هەبوو، وەختی خۆیشی (پۆڵ هارڤی) لە کەرکوک پشتیوانی عەرەبی هاوردە و تورکمانە پێگیرکانی دەکرد لە دژی کورد و کەمتەرخەمی نەدەنواند لە ڕەگریی دروستکردن بە لایەنی کوردیی و کارکانی ماددەی 58 قانوونی دەوڵەتی عێراق بە قۆناغی گواستنەوە. هەموو ئەو ماوەیەی (پۆڵ بریمەر) حاکمی مەدەنی عێراق بوو سیاسەتی ئەمریکی لە دژی بەرژەوەندیی کورد بوو لە شاری کەرکوکدا، یەکێک لە خراپترین پێشنیارەکانیشی ئەجیندای فیدراڵی پارێزگاکان بوو کە جگە لە ورد و خاشکردنی ماف و دەستکەوتە نەتەوەییەکانی کوردی باشوور، کورد بە هەتا هەتایی کەرکوکی لە کیس دەچوو هەروەک چۆن عەرەب لە پێشوودا (ئەندەلووس)ی لە کیس چوو. جیاوازییەکە تەنە ئەوە دەبوو، ئەندەلووس لە چوارچێوەی غەزەواتی ئیسلامیدا بە عەرەبکرابوو، بەڵام کەرکوک لەوەتی هەیە کوردیی و کوردستانی بووە، ئەسک و پروسکی سەدان پشتی کورد لەو شارەدا بووەتەوە بە خێڵی نیشتمانی دایک.

ژەنەراڵی خانەنشین (ڕالف پیترز) ڕەخنە لە سیاسەتکانی (بریمەر) دەگرێت و دەڵێت: کەرکوک بە درێژایی مێژوو شارێکی کوردیی بووە، بەڵام ئەگەر پۆڵ بریمەر هەندە نەفام نەبوایە ئەوا چوار ساڵ پێش ئێستا گەلاوێژەوە سەر کوردستان. پاشان ڕاسپاردەکانی (بیکەر-هاملتۆن) کە لایەن دەوڵەتی ئەمریکاوە بەرکەنار کران ئاوەنێیەکی تر بوون بە نیشاندانی هەڵوێستی نەگەتیڤی بەشێکی بەرچاوی سیاسەتمەدارانی ئەمریکی سەبارەت بە کورد و پرسی کەرکوک. (عەبدولخالیق زەنگەنە) ئەندامی کوردی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایدەگەیەنێ: ناوەڕۆکی ڕاپۆرتی بیکەر- هاملتۆن ئاماژەیەکی ترسناک بوو بە بەچوونی ئەمریکا سەبارەت بە پرسی کەرکوک چوونکە لە دوای ڕاپەڕینەوە ئەمە لەگەڵ ئەمریکا باسی کەرکوکمان کردووە، کەرکوک ئازاد کرا ئەوان تەسلیمی حکوومەتی مەرکەزییان کردەوە!!،

لەوکاتەوە گومانم لەوە هەیە ئەمریکا بیەوێت کێرکوک بخرێتەوە سەر کوردستان. لە باری واقیعیشەوە، ئەمریکا بە دیقەتدان لە بەرژەوەندییەکانی خۆی لەگەڵ تورکیا و دەوڵەتانی عەرەبیی و ناوچەکە مامەڵە لەگەڵ خواستی کورد دەکات دەربارەی کێرکوک. سیاسەتی ئەمریکا ئەویە هاوسەنگیی بپارێزێت لە ناوچەکەدا، هەرچەندە ئەم سیاسەتە لە بەرئەنجامدا بە خودی ئەمریکاش سیاسەتکی هەڵەیە و دووربینی و حیکمەتکی تێدا نییە و ئایندەش ئەم راستییە روونتر دەکاتەوە.
دواتر ئەمریکا هەندی هەندی بە رازیکردنی دەی عەرەبی سوننە و هەندێک لە وڵاتانی عەرەبی هاوپەیمان و تورکیا ناچاربوو لەسەر حیسابی کورد و لە رێی موزایەدەکردن بە کێرکوکەوە پارسەنگی بارودۆخەکە رابگرێت، کەوابوو بە هەڵە نییە (زاهای خەلیزاد) کە وێک دەستی کورد دەردەکەوت لەسەر هەمان نەتەی تورکیا دەنگی بەرز کردەوە و رایگەیاند پەیوستە کێرکوک بکرێتە هەرێمەکی سەربەخۆ، ئەو لە مانگی نیسانی رابردوودا داوای لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد پرسەی ریفراندەم لە شاری کێرکوک ئەنجام نەدرێ و کێرکوک بکرێتە کانتۆنەکی سەربەخۆ لە چوارچێوەی عێراقدا "برەکسلی عێراق". لە پێش چەند مانگیشەوە هەریەک لە حکوومەتەکانی بەریتانیا و ئەمریکا لە هەوڵدان تاکوو لە رێی گووشار و قەناعەتەوە پارتی و یەکێتی رازی بکەن بۆ ئەوەی مل بدەن بۆ ویستی دواخستنی ماددەی 140 لە کۆتایی ساڵی 2007دا. ئەم راستییە لە زاری (مەحمود محەمەد)ی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی (پ.د.ک)وە ئاشکرا کراوە وەک دەڵێت (ئەمریکا و بەریتانیا لە کاتی سەردانیان بۆ لای سەرۆک و مەکتەبی سیاسیی ئەمە و یەکێتی باسی ئەویان کردووە و پێشنیاری ئەویان کردووە ماددەی 140 دوابخرێت). پێدەچێت هەر لەسەر هەمان داوای ئەمریکا و بەریتانیا لایەنی کوردیی ناچار بووبێت بۆ دواخستنی ماددەی 140 رازی بێت!!، چوونکە ئەمە ئەمریکا رێی سەرکی دەگەڵێت لە شانۆی سیاسیی عێراقدا، وڵە بەریتانیا کێنارگیر و کێمبارس دەردەکەوێت بەڵام لەحاست پرسە ستراتیژییەکاندا ئەگەر هەندێ ئەمریکا رێ نەگەڵێت بگومان دەور و نەخشی لەو کێمتر نییە. تەنانەت بەریتانیا هێشتا سوورە لەسەر ئەو نەخشە دەرینەکی سایکس بیکۆ بە ناوچەکە و بەهەر بەهایەک بووە پارێزگاریی لێدەکات.
هەرچەندە (ئەلیسن کێمپ)ی قونسوڵی گشتیی بەریتانیا لە کوردستان رایدەگەیەنێت (دەمەوە باسی ماددەی 140 بکەم، ئەم ماددەیە زۆر هەستیارە بۆ گەلی کورد، رای حکوومەتی بەریتانیا نەگۆڕاوە و وەک خۆی ماوەتەوە، حکوومەتی بەریتانیا بە تەواوەتی پاڵپشتی جێبەجێکردنی ماددەی 140 دەکات). ئەفسووس واقیع پێچەوانەکەی پێ

شەوان وەکوو ئەستێرە
دادەگیرسەم
دە و هەناویشم سەرچاوەی زام
تەنها گوناحم
عاشقی کەزی ڕەعنام
با هەموو خەکی
ئاوایی
بە سەرسەرییم
بزانن
من هەمیشە شەت و شەیدام

٣
هەندە جار
چاو بە گریان
سەیری حەوت تەبەقەی ئاسمان دەکەم
ئاسمان لەهە و شەدار
وەک ئەوەی لە جامی
قەمەرییەکەوە
سەیری بارانی دەرەوە بکەم
منی دارا دارەمانەکەی جاران
گوندبەدەر کرام
تەنها لەبەر ئەوەی
تەم لە خودا زیاتر
خەشویست
لەناو حەوشەی مزگەوت
ڕەجمیان کردم بەردەباران

٤
ڕەعنا گیان
من لە قەبرەوە قسەت لەگەڵ دەکەم
ئازاری ڕەجم و بەردەباران

لەناو مەخی ئەسقانەکانم دان
پە دەمم خۆ
وەک کەستەکم لە هاتوو
بۆام بە قورئانەکەی مزگەوت
لە دەی خۆکی ئاوایی زەر نەرمترە
من لە قووەایی گۆوە لەگۆت دەدوەم
نە گوندبەدەرکردن
نە رەجم و بەردەباران
نەیانتوانی عەشقی تە
بخوسەنن
زەر جار
حەزەک هەر چەشنی ئاگر
دەمهەژێنە
رەژە دە دەمەوە لاتان
وەک کۆ پەنگر

کەتایی مانگی یانزەی ۲۰۱۳

چەمکە شیعرییەکان و پەنجەرەیەک بە ەوانین .. ناۆ حەسەن/ بەشی سەیەم

- **شیعر و (نەرجسییەت)**
- **شیعر و (ناخودئاگایی)**
- **شیعر و (ئیرەسییەت) یان شیعر و (ژایاندەستی)**
- **شیعر و (نەرجسییەت)**

هەوەدەدەین لەم وتارەمان بە کورتی پەیوەندی شیعر بە (نەرجسییەت) یان بیرکردنەوەی شاعیر بەم چەمکەوە ەوونبکەینەوە ، نەرجسییەت مەژوویەکی کەنی هەیە و لە ئەفسانەی یەنانییەوە وەرگیراوە ، ماناکەی (خەشویستی بە خود) یان (بەرز لەخە ەوانین) دەت ، هەروەک لە کتەبی (

نەرجسیەت)یش دا هاتووە ، بیرمەندی دەروونناس (تیەدەر ئای
ەبین) دەەت ، (کەسی نەرجسی لە دنیای تایبەتی خۆیدا
دەژی و پەیوایە هەموو دنیا هی ئەوە ..!) ، پەویستە لەوەش
ئاگادار بین کە نەرجسیەت پێنج جۆری هەیە ، تەنها دوو جۆری
بە شێوەیەکی سروشتی لە کەسانی ئاسایی و لەکەسە داهێنەرەکان
دا هەن ، ئەوانیش جۆرەکانی (ئەدگاری نەرجسیەتی نەرایەتی
، ئەدگاری نەرجسیەتی) ، بە ئەم وتارەمان ئەم دوو جۆرە
جۆگای مەبەستی ئەمەن ، بەەام سێ جۆرەکانیتری نەرجسیەت (
کەسایەتی سنووردار ، کەسایەتی دەروون نەخۆش ، کەسایەتی
گومانکردوو) ئەم سێ جۆرە زۆتر ەچوون و سەرسامبوونکە
بەخەد تا ئاستی سنووربەزاندن و توشبووون بە نەخۆشیە
دەروونیەکان ، ئەمە لەرەدا پیویستمان بەوە نیە زۆر
هەوەستە لەسەر ئەم بەشیان بکەین ، تەنها خاەک بە
پەویستی دەزانم ئاویش ئەویە ، کەسە دیکتاتۆرەکان
ئەوکەسانەن کە کەسی دەروون نەخۆشن نەرجسیەتکەیان لە
ئاستکی سنووبەزاندنداید ، بەیە دەبینین ئەوکەسانە زۆرترین
تاوان ئەنجام دەدەن بەبەئەوەی پەشیمان ببنەوە و یان خۆیان
بە تاوانبار بزانن …! لەبەرئەوەی ئەو کەسانە تەنها بە
ئاراستەی مەشک یان بیرکردنەوەکانییان ئیشدەکەن و بەیار
دەدەن ، لووتبەرزی و سەرسامبوونییان بە خود هەست و سەزییان
دەکوژێت ، بەیە تەنها بە مەشک بەیار دەدەن نەک بەدە و هەست
و سەز ..! بەەام شیعر لەگەە ئەمجۆرەی نەرجسیەت ناتەبا و
دژ دەتەوە ، چونکە لە پەەسەی نووسینی شیعر فیکر و هەست
پەکەوە ئیشدەکەن و هاوتەریب دەەن . هاوکات خاەکیتر بە
پەویستی دەزانم لەبەرامبەر ئەوبەشەی نەرجسیەت ئاویش
ئەوەیە کە / (هیستریا) و (نەرجسیەتی دەروون نەخۆش)
هەردووکیان بەری نائاسایی و نەخۆشی دەروونین ، بەەام
خاەکی زۆر گرینگ هەیە کە سنووری ئەم دووانە لە یەکتری جیا
دەکاتەوە ئاویش / کەسە هیستریکەکان کاتێک تاوانێک دەکەن
بەدواید هەست بە گوناه و تاوان دەکەن و پەشیمان دەبنەوە
بەەام ، کەسە نەرجسیە دەروون نەخۆشەکان نە هەست بە تاوان
دەکەن نە پەشیمانیش دەبنەوە …! جا لەرەوە دەگەەینەوە لای
پەیوەندی نەوان شیعر و نەرجسیەت ، چەند پرسیارێک دەکەین /
ئایا پەویستە شاعیر نەرجسیەتی هەبەت ؟ یان خۆشویستیەکەی
بە خود هەندە بەت ، بەرز لەخۆی بەوانەت ؟ یان منی خۆی وەک
منەکی باەا وەنە بکات ..؟ من بە هەموو ئەمانەە لە وەەامدا
دەەم (بەەە ..!) . ئاویش بە چەند هەکارێک ، لە خوارەوە

هاوبەدەین هەکارەکان باسبکەین . بۆی / شاعیر لەنێو ڕووبەری شیعرو داهێنان پۆیست دەکات خۆشویستی بۆخود هەبێت و بەرز لەخۆی بوانیت چونکە ، شیعر و داهێنان بەهایەکی گەورەیان هەیە ، شاعیر پۆیست دەکات لەنێو شیعرەکانی (منی خۆی) وەک منەکی باڵا ببینێ ، کەسەکی خودان هێز و سوپارمانی ، وەک ئەو کەسە باڵا و بەهێزی (نەتچێ) بانگەشەی بۆ دەکات ، وەک مرۆڤکی داهێنەر خۆی لەو ئاستە بەرزە ببینێت کە ، نەچەمتێوە بۆ هیچ دەسەڵات و میر و حاکمێک ، یان بۆ مانایەکیتر نەبێتە (کەوچکی نێو پیاڵەی هیچ دەسەڵاتێک ..!) ، (تەنها و تەنها) خۆی بێت و جووڵەکانی لەژێر کاریگەری ئارەزووەکانی خۆی ئاراستە وەربگرن . واتە کەسەکی (کێڵە و نامە) نەبێت . ئەمە لە بۆشکانی پێشتری ئەم نووسینەمان گتومانە / کەسە (نامەکان) ناتوانن داهێنان بکەن یان داهێنانەکانییان دەکەونە ژێر پرسیارەوە ..! بۆیە کەسی شاعیر دەبێ هەندێ خۆشویستی بۆخۆی هەبێت و بەرز لەخۆی بوانێ کە ، لەوێ تێبگات مرۆڤ هەشمەندترین بوونەوەرە و ئاستی تێوانینی بێ (ژیان و مرۆڤ و داهێنان) بەرز بێت ، دەبێ لەوێ تێبگات مرۆڤ لە ڕۆگەی داهێنانەکانی مانایەک بە بوونی خۆی دەبەخشێ و بەهای مرۆڤیش لە سەرووی هەموو بەهاکانەوەیە بۆیە ، دەبێت وریا بێت لەوەی نەرجسییەتەکەی نەگاتە ئاستی سنووربەزاندن و نێو ڕووبەری نەخشیێ دەروونییەکان ، هاوکات لەوەش دڵنیا بێت نەرجسییەت و بەرز لەخۆوانین تێکەڵاوی (لەخۆباییبوون) نەکات ، چونکە ئەو شاعیرانەی لەخۆیانبایی دەبن بەتایبەت (هەندێک) لە شاعیرە خاوەن ئەزمونەکان ، خۆیان لەسەرووی خەڵکانی تروە دەبینن و پێیانوایە ئەوان باشترینن ، بۆیە ئەوان ئەوەیان بیرچێتەوە کە شیعر ئیش لەسەر جوانی دەکات و جوانیش بوونێک یان چەمکێکی (ئیژیی) هەیە یان زەرجار ، ئەجرە شاعیرانە بەرگەی هیچ جۆرە تێبینی و ڕەخنەیەک ناگرن ، واتە مەبەستمە بۆیە لەنێو ڕووبەری (شیعر و داهێنان) باشترین بوونی نییە ، دەکرێ کەسە داهێنەرە گەورەکان (یەکێک بن) لە هەرە داهێنەرەکان ، یان هەرە باشەکان ، خاڵێکیتر کەسە لەخۆباییەکان هەمیشە پێیانوایە ئەوان گەیشتوونەتە لوتکە بۆیە ، بیئاگا لەوەی هەموو گەیشتنە لوتکەیەکیش هاتنەخوارەوەی بەدوادایە …! ئەمەش جۆرە بەدحاڵیبوونێکە بە ڕووبەری شیعر و داهێنان ، ئەمە لە کتێبی (گەیشتن بە ڕووبەری شیعر) بە ڕوشنی باسمان لە ڕووبەری

شیعر و داهێنان کردووە ، بەومانایەی نا ، کە مەبەستمان بێت بازنەیەک بەدووری ووبەری شیعر بکێشین ، بۆیە هەر لەم کتێبە بە ڕەشنی گتومانە / شیعر جووڵەیەکی بەردەوامی ئیستاتیکییە ..! مادام جووڵەیەکی بەردەوامە دەبێ لە نووبەرێکی کراوەدا بێت ، واتە رووبەری شیعر و داهێنان ووبەرێکی بەرینی کراوەن ، بەمانایەک گەر بە دەریایەک وێنای بکەین دەڵێین / دەریایەکی بەبن و ئاوبەریشی کراوەو و نادیارە ، هیچ کام لە داهێنەرەکان تا ئێستا نەگەیشتوونەتە بنی بنەوەی قووڵاییەکان و یان ئاوبەری ووبەری دەریاکە ، لەبەرئەوەی هەموو مرۆڤکان دەگەنە خاڵێک کە لەوێدا داهێنانەکانییان دەوەستێ ، ئەویش خاڵی مردنە ، چونکە مردن کۆتایی بە پڕۆژەکانی بوون دەهێنێت ، بۆیە تا ئێستا هیچکام لە داهێنەرەکان نەگەیشتوونەتە تەواوی ئاستی کەمال ، بە شێکسپیر و دستەفسکی) شاوە ، بۆیە لەنێو ووبەری شیعر و داهێناندا / نە باشترین بوونی هەیە نە گەیشتن بە لوتکە ، لەبەر ئەم هەیانەی باسمان کردن ، زەر گرینگە بە هەشیاریەوە مامەڵە لەگەڵ پەیوەندی نێوان چەمکەکانی (شیعر و نەرجسییەت)دا بکەین و خۆشەویستی و تەوانینمان بە خود لە ئاستێکی بەرزدا بێت .

- شیعر و (ناخودئاگایی)

(سیگمەند فرۆید) لە تیۆری دەروونشیکاری خۆی بە کەسایەتی ، بەم شێوەیە باس لە ناخودئاگایی دەکات و پێیوایە کە ، ووبەرێکی تاریکە شوێنی هەستەکان و حەز و ئارەزووەکان و بیرکردنەوە و خەون و ئومێدەکان و یان یادەوەرییەکانی دەرەوەی ئاگایی مرۆڤ ، هەروەها فرۆید وایدەبینێ کە ئەم ووبەرە واتە (ناخودئاگایی) ، بە بەردەوامی کاریگەری هەیە بەسەر ڕەفتار و جووڵە و کار و کردەوە و بیرکردنەوەکانی مرۆڤ ، هاوکات باس لەوەش دەکات کە / (خەون) ئەویش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ناخودئاگاییەوە هەیە ، بۆیە (فرۆید) گرینگی بە خەونەکان داوە و ئیشی لەسەرکردووەن و شیکردنەوەی بە کردووەن ، چونکە باوەڕیوابوو / ئەو حەز و ئارەزوو و مەیلانەی لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ دەستبەرنابن لە ووبەری ناخودئاگایی دەمێننەوە و لە کاتی نائاگایی لە خەونەکاندا دەردەکەون ، دەبینین کە ناخودئاگایی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کەسایەتی و بە خەونەکانی مرۆڤەوە هەیە ، پەیستە ئەوەش بزانین دەربارەی کەستی هەروەک لە کتێبی (

لەگەڵ سایکۆلۆژیادا هاتووە) ، (کە کۆستی ، لە حەقیقەتدا مرۆڤ خۆی نییە ، بەڵکو ئەو هەوسارەیە کە لەبەردەم خەڵکدا خۆی پیشاندەدات و هەڵسوکەوت دەنوێنێت ..) ، (کەواتە کۆستی دەمامکەکە دەپێشین ، ئەو هەوسارەیە هەڵسوکەوتکانمانی پێدەنوێنین و ماماڵەی پێدەکەین ..!) ، بەمانایەکیتر / کۆستی ئەوخودە کەمایەتییەیان هەیە تاکە لە پیوانەیەی کەمایەتییەکاندا ، کەواتە دەگەینە ئەو هاستییەی کە / کۆسایەتی حەقیقەتی بوون نییە ، چونکە بوونی مرۆڤ لەسەرتاوە بەناوەکی و بەمانایە ، بەڵکو مرۆڤ لە ڕیگەی هەوە و داهێنانکانی مانایەک بە بوونی خۆی دەبەخشێ ، دەتوانین بڵێین کۆسایەتی / ئەو دەمامکەیە کە مرۆڤ بوونی خۆی پێ نمایشدەکات . لێرەدا دەبینین کە کۆسایەتی مرۆڤ و خەون و بیرکردنەوەکانی ، هەمووی لەژێر کاریگەری باری دەروونی بەتایبەت ناخودئاگایی دان ، بۆیە بە پێویستی دەزانین کە پیوەندی ئەم هووبارەی ناخودئاگایی لەگەڵ شیعر باسبکەین و لایەنە گرینگەکانی بە دەربخەین . شاعیر لە پڕۆسەی نووسینی شیعر / لە ڕیگەی بیرکردنەوەکانی لە دەوروبەرو لە دنیای واقیع دادەبڕێ ، بە نەو هووبارەی خەیاڵ دوور دووردەوات ، لەنێو ئەو هووبارە نادیار و تاریکەی خەیاڵدا ، بوخچەی ئارەزووەکانی دەکاتەوە / خەونەکانی ، مەیل و حەزووەکانی ، یادەوارییەکانی ، منداڵی و ڕۆژانی تێپەڕیو ، کە ئەمانە لەنێو هووبارەی ناخودئاگایی خەیدا هەیگرتوون ، لەنێو ئەو هووبارە تاریکەی خەیاڵدا هووبارەی ناخودئاگایی گرێی بوخچەکانی خۆی دەکاتەوە ، لەو چرکە ساتە ئەم هووبارە تەواوی مەشکی شاعیر کۆنترۆڵ دەکات و هاوکات بیرکردنەوە و خەیاڵکانیشی ، بۆیە ئەم هووبارە ناخودئاگایییە تەعبیر لە بوون و شوناسی شاعیرەکە دەکەن . بۆیە دەتوانین بڵێین / شیعر لەو ساتەدا نووسینەوەی ئاوەزانبوونی ناخودئاگاییە لەنێو هووبارەی خەیاڵ و گۆرانکانی شاعیردا ، هاوکات ئیشکردن لەسەر قوڵاییکانی خەیاڵ و قووڵاییکانی ناوەوەی خودیش گرینگییەکی ناوازەی هەیە بە شیعر . هەروەک لە نووسینەکانیترمان باسمان لەوکردووە کە / لە دوای ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم واتە ، لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی مەدرەن ، وەک قوتابخانەکانی (هونەر بە هونەر) و (سومبولیزم) و (دادایی) و (سوریالیزم) و ئەوانیتریش .. کە تەنها جیاوازییان لە هووی فۆرم و زمانەوە نەبوو لەگەڵ قوتابخانە ئەدەبییەکانی

پشخەیان بە تایبەت ، (ھەمانیسزم) و (ئیالیزم) بەکو ، جیاوازییەکیتری جۆھەری ھەبوو ئەویش ، لە قوتابخانە ئەدەبییەکانی مەدرنە زیتر گرنگیدرا بە خود واتە لانەو شیعر و ئەدەبەکانییان زیتر ئیشییان لەسەر خود و ناوەوەی خەیان دەکرد ، گرینگی زەریان بە خەون و ھەماکان دەدا ، ئەم ئیشکردنە لەسەر (خود) و خەون و ناوەوەی خود لەلای سوریالیستەکان بە لوتکە گەیشت ، چونکە سوریالیستەکان بە فەرمی (ئەتەماتیزم) ئیشییان دەکرد واتە ،(تەقاندنەوەی ناوەوەی خود یان باری ناخودئاگایی) ، بەیە لە نەو شیعر و تابلۆ و نیگارەکانییان بە چەی ئیشییان لەسەر خەون دەکرد ، تا ئەو ئەندازەیەی (سلفادەر دالی) وتەیەکی بەناوبانگی ھەیە کە دەڵێت ،(ژیانی ئاستەقینە یان حەقیقەتی ژیان لانەو خەونەکان دایە ..!) ، واتە ئەو واقیعەی تیایا دەژین ئەوە حەقیقەتی ژیانی مرۆڤەکان و شایستە بە مرۆڤەکان نییە …! بەیە دەبینین تابلۆکانی (سلفادەر دالی) بە شێوەی سەیر و سەمەرە کەشراون چونکە وێنەی خەونەکانی خەی ئەسمکردوون . یان شاعیرەکان لەکاتی نووسینی شیعرەکانییان ، کاتێک دەکەوتنە نێو قووڵایی خەیاڵەکانییان ، لە چرکەساتی تەواوبوونی دەقەکانییان قسەمەکانییان دادەنا و چیتر دەستکارییان نەدەکردن ، چونکە باوەڕییان وابوو کە شیعر نووسینەوەی چرکەساتەکانی نێو رووبەری خەون و خەیاڵ و باری ناخودئاگایییەکانە ، تەکھەکەشییان نەدەکرد بە باری واقیع و ئاگایی خود ، ھاوکات لەگەڵ ئەم بارە دەروونیانە و گرینگیدان بە زمان و ئیشکردن لە سەر دوالیزمەکان و چەمکە دژەکان و ھیما و میتافەرەکان و گومان و پرسیار و پێکھاتەکانیتری زمان ، ھەموو ئەمانە قووڵایی و بەستێکی بوونیان بە دەقە شیعرییەکان دەبەخشن ، لەرەدا دەبینین باری دەروونی ناخودئاگایی چ کاریگەرییەک و ڕۆڵێک دەگێڕێ لە پرسەی نووسینی شیعر ، بەیە ھەموو ئەو دەقانەی لانەو ڕووبەری خەیاڵ زیتر ڕەدەچن ، دەبینین قووڵایی زیاتر بە ناوەڕۆک و بە پێکھاتەی دەقەکە دەبەخشن ، چونکە گەیشتن بە ڕووبەرە تاریکەکانی خەیاڵ گەیشتنە بە ڕووبەرە تاریکەکانی ناوەوەی خود و ڕووبەرە تاریکەکانی ناخودئاگایی . بەیە زمانی شیعر زمانی چرکەساتکانی وێنەکردنە ، چونکە مرۆڤەکان لەکاتی وێنەکردندا بە قووڵی لەژێر باری دەروونی ناخودئاگاییدا دەبن ، دەتوانین بڵێین زەرجاران / شیعر ھیچ پێوەندییەکی بە واقیعی ڕاست نییە ، لەبەرگەی ئیشکردن لەسەر

ناوەوەی خود و باری ناخودئاگایی و هەڵدانەوەی مەیل و ئارەزوو و خۆنەکان و یادەوەرییەکان و ئومێدە کەسکەسووکانەوە لەوەدا ، بەواقیع پێویستە دەبێتەوە ، چونکە لە بنەڕەتدا / مەیل و ئارەزوو و خەون و یادەوەرییە لەسەریەک دانراوەکانی نەوەووبەری ناخودئاگایی کەسەکان ، بەرهەمی واقیعێکی ناتەبا و نەشیاو و ناشایستەن بۆ مرۆڤ و بەهاجوانەکانی مرۆڤبوون . لەبەرئەوەی لە کولتوور و کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو ، مرۆڤەکان خەون و ئارەزوو و مەیلەکانییان ، یان کەشف و ئومێدەکانییان لەیەکەوە نزیکن ، بۆیە زەرجاران لەنێو دەقێکی شیعری یان دەقێکی ئەدەبی دەبینین بە سەدان یان هەزاران خوێنەر خۆی لەنیو دەقەکەدا دەبینێتەوە ، هەکارەکەی زێتر ئەوەیە کە / شیعر یان دەقە ئەدەبییەکان ، بە تەخی ئیش لەسەر ناوەوەی خود و باری (ناخودئاگایی) دەکەن .

- شیعر و (ئیرەسیبڵ) یان شیعر و (ژیاندەستی)

(ئیرەس و ساناتەس) دووچەمکی ناتەباو دژبەیەکن ، (فرەید) وا خوێندنەوەی بە کردوون کە ، (ئیرەس) غەریزەیەکە مامەڵە دەکات لەگەڵ بنەماە بنچینەییەکان و هاوکات ، پەیوەندی هەیە بە چەژ و هەستە ئیرۆتیکیەکان ، وەک هەزکی بەرگریکارە لە مرۆڤ بە مانەوە و گەشەکردن ، دواجار بە غەریزەی (ژیاندەستی) ناوی دەبات ، لە بەرامبەردا غەریزەی (ساناتەس) هەیە ، کە وەک هەزکی دژ و مەیلی کاوەکاری و شەڕانگیزی هەیە ، ئەویشی بە غەریزەی (ساناتەس) ناوبردووە ، واتە (مەرگدەستی) ، ئەمە لەڕەدا باس لە پەیوەندییەکانی (شیعر و ئیرەسیبڵ) یان (شیعر و ژیاندەستی) دەکەین . بەو پێیەی شیعر ئیش لەسەر جوانی دەکات و ئامانجی بەرهەمهێنانی جوانییە ، بۆیە تەریبە لەگەڵ ژیان و هاوکات لەگەڵ مرۆڤ و بەهامرۆییەکان . مەبەستەم بەم کاتەک شیعر و داهێنان چڕی جوانییەکانیان دەردەکەوێت ، ئەوکاتەی کە لەنێو ناواخنی خۆیان یان بەو ئاراستەیە کاربکەن کە / بەهای مرۆڤ لەسەرووی هەموو بەهاکانەوە ببینن ، ژیانیش بەبێ بەرزەاگرتنی بەهاکانی مرۆڤ هەموو جوانییەکانی خۆی لە دەست دەدات ، بگومان دەرخستن و بەرهەمهێنانی ئەو جوانییەش لە شیعردا ، لە ڕەگەی هونەرکاریکردن لە زمانەوە دەبێت ، ئەگەر بە خڕایی چاوەک بە ەابردوو و مەژوودا بخشێنین ، یەکەک لە هەڵە گەورەکانی مرۆڤ ئەوە بووە کە / تا ئێستا نەیتوانیوە چەژ یان سوود لە جوانییەکانی ژیان ببینێت ، یان بەو

ەگایدا بوات کە ژیان بگەینێت بە کۆتاری ئارامی ، هەمیشە ژیانی بە ئاقار و ڕێگا ناشرینییەکاندا بردووە ، هەمیشە ململانێکان و پێوەندییەکان ناتەندروستبوون ، ئاکامی نەخوازراویان لێکەوتەوە ، هیچکات بۆ هاوکێشەی کاریان نەکردووە کە / (بۆشک) لە حەقیقەتکان لە لای منەک (هەموو) …! ، هەمیشە خەیان وابینیوە کە خاوەن حەقیقەتی ڕۆها و ئەوانیتریش (هیچ) ، واتە لە کێشمەکێشمی نێوان غەریزەکانی (ئیرەس) و (ساناتەس) دا ، هەمیشە هەزی (ساناتەس) لەمڕۆقدا زاڵ بووە ، واتە مەیلی جەنگ و کاوەکاری و لەناوبردن یان مەیلی خۆپەرستی و تاکەوی ئامادەیی هەبووە ، ئەوش مەژوویەکی درێژی هەیە ، لە ڕێگارە هەرە سەرەتاییەکان کە بە ڕێژگاری (کەمەنەی سەرەتایی) ناوبراوە لە مەژوودا ، لە دوا ڕێژکانی ئەو قۆناغە سەرەتاییە کاتەک / ئامرازکانی بەرهەمهێنان لە (ملکدارێتی گشتییەوە) دەگۆڕیت بۆ (ملکدارێتی تایبەت) ، لەوەوە چەوساندنەوەی مرۆڤەوە دەستپێدەکات و جەنگ و کوشتن و کاوەکارییەکان ، لەوەوە درێژیان دەبێت ، قۆناغە یەکبەدوای یەکەکانی مەژووش وەک (کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری) بەدوای خۆیدا دەهێنێت ، ئەم قۆناغانەی مەژوو و پێوەندییەکانی تاکەکان ، لە ئەدەبیاتی (ماركس) بە ڕۆشنی باسکراوە ، واتە ئەوە مرۆڤ خۆیەتی ژیان ناشیرین دەکات یان ڕێزبەندی و چینەکان لە کەمەدا دروست دەکات ، نەک ئەوەی چینەکان و ڕێزبەندییەکانی تاک ، یان ئەوەی کە ناشیرینیەکان لەنەو ژیاندا پشوخەتە ئامادەییان هەبووبێت . شیعریش وەک بەرهەمی بیری مرۆڤ ، وەک جووڵە و پێکهاتەیەکی ئیستاتیکی ، لە ڕۆگەی بەرهەمهێنانی جوانی دەبێتە سەرچاوەی ئارامبوونەوە و چێژبەخشین ، بۆیە غەریزەی (ئیرەس) هەمیشە لەنەو شیعر ئامادەیی هەیە ، چونکە شیعر لە سەنگەری ژیان دایە بەڵام ، ئەوە بۆ مانایە نایە کە شیعر بکرێتە هەکار و بە مەبەستی تایبەت بکاربهێندرێت ، جا ئەو مەبەستە هەرچییەک بێت ..! لەڕۆگەی شیعر مرۆڤ دەتوانێ بیر لەخۆن و ئومێدە جوانەکانی بکاتەوە ، ئەدەب دەتوانێ وا لە مرۆڤ بکات کە بیر لە ئازادی و ڕزگاری و جوانییەکانی ژیان بکاتەوە . دەمەکیشە گتومانێ (شیعر فەرمەکی بەدەنگ نییە …!) ، بەمانای شیعر لەگەڵ ژیان و بوونی مرۆڤ دایە ، لێرەدا / دەمەوێت قسە لەبارەی ئەوە بکەم کە ، هەرچەندە شاعیر لەنەو شیعرەکانی باس لەنائومێدیش بکات ، بەڵام

مەبەستی ڕەشبینی و گەیشتن بە خاڵیی (پووچی) ، واتە (ئەبسەرد و نەهیلیزم) نییە ، چونکە گەیشتن بە خاڵی (پووچی) واتە گەیشتن بەو ڕەشبینیی و نائومێدییەی یان بەو دەرئەنجامەی کە / ژیان ئەوە ناهێنێ یان ئەو بەهایەی تیا نەماوە کە بەی بژیت ، بۆیە ئەو مرۆڤانەی بەو ئەنجامە دەگەن زۆربەیان پەنا بە خەکوشتن و کەتایی هێنان بە ژیانی خۆیان دەهێنن ، یان کەنارگیر وەک جەستەیەکی مردوو و وەک ڕەحەکی وشک و خاڵی لە هەموو ئومێدێک و هیوایەک دەمێننەوە ، بەڵام شیعر لەگەڵ خەکوشتن و ڕەشبینی دا نییە ، چونکە مردن کەتایی هێنانە بە هەموو پەژەکانی بوون بە شیعریشەوە …! . ئەمە بە دژی ئازادی هیچ کەسێک ناوەستێنەوە چونکە ، ئازادی ئەوکاتە مانای هەیە کاتێک مرۆڤەکان مومارەسەی بکەن ، چونکە لە دژەوەی مومارەسەکردن (ئازیدی)ش وشەیەکە تەنها لە چەند پیتێک پێکهاتووە و هیچیتر ، بۆیە کەسەکان ئازادن چۆن بیردەکەنەوە یان چۆن مامەڵە لەگەڵ جەستەی خۆیان و ژیانی خۆیان دەکەن . بەڵام ئەمە باس لە (شیعر و ئامانجی شیعر) دەکەین ، نەک لە بیرکردنەوەی شاعیرێکی دیاریکراو یان نەک شاعیرێکی (ڕەشبین و بە هیوا) . (ئەلبەر کامە) لە کتێبی (ئەفسانەی سیزیف)دا دەڵێ / (پووچی لەناو مرۆڤدا نییە ، لە جیهانیش دا نییە ، بەڵکو لە سای بوونی هەردووکیان هەیە ، پووچی ئەو پەیوەندییەیە کە ئەم دووانە پێکەوە دەبەستێتەوە ..!) ، ئەمە گوتمان ژیان لە بنەڕەتدا ڕەنگەژ نییە بە ناشیرینییەکان هاوکات مرۆڤیش ، بەمانای پووچی و هەموو دیاردە دزێو و ناشیرینیەکان لە ئەنجامی بەیەکەوەبوون یان پەیوەندی نێوان (ژیان و مرۆڤ) یان پەیوەندی (مرۆڤ و جیهان) هاتوونەتە بوون ، پووچی یان دیاردە نێگەتیڤەکان بەرئەنجامی جووڵە و پەیوەندییە ناڕەک و نادروستەکانی مرۆڤ ، باوەڕهێنان بە (پووچی) ئیشکردنە بە ئاراستەی مردن ، شیعر بە پێچەوانەی ئەم ئاراستەیە کاردەکات ، وەکچۆن لە دەستپێک گوتمان ، (ئیرەس و ساناتەس) دوو چەمکی دژ و پێچەوانەن ، هاوکات (شیعر و مردنیش) بەهەمانشیوە ، یان (شیعر و ساناتەس)یش بەهەمانشیوە ، بۆیە لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە / شیعر بەئاراستەی ئیرەسییەت ئیشدەکات و دواجاریش دەڵێین / (شیعر پەرچەمی ژیاندەستییە …!) .

نۆڤەمبەری ٢٠٢٠

تێبینی :

بە نووسینی ئەو بەشەش سوودمان لەو کتێبانە بینیوە .

- کتێبی (نەرسیسیزم) .. نووسینی(ئەلیکساندەر لەوین) .. و / ناڵە حەسەن
- کتێبی (لەگەڵ سایکۆلۆژیادا) .. نووسینی (سۆزان جەمال) .
- کتێبی (ئەفسانەی سیزیف) .. نووسینی (ئەلبێرت کامۆ) .. و/ ئازاد بەرزنجی

بەشی سێیەم :-

- شیعر و (نەرجسیزم)
- شیعر و (ناخودئاگایی)
- شیعر و (ئیرەسیزم) یان شیعر و (ژایاندەستی)
- شیعر و (نەرجسیزم)

هەوڵدەدین لەم وتارەمان بە کورتی پەیوەندی شیعر بە (نەرجسیزم) یان بیرکردنەوەی شاعیر بەم چەمکەوە ڕوونبکەینەوە ، نەرجسیزم مۆژوویەکی کۆنی هەیە و لە ئەفسانەی یۆنانییەوە وەرگیراوە ، ماناکەی (خۆشەویستی بە خود) یان (بەرز لەخۆ ڕوانین) دێت ، هەروەک لە کتێبی (نەرجسیزم)یش دا هاتووە ، بیرمەندی دەروونناس (تیۆدەر ئای ئەبین) دەڵێت ، (کەسی نەرجسی لە دنیای تایبەتی خۆیدا دەژی و پەیوایە هەموو دنیا هی ئەوە ..!) ، پەیوستە لەوەش ئاگادار بین کە نەرجسیزم پێنج جۆری هەیە ، تەنها دوو جۆری بە شێوەیەکی سروشتی لە کەسانی ئاسایی و لەکەسە داهێنەرەکان دا هەن ، ئەوانیش جۆرەکانی (ئەدگاری نەرجسیزمی نەرایەتی ، ئەدگاری نەرجسیزمی) ، بە ئەم وتارەمان ئەم دوو جۆرە جگای مەبەستی ئەمەن ، بەڵام سێ جۆرەکانیتری نەرجسیزم (کەسایەتی سنووردار ، کەسایەتی دەروون نەخۆش ، کەسایەتی گومانکردوو) ئەم سێ جۆرە زێتر ڕەچوون و سەرسامبوونکە بەخۆد تا ئاستی سنووربەزاندن و توشبوون بە نەخۆشیەی دەروونیەکان ، ئەمە لەڕەدا پیویستمان بەوە نیە زۆر هەوەستە لەسەر ئەم بەشیان بکەین ، تەنها خاڵێک بە پەیوستی دەزانم ئەویش ئەوەیە ، کەسە دیکتاتۆرەکان ئەوکەسانەن کە کەسی دەروون نەخۆشن نەرجسیزمکیان لە ئاستکی سنووبەزاندنایە ، بۆیە دەبینین ئەوکەسانە زۆرترین تاوان ئەنجام دەدەن بەبەئەوەی پشیمان ببنەوە و یان خۆیان بە تاوانبار بزانن …! لەبەرئەوەی ئەو کەسانە تەنها بە

ئاراستەی مەشک یان بیرکردنەوەکانییان ئیشدەکەن و بەیار دەدەن ، لووتبەرزی و سەرسامبوونییان بە خود هەست و سەزییان دەکوژێت ، بەیە تەنها بە مەشک بەیار دەدەن نەک بەدە و هەست و سەز ..! بەڵام شیعر لەگەڵ ئەمجەرەی نەرجسییەت ناتەبا و دژ دەتەوە ، چونکە لە پڕۆسەی نووسینی شیعر فیکر و هەست پێکەوە ئیشدەکەن و هاوتەریب دەبن .
هاوکات خاڵێکیتر بە پەویستی دەزانم لەبەرامبەر ئەوبۆشەی نەرجسییەت ئەویش ئەویە کە / (هیستریا) و (نەرجسییەتی دەروون نەخۆش) هەردووکیان بەاری نائاسایی و نەخۆشی دەروونین ، بەڵام خاڵێکی زەر گرینگ هەیە کە سنووری ئەم دووانە لە یەکتری جیا دەکاتەوە ئەویش / کەسە هیستریکەکان کاتێک تاوانێک دەکەن بەدواید هەست بە گوناه و تاوان دەکەن و پەشیمان دەبنەوە بەڵام ، کەسە نەرجسییە دەروون نەخۆشەکان نە هەست بە تاوان دەکەن نە پەشیمانیش دەبنەوە …! جا لەرەوە دەگەڵینەوە لای پەیوەندی نەوان شیعر و نەرجسییەت ، چەند پرسیارێک دەکەین / ئایا پەویستە شاعیر نەرجسییەتی هەبێت ؟ یان خۆشەویستییەکەی بە خود هەندە بێت ، بەرز لەخەی بەوانێت ؟ یان منی خەی وەک منێکی باڵا وێنە بکات ..؟ من بە هەموو ئەمانە لە وەڵامدا دەڵێم (بەڵێ ..!) . ئەویش بە چەند هەکارێک ، لە خوارەوە هەوڵدەدەین هەکارەکان باسبکەین .
بەڵی / شاعیر لەنێو هووبەری شیعرو داهێنان پەویست دەکات خۆشەویستی بەخود هەبێت و بەرز لەخەی بەوانیت چونکە ، شیعر و داهێنان بەهایەکی گەورەیان هەیە ، شاعیر پەویست دەکات لەنێو شیعرەکانی (منی خەی) وەک منێکی باڵا ببینێ ، کەسێکی خودان هەز و سوپەرمانی ، وەک ئەو کەسە باڵا و بەهەزەی (نەتچێ) بانگۆشەی بە دەکات ، وەک مرۆڤێکی داهێنەر خەی لەو ئاستە بەرزە ببینێت کە ، نەچەمێتەوە بە هیچ دەسەڵات و میر و حاکمێک ، یان بە مانایەکیتر نەبێتە (کەوچکی نەو پیاڵەی هیچ دەسەڵاتێک ..!) ، (تەنها و تەنها) خەی بێت و جووڵەکانی لەژێر کاریگەری ئارەزووەکانی خەی ئاراستە وەربگرن . واتە کەسێکی (کێلێ و نامۆ) نەبێت .
ئەمە لە بۆشکانی پەشتری ئەم نووسینەمان گتومانە / کەسە (نامۆکان) ناتوانن داهێنان بکەن یان داهێنانەکانییان دەکەونە ژێر پرسیارەوە ..! بەڵێ کەسی شاعیر دەبە هەندە خۆشەویستی بەخەی هەبێت و بەرز لەخەی بەوانە کە ، لەوە تێبگات مرۆڤ هەشمەندترین بوونەوەرە و ئاستی تێوانینی بە (ژیان و مرۆڤ و داهێنان) بەرز بێت ، دەبە لەوە تێبگات مرۆڤ

لە ڕۆگەی داهێنەکانی مانایەک بە بوونی خۆی دەبەخشێ و بەهای مرۆڤیش لە سەرووی هەموو بەهاکانەوەیە بەڵام ، دەبێت وریا بێت لەوەی نەرجسیەتەکەی نۆگاتە ئاستی سنووربەزاندن و نەو رووبەری نەخشیە دەروونیەکان ، هاوکات لەوەش دڵنیا بێت نەرجسیەت و بەرز لەخۆوانین تەکنیکاوی (لەخۆبایبوون) نەکات ، چونکە ئەو شاعیرانەی لەخۆیانبایی دەبن بەتایبەت (هەندێک) لە شاعیرە خاوەن ئەزمونەکان ، خۆیان لەسەرووی خەڵکانی تروە دەبینن و پێیانوایە ئەوان باشترینن ، بەڵام ئەوان ئەوەیان بیرچێتەوە کە شیعر ئیش لەسەر جوانی دەکات و جوانیش بوونێک یان چەمکێکی (ئیژیی) هەیە یان زەرجار ، ئەمجارە شاعیرانە بەرگەی هیچ جارە تەبینی و ڕەخنەیەک ناگرن ، واتە مەبەستمە بەڵم لەنەو ووبەری (شیعر و داهێنان) باشترین بوونی نیە ، دەکرێ کەسێ داهێنەرێ گەورەکان (یەکێک بن) لە هەرە داهێنەرەکان ، یان هەرە باشەکان ، خاڵێکیتر کەسێ لەخۆبایبەکان هەمیشە پێیانوایە ئەوان گەیشتوونەتە لوتکەی بەڵام ، بیئاگا لەوەی هەموو گەیشتنە لوتکەیەکیش هاتنەخوارەوەی بەدوادایە …! ئەمەش جارە بەدحاڵیبوونێکە بە ووبەری شیعر و داهێنان ، ئەمە لە کتێبی (گەیشتن بە ووبەری شیعر) بە ڕەشنی باسمان لە ووبەری شیعر و داهێنان کردووە ، بەومانایەی نا ، کە مەبەستمان بێت بازنەیەک بەدەوری ووبەری شیعر بکێشین ، بۆیە هەر لەم کتێبە بە ڕەشنی گتومانە / شیعر جووڵەیەکی بەردەوامی ئیستاتیکییە ..! مادام جووڵەیەکی بەردەوامە دەبە لە نەو ووبەرێکی کراوەدا بێت ، واتە رووبەری شیعر و داهێنان ووبەرێکی بەرینی کراوەن ، بەمانایەک گەر بە دەریایەک وێنای بکەین دەڵێین / دەریایەکی بێبن و ئەوبەریشی کراوەو و نادیارە ، هیچ کام لە داهێنەرەکان تا ئێستا نەگەیشتوونەتە بنی بنەوەی قووڵاییەکان و یان ئەوبەری ووبەری دەریاکە ، لەبەرئەوەی هەموو مرۆڤکان دەگەنە خاڵێک کە لەوەدا داهێنانکانییان دەوستە ، ئەویش خاڵی مردنە ، چونکە مردن کۆتایی بە پڕۆژەکانی بوون دەهێنێت ، بۆیە تا ئێستا هیچکام لە داهێنەرەکان نەگەیشتوونەتە تەواوی ئاستی کەمال ، بە شێکسپیر و دستۆفسکی) شەوە ، بۆیە لەنەو ووبەری شیعر و داهێنانەدا / نە باشترین بوونی هەیە نە گەیشتن بە لوتکە ، لەبەر ئەم هەیانەی باسمان کردن ، زەر گرینگە بە هۆشیاریەوە مامەڵە لەگەڵ پێوەندی نێوان چەمکەکانی (شیعر و نەرجسیەت)دا بکەین و خۆشەویستی و

تێوانینمان بە خود لە ئاستێکی بەرزدا بێت .

- **شیعر و (ناخودئاگایی)**

(سیگمەند فرەید) لە تیۆری دەروونشیکاری خۆی بە کۆسایەتی ، بەم شێوەیە باس لە ناخودئاگایی دەکات و پێیوایە کە ، ووبەرێکی تاریکە شوێنی هەستەکان و حەز و ئارەزووەکان و بیرکردنەوە و خەون و ئومێدەکان و یان یادەوەرییەکانی دەرەوەی ئاگایی مرۆڤ ، هەروەها فرەید وایدەبینێ کە ئەم ووبەرە واتە (ناخودئاگایی) ، بە بەردەوامی کاریگەری هەیە بەسەر هەڵسوکەوت و جووڵە و کار و کردەوە و بیرکردنەوەکانی مرۆڤ ، هاوکات باس لەوەش دەکات کە / (خەون) ئێویش پێیوەندی ڕاستەوخۆی بە ناخودئاگایییەوە هەیە ، بەڵێ (فرەید) گرینگی بە خەونەکان داوە و ئیشی لەسەرکردووەن و شیکردنەوەی بە کردووەن ، چونکە باوەڕیوابوو / ئەو حەز و ئارەزوو و مەیلانەی لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ دەستبەرنابن لە ووبەری ناخودئاگایی دەمێننەوە و لە کاتی نائاگایی لە خەونەکاندا دەردەکەون ، دەبینین کە ناخودئاگایی ڕاستەوخۆ پێیوەندی بە کۆسایەتی و بە خەونەکانی مرۆڤەوە هەیە ، پێویستە ئەوەش بزانین دەربارەی کەسێتی هەروەک لە کتێبی (لەگەڵ سایکۆلۆژیادا هاتووە) ، (کە کەسێتی ، لە حەقیقەتدا مرۆڤ خۆی نییە ، بەڵکو ئەو ڕوخسارەیە کە لەبەردەم خەڵکدا خۆی پێیەوە نمایش دەکات و ڕەفتار دەنوێنێت ..) ، (کەواتە کەسێتی دەمامکەکە دەپۆشین ، ئەو ڕوخسارەیە ڕەفتارەکانمانی پێدەنوێنین و ماماڵەی پێدەکەین ..!) ، بەمانایەکیتر / کەسێتی ئەوخودە کۆمەڵایەتییەیە یان ڕاستی تاکە لە پێیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ، کەواتە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە / کۆسایەتی حەقیقەتی بوون نییە ، چونکە بوونی مرۆڤ لەسەرتاوە بەناوەڕۆک و بەمانایە ، بەڵکو مرۆڤ لە یەگەی هەوە و داهێنانەکانی مانایەک بە بوونی خۆی دەبەخشێ ، دەتوانین بڵێین کۆسایەتی / ئەو دەمامکەیە کە مرۆڤ بوونی خۆی پێ نمایشدەکات . لەڕدا دەبینین کە کۆسایەتی مرۆڤ و خەون و بیرکردنەوەکانی ، هەمووی لەژێر کاریگەری باری دەروونی بەتایبەت ناخودئاگایی دان ، بەڵێ بە پێویستی دەزانین کە پێیوەندی ئەم ووبەرەی ناخودئاگایی لەگەڵ شیعر باسبکەین و لایەنە گرینگەکانی بە دەربخەین . شاعیر لە پەسەی نووسینی شیعر / لە یەگەی بیرکردنەوەکانی لە دەوروبەرو لە دنیای واقیع دادەبڕێ ، بە نەو ووبەری خەیاڵ دوور دەروات ، لەنێو ئەو ووبەرە نادیار و تاریکەی

خەیاڵدا ، بوخچەی ئارەزووەکانی دەکاتەوە / خەونەکانی ، مەیل و حەزەووەکانی ، یادەوارییەکانی ، منداڵی و ڕۆژانی تێپەڕیو ، کە ئەمانە لەنێو ڕووبەری ناخودئاگایی خەیدا هەڵیگرتوون ، لەنێو ئەو ڕووبەرە تاریکەی خەیاڵدا ڕووبەری ناخودئاگایی گرێی بوخچەکانی خەی دەکاتەوە ، لەو چرکە ساتە ئەم ڕووبەرە تەواوی مەشکی شاعیر کەنترۆڵ دەکات و هاوکات بیرکردنەوە و خەیاڵکانیشی ، بۆیە ئەم ڕووبەرە ناخودئاگاییە تەعبیر لە بوون و شوناسی شاعیرەکە دەکەن .

بۆیە دەتوانین بڵێین / شیعر لەو ساتەدا نووسینەوەی ئاوەزانبوونی ناخودئاگاییە لەنێو ڕووبەری خەیاڵ و گەشانەکانی شاعیردا ، هاوکات ئیشکردن لەسەر قوناغەکانی خەیاڵ و قووناغەکانی ناوەوەی خودیش گرینگییەکی ناوازەی هەیە بە شیعر . هەروەک لە نووسینەکانیترمان باسمان لەوەکردووە کە / لە دوای ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم واتە ، لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی مەدەرنە ، وەک قوتابخانەکانی (هونەر بە هونەر) و (سومبولیزم) و (دادایی) و (سوریالیزم) و ئەوانیتریش .. کە تەنها جیاوازییان لە ڕووی فۆرم و زمانەوە نەبوو لەگەڵ قوتابخانە ئەدەبییەکانی پێشخۆیان بە تایبەت ، (ڕۆمانسیزم) و (ڕیالیزم) بەڵکو ، جیاوازییەکیتری جەوهەری هەبوو ئەویش ، لە قوتابخانە ئەدەبییەکانی مەدەرنە زۆتر گرنگیدرا بە خود واتە لەنێو شیعر و ئەدەبەکانییان زۆتر ئیشییان لەسەر خود و ناوەوەی خەیان دەکرد ، گرینگی زۆریان بە خەون و هەماکان دەدا ، ئەم ئیشکردنە لەسەر (خود) و خەون و ناوەوەی خود لەلای سوریالیستەکان بە لوتکە گەیشت ، چونکە سوریالیستەکان بە فۆرمی (ئۆتۆماتیزم) ئیشییان دەکرد واتە ،(تێقاندنەوەی ناوەوەی خود یان باری ناخودئاگایی) ، بۆیە لە نێو شیعر و تابلۆ و نیگارەکانییان بە چڕی ئیشییان لەسەر خەون دەکرد ، تا ئەو ئەندازەیەی (سلفادۆر دالی) وتەیەکی بەناوبانگی هەیە کە دەڵێت ،(ژیانی ڕاستەقینە یان حەقیقەتی ژیان لەنێو خەونەکان دایە ..!) ، واتە ئەو واقیعەی تیایا دەژین ئەوە حەقیقەتی ژیانی مرۆڤەکان و شایستە بە مرۆڤەکان نییە …! بۆیە دەبینین تابلۆکانی (سلفادۆر دالی) بە شێوەی سەیر و سەمەرە کێشراون چونکە وێنەی خەونەکانی خەی ڕەسمکردوون . یان شاعیرەکان لەکاتی نووسینی شیعرەکانییان ، کاتێک دەکەوتنە نێو قووناییەکانییان ، لە چرکەساتی تەواوبوونی دەقەکانییان قۆناغەکانییان دادەنا و چیتر

دەستکارییان نەدەکردن ، چونکە باوەڕییان وابوو کە شیعر نووسینەوەی چرکەساتەکانی نەو رووبەری خەون و خەیاڵ و باری ناخودئاگایینەکانە ، تەکهەکەشییان نەدەکرد بە باری واقیع و ئاگایی خود ، هاوکات لەگەڵ ئەم بارە دەروونیانە و گرینگیدان بە زمان و ئیشکردن لە سەر دوالیزمەکان و چەمکە دژەکان و هیما و میتافۆرەکان و گومان و پرسیار و پێکهاتەکانیتری زمان ، هەموو ئەمانە قووڵایی و بەستێکی بوونیان بە دەقە شیعرییەکان دەبەخشن ، لێرەدا دەبینین باری دەروونی ناخودئاگایی چ کاریگەرییەک و ڕۆڵێک دەگێڕن لە پرۆسەی نووسینی شیعر ، بەیە هەموو ئەو دەقانەی لانەو ڕووبەری خەیاڵ زۆتر ڕەدەچن ، دەبینین قووڵایی زیاتر بە ناوەڕۆک و بە پێکهاتەی دەقەکە دەبەخشن ، چونکە گێشتن بە ڕووبەڕە تاریکەکانی خەیاڵ گێشتنە بە ڕووبەڕە تاریکەکانی ناوەوەی خود و ڕووبەڕە تاریکەکانی ناخودئاگایی . بەیە زمانی شیعر زمانی چرکەساتەکانی وەینەکردنە ، چونکە مرۆڤەکان لەکاتی وەبیرهێنانەوەکردندا بە قووڵی لەژێر باری دەروونی ناخودئاگاییدا دەبن ، دەتوانین بڵێین زەرجاران / شیعر هیچ پەیوەندییەکی بە واقیعی ڕاستەقینە نییە ، لەبیرگەی ئیشکردن لەسەر ناوەوەی خود و باری ناخودئاگایی و هەڵدانەوەی مەیل و ئارەزوو و خەونەکان و یادەوەرییەکان و ئومێدە کڵاوکانەوە لەوێدا ، بەواقیع پەیوەست دەبێتەوە ، چونکە لە بنەڕەتدا / مەیل و ئارەزوو و خەون و یادەوەرییە لەسەریەک دانراوەکانی نەو ڕووبەری ناخودئاگایی کەسەکان ، بەرهەمی واقیعێکی ناتەبا و نەشیا و ناشایستەن بە مرۆڤ و بەها جوانەکانی مرۆڤبوون . لەبەرئەوەی لە کولتوور و کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو ، مرۆڤەکان خەون و ئارەزوو و مەیلەکانییان ، یان کەشە و ئومێدەکانییان لەیەکەوە نزیکن ، بەیە زەرجاران لانەو دەقێکی شیعری یان دەقێکی ئەدەبی دەبینین بە سەدان یان هەزاران خوێنەر خەی لانیو دەقەکەدا دەبینێتەوە ، هەکارەکەی زۆتر ئەوەیە کە / شیعر یان دەقە ئەدەبییەکان ، بە تەخی ئیش لەسەر ناوەوەی خود و باری (ناخودئاگایی) دەکەن .

- **شیعر و (ئیرۆسیزم) یان شیعر و (ژیاندۆستی)**

(ئیرۆس و ساناتۆس) دووچەمکی ناتەباو دژبەیەکن ، (فرۆید) وا خوێندنەوەی بە کردوون کە ، (ئیرۆس) غەریزەیەکە مامەڵە دەکات لەگەڵ بنەما بنچینەییەکان و هاوکات ، پەیوەندی هەیە بە چێژ و هەستە ئیرۆتیکییەکان ، وەک هەزکی

بەرگریکارە لە مرۆڤ بە مانەوە و گۆشەکردن ، دواجار بە غەریزەی (ژیاندۆستی) ناوی دەبات ، لە بەرامبەردا غەریزەی (ساناتۆس) هەیە ، کە وەک هێزێکی دژ و مەیلی کاوەکاری و شەڕانگیزی هەیە ، ئەویشی بە غەریزەی (ساناتۆس) ناوبردووە ، واتە (مەرگدۆستی) ، ئەمە لەڕدا باس لە پەیوەندییەکانی (شیعر و ئیرۆسیەت) یان (شیعر و ژیاندۆستی) دەکەین .

بەو پێیەی شیعر ئیش لەسەر جوانی دەکات و ئامانجی بەرهەمهێنانی جوانییە ، بەیە تەریبە لەگەڵ ژیان و هاوکات لەگەڵ مرۆڤ و بەهامرییەکان . مەبەستمە بڵێم کاتێک شیعر و داهێنان چڕای جوانییەکانیان دەردەکەوێت ، ئەوکاتەی کە لەنەو ناواخنی خەیان یان بەو ئاراستەیە کاربکەن کە / بەهای مرۆڤ لەسەرووی هەموو بەهاکانەوە ببینن ، ژیانیش بەبێ بەرزاگرتنی بەهاکانی مرۆڤ هەموو جوانییەکانی خەی لە دەست دەدات ، بەگومان دەرخستن و بەرهەمهێنانی ئەو جوانییەش لە شیعردا ، لە ڕێگەی هونەرکاریکردن لە زمانەوە دەبێت ، ئەگەر بە خەرایی چاوەک بە ئابردوو و مێژوودا بخشێنین ، یەکێک لە هۆکارە گەورەکانی مرۆڤ ئەوە بووە کە / تا ئێستا نەیتوانیوە چێژ یان سوود لە جوانییەکانی ژیان ببینێت ، یان بەو ڕێگایەدا بڕوات کە ژیان بگەیەنێت بە کەناری ئارامی ، هەمیشە ژیانی بە ئاقار و ڕێگا ناشرینییەکاندا بردووە ، هەمیشە ململانێکان و پەیوەندییەکان ناتەندروستبوون ، ئاکامی نەخوازراوییان لێکەوتەوە ، هیچکاتێک بەو هاوکێشەیە کاریان نەکردووە کە / (بەشێک) لە حەقیقەتەکان لە لای منەک (هەموو) …! ، هەمیشە خەیان وابینیوە کە خاوەن حەقیقەتی ڕاستەقینەها و ئەوانیتریش (هیچ) ، واتە لە کەشمەکەشمی نێوان غەریزەکانی (ئیرۆس) و (ساناتۆس) دا ، هەمیشە هێزی (ساناتۆس) لەمڕۆدا زاڵ بووە ، واتە مەیلی جەنگ و کاوەکاری و لەناوبردن یان مەیلی خۆپەرستی و تاکڕەوی ئامادەیی هەبووە ، ئەوەش مێژوویەکی درێژی هەیە ، لە ڕێگارە هەرە سەرەتاییەکان کە بە ڕێژگاری (کەمەنەی سەرەتایی) ناوبراوە لە مێژوودا ، لە دوا ڕێژەکانی ئەو قۆناغە سەرەتاییە کاتێک / ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە (ملکدارێتی گشتییەوە) دەگۆڕێت بۆ (ملکدارێتی تایبەت) ، لەوەوە چەوساندنەوەی مرۆڤ لایەن مرۆڤەوە دەستپێدەکات و جەنگ و کوشتن و کاوەکارییەکان ، لەوەوە درێژیان دەبێت ، قۆناغە یەکبەدوای یەکەکانی مێژووش وەک (کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری) بەدوای خێیدا دەهێنێت ، ئەم

قناغانەی مژوو و پیوەندییەکانی تاکەکان ، لە ئەدەبیاتی (ماركس) بە ڕەشنی باسكراوە ، واتە ئەو مرۆڤ خۆیەتی ژیان ناشیرین دەكات یان ئیزبەندی و چینەكان لە كۆمەڵدا دروست دەكات ، نەك ئەوەی چینەكان و ئیزبەندییەكانی تاك ، یان ئەوەی كە ناشیرینیەكان لەنەو ژیاندا پشوەختە ئامادەییان هەبووبێت . شیعریش وەك بەرهەمی بیری مرۆڤ ، وەك جووڵە و پێكهاتەیەكی ئیستاتیكی ، لە ڕۆگەی بەرهەمهێنانی جوانی دەبێتە سەرچاوەی ئارامبوونەوە و چێژبەخشین ، بۆیە غەریزەی (ئیرۆس) هەمیشە لەنەو شیعر ئامادەیی هەیە ، چونكە شیعر لە سەنگەری ژیان دایە بەرام ، ئەوە بەو مانایە نایە كە شیعر بكرێتە هەكار و بە مەبەستی تایبەت بكاربهێندرێت ، جا ئەو مەبەستە هەرچییەك بێت ..! لەڕۆگەی شیعر مرۆڤ دەتوانێ بیر لەخۆون و ئومێدە جوانەكانی بكاتەوە ، ئەدەب دەتوانێ وا لە مرۆڤ بكات كە بیر لە ئازادی و ڕزگاری و جوانییەكانی ژیان بكاتەوە .

دەمەكیشە گتومانە (شیعر فەرمەكی بەدەنگ نییە …!) ، بەمانای شیعر لەگەڵ ژیان و بوونی مرۆڤ دایە ، لەڕەدا / دەموەت قسە لەبارەی ئەوە بكەم كە ، هەرچەندە شاعیر لەنەو شیعرەكانی باس لەنائومێدیش بكات ، بەرام مەبەستی ڕشبینی و گەیشتن بە خاڵیی (پووچی) ، واتە (ئەبسەرد و نەهیلیزم) نییە ، چونكە گەیشتن بە خاڵی (پووچی) واتە گەیشتن بەو ڕەشبینیی و نائومێدییەی یان بەو دەرئەنجامەی كە / ژیان ئەوە ناهەنە یان ئەو بەهایەی تیا نەماوە كە بەی بژیت ، بۆیە ئەو مرۆڤانەی بەو ئەنجامە دەگەن زەربەیان پەنا بە خۆكوشتن و كۆتایی هێنان بە ژیانی خۆیان دەهێنن ، یان كەنارگیر وەك جەستەیەكی مردوو و وەك ڕەحێكی وشك و خاڵی لە هەموو ئومێدێك و هیوایەك دەمێننەوە ، بەرام شیعر لەگەڵ خۆكوشتن و ڕەشبینی دا نییە ، چونكە مردن كۆتایی هێنانە بە هەموو پەژرەكانی بوون بە شیعریشەوە …! . ئەمە بە دژی ئازادی هیچ كەسێك ناوەستێنەوە چونكە ، ئازادی ئەوكاتە مانای هەیە كاتێك مرۆڤەكان مومارەسەی بكەن ، چونكە لە دژەوەی مومارەسەكردن (ئازیدی)ش وشەیەكە تەنها لە چەند پیتێك پێكهاتووە و هیچیتر ، بۆیە كەسەكان ئازادن چۆن بیردەكەنەوە یان چۆن مامەڵە لەگەڵ جەستەی خۆیان و ژیانی خۆیان دەكەن . بەرام ئەمە باس لە (شیعر و ئامانجی شیعر) دەكەین ، نەك لە بیركردنەوەی شاعیرەكی دیاریكراو یان نەك شاعیرەكی (ڕەشبین و بە هیوا) . (ئەلبەر كامۆ) لە كتێبی

(ئەفسانەی سیزیف)دا دەڵێ / (پووچی لەناو مرۆڤدا نییە ، لە جیهانیش دا نییە ، بەڵکو لە سای بوونی هەردووکیان هەیە ، پـــــــووچی ئەو پەیوەنـــــــدییەیە کە ئەم دووانە پێکەوە دەبەستێتەوە ..!) ، ئەمە گوتمان ژیان لە بنەڕەتدا هەنگاوێ نییە بۆ ناشیرینییەکان هاوکات مرۆڤیش ، بەمانای پووچی و هەموو دیاردە دزێو و ناشیرینیەکان لە ئەنجامی بەیەکەوەبوون یان پەیوەندی نێوان (ژیان و مرۆڤ) یان پەیوەندی (مرۆڤ و جیهان) هاتوونەتە بوون ، پووچی یان دیاردە نەگەتیڤەکان بەرئەنجامی جووڵە و پەیوەندییە ناڕەک و نادروستەکانی مرۆڤ ، باوەڕهێنان بە (پووچی) ئیشکردنە بە ئاراستەی مردن ، شیعر بە پێچەوانەی ئەم ئاراستەیە کاردەکات ، وەکچۆن لە دەستپێک گوتمان ، (ئیرۆس و ساناتۆس) دوو چەمکی دژ و پێچەوانەن ، هاوکات (شیعر و مردنیش) بەهەمانشیوە ، یان (شیعر و ساناتۆس)یش بەهەمانشیوە ، بەیە لەرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە / شیعر بەئاراستەی ئیرۆسییەت ئیشدەکات و دواجاریش دەڵێین / (شیعر پەرچەمی ژیاندۆستییە …!) .

ناڕەحمان حەسەن/ بەشی سێیەم

نۆڤەمبەری ٢٠٢٠

تێبینی :

بە نووسینی ئەو بەشەش سوودمان لەو کتێبانە بینیوە .

- کتێبی (نەرسیسیزم) .. نووسینی(ئەلیکساندەر لەوین) .. و / ناڕەحمان حەسەن
- کتێبی (لەگەڵ سایکۆلۆژیادا) .. نووسینی (سۆزان جەمال) .
- کتێبی (ئەفسانەی سیزیف) .. نووسینی (ئەلبێرت کامۆ) .. و/ ئازاد بەرزنجی

کتێبی ئەمیل زۆلا نووسەر و

بیرمەند و چالاکوانێکی مەدەنی گەورەی فەرەنسا و جیهان بەاوکرایەوە..

کتێبی ئەمیل زۆلا نووسەر و بیرمەند و چالاکوانێکی مەدەنی گەورەی فەرەنسا و جیهان بەاوکرایەوە. ئەم کتێبەم لە نووسینی ئەردەشان عەبدوڵایە و لەکۆمینتاریەکی گشتگیرە لە بارەی نووسەری مەزنی فەرەنسا و جیهان " ئەمیل زۆلا".

نووسەر لەم کتێبدا باسی ژیانی شەخسی و شێوازی نووسین و تەوانینی ئەمیل زۆلا بە ئەدەب بە گشتیی و شانۆ و ڕۆمان و کورتە چیرۆک بەتایبەتی دەکات. هەروەها باسی مەزهەبی سروشتگرایی دەکات کە زۆلا خەی دامەزرێنەریەتی، جگەلەوەش باسی ژیانی ڕۆژنامەوانیی و تەوانینی بە کۆمەک نووسەری فەرەنسی لەوانە : ڤیکتۆر هۆگۆ، بەلزاک، ستاندال" لەهەمانکاتیشدا باسی فکری سیاسی زۆلا لە بارەی " ئایین، دەسەڵات، شۆڕشگێزی،کۆمۆنیزم، ئانارشیزم، کاتۆلیزیم" دەکات. لە بەشکیشدا بە درێژی باسی کێشەی دریفوس دەکات،کە زۆلا داکەکی لە ئەفسەرێکی بەتاوانی جوولەکەی فەرەنسی دەکات،زیاتریش زۆلا بەم مەسەلەیە لە جیهاندا دەناسرێت. لە دوابەشیشدا نووسەر خوێندنەوەی بە 10 ڕۆمانی زۆلا کردووە.
کتێبەکە لە دوتوێی 250 لاپەڕەی قەبارە مامناوەند پێکهاتووە و لە لایەن ناوەندی سارا بە چاپ و پەخش و بەاوکردنەوە چاپکراوە.

تیامانە … شیعر/ کاوە عوسمان عومەر

(1)
ئامێنم، چەن ئەستێرەکان،
بە لقی دارستانی چاوانتەوە،
گیرساونەتەوە

ژنە ئەستێرەیەکت نابینم،
لە نیوەشەوی ئەنگوستچاوا،
بژێتە خوار،
جەستەش ، بەلەمکە مەست..
و بە چارەکەیەک،
زەریای شەو ئەیباو،
تەنها شەونمە نیگایەکیش ، ،
لە ئەستێرەی ئەقینتەوە
نایەتە سەر زار
(٢)
لە کپەی مەمک وردئەبمەوە
بە توانەوەی جەستەی مەمە،،
تیشکی گەگرتووی..
تەنها بە یەک جار،
کپەی ژیان ئەدا،،
زەر بەزووییش گیانی دەرئەچە،،
کپەی دەکیش..
باش ئەزانە،،
مەرگی خەیتی ،
گەر بە وخسارت
تەنها بە جارە،،
دابگیرسە،
پشکەی نیە..
کپەی مەمی دە،،
بە جژی خەشی
توانەوەی ەحە
ئامادەیە گیانی دەرچە

(٣)
بەندەلی کاتژمێرەکی لەبیرکراو،
دوانزە ترپە دەی،
لە ژورەکەدا زرنگانەوە
پەژەکانی دونیەکی تەپەبوو،
وەک پەلە پەسلکەیەکی کەچکردوو،
هەمووی خرانە نەو سندوقی تەنیایی و..
تاریکی بیرچوونەوە،،
بیانی گریمانەیە،،

خۆنەک ببە بە ڕاست،
تا لە شە قامەکە،
لە ڕێی باخچەیەک،
هیچ نەبێ،
لە ویستگەی پاسەکە،
لە فارگەنی شەماندەفەرەکە،
لە بەندەرەکی باپاپە تەمەکە،
بمناسیتەوە.

بۆ تۆ … شیعری: ستیڤان شەمزینی

زامێکی قوو بە دەمەوێ
هەرسێکی مەزن لە ڕحمایە
خەر لە ئاسمانی منا هەڵنایەت
مانگ لە شەوانما نادرەوشتەوە
جەستەم ڕەنگی خەمەشی گرتوو
هەناسەم بوو بە جگەی ئاگر
لە سینگمەوە زووخاو شەپۆل دەدا
خەیاڵەکانم بوون بە ئەشکەوتێکی بە شەوق
ڕوانینەکانم تەژی بوون لە تەنهایی
خەندەکانم وەک ریشەڵە کەچیان کردوو
ڕۆژانە لەسەر هەوری یادگارییەکان سەما ئەکەم
بیرکردنەوەکانم تامی دەزخیان گرتوو
فنجانی قاوەکەم تەنها و کەساس ماوەتەوە
هەنگاوەکانم هەناسەسوارن و ناگەنە جێ
دەستەکانم بوون بە دوو شمشێر لە هەڵم
بەو جەستە خوناویەمەوە
وێستگەی شەماندەفەرەکان و
هەڵی فڕۆکەخانەکان و
کوچە و کەڵانی شارەکان
خەم و خەمەکانم لە تە دۆگەڵین
بەو جەستە لە خاچدراوەوە
بنی دەریا و شەپۆلی ئەقیانووسەکان

جەمسەری باکوور و باشوور
باخچەکانی خەیاڵ و دوورگەکانی خەون
بە دوای تەدا دەگەڕێم
خەم و کەڵک خەمی جاویدانی
لە ماڵی پەڕەسەلکەکان و
زادگەی نەوەسەکان
لە سەر باڵی پەلکە زێڕینە و
نیشتمانی قەبەزە
لە سەراخی تەداین
من و ئاوازە غەمگینەکەی دەم
لە دەڤەرە باران و ریشی سپی بەفر
لە هاژەی چەم و پەلکە گیا
لە چەڤە نەرگزی بەهار و
پەروانەکانی ئەم ئاوایی
لە هەواڵت دەپرسین
خەم و مەراقە گەورەکەی دەم
شار بە شار
وڵات بە وڵات
کیشوەر بە کیشوەر
بە شوێن تەمی شوێن پەکانتا دەین
بە ئەوەی بمانگەیەنێ هیچ کوێ
دواجار تەم لە هیچ جێگەیەک نەدەزیەوە
وڵە بە هەش بووم لەوەی
لە دەی خەمدا سەرخەوکت شکاندووە!!!

فیلمەی سینەمایی "هەتاو"
نوێنەری سینەمای ئێران لە

□□وە□سمی ئە□سکاری 2021

مە□نسوور جیهانی ـ فیلمی سینە□مایی "هە□تاو" لە دەرهێنانی "مە□جید مە□جیدی" و لە وێنەگرتنی سینە□ماکاری کورد "هوومە□ن بە□همە□نێش" وەکوو نوێنەریی سینە□مای ئێران بۆ □□وە□سمی مە□راسیمی ئە□سکاری 2021 ناسێندرا.

لە□ژنەی ناساندنی نوێنەری سینە□مای ئێران بۆ □□وە□سمی ئە□سکار، دوای چە□ندین کە□بووونەوەی بەردەوام، فیلمی سینە□مایی "هە□تاو" (خورشید) Sun لە دەرهێنانی "مە□جید مە□جیدی" بۆ ناونیشانی نوێنەری سینە□مای ئێران بۆ □□وە□سمی ئاکادیمیای ئە□سکار لە ساڵی 2021 ناساند.

دکتە□ر "رائید فە□ریدزادە□" سکرتە□ر و وتە□بێژی لە□ژنەی ناساندنی فیلمی ئێرانی بۆ ئە□سکار گوتی: کاری ئە□م لە□ژنەیە□، بۆ لە□بەرچاوگرتنی گە□ینی یاساکانی ئە□سکار، باشترین فیلم کە□ بە□ زمانی بیانی و بە□جگە□ لە□ زمانی ئینگلیزی سازکراون و گە□ینی مە□□تی کاتی بە□شداریی لە□م خە□ڵدا، بۆ هەی بە□□اوبووونەوەی پە□□ای ڤایرە□سی کە□□نا، بۆ هە□□سەنگاندنی 90 فیلم کە□ لە وڵاتی ئێران نمایش کراون، دەستی پێکرد و پاشان ئێندامانی لە□ژنەی هە□□بژاردن بۆ لیستێکی هاوبەشی 12 فیلمی گە□یشتن.

گوتیشی: لە□ درێژەدا، ئێندامانی لە□ژنەی ناساندنی نوێنەری سینە□مای ئێران بۆ □□وە□سمی ئە□سکار، بۆ دووبارە□ خوێندنەوەی یاسا و □□ساکان و هە□□سەنگاندنی پسپە□□انەی فیلمە□کان و دوای وەرگرتنی دەنگەکان و کە□کردنەوەی بیروڕاکان، لە نێوان سێ فیلمی سینە□مایی "هە□تاو" (خورشید) لە دەرهێنانی "مە□جید مە□جیدی"، "داری گوێز" (درخت گردو) لە دەرهێنانی "محە□مە□د حوسێن مە□هدەویان" و "یە□لدا" (یلدا) لە دەرهێنانی "مە□سعوود بەخشی"، فیلمی سینە□مایی "هە□تاو" لە دەرهێنانی "مە□جید مە□جیدی"یان وەکوو بەرهە□می کۆتایی هە□□بژارد و ئە□م بڕیارەمە□ بۆ واژەی ئە□م لە□ژنەیە□، بۆ ناونیشانی نوێنەری سینە□مای ئێران بۆ □□وە□سمی ئە□سکاری ساڵی 2021 ناسێندرا.

ئە□م فیلمانەی دیکە□ کە□ لە لیستی سە□رەتایی لە□ژنەی هە□□بژاردندا بۆ ناساندنی نوێنەری سینە□مای ئێران بۆ ئە□سکار بوون، بریتی بوون لە□: فیلمی سینە□مایی "بارهە□□گری زە□□" لە دەرهێنانی سینە□ماکاری کورد "تووڕج ئە□سانی"، فیلمی سینە□مایی "دنیا لە□گە□□م سە□ما بکە□" (جهان با من برقص) لە دەرهێنانی "سرووش سە□حە□ت"، فیلمی سینە□مایی "ماڵی

باوکی" (خانۆ پدری) لە دەرهێنانی "کیانووش عەیاری"، فیلمی سینەمایی "مەڵەی پەپوولە" (شنای پروانە) لە دەرهێنانی "محەمەد کارت"، فیلمی سینەمایی "ڕۆژگاری نارنجی" (روزگار نارنجی) لە دەرهێنانی "ئاش لاهووتی"، فیلمی سینەمایی "تومان" لە دەرهێنانی "موتەزا فەشباف"، فیلمی سینەمایی "گاتەجاریی پێکردن" (مسخرەباز) لە دەرهێنانی "هەمایوون غەنی زادە"، فیلمی سینەمایی "مردن لە ئاویی خاوێندا" (مردن در اب متهر) لە دەرهێنانی "نوید مەحموودی"، فیلمی سینەمایی "یەلدا" لە دەرهێنانی "مەسعوود بەخشی"، فیلمی سینەمایی "کوشتارگا" (کشتارگاە) لە دەرهێنانی "عەباس ئەمینی"، فیلمی سینەمایی "داری گوێز" (درخت گردو) لە دەرهێنانی "محەمەد حوسێن مەهدویان" و هەروەها فیلمی سینەمایی "هەتاو" (خورشید) لە دەرهێنانی "مەجید مەجیدی".

ئەندامانی لێژنەی ناساندنی فیلمی ئێرانی بۆ ناوەندیی فەرهەنگ و هونەری سینەماییکانی ئەسکاری 2021 لە هونەرمەندانی پێشنیارکراویی ماڵی سینەمای ئێران پێکهاتبوون کە بریتین لە: "محەمەد عەلی نەجەفی" دەرهێنەر، "جەمال ساداتیان" بەرهەمهێنەر، "ئاتیلا پەسیانی" ئەکتەر، "کەمال تەبریزی" دەرهێنەر، "محەمەد داوودی" وێنەگر، "نەرگیس ئابیار" دەرهێنەر، "فەرهاد تەوحیدی" سیناریۆنووس و "ئانتەنیە شەرکا" خێنەگری سینەما و دکتەر "رائید فەریدزادە" سکرتێر ئەنجوومەنی نوودوەتی سینەمای ئێران و جێگری نوودوەتی ڕێکخراوەی سینەمایی فارابی وەکوو ئەندامی یاسایی ئەم لێژنەیەی هاوڕێیەتی کرد.

سەلەمانی ..عەلی حەمەشیید بەرزنجی

سلەمانی،سلەمانی
لەوانلەوی لە ئەوین و
هەتا دە حزبکات جوانی
بەیە دەم کە هەمیشە
تە شایانی گوبارانی

سلێمـــانی ، سلێمـــانی
…
پیت بێ پیتی وشەکـــانت
لەگـــەڵ ڕەحم ئاوەتەیە
سیمای سەرنج ڕاکێشی تۆ
تابلۆیـــەکی بێ وێنەیە
نەخشی سەر دڵی هەمووانی
سلێمـــانی، سلێمـــانی
…
هەموو لایەکی ئێم شـــارە
کوچەو کۆڵان و شەقـــامی
بـــــە ورد و درشتی ئێمە
بوون بە مانۆگەی ئارامی
سەرچـــاوەی ژین و ژیانی
سلێمـــانی،سلێمـــانی
…
لە ئامێزی پڕ لـــە سەزی
تەی ئازیزدا بـــە دڵشادی
بە تەواوی ئاســـودەیین و
سرود دەڵێین بـــە ئازادی
ئەی شاری پڕ میهر بانیی
سلێمـــانی،سلێمـــانی
…
مێژووت پڕە لەسەروەریی و
گشت شانازیت پڕەو دەکەین
بەسەربەرزی ناوت دیارە
دەخشین کە ناوت دەبەین
شارە شەنگەکەی بابانی
سلێمانی،سلێمانی
…
١٦/٦/٢٠٢٠

ڕۆمانی میدیا وەک یەکەم ڕۆمانی عیرفانی خۆمالی خەی دەنووسێتەوە ... دڵشاد کاوانی

ڕۆمانی میدیای یەکێکە لە ڕۆمانە نایابەکانی ساڵی دووهەزار و بیست، وەک ڕۆمانێکی عیرفانی بە یەکەم جار خەی دەخزێنێتە نێو کتێبخانە و ئەدەبیاتی ڕۆمانی کوردی، کە نووسەری ئەو ڕۆمانە ڕۆماننووس هەشەنگ شێخ محەمەدە دوای دوو ڕۆمانی تری نووسەر، میدیا دەتە نێو جیهانی نووسینی ڕۆماننووس و بە خوێنەرانی کوردی ئاشنا دەبێت.
ئەوەی ئەو ڕۆمانە لەوانەی پێشووتری و تەواوی ڕۆمانەکانی تر جیا دەکاتەوە، زمان، تەکنیک، ناوەڕۆکی فەلسەفی عیرفانی ڕەهەندیانەی هەیە، کە پێشووتر لە ئەدەبیاتی کوردیدا عیرفان تەنیا لە ژانرەکانی شعر و پەخشان و لەکەینەوە دەبینرا. وەلە هەشەنگی شێخ محەمەد پایەیەکی تری ئەدەبی عیرفانی بە نووسینی ڕۆمانی کوردی دامەزراند.
زەر جار بە هەی هەندە خوێنەری قیچکەتەنگ لە تێگەیشتنی هەزری ڕۆخنەیی ناچار دەبین ئەوە ڕوون بکەینەوە، کاتە هەر دەقێکی ئەدەبی دەکەوێتە بەرچاوی ڕۆخنەیی لەکەڵەر و ڕۆخنەگران، ئەمە باشی و جوانی دەقەکە دەگەیەنێ کە خەی دەرگای ڕۆخنە بەسەر خەیدا واڵا دەکاتەوە، هەرگیز مانای لاوازی و کورتهێنانی دەق نییە، لەم سەنگەیەوە من بە چاوێکی ڕۆخنەیی لە میدیا دڕوانم و سەرنجەکانم دەخەمە ڕوو.

بە ئەوەی لە فەلسەفەی نووسینی ڕۆمانی میدیا تێبگەین دەبێ سەرەتا خوێنەر هەرسێ کتێبی چاپکراوی نووسەر، (١. کتێبی حیکمەتی ئیشراق. ٢. خوێندنەوەی کتێبی حیکمەتی ئیشراق. ٣.فریشتەی سوور) بخوێنیتەوە، ئینجا لە کەد و ڕەمزەکانی ناو ڕۆمانەکە حاڵی دەبێت، هەروەک نووسەر خۆشی لە لا (٥٤) و (٥٨) و (٥٩) و ئاستێ باسی کتێبەکان دەکات و لە لا (٦٠) بەتەواوی دەچێتە سەر تیەرییەکانی سەهەوردی و دەگەڕێتەوە بە دەقی ئیشراق. چونکە ئاسان نییە بتوانین بە گەڕانەوە بە ژێدەر و چاڤکانی پێشوو، بە ڕوونی لە پاشخانی فەلسەفی عیرفانی سوهەوەدی کە چەندین سەدەیە بووەتە جێگای مشتومە و لێکدانەوەی جیاواز، سەردەری بکەین. هەرچەندە لە زەربەی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە نووسەر ترسی ئەوەی لە نیشتووە،

بەیە تارادەیەکی باش ئاسانکاری و ڕاڤەی بۆ کردووە، بۆ ئەوەی خوێنەر تووشی هەدەمەی تێنەگەیشتن نەبێ و چیژی ڕەمانەکەی لێ کیس نەچێ. بەڵام بۆ دیدگای من ئەمڕۆیان هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەیە، چونکە بەڕاوونی گەلێ جار تەمبەڵی بە گیان بە دوای دەزینەوەی مەبەستەکان لای خوێنەر دروست دەکات.

ناوی میدیا

هەڵبژاردنی ناونیشانی میدیا بۆ ڕەمانەکە، مەبەستی نووسەر گیانەوەی عیرفانە بۆ جوگرافیایی میسۆپۆتامیا و جارێکی تر بۆ کوردیکردنەوەی تەسەوف و عیرفانە. لە پاڵ ئەوەشدا ناوی کارەکتەری دەخوازێکەی مانی پاڕەوانی سەرەکی ناو ڕەمانەکەیە، بەڵام بەڵای منەوە بۆ ئەو ڕەمانە فەلسەفی و عیرفانییە، ناوێکی لاوازە و دەبوایە ناوێکی عیرفانی و ئەدەبی لە بنابوایە زیاتر لە خزمەتی ڕەمانەکە دا دەبوو.

زمان لە میدیا

سەرباری ئەوەی ڕەمانەکە پڕە لە وشە و تەکستی فکری و فەلسەفی کە بەزمانێکی ئەدەبی بەرز نووسراوەتەوە، ڕەمانووس زمانی کوردی پاراوە و شارەزییەکی زۆری لە زماندا هەیە، بەڵام ڕەمانەکەی پڕە لە وشە و زاراوەی عەرەبی ڕووت، هەرچەندە ڕەمانەکە عیرفانییە و زمانی عیرفانیش زمانێکی ئیسلامییە و عەرەبی بەسەریەوە زاڵە، بەیە نووسەری ناچار کردووە پەنا بە چەمک و زاراوەی عەرەبی بەرێت، لە گەڵ ئەوەشدا زۆدەتر لە پێویستی پەنای بە بەکار بردنی وشەی عەرەبی بردووە کە بە بینینی من ناپێوست بوون هەر بە زانین، لا (٢٠) دەنووسە "پیرەز و موقەدەس" لەڕە موقەدەس هەر پیرەزییە و جگە لە درۆزکردنەوە، هیچ جوانییەکی بەدەق نەداوە. یاخود لە لا (٢١) "ئیقلیمی هەشتەم" دەکرا و ڕەکتر دەبوو بنووسە هەرەمی هەشتەم، دەیان و بگرە سەدان وشەی تری هاوشێوەی ئەوانە. لەڕە من ئەوەی گرنگە بە وردی لێسەری بوستم کاریگەری زمانی فارسی و بەکارهێنانی وشەی فارسی وەک خۆی لە ڕەمانی کوردی بە ڕەوا نابینم، وەک هەردوو وشەی گوڵ محمدی بەکارهێناوە کە گوڵ محمدی فارسییە و بە کوردی دەبێتە گوڵ هەڕە، هەرچەندە نووسەر بە ئەنقەست بە ئاماژەکردن بە ناوی پەغەمبەری ئیسلامی بەکارهێناوە و ئەمەیان جوانە، بەڵام لە شوێنی تریش چەند بارە دەبێتەوە. هەروەها لە لا (٣٦) لە هەموو ڕەمانەکەدا نووسەر وشەی بەرابەری فارسی بە بەرامبەری کوردی بەکار بردووە. خەمان دەزانین کورد و فارس پلکزان لە زمان، بەیە گرنگە (م)ی کوردی نەپڕێ.

هەرچەند ئەمانەکە خاڵی نییە لە وشەی ئاسان و جوان. زۆر وشە و زاراوەی شیرین و نازانراوە لای خوێنەر لە نووسیان هەردوو وشەی چەواشەوو لا (١٢٩) بە زیادکردن و باڵاگرتنی گانم و لا (١٣١) دەمزردە بە کوتانەوەی ئاسنی سوورکراوەی نێو کورە بەکاری هێناوە. بەم نووسەر توانیویەتی گەمیەکی زۆر جوان بە وشە و زاراوە و واتاکان بکات، بەتام لە هەندە شوێن کورت دێنی وەک لە لا (١٢٣) دێنووسە "بانی خانووەکە هەمووی دارڕژ کرابوو، سەرەوەشی خڕژ بوو" ئەم ئستایە دوور درژە بەیەک وشەی کوردی تەواو دەبوو کە بنووسە "خڕبان بوو" یان لە هەندە شوێن وشە دەسوێنە وەک ئەتەمبەل دەکات بە "تەمبەل" هەرچەندە ئەمەش بیانییە و خوازراوە، وەلە لە کوردیدا وەک خەی بەکاردە یان دەگوترێ ترومبەل، بەمەش ئەم داتاشینە لە هەردوو زمان دووری دەخاتەوە. (ئەتەمبەل) هەرچەندە ئەسڵی ناوەکە بیانییە و بەیە بە زۆر شەوە گە دەکرێت، دەکرێ بەڵێن هەموو شەوەکان راستن، چونکە کەدەنگی لەسەر نییە، بەڵام من لە نووسین دا لادانی بە باش نازانم.

گێڕانەوە لە میدیا

تەکنیک و گێڕانەوە لە ئەمانی میدیادا دەتوانین بڵێین ئەچکەیەکی تایبەتی و زۆر دەگمەنی گێڕانەوە لای نووسەر پەیدا کراوە، ئەمەش رەنگی باڵای هەیە لە جوانکردنی میدیادا، کە لە سێ بەشی سەرەکی و هەشتاو سێ بەشی لاوەکی پێکهاتووە. سەرەتا نووسەر لە ئاگای عەبدولعەزیز دەبەتە گێڕەوەی هەمووشتزان و بە باسی تەکیە و خانەقا و کەی زکری تەسوفی دەکەوێتە گێڕانەوە. لە بەشی ژمارە (٢) یەکەاست مەشکی خوێنەر بە کوتکەکی سەرپان دەکوتێتەوە و دەنووسە" دەیزانی هیچ دادی نادات، بەیە بە چەقەکە هەلکە گوونی ئاستەی خەی بەیەوە! لە تاو ئازاری جەستەی هاواری کرد و بە خەی وت: (ئەی خەسیوی ناپاک هەقەمست بێت!) بەم تەکست و بەشە کورتە گێڕانەوەی دەگاتە ترۆپکی تەسەوفی و تواناوەی خود لە عیرفان و نووسەر گرەکییەتی باسی چیەکی رابیعەی عەدەویی و حەسانی بەسەی و لە نموونەی نەی و مانی دووبارە بکاتەوە، لە تەکنیکیشدا پرسیارەک بە خوێنەر دروست دەکات، کە وەڵامەکەی لە لا (٦٠) و بەشی (٥٩) زۆر بە جوانی گرەچنی ئەم ڕووداوە دەکاتەوە کە کە هەلکەی گونی بەی و بەچی بەیویەتی.

کەی گێڕانەوەکانی لەیەک ئاست یەک زمان و شوێن و کات و گێڕەوە ناوەستە، بەڵکو لە گێ بەشەکان گێڕەوە و بگێڕەوەکان دەگۆڕن. نمونە لە بەشی (١) تا بەشی (٣) و لە یەک لاپەڕە گێڕەوە لە ئازیز

دەبێتە مانی و لە زەریای بەشکان تەنانەت بە یەک هێستە گۆڕەکان لە یەکەک بە یەکەکی تر دەستاودەست دەکرێ، ئەمەش تەکنیکەکی تا ئادیەک بە هەزە. وەلە لە بەشی (٣) گۆانەوەی وردەکاری شەوی بووک و پێوەندی زاوایەتی و ژن و مێردایەتی دایکی مانی و مەلا عبداللە ی باوکی کە بە ئازیزی هاوڕێ گۆاوەتەوە، دوو کەماسی دەبینرێ یەکەم وەک خەی لە سەر زاری ئازیز دێێ کە دایکی مانی کەسکی شەرمنە و دەنووسێ " من دەمزانی دایکی مانی، حورمەت و حەیای هەموو مەلاژنانی هەگرتووە، لە ڕووی نایەت قسە لەم بابەتە بکات...) پرسیارەکە ئەوەیە مانی ئەم زانیارییانەی لە کە وەرگرتووە؟ خە ناشێ باوکی خەی بەی گۆابێتەوە کە لە شەوی زاوایەتی چەن لەگۆێ دایکی دا گوزەراندوویەتی، هەر بەیشە سەرچاوەی زانیارییەکانی مانی بە نادیاری ماوەتەوە، خاەی دووەم لە خوارەوە دەخەمێێوو.

ناوێێک و فێێمی میدیا

ێێمانی میدیا ناوێێکەکی هزری بە هەز و لەوانلەو لە مەعریفە و وروژاندنی تەزە فەلسەفی و عیرفانی و باڵا بوونی مرۆڤدۆستی و هیومانزمییە، تاکە مانەوە لەو ێێمانە عیشقە کە عاشقبوون بە مرۆڤ و خودا و هونەر و حەز و خەشەویستی ژیان، دەبێتە ناوێێکەک زاە دەبە بەسەر دابەان و ێق، دووری و جیاوازی کارەکتەرەکان. هەروەک لە بەشی (١٠) ێێمانووس زەر فەلسەفییانە دەچێتە نەو فەرم کە لە لا (١٠) ئەژە " لە ێاستیدا دەانی کەوەر، وەک ئەو فتیلانەن، کە لە جیاتی ڕەن بە ئاو تێێکراون. هەرچەند هەوە بەدیت ئەم فتیلانە داگیرسێنی هەرگیز داناگیرسێن" چەندین تەکست و دەقی جیاوازی لەم جۆرە دەکەونە پێش چاو. یان لە لا (١٤٩) سەبارەت بە ێێنگی چاوی مانی کە چاوەکی شینە و چاوەکی زەردە زەر جوان دەنووسێ "خوا بەو دوو چاوەوە بە تەی ئەفراندووە؟ بە ئەوەی نیوەی جیهان بسووتێنیت و نیوەکەی تریشی بکوژێنیتەوە! سەرئەنجام نە ئاگرەکە دەتوانێت هەموو جیهان بسووتێنیت و نە ئاوەکەش دەتوانێت هەموو جیهان بکوژێنیتەوە" لەرەدا نووسەر گۆڕکیەتی پەمان بیژە ئەوە هەر مرۆڤ دەتوانە ژیان بکات بە بەهەشت و بشیکات بە دەزەخ، واتە بەختەوەری ئایندەش هەر لەدەست و چاو و بینینی ئەمدایە، کە هەردوو دونیا و دواڕۆژ هاوتا دەکات بە بینینی خودی مرۆڤ.

لە پاە ئەوەش لە ناوێێکیشدا لە هەندە شوێن و هەندە وشە و ێستە سرک دەبە و بە لووسی لەدەستی نووسەر دەردەچن و بەسەریدا تێپەڕ دەبە، وەک لە لا (١٠) دەنووسێ " لەوە وەک تەمەتبارێک و تاوانبارێک بپاێێتەوە، تا مەعشوقەکەی ئاوێێکی لەبداتەوە و میهرەکی لە گۆدا

بنونەت" لێرە و لەم گفتوگۆیەی سۆفیێک لەگەڵ دەردەدی بە خودای خۆی دەردەخات خۆ بەتاوانبار زانین زۆر ئاسایی و ئەو پەڕەی گۆیشتنە بە تەسەوف و خانەویستی. بەڵام بە وشەی تەمەتبار لای خوا نووسەر دەکەوێتە هەڵەیەکی هەزری عیرفانی چونکە، تەمەت گەتیە، بەسەر دابینە، هەروەک پەیڕەو یاسایی باوکی کە هەیە دەڵێ: تەمەتبار تاوانبار نییە، تا تاوانکی بەسەردا ساغ نەبێتەوە. بەمەش هەموو خودێک بەوە دەزانێ کە چ گوناهێک دەکات و هیچ شاراوەییەک لای دادگای خودای نییە، کە بەندەکەی پێی وابێ تەمەتبار کراوە بە کارێک کە خودا پێی نەزانێ. بەم جۆرە بە هەردوو ڕووی دوو پەیڕەی گشتی هەیە لە ڕاستی خوادا پاک و ناپاک، باش و خراپ، زانا و نەزان، ئاگایی و بێ ئاگایی، ڕوناکایی و تاریکی، بەیەک چەمکی سەهەم لە عیرفاندا نییە.

هەروەها لە لا (٢٠) "... تەفانی گەواڵە هەورەکی بەهاری دادبارێتە سەر درەختەکی سەوزی تەڕی تەنو" لێرە درەختەکی سەوز نیشانەی تەر ئاوییە نەوەک بێ ئاوی، چجای ئەوەی کە دەڵێ تەڕی تەنو ئەمە هەرگیز یەک ناگرێتەوە، گەر تەڕ بە واتە ئاوی لە بن کراوە ئەی چۆن تەنوە! باشتر دەبوو لێرە نازاوی بە درەختەکە بەکارهێنابووایە کە بە تەواوی مەبەستی نووسەر بدەستەوە دەدات، یان ئەوەتە تەنیا تەنوەکەی لابدا بوایە گرفتەکەی چارە دەبوو.

لەلایەکی دیکە لە لا (٣٨) دەنووسێ "سەرزەمینی خواوەندەکان" پەرستەوکان سەرزەمینیان نییە، ئاسمانیان هەیە، بەکو پەرستشکارانی خواوەندەکان لەسەر زەمین دان، لە هەموو ئایینەکان و تەنانەت بتپەرستەکانی قورەیش کە بتیان دروست دەکرد، بە ئەوەی لە خوای ئاسمان نزیکیان بکاتەوە، نەوەک ئەوان خودای سەر زەوی بن، نە خواکانی هونەری یۆنانیش لە ئەفسانەی یۆنانی لە ئاسمانی ئەلەپیک بوون نەوەک زەوی.
کەچی لە لا (٤٢) کاتێ لەسەر زاری ئازیز باسی خۆن گەڕانەوەی خۆنکی مەلا عبداللەی باوکی کە بە مانی کوڕەکەی خۆیەوە بینیویەتی بە شێخ محمدی باوکی ئازیزی گەڕاوەتەوە، هەر لەسەر زاری شێخ محمد کە بە ئازیزی دەگەڕێتەوە دەڵێ " مەلا محمد تائرە قسەی کرد، و چاوی پێی ئاو بوو. جارێکی دی باسی ئەو خۆنەی نەکردەوە" ئەمە شێخ محمدە و باسی خۆنی مەلا عبداللە دەکات، کەچی ناوی مەلا عبداللە دەبێ بە مەلا محمد واتە هەمان شێخ محمد بووتە مەلا محمد لە بەی ئەوەی بنووسرێ مەلا عبداللە.

لە لایەکی ترەوە لە لا (٧٥) دا ئەمە خراوەتە ڕوو " نوور بە ئەوانە

دادبەزێت، کە دەمرن ناچنە گۆڕەوە" ئەمە دیدگایەکی گشتییە، کە هەموو مردووەک دەچێتە گۆڕەوە وە جا گەر ئەو کەسە ئەولیا بێت، یان دووڕوو و گاور، چونکە جەستە بە گۆڕ و لەحد بە فەین، ئاسایی بوو کە بۆ نوور بۆ ئەو کەسانە دادبەزێ، کە بەجێستە دەمرن و لەحیان ناچێتە گۆڕەوە. هەرچەندە ئەمە لە تێگەیشتنی دەقێکی سوڕەوردی هاتووە، هەروەها تێگەیشتنی هایدێگەر بە مردن و دوای مردن و پەیوەندی و بە دوای مردن، کە چەمکێکی زۆر قووڵی فەلسەفی و سۆفیگەرییە. لەڕەدا خودی مرۆڤ، ئەو ڕەوانەیە کە لەجێستەدا غەریبە و بە مردنی ئازاد دەبێت و ئەم دونیایە، وەک ئاسەیەکی ئەخلاقی، بەجێدەهێڵێت و لە گۆڕدا، جیهانی ماددی ئاسە نابێت، بەڵکو دەرباز دەبێتە جیهانی بەرزەک. هەروەها پەیوەندی بە فکرەی دەنادەنیی بوودیش هەیە، کە دوای مردنی جەستە، ڕەوان دەچێتە لەشی گیانەوەرێک یان شتێکی دیکەوە و ناچێتە گۆڕەوە، بەڵام بە گشتی گۆڕ ماڵی جەستەی مردووە.

هەم دیسان لە لا (٩٦) لەسەر زاری مامۆستا یونس بە مانی دەڵێ "بۆیە منیش وەک دایکت دەڵێم، پێویستە تۆ لەگەڵ میدیا شوو بکەیت!" شووکردن بە ئافرەتێ نەوەک پیاو، لە کوردیدا بە هیچ پیاوێک ناڵێن بۆ شوو بکە، بەڵکو پێی دەڵێن ژن بێنە و بە ژنیش ئەژن شووبکە، کە ئەم شووەی زیاتر لە چوار جار بە مانی بەکاری هێناوە کە پیاوە. لەرەش نووسەر بە ئەنقەست شێوازێکی کرمانجی باکووری هەڵبژاردووە، کە شوو بە پیاویش بەکاردێنن، کە مەبەستییەتی کە شووکردن وشەیەکی کوردییەکی کۆنە و زیندوو بکرێتەوە، بەڵام نابە نووسەر ئەمەی لە بیر بچێ کە نووسەر بە خوێنەری کوردی سەرانی دەنووسە.
لە کۆتاییدا نیازمەندم ئەمە بڵێم وەک ئەلبەر کامە لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا دەڵێ "گەر بتەوە ببیتە فیلەسوف ئەوە بڵێ ڕۆمانێک بنووسە" هەر بۆیە منیش دەڵێم نووسینی ڕۆمان ژانرێکی هێندە سەخت و قورسە، زۆر جار نووسەر تائاستی شێتبوون لەگەڵ جیهانی خەیاڵی خۆیدا دەبات.
سەرباری ئەوەی دەستبردن بە نووسینی ڕۆمانێکی فەلسەفی، فکری، عیرفانی کارێکی ئاسان نییە، بەڵام دان بەوە دادەنێم لەگەڵ بوونی هێندە تێبینی و سەرنج، بەڵام هەژنگ شێخ محەمەد لە نووسینەوەی میدیا دا زۆر سەرکەوتوو بووە.

دڵشاد کاوانی

خوێندنەوەیك بۆ كتێبی (گۆیشتن بەووبەری شیعر)ی هاورێی خۆشەویستم (ناسۆ حەسەن)

نووسینی: هێستەم عەزیز

دەمەوێت دەست خۆشی لەقەڵەم و ماندووبوونی مامۆستا (ناسۆ حەسەن) بەرزبنرخێنم، كەتوانیویەتی حاڵەتكان بشۆازكی زانستییانە بگێنێتە خوێنەر،كەسێك دەرسێك هەموو ئەوحاڵەتانەی لەبونیادی فكریی مرۆڤدا بەرجەستە دەبێت هەمیشە خەیاڵی مرۆڤ بەودۆق جوانانەوە دەباتەوە بۆ بەردەم بوونیادی نمابوونی ئەفراندن، لەزاتی ئەوئینسانەدا كەئاستوخۆ ئەودەنگانە لەزەمەنەكدا یادەوەری و مێژوویەكیان بۆ خەیان خوێقاندووە، هەربۆیە حەزدەكەم لەناو شیعری جوان و مۆدێرنی پێتیدا بژیم، و مانایەك بژیان و دادپەروەری بدەم، دەمەوێ لەڕگای شیعرەوە ئاڵوگۆزی و سەختییەكانی ژیان بۆتان بكەمەوە ،ژیان بهێنمە ناو زمان و نوسین،مامۆستا (ناسۆ حەسەن) لەلەكەلینەوەكدا لەبارەی ئەزموونی شیعری مامۆستا (فەرید زامدار)دا لەكتێبی (گۆیشتن بەووبەری شیعر)دا
حەقیقەتی ژیان و شیعری مامۆستا (فەرید زامدار)ی وێنە كردوە ،،ووتر بەم ئیشكردن لەسەر زمان و دەق و كردنەوەی كەدو هەماكان بەجوانی بەرجەستە كردوە،
بابین چەند دەقەك لەئەزموونی شیعری مامۆستا(فەرید زامدار) وەرگرین
لەشیعری(زەماوەندی كچ وبرین) بەووونی تەعبیر لەمبارە دەروونییە و لەم سەفەری گیان بە دوای گۆیشتن بەم شوناسەدا دەكات و دەڵێت...

وەك عەشق و وەك شیعر ژیام
وەكو دەوارنشینەكی شەیدا و گەمژ
بەدوای خاك و نیشتیمانێ
بەدوای ناسینی خەمدا گەڕام...!

(فەرید زامدار)ی شاعیر لەوە تەدەگات،شیعر نووسین چ ژانێكی گەورەو

چ عەشقێکی گەورەو چ خوونکی گەورەیە،زمانی شیعریش چ هەزکی سیحری هەیە و داهێنان و نوێگەریش پێویستییان بە چ هەوە و ماندووبوونێك هەیە.

قەسیدەی (ئەسپ و ترس)
ئەم قەسیدەیە یەکێکە لەقەسیدە ناوازەکانی ئەم کتێبەی، پێتی لەگەمەی زمانەوانی،زمانکی چە،وشەکان ماناو دیوی نەنگاوەنگیان هەیە،
هەرجارەی گەمە لەگەڵ دیوێك یان نەنگکی وشەدا دەکات، ستەسازییەکان
زێتر بە نەخشاندنی جوانکارییە نێك/بە داشتنی ماناو بیرکەیەکی دیاریکراو،هەروەها (گومان) یش لەم دەقەدا گشەکە لە گشە ووناکەکان،ئەم دەقەق لە ووی شیعریەت و زمان و پێکهاتەی شیعرەوە
تەکمەیەو شیعرکە دەتوانین بڵێن لەسەرتاوە تاکتایی شیلەی شیعری لەدەژە، لەسەرتای شیعرکە لەباری دەروونییەوە هەڵچکی نائارام،لەهەوەداندایە بە گێشتن بە کنارکی ئارام،یان گێشتن بەوەهایەی کەماناێك بە ژیان و بوونی بدات،لەم بارەوە دەڵێ

هەندە جار ژیان لەبەرچاوت
ئەوەندە بچووك دەبێتەوە
بە ەوانینت دادەبێتەوە و دەتە ژێر پێت
گەڵکی نوێ و گەڵکی بزر
لەژیانی بن پێیکانتدا
سەری جنەکەیەکی شێت دەگوازنەوە
کەوکی ئاگرینی نوێ لە دەزێخدا دەوخێت و
کەوکی کێن لە بەهەشتا دادگیرسێ...!

نائارامییە دەروونیەکەی لەوەدایە،لەنێو ەووبەر هاوودژەکان گەمەدەکات، بەومانایەی، نەلەر دەتوانێ بمێنێتەوە، نەبە ئەوەندەریش دەگات
(ئەر و ئەو) دەکرێ دنیای کێن و نوێ بێت،(کەوکن نوێ لە دەزێخ دەووخێ، کەوکی کێن لەبەهەشت دادگیرسێ..)یان دەڵێ / دەنگکی نوێ بەرەنگاری ئاوازە کۆنەکانی گوێت دەبێتەوە..!

هەموو ەژێ
پارچەیەك لە دەما دەمرێ
هەموو ەژێ بەشەك لەلەشما دەکووژرێ

هەموو ژن لەتەك لەزمانم دەخنكێ
..... تا دەگاتێ،
هەموو ژن
چەقۆك لە گیانما دەوێ و
شەشی ناوچەكی نوێ
لە بەشكی بیركردنەوەم دادەمركێ

شاعیر لەم شیعرەیدا/ چاوی بەیوەتێ بەهەشتك كەبێ ئەو كەناری ئارامییە، دوای هەموو سووتان وخنكان و مردنك ئیتر بژیتەوە و بەبینینی خەرتاوكی نوێ شوێن برین و چەقكانی بیرچێتەوە،ووناكی شەشكی نوێ یان دووەمیایكی نوێ لە خەیاڵ و خون و بیركردنەوكانێ هەمن و دامركێتەوە .بێ ئەم مەبەستەش سواری پشتی ئەسپەك دەبێ، بەناو تاریكی ڕەت دەبێت و دەگا هاتونەهاتكانی ترس دەبەت.. شاعیر تامەزرۆی دەیشتنێ بەم دەگایە تا بگات بەم دنیایەی كە لەمشكی خەی وێنەی كەشاوە، شاعیر دەڵت،

لەخواروی ناوچەكانی خەكوشتنی مندا مەڵن و
لەبن مینا شكاوەكانی سەروی سەرخانی كیسەڵ
هەتك بەڵوانینەكانی
ئاسك بكەن
لەگەڵ كیسەڵ
درەنگ بەختان هادەگەن
لەگەڵ ئاسك
زووتر دەگەن..!

شاعیر مەبەستییەتی ئەگەر بەو كەناری ئارامیەش نەگات،یان بەئامانج وخونێ گەورەكانی نەگات، هەرچ نەبەت با كارەكی وابكات لەیان نزیكبەتەوە، بەیێ شاعیردەڵ..

كرەشتنی بەردەكی تاڵ
شیرینترێ لە خواردنەوەی
شەپەڵ ئاسەیەكانی چاوی مەحاڵ..!

بەڵام شاعیر هەر دەست لە ئومێدەكانی بەرنادات،دەبێ ژنێك بەو خونێ ڕەنگاوڕەنگێ بەهاریێ بگات و دەڵێ/ تەپوتۆزێ دوورەكانی جوانێ ئەسپەك دەتێ بەر گومم ..!یان دەڵێ

نیوەڵێ ئاسەیەكان بپارێزن و
خەرنشینێ نیوەڵەیەكانیش هاگرن..

هەورێك بەغار
دێتە ناو یادكانمەوە
جوانییەكی شەواویش بەتاو
لەباوەشی داخراوی خەیاڵی نوێم دادەپڕێ...!

ئەو دەست لە ئومێدەكانی بڕنادات، تەپوتۆزە دوورەكانی (جوانە ئاسپێك) هاتنە گۆی، لەی نزیك بێتەوە، گوێی لە حیلەكەیتی، هەر لەنێو ئەم هەڕەمووندە دەمێنێتەوە، ئەو تەنیایی و ململانێیە لە خزمەتی تازەگەریی و فرەهەندیی مانای شیعرییەتدا دەبێت.
بەشكیتری تەكستەكەی (فەرید زامدار) جۆرێك لەتیەوانین و بەچونی جیاوازی تەدا ئامكردووە و لەهەوڵی گەینی تەواینی دەسڵاتدایە لەفەنتازیای زمانی فیكری ئاڵۆزەوە بچێتە نیو پانتایی زمانی شعرییەت
لەم دەقەدا گەڕانەوەیە بۆ ئەو مەژوو نەبینراوەیە كە شاعیرحەزەكانی خۆی
بنبەستكردووە و حەزەكانی ئەمڕی خوێنەری گەیاندووە بەترپكی ئارەزوو.

(فەرید زامدار)لە دەقی (دیدگا ئاسمانییەكانی باڵك) دا سەمای بەوشكان هێناوە و بەزمانێكی پڕاوپڕ لەجوانكاری و بەوێنەكێشی هەنگینی شیعری دەكات،

خەم دێتەوە
لەسەر شەقامێكی سپی
بەرامبەر بەوشەو دەپڕییەوە
پەیمەوە
خیوەتی ساڕێ مردووەكانم
لەناو دوكڵەی
جگەرەیەكی ئاوارە هەڵدا..!

شاعیر چەند بەناسكی و شاعیرانە قسە دەكات، خوێنەر پەدەكات لەچێژو،
لەهەزی وشەو هەماو میتافەر و دەستواژە شیعرییەكان لەوەدایە كە، چەند
مانایەك لە خەبگرێت، خەم دێتەوە لەسەر شەقامێكی سپی، خەم دەبینییەوە، لەنیو دوكڵەی جگەرەی ئاوارەییدا، (خیوەتی ساڕێ مردووەكانم جەهەشت..!) دەستواژە و دەربڕینێكی شیعری دەگیر و جوانە، فرەهەند و فرەمانایە ، ئیدی لەژێر خیوەتی ئاوارەیی

لەنەو دووکەڵی جگەرە، هەدەچێت بەنەو خەیاڵ و یادەوەرییەکانی..زەر شتی بیر دەتەوە و دەڕۆت

سەرم پڕە لەخەونە تاریکەکانی ژنەك
مەمکەکانی پڕن لە پەنجە بازنییەکانی من..!
ئەگەر سەیری ئەو دوو دەرە شیعرەی سەرەوە بکەین
تاشیعرو زمان حەز بکات، پڕە لەجوانی و پڕە لەشیعرییەت و خەیاڵماناسییەکانی ئیرەسییەت..!
هەر بۆیە حەزەکانی خوێنەری پەکردوە لەترپکی جوانی (فرەم) دەڕە (گەڕان بەدوای ژیان گەلەك جوانە لەوەش جوانتر گەڕانە لە نەو پەرستگاکانی خۆشویستی لەو شوێنەدا خۆشویستی هەیە ژیانیش هەیە

دەین شیعرەکی دیکەی شاعیر وەردەگرین شاعیر دەکەوتە نەو خەیاڵ وخەمەکانی مرۆفایەتی و جوانییەکانی نیشتیمان..

(دوکەڵی گوڵ)

ژێر زەمینە، هەناسییەکانی دووکەڵکی پەمەیی
پەبوو
لەهەتاوە چاوشینەکان
پەبوو..
پەبوو..
لەناوە بە بۆنەکانی ژەهر دەڕاوەکان
پەپوولە ڕەنگ ئەوارەییەکانی ئاسمان
بەدەنگ بوون
تەیر و تواڵی ژێر زەمینەکانی سەو
لەناو ئەستێرە
چاو کاڵەکانی پرتەقاڵ ئاکشان
چاوە بە ڕەنگەکانی ئەهریمەن کرانەوە
ڕوانینە بچووکەکان فەین
گوڵە چیاییەکانی ئێرە لە گەرانییە بەهارییەکان
تەران
جەستە کەسکەکانی باران
پەبوون... پەبوون
لەبەدەنگییەکانی زمان
پەبوون ..
لەهاواری خەڵ و درەختی شەت.. هاواری خاك..!

(فەرید زامدار) زۆر بەووونی لەم دەقە شیعرییەئامانجی پێکاوە، جگە لەوەی ناونیشانێکی تابۆی شیعری ناسك و پڕ لەجوانی هەبژاردووە، ناوەڕۆکەکەشی پڕ لەهەستی ئینسانی و مرۆڤدۆستی ..کەلە دیمەنێکی کورت و لەهەناسەکی کورتدا، زۆر قسەی کردووە و زۆر وێنەی کێشاوە باس لەوە دەکات کە لە شوێنکی ئەم گەردوونە کەمەڕ مرۆڤکی بە گوناە لەژیر گەرمایی هەتاوە چاو شینەکان وەك پێوولە ئەوارییەکانی ئاسمان خەریکی ژیان بوو..ئیتر کەس بە هەستکان و کەس دەراوەکان بانە ژەهراوییەکان بەکار دەهینن، ئەو مرۆڤانە و تیرو تاڵ و پێوولەکان لە هەناسەدان دەکەون و پەدەبن لە بەدنگییەکانی زمان و نامرۆڤانە ژیانیان
لە دەسنناوە، لەگەڵ ئەم کارساتە تراژیدییە خەمناکە، گوڵە چیاییەکان لە
گەرانییەکانی بەهار دەتڕژن و ئەمناوێش پێ دەبە، لەهاواری درەختی شێت و هاواری خاك..!

شیعر و قەڵەم
شیعر کەدەکەوێتە ناو کێشی نووسینی(فەرید زامدار) وێنە لەپەدا ەوو
دەدەن و یەك بەدوای یەکدا وەك شیر لە گوانی پەدا دەژنە ناو دەفری
نووسینەوە،
دەربارەی (شیعرو قەڵەم) تاهەتایە بگوترێتەوە، وەك قسە بەناوبانگەکانی زانا و فەیلەسوف و بیرمەندەکان. دەربینەکێش دەربارەی قەڵەم ئەمەیە کە
دەڵێت...

قەڵەم نیشتیمانمە، لەهەر شوێنکی زەمیندا قەڵەمەك بشکێ منیش دەشکێم،
قەڵەمەك زیندانی بکرێ منیش لەوێم، قەڵەمەك ەاوبندرێ منیش ەاودەنرێم،
قەڵەمەك ئازار بدرێ ژانکەی دەگاتە ەەحی منیش، قەڵەمەك داگیر بکرێ منیش داگیر دەکرێم، لەهەر کوێیەك قەڵەمکی خەرخواز بانگم بکا دەچمە
ئەوە، هەموو قەڵەمەخەرخوازەکانی دونیا بەنیشتیمانی ەاستەقینەی خەم
دەزانم و هەموو نووسینە هونەری و داهێنانە ئەدەبیەکانی جیهانیش بەهی خەم دەبینم...لە هەرکوێیەك قەڵەمەك ئازاد ببێ منیش ئازاد

دەبم..!

ئەم قسەیەی (فەرید زامدار)
هەندە لە ئاستەکی بەرزو پە واتایە پێویستە ، بە تاهەتایە هەر بگوترێتەوە
چونکە/ باوەڕ ناکەم هیچ نوسەرو شاعیرێك و بیرمەندێك، بەم شێوەیەی (فەرید زامدار) باسی باهای قەڵەم و خۆشەویستی خۆی بە قەڵەم پێشان دابێت، هەکارەکەش ئەوەیە/ لای ئەو شاعیرەمان (قەڵەم یانی شیعر…!)

سەرچاوەکان

*گەیشتن بەووبەری شیعر (نامۆ حەسەن) ٢٠٢٠
لەکەینەوەیەکە لەبارەی ئەزموونی شیعرەوە
*چوار کتێب لەبارەی شیعر(سەباح ڕەنجدەر) ل١٠٠
*ماناودەلالەتە شاراوەکانی دەق(دانا عەسکەر)ل ٥٢چاپی دووەم٢٠١٤

ئەوەی لەو بیست ساڵە دەتوانرابکرێت بەناو نەکران … محمد باپیر

من پەم وایە عەرەبی شۆڤێنی بەدرێژای مێژوو ئەستاش چەندە خرابن بە ڕامبەر بەکورد و کێشەی ڕەوای نەتەوەیمان ، بەهەمان شێوە ئەمەی کوردیش تاوانمان زۆرو زۆریش خرابین بەنمونە:
دەکرا لەو 20 ساڵەدا:
یەکەم /کوردستان لەژێر بواری پیشەسازی و ئابووری و کشتوکاڵی زۆر پشکەوتوباو لەوەاتانی دەوروبەر ڕووبان لەکوردستان کردبایە نەک ئەمە کورد ،کوردستان جێ بەجێن و بچینە هەندەران لە ئاوی ئیجە ماسی تەرمی ڕەشکانمان بخۆن بەناو نەمانکرد.
دووەم/دەکرا یەک سوپای یەکگروتومان هەبایە و هەزی پشمەرگەمان یەکخستبا بە موالید بانگمان کردبا ئەستا هەزوهەیتمان دە بوو ، بەناو نەکرا
سەدبوایە ئەستا 10 بەنداومان دروست کربا لەکوردستان چونکە ئاوی

زەرە ئەستا کەشەی ئاو کارەباو و ماسی و زراعەو هەی کارمان نابوو بەام مەخابن ئەویشیان نەکرد.
چوار/دەکرا گرنگی زەرمان بە زراعەو کەرتی کشتوکالی دابایەو چونکە ئەمە لەکوردستان چوار دەشتی بەناوبانگمان هەیە زەر بەپیتن وەک دەشتی شارەزور و دەشتی هەولێرو دەشتی هەریرو دەشتی بادینا ئەستا دەبوایە هەمو شاروشارچەکان بانکی زراعی هەبوایەو شتمان هاوردەی وەتان کربایە بەام بەداخەوە ئەویشیان نەکرد.
پەنج/دەبوایە ئەستا کەرتی گەشت و گوزارمان زەر اهتمام پە دابایە چونکە کوردستان زەرشوەنی دلەفەنی هەیەو ساانە داهاتی زەرمان دەست دەکەوت ئەویشان نەکرد.
شەش/دەکرا ئاسەواری دوو ئیدارەیمان نەهەشتباو و کوردستانمان وەک بەهەشتەک لەکردبایە لەرووی خوشی و جوانی و دیموکراسی و شەفافیەت و دادپەروەرە ،بەام بەداخەوە ئەویش نەکرا.
حەوت/ئەوهەموو گەنجە زەرەی سالانە تخرج ئەکات لەو 10ساەدا ئەکرا هەلی کاریان بە بەخساندبایە و لەووی کەمبانیاو کارگەو کار زراعی و پەژەی بچوک
کەئەویشیان نەکرد بەداخەوە.
هەشت/ئەو هەموو گەنجە کەناتوانی ژن بەنە و کاری نیە پارەی نیە سیارەی نیە زەوی نیە بەیە ناتوانەت پەسەی هاوسەرگیری بکات و بەهەزاران کچ بونەقەیرەو توشی نەخوشی دەرونی بونەو ئەستا سلفەی زەواجیش نیە ،ئیدی نەمانتوانی کەشە کەماتیەکانیش چارسەربکەن .
نویەم /دەکرا چاکسازی بکرەت لەهەموو سەکتەرەکان و پیاوی شیاو لەشوەنی شیاودابنرەت بەداخەوە ئەویش نەکرا
دەیەم/دەکراقەرەبووی مالی شەهیدو ئەنفال و کیمیاباران وو پەککەوتەکرابایەوە و ، ژیانی باشیان لە فەراهەم بکرابایە بەام بەداخەوەئەویش نەکرا.
لەیەپەم باشە بزانم چ کراو چی نەکرایە لەکوردستاندا؟

محمد باپیر چاودەری سیاسی
12/11/2020

یەکینەکانی مردن … سامانی وەستا بەکر

دیسانەوە شەپۆلکی نەگریس بەر درگای مالی کوردی گرتووە و دڵی هەموو کردەکی نیشتمان پەروەر ، خاوەن خاک، مرۆڤ دۆستی بەزار کرووە. هیچ گومانی تیانە کە تورکیا لەپشت ئەم رووبەووو بوونەوەیە و مەبەستەتی کورد بە کورد قڕ بکات.
تورکیا بەشکی زۆری ئەژئاوای کوردستانی داگیر کردوو بە ناڕاستەوخۆش باشوری کوردستانیشی لەژێردەستایو چەنیان بوەت وائەکەن بە گەلانەوە بە هیچ کەسەک، ئەژانە شاخ و کێو دەشت و دۆڵ و گوندەکان بەمباران ئەکەن و کەس دەنگی لەوە نایەت و حکومەت و پارتی دەسەلاتداریش بەو هەموو موگڕ و بنکە سەربازیانەی کە لە دهۆک و هەولێر و تا سلێمانیش جێگیریان کردووە ناەێن داگیرکەر و بگرە بەیان دادەتاشرە و ئەەێن لەبەر بوونی پەکەکە لەو ناوەن.
بەەە ڕاستە پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە بوونیان هەیە لەباشور بەەام: یەکەم ئەوان لە وڵاتی خۆیانن و ئەوە تورکەکان کە بگانەن. دووەم ئەوان لەخۆیانەوە نەهاتوون بەەکو لەسەری داوای پارتی و یەکەتی هاتنە ئەو ناوچەیە کاتەک ترس هەبوو ئیسلامی تونددەو لە قەندیل و ئەو ناوچانە جێگیربەت.

میساقی میللی

تورکیا نیازەتی "میساقی میللی" لەەەگەی گورگە بەرکانەوە جێبەجێ بکات. بەکورتی ئاماژە بەداگیر کاریەکانی رژێمی تورکیا ئەکەین لەتەواوی ناوچەکە ئایا تورکیا ئامانجی چیە؟
تورکیا بە بیانوی بوونی "پەکەکە"وە زەرجار هەڕەکوتەتە سەر باشوری کوردستان، ئەو دەولەتەی کەپێی ئەەەن تورکیا میراتگری دەولەتی عوسمانیە. میساقی میللی تورکی لە28ی کانونی دووەمی سالی 1920 بەپێی ئاگربەستی "مەندەرس" لە30ی ئۆکتۆبەری سالی 1918یا کە لەنێوان هێزەکانی هاوپەیمانان: ئیتالیا، فرنسا، بەریتانیاو دەوڵەتی عوسمانی واژۆکرا، لەو پەیمان نامەیدا سنوری تورکیا دیاری کرا،کە سنوری تورکیای ئێستا تێئەپەڕنە بە سوریا و عیراق و شارەکانی حەلەب و موصل و کەرکوك و هەولێرو سلێمانیش ئەگرێتەوە.
بەپێی بەەەننامەکە تورکیا ئەو مافەی هەبوو نەهەەت ئەو شارانە لە هیچ لایەکەوە داگیر بکرە و سوپای بە بجوڵنرە. بەلام دوای تێگەیشتنی بەریتانییەکان لەسنوری جوگرافیا و هەکەوتەی موسڵ،

ئاگربەستی "مەندەرەسیان" پشتگوێ خست و پەلاماری شاری موسڵیاندا و ئەو شارەیان لەدەستی عوسمانی دەرهێنا.
لەکۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم ووڵاتانی زلهێز ئەیانویست دەولەتی عوسمانی لاواز بکەن کە تەنها چەند ناوچەیەکی کەمی لە دەستا مابوو، کە ئەوانیش سنوری تورکیای ئەمڕۆ ڕۆژئاواو باشوری کوردستان و بەشێك لەخاکی یۆنانی لەژێر دەستا مابوو. دەرەنجام سەرەتا پەیمانی سیڤەرو دواتر پەیمانی میساقی میللی لە28ی کانونی دووەمی 1920 لە مەجلسی پەیمانی دەولەتی عوسمانی پەسند کرا و بەم جۆرەش لەچوارچێوەی کەماری تورکیا بچوکیان کردەوە.

پەیماننامەی میساقی میللی تورکی لە چەند خاڵێکدا:
١. لەکاتی ئاگر بەستی مۆندۆرس ئەوناوچەیەی دەستی بەسەردانەگیرابوو بەدنیاییەوە خاکی تورکیایە و نابێ پارچە بکرێت.
٢. ئەگەرپێویست بکات لەهەرسێ ویلایەتی قەرس و ئەردەهان و باتووم، ریفراندەم ئەنجام بیرێت بۆئەوەی لەژێردەستی عوسمانی بمێنێتەوە یان نا.
٣. عەرەبەکان مافی خۆیان دیاری ئەکەن و ئەو شوێنەی لەژێردەستی عوسمانیابێت و زۆرینەی عەرەب بێت ئەوا ریفراندەمی تیا ئەکرێت.
٤. چارەنوسی یاسایی ڕۆژئاوای تورکیا بە هەپەسڕاوی ئەمێنێتەوە، تەنها بە ریفراندەم چارەنوسی یەکلای ئەکرێتەوە.
٥. ئاسایشی ئەستەمبول و دەریای مەرمەرە لەلایەن عوسمانیەکانەوە فەراهەم ئەکرێت و لە بەرامبەر هەموو جۆرە هەرشێك پارێزراو ئەبێت.
٦. کەمینەکان لەووڵاتانی تردا واتە ئەو شوێنانەی تورك کەمینەن دەبێ مافیان پارێزراوبێت و بەفەرمیش رابگەیەنرێت.
ئێستا ئێردگان و تورکیا چاویان بیۆتە هەموو ئەو ناوچانەی میساقی میللی ئیانگرێتەوە و بگرە زیاتریش وە بە سۆی پراکتیکیش دەستاین پێکردوو لە هەندێک شوێنیش ئامادەکاری بۆئەکەن، بەدیاری کراوی لە باشوری کوردستان چەندین بنکەی سەربازی گورێان دامەزرانووە بەنام ئۆوەی کەسپە و تۆگرێیە لەبەردەمیانا پارتی کرێکارانی کوردستانە "پەکەکە"، هەربۆیە بەنیازن بە داگیرکردنی کوردستان ئەو کەشێیە هەر بۆخودی کورد چارەسەر بکەن لەنێی ئۆوەی کورد بکەن بە گژی کوردا و خوێنی کورد بەدەستی کورد بژێنن، ئەمەش بۆ ئەوان دوو سودی هەیە، یەکەم کورد لاواز ئەکەن لەکاتی جەبەجێ کردنی میساقی میللیا کورد بەشتی پێ نامێنێ بە بەرگری. دووەمیش تا بە خەڵک ووڵاتانی جیهان بڵێن کە بە گرانۆوەی ئاشتی یانە ناوۆە و ئیتر وەک نمونەی قوبرس بە هەتا هەتایە ئەمێنۆوەو کوردستان بە

ئەبەد داگیرئەکەن.

گورگە بەرکان
ناکرێ باسی گورگە بەرکان بکەین و کەمێک نەگەڕێینەوە سەرهەڵدانی بیری ناسیۆنالستی تورک.
تەرانیزم لەسەدەی نۆزدیا لە ژێر کاریگەریی بزوتنەوە نەتەوەییەکانی ئەورووپا سەریهەڵاوە، بریتیە لە ئایدەلۆژیای نەتەوەپەرستی تورک کە ئامانجی یەکخستنی هەموو نەتەوەی تورک زمانو ئایدەلۆژییایە ئەکرێت لە چوار چێوەی کەلتوری یاخود سیاسیا بێت. سەبارەت بە ئایدەلۆژیای پانتورکیزم دەستیان پێکرد، "سابیر زیان بەدرەدین" کە خەی ئایدەلۆژیستێکی تورکە ئەڵێت: پانتەرکیزم هەوەدانە بە یەکخستنی هەموو نەتەوە تورکەکان لە چوارچێوەی یەک دەوڵەتی سەربەخۆ یان لە دەوڵەتێکی فیدراڵیا.
لە کۆتایی سەدەی نۆزدیا بیری ناسیۆنالیزمی تورکی بە تەواوی ریشەی خەی لە نێو کەمەگەی تورکیا داکوتاو هەر ئەمش وای کرد کە حزبی ئیتحادو تەرەقی دابمەزرێت، لە دروستبوونی ئەو حزبەشا جولەکەکانی تورکیا رۆڵکی گرنگیان بینیوە، چەند کەسێک لە جولەکەکان بوونەتە ئەندامی سەرکردایەتی ئەو حزبە. کاریگەریی فەرهەنگی خەرئاوا بە تایبەتی فەرەنساو بریتانیاو ئەمریکاو ئەڵمانیا بە سەر تورکیا ناکرێت نادیدە بگیرێت، ئەمش کاریگەری لەسەر بیرمەندان و روناکبیرانی تورکی داناو سە رووتی جیاوازی هەنایە ئاراوە (یەکەتی ئیسلامی، یەکەتی تورکی و یەکەتی عوسمانی) بەڵام سوڵتان عەبدول حەمید تەنها خەمی بەهەزبوونی ئیمپراتۆڕی ئیسلامی ئەخواردو بە توندی دژی یەکەتی تورکی و یەکەتی عوسمانی بوو، هەر ئەمش بووە یەکێک لە هەکارەکانی بە ئاوی تەرانیزمکانی ناو حزبی ئیتیحادو تەرەقی لە ساڵی ۱۹۰۸ دژی دەسەاتی سوڵتان عەبدول حەمید کەدەتا بکەن و بە یەکەمجار دەستور بە تورکیا دابەژن. چەنەتی دروستبوون مەهەپاو هەکارەکانی دروستبوون و ئایدەلۆژیای دروستبوونی مەهەپاو دەزگاکانی ئایدەلۆژیای مەهەپاە ئوزال و چەند بابەتی پەیوەندیدار بە مەهەپاە کە بنچینەداڕی گورگە بەرکانن لەڕیا باسی لەوناکەین، بەکو تەنها گورگە بەرکان بە نمونە وەرگرین کە ترسناکترینن لەسەر بوون و نەبوونی کورد.

بە ناسینی گورگە بەرکان سەرەتا هەندە خەسەتی گورگ باس ئەکەین پاشان بەراوردێک لەنەوانیان:
گورگ کە "کوێی بەوفا"ش ئەناسرێت یەکێکە لە ئاژەڵە دەندەکان و

نزیک بوونەوە لێی بە مەترسی نیە. بەوفاو بەهێز و نەفس بەرزە. ژیانی گورگ بەشکی کەمایەتییەو لەژیانی مرۆڤەوە نزیکە، ئەمە وەک ئەوەی بەشکی تری ژیانی هەرشبەر، کەوی و دندیە.
گورگ هەرگیز گەشتی مردارەوە بوو، خواردنی پیش بوو، بۆگەن و کەن ناخوات. هەرگیز لە دایك و خوشکی نزیک نابێتەوە بە جووت بوون هەربەیەش هیچ نەوەیەکی زۆر لەناو گورگا بوونی نیە و هەموو بەجووە گورگێک بە دنیاییەوە ئەزانێ کە دایک باوکێتی. گورگەکان تاکو لەژیاندا مابن یەك هاوسەریان هەیە، خیانەتیان لە ناکەن، بەیە هەر خەزانێکی گورگ هەموویان ئەندامانی هەمان خەزانن و بۆگانەیان تیانیە، ئەگەر یەکەك لەهاوسەران مردن، ئەوا بە ماوەی سێ مانگ پرسیان هەیە، جاری واش هەیە تاکو ساڵێك درێژ دەبێتەوە، لەناو گورگدا فرە خەزانی نییە، ئەگەر گورگێك نیازی پرسیەکی وای هەبێت، ئەبێت لەناوچەکەی دوورەکەوێتەوە. کاتێ دایک باوکیان پیرئەبن ئەوا کوڕەکانیان ئاویان بە ئەکەن و خواردنیان بە دابین ئەکەن لەکاتێکا ئەوان لەنێو کولانەکانیانا ژیان بەسەرئەبەن. لەکاتی ڕاوکردنیان، سێ گورگی ئازاو هەرش بەر لەپشەوە ئەڕۆن بە هەر ئەگەرێکی چاوەڕوان نەکراو، دوای ئەوانیش پێنج گورگی بەهێز لەدوای ئەوانەوەن، گورگ سەرکردەکەیان لە دواوە ئەڕوات، پارێزگاری لەهەر هەرشێکی دواوە ئەکات، گورگێ مێینە و مناڵ و بە هەزەکان ئەخەنە ناوەڕاست و بەهەزەکان لە پشەوەو سەرکردەش لەدواوە ئەیان پارێزن و خەیان ئەکەن بە سوپەر و قوربانی تا ئەوانیتر سەلامەت بن. یەکێکی تر لەو شتانەی گورگی پێ جیا ئەکرێتەوە ئەوەیە کە مرددوکانیان ئەخەنە ژێر گڕەوە وەک مرۆڤ.

ئایا گورگە بەرەکان هیچ یەکە لەم ڕەوشتە بەرزانەی گورگیان تیا بەدی ئەکرێ؟

گورگێ بەرەکان یان یەکیەنکانی مردن یان لاوێ نمونەیەکان "ئەجاکلاری"

گورگێ بەرەکان لەبری ناشتنی نێچیر و مردووەکان، سەریان لەلاشیان جیا ئەکەنەوەو و سوکایەتی بە جەستەیان ئەکەن، دەستدرێژی سێکسی ئەکەنە سەر ئەو کچانەی بە زیندووی یان بە مردووی ئەکەونە دەستیان. هەندێ پیسخەرن تەنها لەبەر تەرکردنی حەزی نەژادی و ئارەزووی نەخۆشیان دەست لە هیچ شتێک ناپارێزن و ئامادەن لەهەر شوێنێک بەیان بگونجێ و توانایان هەبێ بیکەن بە قەسابخانەی گورگێ بەرەکان دەست لە مناڵ و ژن و پیر و پەکەوتە ناپارێزن بە تایبەتی ئەگەر کوردبن ئەوا تەنها دوای کەمەکوژی دەست هەڵگرن، هیچ بەهایەکی مرۆڤایەتی بوونی نیە لایان و کەی زۆیەکانی بەقان تا

ناوەڕاستی ئاسیا بۆ میراتی عوسامنی ئەبینن و داگیری ئەکەن ئەگەر توانایان هەبێ. بە شیوەیەک پیس خەرن بچنە هەر شوێنەک دوای داگیرکردنی تەنانەت مریشک و قاز و قەل و بگرە تا دارەکانیش ئەدزن وەک دار زەیتونەکانی عەفرین.

دوای بە دەنگ بوونی ئەم گرووپە بە ماوەیەک پاشان لەگەڵ درگاکانی سوریاوە و لەژێر سەرپەرشتی هەواگری تورکیا جارێکی تر سەریان هەڵدایەوە، پاش ئەوەی سەرکەوتنەکانی خۆی دژی کورد سەلماند. سەرەتا بڕشکی زۆری ئەندامانی ئەم گرووپە لەناو سوپای تورکیایا سەریان دەرهێنایەوە لە حەلەب و ئیدلبی سوریا، هەتا ئووێکی نەتەوەی بەن بۆ داگیرکاری تورکیا لەسەر حسابی خاکی سوریا.

ئەم ئەکخراوە کێیە و تا چ ئاستێک لەسەر ئاستی جیهانی بەاوبەتوانە؟
ئەکخراوی گورگ بەرەکان یان لاوە نمونەییەکان کە دواتر بە یەکیینەکانی مردن ناسران. ئەکخراوێکی تووندڕەوی فاشی ناسیونالیستی ئادیکالی ئاستەو ئەگزپەرستی تورکی دژە کورد، لە کۆیایەکانی ساڵەای ١٩٦٠دا دەمەزرێنرا، لەسەر دەستی "عەقید"ی سوپای تورکیا "ئەڵپ ئەرسەلان تورکش" .
ئەم ئەکخراو بە باڵی سەربازی نافەرمی حیزبی جوانەوەی نەتەوەپەرست یان بزوتنەوەی نەتەوەیی تورکیا "مەهەپە" کە "دەولەت باخچەلی" سەرکایەتی ئەکات، کە لە ئێستایا هاوپەیمانی پارتی داد و گەشەپەدانە کە ئەجەب تەیب ئەردەگان سەرکایەتی ئەکات.
هەڵەای تەکڵە کردن و پەکەوەلکاندنی ناسنامەی تورکی و ئایینی ئیسلام زەر زیاتر بەو ئەکخراوەوە دیارە و زەر بە فراوانی کاری لەسەر ئەکرێ کە ئەوەش بە خیتابی ئەکخراوەکەوە زەر بڕوونی ئەبینرێ. ئیسلام بەکار ئەهێنن بە ئاکشانی سەزی موسوڵمانانی نێوەکانیتر ئەگەرنا دەست لە هیچ مرۆڤ ناپارێزن کە تورک نەبێ، هەر لەگەڵی ئیسلامەوە بە ئاسانی کورد ئەکەوێتە تەڵەکانیانەوە.
کوردیان بە دوژمنی سەرەکی و سەرسەخت و خەتەری سەرخەیان و بوون و نەبوونی تورک گرێداوە، نەمان و نەهێشتن و توانەوەی کورد کاری لە پێشینەی ئەم ئەکخراوەیە. ئەمە ویرای دژایەتی کردنی نەتەوەکانی تری وەک ئەرمەن، عەرەب، یۆنان، بوگاریەکان، ئەلبانیەکان و ئاینەکانی تری وەک مەسیح و جولەکە و بوزیەکان.
لەگەڵ ئەوەی کە پێشتر بە ئەکخراوێکی ئیرهابی و تورندڕەو و ئادیکاڵ ناسێنراو بوو بەهۆی کردەوە خراپەکانیانەوە لە ساڵانی هەشتاکانا، بەتام ئەردەگان جارێکی تر گورگ بەرەکانی زیندووی کردەوە بە

ووبەرووبوونەوەی کورد.
بەجێریك ئەردەگان پاشپشتی ئەو هێکخراوە ئیرهابیە نێتەوەپەرست و هادیکاڵ فاشیەی کرد کە لە ئێستایا گشتوونەتە هەریەکە لە "ئازەربایجان، شیسان، چین، ئەرمینیا، کوردستان، ئێراق، سوریا، کەنارەکانی یەنان، قوبرس، ڕوسیا، نیمچە دورگەی قرم، تایلاند، فەرەنسا، ئەڵمانیا، بەشێکی زۆری وڵاتانی ئەوروپا.

لە چەندین کەرت جیاوازی وەک ئابوری، کۆمەڵایەتی، وەرزش، پەروەردە و بنکە هۆشبیریەکانی وەک زانکۆ و فەرگەکانی خوێندن و قوتابخانە ئایینەکان چالاکن و فەقێ و ناوەندە ئایینیەکان باشترینی ئەوانن کە گەرایان تیا دائەنێن. تەرە کۆمەڵایەتیەکانیان تەنیوەتە کار لەسەر گەنجان و نەوجەوانان ئەکەن بەتایبەت کەم دەرامەت وئاوارە و ئەو خوێندکارانەی کە داخلییەکان نیشتەجێن.
ئاڵای گورگە بۆرەکان یان یەکیەنەکانی مردن کە تەختەکی سوری هەیە سێ کەوانەی نیوە مانگی سپی "هلال" لەسەر کەشراوە، بەپێی باوەڕی خەیان ئەگەڵتەوە بە بناوبوونەوەی تورک لە هەرسێ کیشوەری ئاسیا، ئەفریقا وە ئەوروپا .
لە کۆ و کۆبوونەوە و دەرکەوتنەکانیانا دەستی هاستیان بەرز ئەکەنەوە وەک هەمایەکی شەیتانی، هەردوو پەنجە تووتە و دەشاو مژە هاست بەسەرەوە لە شێوەی گوێچکەکانی گورگ بەرزئەکەنەوە و ئنجا هەرسێ پەنجەکەی تریان لە شێوەی سەری گورگ پێکەوە ئاڵکەنن و بە پشتەوە درێژی ئەکەن. کە ئەمە بچگە لە پیشاندانی سەری گورگ بەکو مەبەستێکی شارەوەی تریشی لەپاڵایە، واتە لە هەر شوێنێک تورکی لەبەر بەی ئەچن وەک ئاماژەیەک بە هەرسێ نیوە کەوانە یان نیو مانگ "هلال"ی سەر ئاڵا سورەکەیان کە مەبەست لەی "ئاسیا، ئەفریقا و ئەوروپا"یە.
چیرۆکی هەڵبژاردنی گورگ وەک ناو و ناونیشان بە هێکخراوەکە ئەگەڵتەوە بە ئەفسانەیەک کە تورکەکان باوەڕیان پێیەتی و بەاوە لە ناوەڕاستی کیشوەری ئاسیایا کە گوایە گورگێکی مێینە کە ناوی "ئەسینا"بووە کە هێبەری تورکەکانی کردووە لە ووبارەی "ئەرجەنیکەن"وە، پاش ئەوەی کە چوار سەدە لەوی ماونەتەوە دوای ئەوەی کە لە جەنگا دەڕاون، کە هەر ئەم ئەفسانەیەش بنچینەیە بە دەرکەوتن و دروست بوونی هەدوو نەتەوەی مەنگۆلی و تورک.
گورگە بۆرەکان باوەڕیان وایە یان هاستر ئەوەیە کە بەین وا پەروەردە ئەکرێن و باوەڕیان پێئەهێنرێ کە هەموو ئەو زۆییانەی ئەکەوێتە نێوان بەلقان و ئاسیای ناوەڕاست موڵکی خەیانە و خاوەندارێتی ئەگەڵتەوە بە تورک، کاری ئەمانە هەر فرسەتێک بێتە

پشەو بیگانەو بەخێبان هەر ئەمشە وای کردووە کە تورک پێبخاتە خاکی هەر وڵاتکی تروە هەرگیز بە ئارزووماندانە و بە ئاشتی لەی ناکشتووە نمونەی وڵاتی قوبرس کە لە ٢٠ی مانگی شەشی ساڵی ١٩٧٤ نیوەی خاکی ئەو وڵاتەی داگیرکردوەو تا ئێستاش چەکی نەکردووە ، تا ساڵی ١٩٨٣ باکوری قوبرس کە لەلایەن تورکیاوە داگیرکراوە کەماری باکوری قوبرسی تورکی ڕاگەیاند کە تاکە وڵات تەنها تورکیایە کە دانی پیاناوە، ئەوەی جگای سەرنج و ئاماژەیە ساڵی ١٩٧٤ تورکیا لەژێر ناوی گەلانەوەی حوکمی دەستور چووە ناو قوبرسەوە، پاشان دەرکەوت کە مەبەست لەی داگیرکردنی ئەو وڵاتیە و کردنتی بە بەشەک لەو خێبانەی گورگە بەرکان کاری بۆئەکەن کە ئەویش هەموو خاکی نەوان بەلقان و تورکستانی ڕۆژهەڵات خاوەندارێتی بە تورک ئەگەڵتەوە!
گورگە بەرکان هەموو دانوستانکی سیاسی و نا سیاسی لەگەڵ کوردا ڕەت ئەکاتەوە، تاکە چارەسەر بە کەشەی کورد لەلای ئەوان نەمان و بەوونی کوردە کە وەک خێبان ئەڵێن (باشترین کورد ئەوەیە کە مردووە) واتە هیچ کوردەک باش نیە تا ڕەبکەوی لەگەڵیا و کاتە کەتای بە کەشەی کورد یەت کە وەک نەتەوە بەوونی نەمێنێ.
هەر ئەوش وایکرد کە لەسەرەتای هاتنە سەر کاری پارتی داد و گەشە پەدان بە سەرکایەتی ئەردەگان و کرانەوەیەکی تاکیکی بە ماوەیەک بەووی کوردا ئەم گرووپە واتە گورگە بەرکان سەرسەختانە داژایەتی ئەردەگان و پارتکەیان ئەکرد هەتا ساڵی ٢٠١٨ کە هەردوو پارتی نەتەوەپەرستی "مەهەپە" و داد و گەشەپەدان "ئەکەپە" ڕەکەوتنکیان واژە کرد و بوون بە هاوپەیمان بە هەڵبژاردنکانی سەکایەتی کە ئەردەگان بوو بە سەرکی دەسەڵاتداری تورکیا.

ئەو کارە ناوخەییە خوناویانەی کە گورگە بەرکان ئەنجامیانداوە
هەرش کردنە سەر بیرمەند و لیبڕاڵ، و ڕەشنبران و چەپەکانی تورکیا بوو لە گەڵەپانی تەقسیم لە ئێستەمبوە کە بە " ١ی پەنچی خوناوی" لە ئێستەمبوە ناسراوە لە ١-٥-١٩٧٧ ئەنجامدرا کە بووە هەی کوشتنی ٤١ کەس، پاش ئەوەی کە ئەو کارەیان بە چووسەر ئیتر پاش ساەک لەو قەسابخانەیە هەرشیان کردوە سەر "عەلەویەکان" سەدانیان لەکوشتن کە بە "قەسابخانەی مەرعەش" "مذبحة مرعش" ناسراوە لە ساڵی ١٩٧٨.
پاشان هەوڵدان بە تیرەر کردنی پاپای فاتیکان "یوحەنا پۆلسی دووەم" ساڵی ١٩٨١ لەڕێی یەکک لە ئەندامەکانی گورگە بەرکانەوە بەناوی "محەمەد عەلی ئاغا".
دواتر ٢٨ی ٧ی ساڵی هەوەی١٩٨٨ تیرەکردنی "تورگەت ئۆزال"یاندا کە

بە دامەزرێنەری تورکیای مۆدێرن دائێنرێ لەگەڵی "کارتال دیمیراغ" ئەندامی گرووپی گورگە بۆرکان بەڵام سەرکەتوو نەبوون، ئەمەش لەبەر دووهۆکار: هۆکاری یەکەم و گرنگ نزیک بوونەوەی تۆرگەت ئۆزال لە کورد و کارکردن بۆ نچارەسەری کێشەکەی کە ئەمەش لای تورکەکان کفرێکە و لەخۆشبوونی نیە، هۆکاری دووەمیش سەردانی کردنی ئۆزال بوو بۆ یۆنان تا گرژییەکانی نێوان تورکیا و یۆنان هەور بکاتەوە پەیوەندییەکان ئاسای بکاتەوە.

ئیتر لە دوای ساڵەکانی ١٩٨٠وە گورگە بۆرکان بوون بە نیشانەی دەسەڵات ، دوای ئەوەی کە بوون بەخاوەنی زیاتر لە ١٠٠ سەربازگەی هاهێنان، زیاتر لە ١٧٠٠ لق، کە زیاتر لە ٢٠٠ هەزار ئەندامیان هەبوو ، ئیتر لەرێ بەدواوە گورگە بۆرکان بوون بە هێزی سەرەکی وڵات و دەسەڵاتدار و بەرپرس و دەستیان کرد بە پشیووی نانەوە تیرۆرکردن و تۆندوتیژی سیاسی لە تورکیا، تیرۆر و کوشتن و تەقەکردن لەسەر شەقامەکان بوو بەکارەکی سانا و ئاسان بێیان.
لە سەرەتای نەوەدەکانا حکومەتی تورکیا دەستپێشخەری کرد و لەبری سزادانی گورگە بۆرکان بانگی کردن و داوای لێکردن کە بێشداربن لە دژایەتی و شەڕکردن لەگەڵ کورد و پارتی کرێکارانی کوردستان "پەکەکە"، ئەو کار و مەبەستەی کە کاری سەرەکی و دەخواز و ئامانجی هەموو تورکێکە بەتایبەتی گورگە بۆرکان، ئیتر لەوەودوا ئەم گروپە بوون بەهاوکاری حکومەتە جیاجیاکانی تورکیا و ئامانیش بە شەڕکردن لەگەڵ کورد بەکاریان ئەهێنن.
وە لە مانگی شەشی ساڵی ٢٠١٦ کاتێ کە پەرلەمانی ئەمانیا ئیبادەکردن و جینۆساید کردنی ئەرمەنەکانی لەسەر دەستی تورکەکان پەسەند کرد، بەشێکی زۆر لەو ئەندام پەرلەمانانەی کە پاپشتی ئەو بڕیارەی پەرلەمانیان کرد بوو بەشیوەی جیاواز هەڕەشەیان لێکرا لایەن تورکە نەتەوەپەرست و ئەردۆگانچیەکانەوە، تا کار گەشتە ئەوەی ١٢ ئەندام پەرلەمان لەژێر چاودێری پۆلیسا بپارێزرێن، ئیتر لەوە کاتەوە ئەندامانی گرووپی گورگە بۆرکان و لایەنگرانی ئەردۆگان پێکەوە ئەژێنە سەر شەقامەکان بە ناڕازایی دژبەین لەهەر شتێک دەخوازی ئەوان نەبێ، وە بەتایبەتی کارتە هەوێی ئینقلاب درا لە ٣١ی ٧ی ساڵی ٢٠١٦ دژی ئەردۆگان هەردوو لایەن پێکەوە ژانە سەرشەقامەکانی ئەمانیا لەشاری کۆڵن لە ڕۆژئاوای ئەو وڵاتە و ئیتر بە ترس و شەرم ئاڵا و شیعارەکانی گورگە بۆرکان بەرزکرانەوە .
لەوەش سەیرتر هەروەک چۆن ئەردۆگان پشتگیری خۆی بە ئەخوانییەکانی میسر دژبەی و چوار پەنجەکەی بەرزکردەوە، هەرواش پشتگیری خۆی بە

گورگ بڕکان دڕبڕی سێ پەنجەکەی ئەوانیشی بڕزکردەوە، ئەوەش ئەو ئاگایانە کە ئەردەگان بە شەرم و بەبڕ چاوی کامڕا و هەموو جیهانەوە ڕەوای ئەیا بەکاری ئەو گروپە تیرڕستیە، فاشیە ناسیۆنالیستە و وەک بەشێک لە سوپاکەی بەکاریان ئەهێنێ و چی بوت پێان جێبەجێ ئەکا.
گرنگ تاکی کورد زڕر وشیاربێت و نەکەوێتە ئەو تەڵەیەی تورکیا و گورگ بڕکان بە داگیرکردنی خاکی کوردان دایان ڕشتوە و خاوەن ماڵ بکەن بەنامە لەسەر خاکی خۆی و هانی هێزە کوردیەکان بێن بە شەڕکردنی یەکتر کە ئەو شەڕە کورد ماڵوێران و تورک سودمەند و ماڵ ئاوەدان ئەکات.

سامانی وەستا بەکر ٢٠٢٠-١١-١١ سوید- ستەکهۆم

کێژاوەی سووتاوی کڕکووک .. سەبریە نووری خەفاف (دایکی سەلاق)

شاری کڕکووکی نازدارم
بووکی ژاکاوی خەمبارم

* * * *

جوانی بەڕەزی شیرینی
خاوەنی تاجی زەرینی

* * * *

دڵ بەخەم و چاو بە گریان
خەڵکانت نیشانە ژیان

* * * *

تۆ یاری دەستی ناحەزی
خەڵاگریت و نابەزی

* * * *

تۆ خاوەنی گەشیت
تۆ سەرچاوەی زەی ڕشیت

* * * *

دوژمـــــــــــــــنان دەورەیـــــــــــــان داوی
بـە دەســـــــــــــــــــــــــــــــــاوی

* * * *

خـــــــاوەنی بـە ســـــــــدان داســـــــــتان
مـەشـخـەڵی هـــــــــیـوای کوردســـــــــتان

* * * *

نـزرگـــــــــەی رەـــــــــــز و دیـــــــــــــندارانلانـــــــــەی کـــــــــــوردانی نـــــــــــاوداران

* * * *

کەرکـــووک ئـەی خـــاوەن بـەهـــــرەمـەنـد
سـەرچـــــاوەی هـــــیـوای، دەوڵـــــەمـەنـد

* * * *

گـــــەلـت هـــــــــەژار و زەر بـرســـــــــیـــیـە
ژیـــــــــانـیـان پـــــــــە لـە مـەتـرســـــــــیـــیـە

* * * *

نـــــــــاوت ئـەبـــــــــیـن بـە تـرســـــــــــوە
کـەســـــــــــت نـایـــــــــــە بـە پـرســـــــــــوە

* * * *

تـاجـــــــــی زیـــــــــــەت لـە ســـــــــەر دایـــــــــە
کـــوا ـ کـــەی ـ چـــــی بـە تـــــــــە رەوایـــــــــە؟!

* * * *

ژیـــــــنـی گـــــــەلـت مـەمـــــــرە و مـــــــــەژی
قـــەاچـــــــــــــیـە و کـــــــــــەمـــەکـــــــــــوژی

* * * *

ئـەی پـایـتـەخـــــــتـەکـەی کوردســـــــــــتـان
ئـەخـــــوازیـن بـــــەت ژیـــــــن و ژیـــــــــان

* * * *

هـەمـیـشـــــــە پـەســـــــــت و خـامـــــــــۆشـی
راهـــــــــــاتـووی ســـــــــــزا بـنـــــــــــۆشـی

٨/ مـــــای/٢٠٠٦

پیرەزترین پیشە پەروەردەی منداڵان.. ڕەزا شوان

(جەن دەوی) دەڵێت:"منداڵ ئەو خەڕە گەشەیە، کە هەموو دەزگا پەروەردەییەکان بە دەوریدا دەسووڕێنەوە"
(ڕووبارد کلینک) دەڵێت:"جوانترین دیمەن لەژێر ئاسماندا، دیمەنی منداڵەکە کە پێدەکەنێ"
(تەستەی) دەڵێت:"منداڵ لە هەموو سەردەمێکدا، هەمای بەتاوانی و پاکی و خێر و راستی و جوانییە"
(هەمیرەس) یش دەڵێت:"تاوەرکان جوانی شارکانن.. کۆشتییکان جوانی دەریاکانن.. منداڵانیش جوانی ماڵەکانن"

منداڵ بەردی بناغە و یەکەمین خشتە، لە بنیادنانی هەر کۆمەڵگایەک کە داهاتوویەکی گەشی هەبێت. منداڵ تۆوەکە، گەر بە شێوەیەکی دروست بەخێوکرێ و تەکانێکی بە جوانی خەزمەتی بکات و بیپارێزێت. دەبێت بە دارێکی گەورە و بەڕی باش دەگرێت.
دەشێ ئامانجەکانی دایکان و باوکان لە پێگەیاندنی منداڵەکانیان جیاوازبن. ڕەنگە هەر دایک و باوکێک شێواز و ڕێبازی خۆیان لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیان هەبێ، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی، هەموو دایک و باوکێک حەزدەکەن، کە منداڵەکانیان زیرەکبن و لە چالاکییە جیاوازەکانی قوتابخانەکەیان بەشداری بکەن. گەورەبن و ببن بە کەسایەتی ڕەزلەگیراوی ناو کۆمەڵ و زۆر بە دڵسۆزییەوە خزمەتی گەل و نیشتمانەکەیان بکەن.
(ئەرستێ) دەڵێت:" ڕەگی پەروەردە تاڵە.. بەڵام بەرەکەی شیرینە"
(ئەفلاتوون) یش دەڵێت:" هونەرێکی تر بوونی نییە، کە لە پەروەردە پیرەزتر بێ"
(دانتەن) دەڵێت:" لە دوای پاروویی ژیان.. یەکەمین پێویستی گەلان پەروەردەیە"
کوردیش دەڵێت" منداڵ شیرینە.. بەڵام پەروەردە شیرینترە"
پەروەردەکردنی منداڵان بە پوختی و دروستی، قورسترین ئەرک و کارە لە هەموو جیهاندا، لە هەمان کاتیشدا پیرەزترین ئەرک و کار و خزمەتە. بە ڕادەی گرنگیدان بە پەروەردەی منداڵان، دەتوانین پێشبینی چارنووس و داهاتووی هەر گەل و وڵاتێک بکەین.

واتە ئەمە و داهاتووی هەر گەلێک بە چۆنیەتی پەروەردەی منداڵەکانیانەوە بەستراوە. ئەمەش راستیەکە و بووە بە پاساو بۆ گەلانی پێشکەوتوو و دواکەوتوو.
کورد وتەنیش:" چی بچنین.. ئەوە دروێنە دەکەین".
پەروەردەکردنی منداڵان هونەر و زانستێکە، پێویستی بە زانیاری و هۆشیاری و بە لێهاتوویی هەیە. پێویستە پەروەردەکاران، دایکان و باوکان و مامۆستاکان یا هەر پەروەردەکارێکی تر، شارەزایی لە قۆناغەکانی منداڵی و هەراشبوون و گۆشەکردنی جەستەیی و دەروونی و ژیری و جیاوازیەکانی نێوان منداڵان بن. پەروەردەی منداڵان پێویستی بە ئارامی و هەمنی و خۆڕاگری و پشوودرێژی و دەمارخاوی و سنگ فراوانی هەیە. چونکە پەروەردەی منداڵان، کار و پڕۆژەی چەند ڕۆژ و مانگ و ساڵێک نیە، بگرە لەدایکبوونەوە دەستپێدەکات تا پێگەیشتن درێژەی هەیە. بەڵام لەگەڵ ئەوشدا پەروەردەی منداڵان کارێکی ئاستەم نیە. گەر بتوانن کەدی بنەما سەرەکیەکان و پرەنسیپەکان و ڕەهەندەکانی سەرکەوتن و شارەزایی پەروەردەی منداڵان بدەستبهێنن.

بەڵام بە داخەوە، کە تا ئەمڕۆش بەشێکی زۆر لە دایکان و باوکانی ئەمڕۆمان، بەپێی میزاجی خۆیان لەگەڵ منداڵەکانیاندا ڕەفتار و هەڵسوکەوت دەکەن. هەروەکو چۆن پەنجا ساڵ بەر لە ئەمڕۆ دایکان و باوکانیان ڕەفتاریان لەگەڵدا کردوون. ئەوە نازانن کە نە منداڵانی ئەمڕۆ و نە پەروەردەی نوێ، وەکو منداڵان و پەروەردەی سەدەی ڕابردوو نین. زیرەکی و ئاست و خواست و ئارەزووەکانیشیان هەمان زیرەکی و ئاست و خواست و ئارەزوو نین. منداڵانی ئەمڕۆ زیرەکتر و هۆشیارتر و زۆرزانترن لە منداڵانی نەوەی پێشوویان. لە ئەمڕۆدا دایکان و باوکان پانتاییەکی زۆریان، لە توێژینەوە و لەکۆڵینەوە و لە زانیاریی کەمڵایەتییەکاندا گرتووەتەوە. چونکە بە پلەی یەکەم گۆشکردن و پەروەردەکردنی منداڵان لە ئەستۆی دایکان و باوکان دایە.
(سیمۆنز) دەڵێت:"پەروەردەی منداڵ، بیست ساڵ بەر لەدایکبوونی دەست پێدەکات.. ئەویش بە پەروەردەکردنی دایک و باوک "مەبەستی سیمۆنز، پەروەردەکردن و شارەزاییە لە پەروەردەکردنی منداڵ، بەر لەوەی کە هاوسەرگیری بکەن و ببن بە دایک و باوک. پێویستە دایکان و باوکان بە منداڵی بە دروستی پەروەردە کرابن.. تا بەدبەن و بزانن کە چۆن بە دروستی منداڵەکانیان پەروەردە و ئاراستە دەکەن.
ئامانجی خوارەوە، هەندە لە بنەما سەرەکیەکانی پەروەردەی دروست

و ئاراستەکردنی راستی منداڵان، کە دایکان و باوکان و مامۆستاکان دەتوانن سوودیان لێوەربگرن:
١ـ پێویستە دایکان و باوکان و مامۆستاکان، ببن بە پشتگ و نموونە و سەرمەشق:
چونکە منداڵان چاولەکەر و لاسایکەرەوەن. چاو لە ڕەفتار و لە خووی ئەوان دەکەن.
(وین دایەر) دەڵێت:" منداڵەکانت دەوانێ ئەو کارانەی لە ژیانتدا دەیانکەیت.. نەک ئەو قسانەی کە دەیانکەیت"
(یوسف جەبەرت) دەڵێت:"منداڵان زۆر پێویستییان بە چاولەکردنی کەسانی نموونەیی هەیە.. نەک بە ڕەخنەگرتن"
کوردیش دەڵێت:" گەورە ئاو دەژێ و.. بچووک پێی تێدەخاتە واتە پێویستە، گەورەکان بە تایبەتیش دایک و باوک، ببن بە پشتگ و سەرمەشق بە منداڵەکانیان.
بە نموونە ئەم خەسڵەتە جوانانەتان پێشان بدەن، تا منداڵەکانتان لێتانەوە فێرببن و چاوتان لێبکەن، وەکو: خۆشەویستی، کوردستان پەروەری، ڕێزگرتن، تەبایی، دڵسۆزی، سەزداری، نەرم و نیانی، لێبووردەیی، ڕاستگۆیی، هاوکاری، چاکەخوازی، سنگفراوانی، خوێندنەوە و پەرتووکدۆستی، پیاوەتی، ژینگەپارێزی،...هتد.
٢ـ زیادەڕەیی لە خۆشەویستی و نازپێدان منداڵان لە ڕێ دەردەکەن و دەبن بە نەرگزی:
سەز و خۆشەویستی و نازپێدان، زۆر پێویستن بە منداڵان. بەڵام گەر خۆشەویستی و نازپێدان لە ڕادەبەدەربن. زیان بە منداڵەکانتان دەگەیەنن، کە لای ئەوە نەبە، لای کەسانی تر، هەست بەو ڕادە سەز و خۆشەویستی و نازە ناکەن. بەرگەی ڕەخنە ناگرن. لەوانەشە کە ببن بە کەسایەتی نەرگزی. کەواتە مامناوەندبن لەم ڕووەوە.
٣ـ ڕیز لە منداڵەکانتان بگرن و بە هەندیان بزانن: منداڵان هەست بە گۆشکردنی خەیان دەکەن. لە دیدی ئەوەی دایک و باوکدا، شکە و کەسایەتی خەیان بەدی دەکەن.
لە شەوازی دەنگ و لە ڕوانین و لە زمانی جەستە و لە هەموو دەربڕینکی ئەوەی دایک و باوک تێدەگەن. گەر ئەرنێبن کاریان تێدەکەن و پێزانینیان بۆتان دەبێت.
٤ـ ستایش و هەڵسنان و هاندان و پاداشتکردنی منداڵەکانتان: لە ئەنجامی هەر کارێکی ئەرێنیدا کە دەیکەن گەر کارێکی ساکار و بچووکیش بێت، لای ئەوان کارێکی گەورەیە.
ئافەرین و دەستخۆشیان لێبکەن، جاروبار بە دیاریێک پاداشتیان

بکەن. یا بۆ وشە و رستەی هاندەری وەکو: باشە، زۆر باشە، نایابە، جوانە، زۆر جوانە. هەر بژین، هیوادارم کە داهاتوویەکی گەش و باشاتان ببێت. ببن بە زانای گەورەی گەلەکەمان. یا بە زۆردەخەنیەکی ناسک، یا بە چەپڵەدانێک، یا باوەش لەدانێك، ...هتد.
منداڵەکانتان هەستی شانازی و ڕێز و پێزانینی کارەکانیان لایان دروست دەبن. دەبنە هاندان بۆ گەشەکردن و داهێنان و درێژدان، بۆ هەرە و بۆ توانا و ئارەزووەکانیان.
پێوەندی و خۆشەویسی و ڕێزیش لە نێوان ئێوە منداڵەکانتان شیرینتر و بەهێزتر دەبن.
بۆ پێچەوانەش گەر پێزانیتان بۆ کارەکانیان نەبێ و بۆ هەند وەریان نەگرن. منداڵەکانتان ئێو هەستە لایان دروست دەبێت، کە پێگە و سەنگ و و ڕێزیان لاتان نییە.
٥ـ هەرگیز منداڵەکانتان لەگەڵ منداڵەکی لە خۆی زیرەکتر و باشاتر بەراورد مەکەن. ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە، ئیرەیی و ڕق لێبوونەوە و ناحەزی لەدەکەوێتەوە.
٦ـ بۆ قسەی سووک و ناشیرین و نەشیاو و توانج هەستی منداڵەکانتان بریندار مەکەن:
دەڵێن:"زامی خەنجەر ساڕێژ دەبێت. بەڵام زامی قسەی ناخۆش هەرگیز ساڕێژ نابێت" قسەی ناخۆش، ئازار بۆ هەست و دەروونی منداڵەکانتان دەگەیەنێت، زیاتر لە ئازاری جەستەیی. هەرگیزیش ناو و ناتەرەی ناشیرین لێیان مەنێن. گەر هەڵەیەکیشیان کرد، کە بۆ ئەنقەست نەبوو، لێیان تووڕە مەبن. تا وا هەست بکەن هەر خۆشیان دەوێن.
٧ـ لەدان و هەڵەشە و دەڵەقی و تووڕەیی و توندوتیژی و مەڵەکردن و سەرکوتکردن و دەمکوتکردن و چاو زەقکردنەوە و قژ و گۆاکێشان و تفڵەکرن و چەمەڵەنان، هەموو ئەمانە دەچنە بواری توندوتیژییەوە. کە پەروەردەی نوێ ڕەتیان دەکاتەوە. هەموو ئێو کارە نەرێنییانە، زیانی جەستەیی و دەروونی بە منداڵەکانتان دەگەیەنن، لە ماڵدابن یا لە قوتابخانەدابن. بۆیە پێویستە منداڵەکانتان سەرکۆنەر نەکەن. لە هەموو هەڵەیەکیشدا، سەرزەنشت و لەمیان مەکەن و تەریقیان مەکەنەوە و ڕەخنەیان لە مەگرن و سزایان مەدەن و قسەی ناشیرینیان پێ مەڵێن و مەیان شکێننەوە، بە تایبەتیش لە بەردەم هاوڕێکانیان دا.
ئێو منداڵانەی کە ڕووبەڕووی لەدان و توندوتیژی و کەم سەزی نا خۆشەویستی و دەڵەقی بوونەتەوە، باجی ئەم پەروەردە سەقەتە

دەدەنەوە.. کارتێکردێکی خراپیان تێکردووون، بوونەتە شێوانگەز و مووبەکار و کێوگا و چەقاوسوو و لێیدەچوو. گەر دەتانەوێ منداڵەکانتان تووشی ئەم بەدڵ ڕەفتارییانە نەبن. لیان مەدەن. دەتوانن ئێستەرناتیڤێکی ئارەزنی بە سزادان و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانیان بدەزنەوە.

٨ـ یاسا و سنووردان و کۆنترۆڵکردنی منداڵەکانتان پێویستن. چونکە بەسەر و بڕیی زیان بەسەرجەم ئەندامانی خێزان دەگەیەنێت. شیرازەی خێزانی تێکدەچێت. لە هەر ماڵێکدا یاسا و ڕێسا و ڕێز و خۆشەویستیی دووڵایی و تەبایی هەبن. شادی و کامەرانی و بەختەوەری لەو ماڵە دایە. مەبەستیش لە کۆنترۆڵکردن و سنوور دانان، سڕکوتکردنی ئازادی نییە، مەبەست ئەوەیە کە منداڵان ڕەفتار و ڕەوشتی ئارەزنی و گونجاو و دروست هەڵبژێرن و فێری ڕێزگرتن لە یاسا و بڕیاکان ببن. تا کە گەورەش بوون ڕێز لە دەستوور و یاسا بگرن و بەرپرسیارێتی هەبگرن. پێویستە دایک و باوک هاوڕا و هاوهەڵوێست و هاوشێوازبن لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیان. چونکە دوو شێوازی جیاوازی پەروەردەی منداڵ زیانی هەیە، بە نموونە: یەکێکیان نەرمەڵو و ئاوی تریان تونڕەو، پەروەردەیەکی سەقەتیان لێدەتە ئاراوە.

٩ـ کاتێک بە بەسەربردن لەگەڵ منداڵەکانتاندا دیاری بکەن: ڕاستە بەشێکی زەر لە ئاوی باوکان و دایکان سەرقاڵی کارکردنن. بەڵام نابێت ئەمە بکەن بە بیانوو و بە پاساو بە فەرامۆشکردنی منداڵەکانتان. هەر ئاوە پێویست و بەس نییە کە تەنیا بە سەزداری لەگەڵ منداڵەکانتان دابن، بەڵکو بە جەستەییش لەگەڵیاندابن. پێویستە لایەنی کەمەوە هەفتەی ڕۆژێک یا ئێوارەیەک، بە گردی لە شوێنکدا پێکەوە نان بخەن، یا پێکەوە بە پیاسەکردنێک، بە سەردانێک، بە پشانگایەک، بە بینینی فیلمێک، بە سەیرکردنی شانۆیەک، بە سەیرانێک،...هتد. پێویستە لەم بارەیەوە منداڵەکانیشتان بشکێبن لە هەڵبژاردن و بڕیاردان و لە پلاندان و بەرنامەدانان.

(جاکسۆن براون) دەڵێت:" کاتی گۆران و یاری لەگەڵ منداڵەکانتدا دوامەخە.. ئەو کاتانە چۆن بە تە گرنگن، ئەوهاش بە ئەوانیش گرنگن"

١٠ـ زەر دایکان و باوکان ئەرکێکانی ماڵەوە، خۆیان بە منداڵەکانیان جێبەجێیان دەکەن.

ئەمە هەڵەیە. مەبەستی مامۆستاکان لەم ئەرکانەدا، ئەوەیە تا بزانن

قوتابییەکانیان فێری بابەتەکان بوونە یا نا. لێیان تێبگەن و یارمەتیان بدەن. خاڵی ئێرەنی و نێرەنیان بزانن.
١١ـ جێختکردن لەسەر ئەوەی کە منداڵەکانتان بە باشی لە قوتابخانەدا فێردەبن: فێربوون بەشکی گرنگە لە پەروەردەی منداڵان، بەڵکو پەروەردە و فێرکردن دوانەن و تەواکەری یەکترین. تەنانەت وەزارەتی فێرکردن ناوەکەشیان گۆڕیوە بۆ وەزارەتی پەروەردە. فێربوونەکی باش نەک تەنیا لە پەناوی فێربوونەکی ئاکادیمی، بەڵکو فێربوونیش لە چێنییەتی رەفاترکردنیان لەگەڵ کەسوکار و کەسانی تر و ژینگەی دەور و بەریاندا. پەروەردەی باش ئەو دەردەخات کە چۆن منداڵان بە شێوەیەکی دروست رەفتار لەگەڵ مامۆستاکانیاندا دەکەن و ڕێزیان لێدەگرن. بە دڵنیایی و پارێشیشەوە دەچن بە قوتابخانە و بە باشیش ئەرکەکانیان جێبەجێ دەکەن.
١٢ـ ئازادی بە منداڵان و گەورەکان پێویستە و هیچ جۆگرەوەیەکی تری نییە: ئازادی بە رادەی ئاو و نان و ژیان پێویستە. مرۆڤ بەبێ ئازادی ژیانی ناتەواوە. پێویستە هەر لە منداڵییەوە، منداڵان ئازادبن لە گوزارشتکردن لە ڕاو و هەزر و لە ناخی دەروونیان. ئەگەرچی لە هیچ شوێنەکی جیهاندا ئازادییەکی ڕەها نییە و سنووردارە. مرۆڤ تا ئەو سنوورە ئازادە، کە سنووری ئازادی کەسانی تر نەبەزێنێت. ئازادی بەوا و متمانە بەخەبوون بە منداڵان دەبەخشێت. هەکارەکی سەرەکی داهێنان و پێشکەوتنە.
١٣ـ پەروەردەیەکی باشی منداڵان، لە زەرشت دەیانپارێزێت:(ستاینبێرگ) مامۆستای دەروونناسی جیاواز لە زانکۆی (تمبل) لە ڤیلادلفیا لە ئەمریکا، دەڵێت:"پەروەردەی باش، منداڵان لە تووشبوون بە دەڵەاوکێ و خەمۆکی و ئارەزوونەبوونی خواردن و دژە ڕەفتار بە کۆمەڵ و ئاڕاوودەبوون بە مەی و بە مادەی سڕکەرەکان دەپارێزێ"
١٤ـ بە داخەوە تا ئەمڕۆش کەمێک لە دایکان و باوکانی کۆنەپەرست و پیاوسالاری و عەشایری بە ئەقڵێتکی کلاسیکی دواکەوتووەوە.. جیاوازی دەکەن و وەکو یەک لە کچ و کوڕ ناڕوانن. کوڕانیان لا لەپێشترە لە کچان. پاوانی ئازادی کچەکانیان کردوون.
١٥ـ بە جوانی گوێ لە ڕاز و نیازی منداڵەکانتان بگرن و قسەیان پێ مەبڕن. با بە ئۆپەڕەی ئازادی و بەبێ ترس ئەوەی دیانەوێت دەری ببڕن و گوزارشتی لێبکەن.
دایکان و باوکان و مامۆستا دەستەزێکان. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پانزە خاڵەی سەرەوە و چەندین خاڵی تریش، ئەوە دەزانن، کە چ ئەرکێکی پیرۆز و هەستیار و چارەنووسساز و داهاتوویەکی گەشتر لە

ئەستێی ئەوە دایە، لە سایە و میانەی پەروەردەیەکی دروست و ئاراستەکردنەکی راستی جگەرگۆشەکانتان، کە هیوای داهاتووی کورد و کوردستانن.
(هەنری وارد بیتشەر) دەڵێت:" ئەمە هەرگیز لە واتای خۆویسی دایکان و باوکان بۆ منداڵەکانیان نازانین.. تا نەبین بە دایک و باوک".

رەزا شوان
نەرویج:١١/ نۆڤەمبەر/٢٠٢٠

پێنج کۆرتە شیعری ستیڤان شەمزینی

1
توانەوە
ئەوارەیەک مەستی عەشق ئەبم
دڵبەرەکەم ئەگرمە ئامێز و
بە ناخی ماچی لێوەکانیدا رە ئەچم
بەیانییەک تەر عەشق ئەبم
دڵبەرەکەم ئەگرمە باوەش و
جەستە سپییەکەی هەڵدەکرێژم
نیوەڕۆیەک شەڵاڵی عەشق ئەبم و
ئاوێتەی دڵبەرەکەم ئەبم
تەر رایدەموسێنم بەجەستەی سەموە
رێژەک پێ دەبم لە عەشق و
وەک گەڵای رووت لەگەڵ دڵبەرەکەمدا
یەکتر ئەگرینە باوەش

2
ئەموە
ئەموە دەڵێکانی بارانت یەک یەک بە تەفسیر بکەم
بە مەرگی ناوادەی گەڵاکانی پایز ئاشنات بکەم

هاوار و ناڵەناڵی ڕەشەباکانت بە شی بکەمەوە
بە ئەقڕەیی و سەرشێتی دەریاکانت بە حنجە بکەم
هەر دڵۆپە بارانێک قەترەیەک ئێشکی منە
لە چاوەوانی گەڕانەوەتا دادەبارێ
خەزانی هەر گەڵایەکی ڕەنگ زەردهەڵگەڕاو
بزەیەکی منە لە تاسەی بە تەپیدا دەڕۆ
لەرینەوەی ژێی تووڕەی هەر ڕەشەبایەک
نرکە نرکی دەمە شینی دووریت ئاگڕێ
شەپۆلی یاخی هەر دەریایەک
هەڵچوونی ڕەحمە بە نیگایەکت شاو دەهێنێ

3

بەختگرەوە
هەر ئەو ساتەی بەختگرەوەکە
دڵی بلووری منی لە مرواری ڕەحتا بەدی کرد
لە تاوەڵی منا ڕەنگی فریشتەیی تەی دەزیەوە
تەبەسمی خەونەکانمی ورد ورد شی کردەوە
مزگێنی هەڵاتنی خەری لەنەو شەوەزەنگی دەما پەدام
لە نیشتنەوەی کۆترە سرکەکە لە سەرشانم بەداری کردمەوە
هەر ئەو ساتەی بەختگرەوەکە
ڕاماڵینی منی وەک بەردەکی کەنار ڕووبار لەکدایەوە
هەرگلیفیای ئاورنگی سەر پەلکە گیای بە خوێندمەوە
گزنک و کازیوەی هەموو ڕۆژەکانمی تەفسیر کرد
لەو ساتەوە بە پشوودان لە سەفەردام و
بەوەم بەرەو دوورگەی ئەوینی تە

4

ئەموە لەگەڵ تە بم
لەگەڵ تە
شار بە موزیکی ئەوین خەبەر بکەینەوە
ئاسمان بە پەلکەزێڕینەی ئێشق ڕەنگ بکەین
شەوکان بسپەرین بە تریفەی مانگ و
ڕۆژکانیش بە ئەمانەت بدەینە دەست ئەستێرەناسەک
باخچەکان تۆژی بکەین لە لاولاوی باڵامان
ئەستێرەکان بکەین بە شایەت بەسەر یەکەوە
دەریاکان بە سەوڵی خێشویستی ببەین و
لە ئامێزی یەکتردا تەرمی خەمان بنێژین

دەستگرتن
دەستم بگرێ بەرەو مەملەکەتی جەستەت
دەستم بگرێ بۆ سەرچاوەکانی چێژ
دەستم بگرێ بەرەو کانگای ماچ
دەستم بگرێ بۆ دنیای راموسان
دەستم بگرێ بەرەو چرکەکانی ئاوێتەبوون
دەستم بگرێ بۆ قووڵاییەکانی دەت
دەستم بگرێ بەرەو مەرگی پێکەوەیی
دەستم بگرێ توند توند دەستم بگرێ
تەنها بۆ دابڕان دەستم مەگرێ

هێزی دەربڕین لە جەنگی ئازادیدا … جەمال کەشش

بەبێ ئازادی، هەموو شتێکی تر هیچ نییە – ماریو فیرگاس لوسیا

چاوەک لە دەوروبەرکەن، کەماری ئیسلامی ئێران لەریزبەندی ١٧٣ یەمین دایە، بەیەکێک لە سەرکوتکەرترینی" ئازادی دەربرین" لە جیهان دادنرێت. سەدان هەسوەاوی میدیایی سەر پێنراو ئیعدامکراون، زیندانی و ئێشکەنجەدراون وەاونراون. تورکیا لە ١٥٧" دایە، ٩٤٪ میدیاکان لە ژێر کەنترالی ئێردگاندایە. عێراق" بە حکومەتی هەرێمیشەوە" بەپلەی ١٦٢ یەمین دێت. لە ریزی خراپترین ئەو دەوڵەتانەن کە ئازادی ڕۆژنامەگەری لەلایەن ڕەکخراوەی نەونەتەوەیی پەیامنەرانی بەسنوور، لە نێو ١٨٠ دەوڵەتدا لە ساڵی ٢٠١٩ بەاویانکردەتەوە.
ئازادی ڕۆژنامەگەری فاشسترین ڕژێمی دونیا ناتوانێت کەنترۆڵی بکات. بەدواداچوونە ڕۆژنامەوانیەکان لەسەر گەندەڵی وقەرخکردنی کەمپانیاکان وقاچاخبردنی بارزگانی مافیایانەی نەوت، لەسەر پەیوەندی داعش وبە حزبەکانی نێو دەسەات و بازرگانیکردنیان لەگەڵ بەرپرسان، لەسەر لەشفرۆشی، هەژاری و بێکاری، بندیوارو موچەی خانەنشینی و چەند موچەیی، تووڕەیی وهەستانی جەماوەروسوتاندنی

بارگاکان ، بەاوکردنەوەیان لە دەزگاکان و تەنە کۆمەڵایەتیەکاندا دەیانیان لەسەری کوژران، سەدان لە زیندانەکانن. ئازادی ڕۆژنامەگەری، دایکی هەموو ئازادییەکانەو یەکێک لەهەرە گرنگترین مافەکانی مرۆڤ، جەوهەری وبنچینەیی یە بە ئەوەی کۆمەڵگا لە دەوڵەتی دیکتاتەری بپارێزێت. ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی دەربڕین ناتوانن لەکیانبکەینەوە. هیچ ئازادییەک نیە ، کە ئازادی دەربڕین نەبوو.

سەردەمی دەرنەبڕین

ڕەبوار کەریم وەلی، ئیکس وتارنوسی سیاسی دەزگای ڕاگەیاندنی ڕووداو، وتارێکی بەناوی(ئازادی لەسەردەمی دەرنەبڕین دا) بەاوکردەوە، دوا دەر دەنوسێت: (ئازادی لە سەردەمی دەرنەبڕین دا دڕیەکی شاخدارە/پریس میدیا).

نزیکەی ٥٠٠٠ هەزار کەس لە ٨٥٠ دەزگای ڕاگەیاندندا لە کوردستاندا کاردەکەن هەن، وەک لە ڕاپۆرتی نیشتمانیانەی ڕەکخراوی پەیامنەرانی بەسنوریشدا هاتووە " زۆرە بەڵام زۆر بەکەمی بواری میدیای ئازاد هەیە". ئەم ژمارەیە هەمە ڕەنگ ودەنگی میدیایی نین. ترسی دەسەڵات وکەنەپەرستانە لە میدیای جددی و بە شاردنەوەی خودی ئەو ترسە یە وکەنترەکردنی دەربڕینە. نابودکردنی دەربڕینە بەناوی دەربڕینەوە.

مەترسیدارتر لە گەندەڵی

پێش دەرچوونی هەر یاسایەک بە چاپەمەنی و ڕۆژنامەگەری، هاوشانی دەرچوونی یاساکانیش (١٩٩٣، ٢٠٠١، ٢٠٠٤، ٢٠٠٧، ٢٠١٣ ..) تیرۆر وکوشتن و ڕاودونان وشوێنبزرکردن و فەلاقەو دارکاری هەرهەبووە. کە فەرهاد فەرەج، سەرانی مامە حەمە، سەردەشت عوسمان، کاوە گەرمیانی، ویداد حسێن و ...تیرۆر کرد، کە هەوڵی لەناوبردنی هاوڕێین ئەمین و سەروەر پێنجوینی و مەریوان هەلبجەیی و دەیانی تر یدا، نامەی هەڕەشە بە چەند ڕۆژنامەنوسی ئازاد " بەشدار عوسمان وفەرمان خەلانی و نیاز عەبدوڵاو کەمال چەمانی ..." نانارد، کام ڕۆژنامەنوسی ئازادیخواز ماوە پە شۆق وتیهەڕدانتان نەکردبێت وڵەسەر کەمینتێک "دڵشاد هیمو وهەرەم جاف وزریان محەمەد وئاودەر عومەروهیمن مامەندو شیروان شەروانی و ئەحمەد زاخەیی گەهدار بەروشکی. لە زیندانداا توندتان نەکردبێت...دەیانتان ڕاکێشاوەتە بەردەم دادگا بەبیانووی " زڵاندنی نەو بانگی سەرۆک- بەهرەز جەفەر..".

هەرگیزدەسەڵاتداران وبکوژانی ڕۆژنامەنوسان لە لەپێچینەوەیی دادگایی و سزادانیان لەبەرامبەر ئەو هەموو تاوانە" لەتیرۆر، ڕفاندن و زیندانی وتەهەدان .." نەترساون. بەدرێژایی ٣٠ ساڵی حوکمڕانیان یەک کەس لە تاوانبارانی پلە یەک، لەگەوە کاتریان پێنەوتراوە. بەڵام هەر شکایەتکی دەسەڵاتداران لە ڕۆژنامەنوسان

یەکسەر بە زیندانی وغرامەی گەورەو داخستنی دەزگاکە کۆتایپان دەهات.
چاوەیکردنی مەدیلی تورکی لە یاساکانی رۆژنامەگەریدا، پەیوەکردنی هەر خراپترینکان .(یاساکانی خراپ بکارهێنانی میدیا ئەلکترۆنیەکان، یاسای پارێزگاری لە پیرۆزیەکانی ئاماو سمبولە نەتەوەییەکان، ئاسایشی نەتەوەیی). لەتەواوی دونیادا هەندەی تورکیا رۆژنامەنوسی زیندانیکراوی نیە(لانی کەم ١١٤)، شکات لەکراوی نیە(١٥٠٠)، بکارکراوی نیە(١١ هەزار). تەوەرەکانی" کورد،ئیمان، کەمینیزم ، کەقید، نهێنی ئابوری " وەک پشتیوانی لە تیرۆر بهانیان بە داتاشیون ولەیاسادا جێگیر کراون. پارتی بە خرایی بەم ئاراستەیدا ملدەنێت. کاوە محمەد لەم کابوسە ئاگادارماندەکاتەوە(ئەو هەشبگیریەی ئیستا زۆر لە گەندەڵی مەترسیدار ترە -سایتی شار پریس) .
تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و ئازادی دەربڕین
بەخاترجەمیەوە، تۆڕی ویکیلیکس" جولیان ئەسانج وهاوەکانی" ، بەئاشکراکردنی تاوانە جەنگیەکانی ئەمریکا لە عێراق و ئەفغانستان، گەورەترین ئاوگۆڕی مێژوویپان لە دەربڕین دا خوڵقاند. ئەوان بە گەیاندنی زانیاریە گرنگەکان بە ئاگایی گشتی" هەحی کاری میدیا" یی، ژیانی خەیان خستە بەردەم جەبەرووتی گەورەترین هێز، دەربەدەر بوون، بەخانە ولانەبوون وبەمانگ و ساڵ لە ترانزیت و قونسلیەکان گیریان خوارد، تا حوکمی ١٥٧ ساڵیان بە غیابی بە دەرچوو. لەبەرامبەردا تاوانکانی ئەمریکا لە ئاستیکی گەورەی نەو نەتەوەیدا ێسواکرا، ئەفسەرە جەللادەکان دادگایی کران، بوون بەسەرچاوە بە ملیۆنان کتێب ولەکێنەوەو دەرگای بەووی هەموو هەژنامە جیهانیە گرنگەکان کردەوە." گاردیان، واسنتون پست، لئبس، لەمەند.."
سەدا ٧٠ تا ٨٠ ی بینەران وبیسەرانی زەربەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، لەدەگای دیجیتالیەوەیە. گروپە نازیەکان " بەتایبەت لاوان" بەهەی هەرزانی و خرایی میدیای ئەلکترۆنی ونەناسینی کەسایەتیانەوە ، ئەم کاناڵانە بەتایبەت فەیس بوک بکاردەهێنن. لەم ماوانەدا سەران و کاریزما وپشتواکانی شەشی کورد، لە میدیای دجیتالی و بەتایبەت فەیس بووک، حەشریان پەدەکرێت. چەندین پشمەرگەی دەرین، مێژوی خەیان بەرابەرکانیان شەرمەزار کرد، نەبەردانە داوای لەبوردنیان لە خەڵک کرد. کەکەڵەی ئەم پەژە یاسایەی فراکسیونی پارتی " پاراستنی ئاماو ڕابەرکان وپشمەرگە" دەمکوتکردنی ئازادی دەربڕین وهەمان سیناریەی تورکیایە لە کوردستان بناوی " بەڵەزی بە سمبولەکان..".

چۆن ئازادیيەکان بە گشتی و دەربرین بەتایبەت بپارێزین؟
ئۆپۆزسیۆنی فەرمی ئیسلامی کە خیانیش قوربانی ملهوڕی دەسەڵاتن و لایەن تیرۆرکراوە ، ئێستاش هەندێکیان لە زیندانداون، خێزان هاوبەش وخوێنەرێکی هەمان سیستەمی پڕڕزیمکانن.(لە تیرۆری عەبدولخالق مەعروف وسڵاح هەوارمی وفەرهاد فەرەج وشاپوور قابیل ..وسوتاندنی کتێبخانەکان و و بە قەدەخەکردنی شانۆ ئاوەدونانی نوسەران وفەتوا لەدژی سەرجەم ئازادیيە سەرتاپيەکانی ئینسان…) تا دێگات چوونە پشت ئێردۆگانی فاشیست لە کۆشکی ئەم دواییەی تورکیا/فەرەنسادا.
هەروەها بەشێک لە توێژی ڕۆشنبیران ورۆژنامەنوسان وهەندێک توێژی چەوساوەکان پێیانوایە بە کاری پەرلەمانی دەتوانن ڕێگری لە تێنپەڕاندنی یاسا کۆنەپەرستەکان بگرن، بزوتنەوەی گەنج و نوێی نوێ یش ئەم کۆرە ڕەیە دەکەنە دەستکەوتی ئێتبان و بە میدیا زبەڵاحەکانیان بیروڕای گشتی دەشوێنن.
" نەخشێکی زگماکی چەپی دابۆاو لە کۆشە چینایەتیەکانی کەمەڵگای کوردستان. تەواوی هێسوانی کەمپینی وهستریکی وخێنوندانێکی بە بەرنامەو بەستراتیژ، لە ئاستیدا پەلەقاژێیە بە دەنگدانەوەی " هێشتا نەمردوم". فەتوای داعشیانەی مەلایەک، کەمپینی ئازادکرنی ڕۆژنامەنوسەک، گۆرانیبێژەک، دەیانبات پەڕی ئاسمان .ئەم ڕەوانە لە پراتیک و ئەم شەوازە بە خەباتی ئاوگەڕی واقعی لەژیان، بەئازادیيەکان، بەمافەکان بەمتمانیيەکی هەتاهەتایی بە چەپ لە نیو جەماوەردا جێگیرکردووە.
بە ئاوەی دەربڕین ببڕتە هەز، پێویستە لە ڕێگەی دەربڕین دا هیزەبات، وەک چۆن مارکس بڕتیردەوانت، دەربڕین دەبات ئەم توانایيە پراتیکیەی هەبات و ئاویش لەناو دڵی دەربڕیندایە. سەردەشت عوسمان ، "ووتەنی هەمیشە شتەکت بە ووتن هەبات کە ئاوانی دی/ دەسەڵاتداران" نایانوێت ببیستن. بوونی ڕێکخراوەی سیاسی کەمەنستی کە ئامانجی دابینکردنی ئۆپۆڵی ئازادی سیاسیەو سەنگەر بە سەنگەر دەستپەشکەریی بە و هێزی دەربڕین بەبەردەوامی هەمەڕەنگ وفراوانتر بکات ونەداران بە ماف وئازادیيەکانیان مەبیلەز بکات.

جەمال کەشش
٢٦.١٠.٢٠٢٠

هاپرینی ئوکتوبەر، "پێی سپی" و نیولیبرالیزم لەعیراقدا
گفتوگۆ ی رۆژنامەی "ڕووت" لەگەڵ موئەیەد ئەحمەد

ڕۆژنامەی ڕووت: سوپاس هاوڕێی موئەیەد کەبوارت بە ئێم گفتوگۆیە لەگەڵمان ڕەخساند. دەمانەوێت لەبارەی چەند بابەتێکی سیاسەتی ڕۆژەوە بوچوون و تێڕوانینەکانت بە خوێنەران و خوێنکی کوردستان بگەیەنین. پرسیاری یەکەمان، لەسەر خەپیشاندانەکانی بەغدا و شارەکانی تر، بەسر و دیوانیە و حلە و ناسریە،...دەتوانیت بە گشتی وێنەیکمان لە سەر بارودۆخی هاپرینی ئوکتوبەر پێبدەیت ؟

موئەیەد: سوپاس بە ئیوە. خەپیشاندانەکانی یادی یەکساڵەی هاپرین کە لە ١ ئوکتوبەر و دواتر لە ٢٥ ئوکتوبەری ئێم ساڵدا بەڕووە چوو، نمایشیکی تری هەمان ئەو هاپرینە نەپچڕاوەی پارە و هەر تەنها یادکردنەوەی نیە، هەر بەوپێیەش خەپشاندانی ناو خۆی ڕاپرینەکەن. ئەمەش بە سادەیی لەبەر ئەوەیە کە هەموو ئەو هەکارە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیانەی کە بونەتە هۆی سەرهەڵدانی ئێم هاپرینە، نەک هەر لە شێوەی خۆیاندان بەڵکو توندو تیژ تر و فراوانتر بونەتەوە، وە هیچ کۆشێکی ئابوری و کۆمەڵایەتی جەماوەری هاپرینیو و ئامانج و داوکاریەکیان نەهاتۆتە دی.
ئاشکرایە کە هێزی سەرکی و بزوێنەری هاپرینی ئوکتوبەر بریتی بوو لە بەشیک لە چینی کریکار، زیاتر کرێکارانی کاری ڕۆژانە و ناجێگیر، ریزی بەرینی زەحمەتکێشان و بێکارکراوان، گەنجانی کچ و کوڕی ئازادیخواز، ژنان و قوتابیان. ئیستاش هەموو ئێم هێزە کۆمەڵایەتی و چینایەتیانەی هاپرین بە شیوازی جۆراجۆر و لە ئاستی جیاوازدا ناڕازایەتیاکانیان دەر ئەبڕن و بە بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسیەکانیان و داواکاریە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانیان تەدەکۆش.
گرێدان بە ئامادەیی سیاسی و ریکخراوەیی و فیکری هاپرین مەسەلەیەکی هەرگرنگ، و لە ئیستادا، ئەتوانم بێم، لە پرسیەکدا چەتە پێشەوە، وە بەردەوام بوونی هاپرین خۆی لە خۆیدا بوەتە هۆی بەردەوام بوونی هاوکان و خەبات بە خەریکخستن و یەکخستنی هێزکانی هاپرین، بە تایبەت لە ناو ئەو گروپانەی کە سوورن لە سەر وەلانانی ڕژیم و فەراهەم هینانی ئالگۆری ریشەیی.

ئەمش بۆ خۆی دەستکەوتکی بایەخدارە نەک هەر بۆ هێزەکانی ئاپۆرین بەڵکو بۆ سەرجەم بزوتنەوەی شۆرشگیرانە لە عیراقدا.

قۆناغی ئابوری و کۆمەڵایەتی ئیستای عیراق و سیاسەتی نیولیبرالی ئابوری حکومەتی کازمی و هەرشی بۆ سەر ژیان و گوزەرانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و کارمەندان و سەرجەم خەڵکی نەداری کوماڵگە، و کارساتە جوراوجۆرەکانی پەتای کۆرۆنا، نەک هەر زەمینەی کۆمەڵایەتی بۆردوومانی بوونی ئاپۆرینی فراوانتر و ریشەدار تر کردووە، بەڵکو سیما و کارەکتەری ئاپۆرینیشی بۆ جۆرێک گۆڕیوە، و بەڵوێ ئالۆگۆڕیکی چۆنایەتی بۆ سەردا بهێنێت. لە ئیستادا باس کردن لە ئاپۆرین بەدەر لە ئۆگۆرەکانی ئەم ئالوگۆڕە چۆنایەتیە ناتوانی باسێکی دروست بێت و ئاپۆرین بە دیقەتەوە پیناسە بکات لە ساڵی دووهەمیدا. نەک هەر ئەمش، بەڵکو ناتوانرێ باس لە بەرەوپێشچوونی خەباتی سیاسی شۆرشگێڕانە و ئاپۆرین بکرێت بەجیا لە بەرەپێشجوونی بزوتنەوەی کرێکاری و هەوڵ و تەقەلا بۆ بەهێزبوونی ڕیزەکانی و پەرەسەندنی ریکخراو و نەقابە و فیدراسیۆنە کرێکارییەکان ، و گۆشەدان بۆ بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی ژنان و گەنجان و قوتابیان.

ئاپۆرین نەک هەر حکومەتی عادل عبدالمهدی روخاند و قۆناغێکی سیاسی گەورەی لە رژێمەکەدا فەراهەم هێنا بەڵکو عەرشی ئیسلامی سیاسی لە عیراقدا لەرزاند، و لەم ڕاستایەشدا دەور و نەخشی دژە شۆرشیی و تەبعیەتی سەدرییەکانی بۆ رژیمی ئیسلامی لە ئێران لە ئاستێکی فراواندا ریسوا کرد. هێزەکانی ئاپۆرین هەوڵەستی شۆرشگێڕانەی لە بەرامبەر هەردوو دەوڵەتانی ئەمریکا و ئێران لە خۆپشاندانکانیدا ڕاگەیاند. دەسکەوتە هەرە گرنگەکانی تری ئاپۆرین: بەرجەستە بوونی ژنان و هاتنە مەیدانی سیاسیان، وەک هێزێکی کۆمەڵایەتی سەربەخۆ ، گۆڕکردنی تایفە گەریەتی و دەمارگیری نەتەوەیی، هیوا پەیداکردن بۆ خەباتی شۆرشگێڕانە، پاراستنی یەکیەتی ڕیزەکانی ئاپۆرین، و چەندین دەسکەوتی تری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و هونەری پێشکوتنخوازانە و شۆرشگێڕانەی تر.
لە گەڵ ئاپۆرین و بەردەوام بوونی، هەموو ئەمانە بوون بە بەشێک لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری کۆمەڵگەی عێراق و کەس ناتوانی ئەم دەستکەوتانە بەئاسانی لە ناو بەرێ.
ئەرێ گەر کەسێک بە دروست باسی ئاپۆرین لە عێراقدا بکات ناتوانی هەموو ئەو دەستکەوتانەی ئاپۆرین لە نەزەر نەگرێت، نەک هەر ئەمش بەڵکو ناتوانی خەباتی سیاسی و کەشمەکەشی چینایەتی لە ناو ئەم

کۆمەڵگەیەدا بە دروستی ببینێت بەبێ مەرکی ئاو ئاکامانەی داپڕین لە سەریان. ئاو دەستکەوتانە بەشکن لە سیاسەت و دینامیزمی کێشمەکێشی سیاسی و فیکری وکۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی ئەمەی عیراق.
یەکخراوی بەدیلی کۆمەنیستی لە عیراق بە دریژایی سالێ رابردوو، بە دەرکردنی نەشریەی رۆژانەی و چالاکی سیاسی و فکری و رێکخراوەیی بەردەوام و بە پلاتفۆرمی رۆشن و شۆرشگیرانەوە و بە شیعاری "هەموو دەسەڵات بە جەماوەری داپڕیو"، لە جەرگەی ئەم داپڕیندا بووە و لە هەوڵی بەرەوپێشچوون و سەرکوتنیدایە.

ڕۆژنامەی ڕێوت: لەم ماوانەدا حکومەتی عیراق نەخشەیەکی بەناوی "پەڕەی سپی" یەوە داشتوە، جۆوهەریی لەم پلانەدا چیە؟

مۆئیەد: ئەم دۆکیومەنتە کە بە ناوی "پەڕەی سپی" یەوە بەاو کراوەتەوە لە ڕاستیدا پلان و نەخشەیەکی دیراسە کراوە بۆ بە یاسایی کردنی سیاسەت و مۆدیلی ئابووری سەرمایەداری نیو لیبرالیزم لە هەموو بوارەکانی ئابووری و خزمەتگوزاری و ژیانی کۆمەڵایەتی وڕۆشنبیری لە عیراقدا، و ئەمش بە ناوی چاکسازی ئاوبوریەوە ئەناسێنن، وە وەک مۆدیلێکی گۆشەسەندنی ئابووری بە ووتات لە قەڵەمی ئەدەن.
وەک پیشەی بورژوازی دەسەڵاتدار لە هەر شێنیکی تری ئەمڕی جیهان، حکومەتی کازمی و هەڵز و ڕێوتکانی ڕژەم، کە هەر هەموویان هاوڕان لە سەر خاڵە سەرەکیەکانی ئەم دۆکیومینتە، ئەیانەوێت لە بارەدەخی قورسی گوزەران و ژیانی ئەمڕی جەماوەردا فرسەت بهێنن و بیسەپێنن بە سەر کۆمەڵگەدا و فریودەرانە وەک داواکاری داپڕین لە قەڵەمی بدەن. بیانوەکانیشیان ئەوەیە کە گوایا قەیرانی ئابووری و پوڵی رژەم هەیە و نرخی نەوت دابەزیوە و پارە لە خەزینەی دەوڵەتدا نیە بۆ دابەشکردنی مووچەی کریکاران و فەرمانبەرانی دامەزراوە پێشەسازی و خزمەتگوزاریە حکومیەکان. هەر لەرشەوە، کازمی و حوکمەتەکەی جەخت لە سەر ئەوە ئەکەن کە ئەبێ عیراق قەرز وەرگرێت لە سندوقی دراوی نیو دەوڵەتی، و لە ئاکامی ئەمش ئەبێ مەرجەکانی ئەم دەزگایەی سەرمایەی جیهانی،کە پیادەکردنی سیستمی نیولیبرالی ئابووری و ئەم جۆرە دۆکیومینتەیە، جێبەجێ بکات.
بەگومان "پەڕەی سپی" سەرەتای جێخستنی سیاسەتی نیولیبرالیزمی ئابووری نیە لە عیراقدا بەڵکو بە هەمەلایەنکردنی ئەم سیاسەتەو بە یاسایی کردن و چەسپاندنیەتی بە چەندین دەیەی داهاتوو. سەرەتاکانی سیاسەتی نیولیبرالیزم و پرایڤەتایزکردنی "خەسخەسکردنی" هەندی لە پرۆژە ئابووریەکانی دەوڵەتی ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ناوەراستی

دیی هشتاکان و بە دیاریکراوی ساڵی ١٩٨٧ کاتیک کە ژمی فاشیستی بەعس دستیکرد بە فرۆشتنی هندی لە کارگە حکومیکان بە کرتی تایبەت و بەمافکردنی کریکارانی کرتی گشتی لە دروستکردنی نقابەی خیان بە ناوی گرینی وزیفیەوە لە کرکارەوە بە کارمند. بەام ئەوەی کە تەوژمیکی گورە و هەمەلایەنەی دا بەم مدیلە ئابوریە لە عراقدا داگیرکردنی ئەم ووتە لە لایەن ئەمریکاوە بوو.

ئیدارەی رگوزاری ئەمریکا لە عیراق لە ژیر فرمانەوایی پە بریمەر ساڵی ٢٠٠٣ ، و دواتر هەموو حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی رژیمی ئیسلامی و قومی عیراق وهەتا ئیستاش، ئەم سیاستیان بە چەوپەی و هەمەلایەنەیی و بە تیکە لە گە گندەی و بە تان بردنی سروت و سامانی کەمەلگەدا، بەریوبردووە، لە سرانسری عراقدا و بە تایبەت لە هریمی کوردستاندا. سیاستی ئەم دوایانەی حکومەتی هریمی کوردستانیش بە پرایقتایزکردنی کرتی بەرهەمهانان و گواستنەوەو و دابەشکردنی کارەبا لە کوردستاندا دریژەی هەمان سیاستی نیولیبریزمیانەیان کە کوردستانی بە چەندین دەیە کردوە بە شینگەی تانوبۆیی و دژایەتی لە بەرامبەر جماوەری کرکار و زحمەتکەشی ئەم کەمەلگەیەدا.
هروەک ئاشکرایە بە درژایی ١٧ساڵی ابردوو، حکومەتکانی ژیمی ئستای عیراق کوتنتە سر لسندنەوەی مافکانی کرکاران لەوانە دریژە دان بە بەمافکردنی کریکارانی کرتی گشتی بە دروستکردنی نقابەکانیان، لابردنی هر سنووردارکردنی نرخی کاکانی بژیوی، بەرزکردنەوەی نرخی سوتەمەنی بە شیوەکی خیالی، پرایقتایزکردنی کرتی تەندروستی و خیندن و کرتە خزمەتگوزاریکانی تر و هر کارگەیکی سکتاری پشەسازی دەوەتی کە کاری لە برەودا بووبێت، چسپاندنی ئەم سیاستە ئابوریانە بە سر هموو مەیدانە ئابوریکانی پویی و پشەسازی و زراعی ووات.
"پەی سپی" نەک هر ئەم هەشە بەربەاوە جگیر ئەکات بەکو دژگای هموو ئەو شینانەش ئاوەا ئەکات کە هشتا نەکەوتونەتە بر شاوی درندانەی مدیلی نیولیبرالیزم و هر بەو پەش ئیانکاتە شینی وبەرهینانی سوودی سرمایە و تان وبەی هیزو حزبەکانی رژم و سرمایەدارانی هپکراو بە رژمەوە. ئەم دکیومنتە شاکی هەمە لایەنەیە بە سر هموو بشەکانی خزمەتگوزاری دولەتی و راکشانیانە بە ناوجرگەی پرسی کەکەی سرمایە و بەرهنانی سود وبە ژردستی گندکارانی دسات و تکشکانی ناوەرک و بایخی کەمایەتی پشکش کردنی ئەو

خزمەتگوزاریانە لە لایەن کۆمەڵگە و دەوڵەت خۆیەوە. ئەمە و "پارەی سپی" دەکیمەنتەکە بە فڕشتن و فڕهود کردنی مۆک و عەقاراتەکانی دەوڵەت.
لە هەموو ئەم بڕنامە ئابووریيەدا هیچ جێگایەک بە گۆشەسەندنی تاکەکان نیە بە تایبەت ئینسانی زەحمەتکەش و ژنان و تووژە چەوساوەکانی تری کۆمەڵ، و گۆشەی ئابووری پەیوەند کردەوە بەم هەرشە هەمەلایەنە بە سەر ئینسانی کرێکارو زەحمەکەش لەپیناوی کۆمەڵگەی سەرمایە و گەندەڵی زیاتر و هیچی تر.

ژنامەی ڕووت: سیاسەتی ئابوری نیولیبرالیزم، بەتایبەتیکردنی کارتەکان، ئیراد لەم سیاسەتە چیە؟ ئەگەر هەر سەرمایەداریيە بەرهەم هێنان وپەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، جا تیکەڵاو، دەوڵەتی، تایبەتی، بیانی، جیاوازییان چیە، بە ئەبەت خۆک لە دژی ئەم سیاسەتە بوەستنەوە؟

موئەیەد: بگومان سەرمایەداری دەوڵەتی، سەرمایەداری بازاری ئازاد، وەیا تێکەڵ (مختلط) لە هەردوکیان، هیچ لە جۆهەری سەرمایەداریانەی ئەم مەیلە ئابوریانە ناگۆڕێت. هەمان پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری زاڵ بەسەر هەرسەکیاندا، کە بە خێیان پەیوەندیەکی ئەنتاگۆنیستیانەیە لە نیوان چینی کرێکار، وەک بەرهەمهێنەری سەرەکی کۆمەڵ ،لە لایەک، وچینی بورژوازی و تەیژەکانی و دەولەت، وەک خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، لەلایەکی تر . هەر بۆیە، بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی لەم سی مەیلەدا لەم یەکە دژ بەیەکدا بڕیوە ئەچێ. لە هەرسێ ئەم مەیلانەدا پەکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە سەر هەبوونی سیستمی کاری بەکرێ و پوڵ و خاوەنداریەتی تایبەتی یا دەوڵەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە و کۆمانیکەیشن راوەستاوە.
ئەوەندەی پەیوەندی بە مەیلی ئابوری نیولیبرالیزمەوە هەبێ، ئەتوانیین بڵێین جۆرێک لە گۆڕانەوەیە بە شیوازی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری کلاسیک تا لە چوارچیوەی ئەم مەیلەدا جوڵە و کۆمەکەی سەرمایە بە شیوەیەکی ئازاد و بێبەر سنووردار کردن گۆشە بکات هەم لە سەر ئاستی بازاری ناوخۆیی و هەم لە سەر ئاستی جیهان. بە واتەیەکی تر ، نیولیبرالیزمی ئابوری کۆمەڵە سیاسەت وپلاتفۆرم و مەیلەکی ئابوری سەرمایەداریە کە ئەگەر تەخت ئەکات لە بەردەم جوڵە و کۆمەکەی سەرمایە لە جیهانی ئەمڕدا بە وڵاتانی هەر ڕەگریەک، لەوانە دەستی دەوڵەت یا ئیزی یەکگرتووی خەباتی کرێکاران، لە بەردەم ئەم پرسیە و لە بەردەم میکانیزمەکانی بازاری ئازاد و

گۆشە و جۆرەی سەرمایەی فاینانس. ئەمەش، نەک هەر پرایقەتایزەکردنی پرۆژە و پیشەسازیە دەوڵەتیەکان و خزمەتگوزاریەکان ئەگرتەوە، بەڵکو پێش هەموو شتێک بنکەنکردن و لاواز کردنی یەکخراوە جەماوەریەکانی کرێکارانە و دەستکەتا کردنی هەوڵەتەقەلای بە کەمەیانە بە بڕ گری لە مافە ئابوری و کەمەلایتیەکانیان لە پرسەی بڕەمهەنانی کەمەایەتیدا.

میژووی نیولیبرالیزم لە تەواوی جیهاندا لە ماوەی زیاتر لە ٤ دەیەی رابردوو ، لە پاڵ مەسەلەکانی تردا، بریتی بووە لە هەرش بردن بە سەر ریزی یەکگرتووی کریکاران و ریگری دانان لە سەر هیزو توانا وەرگرتنی بە کەمەیان، بەهەر شیوەیەک بووبێت، لەوانە لە ریگەی تازەگەری لە شیوە و تەکنیک و جوگرافیای پرسەی بڕەمهینان و تەگڕەخستنە بەردەم نەقابە کرێکاریەکان و یەکخراوە جەماوەریەکانیان و فیدراسیۆنەکانیان. هەر لەم راستیەشدا میژووی نیولیبرالیزم راوەستاوە بووە بە ڕووی مانگرتن و خەباتی کرێکاری و هەوڵدان بە ڕامکردنی رابڕان نەقابە کریکاریەکان و راکەشانیان بە ژێر رکیفی پەداویستیەکانی سەرمایەداری نیولیبرالیزم و کول کردنی رادیکالیەتیان.

سەرباری راکەشانی هەموو کەرتەکانی خزمەتگوزاری گشتی و دەوڵەتی بە ژێر رکەفی پرسەی جوڵە و کەمکەی سەرمایەی تایبەت لە ریگەی پەایقەتایزە کردنیانەوە، دەوڵەتە بورژوازیەکانی جیهان بە دریژایی ئەم چەند دەیەیەی رابردوو، هەر یەکە بە پلەی جیاواز، خەریکی بەین و کەمکردنەوەی بوجەی دەوڵەتی بوون، بە ئیستاشەوە، لە بواری دابین کردنی باشبژیوی و خزمەتگوزاری بە جەماوەر. بەم پێیە، بەرنامە و سیاسەتی "تەقەشف" دەوڵەتی بە چەندین دەیەیە سەپینراوە بەسەر کەمەگەی بەشریدا و کارساتیکی گەورەی خەڵقاندووە بە چەند ملیار ئینسانی سەر گەیی زەوی هەر لە بکاری و نەبوونی و بیخزمەتگوزاریەوە بگرە تا پەراوێز خستنی کەمەایەتیان ئەمەش لەراستای قازانجی گەورە سەرمایە و سەرمایەدارن و کەمکردنەوەی باج لە سەریان.

هەر بەیە نیولیبرالیزمی ئابوری هیرشیکی هەمە لایەنەیە بە سەر دەستکەوتەکانی چینی کریکار و چەوساوەکان و نەدارانی کەمەلگەکان کە بە دریژایی زیاتر لە ٢ سەدە لە خەبات بە دەستیان هیناوە. هەموو ئەم دەستکەوتانە لە بواری باشبژیوی و تەندروستی و ڕشنبیری کریکاران وزەحمەکەشان و نەداران، کەتەتە بردەم هەرشی قەلاچۆکارانەی سەرمایەداری سەردەم. ئەمە سەرباری ئەوەی کە لە سەد و یەک ریگاوە کەوتونەتە هەرش بە سەر ریزی یەکگرتووی کرێکاران و کارمەندان و ئینسانی زەحمەکەشی کەمەلگەکان و ریکخراوەکانیان.

ژنانی چینی کرێکار و تەژە نەدارەکان لە ژیر سایەی سەرمایەداری نیو لیبرالیزم دا زەرەمەندی سەرەکی ئەم مەدەلە ئابوریەن. سەرباری ئەوەی ژنان پشکی سەرەکیان لە هێزی بیکاریدا بەرکەوتووە، بە هۆی سیاسەتی تەقشفی دووەتیشەوە بەپێناگا بوون و پەراوێز بوونی کۆمەڵایەتی بە سەریاندا سەپێنراوە. کەرتی تایبەت تەنانەت لە وولاتە گەشەسەندووکانیشدا جیگەی هەڵواردن و پشێلکاری جەندەری و جنسیە، ئەم جگە لەوەی لە وولاتانێکی وەک عیراقدا کار بە ژنان لە کەرتی تایبەت یا داخراوە یا جیگایەکی پە دەردیسەریە. سەرباری ئەمانەش بەپێنی بودجەی خزمەتگوزارییەکان و پرایقەتایزکردنیان کاریگەری خراپی لە سەر پیر و منداڵ و کەسانی خاوەن پێداویستە تایبەتیەکان دانراوە کە زەربەیان سەر بە چینی کریکارو زەحمەتکەشانن. هەر بۆیە هووبووەوە لە بڕا مبڕر سەرمایەداری نیولیبرالیزم یانی هووبووەوەی سەرمایەداری هاوچەرخ و بەرگری لە هەموو ئەو دەستکەوتانەی چینی کرێکار و سوشیالیستەکان و ئازادیخوازان و یەکسانیخوازانی کۆمەڵگەکان کە بە دریژایی مێژوێک بەدەستهێنراوە.
ناوڵنانی ئەم سیاسەتە سۆشیالیستیە و ئەم بەرهەستیە چینایەتیەی ئینسانی زەحمەتکەش بە رووی سەرمایەداری نیو لیبرالیزم بۆی کە یەکسانە بە بەرگری لە سەرمایەداری دەوڵەتی یا مەدیلی ئابووری تەکنۆکڕات، کە هەندی لە چەپەکان بە نادروست وای بۆ ئەچن، لە راستیدا شتیك نیە جگە لە دگمەکی ووشک و بێگیان و نەزەریکی میکانیکی ڕق و تۆق لە بڕامبەر میژووی زیندووی خەباتی چیانیەتی کریکاران و نەداران. بەرهەستی سەرمایەداری نیولیبرالیزم لە بنەڕەتدا باسی خەباتی چینایەتی و بەرپەرچدانەوەی گەورەترین هیرشی میژووییە بە سەر ژیان و چارەنوسی چەند ملیار ئینسانی دانیشتوی ئەم ئاستێرەیە، هەر بۆیە ژاکاندن و تیکدانکردنی لە گۆ مەدیلی ئابوری سەرمایەداری دەوڵەتی کولکردنی ئەم خەباتەیە.

ئاشکرایە ئەتەرنەتیفی ئابوری وکۆمەڵایەتی سۆشیالستەکان لە بڕامبەر سەرمایەداری هاوچەرخدا سۆشیالیزمە، نەک مەدیلی ئابوری سەرمایەداری دەوڵەتی یا تەکنۆکڕات. سۆشیالیزم لە قۆناغی باڵایدا یانی "لە هەر کەس بە گێرەی توانا و بە هەر کەس بە گێرەی پیویستی"، وئەم یاسایش بە بێ ڕاخاندنی سەرمایە و بە بە ریخستنی نێیی ژیانی ئابوری لە سەر بنەمای بە کۆمەڵایەتی کردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە و کۆمۆنیکیشن نایەتە دی و نابی بە یاسای سەلمێندراوی کۆمەڵگە. بەدیلی کۆمۆنیستەکان بە سەرمایەداری نیولیبرالیزم ئەم سۆشیالیزمەیە نەک سەرمایەداری دەوڵەتی یا هەر

شیوازیکی تری تیکەڵ، هەر بەیە چەکدادان و واقوڕمان لە بەرامبەر هیرشی ئەمریکای بورژوازی جیهانی بۆ سەر چینی کریکار و چەوساوەکان و نەوەستانەوە بەرامبەری ئەبەت بە سیاستیک کە خزمەت بە بەرژوازی بکات و هیچ پەیوەندو سەروکارێکی بە بزوتنەوەی کرێکاری وسۆشیالیستیەوە نیە.

هەروەها بەچونیکی تریش کە پەیوایە پرایقەتایزەکردنی پرۆژەکان مەسەلەیەکی جیاوازە لە تەقشفی ئابووری و بەکارکردنی کرێکاران و بینی بودجەی خزمەتگوزاریەکان، هەر هەمان بوچونی نادروستە کە لە سەرەوە ئاماژەم پیدا. ئەم جۆرە بەچوونش هەر هەمان تێروانینی دەروەی خەباتی چینایەتیە و لەباری تیوریەوە میکانیکیە چونکە بە سادەیی بەیەم پرایقەتیزەکردنی پرۆژە ئابوری و خزمەتگوزاریەکان لە پێکهاتەکانی خودی سیاستی نیولیبرالیزمە و بەشێکە لەپایەکانی سەرمایەداری نیولیبرالیزم و بە خۆی وەئامە بە پەداویستیەکانی کۆمەڵگای سەرمایە و لایەک جیاناکرێنەوە. پرایقەتایزەکردن و بودجە بینی خزمەتگوزاریەکان و هیرش بردن بۆ سەر هەر کارێکی ریکخراوی بە کەمەلە کریکاران و نەدارن و سینەوەی هەر شتیک کە پەیوەندی بە کەمەل و کاری کەمەگەوە هەبەت و...هتد بە خەیان یەک پاکێجن و لە یەک جیاناکرێنەوە . ناکرەت بەبێن دژی بینی خزمەتگوزاریەکان و دەرکردنی کرێکاران و بینی بیمە و یارمەتیە کەمەایەتیەکان و بەرزکردنەوەی نرخی سوتەمەنی و کالاکانی بژیوی ین، بەڵام کارمان بۆ سەر پرایقەتایزەکردنەوە نیە و بە دژی ناوەستینەوە، بیانوش بۆ ئەم هەوەستە ئەوە بەت کە گەر بۆ رامبەر پرایقەتایزەکردن بوەستینەوە وەک ئەوە وایە کە بەدیلی سەرمایەداری دەوەتیمان قبوڵ بەت.
لە وەئامدا بۆ ئەم جۆرە بوچوون و سیاستەش ئەڵیم کە ئەمانە تێوانینی نا کریکاری و نا سۆشیالیستیە بۆ مەسەلەکە. بۆ نمونە گەر تەرازوی هەڵز لە بەرژەوەندی بزوتنەوەی کرێکاری و کەمەنیستی بەت ئەوا بەدیلی پرایقەتایزەکردن یەکسەر دامەزراندنی سۆشیالیزمە نەک سەرمایەداری دەوەتی. وە هەروەها گەر دەوەت کارێکی بۆ سەرەوە نەبەت و پلەیک لە ئامادەیی بزوتنەوەی کرێکاری هەبەت و رەواجی کالاکانی بەرهەمهاتوو هەبەت ئەوا بەدیل ئەتوانی ئیدارەی خەبەخەیی کریکاران و کارمەندان بەت نەک موکیەتی دەوەتی.

بۆ نمونە، گریمان پرۆژەی پاریقەتایزەکردنی کەرتی تەندروستی گشتی بە خەباتی جەماوەری رابگیرەت ئەمە یانی فەرزکردنی دابیکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی گشتی بۆ سەر دەوەتی بورژوازیدا کە بە خەی بەشیکە لە داواکاریەکانی چینی کریکار لە سەرتاسەری جیهاندا و هیچ

پێوەندییەکی بە بۆرگری لە سەرمایەداری دەوڵەتیەوە نیە، واتە مەسەلەیەکە سەر بە تەرازوی هیز لە مەیدانی خەباتی چینایەتیدا لە نیوان پرۆلیتاریا و بۆرژوازیدا.
بە هەر حاڵ، داخستنی ئەو کارگانەی کەرتی پێشەسازی لە عیراقدا کە سودیان کەمە و یا خەد پرایقەتایزەکردنی بەشیکیان کە سوودمەندە هەر مەسەلەی ماتماتیکی ئابووری قازانج و زەرەر نیە کە بۆرژوازی ئیسلامی و قەومی و لیبرالی عیراق ئێیوەت وای لە قەڵەم بدات. هەر وەک پێشتر باسم کرد هەموو کاریک لەم بوارانەدا بەشیکە لە پاکێجیک و لە سیاسەتی گشتی دەولەت بە رێکخستنی ئابووری کەمەگە و پاراستنی بۆرژوەندی چینی بورژوازی دەسەڵاتدار. هەر پرایقەتایزەکردنێک بەشیکە لە سیاسەتی گشتی رژیمی لە سەر کاربوو واتە بەشیکە لە سیاسەتی نیولیبرالیزمی ئابوری بورژوازی دەسەڵاتدار و هەر هەرش نیە بە سەر کریکارانی پێشەسازی بەکو هەرشە بە سەر پرۆلیتاریاو سەرجەم نەدارانی کەمەگەدا.

ئەمرۆ لە عیراقدا کەس لە ناو هیزەکانی بورژوازی قەومی و ئیسلامی و لیبرالی و ریفەرمیستەکان و بورژوا "نیشتمانیەکان" بە دوای مەدەلی سەرمایەداری دەوڵەتی و تیکەڵەوە نیە، بەکو لە ناو دینامیزمی جەنگ و کەلەکەی سەرمایەداری نیو لیبرالیزم و سەرمایەی جیهانی و گەشەپایزێشندا بە دوای بەرنامەی ئابووری و گەندەڵی و تاڵانوبرێیکانیانەوەن. لەم سەردەمەدا هەرچی زیاتر وەستانەوە بە رووی نیولیبرالیزم بە خەی وەستانەوەیە بە رووی سەرمایەداری و سیاسەتی ئابووری چینی دەسەڵاتدار و گرتنی خەندەقەکە لە مەیدانی خەباتی زەحمتکێشی کەمەلگە بە رزگاری خەی لە کوت و بەندی سەرمایە و سەرمایەداری ، هەر بەیە ئەبە بە هەموو هێزو تواناوە بەرەووی بوەستینەوە. نیو لیبرالیزم هەر لە بناغەوە لە دریژەی قێرانی سەرمایداری خێدا لە ناوەڕاستی دەیەی هەفتاکانی سەدەی رابردووەوە هاتە ئاراوە، و بەدەر لە هەر شتیکی تر هەوڵی بورژوازی ئیمپریالیستی جیهانیە بە گەرینی تەوازنی هێز لە بۆرژوەندی سەرمایە وسەرمایەداری لە جیهانی ئەمرۆدا بە دژی چینی کرێکارو چەوساوەکان.

کۆتایی ئوکتۆبەر ٢٠٢٠

ئەمریکا لە زەلکاوی عیراقدا … نووسینی: ستیڤان شەمزینی

(ئەمە دەبێت مامۆستا لەگەڵ ئەو عیراقدا بکەین کە هەمانە، نەک عیراقێک ئارەزوومان دەکرد هەمانبوایە. عیراقی هەنووکەیی: عیراقێکی وێران، پڕ لە شڵە و پەکدادانە، ئەگەر نەڵێین تووشی شڵەژانی ناوخۆیی بووە، لە راستیدا بڕەو ئەو ئاقارە دەڕوات).
هیلاری کلینتۆن

لە کاتی ئامادەکاریی و خۆسازدان بۆ ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی سەربازیی بۆ سەر عیراق، کاربەدەستانی باڵای دەوڵەتی ئەمریکا لەسەرووی هەموویانەوە جۆرج بوش باسیان لە بونیادنانی عیراقێکی نوێی دیموکراتی و لیبرال دەکرد، عیراقێک ببێتە نموونەیەک بۆ ڕژهەڵاتی ناوەڕاست لە پیادەکردنی دیموکراسی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و پەکەوە ژیانی ئاشتییانە. زۆربەی میدیاکانی سەر بەدەوڵەتی ئەمریکا و گرەدراو بە هاوپەیمانەکانی لە تەواوی دنیادا مژدەی عیراقێکی نوێیان بە گوێدا دەدایین، عیراقێک سەد و هەشتا پلە جیاواز لە عیراقی سەردەمی حکوومەتی دیکتاتۆریی و دەسەڵاتی ملهوڕانەی سەدام حسێن. لە باری عەمەلیشەوە زۆربەی عیراقییەکان چاوەڕوان لە پاشەڕۆژ و ئاسایەکی ڕوون بێبوو، ئایندەیەک پڕدە لەسەر شانەی گەڵەی بە کەمەڵ و کاسەسەر و تاوان و هاوێن دابداتەوە. عیراقێک هەموو هاووڵاتییەکانی هەست بە ئارامی و دڵنیایی بکەن و تیایدا بحەسێنەوە، بەڵام لە دوای سێ ساڵی و نیو تێپەڕین بەسەر ئەنجامدانی پرۆسەی ئازادکردنی عیراق، کاتی ئەوە هاتووە بارودۆخی عیراق هەڵبسەنگێنین و پرسیار بکەین، ئایا ئەمریکا و ئەجیندای کۆشکی سپی لە عیراق سەرکەوتوو بووە؟. پرسیارێکی ئاسانە، بەڵام وەڵامدانەوەی کارەکی قورس و فرە زحمەتە، بۆیە پێویستمان بە شرۆڤەکاریەکی ورد و بەدیقەتانە هەیە تاکوو بتوانین وەڵامێکی واقیعی و دروست و زانستی و دوور لە ڕوانگەی ئایدۆلۆجیی و هەستەکی و سەزداریانە بۆ پرسیارە بدەینەوە.
ئەگەر بەڵێک واقیعبینانە سەیری ئەو ڕووداوانە بکەین لە عیراقدا ڕوو دەدەن، ئەوەی ئەمە لەم وێناتدا بەدەستەوە دەچێت لە خۆیدا جەنگێکی ڕانەگەیاندراوی تائیفی و نەوخۆیە. ئەو جەنگەی ریشەیەکی قووڵتری هەیە لە دیرەکی عیراقدا، ئەویش جەنگی نێوان هەردوو ئاینزای شیعە و سوونەیە. لە ماوەی هەشتا ساڵی ڕابردووی دەسەڵاتی

سوونندا لە رێی سەرکوت و توندوتیژییەوە هەموو جیاوازییەکان لە عێراقدا کپ کرابوونەوە و لە چوارچێوەی یەک ئیدئۆلۆژیدا لە قاڵب درابوون. ساتەک دوای هەرەسی بەعس، دەرگا بە ڕووی جیاوازییەکانی ناو عێراقدا دەکرێتەوە لە یەکەمین بەریەککەوتن و کاردانەوەدا جیاوازییەکان بە ڕووی یەکتردا دەتەقنەوە، هەر بەیە ململانێ و ناکۆکییە تەقیوەکەی ئەمڕۆی نێوان شیعە و سوونە دەرئەنجامەکی نەخواستراو و گەلەک خوێناویی لێکەوتەوە. هەر ئەمڕۆ لە عێراقدا دەیان کەس بگرە زیاتریش دەبنە قوربانی ئەم ناکۆکی و جەنگە مەزهەبییە. هەزارانی تریش بە ماڵ و حاڵ و سەرگەردان و ئاوارە و دەربەدەر دەبن. لە ڕاستیشدا ئەو سەقامگیرییەی پێشتر لە سەردەمی بەعسدا هەبوو ئەمڕۆ ئەویش لە کیس چووە!!، لە سەقامگیرییەکەی بەعس لە ژێر قامچی و دارکوتەکدا بوو، بەڵام هێشتا لە ڕووی چەندایەتییەوە ژمارەی زیان لێکەوتووان و قوربانیان تا ڕادەیەک کەمتر بوو. ئەوەی هێنووکە لە گۆڕەپانی عێراقدا لە تیرۆر تەقاندنەوە و لاشەی کوژراو و شێوەنراو دەبینرێ زۆربەی هەرە زۆریان قوربانیانی ناکۆکی مەزهەبین نەک بەرئەنجامی کردەوە بە بڕیارکانی جەمسەری تیرۆری جیهانی لە عێراقدا. پێم باشە بە پاڵپشتی دەربڕینەکانی سەروە لێرەدا سەرنجتان بە هێندەک داتا و ئاماری بایەخدار و ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسان و گۆشەنیگای سیاسەتمەداران لەمڕۆ جەنگی نێوخۆیی ڕاکێشم.

نووسەری لیبرالی عەرەب (عەدنان حسێین) دەنووسێت (بڕپڕەی سەرژمێریەکانی سەرچاوە فەرمییە عێراقییەکان و سەرچاوەکانی هێزی هاوپەیمانان، ڕۆژانە 100 عێراقی دەبنە قوربانی ئەو جەنگە ناوخۆییە تایفییەی لە بەشە عەرەبییەکەی عێراقدا بەڕێوە دەچێت، ئەم قوربانیانەش هەروەک هەمان ئەو سەرژمێریانە دووپاتی دەکەنەوە، زۆرینەی زۆریان خەڵکی سڤیلن و ژمارەیەکی زۆریشیان منداڵ و ئافرەت و بە تەمەنەکانن). ئەمە جگە لەوەی ڕۆژانە چوار تا پێنج سەربازی مارینزی ئەمەریکی دەکوژرێن و تەکەڵەی کوژراوەکانی سوپای ئەمەریکاش لە سەرەتای پرسەکەوە گەیشتۆتە نزیکەی سێ هەزار سەرباز!، بەیە بەڵای بەشکەی زۆری چاودێرانی سیاسییەوە خەریکە عێراق بە ئەمەریکا دەبێتە چاڵکەی هاوشێوەی ڤێتنام، چوونکە ئەمەریکاییەکان لەو قۆناغەدا نەبوون ڕووبەڕووی ئەم سەختگیرییە ببنەوە لە عێراقدا و بەو جۆرە گیر بخۆن بە دەست وەاتەکی پڕ ئاشووب و گەچەڵی وەک عێراقەوە. بەشکی تر لە سەرچاوەکانی ئاگادار لە ڕەوشی عێراق ژمارە قوربانییە عێراقییەکانی ئەم سێ ساڵ و نیوە بە نزیکەی سێ چارەگ ملیۆن دەخەمێنن. (سابرینا تاڤرنیس) لە ڕۆژنامەی "نیویۆرک تایمز"دا دەنوسێت (تیمەک لە تۆژرانی

تەندروستی عێراقی و ئەمریکی، ژمارەی کوژراوە عێراقییەکان بە 600 هەزار هاووڵاتی دەخەمێنن!، لە دەرئەنجامی بارگرژیی بارودۆخی عێراق لە میانەی داگیرکردنی لایەن ئەمریکاوە لە ساڵی 2003. بەپێی راپۆرتی نۆخشانەکانی حکوومەتی عێراقی تەنیا لە ماوەی مانگی تەممووزی ئەمساڵدا 15 هەزار کەس بوونەتە قوربانی کە زۆرترین رێژەی قوربانییە، جەن هۆپ کینز لە خوێندنگای تەندروستی گشتیی بەم لێکۆڵینەوەیە هۆسا وە، ئاوێش لابەر لە نزیکەوە سەرنجدانی بارودۆخەکە و تەمارکردنی کوژراوەکان، چوونکە رۆژانە چەندین تونەدوتیژیی رووداەت و ژمارەیەکی بەرفرە هاووڵاتی دەبنە قوربانی). ئەمش وایکردووە دیمەنی مەرگئامێزی عێراقییەکان ببەتە هەواڵی یەکەم تەکەای میدیا جیهانییەکان.
هەر لەمبارەیەوە و دەربارەی قەبارەی رووداوە خوناویەکانی عێراق، مالپەڕی (ئەلعەرەب ئۆنلاین) لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، دەنووسێت (سەرچاوە نوودوودەتییەکان لە دواهەمین سەرژمێریدا رایانگەیاندووە کە زیاتر لە 6500 عێراقی تەنیا لە دوو مانگی تەممووز و ئابی رابردوودا کوژراون!!!. بەمش بناغەی جەنگێکی نەوخەیی درێژخایەنی داناوە کە مودا تایفییەکە رەنگی گەورەی تێدا دەبینێ). (ئەلوەتەنی سعودی) لەسەر هەمان پرس و ئاستی چەنایەتی و چەندایەتی بارگرژییەکانی عێراق بەاویکردووە (هەر یەک کەس لەنوان چل عێراقیدا، لە دەستپێکردنی داگیرکاریی ئەمریکیی لە ئازاری 2003وە گیانی لە دەستداوە، واتە نزیکەی لە سەدا دوو و نیوی سەرجەمی دانیشتوانی وات. ئەمش واتای ئاوێە مەرگ لە دەرگای مالی گشت عێراقییەکی داوە، بە مالی ئاو گەورە بەرپرسانشاوە کە حوکمی عێراقی ئەمە دەکەن. ئاوە هەمووی بە پێی تازەترین توێژینەوەیە کە پزیشکانی جەن هۆبکینز و کۆلێژی پزیشکی زانکۆی موستەنسریەی عێراق بە هاوکاریی پێمانگای ماساشوسیش، ئەنجامیان داوە). ئاو ئامار و ژمارانەی لە ناوەندە جیهانییەکانی لێکۆڵینەوە و شیکاریی ستراتیژیی بەاو دەکرێنەوە دەربارەی کوشتار و لەناوچوونی هاووڵاتیانی عێراقی، بە راددەیەکی وەها تەقێنەر و خەیاڵییە، بووەتە جێگای شەکەکی گەورە لەسەر ئاستی جیهان و سیاسەتی نوودوەتی، بەو پێیەی ئاوەی ئەمە لە عێراقدا دەگوزەرێ لە خوێنڕێژیی و کوشتن لە دەرەوەی هەموو پێشبینی و چاوەڕوانییەکاندا بوو.
رۆژنامەنووسانی بیانیی و چاودێرانی بواری ئەمنیی عێراق رۆژانە هەواڵی دەزینەوەی ئاو تەرمە کوژراوە نەناسراوانە رادەگەیێنن کە دوای دەستبەسەرکردنیان بە دەست و قاچی بەستراوەوە گوللەباران کراون و لە کەناری شارەکان بە کەمە و تاک تاک فڕێدراون. ئەم

حاڵەتێکی نائاسایی بەسەر هەموو شارەکانی بەغداد و دیالە و موسڵ و رومادی و کەرکوکدا. ڕۆژنامەنووسی پسپۆر لە کاروباری ڕژهەڵاتی نزیک (ریچارد ئینگل) زۆرترین ماوە لە عێراقدا ماوەتەوە دەربارەی ئەو دیمەنە سامناکانەی کوشتن و سەربڕین کە بەچاوی خۆی دیوێتی بە تایبەت لە شاری بەغداد، دەنووسێت (شتێکی قەزەون بوو، سەدان تەرمم بینی، تەرمی بەگژنەکردوو، تەرمگەلێک لە گەنجی قووڵایی کەمدا نەژرابوون، جارێک سەگێکم بینی کەللەسەری مرۆڤێکی بە دەمەوە بوو، بەنی تەرم دەکەیت، خاڵێک دەبینیت هەست بە تووڕەیی دەکەن، ئەو کەسانەشی دەکوژرێن کەسە زۆر بە تەمەنەکانن، یان زۆر هەژارەکان یاخۆ منداڵ و زۆر لاوازن، بە جۆرێک ناتوانن وەڵات بەجێبهێڵن).

زۆر بەگەش هەن تەوگلانی وەزیر و کاربەدەستانی حکوومی لە جەنگی نەوخەیدا دەسەلمێنن، تەنانەت دیکەمێنت لەبەردەستدایە لەسەر تەوگلانی خودی وەزیری تەندروستی عێراق لە جەنگی تایفی!، لەمبارەیەوە ڕۆژنامەنووس (لارا لۆگان) هەواڵنێری کەناڵی (CBS) ڕاپۆرتێکی سەیر و سەمەرەی لەسەر وەزیری تەندروستی ئامادە کردووە کە ئەو وەزیرە بە پشتیوانی مەلای بونیادگەر (موقتەدا سەدر) شیعەگەرێتی دەکات، ڕاپۆرتەکە دەڵێت (دکتۆری نەخۆشخانەکان لە بەغداد و کەربەلا بە بەرنامەیەکی داڕێژراو، نەخۆشە سوونەکان دەکوژن و لاشەکانیان دەخەنە ناو گەنجی بە کەمەوە). جا ئەگەر ئەمە ماموستای وەزیری تەندروستی بێت وەک کار هەڵسوێنەری وەزارەتێکی خزمەتگوزاریی و کاروباری مرۆیی، ئەوە لەوە مەپرسە وەزیری ناوخۆ و بەرگریی و سەرکی دەزگا سوپاییەکان و هەواگریی و نیزامییەکان چۆن مامەڵە دەکەن؟ ئەی دەبێت کەنە ژەنەرال و تازە ئەفسەری ڕاهاتوو لەسەر تۆندوتیژیی چۆن بەرپەرچی نیارەکانیان بدەنەوە؟.

دەبینین ئەمە عێراق لە قەیرانێکی قووڵدا دەژی، جەنگی تایفی هەموو سنوور و پەوەرێکی جەنگ و ململانێی بزاندووە، لەوەش ئەنتیکەتر ئەوەیە ئەمە لە شارەکانی بەغداد و رومادی و دیالە خەڵکان لەسەر ناسنامە و ناو دەکوژرێن گوایە ناوەکانیان تەعبیر لە مەزهەبێکی دیاریکراو دەکات. دیان بەگەی سەلمێنراو و ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسی لە بەردەستدان هەما بە ئەو جۆرە لە کوشتن و تیرۆر دەکەن لەسەر ناسنامە و ناو.

ڕۆژنامەنووسێکی بیانیی ڕاپۆرتێکی لەسەر کوشتن لەسەر ناو ئامادەکردووە، ڕاپۆرتەکە لە ماڵپەڕی ئینتەرنێتی (ئیلاف) بەاوکراوەتەوە و دەڵێت (لە ڕەی وتووێژکانەوە بۆم دەرکەوت هەندە ناو و نازناوی دیاریکراو هەیە خاوەنەکانیان ڕووبەووی مەترسی دەکاتەوە، ئەمەش لە هیچەوە نەهاتووە. بەکو چەندین حاڵەتی کوشتن

و فاندن لەسەر ناسنامە یان ناو لە زەربەی ناوچە بارگرژکاندا رووبداوە، بە نموونە هەڵگری ناوکانی وەک: حسەین، عەلی، عەبدولزەهرە، عەبدولحسەین و نازناوکانی وەک: ئەلموسەوی، ئەلدەڵاجی، ئەلئەسەدی، شیعە مەزهەبن بە پێچەوانەشەوە هەڵگری ناوکانی وەک: عوسمان عەلی، ئەبوبەکر، نازناوکانی وەک: ئەلمەشهەدانی، ئەلکەعبی، ئەلزەبەعی. نازناوی سوونە مەزهەبن و لە هەندێک شوێن داواکراون). هەر ئەو سەرچاوەیە باسی ئەوە دەکات زەربەی عەراقییەکان ناچاربوون دوو ناسنامە هەبگرن، بەیەکەت، (ژمارەیەک لە عەراقییەکان ناچاری بەکارهێنانی دوو پێناسن، تا لە ناوچە بارگرژکاندا هەریەکەیان بە پێی ئەو تایفەی لەو ناوچەیەدا دەژی بەکاریبهێنێت). ئەمەش دەرخەری تاڵترین واقعیەت و چەپەڵەی توندوتیژیی مەزهەبییە لە عەراقدا.

هەر لەبارەی کێشەی ناو نازناوەوە، نووسەری عەرەبی عەراقی (محەمەد بەغدادی) دەنووسێت (چوینەتەوە ناو دەردەکی دیکەوە کە لە مێژووی عەراقدا بەم قەبارەیە نەبینراوە، ئەویش بریتییە لە تایفەگەریی، گەنجەکانمان گشت رۆژێک لەسەر ناسنامە دەکوژرێن، لە هەواڵەکاندا جگە لە هەواڵی دەزینەوەی دەیان تەرمی بە ناسنامە لە شەقامەکانی بەغداد لەلایەن پۆلیسی نوخەیبەوە. گوێبیستی هیچی دیکە نابین، یاخە فڕان کەس لە فڕان پارت یان مەزهەب، یان لە فڕان هەز لەلایەن، کەسانێکی نەناسراوەوە تیرەر کراوە!!، ئێستا دیاردەی ناو گۆڕین لە ناوچە عەراقییەکاندا بەاوبەتەوە، ناوکانی وەک عەلی و حسێن لە ناوچە سوونەکاندا گۆڕاوە، عومەر و عوسمانیش لە ناوچە شیعەکاندا). رۆژنامەی (ریاز)ی سعودی لە ژێر سەردێڕی (سەربەین بە پێی ناسنامە) بەاویکردەتەوە (سەربەین بەپێی ناسنامە دواترین ناونیشانی ئەو جەنگەیە کە ئێستا لە عەراقدا بەرپا بووە، هەر کەسێک ناوی عەلی، حەسەن، حسەین، زەین لعابدین بێت لەلایەن سوونەکانەوە دەکوژرێت. شیعەکانیش عومەر، عوسمان، موعاویە، یەزید، سەردەبەن، کارەساتەکە ترسکی وای ناوەتەوە کە خەڵکی ناچار دەکات ناو و ناسنامەی خەیان بگۆڕن و مەزهەب و تەنانەت ئاینی خەشیان –بە ئەو کەسانەی لە دەرەوەی ئەو دوو تایفە ئیسلامییەدان– بسەنەوە، ئەم پێشکەوتنەش لە لوبنان و لە سەردەمی جەنگە ناوخەییەکەدا، وەرگیراوە).

هەنووکە بازاڕی (مریدی) کە بازاڕی ساختە و تەزویرچییەکانی شاری بەغدادە و دەکەوێتە ناوچەی (سەدر) و چەندان ساڵە ناوبانگی بەوە دەرکردووە، پاسپۆرت و ناسنامە و بڕوانامەی ساختەی تەدا دروست دەکرێت، جمەی دێت و لە تازەترین جۆری داهێنانی ساختە و تەزویری ئەم بازاڕەدا ناسنامە دروستکردنە بە خەڵکان و پێیەوانی هەردوو

مەزهەبی شیعە و سوونە، تا بەهای گەینی ناوکانیانەوە لە مەترسی تیرۆر بە دوور بن!!، هەر بۆیە ئەمە سەرجەم دانیشتوانی شاری بەغداد دوو ناسنامەیان لە باخەڵدایە، لە یەکەکیاندا شیعەی دوانزە ئیمامین و لەویتریاندا سوونەی سەلەفی!!. ئەم چەند مانگەی دوایش مەیدانی عەراقی تووندترین و خوێناویترین حاڵەتی بەخۆوە بینی و تاوان و ستەمکاریی مەزهەبیی و سیاسیی تیایدا گەیشتە دوا لوتکە، ڕەنگە بەم دوای تەقینەوەکانی سامەرا و کاولکردنی مەرقەدی ئیمام عەباس شەپۆلێکی تووندوتیژیی و تیرۆری مەزهەبیی دەستیپێکردووە و عەراقی گەیاندەتە سەر لەواری ترسناکترین کارەساتی مرۆیی، ئەم نموونەیەی عەراق ڕەنگە لە مێژوودا بەرجەستە نەبووبێ، مەگەر لە دارفۆر و ڕوانداى پێشتردا کارەساتی وا خوێناویی ڕوویاندابێت، چوونکە ئەوەی ئەوە لە عەراق دەگوزەرێ زۆر لە تراژیدیای کاتی شەڕی ناوخۆی لوبنانی تێپەڕاندووە.
ڕۆژنامەنووسی چاودێر (سابرینا تاڤەرنیس) دەربارەی ئەو شەپۆلە لە تووندوتیژیی و تیرۆر، دەنووسێت (بۆیەی خەماندنی پسپۆرانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە مانگی ئۆگەستدا عەراق بەرەو ڕووی تووندترین کاری خەکوژیی بەتەوە بە تایبەت لە بەغداد و شارەکانی دەوروبەریدا، تەنیا لە ڕۆژێکدا 97 هاووڵاتی کوژراون و نەخۆشخانەی یەرموک ڕاستیی ئەم قسەیەی سەلماندووە و ڕایگەیاند ڕۆژێک لەوە زیاتریش). نووسەر و پسپۆری ئەمریکی بە ڕەگەز هیندیی (فەرید زەکەریا) سەرنووسەری گۆڤاری (نیوس ویک ئینتەرناشیونال) نووسیوویەتی (ڕەکخراوی نەوەوەتی بە کەچکردن هەیسەنگاندووە هەفتانە "9" نە هەزار کەس لە عەراقدا خانەبەدەر دەکرێن، یەکەتی قوربانیانی عەراقی کە ژمارەی قوربانییەکان لە عەراقدا دەژمێرن و پشت بە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان دەبەستن دەڵێت: مانگی ئۆگەست و ئەیلوول بە خوێناویترین و پە مەرگترین مانگ تەمارکراون بە عەراق، هەروەها ئەکتەبەریش بە زیادبوونی ئاستی ئەم تووندوتیژییانە دادنرێت). ئەم بارودۆخە ناهەموار و ناسەقامگیرەی عەراق، بە جۆرێک نائومێدیی خوڵقاندووە نێک سیاسەتمەدار و خەڵکانی ئاکادیمی عەراق بەجێدەهێن بەکسو کار گەیشتە ئەوەی یاریزان و وەرزشکارانیش لەدەست ئەم دۆخە هەبێن. بە پێی ڕاپۆرتی (میدڵ ئیست ئۆنلاین) پرسەی کەچی یاریزانانی یانە سەرکییەکانی عەراق، بە ئامانجی گەیانە بە دوای ڕەوشی ئاسایشی جگیر لە تیپەکانی تردا لەلایەک و هەوڵی زاڵبوون بەسەر گرفتە دارایییەکاندا لەلایەکی تر، هەر بۆیەی هەمان ڕاپۆرت تەنیا لە یانەی (ئەلزەورا) هەشت یاریزان تیپەکیان بەجێهێشتووە، لە کاتێکدا یانەکیان بەهێزترین یانەی عەراق و هەگەری چەندین نازناوە و لە مێژووی نوێی عەراقیشدا ئەو

یانەیە سەرکەوتووانە بەشداریی چەندان پاڵەوانێتی وەرزشی کردووە چ لەسەر ئاستی ئاسیا، چ لەسەر ئاستی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی.
بە کورتی عێراق شوێنکی پێ مەترسیدە بە هەموو هاووڵاتیان نەک تەنیا سیاسیی و کەسانی دیاریکراو و ناسراو. بارودۆخی ئەمنیی و تەنگژەی ئێستای عێراق جگە شڵەژانێکی لای ناوەندی سیاسیی ئەمریکی دروستکردووە، لە هەمان کاتدا عێراقیەکانیشی تووشی نائومێدیی و بێ هیوایی کردووە، تەنانەت زۆرێک لە پسپۆڕان و کارناسانی واقیعی عێراقیش لەو قەناعەتەدان، پڕۆژەی ئەمریکیی هەر لە بنەڕەتەوە هەرەسی هێناوە و نەیتوانیوە ئامانجەکانی بپێکێت، بگرە دەستکورت بووە تەنانەت لە ڕاگرتنی بارودۆخ و بڕەقڕارکردنی سەقامگیریی.
جاکسۆن دیە دەڵێت (سەرێک بۆش ڕایدەگەیەنێت بارودۆخی عێراق دەگۆڕێت و ئاسایشی نەتەوەیی دەپارێزێت، بەڵام سیاسەت بە پێچەوانەوە هەنگاو دەنێت، ستراتیژیی سێ ساڵی پێشوو هاوکاریی ئەوتەی عێراقیەکانی نەکرد و هەڵبژاردن نەیتوانی ببێتە فاکتەرێکی سەرکی بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخی ئاسایش). بارودۆخی عێراق بۆتە مایەی واق وڕمانی ئەندامانی کۆنگرێس و سیاسەتمەدارانی سەر بە کۆماریی و بگرە دیموکراتەکانیش، تەنانەت دۆخی عێراق بەهەمان دۆخی دارفۆر و کۆنگۆ بڕاوورد دەکەن بگرە زیاتریش. دیسان ڕۆژنامەنووس (سابرینا تاڤەرنیس) دەنووسێت (ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکی کوژرانی عێراقیەکان بەم ژمارە زۆرە بە بارودۆخێکی مەترسیدار لە قەڵەم دەدەن و بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان ئاسایشی وڵات چارەسەر بکەن و سەقامگیریی بگەڕێننەوە بۆ هاووڵاتیان، هەروەها ئەم بارودۆخەی عێراق بڕاوورد دەکەن لەگەڵ دارفۆر و کۆنگۆ لە ڕووی ژمارەی کوژراوە و تەنگژەی سیاسییەوە).
لای عێراقیەکانیش هەموو گۆشبینی و خۆشبینی و هیوایەکی ترسناک، ئارەزوومەندانە چاوەڕێی بەرەبەیانی نوسەری سیاسیی عێراقی (عەقیل ئەلعەقابی) لەگەڵ منداڵ بخۆنینەوە: (هەموو ئەو بانگانەی ئێستا بەدەستمانەوەیە، گشت ئەوەی دەیزانین و دەیبیستین و دەیبینین و ئەوەی کەسوکارمان لە ناوەوەی نیشتمانەوە بەمان دەگێڕنەوە، بەشەوێکی تەواوەتی دەیچەسپێنن ئەو عێراقەی خۆنمان پێوە دەبینی و بیرمان لێدەکردەوە ئەم عێراقە نییە!!). ئەوجا دەڵێت (خۆنکانمان زیاتر لە خۆنی منداڵی پێنگەیشتوو دەچێت، ئەمە خۆنمان بەهەموو شتکەوە دەبینی، نەخشمان بە هەموو شتێک بەشەوێکی هەمەڕەنگی و بگوناهییەوە دەکشا). هەموو ئەوانەی لە عێراقدا ڕوودەدەن پێچەوانەی ئەوەن ئەمریکا بانگەشەی بۆ دەکات، شەرمەندەڕی عێراق بە دەزگای ملمی ڕێگای گرتەبەر نەک بە

باخچەکانی عەدەن، عێراق لە ژێر سێبەری شمشێر و تیرۆر و فەتوادا راگیراوە نەک لە ژێر سایەتی دیموکراسی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە. شەقامی ئەمریکیش هەستی بەمە کردووە و دەیەوێ لەمە زیاتر نیزامی و هاووڵاتییەکانیان لە بەرداشی خوێناویترین جەنگی دنیادا نەبنە سووتەمەنی و قوربانی، هەر بۆیە هەکارەوە کەماریپەکان لە هەڵبژاردنی کۆنگرێسدا دەڕان، چوونکە خەڵکی ئەمریکاش نایانەوێ جارێکی تر سوژنی ڤێتنام لە دێیان بچەقێنرێتەوە، ئەمەش داوای کشانەوەی هێزەکان لە عێراق دەکاتە داواکارییەکی جەماوەریی و میللی، بەڵام ئیدارە و دەستە راستڕەو و تونڕەوەکەی چواردەوری بوش سوورن لەسەر مانەوەی هێزەکانیان لە عێراق تا کۆتایی هاتنی پرۆسەی سیاسیی لە عێراق و سەرکەوتنی ئەمریکا و بەدیهێنانی ئامانجەکانیان. بگرە هەندە قسەی پێکەنینهێنەر دەکەن، گوایە ئامانجی خۆیان پێکاوە لە دروستکردنەوەی عێراقدا و توانیویانە سەرکەوتن بەسەر تیرۆریستەکاندا بەدەست بهێنن.
کارناس و پسپۆڕی ناسراوی ئەمریکی (دەنیس ڕەس) دەنووسێت (..بەڵام ئیدارەی سەرۆک بوش چی دەوێت؟ ئایا توانیوویەتی لەگەڵ ئەو هەڵکەوتە بگونجێت؟ هەشتا بانگەشەی ئەو دەکات پشکەوتنی بەرچاوی بە خێرایەوە بینیووە، بەڵام خەریکە عێراق لە ژێر بەرداشی شەڕکی ناوخۆییدا دەهاژێت. هەروەک پلانەکانی ئاسایش سەرنەکەوتووە لە وەستاندنی تووندوتیژیی، هەرچی جارێک رادەگەیەندرێت هێزەکانی لە عێراق کەم دەکاتەوە بەهەی بەرزبوونەوەی شەڕ و کوشتارەوە پێشیمان دەبێتەوە؟ بۆیە وای لێهاتووە پارێزگاریکردن لەسەر ئەو پێوەوەی لە عێراق گرتوویەتیە بەر بەمنێتەوە و زیاتر لە واقیع هەڵاتووە لە جیاتی ئەوەی رووبەڕووی بێتەوە). بەم حاڵەشەوە دەناڵد رامسفێد (تا کاتی وازهێنانی لە پستەکەی لە وەزارەتی بەرگریی) چارەسەری لە ڕەوانەکردنی زیاتری سەربازەکاندا دەبینییەوە، ئەمە لە کاتێکدایە سەد و پێنجا هەزار سەربازی ئەمریکی تا ئێستا نەیتوانیوە لە قورسایی جەنگی نەوخۆی عێراق کەمبکاتەوە، ئیتر چۆن دەتوانن بەهێزی زیاتر عێراق کۆنترۆڵ بکەن؟، پەموایە نەک دوو سەد هەزار سەرباز بەڵکو دوو ملیۆنیش ناتوانێ عێراقییەکان بخاتە سەرباری ئاشتی ئەگەر خۆیان بە ئاوەز بیاری لەسەر نەدەن و هەوڵنەدەن بە فەرمی ئاشتیانە ئەو دەخە شەڕاوە چارەسەر بکرێت.
(فەرید زەکەریا) ڕەخنە لە پێشنیاری ڕەوانەکردنی زیاتری هێزە نیزامییەکان دەگرێ و پێیوایە ڕەنگی نابێت لە چارەسەرکردنی تەنگژەی عێراقدا، ئەو دەنووسێت (چاوەڕوانکردنی زیاد لە ئەندازە و ناردنی هێزی سەربازیی زیاتر، دوورە لەوەی کە بتوانێت هەلومەرجی ناوچەکە بگۆڕێت. من لە هەڵوێستی و سەرنجی ئەو کەسانە تێگەیشتووم

دیانەوە هەڵکی سەربازیی زۆر ڕوانی عێراق بکەن بە پاراستنی ئاسایشی وڵات، من لە یەکەم هەفتەی هەرشی هاوپەیمانان بە سەر عێراق هەوڵی جێبەجێکردنی سیاسەتکی بەمشوەم دا، بەڵام ئەمە ئەم لەو شوێنەین کە دەستمان پێکرد، بە تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر ئەم جەنگەدا تونەدوتیژیی زیاتر تەشەنەی سەندووە و ڕۆگەی بە وڵاتانی دراوسێش خۆشکردووە خەیان لەو هەلومەرجە هەقورتێنن. لە زۆربەی ناوچەکاندا میلیشیا ناوخۆییەکان لەلایەن بەرپرسەکانیان لە بەغدادەوە کۆنترۆڵ ناکرێن، بە ئەم جۆرە دابەشانە لە دەسەڵات لە کاتی جەنگ لە شەقامەکاندا زیاتر لە سەد یان دوو سەد هەزار هێزی سەربازیی لە بەغداد جگە لە کاریگەرییەکی کاتی هیچ ڕۆژێکی تری نابێت). هەرچەندە ئەمریکا لە زۆر ڕووەوە شکستی هێناوە لە مەیدانی عێراقدا، بەڵام بوش لە کاتی لێدوانەکانیدا زۆر بە دڵنیاییەوە قسە لەسەر سەرکەوتن دەکات و لایوایە پێشڕەوی زۆریان کردووە لە هەلومەرجی عێراقدا و بەردەوامیش لە هەموو دەرکەوتن و پرەس کۆنفرانسەکانیدا پێداگریی لەسەر ئەو پێشکەوتنانە دەکات کە لە عێراقدا کردوویانە، بەڵام کام پێشکەوتن و سەرکەوتن؟ ئەو سەرکەوتنەی هەموو ڕۆژە تارمی سەربازەکانیان لە کیسەدا بە دەچێتەوە؟ یان ئەو سەرکەوتنەی عێراقی غەرقی خوێن و کابووس و گریان کردووە؟!!. یان ئەو سەرکەوتنەی عێراق بوتە گۆڕستانکی خوێناویی تەسفیە حساباتی ئەمریکا و نەیارەکانی؟؟.

بوش، سەرکەوتنەکانی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە لە عێراقدا بمێنێتەوە تاکوو کۆتایی، هەروەک (دان فرومکین) لە ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست)دا نووسیوویەتی (یەکێک لە خاڵە سەرنجڕاکێشەکانی سەرکی بوش لەمەڕ جەنگی عێراق سووربوونیەتی لەسەر بڕدنەوەی ئەمە کە لە زۆربەی کۆنگرە ڕۆژنامەنووسیەکاندا جێختی لێدەکاتەوە، بوش دەڵێت: بە دڵنیاییەوە ئەمە سەرکەوتوو دەبین، ئەمەش ڕاستییە!. بە پێی بۆچوونی من کاتێک لە عێراق شکست دەهێنین گەر لەو وڵاتە بکشێینەوە و کارەکانمان بە تەواوەتی جێبەجێ نەکەین. هاوکات لەگەڵ ئەم لێدوانانەدا بارودۆخ ئاڵۆزتر دەبێت و عێراق بەرەو جەنگی ناوخۆ هەنگاو دەنێت، تەنانەت حکوومەتی ناوەندیی ناتوانێت کۆنترۆڵی ئەو بارگرژییە بکات، بوش چۆن دەڵێت لەم جەنگەدا ئەمە براوەین؟!). بە کورتی سەرەڕای گەرموگوڕیی ئەمریکا لەمەڕ دروستکردنەوەی عێراقی نوێ کۆچی زەمینە و تابلۆ ریالیستییەکەی ناو عێراق پێچەوانەی ئەمەمان پێدەڵێت!. ئایا دەتوانین لەم زەمینە پڕ هەڵبەز و دابەزەدا و لەم زریانی خوێنەدا بانگەشە بە دیموکراسییبوون بکەین؟ بگومان نەخێر، ڕەنگە گرنگترین کار لە دیموکراسییەتیش ڕاگرتنی ئەم لافاوی کوشتارە بە بڕیارێکی بە کۆمەڵ عێراقی گرتنەوە!

گرنگترین کار بەرگرتنە بە ڕەشەبای تیرۆر و باهۆزی فەتوا و مەیلی مەزهەبگەرایی و وەستاندنی ئەو نەزیفەی خوێن و ئینفالکردنی ئەوانیتر. بە بەچوونی من ئەو نەخشەیەی ئەمریکا هەیەتی بە عێراق و تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەجیندایەکی کامڵ نییە و تۆزێتی لە کەموکورتی و ناواقیعبینی، چوونکە پێش هەرشت ئەمریکا ڕەچاوی دۆخی دواکەوتووی ڕۆژهەڵاتی نەکردووە و خوێندنەوەیەکی قووڵی نەبووە بە مێژووی پڕ لە کارەسات و کێشەسەر و کوشتوبڕی ڕۆژهەڵات، چوونکە دۆخی ڕۆژهەڵات، دۆخێکی ئاوارتە و تایبەتە، میکانیزم و ڕێگاکانی چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم ناوچەیە گەلێک هەستیارن.
لە ڕاستیدا نەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هەموو ڕوویەکەوە پاشکۆی بە خێرایی بینیووە، لە ماوەیەکی زەر نزیکدا سەرکەوتنی (حەماس)مان لە فەلەستین بینی، دەتوانم بڵێم سەرکەوتنی حەماس بەشوەیەک لەشوەکان گوزارشت لە کەوتنی مەدی دیموکراسی دەکات لەهەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. تراژیدیاکە لەوەدایە ئیسلامییە تووندڕەوەکان سوودمەندترین خەڵکانەکن لە پرۆسەی دیموکراسی و هەڵبژاردن لە ناوچەکەدا، وەک تێبینیش کرا هەر ئەم میکانیزمە بوو حەماسی هێنایە سەر تەختی دەسەڵاتداریی. محەمەد ئەبو رمان جوانی بەچوو کاتێک دەنووسێ (لە کاتێیدا سەرکەوتنی حەماس لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکاندا و دروستکردنی کابینەی حکوومەت لە فەلەستین، دووپاتی ئەو ڕاستییەی کردەوە ئیسلامییەکان لە ڕەی سندوقەکانی دەنگدانەوە دەبنە یەکەم میراتگری ئەو ڕژمانەی ئەمریکا دەیەوە بیانگوازێتەوە). کارەساتی ڕۆژهەڵات لەوەدایە تاکە ئەلتەرناتیڤ و جگرەوەی ڕژمە تۆتالیتارییەکانی ئەم دەڤەرە بە تەنە گروپە ئیسلامییەکانن، تیاری عەلمانی و لیبرال و پڕ ڕۆژئاوایی و دیموکراتیک نەک لاواز و بە پگەن بەڵکو هەر لە ستراکتورەوە ئەم ڕەوتانە گۆشیان نەکردووە و لە هەبووندا نین. تەنانەت دۆخی نوێی ڕۆژهەڵات بە تایبەت دوای سەرکەوتنەکانی حەماس هەمووانی گەیاندە ئەو بڕوایەی گەدەی دیموکراسی و پلۆرالیزم روو لە سەرزەمینی ڕۆژهەڵاتی ناقین ناکات، تا ئەو سنووڕەی لە ڕاددەی گۆشبینی ئەمریکاشی کەم کردەتەوە. لافرانشی دەڵێت (ئەوەی لەم ماوەیەی دوایدا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە خێرایی بینی، بە تایبەت گۆشتنە دەسەڵاتی حەماس لە چوارچێوەی هەڵبژاردنەکدا لایەن ئەمریکاوە پشتگیریی لێدەکرا، هەروەک دەرککردن بە سەختیی و دژواریی چاندنی تۆوی دیموکراسییەت لە عێراقدا، هانی جۆرج بوش-یان داوە تاوەکو چاو بگێڕنەوە بە گووتاری دیموکراسییەتدا، لە هەمان کاتدا لە ڕاددەی ئەو دگەرمییەش بنەتە خوارە کە بە هەوەستە یەکەمیەکانەوە دیار بوو). ئەمریکا و خودی بوش تاکو ئێستاش شکی

دەستی ئێران بەرینداون.
فەرید زەکەریا بە وردبوونەوەی قووڵی لە هەلومەرجی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پسپۆرییەکەی، گەیشتە ئەو بڕوایەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتە گۆڕپانکی سەرکیی بە نەشونماکردنی ئیسلامی سیاسیی ئەویش لە ئەنجامی پاشکشەی هێزری سیاسیی عەلمانی و دیموکراسیخوازیی. زەکەریا لە وتارەکدا نوسیویەتی (خەرهەڵاتی ناوەڕاست یەک لەو بڕشانەی جیهانە لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا پاشکشەی بەخێوەو بینیوە، خەرهەڵاتی ناوەڕاست بەتە شوێنک بە فراوانی دیکتاتۆریەت و ستەمکاریی و هەڵاوسانی ئابووری و داخران لە هەموو لایەنکەوە. ئیسلامی سیاسیی زمانێکی ئامادەکراوی بە ناڕەزایی خەڵقاندووە، ئەمش خەڵکانی دواکەوتوو و ڕابردووخوازی پێ فریو دەدەن هەروەک چۆن فاشیزم و کۆمۆنیزمی ڕادیکاڵ توانیان لە ڕابردوودا بە هەمان شێوە ترس بڕهەم بهێنن). عەراق وەک خانەیەکی دانەبەاو لە جسمی هەمان ئەو ڕۆژهەڵاتە نغرۆی ستەمکاریی و کولتوور و دەسەڵاتی دیکتاتۆریی بووە، دیکتاتۆریەتیش بەرلەوەی سیستمێکی سیاسیی یان کارگێڕیی بێت، عەقڵیەت و تێگەیشتن و بیرکردنەوەیە. چاندنی تۆوی دیموکراسی لە عەراقێکی وا پڕ لە تەنگ و چەمۆ و کێشمەکێشدا کارێکی ئاستەم و دژوارە، تا ئاستێک هەندێک لە شارەزایان بە موستەحیل لە قەڵەمی دەدەن. دانیس ڕاس کەنە ڕێکخەری کاروباری ئەمریکا بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نووسینێکدا کە لە ڕۆژنامەی (واشنتۆن پۆست)دا بڵاوکراوەتەوە دانووسە (پێویستە هەموو لایەنکان بزانن عەراق ناتوانێ ببێتە وڵاتێکی مۆدیل دیموکراتیک و یەکگرتوو بە وڵاتانی هەرەمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست). لە ڕاستیدا عەراق دەتوانێ هەنگاو هەڵگرێ ڕووەو دیموکراسی و کرانەوە بەڵام بەپێی پرسە و چەند قۆناغێک، لەگەڵیدا پێویستی بە ماندووبوونی زۆر و پێداگرێی جیددی و درێژخایەن هەیە. چوونکە مێژووی کۆن و نوێی عەراق مێژوویەکی پڕ تراژیدیا و ڕووداوی خوێناویی و توندوتیژانە بووە، لە بڕبڕیانی دەسەڵاتی سەمەرەوە بیگرە تا ئەمڕۆی عەهدی مالیکی، مێژوو و دیرەکێک بووە لەوانەو لە کارەسات و خوێن، ماوەیەک نییە عەراق لە جەنگ و کاولکاریی و کوشت و کوشتار پشووی دابێت. ڕەنانی دیموکراسیی لەسەر ئەو باکگراوندە تاریک و تاڵە کارەکی هەرزان نییە بگرە زۆر ماندووکەرە.
تە بەوانە لە سەردەمی غەزەواتی ئیسلامی و هەرشی موسەمانە بڕایەکان بەهەمان شێوە هەرش و پەلامارکانی ئەکەدی و بابلی و ئاشوورییەکان عەراق وەک دەربەندێکی پڕ خوێن و کێشە و ململانێکان و گۆڕپانکی ترسناکی ڕووبەووبوونەوە دەرکەوت، بەو جۆرەش بە

درێژایی دەسەڵاتی ئیسلامی هەر لە راشیدین و ئەمەوی و عەباسییەوە بیگرە بە ساتەک چییە عێراق بە جەنگ و کاولکاریی نەبووە تا دێگات بە هەرشی مەغۆل بە سەر بەغداد، هەروا ئەم سەرزەمین و جوگرافیایەی ئەمڕۆ بە عێراق نەو دەبرە لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانی و داگیرکاریی نوێ و حکومی پاشایەتی و کۆماریی و دەسەڵاتی بەعس تونەترین و سەختترین جەنگ و ماوەرانی بە خۆوە بینینوە، بە ئەندازەیەک دەندایەتی و کوشت و بڕکان لە ئاستەکدان بە هەشدا ناچن و لە چوارچێوەی ئەفسانە و حیکایەتی میللیشدا جێگایان نابێتەوە. سەینەوەی ئەم مەتیقە پە ئاشووب و خوێناویە هەروا کارەکی ئاسان نییە. مرۆڤ کاتێک کتێبەکەی "باقر یاسین" بە ناوی "مێژووی خوێناویی عێراق" دەخوێنێتەوە، دەمارەکانی گرژ دەبن و تووشی شۆک دەبێت، چوونکە ئەوەی لە میتۆلۆجی و داستانە خەیاڵییەکاندا هەیە لە پیادەکردنی تۆندوتیژیی لەسەر ئەرزی واقیع لە عێراق پەیڕەو کراوە.
عێراقێک کە بە (کۆماری ترس) وەسفکراوە و لە واقیعیشدا کۆماری ترس و داپڵۆسینە، دیموکراتیزەکردنی کارەکی ئاسان نییە و بە بەیارەکی سیاسیی لەلایەن بوش و بلێرەوە نابێتە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی. خە دیموکراسی جلەک نییە عێراقییەکان لە بەری بکەن هەروەک چۆن دیکتاتۆرییەتیش پۆشاک نییە تاوەکو فڕێی بدەن و بیکەنە تەنەکەی خۆڵەوە. لەبەرئەوە پەیوەستە دیموکراسی لە نەو بیرکردنەوەی خودی عێراقییەکانەوە لە دایک بێت نەک بە زۆر بەسەریاندا بسەپێنرێ، چوونکە ڕەنگبە دیموکراسی تاکە شتێک بێت نەسەپێنرێت و بتەپزی نەیەتە دی. د.بورهان گلیەن دەڵێت (پەیوەستە دیموکراسی لەناو وەرچەرخانە قووڵەکانی هاوسەنگییە کۆمەڵایەتییە ناوخۆییەکانەوە سەرچاوە بگرێت و هەنگاو بنێت بەرەو پەداگرتن لەسەر سەروەریی جەماوەریی و بە فیعلی گەل بگەڕێت بە سەرچاوەی دەسەڵاتکان). (ئەدەنیس)یش هەمان ڕای لەسەر هەمان مەسەلە هەیە و دەڵێت (گەر وەاتانی عەرەبی زۆر لەوە بەهیواترن بتوانن خەیان دیموکراسی قبوڵ بکەن، ئەوە ناتوانن دیموکراسی بن بە هەی دەستوەردانی دەرەکی ئەوانیترەوە، ئەگەر ئەمە بمانوێت دیموکراسی بین بەر لە هەر شت پەیوەستە پشت بە خەمان ببەستین، بەڵام سەرباری ئەوەش مەرجەکان بە دیموکراسی بوون لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا بوونی نییە). بۆیە بیرکردنەوە لە پێشمەرجەکانی دیموکراسی ئەولەویترین کارە لە ڕاستای بینای کۆمەڵگەیەکی دیموکرات و ئازاد. بە ئەوەی دیموکراسیی ببێتە سیستم، لە پێشنەرەدا پەیوەستە لە تاکەوە دەست پێبکرێت، نەک لە دەسەڵاتەوە. دەبێت خەیاڵدانی تاک بگەڕێت، چوونکە دواجار ئەو تاکانەن گشت پێکدەهێنن.

کەواتە دەبێت دیموکراسی چ وەک بیرکەو و چ وەک سیستەمکی حوکمەانی لە پێش هەر شتێکدا لەلایەن خودی عێراقییەکانەوە پەسەند بکرێت، بەبێ ئەوە ئیمکان نییە تە بتەوە بە زەبری هێز دیموکراسی تیا پراکتیزە بکەیت. لە کاتێکیشدا زەربەری خێک دەستیان لەوە شەردووە عێراق ببێتە نموونەیکی دیموکراسی و رێژەەیاتی ناوەاست وەرچەرخێ بە ئەو دوورگە یەتەپییەی ئەمەریکا لە خەیاڵ و ئایدیای ئەمەدا رەنگی بە رشتووە، ئاخۆ ئاستەی ئەمەریکا چۆن هەنگاو بە هەنگاو لەگڵ ئەم کەمەگڵ دواکەوتووانەدا دەچێتە پێش؟ لە وەختێکدا ئەم کەمەانە بە درێژایی مێژوو لە ژێر جۆبەوتی دیکتاتەریی و ستەمکارییدا ناڕانەدوبانە و بەبێش بوون لە سادەترین حەقی دیموکراسی خۆیان. (فرەد هالیدی) دەنووسێت (دیموکراسی لە وەاتێکدا بەدی نایێت خاوەنی مێژوویێکی درێژخایەن بێت لە دیکتاتەریی، بە نموونە وەاتێکی وەک ئێران 2500 ساڵ لە ژێر دەسەاتی پاشایێتیدا بووە چۆن ئاگاری ئەوەی لەدەکرێت ببێتە وەاتێکی دیموکراسی.!؟ عێراقیش هەروەها، بە تەواوی کولتوورەکیەوە هەر لە حامورابییەوە تا دەگاتە دەسەاتی هاشمییەکان بە هەمان شێوە..). هەر ئەمەشە وا دەکات پرسەکە لە عێراقدا سەخت و نالەبار و قورستر بێت، بەام پرسیارەکەی ئەمە لەوەیە کەوا پێژە و هەنگاوە کردارییەکانی ئەمەریکا بە گەینی عێراق بەرەو دیموکراسی؟ پەم بۆن لەوەتەی ئەمەریکا لە عێراقە کام هەنگاوی جیددیمان بەو ئاقارەدا هەست پێکردووە؟ بە پێچەوانەوە زەربەی جار ئەمەریکا لەسەر حیسابی دیموکراسی بەرژەوەندییەکانی خۆی پاراستووە. زەربەی جار بە راستکردنەوەی مەوقیفی لاری ئەمەریکا دیموکراسییەت باجێکی داوە، وەک ئەو تەوافوقاتە درێینانەی لە نەوان پێکهاتە عێراقییەکاندا بە فشار و پاڵپەستەی ئەمەریکا هاتنە دی!، ئەوە راستە دیموکراسی لە عێراقدا دەبە لەسەر بنەمای تەوافوق و کەدەنگی بێت، بەام ئەمجەرە لە تەوافوق، دیموکراسی و گەوهەریی سیستەمکی لەو چێشنە دەخاتە ژێر پرسیار و گومانی زەرەوە و خاڵی دەکاتەوە لە بنەما و ڕەحە راستقینەکەی.

بەندە نموونەیکی لەلایە، کاتێک بە ماوەی یەک تاکە مانگ (عەبدولعەزیز حەکیم) وەک مەلایکی بونیادگەر لە کۆتایی ساڵی 2003 کرایە سەرکی ئەنجوومەنی حوکمی ئەوسا، یەکەم بەیار و دوا بەیاری دەرکردنی بەیاری 137 بوو لە دژی مافکانی ژنان، ئەمەریکا جوقەی لەوە نەهات، ئەوەی هاتە دەنگ هەندێک لایەنی عەرەبی و کوردیی بوون، ئەوانیش لە میانەی گەمەیکی سیاسیی وشکدا. ئەمەریکایەک کە دەیەوە دیموکراسی بەرقەرار بکات چۆن چاوپۆشی لەوە دەکات نیوەی کەمەگەیەک دیل و پەاوەز بخرێت و کەنارگیر بکرێت لە ڕەگەان لە

وەتدا هەشتاش بانگەشە بۆ دیموکراسیەت بکەین؟ لە کاتێکدا رۆحی دیموکراسی ئاوێتە هەردوو رەگەزەکە شانبەشانی یەکتر رۆڵی چالاکانە و کارا بگێڕن لە وەرچەرخاندنی کەمێگە رووەو ئایندەیەکی باشتر و پاشکۆپێکردنی سیستەمی نەریتیی کۆن و دیکتاتۆریی. کوا دیموکراسییەکەی ئەمریکا کە چاو لێبە مافی ژن دەپۆشێ؟ رەنگە منیش رام لەگەڵ هەندێک نووسەری عەرەبدا بێت کاتێک دەڵێن دیموکراسی ئەمریکا دیموکراسییەکی دووڕوو و تایبەتمەندە و لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی بنەڕەتی بونیادنراوە.

ڕووناکبیری عەرەب د.عەبدولعەزیز مەقالیح لە وتارێکدا بەناوی (بوش و دیموکراسییەتی تاکەهەند) دەربارەی جۆری دیموکراسیزمی ئەمریکی دەنووسێت (بەاوەڕی بەجۆرە دیموکراسییەکی تایبەتی هەیە، دیموکراسییەک لەگەڵ ئارەزووەکانی خۆیدا بسازێت بۆ ئاوەڵای خۆی ئەوانە هەڵبژێرێت بۆ فەرمانڕەوای ئەو وەکو موڵکی تایبەتی خۆی سەیریان دەکات، خۆ ئەگەر گەلان دژی ئیرادەی کۆشکی سپی دەنگیان دا و بەویستی خۆیان ئەوانیان هەڵبژارد کە خۆیان دەیانەوێت فەرمانڕەوایی بکەن، ئەوکاتە دیموکراسی پەسەند نییە و لە ئاجێندای سیستمی نوێی جیهانیدا جێی نابێتەوە). تا ئەو جێیەی د.مەقالیح دەڵێت (گوومان لەوەدا نییە ئەو مەرج و پێوەرانەی ئیدارەی ئەمریکا دایاندەنێت بۆ پیادەکردنی دیموکراسییە تایبەتییەکەی خۆی، گەلێک گیروگرفت بۆ ئیدارەکە و بۆ جیهانیش و بۆ ئەو گەلانەش دەنێتەوە کە دەمکە بە پەرەشەوە چاوییان بڕیوەتە دیموکراسی دروست کە تەنیا ئیرادەی گەلان و سندوقەکانی هەڵبژاردن کۆنترۆڵی دەکەن. کەس وای بە نەچووە دیموکراسی وەک بەهایەکی سیاسیی و کەڵتووری ڕۆژئاوا لە ڕۆژان وای لێدێت ببێت بە ئامانجێک بۆ ڕازیکردنی ئەم یان ئەو هێزی نوودەوڵەتی، نەک بەدابینکردنی دادپەروەری و بەدیهێنانی خۆشی گەلان و رزگاربوون لە کابووسی دیکتاتۆران و فەرمانڕەوایکردنی گەلان بە قامچییەکانی توندوتیژیی و هێز و ناچارکردن).

لایەکی تر شەوازی مامەڵەی ئەمریکییەکان لەگەڵ عێراقییەکان شەوازێکی هەڵە و ڕەق و نادروستانەیە، دیموکراسی بە گوللە و مارینز و توندوتیژیی ناچێسپێ، دیموکراسی بە ئەپڕاسیۆنی سەربازیی و تەقەکردن لە هاووڵاتیانی سڤیل و هەرشی فڕۆکە و پەمالاری جیمس بۆندیانە پراکتیزە ناکرێ. دیموکراسی وەک کایەیەک بە سواری ئۆتۆمبیل و زرپێشی دەرعی سەربازیی ئەمریکا ناهێنرێت بە عێراق و بە فشاری هێز دەرکییەکان ناسپێنرێ، بەڵکو دەبێت لە ناوەوەڵا لە گەردە زەر بچووکەکانەوە دەستپێدەکات نەک لە لوتکە و هەڵمی دەسەڵاتەوە. گەلێک هەشتا باوەڕی بەوە هەیە توندوتیژیی و

زۆبروزێنگ تاکە ئامرازی راگرتنی دەستات و حکومەت و لەگەڵ ئەم فەرمانە لە دەوڵەتداریی راهاتووە، ناکرێت ئەمریکا بە بەیارەک سیحری لەبکات و عەساکەی موسا بەسەریدا بدات و بیکاتە دیموکراسیخوازی عەیارە بیست و چوار. دیموکراسی بە سواری هەمری سەربازیی ناهێندرێت، دیموکراسی پێش هەر فەرهەنگە. مامۆستای ئەمریکا لە شۆوازی هەوڵدان بۆ جێخستنی دیموکراسی لە عێراقدا مامۆستایەکی گونجاو نەبووە بۆ دڵیلی ئەوەی لەسەرەتای پرسەی ئازادیی عێراقەوە بە بەیارەکی نەودەوڵەتی شێوەی خۆی گەیی بە دەستاتی داگیرکەر، هەر ئەمشە وا دەکات تەواوی گەلی عەرەب لە بەشە عەرەبییەکەی عێراقدا مامۆستای داگیرکەر لەگەڵ ئەمریکا بکەن و بە ئیمپریالیزمی نوێ و نیو کۆلۆنیالیزم ناودێری بکەن، لەواقیعیشدا ئەمریکا لە تەواوی دنیادا سومعەی شکاوە بۆ حوکمی ئەوەی هەموو موراڵ و سنووورەکی نەودەوڵەتی بزاندووە، تەنانەت فەکەمایا لە ڕۆژی 31-8-2006 لە میانەی وتووێژەکدا بە ئەکبەری گەنجی وتووە (ئەمریکا مەشروعییەتی خۆی لە دەستداوە، سەرلەنوێ بنیادنانەوەی ئەم ئیعتبارەش کاتەکی زۆری دەوێت).
هەبەتە تە ناتوانی خوازیاری شتەک بیت کە دوژمنەکەت یان داگیرکەرەکەت خوازیاریەتی بەسەرتدا بیسەپێنێ، ئەمە جگە لەو هەموو توندوتیژیی و سکەندا و ئابووچوونەی ئاشکرابوون کە مامۆستای ئەمریکا لە بەرامبەر عێراقییەکان دەردەخات، ئەوەندەی تر پرسەکەی سەختتر کردووە بۆ تایبەتی دوای ئاشکرابوونی دەستدرێژیی سێکسی و فیزیکی بە سەر زیندانییەکان لەلایەن مارینزەکانەوە ئەمە بۆ تایبەت لە ئابوغرێب و هەندێ جگەی دیکە. بگومانیش پڕچەکرداری توندوتیژیی جگە لە خودی توندوتیژییەکی سەخت و قورستر چیدی نییە، (نەم چەمسکی) پێیوایە (بە مومارەسەکردنی توندوتیژیی، ئەمە یارمەتی تیرۆریستان دەدەین چوونکە کردەوەی توندوتیژیی کاردانەوەی وەهای لەدەکەوێتەوە کە لەوانەیە کارەسات بخوڵقێنێت). جگە لەوەش هەلومەرجی عەینی و بابەتی نەوخۆی عێراق لەبار نییە بۆ تاقیکردنەوەی ئەزموونی دیموکراسی، لە هەمان کاتدا ئەم وڵاتە کەنداوەکی گەمارۆ دراوە بۆ دەوڵەتگەلی دیکتاتۆریی و تۆتالیتاریی. بەم هەیوە سەرزەمینی عێراق بەرووبە بە رسکانی خونچەی دیموکراسییەت تێیدا.
لەلای باشوور سعودیە و کوەیت و وڵاتانی تری کەنداوی عەرەبی هەیە، ئەم وڵاتانە سەرجەمای ئاوێتەبوونی دەستاتکانیان لەگەڵ ئاین، دەوڵەتگەلکی دیکتاتۆریی و ئیستبدادیی ڕەهان و هەموو ئازادییەکی سیاسیی و بیروڕا تیایاندا سنووردار کراون. راستە لە ڕووی ئابووریەوە ئەم دەوڵەتانە لە ئاستکی باشدان کە تاک دەخل و

بژێـــویی بەرزە و ڕەفـــاە دژی، بەـــام لە ڕووی سیاســـییەوە دیکتاتۆرییەت زاڵە. لەبەری ڕژئاواوە هەردوو دەوڵەتی ئوردون و سوریا هەن، ئەوانیش دوو دەوڵەتی دیکتاتۆریی و شانشینین، لە ئەوەی سوریا ئیدعای سیستمی کۆماریی دەکات بەڵام گۆزرانەوەی دەسەات لە حافز ئەسەدەوە بۆ بەشاری کوڕی بەشەوی بەماوەیی نیشانەی ئەوەیە هەمان نۆریتی دەسەاتی پادشایی ناوچەکانی تری دنیای عەرەب لەوەش باڵادەستە. ئەو دوو دەوڵەتە تەمارکی ڕەشیان هەیە لە سەرکوتکردن و یاساغکردنی بیـرۆای جیـاواز، بە تـایبەتی سوریـا کە نەزعە و مەیلەکی تری شۆڤێنزمی عەرەبی شیعەگەریی عەلەوی و دەستەکی تر لە بەعســـیزم، ڕەوتەوەی دەســـەات دەبـــاتە پێشەوە، پەویســـت بە بەڵگەهێنانەوە ناکات ئۆگەر سوریا دیکتاتۆرترین دەوڵەتی ناوچەکە نەبێت بەگومان یەکێکە لە دەوڵەتە هەرە دیکتاتۆرەکان.
لە بەشی باکووری عەراقیشەوە دەوڵەتی تورکیا هەیە، سەرەای ئەوەی لەوە دەستوورەکی سکۆلاری ڕادیکاڵ بوونی هەیە و دیموکراسی تەرمەکە هەموو ڕژێک بانگەشەی بە دەکرێت، بەڵام لە واقیعی حاڵدا تورکیا هەر ئەوەندە دیموکراسییە دەستەات تێیدا دەستاودەست دەکات، دەنا ئەم دیموکراسییە بچووکەش هەموو ڕژێک لە ژێر هەڕەشە و ئیهانەدایە بە تـایبەت لەسـەر دەسـتی ئاکپـارتی کە حزبەکـی پـڕە ئیخـوانی خەلافەتخـواز و لە نەـو نوسـتالیژیای کەـنی تورکـدا ناسـنامەی خۆی دەزیوەتەوە کە ئەویش مەستبوونە بە ڕژانی باڵاکردنی ئیمپراتۆریای عوسمانلییەوە. جیا لەمەش ڕژانە ژەنراڵەکان سوکایەتی بە جەستە و شکڵی دیموکراسی دەکەن و بەپێی میزاجی عەسکەریی خۆیان ئاڵاستەی سیاسیی حکوومەت و دەسەات لەو وڵاتەدا دەگۆڕن. لەلایەکی تریشەوە دیموکراسییەتێک نکەڵی لە مافی بیست ملیۆن کورد بکات سەرەای ئەوەش قەیرانێکی مرۆیی لە ناوچە کوردنشینەکاندا دروست بکات هەرچییەک بێت دیموکراسی نییە. دەسـەاتێک هاشا لە کوشتنی یەک ملیۆن ئەرمەن و پێنجا هەزار کورد بکات پێش 90 ساڵێک لەموبەر نیشانەی ئەوەیە هەرگیز نەبێتە دیموکراسی، چوونکە دیموکراسی بە عەیار نییە یان ئەوەتا دیموکراسیت یان پێچەوانەکەی.
لەبەری لای ڕژهەـــاتیش دەوڵەتـــی ئـــران هەیە، دەوڵەتێکە لەســـەر بنەمای ئاین، بە پوختترین دەربڕین دەوڵەتێکی تیۆکراتییە، لەم دەوڵەتەدا نەک هەر موخالیفن و دژە ئاین و بە بەواکان مافیان پارێزراو نییە بەڵکو دەسەاتێکی چەوسێنەری مەزهەبی لەسەر تەختی دەسەاتە. تەنانەت موسەمانانی سوونەش لەژێر چەپۆکی ئەم حکوومەتە ئیسلامییەدا تووشی چەوساندنەوە بوون و بەبەش نەبوون لە شاڵاوی تونـــدوتیژانەی مەزهەبـــی. ئەم دەوڵەتە ســـەرچاوەی هەمـــوو نائارامییەکانی ناوچەیەکە و لە پاییدا ترسناکترین دەسەاتی

ئیسلامییە لە واقیعی ئەستاماندا. لەبەرئەوە زەمینەیەکی ناوچەیی و هەرەمی لە ئارادا نییە تا یارمەتی پرسەی بنیادنانەوە و پێشخستنی دیموکراسی بدات لە عێراقدا، بەڵکو بەردەوام و رۆژانە ئەم دەوڵەتانە کێشە و نائارامی لە عێراقدا دەخوڵقێنن، دەیان دیکەمێنت لەبەردەستدان ئاماژە بە ئەوە دەکەن هەریەک لەو وڵاتانە بە نەرەی خۆیان و لایەنی تەو و گروپی جیاواز جیاواز و دژگاکانی هەواڵگرییەوە پرسەی ئاشتەوایی و دیموکراسی لە عێراق پێکدەخەن، چوونکە دژانن وەرچەرخانی عێراق بەرەو دیموکراسییەکی تایبەتی گەمەکە نییە بەڵکو هەموو چەرکەیەک بۆ هەیە ئەم باهۆزە ڕوو لە وڵاتکانیان بکات و پەردە لەسەر شانۆی دەسەڵاتی ڕەشیان دابداتەوە و کۆتایی بە سیناریۆیەک بهێنێ ئەم جارە دەوڵەتە شمولییانەی ناوچەکە چەند دەیەیەکە دەرهێنەرین. ئەوان لە ئێستاوە زەمینەکانی ئەو هەلومەرجە لە ڕەحمی دایکیدا لەباردەبەن.

هێنووکە دوای سێ ساڵ و حەوت مانگ لە کۆتایی هاتنی پرسەی "ئازادکردن"ی عێراق، هێشتا دووکەڵەی جەنگ ئاسمانی عێراقی بەرنەداوە و وڵاتەکە بەتە کەلاوێیەکی وێران و ئێشکەوتی خوێن و کابووس. ئەمریکاییەکان لە بەردەم دووڵیانەکدان یان ئەوەتا هەزەکانیان بکشێننەوە کە دێنیام بە کشانەوەی ئەم هەزانە هەرچی زیاتر عێراق ڕوو لە کاولکاریی و جەنگی نەوخێیی دەکات. یان ئەوەتا هەزی زیاتر ڕەوانەی عێراق بکەن. ڕامسفێد تا دوا ساتی لە وەزارەتی بەرگریدا بە گەشبینی و متمانە بەخۆبوونەوە ڕایگەیاند هەزی زیاتر ڕەوانە دەکەن بە چاڵی عێراق، بەڵام لایەنی بەرامبەر (دیموکراتەکان) ئەم هەڵوەستانەیان بە چەواشەکردن و بەلادا ڕەبردنی ڕای گشتیی وەسفکرد. هیلاری کلینتەن لەم ڕووەوە دەڵێت (ئێستا زیاتر لە سێ ساڵ و نیوەکە هەزە سەربازییەکان لە ڕەگەی هەوڵە نیزامییەکانەوە تەواوی وزەی خەیان تەرخانکردووە بە جێگیرکردنی ئاشتی و بنبەرکردنی تووندوتیژیی، ئەمە لە کاتێکدایە وەزیری بەرگریی دەڵێت: هیچ کەسێک داوای لە ئەمە نەکردووە هەزی زیاتر ڕەوانە بکەین.. مەبەستم ئاشکراکردنی ڕاستییەکانە، سێ ساڵە بەردەوام بیرۆڕای گشتیی چەواشە دەکرێت). ئێستا دەبینین گووتاری کەمارییەکان لەمە عێراق بە جۆرێک گەڕاوە، بوش دەڵێ عێراق مەیدانی جەنگی ئەمەیە تەنیا لەگەڵ تەڕی تیرۆریستی ئەلقاعیدە و لەم جەنگەشدا سەرکەوتوو بووین، ئەوەتا لە وتەیەکیدا دەڵێت (بگومان ئەمە شەڕی دژە تیرۆر دەبینەوە، چوونکە هەڕەکانمان زیانی گەورەیان بە ئەلقاعیدە و هەڕە دەمارگیرەکان گەیاندووە، شەڕی یەکلاکەرەوەش لە عێراقدایە، بەڵێ ناتوانین بەر لە کۆتایی هێنان بەم ئەرکە عێراق بەجێ بهێڵین).

بوش لە بیری چوونە خۆی و دەوڵەتەکەی نەیانتوانیوە ڕووشی عێراق چاک بکەنەوە و سەرتاکانی دیموکراسییەوون دابمەزرێنن و تێبینی هەزری دیموکراسی بکەن، بەڵکو عێراق لە دۆخێکی تەواو ناڕەحەت و ناجێگیردایە، لە مژوودا ماوەیەک نابینین هێندەی ئەمڕۆ عێراق ئاڵۆز و ناسەقامگیر بووبێ، وەلە گومانیش لەوە دەکەین ئەمریکییەکان توانیبیان سەرکەوتن بەسەر ئەلقاعیدە و گروپە تووندڕەوەکانی تردا بەدەست بهێنن، چوونکە کوشتنی زەرقاوی نەک شۆڕشێکی تووندوتیژیی ڕانەگرت بەڵکو ڕووشکەی تەواو تێقاندنەوە و مەوجێکی بوونەی تووندوتیژیی عێراقی تەنییەوە. لەم سەنگەوە ناوەندی ڕۆشنبیریی و سیاسیی ئەمریکا بە ڕووونی پەداگریی لە شکستهێنانی کابینەکەی بوشی دووەم دەکەن و پێیانوایە هەڵوێست و پشتڕاگیرییەکانی بوشی کۆنە ئاکامێکی خەترناکتریان لێکەوتەوە، ئەمش وای کردووە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نفوزی سیاسیی کەماریيەکان ڕوو لە کەمیی بکات. کە بەگومان باجێکی بە شکستیان لە هەبژاردنی داهاتوودا دەدەن.

فرانسیس فوکویاما دەڵێت (پشوخت کەمێک کتێب و وتار چاپکراون کە سەرزەنشتی ویلسۆنیالیزمی خۆشباوەڕانی ئەمریکا دەکەن و هەرش دەکەنە سەر بیرکەی هاوەدان بە دیموکراتیزەکردنی جیهان. هاوڕەگانی ئیدارەی دووەمی بوش بە دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە بە دروشمە زبر و تووندەکانی دەستپێکی سەردەمی دووەمی دەسەڵاتەکەی دەستیپێکرد، ئاکامی پێ کۆشیان لێکەوتەوە). فرید زەکەریاش وەک پسپۆرێکی بە توانا و شارەزایەکی ناسراو بەچوونەکی هاوشێوەی رایەکی فوکۆمایای هەیە، پێیوایە ئەمریکییەکان لە عێراق نەیانتوانیوە سەرکەوتنی بەرچاو بەدەستبهێنن. بەڵکوو هاوڕیانداوە تەنیا بە ڕاگرتنی جۆرێک لە هاوسەنگی، ئەو لە News Weekدا نوسیوویەتی (سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە عێراق لەماوەی سێ ساڵ و نیوی ڕابردوودا تێکڕایەک بووە لە بنیاتنانی نەتەوە و بەرنگاربوونەوەی تیرۆریستەکان، نەک سەرکەوتنێکی بەهەز). بە پێچەوانەشەوە هەلومەرجی عێراق بە جۆرێک گەیشتووە خەڵکی وڵاتەکە هەست بە جیاوازییەکی ئەوتە ناکەن لەگەڵ سەردەمی ڕژێمی پێشوو چوونکە لە دیتنی ئەواندا پیاوکوژ هەر پیاوکوژە، جا عەمریان زێدبێت، سەدام حسێن یان موقتەدا سەدر بێت. بە جۆرێک ئەم دۆخە وای لە نووسەرێک کردووە لە ڕۆژنامەی "ریاز"ی سعودیدا ئەم چەند دێڕە بڵاوبکاتەوە بنووسێت (سەدام پاسەوانی دەزگای بوو، چەندین جەنگی هەڵگیرساند و چەندین کێسەیەتی ناوداری سیاسیی و ئاینیی و تەنانەت زاواکەی و چەشتلێنەرە کریستیانەکەی و مامۆستاکانیشی لە ناوبرد. ئەمانە

هەمووی بە بیانووی چەند هەکارکەوە کە بە ئەمنیی ناودەبران، بەڵام بارودۆخی نوێی عێراق هیچی کەمتر نییە لە رابردوو، ئەوەندە نەبێت تاکە پیاکوژکەی جاران ئێستا بووە بە سەدەها پیاوکوژ، میلیشیاکان بوون بە جێگرەوەی گاردی کەماریی و دەزگاکانی ئاسایش و پاسەوانی تایبەت). دەکرێت ڕوونیشکە لە دەستکدا کورت بکەینەوە، ئەمریکا لە 2003 دیکتاتۆرێکی مەترسیداری لە عێراق گەیی، بەڵام لە هەمان کاتدا دەرگای کردەوە بە دەیان دیکتاتۆری مەزهەبی و فاناتیستی عەرەبی شیعی و سوونی.
هەر ئێستا میلیشیاکانی سەدر و بەدر و گروپە جۆربەجۆرەکانی تری چەکداریی لە عێراقدا، لە نەگریسترین جەنگی تەسەنەرەوەدان لە بەرامبەر بە یەکتر، ئەم جەنگە لە ئاسایترین تاکی شیعە یان سوونەوە دەستی پێکردووە تا دەگات بە پشتوایانی ئایینیی و کاربەدەستانی حکومی. خودی نوری مالیکی سەرۆک شالیاری عێراق بەردەوام ئەوە ڕەت دەکاتەوە پیاوی ئەمریکا بێت، بەڵکو دەیەوێ سیفزی مەرجەعە ئایینییەکان و مەلا بونیادگەرەکان بە لای خۆی ڕابکێشێت. هەرچەند لە واقیعدا مالیکی بە ئەجیندای ئێرانی عێراق بەڵێن دەبات، بەڵام پێیوایە قەناغی دووەمی یاری سیاسیی شیعی دەستپێکردووە، ئەگەر لە قەناغی یەکەمدا بە هەڵبژاردن و دیپلۆماتییەت و دەنگدان شیعە سەرکەوتنی زۆری لە عێراقدا تۆمار کردبێت، ئیدی لەم قەناغەدا کاتی ئەوەیە لەگەڵ باڵی عەسکەریی شیعی پێکبێت بە زیاتر سەقامگیرکردنی دەسەڵاتەکەی و کەمپینی پاکتاوکردنی سوونە و بژارکردنی دەک و دایی بەردەم خوونە مەزهەبی و شەخسییەکانی کە دەنیام پریشکی ئەم ئاگرە پێش هەر کەس بەر کورد دەکەوێ. بە ئاشکرا بادانەوەی مالیکی بەڵای مەزهەبگەریی و مەلا تووندڕەوەکان و هێزەکانی میلیشیا هەست پێدەکەین، ئەمەش بە هەموو شێوەیەک هەڕەشە لە ئایندەی ئەمنیی و سیاسیی عێراق دەکات، بەگەیەکیش دەدات بە دەستەوە لە بارەی ئەوەی پێکهاتەکانی عێراق ناتوانن پێکەوە هەبێکن، بەڵکو کەی هێزەکان لە هەوڵی نەپساوەدان بە کۆنترۆڵکردن و لەناوبردنی ئۆپۆزیسیۆنی دژەوەی خۆی. ئەوەش بە ڕیمەندە کۆنترۆڵ و ئیحای ژێر بە ژێری مالیکی و ستافە شیعەکەیەتی کە مەرجەعەکان جارێکی تر دەم لە دەسەڵات و حوکمداریی وەردەدەن و دەبنە بەشێک لە دروستکردنی بەیاری سیاسیی لە وڵاتدا.
دەبینین موقتەدا سەدر کە لە سەرەتای هاتنی ئەمریکاوە بانگەشەی جیهادی ڕاگەیاند و بە کرداریی جەنگی لە دژی هێزەکانی هاوپەیمان هەڵگیرساند دوای کۆنارگیرییەکی درێژ ئەمە هاتۆتەوە سەر شانۆی سیاسیی و هێندە لەدوانی عەنتیکە و سێیر و سەمەرە بە کۆنەکانی ڕاگەیاندن دەدات و بە شەفافی بەهەر چەوار لای خۆیدا هەڵەشە

دەبشتەوە. ئیدی عیراقێک مەلا و ئاخوند و تیرۆریست و سەرکردەی عەقڵ بەجێماوی دەمارگیریی مەزهەبیی و ژنەڕاتی دەست و پەنجە خوێناویی و دزی بانک و سیاسیی قەبە و دیکتاتۆر بووەوای ببێن و ئەمریکاش پاشپشت و دەست و هاوپەیمانیان بێت، ئاخۆ دەبێ چ ئومێدێک هەبێ بە پاشەڕۆژی دیموکراسی لەم وڵاتەدا؟ ئەم سیاسییە لەمپەر و گەندانە جگە لەوەی سەبەکاری باری نائەمنیی و تیرۆر و تەقاندنەوەن، هاوزەمان دەستیان لە بینەقاقای خوێنک گیرکردووە و سەروەت و سامانی وڵات بە هەدەر و فیڕۆ دەدەن. گەندەڵی سەری هەموو عیراقییەکانی خواردووە و کۆمەڵگەی شەل و ئیفلیج کردووە، دزینی پارەوپول و بە فیڕۆدانی سەروەتی نیشتمانی لە ئاستێکی جادوویی و سەرسوڕهێنەردایە! تەنانەت بە پێی راپۆرتێکی دەوڵەتی ئەمریکا تەنیا لە ساڵی 2005دا چوار ملیار دۆلاری ئەمریکی لە عیراقدا دزراوە و دیار نەماوە، ئەمریکا لە چوارچێوەی داگیرکارییەکەیدا عیراقی یەک دیکتاتۆر و سەرکردەی پێویست (قائد الضرورة)ی گەیی بە عیراقی سەدان دیکتاتۆری قەزەم و سەدان حزبی تیرۆریست و پاشڤەڵە و کۆنەپەرست. تەنانەت من لەو بروایەدام ئەمریکا هەشتا لە سەرەتای پرسیەکدایە بە ناوی لە ڕگوێشە هەڵکشانی بەعس، ئەگەر لاشەی بەعس پارچە پارچە کرابێت، بەڵام هەشتا دێی بەعسیزمی کولتووریی لە تەپەتەرپدایە. ئەمریکا لە میانەی پرسە و ئۆپراسیۆنکی بیست ڕۆژدا توانی ڕژێمی سەدام حسێن لەسەر کار لابەبات، بەڵام ئایا بە کوتنی بتکەی سەدام لە چەقی شاری بەغدادا بە مانای کۆتایی یەکجاری بەعسیزم دێت؟ بەگومان نەخێر، ڕاستە ئەمریکا توانی بەعس وەک دامودەزگای سەرکوتکەر و تۆی هەواگریی و سوپا و دامەزراوە ئەمنییەکان هەبوشنەتەوە، بەڵام نەیتوانی کۆتایی بە سەرلەبەری بەعسیزم بهێنێت. ڕەنگە ترسناکترین وتەی بەعسیزم لە هەبووندا مابێ کە بەدنیاییەوە مەبەستمان ژینگەکەیەتی.

بەعسیزمی کولتووریی جیددیترین ئامادەیی هەیە و لە بیرکردنەوەی زۆربەی عیراقییەکاندا هەشتا بەعسیزم گیانکی زیندووە، هەرچەندە ئەم قورسایییە زیاتر لەسەر ئەندێشەی خۆکی سوونەنە مەزهەبە، لەڕ نەک بەعسیزم کۆتایی پێنەهاتووە بەڵکو ڕۆژانە بەیەتی خەیان لەگەڵی نۆژەن دەکەنەوە. هەیئەی عولەمای موسلیمین کە من دڵنیام یەک زانایان تیا نییە و سەرجەمیان مەلای وشکهەڵاتووی سەلەفی و دەمارگیرن مەیلەکی ترن لە بەعسیزم، تەنانەت ئەوان لە پەنا کتێبی قورئاندا پەرتووک و ڕاسپاردەکانی سەدام دەبینین، ئەگەر مانیفێستی کۆمۆنیست کتێبی پیرۆزی کۆمۆنیستەکان بێت، ئەوا بە دوو دێی کتێبەکانی میشێل عەفلەقی تیۆریسێن و مامۆستای عروبە و بەعسیزم

مانیفستی ئەو دەستە بناو زانایە. ئەم دەستەیە جگرەوەی بەعسن و نووکە درێژە بە رواڵەت نەتەوەپەرستییەکانی بەعس و سەدام دەدەن، ڕەنگبە لەوەشدا لە بەعس کاریگەرتر بن ئەمانە دەستەیەک مەلا و پیاوی ئاینین و دەتوانن بەرگێکی پیرۆز و ئاینیی ببەخشن بە تێرۆرگەزپەرستییەکانیان (وەک لە وتەکانی حارس ئەلزاریدا هەستی پێدەکەین).

ئەمەش لە کوردستان وەک ئەوەی پانزە ساڵ زیاترە بەعس وەک دەسەڵات و دامودەزگا لە نەماوە و هەڵکەندراوە، کەچی کولتووری بەعسیزم هێزموونی خۆی بەسەرماندا سەپاندووە و بگرە بەعسیزم بەشێکی هەرە گرنگە لە مامەڵەی سیاسیی و کارگێڕیمان، لە پەروەردە و سیمای بیرکردنەوەمان. بەعسیزم جوزئێکە لە خەیاڵ و روانینمان، بەعسیزم ڕووناکی ئەو لایتێیە بەرپێی خەمانی پێ دەبینین، جا ئۆگەر بەعسیزم پاش ئەم هەموو ماوەیە هەشتا لە کوردستاندا گیانێکی زیندوو بێت، ئەوە هەر باسی ناوەڕاست و باشوور مەکە کە تا ئێستاش سەدام لە بەرگی فریشتە و پێغەمبەرێکدا دەبینن و لێی ڕادەمێنن. گرفتەکەش ئەوەیە پەمانوابە بە سووتاندنی تانک و دەبابە و فڕۆکەکانی بەعس و کاولکردنی جبەخانەکانی بەعس کۆتایی هاتووە، کارەساتەکە لەوەیە پەمانوابە خنکاندنی سەدام و یارییدەرە دەندەکانی خنکاندنی ڕۆژپەرستی و وشککردنی تەوی دیکتاتۆریێت بوو، نا، بڕۆکو سەدام حسێن لە پێست و ڕەنگێکی تردا ئامادەیی هەیە، ڕەنگبە تێفکرینی سەدام لە کەللەی زەربەی عەراقییەکاندا بێت، دەی بەعسیزم هێشتان دڕێکی زیندووە و لە بەشی چەپی سینگی زەربەماندا ترپێترپێتی. پەروەردەی سیاسیی و کەمەڵایەتی و فەرهەنگیی بەعس، هێشتا باڵادەستە!! بەعسیزم وەک مەتیفێکی هەراش و کارا لەپشت تێفکرینی تاک و گشتوەیە.

بەیە دووبارە دەڵێم دیموکراتیزەکردنی عەراق کارێکی سەختە، قورسی ئەم پرسەیە لەوە ناڕەحەتترە ڕژمێک بووخێنی، هەموو ئاگادارین ڕووخانی ڕژمەوەک دەسەڵات و سوپا هەمووی بیست ڕۆژی پێ چوو، بەڵام لەوانەیە لە ڕۆگەوە دەرهەنانی بەعسیزم لە کولتووور و دنیابینیماندا بیست ساڵ و ڕەنگە زیاتریشی پێویست بێت. لەڕەدا پرسیارێک دێتە پێش: کەواتە ڕێگا چارەسەر چییە بۆ کۆنترۆلکردنی ئاسایش و کۆتایهێنان بە تەنگژەی سیاسیی و ئابووریی و سەرلەنوێ بونیادنانەوەی عەراق؟. بە بۆای من چارەسەر هەوەشاندنەوەی عەراقەوەک یەک دەوڵەتی ناوەندیی و یەکگرتوو، هەروەها دابەشکردنییەتی بۆ سێ دەوڵەت، لەبەرئەوەی عەراق نەک ئەوەی دەوڵەتێکی سروشتی و خۆسک نییە بڕۆکو سنووورێکی دەستکردی ئیمپریالیزمە و بە زۆری زۆرداریی خراوەتە ژێر چەپۆک و رکێفی

عەرەبەوە. بەریتانیای مەزن لە سەرەتای سەدەی رابردووەوە بە گوێرەی ئەجیندا و بەرژەوەندییە کۆلۆنیالیستییەکانی خۆی وەنەی ئەم وڵاتەی کەشا، شیعە و کوردی کردە سووتەمەنی دروستکردنی عەراق، بەناو عەراق چ وڵاتێکی یەکگرتوو چ وڵاێکی ئاوەی ئینگلیز بیری لەدەکردەوە دروست نەبوو. وینستۆن چەرچڵ، سەرۆک وەزیرانی پێشووتری بەریتانیا، لە یادداشتەکانیدا نوسیوویەتی (لە مارسی 1921 کۆنفرانسی قاهیرە بڕیاریدا میسۆپۆتامیا بکرێتە عەراق و دامەزراندنی شانشینێکی عەرەبی، کە سوپایەکی عەرەبی وڵاێکی بنەماڵەتی بپارێزێ و بە پەیماننامەیەکیش ببەسترێ بە بەریتانیاوە، هەروەها کاوربارێ ناوخۆشی بخرێتە ژێر کۆنترۆڵی عەرەبەوە، هەزی ئاسمانی پاشایەتیش پارێزگاری بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا بێت). تەنانەت دەوڵەت و سەڵتەنەتی عوسمانلی بەو دواکەوتووییە و کۆنەپەرستییەی خۆیەوە هۆشی بەوە دشکا عەراق پارچەیەکە لە ململانێ و ناکۆکی قووڵ، بۆیە دابەشی کردبوو بەسەر سێ یەکەی ئیداریدا (سێ ویلایەت) کە پێکهاتبوون لە ویلایەتی کوفە و ویلایەتی بەسرە و ویلایەتی شارەزوور (دواتر بوو بە ویلایەتی موسڵ).
ئەم نەخشەیە بەمجارە مایەوە هەروەک وتم تاکوو بەریتانیا و براوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی عەراقیان بەمشێوەیەی ئەمڕۆ دامەزراند کە پارچەیەکە لە توندوتیژیی و جەنگی نەوخەیی نەوان تایفە و نەتەوەکانی ناوی بە درێژایی زەتر لە هەشتا ساڵ. عەراق بە بڕینی ئەم مێژووە وڵاتێکی ساختە و نیشتمانێکی وەهمی بووە و قەت نەبووەتە دەوڵەتێک تیایدا هەمووان هەست بە یەکسانی و کامەرانی بکەن. پەموایە بە دابەشکردنی عەراق بە سێ دەوڵەت، ئەم دەوڵەتە وەک بورکانێک هەمیشە لە تەقینەوەدا دەبێت، ئاگری ئاو گەکانیش پێش هەر کەس کەورد دەسووتێنێ. ئەستا تەدەگەین، دابەشکردنی عەراق کارەکی پێشنەرەتەرە وەک لە دیموکراسی هەروەک پێشمەرجەکیش بە چەسپاندنی دیموکراسییەت لە ناوچەکەدا. نموونەی ئەم دەوڵەتانەی وەک عەراق لە تەواوی دنیادا فاشیل بوون و هەوڵشانەوە، ئەگەر بەوانین بە کامارکانی یەکێتی سۆڤێتی جاران، هەر لە یەگسلاڤیاوە تا دەگاتە چیکسلۆڤاکیا و کۆ و کوڵی تر، ئەم دەوڵەتە وەهمی و درێینانە لە بڕیەک هەوڵشانەوە، سەرهەڵدای ئاو هەموو خوێنڕێژیی و تراژیدییە مرۆییانەی لەم وڵاتانە رووياندا دواجار و دوا چارەسەر بریتی بوو لە بژاردەی جیابوونەوە و پێکهێنانی چەند دەوڵەتێکی نوێی سەربەخۆ، هەرەمی مۆنتینیگرۆ نموونەیەکی هەرە نزیکیانە لە رووی کاتەوە.
عەراق نیشتمانێکی رەسەن و واقیعی نییە، بۆیە دوای هەشت دەیە و پتریش لە سیاسەتی توندوتیژانەی دەوڵەتە یەک لە دوای یەکەکانی،

ئەمە لە هەموو کات شەفافتر دیارە عێراق نەبۆتە یەک نیشتمان و هەرگیزیش نابێت، ئەگەر بوش بیەوێ پرسەکەی لە سەرکەوتن نزیک بکاتەوە دەبێت هەنگاو لە راستای دابەشکردنی عێراقدا بنێ، بەڵام بە داخەوە ئیدارەی بوش مکوڕن لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق، لە کاتێکدا گەلێک پسپۆر و کارناسی رژێمەکانی ناڤین چارەسەری ئەم دۆخە لە دابەشکردنی عێراقدا دەبینێنەوە، بە وێنە سیاستەمەداری ئەمریکی (هێنری کیسنجەر) وەک شارەزا و پسپۆڕ لە کاروباری رژێمەکان و خاوەن ئاگایەکی قووڵ و بوونە لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە لایەنگری دابەشکردنی عێراق بە سەر سێ کانتۆنی خۆبەڕێوەبەریی یان راستتر بەڵێم سێ وڵاتی سەربەخۆ لەسەر بنەمای کۆنفیدراڵی. بەڵام بوش لە زەر بانگ و جێگەدا دژی ئەم پێشنیارە وەستاوەتەوە بە بیانووی ئەوەی بارودۆخەکە تەواو دژوارە و دەبێتە ناڕازیبوونی تورکیا و سوریا و ئێران. سوریا کە گرێدراوی ئێرانە لەوە بەهێزترە بتوانێ بڕیار بە ئاجیندای ئەمریکی بگرێ بە دابەشکردنی عێراق، هەرچی وڵاتانی عەرەبیشە چەند کاردانەوەیان نواند لە پرسەی داگیرکردنی عێراق و لەسەر کارلابردنی سەدام و هەوەشاندنەوەی دەوڵەتی حزبی بەعس، هەر ئەوەندەش کاردانەوەیان دەبێت لە ئاست دابەشکردنی عێراق، چوونکە ئەمریکا دەتوانێ ئەو واقیعە بەسەریاندا بسەپێنێ! سەبارەت بە تورکیا، هیچ کات تورکیا ئەم بارودۆخە دیفاکتۆیەی باشووری کوردستانیشی پێ قبووڵ نییە، بەڵام ناشتوانێ هیچ بکات لەدژەوەی خواستی ئەمریکا جگە لە هاشوهوشی لەشکرکێشی و میدیایی، ڕەنگە کاردانەوەی هەر هەندەی کاردانەوەی سێ ساڵ و نیو بڕ لە ئێستای بێت کاتێ ڕەگەی نەدا هێزکانی ئەمریکا ئاسمانی وڵاتەکەی بە هەرشکردنە سەر عێراق بەکاربهێنێت. لە کۆتایشدا ئەمریکا دوژمنی سەرەکی ئێرانێ، کەوابوو پێویستی بە رازیکردنی دەی ئێران نییە. ئەی بۆچی بە هەنگاو بە دابەشبوونی عێراق نانێت؟ هەشتا بەرژەوەندییە کلۆنیالیستییەکانی ئەمریکا لە مانەوەی عێراقدایە بە یەکگرتوویی. نابێ ئەوەش لە یاد بکەین ئەمریکا نیوئیمپریالیزمێکی دەست و فریادڕەسی گەلان.

بوش لە ڕۆژی دووشەممە 16-10-2006 لە دیدارێکی تەلەفزیۆنیدا لەگەڵ چەناڵی (فۆکس نیوز)ی ئەمریکی لەو بارەوە وتی (بەو شێوەیە ئاژاوەیەکی لەمە گەورەتر دەخوڵقێنین کە لە عێراقدا هەیە و دەمانەوێت چارەسەری بە بدزینەوە). ڕۆژنامەی (عوممان) لەسەر هەواڵستی جۆرج بوش ڕاپۆرتێکی تەروتەسەلی ئامادە کردووە، لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە (سەرەک بوش دژایەتی دابەشکردنی عێراقی کرد، ئەوەتا لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی فۆکس نیوزی ئەمریکی

ئاماژەی بۆ ئەوە کرد دابەشکردنی عێراق بۆ سێ ناوچەی خاوەن دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەریی کارەکە نێک دەبێتە هۆی یەکترکوژیی سوونەکان و دەوڵەتە سوونەکان لەگەڵ شیعەدا، بەکو کوردەکانیش تووشی کێشە دەبن لەگەڵ تورکیا و سوریادا، ئەوکاتیش خەمان لێ بێ سەروبەرییەکدا دەبینینەوە گەورەتر لەوەی ئێستا دەیبینین).

بەجگە لە بوش زۆربەی هەرە زۆری سیاسەتمەدارانی تری سەر بە کۆماریەکان و کاربەدەستانی کابینەکەی بوش لەسەر هەمان قەناعەت و بڕوان کە عێراق بە یەکپارچەیی بمێنێتەوە بەبیانووی ئەوەی کێشەی گەورەتر دەخولقێنێ، تەنانەت لە کاتی هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێس و ئەنجوومەنی پیران، کۆماریەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد ئۆگار دیموکراتەکان زەرینە بهێنن عێراق دابەش دەکەن (وەک ئەوەی کارێکی خراپ بکەن). بە نموونە ڕۆژنامەی (خەبات) لە ژمارە (2312) ڕۆژی دووی تشرینی دووەمی 2006 لە لاپەڕەی یەکەمدا لەو بارەوە ئەم هەواڵەی بڵاوکردۆتەوە (بەرنامەی دەسپێکی ئەمەی کەناڵی جەزیرەی قەتەری تەرخانکرا بوو بە هەڵبژاردنە سەرتاییەکانی کۆنگرێسی ئەمریکا و بەپێی ڕاپرسێکی ئەم کەناڵە کە لە ئەمریکاوە ئامادەکرابوو ئاماژە بە ئەوە کرا کە جەماوەری حزبی کۆماریی لە بەرامبەر دیموکراتەکاندا بەرەو لاوازبوون دەچێت).

"هەکاری سەرکی ئەم لاوازبوونەش بە سیاسەتی جەرج دەبلیو بوش لە عێراقدا گەنراوە، بە شرۆڤەکردنی ئەم دەسپێکە بەرنامەی ناوبراو میواندارییی لە خالید سەفوری داڕێژەری ستراتیژیەتی حزبی کۆماریی و ئەندامی چالاکی ئەم حزبە لە کۆنگرێسی ئەمریکا کرد، لە میانەی قسەکانیدا خالید سەفوری بە دووری زانی کە دیموکراتەکان بتوانن زەرینەی کۆنگرێس و ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا بەدەستبهێنن، بەڵام دووپاتی کردەوە کە تەنیا سەرکەوتنی کۆماریەکان یەکجارەکی خاکی عێراق دەهێنێتەوە، ئۆگار دیموکراتەکان سەرکەوتن بەدەست بهێنن ئەوە لە ماوەیەکی کەمدا دوای سەرکەوتنیان دەوڵەتی کوردیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست دەبێت و زەرشتی دیکەی چاوەڕوانکراویش دەبینرێت. لە درێژەی قسەکانیدا داڕێژەری ستراتیژیەتی حزبی کۆماریی لە کۆنگرێسی ئەمریکا وتی: کۆماریەکان جەنگی عێراق بە بشک لە شەی دژە تیرۆر دەزانن و مەبەستیان نییە نەخشەی ناوچەکە بگۆڕن". ئۆگار کەمێک بە دیقەتەوە لەو وتانە وردبینەوە، ئەوا لە قسەکانی (سەفوری)دا دووشت بە ڕوونی دەبینرێت:

یەکەم: سەفوری دەیەوێ عەرەبەکان بوروژێنێت یان سوود لە دەنگی ڕەوەندی عەرەب لە ئەمریکا وەربگرێ، بەڵام دواتر بینیمان سەرۆکی ئەم بانگەشانەش کۆماریەکان دەڕاندیان.

دووەم: وەعد و بەڵێنەکانی ئەمریکا بە دیموکراتیزەکردنی عێراق

بوون بە بەقی سەر ئاو. ئەوتا عێراق بە ئەوان تەنیا مەیدانی بەرەنگاریی تیرۆرە نەک گۆڕینی نەخشەی ناوچەکە، ئەمریکا مەیدانی رووبەووبوونەوەی لەگەڵ تیرۆریستان لە واشنتۆن و نیویۆرکەوە گۆڕیوە بۆ بەغداد و رومادی و سامەڕا و تکریت و قەندەهار و کابوڵ، بۆ کوڕتی ئەمریکا تەپڵکەی لە ساحەی خەی دوورخستەوە. بۆیە ئەجیندا کەی ئەوان خاڵیبوونەوە لە عێراقێکی دیموکرات و دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ و پانکردنەوەی سەری دیکتاتۆریەت و لە باربردنی بوستەنی کەمەڵ بە دیکتاتۆرە سەرەمکوتەکان. بە پێچەوانەوە ئەمریکا وەک لوتکەی سیستمی سەرمایەداریی بە دوای بەرژەوەندییە نامەشروعەکانییەوەتی لەسەر خوێنی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. کە ئوسامەی دروستکرد؟ کە دەستگیریی ئەو کەمەڵە خەڵکەی کرد کە پێیان دەوترێ "عەرەب ئەفغانەکان"؟ و ئێستاش هەموو دنیا گیرۆدەی دەستی تاوانکارییەکانیان بووە.

لە بەرامبەردا کیسنگەر و هاوبیرەکانی پەداگریی لەسەر ئەوە دەکەن ئەگەر عێراق دابەش نەکرێت رەنگە ئەزموونی ڤێتنام جارێکی دووبارە بێتەوە، لەولاشەوە باڵی تونددەو لە کۆنگرێس و حکوومەتی ئەمریکا چارەسەر لە ڕەوانکردنی هێزی سەربازیی زیاتردا دەبینینەوە، ئەوەش مامەڵەیەکی ستالینی و تەسکبینانەیە لەگەڵ ئەم واقیعەی عێراقدا. لە سەروەختەکدا بە دیفاکتۆ ئەمەڕ عێراق سێ دەوڵەت و سێ دەسەڵاتی جیایە، لە بەشی باشووردا کە لە ڕووی سوکانییەوە زۆربەی دانیشتوانەکەی شیعەی مەزهەبن دەوڵەتێکی تیکراتیان لەسەر بنەماکانی مەزهەبی شیعەی هەیە، دەوڵەتێک بە هەموو پێوەرێک دەسەڵاتێکی مەزهەبییە و وێنەیەکە لە چێشنی کۆماری ئیسلامی ئێران، هەر لەم بەشدا حکومەکانی شیعەگەرێتی و ویلایەتی فەقیە بەڵام دەچێ و هەر ئەوێ جەعفەری سادق لە نەوانیاندا نییە، ئەم پارچەیە لە وەاتی درێنەی عێراق تەنێ ناوی باشووری عێراقێ ئەگەر نا بووە بە بەشێک لە کۆماری ئیسلامی ئێران. لە ناوەڕاستی عێراق بەرەو سەروە یان راستتر بەرەم سەگەشەی سوونەنشین سەرباری نائارامی و ناجێگیریی بارودۆخی ئەمنیی تیایدا، بەڵام دەسەڵاتی یەکەم و سەرەکی بە دەست تیرۆریستان و پاشماوەکانی حزبی بەعسی ڕووخاوەوەیە. هەروەک ئاشکرایە ڕەکخراوی ئەلقاعیدە لەم دەڤەرانە حکوومەتی ئیسلامی خەی ڕاگەیاندووە (ئەمارەتی ئیسلامی عێراق)، هەبەتە لە باری عەمەلیشەوە تەکنیکێک لە پاشماوە سەدامییەکان و تیرۆرستەکانی ئەلقاعیدە و قوتابییە دەسەزەکانی ناسیونالیزمی پەگیری عەرەب بە هاوبەشیی حوکمی ئەو ناوچەیە دەکەن. ئەم بەشەش لە عێراق لە ژێر چەتر و کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی ئەم پەکهاتانەدایە و حکوومەتی عێراق کە زیاتر وەک حکوومەتی شیعەی خەی دەنوێنێ

بچووکترین ڕەگی ئیداریی و سیاسیی نییە لەو.
لە بەشی باکوورەوە یان هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی خەمڵی کوردیی لە ژێر ناوی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، ئەم پارچەیش بەشکی دابەاوە لەو دوو بەشی تر، دەسەڵات فۆرم و مۆدێلکی جیاوازتری لە شێوە دەسەڵاتی ناوەاست و باشوور، بەشایی و کۆلۆنکی کولتووریی و عەقڵیی لەنێوان خەڵکی کوردستان و خەڵکانی ناوچەکانی تردا هەیە، لە باشوور زۆرینەی خەڵک خوازیاری دەوڵەتکی ئیسلامی شیعین. لە ناوچەی ناوەاستیش بەشی زۆری خەڵک خەون بە دەوڵەتکی عەرەبی ئیسلامی سوونندی دەمارگیرەوە دەبینین. بەڵام جەماوەری کورد بە زۆرینەی دەنگ لەگەڵ دەوڵەتکی دیموکراتی دادپەروەردان، بەڵام ئەم دەوڵەتە دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ بە. ئیتر کوانێ ڕەو و مانای حکووەتی عەراق کە مام جەلال سەرکەمار و مالیکی سەرەک وەزیرانییەتی؟. ئایا جگە لە وێنەیکی وەهمی و درێکی شاخدار شتێک لە ئارادایە بە ناوی حکووەت و نیشتمانی عەراق؟. سەرەای ئەمانەش ئەم سێ پێکهاتە سەرەکییە ناتوانن بێکەوە هەبکەن، سوونێ ئامادە نییە دەسەڵات و ئیمتیازانی هەشتا ساڵی ڕابردووی واز لەبێنێ و دەست لە کورسی دەسەڵات هەبگرێت، بە ئەوەش تاکە ڕێگەی بەدیهێنانی ئەم خەونە لە لە ناوبردنی کورد و شیعەدا دەبینێنەوە، ئەزموونی هەشتا ساڵی ڕابردووشیان لە دەسەڵاتدا ئەم فاکتەی سەلماندووە، کوردیش حەزەر و گومانی هەیە لە نیەتکانی عەرەب و ترسی هەیە لەوەی شۆڤێنکانی ئەنفال جارێکی تر گەڕەتکەنن و خەونی سەدەها ساڵی بە با بدەن. ئەگەر بەرژەوەندیی سەرانی کورد نەبوایە دەبوو لە 2003دا کورد بە ئەبەد عەراقی لە کەڵ خۆی بکردایەتەوە و دەوڵەتی رابگەیاندایە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی دەوڵەتی عەراق لە سەرەتای دامەزراندییەوە هەندەی ئەوکات لاواز نەبووە و چوارچێوە جوگرافییەکەشی هیچ کات ئەوەندە پاشاگەردانی و ناجێگریی بەخۆوە نەبینیوە.
شیعەش هیچ کام لە کورد و سوونندی قبوڵ نییە، بەکو لەگەڵ عەراقێکی یەکگرتووی ئیسلامیدایە لەسەر بنەمای شیعەگەرێتی، تەنانەت ئەلحەکیم (محەمەد باقر ئەلحەکیم) وەک ئایەتوڵایەکی بەرهەستکاری ڕژەمی پێشووی عەراق، بەر لەپرسەی ئازادیی عەراق لە هەڤپەیڤنکدا وتبووی (لە کەماری ئیسلامی عەراقی پاش سەدامدا جگەی کوردسانێک لەو خاکەدا نابێتەوە). ئەمەش بە ڕوونی ئەو دیمەنە دەبینین کە شیعە چەن لە قوربانییەوە بووە بە جەلاد. ئەمە گرێیکی سایکۆلۆجیی شیعەی عەراق، کە بەدرێژایی هەشتا ساڵ لە سایەی سوونندی عەرەبدا چەوساونەتەوە، بەڵام چوونکە دیموکراسی لە عەراقدا فەرهەنگ نییە، بەکو مەزهەبگەریی و دیکتاتەریی و

خوێندنەوەی باڵادەستە، بۆیە بە ئاسانی لە سەر ساڵەکدا شیعە وێنای خۆی لە قوربانییەوە گۆڕی بە جێلاد. کورد وتەنیش قسە هەزارە و یەکەکی بە کارە، ئەگەر چارەسەری کێشەکانی عێراق و کۆتاییهێنان بە قەیرانە قووڵەکانی دەرگایەکی هەبێت، ئەوە یەکەک لە کلیلەکانی کردنەوەی ئەو دەرگایە دابەشکردنی عێراقە بە سەر هەرێمی خۆبەڕێوەبەریی هەروەک ئاماژەم بە کرد بەشێوەی سێ دەوڵەتی کۆنفیدراڵ تا ماوەیەکی دیاریکراو لەگەڵ یەکتر بمێننەوە. یان ئەگەر دەخەکە قبووڵی کرد هەر کەس لە ماڵی خۆی. پەموایە ئەمە بە ئەمریکا و ناوچەکە و جیهانیش، تاکە ڕێگەچارەیە، بەدەر لەمە هەر ڕێگاچارەیەکی تر من لای خەموە ناوی دەنێم "چارەسەری درزنانە".

دوای ئێم هەموو شتر و ڕوویە هەقە ئەوەش لە خەمان بپرسین: ئایا بە ڕاست ئەمریکا بە نەوت هەرشی کردەتە سەر عێراق یان بە دیموکراتیزەکردنی؟ ئەمریکا بە پاراستنی بەرژەوەندییەکان و سیاسەتی پاوانخوازیی و فراوانکردنی دەسەاتی خۆی سەربازگەکانی بە کوشتن دەدا یان لە بەر چاوی کاڵی عێراقییەکان؟. بە بۆای من شێوی ئەمریکا شێوی مسۆگەرکردنی بیرە نەوتەکان و پاراستنی بەرژەوەندییەکان و درێژەپێدانی پاوانخوازیی خۆیەتی. ئەمریکا نە سە لە جەنگ دەکاتەوە نە لە کوشتار نە لە کاولکاریی، بەڵکو کاری گرنگ و ئەولەویترین شت بۆی بەرژەوەندییە، بەرژەوەندیی بە جۆرێک ئەمریکای وە و گۆڕ کردووە لە پەیامی گوللەباران و گۆمباران تەناگات، ئەو بەناوی گۆاوی دیموکراسییەوە سووتێنەرترین چەکی مەدەرن بەکاردێنێ، ئەو باسی مافەکانی مرۆڤ دەکات و گوانتانامۆشی هەیە، ئەو نموونەی مارلین مۆنرە پێشکێش بە ژنی دنیا دەکات وەک نموونەی ژنی ئازادی ئەمریکی، کەچی دەستی گیانی بە گیانی سعودیەیە کە ماف بە ژن نادات تەنانەت ئۆتۆمبیلیش لێبخوڕێت.! ئەو بۆی گرنگە لە هەموو شوێنێک بێت و بەرژەوەندییەکانی لە پڕاوێزترین سوچی دنیادا ئامادەیی هەبە و پارێزراویش بێت.

مادلین ئۆلبرایت وەزیری پێشووتری دەرەوەی ئەمریکا لە وتارەکدا بەناوی (مەشقکردنی دەسەاتی دەرەوەی ئەمریکا)دا نوسیوویەتی (بە پاراستنی بەرژەوەندییەکانمان، ئەمە پێویستە بە خۆ بکەوین، ڕێککەوتن ساز بکەین، دەستوور بنێنە ڕێنان، نموونەی وا بنێنە پێشەوە لەسەر بنەماکانی دیموکراسی، بازاڕی کراوە، یاسا، ئاشتی بڕقەرارکردن، جیهان پتر لە یەکدی نزیک بخەینەوە). بوش لەهەڵپەی ئەوەدایە لە زووترین کاتدا دەست بەسەر چاەێ نەوتەکاندا بگرێ و مەترسی تیرۆریستەکانی ئەمە و دەستەکانی دوژمنی کێشکی سپی لەو ڕووەوە نەهێڵێ، بوش لە بیری چووە دنیای ئەمە دنیایەکە پتر گیرۆدەی دێیەها کێشەی ترە، هەڕەشەکانی سروشت، زەربوونی ژمارەی

دانیشتوانی سەر گەی زەوی، نەخشەی و درمی کوشندە، ئایدز، بەدەوشتی و برسێتی و جەنگ و کاولکاریی، ئەفریکا تاریکترین بەشی سەر شانەی جیهانە و کارساتاویترین جوگرافییە، بوش هەموو ئەمانە پشتگوێ دەخات و دەت دنیا لە شەڕکی خوێناویی‌وە دەئانێنێت تەنیا و تەنیا بە دەستبەرکردنی خۆنی چەند بازرگانێکی پترۆڵی وەک خۆی، بە تێگەیشتنی من جەنگی عێراق جەنگی نەوت و یەدەگی پترۆڵی ئەم وەاتەیە و هیچی تر. جەنگکانی ئەمریکا هەموو لە یەک خاڵی ستراتیژییدا کورت دەبنەوە، ئەویش فراوانکردنی هەژموون و دەستبەرکردن و پارێزگارییکردن لە بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی وەاتە یەکگرتووەکان وەک سەرداری بە رکاربەر و تاکە جەمسەری هەز لە جیهاندا.
جیفری دی.ساش مامۆستای زانستی ئابووری و بەڕێوەبەری پڕۆیمانگای زەوی لە زانکۆی کۆڵمبیا، دەنووسێت (بوش لەم دواییانەدا بە رۆژنامەنووسان دوا و داوای ئەوەی لەکردن کە جیهان پاش پێنجا ساڵی دیکە بەهێنن بەر چاویان، ئەو کاتەک ئەم داوایە ئاڕاستە دەکات بیری لە ئایندەی زانست و تەکنەلۆژیا، یان ژمارەی دانیشتوانی جیهان نەکردەتەوە کە ژمارەکەیان لە نە هەزار ملیۆن کەس تێدەپەڕێت.. یاخە بیری لەو ململانێیە نەکردەتەوە کە پێویستە بە گەڕانی کەش و هەوا، بەکو لە جیاتی ئەوە دەیەوێت بزانێت ئاخە تونددڕەوکان لە جیهانی ئیسلامیدا دەستدەگرن بەسەر سەرچاوەکانی نەوتی جیهاندا، لە راستیدا ئەوەی کە پاش پێنجا ساڵی دیکە سەرقاڵمان دەکات و خەونمان لێ تێکدەدات، هەرچیەک بێت پێویستە ئەوە لە کۆتایی لیستەکەدا بێت). راستیش ئەوەیە ئەمریکا زەرەقانی بەرژەوەندییەکانی خەیاتی، بە سەمینەوەش دوژمنی بەرژەوەندییەکانی هەر کە بێت و لە هەر کوێ بێت تانانێت ئاگەر لە حەشارگەکانیشدا بێت لە ناویدەبات. ئەمریکا هەر بە ئەو مەبەستە هەرشی کردە سەر عێراق و سەدام حسێنی کەنە قوتابی و بەندەی گوێایەڵی زمانێکی دوور و درێژی خۆی لەسەر کارلادا، بەڵام ئایا تە بڕیی لەم دەخەدا بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاییەکان لەگەڵ بەرژەوەندیی گشتیی عێراقییەکاندا یەکانگیر بێتەوە؟ ئایا عێراق بە مانەوەی سوپای ئەمریکا قازانج دەکات یان نا؟ ئەگەر هێزەکان بەماوەیەکی دیارینەکراو مانەوە تە بڕیی تونددوتیژیی لە رادەبەدەر و زەدەتر بەرامبەریان نەکرێت و ناچار بە کشانەوە نەکرێت؟. یان ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا پاشکشەیان کرد، تە بڕیی عێراق لەوە زیاتر نەبێتە مەیدانی تێراتێنی شانە جیهادیی و تیرۆرستییەکان و جەنگی ناوخەیی درێژخایەن و نەبڕاوە چارەنووسی عێراقییەکان لەمە رێشتر نەکات؟. من نازانم دەبە هەمووان چاوەڕوانی سیناریە و پێنگاڤکانی

داهاتوو بین. هەرچەندە مرۆڤی هۆشمەند لە هەنووکەوە هیچ ئاسۆیەکی گەش لە ئاسمانی پڕ غوبار و تەمی ئەم وڵاتەدا بەدی ناکات.
کاتی خۆی بوش لە 26-2-2003 واتە تەنیا بیست رۆژ بەر لە هێرش و ئۆپەراسیۆنی سەربازیی بۆ سەر عێراق وتی (هەتا بزانین پێویستە لە عێراق دەمێنینەوە، بەڵام رۆژێک زیاتری لە نابین). هەروەها وتیشی ئەمە عێراقێکی نوێ و دیموکراتیک دروست دەکەین، بەڵام (بیرژان لویزان)ی شارەزای فەڕەنسی وتی (سەرلەنوێ بونیادنانەوەی عێراق کارێکە شکست دەهێنێ)! ئایا بوش و بیرژان کامیان راستیان کرد و رووداوەکانی داهاتوو قسەی کامیان دەسەلمێنێت؟. تۆ بڵێی دوای ئەم ماوە تاڵ و تاریکە بۆ سوپاکەی بوش لەسەر هەمان رای خۆی مابێت؟ تۆ بڵێی پێش ئەوەی کاتی پێویست کۆتایی پێبێت ناچار بۆ کشانەوە نەکرێن؟ کە ناڵێ عێراق نابێتە قەَتنامی دووەم و ئەمریکا لوتی تیایدا ناشکێ؟ نازانم با بزانین لە رۆژانی داهاتوودا چی روو دەدات؟!!. تاکە شتێک کە بیزانم ئەمریکا لە دروستکردنەوەی عێراقدا سەرکەوتوو نەبووە. هیچ کاتێکیش مەرجی سەرکەوتن ڕەوانکردنی هێزی زیاتر یان کشانەوە نییە، بەڵکو دابەشکردنی ئەم دەوڵەتە ساختەیە بۆ ناوی عێراق کە مایەی ئاشووبە بۆ هەموو دنیا.

***ئەم وتارە شیکارییە پێش چواردە ساڵ، بە چوار بەش لە ژمارەکانی (108) و (109) و (110) و (111)ی ڕۆژنامەی (کوردستان راپەرت) لە ڕۆژەکانی 26-27-28-30ی نۆڤەمبەری ساڵی 2006 باڵاوبووەتەوە.**

تێبینی: کەی ئەم شیکارییە وەک بەشی چوارەمی کتێبی "گەمەی شەیتان" لە لاپەڕە 130-170 چاپ و باڵاوکراوەتە. کە ئەو کتێبەش بە چاپی کاغەز لە سەرەتای ساڵی 2018 لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات باڵاوکراوەتەوە

بەشێک لە وتاری (ئێدەب و ئایدیۆلۆژیا و فاشیزم) …

شیعری: (یەکەمجار کە هاتن) نالە حەسەن

شیعری (یەکەمجار کە هاتن)

یەکەمجار بە کۆمۆنیستەکان هاتن
من هیچ قسەیەکم نەکرد
چونکە من کۆمۆنیست نەبووم
دواتر بە سۆشیالیستەکان هاتن
من هیچ قسەیەکم نەکرد
چونکە من سۆشیالیست نەبووم
پاشان بە کرێکارەکان هاتن
من هیچ قسەیەکم نەکرد
چونکە من کرێکار نەبووم
پاشان بە جولەکەکان هاتن
من هیچ قسەیەکم نەکرد
چونکە من جولەکە نەبووم
دواجار بە منیش هاتن
بینیم هیچ کەسێک لەوێدا نەماوە
تا قسەیەک بە من بکات …!

مارتن نیمۆلەر

_ تێگەیشتنێک بە فاشیزم :
فاشیزم ئایدیۆلۆژیەکی ئاڵۆز و فرە ڕەهەندە ، فۆرمێکە بە بەرەوپێشبردنی دەسەڵات ، ڕەگەی فاشیزم لە نێو ئایدیۆلۆژیاکان بەتایبەت ، ناسیۆنالیزم و نەتەوەپەرستیی چڕکراوە دەکات ، هەر ئایدیۆلۆژیایەک کاتێک دەگاتە ئاستی دەگمایی فاشیزم بەرهەم دەهێنێ ، بەمانای (ئایدیۆلۆژیا / دەگما / فاشیزم) . دەسەڵاتی فاشیزم دەسەڵاتێکی عەسکەرتاری تاکڕەوانەیە ، باوەڕیان بە یەکسانی و دادپەروەری نییە . لە ڕەگەی تۆتەمیزمەوە مامەڵە لەگەڵ نیارەکانییان دەکەن و تاکەکانی کۆمەڵگە سەرکوت دەکەن ، فاشیزم زۆرجاران بە یەکلایی کردنەوەی کێشەکان (شەڕ) بە باشترین ئۆپشن و چارەسەر دەزانن ، کاریان بەوە نییە لە ئاکامداچ کاولکاریەک و قەسابخانەیەکی لەدەکەوتەوە لەمبارەوەش / کۆمنیزمی نموونەی کاولکاریەکان و کۆمەکوژیەکان ، (هەڵکەست و جینساید) لە

مێژووی فاشیزم هەمیشە دووبارە دەبنەوە ، لە سەرەتا لە ساڵی (١٩٢٢ _ ١٩٤٥) فاشیزم لە ئیتالیا بە ڕابەرایەتی مۆسۆلینی سەریهەڵدا ، پارتی فاشیستی نەتەوەیی پێکهێنا ، دواتریش لە ئەڵمانیا ، بە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ، لە ٥ی جانیوەری (پارتی کرێکارانی ئەڵمانیا) دادەمەزرێ ، هیتلەر لە ١٦ی سیپتەمبەر دەبێتە ئەندامی ئەم حیزبە ، لە ٢٤ی فەبرووری ئەم حیزبە لە پلاتفۆرمێک ناوی خۆی دەگۆڕێت بۆ (پارتی کرێکارانی ناسیۆنال سۆسیالیستی ئەڵمانیا) ، دواتر دەبێت بە (حیزبی نازی) (١٩٣٠ _ ١٤٣٥) . هیتلەر لە ساڵی ١٩٢١ دەبێتە سەرۆکی ئەم حیزبە ، بە شێوەیەکی ئاسایی هەموو فاشیستێک دیکتاتۆرە بەڵام ، مەرج نییە هەموو دیکتاتۆرێک فاشیست بێت . لە سەرەتا فاشیست بوون ناوێک و شوناسێکی ئاسایی بوو بەڵام ، دوای کارەساتی (هۆلۆکۆستی جولەکەکان) کە ، شەش ملیۆن مرۆڤ تیابوونە قوربانی ، دوای ئەوە بوو بە شوناسێکی شووم ، بەدوای ئیتالیا و ئەڵمانیا ، فاشیزم پەیوەندی بە هەندێک لە وڵاتانیتر وەک ئیسپانیا ، ئەرجەنتین و زۆریک لە وڵاتی تریش ، فاشیزم تاکو ئەمڕۆش بە ماسکی جۆراوجۆر درێژەی هەیە .

_ ئەدەب و فاشیزم

پێشتر لە وتارەکانیترمان / بە درێژی باسی پەیوەندییەکانی (ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا) مان کردووە ، لەم بەشە زیتر باسی پەیوەندییەکانی نێوان (ئەدەب و فاشیزم) دەکەین ، گوتاری ئەدەبی و گوتاری فاشیستی بە دوو ئاراستەی پێچەوانە هەڵدەکەن ، هەروەکو گوتمان ، فاشیزم لەسەر تووندوتیژی و سەرکوتکردن و کوشتن و تێقاندن ، درێژە بە تەمەنی خۆی دەدات ، پەیوەندییەکان لە فاشیزم ناهەک و نا تەندروستن ، چ پەیوەندی نێوان تاکەکان یان پەیوەندی نێوان دەسەڵات و تاک ، هەروەها بە تەزی حەقیقەتی هەها ئیشدەکەن ، واتە هیچ نرخێک بە باوەڕی ئەوانیتر دانانێن ، هەروەک ئەوەی کە دەڵێن (گەر لەگەڵم نەبیت _ دوژمنی منیت ..!) ئەمە بیرکردنەوە و ئاراستەیەکی فاشیانەی لە پشتە .. بەڵام ئەدەب هەک پێچەوانەی فاشیزمە ، ئەدەب ئامانجی گەیشتنە بە جوانی و هەوادانە بە گەیشتنی ژیان بە کەناری ئارامی، هەروەها گەیاندنەوەی هەموو سەروەریەک بە مرۆڤ ، لە نێو ئەدەب چ پەیوەندی تاکەکان یان پەیوەندی نێوان دەسەڵات و تاک پەیوەندییەکی تەندروستن ، حەقیقەتی هەها بوونی نییە ، بەڵام لە فاشیزم بوارێک بە کەناری ئارامی و پێکەوە ژیان نامەنیتەوە ، لە جیاتی پێکەوە ژیان / ملکەچبوون و دەستەمۆیی هەواجیان هەیە . هەر نووسەرو شاعیرێک گەر بە ئاگاهانە بڕگری لە

فاشیزم بکات ، ئەوا بە هیچ گومانێک (ئەدەب و شیعر) و داهێنانەکانی دەکەونە ژێر پرسیارەوە ، تەنانەت گەر لەنێو ئەدەبەکەشی بەم ئاراستە کاریی نەکردبێت .. دەکرێ لەم ڕاستایە باسی (ئەزرا پاوەند) بکەین ، کە نووسەر و شاعیرێکە لاینگر و بەرگری لە فاشیزمی ئیتالیا کردووە ، پاوەند قسەیەکی هەیە دەڵێت (ئەگەر کەسێک ئامادەیی موجازەفەکردنی نەبێت لەنێو بیرکردنەوەکانیدا ، ئەوا ئەوکەسە یان بیرکردنەوەکانی نرخێکی ئەوتۆیان نییە یان خۆی) ، ئەمجارە بیرکردنەوانە لە بنەڕەتدا بیرۆکەی فاشیزمی بەرهەم دەهێنن ، هەرچەندە (ئەزرا پاوەند) شاعیرێکی نوێخواز و داهێنەر بووە ، کاریگەری بەرچاوی هەبووە لە نێو ئەدەبی ئەمریکی و پێگەیاندنی زۆرێک لە نووسەرانی سەردەمی خۆی و داهێنانی قوتابخانەی (وێنەیی) و .. . لای خۆشمان کەمنەبوون ئەو نووسەر و شاعیرانەی بە باڵای (سەدام حوسێین) یان دا هەڵدا و هانیاندا ، لە کەمەکوژی و توندوتیزییەکانی بەردەوام بێت ، یان ئەو نووسەر و پیاوە ئایینیانەی لە مینبەرەکان بە گوتارەکانییان پاڵپشتییان لە (ئەردوگانی فاشیست) دەکرد ، بە کەمەکوژییەکانی کوردانی باکوور و ڕۆژئاوا . ئەوانە پێبزانن یان نا ، بە ئەدەب و گوتارەکانییان خزمەتییان بە فاشیزم کردووە . هەنگە ئەو شیعرەی (مارتن نیمەلەر) ، کە لە دەسپێکی ئەم وتارە نووسیومانە ، ئەم (هەشبگیرییە) و (کەمەکوژییە) ، باشترین وێنە بێت ، کە سیمای فاشیزمی بە هەشنی تیا بخوێنینەوە .

شەنگال، ئەوبرینەی تا ئەمڕۆش خوێنی لێ دەچۆڕێ ! … عەبدوڵا ساڵح

دانیشتوانی ناوچەی شەنگال زوربەیان ((یەزیدین ((. یەزیدیەکان لە ناوچەکانی (موسڵ ، دهۆك، دیاربەکر،، حەلەب و دورگەی ابن عومەر) نیشتەجێن، ئەوان وەك جولەکە ((ئایین و شوناسی نەتەوەییان)) تێکەڵ بووە، شکانەوەیان بەسەر بیرۆا ئایینییەکان و دووڕەڕەزی و تێکەڵاو نەبوونی خزانیان لە گەڵ ئاینزاکانی تر،

ئەوانی تا ئەندازەیەك خستۆتە ناو جوغزێكەوە، ئەگەرچی زمانی کوردی کرمانجی شێوازی سەرەکی ئاخاوتنیانە، بەڵام ئەوانەی ناوچەی بەعشیقەی نزیك موسڵ بەزۆری زمانی عەرەبی وەك زمانی سەرەکی ئاخاوتن بەکاردێنن، ئاشکرایە کە قسەکردن بە زمانێکی دیاریکراو ((شوناسی نەتەوەییت)) دیاری ناکا، بەڵکو هەڵکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەیمەنەو هەژمونی زمانی باڵا دەست لە ڕووی سیاسیەوە ، هەروەك چۆن دەیان وواڵات زمانی سەرەکیان ئینگلیزیە بۆئەوەی خۆیان بە ئینگلیز، وەك نەتەوە ، بناسێنن ، یا زمانی ئیسپانی و ....

ئاوێدانەوەیەکی خێرا بۆ مۆژوو، ڕاستیەکمان بۆ دەردەخا کە یەزیدیەکان بەدرێژایی مێژوو، لەسەر بنەمای باوەڕ و ئایینیان جینۆسایدکراون ، مێژووی ساڵەکانی 1832 / 1844 ئەو ڕاستیەمان پێدەڵێ کە میرە کوردەکان کەمتریان بە یەزیدیەکان نەکردوە لەوەی داعش پێیکردن، بۆ نمونە (پاشای کۆر) کە هەر ئەمڕۆ ناسیونالیستەکوردەکان پیا هەڵدەڵێن و بە (پاشای گەورە) ناوی دەبەن، و(بەدر خان بەگ) میری بۆتان، لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ئەوندا، لە قەزای شێخان تەوەڕ عابدین و دەشتی نەینەوا و ناوچەی ئاکرێ، چەندین جار جینۆسایدی یەزیدیەکانیان کردوەتە و بە دەیان هەزاریان لێکوشتون یا خود ناچاریان کردون ببنە موسوڵمان ! . لەهەمانکاتدا بەگوێرەی پلانێکی داڕێژراو ، هەر ئەم پاشا کۆرەیە بەفەرمانی میری یەزیدیەکانی بەناوی (عەلی بەگ) بانگهێشت کردوە بۆ ڕەواندز و دواتر لەگەڵانەوەیدا لە ناوچەی گەلی عەلی بەگ بۆسەی بۆداناوە وکوشتویەتی ، هەر بۆیەش ئەو شوێنە ئێستا بەناوی گەلی عەلی بەگ ناسراوە .

دوا کوشتاری یەزیدیەکان لەسەر دەستی کوردەکان ساڵی 1915 / 1923 بووە هاوکات لەگەڵ پاکتاوکردنی ئەرمەنیەکان ، کاتێك مەلای خەتێ کوشتنی موسڵمانان حەرام دەکاو کوشتنی غەیرە موسڵمان حەڵاڵ!! دواتر ساڵی 1918 لەلایەن برایم پاشاوە پەلامار دەدرێن و ئەمجا پەلاماری ساڵی 1935 لەلایەن سوپای عێراقەوە و دواتریش لەلایەن سوپای سەدام حوسێنەوە .

سەرچاوە کان – ((ویکیبیدیا / الموسوعة الحرة))- (((تاريخ الموصل، الجزء الأول، تأليف القس سليمان صائغ، طبع الكتاب في مصر.))

دوا جینۆسایدی یەزیدیەکان بەدەستی چەکدارانی چەنگ بەخوێنی داعشی ئیسلامی لە 4 / ئابی / 2014 کاتێك غافڵگیر کەوتنە بەر پەلاماری

دنـدانەی ئـەو هـزە لـکاتـکـدا نـزیکـی پـنـج هـزار چـکـدار لـپـشمـرگـو ئاسایشو پـلـیسو پاسـوانی بارـگا حزبییـکان لە شەنگال و دەوروبەری هەبوون کە زوربەیان سەر بەپارتی بوون، هەمویان ـایانکرد و یەزیدیەکانیان تەنیا جـهـشت وخستیاننـە بەر کـپەی دـندانەی داعش .

لە دوای سالـی ٢٠٠٣، شـنگال لـووی کارگـی و سیاسی لـلایـن هـرـمی کوردسـتانـو ئـیـدارـ دـدرا، بـتـایـبـت لـلایـن پـارتی دیمـوکراتی کوردستانـو، کـ کـنتـی هـموو جومگـکانی ئـو قـزایـی کردبوو، و قسـکـری یـکـم و کـتایی یەزیدیـکان بوو لە ـگای هەندـك کەسایەتی یەزیدی وەك (تەحسین سەعید بەگ) کە وەك مـرەی پارتی ناوزەد دەکرـ و دەنگـی ئەوە هەبوو چەندین ملیار دـار لە بردنە پـشی سیاسەتی (کوردانـدن و پارتاندنی) ناوچەکە و دانیشتوانەکەی سەرف کراوە.

سەرچاوە : ((إضطهاد الايزيديين عبر العصور جريمة يجب ايقافها في القرن الواحد والعشرين د.علاء الجوادي / صفحة مؤسسة النور للثقافة والاعلام)).

ئـستا، بەشی هەرەزـری یەزیدیەکان ئاوارەن ونەگـاونەوە سەر جـ وشوـنی خـیان و ژمارەیان بە زیاتر لە 300 هەزار ئاوارە مەزندە دەکرـ . دوای تـکشکانی سەربازی داعش ، ئەم شارە کە بەشـوەیەکی فەرمی دەبوو لەژـر کـنتـی دەوـەتی مەرکەزیدابـ ، بـام لە ـاستیدا چەکدارانی پارتی دیموکراتی کوردستان و هـزەکانی پەکەکە و حەشدی شەعبی نفوز وهەیمەنەی خـیان تیادا سەپاند، ئەمەش بووە هـکاری ململانـیەکی توند لە نـوان ئەم هـزانەدا لەسەر حیسابی ژیان وگوزەران و ئاسایشی دانیشتوانی ئەو شارە .

دوا پـەردەی ئـەم شـانـگەریە، رـکـوتنەکـەی هـولـر و بـغـدایە لەسەرەتای ئـکتـبەری ئەمسـدا بـ (ئاسایـیکردنـوـی دـخی شەنگال)، کـ هـرـم بـ(هـنگاوـکی نیشتمانیی) و بـغدا بـ(مـژوویی)و نـتـوـ یـکگرتووـکـان بـ(هـنگـاوـکی گرنـگ) و واشنـتـنـیـش بـ(شـایـانی پیرـزبایی) ناویان برد. بـ گـرـی رـککـوتنـکـ، دـبـت سـرجـم هـزـ چـکدارـکان بچنـ دـرـوـی شەنگال و دـسیـی ئـمنیی شارـکـش بـ پـلـیسی فیدـالـی بسپـردرـت.

ئەم ـکەوتنە لە ـاستیدا رـکەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستانە لە گـ دەوـەتـی مەرکـەزی ، پـارتی بەمەبەسـتی وەدەرنـانی هـزە

نەیارەکەیان لە ناوچەکە ، واتا پەکەکە، و زیاتر جووت بوون و بردنە پێشی سیاسەتێك کە لەگەڵ و بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتی کۆنەپەرستی تورکیا دڵتەوە . دەوڵەتی مەرکەزیش بەمەبەستی کەم کردنەوەی نفوز و دەسەڵاتی هێزەکانی حەشدی شەعبی وەك سیاسەتێکی گشتی لەسەرتاسەری عێراق و شەنگالیش وەك ئەقەیەکی دووڕە دەست و لاوازتری نفوزی ئەم حەشدی شەعبیەڵ .

هەر دوای ڕووکەوتنەکە، لە هەواڵێکدا ڕاگەیەنرا کە وەفدێکی سەربازیی حەشدی شەعبی لەسنوری پارێزگای نەینەوا سەردانی شنگالیان کردووەو لەگەڵ بەرپرسانی باڵای پەکەکە لەو ناوچەیە کۆبونەتەوە، دیارنیەت بۆم سەردانە ڕووکەوتنو هاوکاری لێنوانیاندا دروستبێتو وتویانە، "هەر هەرشێک لێلایەن هەرلایەکەوە لەدژی شنگال ئەنجامبدرێت، لەگەڵ هێزەکانی پەکەکە لەبەرانبەریان دەوەستنەوە"ڵ.

ئەگەر دەوڵەتی مەرکەزی وپارتی لەم ئاقارەدا بەرژەوەندیان یەکی گرتبێتەوە، ئەوا پەکەکە و حەشدی شەعبیش بەهەمان شێوە. هەر یەك لەو هێزانە، لەنوێشیاندا پەکەکە، دەیانەوێ شەنگال و ناوچەکە بکەنە پێگەیەکی تری ململانێی خۆیان لەسەر حیسابی دەرد و ەنچ وئازاری خەڵکی ناوچەکە .

سەرنجێکی کورت لەم سیناریۆیە ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە ئەم ناوچەیە کراوە بۆ مەیدانی تڕاتێن و خەسپاندن و فڕۆکەخانەی جۆرەها گروپ و میلیشیای ناوخۆیی و دەرەکیی وەکیلی ئەم و ئەو، . جۆرەها ئاجیندا و دەنگی ناساز و نامۆ و دوور لە بەرژەوەندی و ویستی شەنگالیەکان، هەڵبەتەقیون و بونە دەماست، ئەوەی نەبیسترا، تەنها دەنگ و ویستی خەڵکەکە و خاوەنە ڕاستەقینەکەی شەنگال بوو کە ئاواتیان گەلانوێیکی بۆ سەریشۆ بوو بۆ زەدی خۆیان. ئاکامی ئەو دەخۆ نالەبارەش، درێژکەشانی ئازار و مەینەتیی ئەو خەڵکەیە لە کەمپەکانی ئاوارەییدا.

ئەم سیناریۆیانە ، هەر هەمویان ، جگە لە تەشەنەکردنی برینێکی قوڵ بەسەر جەستەی ناوچەکە و دانیشتوانەکەی ناتوانی هیچی تر بۆ ، هەر بۆیە دەبۆ هەموو دەنگەکان بەئاراستەیەکدا بەرز بکرێنەوە کە خۆی لە وەدەر نانی هەر هەموو ئەو هێزانەو سپاردنی بەڕووەبردن و پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە بە دانیشتوانەکەی دەبینێتەوە .

شایانی باسە هەر ئێستا ولە درێژەی ئەم سیاسەتە کۆنەپەرستانەی لایەنە چەکدارەکانی ناوچەکە ، پارتی و پەکەکە زەنگی شەڕێکی ترسناك

لە کوردستان لێدەدەن، شەڕێك کە باجەکەی ماڵوێرانکەرەکەی دەبێ خەڵکی زەحمەتکێش و هەژار ونەداری کوردستان بیدا، هەر بۆیە ئەرکی خەڵکی ئازادیخواز لەمێژەدا وەستانەوەیە بەوی ئەم سیاسەتی شەڕانگێزیە و جیاکردنەوە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانە لە بەرژەوەندی ئەم دوو هێزە شەڕکەرە ، بەتایبەتی پارتی کە بۆتە مێرەی دەستی دەوڵەتی کۆنەپەرستی تورکیا بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی لە ناوچەکەدا .

2020 / 11 / 5

(S686) … سندی ێشاخ

بۆفر دەبارێ… لەسەر جادەی چاوگێم، ێنگێ کەمکی تر بگات. پێم وا بوو ئۆگۆر بزێکی بکەم، شەوێم لێ شەوێی شەڕبۆفرینێ دەچێت. بزێکم کرد. دەستی ێاستم بۆ پەنجەرێی یەکەک لێ ژوورەکانی تابقی دووەمی ئۆپارتمانەکەی ئەمبەر بەرز دەکەمەوە، کەسەک لەوێ نەبوو بزەم بۆ دەکات و دەستی ێاستی بۆ ێوومدا بەرز دەکاتەوە.

پووتەکەم و کاسکێتەکەم قاوێین، ێینکێتەکی سوور و بلووزەکی زەردم پۆشیوە، گەڕوێیەکانیشم کە ێنگیان سەوزە لە پووتەکەم درێژتر، تا سەر ئێژنەم هاتوون. ئەو خێی چاوەکانی سەوزن و سمێیشی سوور، لووتەکی زلی هەیە و کەمەکیش ورگنە. حەزی بە پۆشینی ستایلی جلوبەرگمە، هەرکات پێبکەنم دەڵێت: "ئەوو! شەڕ بۆفرینەکەم…"

کە دەڵێت: "ئۆگۆر دوو شەپێگووی دوو قوونی جیاوازیش باین حەزم دەکرد لە تەنیشت یەکتری بێخێندرابایین"، زەر پێدەکەنم.
هەندەک جار منیش هەمان قسەی بە دووبارە دەکەمەوە: "حەزم دەکرد ئۆگۆر دوو شەپێگووی دوو قوونی…" پێدەکەنین.

بەر لەوەی دەرگای تەومبێل دابخەم، دەڵێت: "چی هەیە؟"
دەڵێم: "سەاو، دەبێ چی هەبێت؟"
دەڵێت: "بەم بێانییە، لەنێو تەشوێشکی زەری ێادیە، گوێم لە دەنگی بەژەرەکە بوو دێگوت: "گەرمکی تری بە کەمێ دەزراوەتەوە".
دەپرسم: "بەم سەرما و بۆفرباریەنە لە خەو بەخەبەرت بێنن ناخۆشە،

جا گ؟! نەفرەتیانە…"
دڵت: "هەر کەس بە جۆرێک دەمرێت، سەدان و هەزارەها کەسیش بەم جۆرە. سەدان و هەزارەهای تریش"… دڵم: "بە جۆر و شێوازی تر".
دڵم: "ئەگەر مەرگ قبووڵ بکەم لە ژیانم و ددانی پێدا بنێم و ڕاستەوخۆش ووبەووی ببمەوە، ئەوکات لە دڵتاوکەی مردن ڕزگارم دەبێت و خەم لە ڕق و توڕەییش خاڵی دەکەمەوە؛ مارتن هایدگەر".
دوای ئەوەی لە پێکەنین دەوەستێت، دڵت: "جوانە، بەڵام مارتن هایدگەر نییە، منم… من". کە ئەوهای گوت، جووڵەی دەموچاوی لە هیی منا دەچوو.
بزەیێک دەکەم، دڵم: "هیچ نییە دڵتەکی هەڵەم دووبارە کردەوە".

ڕەگاکان درێژترن لە هەر شتێک، لە سەبەری پیادەڕەوان، لە وەینی سەگ، لە تارمایی چیاکان لەنەو سپییەتی زریانی بەفر…

هەر کە لەدایک بووم، تا ڕۆژی مردنی، یەک تاڕەمووی ڕەشم لە سەری باوکم نەبینی. پیرەپیاوەکی بەدەنگ بوو. بەشی سەرەوەی جەستەی تەزەک لە دواوە بوو و سمتەکی پووچ و ورگەکی زلیشی هەبوو. پەلاوەکانی هەمیشە دوو ژمارە بە قاچەکانی گەورەتر بوون، کە بە ڕەگادا هەنگاوی دەهاوێشت، دەتگوت مراویێ تووشی پەتا بووە، تا ئاستی ئەوەی خەی هەستی پێ دەکرد، خەڵک پێی پێدەکەنین.
گوتم: "ئەوەی دەمەکە پرسیار بوو بەم، ئێستا وەڵامەکەیم زانی".
دوای ئەوەی گوتی: "ئەمە هەکارە بە ئەوەی لەیبووکەکی وەک تەم خۆشبوێت".
دڵم: "ڕەنگە منیش بەیە لووت زلەکی چاوسەوزی وەک تەم…" بزەیەکی کرد.

پەم وا بێت هەشتان بیری لەوە نەکردیتەوە ماچەکم لە بکات! دەنیام لە گەرماویش لە کاتی خۆشوشتن ئەگەر وەنەی کچێک بەسەر دەبەی شامپۆکە ببینێت، ڕووی سوور هەڵدەگەڕێت و دەزریکەنێت و ڕادەکاتە دەرەوە.

"خەڵک بەگشتی و تەنانەت نووسەرانیش سپی وەسفی هەموو شتێک دەکەن لە کاتی بەفرباریندا، بەڵام من هەست دەکەم هەموو شتێک شینەکی ماتە، ئەی تۆ؟"
دڵم: "خەریکم سەیری دوور دەکەم، تارمایی شار لەنەو زریانی بەفرباریندەکە، لە ڕاستیدا پەم وایە هەموو شتێک ڕەش بەیش وەک لەیبووکەکان ڕەنگاوڕەنگ دەپۆشم و وەک شەڕبەفرینەش حەز دەکەم بزە بکەم".

دڵت: "ئەنگۆ هەموو شتێک دەش بێت بەڵام من وا هەست بکەم".
دایم: "ئەنگۆ هەموو شتێک شینەکی مات بێت بەڵام من وا هەست بکەم".

"ئێستە لەنێوان من و تۆ هیچ شتێک نییە، دەتوانیت لە لایەک لابدەیت؟ حەز دەکەم کەمێک پەنجە بخەمە ناو کونی ناوکت". سوور هەڵدەگەڕێ! دنیام لە لایەک لادەدات و سەری لە جامی سەیارەکە دەباتە دەرەوە و دەشتەوە، بەیە ئاوەی لە دەم بوو نەمگوت. نەمگوت تا ئێستە بە یەک جاریش بیرت لەوە کردیتەوە ماچم بکەیت؟ دەترسم نەخۆش بکەوێت و بە درۆزایی ساڵێک هەموو بیانییەک بەم بە نەخۆشخانە و گوڵی سووری بە ببەم.

دڵت: "کتێبەکم دەخوێندەوە، دەرێک تەی بیر خستمەوە، ئەمش هەکار بوو شاوی ئابردوو پێوەندییت پێوە بکەم و داوا بکەم یەکتر ببینین"
.
(دەشکاو لەخۆ هەڵدەستم، پێش هەر شتێک بیر لەتە دەکەمەوە...)

بە نزیک وەستگەیەکی کەنی شەماندەفەر تێدەپەڕین، سەردەمانێک ئەم شوێنە پڕ بوو لە خەڵکی شکێت. لەسەر شوێنە بەرزەکان کەمپێک ئاڵا و چێندین دروشمی سەربازی داندرابوون. بێتاقەتی بە شوێن پڕی پیادەڕەوان دەردەکەوت، ئەنگۆ خەڵکی ئەم ناوچەیە هەر لە سەرەتاوە خەڵکانی ماندوو و بێتاقەت بووبن.
وابزانم لە کۆتایی خوێندنەوەی دەرکاندا بوو: (دەشکاو دەخۆم لەرزنیت و بیر لەتە دەکەمەوە...) ویستم جێتێک بە تەواوی ئەم دەرانە لێدەم، خەم گرت. دایم: "دەنگەکی خشت هەیە بە خوێندنەوە".

هەرچەند لەرە هیچ کات سیستەمی گەرمکەرەوەی ماڵان ناکوژنەوە، بەڵام هەمیشە شتانێک هەن ساردن. دەفتەری ڕۆژانەی براکەم پڕ بوو لە ناو و ژمارەی کوژراوانی جەنگ، ئەو کوژراوانەشی دەیناسین خەتێکی سووری بژێر ناوکانیاندا دەخشاند. ئەو ڕۆژەی باوکم تەرمی براکەمی وەرگرتەوە چوار ڕۆژی مابوو خانەنشین بکرێت. تەمەنم شەش ساڵان بوو کە سەیری دەفتەری ڕۆژانەی براکەمم کرد، ناوی خۆیشی لە کۆتایی لاپەڕەکە خەتێکی سووری بژێردا کێشرابوو.

بەنەو زریانی بەفرەکەدا دەڕۆین و نازانین بە کوێ! ئەوەی دەکەوێتە سەر ڕێگامان، تارمایی کەمپێک بینا و باڵەخانە و وەستگەی شەماندەفەر و بار و چێشتخانەی دیزاین کۆنن. ئەو دیمەنی نووسەرێکی

سەردەمی جەنگ بە پێشبینییەکی ڕاست دەزانم: (دوای جەنگ، دوای گەڕانەوەی تەرمەکان، بەس کوژراوانی جەنگەکان نامرن...). دوای جەنگ نووسەری ئەم دەقەیش خەی کوشت.

دەپرسێت: "هیچ کات بیرت لە خەکوشتن کردیتەوە؟"
سەیری چاوەکانی دەکەم، دەقەی دوو ئێستێرەی ڕەنگ سەوزن بە تەنیشت لووتی، لووتیشی دەقەی دووکەڵکێشی خانوویەکی کۆنە.
درەم کرد، گوتم: "نا هەرگیز".
نەمگوت هەندێک جار حەز دەکەم بە چەکی (S686) کۆنێک لە جەستەم دروست بکەم، بە جۆرێک حەفت پیاوە کورتەباڵاکەی چیرۆکی دەنکەهەنارە بەناویدا سەما بکەن. گوتم: "ئۆگەر لەناو بتڵکی بچووکی پلاستیکیش بێت، ژیان بە ئازاکانێ".
حەزم دەکرد پەنجەم لەنێو کونی ناوکی با. پەنجەی لەنێو کونەلووتی بوو، سەیری کردم و بە وەڵامەکەم بزەیەکی کرد.
دەی بڵێ: "ئۆگەر دوو شەپۆگووی دوو قووڵی جیاوازیش باین حەزم دەکرد لە تەنیشت یەک بەیخەندرابین". تا سوور هەڵدەگەڕێم و هەناسەبڕکێ دەبم، پەدەکەنم... ڕقم لە وەهمە و؛ خەیاڵ دەکەم. دەنیام بە مندااڵیی دایکی زەر بردوویەتی بە لای دکتەر، لەسەر ڕێگاش دوای گەڕانەوەیان گەنمەشامی کوڵاوی بە کەیوە.

لە فڕۆکەی جامی سەیارەکە دەڕوانم. تا سەدوشەست دەژمێرم، هەشتا جار بە سەرەوە و هەشتا جار بە خوارەوە... دەڵێم: "بە نەڕەین بە مانەمێنتی پاڕەوانانی جەنگ؟"
پێنج جار بە لای ڕاستدا و دوو جار بە لای چەپ، بە ڕاستەڕێگەیەکدا ڕەیشت، جارێک بە لای چەپدا و چوار جاریش بە لای ڕاست، لە بەردەم بینایەکی ڕەنگ سووری مامناوەندی لە دار دروستکراو وەستا؛ گوتی: "گەیشتین". بە ئەوەی بگەینە نێو مانەمێنتەکە پێویست بوو کەمێک بە پێ بڕۆین، بەنێو زریانی بەفرەکە سێ چوار هەنگاو لەپێش من دەڕەیشت، دەتگوت مراویێ توشی پێتا بووە، دەرگاکەی کردەوە و ویستم بڵێم: "ئەوە گەیشتین ترسنۆک، گوتی ئەوە گەیشتین". بزەیەکم کرد.

وێنەکان بەدوای یەک هەڵواسراون، پاڕەوانانی جەنگ هەموویان شەویان لەیەک دەچێت. ناوی براکەم لەژێر وێنەکەی نوسراوە، ژمارە (۷۲۹۸) نەبەت، دەبەت دەمێک بەدوای وێنە هەڵواسراوەکەیدا بگەڕێم. ئۆگەر ئێستە هەموو ئەوانەی لەنێو وێنەکاندا هەن زیندوویان بکەیتەوە و داوایان لە بکەیت کەمێک بەدوای یەکتریدا بڕۆن بکەن، دەنیام وەک کەمەڵێک مراوی نەخش بەدوای یەکتری هەنگاو دەنێن...

سەیری چاوەکانی برام دەکەم، دەنگێک لە دواوەم دەڵێت: "بەداخەوە!" دەڵێم: "بۆچی. دەبوو نەمردبا. بۆیین؟" دەڵێت: "باشە".

بەفر دەبارێت... لەسەر جادەکە دادەبەزم. پێم وا بوو ئۆگەر بزێک بکەم شەوەم لە شەوەی شەڕبەفرینە دەچێت. بزێک دەکەم. دەستی ئاستەم بە پەنجەرەی یەکێک لە ژوورەکانی تابقی دووەمی ئاپارتمانەکەی ئەمبەر بەرز دەکەمەوە، باوکیشم دەستی ئاستی بەرز دەکاتەوە و بزێک دەکات. دوای ئەوەی خانەنشین بوو شەوان زوو دەخەوێت و بەیانیان زوو خەبەری دەبێتەوە. کە تەرمی کۆکەی ناشت، وەک بۆی سوێندی خواردووە لە شوێنی خۆی نەجووڵێت. بەیانیان زوو کە خەبەری دەبێتەوە، تا شەوان کاتی خۆتن لەبەر پەنجەرەکە دەوەستێت. پووتەکەم و کاسکێتەکەم قاوەیین، ڕێنکەتکی سوور و بلووزکی زەردم پێشیوە، گەڕوێیەکانیشم کە هەنگیان سوزە لە پێتەکەم درێژتر تا سەر ئەژنەم. جار جارە سەیری وێنە کۆنەکانی دەکەم، باوکم خۆی چاوەکانی سوزن و کەمەکیش ورگن، لە وێنەکانیشدا بە گەنجی خاوەن ڕیشوسمێلکی سوور بووە. دوای مەرگی براکەم حەزی کرد وەک لەیبووک دەربکەوم، حەزی بە ستایلی پێشینی جلوبەرگمە. دەرگاکە دادەخەم، ئاوەم لە دەداتەوە و دەڵێت: "چی هەیە؟" دەڵێم: "بەفرەکی زۆر". بزێکی بە دەکەم. دەڵێت: "ئووا! شەڕ بەفرینەکەم..."

هەرچەند لەڕ هیچ کات سیستەمی گەرمکەرەوەی ماڵان ناکوژێتەوە، بەڵام هەمیشە شتانێک هەن ساردن. دەفتەری هەژانەی براکەم پە بوو لە ناو و ژمارەی کوژراوانی جەنگ، ئەو کوژراوانەشی کە دەیناسین خەتکی سووری بژێر ناوکانیاندا دەخشاند. منیش لە دەفتەری هەژانەم زۆبەکی سوور بەسەر ناوی مراوییەکاندا دەکەشم. چونکە هەمیشە شتانێک لەڕدا ساردن، پێش ئەوەی بە چەکی (S686) کونێک لە جەستەم دروست بکەم، بە جەرێک هەموو کورتباکانی جیهان لەناویدا سەما بکەن. بە ئەوەی گەرم ببمەوە خەیارەکی درێژ لەگەڵ خەم دەبەمە ژێر جگەی خۆتن.

بەفر دەبارێت، کاتژمێر ٢:٣٠ دوای نیوەڕۆیە، زەنگی تەلەفۆنەکە لە دەدات، لە بیستەکەکە گوێم لە دەنگی مراوییەک دەبێت، تەلەفۆنەکە دادەخەمەوە.

پرسیەکی بچووک بە پیاوەکی گەورە ... پشکۆ ناکام

ـــــــ. ماڵ جێ... شار چۆڵ.....
هەوری ماتەم سەرتاپای ئاسمانی پایتەختەکەی " بابان"ی داپۆشیوە ، فرمێسکی ئەو خەڵکەی لێ نەوان باوەش کردن و باوەش نەکردن وون بوون بوونەتە مەم و سێبری ڕەشنایی هەر مەمەکیان ئەکەیت ڕووخساری" قادری حاجی علی" تیا بەدی ئەکەیت.....
چاڵکی دوو مەتری و جەستەیەک جێی یاد کردنەوەی تیا نابێتەوە، ژیانی نەمریی دواتر دەست پێ ئەکات ، نەمریی لێ چاکە..لێ شەهامەت..لێ ئینسان دۆستی،،لێ ڕۆح سووکی،،لێ خۆش مەعشەری،،لێ نیشتمان پەروەری وەک سیفاتەکانی "کاک قادر" تا هزرمان توانای یادکردنەوەی هەبێ ئەویش نەمرە.....
کاک قادر بە جەستە ماڵ ئاوایی کرد بەڵام وا لەگەڵ هەنوومانا..وا لێ ناو هەر پیت و دەڵکی بێ ئەو نووسراوە ، وا لێ ڕەونەقی ڕەنگی هەر ڤرمێسکەکمان..ئەو لێ قوڵترین ڕەگی ناخمانا دەیان چیرۆک و باس و سەرگوزشتەی هەیە و کاتێک بەجێی هەشتین هەست بیر و ئیحساساتی هەر یەکەمانی هەژان ، بەڵام یاد و یادەوەریێ جوانەکانی،، ئەو کانیاوەن کە تینوێتی شوێنی چۆڵی ئەومان ئەشکێنن.....
کاک قادر ئەوەندە سیاسەتی کردود کە زانیبێتی ئەو سیاسەتە بە خواستی هەژار و لەقەوماوان نیە هەوەستەی کردوە و بەشداری تیا نەکردوە ، لێ دەستایەتیشیا کە درکی بەوە کردبێ ئەو دەستایەیە لاسەنگیەکی خوارە بەرامبەر بە پرسە نیشتمانییەکان دروست ئەکا ئەو دەستایەتیەی بچەانوە و کەتایی پێ هەباوە .. ئەو بەریگارەکی بە جورئەتی دەگمەنی بووکی هەڵمەت و قوربانی بوە لەبەرامبەر سیاسەتی پەراوێز خستن و وێران کردنی لەسەر خەی شارەکە کە ئەمەش سیفەتەکی بەرزی ئەو کەسانەن کە بە خەیان نا ، بەڵکو بە خەڵک ئەژین،،،
ئەو نیشتمان پەروەر و "کۆی شار" بوو بە مانا فراوانەکەی...
لە ڕیزی پێشەوەی بەرەی خەڵکی چەوساوە بوو بە وێنە واقیعیەکەی،...
ئەو لە ماڵەوە،،لە بازاڕ
لەقسەکردن..لە بە دەنگی
لە شاخ و لە شار هەمان کارەکتەرە پە لە میهرەبانییەکەی خەی بوو

بەیە خۆشەویستی ئەمە بۆ ئەو لە هەموو بوارە جیا جیاکانی ژیانی ئەوایە... گەر لە هەڵوەستەکانی بدەیین یەک ئاوەی بچووک بە وەستگە و قۆناغە یەک لە دوای یەکەکانی ژیان و تێکۆشانی وەک سەلمانئی خاک و ڕۆژ...
ذەست و قەڵەم...
پیت و ڕەمان وایە...
ماڵ ئاوا ئەی هاوڕێ بە هەموو مانا جوانەکانی هاوڕێ و هاوڕێیەتی لە زەمانی پاشقول و کورسی و خڕ کردنە چاو ..... هەتا دە ووزەی هەبە لە یادمانای...
پایزی ئەمساڵمان لە هەموو پایزە تاڵخ تر..
بەفری ئەمساڵمان لە هەموو زستانە تازیوو تر،،،
بیر کردنەوە لە تە لە هەموو ساتە گەرم تر....
تە چویتە دونیای ئەبەدی و نەمریی ...ئەمەش ڕوو کە دونیای ئاهی سارد و ژیان لەگەڵ یادەوەرییەکانتا مل ئەنێین...
" سلەمانی" یش جارێکی تر تەسلیم بە بە خاوەنی ئەکەین...

کوەی خەم ... کەنعان مدحەت

پەی ووتم: کوەی خەم
ئاگات لەم کەمەکەوانییەی پشتم بەت
ئەم گەچانەم لە وەربگرە
ئەو چاوانەی نەو چاویلکەیەیشم بپارێزە
ئەوجار لە کەتم بگرە و
سەربان بە سەربان بمگەڕێ
بیریشکەرەوە چەنم سەردەخەی
چونکو پیپلیکە قوتاویەکان ڕزاون
سەرخەرەنە کارەبایەکانیش
لە کار کەوتوون و
بڵبڵەرینەکانیشیان
هەر لە مژە بە هەی ژەنگ
خلیسکییان لە دەستداوە

پەی ووتم: کەی خەم

ئەو چەکە شاوەیەی ناو کادانەکەم
بە دڕبڕنە
نارنجەکانی ناو گونیە شکڕیەکە و
خەنجەر و دەمانچەی ژەر سڕینەکەشم
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەگەڵ ئێوەدا کەجەخت دەکاتەوە کە بەبێ کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی ئەم حزبە میلیشیا ناسیۆنالستانە خەڵکی کوردستان نەک هیچ ئاشتی وئارامی و خۆشگوزەرانی بۆخۆیەو نابینێت، بەڵکو هەمیشە لە ناو گێژاوی سیاسی و نائەمنی و شەڕو کارەسات و ئاوارەیدا ژیان بەسەر دەبەن. هاوکات بانگەوازی هەموو دەستەو کەسایەتی و هێزەسەوڵاوانی چەپ و ئازادیخوازو هەر لایەنێك دەکات ،کەخێرا بەبەرپرس دەزانێ بەرامبەر بە ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان، بێنە مەیدان وچیتر ڕێگا نەدەن ئەم حزبانە یاری بە ژیان وگوزەران و چارەنوسی خەڵکی کوردستانەوە بکەن . حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان جارێکیتر ئێو ڕاستیە دوپات دەکاتەوە کە هاتنە مەیدانی جەماوەری ناڕازی و ڕەکخراو بۆ ئاسەی وڵاتانی دەسەڵاتی ئەحزابی بەرژەوانەسیۆنالسیتی کورد و دابینکردنی دەسەڵاتدارێتی جەماوەری پێداویستیەکی دەست بەجێ و هەر ئێستایە، بۆئاستەی هەنگاوێکی کەمڕێگایەکی ئارام و یەکسان وخۆشگوزەران.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
٥/١١/٢٠٢٠

هارمۆنیکای فڕنابوون … شیعر/ کاوە عوسمان عومەر

وونبووونت، هارمۆنیکای..
فڕنابوونم، لە کاتکا خۆر ..
پڵەیەتی لە ئامێزگرتنی..
هەورکی قورمزی سەرخۆش
لە خونی کازیوەدا، بیرچوونی..
خەندەی بەیانیانی ئاورینگ
لەسەر لەوی شەماڵ،
پڕخەفی خەوت بە هەواشی..لا ئەبا،
دەرزی چاوی سپێدەش، درەوشانەوەی…
گیاکان ئەباتە لای فریشتە ..
دەربازبوەکانی ووشە پەرتبوەکانی شیعر،
دەنگی هاتنی پایزە بارانە، زەردبوونی…
شەقام، ئاتونبوونی…
ئاسمان، پرتەقاڵ بوونی ەوخساری ئەو،،
ئەرخەوانیبونی بەرگی دارستان

چاوی ەگا
زێبینی ەی ژاکانی
خونچەی ئاوی بینینتە
کە شەپەلەکانی کەکردەوە
دوای ەشتنت
من نەبە؟
کەنارم من،
کە تە زەریای پە لە هاژەی،،
کە فرەسکەکانی
مانگی سەر ەومەتی نەسیەوە
من نەبم؟

بۆ دوای هەناوەی تنۆکە ئۆقینۆ
گۆڵا، تا سنووری ئۆوشنۆبایی
قژی ئۆو لەسەر ڕۆخی شۆوۆ
بوۆ تۆڵک ،
ماسیۆ ڕۆنگاوڕۆنگکانی
حەزەکی بیرچووی دیل کرد
هارمۆنیکای فۆنابوونمی تۆ، بۆام..
ئارەزوومۆ نۆتای سیمفۆنیای بوونت بم
وەک هارمۆنیکای فۆنابوونیش، هەردوکمان..
بۆ خوۆنپژانی شیعری یەکترەوۆ قەشۆنگین،

هەرکۆ کۆڵوی..
مۆلۆ ئەرخەوانیەکانی تۆمۆن،
لۆ بۆئاگایماندا تۆئۆپۆن،
پۆت ووتم..
میوەکانی بەهەشتەکی وەرانۆ،
تاۆ و تفت و بۆ ڕۆنگن
قامووسی ووشەکانی خەشەویستیش..
لەوانەیۆ پیرەمەردەکی دانای خەمگین
لۆ کتێبخانەی خۆوو ئازار و شەونخونی
بۆ مرۆڤۆ سەرابیەکانی هەڵگرتبۆ،

ئۆفسونگەر تۆی،،
هەر ڕۆژەک ئەکەیتۆ پەکۆ شیعری ۆژاو،،
تەرزەی هاتنتۆ، هانم ئۆدا..
پەکۆ لۆ بیرەوەری تۆ هەڵدەم، چیای..
سەرگوزشتەی ووتبوونی خەڵکی شارۆ..
ئەکەمۆ شاکارنامەی..
ڕەیەکی دوور بەرەو مۆنفا
گەرچی کەسۆ نیۆ ،
لۆ سەرپردی نەوان..
مەرگ و ژیان،

سنورێ نیە..
نەوان عیشق وناعیشق
جەنگ و ئاشتی
باران ..و
بیابان
تۆ و..ئەوان
من و
□□ژ،،
شەو..و
سا□□ بیرچوەکان

لە □□ژانی تر ناچێ
ئەم□□، مەستر و بێئاگاتر
لە شکانی گ□□ای دارێ کەنەکانی هەیوانی
ما□□ لە نوور
و
هاینی
ئەو کەمو□□ شوشانەی
جگە لە □□گی بوونی ئەمە
خ□□ی عیشقی نیشتمانیشی تیا بوو

وێنەکێ کارەکی هونەری فۆتۆگرافێری هە□□ندی
(George Becker)
بۆ سوپاسەو□ لە پێیجی فۆرمی خۆی وەرگیراوە

شیعر/ منداڵکی خاوەن پێداویستی..عەلی حەمە□□شید

بەرزنجی

هەرچەندە من خاوەنی
پەداویستی تایبەتم
بەڵام منیش وەک ئەوە
چـــــالاک و بلیمەتم
...
خاوەنی بەهرە و توانام
وەک منداڵی ئاســـایی
ئاســـودە و بەختەوەرم
دەژیم بـــــە دنیایی
...
وەک ئەوە هـــــەوڵدەدەم
وەک ئەوەش کەشش دەکەم
ناخم پڕ لـــــــە هیوایە
تا بـــە جوانی پڕی بگەم
....
تـــــا وەک منداڵانی تر
دەرکەوە توانا و بەهرەم
پەداویستی تـــــایبەتیم
زوو زوو بخـــــنە بەردەم
...
ئەوســـــا دەزانن منیش
بە بەرزی گەل و خـــاکم
چەن لـــــە ئاستی خەمەوە
مرۆڤکی چـــــــالاکم
٢٠٠٨/٤/١٥

دەرمانخانەی فەلسەفە .. بەشی

20.. ئازاد حەمە

بەشی 20

فەلسەفە دەرمانی دەردە
ماركەس ئەورليەس Marcus Aurelius

ئاماژە: بینینی فەلسەفە وەك دەرمان بۆ ئەو بۆشە لە توێژینەوە فەلسەفییەكانمان دەبات كە ویستی فەلسەفە ویستە بە چارەسەر(Therapy و Treatment). گەر فەلسەفە ئەم كارە بكات شوێن بە دەروونناسی لەقەدەكات. باشە فەلسەفە دەكارەت شوێن بە دەروونناسی لەقبكات؟ مەگەر فەلسەفە لە ساتەوەختی پەتای كۆرۆنادا پتر لە دەروونناسی بەسەر ژیانی تاكەكانەوە كاریگەر نەبوو؟ بۆئەوەی وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارانە بدەینەوە قسە لە فەلسەفە دەكەین وەك دەرمان، ئەوەش لە فەلسەفەكردنەوە بۆ چارەسەرسازیمان دەبات. وەكیتر، ڕوانینی ئەم بۆشە لە هەناوی ئەو تەماشاكردنانەوە چڕەدەكات كە پێوایە شێوەی بیركردنەوەی مرۆڤ گرنگی خۆی هەیە. واتە چۆن ئەمە ئەم جیهانە دەبینین و تەماشاكردنمان بۆ شتەكانی ناو ئەم جیهانە بۆ چ جۆرێكە، بینینی شتەكان و دواتر لێكدانەوەی ئەمە پاش ئەم بینینە جۆی سەرنجی فەلسەفییە. بینینی جیهان وەك شتێك لە هەڵە پێوەندی تەنیا بە هەڵەیەوە نییە لە جیهاندا هەیە، بەو بیركردنەوەشەوە هەیە كە هەڵەكە دەبینەت. جۆختەكەینەوە فەلسەفە لە كۆنەوە تا ئێستا مەتەدی جیاجیای بۆ ماملە لەتەك بیركردنەوە پشنیاركردوە، ئەو جیاوازیەش لە مەتەدەكان هەندێی لە پگەی فەلسەفییان لە دژینەوەی شێوازی نوە لە تەفكرین بەهەزكردووە هەندە مرۆڤیان كێلەی فەلسەفە نەكردووە. لە ماملەكردن لەتەك فەلسەفە دیدمان بۆ خۆمان، بینینمان بۆ جیهان، بۆ دەوروبەر وەك خۆی نامێنەت. بۆیە فەلسەفە پەماندەەت، هەرێك لە ئەمەی مرۆڤ شێوازی بیركردنەوەی خۆی هەیە، هەر لەوشەوە بیروبۆچوون و تەامانە فەلسەفییەكان لەكەدی جیادەبنەوە. چۆن سەیری ژیان دەكەین، چۆن ئەو ژیانە دەبینین كە تیایەدژین،دواتر چۆن ژیانەكە لەسەر بناغەی بینین و بیركردنەوەكانمان دەگوزەرێنین بۆ فەلسەفەكردن مانادارن و لە ئاكامی گشت ئەمانەشەوە تەگەیشتن دروستدەبن، لەوەندەرەوە مەیلی فەلسەفە بۆ فەلسەفەكردن چڕەدەكات. كاتێك ئێش و خەم دەستیپەدەكات گەلان بەدوای دەرمان وەك چارەسەر شوێن بۆ خۆی دەگرەت. ئەو دەمەی هەستەكان ماندوو دەبن و بێزاری و بۆ هیوای باڵ بەسەر بوونی مرۆڤ

دا دەکەشن چارسەر دەبێتە پرسیار و هەر ئەو دەمە گیان دەستپەدەکات. گیان هەوێنی چارسەرە و لە پەویستی بە بنبەکردنی ئێش و خەموە هەدەقوڵێت. گەمی ئێش و خەم سەرتاپا بریندە و لە چاوەوانی دەرماندایە. دەرمان وەك فەلسەفە دیرەکی خێی هەیە. مرۆڤایەتی ئاستوخە بەم جۆرە دەرمانە ئاشنانەبووە و کاتەکی زۆریشی خایاندووە تا فەلسەفە توانیویەتی ئەم ڕاستیە ببینێت. بەشێك لەو ڕاستیەی فەلسەفە وەك دەرمان دەیبینێت ئەویە، فەلسەفە وادەکات خەڵك چارسەرسازیەکە ببینیت، خەڵك کار لەسەر خۆیت بکەیت. بەشێك بەمە دەڵێن فەلسەفە وەك دەرمان. دەرمان لێرە خودی چارسەرکەیە. ئەو چارسەرەی کاری سەرەکی دەرمانکەی لێپکدێت کاکڵی فەلسەفەکەش دەسازێنێت. کەچی بەشێکی تر پەیوایە هەندێك لە چارسەرە ڕەفتاریەکانمان یان ئامرازە پراکتیکیەکانمان سەرچاوە لە فەلسەفەوە دەگرن. لێرە فەلسەفە وەك چارسەر تەماشادەکرێت. لەبەرئەوەی چارسەرە دەرمانیشە.

بەمجۆرە، لەم بەشە نووسینە، وشەی چارسەر بەهەردوو ماناکەی Treatment و Therapy بەکاردەبین و بایەخیش بەو تەهزرینانە دەدەین فەلسەفە وەك دەرمان دەخەنەوو، دەرمانێك کە ئیشی فەلسەفە دەکاتە کردەیەك لە چارسەرسازی. بۆئەوەی فەلسەفە ئەمە بکات پەویستمان بە دروستکردنی هاوگانی چەنایەتی دەبێت لە تەماشاکردنمان بە دەرمان. ژەهر لەو شوێنەی بەکاربردنکەی پەویستە دەرمانە. باشە مێژووی پزیشکی لەم بارەوە چیمانپەدەڵێت؟ مێژووی پزیشکی بریتییە لە مێژووی دەزینەوەی چارسەر، چارسەر بە هووك و گژوگیا، تادگاتە نەشتەرگەریە سەرەتاییەکان لە شارستانییە دێرینەکان(میسری کۆن، بابلییەکان، هیندی، چینی، یۆنانی، ڕۆمانی). ئەم مێژووە کە تەندروستی جەستەیی و عەقڵی مرۆڤکان لەخەدگرێت لە قۆناغی پێش توکاری جەستە و چارسەرکردنی بریندار و ناساغی بە ئەفسانە و جادووەوە دەستپەدەکات بۆرەو تەواوبوونی فەلسەفییەکانی شارستانیە کۆنەکان ملدەنێت تادگاتە چارسەری پزیشکی لە چاخی زانیاری. لە سەردەمی نوێشدا ئارتۆ Artaud زۆبری وەك دەرمان لە کارە شانۆییەکانیدا بەکاربردووە. بەشێك خوێندنەوەی نووسینەکانی شۆپنهاوەر Schopenhauer دەکەنە دەرمانی ڕۆح و بەشەکەی تر نیچە. هەرچی سێنەکا Seneca، ئێپیکتێتۆس Epictetus، ئۆرلیۆس Aurelius و فیلسوفە ڕواقییەکانی Stoicism تری شارستانی ڕۆمانییە گرنگیەکی زۆریان بە بەختەوەری و بە خاوەنەاگرتنی ڕۆح داوە. ئێستاش بیرمەندگەلێکی وەك فێری Ferry، کۆنت-سپۆنڤیل Comte-Sponville و ئۆنفرێ Onfray لە فەرەنسا هەڵگری فەرمووونە فەلسەفییەکانی ئێپیکۆر و ڕواقییەکانن و فەلسەفە بۆرەو جۆرە

تەراپیەك Therapyدەبێن كە وردە وردە خەی لە تەامانەكی عەقڵی-و تەاری پووخت بەدووردەگرێت. ئەمەش هەنگاوە بەرەو چارەسەرسازیی بە فەلسەفە. هەنگاوی یەكەمی ئەو چارەسەرسازییە لەوەوە دەستپەدەكات كە فەلسەفە لەناوەوەی مرۆڤ كاری خەی دەستپەدەكات و دواتر والە مرۆڤ دەكات خەی بێت. ئەمەش دەستپەكی فەلسەفەیە كە هەر لە سەرەتاوە كاری لەسەر خەبوونی مرۆڤ كردووە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، فەلسەفە بەجەرەك ئیش لەسەر مرۆڤ دەكات كە خودی خەی بیت، خەی نەك ئەویتر. ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی گەر مرۆڤ ئاگای لە خودی خەی نەبێت بەدەنیاییەوە ئەویتر ئاگای لەدەبێت، كەواتە تە ئیتر خەت نیت و ئەوێتریت. خەبوونت مانای بە بوونت هەیە. بوونت واتە خەت. بوونی تە بوونی خەتە نەك ئەویتر، كە خەت بیت كەوابێت تە خەتت هەیە، خاوەنی خەتیت. خەتت نەبوو بە بەگومان ئەویترەك دەبێتە خاوەنت. كەشكە چیە كە خاوەنی خەمان نەبین و ئەویتر خاوەنداریمان بكات؟ كەشكە لەوەدایە كە هەبوون بەر هەوەشانەوە دەكەوێت.
مایەوە ئەوەش بوترێت كە، ساتەوەختی كەرناڤایرەس هەوتی دەمەتەق، شیكاریی، فەلسەفییەكانی گەیی و جارەكی دی فەلسەفی كردەوە بە پەردی نەوان زانستە ئەزموونییەكان و زانستە مرۆییەكان. لە سەدەكانی پێش زایینیشەوە، لە دەمی سوكرات و گالەنەس Galenosەوە، كە پزیشكە هەرە دیارەكەی شارستانی یۆنانییە، تادەگاتە مۆنتاین و هەنووكە (میشەل ئەنفرە بەنموونە) فەلسەفە مەشقكردنە لەسەر مەرگ و تامكردنی ژیان، بەشیفابوونیشە لە ژیان گەر ژیان لەخودیخەیدا درم بێت.

ئاسكلەپیەس: خواەندی شیفا

گەر یۆنانی كۆن بە نموونە وەربگرین دەبینین زەربەی خواەند و ئەفسانەكان كاری چارەسەرسازی و دەرمانسازی و شیفابوونیان بینیووە. ئاسكلەپیەسAsclepiusیەكەكە لە فیگەرە دیارەكانی ناو ئەفسانەی یۆنانی كۆن و خواەندی پزیشكی و شیفا بووە و ئەمەشی لە باوكیەوە ،لە خواەندی ئاپۆلۆن Apolloەوە وەرگرتووە كە خواەندی خەر، موزیك، هونەر و شیفابوون بووە. ئەپیۆن Epione ژنی ئاسكلەپیەس بووە كە خواەندی ئارامكردنەوە بووە. لە ئەستاشا كە دەچینە هەچ دەرمانخانەیەك گەچانەكەی ئاسكلەپیەس دەبینین كە بە مارەكەوە لكاوە و بووە بە هەمای پزیشكی. ئەم خواەندە چوار كچی هەبووە: هیجیا Hygeia (خواەندی پاك و خاەنی و تەندروستی بووە)، ئاساسەAceso (خواەندی چارەسەركردنی نەخۆشی و

شیفابوونبووە لە برین)، ئایاسIaso (خواوەندی چارەسەر بووە)، ئاگلایا Aglaea (خواوەندی تەندروستی باش بووە)، پاناسیا Panacea (خواوەندی دەرمان و چارەسەر بووە). لە سەردەمی ئاسکلێپیەس دا خەڵکی ناساغ ڕۆژانە سەردانی پەرستگای ئێپیدەرسیان Epidaurus کردووە تا لە ناساغی و بریندارکانیان بشیفابن. دووان (Machaon و Podalirius)لە کوڕەکانی ئاسکلێپیەس لە داستانە شیعری یلیادە Iliáda ی هۆمەرس Hómēros ناویان وەك بریندارچاکەر هاتووە. بەپێی گێڕانەوەکانی هۆمەرس ئەم کوڕانەی ئاسکلێپیەس چارەسەری بریندارەکانی جەنگی تڕیا Troyیان کردووە. ئەم زانیارە بە کورتی هەقایەتی خواوەندی شیفای یونانی کۆنە کە پاش یونان و لە شارستانی ڕۆمانی بەردەوامی خۆی هەبووە و پێش یونانیش شیفابوون ئیشی خواوەند و داناکان بووە.

فارماکۆن

بەڕوونی ڕیشەی وشەی دەرمانخانەpharmacy دیاریبکەین پێویستە بە وشەی فارماکیە Pharmakia ئاشنابین کە لە زمانی یونانی φαρμακεία بە واتای ژەهراویکردن، جادووگەرایی دێت. فارماکیە دەرمانە. دەرمان لەناو پرسەی بەکاربردنی ئەم وشەیە ئامادەبوونی خۆی هەیە. وشەی فارماکیە لە فارماکۆن Pharmakon ەوە سەرچاوەدەگرێت. فارماکۆن φάρμακον یش لە یونانیدا بە مانای ژەهر، جادوو، تەلیسم، ئەفسوس، دەرمان دێت. هەموو ئەمانە پێماندەڵێن فارماکۆن لەیەك کاتدا بە واتای دەرمان و چارەسەریش دێت. هەربۆیشە فارماکیە بە واتای تەراپیا Therapeia (چارەسەر) دێت. ژەهر بەنموونە دەرمانە و چارەسەریشە.وەکیتر ژەهر بکوژە، لە هەلومەرجی بەکاربردنی چارەسەرسازیشی تەدایە. ئەو شتەی ژەهراویدەبێت لەناودەچێت، دەمرێت، جا ئەوە هووك بێت یان ئاژەڵ و مرۆڤ. تەنانەت ئەو گیراوەیەی سوکرات خواردیەوە بیاری دادگا بوو کە لە جۆرە هووکەك hemlock ی ژەهراوی پێکهاتبوو. بەپێی تێگەیشتنی نیچە ئەو کاتەی سوکرات گیراوەکە دەخواتەوە نیازمەندە بەوە خۆی لە ژیان شیفابکات. ژیان لەو حاڵەتە ناساغیە و ژەهر چارەسەرە. خودی دەریداش لە نوسینی" دەرمانخانەی ئەفلاتون"دا وشەی فارماکۆن لە سێ لایەندا قەتیسدەکات: دروگ Drogue (دەرمان یان عەقار) و مەدیسن Médecine (پزیشکی) و ڕەمید Remède(چارەسەر).

کێبڵەبوونی فەلسەفە چارەسەر نییە

فەلسەفە لە دەمی یونانەوە تا ئێستا لە گیان بەدوای مانای ژیان

لە هەبەز و دابەزدایە. هەردەم فەلسەفە ویستویەتی خەڵکی وەنمان بێت، ئاستێك بۆ گورزی زمانی دانێت، پێی بڵێ ئەستایەمان بەرێت هەنووکەمانە و بڕوچانیش لەسەر بەرهەمهێنانی هزر، هزرێکی پێویست بۆ مرۆڤایەتی، بەڵام نابهێنێت. ئەمە لایەك، لایەکی تر بینینی فەلسەفە وەك فیلسوف جیایە لە بینینی فەلسەفە وەك هەواداری فەلسەفە. هەوادارانی فەلسەفە جەراوجەرن. هەن وەك کێلە مامەڵە لەتەك فەلسەفە دەکەن. بوونە کێلەی فەلسەفە بۆ زیانی فەلسەفە دەگەڕێتەوە. کێلە وابەستە و بەدەنگ و ژێردەستەیە. لەم حاڵەتە فەلسەفە بەپێی پێویست سودی نابێت و کاریگەریش ناخاتەوە. فەلسەفە لەناو دەمەتەقە و هووبووەوکان نەشونمادەکات. کەواتە ئەوانەی ڕەخنەی فەلسەفە دەکەن یان فەلسەفە بە هەڵوەشانەوەی بچووەن و تێگەیشتنەکان دەخەنگەڕ ئەو بڕشەن لە هەواداران و خوێندڕانی فەلسەفە کە بەرهەمهێنەری فەلسەفەن. هەشن تەنیا فەلسەفە لە پرسیارسازی و گومانکردن پووختدەکەنەوە و کاری فەلسەفەش لە وتن لەسەر ئەویتر بریتیدەکەن. ڕەنگە سوکرات نموونەیەکی ئەم بوارە و گروپی پشتریش بێت. هەر ئەم بڕشە ئەوە لەبیرناکەن کە فەلسەفە کارکردنە لەسەر خودیخە. شیکردنەوەی خودیخە و کردنەوەی ناخ بڕشکی سەرەکی لە کردەی فەلسەفەکردن پێکدەنێت. بڕشك لە فیلسوفان بەم شێوازە توانیویانە بگەنە ئەویتر. نیچە نموونە بەرچاویەکەی ئەم لایەنەیە.

لەمیانەی ئەو قسانەی لای سەرەوە بەوە دەگەین، فیلسوفکان کێلەی فەلسەفە نیین. فەلسەفە زادەی چرکەی خێیەتی. چرکەی فەلسەفە ئەو کاتەیە کە پیادەدەکرێت. لە ڕابردووەدا فەلسەفە کردەی دەمی خێبووە. ئەستاش کردەیە بە هەنووکە. جگەلەوەی فەلسەفە دەم و ساتی خۆی هەیە، لە بە گشت سات و دەمکانیش دەشێت. ئەفلاتون، سپینوزا، مەنتاین یاخود دەکارت، ڕەسە، کواین بە ئەو دەمە و بە ئەستاش شیاون. بەپێی ئەوەی فەلسەفە بیرکردنەوە و تەماشە دەشێت ڕەخنەبکرێت، دەکرێت شیاو بێت یان شیاو نەبێت بە ئەستا. ئەمە نییە کێکی فەلسەفە، کێکی فەلسەفە لە توانای بیرکردنەوەیەتی لە سات و دەمە جیاکان. فەلسەفە لە هەموو سەردەم و چاخێکدا، لە گشت کولتوور و کەمەگەیەکدا لەو چرکەیە دواوە تیایا وتراوە. لە ئەستادا، لە کاتی کەرناڤایرەس دا، کەشە کولتووری و کەمەایەتیەکانی مرۆڤ تا دەگاتە سیاسی و ئابووری و ڕەحیەکانی هەمان ئەوانە نیین پێش قایرەسەکە. وەجا بوونە کێلەی فەلسەفە وادەکات نە لە فەلسەفە بگەین نەش دژەکەی. جا ئەوە نا-فەلسەفە بێت تادەگاتە ئاین. هیچ نەبێت لەبەرئەوەی ئەو کێلایەتیەیە ئەو دیالۆگە دەکوژێت فەلسەفە دروستیدەکات. لە پاش کێلایەتی دیالۆگ نامێنێت، مشت و مە و ڕەخنە

جیان بەتاڵ و کاوڕ و دووبارەسازی جیان دەگرنەوە. بۆیە فەلسەفە بەرهەمهێنەر بەت پێویستە لەخۆ و پێکدادانی هزری هەبێت. شتی نوێ و نوێتراویش تەنیا لەو کاتانەدا سەرهەڵدەدەن فەلسەفە مەستی گومان و سڵامینەوەیە.

شتی فەلسەفە لەتەك پرسیار چارەسەر

شتی فەلسەفە لەتەك پرسیار بەانەوی نییە، چارەسەر و ئەو دەرمانەشە بەیدەگەڕێین. شتی وا بەکەتا لە دەمی دەرکەوتنی یەکەم ونەکی خەری فەلسەفەوە دەستیپێکردووە و هەر بەردەوامە تا مرۆڤ خاوەنی ئاوەزی خۆی بەت. پرسیارە فەلسەفییەکان(گرنگیشە بزانین چ جۆرە پرسیارێك فەلسەفییە و چ جۆرەکیش نا-فەلسەفییە)لە زیادبووندان و هەر گۆشەی بیرکردنەوەی مرۆڤ و ئاژەبوونی هەل و مەرجی بوونەوەی ئەم مرۆڤشە فەلسەفەی گەیاندەتە شوێنە سەخت و دژوارە ناکەتاکان. لە میانەی پرسیارەکانمان تێگەیشتنمان بۆ خەمان و دەوروبەرمان دەگۆڕێت. کە دەپرسین فەلسەفە چییە بەمە هەنگاوێك لە بیرکردنەوەکانمان بەرەو پشەوە دەچین تەنانەت ئاگەر وەڵامەکشی دەقاو دەق نەزانین. ئەو وەختەی فەلسەفە لەتەك ئاین یەکدەگرتەوە بە پرسیارێکی دی هووبەوودکرێتەوە کە بەم شێوەیە: فەلسەفە زانستە یان نا-زانستە؟ قەرزاری فەلسەفیی زانست وەڵامە بە ئەم پرسیارە. ئەوەی تە بیەت هەروەك ئەوەی من دەیەم ڕاستە؟ نەخێر. ئەمەش لەبەرئەوەی دوو ڕاست پێکەوە هەڵناکەن. تا پتر لە ماهیەتی ئەم شتە تێبگەین کە فەلسەفە هەڵیگرساندووە ئەوکات ئەوەمان لاوونەدەبەت بە گەیشتن بە ڕاستی بەتە دەروازە بە فەلسەفەکردن؟ بە ڕاست، نەك درە، دژە جەمسەری هەیە؟ ئەدی باشە لەتەك چی لە جەنگدایە؟ لەتەك خراپە یان نا-باشە؟ بیرکاری دایکی زانستەکانە یان فەلسەفە؟ فەلسەفە دەستی لە دروستکردنی زانست نەبووە؟ ئەی ئەستا، بە زانست خەی وەك شتەکی سەرووی فەلسەفە دەبینەت؟ چەن هەکار دروستدەبەت؟ لەو جگایەی هەکار هەیە دەبەت دەرئەنجام هەبەت؟ هەکار گرنگە یان دەرئەنجام؟ هەکار پرسیار بەت کەواتە دەرئەنجام وەڵامە؟ مەژووی وەڵام لە پرسیار کەنتر نییە؟ گەر پێچەوانەکەی ڕاست بەت کەواتە هەکار دایکی دەرئەنجامە؟ گەڵانی فەلسەفە بەدوای مانا گەڕان نییە بەدوای واتای بوون؟ لەو شوێنەی بوونمان لە مەترسیدایە چ پرسیارێك دەتەکایەوە؟ ئایا پرسیاری مەرگ ئەو پرسیارە نییە؟ باشە کات دەمرێت؟ کە شوێن هەیە کاتیش لە هەمان شوێن دا بوونی پێویستە؟ کات گرنگترە یان شوێن؟ ئەدی ژیان لەناو بە کاتیدا شیاوە؟ بە ڕزگاربوون لەم دیلەمایە (سەرئێشە) پێویستمان

بۆ پێوانەیە؟ چۆن کات-شوێن بپێوین؟ ئاژەڵ هەست بە کات دەکات؟ یەزدان لە دەرەوەی کاتە؟ ئاژەڵ هەست بە گۆڕینی شوێن دەکات؟ پرسیارکردن لەسەر بوونی یەزدان شتێکی نا-ڕەوشتییە؟ نا-ڕەوشتیی دیاردەیەکی مرۆییە یان ئاژەڵیش بۆی هەیە نا-ڕەوشتی بێت؟ بۆ ئاژەڵ بۆ عەقڵ لەدایکبووە؟ ئاژەڵ خودبینێت یان خوونبینین هەروەك عەقڵ دیاردەیەکی مرۆییە؟ ئاژەڵ کۆ عەقڵی نییە شتێ یان شت ئاژەڵە؟ باشە ئەی ئاین، بۆ ئاین بەس بۆ مرۆڤ هەبووە؟ بۆ دیندار و بێ دین لەناو ئاژەڵاندا بوونی نییە؟ لەبەرئەوە نییە کە ئاژەڵ عەقڵی نییە؟ ئەی ئاین عەقڵییە؟ گومانیناوێت فەلسەفە کۆ عەقڵییە پیرۆز نییە. هەرچی ئاینە دیاردەیەکی باوەڕییە تا تۆاماناکی عەقڵی. ئەی کامیان باشی چارەسەر دەبینێت ئاین یاخود فەلسەفە؟ئەم شێوە هەر بەردەوامە و دیدگای، شیکارییە و ڕەخنەیی زۆری لەسەوبەردێت و فەلسەفش دەخاتە دۆزەکی چارەسەرسازی Therapy و بایەخپێدانەوە.

چارەسەر بە فەلسەفە

چۆن فەلسەفە ڕۆڵی چارەسەر ببینێت؟ چارەسەر لە چی؟ فەلسەفە جگەلەوەی کردەیەکی عەقڵییە و پرسەی بیرکردنەوە بەرهەمیدەهێنێت دەکارێت لەڕێگای بیرکردنەوەکانەوە کار لەسەر جەستە و دەروون بکات. مرۆڤی سەردەم لە هەموو کات زیاتر پێویستی بەو کارەیە کە فەلسەفە پێیبەخشێت. پێشەوی دەروونی یان داماناکی هەزری بە گۆڕانەوەی بایەخدان بە فەلسەفە دەمانگەیەنێتە قۆناغێکی چارەسەرسازیی. فەلسەفە پێویستی بەوەیە کار لەسەر لایەنی بیرلێنەکراو بکاتەوە لە ژیانی مرۆڤ. بەوەش ناسراوە کە ئاڕاز و ژیرئیامەز و بە شێوازێکی تر، جیاواز لەوەی پێیناسراوە، خەینمایشدەکات. ئەمەش لەوسەرەوە وادەکات فەلسەفە زۆرتر کاریگەربێت.

پێشتر هەماماندبەکرد، لەم بەشە نووسینە،وشەی چارەسەر بەهەردوو ماناکەی بەکاردەبەین: Treatment و Therapy . فەلسەفە کە شوێنی چارەسەر دەگرێتەوە سەرچاوەی ئەم چارەسەرە نوسینە فەلسەفییەکانن. لەم حاڵەتە ناکرێت فەلسەفە جۆی پیرۆز و فیلەسوفیش جۆی پێیامبەر بگرێتەوە، هیچ نەبێت لەبەرئەوەی ئامانج لە فەلسەفە خۆ پیرۆزکردن و فیلەسوف پیرۆزکردن نییە بەقەدئەوەی ئامانج هۆشانەوەی خودی پیرۆزییە. بە زۆرەك شێنهاوەر و نیچە ئەو ڕۆیان بینیووە. کار فەلسەفییەکانی نیچە سانانك وەك چارەسەری دەروونی تەماشادەکران. تەنانەت ڕەماناکانی دەستڕۆشکی و کامەش. بە هەندەك ئێپیکەر و ئێپیکەرییەکانی شارستانی ڕەمانیش(سێنەکا،

ئەپیکتێتس، ئەرلیس) لەو ئاستەدا بوونە.
فەلسەفە هەر لە سەرەتای دەرکەوتنیەوە لەسەر ئەو بنەمایە بووەتە چارەسەر کە گفتوگۆی کردەتە بناغە بۆ قسەکردن لەسەر دیاردە و گرفتکان. ئەمش لە بنەتدا شێوازی سەرکی سوکرات بوو. وەکیتریش، خەناسی هەنگاوەکی تری سوکرات بوو بۆ بەکاربردنی فەلسەفە بۆ خودچارەسەر. خەناسی چارەسەرکی خودیە کە مرۆڤ لە خودی خۆی نزیکدەکاتەوە. ئەوەش هەر شێوازەکە لە چارەسەری فەلسەفیی کاتێك سوکرات هەوڵی گەیشتن بۆ ڕاستی دەکاتە ئامانج بۆ گفتگرانی. لە دوای سوکرات ئەریستۆ بوو کە گرنگی بە بەکاربردنی فەلسەفە بۆ چارەسەر خستەتەگەڕ، وەلە پاش مەرگی ئەریستۆ شێوازی عەقڵی و لۆژیکی لە فەلسەفە بەرەو چارەسەرکردنی فەلسەفی بۆ خۆشژیان، بەختەوەری و دورکەوتنەوە لە ژیانی مادی هەنگاوینا. لەسەر ڕەوتی بیرکردنەوەی فەلسەفیی ئەپیکەریەکان و ڕواقیەکان بەدەستهێنانی چێژ و خۆشی وەك سەرەتایەك بۆ دورکەوتنەوە لە ئازار و خەمکی بوو چارەسەر. لەم ساتەوەختەوە ئەم دوو ئاقارە فەلسەفییە وەك جەرکی تر لە فەلسەفەی چارەسەر خۆی لە یۆنانی کۆن نمایشدەکات کە دواتر بەرەو شارستانی ڕەمانی ملدەنێت. فەلسەفە وەك چارەسەر لە دوای ئەم ساتەشەوە بەردەوامی بە خۆی داوە. بەشێك لەو چارەسەرە خۆی لە چارەسەرکردنی کێشە هەنووکەیی و ڕۆژانەیەکانی مرۆڤ چەکردەتەوە. کێشەکان کە بەشێکی بووناوی هەمیشەیین لەنێوان مرۆڤکان لە گشت سەردەم، شارستانی و کولتوورێك دا دووبارە و هاوشێوەن. ئێستا بەزەری پسپۆڕان لە فەلسەفەی پراکتیك ئەو ڕۆڵە دەبینن. هەوڵی ئەوە دەدەن لەڕێگای کلینیکی تایبەتەوە کار لەسەر ئەوانە بکەن کێشەی موالییان یان غەم و پەژارەیان هەیە و تێنەگەیشتنیان لەسەر مەرگ، تەنیای، هاوڕێیەتی و هەندێك دیاردەی تری بووناوی هەیە. بەشێك لەم کارە ""کلینیکی فەلسەفی"" لە ڕۆژئاوا کاری لەسەر دەکات. بەیە لەرەوە قسەدەتە سەر فەلسەفە وەك دەرمان.

لە پێناسەی فەلسەفەوە بۆ پێناسەی دەرمان

مەژووی دەرمانسازی Pharmacology لەگەڵ مەژووی پزیشکی تێکەڵە. مەژووی پزیشکی مەژووی پەرستیاری و دەرمانسازی لەخۆ دەگرێت. ئاشکراشە هەر لەسەرەتاوە گژوگیا و ووەکەکان سەرچاوەی دەرمان یان دەرمانزانی بوونە. دەرمان لە دیدی دەرمانسازییەوە بریتییە لەو مادە کیمیاییەی بۆ دروستکردنی کاردانەوەی بایەلۆجی یان فیزیەلۆجی لە خانە و ئەرگانێك لە لەش بکاردەبرێت. ئەمە بەو واتایە دێت کە دەرمان بۆ دروستکردنی کارلێکە کە ئەوەش چارەسەری لێدەسازێت.

هەرچی فەلسەفەیە بەجۆرێکی تر دەبێتە ئامراز بۆ چارەسەر. ئەبێتە چارەسەر بۆ گەیشتن بە گیانی ژیانمان. وەکیتریش گەیشتن بەدوای دەرمان واتە دەزینەوەی چارەسەر، بەڵام دەرمان بۆ چ دەردێك؟ دەرد دروستکەری ئازارە و دەزینەوەی دەرمانیش تەنیا بۆ ئازار نییە، دەرمان ئازارشکێنە و بۆ زەرشتی تریشە کە ئێش لە مرۆڤدا دروستدەکەن، لە لێرە کێشەکە لەوەدایە کە ئێشی ددان وەك ئێشی تەنیایی نییە. ئێشی سك وەك ئێشی بێزاریی و بێحەوسەڵەیی نییە. دەرمانی ترس لە دەرمانی بێ هیوایی و خەمەکییەوە دوورە. بۆ شکاندنی ئازاری ددان یان چاو دەچینە دەرمانخانەیێ بۆ شکاندنی ئازاری تەنیایی و بێزاریی بۆ کوێ بچین؟ فەلسەفە لە پاش مەرگی ئەریستۆ و دەرکەوتنی فەلسەفەی ڕواقی بووە دەرمان. شۆنی فەلسەفە لە ژیانی مرۆڤ گەیانی هاتەسەر. ئەوەش پەیوەندی بە بینینی ڕواقییەکانەوە بووە بە فەلسەفە. لێرەوە بەکاربردنی فەلسەفە دژ بە مەرگ و ترس لە ئازار و کارەساتە سرووشتییەکان دەبێتە خواستی مرۆڤەکان.
فەلسەفە دیاردەیەکی عەقڵی و تەماشانییە پشت بە بەڵگە و بەخنە دەبەستێت. سەرەتای دەرکەوتنیشی تەقڵایەك بووە لەلایەن مرۆڤەوە بۆ تێکردنەوەی بینین و تەماشانە ئەفسانەیی و خورافییەکان. وەکیتریش فەلسەفە قەد بەوە نەدەگەیشت کە ئەمە پێیگەیوە گەر خۆی وەك بابەتێکی عەقڵی و لۆجیکی وەگەڕنەخستایە. بەم فەلسەفە توانی ئەو تەماشانانە بەرجەستەبکات مرۆڤ لەسەر گەردوون و بوونی خۆی هەیبووە. فەلسەفە لەم دەخە زانستی هەکارەکانە: هەکاری بوونمان؟ هەکاری بەدی؟ ناشرینی یان جوانی؟ بەدادی؟ هەکاری بوونی گەرمای یان لافاو یاخود هیچ دیاردە و کارەساتێکی گەردووناوی؟ بەواتایەکی تر، بوونی بوونەوەرەکان هەر لە سەرەتاوە پرسیارێکی سەرەکی بووە بۆ فەلسەفە، کە ئەوەش بنەمای بۆ بیرکردنەوە، بۆ گومان و بۆ جیهانبینیمان داناوە. فۆری بیانوهێنانەوە و شیکاریماندەکات و سەلماندن و بەڵگەش دەکاتە بناغەی گفتوگۆ و ڕاڤەکردنەکانمان. بۆیە فەلسەفە دەرد هەیە و دەرمانیش هەیە. گەر دەردی دەرمان فەلسەفە بێت خودی دەردەکە چییە؟ بۆ هەندێك دەردەکە وەڵنایە و بۆ هەندێکی تر نازانینە (جەهل). خودی فەلسەفە کە جۆری دەرمان دەگرێتەوە دەشێت ببێتە ئامراز بۆ چارەسەرکردن یان تیمارکردنی دەردەکە. بۆنموونە بۆشك پێیانوایە بۆپێئەوەی فەلسەفە بیرکردنەوەیە دەکارێت دەرمانیش بێت ئەبێتە لاژەرناوی دانبەخۆداگرتن یان دانایی لە چارەسەرکردنی کێشە و گرفت یاخودیش بەدەستهێنانی دڵنیایی بۆ خەبەهەزکردن.
بەمجۆرە، دەرد هەبێت دەرمانیش دەبێت. وەجا دەردەکە چییە تا

دەرمانەکە بەپەی ئەو دەردە دەستنیشانبکرێت؟ لەاستیدا دەزینەوەی شۆنی دەرد دەزینەوەی شۆنی ئێشیش. ئەوە دەردە ئێش دروستدەکات. هەموو دەردەکیش ئێشکی خەی هەیە. پەیوەندی نەوان ئێش و دەرد کەنە و لە مرۆڤەوە دەستپەدەکات.مرۆڤ یەکەم بوونەوەرە ئێشی خەی باسدەکات. زمان ئامرازی باسکردنی ئەو دەردەیە. زمان پەماندێت بە و کۆمەان دەئێشێت. دوای هەستکردن بە ئێش گەان بەدوای چارەسەری ئەو ئێشە دەستپەدەکات کە هەمانە. چارەسەریش بە دەرمان دەبێت. فەلسەفە چ دەرمانەکە؟ ئایا فەلسەفە دەرمانی ئاژێ و بوونەوەرەکانی تریش؟ فەلسەفە دەردی دەرمانی تەنیایی، خەمەکی، پۆژارەی و زەرەك نەخۆشی و بەزاریە. هاوکات فەلسەفە دەردی دەرمانی تەنیا مرۆڤ. بەپەی ئەوەی مرۆڤ عەقڵی هەیە داهێنەری فەلسەفەیە و دەزەرەوەی دەرمانیشە. نەك هەر ئەوە بگرە فەلسەفە دەرمانەکی بە گیان و ئامرازەکی نابایەکیمیایە. فەلسەفە دەرمانە بە کارکردن لەناو خود تا ئەم خودە ناساغ، خەمەك و پێشەو نەبێت. ئەم خودە دواتر دەکارێت بەشداری لە گەینی ئەوە بکات پەویستە بکرێت. فەلسەفە وەك دەرمان بابەتەکی فەلسەفی پزیشکییە کە بناغەکەی وا لەناو هەڵنگە زەربەمان بپرسین فەلسەفە چ جۆرە دەرمانەکە؟ کە وتمان چ جۆرە دەرمانەکە واتە دەرمانەکان لەناوخەیانا جوداوازن. فەلسەفە بەشەکە لەو جیاوازییە.

لە یەنانی کۆنەوە تا هەنووکە لە مێژووی فەلسەفە قسە لە مانای پزیشکی هەڵ (گیان ، ناخ، دەروون) و پزیشکی جەستە (لەش) دەکرێت. پزیشکی هەڵ بایەخ بە ناخ و دەروونی مرۆڤ دەدات و ئەویتریان، پزیشکی جەستە، گرنگی بە نەخۆشی و ئازارەکانی مرۆڤی ناساغ دەدات. ناساغی هەڵحی و ناساغی جەستەی لەنەوان فەیلەسوف و پزیشکا کراون بە دوو مرۆڤەوە. نووسینە فەلسەفییەکان و نووسینە پزیشکییەکان لە شارستانییە کۆنەکانی ئەوروپا (یەنانی، هەمانی) دەهەاوکە، شێتی، بەزاری، خەمەکی بەرباسخستووە و …ئەوەی ئەمڕۆ پەیدەبێن پزیشکی دەروونی (Psychiatrist) ،کە چارەسەری نەخۆشی دەروونی بە دەرمان دەکات، مێژووەکەی گەڵەك کۆن نییە. کاری پزیشکی دەروونی بریتییە لە چارەسەرکردنی پشێویی دەروونی Mental disorder کە خەی لەناو هەندەك دیاردەی دەروونی شپرزەئامێزی وەك دەهەاوکە، خەمەکی و تادەگاتە شیزۆفرینیا مەباسدەدات. چنیەتی مامەڵەی یەنانیەکان، ئاسینا، لە سەدەکانی پێش زایین لەتەك نەخۆشییە عەقڵیەکان، بەنموونە شێتی، گرنگی خەی بە شیکاریکردنی پەیوەندی نەوان فەلسەفە و پزیشکی و بەتایبەت پزیشکی دەروونی هەیە. لەو دەمەدا، کە دەمووختی نەشونمای هزری فەلسەفیش بوو،ئەو نەخۆشیانەی دووچاری

جەستە بوونە لەو نەخۆشیانە جیاکراونەتەوە دووچاری ئێش بوونە. بۆشی یەکەم چارەسەرکەری لە خانەی پزیشکی ئەو سەردەمەدا بووە و بۆشی دووەمیش لە خانەی فەلسەفەدا خۆی دیوەتەوە. هەندێك نەخۆشیش دەچێتە خانەی هەردوو بۆشکەوە وەك فە. چارەسەرکردنی نەخۆشییە دەروونییەکان (وەسواسی، ئاڵایی، خەمۆکی) بە بیرمەندانی یۆنانی لەچاو نەخۆشییە عەقڵییەکان(شێتی) ئاسانبووە. کەوابێت دەکرێت بپرسین فەلسەفە لە کوێی مرۆڤ نەخۆشییەکان دەبینێتەوە؟ لە جەستە یان لە هزر(عەقڵ)؟ ئەی پزیشکی لە کوێیا دەیبینێتەوە؟ لە یۆنانی کۆن فەیلەسوف یاخود چاترە بڵێین دانا(حەکیم) کاری پزیشکی دەروونی کردووە. هەر لەو دەمەدا ئەو پزیشکیەی هەبووە گشتیبووە کە شانبەشانی فەلسەفە چارەسەری نەخۆشە دەروونییمار و شێزفرێنیەکانی (ئەوانەی دووچاری کێرتبوونی مشك دەبن) پێکراوە. بۆنموونە جیاوازی شێت و دەبەنگ (گێوج) کراوە. شێت وەك ترسناکێك سەیرکراوە هەرچی دەبەنگە شیاوی چارەسەرکردنی لەچاو شێت زەرتربووە و کەمتریش ترسناك بووە.

فەلسەفە پزیشکی ئێحە؟:
پزیشکی و ئەفلاتون

سەرەتا ئاماژە بە ئەوە دەکەین کە پزیشکی یان ئاگایی پزیشکی بوارێکی تایبەتە بە نەخۆشی. وەکیتر پزیشکی ماماڵێکردنە لەتەك نەخۆش و درمەکانی کەسی ناساغ. فەلسەفەی پزیشکی و پزیشکیدەروونی دەتوانن لەتەك بایەلۆجی پێکەوەکاربکەن و زانینی پزیشکی بەو ئاستەیە بەرن پزیشکی بەتەنیا پێیناگات. لەرەوە جارە گفتوگۆیەك دەتەپڵش کە وامانلێدەکات بپرسین: چی پێوەندی بە تەندروستی و چی پێوەندی بە پزیشکییەوە هەیە؟ چی نەخۆشی دەروونی لە نەخۆشی تر جیادەکاتەوە؟ گەر پزیشکی و پزیشکی دەروونی لە سنوری یەکدا کاربکەن نەخۆشیناسی خاڵی هاوبەشیان نابێت؟ ئەم پرسیارانە هەوێنی ئەو تێگەیشتنەن پزیشکی لە هزری تەندروستی و درمناسی(پاتەلۆجی) ئەمەدا بەرجەستەیکردووە. تەنانەت کە دەشپرسین نەخۆشبوون چییە؟ پێویستمان بەوەیە بپرسین نەخۆشی چییە؟ و نەخۆش کێیە؟ نەخۆش تەنیا مرۆڤ نییە دەکرێت ئاژەڵ یان ڕووەکیش بێت. گەر نەخۆشییەکانی ناو ئاژەڵ یان ڕووەك هاوبەش بن ئەوا ئەو نەخۆشیانەی دووچاری مرۆڤ دەبن لەم ڕەسایە بەدەر نیین. کاتێك پزیشکی بەیار لەسەر نەخۆشبوونی کەسێك دەدات بەمە پزیشکی لەسەر بناغەی کەمڵێك بنەما کاردەکات. بەیاری پزیشکی Medical Decision بە خودی چییەتی نەخۆشییەکەوە پشتبەستوە. چی ئەو کەسەی نەخۆش کردووە و دیاریکردنی

شۆنی نەخۆشیەکە دوو فاکتەری سەرەکین بۆ دەستنیشانکردنی یان جیاکردنەوەی نەخۆشی دەروونی لە نەخۆشی جەستەیی و نادەروونی. ئەو زانیارییە کلینیکیانەی پزیشك سەبارەت بە جەستەی بیماری نەخۆش بەدەستیدەهێنێت بنەمای زانستی دەستنیشانکردنەکە یان بەیاردانە پزیشکییەکە دروستدەکەن. باشە بەیاردانی پزیشکی پێش ئەوەی کردەیەکی پزیشکی بێت یاسای یان ڕەوشتی نییە؟ خانمە روناکبیری فەلسەفیی ڤیرەنیك لە ری Véronique Le Ru بە پرسیاری فەلسەفە پزیشکی ڕەحە؟ لە دەرگای گەلەك بابەتی خەفکراو و زەقی فەلسەفی دەدات کە لەڕە بەشەك لە دیتنکانی بەسەردەکەوێنەوە. ئامانجی سەرەکی ئەم خانمە خوێندنەوەی ئەفلاتونە لە ڕوانگەی پزیشکیەوە. ئەم بایخپێدانە سەرچاوە لەو گرنگیەوە دەبینێت کە سوکراتی مامۆستای ئەفلاتون بە پیشەی پزیشکی داوە. پزیشکی وەك کار و هونەر. سوکرات لە دیالۆگەکانیدا ئەو گرنگییەی نیشانداوە کە پزیشك بە جەستە وەك فیلەسوف وایە بە ڕەح. هەروەك ئەوەی پزیشەك جەستە لە بەدی و نەخۆشیەکان دەربازدەکات ئاواش فیلەسوف ڕەح لە بەدی و ناساغییەکان، لە نەزانی و دادوەری پشوخت، ڕزگاردەکات. بە ئەو مەبەستە ڤیرەنیك لە ری دوو لایەن دەخاتەڕوو. یەکەم شەوازی سوکرات لە فەلسەفەکردن (شەوازی پرسیارکردن) کە زۆر جیاوازبووە. دووەم ئەفسانەی پرەمەتەس Prometheus ،کە لە دیالۆگی پرۆتاگۆراسی ئەفلاتون دا ناوی هاتووە. ئەمەش بە دەزینەوەی هاوشەوێیە لەنێوان پزیشکی و ئەفسانەدا. ئەم لایەنە ئەم روناکبیرە فەرەنسییە بەرەو هەنگاوی سەهەم دەبات: ئەوەش بریتییە لە دەزی پزیشکی لە ساتەوەختی سوکرات. ئەبەتە ئەمە ئەو هەڵاوگۆیانەیە لە مەدەلی پزیشکەوە دەمانبات بەرەو مەدەلی فیلەسوف. بە سوکرات بایخدانی پزیشکی بە جەستە، نەك ڕەح، ئەو مەدەلەیە پەویستە پزیشکی کاری لەسەربکات.

هیپۆکرات Hippocrates ، کە بەدامەزرێنەری پزیشکی دادەنرێت، یەکێکە لە پزیشکە دیارەکانی مێژووی پزیشکی لە یۆنانی کۆن و هاو سەردەمی سوکراتیش بووە. ئەم زانایە بەشەوازی تەکنیکی و فیزیکانە تێگەیشتنی پزیشکی بەرەو ئاستێکی تر بردووە و ئەوەشی یەکلا کردۆتەوە کە جەستەی تاك هەزێکی خودی تیایە سەرچاوەکەی سروشتە. پزیشکی لەسەر دەستی هیپۆکرات ئیشی لەسەر کاریگەریەکانی جیهانی دەرەکی، هەزی سروشت و لەسەر بونیادی جەستەی بوونەوەر کردووە. یەکەم پزیشکیش بووە توانیویەتی پزیشکی لە ئایین و جادووگەرایی جیابکاتەوە و بیشیکاتە زانستی سەرنجدان. بەیشە تائەستا خوێندکارانی پزیشکی لەکاتی وەرگرتنی بەوانامەی پزیشکی سوێندی هیپۆکراتی دەخۆن(لەگەڵ هەندێك گۆڕانکاری کەم کە هاتۆتە سەر

سوەندەکە). تەمارکردنی دەزی ناساغی نەخۆش لە پزیشکناسی هیپۆکرات خاڵکی گرینگە. نەخۆش پەیوەستی بوونی بزانێت لەشی لە چ دەزگەدایە. لە بەرئاوەی سوکرات پزیشکی ڕاستەقینە نەخۆشکانە شوازیشی جیایە. سوکرات ئاو نزانین و دادوەریە پشوختە لە نەخۆشا ئاشکرادەکات لەو ڕاستەقینە ناساغدا پەنهانە. داوای هیپۆکرات ئاوایە ئەفلاتون سەرقاڵی پزیشکیی ڕاستەقینە بێت. گومانیش ناکات جیهانی پزیشکی لە هەڵە بەدەر نییە. ئاوەش پەیوەندی بە سروشتی نەخۆشیەکان و سروشتی پزیشکییەوە هەیە. دەکرێت نزانینی زانستی لە دیاریکردنی نەخۆشی و بێتوانای هونەری لەو بوارە کاردانەوەی لەسەر پیشەی پزیشکی هەبێت. یەك لەو هەڵانەش هەڵەی ڕاستەقینە کە هیپۆکرات بە گرنگییەوە قامکی دەخاتەسەر. بەنموونە گونەگرتن لە نەخۆش. سوکرات گوگرەکی باش بووە، توانیویەتی لە ڕاحی نەخۆشی نەخۆشکانی گوبگرێت. کەوابێت فەلسەفە پزیشکیئاسا دەبێت بزانێت چۆن پراکتیزەی کارەکانی دەکات و ماماڵەی نەخۆشکانی دەکات. فەیلەسوف وەك پزیشك لە هونەری شیفابوون تێدەگات و لە دەجال و فێباز جیایە و شارزای هونەری مایێتیك maieutics (مامانی، شوازەکی گفتوگەی سوکراتییە) و دیالەکتیکە Dialectic (شوازەکە لە وتووژ). واتە شارزای هونەری گونگرتنە. ئاو جارە مامۆستا سوکراتییە لەتەك نەخۆشکانی ڕاستەقینە شوازە سوکراتیکە پییوڕاوە، هیچ نەبێت لە بەرئاوەی سوکرات ئاو شوازەی لە دایك و باوکییەوە بەماوەتەوە. دایکی سوکرات مامان بووە و باوکیشی پەیکەرساز. سوکرات لە گفتوگەکانیدا لەتەك خاڵك ،لە ڕاگا و بانەکان، هاوێیداوە گونگر و چارەسەرسازبێت و لە فەیلەسوفە سوفیستە هاوسەردەمەکانی (گەرگیاس Gorgias و پرەتاگەراس Protagoras) ،کە فەلسەفەفرشبوونە، جیاوازبێت. ئەفلاتون لە هەردوو دیالەگی پرەتاگەراس و گەرگیاس دا بەجارێك تەقەلای گەینی گفتوگە فەلسەفییەکانی داوە کە لە دەجالی و فێبازی پزیشکییەوە بارەو دەجالی و فێبازی فەلسەفی (سوفیستیانە) و لەوشاوە بارەو پزیشکیی هیپۆکرات ملبنێت. لەو پزیشکیی نونەرایەتی جستە دەکات و فەلسەفش نونەرایەتی ڕاح. هەندەك جار پزیشك لەبەر بارژاوەندی تەندروستی نەخۆش ماماڵەی قزاوەنانە لەتەك جستەدا دەکات. هاوکات هەندەك جار فەیلەسوفیش لە بەر بارژاوەندی تەندروستی نەخۆش واپێویستدەکات مامایەکی هاوشاوە لەتەك ڕاحی نەخۆشکانیدا بکات. لەبەر هەمان هۆ بیهەنارەوە پشچاوت پزیشکەك لە دادگایەکی منانان دایە و لایەن چشتلەنارەکاوە دراوەتە دادگا. گەر فەیلەسوفیش لایەن فەیلەسوفەکی سوفیستاوە بدرێتە دادگای نزانکان بەدنیاییەوە تاوانباردەکرێت. بابزانین سوکرات لەم بارەیاوە چۆن ڕەفتاردەکات:

وەك پزیشكێك لەلایەن چەشتلێنەرەكەوە لە دادگای مناڵان دادگایدەكرێم. چەشتلێنەرەكە بە دادگا دەڵێت: ئێم پزیشكێ مناڵەكانتان بریاندارەكات، نەشتەرگەریان بەدەكات، هەوڵی زیادكردنیان دەدات و دەرمانی تایبەتیان پێدەدات، هەرچی منم خواردنی خۆش و جلوبەریان بە دروستدەكەم. لەم حاڵەتەدا دەبێت ئێم پزیشكێ لەم جۆرە دادگایەدا بە چ جۆرێك بێتەگۆ؟ گومانیناوەت دادگایەكە چەندووسی هەر وەك چەندووسی دادگایەكەی سوكرات دەبێت كە لەپێناوی ڕاستی ژەهرەكەی هەڵقوڵاند.

ئازاد حەمە

ژێدەر:

Josephine Selander & Gustav Jonsson. Filosofi som terapi – Verktyg för levnadskonst. Förlag: Roos & Tegnér.2019.

Magnus Helgesson. Äg ditt liv – annars gör någon annan det . Förlag: Roos & Tegnér. 2020.

.https://www.domuni.eu/fr/formations/diplomes/nietzschenbsp-la-philosophie-comme-medecine-/

Nietzsche : la philosophie comme medicine Véronique Le Ru, CIRLEP EA4299, Université de Reims. Le philosophe est-il le médecin de lâme ? https://halshs.archives-ouvertes.fr/halshs-02054119/

Michael Grant. Who’s Who in Classical Mythology.Routledge. 2001.

Alexander Stuart Murray. Handbook of World Mythology.Dover Publications . 2005.

Joyce Filer. Disease. Austin, Texas: University of Texas Press. 1996.

Nigel Wilson. Encyclopedia of Ancient Greece. Routledge. 2013.

Michael Boylan. Hippocrates. Internet Encyclopedia of Philosophy. 2006.

سیاسەتی تەنیایی … نووسینی: نۆرینا هێرتز.. و: ئاری زا

کەسانی تەنیا جیهان وەك شوێنکی دوژمنکارانە ئەبینن. پۆپۆلیستی ڕاستڕەو زیرەکانە ئەم ترسەی تەنیاکان خراپ بەکارئەهێنن بۆ ئامانجی خۆیان!

نووسینی: Noreena Hertz

وەرگێڕانی : Ari Za

دەربارەی مشك و مرۆڤ:

لێکۆڵەرەوەکان ئەوە دەرئەخەن، کە مشکەکان دوای گۆشەگیرکردنیان هەرش ئەکەنە سەر یەکتری، جا ئایا هەمان ڕاستی بەسەر مرۆڤیشدا وایە؟

ئەوندەمان نەماوە بە هەڵبژاردنی سەرکایەتی ئەمیریکا. ئەوەی کە زەر گرنگە لە ئێستادا، تێگەیشتنە لە پەیوندی نێوان کەسی تەنیا و سندوقی دەنگدان.

لەگەڵ نزیك بوونەوەمان بە شەپۆلی دووەمی COV-19، تەنیایی بەرەو زیاد بوون هەڵئەکشێت ، ئەو هێکارانەی کە دانراوان بۆ بەرتەسککردنەوەی چەنتی پەیوندیکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتری جێبەجێ ئەکریت. ئەمە بە تەنها کاریگەری لەسەر پیرەکان دانانێت، بەڵکو ئەو لیکەینەوانەی کە کراون بە یەکەم شەپۆلی بڵاو بوونەوەی COV-19، ئەوە دەرئەخەن کە گەورەکان لە هەر چوارکەس یەك بەریتانی هەستی بە گۆشەگیری کردوە، لەو ماوەیەی کە کەمەگا داخرابوو. لە ناو گەنجانی تەمەن ١٨ بە ٢٩ سالانیش کە خاوەنی داهاتکی کەمبوون، هێژەی گۆشەگیری لەناویانا زەر لەسەر بوو.

Hannah Arendt لە ساڵەکانی ١٩٠٠ یەکەم کەس بوو کە لەسەر پەیوندی نێوان تەنیایی و سیاسەتی دەمارگیری نووسیوەتی. لە ساڵی ١٩٥١ کتێبکی دەرکرد بە ناوی (بنیچینەی تۆتالیتاریزم) ” The Origins of Totalitarianism ” . کە زەر بە فراوانی لەسەری ئەدوە، هەر لەسەرەتای گۆشەی دژە جووەو Antisemitism و هێڵی پروپاگەندە لەسەر ئەوەی چۆن راسیزم و بیرەکراتی بڵاو بوونەوە لەژیر سایەی ئیمپریالزمدا. بەڵام لە کۆتاییدا ئەگات بە ئەنجامەك کە هەکارەکی چاوەروانەکراوە ئەویش: تەنیاییە. نووسەر ئەنووسێت ئەو کەسانەی کە کەوتونەتە حاڵەتی ”تەنیایی و کەمی پەیوندی کەمڵایەتی ئاسایی… ئەبیتە هۆی ئەوەی خۆیان بدەنە دەست ئایدیۆلۆجیەکان کە مانای ژیان

و ڕەزی خەیانی تیا ببینن‌وە. تەنیایی یان " ئازموونی ئەوەی کە تە سەر بەم جیهانە نیت بە هیچ جۆرێك", Arendt ئینووسە " لە جەوهەری حوکمی تەتالیتاردا … بناغەدانەرن بۆ جەلاد و قوربانی".
سەرباری ئەوەی کە دنیای ئەمرۆمان جیاوازترە لە ساڵانی١٩٣٠ ی ئەڵمانیا. ، بەڵام ئەم ئاگاداریەکی میژوویی نابەت چاومانی لە بنوقڵنین. پەش دەرکەوتنی ئازمی COV-19 ، تەنهایی ڕەچکی کردبوو کە ببەتە یەکێك لە هەستەکانی سەدەی ٢١.
بەکاربردنی ئەو دیاردانە بۆ برندنەوەی سیاسی لایەن سەرکردە پۆپۆلیستە ڕاستڕەوەکان و هیزە تونددڕەوەکان لە حاشیەی دیمەکراتیەتدا. ئەو خاڵە هاوبەشەی کە بە یەکیانەوە ئەبەستێت بە کرێکارێکی هەڵەکانی شەماندفەر Terry لە ئەڵمانیا ، Eric ئەو کرێکارە گەنجی لە نانواخانەیکی پاریس کار ئەکات و کابرایەکی کاسب Giorgio لە میلانۆ. ئەو زانیارییانەی دەستم کەوتوون دەربارەیان و بۆ دواداچوونم بۆ کردون، هەرسێکیان بەیاریانداوە بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو دەنگ بە سەرکەوە پۆپۆلیستە ڕاسڕەوەکان بدەن. هەرسێکیشیان تەنیان.
بۆپەی ئەو پەناسە تەقلیدیەی کە کراوە بە کەسی تەنیایی بریتیە لە فەردیەت، بەوە ئەناسرینەوە کە مەحرومەن لە ژیانی هاوبەش، خۆشویستی و تەکڕاوی کۆمەڵایەتی یان لە نەبوونی پشتگیری لایەن هاوڕێیانەوە. پەش ئەم (نەخۆشی کۆرنا ڤایرس) لێکڕینەوەیەك پیشانی ئەدات کە لە هەر پینج کەس، سێ کەس لە ئەمیریکا USA خەیان وەك کەسێکی تەنیایی ئەناسێنن. لەهەمان کاتدا دوو لە سێی ئەڵمانەکان ئەڵێن کە تەنیایی کێشەیەکی جدیە. لە بەریتانیا بارەکە زۆر قورستڕە کە باسی دانانی وەزیرێك بۆ تەنیایی بکەن لە ٢٠١٨ دا, لە ساڵی ٢٠١٩ لە هەشت کەسی بەریتانی، یەك کەس هیچ هاوڕێیەکی نیە باوەی پێبکا، ئەمە لێکاتێکدا پەش پێنج ساڵ ڕەژەکە یەك لە دە کەسدا بوو.

زۆر ڕاشکاوانە سمارت تەلەفۆن یەکێکە لە کێشکان. ئەمە نەك لەبەر ئەوەی بەردەوام لەسەرخۆتی کراوەین و سەرنجمان پەرشوبڵاوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی بەردەوام هەست بە تەنیایی ئەکەین، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ جەستە لەگەڵ یەکێکداین, بەڵام لەبەرئەوەی بەردەوام گەرانی ئینزار لە میدیا کۆمەڵایەتیەکانەوە واتای کاریگەریان هەیە لەسەر ڕەوقین و کۆمەنتی شەرئامێز بۆ تایبەت لەسەر گەنجان.
هەکاری تریش هەن. لێشاوی کێچ بۆ شارەکان وای کردوە کە شارنیشینان دراوسێکانیان نەناسن و هەستی ئینتمایان نەبەت، لە کاتێکدا بەردەوام زەرەك لە ناوچە گوندنشینەکانیش هەست بە تەنیایی ئەکەن

بەهای ئەوەی کە هیچ پاشپشتیەك ناکرێن لەلایەن خەزان و هاوکانیانەوە کە یان ئەو پەیوەندیانە هەوشاونتەوە یانیش هەر نەماون.
ئینجا ئەوەی کە ئێستا هەمانو بە بیری لیبرالی نوێ (New Libralizm) ئێناسین: چل ساڵ سەیری خەمان کردوە وەك هکابەر (منافس) لەگەڵ یەکتردا، نەك هاوکاری یەکتر، خەریکی دەستکەوت و بردن بووین، نەك بدەین. ەق، بە بەخشندەیی. دەرئەنجامی ئەمانە ئەبەت و جە پەنجەی خەی لە کەمەگادا دیار ئەکات. لە تازەترین پشکنین کە لەسەر ٤٦٠٠٠ بەشداربوودا کراوە لە تەواوی دنیادا، ئەوە دەرئەخەن کە ئەوانەی لە کەمەگایەکی فەردیانە دا (Individualistic) ژیان بەسەر ئەبەن،دیاردەیی تەنیایی بە شێوەیەکی بەرچاو زەرتر لە کەمەگایەکی تەکەاو (Collectivist) دا.
وەسفکردنی هەستی تەنیایی تەنها بەوەی تا چەند هەست بە پەیوەندی خەمان بە هاورێ، دراوسێ و هاوکارەکانمان ئەکەین، خەمان ئەخەینە ناو گەڕاوەکی دژوارەوە بە شآردنەوەی هەزگەلەك لەسەر تەنیایی. ئەمە هیچ کێشەیەکی کەستی نیە، بەکو سیاسیە، بە هەمان ەڕەش کەمەایەتی و ئابووریشە. ئەمە پەیوەستە بەو هەستە داپچراوەوە لە هاونیشتمان و سەرکردە سیاسیەکان و کار و خاوەنکارەکان.
زەر شەت گەاوە لە جیهانەدا بە هەی گلەبالیزم ، ئەتمەتە (Automation)، تەقەشوف و ئەزمەی قایرەسی کەرنا و دابەزینی ئاستی ئابووری دنیا، وای کردوە کە کەسی تەنیا بەچارە بن و ئەوەندەی تر گێشگیر تر بن لە کەمەگا، دەستیان بە هاوپشتیە کەمەایەتیەکان نەگات، ئەوەندەی تر بەچارە بن، نادیاربن و دەنگیان نەبیسترێت.
تەهەکەشکرندن لە نەوان کەسایەتی و سیاسەتی گێشگیری نەك نابنە یارمەتیدەرەك بە ەوونکردنەوەی ئەوەی بەچی ئەمە ەڕەی تەنیایی بەرزە لە جیهاندا، بەکو هەروەها بەچی دیاردەی تەنیایی و سیاسەت پەیوندیەکی ەاستەوخێیان هەیە لەم سالانەی دواییدا.
زەر زوو لە ساڵی ١٩٩٢ لەکەەرەوان دەستنیشانی پەیوەندی گێشگیری کەمەایەتی و دەنگدان بە LePen Jean- Marie کرد کە سەر بە پارتی ەاستی توندەو "بەڕەی نیشتیمانی لە فرەنسا" یە. لەلای ئەوسەری ئەقیانووسی ئەتلەسیش (ئەمیریکا) ەاپرسیەك لەلایەن دەزگای Center for the Study of Elections and Democracy کراوە لە ساڵی ٢٠١٦ ، ئەوە نیشان ئەدەن کە دەنگدەرانی Donald Trump زەربەی زەریان ئەو کەسانەن کە کەمترین هاوەێیان هەیە، کەمترین ناسیاویان هەیە و کەمترین کات لەگەڵ هاوەێ و خزامنیان ئەبەنە سەر لە هەفتەیەکدا،

ئەم بە بڕاورد لەگەڵ هەواداراني هەریەکە لە هیلاری کلینتن و ساندرا.
لە ووتوێژکانمدا لەگەڵ دەنگدەرانی ئاستی تووندەو لە هەموو دنیادا، گۆشەگیری بابەتی دووبارە بووە. Eric ئەو کرێکارەی کە لە نانەواخانەیەکی پاریس کار ئەکات، ئەیگەیاندم کە ژیانی شار جەند تەنیایی، و چەند دڵخۆشە بە بژداریکردنی لە کۆبونەوەکانی Rassemblement National (RN کە پێشتر بەرەی نیشتمانی لە فرنسا بوون) لە هەڵژاردنی چوارشەممە. چەن پێکەوە ئەچنە دەرەوە بە نیش کردنی پەرداخێك بیرە و دوای ئەوە خەریکی بڵاو کردنەوەی بەیاننامە و هەڵواسینی پلاکاتن پێکەوە. بە هەڵکردن بەرەو لای Le Pen هەندێك پارتی سیاسی تری ناسیونالیستی چەپ، بڵام ئەو جۆرە شوینی خۆی لە ناو RN دا دیتەوە، کە پشوازیەکی تایبەتیان لە کردوە.
هەروەها بیر لەو میتینگی هەڵبژاردنە بکەنەوە لە ٢٠١٦ کە دۆنالد ترمپ کردی، چەند سەرکەوتوبوو، و ئەوە تێئەگەن کە بەچی ئەو زەر پەرەشتی جاریکی تر ئەوانە بەرتەوە بە کەمپینی هەڵبژاردنی ٢٠٢٠. دەریایەك لە خەڵکی پشاك سوور بە کڵتەی سوورەوە، باج و کراسی قۆڵ کورت (T-shirt) کە لەسەری نووسراوە "Make America Great Again"، ئەو ئاهەنگە هاوبشانە وا لەو خەڵکانە ئەکات کە هەست بکەن ئەوان بشەك بن لە شتەکی گەورە. ئەمش وایان لە ئەکات کە هەست بە شوناسی خۆیان بکەن، کە زۆرێك لە دەنگدەرانی بە زەحمەت ئەو هاوخزمایەتیە ئەبینەوە لە شوێنەکی تردا.
بەڵام ئەم هەر ئەوندە نیە کە پۆپۆلیستە ئاستەوەکان توانیابێتیان نیمچە عەشیرەتێکیان دروستکرد بێت، کە ببێتە هۆی بوونی ئاوا دەنگدانەوەیەکی گەورە لە نێو ئەو کەساندا کە پێوندیە ئاسایی و تەقلیدیەکانیان بە جێکار و دامەزراوە ئایینی و کەمەگا بە گشتیەکەی بچراوە.
سەرکەوتنەکە لەوەدایە: ئەوان هەڵئەستن بە گرتنی هەستی دابران و تەهیمیش کە لەم ساڵانەی دوایدا زۆرێك لە هاووڵاتیان ئەزمونیان کردوە، هەستێك کە لە بیرکرابن، هەتا لەلایەن دەسەڵاتدارانی سیاسی و ئابوریەوە وازیان لەهێناون (بە جیانهێشتون).
"ئەم سیستەمە ئابووریە نادادیە"، ئەمە قسەی Eric کە کرێکارێکە لە پاریس. "ئیتر تۆ سەخت کار بکەیت بەس نیە، ئەبێ تاقەت پەوکێن بە سەختی کار بکەیت. ئیتر تەنها ئەوە بەس نیە زیرەك بیت، ئەبێت سوپەرزیرەك بیت و ئەو مرۆڤە ئاستەقینیە بە دەست بهێنیت(ببیتە پیاو) – ئەگینا زۆر زەحمەتە بتوانی ئەوەت دەستکەوێت کە بڵێی ژیانت بکات".

Terry کە کرێکاری خەتی شەمەندەفەر، هەست ئەکات بەتە شتێکی تێکشکاو. باوکی هەشت منداڵی و لە ڕۆژهەڵاتی – Tennessee، بیست ساڵ لە هێڵی شەمەندەفەر خزمەتی هەیە، و ژیانی لەسەر "لەم مووچە بە ئەو مووچەیە" لە جیاتی ئەوەی کە "ژیانێکی زۆر باش" کە پێشتر هەیبوو. وەك هەموو ئەو کرێکارە هەڵەی شەمەندەفەرانەی گوەم لە گرتون، ئۆیش باوەڕی وایە کە Tremp گوە ئەگرێ و ئیدەوەت " چاوی لە خەڵکەکەی خۆی بڕێت"، بەڵام سەرکردە سیاسیەکانی پێش ئەو بە باوەڕی ئەو چاویان پێشیوە لە داخوازیەکانی خەڵك.
کەواتە تووشی سەرسورمان نابین کاتێك لێکۆڵەرەوان هەڵدەستن بە لێکۆڵینەوە لە مەگەی ئاستەوە تونددرەوەکان لە فرنسا و ئەمانیادا، ئەویان دەزیوەتەوە کە " بەجێهێشتن" ئەو بابەتە زۆر دووبارەیە. لەوەدا چەندەها پارتی چەپی مامناوەند چەوت دەرچوون، ئیتر لە دیدگای زۆرکیاندا ئەوانە وا سەیرناکرێن کە بیر لە بەرژەوەندی "لەبیرکراو" و " بەجێهێشتراو" ەکان بکەنەوە. ئەمە بە تایبەتی بە کەمەگای چینی کرێکار راستە، و زۆربەی جار لە کەمەگای زۆرینەی سپی پیستدا.

تەنیایی شتێکی تریش ئەکات...
ئاسەی بینینیان ئەگەڕێت بە جیهان و دەوروبەر. لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە لە کۆلیژی King لە لەندەن ساڵی ٢٠١٩ کراوە، داوا لە ٢٠٠٠ خوێندکاری ١٨ ساڵان کراوە، کە ڕوونکردنەوەیەك بنووسن لەسەر دراوسێکانیان و تا چەند هاوڕێیانن. هەمان پرسیار لە خوشك وبرای ئەو بڕشداربوانە کرا، کە لە هەمان ناونیشاندا ئەژیان. بە کورتی، ئەو خوشك و برایانەی کە زۆرتر تەنیان، تەوانینیان بە دراوسێکانیان کەمتر هاوڕێیانە بوو، و کەمترین پەیوەندیان پەوە هەبوون، و کەمتر باوڕیان بەو خوشك و برایانە هەبووە کە کەمتر هەستی تەنیایان هەبووە.
کەسە تەنیاکان ئاوا سەیری جیهان ئەکەن کە شوێنکە دوژمنکارن و ترسێنەرن. پەپلیستی ئاستەو زۆر زیرەکانە ئەم ترسی تەنیاکان ئیسغلال ئەکەن. لە پاڵ ئەوەی کە فەکوس لەسەر ئینتمایە، هەموکاتێکیش نامۆیکی ڕوون و ئاشکرایان هەیە لەسەر ئەوەی کە کە بانگ ناکرێت. بە نموونە بیر لەو هەزاران دەنگەی هاواریان ئەکرد "دیوارەکە دروستکەن" لە کبوونەوەی هەڵبژاردنەکەی Tremp . یان چەن هەوادارانی Alternative für Deutschland (AfD) لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا هاواریان ئەکرد " ئەمە خەڵکین"، وەك بەفری سپی دیارە کە کەن خەڵك، کەش خەڵك نیە.
ئا لێرەدایە یاریکردنی پەپلیستەکان لەسەر تەنیایی و گۆشەگیری

دڵگرنەدەست بە شۆڕەیەکی زۆر ناشرینانە و جیاکاریانە. لە ڕۆژگەی بەهەڵزکردنی هەستی هەواداراني "بەجیهێشتراون" و "لەبیرکراوان" و دانانیان لەبەرمبەر ئەوانەی بە ئاشکرا سیاسەتی ئاوارەخوازی خۆڵکانەکن کە لەوان ناچن- کەسانی کۆچبەر و هەندێك جار کەسانێك کە ئایینی تر یان ڕەگنی پێستی تریان هەیە – دەست ئەکەن بە هەڵکردنی ئاگری پروپاگەندەی ترسی پۆپۆلیستیانە لەژێرناوی هەست، دڵەڕاوکێ و نادڵنیایی و یاریکردن بە جیاوازیەکانی ئەتنیکی و ئایینی بۆئەوەی گوڕایەڵی و پشتیوانی بە دەستبێنن.
لە توێژینەوەیەکی نوێدا کە لە سەر ٣٠،٠٠٠ مرۆڤی خەبەخش کراوە بە لێکۆڵینەوەی European Social Survey (پرسیارنامەیەکە کە لە لایەن کۆمەڵناسکانەوە بکار دەهێنرێت)، ئەویان دیتەوە، ئەوانەی کە زۆرتر دژبەی دژی کۆچبەرانن، نێك هەر لە ڕووی دیمۆگرافیەوە خەیان جیاکردەتەوە- لە ڕووی تەمەن، ڕەچەڵەك و پیشە- بەڵکو لە دوای نامانی دڵنیابوونی ئابووریەوە، دابەزینی ئاستی باوەڕ لە لایەن هاووڵاتیان و دەسەڵاتدار و لە هەموویان گرنگتر، گۆشەگیری.
لە ساڵی ٢٠١٦ ترەمپ وای لە تۆنیاکان کرد کە هەست بەوەبکەن ئەبینرێن و ئەبیسترێن. ئەو ڕاستەوخۆ بە ترس و بێجهێشتنی ئەوان ئەدوا، لە هەمان کاتدا ئەو وا خەی پیشان ئەدان کە ئەو تەنها کەسە لەیان ئەگات و گرنگیان پێ ئەدات. لە کەمپینی هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٢٠ دا توانای خەی دووهەندەی تر ئەکات لە سەر ئەم ستراتیژیە: "ئەمە خەزانکی نیشتیمانین" کە لە کەنگرەی نیشتیمانی پارتی کەماریدا لە ئەگەست ڕایگەیاند." ئەمە هەردەم پارێزگاری خەشەویستی و ئاگاداری یەکتر بین".ئەو ئاگادارمان ئەکاتەوە لەوەی کە" هەموو ئەوانەی بە دەستمان هێناوە، ئێستا لە خەتەردایە" – هەڕەشە لەلایەن نەناسراو (غەریب)، لەلایەن تاوانکاران، لەلایەن هەواڵە درکان. ئەمە ئەو ستراتیژییەکە بە مشکە تەنهاکە دروستکراوە بە ئەوەی خەی بدا بەدەستەوە (تەسلیم). ئەگەر Joe Biden نەتوانێت ووبەووی ئەوگووتارە بێتەوە و نەتوانێت پەیوندی بکات بەو ئەمەریکیە تەنیایانەوە – بە تایبەتی بەشی ناوەڕاستی ئەمەریکا، لەوەدا تەنهاکان ئەو کەسانن کە تاجی هەڵبژاردن ئەبەنەوە.

یەکێتی چۆن محەمەد حەلاق و هاوڕێکانی تیرۆر کرد؟ نووسینی: ستیڤان شۆمزینی...

تۆرمەکانیان سووتاندبوون و خستبوویانە گۆڕکی بە کۆمەڵەوە

پاش بیست و یەک ساڵ گۆڕکێشیان شواند

پێش بیست و پێنج ساڵ و لە رۆژێکی وەک ئەمڕۆدا "2-11-1995" سەرکردەی سیاسیی و سەربازیی چەپڕەو "محەمەد حەلاق" و یانزە لە هاوڕێکانی، لە بازگەی "کۆیە"ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان درانە بەر دەستۆڕ و لە ئەنجامدا دوو لە هاوڕێکانی هاوڕێ حەمە گیانیان لە دەستدا و هاوڕێ حەلاقیش بە سووکی بریندار دەبێت، بەڵام هەزێکی سەربازیی یەکێتیی کە پشووختە لە دەوروبەری لە بازگەکە کەکرابوونەوە، لە هەر چوارلاوە گەمارۆیان دەدەن و بە دەستبەسەرکراویی دەیانگوێزنەوە سەربازگەی "سەلام" لە شاری سلێمانی کە بارەگای فەرماندەیی یەکێتی بوو، هەر لەوێ بە دەندانەترین شێوە پاش ئەشکەنجە و ئازاردانێکی زۆر گولەبارانیان دەکەن. ئەگەرچی هەفتەیەک دوای رووداوەکە، کەناڵی گەلی کوردستان، زمانحاڵی یەکێتی، هەواڵی ئەوەی بڵاو کردەوە، بە هەڵەیەکی سەربازیی حەمە حەلاق و یانزە لە هاوڕێکانی لە بازگەی کۆیە شەهید کراون، بەڵام ئەمە بە داپۆشین و پاساودانی ئەو تاوانە و کەمکردنەوەی راددەی نەفرەتی هاووڵاتیان بوو لە دژی ئەو کردە تیرۆریستییەی یەکێتی، راستییەکەش بە هەموو لایەک ڕوون و ئاشکرا بوو کە بە دیلکراوی لە سەربازگەی سەلام "مەعسکەر سەلام" بە دەندانەترین شێوە شەهید کرابوون. ئەمە جگە لەوەی تۆرمەکانیان سووتاندبوون و خستبوویانە گۆڕکی بە کۆمەڵەوە، بەڵام لە ترسی ناڕازایەتی جەماوەریی و تووڕەیی کەمەڵانی خەڵک، تۆرمەکانیان رادەستی کەسوکاریی قوربانیان کردەوە.

شەهید محەمەد حەلاق، لە ساڵی 1955 لە شاری کۆیە لە دایک بووە، پێروەردەکراوی دەستی دایکێکی ناسراو و شەڕشگێڕی خەڵکی وەک "ئایشە گوڵ" بوو، لە کۆتایی هەفتاکاندا پەیوەندیی بە پارتی کۆمۆنیست "حزبی شیوعی عێراق"ەوە دەکات، لە ساڵی 1981 ڕوو دەکاتە شاخ و لە ریزەکانی حزبی شیوعیدا دەبێتە پێشمەرگە، هەر لەو ماوەیدا ناوبانگی چالاکییە سەربازییەکانی بە سەرتاسەری

کوردستاندا بەاو دەبەتەو، بەیە لە سالی 1985 دەبەتە سەر لقی هەزی پەشمەرگەی حزبی شیوعی و پاشتر لە سالی 1987 دەبەتە فەرماندەی بەتالیەنی 31، لە سالی 1988 دایکی هاوڕێ حەمە "ئایشە گوڵ" لە سەربازگەی ڕەشکین لە پاش ئەشکەنجەیەکی زۆر و بە ئومێدبوونی پیاوانی ڕژێمی بەعس لە درکاندنی زانیاریی لە بارەی هێزی پەشمەرگە دەدەنە بەر دەستێژ و شەهیدی دەکەن. وەک هاوڕێ فەهد گرێدەوانی ئاماژەی بە دەکات، لەو کاتەی دایکی شەهید حەمە لە زیندان دەبێت، پیاوانی ڕژێمی بەعس پەیوەندیی پێوە دەکەن ئاگەر هاوکاریی ڕژێم بکات لە بەرامبەردا دایکی ئازاد دەکەن، بەڵام هاوڕێ حەمە حەلاق بە هەرشکردنە سەر سوپای عێراق لە ڕگەی نێوان کەیە – هەولێر وەڵامی ئەو داوایەی ڕژێم دەداتەوە. پاشتر هاوڕێ حەمە پلە بە پلە وەک فەرماندەیەکی شۆڕشگێڕ پەستی خەباتگێڕیی بەرز دەبێتەوە. لە دوای ڕاپەڕین لە کاروچالاکی سیاسیی بەشداریی کارای هەبووە. دواتر لە جیابوونەوەی شیوعییەکاندا لە حزبی شیوعی، ڕەخنەکی بەرچاوی دەبێت لە پەکخەنانی حزبەکی نوێی چەپەوی کوردستانی بەناوی "پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان" لەو حزبە نوێیشدا پلەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی "بیرەی سیاسی" پەدەرێت.
لە سەروبەندی پەکخەنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا لە 1992، خودی مام جەلال داوا لە حەمە حەلاق دەکات کار لەگەڵ یەکێتی بکات، لەبەرامبەردا پلەی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی و وەزیری پەشمەرگەی یەکەم کابینەی حکوومەتی هەرێم کە پشکی یەکێتی بوو پێدەبەخشن. بەڵام هاوڕێ حەمە بەهەموو شێوەیەک ئەو داوایەی تاقیبانی ڕەد دەکاتەوە و پێیوایە کەمەگەی کوردیی پاش ڕاپەڕین زیاد لە هەر شتێک پێویستی بە هێزکی چەپی کوردستانی هەیە. ئەمەش ترسی لەلای یەکێتیی بە پلەی یەکەم دروست کردبوو، کە شەهید حەمە حەلاق ئەو کەسەیە دەتوانێت بەم ئەرکە هەڵبستێت، بەیە لەو کاتەدا کە هەولێریش لەژێر ڕکەفی یەکێتیدا بوو، حساب لەسەر کارایی حەمە حەلاق دەکرا، شتێی کەنە قینیشی لەگەڵ دەکرا، کە لە قەناغی شاخدا، شەهید حەمە حەلاق، وەڵامی توند و کەمەرشکێنی هەر دەستدرێژییەکی یەکێتی دەدایەوە بە سەر حزبی شیوعی. لەبەرئەمە یەکێتی پیلانی تیرۆر و تەسفیەی شەهید حەمە حەلاق و لە باربردنی حزبەکی چەپی کوردستانیان خستە ڕەڤی خیانەوە، تا دواجار لە ڕۆژی 2-11-1995 ئەو پیلانە خوناویەیان لە زاگەی تەپزاوی کەیە ئەنجامدا و دوا تراکتی ئەو تراژیدیایشیان لە سەربازگەی سەلام کەتایی پێهێنا.
لە گرتە قیدیەیەکدا کە لە سەربازگەی سەلام لە سلەمانی لەلایەن خودی یەکێتییەوە تەمارکراوە، داوا لە شەهید حەمە دەکەن دوا قسەی بکات، ئەوان چاوەوانی ئەوەی لەدەکەن بچەمێتەوە و بەنی کارکردن

بە یەکێتی بدات بەڵام شەهید حەمە دوا پێیقی بەم جۆرە دەبێت "من داکۆکی لە خەم ناکەم، ئەگەر من تاوانبار بم، ئەوا ئەو پشمەرگانەی لەگەڵمدان هیچ تاوانێکیان نییە، هەرچیتان هەیە بەرامبەر خەم بیکەن" لەدوای ئەم وشانە یەک یەک پشمەرگەکانی بەبەرچاویەوە شەهید دەکەن و دواتر چەند گولەیەک دەنێن بەسەری شەهید حەمەوە و گیانی پیرۆزی بە هەمیشە هەڵدەفڕێت. لەدوای ئەمەش تەرمەکانیان دەشۆنن و دەیانسووتێن و دەیانخەنە گۆڕێکی بە کەمەوە. دواتر لە ژێر فشاری جەماوەریی و بەهێمەتی ڕەکخراوی کورد بە مافی مرۆڤ و ڕەکخراوی مافی مرۆڤ و لیژنەی هاریکاریی نیشتمانی و حزب و ڕەکخراوە سیاسییە کوردستانی و عێراقییەکاندا، یەکێتیی ڕۆژهەڵاتیی دەدات تەرمەکانیان لە گۆڕێ بکەمەکە دەربهێنێت و بیداتەوە دەستی کەسوکاریان، بەڵام بە نوسراوێکی جەبار فەرمان، ئەم مەرجانە بەسەر کەسوکاری قوربانییەکاندا دەسەپێنرێت: یەکەم: تەرمی شەهیدەکان دانێ دانێ ڕادەستی کەسوکارییانە دەکرێنەوە لە ڕێگەی کەمیتەیەکی تایبەت بەم کارەوە. دووەم: شەهیدەکان دەبێت یەکسەر بنێژرێن و نابێت ئەو کیسانە بکرێنەوە تەرمەکانیان تێدایە. سێهەم: نابێت بە هیچ شێوەیەک ڕووڕەسمی پرسەیان بۆ ئامادە بکرێت. بەڵام پاش 21 ساڵ و لە ساڵی 2016دا لەلایەن دەستەکی ڕەشی دژەکراوەی تیرۆریستانی مەسکەر سەلامەوە کەلی گەڵی شەهید حەمەیان شکاند و گۆڕەکەشیان شێواندبوو.
ناوی هاوڕێ گیانبەختکردووەکانی ئەم پرسە تاوانکارییە:
1-محەمەد حەلاق
2-ژینە سەربەست
3-سەرهەرد کەریم "سۆرە"
4- خالید ساڵح
5-تەفیق محەمەد "سەفین"
6-خەسرەو ستار
7-کاوە ئەحمەد ڕەشید
8-موسەدەق پیرداود
9-ئیسماعیل مراد "شۆڕە"
10-حەمید حوسێن
11-مامە کەریم "پشتەوە"
12-غازی ڕەشید "دارا"

ئایدۆلۆژیای تۆتالیتار .. ئاراس سەعید

ئایدۆلۆژیا چەمکێکی مۆدێرنیتەیە، لەهەردوو وشەی لێکدراوی (ئایدیا) و(لۆجی) وەرگیراوە. ئایدیا وشەیەکی یۆنانیە و فەیلەسوفی یۆنانی ئەفلاتون بۆواتای فۆرم بەکاری هێناوە، هەرچەندە ئەو وشەیە فرە جەمسەرە و هانائارێنت، بۆواتایی خەیاڵ یان بیرکە ئاماژەی پێکردووە، پاشگری (لۆجی) بۆواتای زانست دێت... حیزبە تۆتالیتار و دیکتاتۆرەکان لەڕێگەی قۆڵخکردنی تاقیگەکانی زانستەوە، بیرکەکانی خەیان بەرهەم دەهێنن‌وە. بۆواتایەکی تر، زانست وەکو؛ ئامرازێک دەکرێتە خزمەتی بەرژەوەندیەکانی حیزبی سەرکوتکار و فاشیزمەوە. لەدیدی ئارێنتەوە؛ دیکتاتۆریەتی سۆڤیەت و نازیزمی فاشیزم، لەڕێگەی مۆنۆپۆڵکردنی زانستەوە توانیان ئایدیا سەرکوتکارەکانی خەیان بسەپێنن. ئەمە بۆئاشکرا لە فاشیزمی نازیزمدا دەبینین کەسود لە تیۆری پڕاگماتیزم وەردەگرێ بۆ ڕواجدان و بەرهەمهێناوی دەستاتەکانی. فەلسەفەی مارکسیزمیش ئامرازێکی کوشندەیە بەدەست ستالین و سوپای سورەوە.

حیزبی تۆتالیتار بەوتارێکی پۆپۆلیست و زانستی سود لەجڤاتی پڕاوێزخراو هەرچی و پەرچیەکانی کۆمەڵگا وەردەگرێت. حیزب کەسە نەفرەتلێکراو و پڕاوێزەکانی کۆمەڵگا دەقۆزێتەوە وەکو ئامرازێک بەکاریان دەهێنی بۆ دروستکردنی کودەتا و شۆرش. لەکۆتایشدا ئەو مرۆڤانە کەرامەت و مافی و کەسایەتیان بڕندە بەمانەوەی حیزبەوە. حیزب کەسە هەرچی و پەرچیەکانی نەوکۆمەڵگا دەکاتە بەرپرسی زیندان و دامەزراوەسەرکوتکارەکانی و ئیمپیتاز و پلەو شۆخسیاتیان پێ دەبەخشی و لەگەڵ ڕوخانی حیزبیشدا دووبارە دەبنەوە کەسانی نەفرینلێکراو و پڕاوێزی کۆمەڵگا. ئەم پرسە زەرجار لە دڕخی ئاورتەی کوردستاندا دەخوێنینەوە، کەدەبێن بەچی زەرینە ڕازین و بەردەوام ڕواج بەسەرکوتکاری و تاڵانکاریەکانی دەسەڵات دەدەن، لەدیدی منەوە ئەوانە کەسانێکن کەرامەت و شوناسیان بڕندە بەمانەوەی حیزبەوە، حیزب پلەو پۆستیان پێ دەبەخشی و لەگەڵ ڕوخانی دەسەڵاتیشدا وەکو جاش و مستەشارەکانی ڕژێمی بەعسیزمی فاشیزم مژوو سزایان دەدات.

حیزبی تۆتالیتێر قوربانیێکان دەکۆتاوە بەقوربانی و هەمیشە لەواڵەتدا وادەردەکەون، کە ئەندامانی حیزب یەکگرتوو و هاوڕێن. بەڵام بەپێچەوانەوە کاهینێکی زۆر تەنها و غەمگینن. تەنانەت لەکاتی بەنێو ئاهەنگەکانیشدا توانای دڵربینی ناڕازییان نیە، چونکە حیزب دەست وەردەداتە ناو هەندێ تایبەتەکانی ژیانیان و تەواوی ئەقڵیەت و ئازادیەکانیان مۆنۆپۆڵ دەکات. لەکاتی بەنێی لەدایک بوونی سەرکردە و یادی حیزبدا وەکو بوکێڵ سەمایان پێ دەکات و بەبیاڵ وێنەی پێشڕەوایلیان پێ دەگوترێت.

ئاراس سەعید

جیهان پێویستی بە رێنسانسیکی تری دژی ئاینیە! .. حەمید تەقوایی

زەر بە کورتی عەرەبەکان ئەم کارتەیان وەک فشارێکی تر لە دژی کورد راکێشاوە و بە پێی هەندێک هەواڵیش کاریگەریی زۆریان داناوە لەسەر ئاستی دەرەوە. بە نموونە لەڕۆژی 1012008 (عاسم جیهاد)ی وتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق بە ئاژانسی (دینگەکانی عێراق)ی راگەیاند: وەزارەتەکەیان مامەڵە لەگەڵ هیچ کام لەو کەمپانیایانە ناکات گرێبەستیان بە دەرهێنانی نەوت لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان واژۆ کردووە. لەلایەکی ترەوە وا باس دەکرێت کەریای باشوور بەهەی هەوڵی دیپلۆماسیی و ترسی بچڕانی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ تورکیا گرێبەندی تری نەوتی لەگەڵ هەرێمی کوردستان واژۆ ناکات. یان بەپێی هەواڵی هەندێک سەرچاوەی ئاگادار (عومەر فەتاح) جێگری سەرۆک وەزیرانی کوردستان و (ئاشتی هەورامی) وەزیری نەوت لەو سەردانەی بۆ ئەمریکا کردبوویان بۆ ئومێدبوون لە هەوێستی ئەمریکاییەکان چوونکە بۆچوونێکی وەک بۆچوونی (شەهرستانی)یان هەبووە لە بارەی دەرکردن و سوود وەرگرتنی کورد لە نەوتی ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی حکوومەتی هەرێم.
بەجگە لەمانە بە پێی هەواڵی ڕۆژنامەی (میریار) جێن نیگرەپەنتی جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ بەرپرسانی کوردی راگەیاندووە بۆ واژۆکردنی هەر گرێبەستێکی نەوتی وا پێویستە بگەڕێنەوە بۆ ڕەزامەندیی و ڕای وەزارەتی نەوتی عێراقی. ئەم ڕایە جارێکی تر لەلایەن خودی (جەرج بوش)ی سەرۆکی ئەمریکاوە داکۆکی لێکراوە و تەئکیدی لەسەر کراوەتەوە، چوونکە بە گوترەی هەواڵی ڕۆژنامەی (واشنتۆن پۆست): جەرج بوش بە سەرجەم کەمپانیاکانی دەرهێنانی نەوتی ئەمریکیی ڕاگەیاندووە هیچ بەندێکی نەوتیی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان واژۆ نەکەن، بەبێ ئەوەی ڕەزامەندییان لە وەزارەتی نەوتی عێراقەوە وەرگرتبێت. بە شێوەیەکی گشتیی بە بڕینی ئەم ماوەیە گووشار لەسەر لایەنی کوردیی بوو بە ڕاگرتن و هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستە نەوتییەکان، هەرچەند لە ناوەڕاستی مانگی ڕابردوو وەفدی کوردیی بە سەرکایەتی (نێچیرڤان بارزانی) بە چارەسەری ئەم کێشانە چوونە بەغداد، بەڵام کێشەکان بە هەڵواسراویی و وەکو خۆیان ماونەتەوە، بەڵام هێشتا دەرفەت ماوە بە گفتوگۆی زۆرتر لەو بارەوە کە لە ڕۆژانی داهاتوودا پێدەچێت لێک نزیکبوونەوەی باشتر بەتە ئاراوە.
دایلۆگ و نزیکبوونەوە
حسێن شەهرستانی لە ڕۆژی 812008 بە کەناڵەکانی میدیای ڕاگەیاند: لە ماوەیەکی نزیکدا بە خێی دەتە کوردستان و سەردانی پەرلەمانی کوردستان دەکات تا بە دایلۆگ چارەسەری ئەو کێشەیە بکات کە لەسەر پرسی دەرهێنانی نەوت لەنێوان هەردوو لایەنی عێراقی و کوردیدا

سەریهەڵداوە، لە هەمان وەختدا ڕەخنەی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن گرت کە لەدوانەکانی ئۆیان وەک خۆی نەگەیاندووە و مەسەلەکەیان زیاد لەپێویست فوو تێکردووە و گەورە کردووە، لەلایەکی تریشەوە سەرچاوەیەکی ئاگادار لە وەزارەتی نەوتی عێراق کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت بە ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە)ی ڕاگەیاندووە: دانوستان بەردەوام بێ نهێنی هەیە لە نێوان حکوومەتی بەغداد و حکوومەتی هەرێمدا لەسەر ئاستی سەرۆک وەزیران بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی گرێبەستە نەوتییەکان.

لە واقیعدا هەست بەوە دەکرێت هەندێک لەک نزیکبوونەوە هەیە لەسەر مستەوای باڵای هەردوولا بۆ چارەسەرکردنی ئەو دۆزە، بەڵام ئەوی بۆ نهێنی و شاراوەیی مابێتەوە ئەوەیە نازاندرێت ئاسۆی چارەسەر ڕوونە یان نا؟ یان ئایا کام لا مل دەدات بۆ خواستی لاکەی تر؟ ئەوەی لە سەرتاوە ئاشکرایە لایەنی کوردیی نەرمی نانوێنێ چوونکە پشت ئەستوور بە بڕگەیەکی دەستووریی کە بڕیەتی ئەو بڕگەیە دەستەاتەکەی ڕێگە پێدراوە بە دەرهێنانی نەوتی ناوچەکانی خۆی. وا بۆیارێشە بۆ نزیک خستنەوەی بۆچوونەکان و دایاڵۆگ و گرتنبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ چارەسەری قەیرانەکە بۆ گوڕەی لەدوانی وتبێژی فەرمی حکوومەتی هەرێم شاندێکی باڵای کوردستان بۆ سەرکایەتی نێچیرڤان بارزانی لێم مانگەدا دیسان سەردانی بەغداد بکەن و لە نزیکەوە چاویان بکەوێت بە سەرۆک وەزیران و وەزیری نەوتی عێراق و هەندە کاربەدەستی تری باڵای کابینەکەی (نوری مالیکی).

د.مەحمود عوسمان، ئەندامی ئینجووومەنی نوێنەرانی عێراق ڕوونکردنەوەی زیاتر دەداتە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و دەڵێت (هەردوولا بۆیاریانداوە وەزارەتی نەوتی عێراق و وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم لیژنەیەک دروست بکەن و بڕیتی بێت لە خۆبیر و لێزانەکان و ئەوانەی پێوەندییان بە مەسەلەی نەوتەوە هەیە و سێیری هەموو ئەو گرێبەستانە بکەن و دیاریبیان بکەن و کەموکوڕیی و بۆچوونەکانیانی لەسەر بنووسن، بۆ ئەوەی بۆ ئەو لیژنەیە ڕاپۆرتێک بنووسێت و پێشکەش بەسەرۆک وەزیرانی هەرێم و سەرۆکی حکوومەت و کەماری عێراقی بکات). بۆ شۆوێکی گشتیی هەردوولا ئامادەییان دەربڕیوە بۆ گفتوگۆ و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی ئەو قەیران و تەنگژەیە بۆ ڕێگەی دایاڵۆگ و لێکتێگەیشتن، هەرووک وتمان هێشتا دیارنییە ناوەندەکی دانیشتنەکان چی لێخۆ دەگرن، هەرووک ئاشکرا نییە ئایا دەتوانن بۆ گفتوگۆ بگەنە ئەنجامێکی وەها هەردوولا پێی ڕازی بن یان نا؟.

ئەنجامگیریی

لەدوانەکانی سەرەتای حسێن شەهرستانی و هاوەڵان بە گووشار خستنە سەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی راگرتنی گرێبەندە نەوتییەکان، بارەمەترەکە نیشانیدا حکوومەتی عێراقی بەردەوامە لە قووتکردنەوەی لەمپەر لە بەردەم کوردەکانی باشووردا، ئەگەر دوێنێ هەموو ئاستەنگەکان لەبەردەم ماددەی 140 بووبن، ئەمڕۆ دوای تەواوبوونی وادەی یاسایی و دەستووریی ماددەی 140، لە ڕەگەی کێشە دروستکردن بە ژمارەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دواخستنی بودجەی دیاریکراوی هەرێمی کوردستان و بە نایاسایی لە قەڵەمدانی گرێبەندە نەوتییەکان دەستکەوت و پێشکەوتنەکانی کورد لەعێراقدا بچووک دەکەنەوە و ناچاری دەکەن بە کەمتر سازش بکات. ئومێدێکی کەم ماوە بەم زنجیرە گفتوگۆیەی وا بەیارە لەم مانگەدا ئەنجام بدرێن، ئەگەرنا کورد هیچ ڕەگەزێکی تری نییە بچگە لە پەنابردن بە شکاتکردن لە دادگای فیدراڵیی، خۆ ئەگەر ئەو شکاتکردنەش ئاکامێکی ئەوتۆی نەبوو لە بەرژەوەندیی کورد، ڕەنگبە هیچ کارتێکی تر نەبێت کورد ڕایبکێشێت، مەگەر بەیاری کشانەوە لە حکوومەتێکی دکتەر مالیکی بدات کە وا پێویست بوو لە دەمکەوە ئەم بەیارەی بدایە.

چاپتەری دووەم

کورد لەنێوان درێژەدان بە بەشداریی و کشانەوە لە حکوومەتی نوری مالیکی

لەگەڵ هاتنی ساڵی نوێ (2008) مانگی هەنگوینی کورد لەگەڵ حکوومەتی عێراقی و لایەنەکانی عەرەبیی نەو گەڕپانی رامیاریی ئەو وڵاتە بەرەو کۆتایی هاتن پێلی هاویشت، بەواتایەکی تر لەنیوەی دووەمی ساڵی ڕابردوو بەو لاوە، ناکۆکی قووڵ و قەیرانی گەورە لە نێوان کورد وەک بەشێکی بەهێز لە حکوومەت لەلایەک و حکوومەتی نوری مالیکی لەلاکەی تر سەریهەڵدا و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە بەری چارەسەربوون گەورەتر دەبن!!. هەنووکە جگە لەوەی نوری مالیکی هاوڕێ پەڵاوێزخستنی ویستەکانی کورد دەدات، دەنگەی ئاوڕش بەاوە سەرەک وەزیرانی عێراق ئەو یادداشتنامەیەی پەڵاوێز خستووە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بە چاکسازییکردن لە کابینەی دکتەر نوری مالیکی ڕادەستی دەوڵەتی کردووە. جیا لەمەش نوری مالیکی لەمانگی ڕابردوو لە شاری لەندەن بە ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط) ڕاگەیاند (عێراق وەتەکی عەرەبییە و نابێت لە دەوروبەری عەرەبییەکەی دابڕێت). ئەم لەدوانە ڕاستەوخۆ دژی کورد و ئاجیندای سەرکردایەتییەکەیەتی لەم بەشەی کوردستان و لە هەمان کاتدا

هۆشیەکە لەسەر سیستمی فیدرالیزم لە عیراقدا، چوونکە لە وەتەکی ناسنامە عیرەبیدا هەموو بانگەشەیەک بۆ یەکسانی و مافی ئەوانیتری ناعیرەب جگە لە درۆ چیتر نییە.
بە بۆای (ئەندرۆ هوریە) فیدرالیزم لە هاوبەشتی چەند دەوڵەتەک پێکدێت و پێوەندییەکی یاسایی نوخەیی پێکیانەوە دەبەستێتەوە. بەڵام لە کاتێکدا بەیار بێت لە وەتەکدا بژیت ناو و ناسنامەی عیرەبی و سیاسەتی نوخەیی و دیرۆکیی بە دەستی عیرەبەوە بێت هەر بانگەوازێک بۆ هاوبەشتی لە وەهم بەولاوە هیچی تر نییە، تەنانەت بۆ سەرنجدان لەم ماوەیەی تێدەپەڕێت دەبینین وەک جاران لایەن سەرکردایەتی کوردەوە باسی فیدرالیزم و یەکێتی ئازووماندانە ناکرێت لە عیراقدا، چوونکە کورد دیسان لەسەر هەمان پۆزیشن برا بچووکی ژێر فەرمانی برا گەورەی عیرەب لە عیراقدا هاوبەش و بەشدار کراوە لە حکوومەت و ئیرگانەکانی تردا. (ئەو مسەدەیەی "د.مەفەق ئەلروبەیعی" لە ژێر ناوی پڕۆژەی ئاسایشی نێتەویی عیراق لە دووتوێی 57 لاپەڕەدا بەیانکردووەتەوە زۆرتر لە پڕۆژەی ئاسایشی نێتەویی عیرەبیی دەچێت، بەو پێیەی بەهیچ کلۆجێک ئاماژە بە چەمکی فیدرالیزمی نەکراوە و کورد و کوردستانی تێدا پەراوێز خراوە، بەگەڵ و پاشکۆیەکی ترە بە راستیی ئەم روانگەیەی ئەمە). بەدەر لە پەچانەوە و داخستنی فایلی فیدرالیزم، لایەنی کوردیی هێندە لاواز بووە عیرەبە عیراقییەکان گەمە بە ویستەکانی دەکەن، هەر لەبەر ئەمشۆ حکوومەتی عیراقی لە چەندین ئاستی جیاوازدا دەتوانێت بە ئاسانیی کێشە بە کورد و هەرێمی کوردستان دروست بکات. بەشێوەیەکی گشتیی گرنگترین ئەو لایەنانەی مایەی ناکۆکی سەرەکی لایەنی کوردیی و حکوومەتی عیراق خۆی لەم چوار کێشە زۆر گرنگەدا دەبینێتەوە کە بریتین لە:
یەکەم: کێسپ دروستکردن لە بەردەم جێبەجێکردنی بڕگەکانی ماددەی 140 دەستووری هەمیشەیی عیراق. وەک جێبەجێ نەبوونی ئەم ماددەیە لە وادەی دەستنیشانکراویدا، لە سەرەکی ترەوە چوونی ئەو دەزە بە نێو مانگەنە و سیاسەت و بەرنامەی پەرتین و بیرکراتیەتی رێکخراوی نێتەوە یەکگرتووەکان و درێژکردنەوەی ماوەی جێبەجێکردنە بە شەش مانگی دیکە، دەربەی دەماندنی ئەو دەزەیە، چوونکە هەموو ئاماژە و رێکەوتنە سیاسیی و نوودەوەتی و هەرێمییەکان لە غیابی کارایی سیاسەتی کوردیدا زەنگی دروستکردنی ویلایەتێکی سەربەخۆ لە عیراق لەدەدەن (برێکسلی عیراق) لەسەر خاکی کەرکوک.
سەرەڕای ئەمانەش حکوومەتی نوری مالیکی و ستافە شۆڤێنییەکەی کێسپ دروست دەکەن بە تایبەت لە ڕەی سستی خستنە نەو کاری لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی 140. تا ئەوەی (د.رائید فەهمی) سەرۆکی

لێژنەکانی جێبەجێکردنی ماددەکە هاواری لە بەرزبوونەوە و لە نوێدانەستی مانگی رابردوو رایگەیاند: تا ئێستا نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی عێراقی فیدراڵ وەڵامی راسپاردەکانی لێژنەی جێبەجێکردنی ماددەی 140 ی نەداوەتەوە کە بریتین لە ریفراندەم و ئاماری پارێزگای کەرکوک و ناوچەکانی دەوروبەری. دیارە وەک پێشوو نوری مالیکی و کاستەکەی لە پستە باڵاکانی حکوومەتی عێراقیدا دەخوازن لەو رێگەیەوە دەخێک بهێننە پێشەوە نەک لە ماوەی شەش مانگی تردا بگرێ لە ماوەی شەش ساڵی تریشدا ماددەکە هیچی لە نەچێتە پێشەوە بە گوێرەی ناوەڕۆکی دەستووری هەمیشەیی عێراق.
دووەم: کێشە دروستکردن بە دەرماڵەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. دروستکردنی ئەم کێشەیە بە دەرماڵەی پێشمەرگە جگە لە نیشاندانی کینەی خڕاسک و قینەی پڕنگخواردووی هێندێک لە کاربەدەستانی حکوومەتی نوری مالیکی بەرانبەر بەو گاردە رزگاریخوازە کوردستانییە، جگەلەکیش لە قارسکردنی بودجەی هەرێم و داشکاندنی رێژەی پارەی کورد لە عێراق و دروستکردنی کێموکوڕییەک لە بودجەی کوردستاندا تا شڵەڵەکی گەورەتر و درزکی بەرینتر لە ئابووری داتەپیوی کوردستاندا دروست ببێت، ئەم گەمەیەکی بەردەوامە عەرەبە دەستەڵاتدارەکانی عێراق بە مەبەستی تەنازولپێکردنی زیاتری کورد لە ماف و ئازادییەکانی پێڕەوی دەکەن.
سێیەم: دژایەتیکردنی گرێبەستە نەوتییەکانی حکوومەتی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان. ئەم کێشەیە دڕچێتە نەو پەیوەندکردنی کورد لە رووی ئابووریەوە. رەنگبێ تورکیا ڕۆڵی کاریگەری لەم پرسەدا هەبێت، چوونکە بە ساڵان تورکیا نەخشی لەسەر سیاسەتی نەوخۆی عێراق هەبووە، لەم بوارەدا تورکیا مەبەستییەتی فشار بخاتە سەر لایەنەکانی عەرەبی تا دژەهەنانی نەوت لەکوردستان رابگرن، چوونکە تورکیا وا بیر دەکاتەوە دژەهەنانی نەوت لەلایەن کوردەکانەوە هاوواتای دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردییە وەک دراوسێی وەاتەکەی. ئەمە بێ لە بیرکردنی تەقینی ئێران لە بەهەزبوونی کورد لە عێراقدا.

چوارەم: هەوڵدان بە داشکاندنی رێژەی دیاریکراوی بودجەی کوردستان لە بڕی 17% بۆ 13% کەمتریش. هەرچی لەبەینە لە بودجەی پێشووی کوردستان تاکتیکێکی هەمەلایەنەی عەرەبە عێراقییەکانە بۆ سەرقاڵکردنی کورد بە هەندە مەسەلەی لاوەکی و لا بەلاوە تا یەکێکی لەوە گرنگتری لە زەوت بکەن. بە بۆچوونی (د.محەمەد ئەحمەد) سەرۆکی لیستی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (بەرپرسانی بەغداد دیانەوێت لە رێگەی شەڕی ئابووریەوە کورد

سەرقاڵ بکەن و ئەولەویەتی کارەکان تێکبدەن، وەک چۆن لەو ڕێگەیەوە کاتی جێبەجێکردنی ماددەی "140"یان تێپەڕاند و لە وادەی خۆیدا جێبەجێ نەکرا). ئەم هەوڵە ئێگەرچی سەری نەگرت و دواجار بودجەی ئەمساڵیش هەروەک ساڵانی پێشوو (17%) بوو، بەڵام ئەم سەختێتی و بڕنە و بڕدێ لەسەر کورد هەر بڕدەوام دەبێت و دێشە لە ساڵکانی داهاتوودا سەختتر و گرانتر خۆ بنوێنن و وەک ئێستا ئاسان و هەرزان لێی دەرنەچین، چون بەبڕاورد بە ساڵانی پێشووتر عەرەبەکان زیاتر کورد گەمارۆ دەدەن و لە مافەکانی قارس دەکەن.
وێنەی ڕووتی بارودۆخی سیاسییەکە ئاوێە: دەست و هاوبەشەکانی کورد لە حکوومەت و چوارچێوەی هاوپەیمانێتییە چەند قۆیەکاندا، نەیارە سەرسەختەکانی جێبەجێ و هاتنەدی ویستەکانی کوردن لەم وڵاتەدا، ئەو ئیمەیجەی بە درۆزایی ئەم چەند مانگە لەدەستە نزیکەکانی کورد دەیبینین، ئەو وتەیەی (ساڵح موتەگ)ی سەرکی بەرەی دایلۆگی نیشتمانی عەراقیمان بیر دەخاتەوە، لە وەڵامی ئەو پرسیارەی بۆچی هەمیشە دژایەتیی داخوازییەکانی کوردەکان دەکات؟ بە کنایی (العربیە)ی ڕاگەیاند (من دژی خواستەکانی ئەوان نیم "واتا کورد" ئەگەر ماقووڵ بن و هەوڵستەکانیشم ئاشکران، هەقوایە ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ئەو کەسانە بکرێت لە سەرەوە لەگەیانن و لە ژێرەوەش تێنە دژایەتییان دەکەن). دروست ئەم لەدوانەی موتەگ هاووڵاتای ئەو دەخێە ئەمە کوردی لە چوارچێوەی عەراقدا پێدا تێدەپەڕێت.
جگەی واق وڕمانە هەروا بە خەرایی و جادوویی و چاوەننکراوانە دەستەکانی دوێنەمان لە (عەراقی هیوا و ئاشتیدا) خوێنەکانی ئەمەمان دەکوژن!! هاوپەیمانەکانی دوێنەمان نیارە سەرسەختەکانی ئەمەن، بەڵێنەکانی دوێنە پەمانەدرابوو ئەمە پچڕوانەکەی بەسەرماندا فەرز دەکرێت!! کەوابوو ڕاستە بژێن کورد لەم ساتەوەختەدا لە بارەکی خنکێنەر و لە بڕدەم قەیرانەکی سەختدایە، کورد تەزقاێک ماف و دەستکەوتی ماوە برای عەرەبی چاوەشمان دەخوازێت لەی بقرتێنێت و بە زیاد و زەری دەزانێت، کەچی کورد وەک ئەوەی بە ماددەی هەشبەر سەکرابێت هەر خەریکی چێینی سرووت و مارشی (موگنی موگنی)یە!!.

هەوڵستی فەرمیی کورد لەمە حکوومەتی مالیکی

بەجگە لەوەی کاربەدەستانی باڵای ڕامیاریی کورد حکوومەتی نوری مالیکی بە فاشیل و کەمتوانا و گەندەڵ تەماتبار دەکەن، (لەم دوا دواییەدا گەڤاری گوڵان فایلی گەندەڵییەکانی کابینەکەی نوری مالیکی هەدداتەوە!) هاوکات ڕایدەگەیەنن ئەدای ئەو حکوومەتە لە هەموو ڕوویەکەوە پچڕوانەوەی ناوەڕۆکی دەستووری هەمیشەیی

پەسەندکراو و دەنگ بەدراوی عێراقی فیدراڵ و پێکهاتنە سیاسییەکانی کوردە لەگەڵ لایەنەکانی عەرەبی عێراقی. کاردانەوەی کورد سەرەتا لە ناڕازایەتی دەربڕین و ڕادەستکردنی یادداشتنامەو دەستی پێکردووە تا ئەوەی باس لە گۆڕینی کابینەی نوری مالیکی دەکرێت و ناو بەناویش دەنگەی هەوڵی کشانەوە لە حکوومەت دەبیسترێت.

(دەقید ئیگناتس) لە ڕۆژی 9-1-2008 لە ستوونەکی ڕۆژنامەی (واشنتۆن پۆست)دا نووسیویەتی: لە بەغداد گروپێکی نوێ کار بە لابردنی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراقی دەکات، ئەگەرچی واشنتۆن ئامادەگاریی داوە بەوەی حکوومەت نەگۆڕێت. لەمبارەوە بەرپرسێکی پایەبەرزی ئەمەریکی لە بەغداد پێیوایە ئەمە دوا ساتەکانی (شکاندن و دامان)ی حکوومەتی مالیکییە. فشار و پاڵپەستە نوێیەکانیش دژ بە نوری مالیکی لە سەرکردە کوردەکانەوەیە. هەندێک لە چاودێرانی سیاسیی تێبینی دەکەن شەوازی فشار خستنە سەر مالیکی لەلایەن کوردەکانەوە لە ڕەی گرەدانی چەند هاوپەیمانییەکی تازەو خێی دەنوێنێت، بە تایبەت ئەو ڕێکەوتنەی دوو پارتە سەرەکییەکەی کوردستان لەگەڵ حزبی ئیسلامی عێراقی سوونێ مەزهەب لە ماوەی ڕابردوودا هاتە گرەدان و ڕاگەیاندن، جگە لەوەی هەوڵەکە بە بەهێزکردنی پێگەی کورد، بە بەوای توێژەرانی سیاسیی ئەم ڕێکەوتنە سەرە قەییە فەرمەکیشە بە لاواز و تەنگەتاوکردنی حکوومەتی نوری مالیکی، یان بە واتایەکی تر پیشاندانی قورسایەکی نوێی کوردە لە عێراقدا.

لای خۆیەوە (د.مەحمود عوسمان) ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان بە دووری دەزانێت ئەم هاوپەیمانێتییە بە لاوازکردنی پێگەی حکوومەتی نوری مالیکی بێت و بە ڕاشکاوانە دەڵێت (ئەمە بە لاوازکردن نییە، چوونکە حزبی ئیسلامی یەکێکە لە حزبە سەرەکییەکانی سوونێ و ڕێکەوتنی لەگەڵ دوو حزبە سەرەکییەی کوردستان نزیکی دەخاتەوە لە حکوومەتەکەی مالیکی و نزیک دەبێتەوە لە لیستی شیعەکان و نزیکیش دەبێتەوە لە ڕێکەوتنە چوار قەییەکە و وا دەکات وەزیرەکان زیاتر نزیک بنەوە و بنەوە ناو حکوومەت، بەیە ئەم مەسەلانە لاوازکردنی حکوومەتی نوری مالیکی نییە).

واقیع و پێشهاتە بە دەستوبردەکانی گۆڕەپانی سیاسیی و ئاوگۆڕە خێراکانی نێوخێی عێراق پێچەوانەی ئەو دەربڕینەی (د.مەحمود عوسمان) دەسەلمێنن، چوونکە ئاشکرایە لایەنی کورد دوای ناهومێدبوون لە بەشکێی زەر لە شیعە کاربەدەست و حاکمەکان ڕووی لە هاوپەیمانێتی سوونێکان و حزبی ئیسلامی کردووە. ئەم ڕێکەوتنە سەقەییە دەربڕی خراپیی ڕەوشی کوردە و هیچ نابێت لەگەڵ بەشک لە

شیعەکان هاوسەزیی و هاوپەیمانەتییەکانی گەلانی بەسەردا هاتووە کە دواجار رەنگبە ئەو رەکەوتنە چوار قۆیەی کورد تێیدا یەکبکە وەک خەی نەمەنەتەوە و بەرەو لەبەریەک هەڵوەشان بەوات، هەرچەندە ئەم پێشبینییە تەنە دیتنەکە نەک واقیع، بەڵام بە پشت بەستن بەو رووداو و گەلانکاریانەی روو دەدەن نابەت بە ئەگەرەکی دوور سەیری بکەین.

کورد چی دەکات و دەبەت چی بکات؟

د.بەرهەم ساڵح لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ رۆژنامەی (الشرق الاوسط) نیەتەکانی کورد دەردەخات و رایدەگەیەنەت (لایەنی کوردیی نایەوە حکوومەتی نوری مالیکی بگەەت یان لەی بکشێتەوە، کورد دێەوە گەلانکاریی و چاکسازیی لە کابینەکەیدا بکات). زۆرەک لە سەرچاوە ئاگادارەکان هەما بە ئەو راستییە دەکەن کورد لە خودی مالیکی و حکوومەتەکەی ناهومەد بووە و لە بەردەم دووبانەکدایە: بە پاشکشە یان درێژدان بە بڕشداریی. چون لە ماوەیەکی کورتدا بەی دەرکەوتووە هیچ گەلانکاریەکی ئەوتە رووبنەداوە، حکوومەتی مالیکی لە حکوومەتەکانی پێشووی عەلاوی و جەعفەری جیا بکاتەوە. (تەنە دەموچاوەکان گەاون)، هەر بەم هەیەوە و بە سەیرکردنی مەژووچەی کابینەی نوری مالیکی دەرکەوتووە عەرەبی عەراقی دەیەوە سووک و باریک بەەکە لە ژێر پای کورد رابکشێت و رەنج بە "با"ی بکات. بڕشک لە رامیارانی کورد لەو باوەەدان کشانەوە لە حکوومەتی نوری مالیکی نەک چارەسەری کێشەکان ناکات بەەکو دەبەتە فاکتەری سەرهەدانی فەوزا و کێشەی چارەسەرنەکراو و گەورەتر و قووەتر کە بەتەواوی شیرازەی عەراق تەکدەدات و زیانەکانی زەرتر دەبن لە سوودەکانی. (د.فوئاد مەعسوم) سەرەکی لیستی کوردیی لە ئەنجووەنی نوێنەرانی عەراق پێیوایە (هەوڵشاندنەوەی حکوومەتی ئێستا و کارکردن بە پێکهێنانی حکوومەتەکی نوێ لە بەرژەوەندیی هیچ لایەکدا نییە و دوور نییە وەات تووشی قەیرانەکی سیاسیی گەورەتر بکات.. کورد لەگەڵ هەوڵشاندنەوەی حکوومەتەکەی مالیکیدا نییە لە بەرئەوەی لەم قۆناغەدا لە بەردەم جەبەجەکردنی چەندین ئیستحقاقی دەستووریداین لەوانە وەک جەبەجەکردنی ماددەی سەد و چل). لەلایەکی ترەوە (قادر عەزیز)ی سکرتێری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بەچوونەکی هاوشێوەی بیروڕاکەی (د.فوئاد مەعسوم)ی هەیە و دەربارەی بەکارهێنانی کارتی بایکەت و کشانەوە لە حکوومەتی عەراق لەلایەن کوردەوە رایدەگەیەنەت (هەتا بکرێت پەنا بە کارتی لەو جۆرە نەبین باشە، چوونکە نە بارودۆخی عەراق، نە هاوکێشەکان، نە وەزعی ناوخۆی

هەرەمی کوردستان بۆ ئاوڕ لێبار نییە ئەو هەوڵەستە بەرامبەر بەغداد وەربگیرێت).
لایەنگرانی ئەم دیتنە جیا لەپاساو هێنانەوەی نالەباریی بارودۆخی سیاسیی و ڕێگریکردن لە نانەوەی قەیرانی سەخت و قووڵتر ڕایدەگەیەنن پێشتر ئەم ڕێگە و ئۆگرە لایەن چەندین گروپ و پارتی دیکەوە تاقیکراوەتەوە و هیچ لە بارودۆخ نەگۆڕاوە جگە لە چوونە پاڵاوەزی ویستی ئەو لایەنانەی بەهەر هەیەک بووە بایکۆتی حکوومەتیان کردووە، بەیەکا پاش ماوەیەک ناچاربوون هاوڕێی گەلانەوە بە نەو حکوومەت و ڕێگەی بەشداریی لە عەمەلییەی سیاسیی عێراق بگرنەوە بەر، بەمەبەستی خاوەنکردنەوەی ئەم ڕوانگەیە پێیان پێنەبردووە: سەیرکردنی سەنگ و قەبارەی ڕاستەقینەی ئەو لایەن و پێکهاتانەیە لە حکوومەت پاشکۆشیان کردووە یان دەیکەن، لەبەرئەوە غەدرێکی گەورەیە کردەی بایکۆتی کورد بە بایکۆتی حزبی فەزیلەت یان ڕەوتی سەدر بەراوورد بکرێت، چوونکە یەکەمیان نوێنەرایەتی نەتەوەیەک دەکات و دووەمیان دەمەستی بەشێکی کەمی پێکهاتەکارانی ئاینزایەکە، کورد نەتەوەیەکە و پشت ئەستوورە بەهێزی لەبن نەهاتووی گەلێک نێک وەک ئاوەی لینین وەسپی دەکات (شمشێری مقەبا)ی بەدەستەوە بێت. لە بەرامبەر دیتنی لایەنگرانی مانەوەی کورد لە چوارچێوەی حکوومەتی مالیکی دژە بەچوونێک هەیە پێیوایە، کورد دەرگیری کێشەی گەورە بووەتەوە لەلایەن حکوومەتی ناوبراوەوە کە خەریکە دەسمایەی دەستی دەدەنێت و زۆر بەربەستی گەورە لەبەردەم کوردن، پێویستی ئەوە دەهێنێ پێشەوە لایەنی کوردیی لەم دوا دواییەدا هەوەست وەربگرێت و ڕاستەوخۆ بیاری کشانەوە لە حکوومەتە بدات.

(د.مەحمود عوسمان) بە ڕۆژنامەی (الزمان)ی وتووە (ئۆگەر ئەو وتەڕانەی نوری مالیکی لەگەڵ نەچیرڤان بارزانی دا لەو بارەیەوە ئەنجامی دەدات شکست بهێنن، دوور نییە هاوپەیمانی کوردستان بکشێتەوە لە حکوومەتەکەی مالیکی و بەوەش ئەو حکوومەتە ڕۆژی دەستووریی خۆی لە دەست دەدات). لە بەردەوامیی ئەم کێشانە و دەنگدانەوەی لە میدیا جیهانییەکاندا، ڕۆژنامەی (لەس ئەنجلەس تایمز) لە سەرەتای ئەم مانگەدا دەربارەی هەوەستی لایەنی کورد بەهاوی کردووەتەوە: (لەم چەند هەفتەیەی ڕابردووەدا لەلایەن هاوپەیمانیی کوردستان و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی و هەندێک هێزی تریەوە هەوڵەش لە مالیکی کراوە کە متمانەی لەبەسەرنەچێتەوە و لە بەرامبەریشدا باسی"عادل عەبدولمەهدی"یان کردووە حکوومەتێکی نوێ پێکبهێنێ). بیاری دروست وایە ئۆگەر پرسی گرێبەستە نەوتییەکانی

حکوومەتی هەرێم چارەسەری بۆ نەدەزراییەوە و ماددەی سەدوچل لەم گۆڕاوەدا راگیرا و گەمە بە دەزی دەرماڵەی هەزی پشمەرگە کرا (لە ڕژێی 17% بودجەی کوردستان پێسەند کراوە) کورد لە حکوومەتی نوری مالیکی بکشتەوە و بە یەکەمجار عسیانەکی مەدەنی ئەنجام بدات و بە دیوەکی تریشدا قورسایی و کارایی خۆی وەک هێزکی خاوەن توانا بسەلمێنێت. ئەمە کورد ئەو یاخیبوونە نیشان نەدا، سبەینێ بە تێبزیی دەیخەنە دەرەوەی گەمەی سیاسیی لە عێراقی داهاتوودا.

چاپتەری سێهەم
ئایا دەزی کورد هاتتەوە سەرتای ڕێگا؟
دەربارەی گرژییەکانی ئەم دواییەی نێوان کورد و عەرەبی عێراقی

لە ماوەی ئەم چەند مانگەی دواییدا ڕووشی سیاسیی عێراق بەرەو قەناغێکی نوێ هەنگاوی ناوە، لەنێو هەگبەی ئەم قەناغە نوێیدا کەمەکێک هاوکێشەی سیاسیی نوێش هەن، یەکەک لەوانە گوشاری لایەنەکانی عەرەبی عێراق و کابینەکەی (نوری مالیکی)یە بە سەر کورد و ئەزموونی خۆبەڕێوەبەری کوردستان، ئەم گوشارە هەمەلایەن و فرە ئاستییە بە ئەندازەیەکە دەخوازێت هەموو دەستکەوتەکانی کورد وردوخاش بکات و بارودۆخی سیاسیی بە فۆرمەک دابەڕێتەوە کورد بباتەوە سەرتای ڕێگا، واتە دیسان پاشکشە بە هەموو پشکەوتنانە بکات لە بارودۆخی کورددا ڕوویانداوە!.
هەندەک لەلایەنە عەرەبییەکانی عێراق جەخت لەوە دەکەنەوە ئەوەی کوردی گەیاندە تڕپکی دەسەڵات لە عێراقی دوای سەدام حسێندا پێوەندیی هەیە بە ناجێگیریی ئاسایش و ڕووشی نالەباری ئەو کاتی عێراقەوە نەک هەکارەکی تر، بەیە ئێستا وەختەک دەوڵەتی عێراق بەهێز دەبێتەوە و لە هەمووی گرنگتریش خۆریکە بەسەر گروپە چەکدار و تیرۆرستییەکاندا زاڵ دەبێت، دەبێت هاوکێشەکە بە جۆرەکی دیکە هاوسەنگ بکرێتەوە، بە ئەم کارەش لایەنە شۆڤێنییەکانی ناو عێراق بە هاوکاریی دەوڵەتانی هەرێمیی و چاوپۆشیی ئەمریکییەکان دەیانەوە کورد بخەنە ئەودیوی گەمەکە و هاوکێشەیەکی نوێ بهێننە ئاراوە کورد لاوازترین ئەدا و ڕۆڵی هەبێت لەنێویدا. ئەم چەند مانگە نوری مالیکی، باڵاترین ئەرگان و دەسەڵاتی سیاسیی عێراقی بە ئەو مەبەستە تەرخان کردووە، تا لایەنی کوردیی لاواز و پەراوێز بخات، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو کەسپ و تێگرانەی بەردەوام دەیانخاتە بەردەم ویستەکانی کورد تاکوو دێگات بە ئەنجامدانی چەندین ڕێککەوتنی ژێر بە ژێر لێگەڵ دەوڵەتانی ناوچەیی لە دژی دەزی هەڵکشاوی کورد.

ماددەی 24 سەرتای دەرکەوتنی کودەتایەکی سیاسیی دژی کورد

لەرژی بیست و دووی تەموزی رابردوو، ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە سەرکایەتی (مەحمود مەشهەدانی) سەرکی ئەنجوومەنەکە، دوای بایکۆتکردنی فراکسیۆنی کوردیی، بەیاری 24ی پەسەند کرد، ئەم بڕیارە وەک ئاوێکەکەی دژی خواستە سیاسییەکانی کوردە لە عێراقدا، لە هەمان کاتدا بە جۆرێک لە جۆرەکان وەک جێگرەوە و ئۆتۆرناتیڤی ماددەی140 دەستووری عێراقی خەی دەرخست، سەیرتر لە هەموو ئەوانە لەماوەیەکی ئێجگار کەمدا و بە شێوەیەکی جادووییی هاوپەیمانە ستراتیژیک و سیاسییەکانی لایەنی کوردیی، چوونە ریزی نەیارانی سیاسیی مافەکانی کورد و بوونە داینەمۆی دەرچووانن و سەرپەکەوتنی ئەو بڕیارە کە سەد دەر سەد بە دژایەتیکردنی کورد و دابڕینی شاری کەرکوک لە کوردستان فەرمۆ و پێشنیار کراوە. بێشک لە چاودێرانی سیاسیی پێیانوایە هاتنی ئەردۆگان بە عێراق و کۆبوونەوەی لەگەڵ نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراقدا بووە هەی ئەوەی لە ماوەیەکی کەمی دوای سەردانەکەی ئەردۆگان، ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئەو بڕیار و هەوەستە وەربگرێت، هەروەک پرۆفیسەر (یوست هیلتەرمان) دەڵێت "گۆڕانەوەی کەرکوک بە سەر هەرەمی کوردستان هەی سووڕە بە تورکیا. لەبەرئەوە تورکیا بەرهەستیی دەکات ئەگەر بێشەوێکی راستەوخۆ نەبێت ئەوا لە ڕێی دەستکانییەوە لە عێراقدا ئەو هەوەستەی پیادە دەکات".

بەیە زەربەی لەکدانەوەکان بە ئەوە دەچن ڕێی تورکیا لە گەیاندنکردنی ماددەی 24دا گرنگترین و کاریگەرترین ڕێگە، بەبە ئەوەی هاشا لەوە بکرێت هەستی شۆڤێنێتی بێشکی زەر لە سەرکردە و کاربەدەستکانی عەرەبی عێراقی هەمان ڕێیان گەڕاوە. بەڵام هەر لەپابەند بەم کێشەوە، هەندێک لەچاودێران لە شرۆڤەکردنی ئەو واقیعەی هاتۆتە پێشەوە، وایدەبینن سەرقاڵیی سەرکردایەتی سیاسیی کورد بە هەندێک کێشە وبابەتی تریەوە لە چێشنی قانوونی نەوت و سەرچاوە سروشتییەکان و کێشەی ئاڵا بوونە فاکتەری لە بیرکردنی دەزێکی هەرە گرنگی وەک جێبەجێکردنی ماددەی 140 دەستووری عێراقی پێویست بە ناوچەکانی کێشە لەسەربوو، بەڵام رای پێچەوانە و بەرامبەر پێیوایە هەر لە سەرەتاوە نیاز و نیەتی لایەنەکانی عەرەبی عێراقی دیاربووە دەربارەی ناوەڕۆکی ئەو ماددەیە، بەیە پێویست بوو لایەنی کوردیی چاوەڕوانی دەستی عەرەبی نەکردبا و دەبوو لە ڕێگەی هەنگاوی عەمەلی و بە پاڵپشتیی جەماوەری گەل بڕیارەکی یەکلایەنەی دەربارەی چارەنووسی کەرکوک بدابایە، چون عەرەبەکانی عێراق لە ڕێگەی یاریکردن بە کات و خەدزینەوە لە پراکتیزەی ماددەی 140

هەوڵستیان هەمیشە روون و ئاشکرا بووە.
جگە لەوانەش بەدەنگیی و تەماشاکردنی خودی ئەمریکا و خەدزینەوەیان لە چارەسەرکردنی ئاو کێشەیە و بەجێهێشتنی بە رای خودی عێراقییەکان بە شێوەیەک لە شێوەکان جۆگەی گومان و تەئامانە و رەنگە ئاوە بسڵمێنێت پلان و کودەتایەکی هەمەلایەنەی سیاسیی هەیە لە دژی کورد کە زیاد لە لایەنێک و دەوڵەتێک رێی تێدا دۆزیوەتەوە هەر لە تورکیا و دەوڵەتە عەرەبییە سوونەکانەوە تا دۆگات بە ئەمریکا و ئێران. ئاوەتا رژێنامەی (ئەلزەمان)ی عێراقی پوختەی راپەرتێکی بەناوکردەتاوە لە ڕۆگەی زانیارییەکی سەرچاوەی ئەمنیی ناو عێراقەوە: کەماری ئیسلامی ئێران لە ڕۆگەی لایەنە شیعەکانی ناو عێراقەوە لە خۆ ئامادەکردندایە بە قەناغی دوای دەسەڵاتداریتی تائیتبانی و کارکردن بۆ لاوازکردنی پێگەی کورد لە عێراقدا تا ئەوانیش بە دەردی پێشووی سوونەکان بچن. بۆیە لە کورتترین دەربەندا ماددەی بیست و چوار و کودەتاکەی تەموزی رابردوو جیا لەوەی هەوەستی شۆڤێنیانەی عەرەبی عێراقی دووپاتکردەوە، لە هەمان کاتدا پەی نیشاندان پیلانێکی نهێنیی ناوچەیی هەیە لە دژی کورد و ئاو پێشکەوتنانەی لە مافەکانی کورددا لەم چەند ساڵەی دواییدا رووياندا.
تەنگژەی خانەقین و سەرقاڵکردنی کورد بە کێشەی لاوەکییەوە
هەر چەند ڕژێکی کەم دوای کودەتاکەی بیست و دووی تەموزی رابردوو، سوپای نوێی عێراق بەشێوەیەکی بەعس ئاسا هەیانکوتایە سەر ناوچەکانی قەرەتەپە و خانەقین، ئەم لەشکرکێشییەی سوپای عێراق دیسان تەنگژەیەکی نوێی دروستکردووە لە نێوان کورد و حکوومەتی بەغدادا، بە تایبەت لە شارچکەی خانەقین ئەم تەنگژەیە چەتە سەر لەواری تەقینەوە و رەنگبە ئەم کێشە و بارگرژییە زۆر لەوە زیاتر بخایەنێت و درێژە بکێشێت وەک ئاوەی لە سەرەتاوە بیری لێدەکرایەوە، چوونکە بە بۆای زۆربەی سیاسەتمەدار و چاودێران ئەم تەنگژەیەش دەستکی دەرەکیی دەیجووڵێنێت. د.مەحمود عوسمان، ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆای وایە "ئێران دەستکی باڵای هەیە لە کێشەی ئەم دواییەی خانەقیندا". بە ئاو مەبەستە شیعەی باڵادەستی عێراق بە بیانووی ئاوەی دەسەاتی سیاسیی و سەربازیی کورد تەنیا چوارچاوەی هەڵەی شین "هەڵەی دژە فەینی پێشوو" دەگرێتەوە، دەیاوێت دەست بەسەر هەموو ئاو ناوچانە کوردیانەدا بگرێت کە سەبارەت بە ژیانی ئابووری و سیاسیی داهاتووی کوردستان بایەخدارن و دەکرێت پشتیبان پێببەستریت.

هەرچی لایەنی کوردیی هاوستەکی وا رووبی نییە ئاوا بسەلمێنێت ملنادات بۆ داخوازییانەی نوری مالیکی و سوپای نوێی عێراق، چونکە ئاوای دەبیستراێت و لە زاری چەند سەرچاوەیەکی عێراقییەوە ئاشکرا کراوە ئاوایە: لایەنی کوردیی رەزامەندیی خۆی نیشانداوە بە پاشکشەپێکردنی هێزەکانی پێشمەرگە لە خانەقین، هەرچەندە بەشێکی بەرچاو لە سەرکردە سەربازیی و ئیداریی و سیاسییەکانی کوردستان ئاوا رەتدەکەنەوە بەیاری پاشکشەی هێزی پێشمەرگەیان دابێت و سەرکی هەرەمیش ئاوای راگەیاند: ئاگەر کورد بە هەڵەی شین رازی بووایە ئاوا سەدام حسێن زەر مەمنوونی کورد دەبوو، ئیدی چێن تازە کورد بۆە قایل دەبێت؟. بەڵام لە باری واقعییەوە هەشتا تەنگژەکە درێژەی هەیە و لایەنی کوردییش بەردەوام گەڕان بەسەر گووتار و هەڵوێستیدا دێت و نەگەیشتۆتە رایەکی کۆنکرێت و جێگیر. بەڵام لە بەرامبەردا شیعەکان وەک بزوێنەری حکوومەتی نوێی عێراقی سوورن لەسەر ئاوای دەبێت هێزی پێشمەرگە خانەقین چۆڵ بکات!.

ئەم بەچوونە لە لەدوانی زەربەی بەرپرسانی سیاسیی و سەربازیی عەرەبیی عێراقیدا جێختی لێکراوەتەوە، بە نموونە (جەلالەدین ئەلسەغیر) ئەندامی لیستی ئیئتلافی یەکگرتووی شیعە لە پەرلەمانی عێراق، بە ئاژانسی هەواڵی نیوزماتیک رایدەگەیەنێت "هێزە ئەمنییەکانی عێراق لە بنەڕەتدا نەچوونەتە ناو خانەقینەوە تاکوو لێی پاشکشە بکەن، ئەستەمە هێزە حکومییەکانی عێراق مامەڵە لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا بکەن، چونکە لە بنەڕەتدا بوونی ئاو هێزانە سروشتیی نییە و خانەقین بەشێک نییە لە سنووری هەرەمی کوردستانی عێراق". بەڵام من وەک خۆم لەو باوەڕەدام دروستکردنی تەنگژەی خانەقین و گەورەکردنی ئەم دۆزە جیا لەوەی بچووککردنەوە و بەرتەسککردنەوەی دەسەڵاتی حکوومەتی هەرەمی کوردستان و لایەنی کوردییە، لە هەمان کاتدا سەرقاڵکردنی کورد بە کێشەکانیەوە بە لە بیربردنەوەی کێشەیەکی گەورەتر و گرنگتر کە ئاویش پرسی ماددەی 140 و ماددە جێگرەوەکەیەتی "24". بەهەر شێوەیەکیش بێت تەنگژەی خانەقین چیتر نییە جگە لە هەوڵێکی تر بۆ بردنەوەی دۆزی کورد بە سەرتای رەگا.

حکوومەتی عێراق بەرەو کام ئاقار دەڕوات؟

هەموو چاوەڕێی ئاوە بووین لە دوای کۆتنی بتەکەی سەدام حسێن لە ساحەی فیردەوسی بەغداد و رووخانی بەعسەوە ئیدی دیموکراسیی رووبکاتە عێراق، هەموو عێراقییەکان خوازیاربوون کۆتایی بە عەهدی دیکتاتۆریی و دەوڵەتی ناوەندیی و تاکڕەویی بێت، کەچی هەر لەگەڵ جێگیربوونی باری ئاسایش لە عێراقی دوای سەدام و سەرپەکەوتنی

حکوومەتی بەغدا خەریکە دەستاتدارانی نوێی ئەم وڵاتە ڕێی هەمان خەرەندی بەعس دەگرنەوە بەر و بە هەمان جۆر سەرقاڵی وێنەکێشانی عێراقێکی نوێی مەرکەزیی و تاک سەرکردە و تاک بەیارن، ئەم هەنگاوەش لە زەوتکردنی مافەکانی کوردەوە ڕەچەڵی بەستووە. هەر ئەم هەکارەش کوردەکان لە سیاسەتی چەک کێشی حکوومەتی عێراقی دەترسێنێ و وا دەکات کورد داوا بکات ئەو چەک کێشە و بەهێزکردنی سوپا لە ئاستێکی دیاریکراو و سنووردارا بێت. ئەوەتا لە دانیشتنی ڕۆژی 8-9-2008دا (عەدنان موفتی) سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند "داوا لە ئەمریکا و وڵاتە زلهێزەکانی دنیا دەکەین بە تایبەت ئەمریکا کە ئێستا خەریکی مەرکردنی ڕێککەوتنێکە لەگەڵ عێراق، بەمبەستی فرۆشتنی چەکی جەنگیی بە عێراق، بە مەرج بیفرۆشن پێی بە ئەوەی نەبێتە هەی هەڕەشە و عێراق نەتوانێت هەڕەشە لە کورد بکات بەهەی ئەو فڕۆکە جەنگیانەوە".
ئەم لێدوانەی سەرۆکی پەرلەمانی کوردیی دەرخەری ڕاستیێکەی تاڕادەیەکە سەبارەت بە عێراق و ئەوە دەسەڵمێنەت تا دێت ئەو وڵاتە دەرگاکانی دیموکراسیی لەسەر خۆی دادەخات و لە دەسەڵاتێکی تۆتالیتاریی مەزهەبی نزیک دەکەوێتەوە. هەروەک (دانیاڵ پایپس)ی ڕۆژنامەنووس تێبینی کردبوو بەوەی دەڵێ "من گەشبین نیم بەوەی عێراق بکرێ دیموکراسییەت هەنگاوی هەڵگرتبێت، بە تەواویی پێشبینی ئەوە دەکەم عێراق بکرێ تاکڕەویی بگرێتەوە". بەڵام ئایا لەعێراقێکی تاکڕەو و دیکتاتۆریی کە بە ڕۆژی ڕووناک کودەتا دژی مافی کورد بکرێپا دەکات دژی کورد ڕووی لەکوێیە و دەگاتە کوێ؟ بە داخەوە دەبێت ئەو ڕاستییە تاڕادەیەک بدرکێنین بەو هەنگاوانەی ئێستا حکوومەتی بەغدا دەینێت، دژی کورد پاشکۆ دەکاتەوە بە سەرتای ڕەگا.

چاپتەری چوارەم
مالیکی دەیەوێت مێژوو دووبارە بکاتەوە
دەربارەی هەوڵەکانی مالیکی بە سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی عێراقێکی ناوەندیی

لە ماوەی ئەم یەک دوو ساڵەی دواییدا لە نزیکەوە ئاشنابووین بە چەند هەوڵێکی "نوری مالیکی" سەرۆک وەزیرانی عێراق، کە بەنی ئەوەیان لێدەهات، دەیەوێت جارێکی تر عێراق بگەڕێنێتەوە بە دەخی دەسەڵاتێکی ناوەندیی تاکلایەن و تاک بەیار. کورد زەرترین زیانی ئەم سیاستانەی "مالیکی" بەرکەوتووە و هەموو هەنگاوێکی حکوومەتی عێراقیی ڕووەو ناوەندەتی، هەنگاوێکیش پاشکۆی کردووە بە دەستکەوتکانی کورد لە باشووری وڵاتکەیدا. لە ماوەی سەرکایەتی

"مالیکی"دا ئەم یاریە سیاسیە چەندین جار دووبارە بۆتەوە، هەر لە کەسپ و تەگەرە دروستکردن بۆ ماددەی سەدوچل تا دەگاتە هەوڵی لەبەین لە بەشە داهاتی کوردستان لە بوودجەی عێراق. هەر لە لەمپەردانان بۆ گرێبەستە پترۆلیەکانی هەرێم تاکوو دەگات بۆ ئابڵوقەدان و هەوڵی داگیرکردنەوەی چەند ناوچەیەکی تازە ئازادکراوی کوردستان "شاری خانەقین و قەرەتەپە بۆ نموونە". هەر لە دروستکردنی ئەنجوومەنەکانی ئیسنادەوە کە تازەترینیانە تاکوو دەگات بۆ هەوڵدان بۆ دەستکاریکردن و هەموارکردنەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق بۆ تایبەت بۆ لەقرتاندن لە دەستکەوت و پشتوێیەکانی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا.

بگومان لە سەرەتای پرسەی رووخاندنی رژێمی بەعسەوە، لەبەر فاکتەری بەهێزیی کورد و پێرش و بڵاویی هێزە عەرەبییەکان و گیردەبوونی هێزەکانی هاوپەیمانان و حکوومەتی عێراق بە رووبڕووبوونەوەی تیرۆر و مانەوەی خەتەقاندنەوە، کورد توانی بەشکی گرنگ و بەرچاو لە خواستە سیاسیەکانی لە رێگەی دەستوورەوە شرعیەت پێبدات، توانی هێندە دەستکەوت و پشتوێیەکانی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا.

بگومان لە سەرەتای پرسەی رووخاندنی رژێمی بەعسەوە، لەبەر فاکتەری بەهێزیی کورد و پێرش و بڵاویی هێزە عەرەبییەکان و گیردەبوونی هێزەکانی هاوپەیمانان و حکوومەتی عێراق بە رووبڕووبوونەوەی تیرۆر و مانەوەی خەتەقاندنەوە، کورد توانی بەشکی گرنگ و بەرچاو لە خواستە سیاسیەکانی لە رێگەی دەستوورەوە شرعیەت پێبدات، توانی هێندە دەستکەوت و پشتوێیەکانی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا.

بگومان لە سەرەتای پرسەی رووخاندنی رژێمی بەعسەوە، لەبەر فاکتەری بەهێزیی کورد و پێرش و بڵاویی هێزە عەرەبییەکان و گیردەبوونی هێزەکانی هاوپەیمانان و حکوومەتی عێراق بە رووبڕووبوونەوەی تیرۆر و مانەوەی خەتەقاندنەوە، کورد توانی بەشکی گرنگ و بەرچاو لە خواستە سیاسیەکانی لە رێگەی دەستوورەوە شرعیەت پێبدات، توانی هێندە دەستکەوت و پشتوێیەکانی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا رووداوێکی ناوازە و کەمونە بووە و یەکەمین جاریش بووە کورد بتوانێت ئەو هەموو بڕیندە دەستووریە بە زامنکردنی قەوارەکەی دەستەبەر بکات. بە داخەوە هێزە کوردیەکان لە قەناغێکدا وەستان و نەیانتوانی زیاتر دەزی کورد بڕنە پێشەوە، بەهەی ئەوەی قورسایی خەیان خستەسەر پێکهێنانەوەی پێکهاتە ناکۆکەکانی عەرەبی عێراقی و بنیاتنانەوەی عێراق، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە هەموو بەهێزکردنەوەیەکی ناوەند لەسەر حیسابی لاوازکردنی هەرێم دەبێت.
کورد دەیتوانی لە ساتەوەختی خەیدا و لەکاتی لاوازیی دەوڵەتی عێراق و لەرزەکیی هێزە عەرەبییەکانی گۆڕپانی سیاسەت لە عێراق "بە تایبەت شیعەکان"، مەرج و گرەنتی زیاتر دابنێت بە پاراستنی ئەزموونی باشوور، چوونکە لە مێژووی عێراقدا بە ئەزموون ئەوە سەلماوە حکوومەتەکانی عێراق لە ژێر باری ناچاریی و فشاردا دانیان بە هەندێک نیمچە مافی کورددا ناوە و هیچی ترا، بەڵێ دەبوو سیاسەتمەدارانی کورد پێش هەر شتێک ئەو راستیە رەها و مێژووییەیان لەبەرچاو بگرتبایە. بەهەرحاڵ ئەوەی ئەمڕۆ لە شانەی رامیاریی عێراقدا بەرجەستە دەکرێت، هەوڵی جیددی هێندێک لایەنی عەرەبیی و خودی سەرۆک وەزیرانە بۆ گۆڕانەوەی سیستمی سیاسیی عێراق رووەو سیستمێکی تەتالیتار و تاکڕەهەند، هەروەها بۆ بچووککردنەوەی دەستکەوتەکانی کورد لە رێگەی پێداچوونەوە و چاوپێداخشاندنەوە بە

دەستووری هەمیشەیی عێراقدا. لەم نووسینەدا نوری مالیکی بە وزە و قورسایییەکی سیاسیی و تەنانەت سەربازیی زۆرەوە دەیەوێت ئەو خوونانە بکاتە واقیع، ئەو رەگەی لەیەک جودای گرتووەتە بەر بە هەناسەدی ئەو مەبەستە شۆڤێنیی و مەزهەبگەرایییە.

عێراق رووەو سیستەمێکی ناوەندیی و داخراو

نوری مالیکی قۆکەسی کردەتە سەر بنیاتنانەوەی عێراقێکی ناوەندیی. مەژوو سەلماندی ئاکام و سەرئەنجامی زەربەی دووەتە ناوەندییەکان لە کەمەگە فرە نەتەوە و کولتوورەکاندا جگە لە ستەمکاریی هیچی تر نەبووە، لە واقیعی عێراقیشدا گەلانی ئەم وڵاتە بە خوێن و ئەزموون تاقیکردنەوەیان لەسەر ئەم سیستەمە هەیە، کە نەک هەر ناتوانێت کەمەگەیەکی رەفاه و سەقامگیر بەرهەم بهێنێت، بەپێچەوانەوە مەژووییکی خوێناویی و پڕ کارەساتی مرۆیی خولقاندووە. "مالیکی" بەچاو نووقاندن و خەلادان لە ئەزموون و چارەنووسی تراژیدیی رۆژەمی تاکەهەند و ناوەندیی لە عێراقدا، دیسان هەمان خولیای سەدام لە کەللەی داوە و دیەوێت ئەو دووەتە ناوەندییە زیندوو بکاتەوە. هەبەتە مالیکی نوێنەرایەتیی زۆرینەیەکی شیعەی مەزهەب دەکات، بەدەر لە ئەو ئەزووە کەسییەکانی خۆی، ئەکتەرێکە ئەدای جیهانبینییەکی مەزهەبگەرایی دەکات و خواستی بە ئەرانکردنی عێراقی کردەتە رەژەی سیاسیی، یان بە واتایەکی تر نوێنەرایەتی ئەو میللەتەی دەکات دیەوێ عێراق لە دەستی ئەمریکا بسێنێتەوە و رادەستی کەماری ئیسلامی ئێرانی بکات.

بە بەوای "دەقید فلیپیس"ی توێژەری رامیاریی لە زانستگای کەلەمبیا "کۆشەی عێراق هەمیشە زۆریی ئەو دەسەڵاتانە بووە بەغداد هەیبووە، تەنیا رەگەش بە مانەوەی عێراق بە یەکپارچەیی لە رەگەی کەمبوونەوەی دەسەڵاتی دووەتی ناوەندیی بەغدادەوەیە، جا هەر بەیە نابێت مالیکی هەمان ئەو هەڵەیەی پێشوو دووبارە بکاتەوە". لە باری واقیعیشەوە کۆشەی عێراق تاکو ئێستا بەش بەشکردنی دەسەڵاتکان نەبووە بەسەر ناوەند و هەرەمکاندا، هەندەی زادەی ئەو دەسەڵاتە زۆر و زەبەندانە بووە حکوومەتی ناوەندیی هەیبووە، کەوابوو ئەوەی لە عێراقدا کۆشەی قووە و بریندی ساڕێژنەکراوی بە دوای خێدا هێناوە، تەسککردنەوەی پانتایی دەسەڵاتکان بووە، نەک ئەوەی ئەمە بەشێک لە هەزە عێراقییەکان لە نەبوونی دەسەڵاتکی بەهێزی ناوەندییدا دەیبینێنەوە. لایەنی کوردیی هەمیشە ترسی هەبووە و هەیە لە بەهێزبوونەوەی ناوەند چوونکە دنیایەی ئەم بەهێزکردنەوەی ناوەند لە یەکەک لە رەهەندکانیدا بڕیتییە لە لاوازکردنی هەرەمکان، یان با بڵێین لەسەر حیسابی لاوازکردنی هەرەمی

کوردستانە.
هەروەک "ئەدوارد گیبسن" روونیدەکاتەوە "نیگەرانییەکە لە بوونی حکوومەتێکی مەرکەزیی بەهێزدا نییە، لەبەرئەوەی زەرجار لە فیدرالیزمیشدا حکوومەتێکی مەرکەزیی بەهێز هەیە، بەڵام نیگەرانییەکە لەوەدایە کە حکوومەتی مەرکەزیی هەوڵی پشێلکردنی بنەماکانی فیدرالیزم و سەرکوتکردنی ئازادیەکان بدات".
دروست نیگەرانیی کورد لەو سنگیەوە دەستپێدەکات "گیبسن" بۆ چوون، چوونکە زەربەی کاربەدەستانی عێراقی و لایەنگرانی عێراقێکی ناوەندیی لەم بارودۆخە دیفاکتۆیەی کورد رازی نین و هەندێکیان پێیانوایە کورد بووەتە هۆکاری لاوازکردنی دەسەڵاتی بەغداد، هەر ئەم تێگەیشتنەشە وەهای لە سەرکردەکانی کورد کردووە بە تووندی بەرپەرچی عێراقێکی ناوەندیی بدەنەوە و بە مەترسیی لەسەر کورد لەقەڵەمی بدەن.

"د.بەرهەم ساڵح"ی سیاسەتمەداری پڕەعێراقی کورد، نیگەرانییەکانی کورد بەم شێوەیە دەردەبڕێت "یەکێتی عێراق بە تووندوتیژیی و خەسپاندن و کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکان بە دەستی یەک ناوەند و یەک دەستە یاخە یەک هێز نابێت، سەدام حسێن بەرجەستەی هەرە گەورەی ئەو دەخەیە". ئەم رایەی "ساڵح" تا رادەیەک پوختەکراوی بیروڕای گشتیی و فەرمیی کوردیشە لەمەڕ هەوڵەکانی مالیکی لە پێناو بەهێزکردنەوەی ناوەند. "د.سەعدی بەرزنجی" ئەندامی کوردی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق رایەکی نزیکی لە بۆچوونەکەی "ساڵح"ی هەیە و پێیوایە "دەسەڵاتی رژێمی بەعس و سەدام لە ناوەند بەهێز بوو، بەڵام ئایا حکوومەتەکەی بەهێز بوو؟ بەگومان نەخێر. چوونکە هێزی دەوڵەت لە خزمەتکردنی خەڵک و پاراستنی مافەکانی هاووڵاتیاندایە".
پرسیاری سەرەکی و جۆهەریی هەرە گرنگ لەمەڕدا خۆی لەوەدا دەبینێتەوە: ئایا کورد بە چ ڕێگە و میکانیزمێک ڕووبەڕووی ئەو سیاسەتە نوێیەی نوری مالیکی و کاربەدەستانی عێراقی دەبێتەوە؟. هەتا ئێستا دیار نییە کورد چۆن هەڵوێست وەردەگرێت، تەنیا ئەوە دیارە سەرکردە کوردەکان ناڕازایەتی خۆیانیان لەمەڕ ئەو سیاسەتەی مالیکی نیشانداوە، بە پووچەڵکردنەوە و شکست پێهێنانی هەشتا هیچ ڕووناکییەک لە ئاسەدا نابینین. بە تایبەت لەو دەخەدا کە هەندێک لە کارناسان و شارەزایان لەو بڕوایەدان سیاسەتی نوێی "باراک ئۆباما" دەبێتە یارمەتیدەری بیرۆکەی بەهێزکردنەوەی عێراقێکی ناوەندیی. لەو ڕووەوە ڕۆژنامەی "ستارس ئاند ستراپ" لە ڕاپۆرتێکدا بە وردیی تیشک دەخاتە سەر ئەوەی "جێبەجێکردنی پلان و بەرنامەکەی ئۆباما لە عێراق ڕێگا بە دروستبوونەوەی

دیکتاتۆریەتێک خۆشدەکات هاوڕێنی دیکتاتۆریەتی سەدام حسێن دەبێت کە بە ماوەی سی ساڵێک پیادەی کرد". بە کورتی هەڕەتێکی بەهەز بە پشتیوانیی هێزکانی دژەوە و بارودۆخی نوێی جیهان و ناوچەکە و عێراق، بە بەهێزکردنەوەی عێراقێکی ناوەندیی لە ئارادایە، پریشکی یەکەمی ئاگری ئەم عێراقە ناوەندییە، کورد دەسووتێنێت! کورد چۆن خۆی ئامادە کردووە و ئامادە دەکات؟ جارێ هیچ دیار نییە!.

پێداچوونەوە بە دەستووری هەمیشەییدا

مالیکی و کاستەکەی ئەوە رادەگەیەنن کاتی ئەوە هاتۆتە پێشەوە، گۆڕانکارییەک لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا ئەنجام بدرێت، گۆڕانکارییەک بتوانێت زۆر ناوەڕۆک و بەند و ماددەی لە یەک جیا بگۆڕێت و بە پێی هاوسەنگیی و دۆخی نوێی سیاسیی وڵاتەکە بنووسرێنەوە. "نوری مالیکی" سەرۆک وەزیرانی عێراق لە لێدوانیکدا رایگەیاند "دەستوور لە کێشوهەوایەکی ئازار و ترسدا نووسراوەتەوە و روانینی تێدایە بە ئایندە، ئەمڕ زۆر ئاسایی. لەبەرئەوە پێویستیمان بە پێداچوونەوەی دەستوور هەیە". ئەم لێدوانەی سەرکۆماری لێکدانەوەی جیا جیا هەڵدەگرێت، یەکێک لەو شرۆڤانە ئەوە ئاشکرا دەکات، ئەوان "هێزە عێراقییەکان" لە ژێر بارێکی ناهەمواری ئەمنیی و لەسایەی نائارامیی ئۆکاتی عێراقەوە رازیبوون دەستوور بەو فۆرمە بنووسرێتەوە و گۆڕانێ بکرێت، ئێگینا هیچ کات ئامادەنەبوون دەستوورێکی لەو ڕەنگە، بە عێراق و سیستەمی بەڕێوەبردنی ئەو وڵاتە قبوڵ بکەن. نووسەر و توێژەری سیاسیی کورد "فەرید ئەسەسەرد" لە لێکدانەوە و شرۆڤەی ئەو لێدوانەی "مالیکی"دا دەگاتە بڕوای ئەوەی "مالیکی" مەبەستی ڕاستەقینەی لە پێداچوونەوە بە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا کەمکرنەوەی دەسەڵاتی هەرەمەکان و پتەوکردنی ناوەندە لە ڕەگەی ماددەیەک یان چەند ماددەیەکی دەستوورییەوە.

"ئەسەسەرد" لەو ڕووەوە دەنووسێت "قسەکانی مالیکی شتێکی وایان لێهەڵدەکەنرێت ئەوەی لە عێراقدا هەیە فیدرالیزم نییە، گوایە لە سەنگەی ئەمەوە ڕەوشەکە پێویست بووە دەکات بە دەستووردا بچێنەوە و دەسەڵاتی هەرەمەکان کەم بکەینەوە و دەسەڵاتی ناوەند زیاد بکەین!". ئەم هەوڵە نوێیەی سەرۆک وەزیران ئەقڵیەکی تر لەو زنجیرە هەوڵەی دێدات بە مەبەستی کەمکردنەوەی سەلاحیات و سنووری دەستووریی دەسەڵاتی هەرەمی کوردستان، بە سەرخستنی ئاجیندایەکی بیری لە دەستبردن بە هەموارکردن یان چاوپێداخشاندنەوەی دەستوور کردەوە، چوونکە ئۆکات دەتوانێت بە فۆرمێکی قانوونی و

دەستووریی دەساتی هەرەمکان کەم بکاتەوە، بەو پێیەی جیا لە هەرەمی کوردستان پێشبینی ئەوە دەکرێت هەرەمی تر لە عێراقدا دروستبن، ئێستا هەوڵێکی کارا و جیددی لە ئارادایە بۆ پێکهێنان و بە فەرمی ناسینی هەرەمی بەسرە، کە ئەم هەوڵەی بەسرایێکان لەلایەن کوردەوە پشتیوانی دەکرێت.
مالیکی ترسی ئەوەی لێنیشتووە پێدابوون و هاتنەئارای چەند هەرەمێکی فیدرالی لە چوارچێوەی عێراقدا دەبێتە سەرەتای دابەشبوونی وڵاتەکە، بۆیە دەیەوێت لغاوێکی دەستووریی بخاتە دەست و قاچی هەر هەرەمێک لە چوارچێوەی عێراقدا هەبێت یان دەشێ لە ئایندەدا ببڕێت. لایەنی کوردیی دیسان بە تووندیی ڕەخنەی لەم هەڵوێست و هەنگاو و دەستپێشخەرییەی سەرۆک وەزیران گرتووە، لە زاری سەرۆکی بەرزترین ناوەندی دەساتات لە هەرەمی کوردستانەوە ڕەخنە و ناڕەزایەتی هەیە لەمەڕ ئەو کردەیە. لەو بارەوە "مەسعود بارزانی" سەرۆکی هەرەمی کوردستان راشکاوانە بە کەنایی "الحرە"ی ڕاگەیاند "بەڕێز مالیکی نابێت پێیوابێت ئەوەی بە دەستمان هێناوە سەپێندراون، چوونکە ئەوەی ئێمە موماڕەسەی دەکەین لە ڕۆگەی شەرعیەوەن. بۆیە دەڵێم هەر پاشگەزبوونەوەیەک لە دەستوور بە واتای گەڕاندنەوەی دیکتاتۆرییەتە".

لەگەڵ ئەوشدا سەرۆکی هەرەم ڕوونی نەکردەوە ئەگەر لایەنی عەرەبیی سوور بوو لەسەر خواستی پەداچوونەوە بە دەستووردا، هەڵوەستی کورد چۆن و چی دەبێت، ئەو تەنیا ڕەخنەی لەو هەڵوەستە گرت و بیروڕای کوردی درکاند. بەڵام "فریاد ڕەواندزی" ئەندامی کوردی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەرچەکرداری کورد ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت "کورد ئەو قیتۆیە بەکاردەهێنێت لە دەستووردا چەسپاوە، ئەویش ئەوەیە، ئەگەر دوو لەسەر سێی، سێ پارێزگا ئەو هەموارکردنەیان ڕەتکردەوە، ئەوە بەیارمەتی پووچەڵ دەبێتەوە". ئەوەی گرنگە لێرەدا پێنجەی بە ڕاکێشین ئەوەیە، دیسان عەرەبە عێراقییەکان هەمان ئەزموونی پێشان دووبارە دەکەنەوە و تەنانەت لەو دەستوورەش پێشیمان دەبنەوە خەیان لایەنێکی سەرەکیی و کارا بوون لە نووسینەوەیدا و عێراقییەکان بە زۆرینەی دەنگ پەسەندیان کردووە، ئەوەتا مالیکی سەرەتای هەوڵێک دەخاتە گەڕ بۆ زەوتکردنی هێندێک لە مافەکانی کورد، ئەگەر سەرکەوتنیش بەدەستهێنابێت، هیچ لەو ڕاستییە ناگەڕێت عەرەبەکان لە هەر هەڵکدا و لەگەڵ گەڕانی تای تەرازوی هەزدا، چاو دەخشێننەوە بە هەموو ئەو بیارانەی پێشوویاندا، هەر لە دەستوورەوە تاکوو دەگات بە پێدانی ناسنامەیێکی فەرمیی بە قەوارەی دیفاکتۆی ئەمەی باشووری کوردستان.

ئەنجوومەنەکانی ئیسناد

چەند مانگێکە سەرکی حکوومەتی عێراق، لە پەیوەندییکردندایە بە هەندە سەرک خۆ و شێخی هەزەکان و هەندە کەنە جاش و دەمسپی کوردەوە، بە مەبەستی دروستکردنی ئەنجوومەنەکانی ئیسناد وەک هەزەکی تری یارمەتیدەری حکوومەت بە سەقامگیرکردنی زیاتری بارودۆخی ئاسایش. بەڵام لایەنی کوردیی پەیوایە ئیسناد جۆرکی ترە لە جاشایەتی و لەسەر زاری سەرکی هەرەمەوە جێخت لەوە کرایەوە ئەوانەی دەچنە ریزی ئیسنادەوە خیانەتکارن و وەک جاش ماملەیان لە تەکدا دەکرێت. زۆریش لە شارەزایان و چاودێران وایدەبینن ئیسناد بە ئەو مەبەستە دروست نەکراوە نوری مالیکی و کاستەکەی لە ڕێی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە ئاشکرای دەکەن و ڕایدەگەیەنن، بەڵکو زیاتر ڕاکێشانی ئەو ئەنجوومەنانەیە بە لای لایەنێکی سیاسییدا نەک بە لای حکوومەتدا. کورد بە هەموو شێوەیەک دژایەتی ئیسناد دەکات و حکوومەتی هەرەمیش بە تووندی ماملەی لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەکات پەیوەستبوون و دەبن بەو ئەنجوومەنانەوە.

"د.کەمال کەرکوکی" جێگری سەرکی پەرلەمانی کوردستان لە لێدوانێکیدا بە تووندیی هەرشە دەکاتە سەر ئیسناد و دەڵێت "فەوجی ئیسناد هەروەک ئەو فەوجە جاشانەیە لە کاتی خۆیدا لە کارەساتی ئەنفالدا دەستیان بە خوێنی نەتەوەکەمان سوور بوو". لای خۆشییەوە سەرکی هەرەم، وەڵامی ڕەخنەگرتن و ئاشکراکردنی دژایەتی کورد لە بەرامبەر ئیسناد، جێخت لەوە دەکاتەوە ئیسناد هیچ خزمەتێک بە بارودۆخی سیاسیی عێراق ناکات و زیاتر بە فیدانی پارە و سامانی عێراق و ئیستغلالکردنی دەسەڵاتە بە هەڵبژاردن، هەروەک سەرکی هەرەم وتی "لە کەرکوک و موسڵ بە نانەوەی پشێویی و فیتنە دروستکراون". لە ئەوەی هەندێک لە کەنە بەعسی و کەنە مستەشارەکانی کورد پەیوەندییان بەو ئەنجوومانەوە کردووە، بەڵام بڕوای گشتیی هەز و لایەنە سیاسییە کوردییەکان جەماوەری کورد ئاگادار دەکەنەوە لەوەی هەوڵستی فەرمیی حکوومەتی هەرەم لەمڕۆ ئیسناد، ئەوێ ئەو ئەنجوومانە وەک فەوجی خەفیفەی پشان چاولێدەکات و لە هیچ کەسیش ناباورێت بەو ئەنجوومانەوە پەیوەندیی بگرێت.

ئەوەی ئاشکرایە مالیکی مەبەستی لە پێکهێنانی ئەم فەوجانە جیا لە پشتگیریکرن و پاڵپشتیی خۆی و پارتەکەی، بە تێکدانی ڕووشی شاری کەرکوک و موسڵ، هەروەها ئەمەش دەبێتە فاکتەرێکی یارمەتیدەر بە کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی هەرەمی کوردستان. بەجگە لە کوردیش هەندێک لایەن عێراقییەکانی تر ناڕازین بە دروستکردنی ئیسناد و پەیانوایە مالیکی لەسەر حیسابی دەوڵەت خزمەت بە خۆی و تۆزمە

سیاسیی و مەزهەبییەکەی دەکات. لەو رووەوە "رافز ئەلعانی" لە بڕیاردان لە بڕیاردان لە دروستکردنی ئیسناد کارەکی ناڕاستەوخۆ و تەنیا مەبەست لەسەرنجڕاکێشان و پڵکێشکردنی عەشائیرەکانە بە لای لایەنێکی دیاریکراودا و هیچ پەیوەندییەکی بە بڕیاری ئاسایشەوە نییە، تەنیا لایەنێکی سیاسیی بڕیار لەو ئەنجوومەنانە دەدات نەک حکوومەت". پوختەی قسەی ئەو ئیسناد پیلانگێڕییەکی تری مالیکی و کاستەکەیەتی لەناو حکوومەتی ئێستادا هەم بە هەنادی هەندێک مەهامی سیاسیی تایبەت بە خۆیان و هەم بە کەمکردنەوە لە هێزی هەرەمی کوردستان و نانەوەی پشێویی لە کەرکوک، کە ئەمێ بە کوردی ئەو شارە گرنگەی و بایەخی خۆی هەیە و دەستبەرداربوون لێی کارێکی ئاسان نییە.

ئەنجامگیریی

لە پار ساڵەوە حکوومەتی نوری مالیکی چەندان کێشەی بە حکوومەتی هەرەمی کوردستان و پێگەی کورد دروستکردووە، کە "د.مەحمود عوسمان" ئەوانەی رابردوو بەپێنج کێشە ناو دەبات و ئیسنادیش بە شەشەمین کێشەی قووە هەژمار دەکات. بەڵێ کورد دەبێت خۆی ئامادە بکات بە زیادبوون و زەرتربوونی کێشکان نەک چارەسەربوونی ئەوانەی ئێستا!!. ئەی کەواتە پێویستە کورد چی بکات لەم هەلومەرجە نوێیدا؟. "د.مەحمود عوسمان" دەڵێت "ئەگەر کێشکانمان چارەسەر نەکران ئەوسا پێویستە کورد بیاری یەکلاکەرەوەی خۆی بدات، چوونکە ناتوانین بەم شێوەیە لە حکوومەت هاوبەش و بەردەوام بین". بەڵام پرسیارێکی بەجێ قووت دەبێتەوە: ئایا دوای ئەم تەنگژانە و تەوابوونی کارکانی ئەو پێنج لیژنەیەی بە چارەسەری کێشکان دانراون و لە کۆتایی ئەرکەکەیاندان، کورد ناچار دەبێت هەڵوەستە "یەکلاکەرەوە" وەربگرێت یان دیسان لەم یاری مار و پێڕێیە بەردەوام دەبێت؟.

وەک خەم ئەوەندەی دەخەکەم خوەندبێتەوە و سەرنجی ئەزموونی کارکردنی سیاسیی کوردم دابێت بە تایبەت لەم چەند ساڵەی دواییدا، باوەڕم بەوە نییە بیارێکی حاسم بدات کە هیچ نەبێت لایەنە عەراقییەکان بهێنێتە پیرمام یان دوکان تا ئەمجارە ئەوان بێنە کوردستان و هەوبدەن کوردەکان رازی بکەن. هەموو بە هیوای ئەو هەڵوەستەین. پێش ئەوەی کات درەنگ بێت پێویستە کورد مالی خۆی ڕێکبخات بە گووتارێکی یەکگرتووی رووەوە بیاری کۆنکرێتی خۆی بدا، لانیکەم کورد دەتوانێت کێشی سیاسیی لە عەراق تێکبدات، لەمپەر دروست بکات لەبەردەم ویستی شیعەکانی عەراق کە دەیانەوێ کوردستان قووت بدەن و بیکەنەوە بە پارچەیەک لە عەراق وەک چۆن عەراقیان کردووە بە بەشێک لە ئێران.

چاپتەری پێنجەم

کاریگەرییە رامیاریی و ئابوورییەکانی هەناردەی نەوتی کوردستان

رۆژی یەکەی حوزەیرانی 2009 لە رۆژنامەکی فەرمیدا و بە ئامادەبوونی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق بۆ یەکەمجار لە مێژووی باشووری کوردستاندا بڕیاری فەرمی پرۆسەی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان راگەیەندرا و هەردوو سەرۆکی ئامادەبووش بە بەرچاوی زوومی کامێرای رۆژنامەنووسانی ناوخۆیی و دەرەکییەوە یەکەمین قفڵی ئۆو هەناردەیان کردەوە. بۆپی زانیارییەکانیش ئەم پرۆسەیە لە کێگە نەوتییەکانی "تاوکی" ناوچەی زاخۆ و تاقتاق دەستیپێکردەوە و ناردنە دەرەوەکەش لە ڕێی هێڵکانی "نابوکۆ"ی تورکیی و بە سەرپەرشتیی کۆمپانیای DNO" نەرویژیی و ئێداکس پترۆلیەم و ژەنەراڵ ئینێرجی" ئەنجامدەرە و لە هەنگاوی سەرەتادا رۆژانە 100 هەزار بەرمیل نەوت هەناردە دەکرێ و وا بڕیارێشە لە کۆتا مانگەکانی ئەمساڵدا ئەو بڕە بە 200-250 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا بەرز ببێتەوە، هەروەک پێشبینی دەکرێت لە ماوەی سێ چوار ساڵی داهاتوودا رۆژێکە بە دوو میلیۆن بەرمیل زیاتر ببێت.

ئەم ڕووداوە ناوازەیە جیا لەوەی بووە جێی سەرنجی چاودێران و ناوەندە سیاسیی و میدیاییەکانی دەرەوەی هەرێم، لە هەمان کاتدا بە پاشخانێکی ئابووری و رامیاریی باشووری کوردستان بایەخێکی بەرچاوی هەیە کە لەوانەیە ئەم پرۆسەیە کوردستان لە وەستگەی دووەتێکی سەربەخۆی کوردیی دابنێت، بەڵام پرسیاری جیددی لەرێدە: ئایا ئەم داهاتەی نەوت کە لە کوردستانەوە ڕەوانەی دەرەوە دەکرێت بە پتەوکردنی ژێرخانی ئابووری کوردستان تەرخان دەکرێت یان تەخشان و پەخشان دەکرێت و گەندەڵیی لووشی دەدات؟ ئایا ئەم سەروەتە زەر و زێبەندەی بە هەی فرەشی نەوتی کوردستانەوە دەست حکوومەتی کوردستان دەکەوێت دەکرێت بە پێڕەوی ستراتیژیی و دانانی بناغەیەک بە پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی ڕەفاه و بینای خۆشگوزەرانیی یاخۆ پێچەوانەکەی؟. چوون هەتا ئێستا کێشەی عێراق کۆمیی داهات یان پەیوەندگێشتن نەبووە هەندەی ناشارەزایی و لێنەزانین بووە کە چەن سوود لەو سامانە پڕ فڕ و داهاتە وەربگیرێت. "مارتین ڤان برێنسن"ی کوردناس و نووسەری کتێبی "ئاغا و شێخ و دەوڵەت" هەمان بۆچوونی هەیە و دەڵێت "عێراق پڕ لە سەرچاوەی نەوتیی و وزەی ژێر زەوی، بەڵام نەزانینی بەڕێوەبردنی ئەو سەرچاوانە لە ڕەگەی بەرهەمهێنانی زانستیی و مودێرن، سەربەخۆیی لە تاکی عێراق سەندۆتەوە، هەرێمی کوردستانیش وەک بەشێک لەو سیستەمە تووشی هەمان

کێشە هاتووە".

خەر و بەرەکی زەر کە لەوانەیە چەند دەیەیەک بگرێتەوە روو دەکاتە ئەم بەشەی کوردستان، بەڵام بە بەوای من گرنگ خودی خەر و بەر و پارەی نەوت نییە، گرنگ سوود وەرگرتنە لەو داهاتەی بەهەی نەوتەوە دەژێتە کوردستانەوە، چوونکە راستییەک هەیە نابێت نادیدەی بگرین کە وەاتانی جیهان بە تایبەت ئەمریکا لە هەوەی دەزینەوەی ئەنتەرناتیفی پێتردان، رەنگبە دوو و سێ دەیەی تر نەوت بایەخی خۆی لەدەستبدات بەو هەیەی کەیارانی نەوت لە خەرئاوا بەدیلێکی هەرزانتر و کاریگەرتریان دەزیوەتەوە، بەیەکا هەر لە ئێستاوە هەندێک لە وەاتانی وەک شانشینەکانی کەنداوی عەرەبیی دەرک بەم راستییە دەکەن و دەیانەوێت خەیان لە ژەر کاریگەریی رەشنبیریی و ئابووری نەوت بهێننە دەرەوە، چوون رەشنبیریی نەوت رەشنبیریی بەرهەمهێنانی نەوەیەکی بەکاربەری رووتە، ئەو دەوڵەتانە خوازیارن لەم قۆناغە داهاتی نەوت بکەنە فاکتەری پێشخستنی وەاتەکانیان وەک مۆبەندی بازرگانیی و تەنانەت پیشەسازیش. بە حکوومەتی هەرەم و هەر دەسەاتێکی تر کە جەوی حکومی لە بندەست بێت، دەبێت دووربینیی هەبێت، ئەو فاکتە هەمان کاریگەریی خۆی هەیە لەسەر کوردستان و دەبێت قۆناغی فرەشتنی نەوت زیرەکانە بقۆزرێتەوە، بە ئەو چاخەی چیدی پێترێ سوود و بایەخێکی نەماوە کە وەک ماددەیەکی گرنگ لە بازاڕەکانی جیهاندا داوایەکی زۆری لەسەر بێت.

نەوت لە مۆژووی کوردستاندا

مۆژووی پەیدابوونی نەوت لە کوردستاندا لە هەزاران ساڵ تێپەیو، نازانرێت ئاخۆ بە یەکەمجار کەنگێ بووە ئەم وزە پڕ بایەخە لە زەوی کوردستان هەڵقوواوە؟ بەڵام لە دوو سەدەی رابردووەوە ئەوە زانراوە نەوت لە خاکی باشووری کوردستاندا هەبووە، هەندێک لە سەرچاوە مۆژوویەکان تیشک دەخەنە سەر ئەوەی عوسمانییەکان لە سەدەی حەڤدە بەولاوە سوودیان لە سامانی نەوت وەرگرتووە بەشێوەیەکی سنووردار کە تەنیا بە بەکارهێنانی یەکەکانی ئەرتەش بەکارهێناوە و بەس. کەرکوک گرنگترین جێگە یان جوگرافیای کوردستانە خاوەنی زەرترین ژمارەی چاڵە نەوت و زەرترین یەدەگی نەوتیی بێت لە تەکەای کوردستان و عەراقیشدا. عوسمانییەکان ئاگەرچی چەندین سەدە کەرکوک وەک بەشێک لە ویلایەتی موسڵ لە بندەستیاندا بووە، کەچی نەیانتوانیوە سوود لە سامانی سروشتی شارەکە ببینن بە تایبەت سەروەتی نەوت، تەنانەت هەر پێیان بە بوونی نەوت لەو سەرزەمینە نەبردووە.

لە ساڵی "1883ز" لەسەر داوای سوڵتان عەبدولحەمید نەردەبکی سەربازیی ئەمانیی بە سەرکایەتی "ڤۆن گۆتر" بۆ ڕێکخستنی کاروبارە سەربازیەکان هاتە سنووری دەوڵەتی عوسمانی، لەگەڵ ئەودا ئەم نەردەیە ڕاپۆرتی دەربارەی دەوڵەتی عوسمانیی نارد وە وەاتکەی، بەڵام لەو بارودۆخدا ئیمپراتۆریەتی تورکیی "عوسمانی" نەیدەزانی پتر لە خاکێکیدا بوونی هەیە و لەهەمان کاتیشدا هیچ تەماناکی نەبوو بۆی. درەنگتر عوسمانیەکان لە ڕێگای شارەزایانەوە بەبوونی نەوتی کەرکوکیان زانی، "گوبانگیان" لەو کاتەدا ڕاوێژکاری دارایی سوڵتانی عوسمانی بوو، یەکەم کەسیش بوو خەبەری بە سوڵتان دا، کە ئەو مەبەندە "کەرکوک" نەوتکی زەری تەدایە، هەر ئەم گوبانکیانە دواتر 5% نەوتی کەرکوک و وێلایەتی موسڵی بەرکەوت، هەر لەبەرئەوەش بوو پێیاندوت جەنابی سەدی پەنج" (1). عوسمانیەکان بە درەژایی چەند سەدە داگیرکاریی نەیانتوانی یان شانسی ئەوەیان نەبوو سوود لە نەوت و سامانی سرووشتیی وێلایەتی موسڵ یان با بڵێین کوردستان وەربگرن، بەڵام دواتر لە سەرەتای سەدەی بیستەم و لە سەروەختی داگیرکاریی ئینگلیزییەدا لە ژێر چاودێریی حکوومەتی بەریتانیی لە عەراق، گرنگیی زەرتر درا بەو سامانە و هەر لەو ساتەوەختانەدا چەندین پاڵاوگەی نەوت هەنرانە عەراقەوە کە کاریان پاڵاوتنی نەوت بوو بە مەبەستی ڕەوانکردنی بە دەرەوەی وەات.

کەرکوک و نەوتی ئەو شارە لەم نەوەندەدا ڕۆڵکی سەرەکییان دەبینی و تەنانەت زەرینەی بەرهەمی هەناردەی نەوتی عەراق هەر لەسەرەتاوە تا هەنووکەش هەر نەوتی کەرکوک بووە. کردنەوەی بەریەە نەوتیەکانی کەرکوک لەسەر دەریای سپی ناوەڕاست گەشەی زیاتری بە پیشەسازیی نەوت دا، لە کۆتایی ساڵی 1934ەوە نەوت نەدرایە دەرەوە، لە ساڵی 1935 بەری نەوتی کەرکوک– حەیفا کرایەوە. ساڵی 1935 نزیکەی چوار ملیەن بەرمیل نەوت نەدرایە دەرەوە، لەو ساڵەدا عەراق هەشتەم وەات بوو لە بەرهەمهەنانی نەوتدا. ساڵ بەساڵ هەزی نارەدەی نەوت لە کەرکوک دەچووە سەر، بەمەش ژمارەی بەریەکان زیادیکرد، لە ساڵی 1934 هەەی 12 ئینجی بە تەرابلس و حەیفا دروستکرا، لە1949 هەەکی دیکەی 16 ئینجی بە تەرابلس و لە1952 هەەکی 30 ئینجی بە بانیاس دروستکرا، ئەوەی حەیفا لە1948ەوە ڕاوەستاوە، کەرکوک ماوەی زیاتر لەنیو سەدە، گیرفانی سەرجەم خەکی عەراق بوو، داهاتی عەراق لە ڕێگەی بەریەە نەوتیەکانی کەرکوکەوە دابەن دەکرا. چاگە نەوتیەکانی کەرکوک لە نەوان ساڵەکانی 1927-1974 پتر لە 70،2% نەوتی هەموو عەراقی بەرهەمهەناوە. (2).

وەنەبێ نەوت تەنیا لە کەرکوک بوونی هەبێت، بگرە لەچەندین ناوچەی جیاجیای باشووری کوردستان هەر لە زاخۆوە تا خانەقین دەیان کێڵگەی نەوتیی بوونیان هەیە، کە تەکنیکا هەموو ئەو سەرچاوە نەوتییانە زۆر لەوە زیاتر داهات دەچنێنەوە کەمێگەیەکی پێنج شەش ملیۆنی وەک کوردستان پێویستی پێیەتی، بەڵێ ئەگەر کورد دەوڵەتی هەبێ یان مافی پێبدرێت سوود لە سەرچاوە سرووستییەکانی خۆی وەربگرێت ئەوە نەک خۆشگوزەرانی بە هاووڵاتیان دەتەدی و لەسەرکی دیکەوە دەبێتە بەردی بناغەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی دەوڵەمەند و گەشەسەندوو لە هەموو لایەنەکەوە. ئێستا لە زاخۆ و لە تەقتەق نەوت دەردەهێرێت و ڕەوانەی دەرەوە دەکرێت، قەرەتەپە و جەلەولا، هەندێک ناوچەی پارێزگای دهۆک و سلێمانی ناوچەی نەوتاوین، لە هەولێر ناوچەی کەندەناوە یەکەکە لەو جوگرافیا بە پیتانەی چەندین چاڵە نەوتی گەورە و بە داهاتی تەدایە. لە سەرەتای پەکهەنانی عێراقدا لە دوای شەڕی جیهانیی یەکەم، ناوچەی کەندەناوە وەک زۆر ناوچەی دیکەی عێراق نەوتی لەدەزرایەوە، بە یەکەمجار لە ساڵی 1920 تاکو 1960، چوار بیری لەهەکەنرا و سەرکانیان قۆپاتکرا.. لە کێڵگە نەوتییەکەی خورمەڵە کە سەر بە ناوچەی کەندەناوەیە، لە ساڵی 1963 هەتا 2003 ژمارەی بیرە هەکەنراوەکان گەیشتە 54 بیر و بە ئاگاداریی و سەرپەرشتیی کەمپانیای نەوتی باکوور لە کەرکوک، لە ساڵی 2007 بە دواوە دوو تاوەری بیر هەکەندن هێنراوەتە کێڵگەی نەوتی خورمەڵە و هەتا ئێستا چوار بیری دیکەیان هەکەندووە، (3).

بەم دواییانەش کێڵگەیەکی تری نەوت لە گوندی "شاکەل"ی نزیکی شارۆچکەی کەلار دەزراوەو کە پسپۆران و کەمپانیا بیانییەکان وەهای مەزندە زۆرتر لە250 ملیۆن بەرمیل نەوتی تێدابێت، هەر لەگەڵ دەزینەوەی ئەم بیرە نەوتەشدا حکوومەتی هەرێم لەگەڵ کەمپانیایەکی ئوسترالی بەندێکی مەر کرد بەمەبەستی دەرهێنان و هێناردنی بە دەرەوەی هەرێم و بە ئەو مەبەستەش تەنیا بڕی 20% لە پشک و داهاتی ئەو کێڵگە نەوتییە بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت. نەوتی کوردستان ئەگەرچی شادەماری ئابووری عێراق بووە و بەبێ سەرچاوەی سرووشتی کوردستان بگومان هیچکات عێراق نەدەبووە ئەو هێزە گەورەیەی لەسەر ئاستی جیهان حسابی بۆ بکرێت یان بتوانێت ئاوها گەشە بکات بە تایبەت لە ڕووی ئابووری و پیشەسازیی چەکوچۆڵەوە بە تایبەت لە ماوەی فەرمانڕەوایی بەعس 1968-2003، بەتەم ئەو سەروەتەی لە خاکی کوردستانەوە دەهات هیچی بۆ کورد خۆی نەبوو، بگرە لە زەرینەی ماوە مەڕوویەکاندا لە دژی خەباتی ڕەوای کورد بەکارهێنراوە.

لە ساڵی 1931 تا 1949 بایی 136 ملیۆن دۆلار نەوت فرۆشراوە، باسی ملیۆن دۆلاری پێش پەنجاکان دەکەم کە چ قودرەی ئیسرائیل هەبووە 136 ملیۆنی پێش پەنجاکان نەبووە!، لە 1931 تا 1949 ئەو 136 ملیۆنە هەر هەمووی لە کوردستان دەرهاتووە تا ئەو کاتە لە دەرەوەی کوردستان عێراق شوێنکی دیکەی نەبووە نەوتی لێ بێت تا ساڵی 1950، لە1950 تا 1957 هەموو عێراق داهاتێ نەوتییەکەی لەو ماوەیدا 995 ملیۆن دۆلار بووە 800 ملیۆنی داهاتی کوردستان بووە کە زیاتر لە 80% دەکات. لە 1958 تاوەکو 1962، (1266) ملیۆن دۆلار داهاتی نەوتی عیراق بووە لەوە 964 ملیۆن زیاتری داهاتی نەوتی کوردستان بووە، لە1963 تا 1976 هەموو داهاتی عێراق 1788 بووە،70% بەرەو ژوورتری داهاتی نەوتی کوردستان بووە، لە 1978 تا 1990، (153) ملیار دۆلار داهاتی نەوتی عێراق بووە و زیاتر 119 ملیاری داهاتی نەوتی کوردستان بووە ئەم هەمووی داهاتی ئەم بووە لە کوردستان دەرچووە.(4). ئەم ئۆگەر کوردستان دەوڵەت بووایە، دەیتوانی لەرووی ئابووریەوە شان بدات لە دەوڵەتە شانشینکانی کەنداوی عەرەب لە چەشنی ئیمارات و قەتەر.

بگومان لە ساڵانی دواتریشدا لانیکەم زەرینەی ئەو بڕە نەوتەی لە بەرهەمی نەوتی عێراقیی فرۆشراوە لە کوردستان بە تایبەت لە چاڵە نەوتییەکانی کەرکوک دەرهاتووە، بەشێوەیکی گشتیی زۆرتر 70% بەرهەمی هەتا ئێستا فرۆشراوی نەوتی عێراق لەناوچە کوردییەکانەوە دەرهێنراوە و ڕەوانەی دەرەوە کراوە. لە دوای پرسەی ڕووخانی سەدام و بەعسیش کە جارێکی تر نەوت ڕەوانەی دەرەوەی وڵات کرایەوە دیسان پشکی زەرینە هەر لە حسابی نەوتی کورد دەرچووە. بەپێی ئامارێکی فەرمیی ڕێژەی فرۆشتنی نەوت لە دوای 2003 بەمشێوەیە بووە (ساڵی 2003 یەک ملیۆن و پێنج سەد هەزار بەرمیل، ساڵی 2004 یەک ملیۆن و نۆسەد و نۆوەد و پێنج هەزار بەرمیل، ساڵی 2005 یەک ملیۆن و هەشت سەد و پێنجا هەزار بەرمیل، ساڵی 2006 یەک میلیۆن و نۆسەد و پێنجا و پێنج هەزار بەرمیل، ساڵی 2007 دوو ملیۆن و سی و شەش هەزار بەرمیل، ساڵی 2008 دوو ملیۆن و سێسەد و هەشتا و شەش هەزار بەرمیل).
هەرچەندە لەم قۆناغە نوێیشدا دیسان نەوتی هەرەمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا هەناردە دەکرێت و داهاتەکەی دەچێتەوە سەر داهاتی گشتیی عێراق، هەروەک لەسەر زاری سەرۆکی حکوومەتی هەرێم "نێچیرڤان بارزانی"یەوە گوزارشتی لێکرا "شانازیی بەوەوە دەکەین بەشداریی بکەین لە زیادکردنی بەرهەمی نەوت و داهاتی عێراق"، بەڵام لانیکەم لە هەنووکەدا داهاتی نەوت لە دژی کورد

بەکارناهێنرێت چوونکە قەناغی سووتماککردن و کاولکاریی کوردستان کۆتایی پێهاتووە "هەرچەند لە داهاتووشدا ئۆگرەکی دوور نییە"، بگرە هەر زیادبوونێک لە بودجەی عێراقدا زیادبوونە لە بودجەی کوردستانیشدا چوونکە بڕیاری دەستوور هەرەم دانپیانراوە و مافی خۆیەتی بە قەد ژمارەی دانیشتوانی "کۆئیستا 17%یە" لە داهاتی عێراق بدرێت بە خۆی، لە مەودای دووریشدا هەر کاتێک کورد هەڵی ئاوەی بە ڕەکەوت ببێتە دەوڵەت ئاوە نەوت شادەماری ژیان و ئابووری ئاو دەوڵەتە نوێیە دەبێت.

ناکۆکیی حکوومەتی بەغداد و هەرەم لەسەر دەرهێنانی نەوت

حکوومەتی هەرەمی کوردستان لە سێ چوار ساڵی ڕابردوو بە هاوبەشیی لەگەڵ ژمارەیەک کەمپانیای بیانیی بە تایبەت کەمپانیا نەرویژیی و کەنەدییەکان دەستیکردووە بە دەرهێنان و هێناردەی سامانی نەوت لەو ناوچانەی دەکەونە ژێر قەڵەمڕەوی حکوومەتەکەوە و لە ڕۆژی 9-9-2006 حکوومەتی هەرەم پڕۆژەی یاسای نەوت و گازی ڕاگەیاند و لە مانگی ئۆگستی 2007 پەرلەمانی کوردستان پڕۆژە یاساکەی پەسەند کرد. بە پێی دەستووری حکوومەتی عێراقیش ماف دراوە بە حکوومەتی هەرەم بە دەرهێنان و هێناردەی نەوت لە سەرجەم ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا، بە تایبەت بگەی یەکەمی ماددەی سەد و دە لە دەستووری هەمیشەیی عێراق جێخت لەوە دەکاتەوە "حکوومەتی فیدراڵی لەگەڵ هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان نەوت و غازی بەرهەمهێنراوی کۆگەکانی ئێستا بەسەرەوە دەبات بە مەرجەک داهاتەکانیان بە شێوەیەکی دادپەروەریی و بە گوێرەی دابەشبوونی دانیشتوان لە سەرجەم پارچەکانی وڵاتدا دابەش بکرێت، لەگەڵ دیاریکردنی پشک بە ماوەیەک بە ئاو هەرەمە زیانلێکەوتوانەی ڕژێمی پێشوو بەبەشی کردبوون و ئەوانەش کە پاشتر زیانیان لێکەوت بە جۆرێک گۆشەسەندنەکی هاوتەریب بە ناوچە جیاوازەکانی وڵات مسۆگەر بکات و ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت".

لە هەندێک بەندی تری هەمان دەستووریشدا هەمان ماف بە هەرەمەکان بە ڕەوا بینراوە، بەڵام ئاو سیاسەتی حکوومەتی هەرەمی کوردستان جیاواز لەوەی بووە جێگەی ناڕەزایی وڵاتانی ناوچەیی وەک تورکیا، لەسەر ئاستی ناوخۆ و لە ڕێگەی وەزارەتی نەوت وخودی "حسەن شەهرستانی" وەزیرەوە بە تونديی دژایەتی ئاو هەنگاوەی حکوومەتی هەرەمی کوردستان دەکرا، ئەمەش ببووە میحوەر و تاوەرێکی دیکەی ناکۆکیی نێوان کوردستان و عێراق کە ساردییەکی زۆری خستبووە ناو پەیوەندیی سیاسیی هەردوو لاوە. ئەم دژایەتییەش لە ژێر ناوی پێشێلکردنی دەستوور و هەنگاوی جیابوونەوەی کوردەکان پاساوی بە

دەنـــرایەوە، کە کوردەکـــان دەیـــانەوێ لە رێگەی بەرهەمهێنـــان و هەناردەی نەوتەوە بەردی بناغەی دەوڵەتەکی کوردیی دابنێن.
هەتا ئێستاش کە نەوت بەشێوەیەکی فەرمیی لە کوردستانەوە ڕەوانەی دەرەوە دەکرێت هەمان مەترسیی هەیە و سەرکردە کوردەکانیش خوازیارن هەموو لایەنێک دنیا بکەنەوە لەوەی نایانەوێت بە هەناردەی نەوت حکوومەتی کوردیی لەسەر جوگرافیای باشوور دروستبکەن، ئەوەتا "جەلال تاڵەبانی" سەرێک کەمارە کوردەکەی عێراق لە کەرنەقاڵی کردنەوەی قفڵی هەناردەی نەوتدا، رایگەیاند ئێم هەنگاوە بە دژایەتی هیچ کەس و حکوومەتێک نییە و گوتی "ئێو هەنگاوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە ئەمڕۆ ناوێتی، هەموو ئێو بیر و بۆچوونانە ڕەت دەکاتەوە کە دەڵێن هەرێمی کوردستان دەیەوێت نەوتی هەرێم بە بەرژەوەندیی خۆی بەکاربهێنێت و دواتریش خۆی لە عێراق جیا بکاتەوە". لە باری واقیعییەوە بەم هەنگاوە فەرمییەی حکوومەتی هەرێم کوردستان کەتایش دێت بەو گرژیی و ئاڵۆزییەی لەسەر پرسی دەرهێنان و هەناردەی نەوت لەنێوان هەردوولا دروستبوو. بەهەمەحاڵ ئەگەر پشووتر پرسی ناردنە دەرەوەی نەوت بووبێتە کشۆ لەنێوان ناوەند و هەرێمدا، ئێستا بارەکە بەو ئاقارە گەیشتووە هەردوولا بەهەماهەنگیی کاربکەن لەناردنەوەی دەرەوەی نەوتدا.ئەمەش هەنگاوێکی دەستوورییە، بەڵام بە ئەوەی کورد خۆنی هەمیشەیی مانەوە بێت لە عێراقدا وەک ئەوەی سەرکردەکانی کورد باسی لێوە دەکەن.

هەناردەی نەوت.. کاریگەریی لەسەر پەیوەندیی کورد و تورک

دەوڵەتی تورکیا دوای ئێران پتر لە هەموو دەوڵەتانی تر چاودێریی ڕەوشی سیاسیی باشووری کوردستان دەکات، تەنانەت تورکیا یەکێک بووە لە لەمپەرە هەرە گەورەکانی بەردەم بەدیهاتنی دەوڵەتەکی کوردیی لە باشوور، بە بەوای هەندێک کارناسی رامیاریی و زۆرێک لە سیاسەتمەداران تورکیا لە زۆرترین دەرفەتەکاندا ڕێگری بەردەم خەونی کوردەکان بووە لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا. "ئان ویلیامس"ی ڕۆژنامەنووسی بەریتانیی دەربارەی ناحەزیی تورکیا و ڕۆژی لە کەسپ خستنە بەردەم دەوڵەتی کوردیی، پێیوایە "ئەگەر تورکیا نەبووایە، ئەمریکا زۆر حەزی دەکرد دەوڵەتەکی هاوڕێ و هاوپەیمانی وەکو کوردەکانی هەبووایە لە باکووری عێراق".
لەگەڵ ناردنە دەرەوەی نەوتیش لەلایەن حکوومەتی هەرێمەوە، دەوڵەتی تورکیا هەراشانتر لە جاران هاتە سەرخەت و ئێو هەنگاوەی وەک سەرەتای شەقانان بە دەوڵەتی کوردیی لەکدەدایەوە، ئێو دەوڵەتە کوردییەی تورکیا هەشتا ساڵە هەموو ژیانی خۆی لەسەری داناوە تاوەکوو نییەتە سەر ئەتەسی جیهان، ئەمجارەیان بە پێچەوانەی

هەموو کەناڵەکانی تروە تورکیا لە هەنگاوی ناردنە دەرەوەی فەرمیی نەوت لەلایەن حکوومەتی هەرێمەوە دەنگی ناڕازایی لە بەرز نەبووەوە، ئاگرچی رۆژنامە و ناوەندە میدیاییەکانی تورکیا گرنگییەکی بەرچاویان دا بە هەواڵەکە، بەڵام لەسەر ئاستی سیاسیی و راگەیاندنیش بە دەرفەتێک بۆ لێک نزیکبوونەوەی زیاتری هەردوولا لێکدرایەوە، ئەمەش یەکێکە لەو سیاسەتە حەکیمانەیەی تورکیا کە بەگومان کاریگەریی ئیجابی بۆ ژیانی سیاسیی و ئابووری هەردوو گەل و وڵات دەبێت چ لەماوەیەکی نزیکدا و چ لە دوور ماوەدا.

رۆژی 2-6-2009 واتە یەک رۆژ دوای مەراسیمی کردنەوەی قۆناغی هەناردەی نەوتی کوردستان رۆژنامە تورکییەکان ئەم دەزگایان وەک پرسێکی هەستیار و پڕ بایەخ و بە مانشێتی گەورە باوکردەوە، بە نموونە رۆژنامەی "سەباح" لە ژمارەی ئەو رۆژەیدا بە وردیی تیشکی خستەتە سەر دەسپێکە و رووبەڕووبوونەوە ئەم رووداوە سەلمێنەری ئەوەیە تورکیا بە کوردستان دەتوانێت پێناگەیەک بێت. رۆژنامەنووسی ناوداری تورکیاش "چەنگیز چاندار" لە یەکێک لە وتارە نوێیەکانیدا نووسیوێتی "بە ناردنی نەوت و گازی سروشتی بۆ بازاڕەکانی جیهان، باشترین شوێن تورکیایە،. ئەم پێشکەوتنانە هەتا بە شێکاری سیاسیی ستراتیژیی و دیاریکردنی باسی رۆژانە سوودی هەیە و دەبێت لە بەرچاوی بگرین". هەرو لەو نووسەرەدا "بی بی سی تورک" نووسیبووی "لە مەڕووی عێراقەدا یەکەمجارە خەڵکی کوردستان لە هەرەمەکە سەرچاوەی نەوتیی بەیار دەدات، ئیتر نەوت دەگاتە ئەو رادەیەی جێگیریی و خۆشگوزەرانیی بە دوای خۆیدا بهێنێت و ئەمەش ئەو رووداوە بە عێراق سەرکەوتنێکی زەر گەورەیە" (5).
تەواوی میدیاکانی تریش بە بایەخەوە سەیری ئەم پرسیان کردووە و شیکاریی ئەوە دەکەن ئەم ناردنە دەرەوەی نەوتی کوردستان لەرگەی بەرییەکانی تورکیاوە دەبێتە سەرەتایەکی نوێ لە پێوەندیی دەستانەی نێوان هەردوولا، لەلای خۆیانەوە کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێم و باڵای کوردستان هەموو لایەکیان دەنیا کردەتەوە هەناردەی دەرەوە و هەناردەی نەوت لە چوارچێوەیەکی یاسایی و دەستووریدا دەبێت و ئاکامی زیانباری بۆ هیچ حکوومەت و گەل و دەوڵەتێک لەناکۆکەتەوە بەڵکو بەپێچەوانەوە کوردەکان خوازیارن بەم بەنەوە پڕۆژەیەکی سپی و نوێ هەڵبدەنەوە لە پێوەندییەکانیان لەگەڵ خودی حکوومەتی عێراقیی و دەوڵەتانی تری ناوچەیی و جیهانیی. لەگەڵ ئەوەی کورد نیەت پاکیی خۆی نیشانداوە و تورکیاش خۆشحاڵە بەوەی نەوتی کوردستان لە بەرییە نەوتییەکانی وڵاتەکەیەوە هەناردە بکرێت، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا تورکیا چاوپۆشیی لە هەبوونی

گەریلاکانی پەکەکە لە باشوور و دەستکەوتەکانی هەرەمی کوردستان دەنوقڕێت بۆ خاتری سوودی ئابووری؟ ئایا پەکەکە نابێتە کێشە لەسەر رێگای ئاو پەیوەندییە تازەیەی نێوان هەردوولا؟. هێشتا وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر هەستووەر و بایەخدارە دیار نییە، ئاوەی دیارە پشوازیی و خۆشحاڵیی تورکیایە لە هەناردەی نەوتی ناوچەکانی ژێر دەسەاتی حکوومەتی هەرەمی کوردستانە لە ڕێی وەاتکەیەوە، پشهات و سیناریۆ چاوەڕوانکراوەکانی داهاتوو بەرسڤی ئاو پرسیارە دەدەنە و ئاخە نەوت چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر ڕەوشی سیاسیی و پەیوەندیی سیاسیی باشووری کوردستان و دەوڵەتی تورکیا؟.

کاریگەریی هەناردەی نەوت لەسەر ئاستی کوردستان

سەرەکی پارلەمانی کوردستان "عەدنان موفتی" لە ڕاپۆرسمی کردنەوەی یەکەمین قفڵی هەناردەی نەوتی کوردستان رایگەیاند "ئەمەش کە بەرهەمی نەوتیی کوردستان بشێوەیەکی ڕسمیی دەخرێتە بازییەکانی نێودەوڵەتی نەوتی عێراق بە ناردنە دەرەوە و فرۆشتنی، هەنگاوێکی گرنگە و داهاتی عێراق زیاد دەکات و بگومان لە بژاوەندیی گەلانی عێراقدایە". لە باری واقیعییەوە نەوتی کوردستان لەمەوپاش سااانە زۆرتر لە بڕی 20 ملیار دۆلار دەخاتە سەر بودجەی عێراق کە ئەمەش نیوەی ئاو بودجەییە عێراق لە ساڵێکدا لە ڕێی بازرگانیی نەوتەوە پاشکەوتی دەکات. ئەگەر ئەم بڕە زیادییە هەر هیچ پشکی کورد تێدا نەبێت، ئاوە لانیکەم لەو بڕە نزیکەی سێ "3" ملیار دۆلار بەر کوردستان دەکەوێت ئاویش لە ڕگەی پرنسیپی 17% بە کوردستان لە بودجە و داهاتی گشتیی عێراق.

کەوابوو گومان هەڵناگرێت زیادکردنی ئاو چەند ملیاردێ بە سەر بودجەی باشووری کوردستان لە دوا شیکردنەوەدا دەبێتە فاکتەری سەرەکیی بوژاندنەوە و ئاوەدانکردنەوەی زیاتری وەاتکە. ئەگەرچی لە هەرەم هیچ کەس هاشا لەبوونی گەندەڵیی و بەفیڕدان ناکات، ئەگەرچی هەموو پڕۆژەکانی لە بوارە جیاجیاکانی خزمەتگوزاریی ئەنجام دەدرێن بە پێی سیستەمکی روون و ڕکوپک و پاکژانە کەتاییان پێناهێنرێت، ئەگەرچی لە کوردستان ژمارەیەکی زۆر کارەندی بن دیوار و بکار و بە ئەزموون بوونیان هەیە و بشکی بەرچاوی داهاتی کوردستان لەبری لە بواری بەرهەمهێنانەوە وگەڕبخرێت دەدرێت بەموچەی ژمارەیەک خەڵکی بکاربەر و بە بەرهەم، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نکۆیی ناکرێت ڕەوشی ئابووری و داهاتی تاکەکەس لە شارەکانی کوردستان زۆر باشتر بە بەراوورد بە شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، لەهەمان کاتدا ڕژێی هەژاریی لەناوچە کوردنشینەکاندا لە چاو ڕژێی هەژاریی لە ناوچە

عەرەبنشینەکانی عێراق هەرگیز قابیلی بڕاوورد نییە.
ڕاپۆرتەکی ئابووری وەزارەتی پلاندانانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرای دەکات تەکەای ناوەندی داهاتی تاک لەهەرێمی کوردستان بەرزترە بە بڕاوورد بە بەغداد و شارەکانی عێراق، لەهەرێم داتای ناوەندی تاک 190،900 دینارە لە مانگەکدا، بەڵام ئەم ڕەقەمە لە بەغداد 125،900 و لە سەرجەمی عێراق 125،100 دینارە. (6). سەرباری ئەو جیاوازییە لە ڕەقەی داهاتی تاکەکەسدا، هەشتا بەو مانایە نییە لە کوردستان خەڵک نییە لە ژێر هەڕەشەی هەژارییەوە ژیان بگوزەرێنن، بەڵام قسەکە لەسەر ئەوەیە ئەم پرسەی ناردنە دەرەوەی نەوتی کوردستان و ئەو جووڵانەیەوە لە ئابووری تەکەای عێراقدا کەم تا زۆر کارتێکردنی هەیە بە سەر گەشەکردنی ژیانی ئابووری و تەنانەت بازرگانیی و سیاسیش لە هەرێمی کوردستاندا، لە دەستی گەندەڵیی و بەفیڕدان زۆر لەوە درەقەتر بتوانرێت ئەم بڕە داهاتەی لە بیارێزرێت، بەڵام دواجار بە ڕەقە و ئەندازەی جیاواز سوودی لەدەبینرێت لە زیاتر پێشخستنی ڕەوشی ئابووری و خستنەگەڕەی لە بواری خزمەتگوزارییدا، کە ئەمە خوازیارین لە بواری بازرگانیی و وەبەرهێناندا سوودی پتری لە ببینرێت، چوونکە نابێت بەیەکجار ئەو داهاتە بەاوبکرێتەوە و کەس نەزانێت بە کوێ دەڕوات، بەڵکو پێویستە کارێک بکرێت ئەو داهاتە زۆرتر بێت و سەرمایەگوزاریی پێوە بکرێت لە ڕەگەی هاندان و خستنەگەڕەی وەبەرهێنانی ناوخۆیی و ڕاکێشانی کەمپانیا و ناوەندە بازرگانی و وەبەرهێنە دەرەکییەکانەوە تا لە کوردستان سەرمایەگوزاریی بکەن و دەرگەی نوێتر و ئابووریەکی بەهێزی گەشەکردوو لە بەستێنی کەمەی کوردستان بخوڵقێنن.
پێشکەوتنی زۆرتری ئابووری کوردستان بە خەی پێشکەوتنی سیاسیش دەگرێتەوە، لەبەرئەوەی ئەگەر کوردستان هەر ئێستا دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێت و ئابووریەکی فاشیل و لەرزۆکی هەبێت بە هیچ جۆرێک نە خواستی خەڵکەکە و نە حکوومەتێکی لەو چێشن و بابەتە دەتوانێت بەرگەی کێبڕکێ و ململانێی سیاسیی و ڕووبەووبوونەوەی نێیارەکانی بگرێت، ڕاستتر وایە بڵێین دەوڵەتێکی ئابووری تێپیو و هەژار هەر نەبێت باشترە، لەم ڕووەوە هەناردەی نەوت لە یەکەک لە ڕەهەندەکانیدا دەخی سیاسیی بەرەو پێشەوە دەبات و دەسکەوتی زۆرتری بە بەدیهێنێت. ئەم فاکتەش وانەبێت تەنیا تێبینی من بێت وەک تاکەکەس، بەڵکو زۆرێک لە پسپۆران و شارەزایان و کوردناسان کەکن لەسەر ئەم بۆچوونە، بە وتنە "فاروق باکج" سەرۆکی دەستەی ڕۆژنامەنووسی دیاربەکر لە تورکیا هەمان ڕوانگەی هەیە و دەڵێت "نەوت هەڵەکی سیاسیی بە دوای خێیدا دەهێنێت و یەکەم جارە بە ناوی کوردەکانەوە دەردەچێت و من ئەوە وەک خاڵەکی سەرەتا دەبینم،

سەرکەوتنی سیاسیی ئۆگەر سەرکەوتنی ئابووری لۆگۆیدا تاجی لەسەر نەنرەت ئەوا گۆانکاریيەکی راست و جێ متمانە نابەت و ئازاری زۆری لەدەکەوێتەوە".

کاریگەریی هەناردەی نەوت لەسەر ئاستی عێراق

لە ساڵی 1958 بەملاوە، عێراق بەهەموو شێوەیەک سەقامگیریی لە دەستداوە و بەردەوام حکوومەتکانی عێراق، سەرقاڵی جەنگ و شەڕی ناوخۆیی و دژەکیی بوون، لۆگۆ هاتنە سەرکاری بەعسییەکان لە تەموزی 1968، زۆر لە جاران کاریگەرتر و هەراشانەتر جەنگ بوو بە چارنووسی عێراقییەکان، بەو هەیوە پشکی زۆری بودجەی عێراق بە جەنگ و بەڕێوەبردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان بەفیڕۆ دەبرا، جەنگ نەک تەنیا بودجە و داهاتی زۆر و زەبەندی عێراقی هەڵلووشی، بەڵکو وەاتەکەی کردە یەکێک لە قەرزارترین دەوڵەتکانی جیهان، ئەمەش لە دوا ئاکامدا بووە فاکتەری داتەپینی ژێرخانی ئابووری و هەڵاوسان و هەژاربوونی عێراق، دواتریش گەمارۆی ئابووری سەر عێراق کە سیانزە ساڵی خایاند "1990-2003" یەکێک تر بوو لەو هۆکارانەی هەندێ تر عێراقی رووبەڕووی هەژاریی و نەداریيەکی خنکێنەر برد .

بەهەمەحاڵ کەمەڵێک فاکتەر بە گشتیی و بەیەکەوە کاریان لە دۆخی ئابووری و داهاتی تاکەکەسی عێراقیی کرد تا ئەو مەرزەی ئێستا هەژاریی دیاردەیەکی ترسناکە لە عێراقدا و بە گوێرەی راپۆرتی رێکخراوە جیهانییەکان عێراق یەکێکە لەو دەوڵەتانەی بە ئەندازەیەکی ترسناک هەژاریی تێدا هەیە. تەنانەت بە گوێرەی تازەترین داتای رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان رێژەی هەژاریی لە عێراق لە هەرێک لە وەاتەکانی وەک یەمەن و نەجیریا و سودان زیاترە، بەوەی رێژەی هەژاریی هەنووکە لە عێراقدا لانیکەم 39% کەچی ئەم رێژەیە لەو سێ وەاتە نەگەیشتۆتە 35%، لە کاتێکدا هیچکام لەو وەاتانە نەوت و سەرچاوەی سروشتیی و هاوکاریی دەوڵەتانی جیهانیان نییە کە عێراق هەموو ئەمانەی هەبووە و هەیە، هەروا بەپێی راپۆرتی "ئۆروپیان زیوس" دەربارەی رادەی هەژاریی لە عێراق لە ساڵی 2009دا، رێژەی هەژاریی لە عێراقدا روو لەبەرزبوونەوە بووە و وا پێشبینی دەکرێت ئەم رێژەیە روو بەرزبوونەوەی زیاتر بخوات، بەپێویستە پێژەی دابەشکردنی خواردەمەنی لە وەاتی عێراقدا بەشێوەیەکی بنەڕەتیی گۆانکاریی بەسەردا بێت.

هەندێک رێکخراو و دامودەزگای عێراقی و بیانیی و نەودەوڵەتیی فاکتەری هەژاریی لە عێراقی دوای سەدامدا دەگەڕێننەوە بۆ نەبوونی سیاسەتێکی حەکیمانەی ئابووری و جەنگی تیرۆریستان و هەبوونی گەندەڵیيەکی بێ ئەندازە و سەرسوڕهێنەر لە وەزارەت و

دامودەزگاکانی میرییەدا، بە گوێرەی لێکدانەوەی رێکخراوگەلێکی پابەند بە پرسی هەژاریی، بودجەی چەند ساڵی دوای پرسەی رووخانی بەعس و هەڵکشانی داهاتی عێراق بەهۆی فرۆشتنی نەوتەوە هێندە بەرز بەتەواوی بەدەر لە پێژەی خزمەتگوزارییەکان، ئەو داهاتە بەشی ئەوەی دەکرد هەر تاکێکی عێراقی چەند سەد دۆلارێک وەربگرێت لە مانگێکدا، ئیدی ئەمە کە نکراوە هەیەکی ئاشکرایە چییە!. یەکێکی تریش لە فاکتەرەکان جگەکە لە تاڵانکردنی نەوت لە ڕێی هەرزانفرۆشییەوە بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئەو بڕییە نایاساییانەی لە باشووریەوە بڕاو ئێران نەوتی عێراقی پێدا دەبڕێت.
بە وتنە "ستیڤان کلیمونز" سەرنکی دامەزراوەی ئەمەریکیی نوێ پێیوایە "خراپترین هەڵوەست ئەوەیە کە کەمپانیا ئەمەریکییەکان نەوتی عێراق بە هەرزانترین نرخ ببەن و هاووڵاتیانیش لە هەژارییەکی کوشندەدا بژین". لەگەڵ بوونی ئەم فاکتانەدا ناتوانین بیشارینەوە ئەدای ناشی و نالەپرسراوانەی حکوومەتی عێراقی بەشێکی زەری کێشەکەی پێکهێناوە، چوون ئەگەر هەر باسی داهاتی نەوت بکەین لە حەوت ماڵی یەکەمی ساڵی 2008 لە 43 ملیار تێپەڕیوە، ئایا حکوومەتێک کە ژمارەی هاووڵاتیانی نگەیشتبێتە 30 ملیۆن و ئەو بودجە هائیل و خەیاڵییەی هەبێت، دەبێت لە غەیری گەندەڵیی چ پاساوێکی تر هەبێت بە ئەو گوزرانە خراپەی تاکی عێراقیی تدایە؟. "ئەگەر ئەو 43 ملیار دۆلارە، ڕێژەی 75% بدرێتە حکوومەت، ئەوا بەی شەش ملیار دۆلار دەبێتە بەشی هاووڵاتیان!، بە پێی دابەشکردنی ئالاسکا بە گریمانەی ئەوەی دانیشتوانی عێراق ئەستا بە30 ملیۆن کەس مەزندە دەکرێت و ئەو سی ملیۆنە 6 ملیاری بەسەردا دابەشبکەیت، ئەوا هەر تاکێکی عێراقی مانگانە بەی 200 دۆلاری ئەمەریکیی بەردەکەوێت" (7).
ئەوەی تا چەند ئەو بیست ملیار دۆلارەی لە داهاتی فرۆشی نەوتی کوردستانەوە دەچێتە سەر بودجەی عێراق دەبێتە فاکتەری بەرزبوونەوەی داهاتی تاکەکەس و چاکبوونەوەی ئاستی بژێویی هاووڵاتیانی عێراق، پێویستە بە سیاسەتی حکوومەتی داهاتووی عێراقەوە، چوونکە بینیمان سیاسەتی کابینەی مالیکی لەهەموو رووێکەوە شکستخواردوو بووە بە تایبەت لە بەرزکردنەوەی دەخلی هاووڵاتیان، بەیە باوەڕ ناکرێت بەم چەند مانگە کەمەی ماوەتی لە دەسەڵاتدا بتوانێت کارێک لە دەخی ئابووری عێراقدا بکات موعجیزە بخوڵقێنێت، لەبەرئەمە حکوومەتی داهاتووی عێراق کە لە سەرەتای ساڵی نوێوە دەستبەکار دەبێت ئەرکی چاککردنی باری دارایی و بژێویی خەڵکی دەکەوێتە سەرشان، ئەگەر گریمانەی ئەوە دابنێین دیسان مالیکی دەبێتەوە سەرۆک وەزیرانی وڵات چاوەڕوانیی هیچ ئاوگەڵکی

شایانی باس ناکەین، چوون ئەویش هەموو قورسایی کاری سیاسیی خۆی بەستەتەوە بە لاوازکردنی کورد و بەهێزکردنەوەی سوپا و دامەزراندنەوەی دەوڵەتکی سەنتراڵ و تۆتالیتاریی، ئەم کارەش نەک باشییکی بە هاووڵاتیان نییە بەڵکو بە شۆڕیک لە شۆڕکان لەسەر حیساب و پارووە نانی هەژاران و چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ دەخرێتە بواری پراکتیزەوە. زۆر بە کورتیی نەوتی کوردستان لانیکەم نیوەی بودجەی ئێستای عێراقە و بە ساڵانی داهاتوو داهاتی عێراق بەرزتر دەکاتەوە، بەڵام بەئەوەی ئەم بەرزبوونەوەیە لە داهاتدا ببێتە بەرزبوونەوە لە ڕووشی ئابووری و داهاتی تاکەکەسدا پێویستمان بەسیاسەتکی ئابووری ڕەشن و پتەو هەیە، وەک چۆن ڕووبووبوونەوەی گەندەڵیی و بە فیڕۆدان دەبێت لە ئەولەویەتی کاری دەوڵەتی ناوەنددا بن.

کۆتایی نەوت و سەرەتای ناهەمواریییکی ئابووری

وڵاتانی ڕۆژئاوا، ئەوانەی بەشێوەیکی بەرچاو پێویستیان بە وزە و سووتەمەنی هەیە بە گشتیی و نەوت بە تایبەتی، بە دوای ئەلتەرناتیڤی نەوتدا دەگەڕێن تاوەکو ئەو هەموو بڕە زەرەی داهاتی خۆیان لە کۆینی نەوتی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی و عەرەبیی بفیڕۆ نەدەن. دوای ئەو قەیرانە گەورەیەی بەم دواییانە ڕووی لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی و سەرمایەداریی کردووە ڕەنگە هەنگاوەکانی دەزینەوەی جەگڕەوە بە نەوت خراتر بن، بەو هیوایەی ئەم هەنگاوە کەمەکی جیددی بکات بە ئابووری و ژێرخانی هەرکام لەو دەوڵەتانە. هەندێک لە وڵاتانی کەنداو، ئەوانەی بەشی زەری بودجەیان پابەندی فرۆشتنی نەوتە، کەوتوونەتە خۆیان تاوەکوو ئەو داهاتی زەرەی لە ڕەی فرۆشی نەوتەوە وەچنگیان دەکەوێت بە پرسەی بەرهەمهێنان و گۆشەپەدانی پیشەسازیی و کەرتی تایبەت بکاریبهێنن تا لەو ساتەوەختەی نەوت بەهای خۆی لە دەستەدات ئابووری نیشتمانییان ڕووی لە شکست و قەیران نەبێت. لە عێراق هەتاکو ئێستاش هیچ هەنگاوێک بەو ئاقارەدا نەنراوە بەڵکو نەوت بووەتە هۆکاری تەمبەڵکردنی تاکی عێراقی و گۆڕینی ئەو تاکە لە بەرهەمهێنەوە بە بکاربەر و مشەخۆر کە هیچ کۆمەکێک ناکات بە پێشخستنی ڕووشی ئابووری و گۆشەپەدانی زیاتری کۆمەڵگە.

"د.ئامینە عادل عەبدولمەهدی" پسپۆڕێکی ناسراوی عێراقییە و خاوەنی بەوانامەی دکتۆرایە لە ئابووریدا لە زانکۆی سەربۆن، بە ڕشبینییەوە دەوانێتە ڕووشی ئابووری و پاشەڕۆژی بەرهەمهێنان و گۆشەسەندنی ئابووری عێراق و دەڵێت "ئەگەر نرخی نەوت بەردەوام بێت لە دابەزین و جەگیر نەبوون، ئەوە پێویستە ئابووری عێراق پشت بە

نەوت نەبەستەت و دەبەت بیر لە گەلان بکرێتەوە لە کارتی گشتیدا کە تا ئێستا هیچ شتێکی وا نەکراوە". ئەمە بەت یان سبەی نەوت کەتایی دێت، کەتایی بەو مانایە نا ئیدی سەرچاوە نەوتییەکان وشک دەکەن بەڵکو بەو مانایەی چیدی نەوت پێویستییەکی پلە یەکی پیشەسازیی نییە، بەڵکو زۆرێک لە بەکاربەرانی نەوت یان ئەگەرناتیڤەکەی دەدەزنەوە و کەمتر پێویستیان پێی دەبەت، یان هەر دەگەنە قۆناغی میتا یان پێست پیشەسازیی و تەکنەلۆژیا، تەنانەت ئەمریکا دەیەوێت چی کارگە و فابریکە و دامەزراوەی پیشەسازیی و تەکنەلۆژیی خۆی هەیە بنبڕتە دەرەوەی وڵاتەکەی و بیگوازێتەوە بۆ وڵاتانی نامی، چون ئەم ڕەگەزە یەکەکە لە ڕەگاکانی بەرەنگاربوونەوەی ئەو قەیرانە یەک لە دوای یەکانەی بەردەوام ڕووی لە سیستەمی سەرمایەداریی هاوچەرخ، ئەمریکا ئەمە گەیشتەتە قۆناغی بازرگانیی و فرەشتنی عەقڵی زانستیی، بەو مانایەی زانایان و توێژەرانی ئەمریکیی بیرەکە و ڕوانگەی نوێ بەرهەم دەهێنن و دەیفرۆشنەوە بە کەمپانیا و دەوڵەتانی تر تا لە بواری پراکتیکدا تاقیبکەنەوە.

خولاسەی وتە لەوەدا چڕ دەکەینەوە: بگومان و بگومان نەوت کەتایی دێت و قۆناغی نەوت درەنگ بەت یان زوو ئاوا دەبەت، بەڵام ئەگەر وڵاتانی فرەشیاری پێترۆڵ خەیان بە ئەو قۆناغە نوێیە ئامادە نەکەن و دەخی ئابووری خەیان نەگەڵن و گرنگیی ندەن بە کارتی تایبەتی و گۆڕپانی پیشەسازیی و کارتی گشتیاریی ئەوە بگومان نەهامەتییەکی گەورە و خنکەنەر چاوەڕوانیان دەکات، نەهامەتی و قەیرانێک ڕەنگبە سەرلەبەری ئەو کەمپانیانە لەبەریک هەبوشنەتەوە. عەراق تا ئێستا هیچ ئامادەکاریی و شۆقاوکی بە قۆناغی پێست نەوت نەکردووە و نەناوە، بەیە ئەگەر وەزعەکە هەروا بەواتە پشەوە ئەو هەژاریەی ئەمە لەم وڵاتەدا هەیە چەند قات دەبەتەوە و چارەنووسی کەمپەکەش دەخاتە گۆڕاوکی نادیار و تاریکەوە.

وتەی کەتایی

شارەزای ناسراو "تیمسی ویلیامز" پێیوایە: سەرەای ئەوەی هەشتا چارەنووسی کەرکوک نادیارە و کێشکە نکەوتووە بەلایەکدا، بەڵام هەر لە ئێستاوە کەمپانیاکانی نەوت لە پشبەکەدان بە مەرکردنی گرێبەستی نەوتیی. یوست هیلتەرمان، شارەزا لە گروپی قەیرانی نەودەوەتی، دەەت "بە ئەنجامدانی ئەم گرێبەستە نەوتییانە، نوری مالیکی سەرکی ئەنجوومەنی وەزیرانی عەراق، بشەوێکی توند و بەهێز ئەو ڕاستییە بە کوردکان دووپات دەکاتەوە تەنیا حکوومەتی

عێراق سەروەریی هەیە بەسەر ئەو ناوچە نەوتییانەدا کە کۆشیان لەسەر و لە دەستووردا یەکلا نەکراونەتەوە". ئاگرچی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە فەرمیی و لە ژێر سەرپەرشتیی حکوومەتی مەرکەزیی ڕێی پێدراوە نەوتی هەر سێ شاری "دهۆک – هەولێر – سلێمانی" ڕەوانەی دەرەوەی وڵات بکات، بەڵام هێشتا چارەنووسی گەورەترین شاری نەوتیی کوردستان و عێراق و تەنانەت ناوچەکە نادیارە و پێناچێت بەم زووانەش بگەڕێتەوە بە سەر جوگرافیای ڕەسەنی خۆی، ئاگر لەلایەکەوە کورد نەوت دەربهێنێت و بینارێتە دەرەوە، ئەوا لەلاکەی تریشەوە بەپیتترین کێڵگە نەوتییەکانی لە شاری کەرکوکی لە زەوت بکرێت، بەڵگەی ئەوە بەدەستەوە دەدات هەر کاتێک حکوومەتی عەرەبیی عێراق پێنجەرێیەک بە ڕووی کورددا بکاتەوە، گومانی تێدا نییە لە هەمان کاتدا دەیان دەرگای گەورە گەورەی لەسەر داخستووە، ئەم ڕاستییەش بەسە بۆ ئەوەی حوکم بدەین لەسەر حکوومەتی عێراق کە نایەوێت بەهیچ شێوەیەک کورد بەشێوەی ڕاستەوخۆ ببێتە خاوەنی نەوت و لە ژێر سایەی خەیدا مامەڵەی پەوە بکات و بەند لەگەڵ کەمپانیا جیهانییەکانی پێترۆ ببەستێت. (8).

پەراوێزەکانی چاپتەری پێنجەم:

1-گۆران ئیبراهیم ساڵح "کەرکوک لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا" بەهاری 2007، مەکتەبی بیر و هۆشیاریی ی.ن.ک، لاپەڕە 176. "کالێست سریکس گوبانگیان" ئەندازیارێکی زنجی بە ڕەچەڵەک ئەرمەنی بوو، بە "تالەرانی نەوت" ناوزەد کرابوو.

2-عەلی مەحموود محەمەد "کەرکوک شاری قەڵا و ئاگر و خوێن"، چاپی یەکەم، 2006، کەرکوک، لا 152.

3- ڕۆژنامەی "هاوڵاتی"، ژمارە "432"، ڕۆژی 18-6-2008.

4- کەی بەڕز "د.ئازاد نەقشبەندی"، لە ژێر ناوی "دەستوور و سەرچاوە سروشتییەکان"، 28-9-2005.

5-ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ"، ژمارە "4889"، ڕۆژی 5-6-2009.

6- ڕۆژنامەی "ئاسۆ"، ژمارە "970"، ڕۆژی سێشەممە، 12-5-2009.

7- ڕۆژنامەی "هاوڵاتی"، ژمارە "459"، ڕۆژی 21-9-2008.

8- چەند سەرچاوەیەکی ئینتەرنێت بەهەر دوو زمانی کوردیی و عەرەبی.

پەراوێزکان:

1-چاپتەری یەکەم وتارێکی شیکارییە و پێش دوانزە ساڵ، لە ژمارە (369)ی ڕۆژنامەی (کوردستان ڕاپۆرت) لە ڕۆژی 15-1-2008 بڵاوبووەتەوە.

2-چاپتەری دووەم وتارکی شیکاریيە و پێش دوانزە ساڵ، لە ژمارە (48)ی گۆڤاری (نەوەند) لە مانگی شوباتی ساڵی 2008 بڵاوبووەتەوە.
3-چاپتەری سێهەم وتارکی شیکاریيە و پێش دوانزە ساڵ، لە ژمارە (506)ی رۆژنامەی (کوردستان راپەرت) لە رۆژی 15 -9 -2008 بڵاوبووەتەوە.
4-چاپتەری چوارەم وتارکی شیکاریيە و پێش دوانزە ساڵ بە دوو بەش لە ژمارەکانی (544-545)ی رۆژنامەی (کوردستان راپەرت) لە رۆژانی 25-11-27-2008 بڵاوبووەتەوە.
5-چاپتەری پێنجەم وتارکی شیکاریيە، پێش یانزە ساڵ ساڵ بە پێنج بەش لە ژمارەکانی "651-655"ی رۆژنامەی (کوردستان راپەرت) لە مانگی یولی 2009 بڵاوبەتەوە.

تێبینی: کەی ئەم پێنج شیکاریيە وەک بەشی یەکەم لە کتێبی "گەمەی شەیتان" لەلاپەڕە 9-69 بە چاپی کاغەز بڵاوبووەتەوە لە ساڵی 2018.

ئەنالیز و نووسینی: ستیڤان شەمزینی
ستۆکهۆڵم – سوێد



هەر بە رێگاوە، ڕەمانی

(بەرگا ..) دەنوسرێتەوە...شوان عوسمان

نوسین جگە لە گێشتن بە ئارامبوونەوەیکی ڕەحی، دەربازبوونکیش لە دوو دەیکانی نائارامی لە نەوان قسە و وشەدا، تە دەبێت خێت لە دوودەیکانی خێت رزگار بکەیت، ئەوەش بە نوسینی دەقک یان تەکستک دوایی دێت.
ئەوکاتە ڕە بە خێت دەدەیت تا بنوسیت، بڕیارەی بەو حالەتی نوسینە هیچ کەسک لە خوێنەرانت بگەن بە ئارامبوونەویکی دەروونیی تە خێت بەوە دەگەیت، کەوابوو نوسین لەزێت وەرگرتن و چێژ بەخشینە بە ئەوانی دیکە، پە تایبەتی پەیامی ئەدەبی خی لەو چەژی دووسەر دەبینەتەوە.
کاکی نوسەر لەبەرئەوەی لە کاوانیانی سەر بە شاری شەقاوەوە دەژیت ئەو بە دیالێکتک قسە دەکات کە تایبەتە بەو دەوربەری لەی ژیاوە دەبێت بە زمانکیش بنوسێت کە دەی هەردوو خوێنەرکانی رازی بکات..
ئاسان نیە دەبێت تە بەی زمانی قسەکانت بگەیە سەر زمانی ڕەنوس تا نوسینکی ڕەسمی دەربچێت، ئەوە دووەمی و دەیەاوکیەکی نوسینە سەرەتایکە ڕووبەروو زەربەمان دەبەتەوە، بەڵام نوسەر لەو ڕەماندا هەولی داوە بە هەردوو حالەتی نوسین بنوسێت دیالێکتی ئاخاوتنکەی خی پشتگوێ نەخستووە جارجار هەست بە هەبوونی دەکەیت، بەڵای منیش شتکی باشە لەبەرئەوەی چێژ و تامکی تایبەتی بە هاوزەدەکانی خێت هەیە، هەروەها زور زاراوەو فەرهەنگی دەرینیش هەیە لە فەوتانیان دەپارێزی.

ناو لە ناو ڕەمان شوێنکی بە بایەخ و دیاری هەیە، لەڕ نوسەر هەمیشە لە ناوەک دەگەڕێت ناوەکی نوێ بێت و دەگمەن و دووبارە نەبێت، یان نوسەر هاتووە ناوەکی نوێی داتاشیوە بەئەوەی مەرکەکی تایبەت بە خی پەوە بێت، ئەوەش دیسان بەهای ڕەمانکە گەورەتر دەکات، وەکو شەمراز، ملا خدری بەخورتی،عەدەگرینک،جیقە فشە، بەزەی سیاناوخەر، عەفلەق و ئەدیب، ئانو بانی نی، ئەلیکترا.
ناویش وەکو پەکهەنارەکی سەرەکی چیرەک و ڕەمان ڕەلەکی تایبەتی هەیە، ڕەمان هەیە بە ناوەک دەناسرێتەوە، لە کەمەگار ڕەژهەاتیش ناو ناوەو جگەی بایەخکی زیاترە لە شوێنە دیکەش.
ڕەمانکە پەڵە لە ناوی نادیار و دەگمان، ئەوش کە دەبێتە هەی ناودار بوونی زیاتری پاڵەوانکە، هاوکات نوسەر کەمەک ناو هەیە

کە لەناو هزری ئەمەدا هەبوون بەهام دووبارە نابنەوە و بەکار نابدرێن، ئەو هاتووە سەرلەنوێ نوێی کردوونەتەوە و لە قالبێک لە پالەوانێک تەوزیفی کرووە، بە تایبەتی ئەمە لە دەقەرێک دەژین کە کریستیانی و موسەمانی پێکەوە دەژین و گەلێک ناو و زاراوەی هاوبەش و ناهاوبەشییان پێکەوە هەیە، هەروەها ناوی شوێنەکانیش بە هەمان حالەت لەناو رەمانەکە دەردەکەون ..
لەوانە حەنچە و قریاقەس، قەیتاس، ماخە، کریکەرو سیمەن، زیا، میخە، گەڵی نەرگزان، قەپاغ، قەیتە، شاپاغ، ئەو هەموو ناوانە کە مەرکەکی ناوخەییان هەگرتووە بەهام چەژەکی تایبەتیش دەبەخشن، هەروەها ئاماژەی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان هەیە، هەموومان پێین لە ناو بەهام کەی و لە کوە ئەو ناوانە بەکار دەبەین ئەوە گرنگ، نوسەر ناوەکانی بە باشی بەکاربردووە.

بنەچە و بنەڕەکی رەمانەکە رەوەە بەدەم رێگاوە دەگۆڕەت سەرەتا بە سادەییەکی زەر سادە و دواییش هەور هەور لەناو ئالەزییەکی جواندا دەکەوێتە رە، هەمیشە وابووە دەقی باش و نوسینی باش پێیوەندی بە پاشخان و پێشینەی رەشنبیری و هزری نوسەرەکەیە، ئەویش بەیار دەدات کە بەرهەمەکە شتێکی باشە یان دووبارەیە.
زانین پێیوەندی بە تەمەن نیە بەڵکو دەگەڕێتەوە بەکاری شەونخونی و خوێندنەوەو بەدەنگ هاتن و دواچوونی پێیامەکانی خەت، ئەوەش دەبێتە خاڵی جیاواز لە نەوان نوسەرێک و نوسەرێکی دیکە، بەیە هەمیشە نوسین رەنگدانەوەی رەنگ و بیرکردنەوەکانی ئەو کەسەیە کە دەینوسێت.

نوسەر ئاگایەکی باشی لە فەلسەفەکانی نێتەوکانە بەیە نوسەر لەسەر زمانی پالەوانێک شەمراز کەمەڵک پرسیاری فەلسەفی دەکات، چینێک دژ و دژەکاری هزری دەخاتە روو، زەمەن رایەڵکی گرنگە لە راگرتنی کاتەکانی درێژەدان بە رەمان، بەڵام لەو رەمانەی بە رێگادا، ئەو رەڵەی نیە هەر چیرەکەکە زەمەنەکەو زەمەن لەناو زەمەن قسە دەکات، کات لە خزمەتی شوێن و سەربوردەی پاڵەوانەکانە،لە پێناو ئەوانیش کات دەستەمە دەکات.
رەمان خەی لە خەی چیرەکەکی درێژە ،تا رەمانیش چیرەکی زەر بێت گەمەکە قووڵتر دەبێت بە مەڵەوانی تا رەمان بە بەسەرهات و سەربوردە و رووداو دەوڵەمەند بێت، خوێندنەوەی خۆشتر و بەتامتر دەبێت، کاک دڵشاد توانایەکی بەرادەی باشی هەیە لە دانانی چیرەک، چیرەکیش دیارە ئەرکی زەرە کە بەسەرهات و سەربوردەش زەر بوون ئەرکەکان و خواستەکانی زیاتر دەبن، ئەو هەمیشە چیرەکی لەناو

چیرۆکی دروست کردووە.

شایستەیە وەکو واقیعێک لە ناو هزری نوسەر و پاڵەوانەکان زەر دووبارە دەبێتەوە، هەستم کرد دووبارە دەبێتەوە ئاوڕش پێوەندی بە پاشخانی فەرهەنگی نەک هزری نوسەر هەیە ، وەکو ئاوڕی شایستانێک هەبێت لە سەرووی ئاوان ژیانیان بەرەو ببات، بەڵام من پەموایە شایستان وەکو ئاجندە و خەو و شەو دوایی هاتووە، ئاوڕی هەبوو و هەیە ئاو شایستانیە کە هەریەکەمان لە ناوەوەی خەی حەشاری داوە لەبەی ئاویش بیار دەدات.
پەموایە ئەرکی ڕەشنبیرو نوسەری نوەخوازو هاوچەرخە ئاو شایستانە ئاشکرا بکات و وەکو نهێنیەک یان شتێکی شاراوەو پیرۆز بەجێی نەهێشت تا ریسوایان بکەین و نەهێنین ڕەلیان هەبێت.
ئاو سەرنج و تێبینیانەم لە کاتێک ئاێنوسم کە هەشتا لە خوێندنەوەی کتێبەکە تەواو نەبووم هەول دەدەم ئاگاڕ شتێکی دیکەم هەست پێکرد بینوسمەوە.
بەڵام بگشتی ڕەمانێک بەتام و نوێ و فەرهەنگێکی نوێ و بە زمانێکی نوێش نوسراوە کە پڕ لە دیاردەی کۆن و نوێ، لە دوورەوە دەستت ئاگوشم هاوڕێی هاوشاریم، شتێکی جوانت نوسیوە خەشبەختت کردم و هەر بژیت.

٣١٫١٠٫٢٠٢٠
هەڵەندێ

ژێستی تاسان … دانا حمید محەمەد

هاوسێیەکم هەیە مامۆکەی هووبووی مامۆکەی منە، هاوسەکەم پیرەمێردێکی نەوەد ساڵەیە و هەر ڕۆژە لەگەڵ هەڵهاتنی خۆردا، پانتۆڵێکی نیلی و تیشەرتێکی سپی ئاپۆشە و ئامۆزیی چەندین سەعاتی ئاو ڕۆژەی لە باکۆنەکەدا بەدەم کەشانی جگەرە و خواردنەوەی چاوە، ڕۆژەکە بەرەدەکات. ڕۆژانە وەک پیشەیی هەمیشەیی ئاوستە تا ئاتەمبێلەکان خیابان هووبووو تەماشا بکات! هەموو هاوڕێیەکانم کە

دڵن بۆ ماڵی من، ئەو پیرەمێردەیان لە من زیاتر خۆشدەوێ، دەستی ئەون و وەک منیش لە خەم زیاتر ئاگاداری ئەبم و خۆشمدەوێت.

ئەویش بەخاتری میهرەبانی و ژیانە تەنهاکەی کە تاسانی ژیان بەرینداوە، چەندین جار بانگی ئەکەم بەڵام دەنگم نابیستێ، ئەمەوە هەموو بەیانییەک بەئومێدی بینینی ئەو، لە خەو هەڵئەستم، ئەڵێم: نەوەک شتێکی پەویست بێ. بەڵام من فیکر بکەمەوە ئەتەمبیلەکانی خیابان بە هەردوکمان گرنگە، چونکە بەشکە لە پێینەوەی ژیانمان بە ناو ئاڵوزییەکانی مەدرنیتە! بەهەرحاڵ تەمەنی مرۆڤ تا بڕوا گۆڕەیی بەوات، لە مەرگ نزیکتر ئەبێتەوە، وە تاسەی ژیان بەی سەرنجڕاکێشە، چونکە زەر شتی جیهان بەزار و دەخۆشی کردوە. ئەوە ئێستا شتی بچوک کە ئینسان هەر بیری لێناکاتەوە بەی گرنگ و جێی تەماننە وەک ژێستی چرکەی سەعات لەکاتی خەوتندا. بەڵام من وتم چەندین جار ئەمەوە تە ببینم، بەڵام دواتر پێشیمان ئەبمەوە نازانم بۆ؟! ئاستی کە ئەڵێ: هەردولامان بواری ئەوەمان هەیە کە یەکتر ببینین، بەهەی جەنجاڵی و ئاڵوزیی ژیانی ڕۆژانەوە. من ئەمەوە لە کاتێکدا بەم بڵات کە تە هیچت ئامادە نەکردبێ بە من وەک میوان، چونکە بەزارم لە جدیاتی ئەو دابونەریتە، ئەمەوە هەرکات هاتم پێکەوە چایەک بخەین و دەردەڵی یەکتر بدەینەوە، پیرەمێرد ئەم قسانەی منی پەخشبوو و وتی منیش لێناکاو بەمکرا سەردانت ئەکەم لە باخانەکە.

چاوەڕوانی بە من، نازانم بە پیرەمێردی دراوسێ و هاوڕێم چێ؟ بە خەم ڕقم لێیەتی بەتایبەت لەو کاتانەدا، کە هەموو ئومێدت لە چاوەڕوانی دەستکدایە، بەڵام ئاڵوزیی و دەردی هەردوولا نایەڵێ ئەو چاوەڕوانییە بەتەدی، بۆیە من ڕقم لە چاوەڕوانییە. دواتر لەگەڵ پیرەمێردی هاوسێم لەبارەیەوە گفتوگۆم کرد و وتم پێی ڕێمانێک هەیە بەناوی "چاوەڕوانی" ناوی نووسەرەکەیم لەیاد نییە، بەتی بەنم ئەیخوێنیتەوە، پیرەمێرد کەمێ حەپەسا و هیچ قسەی نەکرد، دواتر لەبەر من کەوتە قسە وتی نەوەڵا دراوسێی گەنجی شیرینم، چی لەو ڕێمانی چاوەڕوانییە کەم کە هەموو ژیانی خەم بریتییە لە تاسانی چاوەڕوانی بە ژیان.
ژیان تادەی بەئەقڵیی تاسان توشی ئینسان ئەبێ لە چرکەیەکی ژیاندا، بەشەویەک دوچاری شکت ئەکات، کە پێی نازانی خەت.

وە ئەو کات سەبڕی هەموو ئەو خیابانە قەرباغەی ماڵی خەم و پیرەمێردەکە، بە سەردەمەوە کە ئەڵێ چەندمان بەهیلاکی ژیان بەڵکردوە. بەچشنە خیابان و کتێبخانەکەی نزیک باخانەی من و

پیرەمێردی تیادا ئۆژین لێ هەموو خزمێک بەمان دەسزترێ، چونکە زۆربەی ئەو کاتانەی شونێک نیە بەین بەی خەمان دەخەینە نەو دڵی کتێبەکانەوە. تازە لێ باکونی پێنجەرەکەمانەوە کە گوڵاکان ئاو ئێدەم هەست ئەکەم زیاتر تینووی ژیانن، کە گوڵەکانم دەمە بوو ئاونەدابوو، سیس و ژاکاو بوون، منیش ڕەشتمە چێشتخانە و سوراحیەک ئاوم کرد بەدیاری بە گوڵدانی گوڵەکان، بەیە لەو کاتەدا بیرم بە لای پیرەمێردی دراوسێم ڕەشت و هەستم کرد گوڵاکانیش وەک من و پیرەمێردەکە ژاکاون بەدەست تاسانی ژیانەوە.

پیرەمێرد منی بەچاوەڕوانی و بەمارج خۆشئەوە، هەتا هیچ بەی گرنگ نیین، کە هیچ پیشێیەک نازانم، ئەو یارمەتیم ئێدات لێ ڕەکخشتن و بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەمدا، تازە پەکەوە لێ پشتی پێنجەرەکەوە سریالێک یان فیلمێک کە بەیارە هەفتەی ئایێندە نیگایی بکەین و دواتر گفتوگۆی بکەین. بەیە بە ئێم هەفتەیە من پێشنیاری بینینی فیلمی"مهری حەوتەم" بەرگمانم پێشنیار کرد کە لێگەڕێ پیرەمێردا بیبینین، ئەویش ڕازی بوو، بەڵام وتی ناوەڕۆکی فیلمەکە باسی چی ئەکا، منیش وتم باس لێ مەرگ و چیەتی مەرگ ئەکات، بەیە پیرەمێرد بەی گرنگ بوو، پێش مردن قوڵی و ئاڕزیی مەرگی بە ڕوون ببینێوە لەڕێگەی تەئویلاتی بەرگمانەوە.

پیرەمێرد بەوپەڕی بەواوە ژیانیشی خۆشئەویست، وەک من نەبوو لێ سەرەتایی لاویمدا تاسانی ژیان بمپەوکێنێت، کەتاجار کە یەکترمان بینی، هەفتەیەکی دوایی بینینی فیلمەکە بوو، وتی: من چاوەڕوانییم لێ کەس نییە، مەگەر بەیار نییە لێم خیابان و باخانەیە، ژیان بکەین تا چاو لێکئەنین. گوتم با بەو شێویەیە کە یەکتر لێ ئامێز بگرین و کەسی یەکتر بین، بەڵام چاوەڕوانی یەکتر ناکەین بە مەرگ، بەیار بوو تەماشای فیلمەکی تر بکەین کە باس لێ عەشق دەکات، من و پیرەمێرد هەردووکمان بەجەرە لێ ژیانماندا تێشکاویی دەستی بووین، پیرەمێرد لێ عیشقەکەدا کە زەر تامەزرۆیانە کچەکی خۆشئەویست پێیندرابوو بەیە بەیاری دابوو ژیانی تەنهایی هەبژێرێ تا ئەو کاتەی مەرگ ڕاپێچی گیانی ئەکات و منیش بڕیارێکی تری ماجرایی ئەو عەشقەیی پیرەمێرد لێ سەرەتایی کاروانی هەگبەمدابوو، نازانم منیش وەک پیرەمێردەم لێدێ یان کونجەکی تەلیسماویی تری ژیان ئەزمون ئەکەین.

بەڵام بەداخەوە مەرگ مەودای ژیانی پیرەمێردی نەدا کە پەکەوە فیلمی عاشقی ببینین، بەڵام مەرگ مەودای نەدا فیلمەکە ببینین، منیش دوایی مەرگی پیرەمێردەکە ئەو خیابان و باخانەیەم بەجەهێشت

و بارگ و پناهندیم بۆ ناشونکی تر گواستنۆ. کۆ جارێ نازانم کوێیە؟ ئاوای لەگەڵ پیرەمەردەکەدا پێکاوی ئەبەستینەوە زبری تاسانی ژیان بوو. لەنێوان دوو ژەستدا، کە پێ بدە و ڕح هاوڕێیەتی یەکترمان خۆشئویست. منیش بۆیاری ناشتنمدا بۆو منفایەکی تر… کە تاسای نیگای تاسانی ئاژانی ئاو پیرەمەردە ئەکەم، تۆ بڵێی ئاو منفایەی من بۆی ئەگەڕم هاوڕێیەکی تر لە چۆشنی ئاو پیرەمەردە ئازمون بکەم.

کێشەکانی کوردستان بەرەو کوێ؟ … ئەحمەد رەجەب

کێشەکانی کوردستان زۆرن و چەندین ساڵە بە هۆی سیاسەتی چەوتی سەرکایەتی هەرێم و سەرکایەتی حکومەتی کوردستان و بەرپرسانی هەردوو حزب (پارتی و یەکێتی) کە خاوەندارێتی هێزی پێشمەرگەی 70 و 80 ئەکەن کێشەو گرژییەکان کەمەکەیان کردووەو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تەشەنە ئەکەن و بەرپرسان بە درۆ دەڵەسەو پینەو پەڕۆقسەی هیچ و پووچ و بریقەدار خەڵ ئەکەنە چاوی خەڵکەوەو فریویان ئەدەن و برینەکانیان قووڵتر ئەکەنەوەو بۆ نمونە ئەم خاڵە ساکارو سەرەتاییانەو کە لەم ڕۆژانەدا کێشەو گرژییەکان گەیشتوونەتە لوتکەو پێویستی بە چارەسەرکردنی کتوپرە ئەگینا ئەتەقنەوەو ئەو کات تەرو وشك پێکەوە ئەسوتێت و زەرەرمەندی یەکەم هاوڵاتیانی کوردستانە.
بەرپرسانی دەسەڵات باس لە ئازادی ئەکەن بەڵام کام ئازادی؟ گرتنی هەرەمەکی ڕۆژنامەنووسان و چالاکەوان وخەڵکی سڤیل، ئەوانەی داکۆکی لە ڕاستی ئەکەن و داوای موچەو مافی ڕەوای خۆیان ئەکەن و داکوکی لە خاکی کوردستان ئەکەن و نایانەوێت نیشتمانیەکەیان بکەوێتە ژێر دەستی دوژمنان کە لە زۆر قۆناغەوە چاویان بڕیوەتە خاك و سامانی وڵات.
لە ساڵانی پێشوودا ژمارەیەك خەڵك لەلایەن دەسەڵاتەوە لە ناوبراون وەك شەهیدان : بەکر عەلی ، سەرانی مامە حەمە، سەردەشت عوسمان، کاوە گەرمیانی، وداد حوسەین و خەڵکی تریش و، ئەوەی سەیرە هیچ بکوژێك نەگیراوەو، ئەوەش زۆر مەترسیدارەو ڕێگا خۆشکەرە بۆ

ئەنجامدانی کردەوەی چەپەڵترو، ئەوەتا بە ئاشکراو بە بەرچاوی خەڵکەوە لە دەڵك و هەوڵر ڕەشبگیرییەو، لە هەموو شتێکیش سەیرتر ئەوەیە ئەڵێن بە پێی فەرمانی دادگا گیراون و، هەر زوو خۆیان وەك پیشەی هەمیشەییان بەدرێ ئەخەنەوەچونکە دادوەر فەرمانی ئازادکردنی هەندی کەسی داوە بەڵام تا هنوکە ئازاد نەکراون

نەوت کێشەی سەرەکییەو،پێش هەموو شتێك نەوتی کوردستان هەرزان فرۆش ئەکرێت بۆ ئەوەی گیرفانی بەرپرسان و خاوەن کومپانییەکان گەرم بکاتەوەو تا ئێستا خەڵك داوا ئەکەن پەردە لە سەر نهێنییەکانی ڕێکەوتنە پر شەرمەزارییکە، پێشکەشکردنی (نەوتی کوردستان بە تورکیا بۆ ماوەی 50 ساڵ) هەماڕێت بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە بەرپرسانی دەسەڵات لە ئاستی ئەو پرسە گرنگە خۆیان مەڵاس داوەو کار بۆ گەوجاندنی هاوڵاتیان ئەکەن.
مەچە هات ، مەچە نەهات، موچە دوو هەفتە دوا ئەکەوێت، بەغدا پارەی نەناردووە، عێراق بریاریداوە مەچەی فەرمانبەرانی کوردستان وپێشمەرگە ڕەوانە بکات، ئەم قەوانە ڕۆژانە ئەبسترێن و بەرپرسان یاری بە وشەو دەروونی خەڵکەوە ئەکەن و رایان ئەهێنن بۆ ئەوەی بزانن مانگ لە کوردستان زیاتر لە 60 ڕۆژەو چونکە حکومەت ئیفلیجەو ناتوانێت مووچەی مانگانەی فەرمانبەرانی خۆی بدات.
لە ڕووی پەروەردەوە ڕۆژك خوێندنە لە قوتابخانەکان و ، ڕۆژکی تر خوێندن بە ئۆنلاینە و، بە ناوی کۆرناوە دەسەڵات سەری لێشواوەو نازانن پرسەی خویندن بەڕوە بەرن و،خوێندنی ئۆنلاین پێویستی بە داتا (کۆمپیوتەر) و ئینتەرنێت هەیە و ئەوەش بۆ خەڵکی هەژارو کەم درامەت زۆر ئاستەمەو زۆر جار کارەبا نییەو ، لە وڵاتانی پێشکەوتوو قوتابخانەکان کۆمپیوتەر بۆ قوتابیان ئامادە ئەکەن و لە کوردستان مەحاڵەو حکومەتناتوانێت ئەو کارە بکات و تەنانەت بیریش لەوە بکاتەوەو، هەر لە میانی پەروەردەدا مامۆستان داوای موچەی مانگانە ئەکەن لە گەڵ ئەو پارەو مافانەیان کە چەند ساڵە ڕاگیراوە.
لە ڕووی ئاسایشەوە گرژی زۆرەو پەنگی خواردوەتەوەو داوا ئەکرێت ڕ لە تەقینەوەی گرژییەکان بگیرێت و، هەموو ئەزانن لە کوردستان ئەنجومەنێك بەناوی نەتەوەیی هەیەو، ئەم ئەنجومەنە وەك خۆیان باسیان کردووەو لە 5 کەس پێکهاتووە دووانیان پارتییە و سیانیان یەکێتییەو، لە هەفتی ڕابردوودا ئەنجومەنەکە ڕاگەیاندراوکی بۆاو کردووەو گوایە کاری تیرۆریستی دەرهەق بەم وبەو کراوەو، لە پاش ڕۆژیك 3 کەسەکەی یەکێتی بە درۆیان خستەوەو وتیان ئەمە ئاگامان لەو جۆرە کارانە نییەو، ڕاگەیاندنەکەش ڕاست نییە.

کارەسانە ئەنجومەنی نەتەوەیی درێ بکات و ئارەزوومەندانە تاوان دابەش بکات و، هەموو لایەك سوور ئەزانێت ماوەیەکی دوورو درێژە پارتی دژایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK ئەکات و، زۆر کەرەت بەرپرسە باڵاکانی پارتی پ.ك.ك یان بە میوان داناوەو، لەم رۆژانەدا بە تایبەتی لە پاش رۆکەوتنی عێراق و هەریم لە سەر شەنگال کە بە فیتی ئەمریکا رۆکخرابوو ئاژیەکان زیادیانکردووەو خەڵکی شەنگال بەو رۆکەوتنە نارازین و ئەژمەن : ئەمە هەر رۆککەوتنێك بەبێ خەڵکی شەنگال بکرێت پێ قایل نابین ئەمە لە لایەك و لەلایەکی تریشەوە پارتی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی جولەی بە هێزەکانی کردووەو بمانەوێت و نەمانەوێت تورکیا دەستی باڵای هەیە لە تێکدانی بارودۆخی کوردستان بۆیە پێویستە رێگا لە بەردەم شەری کورد لە گەڵ کورد بگیرێت و چیتر تورکیا خاکی تری کوردستان داگیر نەکات.

2/11/2020

بۆچی ترامپ لەهەڵبژاردنەکانی ئەمریکا شکست دەخوات و دەرناچێت؟ … محمد بابیر

دەسپێک:

10سال بیش ئیستا بابەتیکم نوسی لە هەفتەنامەی زاری کرمانجی بە ناوی (لە پەراوێزی کارەکەی خاتو ماریان خاروداکی) ئەو کات ئەو خاتونە کەڵکی بەست لەسەر بەیوەندیەکانی ئەمریکاو کورد لەوێدا ئەو کچە باسی ئەوەی کرد ،گوایە ئەمریکا بە دریژای میژوو زۆر باش بوو بێ کورد و هەمیشە پاڵپشتی بە هەڵو بوە هەڵو سیمینارێدا منیش بەژداریم کرد و جەند ڕەخنەیەکم گرت و باسم کرد ئەمریکا هەمیشە بەرزەوەندی خۆی رەچاو کردوە و زور جار خەنجەری ژەهراوی لە کورد داوە نمونەشمان زورن ئینجا لەو بابەتەش کورتەوەلامیکم دایوە سەیرە پشتی چەندین سال لە ووتارەکەی من ئیستا بە کردار ئەمریکا سەلماندی کە بشگیری کیشەی رەوای کورد نیە، فەرموو باشترین بڵگێ

(عەفرین و مەنبیج) و داگیرکردنەوەی کەرکوك و پشگیری نەکردنی لە (فراندەم) بزانە چۆن ئەمریکا پشتی لە میللەتی کوردی کرد و هاوپەیمانی لەگەل داگیرکەرانی کورد خشتی دەت ،بەتایبەتی لەگەل تورکیادا….
ئەوەی لێرە مەبەستمە ئەوە بێم ،ترەمپ خرابترین سەروکی ئەمریکا بووە لەمێژودا، جونکە پیوەندیەکان لەسەردەمی ترەمپ زەرخرابونە لەگەل وڵاتانی دەرەوە وە دیبلەماسی ئەمریکا لەسەردەمی ترامپ کەلێنی گەورەی دروست کردیە لەهەمووش سیرتر پیوەندی ترەمپ لەگەل کەسە دکتاتەرەکان زورباش بووە ئیدی سەرکردەیەکی زەر عونسربوەو مەسەلەی ڕەش و سپی لە ئەمریکادا جارێکی تر بەتوندی سەری هەڵداوە وە ترەمپ درزنترین و بە ئەخلاقترین سەرەک بووە لەمێژووی ئەمریکادا،ئەو کەسێکی بازرگانەو بس ، لەسیاسەت زەر فەقیرحال بووە بەجۆرێک ئەستا زیانی زەری گەیاندووە بە ئەمریکاو ،متمانەی ئەمریکای لەسەر ئاستی جیهان لاواز کردووەو ئەمەو چەندین خال هەیە وادەکات ترەمپ سەد دەرسەت لەو هەلبژاردنە شکست بخوات وجو بایدن لەهەلبژاردنەکان دەردەجەت.ئەوەتەنها هەندە خالی لاوازی ترامپ و بەکورتی باسم کردن خۆ لەبەرامبەریشدا بایدن خالی زەربەهەزی هەیە بودەرچون.

31/10/2020

محمد بابیر

چاودێری سیاسی



کۆنەقاڵی ماسک … ناڵە حەسەن

١ م / مرۆڤکان وەک ئاوەی لەسەر تەختەی شانۆ بن
بە سیمای ڕەنگاوڕەنگەوە دەردەکەون
ر / ئازۆ ڕەنگینەکانمان وا خەریکە دەبنە تەز و غوبار
بەمەبەست لەگەڵ با دا دەڕۆن
د / دوای دووسێ ڕۆژ (دیداری من و مردن کۆتایی هات)
ن / نیشتیمان بۆتە سێبەرتە سووکی ڕیو
شیلەی تفتوتاڵی لەدەچێت

٢
لە دووری دووڕوە
لاوکێکی هەمنی مردووەکانم دێتە گوێ
زایەڵەی زەمانێکی زەندەقچووش
لەنیو کۆنەقاڵی ماسکەوە دەبیسترێ
ماسکی (سوور و ڕەش و شین و سپی و پەمەیی و
ماسکی ڕەنگاوڕەنگ)
چ ڕۆژگارێکی نەفرەتییە
مرۆڤکان وەک گیاکان هەڵدەوەرن
وەکو بەفر دەتوێنەوە
وەک ئێستێرەکانیش ئاوا دەبن
بەڵام / ئاوابوونێکی ئەبەدی
چ ڕۆژگارێکی ئافاتی و فەبیاییە
نێک هەر خەمان
خاخاکەی نەو خوون و خیاڵەکانیشمان ماسک دەپۆشن
جەماد و قوربانی / فریشتەو شەیتان / هەموویان ماسک دەبەستن
چەند ڕۆژکە لەسەر مافووری مردن ڕاکشاوم
کشومات ، بەدەنگ بەدەنگ هەر دەڕوانم
دەڕوانم و دەڕوانم و دەڕوانم
جگە لە تارماییەکانی مردن هیچیتر نابینم
بووەتە پێکەڕێک لە خەیاڵ
بیرم / لە مرۆڤکان و یادگارییە جوانەکان دەکردەوە
یان ئەو مەودا و دووریەی نێوان من و ژیان
بیرم لەو ڕۆژانە دەکردەوە لەنەو شیعرەکانمدا دەمنووسی
(ماسکەکەت فڕێدە ئەوی شێخ
من دەمەوێت جوانییەکانی ڕوخسارت ببینم ،،، !)

بەڵام ئەستا
دەڵێم نا / ماسکەکەت فڕێمەدە ئەی شێخ
من نامەوێت
ڕەنگە ڕەشکانی مردن
لەسەر برژانگ و لێوەکان و نیشانەکانت ببینم
نا / ماسکەکەت فڕێمەدە ئەی شێخ
دەرگای کشک و قاپەای خوانەکانت بکەرەوە
با هەر کراوەبن دەرگاکان و ڕێگاکان
منیش بڕۆن دەدەم
دوای چەند ڕۆژێکیتر
لە بیانییەکی ڕووناک و ئارام
وەک خەرتاو دەردەکەومەوە و دەگەڕێمەوە …!

کۆتایی

ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠

فیداکاری کورد و بێ وەفایی تورك …ەسوڵ بەسکێنی

لەپێش جەنگی یەکەمی جیهانیدا زۆربەی خاکی کوردستان لەژێر حوکمڕانی عوسمانیدا بوو، لە ئەنجامی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەرەی ئەمانیا دژ ان و شکستیان هێنا، دەوڵەتی عوسمانی لەلایەن هاوپەیمانانەوە خاکەکەی داگیر کرا و سوپای هاوپەیمانان ڕژانە ئەستەمبوڵی پایتەختەوە و داگیریان کرد، ئینجا ئەوە هەواڵی ئەستەمبوڵ و دانیشتووەکانی بێننەبەرچاوی خۆتان، سەرلەشکر و ئەفسەرەگەورەکانی تورك کەلە ئەستەمبوڵ دابوون، مەبعوسە خوێنگەرمەکان و لاوانی نیشتمانپەروەری تورك، شاعیر و ئەدیبە بەرزەکان دەستی قەڵەمیان شکابوو، تورکەکان بە زەلیلی کەوتبوونە دەستی لەشکری سوێندخۆرەکانەوە، لە پایتەخت و وڵاتی خۆیاندا ببوونە دیل و ژێردەستە، ئەو تورکانەی دەوڵەتەکەیان وا بەتەمابوو، پێکەوە لەگەڵ ئەمانەکان لەشەڕەدا سەرکەون و گرەو لە ئینگلیز ببنەوە، هەموو موسڵمانانی دنیای لێ ڕاست بکەنەوە، بەڵام ئەوا

پایتەختی وڵاتە خۆشەویستەکەیان لەلایەن دوژمنەکانەوە داگیرکراوە، سەرنەوی و لوت شکاو کەتبوونە ژێر دەستی لەشکری هاوپەیمانانەوە، زۆربەی ئەفسەرە گەورەکان لەترسی ڕیسوابوون بەرگیان گۆڕی بوو، خۆیان شاردبووەوە، هاوپەیمانان بەرامبەر بە تورك بەفیزی سەرکەوتن دەجوڵانەوە و تورکەکانیان تەنگەتاوکردبوو، تورکە بێهێز و ئەفسەر و خوێندەوارە بەرزەکان و مەبعوسە نیشتمانپەروەکان چارەیان نەما و لەیەك نزیك بوونەوە و بیریان کردەوە و لایان وابوو مردنیان لەم حاڵە باشترە، لەبەرئەوە بۆیاری جوڵانەوەیاندا، ئەگەرچی بۆ لەشکرێکی تێکشکاوی وەکو تورك لەو ڕۆژگارە زۆر سەخت بوو، خۆیان ئامادەکرد بۆ شەڕێکی تر لەگەڵ هاوپەیمانان، بەتاقی تەنیا و بۆ هاوکاری دەستێکی جێی باوەڕ، ئەگەرچی ئەو ڕۆژگارە بۆ تورکی تێکشکاو ئەم جارە بزووتنەوەیە مایەی گاڵتەجاڕی و شتانە بوو، بەڵام دواجار بەخت یاوەریان بوو، بزووتنەوەکەیان لە دنیادا بووبە داستان.

باسی کورد لە ئەستەمبوڵ
لەلایەکی تر دوای بڕانەوەی شەڕ (موتارەکە) کوردەکانی تورکیا بەتایبەت کەمێک سیاسیەکانی کورد لە ئەستەمبوڵ، کەوتبوونە تێکۆشانێکی بەوچان، ئەم کەمانە بەبێ ترس هاتنە مەیدان و بۆ ئاشکرا باسی مافی نەتەوەی کوردیان خستە پێشەوە، (ویلسن)ی سەرکۆکی ئەمریکا، لەم ڕۆژانەدا بەیاننامەی (14) بەندەکەی خۆی باوکردەوە، بەپێی ئەو بڕگەنامەیە هەموو نەتەوەیەك مافی داواکردنی سەربەخۆیی پێدرابوو.
هەر لەو سەردەمەشدا (کلیمانسۆ)ی سەرۆك کۆماری فەڕەنسە بەیانێکی باوکردەوە، بەناوی دەوڵەتە سۆنەدخۆرەکانی ئەوروپاوە دەیوت:"حکومەتی تورك، دەوڵەتی عوسمانی ئەوەی لەباردانیە، بتوانێت نەتەوەیەك بەرەوبەرەت، لەبەرئەوە متمانەی پێناکرێت و نابێ قۆمەك تورك نەبێ و تائەم لەژێر جۆری تورك و ستەمی تورکدا ژیاوە، دووبارە ئەم بخرێتەوە ژێر حوکمی تورك."
ئەمانە حکومەتی تورکیان خستە ترسێکی گەورەوە، ویستیان لە کوردەکان نزیك بکەونەوە و ماوە نەدەن بەدوای ئەم وتانە یا دەستوورێکی (ویلسن) بکەون، بۆیە حکومەتی تورك (لیژنەیەکی وەزاری) دامەزراند، لەگەڵ کوردەکان بکەوێتە گفتوگۆ دەربارەی چارەنووسی داهاتووی کوردەوە، ئەم لیژنەیە دەبوو لەو شتانە بگەیشت بوونە هەی ناڕەزایی نەتەوەی کورد، بەو مەرجەی لەناو یەکێتی عوسمانی بمێننەوە، چەشنە خۆبەڕێوەبەرێتی (ئیدارە)یەك بخاتەبەرچاوی حکومەت، جگای ڕازامەندی کورد بێت، هەوە بدەن کورد

و تورك لەیەك نزیك بخەنەوە، بناغەی ئەم پەیوەندیە دابمەزرێنەوە، حکومەت و هێزنامە(غەزەتە)کانی تورك، ئەو هێژەی ئێستەمبوو، کەوتبوونە باسی یەکێتی تورك لەگەڵ (برا) کوردەکانیان. خاکی عوسمانیان بەهێی ئەم دووبرایە دادەنا، دوژمنی ئەم وڵاتیان بەدوژمنی هەردوولا ئەژمارد، لە پاراستنی ئەم خاکە پیرۆزەشدا کورد بەشدار بوو، دینی ئیسلام و شەرەفی ناوی خۆشویستی عوسمانی، وەکو تورك دەکەوتە سەرشانی کوردیش..!!
بەگومان ئەم پەیوەگەندانە لەلایەن حکومەت و هێزنامەکانەوە سوودی زۆری بە تورك هەبوو، کارەکی باشی کردە سەر زەربەی کوردەکان، بەناو کەمەڵە سیاسی و نیشتمانپەروەرانی کورد، لەوانە نەبوون باوەڕ بەم پەیوەگەندانە بکەن و لەڕێی ئازادی کورد لەهەوڵەکانی خۆیان دوا بکەون، کەمەڵە سیاسی و نیشتمانپەروەرانی کورد هۆویان کردە کێنگرەی ئاشتی و شەریف پاشایان هەڵبژارد، بەنوێنەری تایبەتی بۆ داواکردنی مافی سەربەخۆیی کوردستان. بەم شێوەیە بەهەی هەوڵەکانی شەریف پاشا سێ بەندەکەی دەربارەی سەربەخۆیی کوردستان، خرایە پەیمانی سیڤەر و لەدوایدا ئەم پەیمانە لە وەزارەتی (فەرید پاشا)ی زاوا بەنوێنەرەکانی دەوڵەتی عوسمانی ئیمزا کرا.
جوڵانەوەی مستەفا کەمال لە ئەنادۆڵ
وەك وتمان لەدوای موتارەکە خەڵك لەئێستەمبوو لەوپەڕی کوفرەوری و تەنگەتاویدا بوون، لەبەرئەوە لە ئاپەیەن و بزوتنەوە بەولاوە چارەیەکی تریان نەبوو، خوێندەوارە نیشتمانپەروەرەکان لەسەر ئەوە هەڵوێستیان بکەن، بە بزوتنەوەکەیان ئەنادۆڵ بکەنە ناوچەی بزوتنەوەکەیان و شەڕش لەوەوە هەڵگیرسێنن، چونکە بوونی لەشکری سەربازی زۆری دوژمن و سەفیری دەوڵەتە بەگانەکان، دژفەتی بزوتنەوەی لەناو ئێستەمبوو نەدا، لەم هێژەدا هیوایەك دەی نیشتمانپەروەرەکانی هووناك کردەوە، حکومەتی ئێستەمبوو، یەکەك لە ئەفسەرە خوێن گەرمەکانی هێنایە پێشەوە، کە لە ژنەرەوە هاوپەیمانیان بوو، بیری لە هەڵگارکردنی وڵاتەکەی دەکردەوە، لەژێر دەسەڵاتی وڵاتە سوێندخۆرەکانی دوژمنی تورك، ئەم ئەفسەرە (مستەفاکەمال) بوو، حکومەتی ئێستەمبوو بەهەڵە چوو (مستەفا کەمال)ی کردە پشکنەری گشتی هێزەکانی تورك لەئەنادۆڵ. بەپێی ئەم ئەرکە کەکردنەوە و هەڵکخستنی هەموو لەشکرەکانی دەوڵەتی عوسمانی لەئەنادۆڵ، کەوتە ئێستەی مستەفا کەمال، ئەویش زۆر بە دڵ و بەگیان بەهێنیدا بچێتە ئەنادۆڵ.
لەم کاتەدا تاقە لەشکری تورك کەبەچەکەوە مابووەوە لەشکرەکەی کازم (قەرە پاشا) بوو ئەویش خەریك بوو چەك دانێ، یان لەئاستیدا چەکی بکەن، هەر لەم کاتەشدا مستەفاکەمال موفەتیشی گشتی لەشکر و یاوەری

خەلیفەی عوسمانی لەستەمبوڵ لەگەڵ چەند ئینگلیزێکدا گەیشتنە ئەرزڕۆم بۆ چەك كردنی لەشكرەكەی كازم قەرەپاشا.
مستەفا كەمال لە (15) مایسی (1919) ئاستەمبوڵی بەجێهێشت و چووە سەر كارەكەی. هەر كە گەیشتە ئانادۆڵ ئەفسەر و سەركردەكانی لەشكری بەدزییەوە كابووەو و مەبەستەكەی تێگەیاندن، هەموو خوێنگەرم و نیشتمانپەروەرەكان دژە ئامادەییان پیشاندا، حكومەتی ئاستەمبوڵ لێم كردەوانە كووتە ترسەوە، لەبەر ئەوە یەكسەر مستەفا كەمال داواكرایەوە بۆ ئاستەمبوڵ، بەڵام مستەفا كەمال بۆیاریدا نەچێتەوە ئاستەمبوڵ و لە حكومەتی (خەلیفە) یاخی بوو.
لەباتی چەك كردنی لەشكرەكە مستەفاكەمال لەگەڵ كازم قەرەپاشا و تورك پەروەر و عەشایرەكاندا ڕاكەوت و ئینگلیزەكانیان گرت، هەر لەوێش كێنگرەی ئەرزڕۆمیان گرت، لەیەكەم كابوونەوە كە كرا سەد هەزار لیرە كۆكرایەوە بۆ یارمەتی مستەفاكەمال، عەشایەر و كوردەكانی ئەو ناوەش لەم كاتەدا ئامادەبوون لەگەڵ شەیتانیشدا ڕاك بكەون بەومەرجەی لەدەست ئینگلیز و ئەرمەنی ڕزگاریان ببێت، بەخێیان و چەكیانەوە چوونە لەشكری مستەفا كەمال، لەشكری مستەفاكەمال هەرشی بردە سەر ئەو لەشكرە ئەرمەنیەی هاتبووە سەر سنوور و خراپ شكاندی، وازیشیان لێ هێنان بەو مەرجەی لەگەڵ ئینگلیز پەیوەندی نەگرن، لەگەڵ ڕووس ببن بەدۆست، كە مستەفاكەمال خۆشی پەیوەندی لەگەڵیاندا باش بوو. بەم جۆرە چەكێكی زۆر كەوتە دەست لەشكری تورك و جەبهەی ڕۆژهەڵات، بارەگای سوپا گوازرایەوە بۆ سیواس و لەوێشەوە بۆ ئەنقەرە.
پاش یاخی بوونی مستەفاكەمال گەلێك لە ئەندامانی (مجلسی مەبعوسان) بۆیاریاندا حكومەتی ئاستەمبوڵ بۆشوێنی نەناسن، لەبەرئەوەی ئەم حكومەتە لەژێر دەستەاتی سوڵتان و دوژمن و بێگانەكان دایە، لەبەر ئەوە لە حوزەیرانی (1919) بڕیاریانداوە لە ئانادۆڵ سەرلەنوێ دەست بكرێتەوە بە كۆكردنەوەی (مجلیس)ێكی تازە، هەڵبژاردنی نوێنەرەكانی خەڵكی ئانادۆڵ، بە ئەم (مەجلیس)ە تازەیە.
مستەفا كەمال لەسەر ئیدارەیەكی هاوبەشی برایانە لەگەڵ كوردەكان ڕاكەوت، بەم جۆرە (بویوك میللەت مجلسی) واتا ئەنجومەنی میللی گەورە دروست بوو، زۆربەی كوردەكان تیایدا بوون بەئەندام و هەوڵی تورك و كورد یەك خرا بۆ سەركەوتنی ئەم ڕاپەڕینە هەموو پەیوەندیەكیان لەگەڵ حكومەتی ئەستەمبوڵ بڕی و پەیوەندی دۆستانەیان لەگەڵ ڕووسدا بەست.
ئیتر بەهێزی بەهێزی و بە دەستەاتی حكومەتی ئاستەمبوڵ، خەڵك وردە وردە ڕوویان لە حكومەتی ئاستەمبوڵ وڕگەڕا و هەموو شتەك وای دەردەخست جوانەوی مستەفاكەمال ببێ بەهێی ژیانەوی نەتەوەی

تورك، پەيستە پشتگيرى مستەفا كەمال بكرێ. سوێندخۆرەكانيش كەوتنە هاندانى ئەستەمبوڵ مستەفاكەمال تەمبێ بكات، يا لێناوى بڕێ.
لەوكاتەشدا (عەلى ڕزاپاشا)ى سەدرى ئەعزەم داواى لە (سوڵتان وەحيەدين)ى خەليفەى عوسمانى كرد، لە سەرەكايەتى حكومەت ئازادى بكات، ئەو كاتە كە سوڵتان يەشى خەى دابووە دەست سوێندخۆرەكان داواكەى عەلى ڕزاپاشاى قبوڵ كرد و لە (30ى نيسانى 1920) داواى لە فەريد پاشاى دامادكرا بە دامەزراندنى وەزارەتێكى تازە. بەم جۆرە حكومەتێكى لاوان پێكهێنرا، لەبەردەستى سوێندخۆرەكان نەتوانى جوڵە بكا، لە هەمان كاتدا حكومەتى ئەستەمبوڵ لەژێر سەرپەرشتى مستەفا پاشاى ياموكى (مجليسى سەربازى) بە مستەفا كەمال دانا و لەپاشملە دادگايى كرد و حوكمى خنكاندنى مستەفا كەمال و گەلێك لە نيشتمانپەروەرەكانى تورکيدا. حكومەتى فەريد پاشا بەياريدا هەز بنەڕەتە سەر مستەفا كەمال لە ئەنادۆڵ.
ڕەشەبای حوزن هات، تۆ هەر نەهاتی
گەردەلوولی بێهودەیی هات، تۆ هەر نەهاتی
زریانی کوێرەوەریی هات، تۆ هەر نەهاتی
چرکە بەزارکەرەکان هەموو هاتن، تۆ نەهاتی
ڕۆژەکان هاتن و ڕۆیشتن، تۆ هەر نەهاتی
لە کۆتاییدا مەرگ هات و
تە چەند خولێک دواتر گەیشتیت

بۆ ئەبەد ئەمم، ئیدی
لەناو کتێبەکاندا بەم بگەڕێ
لەناو حکایەتەکاندا گومم لە بگرێ
لە ئەفسانەکاندا بمدۆزرەوە
چوونکە، عەشق
باڵی دوا سەفەری پێبەخشیووم و
ئەبەد ناگەمەوە

شیعـــــر: ئاگـــــاداری پـــنجـــرە بچوکـــکان بن … نـــوزاد بـــەندی

لـە پـەنجـەرەیـەکی بچوکـەوە ،
دنیایـەک تیشک و ڕونـاکی دەتـەژوورەوە ..
ئاسمانـێک هـەوا و شـەماڵ دەن لـەو دیو سنوورەوە ..
بـەنی گوڵ ..
بـەنی باران ..
دەنگی بانگ ..
شـەوەی یار ..
خـەخاڵـەکە ..
بـەفر و باران..
بـەنی چـێشتی دراوسـکان ..
تـەپ و تـەز ..
کـەکتـەل و خورما خـەڕەی هـەڵهاتوو ..
پـەپولـە ، دەن لـە دوورەوە ..
پـەلـە مـەشولـە و ..مارمـەلـکە دزە ئـەکـەن ..
قالـەنچـە ..
دوپشک ..
مار ، بـەشداری ئـەو حـەزە ئـەکـەن ..
سواکـەر ..
پشیلـەیـەک وپـەنج بـەچوو ..
کـەڤید نـەزدە ..
بـەنی زڕاب ..
جاسوس ..
وێـەی ئوتومبیل
فیشـەک ..
نارنجـەک ..
جنـەو ..
پیاو کوژ ..

دز ..
شەواڵ پیس ..
سیاسی ..
لە پەنجەرە بچوکەکان ئەدەن …

ئاگادار بن ..
پەنجەرە بچوکەکان گەورە نەبن ..
چونکە تۆشی هەرچی زوڵم و جەورە ، ئەبن ..

پەنجەرە تاک وەکو سەرک ،
یان ئەبەتە دنیایەکی
پڕ لە داد و
زانست و
جوانی و
ئازاوە ..
یان ئەبەتە زیندانەکی
پڕ نادادی و
برسێتی و
جەنگ و
نەزانی و
دواکەوتن ..لە هەر چوار لاوە ..
وەات ئەکا بە کەلاوە ..

ئاگادار بن ، سەرکەکان گەورە نەبن ..
چونکە تۆشی هەرچی زوڵم و جەورە ئەبن ..

نەوزاد بەندی

بیرەوەری: شیعر و دڵمانچەی ئاوی … سەباح هەنجدەر

دوای وەستانی شەڕی ناوخۆ، کوردستان دابەش بوو بەسەر دوو دەڤەر و دوو دەسەاتدا. لەهەر بەنەیەکیاندا ئەدیبەکانیان داوەت دەکرد و

دەبوون بە کۆی نازدار و ڕێزلێگیراوی بەنەکان. ئەم داوەتکردنە وەک ڕێزگرتنێکی بەخششی ئەدەبی نەبوو، بەڵکو دەستاتێکان وەک مەرامی تایبەتی و خەرخستنێک و جۆرێک تاکتیک، ئەو مەرحەبا و خوانەیان بە ئەدیبەکان ڕەوا دەبینی. بە ئەدیبەکانیش جۆرێک ڕەکەوتی تاسشکەن و ناوازە بوو، یەکتریان تەدا دەبینی و ئاگاداری بەرهەمی یەکتری دەبوون. بەرهەمی تازەی خۆشیان پێشکەش بە یەکتری دەکرد، پێوەندییەک بەرجەستە دەبوو، پێوەندیی ئەدەبی. ئاوکات، تا ڕادەیەکی زۆر شارەکان هاتوچۆکردنیان تەدا قەدەغەبوو. لە بەنەی پێنجاسالەی دامەزراندنی: (پارتی دیموکراتی کوردستان)دا، کە لە ساڵی 1996 لە مەسیف بەڕێوەچوو، ئەدیبەکانی هەولێر و سلێمانی و کەرکووک و دهۆک، زۆربەیان داوەتی ئەم بەنەیە کرابوون. ئاوکات هەولێر لەژێر دەسەڵاتی: (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان)دا بوو، ئەمە کەمێک ئەدیب بووین بانگهێشتی ئەم بەنەیە کرابووین. گوتیان دەبە بچنە دەزگای... (ناوەکەیم لەبیر نەماوە)، بەڵام لە شوێنی پارێزگای کەنی هەولێر و قایمقامیەتی ئێستا بوو، پسووڵەی ڕێپێدانتان پێ بڕت، ئینجا بازگە ڕێگاتان پێدەدا بچن، یان نا. بەو پێیەی: (محەمەد موکری) هەم هاوڕێمان بوو، هەم ئەدیبێکی سەدا سەد یەکێتی بوو، لەناو حیزبەکەیدا گوێی لێدەگیرا. داوامان لێی کرد کارئاسانییەکمان بە بکات. ئەمە: (عەبدوڵا سەراج، کەمال غەمبار، خاڵە حەمرین، بەتان جەلال، سامان دزەیی، ئەحمەد حەیران و من). وابزانم: (جەلیل کاکەوەیس)یشمان لەگەڵدابوو، یەکمان گرت و چووین بە ئەو دەزگایەی بەیان دەستنیشان کردبووین و سەاوی محەمەد موکریشمان پێبوو، کە چووینە ژوورەوە کارەبای ژوورەکەیان بڕی، بە ئاوەی گەرما هەراسانمان بکات: (ئەحمەد حەیران و سامان دزەیی) لە پێش پرسگەی دەزگاکەدا دەیان خورپەی کرد و بە ئاوەی قسەیەک لەگەڵ ئەمەدا بکەن، کە پەکەوە هاتووین و چ ئەرکێکمان بەسەر یەکترەوەیە، بە خشکە ئەمەیان جێ هەشت و گەڕانەوە، کە ئەمە بە دەشکاوی و دەموچاوێکی تووڕەوە هاتینە دەرەوە لە نزیک دیواربەندی: (گیو موکریانی) چاودێری ئەمەیان دەکرد، ئەگەر ڕێگامان درا لەگەڵمان بێن، ئەگەر ڕێگاشمان نەدرا ئەو ساغ و سەلامەت. نە ئاو شڵووبووە، نە بەفریش شۆن پێیەکی لەسەردا جێ ماوە. ئەنجام بەرپرسەکە، کە شانی پێ ئەستێرەی تاریک بوو، ڕێگای پێ نەداین، (کەمال غەمبار) بوێرانە و لەژیکانە و لەجێی خەیدا قسەی بە بەرپرسەکە کرد و ئەم جۆرە کردەوانەی بە داپڵاسین و دیکتاتێریەت و هەڵاشەی هەرزەکارانە لە قەڵەم دا، بەرپرسەکە بەشێوەیەکی ناشایستە وەک ئاوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ کەمەڵەک دەستگەڵەی ناو بازاڕ بکات، کە سەرپێچیەکیان کردبێت، ئەمەی بەڵێ کرد. ئەنجام ئاوانی تریش گەڕانەوە و پەرتەیان

لە کرد. کەمال غەمبارم وەك پیاوە گەورەکانی ناو مژوو، لە خاڵی هەوەستدا بینی، وەك مەیدانخوازییەك ووی تە کردم و گوتی: سەرکەشی شاعیریەتی لەرەو دەردەکەوێت، واتە: مەیموون لە هەوەستدا بوو بە مرۆڤ. منیش بە دوودڵی بەیارم دا بچم و گوتم: چی دەبێت با ببێت، ئەگەر باجی سەریش بێت. لەم ووداوەدا لە پاڵ توانای ئەدەبی، ئەوەم بە دەرکەوت، کەمال غەمبار پیاوی هەوەست و ئەدیبەکی بە جەرگ و چاونەترس و واقیعییە و خاوەن قسەی خۆیەتی. ئیدی لەم چرکەساتە بەدواوە بووە جێگای هەموو بەوایەکی من و برا و پشت و پەنام، باشیش لە بیرکردنەوەی خەمان گەیشتم و دەبێت کەسایەتی ئەدەبیمان بەسەر هەموو ئاستەنگەکدا سەر بخەین و گەشەی پێبدەین.

چووینە گەراج و قەمەرێکی تایبەتمان گرت. لە بازگەی: (هەولێر – مەسیف)دا هێگایان لێگرتین و ئەمەیان گەیاندەوە. برادەرێکی نزیکی خەمم لە بازگەکەدا بینی، کە زەر هەگری شیعرەکانی من بوو، بەتایبەتی بە دوو شیعرم: (چنگەنێی سیپان و هەناسەی شاخ)، کە لە ژمارە (2)ی بەاوکراوەی (ئاسۆس)، گەلاوێژی 1984دا، بەاوکراوەتەوە. شیعری: (دابارین)، لە ژمارە (43)ی گەڤاری (کاروان)، نیسانی 1986دا، بەاوکراوەتەوە. لە یادی بەردومانی دە ساڵەی قەادزەدا نووسیومە. ئەو برادەرم شانەکار و قوتابی کەلەژی کارگەی ئابووری بوو، ناوی (موحسین) بوو، شانە و کەلەژی بەجێ هەشتبوو ببووە چەکدار، شەی ناوخەی دەکرد. بەداخەوە هەر لە هەمان بازگەدا بە تەپی دوورهاوێژ بووە قوربانی. بەمنی گوت: ئەگەر بە تەنیا دەچیت هێگات دەدەم. منیش پیاوەتییەکەم هێت کردەوە و پێمگوت: (ئەوە لە خەسەتی هێشنبیری داماڵدراون). ئەم وەك بەرپرسەکەی تر هیچ قسەیەکی نابەجێی نەکرد. تەنیا گوتی: لە نیازی خەتەوە تەماشای خەکی دیکە مەکە، ئەدیبەکانیش بەشێکیان سیاسەت دەکەن، منیش زەر بە هاشکاوانە گوتم: من حەز لە هونەری سیاسەت ناکەم و بەای ببەیش وەك پراکتیك بەلایەوە ناچم، بەڵام هەوەدەدەم جیهانبینیی سیاسیم هەبێت، داهێنان هونەری هەیە، شیعریش هەیە هونەر و مرۆڤە. من حەز لە هونەری شیعر دەکەم و تا ماوم خزمەتکاریم، بەڵام بەووی دەساتی هێشنبیریی هەسمی هەدەشاخەم و نابووتی دەکەم. خوێندەوارێکی وردی ئەدەبیات بوو، بە تایبەتی ئەدەبی بارگاویکراو بە سیاسەت و هەچوونی شێشگەانە. بەمنی دەگوت: تە نەگەشبینی، نەشبینی. منیش دەمگوت: نەگەشبینم، نەشبینم. شیعری من لە پراوێزی هەردووکیاندا بەوەدەچێت، ئەستاش چەند کتێبەکم، هەردوو بەرگی: (داغستانی من)ی هەسووە هەمزەتۆف. وەرگەانی لە ئینگلیزییەوە: (عەزیز گەردی) و دوو هەمانی: (حسام بەرزنجی)، 1 –

زلیل. 2 – کانگای بوا و ومانی: (دایك)ی مکسیم گورکی. ورگوانی لە فارسییەوە: (کریمی حسامی) لە کتێبخانەکێدا مایەوە. ئەو برادەرم لە ڕۆگای شاعیر: (قادر ئیبراهیم مینە)وە ناسی، کە خاوەنی بەهرە و توانایەکی شاراوە بوو، بەداخەوە مکینەی زامی سیاست قادری هاڵی، ئێستا هیچ توانایەکی شیعری تێدا نەماوە، (بەداخەوە). نەچووە بچێت، جارێکی تر ناولێپی خێی بێن بکاتەوە و کەمەك ئێستەڕەی تر هەداتە ئاسمان.
ئەوەی وەك بیرەوەری لام مایەوە هەر لە گەراج پارەی شوفێرەکەمان دا، کە بە مشتومەی ئەمە و بازگەی زانی، جوامێرانە ئەمەی هەریەك هەنایەوە پێش مالی خەمان و پارەکەشی بە گەڕاندینەوە.
لەوکاتە کورتەی لەگەڵیدا بووین، کاستەکی: (حەسەن گەرمیانی) خستبووە سەر موسجیلەکەی، لەناو دەنگ و ئاواز و ئەدای گەرانی (کەمەر شل)دا نقووم ببووم، کە هاتمە خوارەوە سوپاسیم کرد. کاستەکەی وەك دیاری پێ بەخشیم، هەوەم دا لێی وەرنەگرم. گوتی: بازگە دەی ئەوەی شکاند، تەش دەی من مشکێنێ، حەسەن گەرمیانی گەرانیبێژەکە فەلکلەر بە ڕەسنایەتی فەلکلەر دەڵێتەوە و دەگمەنە، لەخەوە دروست نەبووە. بە ئەوەی دەسەاتەك، یان تیپێکی مسیقی، یان کەسەك بەرزی بکاتەوە، بە خێی دەفەت و ئاسمانەکە بە ئەوەی خەکانی تریشی تێدا بفەت. لەم بنەیدا بەشەك لە ئەدیبان گێشتبوون و گەڤاری تەامانیان بەسەردا دابەش کرابوو، لە دانیشتنی ناوخەیاندا گفتوگۆیەك لەبارەی شیعرەکی من و شیعرەکی: (حەسیب قەرەداخی) لە نەوان: (قەرەداخی و حەمە کەریم عارف) دروست دەبێت، کە لە ژمارە (1)ی گەڤاری (تەامان – امان)، تەممووزی 1996دا، بەاوکراونەتەوە. شیعرەکەی ئەو بە ناونیشانی: (فەجری عەشق) و شیعرەکەی منیش بە ناونیشانی: (درووەی ئاونە).
(حەمە کەریم عارف) لە گفتوگۆکێیدا بەراوردێك لە نێوان هەردوو شیعرەکەدا دەکات. قەرەداخیش دەماری دگیرێ و بەراوردکردنەکەی پێ قبووە ناکرێت. هەڕەقینەوەی لا دروست دەبێت. وەك: (فەیسەڵ دەهاتی) بەی گەڕامەوە تانیەکی ەاست و چەپیش لە ئەزموونی من و تەواوی لاوان دەدات. لەکاتی گفتوگۆ و هەمان دانیشتنداا: (محەمەد عومەر عوسمان) داوا لێ: (ع. ح. ب) دەکات گفتوگۆیەکی ئەدەبی بە گەڤاری ەامان، لەگەڵدا ئەنجام بدات. قەرەداخیش بێ: (ع. ح. ب) دەڵێت: (بە تەمومژ و سەرلێشێوان ئاماژە بە شیعرەکەی سەباح بدێ). ئەویش لایەنگری بچووەکەی دەبێت و داواکەی بجێ دەهێنێت. چاوپێکەوتنەکە لە ژمارە (3)ی گەڤاری ەامان، 5ی ئەیلوولی 1996دا، بەاوکراوەتەوە و تێیدا دەڵێت: (شیعرێك من تێنەگەم بە شیعری دانانم. ئێستە هەر لە ژمارەیەکی ەاماندا شیعرەکی: (سەباح ەنجدەر)م بەرچاوکەوت.

لەوانەیە هەیە بۆ ئەم چاکترین شیعرە، بۆیە ئەو تەموزە من لەی تێناگەم، بۆ مەرجە ساڵەهای ساڵە شیعر دەنووسم و دەخوێنمەوە.)
یەك لە ئامادەبووان: (عەبدوڵا تاهیر بەرزنجی)، کە ڕۆخنەگرێکی خاوەن میتۆدە، بەم هەڵسوکەوتە دەتوانێت دەبێت و لە خەسڵەتی ڕەشنبیری دایدەماڵێت، پاش ئەوەی ڕووبەڕوو سەرکەنەی ئەم داوا و بۆچوونەی هەردووکیان دەکات، پێی ڕاگەیاندم: ع. ح. ب هیچ بەرهەمی تەی نەخوێندووەتەوە، بگرە هەر ناویشتی بەرچاو نەکەوتووە. ئەم لێخانەی ئەدەب دەرچوونەی پێی کراوە، وەك هەواڵستی داکۆکی و هەڵوێستەقینەوە و کاردانەوە و دژە دیاردەیەك بوو، بەرانبەر بەراوردکردن و گفتوگۆیەکە. بەچوونی جیاواز و جەراوجەر پێویستندی بە ڕایەك و تانوپۆی شیعرەکە، خۆیەوە هەیە. بوار دەخسێنێ بۆ لێکدانەوە و بەراوردی جیا جیا.
ماوەیەکی بەسەرچوو، لە 16/6/1997دا، لە هەولێر لە هەڵی میدیادا: (ع. ح. ب) میوانی بەنیەکی ئەدەبی بوو، (من و بۆتان جەلال و دانا عەلی سەعید) خەمان پێی ناساند و وێنەمان لەگەڵدا گرت. ئەستا وێنەکە لە ئەلبوومی منداین. وەك مەبەست لەگەڵی وەستام و گفتوگۆیەکی کورتمان لەبارەی ئەدەبدا کرد. وەك مەبەست و بە دیاریکراوی ئەوەم لەگەڵدا باس کرد، تەموزە پەداویستییەکی ئەستێتیکییە و هەزکی خوێنەرە، هیچ شیعرێکی نەمریش لە تەموز خاڵی نییە. ئەوەی تە مەبەستێتە لەییە، لەیش لە بایخی لێکدانەوەی داهێنرانە دوورکەوتووەتەوە. ماکی داهێنان نییە. بابەتی چاوپێکەوتنەکەیم هێنایە پێشەوە و گوتم: مامۆستا لەو چاوپێکەوتنەی لە گۆڤاری ئاماندا بەناوکراوەتەوە وەك شاعیرێك ئاماژە بەمن دەدەیت، کەچی من چیرێك دەنووسم، قەت شیعرم نەنووسیوە. ئەمیش تەزبیحێکی دەنك گەورەی بەدەستەوە بوو، بەدەم پێنجە جووانەندنەوە ڕووی لەمن وەرگەڕا و بە قووڵاییەکی زڕەوە گوتی: (ئەی بە وایان گوت).
لە ناوەرێك و جەوهەری خەیدا دانی پەدانا و لە ئاستیەکە تەواو دەنیابووم. منیش بەچوونی خەمم بە پاکی و ئاشکاوانە گوت و گوتم: ئەگەر ئەدەبت باش ناسیبێت، چەن دەتوانیت مەودایەك وەربگری و بەچوونەکی جیاوازی لەم شوێنە دەربڕیت. دەم ئەشاند. (گیانی گیانان: داوای بووردن لەم دەئەشانە و هەموو دەئەشانکان دەکەم.)
ماوەی چەند ساڵێکی بەسەرداچوو لە هەمان گۆڤاردا: (ئازاد عەبدولواحید) چاوپێکەوتنێکی دیکەی لە ژمارە (33)، 5ی ئازاری 1999 لەگەڵدا ئەنجام داوە، لەوەدا دەڵێت: (لە هەولێر (کەریم دەشتی) دەبینم شتی جوانی هەیە، (سەباح ڕەنجدەر) شتی باش دەنووسێ).
ئەی شیعر: چیایەکی چەند هەستی و چەندیش بەر گوللەی کوێر و

دەمانچەی ئاوی دراوی. هەنگە هەخنەگرەك، یان خوێنەرەك وەك شاعیرێكی بۆ ئەزموون، كە نیو سەدەیە شیعر دەنووسێت، گوێی لە بگرێت. هەنگیشە لە چاوپێكەوتنی دووەمیشیدا منی نەخوێندبێتەوە و بڕوامی نەناسیبم. تەنیا بە پاساودانەوەی بەچووني یەكەمی، بەچووني دووەمی دابێت، لەبەرئەوەی من بەهەڵە بردنەكەیم زانیوە. نەناسین و بەچوون لەبارەی یەكتری دان، مەیدانی كوشتنی یەكترییە. لە كاتێكدا ئەم خاڵە لە ژیانی ئەدەبیی خەم دەهێنمەوە یاد و ئاوڕش دەزانم. ئەو وردە بیرەوەرییانە پەناگەی هەڵحەن و خەتی تەدا دەبینیت، چەن هەیشتووی و چەنیش دانیشتووی. چەنیش خەت لە ماوەكاندا دەناسیتەوە. هەقیقەتی ماوەكان چی بوونە بە گۆشەی هەڵحیت و خەلادان لە زمانی دەستەم. بە دیاریكراوی مەبەستەم ئەوە بپرسم: دەبە هەی چی بێت كەسێك بچێتە ژێر كاریگەری بەچووني كەسێكی دی و خاوەنی پەوڕی خەی نەبێت، یان پەوڕ ونكردن چ بارودۆخێكی خنكێنەرە بە بەچوون.
كە پەویستی ئەم نووسینە خرۆشاندمی، بە باش ناسینی، تەواوی دیوانەكەیم خوێندەوە، كە ساڵی 2013 بەهەوبەرێتی چاپ و بڵاوكردنەوەی سلێمانی لە 850 لاپەڕەی قەوارە گەورەدا چاپی كردووە. شاعیرێكی زۆر ئاسایییە، بە زمانێكی میللی نووسیوێتی، لە ڕووی شێوازی نووسینیش سادە و خاوە. لە شاعیرانی نەوەی خەی وەك: دیلان، كامەران موكری، هەردی، كاكەی فەلاح … تاد، لە هەموویان ناكارا و بەكاریگەرترە. قووڵایی بیركردنەوەی كەم تەدایە و تەنكە، ئاگەر لە هەندێك دەڕ و كەپڵەشدا قووڵایی بیركردنەوەشی تەدابێت، كەم لەناو بیركردنەوەكەیدا دەمێنێتەوە و نایگەیەنێتە بارێ تەئامان و خەبینییەكی داهێنەرانە، بەڵكی دەهەڵەت.
سەرەتای شیعری: (شەو)ی خاەكی ئێستێتیكییە بە بەیەككەیشتنی شیعر و مەرەف و دەخی ئێستێتیكی مەرەف لەناو شیعردا، بەهام لە ناوەڕاستیدا سیاسەت دەهێنێتە ناوە و هەستە ئێستێتیكییەكە لەناو دەبات و دەبێتە (مانا و گواستنەوە)، ئەمەش جۆرێكە لە ناشارەزایی ئێستێتیكای ئەدەبیدا. لە ئەدەبی ئێستێتیكیدا زمان تەنیا مانایە، گواستنەوە نییە.
فریشتەی خەم سەری سوماوە ئەمشەو
ئەوەندەی خەم بەم و بەو داوە ئەمشەو
لەبەر لەشاوی تیپی مەینەتیدا
سوپاسی خەشی شكستی داوە ئەمشەو
من بەو زمانە دەنووسم، كە پەی دەگریەم، لە هەگای هەست و هەناسەی قووڵی زمان و (پەرتاو – شەتەحات)ی سەفییانەوەش نەكەوتمە ژێر كاریگەریی باوخوازی بەشێك لە شیعری كوردییەوە، جیاوازم لە:

(ئامانج) و (ئەستێتیکا) و (ئاراستە)دا، شیعری ئاوێتە: جیاوازی لە شیعری قۆناغ. شیعری ئاوێتە پەیوەندییەکی داهێنەرانە لە نێوان زەینی (خوێنەر) و زەینی (نووسەر) دروست دەکات، کەواتە: شێواز و بیرکردنەوەم لە نموونە باوخوازەکەی شیعری کوردییەوە نییە. بەڵکو پرسی تێنەگەیشتن و تێگەیشتن. ویست و داوایەکە لە شێوازی باوخوازدا. پەیوەندی بە چێژەوە نییە. چێژ، خۆشی لە بە ئاکام گەیشتن وەردەگرێت. ئەوەندەی پەیوەندی بە (پێکهاتەی نوێ) و (بوون) و (چییەتی)یەوەیە، پێکهاتەی نوێ و بوون و چییەتی، خەیان ناوەند و تەوەرەکن و بەرەو قووڵایی دەبەن و لە ناخەوە هەوڵدەدەن دیدی باوخواز و گۆڕی باوخواز بگۆڕن و ئاگاییەکی ئەندازەیی بدەنێ، کە چەن مامۆستا لەگەڵ بارودۆخی ئەم پێکهاتە نوێیە و بوون و چییەتییەوە بکەیت، هەوانینی بابەت و هەزی جیاوازی دەق لە هەگای سەسەی هەحی زمانەوە ببینیت.

پووشکین فەرموویەتی:

ئەگەر ژین درێی لەگەڵدا کردی
خەفەت مەچێژە و دڵت نەڕەنجێ.
لەڕەژی هەشا. باوەت وابێ،
کە هەندێ نابا خۆنت دڵتەجێ.

دێ بە دواڕۆژ لەدەدا.
ئەستای مرۆڤ خەم و ژانێ.
ههرچی هەیە هادەبووڕێ
هابردووش هەمیشە جوانێ!

پاشکەی عێراق: ژمارە (45)، ئەیلوول و تشرینی یەکەمی 1981 ل:16

هەزی نزا لەم شیعرە وەردەگرم و ئەم داوایە لە هەزی نادیار و هەبوونی هاستەقینە دەکەم، ئەوەی وەك دوژمنیش هەسوکەوتی لەگەڵدا کردووم من لەی دەبوورم و لەگەیدا دەچمە ناو سەبەر و هەتاوی سروشت و بەخششی هەزی نادیار و هەبوونی هاستەقینە. لەگەڵ هەزی هووخێنەری ئەدەبیشدا ناجەنگم، چونکە ئەو بەوایەم هەیە داهێنەر دەکوژرێت، بەڵام ناووخێندرێت. جەنگی ئەوی دی سەبارەت بە داهێنەر، جەنگ نییە. قەواڵەی بەتاڵە.

هەموومان دەڵێین، تەنیا ژیان بە زیندوویی دەمێنێتەوە، پاش مردنمان ژیان. بە وردی، زۆر بە وردی دەمانبینێت و پارسەنگمان دادەنێت. سەرەتا ئەم بەچوونەم لە: (ع. ح. ب)دا خوێندەوە، سنووڕە فراوانەکانم لا بچووك بوونەوە. هەستم بە غەدرەك کرد، وامزانی

دستم لە بەرزکراوەتەوە بە لەدان، بەڵام ئێستا، بیست ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە. نزدە ساڵیش بەسەر کەچی دوایی: (حەسیب قەرەداخی)، شازدە ساڵیش بەسەر کەچی دوایی: (ع. ح. ب)، تاسەی ئەوە دەکەم، وەک چەن دەست و دەت دەکەیت بە چەترەك و بەسەری دەشکاوەکدا هەیدەدەیت، هەم خەت و هەم دەشکاوەکە دەچنە ناو سەبەر و هەتاوی سروشت و بەخششی هەزی نادیار و هەبوونی ئاستەقینە. هەزار جار لەوە زیاتر، تاسە لە هەموو هەستەکانم پلەدا، بەم درەنگی شەوە، ساتەوەختی ئەم نووسینە، بچم دەست بەسەر کەلەکانیان دابهێنم و بە خەیی گەکانیان تەیەمومەك بەجێ بهێنم و شوونوێژەك بکەم. نوێژی شیعر و ئوپەیی داهێنان. ئەی هەزی نادیار و هەبوونی ئاستەقینە، بمگەیەنە ئەو بارەی داوای دەکەم.

حوزەیرانی 2016 هەولێر

قورئان لە خەلیفە عوسمان کوێی عەفانەوە بە ڤلادیمێر لینین ! … سەردار عەبدوڵا حەمە

ئەم ناو نیشانە جێگەی سەر سوڕمانە منیش هەوڵ ئەدەم لەم کورتە نوسینەدا ئەوە ڕوون بکەمەوە و لەو سەر سوڕمانیەتان بهێنمە دەرەوە .

دووساڵ پێشتریش لە ووتارێکمدا ئاماژەم بەم مەسەلە یە کردووە وەک هەوێستی لینین لە بارەی ئیسلامەوە بەڵام ئەم جارە هەوڵ ئەدەم تایبەت تر لەمەسەلەیە بدوەم تا زیاتر ئەوە ڕوون بکەوە سۆشیالیزم چەندە ئازادیەکی بە سنوری هەیە بە بیروڕاکانی کەمەگا چ بە بیرو ڕای ئایینی بە یانائایینی . واتە ئەو ئازادیەی لەم سیستەمەدا هەیە لە هیچ سیستەمێکی تردا نیە .

هەروەک مەژووی ئیسلام باس لەوە دەکا کە قورئان لە سەردەمی خەلیفەی سێ یەمی موسەماناندا (لە ساڵی٦٥١ زایینیدا و ١٩ ساڵ پاش مردنیپێغەمبەری ئیسلام بووە) کەکراوەتەوە کراوە بە کتێب واتە لە لایەن عوسمان کوێی عەفانەوە بووە . پێنج دانە لەم کتێبە دەنوسرێت

هەریەکەیاندنەردرە بە پێنج شاری ئیسلامی، دوو لەو نوسخانە دەمێنی دانیەکیان لە قەصر قوپ قاپی تورکیا دەبە دانەکێیشیان لە مەدینە دەبە کە نوسخەیئەسڵی عوسمان کوڕی عەفان خێی دەبە. لە پاش مردنی ئەو خەلیفەیە عەلی کوری ئەبوطالیب دەبێتە خەلیفە ئەو نوسخە ئەسلیە دەنێت بە کوفە لەعێراق .
کاتێ تێموری لەنگ ناوچەکە وێران دەکا ئەم نوسخەیە لە مزگەوتی بیبی خانوم لە پایتەختی سەمەر قەند دەپارێزرێ وەک ئاسەوارێکی گرنگیەژوویی لەو دەمەنێتەوە تا ساڵی ١٨٦٨ زایینی .واتە تا ئەو کاتەی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا سەمەر قەند داگیر دەکا ئەو نوسخەی قورئانە دەبەن بە کتێبخانەکەی سان پترسبۆرگ(کە ئەمڕۆ بە کتێبخانەی نیشتمانی ڕووسی ناسراوە).
لە پاش ئەوەی شۆڕشی سۆشیالیستی ئۆکتۆبەر لە ڕوسیا بە سەرکردایەتی لینین و بەلشەفیەکان بە سەرکەوتن دەگات ، لینین ئازادی دەداتە تەواو ئەو خەڵکانەی ڕوسیا کە لە نەتەوەو ئایینی جیاواز پێک هاتبوون وەزەربەیان کەماری سەربەخۆیی لە چواچێوەی یەکێتی سۆڤیەتدا پێک دێنن . یەکەلەوانە کەماری باشکوردستان بووە ئەو کاتە لینین ئەو نوسخەی قورئانە لە کتێبخانەکە دەردەکات و دەیکاتە دیاری بە خەڵکی ئوفا ی سەر بەم کەمارە(کەمارە بوو لە ناوچەی ڤۆلگا ی ڕوسیای ئێستا). پاشان کەماری تورکستان زەر داوای ئەم نوسخەیە دەکات تا دەدرێت بەوان لە شاری تەشقەند دائەنرێ و تا ئێستایش لەوێ ماوە .
زەرن ئەو مەلاو بانگخوازانەی کەمۆنیستەکان بەوە تاوانبار دەکەن ئەگەر دەستیان بەدەستەوە بگرن ئەوا ئیسلام لە ناو دەبەن و مزگەوتەکان ناهێڵن وقورئان دەسوتێنن کافرو بە بڕیین و شتی تریش . ئەوان لەم هێگایەوە دیانەوێ خەڵک کوێرو نادیدە بکەن و مەشکی خەڵکی بەوە پێ بکەن کەکەمۆنیستەکان دوژمنی ئەوانن بەڵام پێچەوانەکەی ڕاستە هیچ کەس وەک کەمۆنیستەکان دەستی خەڵک نین و هیچ سیستەمێکی نەتەوەیی وئایینی وتۆلیتارتی و لیبرالی و دیموکراتی وەک سیستەمی سۆشیالیستی ئازادی بە کەمهێگا ناهێنە . وە ئەوەی بە ناوی سۆشیالیستیەوە ئازادی پێشێل دەکاڵ بناغەدا سیستەمەکەی سەرمایەداری دەوڵەتی یە و ژەمە سیاسییەکەشی دیکتاتاری بڕژوازیە نەک دیکتاتاری پرۆلیتاریا. سیستەمیسۆشیالیستی لە ڕوسیا تەنها ٥ ساڵ ژیاوە بەدوای ئەودا هەرچی ناوی لە خێی ناوە دەوڵەتی سۆشیالیستی پەیوەندی بەو سیستەمەوە نەبووە.
کەمۆنیستەکان نایانەوێ لە هێگای زەبروزەنگ و تۆندوتیژی و ترس و تۆقاندنەوە باوەڕی ئایینی خەڵک بگۆڕن بەکو لە هێگایەکی ئازادەوە

دیانەوەململانێ ی بکەن بۆ شۆڕشێکی زانستیانە . کۆمۆنیستەکان دژی داخستنی مزگەوت و سووتاندنی قورئانن وە بەگایەکی ناکۆمۆنیستانەی دژانەهەر لایەن و کەسێک ئەو کارانە ئەنجام بدات لەگەڵ میتۆدوبەرنامەی کۆمۆنیستەکاندا ناکۆکە .
کۆمەگا دەبێ لەو درێ بەختانانەی کە بە کۆمۆنیستەکان دەکرێ ڕزگاری بێ و پاک بکرێتەوە ، هەوڵەکان لەم پێناوەدا دەبێ چڕتر بکرێنەوە وە دەبێتەو هاستیش بزانرێ کۆمۆنیستەکان هاستگرترین و پاکترین و شارەزامەند ترین کەسی کۆمەگان و پێشڕەون بە گوێنی ریشەیی بارودۆخیناهەمواری چینێ هەژارو کرێکارو زەحمتکێشەکان بە ژیانێکی شیاو بە ئینسان.

سەردار عەبدوڵا حەمە
١٨ تشرینی یەکەم ی٢٠٢٠
سەرچاوە:

Sent from Yahoo Mail for iPhone

چاودێری لەنێو قاوەخانەیەکدا (دوو کورتەشیعر) … شیعری: عەبدوڵا سەمان(مەشخەڵ)

چاودێری

ئەمەش دیسان لە ساحەی پاس چاوەوانی نەفەرات بووم وەختێ دەرکەوت
وەکو جاران شل و مل و
وەکو هەژان خان و مان بوو هات و سەرکەوت
زووش زووش سەیری مۆبایلەکەی دەستی ئەکرد
هەند خەمڵابوو..لە ژنەکی هەمانسیانەی خۆیاەی هەبەستی ئەکرد
من پەمخەش بوو تا ئەوارێ لەناو پاس بێ و دانەبەزێ
دەی سپی و بەگەردی خەمی بیدەمێ وەک کاغەزێ
پرسی : بەچەند خوولەکی تر دەگەینە لای مەحافەزێ
تازە کارم پەیدا کردووە لەژێر چاودێری مودیرم

من نامەوێ دووابکەوم، نەک کارەکەم لەدەست بدەم
چونکە سەرچاوەی بژێوی دوو منداڵ و دایک و باوکێکی زۆر پیرم.

ئەیلوولی ٢٠١٩

لەنێو قاوەخانەیەکدا

لەسووچێکی قاوەخانە بەناز کە لەگەڵ خەیاڵ و قاوەی تاڵ دانیشتبووم
ئاویش هاتە سەرمێزەکە و دیم ڕێک لە بەرامبەرمایە
بە کتێبێکەی دەستم را زانی چۆن بیر دەکەمەوە و چ بڕوایەک لە سەرمایە
باسی شکۆش و ژیان و کەمەڵگەی کرد
وەسبوونمی هەتا ئاستێکی بەرز برد
سووکایەتی کرد بە ژیان
بێزی کرد بە خەبات و مژووی ئینسان
ئەیوت جیاوازی لەنێوان سۆشیالیزم و ئەم ژیانە بوونی نییە
کە من هەموو شتێکم بە فەراهەم بێ
ئیتر شکۆش مانای چییە؟
منیش دوا فەم لە قاوە تاڵەکەمدا و هەستامە پێ
لەم وڵاتە ناسراوەی بە سەرما و بەفر و کێوە و تەف
پێنجەی ناوەڕاستی دەستم پێ نیشاندا و
پەم وت فەک ئەف

تشرینی یەکەمی ٢٠١٩

تێبینی : ئەم دوو شیعرە لە ڕۆژنامەی ڕۆچار ژمارە ٨ ی ساڵی ٢٠٢٠ بڵاو بۆتەوە.

ئەستێرەکان … فەروغی فەروخزاد … و : نەژاد عزیز سورمێ

ئەی ئەستێرەکان ،

كه له بەرزیی ئاسماندا
بە نیگاتانەوە چاوبز دانیشتوون
ئەی ئەستێرەکانی پشت هەور ،
كە بە دیار دنیای ئێمەوە دانیشتوون .
ئا ، ئەوە منم لە دڵی بێ دەنگی شەودا
نامەی دڵداریی دەدەنم
ئەستێرەکان گەر دەهانام بێن
لە خەمی ئەو ، كۆشم پێ ئەستێرە دەكەم ..

بێ دڵی بێنی وەفای نەكردووە
جەورو ستەمی بێ كۆتایی و بەهانە خۆشترە
عیشوەو نازی زیرەكانە
لە تەك ئەو هاوڕێ خۆپەسندانە خۆشترە

ئەی ئەستێرەكان چی بوو لە نیگای منداو
ئەو خوێن گەرمیی و گڕانی و ئاوازە مرد ؟
ئاخر چی بوو ئەستێرەكان لە لێوەكانی ئەودا
ئەو ئاخە گەرمانەی دڵداری مرد ؟

جامی بادەم سەرنگون و پێخەفم بەتاڵ
سەرم بەڕووی نامەكانی كردووە
سەرم پی كردووە ، لەناو دڕەكاندا
بێ شوێنەواری وەفای ئەو بگەڕێم ..

ئەی ئەستێرەكان
مەگەر ئێوەش
لە دووڕوویی و جەفای دانیشتووانی خاك ئاگادارن ؟
بەم چەشنەن لە دڵی ئاسمانییاندا ؟
ئەستێرەكان ، ئەستێرەكانی گەش و پاك ؟

من كە ئەوەی هەیە و نییەم دایە بەر شەق
تا كامی ئەو لە عەشقی خۆمدا حەڵاڵ كەم ..
لەعنەتی خوا لە من بێ ، ئەگەر بێجگە لە جەفا
لەمەڕ زیاتر وەفام بێ عاشقان هەبێ !

ئەستێرەكان !
ئێوە دڕێپی فرمێسك ئاسا
سەرتان ناوەتە دامێنی ڕەشی شەوەوە
ئەی ئەو ستێرانەی لە جیهانی نەمریدا

کاوەژنەیەکتان کردووەتە ئەم جیهانە ..

ئایشت و خۆشەویستیشی لە دڵمدا هەر ناوا
ئەستێرەکان ، ئاخۆ چی بوو منی نەویست ؟
ئەی ئەستێران ، ئەستێرەکان ، ئەستێرەکان
ماڵی ئاوای وێران نەبووی
دڵدارە نەمرەکان لە کوێوەیە ؟

- لە (برگذیده اشعار فروغ فرخزاد) چاپی سێیەم بڵاوانە لاپەڕە 21 و 36 .

پرووشکانی ئۆین ... بەشی دووەم...شیعری: ستیڤان شەمزینی

لەوەتی خەم ناسیوە عاشقم
بەڵام هیچ عەشقێک وەک خۆشەویستی تۆ
پەڕ و باڵی نەشکاندووم
لەوەتی خەم ناسیوە ئاشقم
بەڵام ئاگری هیچ عەشقێک وەک خۆشەویستی تۆ
دڵ و ناخی نەسووتاندووم
لەوەتی ئاسمان هەیە من لەی ئەڤانم
بەڵام فڕینی هیچ باڵندەیەک وەک فڕینی تۆ
لە ناخ و ریشەوە نەیبزواندووم!!

زەر جار کە سەیری ئاسمان دەکەم
ماتەم دامدەگرێ و پەم سەرێ
چۆن بەرگەی کشانی ئەو هەموو ئەستێرەی
ناو دڵی گرتووە!
لە ئاسمانی دڵی مندا
تەنیا یەک ئەستێرەی پرشنگدار هەیە
لە ترسی کشانی خەون و خەیاڵم لە تاڵ بووە

بیرم نایەت چۆن و کەی عاشقت بووم
تەنها ئەوەندە دەزانم
بوونی من لەو ساتەوە دەستپێدەکا
لە تەدا بە هەمیشە خەم دەزیێوە
بیرم نەماوە چۆن و کەی ئاشقت بووم
هەر ئەوەندەم لە بیرە
گۆکانێک لە دەما تەقیێوە و
بە ئەبەد خەم لە تەدا ون کرد

من وا راهاتووم تینووێتی چاوم
بە تەماشای باڵای تۆ بشکێنم
من وا راهاتووم لە مەعبەدی دڵی تەدا
ڕۆژانە نوێژی عەشق دابەستم
من وا راهاتووم بە ژێی دەنگی تۆ
ژاوەژاوی ڕەحم ئارام بکەموە
من وا راهاتووم ڕۆژی سەدجار خەم بکوژم
بە ئەوەی لە باوەشی تەدا زیندوو ببمەوە

وەکوو چۆن درەخت بە ئاوازی شنەبا سەما دەکا
وەکوو چۆن کەژگە تاوە باران لە ئامێز ئەگرێ
وەکوو چۆن زەوی بە دەوری خۆردا تەواف دەکا
وەکوو چۆن ڕووبار دەژێتە باوەشی دەریاوە
منیش بە هەناسەکانی تۆ سەما دەکەم
ئازارەکانت لە ئامێز ئەگرم و
بە دەوری باڵاتدا تەواف ئەکەم
دواتریش بە هەمنی ئەژەمە چارەنووستەوە

دەم وەک دەریا
بەرەو کەناری تۆ شەپۆل دەدا
ڕەحم وەک باڵندە
بەرەو ئاسمانی تۆ دەفڕێ

هەناسەم وەک خونی شەهید
بە یادی تە هەنسکی لە دەتکە
جەستەم وەک داربەڕووێک
دەیەوێ لە باوەشی تەدا بەوێ
شیعرەکانیشم وەک هاوارێک
بەناو بەدەنگی تەدا تەدەپەڕێ

تە لە فریشتەوە فەری جوانی بووی
لە باخچەوە دەنەرمی و لە دەریاوە ئەوین
تە لە ئازارەوە فەری بەدەنگی بووی
لە شاخەوە خەراگەی و لە منیشەوە عەشق

عیشقێ بە وشە … شیعر/کـــــــاوە عوسمان عومەر

(1)
قورسە تەبگەین
لە عیشقی پەروانەیەک بە گە
هەروەک قورسە لەوە بگەین
بە وەک جگەرەیەک
تا دوای وەرینی کەتا سوتوو
دەڵک بە دەڵکی تر..
ئەبەتە سوتماک

(٢)
تاسەی رەشتنە،
هەشتا لە هەیوانەکا
لە زەنگەکی وەسکەر زیاتر
دەنگ ئەداتەوە
خە عیسایەکی تر
لە خاچ نەدراوەتەوە

چما ئەم هەموو زەنگە زەنگە
مەشکی شاعیرەک،،
ئەزرنگەنەتەوە

(٣)
بە وشە..
ئەم جارە عیشق ئەکەین
مەرج نیە
شتیش بە یەک بنوسین
با نمە سارد و
و گڵا وەریوەکان
وورتەی لەومان بن
شەپەل پیانۆی ،،
سەر زەریای تەنیایی و
ڕەشەباش
قەڵەمی سەر نامەی ڕەگا
مەلەکیش
لە سەراخی گەمی ..
ئەرخەوانی دڵەکا
لە چاومانا بگڕێ

لە سەلەمانی یەوە بۆ پێنیا ١٩٣٩ هەتا ٢٠٢٠ کەچی ئەبەدی تەکەشەری شیوعی هاوڕێ عەلی غەفور

فەهد گردەوانی

بە کەچی دوایی سیاسەتمەدار و تەکەشەر کاک عەلی صالح غەفور ، ئەو ژانە گەورەیە تووشی هەمووان بوو. هەریەکەک لە نزیکەوە ئەو مرۆڤە دڵگەورەیەی ناسیبێ ، خەشی ویستووە و ێیزی بە داناوە ، ئاخر خە

کاک عەلی بەخێی هەموانی خۆشدەویست .
لە سەلەمانی یەوە کە لە خزانکی هەبوون لەدایک دەبێت ، قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و پاشان مامۆستایان تەواودەکات و ماوەیکی کەم لە گوندەکانی لای عەربەت دەبێتە مامۆستا .
لە پاش تێکشاندنی پاشایەتی لە عێراق و شەشی ١٤ تەموز کاک عەلی تێکۆشانی لە ڕیزی حزبی شیوعی عێراق دەستپێدەکا و لەبەر زیرەکی دەبێتە سەرکی لقی سلەمانی یەکێتی گشتی قوتابیانی عێراقی .
ئەو تێکۆشانەی کاک عەلی لە ڕیزەکانی قوتابیان دەبێتە هۆی ئەوەی لەلایەن دەسەلاتەوە دووچاری ئەشکەنجە و ڕاونان بێت . لە کۆبوونەوەکی فراوانداوا دەکا کە داوا لە رژێمی قاسم بکرێت بوردومانی کوردستان ڕابگیرێت . پەیوەندی حزبی لەگەڵ شاعیری پێشکەوتووخواز ونوێخواز [جەلالی میرزا کەریم] بوو . گەلێک جار باسی ئەو شاعیرە نوێخوازەی بۆ دەکردم و چەن چالاکی یەکانی لە ڕیزی حزبمان حزبی شیوعی عێراقی ئەنجام دەدا ، بۆ بەختی من لە یەکەم سەفەری گەڕانەوەم پاش ڕاپەڕین شاعیر و نووسەر جەلالی میرزا کەریمی هەردەم زیندووم لە بارگای [ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان] لەتەک مامۆستا [فەتاح تەفیق ناسراو بە مەلاحەسن]ی هەردەم زیندوو بینییەوە ، وای لەو دیدارە خۆش و پاش ئەوەی گەرامەوە سوێد ، کاک جەلال کەچی کرد و شیعر ونووسین وبیرەوەری یەکانی خستە ژێر گە .
زەرجار لەگەڵ کاک عەلی باسی ئەو تێکۆشەرمان دەکرد و باسی شیعر ونووسینەکانی .
حزب بە پەروەردەکردنی کادیر و تەواوکردنی خوێندن هەموساڵ چەند قوتابی یەکی ڕەوانەی دەرەوە دەکرد بۆ تەواوکردنی خوێندن ، یەکێک لەو قوتابیانە کاک عەلی غەفور بوو. ساڵی ١٩٦٢ بۆ تەواوکردنی خوێندن گەشتی ژیانی بووە پێنیا . هەر لەو وەاتەش بەوانامەی بەدەست هێنا و پاشان لەگەڵ کیژکی پێنی کە ناوی [گراژینا]یە هاوسەرگیری دەکات و تاقە کوێکیان هەیە بەناوی [ئاڵان] و دوو نەوەیان هەیە بەناوەکانی[ئەزابەلا و ڤیان] .
کاک عەلی غەفور لە پێنیاش بەردەوام دبێت لە تێکۆشاندا لە ڕیزی حزبمان و کەمێی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا . هەر بە تێکۆشانی کاک عەلی لقی کەمێ لە پێنیا دادەمەزرێنی و بە ماوەیکی زەر بەخێی سکرتێری ئەو لقە بووە . لە ڕیزی حزیشدا بەردەوام بووە لە چالاکی و یارمەتی دانی ئەو عێراقی و کوردانەی کە دەگەیشتنە پێنیا ، هەردەم هاریکاری دەکردن بۆ تەواو کردنی خوێندن .
کەمێی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا کە ساڵی 1956 دامەزراوە تاقە کەمێی خوێندکاران بووە ،قوتابیانی لەخێی کەکردەتەوە و تاقە باڵیوزی کورد بووە لە دەرەوە بە ئەوەی خێکی جیهان بە کورد

ئاشنابکات ، کاک عەلی چاپاکانە بەشداری کۆنگرەکان و فیستیڤاڵە جیهانی یەکانی کردووە و بەجلی کوردی شان بەشانی هاوڕێ یەکانی چاپاکی نواندووە . یەکێک لەو هاوڕێ یانەی هونەرمەندی بەناوبانگ کاک [قادر دیلان] بووە . هەنووکەش لە گوڵم دەزرنگێتەوە کە بانگی کاک قادری دەکرد وبە سڵەمانییانە ناوی [قادر]ی دەدرکاند ئای پێیوەندی نەوانیان چەند پیرەز و روحی بوو.
ئەمەی خوێندکارانی گەنج شانازیمان بە هاوڕێیان قادر دیلان و عەلی غەفور و جوهەر شاوەس و زوهدی داودی و شەرزاد قازی دەکرد ، کە لەتەمەن لە ئەمە گەورەتربوون ، لەگەڵ ئەمە کەدەبوونەوە و کەمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا مەرکەزی پراگ کە سەر بە حزبی شیوعی عێراق بوو، بەڕێوەمان دەبرد.
پارتی مەرکەزی بەرلین و یەکێتی ئەکسا و پاسەک سەکسە و ئەمەش مەرکەزی پراگ مان هەبوو . لە کۆنگرەی یەکگرتنەوە لە بەرلین ساڵی ١٩٨٩ مەرکەزەکان یەکیان گرتەوە و هەر لایەنی چوار ئەندامی لە دەستەی بەڕێوەبەراتی بەرکەوت .
هەتا ئەو یەکگرتنەوە یە لەگەڵ کاک عەلی غەفور لەدەستەی بەڕێوەبەرایەتی کەمەڵەی خوێندکارن پێکەوە کارمان دەکرد و هەر ڕۆژ بە ڕۆژ پێیوەندی مان بەهێزتر دەبوو بەمن بووە براگەورە و بیرەوەری ویادگاری یەکانمان زۆدەبوون .
کاک عەلی لە ماوەیەکی زەر کورتدا خوێن کوتە مەشکی و کوتە نەخشخانە چاک نەبوەوە منیش هەواڵی نەخۆش بوون بە هێش بوونەکەم لە ٢٠ ئاب ٢٠٢٠ بیاوکردەوە ، هەر بەو ئاواتەبووم جارێکی تر گوڵم لەدەنگە خۆشەکەی بێتەوە بەڵام بەداخەوە ئیتر مەرگ ڕێگای نەدا .
بەر لەو کارەساتە ، کاک عەلی سەفەری کرد بۆ شاری [کەراکۆ] و پیلی دڵی گەڵی و زەریش کەیفخۆش بوو بە سەرکەوتنی ئەو دیداری نەخشخانە یە و لەکاتی گەڵانەوەی دا کە ئاڵان کۆیشی لە تەنیشتی بوو گەلەگ پێکەنین و کەیفخوشیمان دەربڕی و بەوەی کە هەتا دە ساڵیتر ئیتر پێویستی بە گەڵانی دە نی یە و بە قسەخۆشکانی گووتی زەرە تا ئەوکاتە منیش گووتم نا چەند دەیەکی تریش دەژیت . کاتێک گەیشتەوە شارەکەی خۆی و ڕۆژانە هەواڵیم دەپرسی کەچی لە خەمی دایکی ئاڵان بوو کە چاوەڕوانی نەشتگەری دەکرد . زەر بە چاویلکە و پیلی دە و گوێبیستی گویی و پلاتینەکانی قاچ وپشت پێدەکەنین وگاڵتەمان بە مردن دەکرد .
ئاخ و هەزار ئاخ چەن ئاڵان بۆی نووسم بەداخەوە باوکم سەفەری دوایی کرد . باوەڕم نەدەکرد وحەزم دەکرد ئاڵان پێم بڵێ راست نیە وهەر لەهەشی خۆی چووە ، بەڵام ئاخ وهەزار ئاخ مردن دیسان بووە کارەسات و مەرگی کاک عەلی لەساندین .

بیرت دەکەم کاک عەلی بیری قسەخۆشکانت دەکەم . ئەی تەکۆشەر کۆنەدەر و دە مەزنەکەی مرۆڤایەتی .
ساڵی ١٩٧٦ کە کۆنگرەی سێیەمی حزبی شیوعی عێراقی لە بەغدا بەسترا کاک عەلی بەشدار بوو بەناوی [ازادی ماجد] ژمارەی کارتەکەی[٢٠٦] بوو .
کاک عەلی وەکو کەسێکی بیانی کە خزمەتی پەلەنیای کردووە خاتی ریزلێنانی لەسەرکی پەنیا وەرگرتووە .
کاک عەلی لە ١٨/٩/٢٠٢٠ دە مەزنەکەی وەستا وماڵئاوایی لە دایکی ئاڵان وئاڵان وهەردوو منداڵەکەی و هاوڕێ یانی کرد .
کاک عەلی لە ٢٦/٩/٢٠٢٠ لە شاری ئۆشتین/پەنیا بەخاک سپێردرا.
روحت شاد و یادت زیندوو

فەهد گردەوانی 24/10/2020ستەکهەم

"دیاردەی مەسرەفی ئابووریی لە هەرێمی کوردستان" … نووسینی: دانا حمید محمد

[بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتە بۆ پ د ف کلیکی ئێرەبکەن]

پێشەکی

ئەوەی لەم وتارەدا کە دەچینە ناوی و باسی دەکەین، دیاردەی بەرخۆری و مەسرەفە وە لێکەوتەکانی بەگشتی و بەتایبەتی لەسەر هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی سیاسی و ئابووری، کێمەایەتی و فەرهەنگی لەسەر پێ خۆگرتوو، بەڵام لە روانەتدا بەو شێوەیە نییە بەکو لە ناوەڕۆکدا لەرزك و شێواوە، لەرووی ئابورییەوە هیچ بنەمایەکی دەزگا ئابوریی و سیاسییەکانی تێدا نییە و ئەوەی حوکمی دەکات دیاردەی بەرخۆری و مەسرەفکردنە لە سەرجەم کایەکانی حکومەتدارێتیکردندا… واتە پایەکانی لەسەر بەرخۆریزم راوەستاوە

هیچ بەرهەمێکی نییە، ئەمەش لەوە دەرچووە کە حاڵەت بێ بەکو بووە بە دیاردە و پێویستی بە چەندین توێژینەوەی ورد و قووڵ هەیە، بەتایبەت لەرووی ئابوورییەوە بۆئەوەی کاریگەرییەکانی مەسرەفگەرایی لە هەرێمی کوردستان دیاری بکەین و بچینە ناو پێکهاتەکانییەوە. چی وایکردوە کە بەرخێریزم بچێتە هەناوی هەموو کەرتە ئابوریەکانەوە و بەتایبەت لەوە دەرچوبێ کە چارەسەری ئابوریانەی بکرێت.

ئێستا بەتایبەت کە "ئێستایەکی ئابوری/ سیاسی" ییە، واتە ئەو هەلومەرجە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتییانە چیین؟ کە بەرخێریزم لە کوردستادا هەیە و ناتوانرێ چارەسەر بکرێ بەو ڕێگاچارەی خۆی کە دژی دەگیرێتبەر. بێگومان بە سەرجەمی ئەو بکەرانەوە کە لە ئێستادا ئامادە و دەستبەکارن. هەم ئەو ئێستایە "ئێستایەکی تیۆرییە" واتە بێ دیاردەی بەرخێری و مەسرەفکردن لە ئاستە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا، پێویستمان بەو تیۆرە ئابوورییە هەیە بێ دۆزینەوەی ڕێگا و چارەسەرکردنی مەرهەمە ئابورییەکان بە درم و پەتاکانی مەسرەفگەرایی لە کوردستان.
واتە بەرخێریزم وەك کێشەیەکی فیکری ئابوری و سیاسی و کەلتوری، کۆمەڵك پرسیاری تیۆری و مەعریفی ئاڵۆزی لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە کە هەندێکیان پێویستی بە کات و میتۆدی خۆی هەیە بۆئەوەی بەباشی لێیبکۆڵرێتەوە. دیاردەی بەرخێریزم واتە مەسرەفگەرایەکی لەئەندازەبەدەر لە بەفیڕدان و بەکاربردندا، کە شتێکت لە کاڵا و خزمەتگوزاری نییە بەرهەمی بهێنی و هەر مەسرەف ئەکەیت، مەسرەف بووە بە ئاشکرا و لەوە دەرچووە کە شاراوە بێت. لە مێژووی ئێمەدا بەرخێریزم بە شێوەیەك بووە بە ئەخلاقی سەرەکی بەشێك لە تاکەکانی کۆمەڵگای ئێمە و هەر مەسرەف دەکەن بۆئەوەی بزانن کە شتێکیان نییە لە بەرهەم کە شوێنی مەسرەفی پێ پێبکەنەوە. وە بەرخێری لە کۆمەڵگای کوردستان بووە بە دیاردەیەکی حەشامات و جەماوەری بەرفراوان، لەوە کەوتووە ئاکاری ئەم تاك یان ئەو گروپی تایبەتی ناو کۆمەڵگا بێت بە تەنها، بەکو گشتگیر بووەتەوە. سەرجەم پرسەکانی گرتووەتەوە و هەناسەدانی بۆیوە لە سێکتەرە ئابورییەکان. واتە هەم چینەکانی خوارەوە و هەم چینی ناوەڕاست و هەم چینی ئەو نوخبە دەسەڵاتدار و دەوڵەمەندەی بەشێوەیەکی ئەفسانەی لە ساڵانی ڕابردوودا دەوڵەمەند بووە هەموویان بەشێکن لەو شەپۆلی بەرخێرییەی لە وڵاتەکەدا دروست بووە، ئەم بەرخێرییە لە هەموو ئاڕاستەکاندا بوونی هەیە و کۆی گشتی پرسە سیاسی و ئابورییەکانی گرتۆتەوە.

دونیای ئەمە لە بەرخۆرییەوە ئاماون، ئاواش بەشە خونەوار و رشنبیرەکەی وڵات وەك چینە بەرخۆرەکە ئەوانیش بەرخۆرن. هەموو یەکە کەمەایەتییەکان بەرخۆرن، خەزان، خەڵ، حیزب، مزگەوت، دەسگاکانی کەمەگای مەدەنی و هەموو دەزگاکانی وڵات سەرتاپا بەرخۆرن و لە مەسرەفگەرایەکی رووتەوە ئاماون.
خاڵکی تری گرنگ ئەوەیە: کە بەرخۆری وەك دیاردەیك خەبەخۆ و سروشتی نییە، بەکو گەشەکردنکی سروشتی و خەڵسکی کەمەگای ئەمە دروستی نەکردوە، بەکو بەر لە هەموو شتك دیاردەیەکی سیاسییە و ستراتیژکی تایبەتی کارکردنی دەسەڵات و مەدڵکی تایبەتی دەسەاتدرتی دروستی کردوە و ئاستەی ئەکات. لە ئەدەبیاتی زانستییدا ئەوەی لە پشتی ئەم سیستەمە بەرخۆرییەوە وەستاوە "ئابوورییەکی رەیعی"یە کە لەسەر مەسرەف وەستاوە و کەرەستەی خاو، لە کەمەگای ئەمەدا لەسەر فرشتنی نەوت، لە بازاەکانی جیهاندا و لەسەر خەرجکردنی پارەی ئەو نەوتە ئەژی لە گەی ئابوری رەیعییەوە دەستی دەکەوت.

ئابوری رەیعی بەو جرە لە ئابوری ئەوترە کە داهاتە ئابوورییەکان لەگەی بەرهەمنانەوە بەدەست نایەت، بەکو لەگەی بازرگانیکردن بەو کەرەستە خاوانەوە بەدەستدەهنرە لە وڵاتدا هەن. پارەی رەیع پارەیەکی ئاسانە و ئیشی زر و ماندووبوونکی ئەوتی ناوە کە بەدەستبهنرە. زیاتر ئاکامی دیاری و پاداشتی نەوتە کە وەك سەرچاوەیەکی مەسرەف و بەرخۆری وەریدەگرە و هیچی نییە لە بەرامبەردا شونەکەی پ پبکاتەوە.

کەمەگای بەرخۆر ئەو کەمەگایە کە پشت بە بەکارهنانی کاا و خزمەتگوزاری ئەبەستە نەك بەرهەمهنان، واتە سەرمایەگوزاری و پاشەکەوتی نییە کە رووکنکی گرنگە ب دەرچوون لە بازنەی بەرخۆریزم. وە بەرخۆری وەك پدراوکی ئابوری و کەمەایەتی، سیاسی و فەرهەنگی و… توانا و هزی خی هەیە کە گروپ و دەستەجەمعی خی کە کەوی مەسرەف گرتویەتی بەسەر گروپ و تاقمی تردا بسەپنە کە هستا نەکەوتوونەتە ناو ماتریکسی مەسرەفگەرایی هزی بەرخۆریزیمی یەکەمەوە. بیە پویستە تارماییە ترسناکە ئابوورییەکانی بەرخۆری دەستنیشان بکەین و لکەوتەکانی دیاری بکەین و میکانیزمی چارەسەر بدزینەوە بیان. وەك پرفیسر (د. هشیار معروف) باوەی وایە: لە دیاردەی بەرخۆریزم و مەسرەفگەراییدا، کە روو دەکاتە کەمەگایەك و سەرجەم کەرتەکان دەگرتەوە، کاری لەپشینە ئەوەیە کە دەستیشانی نەخشیەکە بکرە و دواتر بە قناغ رگاکانی چارەسەر

بخرێتەروو و کار بکرێ بۆ وەبەرهێنان و ئەو لەشکرە بەرخۆرییەی دروستکراوە، کەمبکرێتەوە و هەلی دۆزینەوەی کارکردن لەنگەی ئابوورییەوە بۆیان بدرێت.

یەکێکی تر لە هۆکارەکانی دروستبوونی بەرخۆری لە هەرێمی کوردستان زیاتر قەیرانی بەڕێوەبردنە لە کاروباری ئیداری حکومەتانیدا، واتە دەزگا حکومییەکان کە بەرخۆری رێژەیەکی سەرەکی هەیە لە دروستبوون تێیدا، واتە لە فەرمانگەیەکدا پێویستی بە (50) کارمەند هەبێ، رێژەکەی لەوە زیاترە و بگرە دووقات کراوەتەوە بەتایبەت لە سلکی سەربازییدا ئەو کەلتوری بەرخۆرییە گەشتوەتە ترۆپکی خۆی. کە رێژەیەکی زۆر موچەخۆر هەیە بەڵام لە واقیعدا بوونیان نییە و تەنها ناوەکەیان بۆ وەرگرتنی موچەکە هەیە. ئەمەش ئەو بەرخۆری و ئابوورییە ڕەیعییە کە سەرچاوەکەی نەوتە و هۆکاری دروستبوونی بەڵشاوی ئەو هەموو ناعەدالەتییە کەمەایەتییە کە لە هەرێمی کوردستان بەڕێژەیەکی بەرچاو بوونی هەیە و بەئاسانی چارەسەر ناکرێت.

یەکێکی تر لەو کێشانەی کە بەرخۆری دروست ئەکات کە (مارکێزە) لە کتێبی (مرۆڤی تاك ڕەهەند) باسی ئەکات و پێی وایە: "مەسرەفگەرایی ئینسانی تاك ڕەهەند لە ئاستی گشتییدا بۆ پرسیار و مەسرەفکەر دروست ئەکات". وە هەموو شتێك لە مەسرەفکردندا دەبینێتەوە، واتە مەسرەفگەرای تەیەکە کە بۆیاخکراوە و ئامادەکراوە بۆ کۆیاری مەسرەفکەر بۆئەوەی بەخۆی بزانێت وەك بۆمبکی تەوقیکراو دەبێتە میوانکی ناوەخت بۆ کاراکتەری بەرخۆر.
خاڵکی تری مەسرەفگەرای پەیوەندی بە چۆژپەرستییەوە هەیە کەوادەکات ئینسانی بەرخۆر تەنها بیر لە کەمەڵك قازانج و دەسکەوتی ئابوری بکاتەوە، کە دواتر ڕێی تێکدەرانەی دەبۆ لەسەر ئاستی گشتی کەمەگا. وادەکات رووبەری گشتی توشی شەژان و ناڕێکی ببێتەوە و بەئاسانی بۆ سەر باری ئاسایی خۆی نەگەڕێتەوە.
رووبەکی تری مەسرەفگەرایی پەیوەندی بە ریکلام و دونیای نمایشەوە هەیە، کە من و تۆی کۆیار روو دەکەینە بازاڕ بۆ کۆینی کاڵایەك بەرخۆری من و تۆ وادەکات کە ئارەزووی تێرکردنی غەریزەی کۆینمان تەواو نەبۆ و مەیلی کۆینی مەسرەفی زیاتر بکەین. ئەمەشە دەرئەنجامی رویەکی تری فریودەرانەی مەسرەفگەراییە لە دونیای ئەمڕۆدا کە لەنگەی کاڵاوە بۆ بەرخۆر و کۆیار خۆی نمای ئەکات. کوردستانیش بەدەر نییە لە پەتایە و بەشکە لە ساغکردنەوەی بازاڕی ئەو مەسرەفگەرایەی کە رووەکاتە کوردستان.

بەرخۆریزم پایەیەکی سەرەکی و بنەڕەتییە بۆ مانەوەی سیستەمی دیکتاتۆری و دەسەڵاتەکەیان. بەمانایەك هەتا بەرخۆری لەو سیستەمە ستەمکاریانەدا هەبێ، گەرەنتییە بۆ مانەوە و بەردەوامیدانی دیکتاتۆر لەسەر سوڵتەکەی بۆ ماوەیەکی تری درێژتر لە حوکم و ستەمکاری. واتە لەڕێگەی ئەو ئابوورییە رەیعییەوە کە سەرچاوەکەی نەوت و گازە دەتوانن تەمەنی خۆیان زیاتر درێژ بکەن ئەویش بە دامەزراندان و بەرتیلدان بەو لەشکرە مەسرەفکەرەی کە کۆشکەکەی دەپارێزن. وە بەشێك لەم سەربازانە لە (کایەی سێبەر)دا کار دەکەن و کۆنترۆڵی دەنگە نارازییەکان دەکەن و پارێزەری ئەو کەلتوری ستەمکاریی و مەسرەفگەراییەی کۆشکی دیکتاتۆرن.

مەسرەفگەرایی خولیا و مەیلێکە هەم چێژبەخش و هەم ئازاراوی ئەم سەردەمەیە، لە لایەن دەسەڵاتە سیاسی و ئابوری و… دروست دەکرێ بۆ ئەوەی ئینسان لە راکردنێکی بەردەوامدابێ بەدوایی کاڵا و خزمەتگوزاریدا، واتە عەقڵێکی ئامێری دروست کردوە بۆ ئینسان کە دەستبەرداری خۆزگە و دونیای مەسرەفی نەبێت. بەرخۆریزم پەنا بۆ زۆر شت دەبات وەك وێنای خەیاڵکردنەوە لە مەسرەفگەرایی و ئەو چوارچێوە پێ لە مەسرەفییەی کە سازیکردوە، واتە مەسرەفگەرایی دونیای مۆدێرن زۆر چێ و ئاڕاستەزە، پێویستی بە گۆشەنیگای زۆر ورد و دەقیق هەیە تاوەکو کەلێنەکانی مەسرەف لەووە ئابوورییەکەیەوە بدۆزیتەوە و چارەسەریان بکەین بە بەرهەمهێنان و داهێنانی پێشکەتووی گەشەی ئابوری.
سەبەکت لە نێوان ژیانی و ئەندێشەی بەرخۆریی نێو کاڵایی دونیای ئەمڕۆ نقوم بووە، ئەو کاڵایە ژیانی داگیر ئەکات و کاتی خۆی لە پارە و شتی تری لەکیش ئەبات. بەمانایەکی تر کاڵا ژیان و بیرکردنەوەی داگیر دەکات، وەك سیستەمی کاپیتال تەنیا بە گوێرەی پێویستییەکان شتەکان ناگۆڕێ بۆ بەرهەم بەکو بەکارهێنانی بۆ بەرهەمەکان دەنێتەوە واتە کۆیاری بۆ کاڵاکان ئامادە ئەکات و ئینسان خۆی ئاوێزانی"تۆی جاڤاکەیی ئابوری مەسرەف" دەکات. بەمانایەکی تر مەسرەفگەرایی لە دونیای شاهانەی کاڵاکاندا دێوەزمەیەکە دیوە مۆدەکەی دەبینرێ، بەڵام پارادۆکسەکە ئەوەیە: "زبڵەکانی ناو مەسرەف و بەرخۆری خۆی نابینرێت".

لە کۆتاییدا بەو دەرئەنجامە دەگەین کە کەلتوری مەسرەفگەرایی لەووی ئابوری و سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەوە، دیاردەیەکە کە ڕیشە و ریشاڵەکانی لە زۆربەی بوارەکاندا رەگی داکوتیوە و چارەسەری ئاسان نییە بەکو پێویستی بە توێژینەوە و دەرئەنجام

هەیە تائەوەی دەگەین بە ئەندازەیەك لە چارەکردنی مەسرەف و کەمکردنەوەی بۆ ئاستێکی دڵخۆش و قەناعەپێکراو. مەسرەفگەرایی لە ئابوری کوردستاندا ئەوەندە فرەپەلوپۆیە کە رەگی لەنێو هەموو کایەکاندا هەیە ئەوەی بە پلەی یەکەم ترسناکە ئابوورییە کە بەرخۆری و بەکارهێنان زاڵمانە تەی خۆی تێهاویشتووە. ئەوەی بە پلەی یەکەم بەرپرسیارە لەم دۆخە بەرخۆرییە حیزب و ئەو لەشکرە مەسرەفکەریە لە ئینسان کە حیزب چیان پێبڵێ: ئامادەن ئەنجامی بدەن. واتە ئیستیبدادی حیزبی کە سەرچاوە سەرەکییەکەی ئەو ئابوورییە رەیعی کرێخۆرییەیە کە خۆی لە نەوتدا دەبینێتەوە و تەکەی بە ئەجێندایەکی ترسناکی مەسرەفگەرایی بووەتەوە. بەمانایەکی تر بەر جۆرێك لە "شێکی مەسرەفگەرایی" دەکەوین کە ریشەی چەسپیوە. ئەوەی گرنگ و سەرەکییە بۆئەوەی ئابوری کوردستان لەژێر چنگ ئەو بەرخۆرییە دەربهێنین و رزگاری بکەین و مەسرەف بگۆڕێ بە بەرهەم و سەرمایەگوزاری، پێویستی بە هۆشیارییەکی دەستەجەمعی هەیە لە هەموو بوارەکاندا تاوەکو رێنمایی و چارەسەری پێویست بدۆزنەوە و بیخەنەڕوو بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان بەگشتی و بەتایبەت قەیرانی مەسرەفگەرایی.

مەصرەف (بەرخۆری) چییە؟

بەرخۆری چالاکی کڕین و بەکارهێنانی ئەو شتومەکانەیە کە ئینسان لە ژیانی ڕۆژانەیدا پێویستی پێیانە. شوێنی کڕینی ئەو شتومەکانەش بازاڕە، لێرەوە بەرخۆری و بازاڕ دەبنە دوانەیەکی لێکدانەبڕاو. لەهەر شوێنکی دونیادا کە باسمان کرد لە بەرخۆریی باس لە بازاڕ دەکەین و کە باسیشمان کرد باس لە بەرخۆریی ئەکەین. هەموو مرۆڤێك بۆئەوەی بژی و بمێنێتەوە پێویستی بەوەیە ڕۆژانە بڕێك بەرخۆریی بکات. هاوکێشەکە لەووی ئابوورییەوە زۆر سادەیە، ئەگەر کەسانێك نەبن نان لە نانەوایەك، یان میوە و سەوزە لە بەقاڵێك بکڕن، یان جلوبەرگ لە کۆگایەك، یان گۆفارێك لە کتێبخانەیەك بکڕن، ئەوکات هیچ یەکێك لەو شوێنانە بوونیان نابێت و شتەکیش بەناوی ئابوورییەوە دروست نابێت. بەم مانایە ئابوری بۆئەوەی وەك کایەکی تایبەت لە کۆمەڵگادا بوونی هەبێت بەرخۆریی دەبێ هەبێت. ئەوەی هەی تێگەیشتن و خوێندنەوەی مانا و دەرئەنجامەکانی ئاستی ئەم وتارە سادە و گشتییەی بەرخۆریی نییە، ئەو ئاستەی بەرخۆریی نییە ڕاستەوخۆ گرێدراوە بە دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی ئینسانییەوە، واتە بەو ئاستەوە کە ئینسان پێویستی پێیەتی بۆ مانەوە و بەردەوامبوون. ئەوەی مەبەستی ئەم وتارەیەکە بە

بەرخۆرییەوە وەك ئابوری و کەلتور یان وەك فیکریەکی جەماوەری کە باس لە بەرخۆریی لەووە ئابوورییەکەیەوە دەکەین زانستییانە هەڵسەنگاندی بۆ بکەین لێکەوتەکانی لەسەر ژیانی کۆمەڵگا دیاری بکەین. وە لەووی کەلتوورییەوە دەتوانین وەك بەشێك لە ئایدۆلۆژیای مەسرەفگەرایی سەیری بکەین. کەوەك هێما بۆ ئارەزو و حەز و سیاسەتێك هەیە کە بەرخۆریی بەلاوە جوانە و هەوڵی زیاتر نەخشان و پیرۆزکردنی دەدات، وادەکات ببێت بە دیاردەیەکی جەماوەری واتە خەڵك هەموو مەسرەف بکەن و بەرهەمیان نەبێت. ئەمەش وادەکات بەرخۆریی لەم ئاستەدا ئاستە سادەکەی جیابێتەوە و وە "بەها سەرەکی و بادەستەکانی کۆمەڵگا لە چالاکی بەرخۆرییەوە سەرچاوە بگرن".
لە سایەی بەرخۆرییدا، سێبەری مەسرەفگەرایی وەك تێکی سیستەماتیکی ئابوری بەناویەکداچووە و لێکئاڵاون.

تەنیا بە سەیرکردن دەزانی لەناو ئەو ئوردوگا بەرخۆرییەدا کۆمەڵگا خەریکی چین و چۆن دەژین؟ ئەمەش بەشێکی تەپوتۆزی ئەو بەرخۆرییە لەڕگەی شەپۆلی سیاسەتەوە هاتووەتە ناو کایەکانی ژیان رووبەری گشتییەوە. واتە ئەم بەرخۆرییە رووبەری گشتی بۆ خۆی داگیرکردوە، لەپێناو مانەوەشدا هەموو کارێك دەکات ئەبەت هێزی ئەم بەرخۆرییە ئەبۆ دەوڵەت یان حیزب یان دەسەڵاتێکی ئابوری و سیاسی گەورەی لەپشتەوەبێ، ئەگینا هیچی پێناکرێت. وە مەسرەف شێوەیەکی جیوەئاسایی هەیە و خۆی شێدەکاتەوە بۆ ناو پنتە بچوکەکان و دزەئەکاتە ناو پانتاییەکانی ژیانەوە، میکانیزمی تایبەتی خۆی هەیە، وە ئەم شێوازە لە شێبوونەوەی بەرخۆری ئەگەر لە چەند شێوەیەکی تردا دەرنەکەوێت ئاسایە و بگرە لە جێگایەکی تردا جەبەروتی خۆی دەردەخات و سیستەمێکی گشتگیر و سەرتاپاگیر مەسرەفگەرایی دروست دەکات.
ئێستا بەرخۆری وەك جۆرێك لەبەرگرتنەوە و زەوێنەی لێهاتووە، هەندێکجار دژی حەقیقەتی خۆی دەوەستێتەوە و واقیعە مەجازییەکەی خۆی پێدەوایە. لەم ئاستەدا بەرهەمهێنان وەك بەرخۆری و بەکارهێنانی بێشومارەوە، پاشەکشە ئەکات. واتە بەرهەیش بەهۆی ئەوەی فەرامۆش دەکرێت بەهای ئاوگێی دەگێ و بەرەو بەهای نیشانەی مەسرەف هەنگاو دەنێت.
(بۆدریار) وەك ئەستورە باسی مەسرەف و بەرخۆی دەکات. بەختەوەریش وەك چەمکێکی مەسرەفکار، ئەو ئوسترەیە کە کۆمەڵگای بەرخۆری لەڕگەی پرسی پێداویستییەوە دەیوروژێنێت تا مەسرەفی زیاتر و زیاتر بکرێت، مەسرەفێك چیدی بۆ پێکردنەوە نییە بەکو هەر کایەك

نیشانەیەکە و درزێکی رەمزی پێدەکاتەوە. بەرخۆری بووە بە کۆپەیوەندییەك کە زمانی خۆی هەیە و فزوڵی خەڵك لەگەڵ یەکتردا دابەش ئەکات. بەرخۆری بووەتە سیستەمێکی نیشانەی کە دەلالەتی زۆرتر لەوەی لێبارکراوە کە تەنیا بۆ پێکردنەوەی پێداویستی بێت. چیتر ئەوە کرێکاران نین کە بەرامبەر کاڵا بەرهەمهێنراوەکان تووشی نامۆیی دەبن بەڵکو ئەوە "پاڵەوانەکانی مەسرەف"ن و بریتیین لە هەموو خەڵك کە بەهۆی مەسرەفەوە توشی نامۆیی دەبن. لەم کەلتورە مەسرەفگەرادا، دەشێت بۆنەکانیش ببنەوە بە کاڵا. ئەمڕۆ بەرنامەیەکی خۆراك لەسەر تەلەفزیۆن، لە پێناوی خواردنەکەدا نییە بەڵکو لەبەر دیوە نیشانەناسیەکەیەتی کە مەسرکردنی زەوق و ستایلێکی تایبەتە. دانیشتن لە کافێی بەندبۆیدا، مەسەرەفکردنی بۆنەیە و کۆی بۆنەکە رێژەی کاڵا- نیشانەیەکی بەرخۆریی دەگەیەنێت. لەم کەلتورە بەرخۆرییەدا مرۆڤەکان شەکەتن بەهام شەکەتی ماندویەتی دۆخێکی ناچالاك نییە بەوی ئەنجامدانی چالاکیەکی زۆرردا بەڵکو خۆی بریتییە لە ناڕەزایەتی لە دۆخی بەرخۆری خۆی.
کۆمەگای بەرخۆری خۆی رێژەی پێشنگایەکی گەروە دەبینێ کە ئاوێنەکانی تیا کۆتایی هاتووە: بۆدریار پێی وایە: ئاوێنە توشی ئاوابوون هاتووە و جامخانە سەری دەرهێناوە. "لە نەزمی مۆدێرندا، چیتر ئاوێنە بوونی نییە کە تاك بە باش یان خراپ رووبەرووی وێنەکەی خۆی بێتەوە، ئەوەی هەیە چیتر جامخانە واتە ئەو شوێنە ئەندازەییەی مەسرەفکردن کە تاکەکەس چیتر بیری تیاناکاتەوە بەڵکو لە تەماشاکردنی جۆری شتەکان و نیشانەکان و بەرخۆری کاڵاکاندا و نەزمی پێگەی دالەکانی کۆمەڵایەتی و… دەتوێتەوە. ئەو چیتر بیرناکاتەوە، تێهەڵدەکشێت و لە دۆخی بەرخۆریی ئابووری و سیاسی مەسرەفکردندا دەتوێتەوە.

سۆبێکتی مەسرەفکار:

گرنگترین خاسیەت و تایبەتمەندی سۆبێکتی مەسرەفکار لە کۆمەگای مەصرەفیدا، کەڵەکەکردن و زۆرروزەوەندی مەسرەفکردنە لە لایەن سۆبێکت خۆیەوە کە بگوڵدانە دەرئەنجامەکانی کە زەرەر لە ئابووری و گیرفانی خۆی دەدات بیر لەهیچی تر ناکاتەوە… بکەری مەسرەفی تەنیا بیری لای ئەوەیە کە مەسرەف بکات بۆئەوەی بیربکاتەوە کە تۆ مەسرەف ئەکەی ئەبێ لە بەرامبەردا لە شوێنکی ترەوە بەرهەم بهێنیت دەگینا ناتوانی تاسەر لە بەرخۆری مەسرەفکردن بەردەوام بیت. بکەری بەرخۆری داواکاری زۆرە و بیخەرە ئوقیانوسێك لە خواستی تر تۆر ناخوات و هەردەم بیری لای ئەوەیە کە هیتری بۆ بێت. بگوڵدانە

بەرپرسیارێتی ئاستی هۆشیاری خۆی کە لە دواجاردا سەری لە ئاوابونەوە نقوم ئەبێت.
واتە بوونی بەرخۆری لەو شوێنەدا لای سۆبکتی مەسرەفکار بەجەستە دەبێ کە بەرخۆری تیایدا دەبێ بە سەرچاوەی شوناس ، دەبێ بە سەرچاوەی بەها بادەستەکان و دەبێ بە بەشێك لە چاوەڕوانییە سەرەکییەکانی سۆبکتی مەسرەفی و ئوبژەکانی خۆی لە بەرخۆرییدا دەبینێتەوە و وایدادەنێ کە ئاوێنەی تێربوونی پێداویستییەکانی ئەوە. دەکرێ چەند قۆناغێك هەبێ کە سۆبکتی بەرخۆر پەنای بێ ئەبات و لە قۆناغی بەرخۆرییدا خۆی دەبینێتەوە، قۆناغی یەکەم قۆناغی "هەڵپەی بەرخۆریی"ە لای سۆبکت، کە جۆرێك لە پەتای بەرخۆری بێ چاودێری بەرخۆری بڕقەیدوشەرت و بڕسنور دروست دەبێ کە سۆبکت هەوڵ دەدات وەك تۆپ: خەڵکی تریش پەلکێشی ناو ئەو جیهانی بەرخۆرییەی خۆی بکات. جۆرێکی تری بەرخۆری لە ئاستی کێدایە، کە بەشی زۆری کێمەگا وەك سۆبکتێکی گشتیگر بەشدارن لەو فەسادی بەرخۆرییەدا، کە لە ئەنجامی پێ نەبوونی تەقەشوفدا دروست ئەبێت. تێرکردنی ئەم گروپە ترسناکترە و کاتی زۆری دەوێ بۆئەوەی بزانیت داواکارییان چییە و چۆن قەناعەتیان پێبهێنیت. وەك ئەم بەرخۆرییە ئێستا کە بەهۆی ئابورییەکی رەیعیەوە دروستبووە، سوژەیەکی زۆری کێمەگا بەشدارە تێیدا و ژەمەکانی دەخوات.

بەرخۆریی و پرسی نایەکسانی ئابوریی:

بەرخۆریی و نایەکسانی ئابوری چ پەیوەندییەك لە نێوانیاندا هەیە، ئایا بەرخۆری دەبێتە هۆکاری نایەکسانی ئابوری لە دابەشکردنەوەی سامان و عەدالەتی کێمەایەتییدا. گومانی تێدانییە کە لە هەر کێمەگایەکدا پرسی نایەکسانی هەبوو ئەوا بەرخۆری بەڕادەیەکی بەرچاو لە ناوچەیەدا بوونی هەیە و پاشاگەردانی ئابوری دروست کردوە و نایەکسانی هەیە لە بەرەوەبردن و دابەشکردنی سامان و داهاتی ئەو ناوچەیەدا. وە مرۆڤ بە قوڵی لەیەك جیاوازە. سۆن دەنوسێ:" لە توانا و کاراکتەر و بەهرەمەندیدا". بەڵام کێمەگاکان بۆچوونی جیاوازیان هەیە لە مەسەلەی یەکسانی و نایەکسانی و پرسی ئابوری و بەرخۆری وەك مژارێکی ئابوری گەرموگوڕ. زۆرێك لە هۆکارەکان بەرخۆریی بە فاکتەرێکی گرنگ و بنەڕەتی نایەکسانی ئابوری و ناعەدالەتی کێمەایەتی دەزانن، بەتایبەت لە وڵاتە دیکتاتۆرەکاندا کە هەموو سەرچاوەکانی داهات قۆرغ دەکەن و سیستەمێکی ستەمکاریی پۆلیسی بونیاد دەنێن بۆ خۆیان و هەرچی لە خۆیان نەبێ وەری ناگرن و ئەوەشی لەگەڵ بۆچونی ئەواندا نەبێ یان

لە کونجی زیندان توند دەکرێ، یان مەرگ دوا مەنزڵتی. وە ئەم سیستەمە ستەمکارانە بودجەیەکی خەیاڵی لە دەستە و تاقمی خۆیاندا سەرف ئەکەن و بەرخۆرییەکی زۆر هەیە لە سەرجەم کایەکانی ئەم جۆرە لە حکومەتانی کە هەناسەدانی ژیان تیایاندا ئەستەمە و هەموو شتێك بۆنی ستەمکاریی و بەرخۆریزمی حکومەتانی ئەوانی لێدێت.

بەرخۆری لە پەیوەندیدایە لەگەڵ گەندەڵی و ناشەفافیەتی ئابووری، چون پێخۆشە کە شەفافیەت و یەکسانی نەبێ ئەگەر وابێ ئەوا ئەو کاتە سیستەمی بەرخۆر و کاراکتەری مەسرەفکەر ناچار ئەبێ لەژێر یاسادا کڕێ بدات و تەسلیمی واقیع ببێت. چی دەرئەنجامێك لە سزا چاوەڕێی دەکات دەبێ بینیشێت. دەشێ سەرەتا نایەکسانی ڕێی هەبێ لەوەی بەرخۆری گەندەڵی بەرهەم بهێنێ، پرسیارێك بکەین: چۆن گەندەڵی نایەکسانی بەرهەم ئەهێنێ، هاوشانی نایەکسانی بەرخۆریش دروست ئەکات ئەمەش ڕێی حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری کەمدەکاتەوە لە پرسە ئابورییەکاندا. واتە گەندەڵی و بەرخۆریی کاریگەری هەیە لەسەر ئەوەی کێ چی وەرئەگرێت؟ یان کێ چی پەیدا ئەکات؟ لە لایەك ئەم کاراکتەرە بەرخۆر و گەندەڵانە لە هەمان ئاستدا دەستیان دەگات بە پەیوەندییە سیاسی و ئابورییەکان و هەڵی بیرکراسەت و فەساد و گەندەڵاندن دەدەن و حەز ناکەن پرسەکە بەسەرکەوتویی ئیدارەی خۆی بکات.

بەرخۆریی (مەسرەف) لە کوردستان:

ئەوەی ئەمڕۆ بە ڕاگوزەریش بە کوردستاندا تێبپەڕێت دەزانێت گەورەترین چالاکییەك ئینسانی ئەمە ئەنجامی بدات بەرخۆرییە، بەرخۆرییەکی گەورە و بەرفراوان و هەمەجۆر، هەم لە شارە گەورەکانی کوردستاندا و هەم لە شارۆچکە و گوندەکانیشدا. لەڕاستی دوورناکەومەوە گەر بڵێم کۆمەڵگای ئەمە بووە بە یەکێك لە بەرخۆرترین کۆمەڵگاکانی ناوچەکە، کۆمەڵگایەك ئەوەی دەیخوات خۆی بەرهەمی ناهێنێت و ئەوەشی بەکاریدەهێنێت لە شوێنی تردەوە دەیهێنێت. بەهەموو مانایەکیش ئەم دۆخە دۆخکی تازەیە، کۆمەڵگای ئەمە بەدرێژایی مێژووی خۆی لەم دۆخی بەرخۆرییەی ئەمڕۆدا نەژیاوە، بەرخۆریی هەرگیز چالاکی سەرەکی ئینسان و کۆمەڵگای ئەمە نەبووە، بەشکی بەرچاوی ئەوەشی ئەم کۆمەڵگایە بەکاریهێناوە خۆی بەرهەمهێنەری بووە. مۆدێلی بەرخۆریی ئەمڕۆکە شێوازی بەرخۆرییەکی نوێیە، جۆرێکی تازەی چالاکی و سەرقاڵییە کە پێشتر لە کۆمەڵگای ئەمەدا بوونیان نەبووە یان گەر هەبووبێ بەو ئادەیەی ئەمڕۆ نییە کە سەرتاپای جەستەی کۆمەڵگای ئیفلیج و بێکار کردوە، واتە بووەتە

هەکاری ئەوەی کە خەڵکی ئەمە لەگەڵ بەرخۆرییدا دەست و پەنجە نەرم بکات.

نووسەر " مەریوان وریا قانع" باوەڕی وایە: سێ هۆکاری سەرەکی لە پشتی ئەم " بەهاری بەرخۆریی"یە و پێی وایە لە پشتی ئەم راستیەوەیە کە بەرخۆریی لە دونیای ئەمەدا وەک جۆرێک لە ئایدۆلۆژیای لێهاتوو، بەو مانایەی لە بەرخۆرییەکی سادەوە گۆڕاوە بۆ بەرخۆریزم واتە گشتگیر بووە و ئاسەوارەکانی زۆری شوێنی گرتۆتەوە. بە باوەڕی ئەم نوسەرە، یەکەمیان پەرەسەندنی ئابوری نەوتە لە کوردستاندا تا ئەو شوێنەی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت بووە بە یەکێک لە چالاکییە ئابوورییە دەگمەنەکانی دونیای ئەمە. دووەمیان دروستبوونی کەمەڵێک گۆڕانکاری دیمۆگرافی و کەمەایەتی و فەرهەنگی گەورەیە کە لە کوردستانی دوای راپەڕیندا هاتوونەتەوە و کایەکەیان داگیرکردوە و رووبەرێکی کەمەایەتی گەورەی بۆ ویست و حەز و توانای بەرخۆریی دروستکردوە. واتە بەرخۆری لە کوردستاندا ینکەیەکی مادی کەمەایەتی و ئابوری تایبەتی لە پشتەوەیە کە وایکردوە "دیاردەی بەرخۆری" گەشە بکات و ببێت بە "بەرخۆریزم".

خاڵی سێیەم دروستبونی مۆدێلێکە لە دەسەڵات و حوکمانی کە دەیەوێ لەڕێگەی بەرخۆرییەوە رەوایەتی بە بوونی ئەو شێوازە لە دەسەاتدارێتی بدات کە لە دونیای دوای راپەڕیندا دروستبووە. ئەم گۆڕانانە بەیەریەکەوە وایکردوە نەکرێ بەرخۆری تەنها بۆ چالاکییەکی ئابوری، یان بۆ رەهەندە سیاسییەکانی کورت بکرێتەوە، بەڵکو بووە بە ستراتیژێکی تایبەتی دروستکردنی جۆرێکی نوێ لە کەسایەتی، جۆرێکی نوێ لە ئینسان و کەمەگا کە تیایدا ئابوری و گەشە و گۆڕانی دیمۆگرافی و داواکارە و مەیلەکانی مۆدیلێکی تایبەتی دەسەات بەشێوازێکی ئاڵۆز و فرەلایەن بەنایەکداچوون و لەگەڵ یەکتر تێکەبوون، واتە بەرخۆرییەکە تەنها یەکی هەکاری نەگرتۆتەوە تەنها ئابوری یا کەمەایەتی یا سیاسی و فەرهەنگی بێت، ئەوەی هەیە لە کوردستاندا جۆری بەرخۆریەکە هەمەلایەن و فرەپەلوپۆیە و سەرجەم رووبەرو و پانتایی کایە گشتییەکانی گرتۆتەوە، بەو مانایەی کە هەموویان بەسەریەکەوە تۆکی جاجاڵکەی لە بەرخۆریزم دروستبووە کە لێکەوتە و کاریگەرییەکانی پێویستی بە راڤە و تەئویلانی زۆر وردە بۆئەوەی ئاسەوارەکانی دیاری بکات و چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە.

لە کۆتاییدا هەموو ئەوانەی باسمان کرد وایکردوە بەرخۆری ببێت بە سیاسەتێکی "خودسازی" کە بە پلەی یەکەم خودێکی بەرخۆر بەمانا

ئەفلاتونییەکەی بەرهەم بهێنێت، بەڵام هاوکات لەوەش بەدەرنییە کە لە ژینگە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە تایبەتەیەکەی کۆمەڵگای ئێمەدا ئەگەری دروستبوونی تاکەکەسێکی بەرپرسیاریش بەتایبەتی مەیسەر بکات. واتە تاکێکی چاوکراوە و هەستیار و بیرتیژمان هەبێ کە بەرخۆریزم کاری تێنەکات و هەوڵ بدات کە کۆمەڵگا لە ئاسەوارە مەنفییەکانی ئاگادار بکاتەوە و تەقەلای زۆریش بدات ئەم ئامانجەی زۆرترین تاك و کایەی کوردستان بگرێتەوە بۆئەوەی لە بەرخۆریزم رزگاریان بکات، وایان لێبکات کە بەرخۆر نەبن و هۆکارێکی بەرهەمهێنەر بن بۆ خۆیان و پاشان خەڵك و دەوروبەری کۆمەڵگا.

جۆرەکانی بەرخۆریی لە کوردستان:

بەرخۆریی لە کوردستاندا دۆخێکی فرەجۆر و فرەرەنگە، ئەمەش گرێدراوی شوێن و جێی کۆمەڵایەتی و توانی ئابووری و هێزی ئەو گروپە کۆمەڵایەتیانەن کە لە وڵاتەکەدا ئامادەن. دەکرێت سێ ئاستی جیاوازی بەرخۆریی لە کوردستاندا لە یەکتری جیابەکەینەوە.

1- بەرخۆریی چینی بۆرژواز و دەوڵەمەندەکان:

جۆری یەکەمیان ئاستێکە لە بەرخۆری کە بڕووداوی دەکرێ بە ئاستی بەرخۆریی چینە بۆرجوازە هەرە دەوڵەمەندەکانی خۆرئاوا و شێخەکانی خەلیج و مافیا دەوڵەمەندەکانی روسیا و ئیتالیا بەراورد بکرێت. ئەمانە هەم لەناو کوردستان و هەم لە دەرەوەی کوردستاندا ئەو جۆرە لە کردەی بەرخۆری پیادە دەکەن کە شوێن و جێی ئەوان لە ریزی هەرە سەرەوەی هەرەمی کۆمەڵایەتییدا نمایش ئەکات. بەرخۆری ئەمانە تەعبیرێکی راستەوخۆیە لە بڕ و رادەی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی رەمزی ئەوان. بەشێکی زۆری ئەم توێژە کۆمەڵایەتییە دەسەڵاتدارانی وڵات و ئەندامانی ئەو بازنە بچوکەن کە نزیکیان لە دەسەڵاتدارانەوە کردونی بە ملیۆنێرە تازەکانی دونیای دوای راپەرین. ئەمانە ئەو کاڵا ئەوروپییە گرانبەهاکان بەرخۆر دەکەن، خانوبەرەی زەبەلاح و سەیرانگای گەورە دروست دەکەن و سەفەری گران بۆ دەرەوەی کوردستان و ئەنجام دەدەن و پارەی مۆڵ لە ئاهەنگەکانیاندا بەکاشی سەرف ئەکەن. ئەمانە ئەو ئۆتۆمبیلانە بەکاردەهێن کە کارخانە گرانەکانی دونیا دروستیان دەکەن و باکیشان بەوەنییە لەم پێناوەدا پارەیەکی ئەفسانەیی سەرف بکەن. ئەمانە هەم خۆیان هەم خێزان و کچ و کۆڕ و دەستەکانیان بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری جوانکردنی جەستە بە کاملی دەچنە نەخۆشخانە پزیشکەوتووەکانی دونیا و ئەو عەمەلیاتە ئەنجام دەدەن. هەندێك

کەسایەتی دیاریکراوی ئەم گروپە تا ئەو شوێنە ڕۆشتوون کە فێکەی تایبەتیان بێ هاتوچۆی خێیان و دۆستەکانیان کێیوە تائەوەی گەشتی پێبکەن. لەناو کوردستانیشدا منداڵانی ئەم خێزانانە لە قوتابخانە تایبەتەکاندا دەخوێنن و شێوە ژیانێ: ئەژین کە جووڕە لە شێوە ژیانی ئاسایزێربەی هەرە زۆری منداڵانی کوردستانەوە.

2- بەرخۆریی چینی وردە بۆرژواز و دەوڵەمەندی هەتاقیو:
جۆری دووەمی بەرخۆریی ئەو توێژەی ناو کۆمەڵگان کە بە ڕاستەوخێ و یان ناڕاستەوخێ گرێدراوی چینی یەکەمن یان بەشێك لە سامان و پارەکانی چینی یەکەم کراوە بەناوی چینی دووەمەوە. یان چین و توێژی دووەم ئەو دەوڵەمەند و ساماندارانەن کە خزم و ناسیاوی توێژی یەکەمن ئەمەش پەیوەندی متمانە و باوەڕبوون لە لایەن چینی یەکەمەوە بە چینی دووەم زیاتر ئەکات، کە زۆربەی مڵکەکانیان بکەن بەناویانەوە بۆئەوەی بڕۆن: ئێمە هیچمان نییە و بەرخۆرن نیین… ئاستی بەرخۆری ئەم چینە پلەیەك لە خوار چینی یەکەمەوەیە، بەتایبەت کە بەرخۆرییەکەیان ڕوی لە کاڵا و نە هەرزان و نە گرانەکانی هاوردەی وڵاتانی دراوسێیە، بەتایبەت ئەوەی لە بازاڕەکانی تورکیاوە دێتە کوردستان. ئاستی بەرخۆری ئەمانە چەندان پلە نزمترە لە هەمان بەرخۆری گروپی یەکەم. بڕێکی ئەم چینی ناوەندە هەمان خەون و خەیاڵی واقیعی بەرخۆری چینی یەکەمیان هەیە. بەڵام توانا و ئامرازی پیادەکردنی ئەو خەونیەیان نییە، هاوکات ژمارەیەکی گەورەی ئەم چینە سێ لەوەناکەنەوە هەموو ڕۆگایەك بێ گەیشتن بەو ئاستی بەرخۆریەی گروپی یەکەم دەگرنەبەر. ئەگەرچی ژمارە و زانیاری ورد و دەقیق دەربارەی ئەم گروپە لە کوردستاندا لەبەردەستدا نییە، بەڵام بەپێی ئامارە ڕەسمیەکان ڕۆژەی ئەو خێزانانەی کە مانگانە توانایی خەرجکردنی دوو ملیۆن بێ سەرەوەیان هەیە، (27%)ی خێزانەکانی هەرێمی کوردستان تێناپەڕێت. ئەمەش مانای ئەوەی ئەم هێزە لە باشترین دۆخدا لە چوارچێوەیەکی دانشتوانی کوردستان تێپەڕ ناکات، ئەگەر ڕۆژەکە زۆر لەوە کەمتریش نەبێ، چونکە ئەو خێزانانەی دەتوانن مانگان دوو ملیۆن دینار زیاتر خەرج بکەن، مەرج نییە هەموویان هەمان ئاستی بەرخۆریان هەبێ، ئەمەش حەقیقەتێکە ئەبێ دانیپێدابنێین. چونکە دەشێ خێزانێك لە دوو کەس پێکهاتبێ بەڵام خێزانیککی تر لە هەشت کەس پێکهاتبێ، ئەمەش مانای ئەوەی توانایی بەرخۆریی خێزانی یەکەمیان زیاتر دەبێ لە خێزانی دووەم، چونکە بە ژمارە ئەمان کەمترن ئەتوانن بەو پارەو داهاتەی هەیان لە خێزانی دووەم بەرخۆریەکەیان باشتر و زیاتر بێ، ئەبەت ئەمە بۆخۆیان باشە ئەگینا لەووە ئابوورییەکەیەوە مەسرەفە و لەگەڵ

ئەخلاق و بنەما ئابورییەکاندا نایەتەوە.

3- بەرخۆری چینی هەژار و پەراوێزنشینەکان:
بەرخۆریی ئەم چینە بەرادەیەکی زۆر لە خوار دوو چینەکەی ترەوەیە لەمە مەسرەفکردنەوە، چونکە ئەم چینە بەشی خۆیان بەرخۆرییان هەیە بەڵام بەهۆکاری ئەوەی بەشی ئەوە پارەیان نیە وەك چنی یەکەم بکەن. واتە ئەمان پەراوێزخراوەکانی کۆمەڵگان هەندێکیان ئاستی بژێویان زۆر لە خوار ژیانی ئاسایییەویە بگرە خزانی واهەیە کە ناتوانێ خراکی رۆژانەی خۆی پەیدابکات. بەمانایەکی تر بەرخۆری لێرەدا بەنیسبەت ئەم گروپەوە، لە نزمترین ئاستیدایە بە بەراورد بە دوو چینەکەی دیکە. ئەم ژمارانە وێنەی ئەم ئاستە تایبەتەی بەرخۆریمان بۆ رووندەکەنەوە: لە سەدا حەوتی خزانەکانی کوردستان خەرجی مانگانەیان لە (500) هەزار دیار ناتوانێ تێپەڕ بکات، واتە(25%) ی خزانەکانی تر خەرجی مانگانەیان لەنێوان زیاد نیو ملیۆن و کەمتر لە ملیۆنێکە. لەدوای ئەمانیشەوە (41%)ی خزانەکانی هەرێمی کوردستان کە خەرجی دەکەن مانگانەیان لە ملیۆنێك دینار کەمترە، بەڵام ناگاتە دوو ملیۆن. بە واتایەکی تر رۆژەی (73%)ی خزانەکانی کوردستان ئاستی بەرخۆرییان نزمە و ئەمەش زۆرینەی کۆمەڵگای ئێمە دەستنیشان دەکات.
وەك دەبینین توانایی خەرجی ئەم چینە لەرووی بەرخۆریەوە نزمە و ئاستی بژێویان دیاریکراوە، لەناو ئەو هەڵئاوسان و بەرزبوونەوە و بەردەوامانەی نرخی شتومەك و گرانییەدا کە لە کوردستاندا هەیە، ئەم خزان و تاکەکەسانە ناتوانن خەرجی و مەسرەفی زۆر بکەن. بەڵام هاوکات ئەم زۆرینە دەسکورت و کەمدەرامەتە "زۆرینەیەکی نابەرخۆر" نییە، ئەمانە شێوازێکی تایبەتی بەرخۆرییان هەیە بەڵکی گەورەی ئەو بازاڕە هەرزانەی لە وڵاتەکەدا هەیە کە جۆر و کوالێتیەکەیان نزمە و باش نییە، رووی لە بەرخۆری ئەم کاڵایانە کردوە. ناوەندی سەرەکی لەم مەسرەفە تایبەتیەدا بریتییە لەو بڕە لە کاڵا هەرزانەکانی وڵاتی چین کە لە ڤێگای بازرگانییەوە هێنراوەنەتە کوردستانەوە. کاڵایەك نە مەرجەکانی تەندروستی و نە مەرجی ئابوری و نەمەرجی مانەوە، نە هیچ جۆرە مەرجێکی پێزەتیڤی تریان تێدانییە، ئەوەی هەیانە تەنها هەرزانییە و بەس. لەراستییدا ئەم جۆرە کاڵا و خزمەتگوزاریە هەرزانە چینییانە سەرچاوەی چەندان بیماری و نەخۆشی ترسناکن و سەرچاوەیەکی سەرەکی پیسبوونی بەرفراوانی ژینگەشن. لە ئێستادا جگە لە نەبوونی توانای ئابوری بۆ گواستنەوەی شێوازی بەرخۆری ئەم زۆرینەیە بۆ ئاستی یەکەم و دووەمی بەرخۆریی، هاوکات لانیکەمی هۆشیاری ئابوری و تەندروستی بە مەترسییەکانی بەرخۆری

خراپ و بەکارهێنانی ئەو کاڵا بەمەرجانە لەئارادا نییە کە بازرگانییەکی ناپرسیار و چاوچنۆکانەی پارەپەیداکردن چینی دەستێپشتووی دەسەڵاتداران.
ماوەتەوە ئەوەی بڵێین کە نەبوونی هۆشیارییەکی ڕەخنەیی و هیچ بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابوری بەرفراوان جا لەسەر ئاستی تا و کۆ دژ بە بەرخۆرییە ناپرسیارانەی چینی دەسەڵاتدارانی بەرخۆریزم، هۆکاریی سەرەکییە بۆئەوەی دیاردەی مەسرافگەرای ئابوری لە کوردستاندا بەفراوانی تەشەنە بکات و ئاسۆیەکی ڕەخنەگرانە و بەرپرسیارانە ئەوەی چارەسەرکەر بێت نییە، بۆیە بەرخۆریزم بەشێوەیەکی تۆکمە و پتەو، زەبر و شۆکی ئابوری خۆی دەسەپێنێت.

لێکەوتە ئابوورییەکانی مەسرەفگەرایی لە کوردستان

لێکەوتەیی ئابووریی:

یەکێك لە هۆکارەکانی دروستبوونی ئەو مەسەرافگەراییە ئابوورییە نەبوونی دەستەیەکی خەمخۆر و دەسەڵاتداری شارەزا و لێهاتوو کە بتوانێ لە کاتی قەیرانە ئابوورییەکاندا هەلەکان بەفیڕۆ نەدات و چارەسەر بۆ قەیرانەکە بدۆزێتەوە. بەتایبەت دیاردەی ئەو مەسرەفگەرایەی کە بەرکی کوردستانی گرتۆتەوە ئەو "یەکسانییەی ئابوورییەی" گێڕیوە بۆ " شەژانی پێوانی مەسرەفگەرایی ئابوری" کە هۆکارەکەی بە پلەی یەکەن پشتبەستنە بە نەوت وەك سەرچاوەی یەکەمی دابینکردنی بودجەی وڵات، ئەمەش کێشەی گەورەی ئەو مەسرەفگەرایەیە، کە لە پەنای نەوتدا وە سەرچاوەیەکی ئابوری سوپایەك لە ئینسانی بەرخۆری دروستکردوە.
شادەماری بەرخۆری لە کوردستاندا ئابوری نەوتە بە پلەی یەکەم، فرۆشتنی نەوت لە بازاڕەکانی دونیادا و خەرجکردنی پارەکەی لەڕێگەی بەرخۆرییەوە ئەو پاشخانە ئابوریە سادەیەیە کە لە پشتی دیاردەی بەرخۆریزمەوەیە لە کوردستان. ئەمڕۆ کۆمەڵگای ئێمە پشتی تەواوەتی بە پارەی ئابوری نەوت بەستووە و لە دەرەوەی ئەمە شتێکی ئەوتۆی نییە پێداویستیە سەرەکییەکانی ژیانی ئەو چەند ملیۆن ئیسنانەی لە کوردستاندا ئەژین دابین بکات. وەك ئەو دڵخەی کە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستانی تێکەوتووە بەهۆی ئابوری نەوتەوە، کە پارەی کارمەندانی پێ دابین ناکرێ، وا بۆ ماوەی سێ مانگ ئەچێ حقوقی فەرمانبەرانی مانگی (1ی ساڵی 2020)ی نەداوە. وە ئەو سیستەمە سیاسییەش کە لە پاڵ ئابوری نەوتدا دروست و باڵادەستکراوە سیستەمێکی ڕەیعییە کە خۆی لەسەر ئابوری نەوت بونیاد نراوە، کە ئابوری نەوت دابینکەری ئەو هەموو کرێخرییە کە ئابوری نەوت دروستیکردوە. کە حکومەت ئەیەوێ لەسەر شێوازی وێنەی دەوڵەتەکانی

خەلیج ئەو گەشە ئابوورییە بگوازێتەوە، کە ئەوان دروستیان کردوە، راستە ئەوان خۆشگوزەرانی ئابوری و بژێویان تارادەیەکی باش فەراهەم کردوە بۆ خەڵك بەڵام لە لایەکی ترەوە ئەو ئابوورییە رەیعییە کەبەهۆی نەوتەوەیە، ستەمکارییەکی درێژخایەن و خنکێنەری دروستکردوە، کە هەناسەدانی سیاسی و جیاوازی سیاسی بنربڕ کردوە کە دەکرێ بە "ستەمکاریی نەوت"ی ناوزەدی بکەین. وە ئەم ستەمکارییە نەوتیە هۆکارێکە سەرەکییە بۆ مانەوە و بەردەوامیدانی ئەو سیستەمە سوڵتانی شبهە فاشیستییەی دەوڵەتانی ناوچەکە و کوردستانیش بەشێکە لەو سیستەمە ستەمکارییەی کە ئابوری نەوت سەرچاوەکەیەتی… بگرە ئەم شێوازە لە دەوڵەتانی ئابوری نەوتی لە ناوچەکەدا هەرکامیان ئەگری سیستەم و دەسەڵاتی سیاسییان بە هەبژاردن یان گواستنەوەی ئاشتیانە و ئازادانە بۆ بەرامبەر چێنەکردوە، بگرە هۆکارێك کە کودەتا یان خۆپیشاندان یان دەستی دەرەکی یان شۆشی جەماوەری لایبردون. ئەم دەسەڵاتە ستەمکارییە نەوتییەی وڵاتانی ناوچەکە حەزیان بە دیموکراسی و ئازادی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی نییە، ئەو ئیستیبدادیە نەوتییە لە کۆتاییدا لەناویبردون.

ئابوری کرێخاری: نەوت وەك بەشێك لە مەسرەفگەرایی:

ئابوری کرێخاری ئەو ئابوریەیە کە داهاتی وڵات و بەتایبەت داهاتی ئابوری کوردستان لە ڕێگەی فرۆشتنی یەکێك لە سامانە سروشتییەکانەوە دابین ئەکات، گەرچی ئابوری کرێخاری جۆرە ئابوورییە کە ریشەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی پێش سەرمایەداری مۆدێرن و لە ئاستی تاکەکەس و گروپی بچوکدا کارا بووە و مۆدێلکانەیەك بەرامبەر بە زەوی و موڵکێك وەرگیراوە. کوردستانیش خاوەنی ئەم جۆرە ئابوورییە و نەوت بەشێکی سەرەکی داهات فەراهەم ئەکات، لە ئابوری سیاسییدا قسە زۆر کراوە لەسەر ئەم جۆرە ئابوورییە. یان لە ئابوری سیاسییدا جەخت لەسەر ماهیەتی دژە دیموکراسییەکانی ئەم ئابوریە کراوە، چونکە دەسەڵاتداران بەبێ ئەوەی بە پرسەی بەرهەهێنان و باج و عەقڵانیەتی پرسە ئابوورییەکاندا بڕوات، دەبنە خاوەنی ئابوری و دارایییەکی زل و ڕاستەوخۆ، لێرەوەش لە خەڵك بێمنەت دەبن و سەرمایەکی زۆر کەڵەکە ئەکەن و خەڵك دەکڕن و پاشان چەك و تەنانەت پشتیوانی ئەمنیش بۆ خۆیان دەکڕن… بەڵام ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرنگە و بۆ ماهیەتی تۆژینەوەکەی ئێمە بایەخی هەیە، ئاوڕدانەوەیەکی کورتە لەسەر لێکەوتە ئابوریەکانی ئەم جۆرە لە ئابوری کرێخاری و ئابوری نەوت، بەهۆی ئەو پارە و مۆ و خێرایەی کە دێتە گیرفانی حیزبە ستەمکارەکانی کوردستانەوە، کە حیزب دروستی کردوە. بازنەی ئەم کرێخاری نەوتە کە "ستەمکاری نەوت، ستەمکاری حیزبی" دروستکردوە… کە ئەوەی لەگەڵیاندا نەبێ بە دژە دیموکراسی و

دژە بە وڵات ناودەهێنرێت.
بەمانایەکی تر، ئابووری کرێخێری نمایشی شێوازێکی تری لە ستەمکاری بەرخێریانەی دەسەڵات بەچەندین جۆر خێی دەخاتەووو، لە ووێیەکەوە ئەم ئابووریە کرێخێریە بە ختوکەدانی هەستی عەوامپەسەندانی زۆرینەی جەماوەرە بۆئەوەی کە دەوڵەتیان بە دروست ئەکات، ئەم نەغمەیە لە کوردستان ماوەیەك بانگەشەی گەرمبوو، لە ماوەیەدا پارەیەکی زۆر بەناوی بانگەشی هەڵبژاردنەوە وەك کەمپین بۆ ئەم پرۆسەی دەوڵەتسازییە سەرف دەکرا، کە هیچ ئەنجامێکی نەبوو جگە لە کارەسات و ماڵوێرانی ئابووری، کە مەسرەفگەرایەکی نوێی ئابووری بوو بۆ بانگەشەکردن.

ئابووری نەوت یان ئابووریی تاڵانی/ چەتەیی:

ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە بیرکردنەوە و ئاوێدانەوەیەکی رادیکاڵ و ریشەیانە بۆ لەسەر دیاردەی بەتاڵانبردنی نەوتی کوردستان بەناوی ئابووریی سەربەخێییەوە، کە ئەمەش هیچ بنەمایەکی قانونی و پشتڕاستکردنەوەی لەسەر نییە، واتە هیچ پشتیوانێکی دەولی و ناوچەی و ناوخێیی نەبوو، واتە ئابووری نەوتی هەرێمی رۆژهەڵاتی پارێزەر بۆ خەڵکەکەی دەبێنێ یان ئابوورییە لە خزمەت ئەجێندایی دەرەکییدایە بەتایبەت بۆ وڵاتی تورکیا، گومانی تێدانییە کە وەك وەکالەت زیندوکەرەوەی ئابووری تورکیا بوو، نەوتی هەرێم، کە دەکرێ بە "ئابووری بەوەکالەت بۆ تورکیا" نەوتی هەرێم ناوزەد بکەین. کە گرێبەستێکی پەنجا ساڵی لەسەر وزەی کوردستان بەگشتی و بەتایبەتی نەوت لەگەڵ تورکیادا کراوە، نەوتی هەرێم بۆ تورکیا وزەپێدەری ئابوورییەکەی بەهێز بوو کە دووبارە دژی کورستان خێی بەکاربهێنرێتەوە بەتایبەت ئەمیان رەهەندێکی سیاسی هەبوو لە پەیوەست دژ بە کوردستانی سوریا… لەبارەی پەیوەندی نەوت بە تاڵانییەوە دەگەڕێینەوە بۆ بۆچونەکانی دکتۆر (مهرداد وهابی) ئوستادی زانکۆی سۆربۆنی شیمالی، ئەو دکتۆرە باوەڕی وایە کە ئەو دەوڵەتانەی کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدان و پشکەوتوو نین بەڵام بەشکی زۆر لە سەرچاوەی وزەیان لە نەوت و گاز و… هەیە ئەو دەسەڵاتداریەتییەی هەیە ئازاد نییە بەکو نەوت و گازەکە بووە بە سەرچاوەی ستەمکارییەکی تازە و دەرکەوتوو کە دەکرێ بە ستەمکاری بەتاڵانبردنی نەوت ناوی بەرین. کە مهرداد وەهابی بە دەوڵەتانی وڕانکار ناویان دەیهێنێ و نەوت فاکتەرێکی بەهێز و بەردەوامیدەرە بۆ مانەوەی دەسەڵاتی ستەمکارییان.

لە لایەکی ترەوە ئەگەڵینەوە بۆ راکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت

بەتایبەت (ئادرنۆ و مارکۆزە و هۆرکهایمەر) لە پەیوەندی بە بەرخۆریزمەوە بەگشتی و بەتایبەتی ئەمە لە کوردستاندا بەرخۆریزم بە پلەیەکی گشتگیر و سەرەکی ئابوری نەوتە کە خۆی لە کرۆخۆرییدا پێناسە ئەکات، کە ئەو مەسرەفگەراییە پەرەبسەنێت و ببێ بە کەلتور واتە کەلتوری بەرخۆریزم. یان ئەو ئابوورییەی کە هەیە لە نەوتەوە سەرچاوە ئەگرێ بە قەولی (جۆرج لوکاچ) نەوت وەك کاپیتالیزمی بەهاکەی کە سەودای پێوەئەکرێ بێ بەرهەمهێنان نییە بەکو بێ بەکارهێنان و مەسرەفکردنە، بەمانایەکی تر نەوت لە کوردستان بەهایەکی مەسرەفی چینەکی تایبەتی هەیە وەك لەوەی بەهای بەکارهێنانی هەبێ بەرژەوەندی گشتی.. وە بەگەیانەوە بێ رەخنەی فرانکفۆرتییەکان بەگشتی رەخنەیە لە بەرخۆریزم کە گەشەکردنی دونیای مۆدێرن لەوەی خەڵك ئازاد بکات، دیلی کردوە لەنێو قەفەسێکی ئاسنینی بەرخۆریزمدا کە وەك ئایکۆنی بەرخۆریی لە چەشنی کاپا نمایشییان ئەکات. ئەبەت لە کوردستانیش بەرخۆریزم چەندەها ئایکۆنی فوتکراوی پارەی ئابوری بەتاپانبراوی نەوتی گەورە کردوە، کە شاهانە لەسەر ئەو پارەی نەوتە یاری دەکەن و بەمانایەکی تر مەسرەفگەرای ئابوری نەوت لە کوردستان لە پلەی کاملی کوپانی خێدایە و دەرەچەیەك یان ئاسیەکی خۆشبەخت بەدیناکرێ کە ئابوورییەکەی چارەسەر بکات کە ژیانی دانشتوانی هەرێمی کوردستان لەسەر بەندە و ئەوە نەبێ، ئەبێ چاوەڕێی دەرئەنجامی ترسناك و وێرانکەری تری ئابوری بەتاپانبراوی نەوت بێ جەماوەری کوردستان بکەین.

چارەسەری قەیرانی مەسرەفگەرایی:

بۆئەوەی چارەسەری بەرخۆری بکەین وەك دیاردەیەکی ترسناکی ئابووریی و کۆمەڵایەتی کە بەرکی کۆمەڵگای کوردیی گرتووە، ئەبێ حکومەت وەك بکەری سەرەکی سەرجەم دەسەڵاتە ئیدرای و سیاسی و ئابوورییەکانی بەدەستەوەیە، چاوبخشێنتەوە بەسەرجەم کەرتەکاندا و بیرلەوەبکاتەوە دەرئەنجامی ئەو قەیرانی بەرخۆرییە چارەسەر بکات، یان هیچ نەبێ لانی کەم کەمیبکاتەوە. ئەویش بەهەماهەنگیکردن لەنێوان کەرتی تایبەت و گشتی و کەسانی پسپۆڕ و شارەزایی و ئابوری و شارەزای بوارەکانی تر، بەوەی وەبەرهێنانی ناوخۆی زیاد بکات و مەسرەفکردن کەمبکرێتەوە، وە چاوخشانەوە بە کەرتەکانی ئابوری وەك نەوت وگاز، کشتوکاڵ، گەشتیاری و پیشەسازی، سیستەمی بانك و وەبەرهێناندا، بێ ڕکخستنەوەیان و دیاریکردنی ڕۆڵەوی کارکردنیان و شەفافکردنەوەیان بەشێوەیەکی چالاك.
سیستەمی وەبەرهێنان چاك بکرێتەوە پێویستە مەسرەفکردن وەك

پەتایەکی ئابووری هەوڵی بنبڕکردن یان سستکردنی بدرێ، بەمانایەکی تر، نەك بەو مانایەی کە مەسەرفکردن بنبڕ بکرێ، بەڵکو کارێکی ئابووری وەها بکرێ، کە بەرخۆری کەمبکرێتەوە چونکە بەیەکجاری لەناونابرێت. لەبەرئەوەی مەسەرەفکردن کە کایە نمایشی خۆی نمایش ئەکات زیدەڕۆییەکی لەئەندازەبەدەر بۆ بەرخۆری کاڵاکانی ئەکات وادەکات کە ئینسان دیلی ناو تەڵەی فریودەرانەی دارایی مەسرەفکردن ببێت.

پێویستە چاوێکی جدی لە پەیوەندی نێوان کەرتی گشتی و تایبەتییدا بخشێنرێتەوە، پەیوەندییەك کە هاوبەشی لە کارکردن و هاوبەشی ئابورییدا هەبێ. لەسەر بنەمای سەربەخۆکردنی وەبەرهێنان و کەمکردنەوەی مەسرەفکردنی ئابووری، واتە سیستەمی دارایی و ئابووری کوردستان سەرلەنوێ ڕێکبخرێتەوە. وە ئابووری بێ سەرجەم ئینسانەکانی کوردستان بێت، وە ئاڵاستەکردنی وەبەرهێنان بەرەو پڕۆژە ئابوورییەکان و بێ پاراستن و دورکەوتنەوە لە بەرخۆری و زیدەڕۆیکردنی مەسرەفکردن. وە دورخستنەوەی هەموو شێوەکانی قەرغکاری مەسرەفکردن چ لە لایەن کێ و تاکەوە بێ کە ئامانجیان بەرخۆرییە، ڕێگەیان لێبگرین و بەرژەوەندی گشتی لەبەرچاو بگرین. وەهێنانە کایەی پەیوەندی گرێبەستێکی هاوبەشی وەبەرهێنانی ئابووری و ئەخلاقی کۆمەڵایەتی کە زەمینەی هاوبەشی وەبەرهێنان فەراهەم بکات، تا چارەسەری بەرخۆری بکەین، لە کۆتاییدا دیاردەی بەرخۆریزم لە کوردستاندا کەمبکرێتەوە و ڕێگری لێبکرێ، تاکە چارەسەر هەوڵێکی گشتیگرییانەیە لەپێناو هێنانە کایەکی هاوبەش ئابووری کە عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئابووری بێ گشت ئینسانەکان لەبەرچاو بگرێ و غەمی گشتی و بەرژەوەندی کولی ئابووری و کۆمەڵایەتی پێش هەر شتێك بێ بێ ئینسانەکان، ئەوا بەوشێوەیە مەسرەفکردن تاڕادەیەك بنبڕ دەکرێت.

دەرئەنجام:

بوونی بەرخۆریی و مەسرەفگەرایی گەیشتن بە قۆناغێکی بنبەست و مەترسیدار، واتە ببێ بە ئایدۆلۆژیایەکی ڕۆژانەی دەسەڵات و جەماوەر لەوە ئەکەوێ بتوانرێ چارەسەر بکرێت. دەتوانین بڵێین ئەمڕۆ شێوازێکی نوێی "خودسازی" لە کۆمەڵگای ئێمەدا لە دروستبوونداید، خودسازییەك بە پلەی دەست و پەنجەکانی دەسەڵات لە ڕۆگای بەرخۆرەییەوە ئاڕاستەی ئەکات، بەڵام بڵگومان ناتوانێت هەموو دەرئەنجامەکانی کۆنترۆڵ بکات.

پرسەی بەرهەمهێنانی ئەم خودە بەرخۆرە یەکێکە لە ئامرازە هەرە سەرەکییەکانی ئەو مۆدێلەی لە دەسەڵات کە ئەمڕۆ باڵادەستە و زۆر ئەستەمە چارەسەر بکرێت کە سەرچاوەکەی مەسرەفگەراییە. دروستکردنی

ئەم خودەش بەشێکە لە ستراتیژی بەگژاچوونەوەی ئەو قەیرانە قوڵانەی کە رووبەرووی هاوڵاتی و کۆمەڵگا بووەتەوە کە دەسەڵات و حیزب سەرچاوەکەیەتی… بەرپرسە حیزبییەکانی شاخ و دونیا، ئەمڕۆ سەرمایەدار و دەوڵەمەندە بەرخۆرەکانی ئەمڕۆن، ئەوانەی لە دوای ساڵی (1991)ەوە هیچ شتێکیان نەبوو لە ئابووری و ملیاردێرن و سەرمایەداری پلەیەکی گەورەن.
مەسەرەفگەرایی وەک پێشتر وتمان وەک دیاردەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە لە کوردستاندا پەرەیسەندوە، گروپێک لە هاوڵاتی لەپێ و بەهێ کە حیزب کردونی بە سەرمایەداری بەهێز و خاوەن پرۆژە، لە لایەکی ترەوە زۆرینەیەکی بێشومار لە داهاتی هەیە کە ژیانیان مامناوەند یان لەخوار هەژاریەوەیە، کە پەراوێزنشین و کراون و بگرە ژەمەخواردنی رۆژانەیان دەستناکەوێت، کە سەرچاوەکەی ناعەدالەتییەکی ئابووری و کۆمەڵایەتییە کە حیزب دروستکەرێتی و لەڕێگەی پارەی ئابووری نەوتەوە، ستەمکارییەکی بێئەندازە و ناعەدالەتی دروستکردوە. بۆئەوەی لە رووە دزێو و کوشندەکانی بەرخۆریی تێبگەین: ئەبێ بەدوایی پنتە شاراوەکانی بەرخۆریزمدا بگەین و بیدۆزینەوە، وە ئەو کۆمەڵگا و تاکەکەسە فوتکراو و هەڵخەتێنراوەی بەناوی خۆشبەختی بەرخۆرییەوە دروستکراوە دەرزییەکی پێدابکەین و بیتەقێنین. لە بەرامبەردا تاك و کۆمەڵگایەك دروست بکەین کە خاوەنی خۆی بێ، ئەمەش هەوێ و کات و وزەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئینسانی خەمخۆری ئەوێ بۆئەوی بەهاوکاری هۆشیارییەکی دەستەجەمعی رەخنەگرانە بەر بە لێکەوتەکانی مەسرەفگەرایی بگرین وکۆمەڵگا و تاك لە ئاسەواری خراپەکانی ئاگادار بکەینەوە و پێیان بڵێین: کە مەسرەف وەك کاڵا نمایشت ئەکات ئەی مرۆڤ ئاگاداری خۆتبە، ئەگینا مرۆڤبوونت ئەکەوێتە ژێر مەترسی و پرسیارەوە، بۆیە بیربکەرەوە (سوقرات) گوتەنی: "خۆت بناسە" و خاوەنی خۆتبە بۆیاردان و بیرکردنەوەی لە بەرژەوەندی خۆت و کۆمەڵگا.

سەرچاوەکان:

1- کتێب:

1- جامعه مصرفی، ژان بودریار، ت: پیروز ایزدی، تهران، 1389.

2- انسان تك ساحتی، هربرت مارکوزه، ت: محسن مویدی، تهران، 1350.

3- دیالەکتیکی رۆشنگەری، تیۆدۆر ئادۆرنۆ و ماکس هۆکهایمەر، ت/ هاژینی مەلامین، سلێمانی،

4- مۆژوو و وشیاری چینایەتی، جۆرج لوکاچ، و/ هادی محمدی،

سلێمانی، .2006
5- کۆمەڵگا و غەریبەکانی، مەریوان وریا قانع، سلێمانی، .2018
6- دوا خەندەی دیکتاتۆر، بەختیار علی، سلێمانی،.2020
7- چۆنە تا ئێستا هەموو شت ئاوانەبووە؟، ژان بودریار، و- وەلید عومەر، سلێمانی، .2019
8- تورکیا و هەرێمی کوردستان: چ جۆرە پەیوەندییەك؟، د. سەردار عزیز، سلێمانی،.2015
9- لە چ ئێستایەکدا دەژین؟، مەریوان وریا قانع، سلێمانی، .2012
10- گۆڤاری کۆنسێپت، کۆمەڵك نوسەر، وتاری پرسی نایەکسانی ئابوری لە هەردوو تیۆری سەرمایەی مرۆیی و توانادارییی مرۆییدا، نیاز نجمدین، سلێمانی، .2013
2- وتار:
1- ئابوری کرێخۆری کەلتوری کوردی، ن/ وەلید عومەر، .2018
2- ژینگە، مەسەرفگەرایی و…، ن/ کەڤین هاریمەن و کەڤین نانس، و/ هێمن خالید، .2017
3- کاڵا و مەسرەف، ن/ هاوار محمد، .2013
4- لەعنەتی سامانی سروشتی: نەوت و گاز بەنمونە، ن/ دانا حمید، 2020.
5- قەیرانی بەرێوەبردن لە هەرێمی کوردستان، گفتوگۆ لەگەڵ پرۆفیسۆر: د. وشیار معروف، 2019.

گۆشتێک بۆناو چیرۆکی جیهانیدا … ئەردەڵان ءابدوڵا

خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی " خوونێک لە وڵاتی پیاوە بچکۆلەکاندا" ئازاد بەرزنجی

کورتە چیرۆک یەکێکە لە ژانرە جوان و جێژبەخشەکانی ئەدەب، زۆربەی گۆلانی جیهان، خاوەنی فەرهەنگێکی ئەجگار دەوڵەمەندن لە بواری کورتەی چیرۆکدا، بگرە دەتوانم بڵێم هیچ گۆلێک بەبێ کورتە چیرۆک نابێت، چونکە ئەمە ڕۆژانە هەر یەکەمان خاوەنی کەمڵێک چیرۆکین کە

لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەسەرماندا دێت. ئەدیبان و نووسەرانی جیهانیش، لەم بوارەدا داهێنانی ئەجگار جوان و نایابیان لە بواری شێوازی نووسینی کورتە چیرۆکدا کردووە، بەتایبەتی ئەدیبانی فەرەنسی و روسی.
هەمیشە هاوڕێی هەژار ئازاد بەرزنجی، دەستەنگینی دەنوێنێت و کاروبارەهەمی جوان پێشکەشی خوێنەرانی کورد دەکات،ئەمجارەیان کارێکی باشیکردووە، کە دەستی بردووە بۆ ژانرێکی گرنگی ئەدەبیات کە ئێویش " کورتە چیرۆک"ە. کتێبی " خەونێک لە وەاتی پیاوە بچکۆلەکاندا". سوپاسی دەکەم کە هەمیشە منی لە یادو ئەمجارەشیان ئەم کتێبە جوانەی خۆی پێشکەش کردم. ئەم کتێبە پیاسەیەکی خەرایە بەناو باخ و بۆستانی کورتە چیرۆکی جیهانیدا. هەروەها گوزارێکی خەرایە بەناو نووسەرانی هەموو کیشوەرکانی جیهاندا هەر لە ئەورووپاوە بۆ ئاسیا و پاشانیش بۆ ئەمریکای لاتین.

ئەزمونی جیهان
لەناو کتێبخانەی ئەمانیدا زەرجار لەمجارە کتێبانەم بەرچاو کەوتووە، کە کەمەک کورتە چیرۆکی نووسەرانی جیهان لە کتێبکدا کۆکراوەتەوە، بەڵام لەناو کتێبخانەی کوردیدا کەمتر چاوم بەمجارە کتێبانە کەوتووە، ئەمەی کاک ئازاد کارێکی باشە، چونکە ئەمە ئاشنا دەکات، بە ئەزموونی نووسەرانی جیهان لە بواری کورتە چیرۆکدا. ئەم کتێبە قەبارە مام ناوەندە و لە ٣٠٠ لاپەڕە پێکدێت، بەرهەمی ٢٧ نووسەری جیهانییە و هەریەکەشیان خەڵکی وڵات و کیشوەرێکە. سەرەتای چیرۆکەکان بە نووسەر بەناوبانگی فەرەنسی جیهان گیو مەباسان دەستپێدەکات ئێویش کورتە چیرۆکی " تەنیایی". کە تا چیرۆکیش " بوکە" هی نووسەری ناوداری روسی و جیهان ئەنتۆن چیخۆف.

دیارە چ گیو مەباسان ، چ چیخۆف هەردووکیان بە ئوستازی کورتە چیرۆک دادەنرێن و لەسەر دەستی ئەم دووانە کورتە چیرۆک گەشەی سەندن و لە چیرۆک و ڕۆمان خۆی جیاکردووە، گەورەترین داهێنانیشیان لە تەکنیکی نووسیندا کرد، بەتایبەتی دانانی ڕەگەزی " کتوپڕ" .
خاڵەکی باشی ئەم کتێبە ئێویە، نووسەر هەوڵیداوە کورتەیەک لە ژیانی شەخسی و ئەدەبی ئەو نووسەرانە باس بکات، کە کورتە چیرۆکەکانیان نووسیوە، ئەم کورتە ناساندنەش بە خوێنەر گرنگە.

کەمەک چیرۆکی سەرنج ڕاکێش
نووسەر توانیویەتی کەمەک کورتە چیرۆکی جوان و سەرنجڕاکێش لەم کتێبەدا کۆبکاتەوە، بەشێکی زۆریان مایەی سەرنج و تەماشانن. بە نموونە کورتە چیرۆکی تەنیایی مەباسان.(لە ساڵی ١٨٥٠ لەدایک بووە

لە ساڵی ١٨٩٣ کەچی دوایی کردووە.) ئەو بە یەکێک لە نووسەرە مەزنەکانی سەدەی نۆزدەی فەرەنسا دادەنرێت.کورتە چیرۆکی تەنیایی،هەر بەناوکێیدا دیارە" تەنیایی" دەبێتە ناوەڕۆکی سەرەکی چیرۆکەکە.
چیرۆکەکی تر کە باڵادەی جوان و سەرنج راکێش بوو، کورتە چیرۆکی " سیمای غەمگینم" کە لە نووسینی نووسەری ناوداری ئەڵمانی هاینریش بۆڵە(لە ساڵی ١٩١٧ لەدایک بووەو ساڵی ١٩٨٥ کەچی دواییکردووەو ساڵی ١٩٧٢ خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە.) هەرچەندە نووسەر بەهۆی نووسیویەتی ساڵی ١٩٥٨ کەچی دواییکردووە، لەکاتێکدا ساڵی ١٩٧٢ خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە. کورتە چیرۆکی سیمای غەمگینم، باسی کابرایەک دەکات، کاتێک سیمای پێکەنیناویە، پۆلیس دەستگیری دەکات، دواتریش کاتێک سیمای غەمگینە، دووبارە دەستگیر دەکرێتەوە. نووسەر لە ڕێگەی ئەم کورتە چیرۆکە خەیاڵییەوە، ڕەخنەی توند ئاڕاستەی حکومەتە فاشیسیت و دیکتاتۆرکان دەکات، کە بە ناڕەواو بە هیچ تاوانێک، خەڵکی دەستگیر دەکەن.
کورتە چیرۆکێکی تر کە مایەی سەرنجم بوو، کورتە چیرۆکی " یەکەمین سوا" لە نووسینی نووسەری ئەمریکی ولیەم مارچ . (ئەم نووسەرە لە ساڵی ١٨٩٣ لەدایک بووەو لە ساڵی ١٩٥٤ دا کەچی دواییکردووە.) هەرچەندە ئەم نووسەرە لەلای من تازە بوو، پێشتر هیچ بەرهەمێکیم نەخوێندەتەوە، بەڵام ئەم کورتە چیرۆکەی زۆر جوانە، تێیدا " کەرامەتی مرۆڤ" دەبێتە کرۆکی سەرەکی، لەهەمانکاتیشدا دژی دیاردەی سوانکردنیش دەوەستێتەوە. نووسەر لەم کورتە چیرۆکەدا باسی پیاوێکی هەژار دەکات، بەهۆی نەبوونیەوە دەیەوێت سوا بکات، بەڵام پاشان کە بە یەکەمجار لەژیانیدا سوا دەکات، هەست بە شەرمەزاریی و پەشیمانی دەکات. لە کۆتایی چیرۆکەکەدا دەڵێت:
هیچ شتێکمان لە ژیاندا شک نەدەبرد، تەزقاڵێک ئابوو نەبێت، ئێستا ئەویشم لەدەست چوو، هەست دەکەم، زۆر هەرزان فرۆشتم. ل ٥٠.
کورتە چیرۆکی " خەونێک لە وەاتی پیاوە بچکۆلەکاندا" ، کەبێتە ناونیشانی کتێبەکەش، لە نووسینی نووسەری ژاپۆنی موشانەکەجی سانیتزو(لە ساڵی ١٨٨٥ لەدایک بووەو ساڵی ١٩٧٦ کەچی دواییکردووە.) ئەم کورتە چیرۆکە سیمایەکی خەیاڵی پۆڵیە، باسی پیاوێک دەکات دەچێتە وەاتێکەوە کە هەموو شتەکانی عەکسە، بە نموونە " کە یەکێک نەخێش دەکەوێت هەموو بزەییان پێدا دێتەوە، بەڵام کەس پێی خۆش نییە چاک بێتەوە. هەروەها بەرزترین شاخیش لەم وەاتەدا نزمترینیانە، چونکە خەڵکی لەبەر لووتبەرزی و خۆبەزلزانینەکەی، ڕقیان لە شاخی بەرز دەبێتەوە. لەم وەاتەدا وا باوە هەرێکە هیچو پوچی خۆی بخاتە ڕوو، خۆ ئاگەر یەکێکیش هەوێیدا بێک زیرەکی خۆی

پیشان بدات، ئەوا بە بە شەرمی و حەز بە خوێندن تاوانبار دەکرێ.ل ٧٤
تاادەیەک ئەستاش هەندەک خووەوشتی ئەم وڵاتەش بەمشوێیە. ئەم چیرۆکە لەرووی نوسینیشەوە، جوانە، چونکە لە کۆتایدا ئەو پیاوە خۆن دەبینێت، واتە چیرۆکەکە خۆنە. ئەمەش تەکنیکێکی جوانە کە نووسەر لەکۆتایدا پشتی بەرگەزی کتوپڕ بەستووە، ئەمەش جۆرێ زیاتری بە خوێنەر بەخشیوە.

نووسەری ناسرا و نەناسراو

خاڵێکی گرنگی تری ئەم کتێبە ئەوەیە، نووسەر هەوڵیداوە کەمێک نووسەری جیهان کۆبکاتەوە، هەندێکیان نووسەری ناسراو و ناودارن لە جیهاندا وەکو " مەباسان، چیخۆف، مارکیز، هاینریش بۆل، بەرخیس" کەمێکی تر، لەپاڵنا ئەم نووسەرە ناسراوانەشدا، کەمێک نووسەری نەناسراوی تێدایە، یان دەتوانین بڵێین لای ئێمە نەناسراون. ئەمەش کارێکی باشە، چونکە نووسەر ئێمە بە کاروبارەهەمی کەمێک نووسەری نەناسراوی جیهان ئاشنا کردووە.

تەکنیکی جیاوازی نووسین

لەرووی تەکنیکیشەوە کورتە چیرۆکەکان جیاوازن، هەر نووسەرەو تەکنیکی خۆی بەکارهێناوە. لە رووی درێژی و کورتیشەوە جیاوازی هەیە. بە نموونە " سیلستینا" کورترین چیرۆکی ناو کتێبەکەیە ئەم کورتیلە چیرۆکە لە نووسینی نووسەری ناسراوی مەکسیکی کارلۆس فەنتیس" (لەساڵی ١٩٢٨ لەدایک بووەو ساڵی ٢٠١٢ کۆچی دواییکردووە.) چیرۆکەکەش تەنها یەک لاپەڕەیە، باسی شەوی بوکێنی کچێک دەکات. درێژترین چیرۆکیش هەر باسی بوکێیە، چیرۆکی " بوکە" نزیکەی ٣٠ لاپەڕەیە و لە ٦ چاپتەر پێکهاتووە، لە نووسینی نووسەری ناوداری روسیا و جیهان " ئەنتۆن چیخۆف" (لە ساڵی ١٨٦٠ لەدایک بووەو ساڵی ١٩٠٤ کۆچی دوایی کردووە.)

چەند سەرنجێک

بەدڵنیاییەوە ئەم کتێبەی کاک ئازاد یەکێکە لە کتێبە جوانەکانی، بەتام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک سەرنج و تێبینیم هەبوو. یەکێکیش لەو سەرنجانەم، بەشێکی زۆری ئەم چیرۆکانە خامەی نووسەرانی ئەمریکای لاتین و ئەمریکای باکوورن، بەتایبەتی مەکسیکی بەشی زۆری ئەم کتێبیان داگیرکردووە، پاش ئەوانیش نووسەرانی ئەمریکی دێن. لە ئەوروپاشدا زیاتر نووسەرانی ئەڵمانین. لە تەواوی کیشوەری ئاسیاشدا، تەنها کەمێک نووسەری ژاپۆنی تێدایە، لەکاتێکدا لە کیشوەری ئاسیادا، قەڵەمی زۆر جوان هەیە. باشتربوو نووسەر

هۆیدایە، گۆبژێک لە تەواوی نووسەرانی جیهان بەت و هەموو کیشوەرکانی جیهان بگرێتەوە، بە نموونە هیچ نووسەرێکی ئەفریقی و عەرەبی و ئێرانی تێدا نییە، لەکاتێدا ئەدەبیاتی عەرەبی، کەمێک نووسەری زێر مەزنیان لەم ژانرەدا هەیە لەپێش هەمویانەوە" نەجیب مەحفوز، یوسف ئیدریس، ئیحسان عەبدولقدوس،،هتد" لە ئێرانیش بەهەمانشێوە نووسەری زێر باشیان لەم ژانرەدا هەیە لەپێش هەمویانە " سادق هیدایەت" پارادێکس لێوەدایە، بەشێکی زێری ئەو چیرۆکانە، نووسەر لە زمانی فارسییەوە وەریگێڕاوە، کەچی لەبیری چووە نووسەرێکی ئێرانی بخاتە ناو کتێبەکەیەوە.
خاڵێکی تریش پەیوەندی بە سەرچاوەی چیرۆکەکانەوەیە، نووسەر راستە سەرچاوەی هەندێک لە چیرۆکەکانی نووسیوە، بەڵام بەشێکی تریان سەرچاوەی نانووسیوە، باشتربوو نووسەر ناوی سەرچاوەی بە هەموو چیرۆکەکان بنووسیبایە.

دوا قسە

بەدنیاییەوە ئەم کتێبەی کاک ئازاد، پیاسەیەکی جوانە بەناو باخی ئەدەبیاتی جیهاندا، لەرێگەی کەمێک کورتە چیرۆکەکەوە، ئاشنای کولتووری گەلانی جیهان دەبین. بوونی ئەمجۆرە کتێبانە زێر گرنگن بە خوێندەری کوردی، بەئەوەی ئاشنایەتی لەگەڵ ئەزمونی گەلان لە بواری چیرۆکنووسیندا بکات، لەهەمانکاتیشدا ئاشنایەتی لەگەڵ کولتووری جیهاندا بکات.
لێرەدا جێگەی خۆیەتی، دەستخۆشی لە برای هەژامان کاک ئازاد بکەین، هیوای کاری جوانتر و باشتری بە دەخوازین.

ئەردەڵان عەبدوڵا

_____

سەرچاوە:

ئازاد بەرزنجی. خەونێک لە وەاتی پیاوە بچکۆلەکاندا، هەڵبژاردە لە چیرۆکی جیهانی . چاپی سێهەم. چاپخانەی سەردەم. سلێمانی. ۲۰۲۰

دیموکراسی و واقیعی ئەمڕۆی کوردستان نمایشکی مێدانی … نووسینی: ستیڤان شەمزینی..

دوای کۆتایی هاتن بە جەنگی سارد و لە ئاکامدا سەرکەوتنی ئەمریکا و کامپی کاپیتالیزمی خۆرئاوا بەسەر یەکێتی سۆڤێت و ئوردوگای سۆشیالیستی رژهەڵاتدا، هیچ چەمک و دەستەواژە و مەقولەیەکی سیاسیی نییە هەندەی دیموکراسییەت قسەی لەبارەوە کرابێ و بووبێتە جێگەی مشتومڕ و توێژینەوە و شیتەکاریی لایەن ناوەندە فیکریی و ئەکادیمییەکانەوە، ئەمش هاوکات بوو لەگەڵ دەستپێکردنی دنیای تاک جەمسەریی خۆرئاوایی "ئەمریکیی". بەڵام بیرمەندی ناسراوی ئەمریکیی بە ڕەگەز ژاپۆنی (فرانسیس فوکویاما) لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (کۆتایی مێژوو و دوایین مرۆڤ- النهایە التاریخ و خاتم البشر) زیاد لە هەمووان پێداگریی لەسەر دیموکراتییەت کرد تا ئەو راددەیەی مژدەی ئەزەلیبوونی دیموکراسییەتی دا و وای تێبینی کرد بە ڕووخانی کۆمۆنیزم مێژوو پێ دەنێتە خاڵی پایان و کۆتایی خۆی و دیموکراتییەت و لیبرالیزمی خۆرئاواش تاکە سیستمی سیاسییە یاخود دواهەمینیانە کۆمەڵی مرۆڤایەتی پێی گەیشتووە.

دیموکراسییەت چ وەک چەمک وەک زەمینەیەکی کولتووریی و کۆمەڵایەتی هەشتا قسەی جیددی لەبارەوە دەکرێ و چەندین فەیلەسوف و بیرمەندی جیا جیا بە تەوانین و ئایدەلۆژیای جیا جیاوە کاریان لەسەر دیموکراسییەت کردووە و شیتەکاریی و ڕاڤەی جیاوازیان بە کردووە، بەڵام هیچکامیان نەگەیشتونەتە پێناسەیەکی ڕەها و تەواو بە ئەم چەمکە چوونکە بە تێپەڕبوونی زەمان گۆڕانی بەسەردا دێت و لە یەک چوارچێوە و قاڵبی دیاریکراو قەتیس ناکرێت. ئەمڕۆش لە کوردستان یەکێک لەو چەمکانەی تەواوی هێزە سیاسیی و پارتە کوردییەکان ئیدعای بە دەکەن دیموکراسییە. زۆربەی پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان دیموکراسییان کردۆتە دروشمی خۆیان لە پال دروشمەکانی تری وەک مافی مرۆڤ و دادپەروەریی و ئازادیی کە دەکرێ هەموو ئاوانی دوایی لێنەو دیموکراسییەتدا کە بکرێنەوە. ئەمە دەسەڵاتدارانی کورد زیاد لە هەموو شتێک بە دیموکراسییەتدا هەڵدەدەن و ئەم ئازموونە پڕ کەموکورتییەی باشووری کوردستان بە ئازموونێکی نوێی دیموکراسی نێک هەر لە عێراقدا بەڵکو لە هەموو ناوچەکە ئاژمار دەکەن! هەر ئەستاش کورد خۆی بە دەست و تەواوکار و هاوپەیمانی وەاتە

یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەزانێت کە نموونەیترین جۆری دیموکراسییەت لەلای ئەوان گەشەی سەندووە.
بەیە بەشێک لە چاودێرانی سیاسیی وای دەبینن کاریگەریی دیموکراسییەتی ئەمریکا دەگاتە کوردستان و تیشک و شەبەنگی ئەم دیموکراسییەتە عێراقێکی نوێ دروست دەکات کە عێراقێکی جیاوازە لە رابردوو و دەبێتە نموونەی دیموکراسییەت لە رۆژهەڵاتی نزیندا.
بەڵام هەشتا نازانرێت ئایا جەماوەری دیموکراتی بە خاتری بەرژەوەندییەکانی خۆی لە عێراقدا دیموکراسی پشتگوێ دەخات یان نا؟، ئەوەی ئێستا هەستی پێ دەکرێین ئەوەیە ئەمریکا مساوەم و سازش دەکات لەگەڵ مەرجەعە ئایینییەکان و سەرۆک خێل و کۆنە بەعسییەکان، بە شک ئەم سێ گروپە دوژمنی پاشکۆژی دیموکراسین لە عێراقدا. رەنگە لەم حاڵەتدا کورد نەتوانێت سوودمەند بێ لە و پڕۆژە دیموکراسییەی ئەمریکا بەناوییەوە هاتۆتە ناوچەکەوە ـ ئەویش پڕۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە. جارێکی تر ئەمە وانییکمان فەرمان دەکات کە پەیستە لە نەوخۆ بەرەو دیموکراسی هەنگاو بنێین نەک چاوەڕوانی هەزێکی دەرەکی بین کە بە پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆی چاو لە هەموو جارە دیکتاتۆرێتێک دەپشێت.
دیموکراسی چییە؟
لە حەقیقەتدا هەر هەوڵێک بۆ پێناسەکردنی شتێک یان چەمکێک هەوڵێکە بۆ لە قاڵبدان و لە چوارچێوەنانی ئەو چەمکە لە یەک رەهەند و سیاقی دیاریکراودا، ئەگەر پێناسەمان بۆ هەموو شتێک هەبێت ئەوا هەڵەیەکی کوشندەیە ئەگەر بمانەوێت دیموکراسییەت لە پێناسەیەکی دیاریکراودا لە قاڵب بدەین، چوونکە لە بنەماوە یەکێک لە ماناکان و کارکردەکانی دیموکراسییەت بریتییە لە تێکشکاندنی قاڵب و چوارچێوە دروستکراوەکان. بەڵام ئەگەر بمانەوێت لە چەند گۆشەنیگا و رەهەندێکەوە لە دیموکراسییەت بڕوانین و تا رادەیەکیش پێی ئاشنا بین ئەوا:
ا- لە رووی زاراوەوە دیموکراسییەت وشەیەکی لێکدراوە و لە دوو بەگەی سەرەکی پێکهاتووە: (Kratia) +(Demos) کە بە مانا گریکییەکەی بە دەسەاتی گەل هاتووە. لەم بارەیەوە (د.ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام) دەڵێت" دیموکراسییەت لە لای یۆنانییەکان دەستی پێکردووە و وشەکە لە رووی زمانەوە بنچینەی خۆی لە دەستنداوە (Demos) واتە گەل و (Kratia) واتە فەرمانڕەوایی، وشەکە بە مانای فەرمانڕەوایی هەموو گەل نەک فەرمانڕەوایی تۆژێک یان چینێک یان کەرتێک دەت"، بەڵام ئەو جارە دیموکراسییەتەی لە ئەسینای بەر لە زاین سەربەهەداوە بە خوش و کەموکورتی نەبووە و بە پێی پێوانە دیموکراسییەکانی ئەمڕۆ جێگەی رەخنە و لەسەر وەستان و

هەوەستەکردنەوە، (د.ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام) کۆموکۆمەڵەکانی دیموکراسیەتی کۆمەڵگای ئەسینا لەم خاڵانەدا دەستنیشان دەکات.
1-چەمکی گەل بەشێوەیەکی راست دیارینەکراوە، بەڵکو مەبەست لە گەل تەنیا ئەسینایەکان بووە و بیانیەکان و کۆیلەکان و ژنانی لە هەاوەر کراوە، دواتر دەبینین مرۆڤایەتی پێویستی بە چەند سەدە هەبووە بۆ راستکردنەوەی ئەم هەڵە تێگەیشتنە.
2-ئازادیی کۆمایەتی (ئازادیی هاتوچۆ- مافی ئاسایش) دەستەبەر نەکراوە، پێشتریش باسمان لەوە کرد چۆن هاووەاتی دوور خراوە لەبەر ئەوەی خزمەتی باشی پێشکەش بە گەل کردووە و خەڵکیش هەگریی خۆیان بە نیشان داوە تەنیا لەبەر ئەگەری زەردارباوونی لە کاتی گرتنە دەستی فەرمانەوایدا.
3-ئازادیی تاک بە مانای وردی (ئازادیی بیروا- خاوەندارێتی) بوونی نەبووە، چوونکە دەوڵەت بە تەواوەتی دەسەاتی بەسەر تاکەکاندا سەپاندبوو، دەبوایە تاک بەوا بە ئایینی دەوڵەت بڵێت، هەروەها دەبوایە موڵکەکان و سامانی تاک لە ژێر دەسەاتی دەوڵەتدا بووایە.
بۆیە دەبینین دوای تێپەبوونی چەند سەدە لە گۆشەکردنی فەلسەفە و زیار، کۆمەڵی مرۆڤایەتی هەنگاوی نا بەرەو راستکردنەوەی هەڵەکانی ئەو جۆرە دیموکراسیەتە و توانی بەرەو تێپەاندنی کۆموکۆمەڵەکانی پێشەوەیی بکات. زۆرێک لە تۆژەران و بیرمەندان لەو بڕوایەدان ئەو شۆڕشە کرانەوە و دیموکراسیەی لە کۆمەڵگای یۆنانی ئەو کات هەبووە بە پێودانگێ دیموکراسییەکانی ئەمڕۆ نەبووە لە دیموکراسییەت. لەلایەکی تریش زاراوە و چەمکی دیموکراسی رەگوڕیشاڵی بە مێژوویەکی زۆر کۆن دەگەڕێتەوە، بەڵام دەتوانین بڵێین دیموکراسی هەقوەاو و لە دایکبووی منداڵدانی مۆدێرنێتەیە. هەروەک بیرمەندی ناسراوی عەرەبی (جۆرج تەرابیشی) دەڵێت "دیموکراسیەت وەک چەمکێکی کۆنە، بەڵام وەک فیکرە، فیکرەکی نوێیە کە مۆدێرنێتی خولقاندوویەتی و دەبێت بە ڕەشنبیرێتی سیاسیی مۆدێرنێتی لە قەڵەمی بدەین". فەکەیاماش لەو قەناعەتدایە تا ساڵی 1776 دیموکراسیەت لە هیچ شوێنێکی دنیادا بوونی نەبووە.
هەروەها نابێت ڕەل و کاریگەریی شۆڕشی 1789ی فەڕەنسامان لە بیر بچێت کە کاریگەریی و قورسایی ئەم شۆڕشە سنوورەکانی فەڕەنسای تێپەاند و بووە سەرەتایەکی نوێ بە تۆهەڵدانی سیستمی چەوسێنەر و ئیستبدادیی دەرەبەگایەتی و کردنەوەی دەرگا لە بەردەم دیموکراسی و هاووەاتیبوون و مافەکانی مرۆڤدا. (د.سەعد بەشیر ئەسکەندەر) دەربارەی شۆڕشی فەڕەنسی دەڵێت "شۆڕش بە یەکەمین جار لە وەاتێکی پان و بەرینی پێ دانیشتواندا -نزیکەی 23 ملیۆن فەڕەنسی- بناغەی

رژەمکی کەماریی دامەزراند و پرسەی دیموکراتیزەکردن بەخرایی بەرەو چوو، بەشکی بەرچاوی دانیشتوان بە جۆرکی وا لە توانا و مافە سیاسییەکان بەهرەمەند بوون لە مژوودا وێنەی نەبینرا بوو".! هەرچەند شۆشی فەمینساش بە خۆش و بەگەرد نەبوو، بەڵکو تژی بوو لە تونـدوتیژیی و تیرۆر، یاکەبییەکان وەک گروپێکی تونـدوتیژ و تونـدڕەو بەها جوانەکان و دەسکەوتە دیموکراسییەکانی شۆشکەیان لەکەدار کرد، بە رادەیەک زۆرک لە کوردە چالاک و پێشەنگەکانی شۆش برانە بەردەم میقسەڵەکەی شۆش!!، لە کاتێکدا هەر بەو میقسەڵەیە سەری لویس و ماری ئانتوانێت پەنـدرابوو، هەر لەرەوە تژی شۆش کوردەکانی خەی دەخوات سەر دەردەهێنێت و دەردەکەوێت.
خودی (ڕەبسپێر) یەکێک بووە لە شۆشگەڕەکان و سەرکردەکانی شۆش، لە هەمان کاتدا سەدان کەسی لە شۆشگەڕان بەناوی بەرگریکردن لە بەهاکانی شۆش خستە بەردەم میقسەڵەکەی شۆش کەچی هەر خەی بە هەمان میقسەڵە سەری لە لاشەی جوە کرایەوە. سەرباری هەموو ئەم کەموکورتییانە کەچی شۆشی فەمینسا دەروازەیەکی گرنگی گۆشکردن و پێخشبوون و جێکەوتەبوونی دیموکراسی و هاووڵاتیبوون بوو. لەرەوە دەگەینە ئەو قۆناغەتەی دیموکراسی بە تێپەڕبوونی کاتێکی زۆر و گۆشکردنی شارستانێتی و لایەنە جۆرا و جۆرکانی مەعریفە گەلانی بنەڕەتی و ریشەیی بەسەردا هاتووە و ڕەهەندی فراوانتری وەرگرتووە لەو سیاقە بەرتەسکەدا نەماوەتەوە سەرتا هەیبووە. "جارێکی تر بەوانن بە کاروانی گۆشکردن و گەلانکارییەکانی دیموکراسی لە شۆشی فەمینساوە هەتاوەکو ئێستا".
ب- دیموکراسییەت زەمینەیەکە بە قسەکردن و خە تەرحکردنی هەموو ئاستە جیاوازەکان. سیستمەکە هەموو دید و بۆچوونە هاودژەکان بەشێوەیەکی ئاشتەوایانە لە کەمەگەدا کاردەکەن و پەژرە و ئۆجیندا و پلاتفۆرمی سیاسیی و فیکریی خەیان پێشکەش دەکەن. لەرەدا هەر کەس و گروپ و ئاستێک بە بە ئەوی هیچ دامەزراوە و دەزگایەک هەڕەشەیان لە بکات یان چاویان لە سوور بکاتەوە کارەکانی خەیان ئەنجام دەدەن و لە زەمینەی دیموکراسیەتدا درژە بە بوون و پەژەکانیان دەدەن، بە مانایەکی تر کەمەگەی دیموکراسی، کەمەگەی جیاوازییە و لە کەمەگەیەک جیاوازیی و فرە ئاستەیی بوونی نەبە ئەوا بە سە و دوو لەکردن کەمەکە لە ئۆقیانووسی دیکتاتۆریەتدا غەرق بوو. جیاوازبوونیش بەشێوەیەک ئازادیی هەبەت بە تەعبیرکردن لە خە و لە بۆچوونەکانی خە، بەو جۆرەی ڤەتەری فەیلەسوفی مەزنی فەمینسا دەڵێت "ڕەنگە من جیاواز بم بە ڕا و بۆچوونەکەت، بەڵام ئامادەم گیانم بەخت بکەم لە پێناوی دەربڕینی ڕاکەت". ئەمەیە ڕۆحی دیموکراسیەتی ڕاستەقینە کە لە

دەرەوەی شەو بیرکردنەوەی خەت مەودا و پانتایی بکەیتەوە یان بە رەوای بینینی لەبەردەم هەموو ئەوانی تردا خۆیان تەرح بکەن و ئازادانە گوزارشت لە بیر و بۆچوون و راکانیان بکەن و لە هەناوی کۆمەڵگەدا کار بۆ ئامانجەکانیان بکەن.

ج- دیموکراسییەت زەمینەیەکە ئازادیی و ماف بۆ کەی شەریحە و چینە کۆمەڵایەتییەکان دابین دەکات ئەمەش لە رێگەی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنییەوە، لە واقیعیشدا بەبێ بوونی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دیموکراتی بەتاڵ دەبێتەوە لە مانا رەسەنەکەی خۆی و دەبێتە دیکتاتۆریەتی زۆرینە بەسەر کەمینەدا. لە کۆمەڵگەیەکدا رێکخراوە مەدەنی و دیموکراتییەکان رۆڵ و ئەرکیان نەبێ یان رێیان لە بگیرێ کار بکەن و ببنە گروپی فشار و نەواتی کۆمەڵی مەدەنی ئەوا کۆمەڵگەیەکە لە دۆریای دیکتاتۆریەتدا مەڵە دەکات و هەموو پەنجەرەکانی ئازادیی تێیدا داخراون. لە کوردستانیش هەرچەندە رێکخراوەکان بوونیان هەیە، بەڵام لە باری رۆڵ و کاریگەرییان لە کۆمەڵگەدا هیچیان پێ نەکراوە و گرێدراوی دەستی حزبەکانن و لە قۆناغی پاشکەبوون دەرنەچوون، ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ وەهمیبوونی دیموکراسییەت لە کوردستاندا.

بۆچی دیموکراسی؟

پرسیارێکی گرنگ دەکرێ لەمان بکرێ ئەوێ بۆچی دیموکراسی؟ ئایا بۆ دەبێت دیموکراسییەت بکەینە ئامانج؟ لەبەرئەوەی سەرکەوتنی بەدەستهێناوە؟ یانژی لەبەر ئەوەی سیستمێکە دەتوانین لە سایەیدا زۆرترین ماف و ئازادیی بەدەستبهێنین؟ بەڵام ئەمەی کورد بۆ دیموکراسییەت قبوڵ دەکەین یان تا چ ئەندازەیەک دەرەنجامی ئەرێنی لە ژیانی ئەمەی کورددا هەیە؟.

ا- دیموکراسی توانی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت بەسەر هەموو مەدڵە کۆماریی و سۆسیالیستی و ئایینیی و تۆتالیتاریيەکانی تردا ئەمەش لە رێگەی ئەو ئازادییە بەربڵاوەی لەم سیستمەدا بۆ مرۆڤ دەستەبەر کراوە و بواری لەبەر دەم دەکاتەوە ئازادانە گوزارشت لە مرۆڤبوون و ممارسەی ئارەزوو و مافەکانی خۆی بکات. هەروەک (فەکویاما) دەڵێت "بەڵام سەرکەوتنی دیموکراسییەت و بڵاوبوونەوەی بەخرایی پێشبینی ئەوە دەکات بنەماکانی ئازادیی و یەکسانی کە لەسەری دروست دەبێت رووداوی هەمەمەکی یان بەرهەمی لاسەنگی و تووندڕەویی نییە، بەڵکو لە واقیعدا ئاشکراکردنی سروشتی مرۆڤ وەک مرۆڤ کە تێکەڵی راستگۆیی و یەکڕووی لەگەڵ خۆیدا زیاتر دەبێت بە هاووڵاتییەکی جیهانی…). دیموکراسییەت توانی زۆرترین ماف و دەستکەوت بۆ مرۆڤ دەست بخات و ئەو ئازادییە بەرچاوەی خولقاندووە تی هەکارەکی بنەڕەتی و گرنگی مانەوە و سەرکەوتنەکانییەتی.

عەبدولڵا ئۆجەلان لە کتێبی (مانیفێستۆی چارەسەری دیموکراتیانە بۆ کێشەی کورد) ئاماژە بە ئەم دۆکات و دانووسەت (سەرکەوتنی سیستمی دیموکراتی لەگەڵ کۆتایی هاتن بە سەدەی بیستەم، بە تایبەتی لەو سەردەمەی تۆکنەلۆژیا و ئامرازکانی بەرهەمهێنان گەیشتوونەتە ئاستێکی بەرز، ئەمش هەر لە خۆا نەبوو، بەڵکو وابەستەیە بە میکانیزمی دیموکراتییەوە چوونکە هیچ سیستمێک نەبووە کەمێگ و تاکە کەس بە گوێرەی سروشتیان ئاوها بخاتە گەڕ و خولقکارییان تێدا دروست بکات، ئەمش مانای ئەوە دەگەیەنێت سەرچاوەی دیموکراسیەت ئازادییە، ئەم وەکو شتێکی سادە خۆی نیشانە دەدات، بەڵام بە زەحمەت پێش دەکەوێت و لەم ڕۆژانەدا ئەوە بە ئاشکرا دەرکەوتووە ئەم سیستمە خراتر و بەهێزتر پێش دەکەوێت).

ب- لە بەرئەوەی کێشەی کورد لە عێراقدا و لە هەموو پارچەکانی تریش سەرباری ئەوەی کێشەیەکی مێژوویی و نەتەوەییە، لە هەمان کاتدا کێشەیەکی دیموکراسیشە، بە نموونە ئەگەر کورد بەسەر دەوڵەتێک یان چەند دەوڵەتێکی دیموکراسیدا دابەش بکرایە ئەوسا دەیتوانی بە سانایی و بە ڕێگا دیموکراتییەکان بەیار لە چارەنووسی خۆی بدات، لە ئاوها حاڵەتێکدا نە پێویستی بە خونەشتن هەبوو، نە پێویستی بە خەباتی شاخ و چەکداریی هەبوو، بەڵکو ئەم تەنیا ڕژانە سەر شەقامی هاووڵاتیانی پێویست بوو، ئەویش بەشەوێکی هەمن و ئاشتیخوازانە، یان ئەگەر کورد لەنەو چەند دەوڵەتێکی دیموکراسیدا بژیایە نە دەچەوسایەوە و نە تووشی ئازار دەبوو نە ئەنفال و جینەساید دەکرا. ئەم لەلایەک و لە لایەکی تریشەوە لە هەلومەرجی ئێستا سیاسەتی نەونەتەوەیی و هاوپەیمانان لە عێراقدا ئەوەیە کوردی باشوور لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا بمێنێتەوە، بەیە بە دیموکراسییکردنی عێراق (بە باوەڕی من ئەگەرێکی دوورە) بە کورد دەبێتە سەرکەوتنکی گەورە و بەشکە لە خەبات و هەوڵدان بە دەستبەرکردنی مافەکانمان.

بەپێچەوانەشەوە ئەگەر عێراق هەمان عێراقی دیکتاتێریی پێشوو بێت یان ئەگەر چەند گەلانێکی ڕواڵەتی تیادا بکرێت، کێشەی کوردستان لە بازنە بەشکەدا دەخولێتەوە و مێژووش دووبارە دەبێتەوە، هەروەها بە واقیعی بینیمان کورد لە ڕێگای کەمترین و بچووکترین ممارەسەرکردنی دیموکراسییەوە زەرترین سوودی وەرگرتووە و بگرە بەهێزترین چەکی دەستێتی لە خەباتی ئەمەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستاندا، بە نموونە خەبات و هەوڵدانی دیپلۆماتی کە ڕێگەزکی گرنگی دیموکراسیەتە بە ئەم قۆناغە زەر بەهێزتر و کاریگەرترە لە خەباتی چەکداریی. لەڕەوە وەڵامی پرسیارەکەی پێشوو بەو شێوەیە: ئەمە بە خوازیاری دیموکراسین چوونکە سیستمێکی گونجاوە بە واقیعی ئەمەی کەمەی مرۆڤایەتی و سوودی گەورەش

دەگەینێت بە بەرزکردنەوەی دەزی نەتەوەیی کورد لە رووبەرێکی بەرفراوان.

پەلەنی دیموکراسی

دیموکراسیەتی خەڕاوا و خەرهەڵات. زۆر جار گومان لەو جۆرە جیاکاریە دەبێت فۆرمی دیموکراسی لە خەڕاوا جیاوازتر لە فۆرمی دیموکراسی رۆژهەڵات و بە پێی ئەم تێوانینە هەر کۆمەڵگایەک و جۆرە دیموکراسیەتێکی تایبەت بە خۆی بەرهەم دەهێنێت، بەڵام لە راستیدا دیموکراسی بەرهەمی کولتوور و گۆشەسەندنی ژیاری کۆمەڵگە خەڕاواییەکانە، وەک (جۆرج کێنان) دەڵێت "دیموکراسی بریتییە لە شێوازێکی دەسەڵات لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا لە ئەوروپای باکوور وات سەرتا لەناو وڵاتانی کێناری دەریای مانس و دەریای باکووردا بەرجەستە بوو، دواتریش بەرەو ئەوروپای ناوەند کشا و پاشان لەو شوێنانەی خەڵکی ئەوروپا زۆر جار لە وێنەی داگیرکەر پێکهێناری سەرکی دانیشتوانی ئەو وڵاتە بوون، کۆمەڵێک نموونەی سەرتاپاگیرمان لە حکومەتی مەدەنیدا جێگیر کرد"، بەڵام:

ا- بەجگە لەوەی دیموکراسی سیستەمێکی یونیڤەرسالە، بەڵام بەپێی تایبەتمەندیی هەر کۆمەڵگایەک جیاوازە، بە نموونە ئەوروپا مەدەرن و رۆشنگەریی و رێنسانس و شۆشی فەڕەنسای بەخۆوە دیوە و بە ماوەی 25 سەدە زیاتر لە خەوندنەوەی بەردەوامدایە، هەر خودی چەمکی دیموکراسی چەندین سەدە بەر لە زایین مشتومە و توژینەوەی لەسەر کراوە، هەروەها کۆمەڵگە خەڕاواییەکان بە درێژایی هەزاران سال خاوەنی ژمارەیەک فەیلەسوف و بیرمەند بووە کە خوەندنەوەیان هەبووە و هەیە بە هەموو چەمک و لایەنە جیاوجۆرەکانی هەبوون بە بەرجەستە و نابەرجەستەشەوە، خەڕاوا چەندان فەیلەسوفی وەک (کانت و هیگل و رۆسۆ و لۆک و مارکس و نیتچە و فویرباخ و هایدگەر و فوکۆ و دەردا و لیوتار هتد..) لە هەناویدا سەریان دەرهێناوە و تێزەکانی خۆیان ئاراستە کردووە، بەڵام جێگەی خۆیەتی ئاماژە بە ئەوە بکەین ئەمە بەو مانایە نییە نموونەی دیموکراسی خەڕاوا رەت بکەینەوە بە پاساوی ئەوەی نامۆ و نەگونجاوە لەگەڵ سروشت و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کولتووریی کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکان.

هەروەک (د. فالح عبدالجبار) لە وتارەکەدا کە دیموکراسیەت پارادایمێکی خەڕاواییە و بە خەرهەڵات نابەت، بەم جۆرە وتارەکەدا (ئەو گووتارەکی زۆر کەنە، زۆر دەمکە دیکتاتۆرەکان بانگەشە بە ئەو دەکەن، راستییەکەشی ئەویە ئەوان بە دیموکراسی نابن نەک دیموکراسی بە خەرهەڵات نابەت. دیموکراسی راستە لە رووی بابەتی و سەرهەڵدانەوە هەقوەاوی خەڕاوایە، بەڵام جیهانییە و چەمکێکە هەموو مرۆڤایەتی دەتوانێت سوودمەند بێت لێی). لە

دەرەنجامدا دەگەینە ئەو بڕوایەی دیموکراسی چەمکێکی یونیڤرسالە هەر چەندە لە پراکتیزەکردنیدا لە کۆمەڵگاکاندا جیاواز دەکەوێتەوە، ئەویش پابەندە بە سروشتی کۆمەڵایەتی و گۆشەسەندنی ژیاریی و ئەپستمەلۆژیی و تەکنەلۆژیی و پێشسازیی، لە واقیعدا تەکنەلۆژیا و پێشسازیی دوو فاکتەری گرنگی دیموکراسییبوونن، تەنانەت ئەمە وای لە (فۆکویاما) کردووە، بڵێ (دیموکراسییبوون بەستراوە بە پێشسازییبوونەوە).

ب- فەتەکەپێکردن و وەرگرتنی رواڵەتیی دیموکراسی لەگەڵ جێگەدا

دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە کۆمەڵگە رژهەڵاتییەکان و لە زەر شونێشدا بە زیانی کۆشکی نەتەوەیی تەواو دەبێ یان لە قازانجی ئابووری و سیاسیی نەتەوەیەک نییە لە کاتێکدا دیموکراسی بە فەرمە رواڵەتییەکەی نەک خەرئاواییەکەی لە نوێدا پراکتیزە بکرێت، بە نموونە ئاگەر لە رەگەی پرسسی دەنگدانەوە کە یەکێکە لە کۆکە سەرەکییەکانی دیموکراسی هەموو عەراقییەکان بچنە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان بە دیاریکردنی چارەنووسی کۆشکی کورد لە عەراق یان بە دیاریکردنی شوێی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی لە وڵاتەکەدا زەر سلبیی دەشکێتەوە بە تایبەتی بە گەلی کورد، چوونکە زەرینە بە پێچەوانەی خواستی نەتەوەی کوردەوە دەنگ دەدەن بە عەراقی یەکگرتووی ناوەندیی دیکتاتەریی. بەیە دەبێت دیموکراسی بەهەموو تان و پۆیەکەوە پیادە بکرێت نەک بە پێی هەلومەرج و ژینگە کۆمەڵایەتییەکان و حاڵەتە ئیستسنائییەکان گەڵانی بەسەردا بێت.

ج- ئەو دیموکراسیەتەی لە خەرئاوادا سەریهەڵداوە و هەیە بەشوێیەکی هارمەنی ئاوێتە بووە لەگەڵ کەستی و ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی سەرجەم تاکە رژئاواییەکان، لەم روانگەیەوە پێویستە لە خەرهەڵاتیش جەر و مەدیلێک لە دیموکراسی بەرهەم بهێنرێت و گۆشە بکات سەرەڕای سوود وەرگرتن لەبنەما ستاندارەکانی دیموکراسی رۆچاوی سروشتی کۆمەڵگە و تاکەکانی ناوی بکات و بەشوێیەکی هاوگونجاو لەگەڵ ئەو ستایلە لە دیموکراسی بە یەکیان بگەیەنێت، ئەمە لە کوردستان بە ئەوەی پێژیەکی دیموکراسیمان هەبێت بە کۆمەڵگە پێویستە تەنیا بنەما و هێڵە گشتییەکانی دیموکراسی خەرئاوایی وەربگرین نەک نموونە پراکتیککراوەکەی.

ڕەخنەگرتن و دیموکراسی

هەمیشە وا فەربووین بە دیوە نگەتیڤەکەدا لە ڕەخنەگرتن بڕوانین و وا سەیری بکەین کاتێک ڕەخنەگرێک ڕاڤەیەکی ڕەخنەیانە بە تێکستێک دەکات مەبەستی تەنیا دەرخستنی کەموکورتی و ڕووە لاوازەکانی کارەکەیە، ڕەنگە ئەمەش پەیوەندییەکی سایکەلۆژیی بەو حاڵەتە کوردییەوە هەبێت هەردەم ڕەخنە بەو دیوەدا کاری کردووە، بەڵام لە

بیرمان چوون ڕەخنە چەکەکی دووسەر و بەجگە لەوەش هەوڵەکە بە درێژدان بە ئاخاوتن و جڕەکە لە جڕەکانی ئەپستەمۆلۆژیا (مەعریفە). هەروەها من باوەڕم وایە ڕەخنەگرتن ژانر و عونسورەکی زۆر گرنگی دیموکراسییە و لە هەر جێگەیەک دیموکراسی هەبێت لە پاێیدا ڕەخنە وەک چەکەکی ڕاڤەکارانە بە مەبەستی بەردەوامیدان بە ئاخاوتن و پێژەکان ئامادەیی هەیە، بەڵام دیارە مەبەستمان لەو جڕە ڕەخنەکارییە کلاسیکیی و نازانستییانە نییە بە تایبەتی لە ناوەندی ڕەشنبیریی و سیاسیی ئێستادا بوونی هەیە. بەڵام هەروەک وتمان ڕەخنە چەکەکی دووسەرە و بەسەر ئەم دوو جڕەدا دابەشبووە:
ە-ڕەخنەی بونیادنەر و گەشەپێدەر: ئەم جڕە لە ڕەخنە لەسەر بنەمایەکی لۆژیکی و بە شێوەیەکی بابەتییانە و زانستیانە فەرمانڕەوا و ئاماژەت دەکرێت، ئەم جڕە لە ڕەخنە نەک هەر زیان ناگەیەنێت بەڵکو پێویستییەکی بەردەوام و زیندووەتی کۆمەڵگا و ڕەوتەوەی پشکۆتنی پێژەکانە. بنەمای ئەم ڕەخنەیە وەک باسمان کرد بنەمایەکی مەعریفی و عەقڵانییە و تیایدا ڕەچاوی ستراکتۆرە دیموکراسییەکان کراوە.
ب- ڕەخنەی ڕووخێنەر و ڕووشنەر: ئەم جڕە لە ڕەخنە، ڕەخنەیەکی نابابەتی و ئایدیالیستی و دوورە لە عورف و بنەماکانی ڕەخنە و ژیربژێی دیموکراسییەوە. ئەم شێوەیە لە ڕەخنەگرتن ئیفرازاتێکی خراپ بەکارهێنان و خراپ تێگەیشتنە لە چەمکی دیموکراسی و ئازادیی بیروڕا، ڕەنگە نیگەتیڤکەی کار دەکاتە سەر دیموکراسی بە ئاقاری شێواندنیدا، ئەمەش بەو مانایەی لە فەزا و زەمینەیەکی دیموکراتیکدا بیری نامۆ و دژە سیستم سەر دەردەهێنێت کە دوور نییە ئایندەی دیموکراسی بخاتە بەردەم هەڕەشە و مەترسییەوە.
ڕەشنبیران پشکی شێری ڕەخنەگرانیان بەردەکەوێت یان بە مانایەکی تر داینەمۆی بەرهەمهێنانی ترادیسیۆنی ڕەخنەن، بەڵام ئەوانیش لە ڕەخنەکانیاندا بەدەر نەبوون لە کەموکورتی و بێزاندنی سنورەکانی دیموکراسییدا، بۆیە دەشێت بەڵێن پێویستە ڕەخنەی ڕەشنبیر لەسەر دوو میحوەر بێت یان بە دوو جڕ بێت کە هەر جڕەکیان شێوازێکی جیاواز لە ڕەخنەیان گرێکە :
ا-ئاستی نێتۆیی: پێویستە ڕەخنەکانی ڕەشنبیر بە جڕەک نەبێت بە زیان بشکێتەوە بە کەشی نێتۆیی یاخە ببێتە مەترسیی لەسەر ئاسایشی نێتۆیی، بە تایبەتی لە ڕۆژگاری ئەمەی کوردستاندا بارودۆخەکە بە حاڵەتێکی هەستیار و ناسکدا گوزەر دەکات، نابە ڕەشنبیر یان ڕەخنەگر بەو ئاستەدا کار بکات یان ڕەخنە بگرێت کاریگەریی خراپی هەبێت لەسەر بارودۆخی سیاسیی کوردستان، ئەمە بەو مانایە نییە ئەزموونە عەرەبییەکە لە کوردستاندا دووبارە بکرێتەوە

چوونکە ئەوەی ناویان ناوە نیشتمانی عەرەبیی و سنووریکی لە کەنداوەوە بە ئەقیانووس درێژ بۆتەوە و کەی دەوڵەتکانیشی (22) دەوڵەتە، هەر جارە دیموکراسی و پرسیەکی دیموکراسییانیان دواخستووە بە دوای رزگاربوونی قودس و راگەیاندنی دەوڵەتی فەلەستین. ئەمە نەخوێندەواریی و بێکاریی و هەژاریی و تەڵ و گروپی تونددەویی سەرتاپای کەمگە عەرەبییەکانی بەرو پاش گەراندەتەوە یان لە خراپترین بارودۆخدا رایگرتووە، کاتێکیش پێیان دەوترێت بە هەول نادەن بە دیموکراتیزەی کەمگاکانتان؟ لە وەڵامدا دەڵێن با قودس رزگار بکرێت!!. بەیە نابێت کورد بە ناوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییەوە زمانی رەخنە بدورە و بیسپڕێت بە دوای رزگاربوونی تەواوەتی کوردستان.

ب-ئاستی دیموکراسی: لێرەدا دەبێت ڕەشنبیر هەوە بدات و کار بکات تاکو ڕەخنەکانی خەی شەفاف و ئاشکرا بێیان بکات لە بەرامبەر هەر پشێلکردنێکی پرنسیپەکانی دیموکراسی، ئەمە هەم بە بە زیان گەیاندن بە ئاسایشی نەتەوەیی و هەم دوورکەوتنەوە لە هەمان ئیشکالییەت کە لە دنیای عەرەبیدا هەیە. ڕەشنبیریش وەکو ئەرکێکی ئەخلاقیی لەسەر شانییەتی داکۆکیی بکات لە کێشکانی کەمگە و تاکەکان. بە تایبەتی دوای ئەوەی سەدیەک و چوار ساڵ لەموبەر (ئەمیل زەلا) وتاری (من تاوانبار دەکەم)ی نووسی بە بەرگریکردن لە ئەفسەری جوو (درایفەس) و ئەرکێکی قورسی ئەخلاقیی خستە ئەستەی ڕەشنبیر. ئیدی چیتر ڕەشنبیر کەسێک نییە لە دنیای یەتێپیا و بورجی عاجدا بژی بەڵکو ڕەشنبیر کەسێکە بەرگریی دەکات لە مافی هەموو هاووڵاتیان بە لە بەرچاوگرتنی هەر جیاوازییەک، ئەمەش بە پێچەوانەی تەواوینە نەریتییەکەوە کە وای دەبینە ڕەشنبیر کەسێکی ناڕاسایی و دابەاوە لە کەمەکەی و لە شوێنکی تایبەت و باڵاتردا ژیان دەباتە سەر. بە کورتی ڕەشنبیر بەجگە لەوەی لە کەمگەدا مەعریفە بەرهەم دەهێنێت، بەڵام بەرپرسیاریشە لە بەردەم پشێلکاریی و تاوان و جینایەت لە کەمەدا، دەبێت بە تووندترین شێوە دەنگ هەڵببڕێ و بەشداریی بکات لە پێرچەکردارەکاندا دژی ئەو تاوانانە.

دیموکراسی چۆن گەشە دەکات؟

دیموکراسی چەمک و هەبوونێکە گەشە دەکات و بەرەو هەڵکشان و داکشان دەچێت، دەشێ لە زەمینە و جۆگایەکەوە بگوازرێتەوە بە زەمینە و شوێنکی تر، بەڵام کەمێک فاکتەر هەن لە ڕێگەیانەوە دیموکراسی گەشە دەکات، من لێرەدا ئاماژە بە سیانیان دەکەم:

ا-دەسەاتی سیاسیی: دەسەاتی سیاسیی وەک ئەرکێکی سەرشانی دەبێت کەمێک بنەما دابمەزرێنێ تا لەسەر ئەو بنەمایانە دیموکراسی گەشە بکات و شێوەتەوە بە ئاستی جەماوەریی و میللیی، ئەمەش بەو مانایە

دەسەڵاتی سیاسیی خۆی پێژەی عەقڵانی و پلان بۆ داڕێژراوی سەربەخۆی هەبێت بۆ ئاقاری دیموکراتیزەی وڵاتدا. هەرچەند دیموکراسی شتێکی فەوقی نییە و لە خوارەوە لە شانۆ بچوکەکان دەست پێدەکات بۆ سەرەوە تا دەگات بە سیستمی سیاسیی، بەڵام ئەمە شەرعییەت نادات بە دەسەڵات خۆی بدزێتەوە لە پێژەیەکی سەربەخۆ بە دیموکراتیزەی کەمەگە.

ب-ڕۆشنبیر: یەکێک لە ئەرکەکانی ڕۆشنبیر بەرهەمهێنانی مەعریفەیە، بەدنییایییەوە ئەم مەعریفەیە تەنیا لە خۆیادانی تیۆریسەن و خودی ڕۆشنبیردا قەتیس نابێت، بەڵکو پێچەوانەی دەبێتەوە بۆ ئاستی کەمایەتی، ئەمە هەروەک (ڕیژە دەبڕە) دەڵێ (ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە لە ژوورەکەی خۆیدا دانیشتووە و سەرقاڵی بەرهەمهێنانی مەعریفەیە). بەیە ڕەڵ و پەگەی ڕۆشنبیر لە پەخشکردن و وشانی کولتووری دیموکراتیدا گرنگی خۆی هەیە و بەهەند وەردەگیرێت.

ج-جیهانگیریی: شەشی زانیاریی و پەیوەندیی گرتن و بچووکبوونەوەی جیهان بۆ ئاستی گوندێکی بچووک ڕەنگی هەیە لەسەر ڕەگای بۆ جیهانیبوون و گەشەکردنی دیموکراسیدا. ئەمەش بەهەی بەر یەک کەوتن و لێک نزیکبوونەوەی ژیارەکان لەگەڵ یەکتری، بەگومان نزیکبوونەوە و بەر یەک کەوتنی شارستانی ڕژەهەتاتی پەڕاوێز لەگەڵ شارستانی ڕژئاوایی سەنتەر دەبێتە هەکاری گەشەکردنی دیموکراسی لە خۆرهەڵاتدا! ئەمە لە کاتێکدا ناسنامەی سیستمی سیاسیی و ئاینیی ڕژهەڵات لە توانایدا نییە کەبەکە لەگەڵ شارستانێتی خۆرئاوا بکات.

شەشی چەکداریی کورد و دیموکراسی

بە درێژایی سەدەی بیستەم کورد بەردەوام بووە لە خەبات و بەرپاکردنی شەشە یەک لە دوای یەکەکان کە هەر یەکەکیان دوای کۆتای پەهێنان و لەناوبردنی بە سیاسەتی ئاگر و ئاسن و تیرەر زەمینەیان بۆ شەشێکی نوێ خەش کردووە، لەو باوەدام لە سەدەی ڕابردوودا هیچ نەتەوە و گروپێکی ئیتنی نەبووە هێندەی کورد خەبات و شەشی کردبێت، بەڵام تاکە نەتەوەیەک ئەستاشی لەسەر بێت خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی نییە دیسان ئاویش هەر کوردە. بە سروشتی خۆیشی شەش بە تایبەتی شەشی چەکداریی خەسڵەتێکی توندوتیژ و ئێنتی دیموکراسیانەی هەیە، هەر لەو گەشنیگایەوە شەشەکانی کورد بەم جۆرە هەدەسەنگێنین:

ا –خودی خەبات و شەشەکان دژی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکان بووە لەو وڵاتانەی کوردیان بەسەردا دابەشکراوە، پەشتر وا بیرم دەکردەوە دەشە و گونجاوە لە پەنا شەشی نەتەوەییدا بە شەشێکی دیموکراتخوازانە حیسابیان بۆ بکەین، ئەگەر نمونەی عێراق وەربگرین

ئەم دەوڵەتە هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە (ساڵی 1922) تا ئێستا هیچ ڕژێمێکی فەرمانڕەوا، دیموکراسی نەبووە، بەڵکو لە خراپترین و توندوتیژترین و کۆنەپەرستترین دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە بووە. لەگەڵ ئەوەشدا شەرمکردن دژی دیکتاتۆریی مەرج نییە بە شێوەی دیموکراتی حیساب بکرێت.

ب-کورد نەتەوەیەک بووە بە بەردەوامی جینۆسایدو پاکتاو و قڕکراوە و هەموو دەرگاکانی دیالۆگی لەبەردەم داخراوە، تاکە کۆنگرەیەک دیفاعی پێکردوە لە بووەنی خۆی بریتی بووە لە خەباتی چەکداریی و هەڵگیرساندنی شۆڕش، هەرچەندە تووندوتیژیی لەم خەباتەدا بەرجەستە بووە و هەبووە، بەڵام دیسان ئەمیش لە ژێر باری ناچاریدا بووە، بە پێچەوانەشەوە کورد ویستوێتی بە ڕێگای ئاشتی و لێک تێگەیشتن مافەکانی خۆی بەدەست بهێنێت، هەرگیزیش خوازیاری جەنگ و کاولکاریی نەبووە. بە وەتەی ژەنەرال بارزانی بە تەواویی لە نیەتەکانی دەوڵەتی ناوەند تێدەگەیشت و کەتایی یارییەکانی لا ئاشکرا بوو، نێک هەرگیز ڕەی ئاشتی و مفاوەزاتی ڕەت نەکردەتەوە بەڵکو دەستپێشخەربووە بە دیالۆگ و ڕێگاچارەی ئاشتیانە بە کۆشی کورد. بە ئەم مەبەستە بەوانن بە چوار ئاگربەست و دانوستان لە کۆی چواردە ساڵی شۆڕشی ئەیلول.

بیزنسەوە) گەلانێکی گەندەڵ و موطیعی پارتیی و سەرلەقەن بە قائیدی ضەرورەی کوردایەتیی(م.بارزانیی) لە کووتووتەوە. بەشێکی زۆری ئەم یەکێتیی و گەلانە، هەر ئەم نووخبە نۆژادیی و ئێکادیمیستە نەتەوەیانەی سلەمانیین کە بە هەزار و یەک شێوە، پڕۆژەی بەهەرەمکردنی سلەمانیی، تەخویین دەکەن، بە ئەهریمەنی دەکەن و بە خورافاتە نەتەوەیە ئایدیالیێکانی خۆیان، بە خائین و خۆفرۆش و سلەمانییفرۆش، لە قەڵەمیان دەدەن.

یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی ئەم جەهلی نەتەوەییبوونەی کورد ئەوەیە کە ئەدەبییاتە سیاسییەکەی، ڕەنگدەرەوەی ئەو واقیعە فیکریی و سیاسییەیە کە زۆر کەڵەوارە. بە نموونە بڕوانە چەمکە نیشتمانیی و نەتەوەییەکان، تێکەڵ دەکەن. ئەمە بە هەموو وەاتان و گەلانی تر ببەت، بە کورد، نابەت. نەتەوەیی، بوعدێکی نۆژادیی هەیە و کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان دەگرێتەوە و مامەڵە لەگەڵ، چوار وەاتی جودادا دەکەیت کە پانکوردیی دەکات. نیشتمانییبوون، دەبە لەچوارچێوەی ئەو وەاتەدا بێت کە پارچەی کوردستانە جیاوازەکانی تێدایە. بە نموونە، خورافات و جەهلی قیادییە سیاسییەکانی کەمەڵە و ئاشیش، ئەوەبوو دەیانگوت(قەناغ، قەناغی رزگاریی نیشتمانییە!). رزگار دەبیت لە کێ؟ واقیع ئەوەیە کە ئەو رزگارییە نیشتمانییە، ڕێک بە مانای جودابوونەوە و سەربەخۆیی دەهات و دێت. لە کاتێکدا، لە پێش و پاش ئاشبەتاڵەوە، نە کەمەڵە، نە یەکێتیی و نە هیچ حیزبێکی سیاسیی کورد(بە پارتییشەوە)، جگە لە تەوەهومات و خەونەکانی پاسەک و کاژیک و هەندە ئێکادیمیستی شاخشکاوی نەتەوەیی نەبەت، هیچ حیزب و کەسێک ئەوەندە ناعەقڵانیی نەبووە، نیشتمانی ئەو بەشەی پەیدەگوترە کوردستانی جنوبیی(ویلایەتی موصڵ) بە خەونیش لە عەراق،جودا بکاتەوە و سەربەخۆیی بە دەستبەر بکات(مەگەر ریفراندەمە موخابەراتییە پێ لە هەیجانە قوبرصییەکەی ناو مەغزی سەرەکی پارتیی-بارزانیی، ناعەقڵانییەتی وای بە ئەجێندەاکانی تورکیا، کردبێت) .

کەواتە، دروست ئەوەیە، پڕۆژەی بەهەرەمکردنی سلەمانیی، پڕۆژەیەکی نیشتمانیی، بێت. لەڕەدا دەبێت بە کامیل لۆژیک و عەقڵانییەتەوە، مامەڵە لەگەڵ نیشتمانییبوون، بکەین. نیشتمانییبوون دەبە لەچوارچێوەی دەستور و جیۆگرافیای دەوڵەتی ئێستای عەراقدا بێت. صەد ساڵ، غوبن و نامەیی سلەمانیی بە عەراق، صەد صاڵ موقامەوتی بە ئەمەر، صەد ساڵ شاخ کرێشتن و شۆڕەقچی نەتەوەیی و دەغدەغەی نۆژادیی، صەد ساڵ تەسلیمنەبوونی!!! سلەمانیی و فشەفشی نەتەوەیی،

ئەم چەتەگەریە ئابووریەی رائیدەکانی کوردایەتیی لە بەرهەم هاتووە و سایە بە سایەش، سلەمانیی پەراوێزتر و بێنازتر و بە خزمەتتر دەبێت. بەم پەودانگانە، ئەوانەی لە پشت ئەم پرۆژەیەوەن، دەبە خورافەی نەتەوەیی، شیعاراتی بێاقڵی نژادیی و حیقدی طائیفیی(ناسیۆنالیزمی سوننیی- بابانیی- موکریانیی) کوردایەتیی، تێپەڕێنن. لەم خاڵەی دوایی و بەشەکە لە مێنتاڵیتیی سیاسیی ڕەکخەرانی ئەم پرۆژەیە، زۆر بە گومانم.

کەمیاکە لەوەدایە، هێندە لەوانەی لەناو ئەم پرۆژەیدان، تا دوای ریفراندەم موخابەراتییەکەی بارزانییش، لە کادیرەکانی پارتیی، باشتر شیروتیریان لە کێلانە (نەتەوەیی و نژادیی و طائیفییەکان) دەردەهێنا و بە ڕووی عەرەبیی و شیعییدا(بە قەولی خەیان دەوشاند! بە ئەوەی دان بەو هێڵە سیاسییە ستراتیژیی و ئەو غێرەتە ناعەقڵانیی و نالۆژیکییەدا، بنێن و داوای لێبووردن لە خێڵەکی بکەن، کەچیی خەیان ترینجاندووەتە ناو ئەم پرۆژەیەوە؟ دەی بەهەمان مێنتاڵیتییەوە، دەیانەوێ چیی بە سلەمانیی و گێڕاندنەوەی شکۆ بە سلەمانیی، بە ناعەدالییەتییە ئابووریی، سیاسییی و کەمڵایەتییەکانی سلەمانیی و دەقەرەکە بکەن؟ تەنانەت، تا ئەو کاتەی داوای لێبووردن لە بەشداریکردن و پەداهێدان بە ریفراندەمی پرەکسییدا، نەکەن، نەک هەر جگەی گومانن، بەکو زیاتر دڵسۆز و دڵسۆزم، ئامانە بە ئەوە نەردراون کە پرۆژەی بەهەرەمکردنی سلەمانیی، وەکو ریفراندەم و سەربەخۆیی، سووک و ریسوا، بکەن.
خاڵەکی تر کە لە باری فیکریی، کولتووریی(مەبەست لە ثەقافییە) و عەقڵانییەوە، زۆر بە خراپیی لە بییرکردنەوەی هێندە لەوانەی لەناو ئەم پرۆژەیدان، جێگەوت بووە. لە ریکەامکانیاندا، بە ئاشکرا دەڵێن، پرۆژەی بەهەرەمکردنی سلەمانیی، هەوێکە بە بونیاتنانی دەوڵەتی کوردیی، ئەم بەچوونە لە باوبژە طائیفیی و نژادییەکەی ریفراندەم زۆر مەترسییدارترە. هاوکات، ڕەکخەرانی ئەم کەمپەینە کە دێنە سەر وەصفی سلەمانیی و سیاسییەکانی سلەمانیی، بە " کوردپەروەر" لە قەڵەمیان دەدەن! ئەها، سەیری ئەم نەفڕەتە سیاسییە و ئەم نەفڕەتخە ناعەقڵانییە نەتەوەییە بکە کە بییرکردنەوەی سییەکانی صەدەی رابردووە، گوایە سلەمانیی کورد بە خۆو دەکات، کورد پەروەردە دەکات! ئایا بەڕاستیی ئەم تەعبیرە لاواز و شاعیرانەیە، بە مانای ئەوە نایەت کە شارەکانی تری کوردستان، جووجەڵە، قەل و کەتر پەروەردە دەکەن و تەنیا سلەمانیی، کوردی بە ویقار دروست دەکات! یان لە باری سیاسییەوە، مەگەر شارەکانی تری کوردستان، تەڕیست و ئایدیۆلۆژیست و خائین بەرهەم دەهێنن؟لە

کاتکدا، سلەمانیی، کوردی نەتەوەیی خاەیص دروست دەکات کە لە حەلەزانی کوردایەتییدا، بە کامی دەی هەموو سیاسییەک، دەخولەنرەنەوە.

سەرەنجام، خەکی کوردستان بە گشتیی و سلەمانیی بە تایبەتیی، ئەوەندە لە سیاسییە گەندەکانی شاخ و دزەکانی کوردایەتیی، پەن، خوازیارن سەر بە شەیطان بن، نەک سەر بە هەرەمی موخابەراتی تورکیا بن. تەوقوعی خەک پەش تەوقوعی نوخبە سیاسیی و رەشنبییرییەکان کەوتووە و هەر ئەستا، لە بە دەرەتانیی و بە ئاسەییدا، بە گەانەوەی کەرامەتی ئینسانی کورد، کاظمییان لە سیاسییەکان و حیزبەکانی سەر بە بارزانیی، تاەبانیی و نەوشیروان، پە باشترە. بەهەرەمکردنی سلەمانیی، جورئەت دەدات بە کەرکوک و هەولەر و دهکیش لە ئایندەی نزیک و دووردا، بییر لە بە هەرەمکردنی شارەکانیان بکەنەوە و تەنانەت من تا رادەی هەوشاندنەوەی حکومەتی دەخوازی موخابەراتی ئەرانیی و تورکیا (حکومەتی هەرەم) دەەم و فیدراڵیی لەسەر ئەساسی پارەزگاکانی عەراق، دابەژرەتەوە. هەر وەهمکی نەتەوەیی و نەژادییش لە پشت ئەم پرەژەیەوە بەت ئەوە فەشەلکی ئەوەندە قورس دووچاری دەبەتەوە کە باجە سیاسیی و ئابووریەکەی، خەکی سلەمانیی، بە دەیان ساڵی تریش دەبەت بیدەنەوە. بە پەچەوانەوە، دەبە ئەم پرەژەیە، زەر بە جرائەت و بەرچاوەشنییەوە، روئییەی سیاسیی کورت مەودا و دوور مەودای بە ئینقاذی شاری سلەمانیی لە دەست دوژمنە سەرەکییەکانی کە دز و مافیا و شەشگەەکانی کوردایەتیین، هەبەت.

[کامیار سابیر]

"شۆن و جەرەکانی شۆن لە ەمانی) بەرەگاوە (دەشاد کاوانی" … لەکەینەوەی: ژاە

کمال

پێشکی

ڕۆمان وەك ژانرێكی نوێ جیهانی نوسین بەگشتی و تەمارکردنی سەربردە درك پێنەکراوەکانی مرۆڤ، قورسایی و بارستایەکی فراوان و پانتایی ئەدەبیاتی جیهانی داگیرکردوە، ئەو ژانرە کەمێك ڕەگەزە، شوێنیش بە بەردەوامی لە گشاندایە بەپی جووڵەی مرۆڤ تیایدا ئەو جووڵەیەی، کە کات سازی دەکا و دەیخاتە سەر شۆن جیهانی ڕۆمان دنیای گشت ئەو گشانیە، ئەو هەموو گیان و ململانێیە پێویستی بە ڕەکخستن هەیە، بەشوەیەك کە چێژ و جوانییەك ببەخشێ.
شوێنیش وەکوو خسلەت و ڕەگەزی سەرکی پێکهاتەی ڕۆمان سەیر دەکرێ بەمش چیرێك و ڕووداو و گشانەوکانی ناخی نووسەر لە جوغیزدا دەسوڕنەوە هەر چەندە نووسینی ڕۆمان لە زمانی کوردییدا درەنگ وەخەکەوت. بەڵام لەگەل هاتنی تەوژمی ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا ڕۆمانیش بنەچەی خەی لەنەو وێژەی کوردی داکوتاوە بووە بەشێك لە پێکهاتەی ئەدەب و نووسین
ئەوەی مەبەستە .
دیاری کردنی شۆن و گرنگی لە نوسینەوە لە نێو ڕۆمانکانی کوردییدا، بڕگاوە بە نمونەوە وەك خشۆیستی بە خاك و نیشتیمان و دەرخستەی ناسرییەکانە لەسەر زەدو جوگرافیای ژیان کردنە لە ڕۆمانی کوردییدا. بەتایبەتی دەست نیشان کردنی شۆن لەناو ڕۆمانی (بڕگاوە) ی دەشاد کاوانی وەك نوێترین ڕۆمانی کوردی زەر بە هوونی دەردەکوێت کە ڕۆمانووس توانیوێتی خاکانی ناکەکی و سنوورە دەستکردەکانی مرۆڤ و ژان و ئازارەکانی نێتوەیەك لە ڕگای دیاری کردنی شۆنکانی ناو ڕۆمانکان بخاتە ڕوو .

ئامانج

بریتیە لە بەرجەستەکردنی شۆن و جڕەکانی شۆن و دەستنیشانکردنی شۆنکانی ناوڕۆمانکە کە نووسەر بەکاری هێناون بە هەموو جڕەکانی.

پێکهاتە

پەك دێت لە پێشکی و دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوە لە بەشی یەکەمدا (شۆن و جڕەکانی)، کە بەشە پراکتیکییەکەیە بەشی دووەم کە پەك دێت لە دەستنیشانکردنی شۆنکانی ناو ڕۆمانی (بڕگاوە) بەشە

تیاریکەیە بەشکیتریش پێك دێت لە کورتەی ڕەمانەکە.

شوێن:

شوێن، وەك قەوارە و چوارچێوە، لە ژیانی مرۆڤ دا بەهایەکی گەورە و خاسیەتی خۆی هەیە، شوێنکانیش هەمە جۆرن. سەیرش نیە، کە شوێن ڕەنگەکی وا گەورە و بەرچاو لە ژیانی مرۆڤ دەبینێ، چونکە هەر لەو کاتەوە ژیانی، تا ئەو کاتەوەی کە ((مندالدانی دایکی دەبێتشوێنێك بۆ پێکهێنانی بایەلۆجی و ژیانی، تا ئەو کاتەی لەگەل ژان ئەو کارپێلەیە دێتە ناو جیهانی بوونی دەرەکی. ئەو کاتەش بەشکە دەبێتە ئاوشوێنەی، کە هەست و هەشی تێدا دەکرێتەوە لەهەر پێنج هەستەکەدا، لە دوای قۆناغی بەشکەش لایەنی شوێن بە شێوەکی ڕوونتر بەدیار دەکەوێت لەماڵ و کۆمپان و قوتابخانە و سینەما و گازینۆ وشوقام، چ لە شاربێ یان گوند یان بیبان تەنانەت لە دەریا و ئاسمانیش)) مرۆڤ لەهەرشوێنك لە دایك بێت و تێیدا گەورە بێت خۆشەویستیەکی بەهێز بەم شوێنەی دەبەستێتەوە، شوێن ((ئەوزەمینەیە، کە ئەم بنیاتەی لەسەر بەرزدەکرێتەوە)) کە ناتوانێ دەستبەرداریی لێبکرێ. هەروەها شوێنیش بە مرۆڤەوە لکاوە مرۆڤ بەبێ شوێن ناناسرێتەوە و شوێنیش شانەی نواندنەکانی مرۆڤ هەر لە سەرەتای بونیەوە تاکومردنی، شوێن ئەوجیهانە دەرکییە، لە سەرەتای بونیەوە تاکو مردنی. شوێن ئەوجیهانە دەرکییە، کە هەستکردن بە شتەکان تیایدا قەوارە دەگرێ و چێنیەتی هەڵسوکەوتکردن و گونجان و نەگونجان لەگەل یەکتری دەبینرێ، چەمکی شوێن و ڕەنگ گرنگەکەی لە ژیانی مرۆڤ بە گەشەکردنی پڕە دەسنەڕ، هەر کاراکتەرێك لەناو ڕەماندا شوێنکی تایبەت بەخۆی هەیە، لەیەوە دەست پێدەکات و پڕەدەسنەڕ و کاریگەری شوێنەکەی لەسەر دەبەڕ و لەوانیە هەر لەم شوێنەش کۆتای دێت، ((شوێن، مەبەندی ڕووداوە و ناسنامە بە کارەکتەر دەبەخشێ و هەستکردنیشە بەئامانجی ژیان)) شوێن تووخمەکی سەرەکییە لە بنیاتی کاری گێرانەوە، شوێن لە ڕەماندا بەکاردێت کە وەك شانیەك وایە کۆتدا هەموو ڕووداوەکانی پیشانی خوێنەر دەدات. شوێنکانیش ڕاستەوخۆ یان بەشێوەی ناڕاستەوخۆ تەکەڵە بە (مەغزا) ی ڕەمان دەبێت. بەیە فەزایەك وایە کە هەموو ڕەگەزەکانی ڕەمان دەگرێتەخۆ. لە نەوانیاندا ڕووداوەکان و کەسایەتی و ئەو پەیوەندییەی لەنەوانیاندا ئەو کەش و هەوایەیان پێ دەبەخشێت کەتیا ڕووددات. کە ئەو فەزایەی کە لە ڕەماندا شوێن دروستی دەکات دەبێت بە تابڵۆیەك واتا تابلۆکە دروست دەکات. شوێن لە ڕەماندا ((ڕەگەزێکی زیاد نیە.
شوێن گەلێ شێوە وەردەگرێت گەلێ واتا دەگرێتەخۆ. بەکو لەهەندێ

کاتدا لەوانەیە ببێتە ئامانج لە نێوونی کارەکەدا بە گشتی)) ئاگەرسەیری بکەین کە پەیوەندی شوێن، بۆتەکنیکی وەسفی کاتەوە، دەتوانین بڵێین کە شوێن بە توخمەکی تەواوکەری کات لەو ڕەمانەدا دەبینرێت کە هەردوکیان بەیەکەوە. ئەو جێگانە دروست دەکەن کە کارەکتەر و ڕووداو تیایدا سەر هەڵدەدەن پەرەدەسێنن، کەواتە شوێن لەگەڵ کات دا پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە شوێن تەنیا ئەوە نییە لە خولگەماندا و بەس، بەڵکو لە ژوورەوەشمان دا (جێ) هەیە. کە لەگەڵ سەرگوزشتە و گرفت و ئاستەنگەکاندا جێگیر دەبێت. کەواتە شوێن تەنها ئەو شوێنە نییە کە تەنیا نشتەجێ دەبە بەڵکو هەندێ جار نیشتیمانێك دەگرێتە یاخودژورێك دەگرێتەوە وەکوو لە ڕەمان دا ڕوودات پەردەسێنێت. هەرچەندە گەڕانەوە زیاتر پەیوەستە بە کاتەوە لە ناو ڕەماندا بەڵام ((شوێنی ڕەمانیش گرنگییەتی مەزنی هەیە هیچ کەمتر نییە لە بەهای کات)) هەرچەندە ڕەمان بە پلەی یەکەم هونەرێکی زەمەنییە بەڵام وەك ئاماژەمان پێکرد لە هونەرکان شێوەکاریش دەچێت لە ڕووی پێکهاتەی شوێنییەوە ((لەبەر پەیوەست بوونی شوێن بە تەکنیکی وەسفی کاتی. ئەوە دەتوانرێت شوێن وەك ئاگەزێکی پاشکەیین کاتی ڕەمان بهێنریت. بە مەرجێك ئەوە لە بەهاکەی کەم نەکاتەوە)) بۆتین بوونی ئەم پەیوەندییەی نێوان کات و شوێن زێر جار وای لێدیت کە ((بەکارهێنانی شوێن بەبێ ئەوەی زەمەن بگرێتەوە یاخود کات بەکاردێت لە توێژینەوەی کارێکی گێڕانەوەی بەبێ ئەوەی چەمکی شوێن تیا سەرهەڵبدات شتێکی مەحاڵە) یەکێك لە توخمە گرنگەکانی ڕەمان شوێنە کە ناکرێت بەبێ هەبوونی شوێن باسی کارەکتەر و ڕووداو بکەین چونکە شوێن لە خۆگری کارەکتەر و ڕووداوەکانە هەر لەبەر ئەوشە لە تیۆری ڕەخنەیی ڕەماندا بایەخێکی زێر بە شوێن دراوە لە ڕەمانی کلاسیکیدا شوێن تەنیا شانۆی ڕووداوە جووڵەی کەسەکانی تەدادەبینین. بەڵام لەڕەمانی نوێدا شوێن تەواوکەری ڕووداوە زەرجاریش ڕۆڵی کارەکتەری سەرەکی لە ڕەماندا بگرێت. کاتێك کە باس لەنێوان شوێن دەکرێت یاخود لەفەزای ڕەمان دەکرێت مەبەستی لەو هەموو شوێنانەیە کە ڕووداوەکانی تیا ڕوودەدات ((وەسف کردنی شوێن و پێکهاتەکانی و ئەوشتانەی کە دەیانگرێتەخۆ. هەر لەوکاتەدا وە سفی خودی کەسایەتیەکە دادەندرێت چونکە شتەکان مەژوەکیان پەیوەستە بە مەژوی کەسایەتیەکانەوە. چونکە ئادەمیزاد بە تەنیا یەك یەك دروست ناکات. کەس و کەسایەتی ڕەمان ئەمە خودی خەمان تەنیا تاکەك دروست ناکات. تەنیا جەستەیەك. بەڵکو جەستەیەك بە جل داپۆشراوە. چەکدار ئامادە..... ئادەمیزادی ڕاستەقینە پێکدێت لە جەستە و ئەو شتانەی کە تایبەت بە گەزی مرۆڤەوە هەروەك چۆن هەڵانەی تایبەتە بەم جۆرە مەلانە)) شوێن دەبێتە زەمینەی سەرهەڵدانی

ووداو، ووداوەکان لە شوێنێك ووددات ئەو شوێنە تایبەتمەندی دەدات بە ووداوەکە، چونکە شوێن شانەی ووداوە نووسەر پێویستە لە زەینی خۆیدا زانیارییەکی تەواو دەربارەی ئەو شوێنە بزانێت کە دەبێتە زەمینەی ووداوەکە. شوێن هەندێ جار ناوەڕۆکی بابەتەکە ئاشکرا دەکات، چونکە شوێن ووداوە بە بوونی یەکتری مەحاڵ.

جۆرەکانی شوێن:

بنیاتی شوێن لە کورتە چیرۆکدا بە هەمەڕەنگی جیادەکرێتەوە، چونکە تەنیا شوێنێك تیدا باسناکرێن، ئەگەر ناوی دێێك بهێنرێت با دەکە بچووکیش بێت، لە چوارچێوەی دەدا چەندین شوێنی دیکە دێنە بەرچاو لەوانە: خانوەکان و کۆڵان و باخچە و سەر بیری ئاو و شوێنی جووت و کادین و پارێز و ئاقاری دێ و زەر جاریش وادێ بە لە یەکێك لەم شوێنانە خەیالی نوسەر دەچێتە شوێنکی دیکە درێژە بە ووداو و بەسەرهاتەکان دەدات. بەدەر لە شوێن هیچ شتێکی بینراو، زیند و نازیندو ڕح لەبەربە، یان مادە بوونی نییە، چونکە ڕوانینی مرۆڤ بە هەر شتێك بێت، شتەکە و شوێنی شتەکە دەبینێ، کەواتە هیچ چیرۆکێك لە جیهاندا نییە شوێنی تێدا نەبێت، چونکە گەر شوێن نەبێت ووداو و دیالۆگ لە کوێ و چۆن ووبدەن؟ تەنانەت چیرۆکە کە باسی ئاسمان و فەزاش بکات ئەمانەش هەر شوێنن، گەر چیرۆکنووس ناوی هیچ شوێنکی نەهێنابێ، بەڵام لە گۆڕانەوەکان و جموجۆڵکاندا شوێنی هەر تە دەردەکەوێن شوێنیش چەند جۆرێکە لەوانە:

1- شوێنی ئاشناو نائاشنا
2- شوێنی کراوە و داخراو
3- شوێنی واقیع وخەیالی

شوێنی ئاشنا (هەگر): مرۆڤ هەر لەو ڕۆژەوە کە هەست بە ژیان دەکات، جۆرە ئاشنایەتییەك لەگەڵ ئەو شوێنەی کەلەی دەژی پەیدادەکات، ئەو شوێنەش شا ربەت یان لادە، ئەشکەوت یان شەقام هەستێك بەرامبەرئەو شوێنانە لە لا دروست دەبێت، ئیدی خۆشیدەوێت یان ڕقی لێیان دەبێتەوە ئەگەر خۆشی لە شوێنێك دیتبێ ئەواهەستی خۆشویستی بەرامبەر ئەو شوێنە زیاد دەکات ئەگینا بە پێچەوانە دەبێت. هەموو ئەو شوێنانە دەگرێتەوە کە تێدا ژیاوین هەستمان بە ئارامی کردووە، بە شوێنی پشوودانی دادەنێت ئارامی و ئاشنای تێدا بەدی دەکرێ ((ئەگەر لێچەمکی هەگری بگەین، هەموو شوێنێك ماڵە، چەمکی هەگری هەموو شوێنکی کارا دەگرێتەوە)) مرۆڤ لە هەموو شوێنێك زیاتر ئاشنا و هەگری ئەو ماڵەیە کە بەمندالی تێدا ژیاوە تاکو مردن خوێنکانی هەر لەو شوێنەیە ((ماڵ کەتیایدا لە دایك بوین زیاترە لەوەی کە

تەنیا بەرجەستەکردنی پەناگەیەك بێت، بەڵکو بەرجەستەکردنی خوونکانیشە)) بەمەش مال دەبێتە بەهێزترین شوێنی ئاشنا، ماڵ لە هەموو شوێنیك ونترە لە دەربەینی خاوەنکانە هەرچەندە پەیوەندی ماڵ جارا و جارە لە نێوان ڕق و خۆشەویستیەکاندا هەگری دەبین لەکاتی ناخۆشیش ڕقمان لێیەتی، شوێنکی ئاشنابوو بە شوێنی خۆوت و تەنیای و بیرکردنەوە و خۆو بینین دادندا، جگە لەوە شوێنی پکەوە خربونەوەی ئەندامانی خێزانکان بوو لەیەك شوێن.
شوێنی نائاشنا (ناهەگر): ئەو شوێنانە دەگرێتەوە، کە مرۆڤ تیایدا ((هەست بە ئاشنایەتی و خۆشی ناکات، بەڵکو هەست بە دژایەتی و ڕق لەبونەوەی دەکات و جارە کۆشیەك لەنێوان شوێن و کارەکتەر دروست دەبێت)) کارەکتەر هەموو هەوە و توانای خێی دەخاتە گەڕ بە ئەوەی ئەو شوێنە بە جێبهێڵێ، چونکە بە زەر تێیدا نیشتجێکراوە .ئەو شوێنانە یان ئەوەتە مرۆڤ بە ناچاری تیایدا دەژی، وەك بەندینخانە و مەنفا و بیبان. بەگومان مرۆڤ ئاشنایەتی لەگەڵ شوێن و دەور و بەر دروست دەکات، بەڵام هەموو شوێنکانی وەك یەك خۆشناوێت، زەر جار کەسێك لە شوێنیك توشی کارەسات و ناخۆش یەك دێت ئەم شوێنەی لەبەرچاو دەکەوێت، چونکە یادگارە تاڵکان پەیوەستن بەم شوێنەوە، یان شوێنکە ڕووداننی سروشتی تیایدا ڕوویدابێ، ئەمەش لە کۆشیەکەوە بە کۆشیەکی دیکە دەگۆڕێت.
شوێنی کراوە: شوێنی کراوە تایبەتە بە هەموو کەس و ئەو شوێنانە کە لە شوێنە دەرکیەکان پێك دێت، ئەم جارە شوێنانەش تایبەت بە کەسێك یان چەند کەسێکی دیاریکراو نیە وهەموو کەسێك توانای بەکارهێنانیانی هەیە و ((لەبەردەم کەسەکاندا کراوەیە، دەتوانن بە ئازەوی خۆیان تێیدا بژن و بچن، وەك شەقام و کۆڵان و ڕێگاو بازار، چایخانە، نانخۆشخانە)) ئەو شوێنانە کە هەردەم لەبەردەم کەسایەتیەکانی ڕاندا کراوەیە و هەڕسوکەوتی تیا دەکەن ڕووداوکانی لە ناو پەڕە دەسنن و گشدەکەن ئەم جارە شوێنگشتیە خاوەنی تایبەتی نیە بەڵکو بە مولکی گشتی ناسراوە کە کەمڵ خاوەنیەتی .
شوێنی داخراو: ئەوشوێنە تابەتیە کە دەستکاتی خودی تەدا بە گەڕ دەخرێت بەڕووی خەڵکیدا داخراون لە ژەر رکەفی تاك دایە. بەو شوێنانە دەوترێ کە لەبەر دەم هەموو کەس کراوە نیە، داخراو ڕووبەرکی جوگرافی دیاریکراوی هەیە، هەڕسوکەوتکردن تێیدا بە کەسکانی سنوردار هەندجاریش ئەم جارە شوێنە لە گشنیگای ڕەمان نووسەوە دروست دەبێت وەك: ((مال. ژوور-کۆلگە-زیندان-دوکان.....دەگرێتەوە)) . ئەم جارە شوێنە پەیوستی کارەکتەر و ڕداوکانی خواقاندویانە کە هاوشوەی ژیانی واقیعی مرۆڤ. بە

مولکی تایبەتی دادەندرێت.
شۆنی واقیعی: شۆنی واقعی ئەو شۆنەیەکە وەرگر هەست بەبونی واقیعیك دەکات. کە وێنەکانی ئەو شۆنە لە واقیع نزیکە بەهەر جۆرێك بێت ڕۆلان بارت پی وایە کە ((ناکرێ واقیعیەت بکەینە شەوازێك بەشتەکان، بەکو ئەو مەعریفەتی زمانە بەیە ئەو کاریگەری وێنەی واقیعی پێ دەکەشرێ واقیعی لە دەرناچێ بەکو ئەوەی لە ناوەڕۆك بەرهەمی دەهێنێ جیاوازێ لە هەموو پێکهاتەکانی تر. ئەمەش لەخەیدا ناواقیعی زمانەکەشیان دەدات.)) کەواتە واقیعیەت شتێکە کە مرۆڤ لە ڕێگای کاریان زمانەوە.
شۆنی خەیاڵی: ئەو شۆنەیە کە بوونێکی ڕاستەقینە نیە بەکو ئەندێشەی نووسەر یان ڕەماننووسەوە دروست دەبێت بەو واتایەی ((ئەوشۆنانەیە کە مەشك درکیان پێدەکات، بەڵام لێنوانیان ژیان بەسەر نابەن، دەزانین لە کات و شۆنیکدا هەبوون، بەڵام کات و شۆنی ئیمە نیە)) مەرجیش نیە لە یەکەم جاری شۆن دا ئەو وێنەیەی کە ڕەماننوس دروستی دەکات هاوشێوەی لە ژیان دا هەبێت بەهەرحال شۆن لەڕەماندا لەسەر خەیاڵی وەرگر وەستاوە نەوك لە جیهانی دەرەکی. ئەو شۆنەی لە مەشکی ڕەماننوسەوە سەرچاوەی دەگرێت بەڵام هیچ مانایەکی ڕاستەقینەی نیە بە پێویستی حیکایەتەکە و ڕەماننوسەوا دەکات هەر بەیە بریتە لە ((شۆنی زارەکی وخەیال ئامێز واتا ئەو شۆنەی کە زمان دروستی کردووە. مەبەستی ڕەخساندنی کەشی ناو ڕەمانەکەوە پەداویستەکانی ڕەمان)) ئەو شۆنەیە لەسەر زەوی بوونی نیە بەرجەستە و واقیعی نیە، ((تەنیاهەست بەبونی دەکرێت، نابینرێ و ناشکرێ بوونەکەی جگیر بکرێت، بەکو وێنەیەکی گریمانەکراوە، کە سەرچاوەکەی خەیاڵە))
شۆنەکانی ناوەماڵی (بەرگاوە(
هەورازان←کراوە شینکە چیا←ئاشنا
لەوار←کراوە کەپکی سپی←خەیالی
شاخ←ئاشنا لوتکەی تیژ←ئاشنا
کەو←کراوە بنشاخان←ئاشنا
چیا←ئاشنا کۆستان←ئاشنا
گەمە ئاوان←کراوە لادێ←ئاشنا
گەز←ئاشنا شاران←کراوە
هەڕەم←کراوە چەمان←واقع
دەل←ئاشنا دەریا←ئاشنا
پەدەشتان←ئاشنا کوخ←داخراوە
ئەشکەوت←ئاشنا کەپر←داخراوە
قەلا←ئاشنا ڕەشمال←داخراو

جێگە←ئاشنا قەرەوێلە←داخراو
زەنگاوان←ئاشنا نەخۆشخانە←کراوە
کۆشك←ئاشنا زانکۆ←کراوە
تەلار←ئاشنا ژوور←داخراو
دیوار←ئاشنا مال←داخراو
زیندان←نائاشنا شەقامی دەلالان←کراوە
تەکیە←ئاشنا ولات←ئاشنا
خانەقا←ئاشنا ئسپانیا←واقیعی
مەیخانە←کراوە کونی دیوار←داخراو
شەقام←کراوە سەلاڤیە←ئاشنا
کەلان←کراوە قاوشی فریاکەوتن←کراوە
باخوبیستان←کراوە تەختی خەواندن←داخراو
دەشت←کراوە باوەش←ئاشنا
لەوار←کراوە ژووری نەشتەرگەری←داخراو
چەمان←واقیعی ساردخانەی تەرم←نائاشنا
زەوی←واقیعی هەسارە←واقیعی
دورگە←ئاشنا گەرەك←داخراو
تایتانیك←ئاشنا ئاشنا←ئاشنا
باخچەی ئاژەلان←داخراو شاری باهەز←واقیعی
تەیراوەی هەولێر←واقیعی کۆشکی سپی←واقیعی
باکوری رۆژهەلات←واقیعی بەرزایەکان←کراوە
بن کەوان←ئاشنا قەسابخانە←کراوە
زارگەلی←واقیعی شاری یاری ←کراوە
کارگە←ئاشنا مەیخانە←کراوە
مەزەخانە←کراوە تەلار←ئاشنا
گیرفان←داخراو هەتەل←کراوە
مزگەوت←کراوە زەراب←نائاشنا
داینگە←ئاشنا تونێل←داخراو
جێگە←نائاشنا دوکان←کراوە
ئاودەست←کراوە شەقام←کراوە
بیر←داخراو شاخ←ئاشنا
چیا←ئاشنا چەم←ئاشنا
گەم←نائاشنا شارچکەی سەقاوە←واقیعی
هەرەمی نەرگزان←خەیاڵی تاقگە←کراوە
کورتە باسێک..

((رەمانی بە ناگاوە))

ئەم ڕەمانە بەشێوەو تەکنیکێکی تایبەت نووسراوە، پێشکی و کەتایی

ماناکە بە یەک دیمەن و دەست پێ دەکات و بە هەمان دیمەن کۆتایی دێ ، ئەویش بە هەواى خەکوزى و پاشگەز بوونەوەى نووسەرى رەمانەکە و کارەکتەر و پاڵەوانى سەرەکى گێڕانەوەى ماناە کەیە. لەگەڵ پشکى دووەم هاوبەشە لە سەرجەم بەشەکانى تر، ماناەکە لە دوو بەشى سەرەکى لە ژێر ناوى پێتاى دەنگ و چەژى خوێن و (١٨) بەشى بچووکى تر کە بە ژمارە و هەم بە سەردێڕى ڕووداوە گرنگەکان دەست پێدەکەن و خێى لە (٦٩،٣٩٠) وشە دەبینێتەوە.
ماناى بەرگاوە باسى ماڵباتى میرەک دەکات دواى لە دەستدانى دەسەڵات میر، نەوەکانى بە دواى گێڕانەوەى دەسەڵاتى میرایەتیەوەن، هەروەها لە ناو ڕووداوى ماناەکە باس لە باو بوونەوەى پێتاییەک دەکات بەناوى پێتاى قسەکردن و دواتر ئەم پێتایە دەبێتە هۆێنى سەرهەڵدانى شەڕشەکى فکرى و چینایەتى و کەمەڵایەتى و داروخانى دوسەڵاتى ستامکاریە .
ناوى ماناى بەرگاوە بەمەست لە ئێتمبیلەکى کۆنى شل و شۆڕ کە بە ردەوام لە ڕێشتن دایە و هەرجارە و چەندین کارەکتەرى نەو ڕەمانەکەى هەدەگرێ، بە ڕەگاسەختەکان و ڕەچەکەک تەسک و حاسەکاندا دەڕوات. ئەمەش مەبەست لە میژووى کوردە بە دریژایى میژوو بە شل و شۆڕى لە ڕێشتن بەردەوام و گەلەکەى بە هەر سەختى و چەرمەسەرییەک بە دواجار دەگەیەنێتە دواین شوێنى مەبەست.
لە ڕێگاى ئەو ماناە نووسەر باس لە نەخشیەە دەرونییەکان و دیدگاى فەلسەفى و ڕوانینە فکرییەکان بە ژیان دەکات، لە ئایدیاکان و تێگەیشتنە فەلسەفییەکان پشت بە فەلسەفەى فەرمى ئەرستۆ و شێى دەسەڵاتى ماکیافیلى و شیکارییە دەروونییەکانى ئەدیب و ئەلیکترا و نەرجسیەتى سیگمەند فرەید و نکرەفیلیا و نکرەفلوجیاى سادیستى ئەریک فرەم بەستراوە. کە بەشەکیان بوونەتە ناوى کارەکەترى سەرەکى نەو ماناەکەش، هەروەها باس لە عیرفان و تەسەووفى ئیسلامى و کاریگەریەکانى دەکات و پێکدانانى ئاینەکان و شارستانییەتە زۆرە ملەکان و تەکەە بوونى دەسەڵات و ئاین و مل ملانێى نێوان ئاینەکان دەکات، لە ڕەگاى نەوەکانى میر کە پاڵەوانى ماناەکەن ئەویش میخێى جوولەکە و شەمرازى موسەمان و قەیتاسى کریستیان و ئەلیکترائى زەردەشتى دەخاتە ڕوو. ڕەمانەکە بە زمانەکى سادەو کوردییەکى پاڵاوە نووسراوە، جگە لە ناوە زانستى و فکرییەکان کە (٢٢) هامشى بە کراوە، لە کۆتایى ماناەکە فەرهەنگۆکێک بە مەبەستى زانین و ئاسان تێگەیشتن لە وشە و زاراوە ئیدیەمەکان و زمان و شێوە زارەکان لە فەر هەنگۆ کە (٣٨٣٠) سێ هەزار و سەت وچل و شەش وشەو تەدایە و ئەوێى بە گرنگ زانراوە واتا و لێکدانەوى بە کراوە.
دەتوانین بڵێن ئەم ماناە بە یەکەم ماناى سادیستى کوردى خەماڵى

دە کە راستەوخۆ خوێن و کوشتن بەشکی سەرکی ڕەمانەکە پێک دێنێ، دەتوانرێ بەشی یەکەم بە پەتا و نەخۆشی دیاری بکرێ، لەم بەشەدا کێشەکانی ناو ڕووداوەکانی ڕەمانەکە بەرەو ئاڕاز بوون دەچن. لە بەشی دووەمیشی بە گرێ دەروونیەکان و خوو ئەلفەت گرتن بە خوێن و تووش بون بە نە خۆشیە دەروونییەکانی وەک نکرۆفیلیا مەرگ دەستی، نکرۆفلوجیا، درێندە بوون و سادیستی عاشق بوون و خوو گرتن بە ئازارو خوێن ڕشتن. لە کۆتایی ڕەمانە کە ئاکامی پێکدادانەکان هەر هەموویان هەرس دێنن پێشیمانی و گەڕانەوە بە ڕەچەڵەکی مرۆڤ بوون کۆتایی ڕووداوەکەیە. ڕەمانەکە باس لە چەند هەرەمەکی جیاواز دەکات و کە پێچەوانەی یەکترن و بە خەیاڵ و فانتازیا ئازدراوەتەوە، کە بەشکی زۆری ڕەمانکە پێک دەهێنێت جگە لەمە هەژاری و چەرمەسەری کێشە کەمەڵایەتییەکان بەتەواوی لە ناو ڕەمانکە ڕەنگی داوەتەوە.

مەبەستی نووسەر...

مەبەستی نووسەر لە و ڕەمانە بە هەی زیاد بوونی دیاردەی کوشتن و تاوانکاری لە ئەوان مرۆڤایەتی بە تایبەتی ئەو زینجیرە کوشتنانەی کە لە ساڵانی دوایی ڕووی لە کەمبوونگای کوردی کردووە، نووسەر پەی وایە ئەمە تاوانی ئاسایی نیە بەڵکو جۆرێکە لە لاسیای کردنەوە و دووبارە بوونەوەی ئەو ڕەچکە و کوشتنانەی کە وەک هاتنی شەپۆلی سۆشیال میدایی ئازاد و سەیر کردن و بینینی سەرجەم دیمەنەکانی کوشتن و بڕینی سەرجەم دونیا و بە بە چاودێری، مانەوی پاشخانی توندو تیژییەکانی داعش و ڕەکخراوە تووندڕەوەکانی تر کاریگەری نەرێنی کردۆتە سەر گەنجان و نەو جەوانانی کورد، بەمەش هەندە تاوانی نائاسی لە دادگاکانی هەرەم تۆمار کراوون نا کرێ بە کوشتنی ئاسایی سەیر بکرێ وەک کوشتنی دایک و باوک برا و خزان و خۆیستانی کەسی تاوانکار بە دەستی خۆیی و شەواندن و لەکردنەوی پارچەی جستە و کوشتنی خزانی سێ چوار کەسی بە کەمەڵە، کە هەر گیز لە پێشوودا لە نەو کەمبوونگای کوردیدا ڕووینەداوە. لەم ڕەمانە بە ووردی لە سەر ئەم دەستە و گروپانە وەستاوە و بە پەردە تاوانکان و لەکەوتەکانی خراوەت ڕوو بە مەبەستی دزینەوەی چارسەری شیاو جووەاندنی هەستی خوێنەر بە دوورکەوتنەوە لە تاوان و تاوان کارانی خوێن.

دەرئەنجام

گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە شوێن وەك قەوارە و چوارچێوەیە لە ژیانی مرۆڤ بەهایەکی گەورە و خاسیەتی خۆی هەیە، هەروەها شوێن بە مرۆڤەوە لکاوە، شوێن لە ڕەماندا بەکاردەت کە وەك شانیەك وایە کە

تێدا هەموو ڕووداوەکانی پیشانی خوێنەر دەدات و شوێنکانیش ئاستوخێ یان بەشوەی ناڕاستوخێ تێکڕا بە (مەغزا) ی ڕەمان دەبەت. مرۆڤ بەبێ شوێن نا ناسرێتەوە شوێنکانیش هەمجەرن شوێن هەیە مرۆڤ کە لێ دایك دەبێ ئاشنایەتی لەگڵ ئەوشوێنە پەیدا دەکات، شوێنیش هەیە مرۆڤ هەرلە سەرەتاوە ڕقی لێ دەبێتەوە، شوێنیش هەیە مرۆڤ هەست بە واقیع دەکات، شوێنیش هەیە خەیالیە، شوێن هەیە کراوەیە بە هەموو کەسێك دەبێ، شوێنیش هەیە تایبەتە بەکەسێك.....هتد لێنەو ڕەمانەکەش گەیشتمە ئەو ئەنجامەی زیادبونی دیاردەی کوشتن و تاوانکاری لێنیوان مرۆقایەتی بەتایبەتی ئەو زنجیرە کوشتنانەی کە لە ساڵانی دوای ڕووی لە کەمڵگای کوردی کردوە، ئەمە تاوانی ئاسایی نییە جەرەکە لە لاسایکردنەوە و دووبارە کردنەوەی ئەو ڕێچکە کوشتنانەی کەوێك هاتنی شۆڕشی سۆشیال میدیای ئازاد و سێر کردن و بینینی تونددەوکانی تر کاریگەریان کردۆتە سەر گەنجان و نەوجەوانانی کورد.

لیستی سەرچاوە

1- جمالیات المکان جمعات من الباحثین ، دار قرتبە – عیون ط 2 ، 1988 ص 5.

2- اشکالیە المکان فی النص الادبی ، یاسین نصیر ، دار الشۆون الپقافیە العامە ،بغداد،1986 ، ص 151

3- السرد عند الجاحڤ، مرواناحمد النوسە،ص114

4 -بنیە اشکل الروانی، حسن بحراوی، المرکز الپقافی العربی بیروت، دار البیڤاو،1990،ص33

-تقنیات السرد،ص24-5

ن.م-6 ن.م ص25-7

البناو الفنی فی الروایە العربیە فی العراق(2)د.شجاع مسلم العالی دار الشوق اثقافەالعامە. بغداد2000،ص21 -8

الشکالیە المکان فی النصیر، مطابع دارالنشر نالثقافیە العامە،1986ص404-9

–جمالیات المکان،غاستون باشلارت: غالب هلسا، الموسسە الجامعیە للدراسات والنشر، بیروت،گ،1984،ص52 10

عالم الروایە، رولان برنوف وریال اوئیلە،ص113-114-11

1-چەمك وئستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا،سەباح ئیسماعیل،بلاوکراوەی ئاراس،2009،ل472

بینایشوێن لە دورنمونە ڕەمانی کوردی. ل115-13

مقالات نقدیە، رولان بارت،1964،ص164-14

گەرانەوە لە چیرکەکانی ئەحمەدمحمد ئیسماعیل. د. پەری سالح

موفتی. هەولێر،2012،لا160،152،148،138،134،133،132،129،128،126 15
تەکنیك لە ماناکانی (عەبدوڵاسەراج)دا. ئارەزوو محمدعەلی .
نامەی ماستەر زانکۆی سەلاحەدین.2009 ،لا114،112،105،103،99،16.-
البیئة فی القصة، ولید ابوبکر،الاقلام، تموز،1989 ،ص61-62-316
ماناى بەرگاوە. دەشاد كاوانى.2020-17

پیاوەکی سەد ساڵە* … نووسینی : ئەمیـــــل زۆلا وەرگـــرانـــــی : ئەردەڵان عەبدوڵا

هەموو ئێوارەیەک پیاوەکی تەمەن سەد ساڵەی بانا بەرزم دەبینی، لەسەر یەکێک لە کورسیەکانی باخچەی لەکسەمبورگ دادەنیشت. لە هاوینانـدا لەژێـر سـێبەری داری کەسـتانەکاندا دادەنیشـت، لە زستانیشدا خۆی دەخستە بەردەم هەتاو لەسەر کورسیەکی ناو باخچەکە دادەنیشت و دەستی دەخستە سەر گۆچانەکەیی و خەیاڵاتی دەڕۆیشت و بیری دەکردەوە.
ئەو پیاوە پیرە سەد ساڵەیە، تەماشای منداڵەکانی دەکرد کە لە باخچەکەدا یارییان دەکـرد و زەردەخەنەیەکـی پـاک و بێگەردی بە دەکردن، کە گوزارشتی لە ژیاندەستی و سەزی پیاوە پیرەکە دەکرد بە ژیان. بە دەنیایەوە ئەو ئێستا بیر لە ساتەکانی کۆتایی ژیانی دەکاتەوە. هەمنی و دەموچاوە بەشووشکەی گوزارشتی لە کەمەڵک ئەزمونی ژیان دەکرد. ئەم پیاوە زۆر سەرنجی رادەکێشام، زۆر حەزم بە قسەکانی بوو، بۆتایبەتی کاتێک باسی ئەزمونی ژیانی خۆی دەکرد، ساتە خۆش و ناخۆشەکانی باس دەکرد.
لە یەکێک لە ڕۆژەکانی مانگی مارسدا، کاتێک ئاسمان بە هەورەکی گـۆڕی ڕەش تـاریک بـوو، لەنـاو تـەمـوهـەمی ئەو ڕۆژەدا، کەشکـی لەکسـەمبورگ بە ڕەنـگ زەردییەوە دەردەکەوت، پیـاوە پیـرەکە بە گۆچانەکەی یاری بە قوڵەکەی بەرپەی دەکرد و بە دەنگێکی غەمناک و سەزداریـیەوە پێی وتم:

- دەزانـی کـوێی خـەم، مـن لـەو ڕۆژەی لـەدایـک بـووم هەتـاوەکو

ئەستا، زەر ئاسمانی باراناویی و تەم بینیوە،چاوەکانیشم فرمێسکی زەریان ڕشتووە، ئازار و غەمی زەریشم کەشاوە، کاتێک منداڵەکم گیانی لێ دەستدا بێت، منداڵ و نەوەکانم مردوون و منیش ئەستا بێ تەنها ماومەتەوە. من ئەستا لێ سەدیەکدا دەژیم، کە هیچ سەدەی من نییە.

دواتر دەڕۆی بۆ قسەکانی داو وتی:

- هیچ کاتێک ئاوات مەخوازە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان میانجینی تەمانی مرۆف تێپەڕنیت. مەرگ ئیسراحەتێکی پێویستە بۆ مرۆڤەکان، ئەو سنگی پیرەکان وەکو ماچی عاشقەکان دەبەستێت. من کەمێک غەم وناخۆشیم دی، هەموو ڕۆژەکانی ژیانیشم، ئازارو مەینەتی زەرم جێشتووە. حوکمی پێنج پادشا و دوو ئیمپراتۆر و سێ کەمارم بینی. هەموو ئەو هەڵانەم بینی کە دەکرێت گەلێک لە ماوەی سەدیەکدا بیانکات. بیر لە مێژوومان بکەرەوە، چەندە فرمێسک ڕژاوە، چەند خوێن بە ناڕەوا ڕژاوە.
- ئەمە لەژێر سایەی ئەم مانگی مارسەدا، کاتێک بیر لە ڕۆژانی پێشووم دەکەمەوە، ئەریانی بەوانە دەبەم کە منیان بەجێهێشتووەو مردوون. ئەریانیان پێدەم چونکە ئەوان ئاگایان لەو هەموو شەرمەزاریە نییە کە بەسەرماندا هات، ئەو هەموو فرمێسکانەیان نەڕشت، کە ئەمە ناچاربووین بیڕژین. بەزەییم بە خەمدا دێتەوە چونکە هێشتا نەمردووم و دەژیم، بەزەییشم بەم ژیانەدا دێتەوە، ئەو ژیانە کە من دەبوایە زەر زووتر بەجێمبهێشتایە.

لەکۆتاییدا وتی:

- بەدنیاییەوە ئەوانەی کە زوو دەمرن، شانیسان هەیە و بەر ڕەحمەتی خودای گەورە دەکەون.

.....

مانگی ئایار هات، پیاوە پیرەکەم بینییەوە لەسەر هەمان کورسی دانیشتووە، بەڵام ئەمجارە کەشکی لەکسەمبەرگ بەهەی خەرە زەردە ئاڵتوونیەکەوە، جوانتر دەردەکەوت، نەسیمی بایەکی فێنکیش بەسەر گژوگیاکەدا دەگێشت و ڕەنگێکی جوانی وەنەوشەیی دابووە گوڵ و گژوگیاکە.

پیاوە پیرەکە بە زەردەخەنەیەکەوە، سڵاوی لێکردم و دەستیکرد بە قسەکرد و وتی:

- کوڕەکەم، ئەمە ڕۆژێکی جوانی تر دەتە ژیانمەوە، هەموو وەرزەکانی بەهارم لە یادە، ئەو بەهارانەی کە تێیدا ژیاوم،

هەموو خەشیەکانی ژیانم بیر دەخاتەوە.
پاشان درێژەی پێدا و وتی:

- ئای چەندە ژیان خۆش، چەندە حەز دەکەم لە ژێر سایەی هەوایەکی پاکدا بژیم! سەد بەهارم بینیوە، بەڵام هێشتا لە جێژ وەرگرتن لە هەتاو تێر نەبووم. گەر سەد بەهاری تریش ببینیم، بەڵام هێشتا حەسرەت بە یەکەم گەڵا و خونچە و تیشکی خۆر دەکەم. مرۆڤ لەگەڵ هەموو دەستپێکی ساڵێکی نوێدا، ژیانی تازە دەبێتەوە، من ئەمڕۆ هەست دەکەم تەمەنم بیست ساڵانە.
- من سوپاسگوزاری ژیانم، کە ئێو هەموو خەشیەی پێ بەخشیووم. لەپڕنا ئاگردانەکەمدا، منداڵەکانم و نەوەکانیان تەنانەت نەوەی چوارمیشیانم بینی. زەریش دەخشبووم کە بووەتە باوکی خێزانێکی گەورە. ئێستاش لەناو ئەم تەنهاییەدا، هێشتا دەم بە ژیان خۆش، چونکە ژیان مانای بیرەوەرییەکانە، منیش دەخشیی و خۆشحاڵی خەم لە ساتە خۆشکانی پێشوومدا دەبینمەوە.
- ئێوە مایەی خۆشحاڵییەکی گەورەیە بە من، کە شاهیدی کەمێک رووداوی مەزن بووم، ئێو سەدەیەی کە من تێدا ژیاوم، سەدەیەکی مەزن بوو. تێیدا مرۆڤ توانی زانست و ئازادی دەستبکەوێت. من دەمم و تەعزیە باری بەجێهێشتنی ئەم جیهانەم، من لەو باوەڕەدام کە ئەمە بەرەو رووناکییەک هەنگاو دەنێین، کە ووردە رووداە رۆشناییەکەی کز دەبێت بەڵام لە شوێنی خێیدا راگیراوە. کاتێک بیر لە رۆحی هەقیقەت و عەدالەت دەکەمەوە، هەموو ناخۆشییەکانم لەبیر دەچێتەوە.

لە دواجاردا وتی:

- داوا لە بەهار دەکەم کە چەند ساڵێکی نوێی ترم بدداتێ و زیاتر بژیم.

.....

بە بەوای منیش ئەمە کرێکی ژیانە کە لە دوو دەنگی جیاواز پێکدێت، دەنگێکی بەزاریی و مەرگدەستی، دەنگێکی باوەڕبەخۆبوون و ژیاندەستی.
لەم چەند رۆژە ناخۆش و تاریکانەی ئێستاماندا، من وا فەرەنسا دەبینم، کە لە تەنیشت کورسیەکەی ئێو پیاوە سەد ساڵیەدا دانیشتووە. بە ئێو منداڵانەی دەگری کە لە دەستی داون و ئەمیش هیواخوازی مەرگە، بەڵام ئەمە دەیبینم کە تینووی کەمێک هیوا و ئاواتە، بە رۆژانی پێشووی پێدەکەنێت

و باوەڕی تەواویشی بە داهاتووی هەیە، باوەڕی بە خۆشی ژیان هەیە، حەز دەکات کە ژیانێکی زۆرتر بژی. ژیانێکی ئەبەدی کە بەرەو ئازادیی و رووناکی دەبات.

سەرچاوە:

اميل زولا. الفيضان و منتجات قصصية اخرى. ترجمتها عن الفرنسية. دانيال صالح. مراجعة كاظم جهاد. هيئة ابو ظبي للسياحة و الثقافة. مشروع الكلمة. الطبعة الاولى. سنة 2014 ، ابوظبي. الامرات العربية المتحدة.

پەراوێز:
*جێگەی ئاماژەیە یەکەمجار ئەمیل زۆلا ئەم کورتە چیرۆکەی لە رۆژنامەی “L’Evénement illustré “ لە 13 ی تەموزی 1868 بڵاوکردەتەوە.

جەنگێکی فکری ڕۆژهەڵاتیبیانەمان لە پێشە ..دڵشاد کاوانی

بە مێژوو دەنووسم نووسەری جددی دەبە شەڕێکی فکری بە هەز بە داماڵینی فکری ڕۆژئاوا لە زهنیەتی تاکی ڕۆژهەڵاتی دا بکات. ئەوەی تا ئێستا نەکراوە یان کەسی نووسەر خۆی لە قەڕەی نەداوە ئەو جەنگە فکریەیە کە ڕۆژئاوا بە درێژایی مێژوو لە دژی شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتی سەرەتا لە ڕۆگای زاکردنی گریک بەسەر شارستانیەتی مەزنی سومەر و بابل و هیتیت و میت کودەتایێکی مێژوویان کردوە. لە بەرمبەر دا بیریارانی ڕۆژهەڵاتی دەستە و وەستان وەستاوون. بە میژوو و بە هەستیاری سیاسی ئەمە دەمم جگە لە عبداللە ئاپۆی کورد کەسێتر ئەم شەڕی ڕانگەیاندووە، هەر بۆیشە ڕۆژئاوا بە گشتی کەوتنە هەڕەچان و ڕاگرتنی ئەم پڕۆژە فکریە و بە بچووک کردنەوەی بەرەی جەنگە هەزریەکەی و خستیانە نێو ژوورە تاتەکەسیەکانی ئیمریالی.

بەڵام ئەوەی ئەو بە دیدگای فکری سیاسی تەواوی نەکرد ئیمە لە ڕۆگای ئەدەبیاتەوە دەیکەین و گرنگی بە باجەکەشی نادین، کەیلایەتی فکری ڕۆژئاوا بە پڕۆژەی نووسینی ڕۆمان ڕۆتی دەکێنەوە.

هەر وەک ئەجەلان لە کتێبی بەرگری لەگەلەک دا بە ڕوونی دەنووسێ" بیرمەندی مەزن ئەرستۆ لە (٣٨٥-٣٢٠) پ.ز بەردەوام ئەم باوەڕە و زانیاریەیی لەسەر قوتابیەکەی خۆی ئەسکەندەری مەزن موتربە دەکات کە کۆی فلیپی پاشای مەکدەنیە. شیمانەیەکی لە پێش کە بەچوونی بە ئاژەڵە بینینی مرۆڤی ئەژهەات و پلیشاندنەوەی وەکو مەر و لەلایەن ئەرستۆ وە لەسەر ئەسکندەری مەکدەنی تەلقین کراوە" بەمەش ئەسکەندەری مەکدەنی پەدەگات و گێشتکی خەرا بەناوی "سۆفەری بروسک" بە جەنگ بە ئەژهەات دەست پەدەکات تا ڕووباری گانژی هیندستان و قوولایی گاگەمەلای نزیک ئەبائیلە ی هەولێری ئێستا پێشەوەی دەکات بەمەش بەرهەمی فتوحاتی ئەژاوا جگە لە وێرانکاری بە دەهەزار جەنگاوەری بەلکان دەهەزار کچی کورد لەگەڵ خۆیان دەبەن و مرۆڤی وەک مەروو لەبەر پێیان دەپێشیاوە. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە یەخەی ئیسلام و بوزییەت وەک ئاین و نیلینزم وەک فکر و کەنفەشیەسیزم وەک فەلسەفە و بەربەین، چیتر خەریکی جووینەوەی هزری متوربە کراوی بەری ئەژاوا لە داری ئەژهەاتی نەبین. دەبە واز لەوە بەین بەباغە ئاسا ئەوشتانە ئەزبەر بکەین و کەوەاڵ ئاسا هەمان شت بەبینەوە کە ئەژاوا بکەینە تاکە سەرچاوەی داهێنان.
پەسیوی کەنا پێی گوتین ئەوانیش هەر ئەو مرۆڤانەن کە ئەچەکی ئەمە لەسەری بوونیاد نراوە. ئیتر لەرە بەدواوە ئەمە پەژەی منە و کاری لەسەر دەکەم بە ئەوەی کەسانی چاو کزی کورتبین و گوە بە تەزی کە بووی کەم بیست ساردم بکەنەوە.

جوگرافیای مەگەلە پەرتەکان … ئازاد سوبحی

لە ئەژی یەکەم: خوێن سنووری بە جووەی لەشکان کەشا
لە ئەژی شەشەم: خەڵە بەردینەکان کەنووشیان بە پەکەنینی چەکەکان برد و بە نهێنیی یەکەمین کوشتن ڕووەتی گوەگەنم ئەش بوو.
لە یەک چرکەدا…
نان و هەنگاوەکان لەودیوی بازنەی چەقەکاندا قەتیس مابوون
لەمدیوەوە مەگەلەکی گریاو شیوەنی فرمێسکە خەسارەکانیان دەکرد
لەناو جەماوەری مەروولە ماندووکانەوە هاوارێک:

(ئەم بنمیچە ئاسمان نییە و ئەستێرەیەکی نزیفە.)
بڕوانن…
ئەو مەرگانەی لە چرکەیەکدا هەزاران درێ بەرهەم دەنن.
(مردن دەسەنێ، یان درێ؟)
بڕوانن…
ئەو بەشایی گەپانی نەمریی بە دەماماکان بەخشیوە
ئەم سەرێتای کەمیدیایە.
(وەرن.. ئامادەبن.. ئەرێ زەمانی بوونکی ڕەهایە، با مژووی ناوگۆی خۆی بە جەستەتان بشوا و خاوێن ببنەوە، دووربین و بەشکەکانتان بە ژنگ داپۆشن، فرمێسکەکانتان فڕێدەنە ئاودەستەکانەوە و بەسەر بالی پەپوولە و مانگا ئاوسکاندا بازدەن، لاواندنەوە و دەریاکان بژێننە کونی قفڕکانەوە.
ئەوە منم
من بەشایی
پەیامبەری مەرگ و ژینەکانتانم
با توانەوە مانادارێ
شکەماندین و بە باڵەای دەکوتێ و ڕیخۆڵە و خوێنکانتانداهەژنن
تا دەگەن بە…)
هیچ
بە داماوی لە پەراوێزی پەنجەرە ڕەژهەاتییەکاندا ژنگمان دەخوارد
ڕووخانی واتاکان و ژیانەوەی دیوارەکانمان بینی.
لە ترسی ئاوێنەکانمان خزاینە ناو ئەو پەنجەرانەی بوونە هەڵی
سووری نێوان گەرانی و هەنگاوەکانمان.
ئەوە ئەم بووین
نەمانتوانی گەرانی بڕەین و سەبەرەکانمان لەژێر سەنگی قەوارە
نامەکاندا جێهێشت.
قەتیس ماوین
ماندوو بووین و ئەم سەرێتا بەهوودەیش نابڕێتەوە
لەژێر ساپیتەی خوێنبردووی بارانێ زەردەکاندا، چۆن بە ئەو زەویە
بگەڕێینەوە
کە پێی نەگەیشتین؟
ئازاری نێوان ڕەگ و دووربین ڕووبەرەکی کەڕگەتە
گەستانە بزرەکان بە باڵیدا دەشکێنەوە.
(نەخشەکانی خەڵەمێش ڕوخساری ئاو جێناهەڵن.)
لەم وەرزەی ڕاوەستانەی نێوان قوڕ و ئاسەدا
پردەکان بوونە بەندیخانە و پڕینەوە.
سەرابەکی قژەنگێ لەپشت کەلاکی (ئاو)ەوە بەمان دەگری. لە کون و

قیشی دەرپە داوەکەی مژووەو
ئاسنگەرەکان، تابووت و شکەماندی دەبارێنن سەر قەرەوێلەکانمان.
(ئەو قەرەوێلانەی تەنیان لەناو قوڵی سەربازگە و چەمی گەراجەکاندا بەسەر برد.)
لە کۆلێنەکانی حەشری خەڵک بەربەریەکانەوە، پێپوولە درێژنەکان داس و عاتیفە و چەکووش و کلیلەکانیان لە دزین و بە ئاماژە سواوەکان نەمریی گریانیان ڕاقە کرد.
پەیام وەهمە
منداڵیی خەون
وێنەیەکی ڕەمانسی:
خەونێک: (گالیسکەیەکی شکاو). لە توانەوەیدا فرمێسک و گوێزان دەئاخنێتە کونی دەنگەکانەوە و لەودیو ڕەنگەکانی حەرباوە وەاتەکی مەیین…
لە ژماردنی کۆڵەسەر و لاشەکان ماندوو نابە
لە کرۆژتنی چاوەکانی خەی تەر نابە.
لەنێوان کلکی ڕەوی و هەرەسی گەدەکاندا، دەنگە/هەنگە برسییەکان دەقیژنن
(ئەم بوونە خەونە، یان مەرگە؟)
ئەو مژووەی نەیتوانی قیژەی بوونەوەرە پەرتەکانی بشارێتەوە،
گرمەیە و بە ئەو هەزە جەنگاوەرانە ناگری، کە فرمێسکەکانیان ڕاونا شمشێرەکان، بەناو منداڵیی شتەکاندا سەفەریان کرد
خەندە و دووربینەکانیان لەودیو سنووری خوێنەکانەوە، بە کوژراوی جەهێشت.
قەڵغانەکان
ئاسمانەکان
نەیانتوانی پیرەتیی بوون دامالن، هەڵدەرەکانی تەوەڵی ئاسەبسنەوە..
کە فرمێسک و پلیکانە ونبووەکان ئەدزێتەوە.

تێبینی:
خودا لە (٢٠١٤/١٠/٢٦) هەموو هەزە مرۆیەکەی لە ئازاد سوبحی وەرگرتەوە. خودی ڕەشنی گەیشت بە نزاندراو و ئەزموونی بە قووڵایی پابەند بوو، وێنەی چە و ڕوونی لەناو شیعری کوردییدا نەخشاند.
(ناوەندی ڕەشنبیریی ئەندەش) ساڵی (٢٠١٥) بەهایان بە ئاست و توانای دانا و شیعرەکانیان وەک کەشیعرێک لە ٢٥٥ لاپەڕەدا چاپ کرد.
سەرەتای نووسەکان من و ئازاد لە ڕۆژنامەی: (ئاڵای ئازادی) بەیەکەوە کارمەند بووین. ئەو سەرپەرشتی لاپەڕەی فیکری دەکرد و من

سەرپەرشتی لاپەڕەی ئەدەب. هەژاندنی شەش کاتژمێر بەیەکەوە بوونی و هەژاندنکی پێ یادگاری ئەدەبیین. شیعر فۆرمی هەموو هەستکانمان بوو. پۆیستیی نووسین تەکنیک پۆیستیی ژیان دەبوو، دەخی هاوشێوەیان وەردەگرت. هەموو شیعرکانی خۆی بۆ دەخوێندمەوە، بەڵام هەرچی بەچوونت بۆرانبەری هەبووایە، یەک پیتیشی نەدەگۆڕی و وەک خۆی دەیهێشتەوە. دوای خوێندنەوەی هەموو دەقێکی بۆ شێوەی بەوابوونکی پاوپێ، دەستی هەژاندی دەجووڵاند و دەیگوت: (دەقی هەسەن).
کە کەشیعرکەی چاپ کرا شیعری: (جوگرافیای مێگەڵێ پەرتەکان)ی، کە لە هەکەوتی: (١٩٩٢/١٠/١٤)، ژمارە: (٢١٥)ی هەژنامەی کوردستانی نوێ بەاو کردبووەوە، تەیدا نەبوو.
بۆ یادی شەش ساڵ سووڵانەوە بەسەر دوا کەچی، دووبارە بەاوی دەکەمەوە، بۆ نیازی ئاگەر کەشیعرکەی جارکی تر چاپ کرایەوە، بەکەو ئەم شیعرشی بۆتەوە ناو شیعرکانی. هەروەها شیعری: (بوونەوەرک بۆقەد لەزەتی گومان)، کە لە کەشیعری: (باخچەکانی باوکم) بەاو کراوەتەوە، لە کەشیعری: (ئاگرکەم مەسنەوە) سێ چارگی لادراوە و چارگکی بەاو کراوەتەوە. نازانم ئەو کەمتەرخەمی و شەواندنە بۆ؟! بەهیوام لە چاپکی تردا ئەم شیعرش دەخی هەقیقەتی خۆی وەربگرێتەوە.
هەستە سادەکانی تەکنیک بۆ یاد بوو، چووە دەخکی بەهەزتر و هەهەندی چێی پۆیستەوە. هەزی شیعری داهێنەرکی بەهەزی وەرگرت. (هەزی یادی شیعری بگەرد).

سەباح هەنجەر
٢٠٢٠/١٠/٢٦ هەولێر

خوێندنەوەی خەم بۆ ڕەمانی..” بۆ ڕگاوە”ی دلشاد کاوانی …

مەجید عەبدولرەحمان خۆشناو

رەمانی بە رێگاوە یەکەم بەرهەمی نووسەری لاو (دلشاد کاوانی) یە. ٤١٣لاپەڕەیە ولە بەرگێکی جوان وقۆشەنگ لە ولاتی ئێران بە سەرپەرشتی خانەی ئاشتی چاپکراوە..رەمانێکی دەروونی، فەلسەفی، مەژویە. لەناو ئەورەماندا هەست دەکەی مرۆڤی کەچی مرۆڤ نی، هەموومان باشین کەچی باش نین،هەرلە سەرەتای لە دایک بوونمان تا پەروەردەو گەورە بوونمان هەمووی نا تەندروستە . رەمانی بە رێگاوە رەمانێکی تەقلیدی نییە،پابەند نییە بە (سەرەتاو گرێچن و کۆتایی)کە پێی دەڵێن (گرێی موپاسانی،یان چیخۆفی)، وەک رەمانێکی سەردەمیانە توانیویەتی خۆی لە و(گرێیە)رزگار بکات .بە ئاسانی ماناو مەغزای خۆی نادات بە دەستەوە وخوێنەر ماندوو دەکات تا لێی تێبگات. (ناتالی ساروت ١٩٠٠..١٩٩٩) دەڵێ :رەمانەووس مەخلوقێکە چەند هەزێکی نادیار دەیبزوێنێ و بە وەحیێکی شاراوە دەنووسێ، ئەو خولقێنەری چەند جیهانێکی جیاوازەو پەیامبەرێکە موعجیزە دەنوێنێ. لە سەرەتای ڕەمانەکە نارسیس بگەڕاوەیە (راوی) ییە بە سەرهاتکان دەگێڕێتەوەو دەڵێ : من نارسیسم، بە ناسینی نارسیس کە پاڵەوانەکەیە دەبە بگەڕێنەوە بە بنەچێی بنەماڵەکەی.

- میر ئەمبەز کوێی میر جەداسی مەزنە،کە باوکی پیر بوو دەسەلاتی دایە میر ئەمبەز چوار ژنی هەنا :
١.ژنی یەکەمی میر ناوی (ڕەوشەن) بوو موسلمان بوو، کچی یەکێک لە میرەکانی دەڤەرەکە بوو.
٢.ژنی دووەمی میر (لویزە)ی کچی شەماشە (زەیا) ی فەلەیە.
٣. ژنی سێیەمی میر (نازاو) ی کچی (سیمەن)ی جولەکەیە.
٤. ژنی چوارەمی میر (ئاورنگ) ی کچی(کریکەر) ی زەردەشتییە
منداڵەکانی میر ئەمبەز :
١. (خدر) لە ڕەوشەنی موسلمانە . ٢. (قریاقەس) لە (لویزا) ی فەلەیە ٣. (ماخە) لە نازاوی کچی (سیمەن) ی ئەرمەنییە.
٤. (ئەلکترا) کچی (ئاورەنگ) ی کچی (سیمەن) ی زەردەشتییە.
نەوەکانی لەو چوار ژنە :
١. (شەمراز) کوێی مەلا خدر) ی موسەمانە. ٢. (قەیتاس) کوێی (قریاقەس) ی فەلەیە ٣. (میخە) کوێی (ماخە) ی ئەرمەنییە.

٤.(ئەدیب) کوری (ئەلکترا) ی زەردەشتییە.
کە دەڵێ : من نارسیسم، نارسیس کوێی راستەقینەی ئەدیبە، ئەدیب مامی راستەقینەی شەمرازی خدری ومیخە ماخەی و عەفلەق، کە قەیتاسی

کۆی قریاقەسی فەلەیە.
ئەدیب کۆی نا شەرعی میر ئەمبەزی باوە گەورەمانە ..دایکی ئەدیب کە ئەلکترای نەنکمە پوری هەر سەکیانە.
تەماس عەفلەق،قەیتاسی کۆی قریاقەسە. لەگەل میخە وشەمراز هەر سەکیان ئامەزای یەکن . ئەبرەزی دایکم وگەردەوان
منداڵی (ڕەمی حەمامچی) بووون، خوشکە زای میخە بووون و لە باوکیشیان خوشکە زای شەمراز بووون.
مەناز کچکی دوو ڕووی بەدکار بوو لە هەموو گەمە ناشیرینەکانی میخە هاوسازو هاوئاواز و بەشدار بوو
میخە حەزی دەسەاتی هەندە بە هوروژم بوو وایکرد خیانەت لە شەمراز بکات و نامەکانی باوکی بدزێت و هەموو کەدە نهێنییەکانی دەسەاتی باب وباپیرانیان سەرنگوم بکات وشە و ئاشوب لە نەوان ئامەزاو نەوەکان دروست بکات.
نارسیس دەە : من بیژووی کوری بیژوویەکی ترم. لەرەدا دەپرسین چەن ؟
دەەن میر ئەمبەز(شەو ڕەش)ی هەبووە، شەوێک لە شەوان هەموو چراکان دەکوژێننەوە دەبێتە تاریکستان، ژن وپیاو لە هەلەک تەکە دەبن هەر کەس دەرپەی کام ژنی کەوتە دەست ئەوە لاقەی دەکات،میر ئەمبەز دەرپەی ئەلکترای کچی خەی دەکەوتە دەست نازانی کەیە لاقەی دەکات کە چرا هەدەکرێنەوە دەبینی کچی خەیەتی لەشەرمی خەک ولە ترسی ئەو یاسایەی کەبە خەی داینەوە بەیار دەدات ئەلکترا بکوژن،بە سە کوەکانی دەلە : برەن خوشکەکەتان لە بەرزایی (شەیتانکەو) فە بدەنە خوارەوە با پارچە پارچە ببە. پیاوەکی میریشیان لەگە دەچە بە ناوی (ئانەبانی نی). لە چیا برایەکان دەەن ئەمە نایکوژین تەش دەیکوژی یان لەگەی دەەی کەیفی خەتە،ئەویش نایکوژی ولەگەلی دەەوا .برایەکان دەگەڕێنەوە لە ترسی تەەی باوکیان بەیار دەدەن باوکیان بکوژن..لەو وەاتە ئاسایش و بە کەشەیە یەکەم کوشتن میر ئەمبەز دەبە بە دەستی کوەکانی. ئەلکترا کە رزگار کرا کوەکی دەبە بە ناوی ئەدیب، کە گەورە دەبی هەرچی خراپەکاری هەیە لە دزی وجەردەیی وحیزی وقەبەین دەیکات..ژنە دەمەک لە شەقامەکان دەرزە دەکات وفاە دەگرەتەوە و بەختی خەک دەخوێنەتەوە،ئەدیب لاقەی ئەو ژنە دەمە دەکات و من نارسیس لەو ژنە دەمە لە سەر شەقام لەبەر سەرما لەدایک دەبم،دایکم بەهەش دەبە لەو کاتە دەلە سەگەک من دەەفەنە و دەمخاتە بەر گوانی خەی تا تەر دەبم شیری سەگ دەخەم، باوکی بەخەوکەرم کە لە گاردی کەماری پاسەوانە لە دەستی ئەو سەگە رزگارم دەکات ودەمباتەوە ماڵی خەی , بزانە چەن من بیژووی کۆی بیژوو نەوەی بیژوویەکی ترم..

فامە شەت :کە لە ناو ڕەمانەکەدایە ئەو ئەلکترایەی کچی میر ئەمبیزە.
سەرتاپای ڕەمانەکە (سادیستییە) واتە چەژ لە خوێن رشتن، هەموو ئەکتەرەکانی چەژ لە خوێن رشتن وەردەگرن، ئەکتەرە سەرەکییەکانی هەمووی خوێن ڕەژو خوێنخۆرو مرۆڤکوژن.
لەو ڕەمانە نووسەر کەمارکەی وەک کەمارکەی ئەفلاتونی بەخەیاڵ دروست کردووە، کاراکتەرەکان هەموویان راستەقینەن و کەسایەتی مەژوویین لە دەڤەری خۆشناوەتی وشەقاوە، بەناو نووسەر زۆر تەکنیکارانە لەناو ڕەمانەکە تەوزیفی کردوون و یاری پێکردوون و ئەرکی خەیاڵی پێداون.

- کات لە ڕەمانی بە ڕەگاوە :.
  نووسەر دەڵێ : ٢٧٢٠ ساڵە کورد لە ناو خوێن ڕشتن و کوشتن و خوێندایە، بەناو کاتەکە لە دەسەڵاتی میر ئەمبزاوە دەست پێدەکات تا نەوەکانی دەسەڵات وەردەگرنەوە، سێ پشتە واتە ٦٠ تا ٧٠ ساڵێک دەبێ
- شوێن: (غالب هەڵسا) دەڵێ: شوێن لە ڕەماندا ئەو بەرە پشتەیە کە هەموو بەشەکانی ڕەمان پێکەوە دەبەستێتەوە .(سابیر ڕەشید، ڕەمانی کوردی).
  .شوێن و ڕووداوەکان زۆربەیان لە دەورو بەری شەقاوەن. هەندێکیش لە شاری فومەن واتە هەولێر.
  گەڕی نەرگزان: لەدەرەوەی شەقلاوەیە بەینی گوندی ئاسپیندارەو ئاقووبان.
  شاری قەچوچان: ئەستاش گەڕەکێک لە شەقاوە هەیە لەناو براە مەسیحییەکان بە ناوی گەڕەکی قەچوچان،واتە فەرخە پشیلە.
  کلیسای مریەمی عەزرا: واتە کەنیسەی گردی دەرە کە گردێکی بەرزە بە سەر بازاڕی کۆنی شەقلاوە دەڵێوانی.
  سەقاو: کانییەکی کۆن بوو نزیک مزگەوتی گەورەی شەقاوە.
  ئەشکەوتی بویا: ڕەبەن بویا، مەرقەدێکە لە سەرووی بازاڕی شەقاوەی کۆن، شوێنێکی هاوبەشە لە بەینی موسڵمان ومەسیحییەکان، لەلای موسڵمانان (شێخ وسو ڕەحمانە). لە لای مەسیحییەکان (ڕەبەن بویا) یە.
  زندان: دەڵێکی درێژە کەتوتە ناوەڕاستی شەقلاوە، هەتا چیای سەرک درێژ بووەتەوە.

کایسا و سەری ئەواری: دوو کێپکە شاخی زۆر بەرز ن لە سەری چیای سەفین، هەزاران پێشمەرگەی لە شەهید بووە بە تایبەتی لەشەڕەکانی

سەفین دا.
روسارک : رووبارێکی زۆر گەورە بووە کەوتۆتە خوار گوندی دەربەند، ئێستا وشک وبە ئاوە.
لەو رەمانە نووسەر دەڵێ: مێژوویەکمان هەیە (٢٧٢٠) ساڵ لە دەوڵەتی مادەوە هەر یەکتر کوشتن وخیانەت وخوێنڕێژی بووە هەتا ئیمڕۆ، شانازیشی پێوە دەکەین. (هیبل) کە نووسەرێکی ئەڵمانییە دەڵێ: (زۆر راستە ئەمەی ئەڵمانی پێیوانیمان بە مێژووی گەلی خۆمان نییە، ئایا هەی چییە ؟ لەبەر ئەوەی ئەو مێژووە بەئەنجام بووە، بۆیە ئەمە ناتوانین وا لەو مێژووە بڕوانین کە ئەمە دەرئەنجام وروودانەکانی ئەو مێژووە ڕشتین، وەک ئینگلیز، یان فەرەنسییەکان. ئەوەی ئێرکە لەسەرمان وپێویستمانە دەبە بیەن مێژوومان مێژووی ژیانی ئەمە نییە بەڵکو نەخشیمانە کە پاش نوشوستییەکان بەمان ماوەتەوە (الروایە التاریخیە.جەرج لەکاش).
نارسیس بەدوای مێژووو بە سەر هات و کەسایەتییەکانی بنەماڵەکەی دەگەڕێ و دەڵێ: بەدوایاندا دەگەڕێم کە دەزینمەوە مرایان بە دەکەم، دەستیان ماچدەکەم، لەناکاو بڕەو سادیستییەت دەچێ و دەڵێ: ئەگەر پێویستی کرد دەیانکوژم کەڵکە سەریان پاندەکەمەوە، مشکیان دەتەقێنم.
دوو تەوەری سەرەکی لە ناو ڕمانەکەدا هەیە : ١.پەتای دەنگ ،٢. چۆڕی خوێن
زانست لە وەاتی نەرگزان لەترپکدایە، فەلسەفە، پزیشکی، ئەندازیاری،لەو پەی پشکەوتنە، چارسەری پیری دەکەن، مردوو چاکدەکەنەوە . ئەو میللەتە هەمووی پەتای دەنگی هەیە، بەدەنگی هەموو وەاتی داگرتووە . نارسیس لەڕ پاەوانکەیە دەڵێ : بە شانازییەوە یەکەم هاوار من کردم، نەاندم، هاوارم لە هەموو وەات دەنگی دایەوە،من مانگرتنەکەم شکاند، من شەرشەکەم بڕ پا کرد، تا بڕە بڕە خەک زمانی کرایەوە و قسەی کرد..
نارسیس کە بەدەنگی شکاند کەوتە ناو کەشەو زیندان ودەستبە سەری، لەو کاتەی دەچێتە نەخشخانە گوایە پیاوەکی لێیە نامەیەکی پێیە بە نارسیس لەوە دەکەوێتە دەست گاردی کەماری ودەست وزمانی دەگرن ونایەن تا حەوت ساان نقەی لەوە بەت، وەاتەکەش هەمووی بەدەنگە، بە درێژی ئەو ئێش وئازارەی ناو زیندان دەگێڕێتەوە کە زربەی تاکی کورد چێشتوویەتی،پاش حەوت ساە دەمیان دەکرێتەوە، پێیەکانی دەکرێنەوە بیر لە اکردن دەکاتەوە، پیاوەک پارچە کاغزەکی بە داوەتە بن قڕەوەلەکەی لەی نووسراوە (نارسیس تە کوری باوکی خەت نی).
لە گوندی بڕازان سێ برادەر(شەمراز،قەیتاس، میخە) لەرووبارەکەی

خوار گوندی کوێکی گوندی بەرانان دەخنکێنن، دوایی کەشف دەبن، خۆک خۆ دەبەتەوە دەڕۆن دەبەت ئەو سێ منالەمان رادەست بکەن، مەلای بە خورتی لەگەڵیان ڕۆک دەکەوی کە یەکیان رادەست بکەن و دووکەی تر بنێرنە شار. لەوە دەچنە سەر مالی میخەی باوکی دەکوژن و دایکی زەر گێ دەکەن. مەلا خدری بە خورتی دەو رزگاریان دەکات، ژنەکەو میخەو شەمرازی کوێی دەخاتە پشتی حەنچەکەو بەرەو شار دەڕۆن، لە ڕێگا میخە لە سنووری هەرەمی نەرگزان فەدەدەن. لەوە پاش ساڵانێک مەگاو میخە دەبینێ و پێی دەڵێ: پێش دە ساڵ من یەکەم کەس بووم تەم لەم دەڵێ هەڵگرتەوە، لەبەدا میخە دەکەوێتە وەسواسییەکی قورس، وەک جاران ئاسایی نابە شەمرازو قەیتاسی بیر دێتەوە، خنکانی کوریژگەی بەرانانی بیردێتەوە، غەمگین وخەفەتبار دەبێ، بە یەکەم جار خەم وخەفەت ڕوو لە هەرەمی نەرگزان دەکات،خەمبار دەبن، کار ناکەن، سەما ناکەن،شەڕو فەرتەنە دەکەوێتە هەرەمی نەرگزان، دەبنە چەند بەرێیەک دەکەونە گیانی یەکتر، شەڕو ئاشوب دروست دەبێ، ئەوێش ئەو هەرەمە نەفرەت لێکراوەی ئەمەیە کە هەردەم لەسەر هیچ شتێک ڕۆک نەکەوتووە، شەو مەگاو دەچنە کوخەکەی میخەی پێی دەڵێ: هەرەم شلەژاوە، ئەوە یاسایە بە کوشتنی ئەمە هەرەمەکە پاک دەبێتەوە. شەڕو ئاشوب دروست دەبێ،
میخەو مەگاویش نەشدارێک دەربازیان دەکات و دەگەنە سەرچیایەک لەوە نەشدار بە جێیان دەهێڵن،ئەوان دەڕۆن تا دەگەنە تروسکایییەک حەنچەکە لە وە یە تەنهاشوفەرەکە ماوە،دەبن بە سێ کەس حەنچەکە بە هەدەکەوە.
کاتی مەلا خدری بە خورتی میخەی لە سنووری نەرگزان فەدا بە سواری حەنچەکە چوونە شاری (فومەن) لەوە ڕوو لە خانەقای مزگەوتی قەرەنی دەکەن مالی شێخ نووری. لەوە بەدوای ڕەمەی حەمامچی دەگەڕێن و شەمرازی لای ڕەمەی دادەنێن،شێخ دەڵێ : هەر کاتی کارت نەبوو وەرە تەکیە لای من بخوێنە. مەلا خدریش لە سەر دەستی شێخی زینە لە خەی مارە دەکات و بە پێستی تەماسی لەگەڵ مەلا ژنە زینە دەگەڕێنەوە بە هەرەمی قەچوچان. شەمراز لە حەمامە دەبێتە پشت شەر، بەهەی ئەو تاتەیەی سەر پشتی کە(دوو بازنەیەو ئێستڕیەکی لە ناوە) میخەی کوێی ماخەی دەبینێتەوە.
شەمراز، میخە، قەیتاس، هەرسەکیان هەمان تاتەیان لەسەر پشتە کە نیشانەی شەیتان پەرستییە.
میخە لە دەلالخانە کاری سەرپێی دەکات، کە کاریشی نەبی لە حەمام کار دەکات. پاشان کە دەزانە دایکی شووی بە مەلا خدر کردووە کە باوکی شەمرازە زەر تووڵە دەبی. کە مەلا خدر یەکەم نامە بە شەمرازی کوێی لە حەمام دەنێرە، میخە لەوە دەبێ، بە قاسید دەڵێ : من

شەمرازم. نامەکەی لە وەر دەگرێ نووسراوە: خەمی ئەمەت نەبێ ئەستا لەگەڵ زینەت بە خەشی دەژین، خوشک وبرایەکیشت زیاد بووە، حەز بە بینینی تۆ دەکەن. چەند نامەی تریش دەن میخەک هەموویان لە شەمراز دەشارێتەوە و وەڵامی نامەکانیش دەداتەوە. شەمراز دەبێتە زاوای شەخی گەورەو منداڵی هەیە. شەمراز دەبێتە مەلا لە گوندەک و بار دەکات بۆ ئەو گوندە. میخەک بە هەی ئەو نامانەوە هەزو نێتەوەو ژیانی ماڵباتی خەی دەزیەوە. ز براکەشی رۆژەک بە سەرخەشی زینی دایکی دەکوژێ. پاشان خوشک وبراکەی لە مەلاخدر دەنە لای میخەک تێبەکی تەزاوی لای خوشکەکەیە کە بە هەردوو قاچەمی مەلا خدرو میر ئەمبەزی باوکی مەلا خدر نووسراوە: ئەمە سەربوردەی بنەماڵەکەمانە. میخەک خوشکەکەی دەداتە (ئەمە ووتە) ی حەمامەکوەک و کچەکیان دەبە بەناوی (ئەبرەزە و گەردەوان). میخەک لە مەیدانی شار تەکەڵە بە کرێکاران دەبە رۆژەک لە سەر باج ئەفسەرەکی پۆلیس دەکوژێ و ڕا دەکات بۆ لای شەمراز. ئەو ناتوانێ جولەکەیەکی بکوژو هەڵاتوو لە دەستی دادگا ڕابگرێت، بۆیە جل وبەرگی سوختەیەکی وەک (تابع العلم) ی دەکاتە بەرو بە پەستی تەماسی دەینێرێتە گوندی سەقاوە. لەوە دەچێتە هەرەمی قەچوچان بۆ زەدی خەیان بۆ دوای سەرداوەکانی میرایەتی و پەگە لە دەست چووەکەیان و بەگە نامەو شوێنەوار دەگەڕێ.

پاشان باسی لە دایک بوونی ئەدیب دەکات.. بۆ دروستی کەس نازانێ کەیە و کوێی کەیە و دایک و باوکی راستەقینەی ئەو کێن، تەنها لە منداڵییەوە لەگەڵ پیاوەک دەژیە کە هەرچی خراپەو خراپەکاری و دزی وجەردەیی،حیزی،قەبەین هەیە کردوویەتی. ئەو هەمیشە لە جوولە دایە لە هەندەک شوێن ئەولیاو پیاو چاکە تا ڕادەی پێغەمبرایەتی، لە هەندە شوێن شێتانەو ووڕش وئەهریمەنە. لە شوێنەک کچەک لە کوشتن رزگار دەکات کە برایەکانی دەیانەوێ بیکوژن، لەڕدا نووسەر ئەو پیاوە وەک ئەفسانەی (فایتۆن و زیسی یۆنانی) لەدەکات. یان دەیکاتە (هەبوو نەبووی ناوحیکایەتەکان)، یان دەیکاتە خواوەندی (توت) چەکوشکی لە دەستەو لە شاژنی (فەخای) خواوەندی بە پیت وبارەکەت دەچێ. چەند جار وەفاتنامەی دەرچوو، چەند وەفاتنامەی بە ناوە. نارسیس دەڵێ: بە دوا جار من بووم ئەو پیاوەم بینی بورابووەوە لە سەرشەقام کەوتبوو، هەڵم گرتەوەو بردمە نەخشخانە پارچە کاغەزێکم لە گیرفانی دەزیەوە لەی نووسرابوو (نارسیس تە کوێی ڕاستەقینەی دایک وباوکی خەت نی). ئەو پیاوە مەلەتکەیەکی پیرە هەر جارەو لە شوێنەک دایدەنێ، رۆژەک لە خانەقا، رۆژەکی تر لە حەمام، جارێک دەیباتە باخی گشتی، جارێک لە مزگەوت، تا منداڵەکە قاچ دەگرێ و دەیخاتە دەستی ژنە دەمەک کە زەرترین ماوە

لای ئەو دەبێ. ئەو ژنە لە کوچە و کۆلانان، لە شەقامان، لە ناوچەی پیشەسازی سوار بەو منداڵە دەکات کە (ئەدیبە)، پاشان فڕی دزی دەکات، زۆر کارامە و لێزان دەبێ لە هەموو کارێک. تا گەورە دەبی، ڕۆژێک لاقەی کچە دەمە سوارکەرێک دەکات من دەکەومە ڕەحمی ئەو ژنە دەمە سوارکەرە. جگە لە ئەدیب کەسی تر نایدزانی من کوێی ئەدیبم، من نیوەم قەرەجە و نیوەم میرە، ڕەگەکم زەردەشتییە و ڕەگەکم موسلمانە، نیوەم کوردە و نیوەم تورانی. نارسیس دەڵێ: کە لە دایک دەبم ڕۆژێکی زستانە بەفرەکی زۆر بارییوە، دایکم لە هۆش خۆی دەچێ کە دەقیژێنم دەڵێ سەگێک بە دەمی خۆی هەڵمدەگرێ و دەمخاتە بەر مەمکی خۆی و لە مردن رزگارم دەکات، باوکم لە گاردی کۆماری پاسەوان بوو لە گەڵانەوەی چاوی بە من دەکەوە لە چنگی سەگ دەرم دێنێ دەمباتەوە ماڵەوە بەم جۆرە من (نارسیس لە باوەشی قەرەجێک بە باوەشی سەگێک تا پاسەوانی گاردی کۆماری و باوەشی ئەو دایکەی کە بە خۆی کردم، واتە دایکی دووەمم. ئەدیب لە مانگێک سێ حەفتە لە زیندان دەبێ لە زیندان (خاوەکەش) دەناسێ و دەبێتە هاوڕێیەکی نزیکی. لە کاتی دەرچوونی ئەدیب لە زیندان خاوەکەش ناوونیشانێک دەداتە ئەدیب وپێی دەڵێ : بڕۆ بۆ ئەو ناو و نیشانە و خۆمی هیچت نابێ. ئەدیب لەگەڵ شوفێری تاکسیەک بۆ ناوی (گەردەوان) دەچێتە سەراخی ناوونیشانەکەی خاوەکەش کە ناوچەی (سورەش) ە، ئەو ناوچەیە هەمووی هۆشە تەنها دروشم ودیوارەکانی بە خوێنی سوور نووسراون،کە دەگاتە دوا بەربەست ناوونیشانەکە دەردەنە دەبینی تەنها هەمایەکە (دووبازنەو ئەستێرەیەک) لە ناوی کەشراوە، بەربەستەکە دەبڕە لەو دیو وەاتەکی هەمن و بەدەنگ دەبینی لەکڕانێک قورسایەک بە سەری دەکەوە بەر دەبێتەوە، کەچاوی دەکاتەوە لە ژوورەکەی تەنیا بەستراوەتەوە دووپیاو دەنە ژوورەوە و دەست بە ئازاردانی دەکەن لە ناکاو دەنگی دوو تەقە دێت هەردوو پیاوەکە بەردەبنەوە لە بەردەمی، کەسێک لەدواوە دەستی دەکاتەوە دەڵێ من (تەماس ءەفلەق) م دانیشتووی ئەرەم ئەوانەی کوشتنم (گرووپی خاچی خوارن) کاریان فڕاندن وکوشتنی خەڵکە. ءەفلەق فڕی بەکارهێنانی چەک ونیشان شکێنی دەکات. ئەدیب لەگەڵ ءەفلەق دەکەونە ناو دونیا خوێن ۆشتن ومرۆڤ بوونی خۆی لە د ەست دەدات. شەڕێک لەگەڵ گرووپی بازنەیی دەکەن ئەدیب بریندار دەبێ، ءەفلەق وا دەزانێ ئەدیب بە کوشتنی ئەو نەردراوە پێی دەڵێ : من دەبێ تە بکوژم تە سەر بە گرووپی خاوەکەشی، ئەوانە دوژمنی منن، لەو کاتە دووچەکدار دەگەنە ءەفلەق رادەکات و ئەدیب لە کوشتن رزگاری دەبێ . ئەوانەش دەیبەن ئازاری دەدەن لەوە نامەکەی خاوەکەشی بیر دێتەوە کە دەبینی پێی نەماوە، هەرچەند دەڵێ من تەتەرم سوودی نابێ پشتی ڕووت دەکەنەوە بە

پێشتریش لەلایەن "فەرهەنگ نامە"وە هەڕەشەی کوشتنم لێکرابوو، کە چەندان گەنجم لە گەڕەکەکەی ئەو و ناو مزگەوتەکانەوە هەناوە دەرەوە و بە بیری چەپ و کەمۆنیزم هزرم ڕۆشن کردنەوە. زیاتر لە پەنجا گەنجم تەنیا لە گەڕەکی سەهۆڵکە و شێخمەحمەدین لە دەوری حەلقەکەی خەمان کۆکردەتەوە کە هەندێکیان زۆر چالاکن لە نموونەی هاوڕێیان "سەزدار، خالید ئەژی، دەستی کەمال، بەهادینە سوور، نەوشیروان، نەوزاد مام حەسەن". ئەمانە بەشێکیان پێشتر هاتچۆی مزگەوتیان ئەکرد، بەڵام ئێستا لە چالاکترین کەمۆنیستەکانن، چالاکترین خوێندکارەکانن، ئەوان سەرەتا بەهەی منەوە بوون بە کەمۆنیست، بەڵام هەنووکە لە خەم چالاکتر فەعالیەتی سیاسیی و ڕۆشنگەریی ئەکەن. ئەوش بووە هەی تەقینەوەی تووڕەیی ئیسلامییەکان لە بەرامبەرم.
هەکارەکی تریش ئەوەیە، سەرەتای ئەمساڵ کاتێ ئەندامێکی سەرکردایەتی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی کە وا بزانم جێگری وەزیری ئەوقافیش لە بەندگەی مزگەوتی "عوسمانی کۆی عەفان" لە گەڕەکی شێخمەحمەدین، وتاری ئاگرینی ئەخوێندەوە بە سەدان هەرزەکار و تێیدا فەتوای کوشتنی کەمۆنیستەکانی ئەدا، سەدان گەنجی بەنجکراو بە تریاکی ئاین حەماس گرتبوونی،. تیمەکەی ئەمەش بەیارماندا بچینە ناو مزگەوتەکە و دەمکوتی بکەین، تیمەکەش پێکهاتبووین لە"عەباس، خالید ئەژی، هێکەوت کەنفە، سەزدار، خەم". بەهەی ئەوەی کاربا

نەبوو بە پاتری ئەتەمبیلیش بەندگەکەیان خستبووە کار، دوو لەکز هەی مزگەوتەکەی رووناک ئەکردەوە، عەباس چووە ژێر دانەیەکیان، سەزداریش چووە ژێر ئەویتر. خالید و هەکەوت کەنفە و من چووینە نزیکی مەلاکە، کە دە دوانزە چەکداریش پاسەوانیان ئەکرد. کەدی ئەمە ئەوەبوو کە کەوتنە هاوار هاواری تەکبیر، سەزدار و عەباس لەکزەکان بکوژننەوە و ئەمەش پەلاماری مەلا بدەین.

هەر بەو جۆرە بووە کاتی مەلا وتی "ئەبە رەگی ئەو کەمانیستە مەلعونانە لە ریشەوە دەربکەین، بە ئەوەی بزانن ئوممەتی ئیسلام و کوردی موسەمان قبوڵیان ناکا". عەباس و سەزدار خەرا پێیان دایە لەزەکان و کوژاندیانەوە ئەمەش بە مشتەکەک و شەق کەوتینە سەر دەموچاوی مەلا، لە هەر چوار لاوە بووە بە تەکەژان و میلی چەک راکێشان، بەڵام بە خەرایی کارەکەمان ئەنجامدا و بەرەو دەرگای سەرەکی مزگەوتەکە هەڵاتین. کە هاتینە دەرەوە "سمکۆی تەهای سەید عەلی" کە هاوەڵمان بوو بەڵام کەمانیست نەبوو، ئەمەی بینی و بەهەی ئەوەی باوکی ئەفسەرێکی باڵا بووە، هەمیشە چەکی پێبووە، کەاشینکۆفێکی مزڵی پێبوو کە مەخزەنی هەفتا و پێنجی لەسەر بوو، میلی راکێشا رووەو مزگەوتەکە تا ئەمە دوور کەوتینەوە، ئیتر بەو جۆرە دەرباز بووین، دواتر هەواڵمان بە هات کە مەلاکەمان باش وەران کردووە.

لە تەی ئەمەدا ویستیان بە چەقۆ لەناوم ببەن، "فەرهەنگ نامە" کە ناسیاویشمان هەیە، باشترین تیرۆریست بووە ئەو کارەیان پێ سپاردبوو، چوونکە بیرمە پێش چەند ساڵ چەندین پێکەر و کاری تەشکیلی "شیلان"ی خوشکی شکاندبوو بە بیانووی ئەوەی حەرامە، ئەو سەڵ هیچ تۆندوتیژیەک ناکاتەوە. لای کەسەکیش وتبووی گوایە من زانیاریی لە دژی ئیسلامیەکان لە رۆژنامەی "رۆژنامەنووس" لەسەر شەوەی چالاکی و شانە و رەکخستنە ئیسلامیە چەکدار و بە چەکەکان بەاو ئەکەمەوە. بەڵام راستیەکەی ئەوەیە دوور و نزیک پێوەندییم بەو رۆژنامەوە نییە، تەنیا ئەوە نەبە سەرنووسەری ئەو رۆژنامەیە هاوەڵێکی ئاسایینە. سەیرە خانەوادەی ئەمە ئەزموونکی تاڵمان هەیە لەگەڵ ماڵی "نامە"! چوونکە پێش چەند ساڵێش "حەمەسوور"ی برای کە مفەوزی ئاسایشی یەکێتیە هاتە سەر ماڵمان لەگەڵ ئەو تیمەی ماڵەکەیان پشکنین کە نیازیان وابووە خانووەکەمان لە داگیر بکەن!. بیرم لە شتی ناخۆش ناکەمەوە، دەنیام رۆژێک ئەمە سەرئەکەوین، ئەوانیش وەک تیرۆریست ناویان ئەچێتە ناو چیرۆکەکانی مێژووەوە. دەنیام کە خەری ئەمە هەڵهات، ئەوان شەمشەکوێرەئاسا ئەچنەوە ناو تاریکایی.

دڵۆپ شیعرێکم هەیە ئێستا:
خەر وەک خەنجەرێکی زۆر جەرگی تاریکی هەڵدڕێ
ئاسمان دوای هەورە ڕەشەکان ڕوون ڕوون ئەبێتەوە
زەوی دوای لافاو دڵی وەک خامەکی سپی پاک ئەبێتەوە
مرۆڤیش پێویستی بە خەنجەری تیژی بیرێکی ڕووناک و
ڕاماڵینی هەوری ڕەشی کینە و لافاوی شەڕشەکە

نووسینی: ستیڤان شەمزینی

24-10-1999

!کورد و گۆڕاوی خێدیتنەوە ... برایم فەیشی

فردیناند هێنریشلەری ئەتریشی بە سەرچاوە هێنانەوە لە نووسراوەکانی "سەمەر"، وشەی "کورد و کوردا"ی وەک ناوێکی گشتی بە خەڵک و "خەڵکانی" زاگرۆس و مەزپەتامیا (ناوچەمان، دیجلە و فورات) لە کتێبەکانیدا بەکار هێناوە. بە پێی زانیاریەکانی ئێو و بەگەکانی کێنێناسی، مرۆڤناسی، فەرهەنگناسی، زمانناسی و هەر وەها توێژینەوەکانی ژنێتیکی، کێنترین مرۆڤی نیشتەجێی مەزپەتامیا و ناوچەکانی زنجیرەچیای زاگرۆس، ئەو خەڵکانە بوون کە بە" کورد و کوردا " ناسراون.
پێشینەی نیشتەجێبوونی بنەچەکی "کورد/کوردا" بە پێی ئێو سەرچاوانەی لە خوارەوە ناویان هاتووە، بە بیست هەتا پەنجاهەزار ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە، خەڵکانی تر لە هەزارەکانی زڕ دواتر، ڕوویان کردەتە ئەم دەوەرە و هەروەها لەم دەوەرەوە بۆ شوێنی تر بۆ وێنە ئووروپا چوون. بەڵگەکان کە زۆرتر لە دەیەکانی هەشتای سەدەی بیست بۆ هێی بوونی ئیمکانی تۆژینەوە، لێکۆڵینەوە و پشکنین هەتا ئێستا لە بەڵگای کتێب و فیلمی بەڵگەیی بەاوکراونەتەوە، ئەوە دەسەلمێنن، کە شارستانیەت لەم مەبەندەوە سەری هەڵداوە و بەرەو شوێنی تر پەرەی ساندووە و بەاو بۆتەوە!
کشت و کاڵ، ماڵداریی، گوند و شارسازکردن هەروەها یەکەمین

بازاڕەکان و ئالوگۆڕی و کڕین و فرۆشتن، فەرهەنگ و هونەر و نووسین، لیرەوە دەستی پێکردووە. یەکەمین نیشانەکانی نووسین کە لە سەر خشت نەخش کراون و مێژووی دوازدە هەزار ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێنەوە و لە موزەخانەی کامپیتەر لە شاری پادابەن لە ئاڵمان لە لاوحێکدا بە بەگز هێندراوەتەوە، لاو شوێنە دەزراوەتەوە کە دەکەوێتە ڕۆژاوایی کوردستانی ئێمڕۆ!
نووسەری چەک تەماس سەدلاچک لە گەڕان بە شوێن یەکەمین بنەماکانی تیجارەت و ئابووری هەمیسان ئەم ناوچەیە بە سەرەتا دەزانێت و بیری تیجاریی لە تەوەاتی جوولەکەکاندا دەبینێتەوە، کە لە لایەنی بنەچەک و ڕەچەڵەک و شوێنی ژیان و مەژوو لە گەڵ کورد وئەرمەن یەک دەگرنەوە.
یەک لەو شوێنانە جگە لە دەسلدەرفی ئاڵمان، کە مرۆڤی نئاندرتاڵی لەدەزراوەتەوە، ئەشکەوتی شانەدەرە، یەک لەو شارانەش کە بە کۆنترین شار و ناوەندی شارستانیەتی کۆن ناوی دەهێندرێ ئەربیل/هەولێری باشووری کوردستانە. باشووری کوردستان کە لە سەدەی شازدە بەولاوە وەک باکوور و ڕۆژاوای کوردستان، لە لایەن عوسمانلییەکانەوە داگیر کرا، تا ئەمساڵانەی دوایە، بە دەگمەن دەزینەوەی لێکراوە و لەم چەند ساڵەی دوایەی سەدەی بیست و یەک، لە لایەن چەند وڵاتەوە بە پێی ئەم بەگزفیلمە کە لینکێکی لە خوارەوە هاتووە، کۆنینەناسان دەرفەتی هەڕەین و پشکنینیان بە ڕەخساوە و بەگەی نوێیان خستەتە ڕوو بە سەلماندنی ژیان و شارستانیەتی کۆن لاو ناوچەیەی کوردستان، کە کارەکانیان ئێستاش بەردەوامە. ئاکامی پشکنینەکان گەلێک تەز و تۆڕی سەدەکانی پێشوو باتە دەکەنەوە و باس لە نووسینەوەی نوێی مێژووی ئەم ناوچەیەی جیهان دەکرێ، کە دەوری سەرەکی لە پێشکەوتن و شارستانیەتی مرۆڤدا هەبووە.
بە پێی ئاو زانیاری و توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و پشکنینانەی تازە بە تازە دەردەکەون و دەرکەوتوون، شک و گوومان دەکەوێتە سەر ئاو باوەڕ و تەز و تۆڕی و مێژووی سەبارەت بە کورد نووسراون و باو کراونەتەوە. گەر کورد کەچەری سەردەمانی نزیکی مێژوو نەبووبێ و زیاتر لە دوازدە هەزار ساڵ شارستانیەتی بە ناوییەوە کرابێ و بیست هەتا پێنجا هەزار ساڵ لە نیشتەجێبوونی تێپەڕبووبێ، تەز و تۆڕی لکاندنی کورد بە فارس و ئاریایی و هاتنیان لە دەوری وێگاوە بەرەو مەزپۆتامیا و زاگرۆس پووچەڵ دەبنەوە!
تاقیکردنەوەکانی ژنێتیکی کە لە لایەن ناوەندەکانی زانستی ئیسپانیا، ئیتالیا، ئاڵمان(ماکس- پلانک ئینستیتێ)، بریتانیا، ئامریکا، ئیسرائیل، ئەرمەنستان لە چل و چەند ساڵی ڕابوردوو هەتا ئەم ساڵانەی دوایە کراون، ئەوە دەسەلمێنن سێ نەتەوەی ئەرمەن و

کورد و جوو(موووسایی) یەک بنەچەک و هەچەکیان هەیە و „ژن“ی هاوبەشیان لە هادی سەرە، ئەوان لە یەک گرێ دەدا.
ئەم هاوبەشی ژنەتیکی یە لە نێوان کورد بە هەموو لایەنکانیەوە و فارسەکان نەدوازراوەتەوە و نزیکی زمانی کورد و فارس لە هەزار ساڵی هابووردو هووی داوە. بە سەرنجدان بە مێژوو و چارەنووس و شێوەی ژیان و هەسوکەوت و فەرهەنگی کورد و ئەرمەن و جوو، دەردەکەوێ، وەکچوویان لە جیاوازییەکانیان زۆرترە، کە ئەبەت لە میانەی تێپەڕینی هەزاران ساڵ، جیاوازی ئایینی، فەرهەنگی، زمانی نێوانیان قووڵتر بۆتەوە، کە ئەوە سیمای ئەمڕۆی کوردەکان لە گەڵ یەکتریش دەگرێتەوە، کە جیاوازی نێوانیان لە لایەنی ئایینی، زمانی و باوەڕی کەمڕایەتی زۆرتر بووە و سنووری سیاسی ئەم جیاوازییانەی قووڵتر کردۆتەوە..
پارسا و پارسوا، بە یەکەم جار لە ساڵی ٨٤٣ ی بەر لە زایین ناویان لە نووسراوەکانی ئاشووری هاتووە و شوێنی ئیلامییەکانیان گرتۆتەوە و ساڵی ٥٥٠ ی بەر لە زایین بە سەر مادەکاندا زاڵ بوون. پێشتر ئەوان ناویان لە مێژوپۆتامیا و زاگرۆس نەبووە.
بە پێی بەڵگەکانی کتێبی “کوردستان و ئووروپا” لە مێژوونووسی سویسی هانس- لوکاس کیزەر، مێژوویی بە “پارسی و ئێرانیکردنی کورد لە لایەنی زمانییەوە لە هەزار ساڵ بەر لە ئێستا دەستی پێکردووە. کورد لە لایەنی زمانەوە پاڵی بە فارسەکانەوە داوە و لە لایەنی ئایینی زۆرینە پاڵیان بە ئایینی عەرەب و دەستەڵاتی عوسمانلی یەوە داوە، کە ئەوانیش ئایینی ئیسلامیان بە سەقامگیرکردنی دەستەڵات و کیانی خۆیان بەکار هێناوە و کوردیان لە ڕێگای ئایینەوە بە سەقامگیری کیانی خۆیان، دژ بە خەڵکانی تر بەکار هێناوە.
بەم هۆیە و هۆگەلی تر، کورد بە پێچەوانەی یۆنانی، بوڵغار، سرب و کرواتی و نەتەوەکانی باڵکان و ئەرمەن لە سەدەی نۆزدە نەیتوانی خۆی لە چنگ عوسمانلی ڕزگار بکات. نەتەوەکانی تر کە هەموویان زمان و ئایینی جیاواز لە تورکیان هەبوو، بە پاڵپشتی ئایین و زمانەکەیان، نەتەوەییبوونیان بە خۆیان بەخشی و سەربەخۆبوونیان لە ئیمپراتوری عوسمانی، بە پشتیوانی ئووروپییەکان مسۆگەر کرد.
کورد سەرەڕای ئەوەی یەکەم ڕاپەڕینەکانی سیاسی و نەتەوەیی خۆی لە سەدەی نۆزدە لە ئێستانبول ساز کرد، بەڵام بە زۆر هێ کە باسکردنیان لەم کورتە باباتەدا ناگونجێ، بێ کیان و بەبەش و عەوداڵی ئازادی مایەوە، کە ئەم مێژووە ئێستاش درێژەی هەیە.
بەم پێیە تووانەوەی کوردەکان لە ژێر دەستەڵاتی عوسمانلی و فارس و عەرەب لە سەردەمی مودێرن و سەرەتای سەدەی بیست و کۆتایی سەدەی نۆزدە، دەستی پێنەکردووە و کۆنتر و کۆنترە.

هەر بە پێی ئەم کورتە باسە کە لە داهاتودا هەرواتر دەکرێتەوە و بڵێگەکانی دەخرێتە ڕوو، کورد و فارس نە تەنیا یەک ڕەچەڵەک نین، بەڵکو زمان و فەرهەنگ و مۆسیقا و هونەریان یەک ناگرێتەوە و ئەو تێز و تئۆریانەی لە سەردەمی نوێ بە بێ بنەما هەڵبەستراون، هیچ بەڵگەیەک نیین بۆ لکاندنی کورد و پێکاتەکانی فەرهەنگی، هونەری، مۆژوویی و ئیتنیکی بە فارسەوە.
بەشداری مرۆڤی کورد لە گەمەی خێتووانەوە، یان خۆ هەڵواسین بە کیان و زمان و فەرهەنگ و هونەر و ئایین و سیاسەتی پارس و ئێوانی تر، درۆژەپێدانێ بە لە ژێرپێنانی ماف و کەسایەتی و کیانی خۆ و درۆژەپێدانێ بە کێلەتی هەمەلایەن، کە بۆ زۆرێک لە مرۆڤی کورد بۆتە پرسیارێکی ئاسایی. ڕەنگە تاکی کورد هەست بەو پرسیارە بکات، بەڵام ئەو هەستە بۆرەو بیرلێکردنەوەی قووڵی هەمەلایەن و تێگەیشتنی یەکلاکەرەوە ناکۆشرێ و تاکەکان لە پرسیارێکی عادەتی و خۆگونجاندن لە پرسیارێکدا کە ئاسایی دەنوێندرێ، بۆرەو تووانەوە دەکۆشرێن. ئەم دیاردەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ تایبەت لە ناو توێژی خوێندەوار لە هەموو ئاستێکدا بۆرچاوە.
کورد تەنیا نەتەوەیە کە پێ لە ترس و خەف سەیری سنووری کەسایەتی، نەتەوەیی، زمانی، فەرهەنگی، هونەریی و کیانی خۆی دەکات و کەمترین حەول بۆ دیاریکردنی سنووڕکانی دەدات و ئۆڤش دەوری لە کەسایەتی و بیروبۆچوون و پێنسیپکانیدا هەیە. کورد هەتا سنووڕەکانی خۆی لە پێناو مانەوەی بوونی خۆیدا، دیاری نەکات، کێلەی هەموو بوارەکان دەمێنێ. جیهانی ڕۆئالی ئەمڕۆ لە سنووڕەکان و ژیان و هاوکاری خاوەن سنووڕەکان پێکهاتووە. کورد لەم بەستێنەدا هەشتا ئۆتۆپیایی دەجولێتەوە و ئۆتۆپیایی "بیر" دەکاتەوە، ئەوەش بە پێچەوانەی هەموو نەتەوەکانی دەوروبەریەتی!

برایم فەشی – ئۆکتۆبری 2020

-_____

** لەم نووسینەدا لە وشەی "کورد" کەڵک وەرگیراوە کە هەم ئاماژەیە بە ئاپۆرەی خەڵک و هەم ئاماژەیە بە هەموو ئەو کوردانەی لە بوارەکانی زانستی، سیاسی، فەرهەنگی، هونەری، کەمەایەتی، مەدیا و هتد … کار دەکەن

سەرچاوەکان:

Die Herkunft der Kurden, F. Hennerbichler ISBN 978-3-631-59327-1
Die für die Freiheit sterben, ISBN 978-3-95798-558-3

Geiselbefreiung in Kurdistan ISBN 978-3704600554
Kurdistan und Europa IBSN 978-3905312324
Der Völkermord an den Armenien und die Shoha ISBN 978-3905312409
Im Lande des Blutes und der Tränen ISBN 978-3905313062
https://www.arte.tv/de/videos/062897-000-A/kurdistan-schatzkammer-mesopotamiens/?teaser=true
Die Ökonomie von Gut und Böse Tomas Sedlacek ISBN-13 : 978-3446428232

قەناسی لەزەر … شیعر: مەولود ئیبراهیم حەسەن

ئەم هاونەشتمانی وەا تەکین
پەی دەەن : بەهە شت
ئەستا بە سواری کەشتی مینەژەوە
دەرکراو لەم بە هە شتە
بە نیو دەریای ژەهر
بەرەو چارە نووسی بە چارەنووس
لە بەردەم لولەی قەناسی لیزەر
لە زەمەنی ەووتبوونەوەی زەمەن
لە هە موو یاسا و بەهاکان
لە ئان و ساتی تەقینەوەین
ئاشی ئەم جیهانە
سەت دەست دەیگەەە
دەستی ەەبەت
ئەو ئاشە ئاشی هاەەنی مرۆڤ
ئەو مرۆڤانەی
شایستەن و شایستە نین
هە موو هە ناسیەک
لە چاوە ەوانی
جە بە جەکردنی فەرمانی

لیزەر بارانکردنی خەمانین
چاومان لە دو ژیان نیە
تاقەتی بینینی
مەرگی ئازیزانمان نەماوە
خەفەت ئەویە
نەبووین بە نانک
برسیە بمانخوا
نە بووین بە جلک
ووتک بمانپۆشە
نەبووین بە هەزک
ترساوک لە پەنامان بحەوتەوە
ژیان بووە
بە سەنگەری خە بەدەستەوەدان
گەرەکە
چک و رەختی مرۆقبوون دابنین
مەرگ یەک ئەنجامەو
زەر شۆی هەیە
ئەستا پاەوان ئەوە نیە
قەا داگیر دەکاو بەرامبەر دەشکەنە
پاەون ئەویە
وەک مرۆڤ بمەنتەوە
سروشت جوانترکا
ئاسمان سافتر
دەریا ەوونتر
باەند ئازاد تر
گەرانی زەر تر
بەهار تەمەن درەژتر
چیتر مەژوو لە گەە خەمان هە ەناگرین
باری زەر گران کردووین
داهاتوو دەگرینە باەش
ئیتر برینی خەمان
نادینە دەس کەس
ەەژی ئەویە
جارەکی تر ژیان کەمان کاتەوە
ئەمە دەبە لە هە نگ فەربین
ژیان کارو بەرهە مە
بەرهە م هە نگوەنە

چیمان دەسکەوت
لە سەرکەوتنی شەڕ
بە تاقەت بووم لە خەباتی ئەوا
ماندوو بووم
لە قوربانی پیرەز
ماڵی ژیانمان پیشاندەن
ماڵەک
پێ بەت لە مرۆڤ
چیتر شیعری درکە مان بە مەنووسن
ئاستەو ئاست
پەیمان بەین خەشمان دەوەن
ئەمە
فەرمان بە ڕووتی دەوەت
ئیمانمان بە ڕووتی دەویت
زانستمان بە ڕووتی دەوەت
ئەوینمان بە ئاشکرا دەوەت
دەماندەوە ئاستەوە ئاست بژین
ئەو هەموو دەماملکە
چی بوو لە خەمان کەکردەوە
شەشی ئەمە
ئازاد بوونە لەدەست ئەبەتەکان
ئەمە دەماندەوە
لە ژەر ساباتی خەشەویستی
لە نەو ئەزی داهێنان
لەڕە بەدواوە
نانی بەیانیانی دەستایەتی
بە یەکەوە بخەین
چیتر
ئاوی ژیانمان پەمەکەن لە ژەهر
ئەنگی مرۆڤبوونمان لەدەست داوە
زەوی چەتر ئەمەی
بە دەماملکەوە ناوەت
ئەستیرەکان
تەنووی بینینی ئەمەن
ئەمەی وەکو خەمان
زەوی بەزارە
لەو خەکردن بە ئەبەتە

چاوەڕێ
خەمان خەمان بین
بە هەشتمان دەراند
خەمان دڕاند
ژیانمان دڕاند
پەیستە
لەو (غەرەف) ە بینە دەرەوە
زەمانی زەر مان دڕاند
فرستی زەرمان دڕاند
جوگرافیای زەرمان دڕاند
وەرزی زەرمان دڕاند
ئاوا بوا
بە خەمان ناکەوینەوە
دەتانبینم
لەژەر جوبەی سوتانەوە
ئەسک ەزیو
سەر سفرەمان ئاوەدان
بە برنجی مەحمود
بە ەنی ئالتون سای
بە چای دووغەزال
ئەو هەموو فرمێسکەمان ەشت
گوڵک نە پشکوت
بەنی بەهاری لە بەت
ئەو هەموو خونەمان بەخشی
گەرانیەکمان نە بیست
تامی ئازادی بدات
ئەو هەموو شەهیدەمان ناشت
دیوارەکمان هە ەنانا
ەژانی تەنگانە
خەی بدینە پەنا
درەنگە با خەمان ..خەمان بین
درەنگە با دەست بەژیان بکەین
ئەم وەنەیە برای بەەز سەرکەوت بالیسانی نەخشاندوویەتی ……..

هەولێر _
١٧/٧/٢٠٢٠

ژینگۆ دەست ... عەلی حەمەشید بەرزنجی

لە سەیران و لە گەشتا
لە گرد و دەڤ و دەشتا
بابە و دایە و خزمانم
لەگەڵ گشت هاوڕێکانم
وەک (ژینگۆ دەست) دەمناسن
ڕێزی زۆرم لێدەگرن
چونکە لەوێ دەنیام
لای ئەوان وەک پشتەنگ وام
دوای تەواو بوون لە سەیران
ئەوانیش لەگەڵ مندان
بە یەکەوە وەک یاری
بە گیانی پڕ هاوکاری
چی پاشماوەیەک هەبوو
کەی دەکەینەوە هەموو
چەند کیسەکمان هەناوە
بۆ خاشاک و پاشماوە
تا ئەو شوێنە خاوێن بێ
بۆ ئەوەی دوای ئێمە دێ
.....
٢٢/١/٢٠٢٠

١٦ی ئۆکتۆبەر، لە نێوان خیانەت

و دیانەتدا… کامیار سابیر

چەمکی خیانەت(treason) چەمکێکی ئاڵۆز و پڕ ئارەزایە لە رووی مەژوویی، سیاسیی، فەرهەنگیی، کولتووریی و مەعریفییەوە. هەر وەک دەسگا و ئەرگانێک، هەر ناوەند و حیزب و کۆمەڵایەتییەک، بە گوێرەی بڕژوەندییەکانی خۆیان، تەشریح و تەئویلی دەکەن. لێرەدا، قسەمان لەسەر ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧یە کە لە دوای ریفراندۆمی راسپێردراوەکەی دەسگای میتی تورکیاوە، خانەقین بە کەرکوک، تەسلیم بە هێزەکانی دەوڵەتی عێراق کرانەوە و پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پاشەکشێیان کرد. لە کەرکوکیشەوە بە شەنگال و موصڵ، پارتیی پاشەکشێی کرد. لەبەرامبەریشدا، پارتیی و ئەردووی نەتەوەیی و نەژادیی و طائیفییەکانی کورد، هاوکات، تەواوی ئەوانەی دیانەتی کوردایەتییان، وەکو عەقیدەیەکی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیایەکی ئایینیی وەرگرتووە، لێکدا لێکدا، ١٦ی ئۆکتۆبەر بە خیانەت لە قەڵەم دەدەن. بە واتایەکی تر، هەموو ئەوانەی دیانەت و مەغزی سیاسیی و ئایدیۆلۆژییان، کوردایەتییە، چەند خۆ بە نەیاری پارتیی و یەکێتیی و دەسەڵاتی چەتەگەریی هەرەمیش بزانن، بە ئیرادیی و بە لائیرادیی، هەر دەکەونەوە، بەرەکەی (پارتیی) و ئەجێندا پانتورکییەکانی ئەردەغانەوە؟

کەمێک گەڕانەوە بە دواوە، باشتر یارمەتییمان دەدات تا لە ئەدەبییاتی بەتاڵی کوردایەتیی و تەواوی ئەو عەمالەتە ئیقلیمییانەی بە ناوی شۆڕشەوە کراون، حاڵیی ببین و لە جۆهەری ئەم بە فیکریی و ئەم عەقیدە گۆڕوگوڵە، بگەین. لە باری فیکریی و کولتووریەوە کە تەخوین لە ناو کورددا بە گشتیی و کوردستانی عێراق بە تایبەتیی، بەرەوی هەیە، هەکارەکەی ئەوەیە لە رووی فیکریی، مەعریفییە و ئەخلاقییەوە (لێرەدا مەبەست لە مۆرال= Moral)، ڕەشنبییران، سیاسییە وردەکارەکان و نوخبە ئینتەجێنسیاکانی کورد، جورئەتی سیاسیی و فیکرییان نەکردووە کە خۆیان لە قەرەی ئەم چەمکانە بدەن و سەروگوڵاکی بکوتنەوە. ئەم گرووپانە، بە درێژایی سەد ساڵی رابردووی حەرەکەی قەومیی کوردیی، هەمیشە لە تەخوین ترساون، یان تەرایز کراون بە ئەوەی لەسەر ئەم ئەدەبییاتە ڕەشکییە، قسەیەکی جدیی، نەکەن.
هاوکات، لە باری مۆراڵییشەوە(لێرەدا مەبەست لە مۆراڵ= Morale)، دەکرێ بگوترێ لە کوردستانی عێراقدا، هیچ کەس بەڵای ئەوەدا نەچووە کە پێچەوانەی ماشێنی ئەعلامیی تەخوین، بووستەتەوە! جەخت

لەو بکرێتەوە کە مەال، بە ئای درێژ، مەبەست لە باوەبوون بە خۆ، دیسپلینی فیکریی، سیاسیی و مەعریفیی،حەماسی عەقڵانییبوون، نەهجی واقیعییبوون، ڕەحیەتی تێگەیشتن، ثەقافەت و گەشبینیی سیاسیی، دڵگیرنەت. لە کاتێکدا، مەال (بە ئەی خۆ)، فەزیلەتی ئەو بیێروباوەڕیە کە چاکە و خراپەی سیاسیی، کەمایەتیی..تاد، نیشان دەدات. لە کۆنتەکستی سیاسیی و فیکرییدا، لە کوردستانی عێراقدا کە پارتیی و مالی بارزانیی، ڕابەرایەتیی حزبەکەی سیاسیی "کوردستان" کەوتووەتە دەستیان و ئەم بیزنسیانە قەرغ کردووە، بە دەرجەی یەکەم ئەم فیاسکە مەژوویە، بە فەشەلی هەمزە عەبدوڵا، ئیبراهیم ئەحمەد، تاڵەبانیی، کەمال و ئارام، نەوشیروان موصتەفا، چەپەکان و ئیسلامییەکان، دڵگەڕتەوە کە بە هەموویان، بە هەمویان بەسەریەکەوە، نەیانتوانیوە، مەشروعەکی سیاسیی و فیکریی جیاوازتر لە چەتەگەریی و عەمالەتی ئیقلیمیی-کوردایەتیی، تەبەنیی بکەن، بگرە تا ئێستایش، شەی ئەوە دەکەن کە کوردایەتیی ئەریجنال و ڕەسەن، تەبەنیی بکەن! هاوکات ریفراندەمەکەیش، سەنگی مەحەکە کە ئیسلامییەکان و چەپەکان، چەن سەروقون، لە زەرابەکانی ناسیۆنالیزمی نەوت و سەربەخێیە قوبرصییە ئەفسونەاویەکەدا، باسکی ئایدیۆلۆژییان، لەدەدا؟

کەرکوکمان دەاند و داگیرکرایەوە! ٥١٪ی خاکی کوردستانمان لە دەست دا(کە دەریەکی گەورەی جیۆگرافیی و سیاسییە)! ئەمانە خورافاتی ئەو مەنتالیتییە نەخۆش و مەالیە زلیلەیە کە زەربەی هەرە زەری لایەنگرانی ناسیۆنالیزمی نەژادیی کوردیی، لە ماوەی سە ساڵی ڕابردووەدا، دەرخیان کردووە و دەیەن و دەیەنووسن و هەزار بارەی دەکەنەوە. مەگەر کەرکوک و شەنگال و خانەقین، بەپێی دەستووری عێراق، بە ڕەزامەندیی حیزبە کوردییە و سیاسییە کوردەکان، ناوچەی جێناکۆک نیین؟ بە هەی هەلومەرجێکی عەسکەریی و هاتنی داعشەوە، هەزی پێشمەرگەی یەکێتیی و پارتیی، کەنترۆیان نەکرد، دوای داعش، دەبووایە بکشێنەوە، کە بەهەی تیجاەتی نەوت و بیزنسنی گەورەوە، نەکشانەوە، بە زەبری هەز، دەبێت هەزە عێراقییەکانی دەوەتی فیدراڵ، بە یارمەرتیی ئەمەریکا، کەنترۆڵی بکەنەوە، وەکو کردیان. کشانەوەی هەزەکانی یەکێتیی، خراپییەکەی لەوەدا بوو، تەنسیقێکی ژەربەژێریان لەگەڵ ڕایەڵەکانی حکومەتی عێراق و حەشدی شەعبیی کردبوو، جورئەتیان تێدا نەبوو بە ئاشکرا، داکۆکیی لە ئیتیفاقییەی کشانەوەکە بکەن، هاوکات، جورئەتیان تێدا نەبوو، ڕوو بە ڕای گشتیی و تەنانەت ڕوو بە هەزەکانی خۆیشیان بیکەن، کشانەوەیەک بە قونە شەی لەرە و لەوە، زیاتر لە سیناریۆی تێکشان دەچوو، تا بە

کشانەوە دۆگات و دۆیان پشمەرگەی هەژار و بێ پارەیشان، کرد بە قوربانیی، بۆ ئەوەی سیناریۆکەیان، تەمریر بکەن.

بەدەر لەوەی قیادەی پارتیی لە ژێر فشاری عێراق و ئێران و ئەمریکادا بوو، خەی رەزامەندیی نیشاندابوو لە کەرکوک بکشێتەوە، خەیشی لە شەنگال کشایەوە، کەچیی دوو طەقە تەنووری پردەیان کردووە بە داستانێکی ئەفسانەیی پێ لە فشەی عەسکەریی، گوایە ئەوان موقاوەمەتیان کردووە و یەکێتیی لە کەرکوک قوچاندوویەتی و خیانەتیان لە ریفراندەم و دەستکەوتەکانی گەلی کورد کورد، کردووە؟ بەدەر لەوەی ریفراندەم، خەی لە خەیدا، گەورەترین خیانەتی سیاسیی و مێژوویی بوو، بە پلانی موخابەراتی ئیقلیمیی(بە تایبەتیی تورکیا)، بەەوەچوو، بە ئەوەی ئۆگەر سەری گرت، کەنترۆڵی کەرکوک لە دەست حەلیف و رەدیفەکانی تورکیادا بێت(پارتیی، بەڕێی تورکمانیی و داعش)، ئۆگەر سەریشی نەگرت، ئەوە کەنترۆڵی کەرکوک لە ژێر دەستی یەکێتیی دەردەهێنرێت و تەسلیمی هێزە عێراقییەکان، دەکرێتەوە و باشانسی هێز، لە هەرەم هەر لای پارتیی دەمێنێتەوە!

جەبانیی و بە روئییەیی قیادییە کەن و نوێکانی یەکێتیی، لەوە سەرچاوە دەگرێت، تا ئەم ساتەیش دوو (کادیر، نووسەر، رانتخەر و سیاسیی) ئەم حیزبە، جورئەتیان نەکردووە، تەنانەت، وتارێک بنووسن، سەمینارێک بکەن و کەەکی جەماوەریی و مەدیایی بکەن، بە رییزەکانی خەیان و خەەکی کوردستانی باس بکەن کە ١٦ ی ئۆکتۆبەر نەک هەر خیانەت نییە، بەەکو کارەکی عەقڵانیی زەر باش بوو کە شاری کەرکوکی لە وێرانبوون، پاراست. هاوکات، هەموو هێزی سیاسیی ئەم قیادییە نوێیانەش، بە ئەوەی لەو کونانە بێنە دەرەوە کە تەخوینەکانی کوردایەتییەکەی پارتیی، تەی پەستوون، ئەوەیە جوێن بە پارێزگاری کەرکوک دەدەن و قەندەرەی منداڵە شەهید، بە حەماسی سەر مایکرۆفەوە، لە دەمی دەپەستن! هەموو ئەمانەیش، نیشانەی ئەوەیە، نە یەکێتیی، نە گەەان و نە هەموو نەتەوەییەکانی تری کورد، لە باری فیکریی، ئایدیۆلۆژیی و مەاڵییەوە، نەک هەر جیاوازییان نییە، بەەکو هەمان مەەە و مەاڵەی پارتییان هەیە و هەمان مەکینەی کوردایەتییان، لە بەستراوە. بەەاستییش، جیاوازیی یەکێتیی و پارتیی، تەنیا ئەوەیە کە وەکو دوو باندی مافیایی، کامیان زەرتر دەدزن، کامیان باشتر عەمالەتی ئیقلیمیی دەکەن و کامیان زەرترین سەرمایەگوزاریی و بیزنس، لەسەر ئایینەڵ، گیرفان، قوت و تەندروستیی خەەکی کوردستان، دەکەن؟

حکومەتی فیدراڵ و هێزە عێراقییەکان، مافێکی قانونیی و دەستوریی و

سەروەریی کە کۆنترۆڵی کەرکوک بکەنەوە، بە تایبەتییش پاش قەشمەریاتی ریفراندۆمەکەی میتی تورکیا، بەڵام ئەوەی کە زۆر جێگەی ناسڕینەوەیە و مەعریفییە، ئەوەیە کە زامەکانی ئەم جەهلە کولتووریی و سیاسییە، بەردەوام بە خوێناوی دیانەتی کوردایەتیی، زاخاو دەدرێتەوە. تەواوی مەبەستەوییی و نژادییەکان، پێیانوایە ئەگەر کەرکوک لە ژێر دەستی دزەکانی پارتیی و یەکێتییدا بووایە، ئەگەر لە ژێر دەستی کەمپانیاکانی پارتیی و یەکێتییدا بووایە و نەوتی کەرکوک بە ئەجێندا کانی تورکیا و مافیاکانی کوردایەتیی، بگۆڕێ بخرایە، ئەوە شتێکی زۆر باش و موقەدەس بوو! چونکە بە دەست کوردەوە! بوو. بەدەست کوردی مورتەزیقەی سەر بە تورکیاوە بێت، قەیدی نییە، بەس نابێت بە دەست حکومەتێکی ڕەسمیی و دەستوریەوە بێت کە ناوی دەوڵەتی عێراق و کورد خەیشی تێدا، بڕشدارە. بەڵاستیی ئەم مەهزەلە عەقڵیی و فیکرییە بەس لە ناو ئیستیحماری نوخبەکانی کوردایەتییدا، توانای خۆگونجاندنی هەیە و لە هیچ کۆنتێکستێکی تردا بە زمانە بیانییەکان، جێگەی نابێتەوە کە بەڵی حکومەتی فیدراڵ، کۆنترۆڵی شارێکی کردووە، ئەوە خیانەتە، یان بگوترێ حکومەتی فیدراڵی عێراق، شاری کەرکوکی داگیر کردووە!

ئەوەی حکومەتەکەی پارتیی و مالی بارزانیی لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوویشدا کردیان، بەوەی کە شەنگال، تەسلیمی هێزە عێراقییەکان دەکەنەوە و جێختیش لەوە کراوەتەوە کە لایەنگرانی پەکەکە دەبە دەربکرێن، ڕەنگ ڤەرژنێکی نوێیە لە عەمالەتی ئیقلیمیی کە پارتیی بە تورکیای دەکات، بەڵام حەماقەتی سیاسیی یەکێتیی و گۆران و هێزەکانی تر لەوەدایە، ناتوانن بە یەک پارگرافیش، چوار ڕستەی موفیدی سیاسیی و فیکریی، لەسەر ئەم ڕادەستکردنەوەیە بڵێن، چونکە هیچیان پێ نییە و خەیشیان مەکینەی کەراندنی کوردایەتییان، لە بەستراوە.
زەرینەی خەڵکی کەرکوک، بە کوردیشەوە، وەڵای ئەوەی پارێزگارێکی شەفینیی عەرەب(کە دەستی پارتیی و تورکیایە) دەسەڵاتی هەیە، ئەستایان پێ باشترە لە سەردەمی تەقینەوە، تەرەرکردن و باندە مافیاییەکانی داعش، پارتیی و یەکێتیی کە لە کەرکوکدا بوون. ئەمە لە کاتێکدایە، ئەم دوو حیزب و دوو بنەماڵەیە، زەربەی هەرە زۆری خاکی هەرەمی کوردستانیان بە ژێرخان و سەرخانەوە لەسەر کەمپانیاکانی نزیک خۆیان، قەرغکردووە و بە هەموو مەژووی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق، ئەوندەی دە ساڵی پارتیی و یەکێتیی، داگیرکارییان لە خاکی کوردستانی عێراقدا نەکردووە. بە چاووەڕوانییەوە ئەمانە، بە مەڵایی و بە مەڵایی ئەمانە، گەیشتووەتە ئاستێک،

کوردستانی عێراق بۆ گشتیی و هەولێر و دهۆک بۆ تایبەتیی، بوونە بە موستەعمەرەیەکی تورکیی و لە رووی ئابووریی و عەسکەریی و ئەمنییەوە، داگیرکراون، کۆچیی، هەرەی نەتەوەییبوون، بە کرکوک دەچن و بەی دەکوزنەوە و گانەکی گەورەی ئەکادیمیی و نوخبەی هەزیلی کوردیش، لەکدا لەکدا دەن ١٦ی ئۆکتۆبەر، خیانەت بوو!

سەرەنجام، ئەگەر شتێک هەبێ ناوی خیانەت بێت، ئەو دیانەتی ئەم کوردایەتییە و تەواوی ئەو حیزبانەیە کە لەو فەلەکەدا دەسوڕنەوە، بە درێژایی ٧٠ بۆ ٨٠ ساڵ، وەک ئەوەی خیانەت لە قەزیەی سیاسیی کورد دەکەن، وەک ئەوەی گەورەترین بەحورمەتییان بە کرامەتی ئینسانی کورد و قەزیەکەی کردووە، بەکو بیزنسی سیاسیی و ئابووریی پێوە دەکەن. زەربەیان بوون بە میلیاردێر و رائیدکانی کوردایەتییش، بە باش و خراپیانەوە، بە درێژایی چەندین دەیە، عەمیل و مورتەزیقەی وەاتە ئیقلیمییەکانن، بە قیادەی نوێی یەکەتییش، واقیع ئەوەیە کە خیانەت لە خەکیی کوردستانیش دەکەن، لە کاتکدا خەیان شەریکی گەورەی ئەم هەموو دزیی و تاڵانییەی حکومەتکەی پارتیین، شەریکی فاشیلترین و گەندەلترین حکومەتن لە مێژووی بەشەریەدا، وەک ئەوەی پارتیی بەردەوام، تەخویینیان دەکات، زەر بە زەلیلیی و سەرکزییشەوە، نەک هەر برابچووکییان بە دەکەن، بەکو تەجسیدی بە کەگایکردن و بە سیمبەکردنی مالی بارزانیی و پارتیی، دەکەن.

بەشی 6 گفتوگۆ لەگەڵ نووسەر و روناکبیر سمکۆ محەمەد سەبارەت بە دیاردەی کۆچ لەدونیادا …

سمکۆ محەمەد: هەژاری فکری رەژهەناتی بوو بەسەرکیترین هەکاری کۆچ بوو
بازاڕی ئازاد کۆچبەر و پەناهەندە، وەک کایەکی زیندوو تەماشا دەکات
بەشی شەشەمی گفتوگۆ لەگەڵ نووسەر و روناکبیر سمکۆ محەمەد سەبارەت

بە دیاردەی کچ لەدونیادا و بەتایبەتی کچی کوردان بە هەندەران، ئەو بەدەر لەتەوانینی باو و گوتراو سەبارەت بەم دیاردەیە، هەکارە نەگوتراوەکانی درکاندووە و بەستایلێکی نادیاری بازاڕی ئازادی لەقەڵەمداوە.

ئامادەکردنی: عەباس جەمیل جەماو
دەقی گفتوگۆی بەشی شەشەم

پرسیار: تەرمی کچ وا لەکەدانەوەی بە دەکرێت کە هەوڵەکە بە دەربازبوون لەو کێشەو گرفتانەی کە مرۆڤ پەوەی لەنیشتیمانی خۆی پەوەی دەناڵە، جا ئەو کێشانە سیاسی بن یان ئابووری یان کۆمەڵایەتی، لەکاتێکدا ئەمە کچی زەرملە و ئارەزووماندانە و زانستی و پیشەییشمان هەیە، بەگشتی خوێندنەوەی ئەوە چیە بە ئەم تەرمە؟

سمکۆ محەمەد: من دەبە جیاواز لەتەگەیشتنە باوو گشتیەکانی رابردوو قسە بکەم کە لەسەر هەکارەکانی کچکردنی زەرملە و ئارەزووماندانە کراوە، چونکە شتێک کە باس کراوە و موناقەشە کراوە لەژیکی نییە دووبارەی بکەینەوە، پێناسە سەرەتاییەکەی ئەو تەرمە کە چەندین ڕەهەندی جیاوازی هەیە، ئەوەیە کە هەرکەس وەاتی خۆی بەنائارامی بینی و هەستیکرد جێگەی نابێتەوە یان خۆشگوزەرانی نەماوە و یان ناحەستەوە لەسایەی ئەو دەسەڵاتی حکومەت و کۆمەڵگەکەی، ئەوا ناچارە کچ بکات بە شوێنکی ئارامتر، چونکە ئەو شوە کچە، بەیارمەتی نائاساییە لە زەمەنکی نائاسایی و ناجێگیردا، لەلایەکی ترەوە ئارەزووماندانەیە لەبەر ئەوەی کەسی کچبەر لەنێوان دوو دونیای جیاوازی بەهەشت و جەهەننم، ناچارە یەکەکیان هەڵبژێرە، ئەویدیکە پاشنارەک هەیە کەسەکە ناچار دەکات ئەو جوگرافیایە جێبهێڵێت، لەهەردوو بارەکەدا من پەموایە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە هەژاری فکری ئەو کۆمەڵگە و دەسەڵاتەوە هەیە کە لەو جوگرافیایە دەژین، ئەگەر بەپێچەوانەوە بوایە ئەوا لەبری کچ، دەبوو گەشت بکەن بە بینینی ئەو فەزایەی کە سیحرەکە لەخەیاڵی ئەواندا کە جیاوازە لەفەزای ڕەژهەڵاتی.
ڕەهەندێکی دیکەی نیگەتیڤی کچ، ئەوەیە کە ئینسان بەهەی کچکردنیەوە، شوناسی خۆی و زمانی و خۆی و ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی و کاریگەریەی هەمەلایەنکانی لەئاستی سیاسی لەکاڵی لەدەستدەدات، هەموو ئەمانە دەبنە بەشێک لە نامەبوونی تاک لەنەو دونیایەک کە نەدەبێتە نیشتیمانی و نە ئەلتەرناتیڤیشی هەیە، هەبێت ئەم باسی کچە لەکەنەوە هەیە و بەشەوازی ئایدیالیستی و ماتریالیستی قسەی

لەسەر کراوە، بە نموونە کەچی فیلەسوفەکان لە ترسی دەستەاتی سیاسی و ئایینی بووە، کەچی پێغەمبەرەکان و باوەدارەکان لە نیشتیمانی خۆیانەوە بە جوگرافیایەکی تر، لە ترسی تووندوتیژی ئایینی و دیسپلینە یاسایی و سیاسیەکانی پێش خۆیان بووە، کەچی گروپە نامەکانی دونیا لە شوێنەکەوە بە شوێنەکی تر، وەکو جیپسەکان و هیندیە سوورەکان و هیپییەکان کە خۆیان بە خۆسک کەچبەرن و بەوایان بەگەینی کەشوهەواو جوگرافیاوە هەیە، خوایشت و خۆسکە، بەناو ئەوانەی کە بەهەکاری زانستی کەچ دەکەن، پرنسیپەکی فکری و ئەخلاقی لەپشتەوەیە و بە مەرامەکی زانستییە، نموونەش کەچی کەپەرنیکەس کە بەهەیەوە جیهانی ئاشکرا کرد و گوتی گەی زەوی خۆ و پان نییە.

ئەگەر کەمەک بچینە دواوە دەبینین کەچ رەهەندەکی دیکەی سیاسی هەبووە لەدونیای رۆژهەلاتیدا، مەبەستم ململانێی نێوان نەتەوەی ستەملێکراوو کەنیالیزمە، ئەمە جەنگەکی فکری و فەرهەنگی بەرهەمهێنا کە لەنێو وەاتی خۆیان نەدەکرا، بەناچار لەنێو وەاتی خودی کەلەنیالەکان دەکرا، بە نموونە کەچی فەلەستینیەکان بە هەندەران، بە دروستکردنی لەبیەک بوو بە پشتگیری کردنی کەشەی فەلەستین، ئەوانەش کە لەمیسر و جەزائیرەوە رەشتبوون بە ئەوروپا، دیسان هەمان رەهەندی هەبوو، بە ئەوەبوو کە گەنجەکانیان لەیەک کاتدا دوو ئەرک ببینن، یەکەمیان خۆ رزگارکردن بوو لەهەژموونی کەنتەکردنیان لەدەستی کەنیالیزمی فەرانسی، رەهەندی دووەم ئەوەبوو کە هەم لەبی و هەم سەرچاوەی ئابوریەک بن بە ئەوانەی لەمیسر و جەزائیر لەژێر هەژموونی کەلەنیالیستی فەرانسی مابوونەوە، رەهەندی سێهەم پاراستنی کولتووری خۆیان بوو کە لەئەوروپا بەرهەمدەهاتەوە، ئافریقیەکانیش نموونەیەکی دیکەی هەمان شێوەی ژیانی سیاسیین، بەناو ئەوانەی کە لەبولگاریاو چیک و سلۆڤاکیا و رۆمانیا کەچیان کردووە لەرۆژئاوا گیرساونەتەوە، جیاوازیەکی بەرچاویان هەبووە، یەکەم کەشەی چوونیان بۆفیزا نەبوو، چونکە لەرووی جوگرافیەوە هاوبەش بوون، دووەم لەرووی کولتووریشەوە مەژووی هاوبەشیان هەبوو، بەیە کەشکەیان تەنها ئابوری بوو کە ئەمە لەدوای روخانی بلۆکی سۆڤیتی کەن بووە مەدەل، چونکە ئابوری بەشکی زۆری لەفەزای ئازادی ئینسان داگیر کردبوو، سەهەم قەبوو نەکردنی ئەو بەناو جیاوازیە وەهمیە بوو کە تەنها راسیزمی بەرهەمهێنا، ئەوەبوو دەرەنجامەکەی لەدوای هاتنە سەرتەختی دیموکراتە راسیستەکان و شکستی سەسیال دیموکراتەکان بوو لەزەربەی رۆژئاوا و ئەسکەندەنافیا، بەهەرحاڵ جیاوازیەکە لەشێوەی هاندانی تاکەکاندابوو، نەک تەنها سیاسی و ئابوری، بەناو ئەوەی لە

ڕژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی لە سوریا و یەمەن و لیبیا و کوردستان لەدوای هاتنی هەزە کەلەنیالیەکانی جیهان رووبدا، بەڵگەژیک و بەڵگەنامەی ستراتیژی سیاسی نەبوو، کەچەکی سڤێتەراو بوو، بۆیە نەیانتوانی نەڵەبی درووستبکەن، نەوەک هەر بەڵکو گەیشتنی شۆڕشی سیاسیکردنی دەسەڵاتی نوێ، تەنها شتێک بوو کە جارێکی دیکە فەزای ژیانی سیاسی دووبارەکی نەوان تایفەکان ببینە ئەورووپا، دەرکەوتنی ئەو راسیزمەی کە دواجار لەنازیزم و سوید و ئەڵمانیا بینیمان و بوون بەهەوا، باشترین سەلمێنەری ئەو راستیەن کە چەن خەڵکی ئێم ناوچەیە نەیانتوانیوە بگونجێن لەگەڵ دونیای دەرەوە، لەوەش واوتەر ئەوەیە کە کەمترین ڕژهەڵاتی لەدونیای دەرەوە توانیویەتی دەوری توانای خۆی ببینێت و کە گەیشتوە وەڵاتەکەی خۆی، لەئاستی کەمەڵایەتیدا تواناکانی ڕەنگبدەنەوە، بەڵام بە میسری و فەلەستینی و ڕەمانی و بولگاری و هەنگاری و مەنگۆلیەکان توانای بەشەری بوو، مەسەلەی لەبی درووستکردن تەنها لەئیسرائیلیەکان دێت کە لەدوای پاکتاوکردنیان لەلایەن نازیەت و دەسەڵاتی ئوسترالیا و مەسیحیەت و ئیسلام هتد، وەکو تەونی جاجمەکە تەواوی سەکتەرەکانی ئابووری و ئەدەب و سیاسەت و بازرگانی یان کەنتڕۆڵ کرد، کەچیان لەتوانای بیروبۆچوونی داوود بینگوڕین وەرگرت کە دامەزرێنەری ماسنیەتی ئیسرائیل و جوولەکە بوو، کەچی بە کوردەکان تەنها چوون بە هەندەران ئامانج بوو، ئەمە بەشەکە لەجیاوازیەکانی بەهەندەران بوونی کورد و بەشەک لەعەرەب و ئیسرائیلی و وەڵاتانی ڕژئاوای ڕژهەڵاتی کە تائێستاش بەرگری لەشۆڕی ژیانی خۆیان دەکەن.

پرسیار: باشە تائێرە قسەت لەسەر مانا و ڕەهەندەکانی کەچ کرد، ئەی ئەو کەچەی کە لەدوای ساڵی 1991 چ بەتاک و چ بەکەمەڵ رووبدا و مافیای جیهانی کەکیان لەوەرگرت، ئەمیان چە جودا بکەینەوە، ئایا دەکرێ تەنها گوناحەکە بخەینە ئەستۆی ئەورووپا؟.

سمکۆ محەمەد: وەزعیەتێک کە لەئابردوودا خەڵکی ڕژهەڵات تیا گوزەریان کرد. بەتایبەتی لەدوای جەنگی ناوخۆیەکانەوە لەلایەن داگیرکاری ئامریکاوە فەزاکەی گەڕی، وەزعیەتێکی درژخایەن و دەڕەقانە بوو، هەم لەئاستی سیاسی و حوکمرانیەتی سیاسی و هەم لەئاستی کەمەڵایەتیش، بەخوێندنەوەی هەردوو ڕەهەندەکە هەوڵدەدەم بۆچوونەکانم بەسەر دوو میحوەری جودا لەیەکتر دابەشی بکەم.

میحوەری یەکەم پەیوەندیی بەجێگیرنەبوونی ڕوشی سیاسی و ئابووری ناوچەکەوە گرێدەدەم، ئەمەش وەها فەزایەکی ئەمنی خوڵقاندبوو کە نێک هەر گەنج، بەڵکو تەواوی خەڵکی ناوچەکە بیر لەوە بکەنەوە

وەاتی خەیان جەبهەن و چارەنووسی خەیان بدەنە دەستی قەدەرکی نادیارەوە، قەدەرک بەدەستی قاچاخچی و پیاوانی مافیا و پلیسی دووەتانی دراوسێ و رژئاوایی و تەنانەت نەتەوە یەکگرتووەکانیش، باشتر وایە کە هەندێ کورت رەهەند نەبین و لەوە تێبگەین کە بەمەدلکردنی کچ تەنها لەیەک جوگرافیا نەبوو، بەکو وەزعیەتکی ناسرووشتی بوو کە تەواوی ئەو وەاتانشی گرتەوە کە لەووی سیاسیەوە هاوشێوەی عەراقن و لەرووی ئابوریشەوە دەستکورت کراون و وەاتە داگیرکار و چەسەکان چاویان تێبڕی بوون. مەبەستم لەدەستکورت کردن ئەوەیە کە وەاتانی رژهەڵات خاوەنی سامانکی سرووشتی گەورەی وەکو نەوت و گاز و فەسفات و ئاون، بەڵام هەم دەسەڵاتداران و هەم وەاتانی زلهێز بە خزمەتی کەمەگێ و خەڵک بەکاری ناهێنن، بە سەلماندنی ئەم داتایەش لەپەناهەندەی وەاتانی وەکی ئێران و ئەفغان و ئەمریکای لاتین و میسر و لیبیا و مەغریب و جەزائیر و فەلەستین و سومال و سودان هەندێ لەوەاتانی بەناو سەسیالیستی کۆن و هتد دەرکەوت، ئەو وەاتانە لەخەانییە لەو ژینگە سیاسی و ئابوری و کەمەایەتیەدا دژین، بەکو چارەنووسیان بە نەخشەیەکی سیاسی وەکو ئەمە هەگیرابوو کە دواجار یبینیمان، لەحاەکدا دەبوو لەگەڵ روخانی سۆڤیەتدا ئەو وەاتانە بەوخۆن و سیستمکی دیکەی ئینسانی لەرووی سیاسیەوە جگەیان بگرنەوە، بەڵام کە نەروخان، سیناریکان بە رژکی وەها دواخران کە رەهەندی جیاوازی هەیە و جنگکی درژخایەنی سەهەم کە ئەستا بە قایرسی کەرنا خریکن ئەنجامی دەدەن، بەڵام لەفەمکی دیکەدا کە بەناوی جنگی بایلژی دەکرێ.

میحوەری دووەمی باسکەمان ئەوەیە کە دیسان بەلەبەر چاوگرتنی وەزعیەتکی نالەباری وەها کە پیوەندیی بجگیر نەبوونی هەلومەرجی سیاسی ئەو وەاتانە و باری ئابوریان هەبوو، دەخکی هەڵخساند کە ئەوروپا لەوساتەوەختەوە کەک لەو مەتریاڵە بشریە وەربگرێت کە لەدەست ناعەدالەتی وەاتکانیان و ترس لەمردن و غیابی یاسا، دەست لەنیشتمان و تەواوی ئەو یادەوەریانە هەبگرن کە زمانک خەشیان ویستووە، سەرەنجام بچن لەبەردەم نەتەوەیەکگرتووەکان بکەیسی جەراوجەرەوە داوای پەناهەندەیی بکەن و بژین و بەهەر کارکی ناشایستە و رش و نایاسایی ناچارو دەسنەخوارین، هەبەت هەر کەسک کە پرسی کچی لەلا گرنگە دەبە ئەو داتایانەی لەبەردەستدا بەت کە رگە خشکەرن ئەوروپا بە پکردنەوەی بواری کارکردنی دەستی کار کەبکرکاری یەخرەش لەقەەم دەدرەت، ئەمەش ئەوروپا بەهاوکاری لەگەڵ un پیمانکی ئابوری نهەنی ئیمزا بکات، تاکو لەرگەی ئەو رکخراوە

نەودەوەتیەوە کەک لەو کەسانە وەربگرێت وەکو هەزمکی کار و دەستی کار، لەبری ئەو هەزمی پێشوتر کە هەیبوو، هەرچی کرێکارێک کە پێشتر کاری ڕەشمی دەکرد و بەیەخە سپی و بەکرێکاری پلە یەک لەقەڵەم بدرێن، نموونەش کرێکارانی کشتوکاڵ و سەنعەت و کەشتیەانی بوو کە دواجار بەکارکران، ڕەنگە قەیرانی ئابووری لەناوچەی یەرە باشترین سەلمێنەری ئەم بۆچوونەی من بێت، بەیە ئەو کەشە ئابووریانە و هەایسانە ئابووری و بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری لە ناوچەی دەڵار نابینرێ، بەهەر حاڵ ئەم نەخشە سیاسییە ئابوریە درێژخایەنە، تاکو ئەو جێگایە توانی بەردەوام بێت کە زەنگی گەینی مەدلی سیاسەت لەلایەن ئامریکاوە بە هەموو جیهان لەدرا و بوو بەمەدلێک بەگشت ئەوروپاش، لەماستایەشدا ئەوروپا تەیدا سوودمەند بوو، ئەمە جگە لەبازاڕێکی تر کە لەرووی تەکنەلەژیەوە کەنتڕۆڵی وەدەست هەنابوو، بەیە لای من مەسەلەی کەچ چەندە مەسەلەیەکی تایبەتی ناوخەیی و گرەوی تاکە کەسە بە گەڕان بەدوای خەشگوزەرانی و سیحری ئەوروپا، دوو ئەوەندەش زیاتر پەیوەندیی بەسیاسەتی دەرکیەوە هەیە کە لەمژبوو نەخشەی بەداڕابوو. ئەگەرنا خە دەیان کەس لەدوای ڕووداوەکانی ساڵی 1996 چ لە عەڕاق و چ لە ئەفغانستان، بەویستی خودی ئامریکا ڕەوانەی دەرەوە کران، لەئەفریقا کە جێنگی نەوان سودانی باشور و باکور لەئارادابوون، بەیە ئەو هاوەاتیانە تەنها گەنج نەبوون و بەویستی خەیان کەچیان بکەن، بەکو خودی ئامریکا بوو سوودی لەو خەکانە دەبینی کە پێشتر لەرکخراوە بیانیکان کاریان دەکرد و لەدەرەوەی وڵات بەکەسی سیاسی لەقەڵەمدران، ئەمە بەشکە لەو ڕەهەندە سیاسییە ئابوریەی کە پەیوەندیی ناراستەوخەی بەکەچەوە هەیە.

پرسیار: تە تەنها باسی کەچی زەرەملەت کرد، ئەی کەچی گەنجان بەتەنها کە بەشکی زەری بەویستی خەیان بوو، ئەمەیان چۆن؟.

سمکە محەمەد: ئەگەر لەکەینەوەیەک لەسەر کەیسی ئەو پەنابەرانە بکەین لەهەر وڵاتکدا بەپێی تایبەتمەندی خەیان بوون، دەبینین لەقەناغکەوە بەقەناغکی دیکە تەفاوتیان هەبووە، بە نموونە لەسەرەتای نەوەدکاندا تاکو ساڵی 1996. ئەوکات un مافی پەنابەرەتی بەو کەسانە دەدا کە ئینتیمایان بە فکری کەمۆنیستی و چەپەوی سیاسی بوون، لەساڵی 1996 بەدواوەش بەو مافی پەناهەندەیی بەو کەسانە دەدرا کە خەکی ئەو ناوچانە بوون کە جێنگیان تەدابوو، کەچی لەساڵی 2000 بەدواوە تاکو ئاوگەڕی سیاسی لەناوچەکە، هاوکێشەکە دگەڕێت، فیزەو پەناهەندەیی بەو کەسانە دەدرێت کەیسی

ئیسلامی یان لایەنگرانی سیاسەتی ئەو دەوڵەتانەیان هەبووە کە حاکم بوونە، دواتر کەیسی ئەوانە قەبوو دەکران کە زەرەرمەندی شەڕی ناوخۆیی نەوان سوننەکانی بەغدا و سابیئەی خواروی عێراق بوو، چونکە لەترسی جەنگی نادیاری تایفەگەری و نەوخۆیی نەوان شیعەو سوننە و جەنگی مەزهەبگرایی کەچیان دەکرد، پاشان بە ئیزیدیەکان کە تاکە زەرەرمەندی دەستی داعش بوون، ئەم هەقیقەتانە ئەوەمان پێدەڵێن کە کەچی خەڵک بەرەو هەندەران و وڵاتانی ئەوروپا، سیناریۆیەکی نادیاری سیاسی و ئابووری ڕووت بوو، نەک کۆمەڵایەتی و نەبوونی ئازادی، نەک گیان بەدوای ژینگەیەکی تەندروست و بینینی ڕەمانسیانە بە یادەوەری و نیشتمان، یان کەچی دروستکردنی لەبی نەتەوەیی یان زانستی، ڕەنگە بەشکی پێوەندیی بگەڕانەوە بۆ بەدوای ئازادی و ئازادی سیاسیەوە، هەبەت ئەم هەقیقەتکەی تەدایە، مرۆڤ ئەگەر کەسکی هەشیار و خاوەن مەعریفە و بوونگرا نەبێت، لەوڵاتی خۆی نەبێت نامە دەبێت، باری سایکۆلۆژی تەندروست نابێت، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە نامە بوون تەنها لەدەرەوەی خاک و نیشتمان نییە، بەقەد ئەوەی لەپێوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەشدایە کە دواتر دەبێتە مایەی سەرسوڕمانی تاکەکەس و نامەبوون بەکولتووری دەرەوەی خۆی.

من پەموایە بینینی ئەم پرسە ڕەهەندی دوورتری هەیە لەوەی تەنها بەکەشە ناوخۆییەکانەوە گرێبدرێت. یاخود بەسەرکەشی و یاخی بوونی گەنجەوە گرێبدرێت. بازاڕی ئازاد تەنها مامەڵە لەگەڵ کاڵاو شمەکدا ناکات، بەڵکو ئینسانیش وەک کاڵایەکی زیندوو تەماشا دەکات و کەڵکی لەوەردەگرێت، ئەم ڕووی ڕاستی ئەو سیستمە نوێیەیە کە لەنەو کایەی سیاسەتدا سیمای بازاڕی ئازاد ئارایش دەکات و هەوەدەدات شەرعیەتی یاسایی نەودەوڵەتی پەبدات، بەیە دەرەنجامەکەی ئەوەیە کە هەندێک لەو کەچبرانەی ئێستا ناویان ڕەوەندی کوردی و عەرەبیە دەگەڕێنەوە وڵاتەکانی خۆیان، بەهەی ئەوەی دەریان دەکەن کە قەیرانی دارایی تەواوی ئەوروپای گرتەوە و بەشکیشی بەهەی ئەوەی ناتوانن بگونجێن لەگەڵ ئەو سیستم و کولتوورەدا، هەندێکیان لەنەو دەچنەوە، ئەمەیان پێوەندیی بەخەشگوزرانییەوە هەیە کە ئینسان بەوەهم توشی بووە و پێیوایە ئیدی سەرتاپای ژیان لەهەموو دونیا گەڕاوە کە ئەمش وەهمکی ترە.

پرسیار: دەمەوێ پێنجە لەسەر بابەتێک دابنێم کە پێی دەوترێت کچی بکەمە، تاچەند کاریگەری هەبووە لەسەر دروستکردنی ڕای گشتی جیهانی لەسەردەمی ئێستای سەرمایەداری کە باڵی بەسەر تەواوی

جیهاندا راکشاوە، بەهۆی بەستی خولقاندنی کێشکی ئارام، رووتر بێم تاچەند هەکار بە گۆڕینی سیستمی سیاسی ناجێگیر، بۆ ئەو پنتە جوگرافییەی کە خەڵکەکەی پێاگەندە بوون، تاچەند بەهای بە کۆمەڵگە ستەملێکراوەکان هەشتووە؟

سمکۆ محەمەد: وەکو لەوەڵامی پرسیارەکەی پێشووتر بۆیانم کرد، تەفاوت و جیاوازی بەڕێشنی تێدا دەبینرێت لەکێچی ڕژهەڵاتییەک بۆ ئەوروپاییەک، یان کێچی عەقڵگرایی لەگەڵ کێچی پڕچەکردار، ئەوکاتەی کێچ کردن بەشێک بوو لەو سیاسەتەی کە بۆ چەکردنی کۆمەڵگەکە لەهەسوەاوانی سیاسی و ڕۆشنبیری هاتە ئاراوە و بوو بەمەدەل، لەڕەوە لەکێچی تاکەوە دەچینە کێچی بەکۆمەڵ، بوونی تاکێک لە لەهەندەران، بوونی ئابووریەکی سەربەخۆیە بە خودی خۆی، بەڵام بوونی گرووپێک لەهەندەران کە بەستراتیژیەتی سیاسی دەوڵەتی بێت یان بە ستراتیژیەتی کۆمەڵایەتی بێت، هەوڵێکی جیاوازە و لانیکەم بە گرووپێکی تر و ئامانجەکیان جیاوازە، تاکێک خۆی گرێکیەتی ستایلی ژیانی بگۆڕێت و دوور بێت لەهەر سانسۆرێکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و ئایینی، بەدابڕان لەقەڵەم نادرێت، چونکە کاریگەری نابێت، بەڵام گرووپێک کە دەچنە هەندەران ئەوا مانەویان یان گەڕانەویان، لەهەردوو بارەکەدا بگەڕێنی ئەو کولتوور و فەرهەنگە کاریگەریان لەسەر بەجێماوەکانی وڵات دەبێت، جاران خەزانێک ئاگەر قەرزیشیان بکردایە هەویاندەدا کەسەکیان ڕەوانەی دەرەوە بکەن، بە ئەوەی کۆمەکی مادیان بکات، مەرجی ژیان بوو لەکوردستان کە لەگەڵ عەراقدا هەر بەراورد ناکرێت، لایەنێکی دیکەی ئەوەبوو کە بکۆمەڵ کێچ بکەن، تاکو ڕوحیەتی ناڕازایەتی و پێکهەنانی هێزێکی جەماوەری بە دڕووستکردنی ڕای گشتی و هەژاندنی شەقام لەبەرامبەر سیاسەتی حیزبە دەسەڵاتدارەکان نەمێنێت،
سەبارێت بەوەی چۆن بەراوردێک لەنێوان کێچی رابردوو و کێچی ئێستادا بکەین، وەکو گوتم جیاوازی و تەفاوتیان هەیە، هەمومان شاهیدی ئەوەین کە سەردەمێک هەمەتی دژە کێچ کردن بوو دەستی پێکرد، ئاگەر کەسێک لەدەرەوە بوایە بکەسێکی بەڕەوشت لەقەڵەم دەدرا، دەیانوت بە ئەوە چۆتە دەرەوە کاری بەدڕەوشتی بکات، ئەمە بەشێکی بە هێزی سیاسی بۆناو عیلمانی لەپشتەوە بوو، بەڵام بەشێکی زۆری بە هێزە فەندەمینتالیلیستەکان دەگۆتەوە، چونکە ئەوان کارەکتەری سیاسی هێزە گەورەکانی دەرەوەی کوردستان بوون، دواتر هەر ئەو هەرشانە خاوبوونەوە و کێچ بوو بەمەدەل و هەر ماڵ و خەزانێک کۆمەکی هەندەرانی ئاگەر داوای کچێکی بکردایە بە هاوسەرگیری، ماڵی کچەکە مەمنونیش دەبوون، هەندجار مەرجیان

ئەوبوو کە کۆکەیان، کچکەیان ببات هەندەران، ئەوکات بەهای هەر 100$ یەک بەبارتەقای مووچەی دەیان فەرانبەر دەبوو و دواتر ئەو فەزا ئابوریە بوو بەهەم و ئاسەواری نەما کە ئەمە مەسەلەیەکی ئابووری سیاسی بەحتە، تە بەوانە وەزعی ئابوری چەن گەان بەسەر هاوکەشە کەماتیکانیش دەنەت، ئەمیە جیاوازی نەوان کەچی تاک و کەچی بەکەمە، ماەک کچکەیان بچتە دەرەوە واتە سەرتای چوونی گروپکەیە.

پرسیار: وەک باستکرد..... ( )، چەن بتوانرت پەنجە بخرتەسەر رەکارەکانی کەمکردنەوەی ئەو پەسەیە لەو فەزایانەی کە تەیدا بانگەشەی بە دامەزراوەیی کردنی ناوەندەکانی بەیار و بەەوەبردنی دەکرت، ئەمە ئەرکی کەیە، لەکاتەکدا دەیان ناوەندی ئەکادیمی هەمەچەشنی بوارەکانی زانستە مرەیی و پیشەیی و سیاسی..هتد بوونی هەیە؟

سمکە محەمەد: بەواناکەم هیچ کەسەک هەبەت شونی باب و باپیری خەی خشنوەت و یادوەریەکانی بە بەها تەماشا بکات، لەبەرامبەر ئەمشدا هیچ کەسەک نیە لەبەر ئەوەی نیشتمانەکەی شونی باب و باپیریەتی و یادوەری تەدا هەیە، هەموو ناعەدالەتییەک و هەموو ناەحەتیەکی سیاسی و ئەمنی و ژیانی ناسایی قەبوە بکات، کە وابوو لەرە بەدواوە وەهمی خشویستی نیشتمان لەرەمانسیەت دەچتە دەرەوە، ئیتر ئەو نیشتمانەی کە تائوکاتەی خالی دەبتەوە لەبەختەوەری و ژیانی ناسایی و یەکسان بە هەموو هاوەاتیەک، مانایەکی نامنتەوە، لەبەرئەوەی بەهای ئینسانی نامنەت، تموحی ژیانەکی یاسایی نامنەت، پیوەندیەکان لەسرووشتی خیان دەردەچنە دەرەوە، کەسەک نیە ئارەزووی ئەوە بکات، لەتەنهایدا ژیان بکات و کەسوکاری نەبینەت، کەسەک نیە ئارەزوی ئەوە بکات خزمەتی شونەک بکات کە چاک دەزانەت پیوەندیەکانی بەردەوام نامنەتەوە، کەسەک نیە ئەوە قەبوە بکات کە تەنها لەسەر ئەوەی رەژەەاتیەو سەر ەش، تەوانجی لەبەدرەت و کاری بە مەیسەر نەکرەت، تەنانەت لەسوپەرمارکەتەکانیش شمەک و کالای پەنەفرۆشرەت، تائەو رادەیەی کەسەک نیە بەمانای ئیدیەلەژیست ناوی کچبەری بەناو بکرەت، هەر کارەک کە بەناچار دەیکات سەرەنجام بەرهەمەکەی بەخەی نیە، چونکە داهاتی رەژانەی سنووردارە، بەیە کاتەکانیشی سنووردار کراوە، ئەمانە هەموویان مانای ئەوەمان دەدەنە کە ئینسان ئەوکاتە نیشتمانەک بەموەکی خەی دەزانە کە بەبە لەبەرچاوگرتنی پلەبەندی هاوەاتی بوون زیان دەکات، ئەوەش کە لەدەرەوە بەختەوەرتر زیان

بەسەر دەبات، ئەمیان بەبەراورد لەگەڵ ژیانی نائاسایی وەاتەکەی خۆیتی، من تەنها ناوانمە بابەتی کەچ و بەواشم بە چارەسەری ریشەیی نییە، چونکە ئەم بابەتە جیهانییە زۆرملە بەت یان سپۆنراو.

پرسیار: باشە لەهەموو دونیا ئەم بابەتە بەردەوامە، لەلایەن میدیاوە کە بەحیساب دەسەاتی چوارەمە گرینگی پێدەدرێت، کەچی کێشەکە چارەسەر وەرناگرێت، ئایا پێتان وایە میدیا لەخەمی بابەتکە بووە یان تەنها وەکو کاەا مامەڵەی لەتەک کردووە؟.

سمکە محەمەد: جارە با باسی ئەوە بکەم کە هەرگیز من میدیام وەکو دەسەاتی چوارەم نەبینیوە، ئەسەڵەن لەچاوپکەوتنکی دیکەدا گوتوومە بۆشکە لەدەسەاتی سیاسی، نەک دەسەاتکی سەربەخۆ بە چاودێریکردنی حکومەت، بەهەرحاڵ میدیا کەچی وەکو کاەایەک کەمتر تەماشا کردووە و هەندکجاریش بۆئەوەی لەپێنای هەواڵ و ریپۆرتاژکدا سوودی لەوەربگرێت، باسی کەی وەکو دیاردەی ڕەمانسیانە باس کردووە، زۆرجار خودی ڕۆژنامەنووسەکان کە بەنیازبون کەچ بکەن، کارکەیان دەخستە مەترسییەوە بە ئەوەی بیکەن بکەیسکی زیندوو کە ئەوروپا زۆر گرینگی بە نووسەر و ڕۆژنامەنووس دەدەن، ڕەنگە زۆرجار میدیاکار چیرکی وەهمیان هەبەستاوە بە ئەوەی بیسەلمێنن وەاتەکە زۆر بگەنە، بەیە خەڵک دەیانەوە کەچ بکەن لەترس و لەبکاری و تووندەوی و هتد، کەیسی خنکاندی ئایلان کە منداڵکی سووری بوو، واقیعیەتی کەسکە بەپچەوانەوە بوو سیناریە بوو، باشترین سەلمێنریش ئەوەبوو کە یەکەم بەدیان و سەدان منداڵی تر خنکان و بوون بە خۆراکی ماسیە قرشکان، کەچی تەنها باسی ئایلان کرا، دووهەم ڕۆژنامەنووسکان لەوە ئامادەبوون وێنەیان دەگرت وەکو ئەوەی پشتر ئامادەکرابن، سەهەم باوکی منداڵکە دواتر ئیمتیازی وەرگرت و گەڕایەوە سوریا و پاشان ئاشکرا بوو کە کەیسکە بەپچەوانەوە بوو، میدیاکارکان لەوەدا دەرکەوتن ئاراستە کراون و بە دەزگا تر کار دەکەن، ساڵی 1998 بینیمان پۆلیسی بولگاریا سگیان بەردایە گیانی پەنابەرە ڕەش پێستکان، میدیاکارکان ئەو لایەنیان شاردەوە، پاشان ئاشکرا کرا، بەیە من هەمیشە بگوماندەوە تەماشای ئەو کارەم کردووە کە خەم ساڵک خاوەنی ئەو شوناسەی کارکردنە بووم.

ناسینی کتێب: بیرەوەری لەگەڵ کتێب … سەباح هەنجەر

هەر هاوڕێك، کە ماوەیەکی بەسەردا دەچێت. دەبێتە یادگاری، یادگاریش مرۆڤ بە هاوڕێی دەبینێت. لە ماڵەکەماندا پەنجەرەیەکی گەورەی داری بە هەڵەك داپۆشراو هەبوو، بە تەنیشتییەوە دۆلابێکی لاکێشەیی نیمچە گەورەی تێدا بوو، بە پەردەیەکی سپی داپۆشرابوو، پەردەکەش بە دەزووی تەنگاوەتەنگ وێنەی مانگ و چیا و مامز و کەوی لە نەخشابوو. ئەم دۆلابە تایبەت بوو بە کاکم خالید. تەواو قووڵایی منیشە، بەداخەوە ئەو برایەم لە 25/8/1988دا جەیشی شەعبی، لە هەولێر شەهیدیان کرد.
شەهیدبوونی ئەم برایەم گورزێکی کوشندەبوو بەر ڕۆحی من کەوت و ئازاری هەناکایەوە. لەخۆ ئامادەکردندا بووم، ئەم هاوڕێیە لەناو پێکهاتەیەکی کاریگەردا بەکاربهێنم، تا ئەستاش بەم نەکراوە. لەبەر ئەوەی من لە سەرەتای شیعردا بەدوای ئاکامێکی نەزاندراودا دەگەڕام و لە درێژبوونەوەیەدا دەیدەزمەوە. لە بینینی دەزراوەکەدا بەئاگادەمەوە، نایابترین دەزینەوەش ئەوەیە لە ئاکامدا دەربکەوێت. لە سەرەتادا ئاکامی ئەو هاوڕێیەم دەزانی و لە کۆتاییشدا نەمتوانی بیدەزمەوە، واتە: لە هاوڕێیەك دەدوێم هەشتا هیوای نەداوە. لەوانەیە هیوابدات. هەوە دەدەم ئەو (لەوانەیە) بدەزمەوە و لە دەزینەوەیدا بەئاگابمەوە، دەزینەوە هونکردنەوەی بیرکردنەوەیە.
سەرەتای هەگا و بەرکەوتنم لەگەڵ کتێبدا، یان ئەو پەیوەندییەی لە نێوان خوێنەر و کتێبدا دروست دەبێت و دەمێنێتەوە. لەم دۆلابەوە خاڵی بوون و سەرچاوەی دڕوشاوەی وەرگرت و بوو بە ئەفسوونکەی بەهێز و نەشکاو و قەڵای پشت پێدان. کەمێك کتێب و دوو شووشە مەرەکەبی چینی، یەکەکیان هێش و ئەوی دی شین و قەڵەم پارکەرێکی بیست و یەکی هەنگ جەرگی تێدابوو، کتێبەکان زەربیان عەرەبی بوون. ئەستا نازانم ئەدەبی بوون، یان فەلسەفی، کەمەناسی، سیاسی، مێژوویی، پەروەردەیی، ئایینی … تاد، لەناو کتێبەکاندا دیوانی: (حاجی قادری کۆیی) بە بەرگ تێگیراوی هەبوو، هەمیشە کەنگیای بەنخەشی لەناو دادەنا، کە گیایەکە وشك دەبوو، دەیگەڕای و دووبارە دایدەناوە. ئەم کتێبە هی ئامۆزایەکی باوکم بوو، مامۆستای

قوتابخانەی گوندەکەمان بوو. لە دامێن و ئەم لا و ئەولا سپیەکانی بانە و ەەکەوتەکانی بنەماڵەکەمانی هەمووی تێیدا تەمارکردبوو، وەك: ەەکەوتی مردن و لەدایکبووون و ژنهێنان و چووون بۆ حەج و گەڕانەوە و ناونووسکردنمان لە قوتابخانە ... تاد.
ساڵی 1973 جگە لە کتێبەکانی قوتابخانە، یەکەمین کتێب بەر هەست و نەرمایی پەنجەکانم کەوت ئەم دیوانە بوو. کاکم بە دەنگ و ەەحەکی ئاهەنگسازییەوە دەیخوێندەوە. بە وریایی و ئارامی گوێم سووك و ەوون ەادەگرت. بە ئەوەی هیچ شتێکی واش لە شیعرەکان حاڵی ببم، بەڵام لەناو چێژ و دەنگ و مۆسیقایەکێیدا ون دەبووم و بەوام بە هەستێکی نادیار دەهێنا، بە دوای گەنجینەی شاراوەی زێینی خەمدا وەە دەبووم، وەەبوونێك مەگەر ەەکەوت دەستم بگرێت و بمهێنێتەوە سەرەخە، دوایین مانای ژیانم پێبدات، کە مەرگە. مەرگیش یارمەتی تەواوی ئازارەکان دەدات. ئێستا بە گەشە و خۆشحاڵی و چێژی ئەوکاتم لە کتێبخانەکەمدا لە ێیزی دیوانی شاعیرانی کلاسیکی کوردیدا، دیوانی حاجی قادری کۆیم یەکەمین دیوان ێیزبەند کردووە و ئەوانی دی بە دوایدا.
لە سەرەتای منداێیمدا حەزێکی بە پەوانە و ئەفسووناویم بە گەرانی تێدا ێسکابوو، ەادێیەکی نیمچە گوەرەمان هەبوو، سندووقەکەی فایبەر بوو، بە پستێکی قاوەیی داپشرا بوو، ئەمیش وەك دەلاقەکە لە قوماش بەرگێکی سپی بە کرابوو، بە دەزووی ەەنگاوەەنگ وەنەی مانگ و چیا و مامز و کەوی لەسەر نەخش کرابوو، هەمیشەش گوێم لەی ەادەگرت و لە کەناری مۆسیقاوە دەجووەام، لە شەەبەرد و ئاژاوە و ەاوە کەشکە و نیشانەشکاندن بە دارلاستیك و هەەپاسی دووری دەکردمەوە، وەك ئەوەی ئەو ئاواز و نەوایەی گوێم نەرمە بارانێك بێت بەسەر خاك و خەەی دەوروبەرمدا بێژێت و هەناوی فێنك و دەموچاویشی نەرم بکاتەوە. زەر جاران بە ئاگاداریی خوشك و برایەکانم بە شانی خەمەوەم وەدەکرد و دەەیشتم، بەم کردەیەم لەم تووەە نەدەبوون و سەرزەنشتیان نەدەکردم، گردێك لە پشت ماڵمان هەبوو، بەناوی باپیرمەوە ناودەربوو، گردی: (حەسەنە لەك. حەسەن سلێمان وەلی) بەدە گردێکی دەبەربوو، بەهاران گوەە دەرزیلە و حاجیلە دایاندەپشت. دەچووم لە تەختایی ئەم گردەدا دادەنیشتم و تەماشای ئەم لا و ئەولا و شینایی دەمەوەسران و زەردەی ئەوارانم دەکرد و گوێم لە بەرنامەی گەرانی داواکراو ەادەگرت، هەموو ەەژەك دەمەوەسران دووبارە دەبووەوە و لەگەێیدا نەرمەباێیکی ەەحمەت بەسەرمدا هەێیدەکرد. جیهانێکی بە دروست دەکردم، هەستی خەمم لەناو دادەمەزراند. بەواشم بە جیاوازیی دەنگەکان دەهێنا، لەم ەەگاێشدا دەگەەام، کە پێیدا هاتبووم، واتە: ناخی خەم. سەگێکی بەوەفاشمان

هەبوو، ناوی:(دەبان) بوو، کە لە ماڵ دەردەچووم لەگەڵم دەهات و پاسەوانی دەکردم. بە هیچ ئاو نایەکیش دوو هەنگاو لێم دوورنەدەکەوتەوە. وەك ئەوەی گوریەکم بێت و پێی گوترابێ چاودێریم بکات. نازانم ئەم ئەفسوونە چی بوو، کەوتبووە ژێر ئەفسوونی دەنگی: (سەباح داودە)وە، بە تایبەتی گرانی: (کۆستانان خاخان)، کە لە بەرنامەی گرانی داواکراودا زۆر داوا دەکرا. هەرکاتێك ئەو گرانی بگوتبوواید ئادیەکەم دادەنا و دووەترێك لەی دەکشامەوە و تەماشای شکێیم دەکرد. وەك ئەوەی تەلیسمێك بێت ئەم حاڵ و جەزبە و حاڵەتە پێ لە خۆشی و شادی و ژیانە و داکشانەوە بەرەو ناخەم، تەنیا لەگەڵ لەرەی دەنگی گەرمی ئەم گرانیبێژەدا بە پێدا ببوو، پاشان لەناو شەپۆلەکانی بادا بەی دەگەڵم و لە هەستمدا سەزی سووتێنەر و پە ئومێدم دەدەزیەوە، ئەو دەزینەوە و پشووی ناخە ئەوپەڕی تایبەتمەندی بوو. هەر بەهەی ئەوەی زەر گوێم لە گرانی دەگرت. شارەزاییەکی سەرتاپیم لەسەر چینەکانی دەنگیش پێدا کردبوو، دەمتوانی لەسەر شێوازی بەشێك لە گرانیبێژان گرانی بڵێمەوە. هەر شتێك، کە تاسە و خواست و ئارەزووت بەی هەبوو، تواناشت بەی پێدا دەبەت. بەهیچ جۆرێکیش حەزم لە گرانی زرم و کوت نەبوو، هەمیشە حەزم لەو گرانییانە دەکرد، کە وەك هەڵێك خیاڵ درێژ دەکەنەوە. ئەم ئەشقی گرانییە لەگەڵمدا مایەوە و گەشەی کرد و پێکهاتە و بنچینەی خەی دامەزراند، ئەستاش گرانی هاوسەنگیم دەپارێزێت و لەگەڵ خەم بەخشندە و شکەمەند و ئاسوودە و خۆشحاڵ و قووڵم دەکاتەوە، وەك مەسیقایەکی نەرم بژیم.
ساڵی 1978 لە پەلی یەکەمی ناوەندیدا مامەستای وانەی کوردیمان، کە ئەمێ بە سوپاسەوە ناوی دەبەم: (شەرکە ئەحمەد حەوەز) بوو، لە ڕۆژەکی زستانی بارانماوی و ساردا لە پەل داوای لەکردین داشتنەك لەبارەی (سروشتی لادە) بنووسین. بەو پەودانگەی، کە من کوڵەلادێیی بووم لەوانی دی کەمێك زیاتر شارەزای ئەم سروشتەم. بە هەفتەی داهاتوو داشتنەکەی هەنایەوە و بە هەموو قوتابییەکان نمرەی شیاوی خەی دانابوو، تەنیا ئەوەی منی نمرە لەسەر دانەنابوو، وەك ئەوەی هەستی بە کارخراپییەکی من کردبێت، بە تووڕەییەوە گوتی: (سەباح سابیر حەسەن) کێیە و بەتەدەرە، بە ئەوەی هیچ قسەیەك بکات لە تەنیشت تەختەشۆکەدا ڕایگرتم. ئەم مامەستایە، مامەستایەکی بەجەرگ و دڵگەمەن و ملاومل پەروەردەکار و خۆش سروشت بوو، تا ئەو پێیش دەبەدەرەوە بوو، لەگەڵ وانەی کوردی و دنەدانی قوتابی بە خوێندنەوەی ئەدەب و دامەزراندنی گەڵانکارییەکی ئەدەبی. بەو بیانووی وانەی کوردی زمانی خەمانە و پەیستە لەناویدا بکوڵین و بە دەخەکانی ساردبوونەوە تێتبین، لەم نەواندا بگەین بە دەخی

دڵنەوە و باش لە پێکهاتە و بنچینەکانی شارەزابین. زمانیش هەستێکی گەرماوگەرم و خڕسك و دڵگەرمن و پشوودرێژ لە مرۆڤدا دروست بکات. هەر قوتابییەك لە شەست کەمتری وەربگرتبوایە لەی دڵدا و لەپێچینەوەی لەگەڵدا دەکرد. دوای ئاوەی ئافرینی بەشکی کرد و لە بەشکیشی دا. ووی لە من کرد و گوتی: کە بەی نووسیوی. منیش لەو هەستە تۆقنەرەی چەند چرکەیەك پێشتر تێیدا خولم دەخوارد و بیرکەی پڕت و بەاو گەمارەی دابووم. زۆر بە ئارامییەوە گوتم: ئێدی مامستا لە پڵدا نەماننووسی. نەختێك چووەوە ناو زەینی خەی و تووڕەییەکەی خاو بووەوە و خونەکی خەشیی لە دەموچاوی خەش سروشتیدا گەڕا. ئینجا نمرەی لەسەر داشتنەکەی منیش دانا و گوتی: ئافەرین (سەد). ئای چەن سەرکەوتنەکی بچووك لە دنیای ژێری دێتباتە دنیای سەروو. ەڕۆی دوایی هاتەوە کەشیعری: (تاریك و ەوون)ی هەمنی بە هەنابووم. منیش هەندێ شەیدا و دڵبردە و دڵدووی ئەو ئافەرینە بووم، نیو هەندێ شەیدای شیری ناو گوڵگەنمی کەگەی گوندەکەمان نەبووم. مەگەر ئەو دەموعەسران و زەردەی ئەوارانەی لەسەر گردی پشت ماڵمان، یان گردی ئاشناییم گوم لە بەرنامەی گەرانی داواکراو ادەگرت و دەچووموە ناو زەینی خەم و لە خودام دەخواست ناولەپ و ناوچەوانم ەگاوبان بوونایە، گەرانیبەژەکان بەناویدا هاتوچوویان بکردبووایە.

سەرەتای ەگا و بەرکەوتن و یەکەمین پەیوەندیم لەگەڵ خانمی کتێبدا لەم ەوداو و خەشبەختییەوە دەستی پێکرد و بووە ەڵ و هەمای بوونم. ئەو هەفتەیە بە هەموو بوونکمەوە لەناو کەشیعرەکەدا ژیام، ژیانێك مەگەر بەس متەسەووفەکان لە مانەویان لەسەر دووگورد و شەونەژ و چاوداخستن و وەرد بەرزکردنەوەدا، هەندێ چەژیان وەرگرتبێت و لە بوونی خودا و لە خیان نزیك بووبێتنەوە و گەیشتبن بە ناخی خیان، واتە: یەکبوون لەگەڵ خودا و هەزی ئەدەب. بە هەفتەی داهاتوو کەشیعرەکەم بە گەیاندەوە. گوتی: بە ئاوا زوو هەناتەوە. بەدەت نەبوو، یان لە خوەندنەوەیدا پەڵەت کرد. منیش بە بەباکی و نەختێك بە هەوابەرزی و بە خەڵەخستنەوە گوتم: مامستا زەرینەم لەبەر. وەك ئەوەی بەوام پێنەکات و لە قسەکەم بە گومان و دوودڵ بێت گوتی: دەفەرموو ئەگەر دەمت سپییە وەڕ بەر تەختەکەش و ئەوەی لەبەرتە بیەڵە. منیش گوتم کامە شیعر. دیسان هەڵوەستەیەکی تری کرد و چووەوە ناو زەینی خیەوە. وەك ئەوەی بیەوێت بمخاتە بەر ەوناکییەکی هەمنەوە و لە بەوا بەخەبوون و خەڵەخستنەکەم دنیابێت. لاپەڕەی هەڵدایەوە و ناونیشانێکی دەگوت. تەواوی وانەکە، چل چرکە بوو. من شیعرم تێیدا خوەندەوە. لە گەکردن کەمەك هەڵەم دەکرد، بەی ەاست دەکردمەوە، لە کۆتایی وانەکەدا پێمی گوت:

ئایا شیعر ڕووبەڕێکی دیاریکراوی هەیە؟مەبەست لە ڕووبەری شیعر چییە؟ تێپەڕگرافیا و پانتایی دەقی شیعرییە، یان فەزاسازیی؟ئەگەر شیعر گەیشتە ڕووبەرێکی دیاریکراو، ئایا مانا و گوتاری شیعری دەگەنە خاڵی کۆتا؟. شیعر سنووری هەیە؟ ئەمە ئەو پرسیارانەن، کە دەشێ لە پەیوەندی بە شیعرەوە، زۆر بە وردی شرۆڤە بکرێن. چونکە ڕووبەری شیعر هیچ پەیوەندی بە داهێنانی شیعرییەوە نییە. ڕووبەری شیعر، بەشێکی بچووکە لە ستراکتۆرێکی گەورەتر کە چەندین هەگەزی هونەری تێدایە و هەموشیان دواجار بینای هونەری دەقی شیعری پێکدێنن. ئەگەر گەیشتن بە ڕووبەری شیعر، وەك داهێنان تەماشا بکەین، ئەوا گەیشتن بەو ڕووبەرە، وەك خاڵی کۆتایی گوتارو مانای شیعرییە. داهێنان و نوێکردنەوەی شیعر، هەر تەنها لە ڕووبەری دەقەوە نییە،بەڵکو فۆرم و ناوەرۆك و تێپەڕگرافیای شیعریشە. گۆران کاتێ ناوبڕێك لە زمان خۆی و شیعری کلاسیك دروست دەکات، هەر تەنها نەهێشتنی کێش و برگە نییە، بەڵکو نوێکارییە لە تێپەڕگرافیای دەقی شیعری، کە دەبێتە شیعری ئازاد و نوێکردنەوەیە لە زمان و گوتارو فۆرمیشدا.

شیعری کلاسیکی، تێپەڕگرافیایەکی ئاسایی جێگیری هەیە، بەڵام لە شیعری گۆراندا، ئەو تێپەڕگرافیایە دەبێتە ستوونی و بە پێی بونیادی دەقەکە دەگۆڕدرێت لە وشە و کێپەە و دەربڕینی شیعریدا. بۆیە بەبۆای من، هەر کاتێك شیعری شاعیرێك گەیشتە ڕووبەرێکی دیاریکراو، ئیدی سنوور لە بەردەم ئەم دەقەدا، بۆ خوێندنەوەی جیاوازو دیدگای جیاواز کۆتایی دێت. چونکە لە بنەەتدا لەگەڵ گەیشتن بەو ڕووبەرە، بە مانای شیعریش دەگەین و هەر کاتێکیش مانا لە شیعردا تەواو بوو، بونیادی شیعرەکەش لە ئاستی خوێندنەوە و بینی جیاوازدا کۆتایی دێت.(کتێبی گەیشتن بە ڕووبەری شیعر)، کتێبێکە لە بارەی ئەزموونی شیعری(فەریدزامدار).ئەم کتێبە، لە چەند وتارێك پێکهاتووە، لە بارەی ئەزموونی شیعری کوردی و شیعری ئەم شاعیرەش بە تایبەتی.بەشێك لە بۆچوونەکانی نووسەر لە بارەی شیعرەوە، بۆچوونی سادە و ڕاگوزەرن ، نەك دید و تێڕوانینی بابەتی و مێژوویی و مەعریفی بۆ شیعر.لە دوو توێی ئەو بۆچوونانەدا، نووسەر

ئەزموونی چەند شاعیرێك، دەخاتە نێو یەك بزاوتی شیعرییەوە، کە نەك لە ڕووی ئەزموونی شیعرییەوە دوورن لە یەکتری، بەڵکو هیچ پەیوەندییەکیشیان بە یەکترییەوە نییە وەك(شێرکۆ بێکەس، کەریم دەشتی، سەباح ڕەنجدەر).
ئەمە لەلایەك لەلایەکی دیکەوە، چەند بۆچوونێك دەردەبڕێت،کە بوارێك بۆ بیروڕاو لێکدانەوەی جیاواز ناهێڵنەوە. واتا ئەوەندە بە ڕەهای لێکدانەوەی بۆ کردوون.بۆنموونە دەنووسێت:(شێرکۆ بێکەس هەر لە سەرەتاوە ،لە تریفەی هەڵبەستەوە، بە هۆزێکی شیعری پتەو دەستی پێکردووە و لەوێندەرێش لە داهێنانە شیعرییەکانی بەردەوام بووە).
لە ڕاستیدا، هیچ ئەزموونێکی شیعری نییە بە داهێنانەوە دەست پێ بکات، بەڵکو ئەوەی هەیە جیاواز کەوتنەوەیە.کە ئەمەش دەشێ لە ئەزموونی سەرەتای هەموو شاعیرێك ڕوونەدات. ئەگەر بە وردی شیعرەکانی تریفەی هەڵبەست، بەراورد بکەین لە گەڵ شیعری ساڵانی دواتری ئەم شاعیرە و دواییین شیعری کە کورسییەیە، هەست بە گۆڕانکارییەکی گەورە و بەردەوامی شیعری لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆك و گوتارو دنیابینی ئەم شاعیرە دەکەین. لە تریفەی هەڵبەستدا، شێرکۆ هەمان ئەو شاعیرە نییە، کە دواجار دەبێتە شوناسێکی دیار لە دنیای شیعری ئێمەدا. شیعرەکانی سەرەتای لە ڕووی زمان و وێنە و بابەتەوە، شیعری سادە و هاوشێوەی ئەزموونی شاعیرانی هاوسەردەمی خۆیەتی.
هیچ داهێنانێك بەو شیعرانە نابینرێت. بەڵام کۆشەی نووسەر لەوەدایە چونکە پێی وایە داهێنانی شیعریی پرسەیەکی گشتییە، ئیدی هەموو شاعیرێك داهێنەرە. شیعرەکانی جەمال شارباژێری و جەلالی میرزا کەریم لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا، لە ڕووی ئەزموونی شیعرییەوە،لە تریفەی هەڵبەست و شیعرە سەرەتاییەکانی شێرکۆ بێکەس هونەریترن. ئەمەش نەنگییەك نییە. چونکە دواجار شێرکۆ دەبێتە ناوێکی نەمرو گەورە، بەڵام ئەو نەمرییە، لە تریفەی هەڵبەستەوە دەست پێ ناکات، بەڵکو لە داستانی هەڵەبجەی سوورو دوو سروودی کۆیی و کێچ و دەربەندی پەپوولە و خاچ و مارو ئەزموونی دواتری دەست پێ دەکات. بۆیە ناساندنی شێرکۆ بێکەس، وەك داهێنەرو نوێخوازێك لە تریفەی هەڵبەستدا، بە بۆای من بۆ ئاگایە لە مێژووی شیعری کوردی.ئەو بەردەوامییە لە شیعردا، وادەکات ئەم شاعیرەمان تریفەی هەڵبەست و شیعرە سیاسی و شۆڕشگێڕییەکانی خۆی تێپەڕنێت.لە خۆراکە مردن خەریکە بگا و ئێستا کچێك نیشتمانە و کورسی، بە تەواوەتی دنیابینی ئەم شاعیرە بۆ بوون و ژیان و سیاسەت و ئایدۆلۆژیا و هەموو شتێك دەگۆڕێت.چونکە ئەزموونی شیعری لە گۆڕانایە. بۆیە شیعرە سەرەتاییەکانی شێرکۆ بێکەس، هاوشێوەی دواییین شیعرەکانی

نییە. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە هەرئەزموونکی سەرەتایی ژیان لە هەر ووکەوە بت، بە داهنان دەستی پکرد، کەواتا مرقایەتی دەگاتە خای کتایی. چونکە داهنان دەرەنجامی هتکردنەوەی ئەو کنیەیە کە هەیە.
جیاواز کەوتنەوە و جهشتنی میرات و کەلە پووری پشووە. ئەگەر شاعیران بە داهنان دەست پ بکەن و هەموو کەسك داهنەر بت، ئستا یەك داهنان لە یەك ووی ژیانەوە بوونی نەدەبوو. بە پچەوانەوە داهنان پرسەیەکی بەردەوامە، هنگدانەوەی ئەو واقیعە کمەایەتی و ژیاریی و فەرهەنگییەیە کە هەیە بە ئاراستەیەکی نوتر. ئەگەر سەرنج لە ئەزموونی داهنانە زانستی و ئەدەبی ومرقایەتییەکان بدەین، هیچ داهنانك نابینینەوە، لە دەرەوەی بیرکردنەوەی کەسی بت. چونکە داهنان کردەیەکی کەسییە، نەك گشتی وەك ئەوەی ناە حەسەن هەموو شاعیرانی کوردی لەو کتبەدا کردتە داهنەرو نوخوازو یاخی، کە هەندکییان پەنجا ساە شیعر دەنووسن، بەام نەبوونەتە داهنەر. بیە داهنان کردەیەکی گشتی و هەمووەکی نییە، تا هەر شاعیرك مەبەستی بوو دایبهنت. لە ئەزموونی شیعری کوردیدا، چەند(گران) هەن؟. چەند(شخ هزا)هەن شیعری هەجوو بنووسن؟چەند ئەحمەدی خانی هەن، باسی سەرەتاکانی هزری ناسینالیزم بکەن؟ بیە باسکردن لەوەی کە زرینەی شاعیرانی کورد(وەك ئەوەی ئەو ناوی هناون)داهنەر و یاخی و نوخوازبوونە،تزکی نالژیکی و بنەمایە. بگومان بە درژایی نووسینەکانی ئەو کتبە، نووسەر هەمیشە ئەو دووپات دەکاتەوە، کە فەرید زامدار شاعیرکی(داهنەر، نوخواز, یاخی ، هوشیار، زمانزان، جیاواز لە شاعیرە هاوسەردەمەکانی و نوخوازکی بەردەوامی و شیعربووە و شاعیرانی پش و دوای خی جهشتووە) و چەندین شوناسی تریشی دەداتە پا.
بە بوای من وەك خونەرکی ئاسایی شیعر، ئەم بچوونانە ستایشکردنکی کەسی و کمەایەتی و ریایکردنکی هاوییانەیە، کە نووسەری کتبەکە، خشی لە پشەکی کتبەکەیدا دەت: (خزگە لە ژیان بمابایە و ئەو کتبەی ئەوی دەدیت)نەك بچوونك بن لە سەر بنەمای هسەنگاندن و خوندنەوە و لژیکی شیعر ناسی بونیاد نرابن. چونکە کە شیعرەکانی ئەو شاعیرە دەخونینەوە،هەست بەو هەموو داهنانە ناکەین کە ناە حەسەن باسی دەکات. بە پچەوانەوە لەم سانەی دواییدا، ئەم شاعیرە، پەراوزترین و لە بیرکراوترین شاعیری کورد بووە، لە ئاستی نوەندی ئەدەبی و شیعریدا. ئیدی نازانم ئەم شاعیرە، چن تا دوا چرکەساتی ژیانی بەردەوام بووە لە داهنانی شیعری؟. ئەگەر داهنانی شیعریی و نوخوازی بەردەوامی ئەم شاعیرە، تا کتایی ژیانی وەك ئەوەی نووسەری کتبەکە دەیت،

بەراورد بکەین لە گەڵ ئەو خاسیەتە شیعرییانەی نووسەر وەك پێوەرێك بۆ داهێنان دیاری دەکات، ئەوا خۆی بۆچوونەکانی خۆی بەتاڵ دەکاتەوە. بۆنموونە دەنووسێت:_ (شیعرەکانی فەرید پێن لە وێنە و دەربڕینی ڕۆمانسییانەی جوان، کە زمانێکی ڕۆمانسییانەیان هەیە). هەروەها بەردەوام دەبێت و دەنووسێت:(ئەو هەمیشە شاعیرێکی یاخی و سەرکەش بووە).

ئەگەر ڕەگەزی ڕۆمانسییەت، وەك داهێنانێکی شیعری بناسێنین، ئەوا دەبێ بڵێین ئەم شاعیرە داهێنەر نەبووە.چونکە ڕۆمانسییەت جگە لەوەی ڕۆبازێکی ئەدەبی کۆنە، هاوکات شیعری کوردی لە بیستەکان و پەنجاکان و شەستەکانیش، پێن لە وێنەی ڕۆمانسییانە.لە ڕۆمانسییەتدا، خەیاڵ وسرووشت بنەمای سەرەکین. لە ڕۆمانسییەتدا، سۆز بزوێنەری شیعرەو لە ڕۆگەی وێنە و دەربڕینی هونەرییەوە، چۆژی شیعری بونیاد دەنێت. بۆیە وەك خوێنەرێك دەکرێ بپرسین داهێنان بەرەنجامی هزرە، یان سۆزو ڕۆمانسییەت؟. ئەگەر زمان و وێنەی ڕۆمانسی بە داهێنانی شیعری بزانین، ئەوا گۆران لە هەموو شاعیرانی مۆژووی کورد داهێنەرترە،چونکە شیعرەکانی پێن لە وێنەی جوانی ڕۆمانسییانە. بەڵام گۆران بۆیە داهێنەر نییە چونکە شیعری ڕۆمانسی نووسیوە، بەڵکو بۆیە داهێنەرە چونکە کێش و بۆگە ناهەڵێت و تێپەڕاندنی دەقی شیعری دەگۆڕێت و فۆرمی ئازاد دادەهێنێت. داهێنانی شیعریی، پەیوەست نییە بە ڕەگەزێکی هونەری دیاریکراوەوە، بەڵکو گۆڕانکارییە لە فۆرم و زمان و دنیابینی و ناوەرۆك و پەیامی شیعریشەوە.داهێنەرەکان، هەموو سات و سەردەمێك دەرناکەون، بە پێی واقیعی ئەدەبی و ژیاریی کەمەگە دەردەکەون. هاوکات ئایا یاخیبوون لە شیعردا داهێنان و نوێخوازییە؟.

هەر کەسێك ئەم ژیانەی ژیت کردەوە، یاخی و داهێنەرە وەك ئەوەی نووسەری کتێبەکە دەیڵێت؟. مەگەر مرۆڤ بە سرووشتی کەمەڵایەتی و کەسی خۆیەوە،هەستێکی یاخییانەی نییە؟دواجار بە تەنها گوتنی(نا)چی دەگۆڕێت، ئەگەر ئەو یاخییبوونە لە دروشمەوە نەکەینە کردار؟یاخیبوون لە مۆژووی شیعری کوردیدا، ڕەگەزێکی نوێ و داهێنەرانەی فەرید زامدار نییە، بەڵکو زۆربەی شاعیرانی کورد، لە شیعرەکانیاندا جۆرێك لە بیرو ڕوانینی یاخییگەریانەیان هەیە، ئەگەر بە شێوەیەکی سیستەماتیزی و هاوسەردەمانەش نەبێت. کاتێ نالی شارەزوو لە سەنگەی ململانێی میرنشینەکانەوە جێدەگرێت، مەگەر ئەمە جۆرێك لە ڕەتکردنەوە و یاخیبوون نییە لە هەمبەر ژیان و بوونداا؟. کاتێ شێخ ڕەزا، هەجووی پیاوانی ئایینی دەکات و بۆکەس دژی ئەقڵی خورافی دەوەستێتەوە، ئەمە مانای یاخیبوون و ڕەتکردنەوە نییە؟. شیعرەکانی جەلالی میرزا کەریم، کە پێش ئەو شاعیرەش شیعری نووسیوە،

پێن لە یاخیبووونی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەسی. ئیدی نازانم چۆن نووسەر بوێری ئەوە دەکات، بە زامدار بڵێت داهێنەرە چونکە یاخی بووە. یاخییبووون نە داهێنانە، نە نۆخوزای، نە جیاواز کەوتنەوە. بەکو دەشێ هەموو مرۆڤێك یاخی بێت.وەك ئەوەی کامێ باسی مرۆڤی یاخی دەکات، نەك شاعیری یاخی.شیعری کوردی نیوەی دووەمی هەفتاکان، پڕە لە یاخیبووون و کەسیش ئەو شاعیرانە بە داهێنەر نازانێت،تەنها لەبەر یاخییبوونەکەیان. نووسەر لە درێژەی نووسینەکەیدا، وڕای ئەوەی چەند بابەتکی نووسیوە، کە هیچ پەیوەندییان بە ئەزموونی شیعریی زامدارەوە نییە(بۆنموونە وەك قوتابخانە و بزاوە ئەدەبییەکان)بەردەوامیش دەبێت لە پێدا هەڵگوتن و ستایشنامەی بۆ بنەمای ئەم شاعیرەوە ئەمجارەیان دەنووسێت:(باوەڕ ناکەم هیچ شاعیرو بیرمەندێکی کورد،بەم شێوەیەی فەرید زامدار باسی قەڵەم بکات).

دیارە مەبەستی ئەو شیعرە سادە و ساکارەیە، کە تیایدا باسی قەڵەم دەکات. نازانم نووسەر چۆن دەتوانێت لە ئاست شیعرێکی ئەوها سادەدا، بیرمەندانی کورد و شاعیرانی کورد، لە ئاست زامداردا بچووك بکاتەوە؟. ئایا تەنها ئەو باسی قەڵەم دەکات؟ ئایا نووسەری کتێبەکە، شیعرەکانی قانع و شڕکۆ بێکەس و پەشێوی خوێندێتەوە، کە چۆن باسی شیعرو وشە و قەڵەم دەکەن؟.ئایا شیعرەکانی ئەحمەد موختار جاف و حاجی قادری خوێندێتەوە، کە چۆن باسی خوێندەواریی و زانست و فڕبوون دەکەن؟ئایا شیعرەکانی زێوەری بینیوە، کە پێشەنگی هزری خوێندەواریی لەشیعردا؟. باسکردنی قەڵەم لە وێنەیەکی شیعریدا، هیچ شاعیرێك ناکاتە داهێنەر، وەك چۆن نووسینی دەیان کتێبی ستایشنامەش، کەس ناکاتە داهێنەر. لە بنەڕەتدا، شاعیری جیاوازنووس و داهێنەر، پێویستی بە پەسن نییە،چونکە داهێنانی شیعری خۆی لە ئەزموونە هاوسەردەم و سواوەکانی دیکەی جیا دەکاتەوە. ئەگەر شاعیرێك توانی داهێنان لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆك و دنیابینی و زمانی شیعری بکات، ئەوا پێویستی بە ستایشنامەی هیچ کەسێك نییە. ئەزموونی فەرید زامدار ، ئەزموونێکە لە ڕووی مۆژوویی و قۆناغ بەندی شیعرییەوە، هاوشێوەی ئەزموونی هەر شاعیرێکی دیکەی سەردەمی خۆیەتی. جیاوازیەکی بچووك کە هەبووبێت ئەوەیە، کە زامدار گرنگی بە وێنە وهێلکاریی و سکێچی شیعر داوە.

دیارە ئەمەش پەیوەندی بەوە و هەیە، کە خۆی هونەرمەندێکی شێوەکاربوو، بۆیە سوودی لەهێڵ و وێنە و فیگەری هونەری بینیوە. ئەمەش ئەزموونێکە لە بەشێکی زۆری شیعری فەرهاد پیربال بوونی هەیە.هاوکات وێنە داهێنان نییە لە شیعر، بگرە مرۆڤ سەرەتا کە هیچ زمانێکی نەزانیوە، وێنەی جۆراوجۆری، لە سرووشت هەڵگرتیوە. واتا

وێنە و هێلکاری بەرلە زمان و دەربڕین بوونییان هەبووە. ئیدی نازانم ئەگەر شاعیرێك هێلکاریی و شیعرو وێنەی تێکەڵاو کرد، داهێنانەکەی لە کوێدایە؟. نووسەر هەرلە درێژەی کتێبەکەیدا، خاسیەتێکی دیکە دەداتە پاڵ داهێنەریەتی فەرید زامدار بە تێگەیشتنی خۆی، ئەویش پارادۆکسی ناونیشانە لە شیعرەکانیدا. بەڵام شیعرەکانی سەباح هەنجدەر، پێن لە وێنەی پارادۆکسی ناونیشان و کە بەو پەڕی ئاگاییەوە، بۆ شیعرەکانی دایناون. کە تەنانەت زۆر لە ناونیشانی شیعرەکانی فەرید زامداریش، هونەریترو پڕ ماناترن.بۆیە پارادۆکسی ناونیشانیش، داهێنەرایەتی نییە. بەگشتی ئەو تایبەتمەندییانەی نووسەری کتێبەکە، دەیکاتە پێوەرێك و تیایدا دەیەوێت زامدار وەك پێشەنگی شیعری کوردی بناسێنێت، پێوەری نالۆژیکی و نابابەتی و هیچ بنەمایەکی شیعر ناسیان تێدا نییە.چونکە ئەم خاسیەتانە لە شیعری هەموو شاعیرەکانی دیکەی هاوتەمەن و هاو قۆناغی زامدار بوونییان هەیە. کە واتا دەبێ ئەوانیش هەموویان نوخوازو یاخی و داهێنەر بن، کە لەڕاستیدا وا نییە. دواجار دەڵێم، ناوەڕۆکی ئەم کتێبە، پتر لە لاوانەوە و شینامەیەك دەچێت، نەك لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی و بابەتی، کە بە ئەرگومێنت و لە پەراوێزی شڕۆڤەکردنی شیعرەکانییەوە، داهێنانی ئەو شاعیرە دەربخات. هیوادارم واز لە ستایش و مەرایی یەکتری بێنین وشیعرو ئەزموونی شیعری شاعیران چۆن هەیە، بەو شێوەیە بخوێنینەوە. چونکە کەس بە پێدا هەڵگوتن و نووسینی ستایشنامە نابێتە شاعیری داهێنەر.

-_____

پەراوێز:_ گەیشتن بە ڕووبەری شیعر، نووسینی: ناڵە حەسەن، ساڵی چاپ_2020.

*ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی(کوردستانی نوێ) ژمارەی ڕۆژی 12/10/2020بڵاوکراوەتەوە…

فەرهەنگی "صادق" ... کامەران حاجی ئەلیاس

بوونی فەرهەنگ ، قاموس بۆ هەر کۆمەڵگایەك زۆر گرنگ و پێویستە بەمەبەستی ئاشنا بوون و شارەزا بوون لە ماناومدلولی وشەی زمانێکی تر.. قاموس بەکاردەهێنرێت وەکو فاکتەرێك بۆ فێربوونی زمانێکی تر ، کە لەوانەیە زۆربەی تاکی ناو کۆمەڵگا،لە ژیانی ڕۆژنە بەگشتی بەتایبەتی لە کاتی گەشتکردن زۆر پێویستی پێبێت.
قامووس وەکو سەرچاوە بەکار دێت بۆ وەرگێرانی مانای وشە لە زمانێك بۆ زمانێکی تر جگە لە ئەرکی سەرەکی کە بریتیە لە پێناسەی وشە لەرووی زانستی و دەربڕین و لەرووی ڕۆزمانییەکەی هەر لەبەر ئەم هۆیانە کارکردن ئامادەکردنی هەرقاموسێکی زمان کارێکی ئاسایی و ئاسان نییە ،پێوستی بە ماندووبوونێکی زۆر دەبێت دەبۆ ئەو کەسەی ئەم کارە دەکات شارەزایەکی باشی زمان هەبێت ،لە هەمان کاتدا بەرپرسیارەتیش لە ئەستۆ بگرێت.
کاتێ چاو خشانێکم بە نێو قامووسی (صادق)دا کرد ، کە لە عەرەبی – بۆکوردییە هەستم کرد کارەکە زۆر بە ووردی کراوە پەلەشی لێنەکراوە چ لە ڕووی زمانەوە یان لە ڕووی دەربڕینەوە ،بەجۆرێك وشەیەك چەندین مانای لە خۆگرتووەن، هەمووی ئاماژەی پێکراوە، هەموو کەسێك دەتوانێ وەرگێری هەر وشەیەکی عەربی بۆ زمانی کوردی دەستکەوێت ، کە بە پێی پێیتی ئەلف و بێی عەرەبی ڕیز بەندی بۆ کراوە،وشەکان بەهەردو شێوازی سەرانی و کرمانجی وەرگێردراوە ،ئەمەش سەلیقەو زانیاریەکی زۆر و ماندووبوونێکی زۆری دەوێت ،هەر لەو قامووسەدا ، ڕەچاو کردنی هەندێ وشە لەرووی کێ و تاك کراوە ، بەجۆرێك مانای وشەکان داڕژراون کە زۆر بەی تاکەکان لە ڕژیانی ڕۆژانە بەکار دەهێنن وە بەتایبەتیش لە ڕووی ئەدەبی و میدیایی، لەدایك بوونی قامووسێکی ئاوا ئاسان نەبوو، شەونخونی 30 ساڵەی نووسەر بووە کەلێکنی باشی کتێبخانەی کوردی پێکردێتەوە.
لەم قامووسەدا مامۆستایەکی شارەزا ڕێکی گرنگی هەبووە لە دەوڕەندکردنی بابەتەکەئەویش بەڕێز مامۆستای زمانەوانی (جەلال زەنگابادی)یە، کەهاوکاری و گرنگی زۆری بە قامووسەکە بەخشیوە بەهۆی توانست و لێهاتووی، مامۆستای ناوبرا لە ڕوو زمانەوانی ، ماییەی دەست خۆشییە.
سادق رواندزی ناوی سادق حاجی جەوهەرە لە ساڵی 1964 لە شاری رواندز لە دایك بووە خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی لەو شارە تەواو

کردوە .
دەرچووی کۆلێژی ئادابە لە زانکۆی بەغدا ساڵی 1990 .

- بۆوانامەی ماستەری لە کارگێری و بەڕێوەبەردن لە زانکۆی لوبنانی – فەرنسی ساڵی 2014.
-بۆوانامەی ماستەری لە لێکۆڵینەوەی مەیدانی تایبەتی بە زیندانەکانی هەرێمی کوردستان ، چێنیەتی بەڕێوەبردن لە ژێر ناوی(هکژا تکلّم سجن المحگّه)) بە زمانی عەرەبی وەرگرتووە ساڵی 2015.
-کۆمەڵە شعیرێکی بە ناوی (دڵ و خاك) ساڵی چاپ کردوە 2012
کۆمەڵە شعیرێکی بە زمانی عەرەبی ئامادە بۆچاپ.
-لە ساڵی 28/2/1983 وەکو پێشمەرگەیەکی ناوخۆ بەشداری لە خەباتی کوردایەتی کردوە لە ساڵی 28/3/1983 سەرکردایەتی خۆپیشاندانی قوتابیان ئامادەیی رواندزی کردوە دژی بەعسییە شۆفێنییەکان سۆ جاریش لەلایەن دەزگا داپڵسێنەکانی بەعس گیراوە بە تووندترین شێوە ئەشکەنجە دراوە.
دەست خۆشی لە برای بەڕێزم کاك سادق دەکەم هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم.

مەرگــی خاتوو(مهابــاد) و دوو قسەی تریش! … جوتیار

مەرگ لە وێنا و بیرکردنەوەی ئەمەی مرۆڤدا بەشێکە لە نەهامەتی و خەمباری، مەرگ هەمیشە وەکوو هووداوێکی فیزیکی بەشێکە لە بوون و دوا دۆلاتەکانی چەمکی ژیان، بەشێکە لە دوا ئاکتیڤیتەتی جەستەیی و بزاوتە ئەرگانیەکانی مرۆڤ، مەرگ هووداوێکە کە هەمیشە مرۆڤ دەخاتە ناو هامانێکی دیالێکتیکی و تاکوو ئێستاش هیچ شتێک ناتوانێت مادییانە ئەو هووداوە ببەستێتەوە بە مێژووی ململانێکانی نێوان سروشت و ئینسانەوە وەکوو شتێکی هەستپێکراو، کە دەمم مادییانە، بەو واتایەی کە تاکوو ئێستا هیچ زانست و تیۆرێک ناتوانێت پێمان بڵێت کە ئایا مەرگ واقیعێن کۆتایی بوونە، یاخود ئەوش هەر بەشێکە لە ووجوود و وەکوو دواهەمین تراژیدیا دەچێتە ناو پێناس و بوونی

کۆمەڵایەتی مرۆڤەوە.
(سیگموند فرۆید) زانای دەروونناسی مەزن دەڵێت ، هیچ مرۆڤێک ناتوانێت وەنای مەرگی خۆی بکات ، چونکە ئەمە هەموومان لە ناووشیاری(لاوعی) خۆماندا بروامان بە ژیانی ئەبەدی(خلود) هەیە.
مەرگ لە هوانگەی زانستی فیسیولۆجی، کۆتاییهاتنی ئاو ئەنرژییە کە جەستەی مرۆڤ هەڵدەسوڕێنێت و لە دەرئەنجامدا دەبێتە هۆکاری وەستان و لەکارکەوتنی هەموو ئاو داینامیکەی کە جوڵەی بایەلۆژی مرۆڤی لەسەر بونیاد دەندرێت.
هەر یەکێک لە ئەمە ئاگەر مەرگ ئازیزەکمان لەبسەنێت، دەکرێت ببێتە هۆکار بۆ خەمۆکیەکی درێژخایەن، جا ئاگەر ئاو کەسە تەنها گیانلەبەرێک بێت و مرۆڤیش نەبێت، دەکرێت باڵندەیەک بێت، گوەدرێژێک یان پشیلەیەک، یان سەگێک، چونکە دەربەینی هەست و خۆشەویستی لە ناو پەیوەندیەکانماندا بۆ تەنها پەویستی بە زمانێکی بوەژ (ناطق) نییە، بەڵکو پەویستی بەو هەستە هەیە کە لە ڕێگایەوە هایەڵی ئاو ئاوەزانبووەن ئینسانیەی لە بەرهەم دێت.
لە وتارەکەی پێشوترمدا باسم لە گەمەکردنی حیزبی کوردی کردبوو لە پەیوەند بە دروستکردنی جۆرێک لە ئاقڵگرایی لە ناو زیهنی تاکی کوردیدا کە بۆتە هۆکاری دەرکەوتنی (بەدبینی کولتوری) و ڕەحی شەڵانگەزی و نابووتکردنی کەمەڵگای لە ڕێگای ڕوئیاو ئیدەلۆژیە سیاسیە ناباوەکانیانەوە، بەناو مەرگی خاتوو (مهاباد قەراداغی) بە داخێکی زۆرەوەکە زۆر ناوادەبوو، ڕەکاوەڕێک جێختکردنەوە بوو لەو بۆچونەی من لە پەیوەست بە چاندن و ئاگداکوتانی ئاو کولتورە دزەوە لە هێناوی داقرچاوی کەمەڵگای کوردیدا، لە بیرکردنەوەو تێواڕینیاندا، لە هەڵسوکەوتوو نمایشە کەمەڵایەتیەکانیاندا، لە ناو کارو چالاکیەکانی ڕۆژانەیاندا، لە ماڵەکانیاندا ، لە جەنان و سەیالمیدیایاندا، ئاو کولتوری تێکشکاندنەی مرۆڤ و شکاندنی ماهیەت و بەهاکانی، کە بەشێکە لە ستراتیژیەتی حیزبی سیاسی کوردی بە هەموو گرروپ و تایفەکانیەوە، بەتاستی دیاردەیەکی ترسناک و ناسیقیل و دەرکەوتنی تراژیدیایەکی تر کە دەمانخاتە بەردەم بیرکردنەوەو گومانێکی قوڵی ئینسانی.
مرۆڤی پێگەیشتوو و وشیار ناتوانێت بە هیچ مەرگێک خۆشحاڵ بێت تا ئاو ئاستەی کە پەیوەستە بە مەرگی خۆشیەوە، مرۆڤی کارلێکراو بە تێواڕینە ئینسانیەکان ناتوانێت بە مەرگی کەسێکیتر وەنای بەختەوەریەکانی خۆی دروستبکات، ناتوانێت هەستەکانی تەسلیم بە دوا ساتەکانی هیچ گیانسپاردنێک بکات، من هەشتاش بیرمە ئاو ساتانەی کە (سەدام) لە سەدارە درا، نەمتوانی بەسەر هەستەکانمدا زاڵبم لە بەرامبەر گیانسپاردنی ئاودا، دەم پێ بووە لە بەرامبەر ئاو

بەدستەاتیدا کە مەرگ بەسەریدا سەپاندبوو لەو جرکەیدا ، خەموومان دەزانین کە ئەو وەنەی نەبوو لە دەندەیی، ئەو هیچ کاتێک مەرگی مرۆڤی وەکوو تراژیدیا نەدەبینی، بەڵکوو لای ئەو مەرگی ملیۆنان مرۆڤ لە ڕۆژێکدا تەنها بەشێک بوو لە (Statistik)سەرژمێری *.

ئەوەی کە من ناتوانم تێی بگەم لە پەیوەست بە مەرگی خاتوو (مهاباد) ئەو هەموو باهۆزە شەپانگێزە میدیایەیە کە پەیەتی لە ناشیرینکردنی وەنەی کەسێتی ئەو خاتوونە، جا هەریەکە و بە جۆرێک، خاتوو (مهاباد) چ قسەیەک یاخود چ تاوانێکی کردووە تا ڕەواوی مەرگی ئەو خاتوونە بەو جۆرە لە لایەن کەمەپەک مشک پووتی خورافگەراوە و هەندێک لە نوسەری بوکەڵە بکرێت بە مەنەلەجی ناو سۆشیالمیدیاو میدیای ئاستنزمی حیزبی کوردی، خاتوو (مهاباد) وەکوو زەربەی نوسەرو ڕۆشنبیرە بوەروو ئازادیخوازەکانی ئەو کەمەگایە پراوپڕ بوو لە ئیرادەی ژنێتی و تا دوا هەناسەشی لە جەنگاندابوو بە هاوتاکردنی مافی ژنان وەکوو فیمینستێکی چالاک لە ناو کەمەگادا لە بەرامبەر کەنەبەرستی و خورافاتدا.

مەژووی ئەو بەرخوردکردنە بە ئەنقەستەی بەشێک لە نوسەران و میدیای کوردی لە بەرامبەر ئەو جۆرە مرۆڤانەدا تازە نییە و بەشێکە لەو ململانێیە پڕ بەگەناوەی کە حیزبی سیاسی کوردی لە ناو کەمەگادا خوەقاندویەتی و خەریکە دەبەتە کولتورێکی میراتیی و درێژماوە، ئەوەی کە ئێستا بەسەر خاتوو (مهاباد) دا دێت ، بەشێکە لە درێژکردنەوەی ئەو مەژووی کەنوسەرو ڕۆشنبیرانی وەکوو (عبدلخالق معروف) و (هەژار موکریانی) و (فەلەکەدین کاکەیی) و(شەرکە بەکەس) تیایدا بوونە قوربانی بە ئەوەی خێیان هەستی پێبکەن.

ئەو کولتورە کە هەگەری بونیادەکە پەاو پڕ لە حیقدی سیاسی و ئیدەلۆژی، خەریکە بە شێوەیەکی گشتگیر باڵدەکێشێت بە سەر دنیابینی تاک و خەزان و کەمەگادا، مرۆڤ وایلەهاتوە بە هەی ئەو فەزایەوە کە ئەو کولتورەی بەرهەمهێناوە گومان بکات سبەی کە دەمرێت، دایک وباوک و براو خوشکەکانی ، هاورێ و دەست و خزمانی نەک لە پرسەکەیدا بەشدار نەبن ، بەڵکوو بە مەسجەکیش خەمباری خێیان نیشان نەدەن.

لە وتەیەکی (ستالین) وەرگیراوە*

جوتیار

مانیفستی عشق ... بەشی نۆزدەم... تەکست: ستیڤان شەمزینی

عشق بە نیگایەک دەستپەدەکا، بە دەوانبوون کۆتایی دێ
عشق شیرینترین تاییە، عشق تاڵترین شیرینییە

کاتێک تەم ناسی، لەسەر مێزی قوماری ئیشقت
هەموو خەندەکانم دۆڕان و گشت فرمێسکەکانیشم بردەوە

گلگامێش، بە دوای میوەی نەمریدا گەڕا
منیش، وەدووی عیشقی تۆ کەوتم
ئەزانی هەردووکمان شکستمان لەگەڵ مەحاڵ کرد؟

هێندە ئازار لێم مەوانە، لە ئاو رووترم
شیکردنەوەی من کارێکی ئاسانە،
تەنیا یەک دڵۆپ فرمێسکم

کاتێک عاشقت بووم
خەم لە دۆزەخ بە تامی بەهەشت بینییەوە
ساتێک لێت دابڕام
کەوتمە ناو بەهەشتێک بە تامی دۆزەخ

تۆ گەورەترین جادووگەریت
بە چرای عیشقت ئاسمانی تاریکی دڵی منت رووناک کردەوە
تۆ گەورەترین جادووگەریت
بە فتیلەی ئیشقت سەهۆبەندانی ڕۆحی منت تواندەوە

من زیندانم لە ناو دە و خەونکانی تدا
من زیندانم لە قەفەزی ئەشقی تدا
کەچی هەست بە سەربەستییەکی سەیر دەکەم!

ئەی یار وەک مەسیح،
بە بزماری ئەشقی تە لە خاچدراوم
ئەی یار وەک مەسیح،
تەنیا بە تەیە نرکە و خوێنی رژاوم

کاتێک ئاشقی تە بووم
زمانم لە گۆ کەوت و کانی شیعرم تەقی
بەستێکی دەم توایەوە و بەهارێکی سەوزی هێنا

هەمیشە دەرگاکە بە کراوەیی جێدەهێم
چوونکە چاوەڕوانی گەیشتنەوەی تەم
بەڵام تە ناگەیتەوە و منیش هەرگیز دەرگاکە داناخەم

لە دووریی هەزاران کیلۆمەترەوە
هەست بە گەرمی هەناسەت دەکەم
لە دووریی هەزارەها میلەوە
بۆنی گوڵاوی ڕەحت دەکەم
ئیدی دووریی چ واتایەکی هەیە؟

تە ئەشق بە لانەی پەکەنین دەزانی
منیش بە سەرچاوەی گریان
ئەدی گریان و پەکەنین لە کوێدا بە یەک ئەگەن؟

کاتێک لە ئامێزت ئەگرم
دەمم لە شکرە سێوی دەمتدا دەتوێتەوە
چاڵەکە پاساریێکان دەفڕن و
هەواڵی ئەم ئێشقە بە شاردا بڵاوئەبێتەوە

لە مشتەکـــــوە بە تـــــا ، کەی زەماوەنـــد بکەیـــن ؟ … نەوزاد بەندی

عاجز مەبن
کە شیعرم کەم کردەتەوە ..
داگیرکەر لەم هەرەمەدا
ئاگرەکی کردەتەوە ..
بە شیعر ناکوژێتەوە ..
کەلارێک کە پچڕاوە
بە شیعر ناگیرێتەوە ..
عاجز مەبن
لە شەقامەکە دەرمەچن ..
لە ئێستاوە ..
بە شارەکەمان ئەگـــەم ،
لە بەر باخـــی کەدایە ؟
ئاخر دەمەکە دزراوە ..
مافیا ،
بە شیعر ناپەکرێ ..
وەرن با هـــەتە ببین ،
لەگـــڵ گوڵ هیچی پێناکرێ ..
عاجز مەبن ..
شیعرم ناردەتە ماڵـــەوە ..

کەی ئازادی دە بە شنەی شەماڵەوە ؟

- نەوزاد بەندی –

ماسیەکان لەسەرەوە بەگەن بووون پەویستە فڕبدرێن ... گەران هەڵە بجێیی

[من ناتوانم وەک دایک بەشیری مەمکەکانم نەوەی وەاتەکەم بە خۆو بکەم ، بەڵام دەتوانم وەک باوکێک دزی لەو داهاتە نەکەم کەهی نەوەی وەاتەکەمە.]

{خەسرەو مەخیکا –کەنە سەرکی ئەرگوای}

[کوردستان وەک بانکێکی پڕپارە وایە کە کەمێک دزو جەردە دەستیان بەسەردا گرتووە، ئەم کەمە دزە ، نە لە سیاسەت دەزانن و نە شارەزاییان لە بەڕێوەبردنی وەاتدا هەیە.]

{محەمەد حەسەنین هەیکەل –ونا کبیرو نووسەری کەچکردوی میسری }

نزیکەی [30] ساڵە جووت حیزب{پارتی و یەکەتی} کەنترۆڵی تەواوی هەرێمی کوردستانیان کردوە. لەگەڵ ئەوەی لەوماودا دەرفەتێکی باش و گونجاو لەبەردەستدا بوو بۆ چاککردنی گوزەرانی خەڵکی بەشمەینەت و ستەم دیدەی کوردستان، کە عەمامێک بوو لەژێر دەسەڵاتی ژەمی بەعسدا ژیانێکی پڕ لە نەهامەتی و چەوساندنەویان بەسەر دەکرد، بەڵام ئەم دوو حیزبە نەک هەر ئەو دەرفەتیان بە بوونیاد نانی وەات و بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابوری بکار نەهێنا ، بەڵکو شکستیان هێنا لە پشکشکردنی فەرمێک لە دەسەڵاتی تەنانەت [چارەکە سەرکەووتووش]. بەمەش هەرچی خەون وخولیاو ئومێدی مەژینەی کوردە بۆ هەمیشە لە گەڵنا.

یەکەتی و پارتی ناشیرینترین ،قەزەوەنترین ، خراپترین ،فاشلترین نمونەی حکومەانیان نیشانی خەڵکی کوردستان و جیهاندا ، کە لەو

بەوایەدام لە سەر ئەم هەسارەیە کەم وینەیە یا هەر وەنەی نیە.

دەستاتیک گەر لەماوەی نزیکەی [30] ساڵدا نەتوانێت تەنانەت لە سەکتەرێکدا سەرکەوت تەمار بکات و لە هەموو بوارو کایەو سەکتەرەکاندا تەواو شکستی بهێنێت، کەواتە شەرعیەتی مانەوەی لە مەژە لەدەست داوە و لە کارەسات بەولاو شتیکی نیە پێشکەشی خەڵکی بکات.

سەرانی ئەم دوو حیزبە لە مەژە دەنیان لەوەی کە متمانەیان لەدەستداوە و خەڵک بەزار و تووڕەیە لێیان . ئەوەش دەزانن و لایان ڕوونە کە لەماوەی ئابردوودا توانای چارەسەرکردنی گچکەترین کێشەیان نەبووە ، سادەترین و سەرەتایترین خزمەتگوزاریان پیشکەش نەکردوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە تابەت شکستیەکانیان زەرتر و زیاتر دەبن .

بە ئاخافتنی هاوڕاتیاندا لە سۆشیالمیدیاکاندا، دەردەکەوێت کە ئەم جووت حیزبە تا چ ئەندازەیەک ناشیرین و ڕسوابوون ، شێوازی ناڕەزایی و ڕەخنەی هاوڕاتیان چووەتە قەناغێکی جیاوازەوە، دەربڕین وگوزارتەکان فەرمکی نوێی وەرگرتوە کە پێشتر بوونی نەبووە ، ئەویش خاڵیکردنەوەی ناخی تووڕەو بێزاریە بە دەربڕینی تووند و قسەی ڕەق .وشەگەلی وەک مافیا،وەات فرێش، گەندەڵ، دز، جەردە، چەتە، مرۆڤکوژ، ئەمانە تەقریبەن تەجاوزکروان و وشەو دارشتنی نوێ جێگەیانی گرتووتەوە، بە نمونە شوبهاندنی سەران و بەرپرسانی هەردوو حیزب بە تاکی پڕاو ،پیسایی،تەوالێت ،بەکارامەت، بێئەخلاق و شتی دیکە.

پەدەچێت ئەم پەناسە نوێیانەش وەک کەنەکان کاریگەریان نەبێت لەسەریان،چونکە گەر هات و کەمێک خەڵکێک تەنها بیر لە دزی و تاڵانی بکەنەوە ،ئەو دەمە ئاسایی دەبێت لایان گەر بوجەرە موخاتەبە بکرێن. واتە مەراق و کەرامەت هیچ گرنگیەکی نیە لەکنیان ،چونکە لەمەژە لەدەستیان داوە. ئەو دەمەی ئوجەرەکەسانە بەهموو قەناعەتیان بیاری دزینی پاروی خەڵکی برسیاندا،دزین و داگیرکردنی سەروەت و سامانی وڵاتیان بەلاوە ئاسایی بوو،کەواتە ئەوانە خاڵین لە هەرچی بەهای ئەخلاق و مرۆڤایەتی ودەستپاکی و نیشتمانپەروەریە .

تەنانەت حاڵ گەشتوەتە ئەوەی گەر یەکێک لەو بەرپرسانە تەوگلانی لەگەندەیەکدا ئاشکرابوو و لە ،سۆشیال میدیادا ناوی هێنرا ،زەر

بەئاسایی وەری دەگرێت و بەدەنگ دەبێت تا باسکە خامۆش دەبێت. گەر جاران بوایە کەسکە هەڵەشەی کووشتنی دەکرد، سکاڵای تۆمار دەکرد، بەرپرسی نووسینگەکەی هەواڵەکەی بەدرێ دەخستەوە.

ئەوەی کە ڕووی خەڵکی هەرێمی نزیکەی [30] ساڵە ئەم ڕەوشە نالەبار و پڕ ستێم و گەندەڵیان لێم دوو حیزبە قەبوڵ کردوە. چەندین دەرفەتیان پێدرا ،ئەویش بە ئومێدی بەخێراچوونەوە و لاکردنەوە لە مێنێتیکانی هاوڕاتیان ،لە لە ئاکامدا یەک هەنگاو نەچوونە پێشەوە و هیچ گۆڕانکاریەکی ئیجابی لە ژیانی خەڵکدا ڕووینەدا ، بەپێچەوانەوە قەیرانەکان قووترو ژیانیش سەختر بوو.

کەواتە چاوەڕێکردنی چاکسازی و گۆڕانکاری ئەرێنی لە گوزەرانی خەڵکدا ،خەڵتاندنە و ڕاکردنە بە دووی سەرابدا.دەسەڵاتی مافیاو گەندەڵ ئامادەنیە دەستبەرداری دەسکەوتە ناشەرعی و نایاساییەکانی ببێت،لەبەرامبەریشدا خەڵکیش ئامادە نیە تاسەر ئەم ڕەوشە قەبوڵ بکات.بە واتایەکی تر ئەو دیوارەی نێوان دەسەڵات و خەڵکدا هەیە ،ئێژ لە دوای ئێژ چینەکانی بەرزتردەبێت و دابڕانەکە قووتر دەبێتەوە.

چارە چیە؟

بە کۆتایی هێنان بەم ژیانە سەختەی خەڵکی هەرێم ،بە کۆتایی هێنان بەم دەسەڵاتە ستەمکارە کە هەموو سنورێکی بڕاندوە،گەرەکە بیر لە ئێگچارەی لۆژیک و دەستەبەر بکرێتەوە. لەسانی ئابردوودا لەلایەن زۆرێک لە دەسزان،ڕووناکبیران،چاودێرانی سیاسی و سەرانی هەندێک لە ئەحزابی موعارزە هەندێک پێشنیار خراڕوو. لەگەڵ ئەوەی ئەو پێشنیارانە لە سەنگەی دەسزیەوە خراونەتە ڕوو، بەڵام هەندێکیان نالۆژیکن و جێبەجێکردنیان سەخت و مەحاڵە.

بەنمونە چارەسەری چەکداری یەکێک بوو لە چارەسەرکان ، واتە بەرەنگاربوونەوەی چەکداری لەگەڵ حیزبەکانی دەسەڵاتدا، ئەم چارەسەرە سەرکەوتوونابێت، چونکە هەردوو حیزب هێز و توانای هەمجاری چەکداریان هەیە و مەناعەتیان نیە بە مانەوەی خۆیان ئەو هەزارە پێکەا بەکار بهێنن وکوردستان نغرەی خوێن بکەن.

گەواتە دەبە بگەیەن بەدووی ئێتەرناتیفێکدا کە جێبەجێ کردنی لەسەر ئەرزی واقیع بەردەست بێت،هاوکات زیان بە سەروماڵی خەڵک نگەیەنێت.

ئەوەی لەم سەردەمدا لە جیهاندا وەبەتایبەتی جیهانی شارستانیدا پێویستە دەکرێت و ئەنجامی باشی هەبووە ، چالاکی مەدەنیە بە هەموو جۆرەکانیەوە.

دەکرێ خەپیشاندان،گردبوونەوە مانگرتن،بایکۆت و تاد بگرێتەوە .

هەر یەک لەم چالاکیانە گەر هەقی خۆی پێبدرێ و لە ئاستێکی باڵادا ئەنجام بدرێت،ئەوە بگومان کاریگەری خۆی دەبێت.

گەر خەپیشاندان بە بەنمونەو وەربگرین ،گەرەکە خەپیشاندانێک ئەنجام درێت کە زەرترین ژمارە بەشداری تێدا بکەن.ناکرێ ئەمە چاوەڕێی ئەنجامی کاریگەر لە خەپیشاندانێکی چەند سەدکەسی بکەین.گەر خەپیشاندان سەرتاسەری بێت ،گەر بەرفراوانبێت،گەر هەرکەس زیاندەندی ئەم دەسەاتیە بەشداربێت تێیدا ،گەر هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی دەتبزوێنیت و بەم دەخە ناڕازیت ،کەواتە لەسەرتە بەشداری لەخەپیشاندانەکان بکەیت.ناکرێت کەسانێک[کە زەرینەی خەڵکی هەرێمن] لە ماڵەوە لە شاشاشەی تەڤکانەوە سەیری ڕووداوەکان بکەن و پاسیف دانیشن و چاوەڕێبن خەڵک لە شەقام ڕووشکێیان بە بگەیێت.

هاوکات نادرووست و نالۆژیکە لە بەهاو کاریگەری خەپیشاندان کەم بکەینەوە ،هەر لەژێر زەبری خەپیشاندانداچەندین حکومەت و دەسەات لەکار کەوتوون.نزیکترین نمونە حکومەتکەی عادل عبدولمهدی یە کە لەگەڵ ئەو پشتگیریە گەورەی ئەحزابی شیعە، مەلیشیاکانی حەشدی شەعبی، ئێران بەهەموو توانایەوە پشتگیری بوون، بەڵام هەزو بەردەوامی و ئیرادەی خەپیشاندەران خستیان، نەک هەر ئەو بەڵکو لەدوای ئەویش دووکاندیدیان بە هەمان پێست ڕەتکردەوە.

کەواتە یەکێک لە ئامرازە کاریگەریەکان خەپیشاندانە، بەڵام بەوجۆرەی کە ئاماژەم پێدا.

ئامرازی دووەم مانگرتن و بایکۆتە ، گەر ئەمانەش بە شێوەیەکی دراسەبکراو، پلان بۆدانراو ئەنجام بدرێن،هاوکات هەموو بوار و سەکتەر و بزاوتە ئابووری و کەمەایەتیەکان بگرێتەوە ،بۆتایبەت ئەو کەرتانەی کە دەسکەوتی ماددیان بە جووت حیزب هەیە ،ئەوە بەدەنیایەوە ئومێدی سەرکەوتن و سەرفرازی زیاتر دەبێت و فشارێکی مەزنیش بەسەر دەسەات دروست دەکات.

کەواتەگەر بێت و ئەم چالاکیانە پێکەوە گرێبدرێن و بکرێنە سەرمەشقی کارو بەرنامەی جەماوەری ناڕازی .هاوکات لەگەڵ ئەم کارانەدا

قەستنەوەی دەرفەتی میدیا بەهەموو جۆرەکانیەوە،وەگەڕ خستنی لەخزمەت دۆزەکەدا ، بەگومان دەبێتە تاوانکاری ناڕزاییەکان و پڕۆپاگەندانی ،کە بەدڵنیاییەوە کاری خۆی دەکات.

دەمانەوێت سەرۆکی کۆن و چ لایەن و حیزبێك بەم ئەرکە قووڕسە هەڵدەستێت.

خۆپیشاندانی خەڵکی و غیرە خەڵکخراو ،لەگەڵ ئاوەژووی چەند کاراو سەرچاوە و جۆربەجۆر بێت ،هەموکات سەرکەوتوو نابێت و ئامانج ناپێکێت. بەبێ گرنگ و پێویستە ئاو بزاف و چالاکیە جەماوەریانە ،پشتیوان هەبێت،تا دروشمەکان بەپێی ڕۆژ و هۆش دیاری بکات ،تاکتیک و جوڵەیان هێک بخات ، لیژنەو گرووپی کاریان لە دروست بکەن، کادرەکانیان ئامادەبن لەبەرزی پشتاوەی خۆپیشاندان وناڕەزایەکاندا دەرکەون.

ئاو لایەنانەی دەتوانن بەم ئەرکە هەستن و پشتیوانیەتی ناڕەزایەکان بکەن، نوێنەرانی هۆزارو چەوساوەکان،چەپەکان، ئەخزابی ئۆپۆزشیۆن[ئاوانەی بەکردار ئۆپۆزشیۆنن]،ئازادیخواز و مرۆڤدۆستان و هەر لایەن و گرووپ و کەسێک خۆی لەخانەی دژ بە ستەمکاری دەستات دەبینێتەوە.

ئامانە پێکرا لەبەرنامەیەکی تەکمەو خاوەن پلان و بەرنامەیەکی واقیعی کە خواستی خەڵکی ستەملێکراوی تێدا بەرجەستە بکرێت ،درەنگ یا زوو دەتوانن دەستاتی گەندەڵ بوخەنن.

گەر ئیرادە بەهەزبێت، گەر ویست و ئارەزوو بوونی هەبێت ،گەڵ بەوای تاواو هەبێت بەوەی کە جگە لە نامانی ئەم دەستاتە هیچ چارەسەرێکی تر بۆ قەیرانەکان نیە،گەر ئاو قەناعەتە دروست ببێت کە مانەوەی ئەم دەستاتە گەندەڵە ،یانی پتر و پتر هۆزار بوونی تۆ و زیاترو زیاتر دووەمەندبوونی دەستاتداران، گەر هەر تاکێک هەست بەوە بکات کە کێشاو قەیرانەکان درەنگ یا زوو ئاویش دەگرێتەوە، گەر هەر هاوکاتیک خۆی بۆ بەشکی کارا لە پرۆسەی خستنی دەستاتدا ببینێتەوە،ئاوە گەر دەستاتی مافیا و گەندەڵی پێ نەرووخێت ، بەدڵنیاییەوە هەندە لاواز دەبێت کە جیتر نەتوانێت وەک پێشتر حکوم بکات، مەرجیش ئەم بزاوتە ناڕەزایانە بەردەوامیێت وەربگرێت و لە نیوەی ڕێگا نەوەستێت ،چونکە بەردەوامیێت و سووربوون لەسەر گەشتن بەئامانج ،ئاویش فەڵدانیانە بۆ نەو زبڵدانی مێژو.

خۆلاسەی کەلام ،گەر پێناسەیەکی دروست بۆ سەرانی دەستات بکەین

دەتوانین بیانشوبهێنین بە ماسی بگرن، دیارە ماسیش لەسەرکەیەوە بگرن دەبێ ، بگرنیش دەبێ فڕێ بدرێت.کەواتە لەمڕۆ ماسیکانی دەستکرات لەسەرەوە بگرن بووەن و پێویستە هیمەت بکرێت بە فڕێدانیان..

ئیخوان موسلیمین یان دایکی تیرۆریزمی ئیسلامیی؟ … نووسینی: ستیڤان شۆمزینی

سەرەنجام ئەنجوومەنی وەزیرانی میسر، بڕیاری کۆتایی لە بارەی "ئیخوان موسلیمین"ەوە دا، بڕیارەکەش بە زیانی ئەو حزبە ئیسلامییە کۆتایی هات، چوونکە بە پێی ئەو بڕیارەی حکوومەتی میسریی، ئەو ڕێکخراوە خرایە لیستی تیرۆرەوە، بە پێی ماددەی 86ی یاسای سزادانی ئەو وڵاتەش، هەر ئەندامێکی ئیخوان ئێستەپاکی خێی لەلای لایەنە پەیوەندیدارەکان تەمار نەکات، وەک تیرۆرست مامەڵە لەگەڵ دەکرێت. لەلایەکی ترەوە ئەم بڕیارەی حکوومەتی میسر، بە ستراوەتە بە ڕێککەوتننامەی وڵاتانی عەرەبی لە هەمبەر تیرۆر، بەم پێیە بێت، لە 14 دەوڵەتی عەرەبی، ئیخوان وەک ڕێکخراوێکی تیرۆرستی مامەڵەی لە تەکدا دەکرێت. لە ئەم بڕیارەی حکوومەتی میسر کاردانەوەی جیا جیای بە دوای خۆیدا هێناوە و ڕەنگبێ فڕتەنەی ئێستای میسر گەورەتر بکات، بەڵام ئەم بڕیارە بە هەنگاوێکی گرنگ دادەنرێت کە هیچ حکوومەتێکی دیکەی عەرەبی نەیوێراوە توخنی بکەوێت.
لە دیدی ئەمەوە، ئەم بڕیارەی حکوومەتی میسر، ئۆگەرچی قورس و سەختە و بەر هەڕەچوونی زۆری لایەنگرانی ئیخوان دەکەوێت، بەڵام بڕیارێکی مێژوویی و ڕاتسیونالییە، کردنەوەی دەلاقەیەکیشە بە وڵاتانی تری ناوچەکە، بە پێی یاسای دژە تیرۆر، مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە ئیسلامییانە بکەن، هەرا و زەنای جیهاد و دامەزراندنی حکوومەتی خەلافەتیان گوێی هەموو لایەکی کپ و کاس کردووە. پێویستە ئەم هەنگاوەی میسر لەلایەن کۆمەڵێ نەودەوڵەتییەوە پشتیوانی لێبکرێت، مامەداکی ئیخوان لە ماوەی یەک ساڵی دەسەڵاتی خۆیدا، لاسایی رژێمی تاڵیبان و ئێرانی کردەوە، هەقوایە بڕەی

ئازادیخوازیی ناپاکیی لەگەڵ دروشمەکانی خۆیان نەکەن، ببنە فاکتەرێکی بەهێز لە وزە بەخشین بە حکومەتی نوێی میسر لە پێنگاڤی بە تیرەرست ناساندنی ئیخوان، هەرچەندە کاتیش زەرد درەنگ بوو بە ئەو بڕیارە.

پاشخانی فیکریی و مێژوویی

رێکخراوی "ئیخوان موسلمین" لە مارتی ساڵی 1928 لەلایەن "حەسەن بەننا" لە شاری "ئیسماعیلیە"ی میسر دروستکرا. ئەم رێکخراوە هەرچەند وەک گروپێکی ریفەرمخواز خۆی نیشان دەدا، بەڵام بەشێوەیەکی پراگماتیکی مامەڵەیان لەگەڵ بەستێنە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان دەکرد، ئامانجیان دروستکردنەوەی حکوومەتی خەلافەت و گەڕانەوە بوو بە سەرەتاکانی ئیسلام. ئەم گروپە لەسەر بنەمایەکی بەش دروست نەببوو، بەڵکو پەرەپێدەری ئەو تێزە ئاینییانە بوو، دەمەک بوو لەلایەن "محەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب" و "ئیبن تەیمیە" فەرمانڕەوا کرابوو. لە مێژووی نزیکیشدا شێخ "محەمەد رەشید رەزا" کە قوتابییەکی هەڵگرتەوەی "محەمەد عەبدە" بوو، لە 1911 بەدواوە زەر تەرح و فەرمانبەندیی لە رەگەزی گەڤاری "مەنار"ەوە پشکۆش کرد، کە یارمەتیدەری گرنگی پێکهاتن و گەشەبوونی رێکخراوێکی وەک "ئیخوان" بوو، یان بە مانایەکی تر بڕوانکانی ئەوان کاریگەریی زەریان هەبوو لە گۆشکردنی بنەما فیکرییە و ئاینییەکانی ئەو رێکخراوە ئاینییە سیاسییە.
حەسەن بەننا، نموونەی ئیسلامخوازێکی تەقلیدیی بوو، هیچ شارەزاییەکی قووڵی لە هەمبەر فیکری هاوچەرخی ئەو کاتەی مرۆڤایەتی نەبوو، تەنیا لە بابەتە ئاینییەکانی ئیسلام شارەزایی هەبوو، کە هەندێک جار لە کەی دەروشاندا زیکری کردووە، کە ئەمش بەگەی ئەوەیە پەرشیی "بەننا" بە ئیسلام لەسەر بنەمای فیکرێکی قووە نەبووە. "د.ماهر شەریف" دەڵێت "بەننا لە ئاوایی لەسەر دەستی مەلایەکی ئەزهەریی، ئاشنایەتی لەگەڵ ئاین پەیدا کرد، پاش چوونی بە خوێندنگەی سەرەتایی لەگەڵ چەند هاوەڵێکیدا، کەمەی –نەهی لە مونکەر-ی پێکهێنا و بەناوی ئەو گروپەوە نامەی هەڵشئامەز و پێگەڤ و چاوسوورکردنەوەی بە ئەو کەسانە دەنووسی کە گوێیان بە باوەڕکانی ئاین نەدەدا".
د.ماهر شەریف، زیاتر کەستی "بەننا" رووون دەکاتەوە و دەڵێت "حەسەن بەننا وەک رووناکبیرێکی دینداری کلاسیکی دەرکەوت، هەمیشە بەئاگا بوو لە کەلەپووری عەقڵانییەتی عەرەبی ئیسلامی و ئەندێشە و بیر و بڕوانکانی رۆشنفکریی ئەوروپایی. بانگەشکەی حەسەن بەننا،

کە پشت ئەستوور بوو بە ئەندێشەی ساکار و وەعزی ئەخلاقی، لە سەردەمکدا دەستیپکرد، لەسەر ئاستی نەودەوەتاندا قەیرانکی ئابووری مەترسیدار تەقییەوە و نازی و فاشیزمی تەدا دەرکەوت، لەسەر ئاستی ناوخۆشدا گیروگرفتە ئابووری و کۆمەلایەتییەکانی وەک دژوار ببوون و ئەزموونە پڕلەمانییەکەی میسری تەدا تووشی سەرنگڕە ببوو".

ئیخوان، سوودی لەو بارودۆخە ئاڵۆزەی دنیا و ناوچەکە وەرگرت، توانی پەل و پە بهاوێژت بە وەاتانی دیکە، لە ماوەیکی پەوانەیدا گەیشتە ئاستی رکخراوی تکمە و خاوەن ناوبانگ. لە ئیخوان هەمیشە هەزکی ئەپەرتەنیست بووە و ویستوویەتی ئامانجە راستقینەکانی وەک تێیسم و بە نهێنی بهێتەوە، بەڵام ئەوە لە کس شاراوە نییە، ئیخوان لە سەرەتاوە تا ئەستا، ئامانجی گەانوویە بە ئاکاری ئیسلامی پشین و دامزراندنی دەوەتی خلافەت. "مجید موورادی رەدپشتی" بشەویکی گشتیی بنەما ئایدلجییەکانی ئیخوان لەم چوار خاڵدا کورت دکاتەوە:

یکەم: سەرتاپاگیریی ئیسلام و گرتنخەی ئاین و دنیا و بایخی جیانکردنەوەی نەوان ئاین و دنیا. چوونکە ئیسلام، کی عیبادەت و حوکمانی، ئاین و دەوەت، مەعنەویەت و کار، نوژ و جیهاد و قورئان و شمشرە.

دووەم: گەانەوە بە پرەنسیپە سەرەتاییەکانی ئیسلام.

سێیەم: یکگرتووی جیهانی ئیسلام چوونکە موسەمانان، میللەتکی یکگرتوون، نیشتمانی ئیسلام یک نیشتمانە.

چوارەم: حکوومەتی ئیسلامی، یکەم و دوا ئامانجی ئیخوانە. پاشان پەرەپدانی پرەنسیپ و بنەماکانەتی.

توندوتیژیی ئاینیی لای ئیخوان

ئیخوان یکەم رکخراوی ئیسلامی سیاسییە لە دیرکدا، پش "حەسەن بننا" هیچ کس نەبووە، بەو فرەمە کاریگرە ئاین و سیاسەت تکەاو بکات، یان بە دیوکی تردا، "بننا" بە دروستکردنی ئیخوان یکەم کس بوو، ئیسلام و کاری حزبایەتی و سیاسەتی پکەوە گردا. لەم سنگەوە ئیخوان بە دایکی کی رکخراوە ئیسلامییەکانی دیکە دادنرێت و هەموویان لە رەحمی ئەم حزبەوە هاتوونەتە دەر. لە هەوی زەر دەدرێت ئیخوان وەک هەزکی میانڕە بناسنرێت، بەوەی بەوای بە "جیهاد" نییە، بەڵام یکەمین سەرەتاکانی توندوتیژیی لای ئیسلامی سیاسیی هاوکاتە لەگڵ سەرهەڵدانی ئیخوان.

حەسەن بننا، تکۆشانی زەری کرد، ئەو حەدیسەی پغەمبەر محەمەد،

بە لاواز پێناسە بکات کە باس لەوە دەکات، بەرزترین پلەی جیهاد، جیهاد و روبەڕووبوونەوەی نەفسە. بەڵکو بە پێچەوانەوە ماندووبوونی زۆری بینیوە بۆ ئەوەی پشتڕاستی بکاتەوە، بەرزترین پلەی جیهاد، بریتییە لە خەباتی چەکدارانە و شمشێر هەڵگرتن.ئەوە بە خەی جۆی تەواماندە کە ساڵی 1938 ئیخوانەکان ناوی "النذیر"یان بە گۆڤاری هەفتانەی خۆیان هەڵبژارد ناوێک کە لە ناوەڕۆکدا زۆر مانای لە خۆگرتووە، لەوانە کە سامناکترینیانە ئەوەیە، ئەم ناوە لە قورئاندا گوزارشتێکە لە پێیامی خواوەند بۆ وازهێنان لە بت پەرستی و بۆیاردان لەسەر خواپەرستی.ئەوەی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنێ ئەوەیە، بۆننا لە یەکێ لە وتارەکانیدا، تێکۆشانی حزبەکەی، لەگەڵ تێکۆشانی حزرەتی پێغەمبەر محەممەددا بەراوورد کردووە و وای بۆچووە کە بانگەوازەکەی حزرەتی پێغەمبەر محەممەد لە سەدەی حەوتەمی زاینیدا بۆ ئافەرزکردنی بتپەرستی "چاخی یەکەم" پێکدێنێ، تێکۆشانی ئیخوانیش "چاخی دووەم"ی ئەو بانگەوازەیە. *

ئیخوان و حەسەن بۆننا، نەک بەوایان بە دیتن و روانگەی ئاینی و سیاسیی جیاواز نەبوو، بەڵکو میتۆدێکی توند و تاکەواندیان هەبوو لە هەمبەر هەر هەڵەکی دیکە. بۆننا، تەنانەت لە یەکەک لە نووسراوەکانیدا جاێ قەلاچۆ و تەفروتوناکردنی هەموو حزبە سیاسییەکانی ئەوکاتی میسر دەدات و دەنووسێت "یەکدەنگییەک هەیە کە حزبە میسرییەکان گوناهی گەورەی ئەم نیشتمانە و بنچینەی ئەو گەندەڵییەن کە ئەمڕۆ بە ئاگرکەی دەسووتێین. شتێکی بەگەڵ نەویستە مانەوەی حزبەکان لەسەر ئەم رەوتەدا، وەات بەسەر گروپ و تاقم و حزبی جیاجیادا دابەش دەکات و تەفرەقە دەخاتە نێو خەڵکەوە. ئیتر لەڕەوە چارە نییە و هەر دەبە هەموو ئەم حزبانە لەبەریەک هەڵوەشێننەوە و هەزەکانی گەل لەیەک تاکە حزبدا کە بکرێتەوە". بۆننا پێیوایە فرە حزبیی نیشانەیەکە بە بەاوبوونەوەی تەفرەقە و ناکۆکیی لە ناو وەاتدا، لە جۆگەی دیکەش وتوویەتی "هەرچی تەفرەقە دەنێتەوە، هەرچییەک بێت، بە شمشێر لەی بدەن".

لە بواری توندوتیژیی بەرجەستەشدا، ئیخوان لە سەرەتای چلەکانی سەدەی رابردووەوە، دەستی کرد بە چالاکی چەکدارانە، ئەمەش وا لە "مەحمود فەهمی نەقراشی پاشا"ی سەرۆک وەزیرانی ئەوسای میسر کرد لە 8-12-1948، چالاکی ئیخوان قەدەغە بکات و فەرمانی هەوەشاندنەوەی ئەو ڕێکخراوە دەربکات. بەتایبەت کە لەو ساەدا ئەندامانی ئیخوان وەک چەکدار بەشداریان کرد لە جەنگ دژی جوولەکە. هەر لەو سااندە ئیخوان یەکەیەکی چەکداریی تایبەتی بە تیرەر و توندوتیژیی لە ژێر ناوی "تنظیم السري" یان "تنظیم الخاص" دروستکرد و لە مانگی یەکی 1948یشدا پلیسی قاهیرە دەستگیرکردنی کەمەک لاوی راگەیاند کە

بەنهێنی مەشقیان کردووە لەسەر چەک و تەقەمەنی لە ناوچەکانی "جبل المقطم" و هاوکات 165 بەمبی جۆراوجۆریان لەو جۆگە دەستبەسەرا گرتووە و ئاشکراش بووە سەرکردەی ئەو گروپە کەسێکە بەناوی "سەید فایز".

لە 22-3-1948 دوو ئەندامی ئەو گروپە دادوەر "ئەحمەد بەگ خەزندار" تیرۆر دەکەن، لەبەرئەوەی حوکمی قورسی بەسەر ئەندامانی ئەو گروپەدا داوە، پاش دەستگیرکردنی ئەنجامدەران، پۆلیس پەیوەندیی نێوان بکوژانی "خەزندار" و کەمەڵەی "جبل المقطم" و دەزگای نهێنی ئیخوانی بۆ ئاشکرا دەبێت. لە 20-6-1948 هەندێک مانگی جوڵەکە لە قاهیرە ئاگری تێبەردەدرێت، لە 19-7-1948 چەند فڕۆشگایەک دەتەقێنرێتەوە کە خاوەنەکانی جوو بوون. لە 15-11-1948 پۆلیس دەستدەگرێت بەسەر ئۆتۆمبێلێکی جۆری "جێب" و بەهۆی بۆگەنامەکانی ناو ئەو ئۆتۆمبێلەوە 32 کادری گرنگی ڕێکخستنی نهێنی ئیخوان و لۆگۆ چەندین پیلانی تر بۆ کاری تیرۆریستی ئاشکرا دەبن، لەو کاتەدا "حەسەن بەننا" لە حەج دەبێت، بۆیە لۆگۆ گەلانەوەی پۆلیس دەستگیری دەکات بەهۆی تێوەگلانی لەو کارە تیرۆرستیانەوە.

لە 28-12-1948 و لە هەڵەی وەزارەتی ناوخۆی میسر، ئەندامێکی ئیخوان بە بڕگەی ساختەی ئەفسەریەوە، تەقە لە "نەقراشی پاشا"ی سەرکۆزیری میسر دەکات و لە ئەنجامدا دەکوژرێت. لە 13-1-1949 ئەندامێکی ئیخوان بەناوی "شەفیق ئەنەس" لەڕێی جانتایەکی بەمبەوە ژکراوەوە هەوڵی تەقاندنەوەی دادگای دەستپەکردنەوە دەدات، بەڵام سەرکەوتوو نابێت، دواتر تەمەتبار دان بەوەدا دەنێت ئەندامی ئیخوانە و هەوێیداوە دادگاگە بسووتێنێ بە ئامانجی سووتاندنی ئەو بۆگەنامانەی کە لەسەر ئەندامانی ئیخوان لە دادگا بەرز کرابوونەوە.** ئیخوان بەم شێوەیە بەردەوام بوو لە تووندوتیژیی، تەنانەت لە ساڵی 1954 لە شاری "ئەسکەندریە" لە هەوڵێکی شکستخواردووەدا ویستیان "جەمال عەبدولناسر" سەرۆک کۆماری میسر تیرۆر بکەن.

لە قۆناغی دواتر و لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا "سەید قوتب" وەک یەکێک لە سەرکردەکانی ئیخوان، پرسی جیهاد و تەکفیر و تیرۆری ئایینیی دەباتە قۆناغێکی باڵاترەوە، تا ئەو ئەندازەیەی "قوتب" بە باوکی ڕەحمی تەواوی ڕێکخراوە ئیسلامییە جیهادیی و تەکفیریەکانی دنیا دادەنرێت. بەم شێوەیە و لەسەردەستی "سەید قوتب" ئیخوان بووە منداڵدانی دەیان ڕێکخراوی تیرۆرستی کە تا ئێستاش هەڕەشەن بە سەر ئاسایشی جیهان. خۆ ئەگەر ئاوەڕکیش لە مەژوو بدەینەوە، ئەوە هەمیشە ئیخوان کاتێک بەدەستهێنات بووە، باسی لە تولەرانس و

پکخوێی کردووە، بەڵام لەگەڵ پێداکردنی کەمترین دەستکەوت لە بچووکترین رووبەردا هەوڵی پاکتاویی ئاینیی و مەزهەبیی داوە و تووندوتیژییان بەرانبەر بە خەڵکانی دەرەوەی ئیسلام "بەپێی پێناسەی خۆیان" پیادە کردووە.
ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ سەر ئەزموونی حوکمی یەک ساڵەی مورسی لە 2012-2013 سەرەتاکانی ئەم تووندوتیژییە ئاینییە لە هەر لایەکی میسرەوە دەرکەوت بۆتایبەت بەرانبەر قیبتییەکان. "د.نەجیب جبرائیل" راوێژکاری یاسایی کڵێسەی قیبتی، لە سەردەمی حوکمی "مورسی" بەمشوخێیەوە گوزارشتی لە چەوساندنەوەی قیبتییەکان کرد "قیبتییەکان لە سەردەمی مبارەک بە خراپترین شێوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کراوە، بەڵام لە سەردەمی ئێستادا، خەڵتانی خوێن کراون. لە زەمانی رەمانییەکانەوە تا ئێستا قیبتییەکان رووبەڕووی کارەساتی وا نەبوونەتەوە وەک ئەوەی ئێستا رووبەڕووی دەبنەوە". بە کورتی بیگرافی ئیخوان لە ماوەی 85 ساڵی رابردوو، ئەوەی سەلماندووە هەر کات ئەم هێزە ئاینییە دەسەڵاتی هەبووبێ، هیچ کات نەسەمیوەتەوە لە بەکارهێنانی زەبروزەنگ و پیادەکردنی تیرۆری مەعنەوی و بەرجەستە لە بەرانبەر نەیارەکانی.

کەتایی ئیسلامی سیاسیی

ئیسلامی سیاسیی، وەک چەند دەیەی پێشوو ئێستەرناتیڤی رژێمە سیاسییەکانی دنیای ئیسلامی نییە. خۆ ئەگەر قسە لەسەر هەڵبژاردنی میسر و تونس بێت بە دوای بەهاری عەرەبیدا، ئەوە بارودۆخەکە جیاوازە و ئیسلامییەکان توانیوە لە هەڵبژاردنێک سەرکەوتن بەدەستبهێنن کە لە نیوە کەمتری خەڵک بەشداریی تێدا کردووە، لە باشترین حاڵەتدا هێز و جەماوەری ئیسلامی سیاسیی لەو وڵاتانەش کەمتر لە 20%. ئەمە بێ لەوەی لە رووی فیکریی و هەڵسیان هەناوە، بەو پێیەی ناوبانگی ئیسلامی سیاسیی لە دەسەڵاتدا زاوە و ناتوانن شتێک لەوە باشتر پێشکەشی کەمگەڵ بکەن کە تایبان و ئاخوندەکانی ئێران پێشکەشیان کردووە.
هاشم ساڵح، لە خوێندنەوەی کتێبی "جیهاد"ی "جێ کەبە"دا ئاماژە بە ئەوە دەکا: فەندەمێنتالیزم شکستێکی گەورەی هێنا لە چارەسەرکردنی کێشەکانی کەمەڵدا، لەبەر ئەم هۆیەش ئەمە لە ئێستادا چووینەتە قۆناغی پاش فەندەمێنتالیزمەوە.. تێزی سەرەکی لە کتێبەکەی جێ کەبە بەمجۆرەیە: ئەو بزووتنەوە ئیسوایانەی لە ماوەی چارەکە سەدەی رابردووودا لە کەمگەڵ عەرەبی و ئیسلامییەکاندا شوێنپێی خۆیان قایمکرد و سەرکەوتنی جەماوەریی گەورەیان بەدەستهێنا، لە ئێستادا

ئستڕی بختیان لە ئاوابووندایە و بڕەو دواوە دەچنەوە. بەڵام ئاخۆ هەکاری ئەمە چی بێت؟.
هەکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو هاوپەیمانییەی لە نێوان ئەم تۆژە کەمایەتییەندا هەبووە: بڕژوازییەتکی ئیماندار لە شارەکان، لەگەڵ ئەو گەنجانەی بە دەست هەژاریی و نەبوونییەوە دەیانناڵاند. هەروەها ئەو توژڕەش کە لە گەڕەکە میللی و دوورە دەستەکانی شارە گەورەکانی وەکو قاهیرە و جەزائیر و دار بەیزادا دەژیان، ئەمە سەرەڕای خوێندکارانی زانکۆکان کە لە ڕەشنبیرانی بزاوتە ئیسلامییە فەندەمینتالیستەکان بوون.
ئیسلامی سیاسیی وەک ڕەوتێکی کۆنەخواز کە هیچ شەوقێکی تیا نییە بۆ مرۆڤایەتی نەهێ، ناتوانێت وەڵامی داخوازیی و ویستی مرۆڤی هاوچەرخ بداتەوە، بەڵکو بە هەموو شێوەیەک دوژمنایەتی لەگەڵ دەکات، نموونەشمان یەک ساڵ ئەزموونی حوکمڕانیی ئیخوان بوو لە میسر. ئەو ساڵە لە حکومڕانیی ئیخوان نەک هیچ پێشکەوتنێکی بە میسرییەکان دەستبەر نەکرد، بەڵکو دەخێکی هەنایە ئارا، هاووڵاتییانی میسریی تەمەنای رژەمێکی تۆتالیتاریی وەک ئەوەی مبارەک بکێنەوە.
ئەوەی لە ئەزموونی یەک ساڵەی حکومی ئیخواندا بینیمان، شکستی پڕۆژەی ئیسلامی بوو لە دەوڵەتداریدا. تێنانێت وتەزاکەی "میشیل کیلۆ"ی بیر هەناینەوە "سیستەم کراوەکان، واتە سیستەمکانی هەڵەی شایستەی چاککردن، چاکی شایستەی هەڵەکردن، ئەمانە دەژین. سیستەم داخراوەکان واتە هەڵە تیایاندا چاک ناکرێ و چاکیش تیایاندا هەڵە ناکات. ئەمانە دەمرن. بەیە سەیر نییە سیستەمکانی یەکەم وەڵەای گیاندانی زۆر دەژین، بەڵام ئەوانەی دووەم لەکاتێکدا دەمرن کە لەوپەڕی لەشساغیدا خەیان دەنوێنن".

وتەیەک لە کۆتایدا

بمانەوێ و نەمانەوێ، ئیخوان منداڵدانی کەی گروپە ئیسلامییە تیرۆرستییەکانێ. ئیخوان هەزەکە لەو ساتەی دەسەڵاتی نەبە میانەوە، بەڵام لە دەسەڵاتدا لە ئەلقاعیدە دەچێت. جیاوازیی نێوان ئەلقاعیدە و ئیخوان هەندەی جیاوازییەکی تاکتیکییە نیو هەندە ستراتیجی نییە. بەیە بیاری بە تیرۆرست ناساندنی ئیخوان بیارێک نییە وەک هەندێک دەڵێن سوپرایزە و نامەیە بە کولتووری دیموکراسیی!! لە کاتێکدا پرسیار ئەوەیە ئایا دیموکراتی شۆنی گروپی توندئاژە و دایناموی تیرۆری تەدا دەبێتەوە؟.
ڕەنگە خەتای ئیخوان لەوەدا نەبە دواجار هەزەکە توندوتیژ، چوونکە هەر کات دین کرایە بزووتنەوەیەکی سیاسیی هەر ئەوەی لێدەردەچێت.

“د.عەبدولڕەحمان شاکر” دەڵێت “هیچ ئایینێک نییە قسە لەسەر پاوانکردنی هەقیقەت نەکات و ئایینەکانی تر بە هەڵە یان لە خۆی بە کەمتر نەزانێ. هیچ ئایینێک نییە لە دنیادا دیموکراتخواز بێت و ڕێزی جیاوازیی و یەکسانی و ئازادیی هەمووان وەک یەک بگرێت. هیچ ئایینێک نییە، جیهان ڕادەستی پیاوانی ئایینی نەکات یان گروهێک بەرهەم نەهێنێت کە خۆیان بە نوێنەری خواوەند نەزانن و لەسەر بنەمای ئەم نوێنەرایەتییە گریمانکراوەش حوکم بەسەر ئازادیی و ژیان و بوونی کەسانی تردا نەدەن”. لەم سەنگەوە دەتوانم بڵێم، ئیخوان ناتوانێت پەرجوو بخوێنێت و لایەک داوای حکوومەتی خەلافەت بکات و لایەکی تر بتوانێ ڕێز لە مافی هەمووان بە یەکسانی بگرێ. ئەو دووشتە هەرگیز پێکەوە کۆناکرێنەوە.

*فەرید ئەسەسەرد “سەید قوتب و تیۆری تەکفیری کۆمەڵ و دەوڵەت”. چاپی سێیەم، سلێمانی 2002.
**نەبەز تالیب “مەشکە بە مینچێنراوەکان”. چاپی یەکەم، سلێمانی 2008. لاپەڕە 403-404.

فەڕەنسا – مارسیلیا

تێبینی: ئەم وتارە چاپتاری دووەمە لە کتێبی “داعش لوتکەی تیرۆریزمی ئیسلامی” کە لە مانگی ئایاری 2015 بە چاپی کاغەز کەوتووەتە بەر دیدی خوێنەران

1-1-2014

هەڵە ڕێزمانییەکانی قورئان … وەرگێڕانی مەحمود عەبدوڵا

لەوەتامی ئەوانەدا کەدەڵێن قورئان پەرجوو کەس ناتوانێت کتێبکی ئاوا بنوسێت، یا بڵێت.
زۆربەی موسڵمانان دیعایەی ئەوەدەکەن، کە ئەوقورئانەی ئێستا هەمان ئەو قورئانەیە کە لەسەرزمانی محمد خوێندراوەتەوە.
مەلاکان هەنگاوێک زیاتر دەڕۆن و دەڵێن:”هیچ کەس ناتوانێت تەنانەت سورەتێکی وەک قورئان بنوسێت.”

زربەی خۆکی سادەش باوەڕیان بەو پەیوپاگەندەیی مەلاکان کردووە.وە وا بیردەکەنەوە کە تەنانەت هیچ عەرەب زمانەکیش ناتوانێت دەقی وەک دەقی قورئان بنوسێت،تائێستا نەبینەدراوە و نەبیستراوە کەسێک بتوانێت لە پێکهاتەی یەک زماندا شتێک بنوسێت کە کەس نەتوانێت تەنانەت هەستی هاوشێوەی ئەو بنوسێت.ئەو دیعایە غەریبە لە فەتە فەت و هەڵیت وپڵیت زیاتر نیە.زیاتر پشت ئەستورە بە نەبونی توانای زاڵبونی خۆک بەسەر زمانی عەرەبیدا.
هەر عەرەب زمانێک"ئاگادار بە انصاف بێت و جورئەتیشی هەبێت"زۆر بەسادەیی دەتوانێت باشتر لەقورئان بنوسێت .بەڵام ئەوقورئانەی کە بە معجیزەی دەزانن، دەبێت لانیکەم لەوەی گرامەر ونحو بە کەم کوێی و هەڵەبێت.خۆ ئاگادار لەقورئاندا هەڵەی نحو هەبێت ناچار دەبێت دوگریمان لەبەرچاوبگرین:
یاخود ئەو هەڵانە لەلایەن خوداو پێغەمبەر کراون،کەئەوەش تەواوی ئیسلام دەخاتە ژێر پرسیارەوە.چونکە ئەوکات ئەوپرسیارە دێتە کایەوە کە ئەوە چ خوداێکە کە توانای زاڵبونی بەسەرزمانی عەرەبیدا نییە؟گریمانی دووەم ئەوەیە کە موسڵمانان قبوڵی بکەن کە نوسەرانی قورئان هەڵەیانکردووە و قورئان کتێبکی تەحریفکراوە .ئاشکرایە کە موسڵمانان گریمانی دووەم لەبەرچاو دەگرن.بەڵام دیسان ئەوپرسیارە دێتە پێشەوە کە چۆن دەتوانرێت کتێبکی پڕلەهەڵەی زمانی "هەبێت لەوەی ناوەڕۆکی ئەدەبی و دەوڵەمەندی کارساتە تەنانەت لەزەرجەگا نازانرێ باسی چی دەکات" وەک معجیزە لەقەڵەم بدرێت و کەس نەتوانێت کتێبی ئاوابنێت.ئەودیعایەی مەلا و مسڵمانانی دەمارگیر بەجگە لە جەهل و نەزانی خۆکی ساویلکە پشت ئەستور نیە بەهیچ شتێکیتر.خۆکانەکی ساویلکە کە بە لەکەینەوە شت وەردەگرن .
با ئێستا ئاماژە بەهەڵەکانی قورئان بکەین

هەڵەی یەکەم

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَالَّذِينَ هَادُواْ وَالصَّابِؤُونَ وَالنَّصَارَى مَنْ آمَنَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وعَمِلَ صَالِحًا فَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿ سوره 5 – آیه ٦٩ ﴾

لەو ئایەتەی سەرەوەدا هەڵەیەک هەیە وشەی " الصَّابِؤُونَ"هەڵەیە و لەدوو ئایەتی خوارەوەدا وشە ەاستەکە نوسراوە.

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَالَّذِينَ هَادُواْ وَالنَّصَارَى

وَالصَّابِئِينَ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَعَمِلَ صَالِحًا فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ (سوره۲ – آیه ۶۲)

انَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَادُوا وَالصَّابِئِينَ وَالنَّصَارَى وَالْمَجُوسَ وَالَّذِينَ أَشْرَكُوا إِنَّ اللَّهَ يَفْصِلُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ (سوره ۲۲- آیه ۱۷)

لەو دوحاڵەتەدا (وَالصَّابِئِينَ و وَالصَّابِؤُونَ) تەنها دەتوانرێت یەکێکیان هەڵبژێرێت. هەروەها دیقەت بدەن ناوەڕۆکی ئەو دوو ئایەتە کتو مت وەک یەک و دوبارەیە.

هەڵەی دووەم

لَّكِنِ الرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ مِنْهُمْ وَالْمُؤْمِنُونَ يُؤْمِنُونَ بِمَا أُنزِلَ
إِلَيكَ وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ وَالْمُقِيمِينَ الصَّلاَةَ وَالْمُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَالْمُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ أُوْلَـئِكَ سَنُؤْتِيهِمْ أَجْرًا عَظِيمًا (سورە ٤- آیه ١٦٢)

وشەی وَالْمُقِيمِينَ دەبێت بگۆڕێت بە والمقیمون وەک باقی وشەکانی تری ئەم ئایەتە وەک " الْمُؤْتُونَ و …" ئەو وشانە دروستن، بەڵام المقیمین هەڵەیە.

هەڵەی سیەم:

قَالُوا إِنْ هَذَانِ لَسَاحِرَانِ يُرِيدَانِ أَن يُخْرِجَاكُم مِّنْ أَرْضِكُم بِسِحْرِهِمَا وَيَذْهَبَا بِطَرِيقَتِكُمُ الْمُثْلَى (سوره ۲۰ – آیه ٤٣

کەلیمەی هذان هەڵەیە و دەبێت منصوب بێت.

هەڵەی چوارەم

لَّيْسَ الْبِرَّ أَن تُوَلُّواْ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَالْمَلآئِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ وَآتَى الْمَالَ عَلَى حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى

وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّآئِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ وَأَقَامَ الصَّلاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُواْ وَالصَّابِرِينَ فِي الْبَأْسَاء والضَّرَّاء وَحِينَ الْبَأْسِ أُولَئِكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ (سوره ۲- آیه ۱۷۷)

لەم ئایەتەی سەرەوەدا پێنج هەڵەی ڕێزمانی هەیە.. چوار لەفیعلەکان لەوەی زەمانیەوە هەڵەن، چونکە هەستەکە بە وشەی تُوَلُّواْ دەستپێدەکات،که لەوەی کاتەوە بە ئێستایە، بەڵام چوارەکەی تر بە ڕابردووە.
هەڵەی پێنجەم صابرین -که دەبێت صابرون -بێت

هەڵەی پێنجەم:

إِنَّ مَثَلَ عِيسَى عِندَ اللّهِ كَمَثَلِ آدَمَ خَلَقَهُ مِن تُرَابٍ ثِمَّ قَالَ لَهُ كُن فَيَكُونُ (سورە۳- آیه ۵۹)
وشەی یکون دەبێت کان بێت، تا لەگەڵ حال- ی فیعلی ماضی بگونجێت.

هەڵەی شەشەم

لاَ هِيَةً قُلُوبُهُمْ وَأَسَرُّواْ النَّجْوَى الَّذِينَ ظَلَمُواْ هَلْ هَذَا إِلاَّ بَشَرٌ مِّثْلُكُمم أَفَتَأْتُونَ السِّحْرَ وَأَنتُمْ تُبْصِرُونَ (سوره ۲۱- آیه ۳
وشەی -وَأَسَرُّواْ – هەڵەیە چونکە فاعل هەستەکە "مذکر" لەبەرئەوە دەبێت ئەو" فعل-"ە بە کەسی سێیەمی تاک بێت. لەو ئایەتەدا فعل بەشەوەی جمع هاتوە.

هەڵە ی حەوتەم

هَذَانِ خَصْمَانِ اخْتَصَمُوا فِي رَبِّهِمْ فَالَّذِينَ كَفَرُوا قُطِّعَتْ لَهُمْ ثِيَابٌ مِّن نَّارٍ يُصَبُّ مِن فَوْقِ رُؤُوسِهِمُ الْحَمِيمُ (سوره ۲۲- آیه ۱۹)

اخْتَصَمُوا هەڵەیە چونکە فاعل دو کەسن لە عربیدا فعل بە دوکەس لەگەڵ جمع جیاوازی هەیە.

هەڵەی هەشتەم

وَإِن طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا

فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا فَإِن بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الأُخْرَى فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّى تَفِيءَ إِلَى أَمْرِ اللَّهِ فَإِن فَاءتْ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ.

وێک خاڵی حەوتەم ، وشە اقْتَتَلُوا هەڵە

هەڵەی نۆیەم

وَأَنفِقُوا مِن مَّا رَزَقْنَاكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ فَيَقُولَ رَبِّ لَوْلاَ أَخَّرْتَنِي إِلَى أَجَلٍ قَرِيبٍ فَأَصَّدَّقَ وَأَكُن مِّنَ الصَّالِحِينَ. (سورە ٤٣- آیە ١٠
)
وشەی" وَأَكُن " هەڵەیە و دەبێت وێک فعلی َأَصَّدَّقَ واتا وێک فعلی پێش صرف بێت.

هەڵەی دەیەم

وَالسَّمَاء وَمَا بَنَاهَا (سورە ٩١- آیە ٥
وشەی" وَمَا " هەڵەیە چونکە فاعل خدا یە و نە کەسیتر.

هەڵەی یازدەهەم:

ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاء وَهِيَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلأَرْضِ ائْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ (سورە ٤١- آیە ١١)

ئاسمان و زەوی لە زمانی عەرەبیدا مێینن،لەبەرئەوە فعل قَالَتَا هاستە بەکام وشەی طَائِعِينَ هەڵەیە چونکە مفرەد و" مذکر "ە
هەڵەی دوازدەهەم:

وَلاَ تُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ بَعْدَ إِصْلاَحِهَا وَادْعُوهُ خَوْفًا وَطَمَعًا إِنَّ رَحْمَتَ اللَّهِ قَرِيبٌ مِّنَ الْمُحْسِنِينَ (سورە ٧- ایە ٥٦

رَحْمَتَ لە عربیدا مونث – ە و لەبەرئەوە وشەی قَرِيبٌ دەبێت شکەی مونث ی هەبێت واتا قریبە .

هەڵەی سێزدەیەم

وَقَطَّعْنَاهُمُ اثْنَتَيْ عَشْرَةَ أَسْبَاطًا...(سوره ۷- آیه ۱٦۰)

لەجێگای أَسْبَاطًا دەبێت سبطان بێت . دوازده قبیله، لە عەرەبیدا دەبێتە مفرد، چونکە ناوێک کە لەدەباتربێت بە بێ شێوەی مفرد دێت. ئەو قاعیدەیە لەو ئایەتەی خوارەوە دەبیندرێت (ثَلَاثِینَ لَیلَە)

سەرچاوە سایت تریبون زمانە

وەرگێڕانی
مەحمود عەبدوڵا

دەرکەوتنی" بەیـــــان"لە وەرزی خەزانی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا … هەمەر نەریاوی

لە قۆناخێکی هەرە ناسک و هەستیاری مێژوودا کە ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ڕۆژهەڵات لە حاڵی گیان کەندایە و تەنە نووزەیەکی لەو بەرگوێ دەکەوێت و بەشی فرەی بە ڕەشکردنەوەی هووپەلی پاکژەوە مژوڵە یان نایەوێت یانژی ناوەڕێت خۆ لە قەڕەی پرسە چارەنووسساز و هەستیارەکانی کەمەگۆ بدات و کەمتر بەڕاقەکێکت پێ شک دێت خودانی دەستێکی نووسەرانی کارامە و لێزان و پێشەیی و پڕفشنالی بواری ڕۆژنامەگەری بێت،لە دەرچوونی ژمارەیەک ڕۆژنامە و گۆڤار لەڕە و لەوێ،هەندێک تەمەکە دەڕەوێنەتەوە و تەوی هیوا لە دڵاندا دەچێنێت. گۆڤاری "بەیان"، یەک لەو گۆڤارانە دێتە ئەژمار کە خێی بە گۆڤارێکی فەرهەنگی،کەمەایەتی ناودەر دەکات کە بە دوو زمانی کوردی-فارسی هەر دوو مانگ،جارێک چاپ و بڵاو دەبێتەوە. ئەم گۆڤارە، بە هەمان ڕێچکە و ڕێبازێکی "سروە"ی ئازیز و یادگاردا دەچێت و دەستێی نووسەرانی دەیەوێت بە هەمان بین و هەناسەوە لە پەناو درژدان بە خەباتی ڕۆژنامەگەریی کوردی کار بکات و خزمەت و ئاژێی چاند و کولتووری کوردی بکات.

خودان ئیمتیاز و بەرپرسی گۆڤارەکە، دوکتۆر "ئیسماعیل مستەفازادە"، زانستوارەکی گەلپەروەرە کە بە هاریکاریی و هەوڵ و خەبات و خەمخۆریی کەمێنە مرۆیەکی نیشتمانپەروەر، گۆڤارەکە چاپ و بڵاو دەکاتەوە و لە باری ماددییشەوە ئەوە تەنیا مرۆ دەسزە گەلپەروەرکانن کە پاڵپشتی دەکەن و لە هیچ ئالی و لایەنێکی فەرمییەوە یارمەتی دراوی وەرناگرێت.
بەیان، گۆڤارێکی سەربەخۆ و بێلایەنە و ئێستا پێی ناوەتە ساڵی سێیەمی تەمەنەوە و هەتا هەنووکەیش، 12ژمارەی لە چاپ و بڵاو بۆتەوە. ژمارەی یەکەمی ئەم گۆڤارە، مانگی گەلاوێژانی ساڵی 1397ی هەتاوی(2018) بڵاو بۆتەوە.
گۆڤارەکە، لە چاو ئەزموونی دوور و درێژی ڕۆژنامەگەریی کوردی، هەشتا لە قۆناخی دەستپێکدایە و بە گۆڤارێکی تازە و ساوا دادەنرێت و پێویستی بە پێنووس و خامەی بەپێزی گشت ڕووناکبیرێکی پێڕشی چاند و فەرهەنگی کوردی هەیە.
بەیان، هەوە دەدات بە بە جیاوازی، خزمەتی گشت زاراوە سەرکیەکانی زمانی کوردی بکات و ئەمەیشی لە ماوەی سێ ساڵ کارکردنەدا سەلماندووە. بەڵام پێویستە ئەم پرسە بەوپەڕی وشیاریەوە جێبەجێ بکرێت و ئەرکەکە بخرێتە ئەستۆی کەسانی شارەزا و پسپۆڕ و وەک دەرفەتێک سەیر بکرێت نەک چێکردنی کەند و لەند و تێکدان و شێواندنی زمانی پاکژ و زەنگین و دەوڵەمەندی کوردی.
نوێترین ژمارەی بەیان، ژمارە 12، مانگی خەرمانانی 1399ی هەتاوی(سێپتەمبەری 2020)چاپ و بڵاو بۆتەوە. ئەم ژمارەیەی بەیان، ئاوەڵ لە مۆسیقای کوردی لە هەر هەموو پار و بەشکانی کوردستان دەداتەوە و کەمێنە بابەتێکی دەوڵەمەند و ڕەنگاڕەنگیی لە خۆ دەگرێت. شیاوی ئاماژەپێدانە کە بەیان لە شاری پێشەوای کوردان و قوڵای مەردان، مەهاباد، دەردەچێت و لە هەر هەموو ستان و پارێزگە کوردنشینەکانیشدا بڵاو دەبێتەوە.
بەیان، یەک لەو دەگمەن بڵاۆک و گۆڤارە کوردییانەیە کە جیهانی زارەکانی لە بیر نەکردووە و هەر جارە و پاشکۆیەک بە ناوی "گە و گایی نوە" بە منداڵان بڵاو دەکاتەوە و تا ئێستا 12 پاشکۆی بە منداڵی کورد بڵاو کردۆتەوە. پەروەردەکردنی منداڵی کورد لەسەر دوو بنەمای هەرە گرینگی زمان و چاندی کوردی، یەک لە مەبەستە سەرکیەکانی دەرکردنی ئەم پاشکۆیە دێتە ئەژمار.
بەیان، ئەگەر دەیەوێت ژمارە لە دوای ژمارە زێتر پێش بکەوێت، پێویستە لە بن چاودێری دەستێکی نووسەرانی کارامە و خودان ئەزموونی بواری ڕۆژنامەگەرییدا دەربچێت و هەرگیز خۆی پاتە نەکاتەوە و بەردەوام کاژ فڕە بدات. ژیرانە دەست بە پرسە

هەستیارەکان ببات و دەوری چرایەکی گڕش بۆ سبەی ببینێت؛ ئەگینا ئەمیش زۆر زوو گیردەی پەتا گشتییەکە دەبێت و پاش ماوەیەکیش، تەنیا ناوێکی ووکڕشی لێوە دەمێنێتەوە.
جێی خۆیەتی هەر لێرەوە دەستخۆشی لە سەرپاک ستاف و دەستەی نووسەرانی بڵیان بکەم و دادەیەکی دڕوشاوەیان بۆ بە ئاوات بخوازم.
لە ژمارە 12ی بڵیاندا بابەتێکی توێژینەوەیی نووسەری ئەم دێڕانە لەسەر هونەرمەند ئیسماعیل سابوور لە بن سەردێڕی"سروەی دەنگێک و غوربەتی ناخێک" بخوێنەوە.

مەرگنامەی فەلسەفەی ستۆیسیزم (ڕواقی) لە ساتەوەختی پەتادا … ئازاد حەمە – بەشی 19

ترس لە مەرگ نابێ نە فەلسەفە دەبوو نە ئاین
شۆپنهاوەر Schopenhauer

پێشکەش: لەبەرایی ئەم بەشە هەما بۆ ئەوە دەگەڕێن، بۆ شرۆڤەکردنە قایلیین کە پێوایە فەلسەفە لە گشت سەردەمەکانا پێویستیبووە. هەر فەلسەفە ڕەگایەکیشبووە بۆ گەیشتن بە چارەسەری کێشە سەرەکییە ڕۆژانەیەکانی مرۆڤ و بەرچاووونی بەم مرۆڤش تا ئەو جێگایە داوە کە ناهەمواریەکان تەدەپڕن. ڕاستە فەیلەسوفەکان لە بەری پێشەوەی پەتای کۆڤید-19 نیین، لە جەرگە ڕەوتەکیان هەیە کە دەکارن بیگڕن. لە هەموو دەخەکدا فەلسەفە شتێکی بە وتن هەیە، لەم سەاتەوەختە پەتایەوە فەلسەفەی ستۆیسیزم (ڕواقی) Stoicism گونجاوترین شتە. هەر زووش سێنەکا Senecaی گۆرە بیریاری ڕۆمانی و یەکێک لە ڕابەرانی فەلسەفەی ستۆیسیزم ئەوەی بە گوماناچرپاندووە کە ناشێت سەبارەت بە شتگەلێك ڕابەین سەروی توانا و ویستی ئەمە بێت. داوا لە خواوەندیش دەکات ئارامیی پێببەخشێت، بوێری پێبدات بە گۆڕینی ئەوەی لە توانایدا نییە، دانایش تا بکارێت شتەکان لێکدێبکاتەوە. ئەوەش بە ئەوەی ئەو شتانە پەسەندبکات توانای

گەینیانی نییە.
زۆربەی بیریاران وایدەبینن، فەلسەفەی ستۆیسیزم لەناو زانینگا فەلسەفییەکانا تاکە فەرگەیە مرۆڤکان ئادەهنەت لەسەر هووبەووبوونەوەی هەستی خراپ و لاواز، لەسەر سنوردانان بە ترس لەکاتی تەنگژەکانا. لەم حاڵەتەی ئێستادا، کە پەتای کۆرۆنا داگیریکردوویەن، ترسەکان ئاقاریان لەبووتەوە، گەڕانەوە بە خوەندنەوەی تەکستی فەلسەفی و بەتایبەت فەلسەفەی ستۆیسیزم (و فەلسەفەی ئێپیکۆریزم Epicureanism) لە هەڵکشاندایە. سەرباری ئەوە، زانینەکانی فەلسەفەی ستۆیسیزم لە مێژووی فەلسەفە هەمیشە جێی تەئامان بوونە و بەشەکیش لە بزاڤ و ئاقارە فەلسەفییەکانی ڕۆژئاوا خۆیان لە پەنای ئەم فەلسەفەیەدا مەئاسداوە و پەیتا پەیتا دید و ڕوانینیان لەوەڕزکردووە.
لەم بەشە جگەلەوەی مانای فەلسەفەی ستۆیسیزم بە هووبەووبوونەوەی ئێش، ناساغی و مەرگ بەکورتی بڕباسدەخەین، کە ئەوەش وەنەبێکمان لەسەر ئەم فەلسەفەیە پێدەبەخشێت کە هەڵگری جۆرە بنەمایەکی فەلسەفی تایبەتە، ئاوەڵکی خەراش لە "تەئامانەکان"ی مارکەس ئۆرلیەس Marcus Aurelius دەدەینەوە، کە تاکە ئیمپراتۆر و فەیلەسوفە لە شارستانی ڕۆمانی و ئۆرووپایی. مارکەس ئۆرلیەس ئەو تاکە سیاسییەیە کە فەیلەسوفی شاریشە. ئەو جۆرە کەسێیە پێشتر ئەفلاتون لە دیالۆگی"کەمار" پێیوتوین: کارگەڕی سیاسیانەی شار پێویستە بدەست فەیلەسوفەوە بێت. ئەوەی ئێمە لەم بەشەدا گۆڕکمانە قسەهێنانەئارایە لەبارەی مانای فەلسەفەی ستۆیسیزم لە ساتەوەختی پەتای کۆرۆنا، کە لەنەو ڕوناکبیر و هزرڤانانی جیهان گرنگی بە گەڕایەوە (لە ڕاستیدا ئەو گەڕانەوەیە بە فەلسەفەی ئێپیکۆریزمیش بوو، کە سەرچاوە لە دیدگا فەلسەفییەکانی ئێپیکۆر Epicurus ڕوە هەڵدەگرێت). هەر لەم بەشەشدا بەڵای باسی ترس لە مەرگ تەدەپڕێین کە دروستکەری خەمۆکییە و یەکەکیشە لە جۆرە دیارکانی ترس. فەلسەفە کە وتنی خۆی لەبارەی ترس لە مەرگ هەیە لە ئاستێك ئەو وتنە بە ڕەواندنەوەی ترسەکە دەخەینەگەڕ کە مەرگنامەی فەلسەفەی ستۆیسیزم لەخەبگرێت.

فەلسەفەی ڕواقی (ستۆیسیزم) هەڵگری چ بنەمایەکی فەلسەفییە؟

فەلسەفەی ستۆیسیزم لە سەدەی سێی پێش زایین هاتەکایەوە و پێنج سەدە بەردەوام بووە. ئەم پێنج سەدەیە بەم جۆرە بووە: سێ سەدە لە کۆتای سەدەکانی پێش زایین لە یۆنانی کۆن و دوو سەدەکەی تر لەناو شارستانی ڕۆمانی ،کە سەدە زایینەکانن، پەڕەی بەخەیداوە. دواتر لە

سەدەی پێنجی زایین لە شارستانی ڕۆمانی، کە شوێنی نیشونمای فەلسەفەی ڕواقی بووە، فەرگە فەلسەفییە ڕواقییەکان لەم شارستانیە بەرەو داماننشتوون، ئەمش دوای گشەی تووندی تۆوزمی مەسیحایی کە لەو دەمەدا ئەم تۆوزمە لەتك بیری بیراری ڕواقییەکان یەکینەگرتوتوە.

فەلسەفەی ستۆیسیزم، کە لەژەرکاریگەریی زانینەکانی زێنۆنی ڕواقی Zeno of Citium، پاش ئاریستۆ ،لە ژینگەیەکی ئەسینای، هاتەکایەوە تا دوای ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی یۆنانیش، واتە پاش زایین، بە چەند سەدەیەك هەر بەردەوام بووە. ئەبەتە گشە و داماننی ئەم فەلسەفییە پێیوندیەکی زۆری بە هەل و مەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو دەمەی یۆنانەوە هەبووە: بەاوبوونەوەی جەنگ، ناساغی، هەژاری و ناهەمواری. شایانی زانینە، شارستانی یان چاخی هەلەنیستی Hellenistic Age لەگەڵ مەرگی ئەلەکسەندەری گەورە دەستپەدەکات، 323 پێش زاین، و لەگەڵ هەرشی ڕۆمانی بەسەر یۆنان کۆتایەدێت و لەوێوە چاخێکی تر بەناوی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی سەرهەڵدەدات. مەبەست چاخی هەلەنیستی لەدوروخولی 323 ی پێش زایین تا پێش دەرکەوتنی زایین بە نیو سەدە بەردەوامدەبێت. بەمە ئەم شارستانیە کاتەك ئاوادەبێت کە یۆنانی کێن لەناو ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی دا دەتوێتەوە، کە ئاوێش دەکاتە 146 پێش زایین، واتە دوای داگیرکردنی یۆنان لەلایەن ڕۆمانکانەوە. شایانی باسە، شارستانی هەلەنیستی کە دەوەڵمەند و ناسراو بووە تایبەتمەندی شارستانی خێی هەبووە و خێشی تەنیا لەناو یۆنان گەمارۆنەداوە و هەوڵی چوونەناویەکدیشی لەتەك کولتووریکانی تر داوە و ، قۆناغی داگیرکاری یۆنانیش لە ئاسیا و ئافریقا و ئاوروپا هەر لەڕەوە دەستپێکردووە. لەم ساتەوە کولتووری پووختی یۆنانی ووردە ووردە بەرەو نەمان دەچێت و بە کولتووری بگانە تێکەدەبێت. بەمجۆرە لەم قۆناغەدا کولتووری یۆنانی لە دۆڕاوی یۆنان بەاودەبێتەوە و کاریگەری ئەم کولتوورە سنوری یۆنانی تێدەپەڕێنێت. ئەمش بەردەوام دەبێت تا دەرکەوتنی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی. لەو دەمەدا جگەلەوەی پەرەسەندنی هزری لەبواری زانست (بیرکاری، فەلەکناسی، فیزیا) و هونەرە جوانەکان شوێنپێدیاردەبێت خەرمانەی فەلسەفیش دەگاتە ئاستێکی بەرز. هەر لەم قۆناغەدا، لە چاخی هەلەنیستیدا، هەندێك ڕەوتی فەلسەفی (ستۆیسیزم، ئەپیکۆریزم، سینیزم Cynicism) سەرهەڵدەدەن کە تائێستاش کاریگەریان لەسەر فەلسەفەی جیهان بەسلامینەوە دیارە.

فەلسەفەی ڕواقی (ستۆیسیزم) ڕەوتێکی فەلسەفیی بووە بە بایەخدان بە عەقڵ وەك شتە سەرەکیەکەی ژیانی بوونی مرۆڤ. باوەڕی سەرەکی ئەم

فەلسەفەیە خەی لەوەتا پووختدەکاتەوە کە خەشی مرۆڤکان ئەو دەمە دەستپەدەکات باوەڕ بوون بەنن کە رووداوەکان لە دەرەوەی توانای ئەوانە و ئەوەش کە لە سروشت دا هەیە بەهەی عەقڵەوە پەیدەگەین. مرۆڤ بەپەی ئەم فەلسەفەیە پەویستە لە هارمەنیدا بێت لەتەك سروشت، چونکە ئەوە عەقڵە دادوەری بەسەر سروشتی مرۆڤەوە دەکات و خواوەندیش لەناو ئەم جیهانەدایە کە ئەمەی تەنیوەتەوە و عەقیش کار لەسەر جیهانەکەمان دەکات. خواوەند لەناو جیهانی ئەمەدایە. جیهانی ئەمە لە دەرەوەی ئەم خواوەندە نییە. بەم جۆرە بێت بەختەوەری لای فەیلەسوفکانی ئەم فۆرگە فەلسەفییە (ئەپیکتێتەس، سەنەکا، مارکەس ئۆرلیەس و ..هتد) دوا ئامانج نییە، تەقڵایەکە بە گەیشتن بە ڕاستی. بەپەی تێگەیشتنە فەلسەفییەکانی ئەم فۆرگە فەلسەفییە، بەتایبەت زێنۆنی سیتەمی Zeno of Citium ، (کە دامەزرێنەری فەلسەفەی ستەیسیزمە، لە 334 ی پەش زاین هاتەدونیا و هاوڕاتیەکی فینیقی بووە و دواتر بۆتە ئەسینا کەچیکردووە و لەوێ فەلسەفەیکردووە) مرۆڤی باش ناشێت بکەوێتە ژێرکاریگەری هەڕچوونەکانی و شەیدای چرکە خۆشکانی بێت. کەنترۆکردنی سۆز و هەڕچوونەکان دەمانگەیەنێتە زانین. فەلسەفەش لەسەر دەستی ئەم بیریارە، زێنۆنی سیتەمی، بۆتە مەشقکردن لەسەر ژیان دەچێت. لەبەرەوە فەلسەفە بەشێوەیەک خەی نمایشدەکات کە خەشی نییە، هەڵبژاردنی شێوازێکە بۆ ژیانکردن. هاوکات دورکەوتنەوە لە ترس، لە ئازار و لە بەدەستهێنانی چێژ بەشێکە لە فەربوونە فەلسەفییەکانی ئەم هێوتە فەلسەفییە. ئەوەش کە فەیلەسوفە ڕواقییەکان ڕەمانییەکان پاکەوشتی دەکەن بە بناغە بە بەختەوەری. لە دیدی ئەم فەلسەفەیەوە مرۆڤ بەئەوەی بگات بە پاکەوشتی (فەزیلەت Virtue) ، کە باشە بەرهەمدەهێنێت، ئەم مرۆڤە پەویستی بەوەیە خەی لە ترس، بەغیلی، ئۆفینەکی شتانە بەدووربگرێت. هەرچی چێژ، تەندروستی و دەوڵەمەندیشە، ئەبەتە، بەو مەرجە باشە پەکدەهێنن کە پاکەوشتی بکارێت بەکاریبهێنێت. پاکەوشتی پێش ئەوەی پەیوەندی بە مرۆڤەوە بێت ویستی یەزدانە (ستەسیزم). مرۆڤی باش ئەو مرۆڤەیە هەڵسوکەوتکانی باشە نەك قسەکانی.

بەواتایەکی دی، بەچوونەکانی بیرمەندانی ستەیسیزمی ڕەمانی هەهەندی فەلسەفی خەیان هەیە: ئەوەتا سەنەکا دەڵێت: جۆغت لەوەمەکە نیتە، بەختەوەربە بەوەی هەتە یان گەیشتن بە هەگری ئاماژەیە لەسەر سەرکەوتن، بوونیش بە مرۆڤی پاکەوشت مەرجە ببێتە ئامانج بە مرۆڤکان بەپەی مارکەس ئۆرلیەس. لەبەرەوە بەو تێگەیشتنە فەلسەفییە ئاشنادەبین کە، زانینەکانمان سەبارەت بە جیهان، پێگەی ئەمە لەو جیهانە، لە ئاگامەندیماندا بەشێوەیەك بەرجەستەدەکەن کە پەی بە

بوونی خەمان بڕین. ئۆش بەمەرجێک ئەو پێپەبردنە لە پشەواوی و پشەکاوی بەدەربەت. بۆ؟ چونکە دانا ڕواقیەکان خەیان و خەکیشیان لەسەر خەاگری و ڕووبەووبوونەوەی ئەش، ناساغی و بەناسروشتییەکان ڕادەهێنا. نەک هەر ئەوە بگرە بەپێی بینینی ئەم فەرگەیە بەدەستنەهێنانی چێژ و خۆشیەکان وادەکەن مرۆڤەکان ئازار بچێژن و ئۆش دووچاری خەمەکییان دەکات کە لای خوارەوە دەینووسەری.

پێگەی فەلسەفەی ستۆیسیزم لە بەرەنگاربوونەوەی ئەش، ناساغی و مەرگ

لە فەلسەفەی ستۆیسیزمەوە فەری ئەوە دەبین، خەدابان لە جیهانی دەرەکی چارەسەرە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەش، خەمەکی و پشەوی. ئەمە وادەکات بەختەوەری بۆ جیهانی دەرەکییەوە نەبەستێتەوە. گرێدانەوەی تەندروستی، خۆشویستی و پلەوپایە بۆ بەختەوەرییەوە وادەکات بەختەوەری پابەندی جیهانی دەرەکی مرۆڤ بێت نەک خودی کەسەکان. هیچ گەرانەکیش بێتەسەر ئەو جیهانە کاردانەوەی لەسەر بەختەوەری دانەنێت. کۆشەکە لەرەوە دەستپێدەکات کە فاکتەری دەرەکی بەختەوەری دیاریدەکات نەک شتەکی تر. بەپێی بۆچوونی فەلسەفەی ستۆیسیزم ئەمە دەسەاتمان بەسەر ئەو فاکتەرانەوە، جیهانی دەرەکییەوە، نییە. هەژاری، ناساغی، ئەش، ئاوارەیی، جیابوونەوە یان خیانەتی خەزانی و زۆر شتی تر دەکرێت ڕووبدەن و سەرلەبەری بەختەوەری مرۆڤ تێکدەن، لە ناشێت پەمانوابێت دەکارین ئاقاری شتەکانی دەرەوەی خەمان بگەیەن. ئێپیکتێتەس Epictetus ، کە لە سەدەی یەکی زایین ژیاوە و یەکێکە لە بیرمەندە دیارەکانی فەلسەفەی ڕواقیی یەنانی- ڕۆمانی، پێیوابووە ئەوەی پاڵپشتی بەختەوەری مرۆڤەکات ڕەحە (ناخە) نەک شتە دەرەکییەکان. هاوکات ڕاشکاوانە فەری ئەوەشمان دەکات تەنیا سەبارەت بەو شتانە ڕاڕابین لە چوارچێوەی قەاستانی (دەسەاتی) خەمان دەتەروودان. ئۆش کە ڕووداوەکانە. ئازار دێت، چونکە هەیە. ئازار گرنگە، بەڵام زاڵبوون بەسەر ئازار گرنگترە. پەتا کە بەاودبێتەوە یان جەنگ کە هەڵدەگیرسێت لە دەرەوەی ویست و تواناکانی ئەمەوەیە، بەڵێ خەپارەزی لە پەتاکە یان جەنگەکە گرنگە. لافاوێک، بورکانێک، هەرەسەکی بەفر هەموو ئەمانە لە دەرەوەی دەسەاتی ئەمە دەنە ڕووداوەکانە. بەڵام ئەمەش خۆدەربازکردنە لێیان. بەڵێ سەرەکیترین تەوەرەی فەلسەفەی ناوبراو ئەوەیە کە مرۆڤەکان بەوە قایلبن بەبەدیدەکەن. لەبەرئەوەی تەندروستی و بەختەوەریمان پێیوەندی بە خودی خەمانەوەیە ئەمە وادەکات هەموو ڕووبەووبوونەوەیەکی خەم و

پژارەیی سەرئێشەمان بۆ دروستبکات. بۆدییەکان بۆ بۆچونی ئەم فەلسەفەیە شتێکی ناوەکییە و لە بیرکردنەوەماندا ئامادەیە. بیرکردنەوەمان وایدەبینێت ئەمە هەژارین و پێویستمان بە سامانێکی زۆرترە. واتە بیرکردنەوەمان پەماندووبێت بۆدی هەیە و لە کۆی ژیانیشماندا ئەو بۆدییە خێی مەناسداوە. بۆدیووکەی تری، ئەم فەلسەفەیە پێیباشە مرۆڤ ئەوە بکات کە پێدەکرێت. بیرکردنەوە لەوەی کە پێیناکرێت چاترە دەستبەرداری بێت ئێگەرنا پەرەشانی و شکستی بۆدەهێنێت.

بووون بە ڕواقی (stoic) واتە هەڵبژاردنی شێوازێکی تر لە ژیان. باشە ئەو جۆرە ژیانەی ڕواقیەکان هەڵیانبژارد لەتەك ژیانی مەدەرن، کە ژیانی ئێستامانە، دەگونجێت؟ بە هەمووان ڕوونە کە شتێکی سانا نییە ژیانی ئێستامان مەرکی ژیانی ڕواقیەکان لەتەکخێیا هەڵبگرێت، لە گومانیشیناوێت خودی ژیانە ڕواقیەکە گەلەك تەندروستە. گەیینی ژیان بەرەو ژیانێکی ڕواقیانە چەند پێویستە هەندەش سەختە. بووون بە کەسێکی ڕواقی لەلایەك هەڵبژاردنی شێوازێکی تر بە (ژیان، خۆشەویستی، بیرکردنەوە)، لەلایەکی دی نزیکبوونەوەشە لە ژیان، لە ژیانە ڕاستەقینەکە، کە لەتەك وەهمنە لە دابڕاندایە. ئەمەش لەو سەرەوە دەبێت بە هەڵبژاردنی ژیانێکی ئاوا و سەرتایەك بە پێیمانبەستن لەتەك خودی خۆدا. ئەم پێیمانبەستنە سانای دەخاتە ناو ژیانەوە و بەختەوەریش لەتەکخێیا دەهێنێت. لەڕوە لە ناگرنگەوە بە گرنگ دەچین. خۆدڕبازکردن لە ناگرنگ سەرتای ژیانێکی ڕواقییە. ئەنگە هەموو بپرسین ژیانی ناگرنگ چ جۆرە ژیانێکە؟ ئەو جۆرە ژیانێیە لە چێژ، سانایی و خۆشی لەوانلەوە. چێنیەتی باشژیان غەمی گەورەی ئەم بزاڤە فەلسەفییە بووە، لە باشژیانیان بەو جۆرە ڕاڤەکردووە کە ئەگاچارێیە و دەشکارێت ئاسایشی دەروونی بە مرۆڤکان دروستبکات. بەمە ئامانجی ئەم فەلسەفێیە هەر لە سەرتاوە خۆشبەختی و ئەحخاوێنی مرۆڤ بووە، ئەبەتە توانای ئەم مرۆڤش لە زاڵبوون بەسەر بێهیوای و خەمکییەکانی.

ئەنگە هەموو بپرسین کە هەوەستی ڕواقیەك لە ساتەوەختی ئێستادا دژ بەم پەتایە چۆنە؟ دیارە ئەم پەتایە ترس و شڵەژانی لەتەك خێیاهێناوە، فەلسەفەی ڕواقیەکانیش بەوە ناسراوە کە شێوازی خۆی لە ماملەکردن لەتەك ترس و شڵەژان هەبووە. بیرمەندە گەورەکانی ئەم فەلسەفێیە ئەی ساتە تێنگژاویەکان بوون و خورپە و مەترسیەکانیان بینیوە و بەدانایەکانیان خێیان و خەڵکیشیان لەبەدوورگرتووە. هاوکات بیرمەندە بەتەمەنەکانی ئەبازی فەلسەفەی ڕواقی (سێنیکا ، ئێپیکتێتس، مارکەس ئۆرلیەس) فێربوونەکانیان ڕاستەوخۆ سەبارەت بە ئازار و ناخۆشیەکانی مرۆڤ بووە و کاریشیان

لەسەر ئەو کردووە ئەم مرۆڤە لە نەداری، درم، جەنگ و ئاشووب حاڵیبێت و ، هیچ کارەکیش کە دەستی دەداتە وەک دوا کاری خۆی تەماشایبکات.
دیدی واقیعیانەی ماسیمۆ پیگلیوچی سەبارەت بە کۆڤید-19

نووسەری ئیتاڵی ماسیمۆ پیگلیوچی Massimo Pigliucci بەخۆرهاتنماندکات بە سەدی کۆڤید-19 لەکاتێکا ئەمە پەمانوایە ئەم پەتایە ناشێت وەک سەدە ببینرێت، ئەوش بەگومانا دەچرپێنێت کە ئەم پەتایە بەجۆرێك هاتووەتەناو ژیانمان خۆی لەکردووین بە واقعێکی نوێ. ئاستە هەر لەم ساتەدا گەلێك بەچوونی پووچ تایبەت بەم ڤایرۆسە وترا، بەشێك لە پیاوانی دەوڵەت پێیانوابوو پێویست بە ترس ناکات، بەڵام لەئاستیدا هەڵکاری واقیStoic سەبارەت بە بوونی پەتای کۆڤید-19 لە ئێستا و وەکی تر بە هەموو جۆرە پەتایەکی تر لە ئایندە لەئارادایە. لەم بارەیەوە ئەم ڕونەکبیرە ئیتاڵییە ڕوونکی واقی سە لایەنە (فیزیا، لۆجیك و هۆوشت) بە ئاڤەکردنی ئەم پەتایە دەخاتەڕوو. وشەی فیزیا لای واقییەکان دەمانباتەوە ناو لەکدانەوەیەکی فراوان بە تێگەیشتن لە جیهان. هەر ئەوەیە کە ئێستا بە زانستە سروشتییەکان و مێتافیزیك هاتەناساندن. هەرچی لۆجیکە فەلسەفەی ستەیسیزم تێگەیشتنەکی فراوانتری لەسەر هەیە لە چاو فیزیا. لۆجیك هەموو ئەو تێگەیشتنانە دەگرێتەوە کە گونجاون. هەرچی هۆوشتە لە دیدی واقییەکان شتەك لە فیزیا و لۆجیك فراوانترە. لەبەرئەوەی هۆوشتی واقی تەنیا ئاست و هۆڵە ناگرێتەوە، ئەوەی بەلای ئەم فەلسەفەیەوە گرنگە ژیانەکی باشژیانانەی مرۆڤکانە.
لەسەر بنەمای تێگەیشتنی فەلسەفی دیۆجین Diogenes ئەم بیریارە ئیتالییە پەماندەێت: لە هزری فەلسەفی واقی دا هۆباز doctrine ی فەلسەفی سە کوچکەیە: فیزیا، هۆوشت و لۆجیك. فەلسەفە دەشێت بە ئاژەڵێك بشوبهێنرێت. لۆجیك ئێسك و دەمارکانیەتی. هۆوشت گۆشتکانی لەشیەتی. فیزیاش بریتیە لە ڕۆحی. هەندکی تر فەلسەفە بە هەلکە دەشوبهێنن. تووکەکەی ئەم هەلکەیە لۆجیکە. سپێنەکەی هۆوشتە. زەردێنەکەشی فیزیایە. هەشە فەلسەفە بە کۆگەیکی بەپیت دەشوبهێنێت. لۆجیك سیاجی کۆگەکەیە. هۆوشت بەروبووم کەیەتی. فیزیاش خاك یان دارکانە. بەپێی ئەم هەڵکارییە فەلسەفییەی واقیکان بێت هۆوشتی گونجاو لەژێرسایەی لۆجیك و فیزیای باشدا شیاوە. ئەو دەمە ژیانەکی باش، گونجاو، دڵزیین کە عەقڵ و گواهی بەکاردەبین.
ئەم بیرمەندە ئیتاڵییە، ماسیمۆ پیگلیوچی، کۆڤید-19 لە ڕوانگەی هەلکاریەکی فەلسەفی واقیانەوە سەکوچکەی (فیزیا، هۆوشت و

لەجیك) ڕاڤەدەكات. سەرەتا فیزیای كۆڤید-19 باسدەكات. لەو ڕووەوە هەما بە ئەو دەكات كە ئەم ڤایرەسە سەر بە خێزانی Coronaviridae یە (واتە ڤایرەسە كرێنادارەكان). ئاشكرایە وشەی كرێنا corona وشەیەكی لاتینییە. ڤایرەسەكە ئەو فۆرمە وەردەگرێت كە كرێنا(تاج) هەیەتی. كرێناڤایرەسەكانی تر، مەرس MERS (Middle East respiratory syndrome) و سارس، شتی هاوبەشیان هەیە. ئەم نوسەرە پێیوایە ئەنفلەنزای باو كرێناڤایرەس نییە، چونكە سەر بە خێزانێكی تر كە پێدەوترێت Orthomyxoviridae . ئەم دەستنیشانكردنە بە ئەم نوسەرە ئیتالییە مانای خێی بە دیاریكردنی كۆنتەكستی بایەلۆجی كۆڤید-19 هەیە.

بەشێك لەو ڕاستیانەی ئەم فیلەسوفە ڕوانیە سەبارەت بە كۆڤید-19 دەیخاتەڕوو بریتیین لە: تائێستا ڤاكسین بەرهەمنەهاتووە. چارەسەرێكی كارا لە هەنووكەدا بوونی نییە. گەلێك شتی پراكتیكی هاتگۆڕ كە پێویستكرا بكرێن: دەستشتنی بەردەوام، بەتایبەت كە لە پێوەندیدا بین بە كەسەكانەوە یان لە دەرەوە بووبێتین. ماندوو لە ماڵەوە و پیادەكردنی دووری كۆمەڵایەتی. شلەمەنی زەر خواردنەوە. پێویست بە ماسك ناكات تەنیا كە نەخۆش بین یان لە پێوەندی بین بەوی تردا. ماسك ڤایرەس لەناونابات، لە شیاوی پێوبوون كەمدەكاتەوە. ئەم نوسەرە گومانناكات كە كۆڤید-19 پتر لە ئەنفلەنزای وەرزی، سارس، هەڵاوسانی جگەر یاخود HIV تەشەنەكەرتر، بەڵام كەمتر لە سورەژە، دەكە و مەكوتە یان سیل تەشەنەكەرتر. ڤایرەسە باوەكان لە ماوەی 3 ڕۆژێك نیشانەكانیان دەردەكەوێت هەرچی كۆڤید-19 یە لە ماوەی 5 بە 7 دەردەكەوێت. نیشانەكانی زەر گشتین و لەتێك ڤایرەسەكانی تر هاوشێوەیان هەیە: كەكە، بەرزبونەوەی پلەی گەرما، سكچوون تادەگاتە گرفتكەوتنە هەناسەدانەوە. ئەوەی بە ئەم بیریارە ڕواقیناسە گرنگە ئەوەیە كە ڕواقیە كۆنەكان بەم جۆرە ناساغییانە ئاشنا نەبوون، لە لە دەمی خەیاندا مامەڵیان لەتێك نەخۆشییە تەشەنەكەرەكان كردووە. ئەو ماوەیەی سوكرات لە شاری ئەسینا ژیاوە شارەكە دووچاری تاعون بووە، ئەوەش سالی دووەمی شەڕی پەلەپۆنیسی Peloponnesian (شەڕی نێوان ئەسینا و سپارتا) بووە. ماركەس ئەرلیەسی ئیمپراتۆری ڕۆما، كە فیلەسوفێكی ڕواقی بووە، توانیویەتی ئیمپراتۆریەكەی لە تاعونی ئەنتۆنینی بپارێزێت كە ئەوكاتە تاعونی ناوبراو زەرترین كەسی لەناو ئیمپراتۆریەكە كوشتووە. بەواتایەكیتر، تاعون یەكێك بووە لەو هۆكارانەی سەدەكۆنەكانی ماندووكردووە.

لەسەر قسەی ئەم ڕۆناكبیرە ئیتالییە گرنگە بزانین لەڕیكی ڕواقیانەی كۆڤید-19 لە چی خێی پووختدەكاتەوە؟ ئایا پێویستە لە

کۆرۆنا-19 بترسین؟ ترس تەپەندنکی سروشتزانی ژیریە کە لە تاک
واقیعکی دونیادیدە و هەمانیەکی سکولاردا یەکناگرتەوە. دەرکە
شایانی ئەو ترس گەورەیە نییە کە بەرکمانی گرتووە. توشبوون بە
ڤایرسکە ئەو ترس گەورەیە ناهێنێت هیچ نەبێت لەبەر ئەوەی کە
هێگای چارسەر زەرە و ئەوجار کاتێک تەندروستین بە کشە
تێدەپەڕێت. واقیعیانە ماماڵەکردن لەگەڵ ئەم ترسە بە بچوونی ئەم
نوسەرە ئیتالیەیە بریتیە لە بکاربردنی ژیری و زەدەینەکردن لە
مەترسی. داستە ڤایرسکە سەرچاوەی هاایە، بەس چاترە ماماڵەیکی
میانڕەوانە لەتاک ئەو ترسە بکرێت لە ڤایرسکەوە دێت و زەدەی
بە زانیاریەکانەوە نەکرێت. شێوازە واقیعکەی ئەم بیرمەندە
ئیتالیەیە سەبارەت بە ترس لەم ڤایرسە بریتیە لە خەبەدوورگرتن لە
زەدەیی و بکاربردنی ژیری بە زاڵبوون بەسەر ئەو ترسەی
ڤایرسکە بەهایدکاتەوە. هەرچی هۆشتی واقیعیانەی کۆرۆنا-19ە
بەوە پێناسەدکات کە واقیعبون تایبەتمەندی گەردوونایبوون بە
مرۆڤ دەبەخشێت. واتە تە گرنگی بە گشت مرۆڤایەتی دەدەیت نەک تەنیا
بەخۆت. لەرە نووسەر نموونەیک لەسەر ئەو جۆرە هۆشتە دەهێنێتەوە:
پەویستناکات ماسکەکی زەر لە ماڵەوە خۆزنبکەین، چونکە ئەوە دەبێتە
هۆی کەمبوونی ماسک و ئەوەش کە ئەوانیتر پەویستیان بەو ماسکە
هەیە، بەتایبەت کارمەندانی تەندروستی. لایەنکی تر کە بە ئەم
بیریارە واقیعە شایانی سەرنجە ئەویە کە هەوەدەین لە خەڵک
دووربکەوینەوە، ڤایرسیان بە نەگوازینەوە و تاپشمانبکرێت ترس
لەسەر ڤایرسکە بهاونکەینەوە. گەر بتوانین هاریکاری مادیش بە
ئەو شوێنانە کەبکەینەوە پەویستیان پێیەتی، بەتایبەت وەاتانی
هەژار (ئەفریقا بە نموونە). ئەو دەمەش دووچاری ڤایرسکە دەبین
پەویستمان بەویە هێکاریکان پەڕەوبکەین و خەمان لە ترس
بەدووربگرین. تەنانەت کە ناساغیش دەبین دەبێت زەر بە لوتفەوە
مامەڵە لەتەک کارمەندانی پەشیپەشەوەی تەندروستیدا (پزیشکەکان و
سستەرەکان) بکەین. گرنگ لە کاتە سەختەکانا پاکدامێنی هۆشتی
خەمان نیشاندەین. ئەم جۆرە هەڵە و مەرجانە، لەژەرسایەی ڤایرەس،
گومانی ناوەت دووچاری سەختی، شپرزەیی، چەرمەسەری و ئازارەکی
زەرماندکات. کەتا ئەوەش دەڵێت کە کۆرۆنا-19 رووداوەک نییە بە
کەتایهێنان بە شارستانی ئێستامان. ژیان لە گەڵاندایە، ئەمە ئەو
وانەیەیە کە فەلسەفەی پەشەوسوکرات لەسەر دەستی هەراکلیتس
بەیەجەهێشتووین. بەم جۆرە ئەم بیریارە ئیتالیە دەیەوێت بڵێت:
جیهانی پاش پەتاکۆ گەڕانی دەتەسەر بەس نەک بەجۆرەک کە
نەیناسینەوە. پەویستیشە ئیش لەسەر سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی بکەین
تا ببینە خاوەنی جیهانکی باشتر لە ئێستا و لە پێش کەرناش.

"تەئامانەکان"ی مارکەس ئۆرێلیەس:
کاتێک فەیلەسوفەکان حوکمدەکەن یان پادشاکان فەلسەفەدەکەن

مارکەس ئۆرێلیەس ئانتانیەس Antoninus Marcus Aurelius لە وتنەکەی ئەفلاتونی بەسەریدا پەرەودەکرێت کە پێیوایە ئەو میللەتانەی فەیلەسوفەکانیان حوکمیان ناکەن یان پادشاکانیان فەلسەفەناکەن بەکەڵکی هیچ نایەن. مارکەس ئۆرێلیەس پادشا و فەیلەسوفێکی ڕواقیی ڕەمانییە کە لە ساڵی 121 ی زایین، واتە لە سەدەی دووی زایین، هاتۆتەدونیا. لەماوەی ساڵانی 161 بۆ 180 ی زایین دوا ئیمپراتۆری ڕەمانی و فەیلەسوفی ڕواقی ڕەمانی بووە و یەکەکیش بووە لە شاگردە فەلسەفییەکانی ئێپیکتێتەس. مارکەس ئۆرێلیەس لە نێوان ساڵانی 166-180ی زایینداا ئیمپراتۆریەکەی دووچاری تاعونە گۆرەکە بووە، تاعونی ئانتانی، کە بەناوی ئیمپراتۆرەوە ناونراوە و پتر لە 5 میلیۆنی ئیمپراتۆرەکەی کوشتووە و بەشێکی زۆریش لە مردووەکان لەناو لەشکری ڕەمانی دا بوونە. جگەلەوەی مارکەس ئۆرێلیەس ئیمپراتۆر بووە، سۆرقاڵی کاری سیاسی، سوپا و جەنگیش بووە و خاوەنی بیرکردنەوەیەکی بەهێزی فەلسەفیش بووە. زۆربەی بۆچوونەکانی لە نووسینەکا بەناوی "تەئامانەکان Meditations"کەکردەتەوە، کە لە 12 بەش پێکهاتووە، بە چەنیەتی هووبەووبوونەوەی ئازار، نەخۆشی و مەرگ تایبەتکراوە و بناغەیەکی فەلسەفیشی بە فەلسەفەی ستەیسیزم داناوە. جێی سەرنجە "تەئامانەکان" لە ناو شارستانی ڕەمانی بە زمانی یۆنانی نوسراوە. لە "تەئامانەکان" دا پایەداری ڕەوشتی و هەزری دەبینین کە دواتر دەبن بە ڕەچکەی فەلسەفی فەلسەفەی ستەیسیزم. شاتەئامانی ئەم فەیلەسوفە خێی لە چەند تێگەیشتنێکدا پەوختکردەتەوە: چەنیەتی مامەڵەکردن، زاڵبوون بەسەر ئێش، دانبەخۆداگرتن و هەڵنەچوون. ئەم فەیلەسوفە پادشایە بەچوونە فەلسەفییەکانی لە ساتی کۆشە و ڕووداوەکان هەنیوەتەوە و کاری لەسەر ئاسوودەکردنی ڕۆح و دەروونی کردووە. پێشیوابووە کە خۆبەدوورگرتن لە مەترسییەکان بە دوورکەوتنەوە لە خودی ترس دەستپێدەکات. پێتاکە کە ترسی بەهاوکردەتەوە لەتێك وشەی مەرگ خێی هاوتاکردووە. لەو ساتەوەختەش کە پێتاکە لەناو سوپا و شارەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕەمانی بەهاوبووەتەوە ئەم پادشایە سۆرقاڵی نوسینی تەئامانە فەلسەفییەکانی بووە، کە بە خودی خێی و کەسە نزیکەکانی سودی زۆریان هەبووە.

ئەم بیریارە لە تێکەڵەی تەئامانەکانیدا، کە قووڵ و ناڕووکەشن، وەدووی خودێك دا وەڕێ کە لە پشێویی و شپرزەیی بەدوورە. تەئامانەکان لەوەڵە دەستپێدەکەن کە مرۆڤ بە ئەوەی بکارێت بەیاری

باش بدات پەیستی بەوەیە دەستبەرداری شەڕانەکانی بێت، زەمینە بۆ تەئامان بسازێنێت و لەناو تەئامانەکانیشیدا جێگ بۆ گفتوگۆی ناکۆتا و کۆتا بدزێتەوە. بەپێی "تەئامانەکان" بێت ئەوەی لە سروشتدا ئامادەیە لە خۆا بوونی نییە. هاوکات پەیستی بە بیرکردنەوە لە سروشت، پەیوەندی مرۆڤ بە سروشتەوە گرنگی خۆی لە "تەئامانەکان" دا هەیە.

هەزی هەزری "تەئامانەکان" لە هەندێك دێدا بەرجەستەدەکەین کە مرۆکی دونیابینی ئەم بیریارە پادشایە بە سلیقەوە دەردەخەن: خەر یەك ڕوناکی هەیە. گشت جیهانیش، بەهەموو شتەکانییەوە، بوونەوەرەکی زیندووی تاکە. شتەکانی ناو جیهان بە هەمیشە نامێننەوە. ئەوەی لە جیهاندا، لە سروشتدا، هەیە لە شوێنی خۆیدا نامێنێتەوە، شتەکان لە گەڕانن و شتی نوێ جێگای ئەوی پێشو دەگرێتەوە. ئەمە وەك بزەکیش لە ژیان پەیستمان بەوەیە کاتی خەمان بژین، تەمەنی خەمان تاقیبکەینەوە و لە چاوەڕوانیدا نەژین. ئەم تەمەن و کاتی ئێستا بەدەستمانەوەیە دەڤات و چیدی دووبارەنابێتەوە. ئێستاکە کە هەیە، با داگیربکرێت، چاترە وەدووی دواتر و ئەبەتە ڕابردووش نەکەوین. خواوەند شیاوییەکانی خستەتەبەردەستمان، ئەوەی کە پەیستمانە باش بەکاربردنی ئەو شیاوییانەیە، ئەبەتە بە لەدەستدانی کات. چاترین شتەك لەم حاڵەتە مرۆڤ بکرێت بەکاربردنی عەقڵ لەگەڵ بوونی ئامانج و دورکەوتنەوەش لە ڕیاکاری و تەڕە. با ئەوەش بکەین کە پەیستە بکرێت و کە دواتر بەختەوەریمان پێدەبەخشێت. با بەختەوەریمان نەخەینە چنگ ئەوانیترەوە. گەر عەقڵ، عەقڵکی تەندروست ، نەخێنەگەڵ ناکارین ئەوە بکەین کە دەبێت بکرێت. ژیانمان بەرهەمی بیرکردنەوەمانە، عەقڵیشمان ئەو بیرکردنەوانە دروستدەکەن. بەدیهێنانی ژیانێکی بەختەوەر بە مرۆڤ پەیوەندی بە شێوازی بیرکردنەوەی ئەو مرۆڤەوە هەیە، کە ئەوەش لە ناخیدایە.

مەرگنامەی فەلسەفەی ستۆیسیزم

فەلسەفەی ستۆیسیزم زۆری لەسەر مەرگ وتوە. مەرگ دێت و وەستانی نییە. پێشەوازیکردنیش لە مەرگ بە ئەم فەلسەفەیە لە دەرەوەی دوودێیدایە. سەرگوزشتە فەلسەفییەکانی سێنیکا و مارکەس ئۆرلیەس و ئەوانیتر شاکارە فەلسەفییەکان لەمەڕ مەرگ پێکدێنن. ئەوی ئەوان لەوبارەیەوە نوسیویانە مەرگنامەی فەلسەفەی ستۆیسیزم پێکدێنێت. مارکەس ئۆرلیەس "تەئامانەکان"ی کە 19 ساڵکی خایاندووە لە شەوی سەرنج نوسیونی بۆخۆی. بەشێك لە تەئامانەکانی لە کاتی جەنگ و ناو لەشکرکێشی نوسیوە و هەقایەتی ئەزموونی خۆیەتی بە خودی خۆی.

لەناوجەرگەی شار کە مەرگ ئاوی ئەم پادشا هزرڤانەی کردووە ڕۆژانە بەدەم سوپاسالارییەوە تەماشە ووردەکانی خەی تەماشەکردووە. تەماشەکانی ئەم فەیلەسوفە ڕواقیی لەسەروبەندی مەرگیدا زۆرتر کاریانکردووە و سروشتی مرۆڤیشی بە جۆرێك ئاڤەکردووە کە جەستەی ئەم مرۆڤە ئاسایی نەخۆشی و ئێش پێلاماریدات و مەرگیش بکاتە دەرئەنجام. ئەو فەرمووودەی لە "تەماشەکان" وە هەیدەهەنجەنین بەوەمان دەگەیەنن کە مەرگ هەر هەیە تەنانەت بەبێ نەخۆشیش.

جگەلەوەی ئایدیای مەرگ لە "تەماشەکان" یان لە هزری مارکەس ئەرێلیەس جێی تەماشە هاوکات بابەتی مەرگ بەشێکی سەرەکیش لە نوسینی فەلسەفی ڕواقیییەکان داگیردەکات. گشت هەوڵی فەلسەفەکەشیان بۆ ڕێوینەوەی ترس بووە لە مەرگ. ڕواقیییەکان مەرگ بەو مەرگە دەبینن کە ئێپیکەرەکان Epicureanism بینیویانە. ئێپیکەرییەکان زرنگانە لەتەك مەرگا دواون. ئەوتا خودی ئێپیکەر ئاژۆت: مەرگ پێویستە و ناشێت لێیبدووربین. جا بۆ کوێندەر بچین تا لێیبدوربین؟ هەروەك وتمان مارکەس ئەرێلیەس زەر شتمان لەسەر مەرگ پێدەڵێت: ئەوەی لە مەرگ بترسێت دەترسێت هەست لەدەستدات. کە هەستیشی لەدەستچوو هەست بە زەرەمەندی ناکات. گەر جۆرەکی تر لە هەستیشی بەدەستهێنا دەبێتە جۆرەکی تر لە بوونەوەر و لە ژیان ناوەستێت. وەکیتریش، ئایدیای مەرگ لە هزری مارکەس ئەرێلیەس لەوەوە دەستپەدەکات کە مەرگ دوا کردە سروشتییەکەی هەموانە. هیچ یەکەك لە مەزنەکان (سوکرات، هەراکلیتس، ئەلەکسەندەی گەورە و…) لە مەرگ دەربازیان نەبووە. مەرگ وەك هەموو نەشونماکانی تر، کە دەنەسەر جەستە و گۆشەی مرۆڤ، پێویستە سروشتی وەربگیردرێت. بە مەرگمان دەگەینەوە بە شتە گشتەکەی لەوێهاتووین. هەر وەك سەرەتا چۆن بەشەك بووین لە گشت، جیهان، ئاواش بووینەوە بە بەشەکە. پاش مەرگیش ڕۆح ناژێتەوە، گەردوون ئەم ڕۆحە لەخێدا بەرجەستەدەکات. لەرە ئەم بیریارە مەرگ وەك گەڕانەوێك دەبینێت. ئەو پزیشکانەش دەمرن خەڵکی لە مەرگ ڕزگاردەکەن. فەیلەسوفەکانیش کە بەردەوام قسە لە مەرگ دەکەن هەر دەمرن. کەواتە مەرگ دوا بڕختی هەموانە، ئەو قەدەرێە پێویستە هەموو بە دووەدی پەسەندیبکەین.

سەرئەنجام ئەم پادشا بیریارە لە ڕۆگای تەماشەکانیەوە دەیەوێت پەمانبەێت: ترس لە مەرگ دەمانخاتە ناو دزێك لە تالوکە و پەرشانییەوە. مەرگ هاتنی شتێکی بەسلەمینەوێیە. دەت و کاری خێدەکات لە هیچ ئانوساتێکدا بێت. گرنگە ئەمە بە مرۆبوونی خەمانەوە سەرقاڵبین. مەرگ، لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتۆزیش دا، هەق و هەڕهاتن لێشی دەبەنگیین. هەست یان سزە وەرانکارەکانیش سەرچاوەی هەڕە و پشێویکانن. ڕەحمان هەمنترین داەدەمانە، ڕەح

ەنگی هەیە. ەنگەکانی پەیوەندی بە بیرکردنەوەکانی ەحەوە هەیە. کردەی ەاستئامەز و وتنی ەاستئامەزانە پەویستە مەبەستی هەمووان بێت، گفتوگۆی مرۆڤی باش مەکە کە چ جۆرە مرۆڤێک ببە بەو مرۆڤە باشە. مرۆڤی بە هەە هەشتا بوونی نییە. هەزی باش گۆردوون دەباتەوە، مرۆڤکانیش بە یەکترکراون یان بە ئەوە هەن کە هاریکاری یەکدی بن. لۆرەوە بەوە دەگەین کە: ژیان بە داناکان کۆشیە و بە دەبەنگەکانیش چارسەرە.

ژێردەر:

Massimo Pigliucci. On COVID-19 and pandemics: a Stoic perspective https://medium.com/the-philosophers-stone/on-covid-19-and-pandemics-a-stoic-perspective-66a9d800b14

Epiktetos . Anders Håkansson. övers. red. Handbok i livets konst. Lund: Bakhåll.2000.

Marcus Aurelius. Ellen Wester övers.; Vera Silverstolpe. red. Självbetraktelser. Stockholm: Forum.1967.

Meditations / Marcus Aurelius: http://seinfeld.co/library/meditations.pdf

Massimo Pigliucci. Fieser, James; Dowden, Bradley, red., ”Stoicism”, Internet Encyclopedia of Philosophy.2006.

John Sellars. Stoicism. Ancient philosophies; 1. Chesham, .Bucks: Acumen Pub.2006

کچە هەژارەکان خەون بەچییەوە دەبینن؟! ..نووسینی: ئەمیل زۆلا وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:

ئەردەکان عەبدوڵا

پاش ئەوەی ماوەی دوانزە سەعات کاری کردووە، تەنها پانزە سەنتی وەکو کڕ دەستکەوتووە. لە ئێواراندا دەگەڕێتەوە بۆ ماڵە هەژار و ناخۆشەکەی. بەسەر شۆستەکەدا دەڕوات، کە بەهۆی سەرماوە بۆتە یەک پارچە سەهۆڵ. ئەویش لە سەرماندا هەموو گیانی دەلەرزێت و تەنها یەک شاڵی تەنکی ڕەشی بەخۆیدا داوە و هەموو جلەکانی کۆن و دڕاون، لەشولارێکی لاواز و کزی هەیە، زۆر بەهێمنی و کەساسییەوە بەسەر شۆستەکەدا ڕێ دەکات، دەڕێیت ئەو گیاندارە لەڕ و لاواز و داماوانەیە، کە هیچ خاوەنیان نییە و بەسەر شەقامەکاندا بەرەڵابوون و لە برساندا بەدوای خواردندا دەگەڕێن.

کچەکە زۆری برسییە، لە یەکێك لە چێشتخانەکاندا، پاشماوەی خواردنی میوانەکانی، بەنرخێکی هەرزان کڕیوە و لە ڕۆژنامەیەکی پێچاوە و خستوویەتی ژێر باڵییەوە و بەرەوماڵەوە دەڕواتەوە. کاتێك گەیشتەوە باڵەخانەکە، بەسەر پلیکانە زۆرەکاندا سەرکەوت بۆ سەرەوە بۆ کەلاوەکەی.
ژوورەکەی کەلاوەیەك بوو بۆ خۆی، مامۆستایەك کە بەشی زۆری سووتابوو تەنها بنەکەی مابۆوە، کەمێك کەلاوەکەی ڕووناك دەکردەوە، بەڵام لەژێر دەرگاکەیەوە هەوایەکی سارد دەهات و گڕی مۆمەکەی کەمتر دەکردەوە و زۆرجاریش خەریکبوو دەیکوژاندەوە. سیسەم و کورسیی و مێزێکی کۆنیش لەو ناوەدا بوون. ژوورەکەی هێندە ساردبوو، ئاوی ناو جامی خواردنەکەش بەستبووی.
بەپەلە خۆی خستە ناو سیسەمەکەیەوە و کەمەڵك جلە کۆنەکەی بەخۆیدا دا، بەو هیوایەی کە کەمێك گەرمی بێتەوە. پاشان لەبەردەم مێزەکەدا دانیشت و جلە کۆنەکانی لە خۆی ئاڵاند. کەمێك نانی ڕەقی لە دڵابەکە دەرهێنا و پاشان دەستی کرد بەخواردنی نانە ڕەقەکە و پاشماوە خواردنەکەی ناو ڕۆژنامەکە. وەکو هەموو برسییەکیش، هیچ گوێی بە شتەکانی دەوروبەری نەدەدا تەنها خواردن نەبێت. کاتێکیش تینووی دەبوو، دەچوو سەهۆڵەکەی دەشکاند و کەمێك دەمی تەڕ دەکرد.

هەرچەندە ئەو هێشتا منداڵە، تەمەنی ناگاتە هەژدە ساڵ، بەڵام سیماکەی تەمەنی لەوە زیاتر پیشان دەدا. شاڵ و قەمسەڵە دڕاوەکەی دانەکەند، چونکە ناو ژوورەکەی زۆر ساردبوو، دەیویست خۆی گەرم بکاتەوە، زوو زووش دەستەکانی لەناو جلەکانیدا دەشاردەوە، چونکە هەوایەکی سارد دێتە ژوورەکەیەوە و دەستەکانی دەتەزێنن.

گەر لە توانایدابووایە پێبکەنێت، ئەوا سیمایەکی زۆر جوانی دەبوو، هەموو جوانی و ناسکییەکانی لەسەر لێوە جوان و تەڕەکانی دەردەکەوت و چاوە خەمۆشەکانیشی دەبریسکانەوە. بەڵام ئازار و مەینەتییەکانی، لێوەکانی قێشاندبوو، هەموو جوانییەکی لە دەست دابوو، سیمایەکی زۆر غەمناکیی هەبوو، دەمامکێکی هەژارانە تەواوی سیما جوانەکەی داپۆشیبوو.

بەچاوە هیلاکەکانییەوە، وەکو ئاژەڵێکی برسی دەیوانییە خواردنەکەی. دواتر سەیری پارچە ڕۆژنامەکەی کرد، کە چەوری خواردنەکەی بەسەردا ڕژابوو، دەستیکرد بەخوێندنەوەی بابەتەکەی ناو ڕۆژنامەکە، کە چەوریيەکەی بەسەردا ڕژابوو، لەو کاتەدا خواردنەکەی لەبیرچووەوە.
لە ڕۆژنامەکەدا ئەم هەواڵە نووسرا بوو:

-لە کۆشکی تپیلەری ئاهەنگێکی گەورە ساز کرا، تێیدا میوانێکی زۆر بانگهێشت کرابوون و بۆکی زۆر خواردن و خواردنەوەیان خواردووە، کە وا دەخەمەڵێنرێت بڕی نۆ هەزار شووشە شەمپانیا و سێ هەزار پارچە شیرینی و شەش سەد کیلۆ گرام گۆشت و بۆکی تری خواردن و خواردنەوە خواردەوەتەوە.*

کاتێك کچەکە ئەم هەواڵەی خوێندەوە، زەردەخەنەیەکی کرد و دووبارە سەیری هەواڵەکەی کردەوە و لە دڵی خۆیدا وتی: بەدنیاییەوە ئەمجارە کەسانە، بەهۆی ئەم خواردنە زۆرەوە قەڵەوبوون.
بەڵام لەپڕێکدا وەستا و دووبارە چاوی بڕیەوە ڕۆژنامەکە و ئەمجارەیان هەواڵی جلوبەرگی خانمەکانی خوێندەوە کە تێیدا هاتبوو:

-خاتوو ماتیرنیك عەزیەکی سپی لەبەرکردبوو، کە خەتکی وەنەوشەیی تێخی تێدابوو، هەروەها ملوانکەیەکی گرانبەهای لە مل بوو، کە هەمووی ئەماسێکی جوان و گرانبەهابوو، لە دووڕەوە لە ملیدا دەبریسکایەوە.
لەوکاتەدا کچەکە تەواوبێزاربوو، دەموچاوی غەمناکتر بوو، لە دڵی خۆیدا پرسی:
بۆچی ژنانی تر ملوانەکی ئەماسیان لە ملە و ئەمیش ناتوانێت عەزیيەك بکڕێت تاوەکو گەرمی بێتەوە؟
پاشان لە خوێندنەوەی هەواڵەکە بەردەوام بوو:
-خانمە ئیمپراتۆریش عەزیيەکی سەوزی کاڵی لەبەرکردبوو، فەرووێکی سپیشی دابوو بەسەر شانەکانیدا، کە لە کلکە ڕوی دروستکراوە، پرچەکانی چەند گوڵێکی خری سپیان لەسەربوو، کە ناوەڕاستی

گۆەکانیشدا ئەماسی بچووکی تدابوو، ملپچکی رەشی جوانیشی لە ملی پچا بوو، کە گۆی یانانی لەسەر نەخشنراوە و ئەوانیش ئەماسی بچووکیان تدابوو، کە بەملییەوە دەبریسکانەوە.

لە رۆژنامەکە نووسرا بوو:
–ئەماس، ئەماسکی زەر، ئەو ئەماسە زۆرەی کە بە ملی ئەم ژنانەوەبوو، بەشی بژویی سەدان خزانی برسی دەکرد.
کچەکە وازی لە خونندنەوە هنا و لەسەر کورسییە کۆنەکەی پاییدایەوە و خەیاتی بەرەو سنوورکی دوور رۆیشت، کەمەك فکری خراپ، مشك و چاوە خەمشییەکانی داگیرکرد، چیتر هەستی بەسەرما و برستی نەدەکرد، بگرە فکرەی شەونگزی هەموو جەستەی گەرم کردەوە و بەسەریدا زالبوو. پاشان چاوەکانی گەرم بوون و خەوی لکەوت.
کاتك لە خەو هەسا سەیرکی ژوورە ناشیرین و هەژارەکەی کرد و لە دی خیدا وتی: کارکردن چ سوودکی هەیە؟ چ سوودك؟ من ئەماسم دەوت، ئەماس…

بۆ بەیانی بە ئامانجی خی دەگات.

نووسینی : ئەمیل زۆلا
وگانی لە عەرەبییەوە: ئەردەان عەبدوا

سەرچاوە:
اميل زولا. الفيچان و منتجات قصصيه اخرى. ترجمتها عن الفرنسيه. دانيال صالح. مراجعه كاقم جهاد. هيئه ابو ڤبى للسياحه و الپقافه. مشروع الكلمه. الگبعه الاولى. سنه 2014، ابوڤبى. الامرات العربيه المتحده.

پەراوز
*جگەی ئاماژەیە ئەم چیرکە لەهەواکی رۆژنامەی» لو فیگارۆ» وەرگیراوە. کە لە 29 یانوەری 1870 باوبتەوەو دواتر ئمیل زۆلا ئەم چیرکەی لدروستکردووە، جگە لەوەش پاشتریش هەر ئەم هەواە دەبتە کرکی سەرەکی رمانی» چاوچنك» کە یەککە لەرمانە جوانەکانی زۆلا.

ئەرکی گەیاندن و زانیاری بەخشینی هونەری کاریکاتێر ... هەندێن خشناو

- ئەرکی گەیاندن: کاریکاتێر وەکو نیگار بریتیە لە یەکێك لە شێوەکانی زمانی شێوەکاری، بەمەش دەبێتە ئامرازێکی گەیاندن لە نێوان هونەرمەند و جەماوەر لە لایەك، و لە نێوان رۆژنامە و خوێنەر لەلایەکی تر، و سێیەمیش لە نێوان کۆمەڵە مرۆڤایەتیە جیاوازەکاندا.

هونەرمەند بەهۆی ئەو هێڵ و شێوانەی کە پشکەشی خوێنەریان دەکات، باس لە هەڵوەستەیەك و کارلێکردنێك و رووداوێك و دیاردەیەك دەکات، شتێکیان پێدەڵێت بەڵام بە زمانی کاریکاتێرەوە، بەمەش لە پەیوەندیدا دەبێت لە گەیاندا بە زمانی تایبەتی خۆی، رۆژنامەش لە ڕێی کاریکاتێرەوە لە پەیوەندیدا دەبێت لەگەڵ جەماوەردا، ئەگەر هەندێکیش ناڕازیبوون و پێیانوایە کە پەیوەندی هونەرمەند لەگەڵ جەماوەردا، هەر هەمان پەیوەندی نێوان رۆژنامە و جەماوەرە، ئەمە دۆنیایان دەکەینەوە، ئەگەر پەیوەندییەکەش لە یەکەم تەماشاکردنەوە وادیارە، کەچی لە راستیدا وانیە، زۆرێك لە رۆژنامەکان زۆرجار لە ڕێی کاریکاتێرەوە بەتایبەت پەیوەندی لەگەڵ جەماوەردا دەبەستن، بە تایبەتی کاتێك لە ڕێی بابەتەکانی ترەوە ئەو پەیوەندییە ئەستەم دەبێت، لەکاتێکدا کە بابەتە ئەدەبییەکان زۆر جار ناتوانن مەقەستی چاودێر تێپەڕێنن، کەچی کاریکاتێر بە زمانی تایبەتی خۆیەوە، دەتوانێت ئەو مەقەستە تێپەڕێنێت و بگات بە خوێنەر، بۆیە زۆرجار رۆژنامەکان هانا بۆ کاریکاتێر دەبەن وەکو ئامرازێکی پەیوەندی و گەیاندن لەگەڵ خوێنەردا.

گەیاندنیش لە نێوان گەلان و کۆمەڵە مرۆڤایەتیەکانی ترەوە لە ڕێی کاریکاتێرەوە، لە ڕگای ناساندنی ئەو گەلانە بە یەکتریەوە دەبێت، چونکە کاریکاتێر دەربڕی پەیکەربەندی دەروونی کۆمەڵایەتی ئەو گەلانەیە، زۆرێك لە نیگارە کاریکاتێرییەکان ئەو پەیکەربەندییە بەکاردێنن بۆ گەیشتن بە گەلانەوە، ئەگەر چەند هەڵوەستەیەکی گشتی هاوبەش هەبێت لە نێوان گەلاندا بۆ وروژاندنی پێکەنین، ئەوا تایبەتمەندی

زیاتری هەیە، ئەو هەوەستەیەی کە پێکەنین دەنێتەکایەوە لە بەرازیل، لە بەنگلادیش وانیە، زۆرێك لە کاریکاتێرەکان چیرۆکی میللی و پەندی پێشینان و دابونەریت وەکو پاڵەوان و بابەتی خۆی بەکاردێنێت، ئەمەش رێ بە کاریکاتێر دەدات بۆ تێواننی بەرهەمی دەوڵەمەند و ئەفراندنی گەلانی تر.

- ئەرکی زانیاری بەخشین: واباوە کە زۆرێك لە کاریکاتێرەکان زانیاریەك بەکاربێنن لەوانەیە بۆ خوێنەر نوێ بن، لەوانەشە کە بە تەواوەتی نوێ بن، یان بۆ خوێنەرێکی دیارکراو نوێ بن، کە بەهۆی ئەم کاریکاتێرەوە زانیاریەکی نوێی دەست دەکەوێت، بۆ نمونە ئەو خوێنەرەی کە گوێی لە چیرۆکی سێ مەیمونەکە نەبووە (گوێم لێ نەبوو، نەمدیت، نەمگوت)، کاتێك کە خوێنەرەکە کاریکاتێری سێ پۆلیس دەبینێت، پەنجە مۆری کەسێکیان دەزیوەتەوە، لەوانەیە کەسێکی گرنگیش بێت، دوای دیتنی کاریکاتێرەکە، لە مانای کاریکاتێرەکە دەپرسێت، و دەزانێت کە هونەرمەندەکە ئەو چیرۆکەی بەکارهێناوە وەکو سیمبولێك، دوایی چیرۆکەکەی دەزانێت، هەروەها سەبارەت بە کاریکاتێری (سەندرێلا)، کە کاریکاتێریستەکە چیرۆکی سەندرێلای بەکارهێناوە بۆ ناساندنی کەسایەتیە سیاسەتوانەکان، مەرجیش نیە کەوا ئەو زانیاریەی کە خرایە سەر زانیاریەکانی خوێنەرەوە لە بواری ئەدەب یان چیرۆکی میللی یان لە بواری ئەفراندنەوە بێت بە شێوەیەکی گشتی، لەوانەیە لە بواری مێژوو یان پزیشکی یان ماتماتیك یان بوارێکی تر بێت، چونکە لەوانەیە هونەرمەندەکە چەند سیمبولێکی جیاواز لە کاریکاتێرەکانیدا بەکاربێنێت، لەهەر بوارێك لە بوارەکانی چالاکی مرۆڤایەتی زانستی یان ئەفراندن یان بوارێکی دیکە بێت، دەتوانین چەندین نمونەی دیکەش بێنینەوە لەسەر ئەو زانیاریانەی کە خوێنەر لە دیتنی کاریکاتێرەوە دەستی دەکەوێت.

ئێمە لێرەدا قسە لەسەر ئەو زانیاریانە ناکەین کە کاریکاتێریان تێدا بەکاردێت وەك ئامرازێکی گەیاندن، وەکو بواری وانەگوتنەوە و فێرکاری، کە ئەو زانیاریانە دەچنە خانەی ئەرکەکانی کاریکاتێرەوە، بەڵکو قسە لەسەر ئەو زانیاریانە دەکەین کە خوێنەر بە رێکەوت لە کاریکاتێرێکدا دەستی دەکەوێت، کە زۆرجار لە باکگراوندی کاریکاتێرەکەوە بەدەردەکەوێت، بۆ نمونە ناوی کەشتیە ئەمریکاییە بەشداربووەکانی یەکێك لە شەڕە دەریاییەکانی نێوان کەشتگەلی بەریتانیایی و ئەمریکایی، ئامانجی سەرەکی لەم کاریکاتێرەدا

گەیاندنی ئەو زانیارییەیە بۆ جەماوەر، بەڵکو لەوانەشە کە هونەرمەندەکە بیری لەم شتە نەکردبێتەوە، و ناوی کەشتیەکانی وەکو ئاماژەیەك بەکارهێناوە، بەڵام خوێنەر ناوی کەشتیەکانی بەهۆی کاریکاتێرەکەوە زانی.



هەندرێن خۆشناو

گۆرانوێی ڕەنگ … هونراوە/ جەلال عەبدوڵا ساڵح

١

دەنگی سەربازی پایز لەدوور دە

باخ ئابووقەیە، دەبەر دەترسێ

…

گۆڵا باخدەگرێ. لق قژی دەشکێ

باخچە سەرپۆشی سەوزی دەژاکێ

…

کیسەی پیری ژەر کەتارەی تێ

نازانێ پەنا بێ کام شۆن بەرێ؟

...

ڕووی سەدکات، چەقێ دەترسێ

گورگ دەلووڕێنێ، گا دەبڕێنێ

...

بڕق بە چەند بازێ بەرەو گەم دەچێ

واز لێ کوشتنی مەشوولێ دێنێ

...

ماری کەنار گەم،چاوی دەخوڕێنێ

بێ ژەر گابەردی قەدپاڵ ڕێ دەبڕێ

...

دەنگی بروسکە و ناڵەی هەور دێ

چەخماخە دەستی گەی هەڵدەبڕێ

...

کەتر هەڵانەی جوانی دەووخێ

لێ کەشی حەوزا بێچووی دەخنکێ

...

کوونەبەبووی پیر باڵی لێکدێنێ

خەشی نازانێ بێ کوڵ باڵدەگرێ

...

لای لووتکەی چیا، لێ پاڵ قەدپاڵێ

هەڵێ بێ ڕاوی ئاسک دەگەڕێ

٢

لێدووای چەند ڕۆژێ خەرەتاو هەڵدێ

تارای بووکێنی سرووشت لادەبرێ

...

ماسی بێ گەمی قوڵ پێدەکەنێ

لووتی لێ کەفی بەفرائاو دەخشێنێ

...

لە ژوور سەری باخ، باڵندە دەفڕێ

بە نیشتمانی دارستان دەچێ

…

لە بەردەم دەرگای کلێرەدارێ

لە تەنیشت سنگی گابەردی شاخێ

…

سمێڵ پشتی بڕی دەخورێنێ

بە شانی سەوزی لق پەدەکەنێ

…

ڕەش و سپی و بەر کەروێشی لاڕێ

قونە قونە دڕێن کلکیان دەڵەقێ

…

تا دەریا و باران، دارستان هەبێ

ژیان ناوەستێ و گەرانی دڕێ

…

پایز نا توانێ چیا ڕووخێنێ

هەموو دارستان لەڕگ دەربێنێ

هێنراوە/ جەلال عەبدوڵا ساڵح/ تەرەنتە

هەڵگرتنی بازێکا بەبێ ڕاهێنان … ئەحمەد ڕەجەب

وانەکانی ژیان :

لە مانگی کانونی دووەم (جەنیوەری) 1980 لە زەڵی بەرەو دڕێی جاڤایەتی بەرکەوتین و لە یەکەمین ڕۆژدا لە دڵی بێتوش بووین و لە پاش دوو ڕۆژ گەیشتینە چەخماخ وشەو لەوێ ماینەوەو، بەیانی زوو

بەرەو قزلەر چووین لەو نان و چامان خواردو لەو ڕۆژانەدا مڕگەپان بە گو و گولزار زڕ قەشەنەگ و رازاوە بوو لەپاش قاوەتی و پشوودانکی کورت رووماں لە شاخی پیرەمەگرون کردو بەفر هەمووی داگیرکردبوو زڕ سارد بوو من لولەیەکم پ بوو بەناو بازکا لە گە سە گوللەی زڕ قورس و ب یارمەتیدانم گولەی جوارەم بە هاور وەست جەمال بوو، زڕ ناخش بوو بەفر تا بینەقاقەم هاتبوو هاور دوکتر فارس ڕەحیم قسەخش بوو ب خشی لە ناوەراستی شاخەکە بووین وتی ئستا شوك لەو شاعیرە هەنەگرین کە وتوویەتی { پیرەمەگرون موقەدەسی} و هەرچنك بوو گەیشتینە سەر شاخ و گزە بایەکی زڕ ساردی هەبوو بە پەلە سەرەوخوار بووینەوە بەرەو دی زوەو نانی نیوەرومان خواردو بئیوارە بزنکمان کری و دەستمانکرد بە گشت پرژاندن وهاور عەلی بچکلی شەهید مام عوسمان لە گە دوکتر فارس بە قسەی خش دانیشتنەکەیان خش کردبوو.

لە زو چووین ب دی قەرەچەتان لە نزك رگای دکان ـــ سلمانی و شەو لەوی خەوتین و بەیانی زوو لە د دەرچووین بەرەو دامنی شاخی پیرەمەگروون نەوەك سوپاو جاش دەوری دکە بگرن و دکە زڕ لە رێ سەرەکی دکان ـ سلمانی نزیك بوو سوپاو جاش بە ئاسانی دەورەی دکەیان ئەداو ، لە شونی مانەوەکەمان بووین هاور شیخ رەسول بانگی کردم و وتی گ بگرە و منیش گم گرت و تم گم لە دەنگی کارەبزنە و هاور مەناف و یەککی ترمان نارد ب ئەو شونە دەنگەکەی لوەیت و لە پاش کەمك لە گە بچوە ئاسکك هاتنەوەو بە ه ئەوەی دەستی بەر تەە کەوتبوو دەستی شکابوو، هاور حەمە کەریم وتی سەری نەبرن و خاوەنی هەیە و لە دەورو بەری نیوەر پیاوك هات و لمان پرسی ب کو ئەر و، لە وەامدا وتی تەەم ناوەتەوەو ئەرم بزانم هیچی گرتووە و، هاور حەمە کەریم وتی تەەکە ئەم ئاسکەی گرتووە فەرموو بیبەو پیاوەکەش یەکسەر وتی سوپاستان ئەکەم سەرتان نەبریوەو ب من پارەیەکی باش ئەکات و هەر ئیستا ئەچم و نان مەخن خرتکتان ب ئەهنم و، زڕی پ نەچوو پیاوەکە لە گەل خرتەکەو نان و خو گەرایەوەو خرتەکە سەربراو دەستمان کرد بە گشت برژاندن و ئیوارە درەنگ گەراینەوە ناو دی قەرەچەتان و شەو خەوتین و ب بیانیەکەی دیسانەوە زوو دەرچووین و لە دامنی شاخەکە ماینەوەو لە پاش نیوەر هەوالك گەیشت کە سوپاو جاش نیازیان وایە ناوچەکە کنتر بکەن و ، ئمەش ژمارەمان کەم بوو و چەکەکانمان خراپ بوون بیە بریاردرا بگەرنەوە ب دوی جافایەتی چونکە ئەو سەخت و دوورترە لە دوژمن.

بە هی زڕی بەفر لە سەر شاخی پیرەمەگرون بریاردرا لە دوی نادر بگەرنەوە ب قزلەرو، ناچار بووین ئەو بریارە بدەن و، دی نادر

نزیکه له کانه بەردەکانی سەرچناری سلێمانی و، دەوری کاتژمێر چواری ئێوارە لە قەرەچەتان کەوتینەری و لە پاش چوار پینج کاتژمێر گەیشتینە دێی نادرو ئەوەندە دوورو درێژ بوو هەر ئەڕێشتین و کۆتایی نەدەهات و، هاورێیان زۆر ماندوو شەکەت بوون و هاوڕێ شیخ ڕەسوڵ وریا بوو بانگی کردم و وتی هەندی لە هاورێیان خۆیان لێکەوتووەو ڕێئەکەن و، منیش سەیری هاوڕییانم کرد خەوتبوون و بەدەم خەوەوە ڕێیان ئەکردو بەو بارودوخە دژوارە بەردەوام بووین تا گەیشتینە دێی ئەباسان لە نێوان سەرچنارو مەرگە پاان و لە کازێوەدا دەوروبەری کاتژمێر پێنجی بەیانی کەمەڵە دارکمان بەدیکردو هەندێ پوش و پاشمان هێناو ئاگرمان کردەوەو ئەو جارە کارانەش لەو کاتانەدا مانای شەر هەڵگیرساندنە لە گەڵ رژێمی بەعسی عەرەبی دوژمنداو خۆمان ئامادە کردو وتمان ئێستا تۆپ باران ئەکرێن بەڵام هیچ ڕووی نەداو، لە ماوەی نیوکاتژمێر خۆمان گرم کردەوەو درێژەمان بە ڕێکردندا تا گەیشتینە قزلەرو و لەوێ لامان نەدا نەوەك سوپاو جاش و هەلیکۆپتەرەکانیان بگەنە ناو دێی وئێمەش شەکەت و هیلاك بووین و تاقەتی شەرمان نەمابوو، بۆیە نەوەستاین تا گەیشتینە دێی چوخماخ و لەوێ لە پاش شازدە کاتژمێر ڕێکردن پشووماندواو شەویش هەر لەوێ ماینەوە

چەند ڕۆژێك لە ناوچەکە ماینەوەو و سەردانی ئەم دێهاتەمان کود: مۆماکە، هەردو دێی قەیوان (سەروو خوارو)، گاپیلۆن، گەرەدێ ، مالومە، ویاخسەمەر، هەلەدن و لە پاش جەولەیەکی دوورو درێژ گەراینەوە بێ دێی وەناغ لوو شەو لەوێ بووین و بەیانی زوو بە دێی سەفرەو زەرون گەراینەوە بێ هەرزنەو بیتوش، دەرمان ئاوا، بیوران و بنوخەڵەف تا گەیشتینەوە بارەگای خۆمان لە زەڵی.

شایانی باسە ماوەی بیست ڕۆژ لولەیەك (بازکا) و سێ گوللەم هەڵگرتبوو زۆر قورس بوون و، بازکە چەکێکی کۆنی ئەمریکایەێ لە جەنگی دووەمی جیهانی بەکارهێناوەو ، لە گەرانەوەوە وتم بە هاورێیان من بەبێ ڕاهێنان و هیچ زانیستییەك ئەم لولەیەم هەڵگرتبوو دەبا گولەیەك بێ خۆشی بتەقێنین و، هەموو وتیان باشەو، کوللەمان خستە ناو لولەکە و فشارم خستە سەر پەلەپیتکەی شارە بازکاو گوللەکە چروك بوو بەو شێوەیەش گوللەکانی تریش چروك بوون و، ئەمەش بووە ڕەخنە لە سەر (نوسینگەی سەربازی ـــ المكتب العسكري) ماویەتی.

7/10/2020

سافرەن پلیدگەر کچێ ساوایەکی زیرەکی جیهانێ … رەزا شوان

گەلێ لە منداڵان، هەر لە تەمەنێکی بچووکدا، زیرەکی و بلیمەتیان دەردەکەون و پێشبینی ئەوەیان لێدەکرێ، کە لە داهاتوودا هەبکەون و ببن بە کەسایەتیەکی ناسراو. (سافرەن پلیدگەر) کچێکی ساوای جوان و بەرشەی ئینگلیزییە. هەر لە کارپێیەوە زیرەکی دەرکەوت. سافرینی تەمەن سێ ساڵان، هێشتا نەچووبوو بە قوتابخانە، لە کۆناڵی چواری تێلەفزیۆنی ئینگلتەراوە، فێری پیتەکان و خوێندنەوە و نووسین بوو. فێری بە دڵیان وشە و کرداری کەکردنەوە و لێدەرکردن بوو . تا (٥٠) شی دەژمارد.

بە یەکەمین جار سەردانکەرێکی تەندروستی کە چوو بە ماڵی سافرەن، هەستی کرد کە سافرەن منداڵێکی زیرەکە، بە دایک و باوکی سافرینی وت، بە تاقیکردنەوەی تەکەای زیرەکی ببیبەن بە لای پزیشکێکی دەروونناسی منداڵان. بە قسەیان کرد و بردیان بە لای پزیشکی دەروونناسی منداڵان. پزیشکەکەش زانی کە سافرەن زیرەکە، داوای لە دایک و باوکی کرد بە زانینی رادەی تەکەای پلەی زیرەکی پێوەندی بە (مینسا) ەوە بکەن. مینسا کۆمەڵێکە، ئەندامەکانی لەو کەسانە پێکهاتووە کە زیرەکییەکی باڵایان هەیە و زرنگ و بیرتیژن. زیاتر لە سەد دەوڵەت لە جیهاندا، ئەندامیان تێیدا هەیە. هەر ئەم کۆمەڵەیە پزیشک و دەروونناسی پسپۆری بواری زیرەکییان هەیە، لە دوای زنجیرە تاقیکردنەوەیەک، ئینجا بە یاری تەکەای زیرەکی ئەو کەسە دەدەن. بە یاری ئەوەش دەدەن ئایا شایەنی ئەوەیە، کە لە مینسا ببێت بە ئەندام یا نا.

کە (پاپا پیگ) وەنەی سافرەنیان لە شێوەی فیلمی کارتۆنی بزوێن کەشا. سافرەن وتی:" من تەنیا کچێکی بچووکم، بەڵام زۆر شاد دەبم کە لە تاقیکردنەوەکانی زیرەکیدا دەربچم، گەرچی زۆریش گرانن. زۆر دڵشادتر دەبم بەوەی کە ببم بە ئەندامی کۆمەڵەی مینسا" وتیشی:" کە گەورەبووم، حەزدەکەم بە درەژایی ڕۆژ بە یاریکان یاری بکەم.. بەم نزیکانەش دەچم بە

قوتابخانە. وێنە دەکێشم و وێنە دەکێشم و رادەکەم"
سافرەن پلیدگەر لە زنجیرە تاقیکردنەوەکانی کۆمپانیای مینسا دەرچوو، تەکنەای پلەی زیرەکی (١٤٠) پلەیە، کە (٤٠) پلە لە سەرووی، تەکنەای پلەی ناوەندی زیرەکی گەورەیە، کە (١٠٠) پلەیە، پلەی زیرەکی (ئەلبێرت ئینشتاین) و (ستیڤن هوکینگ) (١٦٠) پلەیە، کە لە پلەی بلیمەتی دان. تەکنەای پلەی زیرەکی سافرەن (٣) پلە لە پلەی زیرەکی سەرەک کۆماری پێشووی ئەمریکا (بیل کلینتون) زیاترە.
سافرەن بوو بە بچووکتری ئەندامی کۆمپانیای مینسا. مینسا ئاوەشیان وت:" سەرەنای تەمەنکەی، زیرەکی سافرەن وای لەدەیکات کە ببێت بە دیاریترین منداڵ لەناو منداڵانی تەمەن شەش بە حەوت ساڵان"
سافرەنی تەمەن سێ ساڵان.. زۆر حەزی لە نووسین و لە خوێندنەوەیە، بە تایبەتیش زۆر حەز لە خوێندنەوەی چیرۆک دەکا. حەزیشی لە وێنەکێشان هەیە. رۆژی تاوەک چیرۆکی پێش نووستن، چیرۆکی (باشە، باوکم پاڵەوانی ژمارەدنی دابەزێنە) بە خۆشکە بچکۆلەکەی دەخوێنێتەوە.
شایەنی باسیشە نە باوکی و نە دایکی سافرەن بەوانامەیان لە خوێندن وەرنەگرتووە. بەڵە دەچێت کە سافرەن بە باوکی بکا. دانی پلیدگەری باوکی کە تەمەنی (٢٣) ساڵە، دیزاینسازی (ویپ) و چەندین سایتی ئەلیکترۆنییە. (٨) جار بوو بە پاڵەوانی یاریکانی بەرنامەکانی (کۆنتداون : ژمارەدنی دابەزین) لە تەلەفزیۆنی چواری ئینگلتەرا.
دانی پلیدگەری باوکی دەڵێ:"سافرەن لەگەڵ منداڵ سەیری بەرنامەی (کۆنتداون) دەکا، هەر لە میانەی ئەم بەرنامەیشەوە فێری پیتەکان و کۆمەڵێک لە وشەکانی ئەم بەرنامەیە بوو" دەشڵێ:"سافرەن رووحەکی پاکی ململانێی بەرزی تێدایە. کە پێی دەڵێم من شتێکم لا هەیە لە حەوت پیت پێکهاتووە.. ئەو دەڵێت منیش شتێکی جوانترم دەستکەوت کە لە هەشت پیت پێکهاتووە"
دایکی سافرەن، خاتوو (کیرسی) تەمەنی (٢٣) ساڵە، دیزاینسازی فانیلەی (تی شێرت)ە دەربارەی سافرەنی کچیان دەڵێ:"سافرەن لە کاتی قسەکردن لەگەڵ کەسانی جیاوازدا، هەر ناسنامەیەکیان هەبێ، متمانەیەکی زۆری بە خۆی هەیە.. چیرۆکیش بە (ویلە)ی خۆشکی دەخوێنێتەوە کە تەمەنی (٧) مانگانە.
دایک و باوکی سافرەن، دەڵێن:"زیرەکی و تەکنەای زیرەکی باڵای سافرەن، هەر لە منداڵیەوە، لە تەمەنێکی بچووکدا دیاربوو"
دایکی وتیشی:"سافرەن دەتوانێ زۆر بە خێرایی و بە دامان

کرداری کۆکردنەوە و لێدەرکردن ئەنجام بدا.. ڕۆژانە دەخوێنەتەوە و دەنووسیت.. کە پەرتووکێک لە پەرتووکخانە دەخوازم. یەک جار بۆی دەخوێنمەوە. دووەمین جار خۆی دەیخوێنێتەوە" منداڵانی کوردیش، لە ڕووی زیرەکی باڵا و بلیمەتییەوە، لە منداڵانی گەلانی تر کەمتر نین، گەلێ منداڵی زیرەک باڵا و بەهرەمەند و داهێنەرمان هەیە.. بەڵام زۆر بە داخەوە، کە بەنازن و نە پشتگیری و نە هاندەریان هەیە و نە هیچ لایەن و ڕێکخراوەکی ڕۆشنبیری و زانیاری و هونەری تایبەت بە منداڵانمان هەیە، کە بە دەستزیرەکی لە خەیانی بگرن و هەیکان و پەداویستییەکانی پشکۆتن و دەرکەوتنیان بۆ دابین بکەن. گەر ڕێکخراوی تایبەت بە منداڵانیشمان هەبن، وەکو پێویست پشتگیریان لێناکەن.
نەرویج: ٨/ ئۆکتۆبەر/ ٢٠٢٠

وەک شیعرێ تەپڵە ...شیعر/ کاوە عوسمان عومەر

وەیستی شتێک بڵێ،
گەر نەشگەڵێتەوە،،
بۆ ئاگادارکردنەوەی پشوختە دڵ،،
وەک تارماییەک..
لە ماڵێکی چۆڵ،
وەک شیعرێکی نانوسراو،،،
وەک بەڵەمێکی وشک،،
بەسەر شەپۆلی بیرەوەری..
شارێکی بیرکراوا،
تەپڵە...
پێمانیدا،،،
گەر باهۆزی سەفەریش..
پڵێ پەپولەی ڕەحی بڕێ،،
وەک نۆتای گیتارێ لە خەو،،
وەک لەزمێ عیشقێ،،

وەک تەم، خەو، وەک سەرابە،،
لە بەستانی ئەندێشەیدا،،
بەت و بچە،
پەیمانی دا،،،
گەر چرپەشی نەگاتە جە،،
گەر پەنجەشی بەر ەوخساری..
تەزیوی ژەر هەورەکی ..
چاو پە فرمێسکا نەکەوە،،
لە هەیوانە چەە و جەهەراودا،،
وەنەی پەریئاسای دەرکەوە،،
گەر ەشەباش هەوالی نەهەنا،،
گوە تەە مەستەکان ..
لە ماەکی خەوتوو لە ابردوودا،،
بە پەنجە کریستاەیەکانی بجوەنە ،،،
پەیمانیدا،،
گەر کات و شوێنیش..
بوونە دوو دیوار،،
بوونی ئەفسانەی لە هەموو شوێنە بی..
لە باخچەکەدا وەک شیعەە تەپەە،،
بە شنەبای هەناسەی،،
لقی دارە خەوتوەکان بشکەنە،،
لەرنابە، ..
بەەام بە لەوی خونچە قورمزیەکان،،
گوەاوی بەهارە..
لە شەوکی هاوینا بنە،،
لەرە نابە،
بەەام لە سەمای مانگکی مەستا،،
زەردەی لەوی بە،،
لەرە نابە،،
لە چنگی زیوینی..
لەزمەی ئەوارەیەکی درەنگا..
بریشکەی پە ئەسرینی..
چاوەکانی دەرکەوە..
هەرگیز لەرە نابە،،
بەەام پەیمانیدا،،
بە باەە فەەی..
قازە ئەرخەوانیەکانی عیشقا ،،

بگاتەوە هەمان جێژوانێ،،
پێیمانیدا،،،
لە خوێی ئاوی فوارەی گزنگ،،
وەخسارە لە خەیاڵکا،،
بەرجەستە بێ ،،
ببێتە پێکەرە لە جوانی،،
لە نەو گڵا پەمەیی ئاوەکانی …
دارستانێ،،
نوقم لە زوقم و تەما..
هەمیشە چاوەڕوان بێ

مانیفێستی عەشق… بەشی هەژدەم…

تێکست: ستێفان شەمزینی

شەرابی هەستت تاکە شەرابێ مەستم بکا
بەم تێکە لەو شەرابە، با ئێشقت نقووم بکا

پێش ئێشقت نەمامێک بووم، ئێستا درەختێکی پڕلوپەدار
پێش ناسینت، کوێرە کانی بووم هەنووکە بووم بە رووبار

تۆ هەر ئەوەندە یەک جار، بۆ خۆشم ئەوەی
من هەزار پرد لە ئەدەم رووەو ڕەحی ناسکی تۆ

تۆ بۆ من ئەڤینی، جادووگەری وشە و ئێشقیت
بۆ ئاگای لەوە، کانگای وشەکانم دەی تێیە

قوڵپی گریانەکەت، ئەکەم بە درۆترین قەسیدە
تەش موروی پەکەنینەکانم بکە بە ملوانکە بە خەت

بەرلەوەی ئاشق بم، پێسەلکەیەک بووم سست و تەراو
دوای ئەشقت، بووم کەترە شینکەی ئاسمانی خەرتاو

جوانیی کانییەکی رووناە لە دڵی تۆە هەڵدەقوڵێ
خۆشەویستی شنەبایەکە لە رەحمی تۆە هەڵدەکا

لەوت بخە سەر لەوم، دەت بنە بە دەمەوە
ڕەحمت گیر بکە لە ڕەحم
ئەمەوە دەپ دەپ بەژەمە ناوتەوە

کە تەم بینی
با ستیانەکەت لە ڕەنگی چاوم کاتر بە
دەستت بەنی مەخەکی شیعرەکانی لەبە
ماچەکانیشت تاقگە بن ئاوی چەژیان لە بەژە

خودا بیری کردەوە لە چی دروستم بکا؟ زەر بیری کردەوە
تاکو لە کەتایدا منی لە نازی تە و گڵی ئەشقت ئافراند

هەست بە حوزنەکی قووە ئەکەم لە قوڵپی پەکەنینەکەتا
ئەزانی من تەنانەت ئەو حوزنەشم، زەر خەش ئەوە؟!

من ئەو گووڵە بەهاریەم کە لە پایزی دەتا ئەوەم
بە نەسیمی فەنکی هەناسەت هەموو ڕەژ ئەشنەمەوە

هەزار پەناسە و لەکدانەوەیان هەیە بە من
کەچی من یەک پەناسە زیاترم نییە:
ئاشقەکی دەوانە و هیچی تر

هەرچەند دوور بام، لەت نزیک دەبمەوە
هەرچەند لەتەوە نزیک بم، لەت دوور دەکەومەوە!

نامەیەکی زەر زەر درژم بە ناردیت
لە رەحی نیتشە و سەرکەشیی دیدالیس
کەچی واتزانی، شەت بووم

لە دووریی هەزاران میلەوە خەم ون کرد
لە رەحی تەدا جارەکی دی خەم دەزییەوە

مژدە … ستار ئەحمەد

شەکرە ژنەك

چەژە عەشق و

نوقەە هیواو

بەفرە سەزم پەدە بەخشەت

ژنەك چوون شیعرو

لەئەوینا سەرمەست و شەت

ئەواران گەرمەسەز

شەوان شەرمە خەوو

رووناکی دە

لەئاسەی دەرووونی هەدەت

زەردە ی بەیان هەدەسەنە و

شاباەی ئەمەك توند دەگرەت

هەتا دەگاتە تریپکی

گەرمە هەناوی نیوەە

وەە ژنەو

بەدوای خەی و رەحی من و

دوندی دەرووونا دەگەەت

پیتەك لەئاونگی لەوی

چرپەیەك لەترپەی دەی

هەناسەیەك لەماچەکی

سفرەك لەگەی مەمکەکانی

لەبریسکەی نیگایەکا

بەگلەنەم دەشەمەوە

چاوانم دەکەمە ریچکەی

خەونی ئاە و

تەمەنی شەنگی ئاواتی

لەکەشما هەنسك دەدات و

عومرەکی نوەم پەدەنووسە

یەرگی لاویم دەکاتە یەر

دەمبا بەرەو

شەو چرای ژوان

گوڵە خۆزگەو

لاسکە تاسەو

رەگی مژدەم پێ دەوێتێ

ژنێك لەیڵەی ژیانا

چەشنی چیا

بێ مانەوەم

بووەتە چاکترین سەنگەر

ستار ئەحمەد

بیـــــرەوەری لێگەڵ د. مـــــارف خۆزنەدارداا … سەباح ڕەنجدەر

خۆم لە پێشەکی پاراستووە، چونکە ئیمە: (ئامانی سەرەکی) نووسین دەکوژێ و ڕەزامەندی خوێنەری نموونەیی وەرناگرێت، ناشبێتە ڕووداو لە نووسیندا.

حوزەیرانی 1988 نامیلکەی (زەوان)م چاپ کرد، دانیەکم پێشکەش بێ: (ئیسماعیل بەرزنجی) کرد، گوتی: دوو دانەی تریشم بدەرێ، یەك بێ کتێبخانەی: (محەمەد مەولوود مەم) و ئەوی تر بێ: (دکتۆر مارف خۆزنەدار).

پێشتر: (محەمەد مەولوود مەم)م بەهەی: (دکتۆر ئازاد حەمە شەریف)ەوە دەناسی و پیاسەی دوورودرێژمان لە شەقامەکانی هەولێر

کردبوو، لە گازینەی: (شەوانی هەولێر)یش چەند جارێك بە سێ قۆڵی دانیشتبووین و چەند جارێکیش لەماڵەوە نان و نەکمان کردبوو، (دکتۆر ئازاد حەمە شەریف) لە ژمارە (183)ی ساڵی 2004 لە گۆڤاری (کاروان)، بابەتێکی نووسیوە بەسەرناوی: (چەن مەمم ناسی) باسی ئەو دانیشتنانە دەکات و بەچوونی مەمیشی لەبارەی منداڵ هێناوەتەوە و دەڵێت: (هەر لەو دانیشتنەدا گفتوگۆیەك دەربارەی چیرۆکی (دەزینەوە) لە نێوان کاك (سەباح نەنجدەر) و (مەم) دروست بوو، کاك سەباح بە وردی پرسیاری لەسەر چیرۆکەکە لە (مەم) کرد و باسی لە لایەنی بەهێز و کاریگەری چیرۆکەکەی (مەم)ی کرد. (مەم)یش لە کاك (سەباح)ی پرسی: (تەمەنت چەندە). ئەویش گوتی: (نۆزدە ساڵە). (مەم) پێی گوت: (تەمەنی نەشنبیریت پێش تەمەنت کەوتووە و ئومێدی زۆرم بە لاوی وەکو ئێوە هەیە بارى ئەدەبیمان بەرەو داهێنان ببەن).

لەو چل و ئەوەندە ساڵەی تەکڵە بە ناوەندی نەشنبیری کوردی بوویمە، پیاوی ئاوا لەخەبووردووی وەك: (محەمەد مەولوود مەم) و (عەبدوڵا سەواج)م نەناسیوە، بەو شەوە پاکە و لەدە و گیانەوە پاپشتی بەهرە و لێهاتوویی لاوان بکەن و دە و گیانیان بە داهێنانیان خەش بێت و پێکهاتەیەکبن لە ویست، جۆر و نموونەن.

دوای چەند نەژڵك لەگڵە: (ئیسماعیل بەرزنجی) نەکەوتی یەکمان کرد و گوتی: (دکتۆر مارف خەزنەدار) پێی خەشە بتبینێت، ناونیشانی ماڵەکەی دامە، ئەوسا هەولێر شارەکی وەك ئێستا قژ ئاڵز نەبوو، بە ئاسانی شوێنە دەستنیشانکراوەکان دەدەزرانەوە.

عەسرانێك زۆر بە شەرمەوە بەرەو ماڵیان بەڕێ کەوتم، دەرگای حەوشەیان کرابووەوە. بەرانبەر دەرگا لەبەر هەیوانەکەی لەسەر ئاسکەمیلەکی تەختە دانیشتبوو، لبادەکی سپی نەخش قاوەیی، لەسەری ئاخرا بوو، کەمەڵك گوڵدان لە دەوروبەری داندرابوون، دیاربوو تازە ئاودرابوون، لەگڵە شەربەیك، کە تافتەیەکی سپی بەسەر دەمی شەربەکەدا دادرابوو، ژەرەوشی لەناو بارستەك قومی تەڵ دابوو، پیاوەکی پرچ و سەر و سمێڵ، ڕەش زیاتر لە سپی، شکۆدارانە فەرمووی لە کردم. کتێبەکی بەدەستەوە بوو، بە قەڵەمی سوور هێڵی بە ژێر چەند بۆگەیەکی دادەهێنا. کتێبەکە هی: (حوسێن مەردان) بوو. بەناونیشانی: (الأزهار تورق داخل الصاعقة). دوای بەخێرهاتن و یەکترناسین. گوتی: (چاو و دەم بە بەهرە و لێهاتوویی لاوان ڕوون و گەرمە). پێشتریش شاعیرانی لاوی هەولێر بەردەوام سەردانیان کردووم. وەك: (جەمیل نەنجدەر و عەبدوڵا پێشەو) و زۆرانی تریش.

دیار بوو (زوان)ی خوندبووو، چند پارچە کاغەزکی باریکیشی بەیبوو لە نەوان لاپەڕەکانی دانابوو، گوتی: لەدایکبوونی شاعیرکی داهێنەری تێدا بەدی دەکەم، برەو بە نوخوازی شیعری کوردیی بدات. نوخوازیش جووڵەنەر و دیارینەکراوە، هەوەست و بۆچوون و کرانەوەی خۆتە، هەرچی ڕەنمایییەکی لەو دانیشتنەدا کردم. دواتر بەپێی هەڵکشانی ئەزموون، هەمووی لە کات و شوێن و جێی خۆیدا ڕاست دەرچوون.

من لەسەر بەرگی زوان نووسیبووم (چامە). ئەوەی زەر جێگای سەرنج بوو بە من. گوتی: زوان چامە نییە. (ڕەمانە شیعر)ـە، هەرچی شتێك لە هەقیقەتەوە بیڕەسی زەرەت پێناگەیەنە. لە کەم ئەزموونی و ڕەشنبیریی ساکارم، یەکەم جار بوو دەستەواژەی ڕەمانە شیعرم گوێ لێ بێت و ببیستم. ئەو کات من چەند ڕەمانەکی کوردی و چەند ڕەمانەکی وەرگێڕدراوم بە کوردی خوندبووەوە. دیارترینیان (شار)ی حوسێن عارف و (براکوژی) نیکۆس کازانتزاکی بوو، عەبدولکەریم شێخانی بە کوردییەك، کە خولیاکانی زمانی دەهێنادی و خەیاڵمی هێنادی، کردبووی بە کوردی.

ساڵی 2012 دکتەر عەبدوڵا ڕەحمان کتێبکی بەناونیشانی: (ڕەمانە شیعر: مێژوو و سەرهەڵدان) چاپ کرد. لەم کتێبدا (زوان) بە یەکەم ڕەمانە شیعری کوردی دەستنیشان کراوە.

کە لەلای هەستام و بڕۆم تا دەرگای حەوشە لێگرێم هات و خانەدانانە بڕۆیی کردم و گوتی: (دیاربە و قەتیش لە دەرگا مەدە). دوای ماوەیەکی کورت ئەو ماڵە بووە ماڵە باوك و تا کەچی دوایی بەردەوام هاتوچووم کردووە. زووش گوتی: تە دووەم ئەدیبی دەبیتە کوێی ماڵە. یەکەم کوێی ماڵە: (دەشاد مەریوانی)یە. ئەو کات شەهید نەکرابوو. گوتیشی: هەر کتێبکت پێویست لە کتێبخانەکەمدا، بە بێ دیاریکردنی کات بیبە و پرسم پێ مەکە. بەس دوای گەڕانەوەی لە شوێنی خۆی دایبنەوە و جێگەکەی پێ مەکە. بە ماوەیەکی دوورودرێژ لەو ماڵەدا هەموو چوارشەممان کەڵەی ئەدەبی دەبەسترا. چا و قاوە و خۆشاو و میوە و جۆرەها شیرنەمەنیش ئامادە و پێشکێش دەکرا.

دوای خوندنەوەی بابەتەکە ئامادەبووان گفتوگۆیان لەبارەی بابەتی پێشکێشکراو دەکرد. یەك لەو چوارشەمموانە بەخت یارم بوو، بە ئەوەی بۆچوونی من وەربگرێت، دوای کۆتایی گوتی: چوارشەممەی داهاتوو سەباح دەقەك دەخوێنتەوە. بە هەموو کۆڵکانی داهاتوو، لەدوای کۆڵکان دەیپرسی چوارشەممەی داهاتوو نۆرەی کێیە و کە ئامادەیە،

ئامادەیی ئەدیبەکەی وەردەگرت، بەڵام ئامادەیی منی وەرنەگرت و یەکسەر ڕایگەیاند چوارشەممەی داهاتوو فڕانە.

لە بەرگی حەفتەمی: (ڕۆژگاری من – 2014) لە لاپەڕەی (212) ئاماژەی بەم کێشەی من داوە، لەدوای خوێندنەوەکە: (محەمەد موکری و سەباح شوان و فیکرەت عزەت) گفتوگۆیان لەبارەی شیعرەکەمەوە کرد، بەچوونەکانی سەباح شوان لەبارەی زمان و شیعرییەت و شێواز لە شیعری درێژدا کامڵ و پێوانەیی و فرە زانیاری بوون. نەك بە من، بەڵکو بە تەواوی ئامادەبووان.

هەر لەو ماڵەدا چەند ئەدیبێکم ناسی. وەکو باوکیش هەمیشە ڕێنمایی ئەدەبی و ژیانی کردووم و سوودمەند بووینە لە ڕێنماییەکانی. بەشێك لە ئەدەبی کلاسیکیم بە چاووونی ئەو و لە ڕێگای کتێبخانەی ئەوەوە ناسی.

لە ناوەڕاستی نەوەدەکان، کە گەمارۆیەکی کوشندە و پڕلەپشکێن لەسەر خەڵکی کوردستان هەبوو، خواردنی باش لە هەموو ماڵێك دەست نەدەکەوت. ڕۆژێك میوانداری: (پیربال محمووود) و منی کرد. خوانێکی شاهانە خەمڵابوو. من کە خواردنەکەم بینی پێم نەخورا و هاوسەر و منداڵەکانم هاتنە پێش چاوم. وێك ئەوەی هەستی شەشەمی کاری کردبێت و پێی گوتبێت میوانەکەت لەم حاڵە و بارە لاسەنگدایە. لەسەر خوانەکە هەستا و دوای ماوەیەکی کورت هاتەوە گوتی: سەباح بە بنیادی بە ماڵەوەم نارد. ئەوەی لەسەر خوانەکە بوو، بە زیادەوە بە منداڵەکانمی ناردبوو.

دوای نان و چا و قاوە. دیوانی: (محەمەد ساڵح دیلان)ی هێنا و گوتی: هەر یەکەمان شیعرێکی ئەو شاعیرە بلیمەتە بخوێنینەوە، پاشتریش گفتوگۆی لەبارەوە دەکەین. پێش ئەوەی ئێمە بچین، دیاربوو شیعرەکانی دەستنیشان کردبوو. بەوە زانیم لە نێوان هەر شیعرێکدا پارچە کاغەزێکی سپی دانابوو، خێی شیعری: (سلێمانی)، پیربال محمووود شیعری: (بەخودی شاعیر). منیش شیعری (شێخ محموودی زیندوو).

بە پیربالی گوت: تۆ ئیلقات نەرم و بەهێز، بەڵام ئەو شیعرەت لەنگ خوێندەوە. ئای لە خوێندنەوەکەی منیش نەبوو، هەستم کرد ڕێکخستنی ئێم دانیشتنەی بۆ ئەوە بوو توانایی دیلان بۆ من ئاشنا بکات. هەر لەم دانیشتنەدا بە باشی لەبارەی ئەزموونی: (ئەحمەد تاقانە و ئانوەر قادر محەمەد و فەرهاد شاکەلی) دوا، وێك شاعیر و وێك

لەکاتدا.

بە نووسینی: (مەژووی ئەدەبی کوردی)یەکەی داوای هەر دوو بەرگی چیرۆکەکانی: (محەمەد مەولوود مەم)ی لێ کردم. گوتیشی خەم هەمە، بەڵام قوتابییەك بە کاری زانستی بردوونی و نیگەراندووتەوە. لەکەوتنەکەمان دەکەوتە 15/1/2001. ئەم لەکەوتە منداڵەکمان خودا بەخشی. بەو هیوایەوە لە بەرنەکەم دوا کەوتم. 18/1/2001 کتێبەکانم بە برد. پێش ئەوەی بەخەرهاتنم بکات و کتێبەکانم لێ وەرگرێت. گوتی: تێ بیرکردنەوە و هەڵکەوتی ئەوروپییانێت هەیە و زۆر پابەندی بە قسە و بەڵێنی خۆت، بە دوا کەوتی. منیش واقیعەکەم پێگوت و گوتم لەدوای سێ کێژان، کوڕەکمان لە دایك بوو، ئەمەیە هەی دواکەوتنەکەم. بزەیەکی شادمانی لە دەموچاوی گەشا و پیرۆزبایی و سوپاسی خودای کرد، برادەرە هەڵبژاردراوەکەی کەسکی کەمتەرخەم نییە. هەمان کات دایە (سەعدیە) سێ پاکەت شیرینی لە سوپەر مارکێتەکەی نزیك ماڵیان کڕی و گوتی: لەجیاتی من لە کەڵانی خۆتان، خۆت بەسەر منداڵانی دابەش بکە. ئەمە کوڕەزای منە. خۆزنداریش گوتی: باجی دواکەوتنەکەت ئەوەیە، من ناوی لە دەنەم، لەگەڵ ئەوەش بەچوونی خۆی زاڵ نەکرد، هەزامەندی من و هاوسەرەکەمی وەرگرت، ئینجا ناوی نا (یاد)، ئێستا تەمەنی هەژدە ساڵە و حەزی لە فەکەوانییە.

* * *

لە ژمارە (43)ی 18/9/1997 لە (برایەتیی پاشکۆی ئەدەبی)، عەرزوحاڵنووسێکی هاهێندراو و بەنازپەروەردەکراو بە شەکر و شیر بە پەلامار و کاری تایبەت و دەستنیشانکراو. نووسینێکی نووسی بەناونیشانی: (زەقبوونەوەی خود لەناو وەهمێکدا). لە لایەن ئەو و برادەرانی تریەوە، زیاتر پازدە نووسینی بەکوردی و عەرەبی بەدوا داهات، دەستوایی و هەکەوتنێك لە نەوانیان کلکی لێك گرێدابوون، لەم نووسینانەدا سەد و حەفتا و دوو قسەی ناقۆڵا و ناشایستەیان پێگوتم. یەك لەو برادەرانە خەڵاتی مرۆڤیشی لە ستاندبوومەوە وەك: (ئاژەڵ) دەستنیشانی کردبووم. منیش لە ژیانی ئەدەبیم هەکەوتی لەوە دەخشترم هووبڵوو نەبووتەوە. ئاستی لەم جارە و نزیك لەم جارە، بەرهەمی منیان بەدە نەبەت. ئێستاش ئێگەر لە شەقام هەکەوتی ئەو برادەرە بکەم بە ویستی خەم، لە هەزی ئەدەبی بگەردەوە خەندەیەکی هەزامەندی دەمگرێت و تا ئەوپەڕی دەخشش دەبەم، خۆشییەکە هیچ خۆشییەك پێی ناگات، دەبە سوپاسی خودا و هەر سەد و چل و چوار هەزار پێغەمبەر بکەم. ئەم عەرزوحاڵنووس و ئاستە بازاڕیانە

بەرهەمی منیان بۆدۆ نۆبەت، خۆ ئەگەر بەرهەمی منیان بە دۆ بۆت، دەبۆ گومان لە توانایی ئەدەبی خۆم بکەم.

ئۆم ئامـــاژەیۆم تۆنیـــا بۆ ئۆوەدا، دوای ئۆوەی قـــوۆولیتەی ئۆم گۆلەکەمەکییە نیشتەوە، 11/11/1997 خەزنەدار تەلەفۆنـــی بۆ کـــردم، نیوەڕۆ وەرە لای من نانەك بە یەکەوە بخۆین. کە چووم دوو قوتابی قۆناغی دکتۆرای لا بـــوون وانـــەی پۆ دەگـــوتن، ناویـــان: (محەمەد) و (شنۆ) بـــوو، ئەوانیـــش لـــە خـــوانەکەدا بەشـــداربوون، هەمـــوو ئۆو ڕۆژنامـــانەی لەســـەر یەك کەڵەکـــە کردبـــوون، کە نووســـینەکانی تێـــدا بڵاوکرابوونەوە. بۆ زمانەك، زمانی فەرمان گوتی: پێـــاوەکانت لە پۆ مەکەرەوە و بڕۆ سەریان و بەرز ڕاوەستە، منیش زەردەخەنەیەکی شەرمنم بۆ کرد و گوتم، ببوورە، گوتی: ئاخر هەمووی گەرەشۆوێنی ئەدەبی و بەدگۆیی و قسەهەڵبەستن و تانۆ و جوێنن بۆ تۆ و ئۆدەبی تۆ. گوتم: لۆپاڵ بەدگۆیی و قسەهەڵبەستن و تانۆ و جوێنەکانی ئۆوان، بابەتی نووسەرانی تری تێدا بڵاوکراوەتەوە بە شکڵوە باسی ئۆدەبی کوردی دەکەن. یەکێ لە شوێنی خۆی هەستایەوە و دەستی لەسەر شانم دانا. گوتی ئاوا بۆ گۆوڕیی لە ئۆدەب گۆیشتووی و ڕوونبین و لێبـــووردەی، بۆیە ئۆو بۆ (ســـەرەتا و کۆتایی)یـــانە ئـــاوا تـــووشی هیستریا بوونۆ.

لەنـــاو کتێبخانەکەیـــدا لەگەڵ کتێـــب، کۆلـــوپەلی بەنـــرخ و دەگمەنـــی دانابوون. کووپەکی چای پێشکەش کردم، کە لە ڕووسیا لەگەڵ خۆی هێنابوویەوە و وێنەی پووشکینی لە قەدی نەخش کرابوو، زیاتر لە چل ساڵ بوو پاراستبووی، گوتی: ئەمـش یەکەکە لە ئازاردراوەکانی سەر زەوی و تێش بەهەزبۆ تا دەکوژرێی و ئازادانە بە دوای خەونەکانتدا بڕۆ.

پێش ئۆوەی ئۆم دانیشتنە ڕەکبخات پێیوەندی بە سەرنووسەر: (فەرهاد عەونی) و جەگری سەرنووسەر: (زاهیر ڕەژبیانی) کردبوو، ئۆوانیش پاکانەی خۆیان واکردبوو، گوتووبیان: (پێـــاگەیان) و (ڕاسپاردە)ی تایبەتمان بۆ هاتووە ناتوانین بڵاوی نەکەینەوە. دەنا (ڕەکخەر و ئامادەکار و نووسەرەوە)ی ئۆم بابەتە دەڕێی دەرچووی خولی ڕاهێنانی گوللەبارانکردنی مرۆڤ، دابی ڕەخنە و گفتوگۆی تێدا نیـیە.

من خۆم ناسیوە و خۆم دەزیوەتەوە، مرۆڤ کە بۆوای هەبوو. هەرچی بۆوایەك بێت. خۆی دەناسێت و خۆی دەدەزێتەوە. من بۆوام بە شیعری پاراو و بەگەرد هێناوە. بۆوا وات لێدەکات بزانی لە شوێنەکاندا لە کوێی و کامە (خێت)ی.

پاش ماوەیەك کەشیعری: (هەوڵەکانی خواوەند)م چاپ کرد. دانیەکم پێشکەش کرد. تەماشایەکی ورد و هەڵگرتن و وەرگێڕانی کرد و گوتی: شیعرکان حەزی مرۆڤیان تەدایە و کاریگەرن. چەتری شەوازی ئەفسوونکاری بەسەر خوێنەرانیان هەدەدەن و بەرەو قووڵاییان دەبەن. تۆ شەرم لە جیهانی شیعری خێت دەکەی، بەڵام چاپکەی زۆر سادە و سەرەتاییە و خوێنەر هان نادات بۆ خوێندنەوەی.

دوای ماوەیەك نووسینەکی نووسی بۆناونیشانی: (خەونی خودایی لە کەشیعری هەوڵەکانی خواوەند) دا، لە ژمارە (45)ی 5/3/2000ی گۆڤاری (ئامان) بڵاوی کردەوە. لەگەڵ شیعری نوێ کەك نەبوو، لە گۆڤاری (ئامان)، ژمارە (148)ی 5/9/2009 بابەتەکی نووسیوە بۆناونیشانی: (هەندێ بیرەوەری ڕۆژنامەگەری و من و ئامان) دان بەوە دادەنێ ناوەندی ڕۆشنبیری کوردی چاوەڕوانی ئەوەیان لێ نەکردووە لەبارەی شیعری نوێوە بنووسێت، چونکە تایبەتمەندێ لە شیعری کلاسیکی. لە وتارەکیدا نووسیویەتی: (بەمجۆرە ئەو پارچە شیعرەی (سەباح ڕەنجدەر) کەوتە ناو ئەو چەند شیعرەی لاوانی سەردەم نووسیویانێ و شیعرەکەم بەدێ بوو).

* * *

سەزدە ساڵ و هەشت مانگ و یازدە ڕۆژ لە گۆڤاری (ئامان)دا کارم کردووە. لە ژمارە (3) تا (153)، ئەو کاتەی کارکردنەم چ وەك تەمەن و چ وەك توانایی ئەدەبی دەبێتە قەناغی گۆشەی تەمەن و ئەدەب. یاداشتی ئەم ماوەیەم بە پەی نووسیوە و لە نامیلکەیەکی سەربەخۆدا چاپی دەکەم. (ئازاد عەبدولواحید) سەرنووسەری گۆڤارەکە بوو، بەیانی: 10/10/2008 سەرەکی کەشا ژوورەکەم و گوتی: وەرە قاوەیەکم لەگەڵدا بخەرەوە. من ئەو پیاوەم قێت ئاوا بریندار و هەناسە توند نەبینیبوو. دەموچاوی تەواو نائاسایی بوو، لەناخەوە هەژا بوو، هەستی بە پیلان و غەدرێك لە من کردبوو. نموونەی داهێنەرانی بە دەهێنامەوە چ تۆ و داوکیان بە داندراوەتەوە، نموونەی: (بەدر شاکر سەیاب)ی دەهێنایەوە و دەیشی نەدەهێنا بابەتەکەم بە باس بکات. بەردەوامیش دووبارەی دەکردەوە تۆ شاعیرەکی: (وتو وریای). گوتم چی بووە پەم بە خۆ پلانی کوشتن نییە. بەڵك ڕوون بووە و زانی لەسەرخەم و بەسەرخەم زاەم و لە هەزی چاوەکانمدا خاوەنی بەوا و ئەوەم، کە گوتیتم. گوتی: ئەویان کوشتنی توانست و ڕۆحە. کەمێك کاغەزیشی لەسەر مێزەکەی دانا بوو، بە من دەدوا و تەماشایەکی کاغەزەکانی دەکرد و دەستی ناڕازایی لەسەر دادەنان. بە چاوەك سەیری منی دەکرد، وەك ببینێ پەرداخەك ژەهرم بە ئامادە کرابێت و

ئەو ڕۆژەی بیرم نەماوە، یان دەرخواردم بدرێ. گوتی: مرۆڤێك، لەوانەیە برادەریشت بووبێت، زۆرکارا و کارامەیە لە کۆمپیوتەر و ئیمەیل دروستکردن. بە هەشت ناوی جیا جیای نووسەرانی ناسراو ئیمەیلی دروست کردووە و جۆن بە خێت و ماڵ و منداڵت دەدا و بە ئیمەیلی گۆڤاری ئامانی ناردووە، وای کردووە من بیبینم. گوتم: بمدەرێ با بیانخوێنمەوە. گوتی: دەم نایە نێك خودا نەخواستە جێتەی دە لێت بدا. گوتیشی هەموو ئاپەرتەکانم لە بەریەکدا ئاگرتووە، وێك ڕۆنووس و شەواز و وشە و فەرهەنگ و زاراوە یێك کەس، کەسێکی کرچوکاڵ و کێلە و کۆڵەلە ئەدەب نووسیوێتی: خودایە دەبێ من چی بم و چیم کردبێت. مرۆڤێك، هەنگە ڕۆژگارێك برادەر و هاوکاریشم بوو بێت، ڕێ بە خێی بدا بە هەشت ئیمەیلی جیا جیا جۆنم پێ بدا و بوختانم بە هەبەستێ. لە کاتێکدا لە ژیانی خۆم نێك خراپم لەگەڵ مرۆڤێك نەکردووە، بەڵکو کشەم لە مشکیش نەکردووە، بەبێ دوودڵی هەمیشەش ڕۆژی نووسینی باشم گرتووە و ستایشم کردووە، تا سەما لە چاوانیشمدا حوکمی مابێت لەسەر ئەم قەناعەتەم بەردەوام دەبم.

ئاخۆ دەبێ چی ڤی ئەو مرۆڤی لەو پلەیەدا کوێاندبێت، یان چ ڕوویەك بێت بە ناوی نووسەرانی ناسراو ئاژاوە و گێرەشێوێنی بنێتەوە، تا من لەگەڵ نووسەرەکان دووچاری گرفت و مەودای گرژبوون لە نێوانمان دروست بکات. کێلێیی لە ناوەوە کلێری کردووە، خودایە یارمەتی بدە تا ئازاری کەسێکی تر نەدات. ئەنجام دوای چەند ساڵێك پێم زانی عەرزوحاڵنووسێکی بازاڕییە، بە خێی بەهەشتی داهێنانی نییە. لە بەهەشتی داهێنانی ئەوانی تردا دەژی. بە واتایەکی دی، خێی بە خێی بوونی داهێنانی ئەدەبی نییە. تەنیا لە بوونی ئەدەبیدا ئەوێی بە دەمەنتەوە، (پێلاماری داهێنەرێکی داوە.) دوای دەست و دەم بە هەرمیشك خووساندن و بە شەرم ئامادەکراو، بە چاووونی برادەرێکی (شاعیر)م، کە من لە ژمارە (32)ی گۆڤاری (ئامان)ی 5/2/1999 لە مێزگردێکدا بە ناونیشانی: (کێشەی تێگەیشتن و تێنەگەیشتن لە ئەدەب و هونەردا). بە شاعیری خاوەن ئوئیا ناوم بردووە. نامەیەکی کراوەم بە ئەو برادەرە شاعیرەم نووسیوە و لە نامەکەدا بەدار و بار و دەرزی و دروومانتر بۆچوونی خۆم دەربڕیوە و لە بنی هەمبانەکەم داوە. پێش ئەوێی بڕاویشی بکەوە دێدەم بە خێی.

لە پەرەگرافێکی نامەکەدا نووسیومە: (ئەدەبی پاراو و بێگەرد بە سروشتی خێی دوژمنی دیکتاتۆرانە و هەنگ و ڕوخسار و کرێکی واقیع

دەستکاری دەکات، بەڵام لە توانایدا نییە بیگۆڕێت، بەڵام دەتوانێت ڕك و کینەی ئازیزان وەرگۆڕێت بۆ خۆشەویستی، ئەگەر ویستت ئازیزان ببینی، هەموو بڕیارەکانت بکۆڵنەوە، ئەوجا چاوی بینینت پاراوکە).

دەمزانی خۆزنەدار کاریگەری بەسەر ئازاد عەبدولواحیدەوە هەیە و ڕۆژی داوای یەکتری دەگرن. چووم لای و بابەتەکەم تێگەیاند، بەڵکو ئاپۆرتەکانم بۆ وەربگرێت. بە لەڕازیبوونکی پێ بەوا و جارێ تووسکەوە گوتی: بەناوی خواستراوەوە جوێنیان پێ داوی، گوتم بەڵێ. گوتی: هەر یەك ناوی خواستراو بە کاری ناڕەوا بکاربهێنێت، (نامەردە). نامەردیش خاوەن ڕەچەڵەکی نییە، بەڵکو داوایەکەت جێبەجێ ناکەم. گوتیشی داهێنەر هەڵدەیە، هەڵەش تەماشای ڕێگا درێژەکان دەکات و ڕێبوارانی دەپارێزە. هەڵەیانی ڕێگای درێژی ئێدەبی کوردیش تێ دەپارێزن.

* * *

(دکتۆر لەتیف محەمەد حەسەن) شیعری: (سروودی باران)ی بەدر شاکر سەیابی وەرگێڕا بوو، لە ژمارە (93)ی گۆڤاری کاروان، ئاداری 1992 بڵاوی کردبووەوە. زۆر سەرسام بووم بە شیعرەکە و وەرگێڕانە بە گرێ و گۆڕەکەی و شیعرییەتی تێدا هەسکاندووە و دنیابینیی شاعیری تێدا کامڵە. باسی ئەم وەرگێڕانەم بۆ کرد، کە چۆن خەیاڵی جووڵاندم و دەقە عەرەبییەکەی بە چیەتی خۆیەوە بەستاوەتەوە. ئەویش بە دوورودرێژی تەکنیکاوبوون و ڕۆژگاری خۆی لەگەڵ سەیاب زۆر بۆتاسە و لەدڵەوە گێڕایەوە. گوتم: ئەو زانیارییانە بۆ خوێندنەری کورد زۆر گرینگ و پێویست و خولگە و مەبەستە، پێشنیاز دەکەم بیانووسیت. گوتی: لە سەردانی داهاتووت شتێك دەبینیت. کردی بە بیرکردنەوەی خۆی و بە شێوازێکی پێ زانیاری، درێژە بە بنەماکانی براەرایەتی دەدا و بابەتێکی نووسی بۆناونیشانی: (من و گۆران و سەیاب). لە ژمارە (53)ی 5/11/2000ی گۆڤاری ئامان بڵاوکرایەوە.

* * *

22/11/2001 لە گفتوگۆیەکدا باسی: (محەمەد ساڵح دیلان)ی کرد، کە خاوەن تیۆری شیعرییە، هەم داوام لە کرد ئەم هەست بە تیۆرە و بیرکردنەوە وەك نووسینەك تەمار بکات و ئەندازەی تیۆرەکە بە پێودانگی ئەندازیاریی بگەیەنێت. تێگەیشتنی خۆی بە تیۆرەکە کرد بە بابەتێك بۆناونیشانی: (شیعر). لە ژمارە (79)ی 5/1/2002ی گۆڤاری ئامان بڵاوکرایەوە.

* *.

17/8/1999(حوسەن عارف و خانم)ی خەزانی میوانی بووون، لە گفتوگۆیەکان دیار بوو، بە چەند هێڵێك دەماندوو. باسی چیرۆك، بابەتی دانیشتنەکە بوو. منیش لەم پرسی خە تە لە قۆناغی خەت چیرۆکنووسەکی باشی، بە لە لێکۆڵینەوەی چیرۆکی کوردی وەك پێویست باست ناکرێ. گوتی: لایەنی لێکۆڵینەوەم غەدری لە چیرۆکنووسیم کردووە. ئەگەر ئەوەندە بایەخم بە نووسینی لێکۆڵینەوەی زانستی نەدابوایە. ئەو وەك چیرۆکنووس، هەنگە چیرۆکنووسەکی باشیش باس دەکرام. گوتم: بە ئەم غەدر لێخۆکردنەت وەك بابەتێك نانووسی بە خوێنەرانی هووون بکەیتەوە، بابەتێکی نووسی بۆناونیشانی: (من و چیرۆکی کوردی). لە ژمارە (41)ی 5/11/1999ی گۆڤاری هامان بڵاوکرایەوە.

* *.

6/8/2006 لە ماڵی خەزنەدار (دکتۆر دڵشاد عەلی) سەرنجی لەبارەی شیعرەکانی منەوە هەبوو، کە خاڵبەندی بەکارناهێنم و بە بۆشاییەك لە ئەزموونی منی دەزانی و منیش گوتم زانینم بە ئەم کارەم هەیە و لە ژمارە (50)ی 5/8/2000ی گۆڤاری هامان قسەی خەم لەم بارەیەوە کردووە و گوتووم:

(کەمێك حیکمەت و گیانی پەتی و بیر و مەودای ئێستێتیکم لە کۆلپوور و هۆشنبیری کوردی بە ماوەتەوە. نموونە: لە حەیراندا خاڵبەندی پەیڕەو نەکراوە، سەربەند و ناوبەند و کرانەوەی دوا بەند هەیە. بە گۆڕگرتن و هۆشیارییەکی هاستێقینەی ترپە و ئاواز، هەستی خاڵبەندی لای حەیرانناس دروست دەبێت. هەروەها لە شیعری میللی کوردی و شیعری کلاسیکی خاڵبەندی پەیڕەو نەکراوە. پەیڕەونەکردنی خاڵبەندی لای من نەزانین نییە. بگرە وەك مەبەست و هونەر گەهانەویە بە هەستی سەرەتایی کوردی و هۆسنایەتیی کۆلپوور.

لە سپێتی کاغەز و دابڕشکردنی وێنەدا، هەست و نیشانەکانی خاڵبەندی لە ئاستەکانی دەربڕین لە خەیاڵ و زەینی خوێنەری خود وریا دەستنیشان دەکەم.

نموونە: هەستی بە کوڕ دەچیت. ئەم هەستیە، ئەگەر نیشانەی پرسیار، یان سەرسوڕمانم بە دانا. ئەو بگومان هەستەکە دەستنیشان دەکەم. پرسیارە، یان سەرسوڕمان. ئەگەریش هیچ نیشانەیەکم بە دانا و بە کراوەیی هشتموە لەم بارووبواردا هەستەکە دەبێتە هەستیەکی

ئاستدار و دەخگۆ و زەینی).

خەزنەدار پارێزگاری لە بەچوونەکەی من کرد، منیش گوتم: با بەچوونەکانت ببنە بەگۆ و لەبەر دەستی خوێنرانەدا بن: بە دوو ئەقڵە بەچوونەکانی لەبارەی خاڵبەندییەوە تۆمار کرد.

1ـ خاڵبەندی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، لە ژمارە (115)ی گۆڤاری (هاوکاری) 5/12/2006 بڵاوکراوەتەوە.

2ـ خاڵبەندی لە شیعری نوێی کوردیدا، لە ژمارە (119)ی گۆڤاری (هاوکاری) 5/4/2007 بڵاوکراوەتەوە.

* * a▪

17/5/2009 ڕۆژێکی تەواو گەرم بوو، سەردانیم کرد. بینیم پێیەکانی لەناو تەشتێکی نمیچە پڕ قوم دانابوو، گوتم: ئاوە بۆ پێیەکانت جووت کردووە و لەناو ئاو قومە گەرمە دەیانجووڵێنیت. گوتی ناوە ناوە مەرووڵە دەکەن. ئەمە چارەی ئەم مەرووڵەیەیە.

فایلێکی پەمبەی لە تەنیشت خۆی دانابوو، دایە دەستم، چیرۆکی: (سڤێتلانە)ی تێدا بوو. گوتی: ئەم چیرۆکەم دوای چل و دوو ساڵ ئەمڵا لەناو دەستنووسەکانم دۆزیوەتەوە، ئەگەر بڵاوت بووە، بە بڵاوکردنەوە لەگەڵ خۆتی ببە. خوێندمەوە و گوتم: جوانترین چیرۆکتە. بەچوونەکەمی پێ لە جێی خۆیدا نەبوو، گوتی تۆ، یان لە چیرۆك نازانی، یان چیرۆکی: (ئەحمەد کوردی و بووکەشووشۆ و دێو و نەتەوەت) نەخوێندووەتەوە. هەستم بە ناڕەزایییەك کرد. لە ماڵی خۆی قسەت دڵی میوانی نەدەشکاند. هەستا و منی بەجێهێشت و چووە ناو کتێبخانەکەی. زانیم نیشانەی ناڕازیبوونەیە. لە فایلەکەدا شیعرێکی: (دکتۆر ئیحسان فوئاد)یشی تێدابوو، شیعرەکەم لەسەر ئەسکەمبیلەکەدا دانا و چیرۆکەکەم هەڵگرت و ڕۆیشتم، دڵم ئاوەندێ گران ببوو، دەیگوت بووەتە تووڕەگەی بزمار. بڕیانی چیرۆکەکەم بردە گۆڤاری (هاوکاری). لە ژمارە (145)ی 5/6/2009 دا بڵاوکراوەتەوە. هەمان ڕۆژ تەلەفۆنی بۆ کردم گوتی: دایکت خواردنی تایبەتی ئامادەکردووە. وەرە ئێرە نانێك بخۆ. نانەکەم خوارد و نە ئاو دەنگ و نە من دەنگ، کە چیرۆکەکە بڵاوکراوەتەوە لەناو خوێنەران دەنگدانەوەیەکی تایبەتی هەبوو، بە زۆردەخەنەیەکەوە گوتی: پەدەچی بەچوونەکەت ڕاست بووبێ.

* *▪

لە 5/6/1999 کتێبی: (ئەلەکساندەر پووشکین: گەشتێك بە ئەرزەڕۆم)ی پێشکەش کردم. کتێبەکە هەشتان لە نێوان دەستی ئێو و مندا بوو، وەرم نەگرتبوو. بە زمانێکی نیمچە دەهاوکە ئامێز و تاقیکردنەوە لێی پرسیم: شیعر چییە. منیش گوتم: (ئەگەر دەمزانی چییە، نەمدەنووسی). کتێبەکەی دایە دەستم و گوتی: (تاکو ئێستا جوانترین پێناسەیە لە هەموو زمانانی دنیا).

کانوونی یەکەمی 2018 هەولێر

تێبینی:

• لە هیچ نووسینێکدا بڕۆز و کاك و مامۆستا و هێژا … تاد، بەکارناهێنم، تەنیا ناوی خێیان لە هەموو ئاوەناوێك گەورەتر و شایان و شایاندارتر دەزانم، (ناو) لە بەگەردی خێیدا هەموو وزەیەکی کۆسایەتی هەڵگرتووە. ناو خودی کۆسایەتییە، ئاوەناو پۆوەر و هەمایە بۆی. ناو بیرکردنەوەی کۆسایەتییە، ئاوەناو بیرکردنەوەی ئێویدییە بەرانبەر کۆسایەتی. ناو (بوون)ە، ناپاکی لەگەڵ ناسنامەی خۆی ناکات، ئاوەناو (چییەتی)یە، مەودایەك بە خۆشدوویی و شێواندن و دەربڕینی دوو لایەنە دروست دەکات، هەروەها (تەقلید) کەموکورتییەکی بنچینەییە، ڕەگ و تایبەتمەندی نییە. زۆر شتی بەسەر نووسەری کورددا زاڵکردووە. من بژاردەخواز و ڕوانینوانەکم بەرێو ڕەگ و تایبەتمەندی دەڕم.

فەلەکناسی و ئەستێرەناسی لە ڕاگەیاندنی کوردیدا!… هەرێم عمر کاکل

گەر لە ڕاگەیاندنەکانی کوردی (بینراو. بیستراو . خوێنراو) بوانێت چەندین دەستەواژەی تێکەڵ بەیەك بەدی دەکەین . بەتایبەتی لەوکاتەی دیاردەیەکی فەلەکی یاخود سروشتی کە پەیوەندی بە هەسارەکەمانەوە هەبێت ڕووبدات . کەمەڵك کەس بەچەندین نازناوەوە قسە بۆ دیاردەکە دەکەن . لەکاتێ بۆ ئەوەی بزانین کە کامیان ڕاستی

دیاردەی رووداوەکەمان بۆ دەردەخات .
گرنگی دان بە لێکۆڵینەوە و زانینی پێك هاتەی ئەستێرەکان و هەسارەکان و گەلەئەستێرەکان و گەردوون, پێی دەوترێت (زانستی فەلەکناسی – Astronomy) وە ئەو کەسەی کە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەم بوارە دەکات پێی دەوترێت (فەلەکناس یاخود ئارەزوومەندی فەلەکناسی – Astronomer) . کە زانستێکی کۆنی مرۆڤایەتیە لەسەردەمی سۆمەریەکان و بابلیەکان هاتۆتە کایەوە و کە ئیستاکە لە جیهانی ئەمڕۆکەدا ئەم زانستە گرنگیەکی تایبەتی هەیە و بەردەوامیش دۆزینەوەی گەردوونی زیاتری پێیە بەهۆی ئەو هەوڵِدانەی مرۆڤ هەیەتی لەم بوارەدا .
لەلایەکی ترەوە هەر لە کۆنەوە ئەم بوارەی فەلەکناسی تێکەل بە کەمەڵك بنەمای خودی مرۆڤ بوو بەگومانی ئەوەی کە هەسارەکان و ئەستێرەکان کاریگەریان لەسەر مرۆڤ هەیە . بەمەش (ئەستێرەناسی – Astrology) هاتە کایەوە ئەو کەسەی کە لەم بوارەش کاردەکات پێی دەوترێت (ئەستێرەناس) کە ئەمەش پشت بە خودی بیرکردنەوەی مرۆڤەکان دەبەستێت گوایە کە هەموو تەنەکانی گەردوون کاریگەریان لەسەر کارو کردەوەکانی مرۆڤ دەبێت وەك پێشهاتێك و هەندی جار تێکەڵ بە لێکدانەوەی بەختی مرۆڤەکان و جادوو کەللوەکان دەگرێتەوە . کەوایە لەمەوە دەردەکەوێت کە ئەستێرەناسی زانست نیە بەڵکو بیرکردنەوەی خودی مرۆڤەکەیە کە خۆی ناو ناوە بە ئەستێرەناس .
لە ئیستای ڕاگەیاندنی کوردیدا زۆر بەداخەوە زۆرێك لە راگەیاندن کاران (فەلەکناسی بە ئەستێرەناسی) ناو دەبەن کاتێك کە هەواڵێك وەرئەگرن بۆ زمانی کوردیی . لەم کاتەدا وەك ئەوە وایە کە کەمەگای کوردی لە سەردەمی گەلی مایا بژیێت (ئەو کەمەگایەی کە لەکاتی دیارکەوتنی هەسارەی زوهرە کچێکیان ئەکردە قوربانی گوایە ئەمە پێویستی پیی هەیە) .
زۆر بەداخەوە لەم پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایەی کە بەدەستمانەوەیە و بەردەوام باس دەکرێت . کەچی زۆربەی راگەیاندنەکانی کوردی خەریکی (خەون ناسی و لێکۆڵینەوەی کەللوەکان و ترساندنی تاکی کوردی بە کۆتایی ژیانی هەسارەکەمان و یاخود نزیك بوونەوەی دەنگی گەورەو ..... کەمەلێك لە لێکدانەوە ناراستەکان) لەکاتێك نازانرێت ئەم هەواڵانە لە چ سەرچاوەیەکی نادیار وەرئەگیریت و بەناوی فەلەکناسی بۆاو ئەکرێتەوە تەنها بۆ ئەوەی بتوانن پڕفرێشترین و بینەرترین بن لە کەمەگادا بی ئەوەی ئاسەواری ئەم هەڵەیە بزانن لەسەر تاکی کوردیدا کە ئەم هەمووچەواشەکاریە لەپای چی بلاوەکرێتەوە ، پێم وایە ڕاگەیاندنی کوردیمان ئاوا بۆات هەرگیز تاکی کورد لە مانای (ئەستێرەناسی و فەلەکناسی) تێناگەن و رەنگە بەرەنجامی تری

دواکەوتووی بەدواوەبێت .
بەڵام گومانم لەوەدانیە تا پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا بەرەوپێش بچێت ڕاگەیاندن کارلە بواری ئەستێرەناسی و خەون زانی و کەللوناسی زیاتر ئەبن . بەڵام ئایا هەرگیز ئامادەن بڕۆن ئیمە (ئەستێرەناس) ین !

چەمکی شیعرییەکان و پێنجەرێیەک بۆ ڕوانین … بەشی دووەم :- ناڵێ حەسەن

( )

- **شیعر و (یاخیبوون)**
- **شیعر لە نێوان (فۆرم و ناوەڕۆک) دا**
- **شیعر و (یاخیبوون)**

ئەگەر بمانەوێت بە کورتی قسە لەسەر یاخیبوون یان (یاخیبوون و شیعر) دا بکەین ، دەتوانین بڵێین ، زۆربەی زۆری یاخیبوونەکان چ لە نێو ڕووبەری شیعر یان لەنێو ڕووبەرکانیتری ژیان ، هەست و کردەیەکی لە هەشماندیەوە یان لە پاشخانێکی مەعریفیەوە سەرچاوە دەگرێت . چونکە دواجار / یاخیبوون هەوڵێکە بۆ گوتنی (نا) یەک بۆ ڕووی ئەستا و بەڕووی هەموو ئەو هێز و دەسەڵاتانەی کە دەیانەوێت ژیان ناشیرین بکەن و بوون و بەهای مرۆڤبوون بخەنە ژێر پرسیارەوە …! ، هەروەها ژیان ئەوە دەخوازێ کە مرۆڤکان هەمیشە بوونکی یاخی بن ، چونکە لە یاخیبووندا / مرۆڤ دژی هەموو هێزکی دڕەکی ڕادەوستێت ، نایەوێت بوونی داگیربکرێت و بوون و ئازادی مژووی خۆی لەدەست بدات و ببێتە کۆیلەیەکی ناکارا. بۆ بەردەوامبوونی ژیان و بوون یان بۆ ئەوەی مرۆڤ ناوەڕۆک بۆ ژیان و بوونی خۆی ببەخشێ پێویستی بە هەوڵدان و داهێنانێ ، چونکە داهێنان جێخت لەسەر ئازادی سەرکی بوونی مرۆڤ دەکاتەوە لەنێو ڕووبەر و کاتی مژوودا . واتە مرۆڤ بەبێ داهێنان ناتوانێ ناوەڕۆکێک بۆخۆی پەیدا بکات و شوناسێک بۆدەستبهێنێ و ببێت بەوەی کە خۆی دەیخوازێت ، تا ئێرە مانایەک

بوو بۆ یاخیبووون بۆ شۆڕیکی گشتی ، بەڵام لە پێوەند بە شیعر و یاخیبووون / دەتوانین بڵێین ، شاعیری داهێنەر هەمیشە جیاخت لە ناڕازیبووون دەکاتەوە و (نوێستی هەبوو) دەستنیشان دەکات ، مەبەستییەتی لە نێبووندەوە فۆرم و بوونێکی نوێ بهێنێتە بوون ، دەتوانین بە ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەمان (فەرید زامداری) شاعیر بەنموونە بهێنینەوە ، کە لە کتێبی (گێشتن بە ڕووبەری شیعر) بەدوورودرێژی باسمان لە یاخیبووونکەیی و ئەزموونە جووداو نوێخوازییەکەیان کردووە ، (فەرید زامدار) لە سەرەتای شیعرێکی بە ناوی (دان پیانان) دا دەڵێت ،(ژیان هەمیشە وتوویەتی " نا " ...!) ، یان لەسەرەتای کتێبێکی بەناوی (ئەنیما مندی) لە وتارێکدا دەڵێ ، (من بەوەی کە هەیە ڕازینیم و بەدوای لەدەرەوەی ئەوەی " کە هەیە " دەگەڕێم ...!) ، واتە بەڕەشنی (نوێستنی هەبوو) ی مەبەستە ، واتە (ڕەتکردنەوەی هەبوو) یان (ئەوەی کە هەیە ...!) ، بۆ مەبەستی بەرهەمهێنانی فۆرم و دەقێکی نوێ ، جیاواز لەوەی کە هەیە ...! ئەو دوو دەربڕینەی (فەرید زامدار) ، کێکی یاخیبووون و نوێخوازیمان پێشان دەدات . چونکە هەموو شاعیرێکی نوێخواز و جودا لەهەمانکات شاعیر و بوونێکی یاخین ، چونکە گەر ناڕازی نەبن بەوەی کە هەیە ، ناتوانن جیاواز بنووسن و ناتوانن لێنێبووونەوە بوونێکی تر بەرهەمبهێنن ، چونکە گەر بەردەوام بن لەسەر ئەوەی کە هەیە ، بە هەمان زمان و فۆرمەوە ، ئیتر بەشیوەیەک لە شۆکان دەبڕێتە (لاسایکردنەوە نێک داهێنان ...!) ، لاسایکرنەوەش / مانای ئەوەیە کە تاکەکان دەسەڵات و توانا و بەهرەی خەیان خەفە دەکەن و لە چاو و دیدگای کەسانیترەوە دەڕوانن و دەبینن ...! ونکردنی توانا و بەستی خود بەمانای خۆشکردنە یان ڕەگەدانە بەوەی کەسانیتر بوونی کۆنترۆل بکەن ، ئەمەش نامبوونە و لە بەشی (شیعر و نامبوون) دا قسەمان لەبارەیەوە کردووە . چونکە لەم باروزروفانەدا مرۆڤ ئازادی و سەربەستی خۆی لەدەست دەدات . وە ئەوەش ڕوونە کە تاکو مرۆڤ ئازاد و سەربەست نەبێت ، توانای زاڵبوونی بەسەر حەز و خەون و ئارەزووکانیدا نابێت . دەمەوێت پێ لەسەرئەوە دابگرم کە ڕەتکردنەوەی هەبوو ، ئەگەر لاسایکردنەوەش نەبێت ، (دووبارەکردنەوەی خودە) ، واتە بەردەوامبوون لەسەر یەک فۆرم و شێوە زمان و یەک شیواز . تەنانەت ئەگەر داهێنانیش لە دەقەکاندا هەبێت بەڕام ، ناچێتە ڕووبەری نوێخوازییەوە ، چونکە دەتوانین بڵێین (هەموو نوێخوازییەک داهێنانە بەڕام هەموو داهێنانێک مەرج نییە نوێ بێت ..!) لەسەر ئاستی ئەدەبی جیهانیش زۆرن ئەوکەسانەی کە جێ پەنجەیان دیارە لە مێژووی شیعر و ئەدەب دا و ڕێیان هەبووە لە بنیاتنان و

بەرهەمهێنانی بیرکردنەوە و قۆناغێکی نوێ ، ئەوانیش وەک کەسانی یاخی و ناڕازی و نەویستی هەبوو ، لەوانە (بەدلێر ، مالارمێ ، ڕامبۆ ، ئازرا پاوەند ، ئەدۆنیس و زەرانیتر ..) بە نموونە (ستیڤان مالارمێ) لە نێو هەوڵ و داهێنانکانیدا ، ئامانجی ئەوەبوو کە شیعر لە کۆتوبەندی هەموو ئەو ستایل و دەربڕینە تەقلیدییانەی کە شاعیرانە نین ئازاد بکات ، یان گوێی بە فۆرمی شیعری ئاسایی نەدەدا ..! ئەو زیاتر گرینگی بە وشە دەدا ، هەوڵی دەدا وشەی نوێ و ئەفسونئامێز بەکار بهێنێ و جیاواز بنووسێت ، یان ئەدۆنیس ، هەمیشە لەنێو نووسین و دیمانێ و داهێنانکانیدا لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە ڕەخنە لە (هەبوو) بگرێت و ئاسۆکانی بیرکردنەوە بە شیعر و نووسین و داهێنان بگۆڕێت ..! لەڕەدا ئەوە دەبینین کە لەنێو هووبڕی شیعر و داهێناندا ڕەتکردنەوە و ناڕازیبوون بەوەی کە هەیە واتە (یاخیبوون) / پشمەرجی نوخوازی و داهێنانێ ..!

- **شیعر لە نێوان (فۆرم و ناوەرۆک) دا**

هەموو دەقیکی شیعری وەک هەر هەبوویەکیتر لە فۆرم و ناوەرۆک پێک دێت ، ئەگەر لەووی بوونگەریەوە سەیری بکەین دەتوانین بڵێین / فۆرم بوونێکی دیاری هەیە و ناوەرۆکیش بوونێکی نادیار ، ناوەرۆک ئەو بوونە نادیارەیە لە ئەنجامی خوێندنەوە دەردەکەوێت . دەرکەوتنەکەش (زەربەیکات) لە خوێنەرەکەوە بە خوێنەرێکی تر جیاواز دەبێ . یان ڕەنگە لای هەندێک خوێنەر هەر دەرنەکەوێت و بە نادیاری بمێنێتەوە . چونکە لە بنەڕەتدا دەقی شیعری لەنێو هووبڕێکی نادیار و تاریک دێتە بوون ، شاعیری نوێگەر (بە هووناککردنەوەی ئەو تاریکییە ، دێت هەموو تاریکییەکە دەگوازێتەوە بە نێو دەقەکەی ..!) ، ئەوە خوێنەرە لە ڕەگەای مەعریفە و تواناکانی خۆیەوە ، لەڕەگای خوێندنەوە و قووڵبوونەوە تیشک دەخاتە سەر ئەو ڕووبەرە تاریکە و هەوڵی دەرکەوتنی دەدات . چونکە شاعیر / لەنێو ئەم هووبڕە نادیار و تاریکە زمان دەخاتە گەڕ بە گواستنەوەی مەعریفە و گوتنەکانی نێو ئەو تاریکییە بەنێو دەق ، خوێنەریش لەسەریەتی مەعریفە و تواناکانی خوی بخاتە گەڕ بە هوونککردنەوەی ئەو هووبڕە ، چونکە شیعر جووڵەیەکی بەردەوامە لەنێو پڕۆسەیەکی ئیستاتیکایی ، بۆیە / ناتوانێ ناوەرۆکێکی دیار و ڕەگەزی هەبێت . دەکرێ لای هەندێک خوێنەر ناوەرۆک هەر بە نادیاری و تاریکی بمێنێتەوە ، چونکە هیچ دەقێک وەک بوونێکی سەربەخۆ ، هەڵگری ناوەرۆکێکی دیار و پێشوەختە نییە ، ئەگەر ژیان وەک

دەقێکی شیعری وەربگرین ، لە بنەڕەتەوە (خاڵییە لە مانا) و ناوەڕۆک ، ئەوە مرۆڤکانن لە ڕێگای بیرکردنەوە و داهێنانکانییان ، مانا و ناوەڕۆکێک بە ژیان دەبەخشن دیارە بە (جیهان و گەردوونیش) بە هەمانشێوە ، نەک هەر ئەوەندە / شاعیر بە بەرهەمهێنانی دەقێک هەموو وشە و چەمک و دەستەواژە و هەماکان خاڵی دەکاتەوە لە مانا پێشوەختەکان و لە مانا فەرهەنگییەکان . لە پێسەیەکی داهێنرانە چەمک و وشەکان هەڵدەوەشێنێتەوە و دووبارە بنیادییان دەنێتەوە لە پێوەندییەکی نوێ و بە ناوەڕۆکێکی نوێوە ، بەیە دەبینین / لەوانەیە بەسانایی ناوەڕۆکی دەقەکان دەرنەکەون ، کەد و هەماکان بە سانایی نەکرێنەوە ، یان دەرکەوتن و ناوەڕۆکەکان لە کەسکەوە بە کەسێکی تر جودا دەردەکەوە ، تێنانێت / جیاواز لە گەڵ دەرکەوتن لەلای خودی نووسەری دەقەکەش ، چونکە نووسەری دەق لە کاتی نووسینی دەقەکە (ئەوی شاعیرە) ، لە چرکەی دوای تەواوبوونی دەقەکە دەبێتە (ئەوی خوێنەر) ، وەک هەر خوێنەرێکی دی هەوە دەدات ناوەڕۆکی دەقەکە بەدیار بخات و خوێندنەوەیەکی بە دەقەکە هەبێت ..! پێوەندی فەرم و ناوەڕۆک پێوەندییەکی هاوتەریب و دانەبەراوە ، هەروەک لای فەرمالیستەکان (ئەم دووانەیان واتە " شێوە و ناوەڕۆک " یان لە بەرزترین ئاستدا ئاگرتووە ، بە بەوای ئەوان (ناوەڕۆک بە تەواوی بزوێنەری شێوەیە …!) ، بەبەوای من دەیانەوێت بڵێن / هەموو ئەو فەرمانەی ئاستێکی بەرزی جوانییان بەرجەستە کردووە ، ناوەڕۆکێکی جوانیش بەرجەستە دەکەن هەرچەندە ناوەڕۆکەکە نادیاریش بێت ، کەواتە / هیچ فەرمێکی جوان نییە ناوەڕۆکێکی جوانیشی نەبێت …! واتە / ناوەڕۆک بە نادیاری بزواندن و کردە و کاریخێی دەکات ، لە گریمانەیەکدا / ئەگەر دەقێک فەرمێکی جوانی هەبوو بەڵام ، ناوەڕۆکەکەی بە توانا مەعریفیی و سەلیقە شیعرییەکەی خوێنەرێک دەرنەکەوت و بە نادیاری مایەوە ، ڕەنگە (ئەو خوێنەرە یان هەندێک لە خوێنەرەکان بڵێن / ئەم دەقە تەومژاییەوە و هیچ مانا و ناوەڕۆکێکی نییە …!) ، هەروەکو گوتمان / هیچ دەقێک بەناوەڕۆک نییە بەڵام ، ناوەڕۆک بوونێکی نادیاری هەیە ، ئەگەر لای کەسێک وا دەرکەوت ئەو دەقە بەناوەڕۆک و بەمانایە ، دەکرێ (یەکێک) لە مانا و ناوەڕۆکەکەی ئەوبەت کە (ئەم دەقە بەمانا و بەناوەڕۆکە …!) ، چونکە ئەوە (خوێندنەوەی کەسێکە) یان خوێنەرێکە بە ئەو دەقە ..! دەکرێ ئەوەش یەکێک بێت لە خوێندنەوەکان …!

یان یەکێک لە مانا و ناوەڕۆکەکەی ئەوە بێت ..! دەکرێ ئاسایی بێ کە نەتوانین تیشک بخەینە سەر تاریکایی دەقێک و ناوەڕۆکەکەی دەربخەین ، بەڵام ئەوە ئاسایی نییە ، کە بڵێین / ئەو دەقە دەقێکی بەمانا و بێ ناوەڕۆکە چونکە تەمومژاویە ، یان شاعیر هەڵچاوی سیستەمی ڕێزمانی و خاڵبەندی نەکردووە ، بێ بەوای من / بەر لەهەر شتێک دەستەواژەی (تەمومژ) ، بێ دەقی شیعری دەستەواژەیەکی نادروستە ، من دەمەکە لە دیمانەکان و نووسینەکانم زێتر لە جارێک ئەم دەستەواژەم هەڵنەکردەتەوە ، چونکە / هەکارەکەش ئەوەبووە کە / هیچ دەقێک تەمومژاوی نییە ، ئەوە (چەبووندەوەی زمانە) لە ئاستێکی بەرزدا نێک تەمومژ …! ، یان ئەوە تووندوتۆڵی پەیوەندییەکانی نێوان وشە و چەمک و هەماکانە نێک تەمومژ … ! واتە / داهێنەرانە هونەرکاریکردنە لە زمان ..! دەبێ ئەوەمان لەبیر بێت کە / شیعر لەبنەڕەتدا ئیشکردنە لەسەر زمان و بایەخدانە بە بنیادەکانی زمان بەڵام ، لەچوارچێوەی زمانی شیعری و هووبەری شیعردا . هەروەها شاعیر بە بەرهەمهێنانی دەقێکی نوێ یان هەردەقێک / تەواو سەربەست و ئازادە لە بەرامبەر زمان ، دەتوانێ پابەند نەبێت بە سیستەمی هێزمانی و خاڵبەندی و بە هیچ جۆرێ سیستەمێک ، بەڵکوەی تەواو دەست ئاوەڵاو کراوە بێت .. ! وەک چۆن / شاعیر پێویستە ئازاد و سەربەست بێت لە بەرامبەر بەکارهێنانی زمان و یان بوونێکی ئازاد بێت و نەکەوێتە ژێر کاریگەری هیچ دەسەڵات و هێز و بوونێکی دەرەکی ، بەهەمانشێوە / زمانیش بە هەموو وشە و چەمک و دەستەواژە شیعرییەکانەوە دەبێ ئازاد بن و هووتبێنەوە لە هەموو مانا پشوختەکان و مانا فەرهەنگییەکان ، دەمەوێت ئەوە بڵێم / وەکچۆن کەرپە لە چرکەساتی لەدایکبوون هووتوقووت هەڵگری هیچ ناوەڕۆک و شوناسێک نییە ، وشە و چەمکە شیعرییەکانیش لەنێو زمانی شیعریدا بەهەمانشێوە …! چونکە (ناشێت ناوەڕۆک بە ئاسانی بچەسپێندرێ ، هەروەک ناشێت هەرگیز مانا ئامادەبوونێکی تەواوی هەبێت لە هیچ تاکە ئاماژەیەکدا بڵێکو مانا یان ناوەڕۆک زێتر جۆرێکە لە جووڵە و پەیشکدانەوەی بەردەوامی نێوان ئامادەبوون و نائامادەبوون …!) ، هەروەها شیعر بوونێکی گەردوونی هەیە و شاعیر لە ڕۆگەی زمانی شیعرییەوە دەتوانێ قسە لەسەر هەر شتێک بکات و هەر وشەیەک بەکاربهێنێ ، هەڵبەیکی گەورە دەکەین گەر وابزانین هەندێک لە وشەکان شیعری نین ، وا پێویست دەکات شاعیر خۆی لە بەکارهێنانی ئەو

وشانە بە دووربگرە ..! یان بەهای مانا فەرهەنگی و ناوەکە پشوختەکان خوێندنەوە بە وشە و چەمکەکان بکەین . مەبەستمە ئەوە بڵێم / کاتێک لە دەقێکدا وشەی (حەری) ببینین خەیاڵمان بە (بەهەشت) و وشەی (جەلاد)یش خەیاڵمان بە (زیندان) بڵوات …! ئەمە گوتمان / بە نووسینی دەقێکی نوێ دەبێت وشەکان لە ناوەکە کۆنەکان بتاڵبکەینەوە بە ئاوەڵی پەیوەندییەکی تازە لەنێو وشە و چەمکەکان و دەستواژەکان دابمەزرێنین …! جا ئەگەر بێت و دەقێک هەتکەینەوە بە دەلیلی تەمومژاوی و نادیاری و دژنەکۆتنی ناوەك / ئەوە دنیاتان دەکەموە کە ئەمە لەبەرامبەر هەخنەیەکی جدی و (لە بەرامبەر شتێکی فکریدا نین …!) ، چونکە هەموو تێکستێک بریتییە لە / بونیادێکی ئیستاتیکی نێو ڕووبەر و قەوارەیەکی زمانەوانی ، هەروەک لە کتێبی (تیۆری ئەدەبی) تێری ئیگڵتن دا هاتووە ، (مانای هەستیارێک بردەوام شتێکە لە چاوەڕوانی هاتن دایە ، واتە شتێکی دواخراو یان هەشتا چاوەڕوانکراو ، (دالێک) واتە وشەیەک من دەداتە دەستی دالێکی تر ، ئەویش بە دالێکی ترم دەسپێرێ ، مانا پشترکان لەلایەن ماناکانی دواتروە (هەموار) دەکرێنەوە ، سەرباری ئەوەش / کە هەستیارێک کەتایی دێت ، بەڵام زمان خۆی کۆتایی نایەت ، هەمیشە مانای زێتر هەیە کە مانای یەکەمی لەیەوە هاتووە…!) ، بە نموونە ئاگەر بڵێین (شادی) مانای چییە ؟ دەکرێ بڵێین (دڵخۆشی) دەکرێ دڵخۆشی مانایەک بێت بە شادی بڵێم ، دڵخۆشیش خۆی وشەیەکە بەدوای مانایتردا دەگەڕێت ، بۆیە لەسەرەوە هاتووە (دالێک من دەداتە دەستی دالێکی تر و ئەویش بە دالێکیترم دەسپێری …!) ، چونکە لە بنەڕەتدا ناوەڕۆک و ماناکان کەتاییان پێنایە ، هەروەها باکەاوند و مەعریفەی شاعیر دەبێتە چوارچێوەیەکی تیەریزکراوی فیکری و فەلسەفی لەنێو ڕووبەری نادیاری دەقدا ، چونکە شاعیر لەنێو پڕۆسەیەکی داهێنان و نوێگەردا لەنێو بونیادی دەق جیهانێکی تازە و جیهانێکی تایبەت بە خەیمان پشکنش دەکات . دواجاریش / ئەوە خوێنەرە دەتوانێ ئەو جیهانە نوێیە و نادیارە کەشف بکات . هەروەها هەر دەقێکی شیعریش لەنێو ڕووبەرێکی نادیاردا بوونێکی کراوو بردەوامی هەیە .

تێبینی :- بە نووسینی ئەم بەشەش سوودمان لەم سەرچاوانەی خوارەوە بینیوە

- کتێبی (بوون و داهێنان) نووسینی / د.محەمەد کەمال
- کتێبی (تیۆری ئەدەبی) نووسینی / تێری ئیگڵتن ، و / عەتا قەرەداغی
- کتێبی (لە دیارەوە بۆ نادیار) نووسینی / بەختیار عەلی
- کتێبی (ئۆفسانەی سیزیف) نووسینی / ئەلبێر کامۆ ، و / ئازاد بەرزنجی سەرەتای ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠

مردن شتێک نییە کۆتایی بە عەشق بهێنێت بەڵکو دەیپارێزێت...بەشی کۆتایی..خوێندنی: ستیڤان شەمزینی

ستیڤان: ئایا هەموان دەتوانن عاشق بن؟. ئایا هەموان دەتوانن ئاڵای عەشق بە دەستەوە بگرن؟. ئاخر چۆن هەموان ناتوانن ببنە پەغەمبەر، هەموان ناتوانن ببنە جادووگەر و ئەستێرەناس، ئاوهاش هەموان ناتوانن ببنە عاشق!. بە ئاوەی تە ببیتە عاشق، پەویستە رەنج و زەحمەتێکی زۆر بکێشیت و لە پێش هەر شتدا، ئازایەتی روبەڕووبوونەوەی مەرگ و شپەڵە سەرشتەکانی عەشقت هەبێت!!، زۆر گرنگە رەحێکی سەرکەش و یاخی وەهات هەبێت، سە لە هیچ کەسپ و تەگەرە و تەکشکانێک نەکاتەوە و چاونەترسانە لە بەرامبەر لەمەی کولتوور و چەقی بەدحاڵیان و پیلانی مەرگوەڕکان بوەستێتەوە.
لیزا: عەشق پێش هەر شتێک ئامادەبوونکی ڕەحیمە بەرلەوەی ئامادەبوونکی فیزیکیی بێت. ڕەحی دیلکراو، ڕەحی بەدگوومان، ڕەحی ئاخنراو بە ڕک و قین، ئەگەر هەزاران ساڵیش تەمەن بگوزەرێنێت، نەک هەر نابێتە عاشق، بەڵکو لەسەر ڕەگەیش چانسی بینین و چاکوچۆنیەکی لەگەڵ عەشقدا نییە. عەشق هەزاران میل و فرسەخ، هەزاران دەڤ و نشێو، لەم ڕەحانەوە دوورە و هیچ کات لە وەخت و ناوەختدا لە قاپی ئەم جۆرە ڕەحانە نادات.
ستیڤان: بەختیار عەلی وتەنی "عەشق جەنگە". ئازاترین سەرباز و بوێرترین ژەنەراڵ دەبنە قارەمانی جەنگ، نەک ئەو ترسنۆکانەی لە

پەنا و پەساردا بۆ دوای جگەیەکی دنیادا دەگەڕێن. ئەوەی سنگی دانەت بۆ گوللەوە، هەر سنگی ئەو میدالیای پێدا دەکرێت، ئەوەی لە جەنگدا هەڵدێ لە دواوە دەپێکرێت. ئەوەشی عەشق دەباتەوە ئەو عاشقەیە بۆ ترس و دڵەاوکێ رووبەووی دەبێتەوە، ئەوەی عەشق دەباتەوە ئەو کەسەیە بەرگەی ئازارکانی ڕەگی گرتووە و هەزارەها جار بۆ گوللەی عەشق پێکراوە و بۆ جەستەی خەستانی خوێنەوە نەبەردی تەمار کردووە.

لیزا: بەڵێ ئەگەر عەشق جەنگ بێت، ڕایدەگەیەنم من گەورەترین سەروان و ژەنەرالی ئەو ئیمپراتۆریایەم، لەبەرئەوەی نێک هەر جەنگی عەشقم کردووە و سڵم لە هیچ ئازارێک نەکردەتەوە، بەڵکو هەمیشە ئەو پرسە سەختەم وەک سەیران سەیر کردووە، ئەوەش لەبەرئەوەنا عەشق پرسەیەکی سانا و بێزەحمەتە، بەڵکو لەبەرئەوەی بۆ تەواوی هێز و توانامەوە هاتووەتە ناو جەوڵەبڵەکەوە و مردنم لەو پێناوەدا سەد جار لە ژیانی بۆ مەعشوق، لەلا پەسەند و خۆشویستر بووە. ئیتر عەشق ئاوهایە، بۆ تاقەمووێک بەربەستی لە نێوان ژیان و مەرگدا دروستکردووە. مردن شتێک نییە کەتایی بۆ عەشق بهێنێت، مەرگ زەرینەی جار عەشق دەپارێزێت و لە خەی دەگرێ، چوونکە عاشق دەکاتە سونبول و پێغەمبەر بۆ عاشقانی پاشین.

ستیڤان: عەشق گیان و عەوداڵبوونە، گیانی شار و شار، وڵات و وڵات، کیشوەرا و کیشوەر، بۆ مەبەستی دەزینەوەی لەتەکەی تری خێت. ئاخر خوداوەند هەموو مرۆڤێک بۆ ناتەواویی و نیوەیی دەئافرێنێت، فەلسەفەی ژیانیش بریتییە لە گیان بۆ دوای لەتەکەی تری خێتدا، بۆئەوەی ببیتە کەسێکی تەواو و ساغڵەم. سەرەکی سیخەکان جارێک وتبووی "مرۆڤ بۆ ئازادیی لە دایک نابێت، بەڵکو لە دایک دەبێت بۆ ئەوەی ئازادیی خەی وەدەستبهێنێت"، بەڵام بیری چووە و لەمەدا بۆ هەڵدا چووە، چوونکە مرۆڤ بۆ ناتەوایی لە دایک دەبێت، دەژی بۆ ئەوەی خەی تەواو بکات، لە ڕەگەی دەزینەوەی لەتەکەی تری، کە ئەم گیانەش بۆ عەشق ناوزەد کراوە.

لیزا: هەر کاتێک نیوەکەی تری خێت دەزییەوە، کاری تە لەم دونیایەدا تەواو دەبێت، چوونکە ئاسمان گرەوی لەسەر ئەوە کردووە کەس نییە بتوانێت، لەتەکەی تری بدزێتەوە. کە تە دەزیتەوە، واتە کەنکەنکەت لە ئاسمان بردەتەوە، بەمەش دەکەوێتە بەر قەهر و نەفرەت، ئیتر تە کارت لە دونیا تەواو دەبێت، بۆیە پێویستە بمریت، بۆ ئەوەی جاێ سەرکەوتنت بەسەر ئاسماندا ڕانگەیەنیت، هەر ئەمەش نهێنی هەموو عەشقێکە کە سەرەنجام و ئاکامەکەی تەنیا مەرگ و لەکدابڕانە.

ستیڤان: لەگەڵ ئەوەشدا زەربەی زەری مرۆڤکان "جگە لە یەک کەس لە

سەدیەکدا" دەمرن، بە ئەوەی لەتەکەی خۆیان دەزیبەتەوە. ئای خودایە دەبە لەتەکەی من لە کوێ بێت؟. ئاخۆ ئێستا خەریکی وازی کردنە یان لە سووچی ژوورێکی بچووکدا بیر لە من دەکاتەوە بە ئەوەی بتوانێت وێنەی رووخساری من بکێشێت و ببینێت؟. تۆ بۆی ئەویش بۆیاری دابێت بە دووی منـدا بگـەڕێت؟. نـازانم ئاگـادارییەک لە رۆژنـامە و تەلەفزیۆنەکانـدا بـاو بکەمـەوە بە دەزینـەوەی لەتەکەی خۆم، کە من لە وەاتی خوێن و گریان، لە شارێکی دەشکاودا دەژیم، یان ئەو پێش من ئەو کارە دەکات؟. خواوەندی مەزن هەرکاتێک لەتەکەی خۆم دەزیبێەوە و گرەوەکەم بردەوە، سزام مەدە، ئەوە مانای دەڵانی تۆ نییە، بەڵکو هەمایە بە کێنەدان و سەرکێشی و لاساریی من. ئەمە بەمنەتی نییە بەرامبەر بە زاتی پیرۆزت کە روونـاکترین رووناکییت و مـاڵی دەڵە تاریکەکانمـان ئـاوەدان و رووئـاک دەکەیتەوە. تەنیـا سەرکەشییەکە بە تەواوکردنی خودی خۆم.

لیـزا: ئێستا بیـرم لای ئەوە نییە، لەتەکەی مـن خونـدەوارە یـان دکتـرای هەیە، خەیـاڵ نـاکەم رەنگـی قـژی چۆنە. لام گرنـگ نییە لە رۆژهەڵـاتی زەمین یان لە رۆژئاوایـتی. ناتوانم وێنەی باڵـا و چاو و ئەبرۆی بکێشم. هزر ناکەمەوە چاوی چ رەنگێکە. بیر لەوە ناکەمەوە ئێسمەر یان گەنم رەنگە، گەدا یان شالیارزادەیە. ئەوەی بە من گـرنگە ببمـەوە بە بەشـەک لە ئەو، ئەویـش ببـێتە بە بەشـەک لە مـن. ئەمـش کـتایی هەموو رەگەکەیە و ئاوسا دەتوانم بە ئاسودەیی بمرم.

ستیڤان: نازانم خودایە، هەشتا هیچ نازانم، بەڵام من دەستمکردووە بە گەمەیەکی سەخت، تکایە ئاگادارببە من ئێستا خەریکم وەرەقەکانی خۆم بەکـاردەهێنم، جەکەر و کـوپی خۆم هەڵـدەدەمە نـاو حەوزی ئەم کەنکەنەوە. من گزیی ناکەم و تەش غافڵ ناکەم. گرنگ ئەوەیە من یاریی دەکەم. ئەگەر کەنکەنەکەم بردەوە لەتەکەی خۆم و مەرگ پێکەوە لە باوەش دەگرم، جا بۆم گرنگ نییە لەتەکەی من چۆنە و چییە، گرنگ ئەوەیە بەشەکـی تـری خۆمە و دەمەوە لە دەسـتی هەمـوو قەدەرێکـی دەربهێنـم. خە ئەگەر نەمـدزیبێەوە، رەنـج بەخەسـار و سـەرگەردان بەرگەی سزاکانم دەگرم، کە ئاسمان بە مەرگی من و سزای دەزەخی هەتاهەتایی گرەوەکە دەباتەوە، بەڵام لە بیرتان نەچێت دەزەخی عاشقان جیایە، چوونکە تام و رەنگی هەرچی شتە لەم گەردوونە لای عاشقان جیایە، وەک ئەوە نییە کەسانی ئاسایی بە چاوەکی ئاسایی بۆی دەڕوانن.

خـودایە، ئەگەر گـرەوەکەم دەڵانـد، وەک ملیارەهـا مرۆڤـی تـری سەرگەردان و خەڵافاو لە لەتەکەی خۆیان، منیش دەمرم، بەڵام رەگەم بـدە لەوە دونیـا ئەگەر لە شیـوی وێلـی دەزەخیشـدایە، بە دووی لەتەکەی تری خۆمدا بگەڕێم تا لەوە بیدەزمەوە، ئەمە خولیایەکە بە

ئەبەد لە کللەی داوم. بەوش بەهشت حاسە دکەم، ئەگەرچی لە ئەسفەل سافلیندا مالە دکەم و ئاگراوی داری زەقوم دنەشم.
لیزا: رەبواری رەگایەکم کەسی تر پەدا ناوات، من بە تەنها خەم بە رەگایەکدا دەەم و هەموو خەکی تر بە رەگایەکی تردا، رەگەکانمان ناچنەوە سەریەک و "رەما"یەک نییە پەکیان بگەینەت. خەک لە دوورەوە دەمبینن بە تاقی تەنها ملی رەگایەکی جیاوازم گرتووە و منیش ئەو حەشیمەتە زەرد و سوورەی خەک دەبینم لەسەر یەک تاکە رەگا، رەنگبە ئەوان پەیانوابەت قەرەباغی رەگاکەیان نیشانەی گەیشتن بە ئامانج بەت، لە من بە هیچ ئامانجەک ئەم رەگایەم هەنەبژاردووە تەنیا نامەوە دوای مەگەل بکەوم. بەی هەیە هەردوو رەگاکە بگاتە بنبەست، بەام بە من هیچ شەکەک نییە، یان دشە رەگا راستەکە لە نەوان ئەم دوو رەگایەدا بەت کە ئەویش رەگا نییە یان بزنەرەیەکی ترسناکە.
ستیڤان: من بە نامەیی هاتمە ژیانەوە، دنیام پەش ئەوەی تەیسمەکانم بشکەنن بە نامەیش لەی دەردەچم. هیچ کەسە نەیتوانی بەشەک لە پەناگە تاریکەکانی ناخم بخاتە ژەر رەشنایی و کەشفی بکات. هیچ کەسەک نەیتوانی ئارکەلەژیستانە رەهەندکانی جیهانبینی و دیدگای من بە وجود، بە عەشق، بە ژیان، بدزیتەوە. کەس نەبوو شان بداتە بەر توکاریی شیعرەکانم وەک زمانی دە و هەستەکانم.! خە ئەمن پەموانییە شتەکی سەیر و گەورە بەم، بەام هەست بە جیاوازبوونی خەم دەکەم، ئەمن لافی رەشنبیربوون لەنادەم بەام پەموایە پەچەوانەی شپەلە باوکان مالە دەکەم. بەیکا پەویستە لەم تەبگەن و بمخوەننەوە، ئەگەرچی تەگەیشتن لە خودی مرەف کارەکی دژوارە، کەچی من ئەو مرەقانەم خەش دەوە خەیان لە سەختترین شتەکان دەدەن و زەرانبازیی ترسناک دەکەن بە بیرکردنەوە لە ئەنجامەکەی. خوەنەکی سیزیفی لە منا قوپ دەدات و هەمیشە بەردە قورسەکەی ژیان بەرەو لوتکە سەر دەخەم و هەمیشەش لەم خلەر دەبەتەوە، بەام کە نادەم. لەبەرئەوەشی ژیان ناماقوولە و مایەپووچە شەی پە دەفرەشم، شەی مانەوەی تەدا دەکەم.
لیزا: ئەگەر دەخوازن من زەحمەت بکەشم و خەمتان بە بخوەنمەوە زمانم تەتەە دەکات، بەو هەیەی نازانم بەەم چی!! لانیکەم لە هونەری خەناساندن و نەرگسییەتدا کەەوارم. ئەمن نازانم چەن پەناسەی خەم بکەم، زەر سەختە مرەف ئەوەندە رووقایم بەت پەسنی خەی بکات، ئەمە کارەکە دەمانباتەوە بە خودسەرسامیی، چووەر ئادەمیزادەک خەی بە چەقی هەموو شتەک دەزانەت، خەی بە سەنتەری گەردوون و دنیا و مرەقایەتی دەزانەت. پرسیار ئەویە، کەیە ئاوەنەکە دەداتە دەستمان و دەەت ئەوە تەیت خەت ببینە؟. ئەی ئەو

ئاوەنە بۆچی بە من نەبووە و نییە؟. بۆچی کەسێک نەهات لەبەردەم ئاوەنەیەکی روون رامبگرێ تا وێنای خۆم ببینم بەواقعی؟؟ بۆچی هەمیشە لە پەنجرە تەختەکانی سیاستەوە حکومم لەسەر دەدەن؟. لە کاتێکدا وەک "شێخی خاڵ" هەمیشە وتوومە بە جوانیی لەم ورد ببنەوە، ئاوەی لەسەر زار و لە رووماڵ، هەرئاوەش لە دڵ و ناخمدایە.
ستیڤان: مژووی من مژووی پشیمانبوونەوەیە لە دونە، لەبەرئاوەی نامەوێ ئەمڕۆم لە دونە و سبەینەم لە ئەمڕۆ بچێت. سروشتکی بزاز و جیوەییم هەیە، لەسەر هیچ دەخێک چاق نابەستم، مەیین دژی ڕۆح و بورکانکانی ناوەوەی منە. کەلەمبەسانە سەرچاوەی دۆزینەوەی نوێ دەکەم، دۆزینەوەیەک بە هیچ تەماحکی وەک ئاوەی کەلەمبەس، تەماحم ئاوەیە ڕەحم هەبوور بکەموە، هەوربوونەوەی ڕەحیشم پێچەوانەی زرینەیە، بەو پێیەی زرینە جگیریی و هەمنیی و مانگرتن لە هزرین ڕەحیان هەبور دەکاتەوە، هەرچی ڕەحی منیشە لە شلاقی و پشاوی و بیرکردنەوە و یاخیبوونداهەبور دەبتەوە. ئیشم ئاوەیە لە بری وەام، تەنیا پرسیارە حرامکان بوروژنم، لە بری یەقین، دنیا پە بکەم لە گوومان، لە بری دنیایی ژیان پە بکەم لە ڕاایی، ئاخر وەام و یەقین و دنیایی مرۆف دەکوژن و ئیستی پە دەگرن لەسەر دەخک، ئەمش دەخوازیی پیاوانی سیاست و ئاینە، منیش "مینی لەپ"ئاسا رسی پیاوانی ئاینیی و سیاسیی دەکەموە بە خوری.

تێبینی:
ئەم تێکستە بەریتییە لە مانلگ نک دیالگی دوو کس، کی بشکانی ئەم مانلگانە لانوان 2010-2017 نووسراون. لە بڕگی دووەمی کتێبی "قوتووی عەتار" لاپەڕە 488-522 بشوی کتێبی کاغز لە ساڵی 2018 چاپ بوون

ساتەوەختکی لەدەستچوو … شیعر/ کاوە عوسمان عومەر

بەڵەمک لە حسرەت ،،،
لەسەر پشتی نەهنگی خەو،،

هەدی هەدی..
ڕەی گرتوەتە فیردەوسی نیگایەک،،
ماسی گرەک ،،
ویستی بە قولابی خۆشویستی،،
پرچە زیوینیەکەی مانگەکی مەست..
لە نووری ئەبەدیەت ئاوکا..
شاعیرەکە..
ئەوارەیەکی ساردو تەزیوی..
کردە جامی گڵینی خۆشبەختی وەریو،،
بەدەنگی گیتاری چراوی شار بوو،،
تەی بە من ناسی..
نیگایەکت کەترەکی..
لە کەژی خەوتووی دڵا فڕان،،
زەنگی ڕۆح تاسا،،
چرپەیەک تا ئەو شوێنەی..
ئەقیانووسی فرمێسکەکانی..
بیرەوەری ئەدرەوشێنتەوە،،
جەت هەشت
.....
گەر دوو هەسارە ،،
لە ساتە خەوکی سەفەرا،،
بکەوێتەوە نەوانمان،،
من ئەبمەوە گۆیدە وەڕ و سەرگەردانکەی،،
مەدارە شەواوکانی ئاسمان،
دوودە ئەبمەوە لە نیگارکێشە مەستکە،،
بە جوانیەکی تەپۆیوی سروشت،،
بروسکەیەک ، لە تیغی خەنجەر تیژتر،،
پۆی گوڵی هەور، ئاوەڕنە،
چیا بە دوای ئەسپی بارانەوە وەڕ، چڕی..
چاوی، چەند ژەهراویە،
کە ئەکرێتەوە،،
شەو دائەکا،،
کە پۆوکانی دا ئەخا، لەوت چی..
بەهارەکی بە زەمانە، بە بڵەزمە،،
بەستان و مەرگ سەوز و تۆن،
.....
لە تیشکەکانەوە...

چ□ل□ک□کان ، ت□□ی خ□ونی منداا□..
نوستو□کانیان چنی، ژیان□ک ل□ ..
کاس□کا، و□ک ش□ربـ□تی پرت□قا□ ، زوو بیخ□،،
تا دوا تن□ک□، تا دوا ه□ناس□، ووتی…
عاشقت□، ب□□ام ت□نیاب□، تا ئ□توانی،،،
و□□ و س□رگ□ردان ب□،،
ووتی عاشقت□، ناو□□م□ک□،
ل□س□ر زم□ین عیشق کوا؟ ،،،
ووتی بوونی ی□ک دیوی ئاو□ن□ی□،،
ل□ ئاوو ش□ونم و چر□ دروستبو□،،
باو□ر□م□ک□، چونک□ ه□موان..
ل□ ل□م دروست بووین،
کوا ل□م ل□گ□□ ل□م..
عیشق ئ□کا،،،
د□ی ل□مت بینیو□ ببـ□ ب□ چر□؟
سیمرخی □□ح□ک،
کوا تا ئ□ب□د…
ل□ □□حی سیمرخی ترا دیل ئ□ب□ ؟
بینیوت□، □□ش□با ی□ک،،
ل□ شوش□ی کاتا ق□تیس ب□؟،
بیستوت□ مانگ،،
د□ستبـ□رداری ت□نیایی خ□ی ب□؟..
خ□ت ب□س□ر خ□می خ□تا بو□ر□،،
□□گ□ ب□ ژیان تیاتا ب□ژ□،
ش□رابی جوانی بون□ک ،،
ل□ سات□ و□خت□کی ل□ د□ستچوا،،
ت□ خ□مت چی□، دوای ه□مووشت□کان،،
خ□ر□ک ب□ ت□ ئ□گ□ش□ت□و□،
شیعر□ک ت□ ئ□نوس□،،
یان ئ□بیت□ تراجیدیای شیعر□،،
پاش ه□موو شت□،
ک□ پاپ□□ی سپی ش□و ت□پ□□ ئ□ب□،،
سپ□د□ی□ک ،،
ئ□ند□ش□ی بوون□کی تاز□ ب□ ت□ د□ن□،،
دارستان□ک داگیرساو..
ب□ چاوی ئ□ست□ر□ عاشق□کان..
ه□میش□ چا□و□□ی پیاس□ی□کی ت□ ی□،،،

گو تا ئەستا ماو!، گەر نازانی،،
پاش هەر لافاو لە خەمی جوان،،
ئاسمانیش هەمان تابلۆ،،
بە ڕەنگی شین و سپی ،،،
وەبارەکیش، گەر پێ نازانی ،
لە پیرەزی دە خەیاڵتی،
دە خەی نزرگەی ڕەحە،،
دوور، گەر کەمێک دوورتر ،،
لە گیا خەوتوە تەنکانی ژێر کازیوە،
گەر پێ هەڵگری ،،،
هەور هەر ئەتگاتە